**ماریۆ بارگاس یوسا**

# شەڕی ئاخر زەمان

**ڕۆمان**

**و: حەمە کەریم عارف**

# بەشی یەکەم

## ( ١ )

پیاوێکی درێژ داهۆڵی زۆر لاواز بوو، کە تەمەشات دەکرد هەمیشە لایەکی ڕوخساری دیار بوو. ڕەشتاڵەیەکی لاوازی ڕەقەڵە، گرێکی ئەزەلی لە چاوانی دەبووەوە. پاتاوەی شوانانی لە پێ دەکرد وجبەیەکی ئەرخەوانی تۆخی لەبەر دەکردو، کە **تەمەشات** دەکرد، جل وبەرگی ئەو مژدەبەرانەی وەبیر دێنایەوە کە لە وەخت و ناوەختا خۆیان بە گوندە دوورە دەستەکاندا دەکرد تا ناو لە خێڵی منداڵانی نەوزا بنەن وغوسڵی تەعمیدیان بکەن، ئەو ژن و پیاوانە لەیەکدی مارە ببڕن کە وەکو ژن ومێرد پێکەوە دەژیان. زانینی تەمەن و، ئەسڵ وفەسڵ و، سەربهوردی ژیانی مەحاڵ بوو. بەڵام جۆرە ئارامی وسەنگینی و ویقارێکی ئەوتۆ لە ڕەفتارو ئەتواریدا هەبوو، تەنانەت پێش ئەوەی دەست بە قسان و ئامۆژگاریان بکات خەڵکەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

عادەتی وابوو لە ناکاوا پەیدا دەبوو، لە هەوەڵەوە بەتەنیا پەیدا دەبوو، هەمیشە بە پای پیادە بوو، تەپ و تۆزی ڕێگا لە سەراپای نیشتبوو. هەرچەند هەفتە یان چەند مانگێ جارێک پەیدا دەبوو، باڵا درێژەکەی وەکو تاپۆیەک لە بەر ڕۆشنایی بولێڵی ئێوارێ یان سپێدەی بەیانی دەردەکەوت کە بە هەنگاوی هەڕاو وبە هەشتاو تاقە جادەکەی شارەکەی تەی دەکرد، بەناو بزنانی زەنگۆڵە لە مل، بەناو سەگان و ئەو منداڵانەدا کە لەسەر ڕێگاکەی لا دەکەوتن و بە کونجکاوی تەمەشایان دەکرد، تێدەپەڕی بێئەوەی سڵاوی ئەو ژنانە بسەنێتەوە کە ئیدی دەیانناسی وبە ئاماژەی سەر سڵاویان لێدەکرد وبە هەشتاو دەچوون تا گۆزەیەک شیری بزن یان قاپێک مانیوک و لۆبیای بۆ بێنن ( مانیوک: نیشاستەیەکە لە ڕەگی جۆرە ڕووەکێک بەناوی مانیوک دەگیرێ و دەخورێ ) بەڵام ئەو تا نەگەیشتبایە کلێساکەی شار نە هیچی دەخوارد ونە هیچی دەخواردەوەو جارێکی دی و بۆ سەدەمین جار دەیبینی کە کلێساکە وێران بووە، دەر و دیوارەکانی کاڵ بوونەتەوە، بورجەکانی بە نیوەچڵی جێ هێڵراون و دیوارەکانی یەکپارچە کون وکەلەبەرە، زەمینەی هۆڵەکەی خوار وخێچ بووە، میحرابەکانی مۆریانە تێی داوە، خەم دەنیشتە سەر ڕوخساری، ڕیک وەکو موهاجیرێکی (باکووری ڕۆژهەڵات) کە وشکەساڵی وقات وقڕی منداڵەکانی وچارەوێکانی کوشتبێ وهیچی بۆ دەرنەچووبێ و دەستی لە بنی هەمبانەکەوە دەرهاتبێ و ناچاربێ ماڵەکەی و ئێسک و پروسکی مردووەکانی بەجێ بێڵێت وسەری خۆی هەڵگرێت وخۆشی نەزانێ بۆ کوێ بچێت. هەندێجار دەگریا، کاتێ دەگریا، ئاگرێکی ئامال ڕەش، بە گرێکی ترسناکەوە لە چاوانییەوە بەرز دەبووەوە، هەنگێ دەم و دەست دەکەوتە نوێژ ونزا، بەڵام نوێژ ونزایەکەی لە دوعا و نوێژی پیاوان وژنانی دی نەدەچوو. ئیدی بە دەما لە سەر ئەرزەکە یان لە سەر تاتێک یان سەلبەندە سەر وگوێ شکاوەکان ڕادەکشا، ڕوو لە شوێنی میحرابەکە یان ئەو شوێنەی کە دەبوا بکرێ بە میحراب ڕادەکشا، هەندێجار بەبێدەنگی، یان بە دەنگی بەرز، بۆ ماوەی سەعاتێ دووان نوێژی دەکرد وخەڵکی شار بە ڕێز وحورمەتەوە تەمەشایان دەکرد. هەندێ دوعای دەخوێند کە بە گوێی هەمووان ئاشنا بوو وەکو دوعای شادە، بابی مە، سڵاو لە مریەم. هەندێ دوعا و سەڵاواتی دیکەشی هەبوو کە قەت نەیان بیستبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژ وهەفتە ومانگ وساڵ خەڵکەکە بەرەبەرە ئەزبەریان کرد. باشە قەشەی دەڤەرەکە لە کوێیە؟ بۆچی ئەم مێگەلە بێ شوانە؟ هەرجارێ کە بیری دەکەوتەوە کە گوند قەشەی نییە، کول وکۆڤان دایدەگرت، خەمێ دایدەگرت وەکو ئەوەی ماڵی خودا وێران بووبێ.تەنیا دوای ئەوەی داوای بوردنی لە " یەسوعی موبارەک " دەکرد سەبارەت بەو حاڵەی بەسەر ماڵەکەیدا لە لایەن خەڵکەوە هێنرابوو، هەنگێ ئەگەر شتێکی خواردبا یان خواردباوە، ئەویش ئەگەر خەڵکی گوند، لەو ساڵانی قات

و قڕییەدا، پارووە نانێک یان قومە ئاوێکیان بۆ فەراهەم کردبا. حەزیدەکرد لە ژوورەوەو لە ژێر میچێکدا بنوێت، زۆربەی کات لە هەر ماڵێکا کە خەڵکەکە بە ڕووخۆشی خولکیان کردبا دەنووست، بەڵام ئەو خەڵکەی جێگەیان دەدایێ، قەت نەیانبینی بوو، لە سەر جۆلانە یان لە سەر ئەو تەختەی بە پەلە پروزێ ئامادە دەکرا یان لە سەر ئەو دۆشەکەی کە دەیاندایێ، بنوێت. حەزی دەکرد لە سەر ئەرزەکە بنوێت، نە ڕایەخی لە ژێر بێ و نە لێفەی بەسەرەوە بێ، سەرە قژنە ڕەشەکەی دەنایە سەر بازوویەکی و چەند سەعاتێک دەنووست. زۆر کەم خەو بوو. هەرچەندە زۆر درەنگ ولە دوای هەمووانەوە دەچووە ناو جێگا ودەخەوت، کەچی ئەو شوان و وگاوانانەی لە هەموو کەس زووتر لە خەو ڕادەبوون، بەیانیانی سەحەری ڕوویان دەکردە دەشت ودەر بەو سەبای ساڵحانە دەیانبینی کە سەرگەرمی کارەو خەریکی نۆژنکردنەوەی سەربان و دیوارەکانی کڵێساکەیە.

وەختایەک دەستی بە وەعزدادان دەکرد کە دنیا تاریک دەبوو، کاتێک کە پیاوان لە مەزرا دەگەڕانەوە و ژنان لە کاروباری ماڵ دەبوونەوەو منداڵان دەنووستن، خەڵکەکەی لەو مەیدانە بەردەڵان و ڕووتەنانە کۆ دەکردوەوە کە لە هەموو گوندە دوورە دەستەکانەوە دیاربوو. خۆ دەکرا ئەم شوێنە، ئەگەر هەندێک تەختانی بوایە و دار ودرەختی تیا بوایە، ناوبنرابا مەیدانی گوند، یان ئەو دار و درەختەی کە لە ئەسڵاتیا بوو و بە هۆی قات وقڕی و وشکەساڵییەوە، نەفەوتابا، ناو بنرێ مەیدانی گوند. وەختایەک دەستی بە قسە و وەعزدان دەکرد کە پێش ئەوەی پەڵە هەورێن سپی وکەوەیی وشینباو بەری ئاسمانی باکووری بەرازیل بگرێ و پێش ئەوەی بە تەواوەتی تاریک بێ و ستێران بکەونە سەرە تاتکێ و وا بێتە بەرچاو کە نمایشێکی گەورەی گەمەێن ئاگرین ئەنجام بدرێت. وەختێک دەستی بە وەعز وقسان دەکرد، کە چرا ڕۆشن دەکرا بۆ ڕاوە مێرووان و ئامادەکردنی شێو. ئەو کاتەی تەشقی گەرما دەشکا و هەوا کەمێک فێنک دەبوو و مجێزی خەڵکەکە دەهاتەوە تایم تا باشتر تەحەمولی نەخۆشی و برسیەتی وکول وکۆڤانی ژیان بکەن. باسی شتی سادە وگرینگی دەکرد، بێئەوەی تەمەشای کەسێکی دیاریکراوی ناو ئەو ئاپۆرایە بکات کە لە دەوری خڕ بووبوونەوە. زۆرجار بە چاوە پرشنگدارەکانی، دەیڕوانییە دوور، دوورتر لە بازنەی پیرەمێرەکان و ژن و منداڵەکانی چوار دەوری، دەیڕوانیە شتێک یان کەسێک کە تەنیا خۆی دەیبینی. دەیڕوانیە شتانێک کە لە ڕۆژی ئەزەڵەوە، بە شێوەیەکی گۆنگ شتێکی دەربارە دەزانی، شتێک کە مرۆڤ لە گەڵ شیری دایکا لە دڵی دەچەقێ. شتی ئێستایی، مەلموس، ڕۆژانە، وەکو ئاخر زەمان، ڕۆژی پەسڵان کە دوور نییە زۆر زوو ڕووبدەن، زووتر لەوەی کە خەڵکی شارۆچکەکە فریا بکەون، کڵێسا بچووکەکە نۆژەن و ئاوەدان بکەنەوە. باشە ئەگەر یەسوعی موبارەک لەو سەرەوە تەمەشا بکات و ببینێ چییان بەسەر ماڵەکەی هێناوە، چ دەقەومێ؟ چ شتێک دەربارەی ڕەفتاری ئەو قەشانە دەڵێت کە لە جیاتی کۆمەکی هەژار وبێنەوایان، بە ناوی دین و ئۆلەوە، پارەیان لێدەکێشنەوەو گیرفانیان خاڵی دەکەن؟ چما قسەی خواوەند دێتە فرۆشتن؟ مەگەر نابێ ئەم قسانە بە خۆڕایی وبێ بەرانبەر بە گوێی خەڵکی بگات؟ باشە ئەو قەشانەی کە بە پێچەوانەی ئەو سوێندی پارێز وداوێن پاکییەی خواردبوویان، داوێن پیسیان دەکرد، لە بەر دەرگای خواوەندا چ وەڵامێک دەدەنەوە؟ باشە دەتوانن لە خۆوە درۆیەک هەڵبەستن کە خواوەند باوەڕیان پێبکات، ئەو خواوەندەی کە بیری هەر مرۆڤێک هێندە بە ئاسانی دەخوێنێتەوە، وەک چۆن جێ پێی یوزێکی بەڵەکی ئەمریکی (یوز: هاس، توڵە پڵنگ) بە ئاسانی دەناسێتەوە؟ شتێن عەمەلی ڕۆژانە و ئاشنا، وەکو مەرگ کە مایەی شادمانییە، ئەگەر بەشەر بە ڕوحێکی پاک وشادەوە، وەکو چۆن دەچێتە میوانی وئاهەنگان، بە پیرییەوە بچێت. بەشەر، مەگەر حەیوانە؟ ئەگەر حەیوان نییە، دەبێ بەوپەڕی پۆشتەیی و وبە باشترین جل وبەرگەوە لەو دەرگایەوە تێپەڕێ، ئەمە نیشانەی ڕێز وحورمەتە بۆ ئەو کە بە زووترین کات ڕووبەڕووی دەبنەوە. باسی بەهەشت ودۆزەخی بۆ

دەکردن، باسی قەڵەمڕەوی سەگی گەورەی (سەگی گەورە: کۆمەڵە ئەستێرەیەکە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە دۆزەخە) بۆ دەکردن، کە یەکپارچە کەڵە پشکۆی ڕەژوو وپڕ لە مار وئەژدیهای زەنگوڵدارە، باسی شەیتانی بۆ دەکردن کە چۆن دەتوانێ خۆی لە بیدعەتی بە ڕواڵەت بێزەڕ و زیاندا بنوێنێ.

گاوانان و وەرزێران، بەبێدەنگی، حایر وحەپەساو، بەترسەوە گوێیان لێدەگرت، هەروەها کۆیلە وکرێکارانی ئازادی مەزراکانی نەی شەکەر، لە کەناراوەکان وهەروەها ژنان ودایکان وباوکان ومنداڵەکانیان گوێیان لێدەگرت. ناوبەناو کەسێک قسەکەی پێدەبڕی تا- هەڵبەتە ئەمە بە دەگمەن ڕووی دەدا، چونکە سام و هەیبەتی ئەو، دەنگە زوڵالەکەی، یان ئاوەزو هوشیارییەکەی، دەیترساندن – ئەو گومانە بڕەوێنێتەوە کە دەکەوتە دڵی. باشە ئاخر زەمان نزیک بوو؟ ئایا دنیا تا ساڵی ١٩٠٠ بەردەوام دەبێت، ئەو یەکسەر، بێ هیچ بیرکردنەوەیەک، بەوپەڕی متمانەوە بەرسڤی دەدایەوە، زۆربەی کات بەرسڤەکانی لەگەز ومەتەڵئامێز بوو. لە ساڵی ١٩٠٠ دا، سەرچاوەکانی ڕۆشنایی دەکوژانەوەو، ئەستێرەکان، ڕادەخۆشین ودەرژانە سەر زەوی. بەڵام پێش ئەوە شتێن نائاسایی ڕوویان دەدا. کە قسەکانی تەواو دەبوو، بێدەنگیەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر هەمووواندا دەکێشا، کە تریقە تریقی ئاگرەکە و ویزە ویزی مێرووەکان کە خۆیان بە ئاگرەکەدا دەدا، دەبیسترا، لەم کاتەدا گوندییەکان، هەناسەیان لە خۆ دەبڕی و یادگەیان دەخستە کار وبیریان لە بویەرەکە دەکردەوە تا ئایندە بێنە بەرچاوی خۆیان. لە ساڵی ١٨٩٦ دا، خەڵکانێکی بێ شومار لە کەناراوەکانەوە ڕوو دەکەنە ناو شار، دەریا دەبێ بە دەشت و بیابان و، بیابان دەبێ بە دەریا. لە ساڵی ١٨٩٧ دا، دەشت و دەر دەبێ بە سەوزەزار و گیا دایدەپۆشێت، شوان و پەز تێکەڵ دەبن و لەو بەرەوارە بە دواوە تەنیا یەک مێگەل و یەک شوان دەبێت. لە ساڵی ١٨٩٨ دا ئەندازەی کڵاوەکان گەورەتر و سەرەکان بچووکتر دەبن. لە ساڵی ١٨٩٩ دا ڕوبارەکان سوور وهەسارەیەکی تازە بە ئاسماندا دەسووڕێتەوە.

کەواتە دەبوایە خۆ ئامادە بکەن. دەبوا کڵێساکە نۆژەن و ئاوەدان بکرێتەوە، هەروەها گۆڕستانەکەش، گۆڕستان دوای ماڵی خودا گرینگترین شوێن بوو، چونکە دەرگای بەهەشت ودۆزەخ بوو. دەبوایە باقی وەختەکەیان، وەقفی شتێک بکەن کە لە هەموو شتێکی دی گرینگتر بوو: واتە بۆ ڕوحیان. باشە وەختێ پیاوان و ژنان بۆ ئەو دنیا دەڕۆن، بە هەمان تەنوورە و جل و بەرگ و کڵاوێن لباد وکڵاش و ئەو هەموو جل و بەرگە سوف و ئاورێشمە نایابەوە دەڕۆن کە مەسیحی موبارەک هەرگیز نەیدیتبوون؟

ئامۆژگارییەکانی کردەنی وسادە بوون، کە ئەو دەڕۆیی هەمووان باسیان دەکرد: قەدیس بوو، پەرجووی دەکرد، دەوەنێکی لە دەشتا بینی بوو کە نێڵە نێڵ دەسووتا، وەکو موسای کردبوو، دەنگێک ناوی ناگوتەنی خوای بۆ کەشف کردبوو. لە هەموو جێیەک گەنگەشەی وەعز و ئامۆژگارییەکانی دەکرا. بەمجۆرە پێش ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی کۆتایی بێت وسەردەمی کۆماری دەست پێبکات خەڵکی توکانو، سور، ئامپارو، پومبال هەندێ لە قسەکانی ئەویان بیستبوو، ئیدی مانگەومانگ، ساڵە وساڵ کڵێساکانی بون کونسلو، جرموابو، ماساکار و ئینامپویە بەرەبەرە لە نێو دار و پەروەکانیانەوە قوت دەبوونەوە. ئیدی بە گوێرەی ئامۆژگاری ڕێنوێنیەکانی ئەو دیواری خشت و تاقیان لە دەور ولە ناو گۆڕستانانی مونتە سانتو، ئەنترەریوس، ئابادیا و باراکایو دروست کرا و لە ئیتاپیکور و، کومبە، ناتوبا و موکامبو، ڕێ و ڕەسمی تەواوەتی بە خاک سپاردنی مردووان دەگێردرا. ئیدی مانگ بە مانگ وساڵ بە ساڵ وەعزەکانی ئەو لە شەوانی ئالاگویناس، ئواوا، ژاکوبینا، ئیتابیانا، کامپوس، ئیتابیانینا، جررۆ، ریاشایو، لاگارتۆ، سیمایودیاس دا، زیاتر دەنگیدەدایەوە. وەعزەکانی ئەو بەلای ئەوانەوە، وەعزی باش بوون، بەوجۆرە ئەو پیاوەی کە ئەو وەعزانەی دەدا، هەوەڵجار لە یەک شارا، پاشان لە شارێکی دیدا و سەرەنجام

له هەموو شارەکانی باکووردا بە مورشید وڕابەر ناوبانگی دەرکرد، هەرچەندە ناوی راستەقینەی ئانتونیو ڤینسنت و پاشناو وناوی فامیلی مندس ماسیل بوو.

***

چەپەرێک(بەرمەجێڵ) لە نێوان تایپێست وکارمەندەکانی ڕۆژنامەی " جورناڵ دی نوتیسیاس " دا کە ناوەکەی بە پیتی گۆتیکی درشت لە سەر دەرگاکەی نووسرابوو، وئەوانەدا هەبوو کە بۆ بارەگای ڕۆژنامەکە دەهاتن، تا ئاگادارییەک یان هەواڵێک لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بکەنەوە. ژمارەی ڕۆژنامەوانەکانی ڕۆژنامەکە لە چوار پێنج کەس زیاتر نەبوون. یەکێکیان مژوولی پیاچوونەوەو وردبینی بابەت وزانیاری ناو ئەو فایلانە بوو کە لە دۆلابێکی ناو تاقێکدا دانرابوون. دووانی دیکەیان سەرگەرمی گفتوگۆیەکی زۆر گەرم بوون، چاکەتەکانیان داکەندبوو، بەڵام بۆینباخەکانیان هەر بە ملەوە بوو، ساڵنامە وڕۆژژمێرێکیان لەلاوە بوو کە بەروار و ڕۆژی پیشاندەدا: هەینی ١٨٩٦/١٠/٢ ، ئەویدی گەنجێکی درێژ داهۆڵی لاواز بوو، چاویلکەیەکی ئەستووری لەچاو بوو، کە نزیکبینی خاوەنەکەی پێوە دیاربوو. ئەم پیاوە لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو وبێئەوەی گوێ بەو شتانە بدات کە لە دەوروبەری روویان دەدا، بە پەرە مووچێک خەریکی نووسین بوو. لەوپەڕی ژوورەکە جامخانەیەک هەبوو، ئەوە نووسینگەی سەرنووسەر بوو. کابرایەکی کاسکێت لە سەر لە پشت پەنجەرەیەکی بچووکەوە (کونەباجە) کە تایبەت بوو بە ئاگادارییە سەفتەکراوەکان، دانیشتبوو،بەکاری مشتەرییەکان ڕادەگەیی. ژنێک تازە ئاگادارییەکی دابوویێ. پیاوەکە ئەنگوستە گەورەی تەڕدەکات و وشەکان دەژمێرێت – حوقنە ومالیجەی سوزەنەک/ مایەسیری، سیفلیس/ وهەموو نەخۆشییەکی میزەڕۆ/ لە لایەن خانم گارڤالیوە/ ژمارە ٨، شەقامی پریمرودمارسو. ئەوسا بڕی پارەکە بە ژنەکە دەڵێت. ژنەی تاین پارەکە دەدات و باقیەکەی دەخاتەوە گیرفانی، کە لە بەر کونەباجەکە لادەکەوێ، ئەو کەسەی دوای ئەو دێتە پێشەوەو کاغەزێک دەداتە کارمەندەکە. کابرا پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی تا سەر ئەژنۆ لە بەر وکڵاوێکی قەراخداری کۆنی لە سەرە. قژێکی لوولی سوور، سەر گوێچکەکانی داپۆشیوە، پیاوێکە تۆکمە، بڕێک گەڵەگەت و چوارشانە. کابرای پشت پەنجەرە چکۆلەکە (کونەباجە) قامکی بە سەر کاغەزەکەدا دێنێ و وشەکان دەژمێرێت ولە ناکاوا ڕووی گرژ دەبێت، قامکی بەرز دەکاتەوە وکاغەزەکە لە چاوی نزیک دەکاتەوە، وەکو بڵێی ترسی ئەوەی هەبێت بە هەڵە کاغەزەکەی خوێندبێتەوە. سەرەنجام بە حیرەتەوە دەڕوانێتە مشتەرییەکە کە وەکو بت بەبێ جووڵە لە بەردەمیا وەستاوە. کارمەندەکەی پشت کونەباجەکە، چەند جارێک بە نیگەرانییەوە چاوان دەتروکێنێ و هەنگێ ئاماژە بۆ یارۆی مشتەری دەکات کە لە جێی خۆی چاوەڕوان بکات. ئەوسا پارچە کاغەزەکە بە دوو قامکان هەڵدەگرێ و بە تەمەڵییەوە بەنێو ژوورەکەدا بەرەو نووسینگەکەی سەرنووسەر دەڕوات، و بە پشتی دەست لە دەرگا شووشەکە دەدات و وەژوور دەکەوێت. دوای چەند خولەکێک دەگەڕێتەوەو ئاماژە بۆ یارۆی مشتەری دەکات کە بۆ نووسینگەکە بڕوات و، بە خۆیشی دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

یارۆی ڕەشپۆش نووسینگەکەی ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس تەی دەکات، پاژنەی پێڵاوەکانی بەجۆرێ دەنگدەدەنەوە لە تۆ وایە ناڵی ئەسپی لە بن پێی داوە، خۆی بە ژوورەکەی سەرنووسەردا دەکات، ژوورێکی بچووکی پڕە لە کاغەز، گۆڤار وپۆستەرێن پروپاگەندەی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، وەک " بەرازیلی یەکگرتوو "، " میللەتی بەهێز "، پیاوێک چاوەڕوانیەتی، بە کونجکاوی تەمەشای دەکات، وەکو ئەوەی چاوی بە حەیوانێکی دەگمەن کەوتبێ. ئەم پیاوە دەستێک جلکی کەوەیی لە بەر وجووتێ پووتی لە پێدایە، لە پشت تاقە

مێزی ژوورەکەوە ڕۆنیشتووە. گەنجێکی موو ڕەشە، سەرحاڵ وچالاک وچەلەنگ دیارە. دەڵێت: " من ئیپامینوداس گونسالوڤسم، سەرنووسەر وخاوەنی ئەم ڕۆژنامەیەم، کەرەمکە وەرە ژووری. "

کابرای ڕەشپۆش بە ئاستەمێک سەر دادەنوێنێ، دەست بۆ کڵاوەکەی دەبات، بەڵام نە دای دەکەنێ ونە هیچ قسەیەک دەکات. سەرنووسەرەکە، ئەو کاغەزەی کە بە دەستیەوەیە تەکاندەدات:- دەتەوێ ئەمەت بۆ بڵاو بکەینەوە، وایە؟

یارۆی ڕەشپۆش سەرێکی بۆ دەلەقێنێ. تەنکە ڕیشێکی سووری وەکو قژەکەی هەیە، دوو چاوی تیژ، پرشنگدار و شینی هەن، دەمی گەورەیە، کونە کەپووی بە جۆرێ کراونەتەوە، لە تۆ وایە هەوایەکی زیاتر لە پێداویستی بەدەنی، هەڵدەمژن. بە پرتوغالیەکی سەر وگوێ شکاو دەڵێت:- بە مەرجێ لە دوو میلری زیاتری تێنەچێت. چونکە هەموو سەرمایەکەم ئەوەندەیە.

ئیپامینوداس گونسالوڤس بە جۆرێ لە جێگاکەی خۆی دادەنیشێت کە دەڵێی تیا ماوەو نازانێ پێبکەنێ یان تووڕە بێت. کابرا لە جێی خۆی بە ئاسوودەیی دەوەستێ و، زۆر بە جدی تەمەشای دەکات. یارۆی سەرنووسەر بە خەمساردیەوە کاغەزەکە لە چاوی نزیک دەکاتەوەو بە کاوەخۆ وبەدەنگی بەرز دەکەوێتە خوێندنەوەی: " داوا لە هەموو عەدالەت دۆستان دەکەین کە لەو خۆپیشاندانە گشتیەدا کە بۆ پشتیوانی لە خەباتکارانی کانودوس و شۆڕشگێڕانی هەموو دنیا ئەنجامدەدرێ، بەشداری بکەن. خۆپیشاندانەکە سەعات شەشی دوا نیوەڕۆی ١٠/٤ لە مەیدانی ئازادی بەڕێوە دەچێت. "

سەرنووسەرەکە کە بەدەنگی بەرز و بەکاوەخۆ دەقی بانگەوازەکەی دەخوێندەوە، گوتی: باشە بۆم هەیە بپرسم، کێ لە سەروکاری ئەم میتینگەدایە؟

کابرا یەکسەر بەرسڤ دەداتەوە: حاڵی حازر منم. خۆ ئگەر ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس لە گەڵمان بێ هەزاری خێر و دووی بەرەکەت.

ئیپامینوداس گونسالوڤس، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " باشە تۆ دەزانی ئەو جەماعەتە لە کانودوس چییان کردووە؟ بە مست دەکێشێت بە مێزەکەداو لە سەری دەڕوات: خەریکن زەوی وزارێک داگیردەکەن کە فڕی بەوانەوە نییە، زۆر بەبێ سەروبەری دەژین، عەینی حەیوانات. "

پیاوە ڕەشپۆشەکە سەری ئەرێ دەلەقێنێ و بە ڕەزامەندییەوە دەڵێت: " هەردوو کارەکەیان مایەی ستایشە. هەر ئەمەش وای کردووە، بڕیار بدەم کە ئەو چەند پولەی هەمە، خەرجی ئەم ئاگاداریە گشتیە بکەم. "

سەرنووسەرەکە، بۆ چەند دەمێک بێدەنگ دەبێت. پێش ئەوەی دووبارە دەست بە قسان بکاتەوە، گەروویەک پاک دەکاتەوەو دەڵێ: " دەکرێ بپرسم تۆ کێی بەڕێزم؟ "

کابرا بێ هیچ فیز و لەخۆ بایی بوونێک، بە ڕاوێژێکی ویقارئامێزەوە خۆی دەناسێنێ: " من کەسێکی ئازادیخوازم قوربان، ئێوە ئامادەن ئەم ئاگاداریە بڵاوبکەنەوە؟

ئیپامینوداس گونسالوڤس، کە خۆی کۆنترۆڵ کردووە دەڵێت: " مەحاڵە بەڕێز. دەسەڵاتدارانی باهیا خواخوای بیانوویەکیانە تا ڕۆژنامەکەم دابخەن، ئەگەرچی بە دەمی بەرەڤانی لە کۆماری دەکەن، بەڵام ژێراوژێر هەموویان

سەڵتەنەتخوازن. پێموایە تۆ بەوەت زانیوە کە ئێمە تاقە ڕۆژنامەی ڕاستەقینەی کۆماریخوازین لە سەرانسەری ئەم دیار و دەڤەرەدا. "

کابرای ڕەشپۆش بە بێزاری وتووڕەییەوە جووڵەیەک دەکات وبەدەم دان چیڕکردنەوە دەڵێت: " وام دەزانی " سەرنووسەرەکە پارچە کاغەزەکەی وێدەداتەوەو دەڵێت: " بە قسەی من دەکەی ئەم ئاگادارییە بۆ ڕۆژنامەی دیاریو داباهیا مەبە. چونکە هی بارون دی کانابراڤایە، خاوەنی ڕاستەقینەی کانودوسە، دەتگرن، دەتخەنە زندانەوە."

یارۆی ڕەشپۆش، بەبێ خوداحافیزی دەسوڕێتەوەو لە نووسینگەکە وەدەردەکەوێت وبەدەم ڕێکردنەوە کاغەزەکە لە بەرکی دەنێ. بە ژووری ڕۆژنامەنووسەکاندا ڕەت دەبێ، بێئەوەی تەمەشای کەس بکات، یان وەکو نیشانەی ئەدەب سەرێ تەکان بدات، بەدەم دەنگدانەوەی هەنگاوەکانییەوە، بە گۆشەی چاو، بە قژە لوول و ئاگرینەکەیەوە تەمەشایەکی تەوسامێزی ڕۆژنامەوانەکان و ئەو مشتەریانە دەکات کە لەبەر بەشی ئاگادارییەکان ڕیزیان گرتووە.

ڕۆژنامەوانێکی گەنج کە چاویلکەیەکی ئەستووری بن پیاڵە ئاسای لە چاوەو خەڵکانی زۆر نزیکبین لە چاوی دەکەن، کاتێ پیاوە ڕەشپۆشەکە بە لایدا تێدەپەڕێت، هەڵدەستێت وبە کاغەزێکی زەردەوە بۆ نووسینگەکەی سەرنووسەر دەڕوات، ئیپامینوداس گونسالوڤس لە جێی خۆی ڕۆنیشتووەو غەرقی تەمەشای هەر جووڵەیەکی کابرای بێگانەیە کە خەریکە لە بارەگای ڕۆژنامەکە وەدەردەکەوێت.

ڕۆژنامەوانەکە لە بەر دەرگا دەوەستێ و بە دەنگی بەرز دەکەوێتە خوێندنەوە: " بە ئەمری فەرمانداری ویلایەتی باهیا، فەخامەتی سەنیور لویس ڤیانا، سریەیەکی فەوجی نۆیەمی پیادە بە فەرماندەیی ملازم پیرس فریرا، ئەمڕۆ لە سلفادورەوە دەرچوو. تا کانودوس لەو یاخیانە وەربگرێتەوە کە ئەوێندەریان داگیرکردووە وڕێبەری یاخی و ڕێگرەکان کە ناوی ئانتونیو کونسلیرویە وبە مورشید وڕێبەر بەنێوبانگە دەستگیر بکات. " ئەمە لە لاپەڕەی یەکەم یان لە ناوەوە بڵاوبکرێتەوە قوربان؟"

سەرنووسەرەکە بەرسڤ دەداتەوە: " لە لاپەڕەی مردوواندا بڵاوی بکەنەوە. " ئەوسا ئاماژە بۆ کۆتایی شەقامەکە دەکات کە کابرای ڕەشپۆش ئاوا دەبێ، دەڵێت: " دەزانی ئەم کابرایە کێ بوو؟ "

ڕۆژنامەوانە نزیکبینەکە بەرسڤ دەداتەوە: " گالیلیوگالە: بابایەکی سکوتلاندییە، کە لە باهیادا دەسوڕێتەوە و داوا لە خەڵکی دەکات ڕێگەی بدەن دەست بە سەریاندا بێنێت. "

***

لە بومبال لە دایک بووە، کوڕی کابرایەکی پینەدۆز وماشقەکەیەتی. ئەم ژنە هەرچەندە ئیفلیج بوو، بەر لەو سێ منداڵی دی بوو، دوای ئەویش کچێکی بووبوو، کە بەرگەی وشکەساڵی گرتبوو وبە سەلامەتی دەرباز بووبوو. ناویان نا ئانتونیو، ئەگەر لە دنیادا شتێک هەبوایە بەناوی لۆژیک هەرگیز نەدەبوو ئەم کوڕە بژی. چونکە وەختایەک کە منداڵ بوو، هێشتا بە گاگۆڵکێ دەڕۆیی کارەساتێک ڕوویدا کە هەموو دەڤەرەکەی وێران کرد. هەموو حاسڵات و بەروبووم، بەشەر وحەیواناتی قڕکرد. بەهۆی وشکەساڵییەوە هەموو خەڵکی بومبال وڵاتیان بەرەو کەناراوەکان چۆڵکرد، بەڵام تیبور سیو داموتا بڕیاری داو ڕایگەیاند کە بە نیاز نییە ماڵەکەی چۆڵ بکات و بڕوات، لە هەموو تەمەنی خۆیدا کە نیو سەدە دەبوو، لە یەک فرسەخ زیاتر لە گوندەکەی دوور نەکەوتبووەوە،

ئەو گوندەی تاقە کەسێکی تیا نەبوو کە جووتێ پێڵاوی دەستکاری ئەوی لە پێ نەکردبێت. تیبورسیو لە سەر قسە و بڕیاری خۆی ما، لەگەڵ گروپێکی بیست وچوار نەفەریدا لە بومبال مایەوە. تەنانەت مژدەبەرانی باوکانی لازاریەکانیش، کۆچیان کرد و دەڤەرەکەیان بەجێهێشت.

دوای ساڵێک، وەختایەک موهاجیرانی بومبال، بە پشتیوانی ئەم هەواڵەوە کە زەویە نزمەکانی دەڤەرەکە دووبارە نوقمی ئاو بوون و دەکرێ دووبارە بە دانەوێڵە دابچێنرێنەوە بۆ گوند زڤڕینەوە، تیبور سیوداموتا مردبوو و لە لای ماشوقە ئیفلیجەکەی و سێ منداڵە گەورەترەکەیا بە خاک سپێردرابوو. ئەمانە هەرچیەک بخورابا دەیانخوارد، کە ئەم شتانە تەواو بووبوو، هەر شتێک سەوز چووباوە دەیانخوارد، پاشان هەر شتێک ددان بڕیبای دەیانخوارد. قەشەی دەڤەرەکە، دون کاسیمیرو کە یەک بەیەکیانی ناشتبوو دەیگوت کە ئەمانە لە برسا نەمردبوون بەڵکو لە کەرێتی و گەمژەییدا مردبوون، بە هۆی خواردنی چەرمی ناو دووکانەکەی یارۆی پینەدۆز وخواردنەوەی ئاوی " لاگوا دوبویی " یەوە، کە مەڵبەندی زاوزێی جۆرەها پێشکە ومیکرۆبات بوو وتەنانەت کارژۆلانیش خۆیان لێدەبوارد، مردن. ئیدی دون کاسیمیرو ئانتونیو وخوشکە چکۆلەکەی دەباتە لای خۆی و ئیدی بە هەوا ودوعا و نزا بە خودانی کردبوون ولە مردن ڕزگاری کردبوون. پاشان کە خەڵکەکە گەڕابوونەوەو گوند ئاوەدان بووەوە، جێگەیەکی بۆ ئەو دوانە دابینکردبوو.

ژنێک کچە چکۆلەکەی هەڵگرتبووەوە، ئەم ژنە وەختایەک بۆ کارکردن دەچوو بۆ موڵکێکی بارون " دی کانا براڤا " ئەویشی دەگەڵ خۆیدا دەبرد. بەڵام ئانتونیو کە ئەو کاتە تەمەنی پێنج ساڵ دەبێت، پینەدۆزێکی دیکەی بومبال هەڵی گرتبووەوە، ئەم پیاوە بە یەکەڵە چاو مەنشوور بوو – لە شەڕێکا چاوێکی لە دەست دابوو – ئەم سنعەتە لە " تیبور سیوداموتا " وە فێر بووبوو، دوای مردنی وەستاکەی مشتەرییەکانی ئەوی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. پیاوێکی بەد مجێز بوو، زۆری دەخواردەوە، هێندەی دەخواردەوە، کە بەیانی سەحەری، سپێدە زوو، مەست و سەرخۆش، نقوم لە بۆنی عەرەقی نەی شەکرا، لە کوچە و کۆڵانەکاندا دەیاندۆزییەوە. ئەم پیاوە ژن ومنداڵی نەبوو، " ئانتونیو "ی وەکو کەر باردەکرد، ئیشی دنیای پێدەکرد، ئەم منداڵە دەبوا گسک بدات، دووکانەکە خاوێن بکاتەوە، بزمار وقەیچی وزین وپووت بگەیەنێتە وەستا وچەرم لە دەباغخانە بێنێ. ناچاری دەکرد لە سەر چەرمان و لە پاڵ مێزی کارەکەدا بنوێت، واتە هەمان شوێن کە یەکەڵە چاو ئەگەر دەگەڵ هاوڕێکانیا نەچووبا بۆ خواردنەوە، هەموو کاتی خۆی لێ بەسەر دەبرد.

ئەم منداڵە سێوییە لاواز و گوێڕایەڵ بوو، پێستی بە سەری ئێسکییەوە وشک بووبوو، چاوە پڕ شەرمەکانی، بەزەیی ژنانی " بومبال "ی دەهاڕوژاند، کە هەر کاتێ بۆیان لوابا شتێکیان دەدایە تا بیخوات، یان ئەو جلکانەیان دەدایێ کە بە بەری منداڵەکانیان بچووک بووبوونەوە. ڕۆژێک کۆمەڵێک لەم ژنانە – پێنج شەش کەسێک لەوانەی کە دایکە ئیفلیجەکەی ئەویان دەناسی و لە کۆڕی ناو لێنان، پرسە وشەو بێداری بە دیار مردووانەوە پێش ئەوەی بنێژرێن، لە کۆڕی زەماوەندا بەرگرییان لێدەکرد – چوون بۆ دووکانەکەی کابرای یەکەڵە چاو تا ناچاری بکەن ئانتونیۆ بۆ مەکتەنی فێربوونی بنەماکانی ئاین، تا بۆ یەکەمین عەشای ڕەبانی ئامادە بێت. ژنان بە هەڕەشەی ئەمەی کە ئەگەر ئەم کورە بەبێ عەشای ڕەبانی بمرێ، ئەوا ئەو لە بەر قاپی خودادا بەرپرس دەبێ، یارۆی پینەدۆز بە ڕادەیەک ترسا کە بە نەبەدڵی قاییل بوو ئانتونیۆ، هەموو ڕۆژێ دوای نیوەڕۆ، پێش نوێژی شێوان بچێ بۆ محازەرەی مژدەبەرەکان.

هەنگێ شتێکی نائاسایی لە ژیانی منداڵەکەدا ڕوویدا. دوای ماوەیەکی کەم ولە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەوە کە بە هۆی وەعزی " لازاریە "کانەوە لەلای چێبوو، خەڵکەکە ناوی " چکۆلەی موبارەک"یان لێنا. کە لە کۆڕی وەعزەکان دەهاتە دەرێ ئیدی چاوی لە دەوروبەری نەبوو، وەکو ئەوەی لە هەر حەرامزادەیی وناپاکییەک خاوێن بووبنەوە. یەکەڵە چاو دەگەییە هەر کەسێک دەیگوت ئانتونیۆی بینیوە کە لە تاریکی شەدا چۆکی داداوە و بۆ ئازار ومەینەتەکانی مەسیح گریاوەو حاڵێکی ئەوتۆی لێهاتووەو بە جۆرێ ئاگای لە خۆ براوە تا ئەم باوەشی نەکردووە و ڕای نەژەندووە، وەخۆ نەهاتووەتەوەو نەهاتووەتە تایمی ئاسایی خۆی. لە شەوانی دیدا گوێی لێبووە بەدەم خەوەوە قسەی کردووە، بە جۆش و خرۆشەوە باسی خیانەتی یەهودا وتۆبەی مەریەمی مەجدەلیەو، تاجی دڕووانی دەکرد؛ شەوێکی دیکەش گوێی لێبووە کە نەزری کردووە کە بە عەمراتی داوێن پیسی نەکات، ڕێک وەکو قەشە سالی فەرەنسایی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا.

ئانتونیۆ گەیی بووە پیشەیەک کە دەبوا هەموو تەمەنی خۆی لە قەبەڵ بکات. لە گوێڕایەڵی یەکەڵە چاو بەردەوام بوو، هەموو ئەمر و داواکانی جێبەجێ دەکرد، بەڵام هەموو کارەکانی بە چاوی نیوەکراوەو لێوانی جوڵاوەوە ئەنجام دەدا، بە جۆرێ ئەوەی دەکرد هەموو کەس هەستیان دەکرد تەنانەت کاتێ کە خەریکی گسکدان بوو یان بە نێو دووکانی پینەدۆزەکەدا دەهات ودەچوو، یان بنی ئەو پێڵاوەی دەگرت کە یارۆی پینەدۆز بزمار ڕێژی دەکرد، لە بن لێوانەوە وێرد و سەڵاواتی دەخوێند. ڕەفتاری ئەم کوڕە، باب خانەدەکەی نیگەران دەکرد و دەترساند. چکۆلەی موبارەک، لەو گۆشەیەدا کە تیای دەنووست، وردە وردە میحرابێکی بچووکی دروستکرد، هەندێ لەو وێنە چاپکراوانەی پێدا هەڵواسی کە لازارییەکان دابوویانێ، بە خۆشی خاچێکی لە دار دروستکردبوو و ڕەنگی کردبوو، ئیدی بەیانی کە لە خەو ڕادەبوو مۆمێکی لە بەردەمیا دادەگیرساند و دەستی بە نوێژ دەکرد، یان شەوان بەر لەوەی بخەوێ مۆمێکی لە هەنبەر خاچەکە دادەگیرساند ودەستی بە نوێژ و نزا دەکرد و هەموو کاتی دەست بەتاڵی خۆی بە نوێژ و نزا، لاڤە وپاڕانەوەو تۆبە وملکەچی، لە هەنبەر میحرابەکەدا بەسەر دەبرد، نەک وەکو باقی گەنجانی پومبال، کاتی خۆی بە گەڕان و بەڕەڵڵایی و سواری ئەسپانی چەموشی ڕووت و بێ زین و ڕاوی کۆتران و تەمەشاکردنی خەساندنی گاجووتان بەسەر بەرێت.

دوای یەکەمین عەشای ڕەبانی بوو بە میحرابداری دون کاسیمیرو، دوای مردنی کاسیمیرو، لە خزمەتی باوکانی لازاریستدا بەردەوام بوو، هەرچەندە ناچار بوو بۆ ئەم کارە، بۆ هاتوچۆی کڵێسا، بەم سەرو بەو سەر یەک فرسەخە ڕێگا ببڕێ. لە کۆڕ وکەژاوەکاندا بوخوردانی بادەدا ودەگەشاندەوە و لە ڕازانەوەی سەکۆ و میحرابەکانا، ئەوانەی کە دەهاتنە هەڵگرتن، بەشداری دەکرد، لەو گۆشە وکەنارانەدا کە پاکیزە وعیسا مەسیح بۆ سووکە پشوویەک لایاندەدا ودەوەستان، کۆمەکی دەکرد، فیداکاری و دڵسۆزی لە ڕای ئایندا، هاوتای سەفا و دڵپاکییەکەی بوو. ئیدی بەلای خەڵکی " پومبال "وە ئاسایی بوو کە ئانتونیۆ بدینن دەستی ئادولفوی نابینا بگرێ وڕێنوێنی بکات، هەندێجار بۆ لەوەڕگە و پاوانانی جوانوو ئەسپەکانی کولونیل فریرای دەبرد کە ئادلفو ساڵانێک لەوێندەر کاری کردبوو تا ئەو کاتەی ئاوی چاوی داهاتبوو و هەنووکە هەموو ڕۆژێ بە داخ وکەسەرەوە خۆزی بەو ڕۆژانە دەخوارد. چکۆلەی موبارەک، قۆڵی پیرەمێردی دەگرت وبەناو کێڵگەو مەزراکاندا دەیبرد، دارێکی بەدەستەوە بوو کە هەژگ وبژاڵ و خار وخەسانی لادەبرد، تا نەبا مارێکیان لێ پەیدا ببێ. بە ئارامی گوێی لە چیرۆکەکانی کابرا دەگرت. ئانتونیۆ کارێکی دیکەشی هەبوو، ئەویش کۆکردنەوەی خوراک وجل وبەرگ بوو بۆ سیمیاوی گول، کە لەوەتای خەڵکی گوند لێیان قەدەخە کردبوو بێتە ناو پومبال، وەکو حەیوانێکی کێوی دەژیا. چکۆلەی موبارەک هەموو هەفتەیەک بە پریاسکەیەک وردە نان وقاورمەی گۆشت وخۆراکی ترەوە کە بۆی

سواڵ کردبوو دەچوو بۆ لای و خەڵکی گوند دووراودوور چاودێریان دەکرد کە پیرەمێردی بە قژە درێژەکەی و پێی پەتی و بە توێی پارچە چەرمێکەوە بە ڕێگا هەوراز و بەردەڵانەکەدا بۆ ئەو شکەفتەی کە بە سەر گردێکەوە بوو دەبرد.

کە چکۆلەی موبارەک یەکەمجار مورشیدی بینی تەمەنی چواردە ساڵ بوو، چەند هەفتەیەک لەوە پێش دووچاری نائومێدیەکی تووش بووبوو. بابە موورایس، کە لە مژدەبەرانی لازاریست بوو، ئاوێکی ساردی بە پیرۆزترین خەونیدا کردبوو و پێی گوتبوو کە ناتوانێ ببێت بە قەشە، چونکە زادەی داک وبابێکی شەرعی نەبوو. مورشید، دڵی دابووەوە، کە بەشەر، تەنانەت بەبێ ئەوەی پلەکانی ڕوحانیەتش ببڕێ، دەتوانێت خزمەتی خواوەند بکات، بەڵێنی دابووێی کە هەر کارێکی لە دەست بێ بۆی بکات تا بەڵکو لە دێری کاپوسنان (کاپوسن: دەستەیەکی کاتولیکن کە لە ساڵانی ١٥٢٥ – ١٥٢٨ لە ئیتاڵیا بۆ زندووکردنەوەی ژیانی مەزەبی دامەزرا) بە عینوانی ڕەبەنێکی نافەرمی وەری بگرن. چکۆلەی موبارەک ئەو شەوە هێندە بە کوڵ و بە دڵ گریا کە یەکەڵە چاو دەهری بوو و بۆ یەکەمجار لە دوای ساڵەهای ساڵ، بە مست ولەقە تێی بەر بوو. دوای بیست ڕۆژ لە ژێر هەتاوی گەرمی قرچەی نیوەڕۆدا، کە چاو لە بەری هەڵنەدەهات، پیاوێکی لاوازی، ئەسمەری، قژ ڕەشی، چاوگەش کە جبەیەکی وەنەوشەیی تۆخی لەبەر بوو، لە جادە سەرەکییەکەی پومبال دا پەیدا بوو، پێنج شەش کەسێکی بە سەروسیمای گەدایان، بەڵام بە ڕوخساری گەش وشادەوە، بە دوایەوە بوون. کابرا بە هەنگاوی هەڕاو، بەناو شارا بووری و یەکڕاست بەرەو کڵێساکە ڕۆیی، کە دیوارەکانی بە خشت وگڵ چێکرابوو و، گومەزەکەی کاشی کاری کرابوو، بەڵام دوای مردنی دون کاسیمیرو، بە ڕادەیەک وێران بووبوو، کە تەیر وتوو لە نێو ئیکونەکانیا هێلانەیان کردبوو، چکۆلەی موبارەک وەکو هەموو خەڵکی گوند بینی کە ئەو حاجییە، بە ملکەچیەوە چووە سوجدە تا دوعا ونوێژ بکات و موریدەکانیشی وەکو ئەویان کرد. دوای نیوەڕۆ بیستی کە کابرا سەبارەت بە ڕزگاری روح وەعز دەخوێنێ، نەحلەتی لە هەرچی خراپە هەیە دەکرد و پێشبینی ئایندەی دەکرد.

چکۆلەی موبارەک ئەو شەوە لە دووکانی پینەدۆزەکە نەنووست، چوو بۆ مەیدانی گوند ولە لای زیارەتچیەکان مایەوە کە هەموویان لە سەر ئەرزەکە ولە دەوری ئەو پیاوی خودایە ڕاکشابوون. بۆ دوا نیوەڕۆی سبەینێ و هەموو ئەو ڕۆژانەی کە کابرای قەدیس لە پومبال مایەوە، چکۆلەی موبارەک پێ بە پێی موریدەکانی ئەو کاری دەکرد، پایە وپشتی تەختە شکاوەکانی ناو کڵێساکەی چاک دەکردەوە، زەمینە ناهەموارەکەی تەخت وساف دەکرد و دیوارێکی بەردینی بە دەوری گۆڕستانەکەدا دەکێشا کە تا ئەو کاتە وەکو تیلماسکە زەوییەک هاتبووە ناو شارەوە. هەموو شەوێک لە بەرانبەر کابرادا هەڵدەتروشکا و ئەفسوون و دڵبەند گوێی لەو حەقیقەتانە دەگرت کە لە زاری ئەوەوە دەردەهات.

بەڵام ڕۆژێ پێش ڕۆیشتنی مورشید، وەختایەک ئانتونیۆ، چکۆلەی موبارەک، داوای لە مورشید کرد تا لە گەڵ ئەوا بۆ هەر کوێ دەڕوات، بڕوات، یەکەمجار چاوانی کابرا – کە لە هەڕەتی پرشنگداریدا سارد وبێ هەست بوون – و ئەوسا وەڵامی نەرێی ئەویان دایەوە. چکۆلەی موبارەک، لە بەردەم مورشیدا چۆکی دادا و لە هوڕژنی گریانی دا. درەنگانی شەو بوو وپومبال لە غوڕابی خەودا بوو، زیارەتکارەکانیش بە خەرقەکانیانەوە لە پاڵ یەکدا خەوتبوون. ئاگر ومەشخەڵەکان کوژابوونەوە، بەڵام ئەستێرەکان بە سەر سەریانەوە دەدرەوشانەوە و زیکەزیکی زیکزیکە و سیسرکان دەهاتە گوێ. مورشید لێگەڕا کە ئەو تێر بگری، ڕێگەی پێدا کە دامێنی جبە وکەواکەی ماچ بکات و هەنگێ کە چکۆلەی موبارەک جارێکی دی داوای لێکرد کە دەگەڵیا بڕوات چونکە دڵی خەبەری دابوو کە

بەم کارە باشتر خزمەتی مەسیح دەکات، هیچ گۆڕانێک لە سەر و سیمایدا ڕووی نەدا. چکۆلەی موبارەک خۆی هاوێشتە سەر پێیەکانی وپێیەکانی غەرقی ماچان کرد. مورشید وەختایەک بینی کوڕیژگەکە تەواو شەکەت بووە و خەریکە هەناسەی لە بەر دەبڕێ، سەری گرتە نێو هەر دوو دەستی و واداری کرد کە تەمەشای ئەو بکات، ڕوخساری لە کوڕیژگەکە نزیک خستەوەو بە ڕاوێژێکی سەنگین و پڕ ویقار پرسی ئایا خواوەندی بەو ئەندازەیە خۆشدەوێ کە عەزابی قوربانی بوون لە پێناوی ئەودا بە دڵ وبە گیان هەڵبگرێت. کوڕیژگەکە چەند جارێک سەری ئەرێی لەقاند. مورشید، کراسەکەی خۆی هەڵدایەوە و کوڕیژگەکەی لە بەر هەوەڵین ڕۆشنایی کزی سپێدەدا بینی کە خەریکە ئەو تەلەی کە لە گۆشتی لەشی ڕۆچووە، لە کەمەری دەکاتەوە. گوێی لێبوو دەیگوت: " هەر ئێستا ئەمە لە خۆت ببەستە " یارۆی مورشید یارمەتی دا تا دوگمەکانی جلەکانی بکاتەوە و تەلەکە لە ناو قەدی ببەستێ وتووند گرێی بدات.

دوای چەند مانگێک وەختایەک مورشید وموریدەکانی، هەموو غەرقی تەپ و تۆزی ڕێگا بۆ پومبال هاتنەوە — لە نێو موریدەکاندا هەندێ سەر وسیمای نوێ هەبوون، ژمارەیان زۆرتر بووبوو، کابرایەکی ڕەشی نیوە ڕووتیان لە نێودا بوو، کە زۆر زەلام بوو، بەڵام هەمان هەژارییان، هەمان شادی جاران بە سیما و چاوەکانیاناوە دیار بوو — هەمان تەل هێشتا بە نێو قەدی " چکۆلەی موبارەک "ەوە بوو، گۆشتەکەی لە هەوەڵەوە شین ومۆر بووبووەوە، پاشان بەرەبەرە بووبوو بە برینێکی ناسۆر وئاودز، دوای ماوەیەک قەتماغەیەکی ڕەش و ئەستووری بەستبوو. لەم ماوەیەدا، بۆ تاقە ڕۆژێکیش تەلەکەی لە ناو قەدی نەکردبووەوە، جا چونکە بە هۆی جووڵەی بەدەنییەوە هەندێ جار تەلەکە لە قەدیا شل دەبووەوە، ناوبەناو کەمێکی دەجوڵاند وجارێکی دی توونده دەکردەوە. بابە مورایس هەوڵی دابوو کە چیتر تەلەکە نەبەستێ، بۆی ڕوونکردبووەوە کە ڕیازەتی خۆبەخشانە تا ڕادەیەک لە نک خوداوەند پەسندە، بەڵام ئەگەر لەو ڕادەیە تێپەڕێ، ڕیازەتەکە دەگۆڕێ بۆ جۆرە لەزەتێکی نەخۆشین ئاسا کە شەیتان هانی دەدا و ئیدی ئەو لە حاڵ و ڕەوشێکدا بوو کە ئەو ڕادەیە ببەزێنێ.

لێ ئانتونیۆ گوێی لە یارۆی قەشە نەبوو. ئەو ڕۆژەی کە مورشیدو موریدەکانی گەیینە پومبال، چکۆلەی موبارەک لە کاباکولو، لە دووکانەکەی ئومبرتوسالوستیانو بوو، وەختایەک بینی مورشید لە دوو سێ هەنگاوی ئەوەوە تێپەڕی، دڵی داخورپا و هەناسەی تەنگ بوو، موریدەکانی وکۆمەڵێک لە خەڵکی شارۆچکەکە دەوریان گرتبوو، پیاوان و ژنان بێ جیاوازی و پیاوەی تاین یەکڕاست، وەکو هەمیشە بەرەو کڵێسا دەڕۆیی. دوای ئەو کەوت، لە نێو ئاپۆڕا هاڕوژاوە، پڕ هەرا و زەناکەدا ون بوو، لە دوورەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت وهەستی دەکرد دڵی سات بە سات خێراتر لێدەدات. ئەو شەوە دووراودوور گوێی لە وەعزەکانی ئەو دەگرت کە لەبەر ڕۆشنایی ئاگری مەیدانە قەرەباڵغ و جەنجاڵەکەی گوندا وەستابوو، جورئەتی نزیک بوونەوەی نەبوو. ئەمجارەیان هەموو خەڵکی پومبال لەوێ بوون تا گوێیان لە وەعزەکانی مورشید بێت.

دەمە دەمی سپێدە، وەختایەک کە خەڵکی گوند نوێژ ونزای خۆیان کرد ونەخۆشەکانیان هێنابووە نک وی تا دوای شفایان لە خواوەند بۆ بکات وباسی کول وکۆڤان و مەینەتیەکانی خۆیان بۆ کرد و پرسیاری ئایندەیان لێکردبوو، ئیدی بۆ ماڵی خۆیان چووبوونەوە و موریدەکان وەکو هەمیشە، یەکتریان کردبوو بە سەرین و بالیفان و لاڵ وپاڵ لێی خەوتبوون، چکۆلەی موبارەک، بە پارێزەوە، بە سەر ئەو جەستانەدا کە لە ڕیتاڵ و خەرقەکانیانەوە پێچرابوون، تێدەپەڕی و بەرەو ئەو تارماییە دەڕۆیی کە لە جبەیەکی ئەرخەوانییەوە پێچڕابوو، سەرە قژنە ڕەشەکەی نابووە سەر قۆڵی و ڕاکشابوو، لێی نزیک بووەوە، بە ملکەچی وخشوعی تەواوەوە وەکو

ئەوەی لە خوانی عەشای ڕەبانی لە میحرابی کڵێسا نزیک ببێتەوە بەو ئاوایە نزیک دەبووەوە. دوا پشکۆکانی ئاگرەکە ڕوو لە کوژاندنەوە بوون. مورشید، بە نزیک بوونەوەی کوڕیژکەگە چاوی کردەوە و چکۆلەی موبارەک پاشان کە ئەم چیرۆکەی بۆ خەڵکانی دی دەگێڕایەوە، دەتگوت لە هەمان دەمدا ئەوەی لە چاوی مورشیدا خوێندبووەوە کە چاوەڕوانی ئەو بووە. بێئەوەی چ قسەیەک بکات - قسەی بۆ نەدەهات— کراسە خورییە زبرەکەی هەڵدابووەوە و تەلەکەی، کە توند لە ناو قەدی بەستبوو، بەو نیشاندابوو.

مورشید بێئەوەی چاو بتروکێنێ، بۆ چەند ساتێک تەمەشای کردبوو و پاشان سەرێکی لەقاندبوو و بزەیەکی ڕەوتەنی نیشتبووە سەر ڕوخساری. چکۆلەی موبارەک پاشان، بە درێژایی ساڵان گێڕابوویەوە کە ئەمە نیشانەی بەرزکردنەوەی ئەو بووە بۆ پلەی کەهەنووتی.

مورشید ئاماژەی بۆ جێگایەکی خاڵی نزیکی خۆی کردبوو کە دەتگوت لە نێوان ئەو هەموو ئەو موریدانەی لاڵ وپاڵ لە دەوری نووستبوون، بە تایبەتی بۆ ئەوی دانابوو. کوڕیژگەکە کە خۆی لە نێو ئەو حەشاماتەدا گرمۆڵە کرد و بێ هیچ قسەیەک کە مورشید ڕێگەی پێداوە کە بە گەڵیان بکەوێ و ڕێگای ئەم مەرز و بۆیە تەی بکات و دژی شەیتان بخەبتێ. بەڵام زووڕابانی پومبال وسەگەکان کە بە درێژایی شەوەکە بێدار مابوونەوە، گوێیان لە " چکۆلەی موبارەک "بوو کە هێشتا هەر دەگریا، بەڵام لەوە غافڵ بوون کە ئەم گریانە، گریانی خۆشحاڵییە.

***

ئەو کەسەی کە ناوی ڕاستەقینەی " گالیلیوگال " بوو، لە ڕاستیدا خەباتکارێکی ئازادیخواز بوو، یان خۆی گوتەنی شۆڕشگێڕێک وپسپۆڕ وشارەزای کاژەڵەناسی بوو. لەم دنیا بەرینەدا دوو حوکمی ئیعدامی بە دواوە بوو، پێنج ساڵی، تەمەنە چل وشەش ساڵانەکەی لە زنداندا بە سەر بردبوو. لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا، لە شارێکی باشووری سکوتلەندا لە دایک بووبوو، بابی خەریکی کاری دکتۆری بوو. ماوەیەک بێهودە لە بەندی ئەوەدا بوو یانەیەکی ئازادیخوازی بۆ بانگەشە وبڵاوکردنەوەی هزرێن برودون وباکونین بکاتەوە.( کاژەڵەناسی: لێکۆڵینەوەی فۆرمی کاژەڵەیە بەو حیسابەی دەلالەت لە کاراکتەر وتوانا ئەقڵیەکان دەکات... برودون:( ١٨٠٩ — ١٨٦٥ ) ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسییە. باکونین: ( ١٨١٤ — ١٨٧٦) یەکێکە لە ئەنارشیستە ڕووسەکان). بە پێچەوانەی منداڵانی دیکەوە کە بە گوێگرتن لە حیکایەتی پەرییان گەورە و پەروەردە دەبن، ئەو بە بیستینی ئەمەی کە موڵکداری سەرچاوەی هەموو بەڵا جڤاکیەکانە وهەژاران تەنیا بە خەباتی ڕادیکاڵی دەکارن کۆت وزنجیری چەوسانەوە بپچڕن، گەورە بووبوو.

باوکی موریدی پیاوێک بوو کە بە گەورەترین زانا ودانای زەمانی دەزانی: ئەم پیاوە فرانتس جوزیف گال بوو، زانای توێکاری و فیزیا، لە دامەزرێنەرانی کاژەڵە ناسی بوو. هەرچەندە ئەم زانستە بەلای هەموو موریدانی " گال " ەوە، تەنیا باوەڕ بوو بەوەی کە هزر وغەریزەو هەست هەر هەمووی لە توێی مێشکا دانرابوو ودەشیا دەستی لێبدرێ وپێوانە بکرێ. بەڵام بە لای بابی گالیلیووە ئەم زانستە بە مانای مەرگی ئۆل بوو، بناغەی ئەزموونگەری ماتریالیزم وبەڵگەی ئەمە بوو کە ئەقڵ وئاوەز ئەو دێوە نەبوو کە فەلسەفە وای وێنا دەکرد، شتێکە نە دێتە گرتن ونە دێتە هەڵسەنگاندن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی جەستە، وەکو هەستەکانی دی. ئیدی وەکو هەستەکانی دی قابیلی ئەوەیە بخرێتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەو مالیجە ودەرمان بکرێ. ئیدی کابرای سکوتلاندی لەو ڕۆژەوە کورەکەی خۆی ناسی، ئەم پرەنسیپە سادەیەی خستە مێشکیەوە

کە: شۆڕش کۆمەڵگە لە مەینەتیەکانی ڕزگاردەکات وزانست تاک لە مەینەتیەکانی ڕزگاردەکات. ئیدی گالیلیو عەزمی جەزمکرد کە هەموو ژیانی بۆ خەبات لە پێناوی ئەو دوو ئامانجەدا تەرخان بکات.

جا چونکە هزرە ڕادیکاڵ وتووندوتیژەکانی بابی، کردبوویە کارێک ژیان بۆ ئەو لە سکوتلاندە زەحمەت و ئەستەم بێت، ئیدی پەنای بردبووە بەر فەرەنسا ولەوێندەر گیرسابووەوە، ئیدی لەوێندەرو لە ساڵی ١٨٦٨ دا بە تۆمەتی کۆمەکی کرێکارانی کارخانەی جۆلایی لە "بوردو" لە مانگرتنێکدا دەستگیرکراو بۆ کایین دوور خرابووەوە و هەر لەوێندەر مردبوو. لە ساڵی دواتر گالیلیو بە تۆمەتی بەشداری لە سووتاندنی کڵێسایەک زندانی کرابوو – لە دوای سەربازان وسەڕافان ڕقی گەورەی لە قەشان بوو – بەڵام دوای چەند هەیڤێک لە زندان ڕەڤی بوو و لە پاریس لە گەڵ دکتۆرێکی دۆستی بابیدا کەوتبووە کارکردن. لەو ماوەیەدا ناوی خۆی گۆڕی بۆ گالیلیو گال، چونکە ناوە ڕاستەقینەکەی کەوتبووە سەر زاری پۆلیس وهەموو دەیانناسی. دوای ماوەیەکی کەم کەوتە بڵاوکردنەوەی وردە بیرەوەریانی سیاسی وگوتارێن سادەو ئاسانفام دەربارەی زانستی میللی لە ڕۆژنامەکەی شاری (لیون) بە ناوی "پریشکی شۆڕش"

یەکێک لە شانازیەکانی ئەمە بوو کە لە هەیڤی سێوە تا مانگی پێنجی ساڵی ١٨٧١ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کومونەی پاریسدا لە ڕای ئازادی مرۆڤایەتیدا، خەبتی بوو و بە چاوی خۆی کوشتاری سی هەزار پیاو وژن ومنداڵی بەدەستی سەربازانی تییر دیتبوو ( ئەدولف تییر، سیاسەتوانێکی فەرەنسی بوو. لە ساڵی ١٨٧١ دا بە سەرۆکی حکومەتی کاتی هاتە هەڵبژاردن و بە توندی کومونەی پاریسی سەرکوتکرد. ) ئەویش حوکمی ئیعدام درابوو. بەڵام توانیبووی عەریفی پاسەوانی زندانەکە بکوژێت وجلەکانی ئەو لەبەربکات ولەو سەربازگەیە هەڵێت کە تیایدا زندانی بوو. ئیدی لە فەرەنساوە بۆ بەرشەلونە ڕۆیی بوو وچەند ساڵێک مابووەوەو دەگەڵ " ماریانو کوبی " دا خەریکی لێکۆڵینەوەی پزیشکی ومومارەسەی کاژەڵەناسی بووبوو. ئەم ماریانو کوبییە حەکیمێک بوو شانازی بەوەوە دەکرد کە گوایە، تاقە یەک جار قامک بە سەری هەر کەسێکا بێنێ، دەتوانێ پەنهانترین مەیل وئارەزووی کەشفبکات.

گالیلیوگال، وا دیاربوو، هەموو تاقیکردنەوەکانی بڕی بوو وهەر ئەوەندە مابوو شادەتنامەی پزیشکیەکەی وەربگرێت کە سەودای ئازادی و پێشکەوتن وسەرکێشییەکانی دووبارە بەرەو ژیانی جەنجاڵ وپڕ جموجوڵیان کێشابوو. ئیدی ئەو ودەستەیەک لە هاوڕێکانی کە ئەوانیش مەفتوونی هەمان ئامانج بوون، شەوێک پەلاماری پایەگای مونتخوییک دەدەن تا بە خەیاڵی خۆیان جڵەوی ئەو باهۆزە بەربدەن کە بە مەزەندەی ئەوان ئەسپانیای لە بن وبساتەوە دەهەژاند. بەڵام لەم ماوەیەدا کەسێک خەبەری لێدابوون وسەربازانی پایەگاکە بە دەستڕێژی گوللە پێشوازییان کردبوون. بەچاوی خۆی بینی بووی کە هاوڕێکانی بەدەم بەڕەڤانی وشەڕەوە یەک یەک دەکوژرێن، ئەنجام وەختایەک دەیگرن، چەندین برینی پێوە بوو. حوکمی ئیعدام درا، بەڵام لە بەر ئەوەی یاسای ئەسپانیا ڕێگە نادات برینداران بێنە خەنەقاندن ( لە ئەسپانیادا ئەڵقەیەکی ئاسنین لە ملی مەحکوم دەکەن و بەرە بەرە تەنگی دەکەنەوە، تا مەحکوومەکە بە سەدەمی هەناسە سواری یان پەڕینی گەردنییەوە بمرێت ) قەرار درا کە بەر لە ئیعدام کردنەکەی تیماری برینەکانی بکرێ. هەندێ دۆستی دەسەڵاتداری هەبوو یارمەتیان دا تا لە خەستەخانە وزندان هەڵێت وپەساپۆرتی ساختەیان بۆ دروستکرد وسواری کەشتیەکی بارییان کرد ودەربازیان کرد.

لەوە بە دواوە زۆر وڵاتی کرد و کیشوەرانی دابووە ژێر پێوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە دەستبەرداری ئارمانج و خولیاکانی دەورانی منداڵی خۆی نەبووبوو. دەستی بە زۆر کاژەڵەی زەرد و ڕەش و سوور و سپیدا هێنابوو و لە هەر قۆناغێکا بە پێی پێویستیەکانی قۆناغەکە کاری سیاسی یان زانستی کردبوو، لە سەرانسەری ئەم ژیانە جەنجاڵ وپڕ ماجەرایەدا، ژیانی سەرکێشیان، زندانان، شەڕ وکوتەککاری، کۆبوونەوەی نهێنی، هەڵاتن، پاشەکشە، ئەو بیرەوەریانەی کە نووسیبوونی، هەڵبەتە سەبارەت بە تەواوکردنی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی مامۆستاکانی بوو: باوکی، پرودون، گال، باکونین، سپورتزهایم و کوبی. لە تورکیا، میسر و ویلایەتە یەکگرتووەکان، بە تۆمەتی ئەوەی هێرشی کردووەتە سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی وئۆل وئاین، کەوتبووە زندان و تێهەڵدانی خواردبوو، بەڵام بە هۆی خۆش یەغباڵی خۆی و بێمنەتی لە مردن، هیچ کاتێ ماوەیەکی زۆر لە حەپسخانان نەمابووەوە.

لە ساڵی ١٨٩٤دا، ئەفسەری پزیشک بوو لە کەشتیەکی ئەڵمانیا کە لە نزیکی باهیا گیرۆدەی گەرداو بوو و تێکشکا، ئەوەی لە کەشتیەکەدا مایەوە لەوبەری فورت دی سایوپولو بۆ هەتاهەتایە لە قوڕ نیشت. تەنیا شەش ساڵێک بوو کە بەرازیل سیستەمی کۆلەداری هەڵوەشاندبووەوەو پێنج ساڵێک بوو ڕژێمی پاشایەتی هەڵوەشابووەوە وڕژێمی کۆماری دامەزرا بوو. گال شیفتەی ئاوێتەگی نەژادی وفرە فەرهەنگی وکارلێکی جڤاکی و ڕامیاری ئەم وڵاتە بووبوو، شیفتەی ئەمەی کە بەرازیل کۆمەڵگەیەک بوو کە هەر دوو ئەوروپا و ئەرفریقیای لە خۆ گرتبوو کە هەرگیز پێشتر ئەمەی نەبینی بوو، بۆیە لەوێندەر مایەوە. نەیدەتوانی عیادەی دکتۆری بکاتەوە چونکە شادەتنامەی دکتۆری وەر نەگرتبوو، ئیدی ناچار ژیانی وەکو چۆن لە شوێنەکانی دی بردبووە سەر، بەو ئاوایە بە دەرس گوتنەوەی زمانانی جۆراوجۆر وهەر کارێکی دی دەسکەوتبا دەگوزەراند. ئەگەرچی سەرانسەری بەرازیکی دەدایە ژێر پێوە، بەڵام هەمیشە بۆ "سلڤادور" دەگەڕایەوەو لەوێندەر هاتوچۆی کتێبخانەی (کاتیلینا) دەکرد یان لە سایە وسێبەری دار خورما خەمگینەکانی (مرادور) یان لە مەیخانەکانی پاینی شاردا دەبینرا، کە لەوێندەر هەرکەسێک قسەی دەگەڵ کردبا بۆی ڕوون دەکردەوە کە هەموو خەسڵەتە باشەکانی بەشەر چوون یەکن ئەگەر ئەقڵ لە جیاتی ئیمان تەوەری ژیان بێ و سالاری ئازادی خواوەند نییە، بەڵکو شەیتانە — کە یەکەمین شۆڕشگێڕە — وهەرکە لە ڕێگەی شۆڕشەوە، سیستەمی کۆن هەڵوەشێنرایەوەو ڕوخێنرا هەنگێ کۆمەڵگەی تازە، ئازاد و دادپەروەر، خۆبەخۆ وەکو گوڵ دەپشکوێ وگەشە دەکات. ئەگەرچی چەند کەسانێک هەبوون کە گوێ لە قسەکانی بگرن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جەماوەری خەڵکی لەوە نەدەچوو زۆر گوێی بدەنێ.

( ٢ )

لە گرانی و وشکەساڵیە گەورەکەی ساڵی ١٨٧٧ دا، لەو مانگانەدا کە قات وقڕی ونەخۆشی گیرۆ نیوەی خەڵکی و ماڵاتی دەڤەرەکەی قڕکرد، مورشید بە تەنیا سەفەری نەدەکرد، هەمیشە کۆمەڵێک خەڵکی لە گەڵدا بوو یا باشترە بڵێین کۆمەڵێک خەڵکی بە دواوە بوو — هەرچەندە کە ئەو بە ڕواڵەت ئاگای لەم خەڵکە نەبوو کە بە دوایەوە بوون. ئەمانە پیاوان و ژنانێک بوون کە دار و نەداری خۆیان ڕەها کردبوو تا بە گەڵ ئەو بکەون، ئیدی هەندێک بە سەدەمی ئەوەی وەعزەکانی کاریان لە روح ودڵیان کردبوو و، هەندێکی دی لە بەر کونجکاوی و تەمەڵی وخۆ دزینەوە لە کار دووی کەوتبوون، هەندێ تا نیوەی ڕێ دەگەڵی دەهاتن وتەنیا ژمارەیەکی کەم سوور بوون لە سەر ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە گەڵی وەمێنن. وێڕای وشکەساڵی، درێژەی بە سەفەری خۆی دەدا، هەرچەندە کێڵگە و مەزرایان، دەر و دەشت یەکپارچە لاشە وکەلاکی حەیواناتی مرداربوو ودالاش تێیان وڕوکا بوون و، هەرچەندە شارۆچکە و گوندێن نیوە چۆڵ پێشوازی دەکرد.

لەو ساڵە ترسناکەی ١٨٧٧ دا، ڕەنگە ترسناکترین شت ئەمە نەبووبێ کە لە سەرانسەری ساڵەکەدا قەترەیەک باران نەباری بوو، ڕووبارەکان وشک بووبوون و کاروانی لە پەستا وبێ پسانەوەی کۆچبەران بە ناو دڕکە جاڕان کەوتبوون، خەڵکانێک کە دار و نەداری خۆیان لە گالیسکەێن مشەما پۆش بارکردبوو یان دابوویان بە کۆڵا و، وێڵ و سەرگەردان عەودالّی ئاو وخۆراک بوون. لەمە خراتر وترسناکتر، ئەو ڕێگر ومار وئەژدیهایانە بوون کە لە ناکاوا لە دەشت و دەرەکانی باکووردا، لە ڕێگای خەڵکەکەدا قوت دەبوونەوە. پێش ئەوەش هەمیشە خەڵکانێک هەبوون کە پەلاماری مەزرا وکێڵگەکانیان دەدا وپەز و گا وگۆتاڵیان دەدزی وهەندێجار، کار دەگەییە ئەوەی کە دەگەڵ تفەنگچیانی ئاغا و موڵکدارەکانا بکەونە شەڕە تەقە و، هەندێجاریش دەرفەتیان دێنا وگوندە تەریک ودوورە دەستەکانیان تالاّن دەکرد. هەڵبەتە ناوبەناو جەندەرمەی گەڕۆک، بۆ ڕاونانی ئەو ڕێگرانە دەهاتنە ئەو دەشت و دەرە. بەڵام کە قات و قڕی هات خێڵ و دار ودەستەی ئەم دز و ڕێگرانە وەکو حیکایەتی نان و ماسییەکەی ئینجیل چەند قات دایە زیادی ( ئاماژەیە بۆ ئەو حیکایەتەی ئینجیل کە بە گوێرەی حیکایەتەکە عیسا لە سەبەتەیەکدا، هێندەی نان و ماسی بە کۆمەڵێک خەڵکی برسی داوە تا تێری تێر بوون. ) ئەمانە بەو پەڕی دڵرەقی و بێ ویژدانی دەیاندا بە سەر ئەو شارۆچکە و گوندانەدا کە بەدەست قات و قڕییەوە دەیان نالاّن و وێران و نیمچە چۆڵ بووبوون، تا هەر خۆراک و پۆشاک وکەل وپەلێکیان تیا مابوو لە خەڵکەکەی بسەنن و هەر کەسێک زاتی کردبا، ڕێگەیان لێبگرێ، بە گولله دایان دەبێژا. بەڵام نە بە قسە و نە بە کردەوە، هیچ ئازارێکیان بە مورشید نەدەگەیاند. لە ڕێگە وبانەکانا، لە بەردەلاناندا، لە دەوەنەجاڕ و دڕکەجاڕەکانا، لە ژێر ئاسمانی هەورین دا، یان لەو چڕە دەوەنەجاڕانەدا، کە هەر دەوەنە خەریک بوو لە بنەوە وشک دەبوو و قەدی دارەکان خەریک بوو شەقیان تێدەکەوت، تووشی دەبوون. ئەم ڕێگر و دز و یاخیانە، چ بە گروپێن دە نەفەری یان بیست نەفەری، کە هەموو جۆرە چەکێکی برین و دڕین و شەقکردنیان پێبوو، کابرای درێژ داهۆڵی، جبە ئەرخەوانیان دەبینی، کە بە نیگا سارد و سڕ و وێڵ و بێ موبالاتەکانی بۆ ساتێک دای دەبێژتن و، ئەوسا مژوولی کارە هەمیشەییەکانی خۆی دەبوو: نوێژ، نزا، ڕێکردن و وەعزدادان. موریدەکان کە ڕێگرەکانیان دەبینی لە ترسا ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕا، وەکو چۆن جووجەڵە لە دەوری دایکیان خڕ دەبنەوە، بەو ئاوایە لە دەوری مورشید خڕدەبوونەوە. کە ڕێگرەکان، بەو هەژاری و بێنەواییە دەیاندیتن، ڕێگەیان دەدان کە بە ڕێی خۆدا بڕۆن، لێ جاری وا هەبوو کە یارۆی پیاوی خوایان دەبینی، کە ناوبانگی پێشگۆییەکانیان بیستبوو، جڵەوی ئەسپانیان ڕادەکێشا و دەوەستان، ئەگەر خەریکی نوێژ و نزایان بوایە نوێژکردنەکەیان پێنەدەبڕی، بەڵکو چاوەڕوانیان دەکرد، تا لێدەبووەوە و نیشانی دەدا کە دیتونی. سەرەنجام قسەی دەگەڵ دەکردن، بەو دەنگ وڕاوێژە زوڵاڵەی کە یەکسەر دەچووە دڵیانەوە، شتانێکی پێدەگوتن کە دەیانتوانی تێی بگەن وحەقیقەتانێکی پێدەگوتن کە دەکارین باوەڕی پێبکەن. دەیگوت کە ئەم بەڵایە یەکەمین هۆشداری هاتنی مەسیحی دەجاڵە وئەم وێرانییە سەرەتای ژیانەوەی مردووان و ڕابوونی ڕۆژی پەسلانە. دەیگوت ئەگەر دەیانەوێ روحی خۆ ڕزگاربکەن، دەبێ خۆ ئامادە بکەن بۆ ئەو شەڕانەی کە دەبێ بیکەن، کاتێ شەیتانانی ئەڵقە لە گوێی "مەسیحی دەجال " - کە بە خۆی ئەو سەگە گەورەیە بوو، لە سەر زەوی بەدیار کەوتبوو تا یاخیان بە کرێ بگرێ – وەکو ئاگری ناو پووشان، لە هەموو دەشت و دەرەکان تەشەنەی دەکرد. ڕێگرەکان وەکو گاوانان، وەرزێران و جووتیارانی ئازاد و کۆیلە، لە هەموو وتەکانی ورد دەبوونەوە.

هەندێکیان وەکو پاجوی ڕوخسار شەقار شەقار و پیدراوی بە کەلەش وهۆڤی ودڵڕەق و تەنانەت جواوی شەیتانی لە هەموویان خوێن مژتریش، تۆبەیان کرد و، ڕێگەی ڕاستیان هەڵبژارد و دوای ئەو کەوتن.

مورشید لەوە دەچوو، مارە زەنگۆڵەدارەکانیشی وەکو ڕێگرەکان ڕام کردبێت. هەزاران هەزار مار، وەکو پەڕجوویەک ڕوویدابێ، بەهۆی وشکەساڵییەکەوە، لە دەشت ودەرەکاندا سەریان هەڵدابوو. ئەم مارانە، درێژ، پێچاوپێچ، بە سەرانی سێ سووچەوە ئەوانیش لە کونەکانیان هاتبوونە دەرو وەکو خێڵی بەشەران کۆچیان دەکرد و بەدەم ڕێگاوە منداڵان، گوێرەکە و بزنانیان دەکوشت و سڵیان لەوە نەدەکردەوە بە ڕۆژی ڕوناک، بۆ خواردن، خۆ بە ماڵی خەڵکیدا بکەن. ژمارەیان هێندە زۆر بوو، تەنانەت تەیری " ئاکوا " ش دەرەقەتیان نەدەهاتن. لەو ڕۆژگارەدا کە هەموو شتێک ئاوەژوو بووبووەوە، هیچ سەیر نەبوو ئەگەر مار ببینی، ئەو تەیرە ڕاوکەرە بخۆن، لە جیاتی ئەوەی " ئاکوا " ببینی وەکو جاری جاران مارێکی بە دەنووکەوە گرتبێ و بۆ حەوێقی ئاسمانی ببات. خەڵکی دەشتە دوورە دەستەکان ناچار بوون شەو و ڕۆژ سەروکوتەک یان قەمەیان بە دەستەوە بێ، کۆچەری وا هەبوو لە ڕۆژێکدا سەد ماری زەنگولداری کوشتبوو. بەڵام مورشید، وێڕای ئەوەش، لە هەر جێگەیەکدا شەوی بە سەرا هاتبا، لە سەر ئەرزەکە دەنووست. شەوێک کە گوێی لە هاوڕێکانی بوو باسی مار دەکەن بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەمە یەکەمجار نییە ئەم شتانە ڕوودەدات. وەختی خۆی کە ئیسرائیلیەکان لە میسرەوە بۆ وڵاتی خۆ دەزڤرینەوە وگلەییان لە سەختی ونارەحەتی و بەڵای سەفەری بیابان دەکرد، خواوەند سزای دابوون و بەڵای مار وئەژدیهای بۆ نازڵ کردبوون. ئیدی موسا شەفاعەتی بۆ بەنی ئیسرائیل کردبوو، خواوەند ئەمری پێکردبوو کە مارێک لە برونز دروست بکات و، هەرمنداڵ وکەسێکی مارانگەستە تەمەشای بکات، یەکسەر چاک دەبێتەوە، نها دەبوا ئەوانیش هەمان کاریان کردبا؟ نەخێر، چونکە پەڕجووان دووبارە نابنەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە، ئەگەر بۆ هەر کوێیەک ڕۆشتبان وشەمایل و ئیکۆنەی کوڕەکەی خوایان وەکو چاوەزار دەگەڵ خۆدا هەڵگرتبا، خواوەند ڕەحمی پێدەکردن. لەو ڕۆژە بە دواوە ژنێکی خەڵکی " مونتە سانتو " بە نێوی " ماریا کوادرادو " لە سەندووقێکی شووشەدا پارچە قوماشێکی هەڵدەگرت کە وێنەیەکی عیسا مەسیحی لە سەر کێشرابوو، منداڵێکی خەڵکی پومبال وێنەکەی کێشابوو، کە لە بەر دینداری وپارسایی خۆی خەڵکەکە ناوی " چکۆلەی موبارەک "یان لێنابوو. هەڵبەتە ئەم کارە بووبووە مایەی ڕەزامەندی خوا، چونکە لەو کاتە بە دواوە، مار بە هیچ موریدێکەوەی نەدابوو.

مورشید، لەو دەرد ونەخۆشیە گیرۆیانەش دەرباز بوو، کە بە هۆی وشکەساڵی وقات و قڕییەوە، کە بە درێژایی مانگان و ساڵان کەوتبووە گیانی ئەو خەڵکەی کە بە سەلامەتی لەو وەیشوومەیە دەرباز بووبوون. ژنان هەر کە سکیان دەبوو، دوای ماوەیەکی کەم منداڵەکانیان لە بار دەچوو، منداڵان موویان دەوەری و دانیان دەکەوت، خەڵکی گەورە، لە دەمەوەو لە پاشەڵەوە تووشی خوێن بەربوون دەبوون، سەرانسەری جەستەیان پڕ دەبوو لە گرێ و غودە، یان تووشی زیپکە و خورویەکی ئەوتۆ دەبوون کە ناچار دەبوو وەکو سەگێن گڕوێ خۆ لە خاک و خۆڵ وزیخ وچەودا بگەوزێنن. بەڵام پیاوە باریکەلەکە (مورشید)، کە دەتگوت قامیشە بەنێو ئەو هەموو نەخۆشی و مردنە زۆر و هەمەگیرەدا درێژەی بە ڕێگەی خۆ دەدا و نە باکی بە هیچ بوو و نە هیچ ئازار و ئاسیوێکی پێدەگەیی، دەتگوت کاپتنێکی کارامە و دنیا دیدەیە وکەشتیەکەی بە ناو باهۆز و گەردلوی بێ ئاماندا بەرەو بەندەرێکی ئەمین وسەلامەت دەبات. مورشید بە نیازی کام بەندەرە، ئەم سەفەرە دوور و درێژ وبێ کۆتاییەی گرتبووە بەر؟ نە هیچ کەسێک ئەو پرسیارەی لێدەکردو نە خۆیشی هیچ قسەیەکی لەو بارەیەوە دەکرد، پێدەچوو خۆیشی نەزانێت. نها دەیان مورید، لەوانەی دنیایان تەرک کردبوو و، خۆیان بۆ ژیانی ڕوحانیەت تەرخان کردبوو، دووی کەوتبوون. مورشید و موریدەکانی لەو ساڵانی دوور و درێژی قاتییەدا، کەوتبوونە خۆ و جەنازەی ئەو خەڵکانەیان، کە لە برسیەتی، نەخۆشیا، مردبوون ولە کەنار ڕێگا وبانەکاندا کەوتبوون، کۆ

دەکردنەوەو دەیاننناشتن، ئەو جەنازانەی کە بۆگەنیان کردبوو و، دەبوون بە خۆراکی حەیوانات وتەنانەت بەشەریش. ئیدی تابووتیان بۆ ئەو خوشک و برایانە دروستکردبوو وگۆڕیان بۆ هەڵکەندبوون. ئەمانە خەڵکانێکی جۆراوجۆر بوون، تێکەڵەیەک بوون لە ڕەگەز ونەژاد وئەسڵ وفەسڵ وکار وپیشەی جیاواز و هەڕەمە. هەندێکیان لەو سپی پێستانە بوون کە جل وبەرگی چەرمیان لە بەر کردبوو و بە لەوەڕاندنی پەزێن " سەرهەنگان " ، خاوەن گاڕانێن گەورە ژیانیان دەگوزەراند، هەندێکیان لەو سوور پێستە ئەسڵانە بوون کە باب وباپیرانیان بە نیمچە ڕووتی دەسووڕانەوەو دڵی دژمنانی خۆیان دەخوارد، هەندێکی تریان لەو مستیزویانە ( خەڵکانێکی دوو ڕەگ بوون کە لە ئەنجامی زەوجینی ئەسپانیان یان پرتوغالیانەوە دەگەڵ سوور پێستاندا دروست دەبن ) کە لە ڕێگەی باخەوانی ومسگەری وئاسنگەری وپینەدۆزی ودارتاشییەوە ژیانیان دەگوزەراند، هەندێکی دیکەیان لەو " مولاتانە " بوون ( مولات: خەڵکانێکی دوو ڕەگ بوون لە ئەنجامی زەماوەندی سپی پێستان و ڕەش پێستاندا دروستبوون) کە لە مەزراکانی نەی شەکەری کەنارەکان هەڵاتبوون ولە فەلاقە وکۆت وزنجیر وشەلاقی گاجووتان و ئاوی سوێر کردن بە سەر برینەکانیان و زۆر جۆرە ئەشکەنجەی دی کە لە کارگەی شەکران بۆ کۆیلەکان داهێنرابوو، ڕزگار بووبوون. ئەمانە ژنانیشیان تیابوو، لە بچووک و گەورە، لە ساغ و سەقەتان، ئەمانە هەوەڵین کەسانێ بوون کە لە شەوانی وەعزخوانی مورشیدا، کە باسی گوناح وخەتای " سەگی گەورە " و چاکییەکانی پاکیزەی دەکرد دڵیان دادەلەرزی. ئەمانە کەوا وجبە ئەرخەوانیەکەیان پینە دەکرد و لە دڕکی بیابان داو و دەرزیان دروستدەکرد، هەر ئەمانە بوون کە وەختایەک جبەکەی ئەو لە ناو دڕک ودالْدا دەدرا، بیریان لەوە دەکردەوە جبەیەکی تازەی بۆ دروستبکەن وپێڵاوی تازەیان بۆ دروست دەکرد ولە سەر بردنی پاتاو وجبە کۆنەکەی لە نێو خۆدا بە شەڕ دەهاتن، چونکە هەر شتێک ئەو لە بەری کردبا، یان بەر جەستەی کەوتبا بە موبارەک وپیرۆز دەهاتە ژماردن. هەموو شەوێ دوای ئەوەی پیاوان ئاگریان دەکردەوە، ئەم ژنانە خواردنیان لە ئاردی برنج یان زوڕات وگەنمەشامی یان هەر شۆربایەکی دی وگۆشتاویان بە تۆزێ سەوزەی کوڵاوەوە ئامادە دەکرد، کە زیارەتگەرەکان ئاهێکیان وەبەر دەهاتەوە. موریدانی مورشید خەمی خواردن وخۆراکیان نەبوو، خەڵکانێکی بە قەناعەت بوون وبگەییشتبانە هەر کوێیەک، پارووە نانێکیان پێدەدرا، خەڵکی سادە وهەژار بە هەشتاو بەرەو پیریان دەچوون و مریشکێ یان توورەکەیەک گوڵە کابە یان قالبێک پەنیری تازەیان پێشکەش بە واعیز دەکرد، ئاغا ومولکدارەکانیش، وەختایەک خەرقە لە بەرەکان شەویان لە دەشت ودەر ڕۆژ دەکردەوەو سپێدە خۆبەخشانە بێئەوەی داوای تاقە پولێک بکەن، کڵێسا ونوێژخانەکەی مەزراکەیان گسک دەدا وخاوێنیان دەکردەوە، نۆکەرەکانی خۆیان بە شیری تازەوەو هەندێجار بە بزنێک یان گیسکێکەوە بۆ لایان دەنارد.

هێندە بەو دەشت و دەرەدا گەڕابوو، هاتبوو، چووبوو، هەوراز و نشێوی کردبوو، بە گرد و شاخاندا هەڵگەڕابوو و داگەڕابوو کە ئیدی هەمووان دەیانناسی. قەشەی گوندەکانیش دەیانناسی. ژمارەی ئەم قەشانە زۆر نەبوو، ئەوەندە کەم بوون، دەتگوت لەم دەشت ودەر وبیابانە بەرینەدا ون بوون. بە هەرحاڵ ژمارەیان ئەوەندە نەبوو کە ئەو هەموو کڵێسا زۆر و زەبەندە بەڕێوە بەرن. بۆیە مەگەر تەنیا جار جارێ، لە ڕۆژانی جەژندا، قەشەیەک سەری گوندی دابا. ئیدی قەشەی هەندێ شوێنانی وەک " توکانو " یان " کومبێ" ڕێگەیان دابوو، لە مینبەری کڵێساکەوە وەعز بۆ ئیمانداران دابدات وقسەیان بۆ بکات و بەینیان لە گەڵیدا باش بوو. بەڵام ئەوانی دی، بۆ نموونەی ئەوانەی لە " ئینتەریوس " و " ئیتاپیکورو " بوون ڕێگەی ئەو کارەیان پێ نەدەداو دژایەتیان دەکرد. لە شارانی دیدا، نوێنەرانی قەشەباشی، یا لە پاداشتی ئەو خزمەتانەدا کە لە کڵێسا و گۆڕستانەکاندا کردبووی، یان لە ڕووی ئەو دەسەڵاتە مەعنەوییەوە کە مورشید لە ناو خەڵک وجەماوەری بیاباندا پەیدای کردبوو و، بۆ ئەوەی

لە گەڵ ڕەعیەتەکەی خۆیاندا، نێوانیان تێکنەچێت وتێک نەگیرێن، ناچار ڕێگەیان پێدەدا کە دوای ڕێوڕەسمی عەشای ڕەبانی لە حەوشی کلێساکەدا کەبار(مناجات) بکات و وەعز بۆ خەڵکەکە بدات.

کەی بوو کە مورشید و موریدە تۆبەکارەکانی بیستبوویان کە ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٨٨٨ دا، لە کۆمەڵێک شاری دوورە دەست و تەریکا، وەکو " ساوپاولو، ریودوجانیرو و تەنانەت سلڤادور " ی پایتەختی ویلایەتەکەش کە هەر ناویشیان نەبیستبوون، سیستەمی کۆیلایەتی وکۆلەداری هەڵوەشاندووەتەوەو ئەم کارە بووەتە بایسی ئەوەی هەموو مەزراکانی قامیشی شەکر لە باهیا، لە دەستی کار وکرێکار چۆڵ ببێت و نابووت ببن؟ دیارە ئەم جۆرە هەواڵانە، هەمیشە بە درەنگەوە و هەندێجار بە شێواوی ونادروستی ولە ئیحتوبار کەوتوویی دەگەییە ئەم دیار ودەڤەرە تەریک و دوورە دەستانە، بۆیە دەسەڵات چەندین مانگ لەوە پێش ئەمری کردبوو کە ئەم فەرمانە لە مەیدانی شارەکان بۆ خەڵکی بێنە خوێندنەوەو بە دەرگای شارەوانیەکانەوە هەڵبواسرێ.

ئیدی مورشید وموریدەکانی، جارێکی دی و وەکو هەمیشە زۆر بە درەنگەوە زانیان کە ئەو وڵاتەی بیانەوێ ونەیانەوێ خەڵکی ئەوێندەر بوون، لە ڕژێمی پاشایەتیەوە بووە بە ڕژێمی کۆماری. بەڵام ئەوان هەرگیز هەستیان بەوە نەکرد کە ئەم بویەرە کەمترین جۆش وخرۆش وسۆز وگوداز وشەوق وزەوقی لە نێو کارگوزارانی پایەبەرزی جاران یان کۆلەدارانی پێشوو (کە هێشتا خودان مەزرای نەی شەکر وگاڕان ومێگەل وپەزان بوون ) یان لە نێو پیشەوەران و خوردە فەرمانبەرانی دەوڵەت دروست نەکرد، چونکە ئەوان ئەم گۆڕانکارییەیان بەو تیری ڕزگاری وڕەحمەتە دەزانی کە نرا بە دەسەڵاتە کۆن و ڕزیوەکەی پایتەختەکەی جارانەوە؛ ناوەندی ژیانی ئابووری وسیاسی دوو سەد ساڵەی بەرازیل، کە نها جگە لە بیرەوەرییەکی نوستالیژیکی هیچی دیکە نەبوو، خەڵکەکە دانیشتبوون ویادی ئەو ڕۆژانەیان دەکردەوە کە کاتی خۆی لە چ خۆشگوزەرانیەک، لە چ سەڵتەنەت و پارەدارییەکدا دەژیان و خاوەنی چ دەستێکی کار ومێژوویەکدا بوون، کە نها هەر هەمووی بەرەو باشوور شۆڕ دەبووەوە. خۆ ئەگەر بەم حاڵەشیان زانیبا، نە لیی حاڵی دەبوون و نە گوێ و بایەخیان پێدەدا، چونکە خەون و خولیای مورشید وموریدەکانی ئەمە نەبوو، شتێکی جیاوازتر بوو. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ شتێک بۆ ئەوان نەگۆڕابوو، تەنیا چەند ناوێکی کەم نەبێ. باشە دیمەنی ئەم مەرز وبۆیە سوتماک وئاسمانە کەوەییە هەر ئەوەکەی جاران نەبوو؟ مەگەر وێڕای ساڵانی دوور ودرێژی وشکەساڵی، دەڤەرەکە وەکو جاران لە خەمی دەرمانکردنی زامەکانی ولاوازی مردووەکانیا نەبوو، لە خەمی نۆژەنکردنەوەو ژیاندنەوەی ئەو شتانەدا نەبوو کە وێران بووبوون؟ نها کە سەرکۆمار لە جێگای شاهنشا ڕۆنیشتبوو، لە باکووری کارەساتباردا چ شتێک گۆڕابوو؟ جووتیاران، هەر لە خەمی پەیدا کردنی زەوی کەم پیت وکەمی ئاوا نەبوون تا گەنمە شامی، لۆبیا و پەتاتەکانی بڕوێن و بەراز و پەزەکانی مردار نەبنەوە. مەگەر گوندەکان تەژی خەڵکی بێکار نەبوون ومەگەر ئەو هەموو چەتە وڕێگرانە، نا ئەمنیان بڵاو نەکردبووەوە؟ مەگەر سواڵکەر و گەدایانی پاشماوەی کارەساتەکەی ساڵی ١٨٧٧، هێشتا لە هەر گۆشە و کەنارێکا نەدەسوڕانەوە؟ مەگەر سەرباری هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی مورشید، ماڵەکانی عیسا مەسیح هێشتا هەر ڕوو لە وێرانی نەبوون؟

بەڵام ڕاستت دەوێ، لە گەڵ ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماریدا شتێک گۆڕا بوو. شتێک کە هەم مایەی بەدی شانسی خەڵکی بوو وهەم حەیرانی کردبوون، کلێسا ودەوڵەت لێکدی جیاکرابوونەوە، ئازادی عیبادەت ڕاگەیەنرابوو، گۆڕستانەکان لە دەستی قەشەکان دەرهاتبوون وبە شارەوانی سپێردرابوون. قەشە و قەشەباشیەکان تیا مابوون و نەیاندەزانی لە هەنبەر ئەم گۆڕانکاریانەدا، کە دەسەڵاتدارانی باڵای کلێسا ملیان بۆ دابوو، چ هەڵوێستێک بنوێنن

وچ بڵێن. بەڵام مورشید لە هەمان دەمدا، زانی دەبێ چ بڵێ و قسەی خۆی کرد: ئەم کارانە، کارێن کوفر ئامێز بوون و باوەڕداران نەدەبوا ملیان بۆ دابا. کاتێ کە زانی گوایە دەوڵەت زەوجینی مەدەنی کردووە بە ناچاری – وەکو ئەوەی ئەو قوربانی موبارەکەی خواوەند ڕەوای دیتووە بەس نەبێ – ئەو هەقەی بە خۆی دەدا کە لە کاتی وەعزا وبە دەنگی بەرز و ڕاستەوخۆ، ئەو شتە ڕابگەیەنێ کە قەشەکان لە بەینی خۆدا بە چپە دەیاندرکاند: ئەم ڕیسوابیە کاری پروتستان و ماسۆنیەکانە، هەڵبەتە ڕێنماییانی غەریب و گومان لێکراوی دیکەش کە بەرەبەرە دەگەییە گوێی خەڵکی شارە دوورە دەستەکانی دیکەش: وەکو نەخشەی ئاماری، سەرژمێری وبەرقەراری سیستەمی مەتری، دەبوون بە پرسیار لەلای خەڵکی وناچار پەنایان دەبردە بەر مورشید و ئەویش بە کاوەخۆ بۆی شرۆڤە دەکردن کە: ویستوویانە ڕەنگی خەڵکەکە بزانن تا دووبارە کۆلەداری بەرپا بکەنەوەو ڕەشەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوەو ویستویانە مەزوب و ئۆلی خەڵکی بزانن و ئەو کاسولیکەکانە بۆ ئەو ڕۆژە دیاری بکەن کە ئازار و ئەزیەت و چەوساندنەوەیان دەست پێدەکات و، بە دەنگی نەوی هانی دان کە گوێ بەو شتانە نەدەن و وەڵامی ئەو پرسیارنامانە نەدەنەوەو ڕێگە نەدەن نیزامی مەتر وسانتی مەتر جێگەی یاردە و پێ بگرێتەوە.

ساڵی ١٨٩٣، بەیانییەک کە مورشید و موریدەکانی خۆیان بە " ناتوبا " دا کرد، گوێیان لە ژاوەژاوێک بوو کە زیاتر لە گیزەگیزی زەردەواڵەی وروژاو و تووڕە دەچوو. ژاوەژاوەکە لە ناوەندی شارەوە دەهات. ژنان و پیاوانی شار لەوێندەر خڕ بووبوونەوە تا ئەو فرمانانە بخوێننەوە کە ئەو ڕۆژە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون، یان گوێ لەو جارچییە بگرن کە فرمانەکانی دەخوێندەوە. قەرار بوو باجیان لێوەربگرن، کۆمار دەیویست باجیان لێوەربگرێ. زۆر کەس دەیانپرسی، ئەم باجە چییە؟ ئەوانی دی بەرسڤیان دەدایەوە شتێکە وەکو دە یەک ( دە یەک: بریتی بوو لە دە یەکی دەغڵ و دان یان پارە و پول، کە بە تایبەتی دەدرا بە کڵێسا). ڕێک وەکو جاران، کە ئەگەر مریشکێک پەنجا فەرخەی هەڵهێنابا دەبوا خاوەنەکەی پێنج فەرخەی بداتە بەڕێوەبەرایەتی کڵێسا وئەگەر دە کێلە دانەوێڵەی هەڵگرتبا دەبوا کێلەیەک بدات بە بەڕێوەبەرایەتی کڵێسا. ئیدی حکومەت حوکمی کردبوو کە هەر کەسێک شتێکی بە میرات بۆ ماباوە یان خۆی شتێکی بە دەست هێنابا، بەشێکی لێدابا بەکۆمار. ئیدی خەڵکی دەبوایە بچن بۆ شارەوانی ناوچەکەی خۆیان – هەموو شارەوانییەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان وەرگرتبوو – ودەبوایە دارایی و دەرامەتی خۆیان ڕابگەیەنن، تا خویا ببێت دەبێ چەند بە کۆمار بدەن. باجگرەکان، بۆیان هەبوو، ئەو شتانەی، کە پەنهان کرابوون، یان کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆیان تۆمارکرابان، مسادەرە بکەن و بۆ کۆماری بگێڕنەوە.

ئیدی غەریزەی حەیوانی، ئەقڵ وئاوەزی خۆڕسک، یان ئەزموونی سەدان ساڵە، یەکسەر ئەو گومانەیان لە دڵی خەڵکەکە چەقاند کە ئەم ڕەوشە زۆر لە وشکەساڵی خراتر دەبێ، هەزار خۆزگە بە وشکەساڵیەکە. ڕەنگە باجگرەکان زۆر لە دالاش و ڕێگران چاوچنۆکتر وخراتر بن. خەڵکەکە، گێژو وێژ، حایر وحەپەساو، ترساو تووڕە، بە ئانیشکان بە یەکەوەیان دەژەند و تووڕەیی و دڵتەنگی خۆیان بە یەکدی دەگەیاند، دەنگیان تێکەڵ بە یەکدی دەبوو، هەمان ئەو ژاوەژاوە تووڕەیەی لێکەوتبووەوە کە وەختایەک مورشید وموریدە شڕۆڵەکانی لە جادەی کیپووە بە ناو " ناتوبا " کەوتبوون، گەیی بووە ئاسمان. خەڵکەکە لە دەوری یارۆی جبە ئەرخەوانی خڕبوونەوە، ڕێگای کڵێسای " نوساسینیورا داکونسیسیایو " یان، لێگرت کە خودی مورشید چەند دەیەیەک لەمەپێش نۆژەنی کردبووەوە و بۆیەی کردبوو و نها بە هەمان هەنگاوی هەڕاو بۆ ئەوێندەر دەڕۆیی. ڕێگەیان لێگرت تا هەواڵە تازەکانی پێ ڕابگەیەنن، بە ڕوویەکی گرژەوە نیگایەکی ڕەوتەنی کردن، دەتگوت بە هیچ جۆرێ گوێی لە دەنگیان نەبووبوو.

وێڕای ئەوەش دوای چەند ساتێک، بایی ئەوەی ناخی بتەقێتەوەو ئاگر لە چاوانی ببێتەوە، کەوتە ڕێ، بە هەشتاو بە ناو ئەو خەڵکەدا کە لە سەر ڕێگاکەی وەلا دەکەوتن، بەرەو ئەو تەختەی داخۆیانە ڕۆیی کە فەرمانەکانی پێوە هەڵواسرابوو. دەستی برد، بێئەوەی زەحمەتی خوێندنەوەیان بەخۆی بدات، کاغەزەکانی داگرت و دڕاندی و تووڕی دایە سەر ئەرزەکە، چارەی بە ڕادەیەک گرژ بوو، وەکو ئەوە بوو بە کەڕەتێ تووڕەیی و بێزاری هەموو خەڵکەکەی لە خۆدا کۆکردبێتەوە. هەنگێ داوای لە خەڵکەکە کرد کە ئەو نووسراوە زاڵمانانە بسووتێنن، ئەوسا خەڵکەکە بە بەرچاوی بەرپرسانی شارەوانییەوە، کە واقیان وڕمابوو، کاغەزەکانیان سووتاند و پاشان وەکو ئەوەی ئاهەنگێک بەرپا بووبێ، یاری ئاگرین دەستی پێکرد وهەنگێ دووکەڵ وئاگری ئەو فەرمانانەی کە سووتێنران چوون بە ئاسماندا و ترسیان خستە دڵی حەشاماتەکەوە، مورشید بەر لەوەی بۆ نوێژ بڕوات بۆ کڵێسای " نوساسینیوردا " هەواڵێکی کارەساتباری بە خەڵکی ئەو دەڤەرە تەریک ودوورە دەستەی دنیا ڕاگەیاند کە " مەسیحێکی دەجال " لە دنیادا پەیدا بووە کە ناوی کۆمارییە.

***

ملازم پیرس فریرا، بە سەرسامی و چەند جارێک، بێهیچ دوو دڵیەک ئەوەی گێڕایەوە کە گوێی لێ بووبوو: " بەڵێ جەنابی نوێنەر، شاور، شەوان، تۆ بڵێ سپێدە زوو، گوێمان لە شاوری بەرز دەبوو. "

خەستەخانەی مەیدانی، کوختەیەکی دارین بوو کە سەرەکەی بە پەلەپەل بە گەڵای دارخورما داپۆشرابوو تا پێشوازی سەربازانی بریندار بکات. ئەم کوختەیە لە محاڵی شاری " جوازپرو " دروستکرابوو کە شەقامەکانی شان بە شانی ڕوبارە پانەکەی : ساوفرانسیسکو " بوو، کە خانووانی سپی یان ڕەنگاوڕەنگ لەمبەر ولەوبەری ڕیز بووبوون، ئەم خانووانە لە درزی دیوارەکانەوە، لە ژێر ترۆپکی ئەو درەختە تۆزاویانەوە دەبینران کە ئەم شارە ناوی خۆی لەوانەوە وەرگرتبوو. ملازم پیرس فریرا دەڵێت: " تەنیا بە دوازدە ڕۆژ گەیشتینە " ئواوا " کە لە ڕاستیا لە دەروازەی " کانودوس "ە – تەنیا دوازدە ڕۆژ، بە ڕاستی پەرجوو بوو. سەربازەکانم، یەجگار شەکەت بوون، ئەوە بوو کە بڕیارم دا لەوێندەر ئۆردوبەز بکەین. هەمووی چەند سەعاتێکی پێنەچوو کە لە دەنگی شاوران بێدار بووینەوە ".

شازدە بریندارمان هەبوو، لە دوو ڕیزە جۆلانەی بەرانبەردا خەوتبوون، برینەکانیان بە پەلەپەل بەسترابوو، سەر و باسک و لاق خڵتانی خوێن، جەستە ڕووت ونیوە ڕووت، پانتۆڵ و قەمسەڵەی عەسکەری دڕاو وشڕ و وڕ، پزیشکێک کە تازە گەیی بووە جێ وبالاپۆشێکی سپی لەبەور بوو و معایەنەی بریندارەکانی دەکرد، پەرستارێکی پیاوی لەگەڵ بوو کە جانتای کەرەستە پزیشکیەکانی بۆ هەڵدەگرت. ڕەنگ و ڕووی گەش و بە تیف تیفەی دکتۆرە، زۆر جیاواز بوو لە ڕەنگ و ڕووی سیسەڵە و چرچەڵەی سەربازە خەمبارە قژ ئارەقاویەکان. لە کۆتایی کوختەکەوە دەنگێکی شپرزە وبە سوێ هەواڵی قەشەی ئیعتراف ژنەوای دەپرسی.

-" باشە پاسەوانتان دانەنا؟ باشە جەنابی ملازم بیرت لەوە نەکردەوە کە لەگینە غافڵگیرتان بکەن؟ " ملازم پیرس فریرا دەڵێت: " چوار پاسەوانمان دانا جەنابی نوێنەر " وچوار قامکی بە نیشانەی دووپات کردنەوە بەرز دەکاتەوە: " غافڵگیریان نەکردین. وەختایەک گوێمان لە دەنگی شاورەکان بوو، هەموو سەربازانی سریەکە ڕابوون، خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. " ئەوسا دەنگی نزم دەکاتەوە: " لێ ئەوەی بەرەو ڕووی ئێمە دەهات دژمن نەبوو، ئاپۆڕای خەڵکی بوو. "

لە سووچێکی کوختەکەوە سەربازگە چکۆلەکەی سەر کەناری ڕووبارەکە دەبینرا. بەلەمان بە باری کاڵەک و شووتیەوە، بەدەم هەڵبەز و دابەزەوە دەهاتن و دەچوون، باقی سەربازانی سریەکە لە سایەی هەندێک درەختاندا ڕاکشاون، تفەنگەکان چواربەچوار چاتمە کرابوون. چاتۆڵی مەیدانی هەڵدرابوون، پۆلێک تووتی بە هەرا وزەناوە، بەدەم فڕینەوە تێدەپەڕن.

دەنگێکی نابەجێ، بەرز ومنگن، بە سەرسامی دەپرسێت: " ئاپۆڕای خەڵکی جەنابی ملازم؟ " یارۆی ملازم، نیگایەکی لەزگینی ئەو کابرایە دەکات کە ئەو پرسیارەی کردبوو وسەر دەلەقێنێ و ڕوو لە نوێنەرەکە دەڵێت: " لە کەرخی کانودوسەوە هاتن، جەنابی نوێنەر ژمارەیان زۆر بوو: " پێنج سەد شەش سەد کەس دەبوون، بگرە هەزار کەسیش دەبوون. "

یارۆی نوێنەر، دەستێک هەڵدەتەکێنێ، یاریدەدەرەکەی بە نەباوەڕییەوە سەرێک دەلەقێنێ. بە ئاشکرا دیارە کە ئەمانە خەڵکانی شارین. ئەو بەیانیە بە قیتار لە "سلڤادور"وە بۆ "جوازیرو " هاتبوون، هێشتا گێژو وێژ و کوتراوی لەقە لەقی ناو قیتارەکە بوون، لە چاکەتە ئاسین دەڵب و پانتۆڵە فشەکان و پۆتینە تۆزاوییەکانیان بێزار بوون، لە گەرما هەناسەیان تەنگ بووبوو و، بێزار بوون لەوەی لە نێو کۆمەڵێک بریندار و نەخۆشی لاڵ و پاڵدان و دەبێ لێکۆڵینەوە لە سەدەمێن ئەم شکستە بکەن. بەدەم قسانەوە دەگەڵ ملازم پیرس فریرادا، لەم جۆلانەیەوە دەچنە دیار ئەو جۆلانە وکابرای نوێنەری دەسەلات کە پیاوێکی بە سەر وسیما جدیە، ناو بە ناو دادەنەوێتەوەو دەستێک بە پشتی یەکێک لە برینداەکاندا دەدات. ئەو تاقە کەسە کە گوێ لە قسەکانی ملازم دەگرێت. بەڵام یاریدەدەرەکەی سەرنجەکان تۆمار دەکات، هەروەها ئەو پیاوەش کە تازە گەییوەتە ئەوێندەر، پیاوە منگنەکە کە دەڵێی سەرمای بووە و تووشی پەسیڤ بووە، و بەردەوام دەپژمێ، یاداشتان تۆمار دەکات.

یارۆی نوێنەر، بە توانجەوە دەڵێت: " پێنج سەد، هەزار؟ بەڵام " بارون دی کانابراڤا " بە دەست خەتی خۆی هەواڵەکەی بۆ ناردووم، جەنابی ملازم، ئەوانەی کە هێرشیان بۆ کانودوس کردووە، نزیکەی دوو سەد کەس بوون، بە ژن ومنداڵانیشەوە نزیکەی دوو سەد کەس بوون، دیارە بارون درۆ ناکات، چونکە بە خۆی خودانی ئەو موڵک ودیار ودەڤەرەیە."

پیاوێکی بریندار، لە ناو نزیکترین جۆلانەوە، کە پیاوێکی دوو ڕەگی کاڵی، قژ لوولی، شان پێچراو بوو، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " هەزار کەس بوون، هەزاران بوون، سوێندت لە سەرم نییە، سوێند دەخۆم قوربان. "

ملازم "پیرس فریرا " ، بە ئاماژەیەکی لە ناکاوا کابرای بریندار بێدەنگ دەکات، ملازمەکە بە جۆرێ دەستی تەکان دەدا کە بەر لاقی برینداەکەی پشتیەوە دەکەوێ ویارۆی بریندار هاواری لێبەرز دەبێتەوە. ملازم پیرس گەنجێکی کەمێک کورتەباڵای، سمێڵ باریکە، لەولاوە دەمڕووتانە دەچێ کە عەسران لە شیرینی فرۆشەکانی شەقامی شیلی لە سلڤادور خڕدەبنەوەو چای دەخۆنەوە. بەڵام ماندوویەتی، شکست وئەعسابی هیلاک کردبوویانە کارێک کە ئەم سمێڵە باریکە نەشاز بنوێنێ ودەگەڵ چاو وڕەنگە زەرد وهەمیشە گرژ ومۆنەکەیا تێکنەکاتەوە. ملازم ڕدێنی نەتاشیوە. قژی گڤ بووەتەوە، جلکە سوپاییەکەی دڕاوە، دەستی ڕاستی لە ملیا بوو. لەو سەری کوختەکەوە دەنگێکی پچڕپچڕ ونامەفهووم بەدەم وڕاوەوە داوای زەیتی پیرۆز و قەشەی ئیعتراف ژنەوی دەکرد.

پیرس فریرا، ڕوو دەکاتە نوێنەرەکە ولە بن لێوانەوە دەڵێت: " کە منداڵ بووم لە مەزرایەکی گەورەی گاڕان بەخێوکردنا دەژیام، لەویَ فێری ئەوە بووم کە بە نیگایەک ژمارەی گایەکان بخەملێنم. باوەڕ بکە کە موبالەغە ناکەم. ژمارەیان لە پێنج سەد کەس پتر بوو، دەگەییە هەزاریش. "

پیاوێک لە نێو یەکێک لە جۆلانەکانەوە هەڵیدایێ: " خاچێکی زۆر گەورەی دارینیان لەگەڵ بەیداخێکا پێبوو، کە وێنەی روحل قودسیان لە سەری کێشابوو. "

ئەوانی دی بەرلەوەی ملازم فریا بکەویَ وبتوانیَ بێدەنگیان بکات، دێنە قسان وماجەراو سەربهوردەکە دەگێڕنەوە: ئیکۆنە و پەیکەری قەدیسێکشیان پێبوو، تەزبیحیشیان پێبوو، هەر هەموویان فوویان بە شاوراندا دەکرد یان دوعایان دەخوێند یان هورایان بە ناوی یوحەنای مەعمەدان و مریەمی پاکیزەو عیسا مەسیح و " مورشید " ەوە دەکێشا. ئیدی ئەمانە هەڵدەستان و لە نێو جۆلانەکانیان دادەنیشتن و دەستیان بە هاوار دەکرد تا ئەو کاتەی ملازم فەرمانی پێدەدان کە بێدەنگ ببن.

هەنگیَ ملازم پیرس، لە ناو جەرگەی بێدەنگیەکەوە درێژەی بە قسەکانی دەدا: " کاتیَ بە خۆمان زانی ڕێک بە دیار سەرمانەوە بوون. زۆر ئارام وبێوەی دیار بوون، دەتگوت کاروان وکەژاوەی " هەفتەی موبارەک"ن. ئیدی چۆن دەمتوانی فەرمانی پەلاماردانیان بدەم؟ لە ناکاوا دەستیان بە هاوار کرد: بڕوخیَ فلان، بمریَ فیسار و لەو مەوادا نزیکەوە دایانینە بەر دەسترێژی گوللە، ژمارەیان یەک بە هەشت، یەک بە دە بوو."

هەمان دەنگی بەرز ومنگن قسەکەی پێدەبڕیَ: " گوتت، دەیانگوت بڕوخیَ فلان وبمریَ فیسار؟" ملازم پیرس فریرا دەڵێت: "بڕوخیَ کۆمار، بمریَ مەسیحی دەجال ". دووبارە ڕوو دەکاتە یارۆی نوێنەر: "من خۆم بە کەمتەرخەم نازانم، سەربازەکانم قارەمانانە شەڕیان کرد وپتر لە چوار سەعاتان بەرگریمان کرد، تا ئەو کاتەی فیشەکمان پێنەما، فرمانی پاشەکشەم نەدا. تۆ بە خۆت دەزانی کە لە سۆنگەی تفەنگی " مانلیچر" وە چ بەڵایەکمان بە سەر هات. ئیدی لە سایەی ئەو زەبت و ڕەبتەوە کە سەربازەکانم پابەندی بوون، توانیمان لە زەرفی دە ڕۆژاندا خۆمان بگەیەنینە ئێرە.

نوێنەرەکە لە بن لێوانەوە دەپرتێنیَ: " پاشەکشەکە، وەختێکی کەمتر لە پێشڕەوییەکەی دەخواست."

دکتۆرە سپی پۆشەکە لە سووچێکی کوختەکەوە گازیان دەکات: " وەرن بۆ ئێرەو تەمەشایەکی ئەمە بکەن." دەستەی نوێنەرایەتی و ملازمەکە بە بەینی جۆلانەکاندا تێدەپەڕن. دکتۆرەکە لە ژێر باڵاپۆشە سپیەکەیەوە، جلێکی عەسکەری شینباوی لەبەرە. سارغی سەر برینی سەربازێکی سیما هندی، کە بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە، لابردبوو و زۆر بە وردی معایەنەی ورگی دەکرد. بە جۆریَ ئاماژەی بۆ ورگی دەکرد وەکو ئەوەی شتێکی پڕبەها و دەگمەن بێت. لە بن ورگی ئەم پیاوەوە کونێک هەیە بە ئەندازەی کۆڵە مستێک وچڵکی کردووە، خوێن بە دەوریا وشک بووەتەوەو پارچە گۆشتێک لە ناوەڕاستیا هەڵدەپلێت.

دکتۆرەکە، لە کاتێکا کە بۆدرەیەکی نەرمی سپی بە برینە ئاوساوەکەوە دەکات، بە دەنگێکی هەڵچووەوە دەڵێت: " ئەم جۆرە فیشەکانە دەتەقنەوە!... کە دەچنە جەستەوە وەکو گوللە تۆپ دەتەقنەوەو هەموو گۆشت ودەماری لەش پارچە پارچە دەکەن و ئەمجۆرە برینە قوڵانە دروستدەکەن. من تەنیا یەک جار ئەم حاڵەتەم دیتووە، ئەویش لە کتێبی ڕێنماییەکانی سوپای بەریتانیادا بوو. باشە ئەم گەجەر وگوجەرە شەیتانانە ئەم چەکە مودێرنانەیان لە کویَ دەستکەوتووە؟ تەنانەت سوپای بەرازیلیش لەم جۆرە چەکانەیان نییە. " ملازم پیرس فریرا، سەرکوتووانە

دەڵێت: " دەبینی جەنابی نوێنەر، گوێت لێیە؟ سەراپا نوقمی چەک بوون. هەموو شتێکیان هەبوو تفەنگ، قەرەبینە، تفەنگی لوولە درێژ، قەمە، خەنجەر، کوتەک، ئێمەش بەدەست تفەنگێن "مانلیچیر" وە بە پەند بووین، یەکسەر دەنووسان و..."

بەڵام ئەو پیاوەی کە هێشتا بەدەم وڕینەوە باسی قەشەی ئیعتراف ژنەف وزەیتی موبارەکی دەکرد، نها هاواری دەکرد و بە بێتاقەتی باسی ئیکۆنە وشەمایل، بەیداخ وشاورانی دەکرد. پێنەدەچوو بریندار بێت. جلەکانی بە ئەندازەی جلەکانی ملازم نەدڕابوو، دەستەکانیان بە کۆڵەکەیەکەوە بەستبوو. کە دەبینێ دکتۆرەکە وشاندە سڤیلەکە دەبینێ بەرەو لای ئەو دێن، بە چاوی ڕوندکبارەوە لێیان دەپاڕێتەوەو دەڵێت: "بەڕێزینە! ئیعتراف، تکاتان لێدەکەم! تکایە!"

پزیشکە سپی پۆشەکە، لە ملازم پیرس دەپرسێت: " ئەمە پزیشکی سریەکەی ئەنگۆ نییە، دکتۆر ئانتونیو ئالفوس سانتوس نییە؟ بۆچی بەمجۆرە بەستووتانەتەوە؟

ملازم پیرس فریرا لە بن لێوانەوە دەڵێت: " دەیویست خۆی بکوژێ، دەیویست گوللەیەک بە تەپڵی سەری خۆیەوە بنێت، خۆی وبەختی سەری کرد. لە دوای شەڕەکەی ئواواوە وای لێهاتووە. ئیدی تیا مابووم چی لێبکەم. لە جیاتی ئەوەی ببێ بە دەستبارمان، بوو بەسەربارمان ، بە تایبەتی لە کاتی پاشەکشەدا."

پزیشکە سپی پۆشەکە،دەڵێت: "بەڕێزینە بێزەحمەت بچنە دواوە، بابە تەنیا دەگەڵیا بم،خۆم ئارامی دەکەمەوە."

لە کاتێکا ملازم وشاندە سڤیلەکە خەریک بوون لە سەر داوای پزیشکەکە دوور دەکەوتنەوە، جارێکی دی دەنگە ناخۆش و بەرز وئامیرانەکەی ئەو پیاوەی کە تا نها چەند جارێک قسەکانی ملازمی بڕی بوون، بەرزدەبێتەوە: " بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی کوژراو وبریندارانی چ لە سریەکەی دژمن وچ لە ڕێگرەکان چەند کەس بوون. "

پیرس فریرا، بە بێتاقەتیەوە وەڵام دەداتەوە: " ئێمە دە کوژراو وشازدە بریندارمان هەبوو. زیانی دژمن بە لای کەمەوە سەد کەس دەبوون. ئەمانەم هەموو لەو ڕاپۆرتەدا کە ڕادەستم کردیت، یاداشت کردووە قوربان. " کابرا دەڵێت: "من ئەندامی لیژنەکە نیم. من پەیامنێری ڕۆژنامەی جورنال دنوتیسیام کە لە باهیا دەردەچێت. " ئەم پیاوە نە لە فەرمانبەری حکومەتی دەچێت ونە لە پزیشکە سپی پۆشەکە دەچێت، هەرچەندە لە گەڵ ئەواندا بۆ ئێرە هاتووە. گەنجە نزیکبین وچاویلکە ئەستوورەکە، سەرنجەکانی بە قەڵەمی ڕەساس نانووسێت، بەڵکو بە پەڕە مووچ دەینووسێت. پانتۆڵێکی لە بەردایە کە چیوای نەماوە لە نافەکەیەوە هەڵتەقێ، چاکەتێکی ئامال سپی لە بەر وکاسکێتێکی لە سەرە. جلەکانی شڕۆڵە ولە قەد وباڵا ڕێکەکەی نایەت، بۆردێکی بە دەستەوەیە وچەند پەڕە کاغەزێکی بە سەرەوەیەو پەڕە مووچەکەی بە شووشە مەرەکەبێکدا دەکات کە لە جیاتی سەر تەپەدووری بوتڵی شەرابی بۆ داناوە. ئەم شووشە مەرەکەبەی بە ئاسینی چاکەتەکەیەوە بەستووەو تا ڕادەیەکی زۆر لە داهۆڵ دەچێت.

ڕوودەکاتە ملازم ودەڵێت: "ملازم پیرس فریرا، من شەش سەد کیلۆمەتر ڕێگام بڕیوە، تا ئەم شتانەت لێبپرسم." ئەوسا دەپژمێ.

***

"جواوه زله " له نزیکی دەریا، له مەزرایەکی قامیشی شەکەر له "رکون کافو " که مولکی سێر " ئادالبرتو دی گوموسیو" ی عاشقه ئەسپان بوو، له دایک بووه. شانازی بەوەوه دەکرد که باشترین ئەسپه شێ وجوانترین ماینی باهیای هەیه وئەم ئەسپه ڕەسەنانەی، بەبێ ئەوەی پەنای بردبێته بەر فەحلی ئینگلیزی به سەرپەرشتی وردی خۆی وبه لیک پەڕاندنی ئەسپ ومایته خۆماڵیەکانی ئەم نموونه زۆر چاکانەی بەرهەم هێناوه. بەڵام سەبارەت به کۆیلەکانی که گەیی بووه هەمان ئەنجامی سەرکەوتوو، ڕووی نەدەهات بەو ئاشکراییه شانازی پێوه بکات، تا ئەو کێشەیه تۆختر نەکاتەوه که له سۆنگەی ئەو کارەوه له نێوان ئەو وبارون " دی کانا براڤا " و کلێسادا دروست بووبوو، بەڵام له ڕاستیا هەمان ڕەفتاری دەگەڵ کۆیلەکانیا دەکرد که دەگەڵ ئەسپەکاندا دەیکرد. ئیدی به گوێرەی نۆرین وسەلیقەی خۆی ڕەفتاری دەکرد و ئەم ڕەفتارەشی بریتی بوو لەوەی جوانترین، چالاک ترین وخۆش بەژن وبالاترین کیژێن ڕەش پێست هەڵبژێرێت وله گەڵ قۆزترین پیاوا که خۆی بەگەنی کردبا، جووت دەکرد، خواردنی تایبەتی و ئیمتیازات به باشترین جووت دەدرا، بۆ ئەوەی باشترین و زۆرترین زورپەت بخەنەوه. قەشەی دەڤەرەکه ومژدەبەرانی ئۆلی ودەسەڵاتدارانی سلڤادور زۆرجار گازنیان لێکردبوو که بەم کارەی ڕەش پێستان تێک بەردەدا و " واداریان دەکات که وەکو حەیوانات بژین " لێ ئەم سەرزەنشت و گلەییانه له بری ئەوەی ڕێ لەم کارانه بگرێ، تەنیا وایان لێکردبوو، برێک سڵ بکاتەوەو به پارێزی زیاترەوه له سەر کارەکەی بەردەوام بێ.

جواوه زله، ئەنجامی یەکێک لەم وەسڵەتانه بوو که ئەم مولکداره گەورەیه، که کەماڵخوازێکی توندڕەو بوو، تەرتیبی کردبوو. سەبارەت به واو، که زادەی ئەم جووت بوونه بوو، زۆر چاک دەرچووبوو. منداڵێک بوو چاوگەش، ددانەکانی سپی، که پێدەکەنی دەبریقانەوەو ڕوخساره خڕ وشین وڕەشەکەی ڕوناک دەکردەوه. قەڵەو و چالاک وزیتەڵه ولاسار بوو، دایکی - ژنێکی جوان بوو، هەر نۆ مانگ کەڕەتێ منداڵێکی دەبوو — لەو باوەڕەدا بوو که کوڕەکەی ئایندەیەکی پرشنگداری دەبێت. لەم مەزندەیەدا سەرچیغ نەچووبوو. سێر ئادالبرتو گوموسیو، ئەم کوڕەی له منداڵیەوه، لەو کاتەوه که هێشتا گاگۆڵکێی دەکرد، خۆش ویست وچووه دڵەوەو له کۆیلەکانی جیا کردەوه و بۆ کۆشکی ئاغایەتی برد — ئەم کۆشکه بینایەکی لاکێشەیی، سەربان لێژ، به پایه و کۆڵەکەی توسکانی، بانێژەێن تەیماندارین بوو، دەیڕوانییه مەزرایانی نەیشەکەر و کەنیسەیەکی چکۆلەی نیوکلاسیک وپالاوگەیەکی شەکر وشەقامێکی پڕ له دار خورما — ئاغا بیری لەوه دەکردەوه که دەشێ ئەم منداڵه ببێ به خزمەتکاری کچەکانی و پاشان ببێ به پێشخزمەت و یان گالیسکەوان. دڵی نەدەهات ئەم منداڵه له ئێستاوه وەکو منداڵەکانی دی بۆ مەزرا وکێڵگەکان بنێرێ تا خەریکی بژارکردن ودروێنەی قامیشی شەکر بێ.

بەڵام لەو بەینەدا خانم " ئادلینیا ئیزابیل گوموسیو " خوشکه شوو نەکردووەکەی ئادالبرتو ئاغا، که لەگەڵ ئەودا دەژیا، دوای کرد که ئەو خاوەنداری جواوه زله بکات.

ئەمه کچێکی باریکەلەی وردیله، کەپوو چکۆلەی بەرز بوو، که دەتگوت بەردەوام بۆنه ناخۆشەکانی دنیا هەڵدەمژێ. وەختی خۆی به چنینی شاڵ وکۆڵۆانه وسەرپۆش وگولدۆزی پەردەێن سەرمێز وبەرگه بالیفان و بلوز و کولیچه وشیرینی دروستکردنەوه بەسەر دەبرد... به ڕاستی لەم کارانەدا کارامه و مەعلان بوو. بەڵام زۆربەی کات دەمی بەو هەموو شیرینی، کولیچەی ناو به بادەم، ناو به قەیماغ و کێکه هەڵاتووەکانەوه نەدەدا که دەمی برازا وخوشکەزا وبراژنەکەی و براکەی، ئاویان دەکرد بۆی. خاتو ئادلینیا لەو ڕۆژەوه که جواوه زلەی بینی که به تانکی ئاوەکەدا هەڵدەگەڕا، منداڵەی ناڤبری چووه دڵەوه. که منداڵەکەی له بەرزی چوار پێنج مەتری

دا بینی زۆر ترسا، داوای لێکرد بێته خوارەوە، بەڵام جواو بە پەیژە باریکەکەدا زیاتر سەرکەوت، تا ئادلینیا یەکێک لە خزمەتکارەکانی گازکرد کە فریای بکەوێ، منداڵەکە خۆی گەیاندە قەراخ تەنکیەکە ولەوێندەرەوە کەوتە ناو ئاوەکەوە. کە لە ئاوەکەیان دەرهێنایەوە دەرشایەوە، لە ترسا چاوانی ئەبڵەق بووبوون. خاتوو ئادلینیا جلەکانی داکەند، لە پەتۆیەکیەوە پێچا ولە باوەشی گرت وهەژاندی تا خەوی لێکەوت.

دوایی خوشکەکەی ئادالبرتو ئاغا، جواوی بۆ ژووری نووستنەکەی خۆی برد وخستیە ناو یەکێک لەو جۆلانانەوە کە برازاکانی تیایدا دەنووستن. جۆلانەکەی لە پاڵ تەختە خەوەکەی خۆیدا دانا وکورەکە هەموو شەوێ لە لای ئەوەوە دەنووست، رێک وەکو ئەو خانمانەی کارەکەرە چکۆلە جوانەکانیان یان سەگە چکۆلەکانیان لە تەنیشت خۆوە دەخەوێنن.

لەوە بە دواوە ئیدی جواو، نانی کەوتە رۆنەوە. خاتو ئادلینیا، بەردەوام بەدلەی منداڵانەی دڵبی، شین یان سوور یان زەردی زێرینی بۆ دەچنی و لە بەری دەکرد. هەموو رۆژێ بۆ ئەو گراڤانەی دەبرد کە لە دەریاوە هاتبوونە دەرێ و زەردەپەڕی ئێوارێ لێی دەدان و پرتەوێکی ئاگر ئاسایان لێبەرز دەبووەوە.

هەروەها  هەرکاتێ خاتو ئادلینیا کە بۆ دابەشکردنی سەدەقە وخێرات بۆ گوندەکانی دەوروبەر دەڕۆیی، ئەوی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. خاتو ئادلینیا فێری کردبوو چۆن گلۆڵە خوریەکان بگرێ تا خۆی شانەی بکات و بەکرەکانی خەرەکەکە بگۆڕێ وبۆیەکان بۆ رەنگاندنی خوریەکە ئاوێتە بکات و دەرزیەکان لە جێی خۆیان دابنێ، جگە لەمانە ئەوەشی فێر کردبوو کە چۆن لە مووبەقدا یارمەتی بدات. ئیدی بۆ حیسابکردنی وەختی کوڵانی هەر خواردنێک، بە دوو قوڵی دوعا و نزای تایبەت بە هەر خواردنێکیان دەخوێند. خانم بە خۆی ئەوی بۆ عەشای رەبانی ئامادە دەکرد، خۆی دەگەڵ ئەودا بەشداری رێ و رەسمی عەشای رەبانی دەکرد و بۆ جەژنی ئەو رۆژە چکلێتی نایابی بۆ دروست دەکرد.

بەڵام جواوە زلە، رێک بە پێچەوانەی ئەو منداڵە نۆکەر زادانەوە کە لە چوار دیواری کاغەزپۆش و لە سەر موبیلەی دار خاکامارکای لە ئەتڵەس و ئاوریشم گیراو وجامخانەی پڕ لە شووشەوات گەورە دەبن و هەموو رۆژێ لە سایەی ژنێکی میهرەباندا، خەریکی کاری ژنانە دەبن، کورێکی نازدار و ڕام و گوێڕایەڵ دەرنەچوو. لە منداڵییەوە زۆر بەهێز وبە دار وبار بوو، هەرچەندە هاوتەمەنی جواوە چکۆلەی کوڕی ئاشپەزەکە بوو، بەڵام زۆر لەو گەورەتر دیار بوو. لە یاری وگەمەدا زۆر دڕ وزبر بوو. خاتو ئادلینیا هەموو جارێ بە کەسەرەوە دەیگوت: " ئەم منداڵە بۆ ژیانی شارستانیەت نەخوڵقاوە، دڵی بە کێو وهەردانەوەیە."  ئەم کورە هەمیشە چاوی لەوە بوو هەرکە دەرفەتێکی بۆ هەڵبکەوێ بداتە گوندان. جارێک کە لە مەزرای نەیشەکەرەکاندا پیاسەیان دەکرد، خانم کە بینی کورپێژگەکە بە کەسەرەوە چاوی بڕیوەتە ئەو کۆیلە رەش پێستانەی کە تا ناو قەدیان ڕووت بوو و بە داسی گەورەوە بەنێو گەڵا سەوزەکان کەوتوون و دەیاندرونەوە، بە تەشەرەوە گوتی: " ها، وا دیارە بەغیلی بەوانە دەبەیت؟"

کورەکە بەرسڤی دایەوە: " بەڵێ خانم، حەسوودییان پێدەبەم. " بە ماوەیەکی کەم لەو رۆژە بە دواوە، ئادالبرتو ئاغا، داوای لێکرد کە شریتێکی رەش لە بازووی ببەستێ وبۆ بەشداری لە پرسەی دایکی بڕوات بۆ تاخی کۆیلەکان کە لە ناو مەزراکە بوو. جواو، زۆر خەمبار نەبوو، چونکە زۆر کەم دایکی خۆی بینی بوو. بە درێژایی ماوەی رێ و رەسمی بە خاک سپاردنەکە، لە ژێر کەپرێکی حەسیراو لە نێو ئەو ئاپۆرایەدا کە بۆ سەر قەبران دەچوون، لە نێو خەڵکەکەدا حایر وحەپەسا بوو، هەر چوار دەوری ئەو رەش پێستانە بوون کە بە نیگای

عەزرەتی وحەسوودیەوە تەمەشای شۆرتەکەی و کراسە خەت خەتەکەی و پێڵاوەکانیان دەکرد، و دەگەڵ کراسە تالکێش وپێیە خاوسەکانی خۆیاندا بەراوردیان دەکرد و حەسوودی و بەغیلی دنیایان بەو دەبرد. هیچ کاتێک دەگەڵ خانمەکەی خۆدا میهرەبان نەبوو، بۆیە ماڵباتی گوموسیو، وایان بیر دەکردەوە، کە ڕەنگە ئەو یەکێک بێ لەو جووتیارە نمەک حەرام و نەدیتکانەی هەر کە تێرت کردن، لێت هەڵگەڕێنەوە. بەڵام تەنانەت ئەم نیشانە شوومەش نەیکردە کارێک کە گومان لە جواوە زلە بکەن کە بتوانێ ئەو کارە چاوەنۆڕکراوە بکات کە کردی.

بویەرەکە لەو سەفەرەدا روویدا کە خاتوو ئادلینیا، هەموو ساڵێ بە مەبەستی چلە نشینی بۆ دێری تەجسید " ی دەکرد. جواوە چکول، گالیسکە دوو ئەسپەکەی داژوا و جواوە زلە لە تەنیشتیەوە ڕۆنیشتبوو. سەفەرەکە نزیکەی هەشت سەعاتی دەخایاند، بۆیە لە بەیانی زووەوە لە مەزراکەوە بە ڕێ کەوتبوون، تا دەوروبەری عەسر بگەنە جێ. بەڵام دوای دوو ڕۆژان ڕەبەنیتەکان (راهبات) جوابیان نارد کە بۆچی سنیوریتا ئادلینیا، لە وەختی دیاریکراوا نەگەییوەتە دێرەکە.

ئادالبرتو ئاغا، بە خۆی فەرماندەیی هێزی پۆلیسی باهیا وهەموو وەرزێر وخزمەتگوزارانی مەزراکەی گرتە ئەستۆ و بە درێژایی یەک هەیڤی تەواو هەموو دیار و دەڤەرەکەیان کێوماڵ کرد، هەر کەسێکیان دیتبا پرسیاریان لێدەکرد. بست بە بستی ڕێگای نێوان مەزراو دێرەکەیان پشکنی. بەڵام هیچ سوراخێکی گالیسکەکەو سەرنشینەکانی و ئەسپەکانیان دەست نەکەوت. ئیدی ڕێک وەکو حیکایەتی داستان بێژان و بەیت بێژانی گەڕۆک کەس نەیزانی ئاسمان هەڵیکێشابوون یان زەوی قووتی دابوون.

حاڵ و حیکایەتەکە دوای چەند مانگێک ئەوسا ڕوون بووەوە، وەختایەک یەکێک لە بەڕێوەبەرانی هەتیوخانەی سلڤادور، لە سەر بۆدی گالیسکەیەکی دەستی دوودا، کە لە بازرگانێکی سەرووی شاری کڕی بوو، مۆرو نیشانەی ماڵباتی گوموسیو، دەبینێ کە بۆیاخ کرابوو. بازرگانەکە ئیعترافی کرد کە گالیسکەکەی لە گوندێک کڕیوە کە هەموویان خولاسین واتە لە دووڕەگانی هیندیە سوور وزەنگییەکان بوون، کابرا زانیویەتی کە گالیسکەکە هی دزی بووە، بەڵام هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەچووە دزەکان پیاوکوژیش بوون، ئیدی بارون کانا براڤا خەڵاتێکی گەورەی تەرخان کرد بۆ هەرکەسێک کە سەری جواوە زلە و جوائوە چکۆلەیان بۆ بێنێ. بەڵام گوموسیو سوور بوو لە سەر ئەوەی کە هەردووکیان بە زندوویەتی بێنە گرتن. ئیدی دەستەیەک ڕێگر کە لە دەشت و دەرەکاندا تەراتێنیان دەکرد، بە تەماحی خەڵاتەکە ژواەو چکۆلەی ڕادەستی پۆلیس کرد. جواوە چکۆلی کوڕی ئاشپەزەکە هێندە چڵکن و پڵکن و بێ سەروبەر بووبوو کە وەختایەک برديان تا بە ئەشکەنجە قسەی لێدەربێنن، کەس نەیناسییەوە.

کوڕە سوێندی خوارد کە هەموو بویەر و ماجەراکە لە ژێر سەری ئەو شەیتانەدا بووە، کە لە منداڵی ڕا چوو بووە پێستی جواوە زلەوە. ئەو بەدەم ئاژۆتنی گالیسکەکەوەو ژێراوژێر تامی دەمی خۆشکردووە و بیری لای ئەو شیرینییە بووە کە لە دێرەکەدا (دێری تەجسید) دەخورا کە لە ناکاوا جواەو زلە ئەمری پێکردووە کە جڵەوی ئەسپەکان ڕاکێشێت و گالیسکەکە ڕابگرێت. کاتێ خاتوو ئادلینیا دەپرسێ بۆ ڕاوەستاون، جواوە چکۆل بینی کە هاوڕێکەی واتە جواوە زلە، یەکێکی کێشا بە سەر وچاوی خاتوو ئادلینیادا کە یەکسەر بوورایەوە و جواوە زلە هەوساری ئەسپەکانی لەم سەندووەو بەرەو ئەو گراڤەی تاو داون کە خانمەکەی عادەتی وابوو هەموو جارێ بۆ تەمەشای دیمەنی دەریاکە بۆ ئەوێندەر بڕوات. لەوێندەر جواوە زلە، هێندە دڕندانە داخی خۆی بە خاتو ئادلینیا ڕشتووە کە جواوە چکۆلە بە ڕادەیەک تۆقیوە کە زاتی نەکردووە دەستی بگرێت. جواوە زلە هەزار و

یەک بێ ئەدەبی لە هەنبەر خاتو ئادلینیا کردووە، جلەکانی لەبەری دادڕیوەو وەختایەک خانم بە دەستێک مەمکەکانی داپۆشیوەو بە دەستەکەی تری عەورەتی داپۆشیوە، جواوە زلە قاقا پێکەنیوەو ئەوسا ناچاری کردووە بە ڕووت و قووتی غار بدات وخۆی لەو بەردانە ببوێرێ کە جواوە زلە تێی دەسرەواندن، لە هەمان کاتدا هەزار و یەک جنێوی سەر بە کوڵکەی دەدایێ، جنێوی وەها کە جواوە چکۆل بە عەمراتی نەی بیستبوون. ئەوسا هەڵیکێشاوەتە خەنجەر و لە ورگی خانما ختمی کردووە، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، کاتێ خانم مردووە، ئاگری ڕقی خۆی بە بڕینی مەمکەکانی وسەری دامرکاندووەتەوە. پاشان بەدەم هانکە هانک و شەلاڵی ئارەقەوە لە پاڵ جەستە خوێناویەکەدا ڕاکشاوە وخەوتووە. بەڵام جواوە چکۆلە سامی خوێن دەیگرێت، قەڵەمی دەست وپێی دەشکێ وهەرچی دەکا ودەکۆشێت ناتوانێ هەڵێت.

جواوە زلە دوای ماوەیەک بێدار دەبێتەوە، ئارام دەگرێ، بە خەمساردی و بێموبالاتی دەڕوانێتە ئەنجامی ئەو کوشتارەی کردبووی. ئەوسا داوا لە جواوە چکۆل دەکات کە یارمەتی بدات تا چاڵێک هەڵکەنن و جەستەی پارچە پارچە کراوی خاتو ئادلینیای تێا بشارنەوە. ئیدی پاش ئەوەی جەنازەکەیان شاردەوە، چاوەڕوانیان کرد تا دنیا تاریک بێت و ئەوسا هەڵێن، بەرەبەرە لە شوێنی تاوانەکە دوور کەوتبوونەوە. ئیدی بە ڕۆژەوە گالیسکەکە لە ئەشکەوتێ، یان بیشەیەک یان کەلاوەیەکا دەشارنەوەو بە شەو هەڵدێن، هەموو هۆش وگۆشیان لای ئەوە دەبێ تا زووە لە دەریا دوور بکەونەوە. وەختایەک توانیان گالیسکە وئەسپەکان بفرۆشن، ئیدی ئازووقەیان کڕی و ڕوویان کردە قوڵایی بیابان، بەو ئومێدەی بچنە ڕیزی یەکێک لەو گروپە یاخیانەوە، کە بە قسەی خەڵکی لە زۆربەی دەڤەرە وشکانییەکاندا، دوور لە دەریا بڵاوبووبوونەوە. ئەمانە بە قاچاغ دەژیان، لە شاران دوور دەکەوتنەوەو خۆراکی خۆیان بە سواڵ وحیزە بخۆیی ودەڵە دزی پەیدا دەکرد. جواوە چکۆل تەنیا یەک جار هەوڵی دا جواوە زلە وادار بکات کە باسی ئەو بویەرە بکات. لە بن درەختێکا ڕاکشابوون و سیغاریان دەکێشا کە لە ناکاوا و لە ناغافلا جورئەتی پەیدا کردبوو وڕاستەوخۆ لێی پرسی بوو: " بۆچی خانمت کوشت؟ " جواوە زلەش دەم و دەست بەرسڤی دابووەوە: "چونکە سەگ چووبووە لەشمەوە و لە ئێستاش بە دواوە باسی مەکە."

جواوە چکۆل، هەستیدەکرد، هاوسەفەرەکەی، ڕاستی کردووەو لە بنی کولەکەکەی داوە.

جواوە چکۆل، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ترسی لەم هاوڕێی دەورانی منداڵیەی خۆی پەیدا دەکرد، جواوە زلە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەشەرەکەی جارانی خۆی دوور دەکەوتەوە. بە دەگمەن قسەی دەگەڵ ئەودا " جواوە چکۆل" دەکرد. زۆرجار دەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد، بە دەنگی نزم وچاوانی خوێنگرتووەوە قسەی دەگەڵ خۆیدا دەکرد. شەوێک گوێی لێبوو بانگ لە شەیتان دەکات کە بێتە فریای وپێی دەڵێت: "باوکە، مەگەر ئەو کارانەی کە تا ئێستا کردوومن بەس نییە؟ لەوەی زیاتر چیت لە من دەوێ، گەرکتە چی ترت بۆ بکەم؟ " . ئیدی جواوە چکۆل دڵنیا بوو کە جواوە زلە، پەیمانی دەگەڵ شەیتاندا بەستووەو لە دڵی خۆیدا لەوە دەترسا کە بۆ ئەوەی شایستەیی خۆی نیشانبدات، وەکو چۆن خانمی کوشت، ئەمیش بێکەس کوژ بکات. بۆیە بڕیاری دا کە دەست پێشکەری بکات و دەستی لێبوەشێنێ، بەڵام ئەو شەوەی کە بە پێدزکێ وماتەمات داکشا وخۆی گەیاندە دیار سەری وبەنیاز بوو، بە خەنجەر دایدوورێت، لەرزێکی ئەوتۆ کەوتە بەدەنی و پێش ئەوەی کارەکەی خۆی بکات جواوە زلە چاوانی هەڵێنان. جواوە زلە بینی کە بە دیارییەوە دانەویوەتەوەو خەنجەرەکە بەدەستیەوە دەلەرزێ. ئیدی بە تەواوەتی دیار بوو کە چ نیازێکی هەیە. لێ جواوە زلە کەم و زۆرخۆی شلوێ نەکرد. گوێی لێبوو کە دەڵێت: " کوڕی باش

بمکوژە. " جواوە چکۆل تا هێز لە لاقیا بوو پێی وەغارێوە نا و هەستی دەکرد شەیتانان چنگ لە سەر شان دوای کەوتوون.

جواوە چکۆل، لە زندانی سلڤادور لە سێدارە درا. بەڵام ئێسک و پروسکەکەی خاتو ئادلینیایان گواستەوە بۆ کڵێسا بچووکە، نیوکلاسیکەکەی ناو مەزراکە. بەڵام هیچ هەواڵێک لە بکوژەکەیەوە نەبوو، هەرچەندە ماڵباتی گوموسیو ناو بە ناو بڕی خەڵاتی دەستگیرییەکەی ئەویان زیاد وزیاتر دەکرد. وێڕای ئەوەش جواوە زلە وەختایەک کە جواوە چکۆل هەڵاتبوو، بیری لەوە نەکردبووەوە کە خۆی وەشێرێت، کابرایەکی دێو ئاسای درێژ بوو، نیوە ڕووت، خوێنتاڵ ونەگبەت بوو. هەر حەیواناتێ بکەوتبا تەڵەکەیەوە دەیخوارد یان هەر میوەیەکی بەردەست کەوتبا لە دار ودرەختانی دەکردەوەو دەیخوارد. ئیدی وەکو تاپۆ وتارماییان، وێڵ وسەرگەردان بە کوچە و کۆڵانانی لاتەریکا دەسوڕایەوە. بە ڕۆژی ڕوناک خۆی بە شاراندا دەکرد و داوای خواردنی دەکرد. خەمبارییەکی ئەوتۆ نیشتبووە سەر ڕوخساری کە خەڵکی بەزەییان پێدا دەهاتەوەو جاربەجار پاروە نانێکیان بۆ فڕێ دەدا.

ڕۆژێک لە سەر دوو ڕیانێکی دەوروبەری " پومبال " تووشی بووبوو بە تووشی چەند کەسێکەوە کە ژمارەیان لە قامکی تاقە دەستێک تێنەدەپەڕی، لە دەوری پیاوێکی باریکەلە، کە جبە وکەوایەکی ئەرخەوانی تۆخی لە بەر بوو وقژێکی درێژی بەردابووەوەو چاوەکانی گەش وەکو پشکۆی زوخاڵ، گوێیان لە قسەکانی دەگرت. بە ڕێکەوت کابرا لەو دەمەدا باسی شەیتانی دەکرد و بە جۆرەها ناوی وەک: لوسفیر، سەگ،ئیبلیس وقان و بەعلەزە بول ناوی دەبرد ( قان: یەکێکە لە ناوەکانی شەیتان. بەعلەزە بول: لە تەوراتدا ناوی سەرۆکی شەیتانانە ). باسی ئەو کارەسات و تاوانانەی دەکرد کە شەیتان لە دنیادا نابوونیەوەو کردبوونی. باسی ئەو کارانەی دەکرد کە دەبێ خەڵکی بیکەن تا لە شەڕی شەیتان بە دوور بن. دەنگی زۆر قەناعەتبەخش بوو، بێئەوەی بە مێشکا ڕەت بێ، دەگەییە ڕوحی بەشەر. تەنانەت بۆ کەسێکی کەللە پووتی وەکو جواوە زلەش، ئەم دەنگە وەکو هەتوانێ بوو کە زامی کۆن ونوێ وبە ئازاری سارێژ دەکرد. جواو، لە جێگای خۆی چەقی، بێئەوەی چاو بتروکێنێ گوێی دەگرت، بەرزی ونزمی دەنگەکە، بە ڕادەیەک کاری تێدەکرد، مۆخی ئێسقانەکانی دێنایە لەرزە. ناو بە ناو ڕوندکێک دەکەوتە چاوانی جواو، قەڵافاتی یارۆی خواناس وپارسای لە بەرچاو لێڵ وتاریک دەبوو. وەختایەک کابرای عارف و پارسا ڕۆیی، جواو وەکو حەیوانێکی دەستەمۆ دووراودوور دووی کەوت.

***

لە شاری ساوباولودی باهیا دی تودوس ئوس سانتوس دا (کە بە کورتیەکەی باهیا یان سلفادوری پێدەگوترا) دوو نەفەر گالیلیویان لە هەموو ئەوانی دی باشتر ناسی. ئەم دوو کەسە یەکێکیان قاچاغچی و ئەویتریان پزیشک بوو، ئەم جووتە یەکەم کەس بوون کە ئەم ولاتەیان بەو ناساند، هەرچەندە ئەم دووانە سەبارەت بە بەرازیل، هاوڕا و هاوباوەڕی ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە نەبوون کە ڕاو بۆچوونە زۆرەکانی خۆی لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەی " پریشکی شۆڕش" دا بڵاودەکردەوە. گوتاری یەکەمی کە یەک هەفتە دوای تێکشکان و نقووم بوونی کەشتیەکەی نووسی بووی، بەمجۆرە باسی باهیای دەکرد: " شارێکی فەرەنگیە هەر کەسێک شارەزاییەکی لە مێژوودا هەبێ دەتوانێ ئەو کارەسات وتراجیدیا جڤاکیانەی لە سەردەمانی جیاواز دا ژیانی بەشەریان وێران کردووە، تیا بدینێ." ئەم گوتارە ئاماژە بوو بۆ ئەو کۆیلایەتیەی کە هەرچەندە هەڵوەشابووەوە، بەڵام بە کردەوە هەر مابوو، چونکە ئەو قولە ڕەش وزەنگیانەی کە ئازاد بووبوون، بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن، هاتبوونەوە بۆ لای ئاغا و

خاوەنەکانی جارانیان و لێیان دەپاڕانەوە کە بە کرێیان بگرن و کاریان بدەنێ. ئیدی ئاغاکانیش، بە کرێیەکی کەم، تەنیا ئەوانەیان بە کرێ دەگرت کە لە ڕووی بەدەنییەوە ساغ و سەلامەت بوون و توانای کارکردنیان هەبوو. لە ئەنجامی ئەمەوە، شەقامەکانی باهیا، وەکو گال دەیگوت: " پڕ بوو لە دان عەمران و، نەخۆشان، قەرەبەختان کە دزی یان پارسەکیان دەکرد، تەژی بوو لەو لەشفرۆشانەی کە فاحیشەخانەکانی ئەسکەندەریەو جەزایری پایتەخت وگەندەڵ ترین بەندەرەکانی ئەم دنیایەی وەبیر دێنایەوە."

گوتاری دووەم کە دوو هەیڤ دواتر هاتبووە نووسین، باسی ئەو " هاوپەیمانییە نەنگینە نامۆبارەکەی نێوان تاریک ئەندێشی وچەوسانەوە"ی دەکرد و وەسفی ئەو حاڵە بوو کە چۆن دەوڵەمەندانی شار، ڕۆژانی یەک شەممە، بۆ نوێژ و نزا دەچوون بۆ کڵێسای " نوساسنیورادا کوتسیسایودا پریا " بە شەقامەکاندا بەڕیز دەڕۆیشتن و خزمەتکارەکانیان کورسی نوێژو مۆم و کتێبی نزا و چەتری هەتاویان بۆ هەڵدەگرتن، ئەم چەترانە بۆ ئەوە بوو کە هەتاو کار لە پێستی ژنەکان نەکات و ڕەش دانەگەڕێن. ئەو ژنانەی گال گوتەنی: " وەکو کارمەندە سڤیلەکانی ئینگلیز لە کۆلۆنیەکاندا، سپیەتیان کردبوو بە نموونە وجەوهەری جوانی. "

بەڵام ئەم کاژەڵە ناسە، لە گوتاری دواتریدا، لە شاری لیون دا بۆ هاوڕێکانی ڕوون کردبووەوە کە سەربارى ئەو تەعەسوباتەی هەبوو، فەرزەندانی پرتوگالی، هیندیە سوورەکان و ئەفریقییەکان ئازادانە لەم وڵاتەدا تێکەڵ بوون وئاوێتەیەکی هەمە جۆریان لە دوو ڕەگان دروست کردووە، لەوانە: مولاتوەکان، مستیزوکان، ماملوکوەکان، کافوزەکان، کابوکلوەکان وکوریبۆکان، و دەیگوت: " ئەمەش دەکاتە زەمینەیەکی تەواو تازە بۆ زانست. "

بەهەرحاڵ ئەم جۆرە کۆمەڵگە بەشەری و ئەورووپاییە کە بەهەر هۆیەکە ڕێیان کەوتبووە ئەم وڵاتە، باهیایان کردبووە شارێکی ڕەنگینی فرە ڕەگەز وفرە نەتەوە.

گالیلیو گال، کە – ئەو ڕۆژگارە بە پرتوگالیەکی سەر وگوێ شکاو دەئاخفی، لە نێو ئەم غەریبانەدا، هەوەڵین ئاشنایانی خۆی دۆزییەوە. لە هەوەڵەوە لە " ئوتێلی غەریبان " دا لە " کامپوگراندە " دەژیا. بەڵام وەختایەک دەگەڵ " یان ڤان ریجستد "ی دان عەمرا دۆستایەتی پەیدا کرد، ئەم پیاوە باڵەخانەیەکی ( ژوورێکی سەربان ) لە سەر کتێبخانەی " کاتلینا " دایێ و چەند فێرخوازێکی زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی بۆ پەیدا کرد تا دەرسی تایبەتیان پێ بڵێتەوە و بەو پارەیە، خواردن و خۆراکی خۆی فەراهەم بکات. ئەم ریجستدە بە ڕەگەز هۆڵاندی بوو و لە " ئولندا " لە دایک بووبوو. لە چواردە ساڵییەوە دەستی دابووە بازرگانی قاوەو کاکاو، ئاوریشم، بەهارات، تەماکۆ و خواردنەوەی ئەلکولی وچەک لە نێوان ئەورووپا، ئەفریقیا و ئەمریکادا ( بە بێئەوەی بۆ تاقە جارێک کەوتبێتە زندان ). بە هۆی ئەو شەریکانەوە کە هەیبوون لە – بازرگانانی خودان کەشتی و کەشتیوان و کاپتنان – کابرایەکی دەوڵەمەند نەبوو، ئەوانە ڕێژەیەکی باشیان لەو کاڵایانە دەدزی کە مامەڵەی پێوە دەکردن. ئیدی گال گەیی بووە ئەو قەناعەتەی کە یاخی و ڕێگرەکانیش چ گەورە تاوانبارەکانیان و چ دەڵە دزەکانیان دژی دژمن – دەوڵەت – دەجەنگن و، بنەماکانی پاشایەتیان سست دەکرد، ئەگەر چی بە خۆیان نیازی ئەوەیان نەبوو. ئیدی ئەم بۆچوونە دۆستایەتی ئەوی دەگەڵ ئەو بەد کردەوەیەی جارانا بتەوتر دەکرد. جاران، بۆیە دەیگوت جاران چونکە بەد کرداری تەرک کردبوو. سەڵت بوو، لێ دەگەڵ کیژێکدا دەژیا کە چاوەکانی لە چاوی عەرەبان دەچوو، ئەم کیژە سی ساڵێک لە خۆی بچووکتر بوو، پێدەچوو میسری یان مەراکشی بێت، لە (مارسیلیا) کەوتبووە داوی عەشقی ئەم کیژەوە. کچەی بۆ باهیا هێنابوو ولە سەرووی شارەوە ڤێلایەکی بۆ دروست کردبوو، پارەیەکی زۆری لە ڕازاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ڤێلاکە خەرج کردبوو، تا کیژێ خۆشحاڵ بکات. کە

له یەکێک لە سەفەرەکانی گەڕابووەوە تەمەشای کردبوو کە کیژێ هەرچی لە ماڵەکەدا بووە، بەو قاسە چکۆلەیەشەوە کە یان ڤان ریجستد بڕێک زێڕ وزیو وبەردی بە نرخی تیا دانابوو، هەر هەمووی بردووەو هەڵاتووە. هەر هەموو ئەمانەی وەختایەک بۆ گال دەگێڕایەوە کە بە درێژایی بەندەرەکەدا پیاسەیان دەکرد و تەمەشای دەریا وکەشتیە بایەوانیەکانیان دەکرد، ئیدی لە زمانی ئینگلیزییەوە دەیانکرد بە فەرەنسی ولە فەرەنسییەوە دەچوونە سەر پرتوگالی. بە شێوەیەکی هێندە سادە ودڵگیر حاڵ وحیکایەتەکەی دەگێڕایەوە کە دەچووە دڵی یارۆی شۆڕشگێڕەوە. " یان " نها بە دەرامەتێکی ساڵانەی ئەوتۆ دەژیا کە خۆی گوتەنی بەشی خواردن و خواردنەوەی تا مردنی دەکرد ،ئەگەر مردن زۆر دێر نەکەوتنا.

کابرای هۆڵاندی کە پیاوێکی نا ڕۆشنبیر بەڵام زیتەڵ و وریا بوو بە تاسەوە گوێی لە بۆچوونەکانی گالیلیو گال سەبارەت بە ئازادی و جۆرێن کاژەڵە دەگرت، کە گوایە دەکرا لە میانیەوە ڕەفتاری بەشەر بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم هەقەشی بە خۆی دابوو کە وەختایەک کابرای سکوتلاندی دەیویست قەناعەتی پێبکات کە عەشق وڤیانی ژن و مێرد سەرچاوەی بەدبەختیە، خۆی لەو بۆچوونە ئاوارەتە بکات.

گوتاری پێنجەمی گالیلیو گال بۆ ڕۆژنامەی "پریشکی شۆڕش" دەربارەی خورافات بوو، بە گوتەیەکی دی دەربارەی کڵێسای " ئوسینیور دو بونفیم " کە زیارەتکاران پڕیان کردبوو لە چاونەزەر: پێ، دەست، بازوو، سەر، مەمک، و چاوانی دارین و شووشەیی، کە بۆ داوای پەرجووان یان سوپاسگوزاری و شوکرانەی خوا، پێشکەش بە کڵێساکە کرابوون. بەڵام گوتاری شەشەم دەربارەی بەرقەراری " کۆمار " بوو کە لە " باهیا "ی ئەرستوکراتیدا، تەنیا گۆڕینی چەند ناوێکی دەگەیاند. گوتاری دواتر، سەبارەت بە یادکردنەوەی چوار پیاوی دوو ڕەگ بوو – چوار خەیات، لوکاس دانتاس، لویس گونسا گاداس ڤیرجنس، جواودی دیوس ومانیوئیل فاوستینو ، کە یەک سەدە لەوە پێش بە ئیلهام و سەرۆی شۆڕشی فەرەنسی، پلانێکیان بۆ کودەتا لە ڕژێمی پاشایەتی و بەرقەراری کۆمەڵگەیەکی یەکسانی خواز، لە ڕەش پێستان، دوو ڕەگان و سپی پێستان، دارشتبوو. یان ڤان ریجستد، گالیلیوی بۆ ئەو مەیدانە گشتیە بچووکە برد کە چوار پیاوی پیشەوەر لەوێ لە دار درابوون و چوار پارچە کرابوون، سەری لەوە سوڕما کە گالیلیو، چەند چڵە گوڵێکی لەو مەیدانەدا دانا.

گالیلیو گال، لە نێو ڕاڕەو وڕەفەکانی کتێبخانەی " کاتلینا "دا دکتۆر " خوزیە باتیستا دسائولیڤیرا "ی ناسی. ئەم پیاوە پزیشکێکی دان عەمر ونووسەری کتێبێک بوو کە سەرنجی "گال"ی ڕاکێشابوو: "کاژەڵەناسی بەراوردکاریانە نموونەی ئینسانی باهیا لە ڕوانگەی نەش و نمایی و پزیشکی و قانوونیەوە. " پیرەمێرد سەفەری ئیتاڵیای کردبوو، لەوێندەر " سیزار لومبور سو "ی بینی بوو، زۆر دڵبەندی بۆچوونەکانی ئەو پیاوە بووبوو و نها زۆر خۆشحاڵ بوو کە سەرەنجام خوێنەرێکی کتێبەکەی خۆی دۆزی بووەوە، ئەو کتێبەی کە بە پارەی خۆی و لە کیسەی خۆی چاپ وبڵاوی کردبووەوەو هاوڕێکانی باوەڕیان وابوو، کۆمەڵێک وڕاوە و قسەی سەیر وسەمەرەیە.

دکتۆر "ئولیڤیرا " کە بە زانیاریە پزیشکیەکانی "گال" ی سکوتلاندی سەرسام بوو – هەرچەندە بیر و باوەڕەکانی ئەم پیاوە بەردەوام پەستی دەکرد و دەی حەپەساند – ئەم پیاوە سکوتلاندیەی بە هاودەم و گەنگەشەکارێکی زۆر چاک دەزانی. هەندێجار بە سەعاتان گەنگەشەیەکی گەرمی دەگەڵیا سەبارەت بە میکانیزمی فسیولوژی کاراکتەری کەسی تاوانبار و بۆ ماوەیی بایولوژی وزانستگەیی دەکرد. گال، زانستگەی بەدڵ نەبوو، دژی بوو، ئەو دەزگایەی بە سەرچاوەی جیاوازی نێوان کاری بەدەنی وهزری دەزانی کە دەبووە هۆکاری ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، ناعەدالەتیەکی خراتر لەوەی حکومەت و دەسەڵاتی ئەرستوکراتی پەیڕەوی دەکرد. دکتور ئولیڤیرا،

" گال "ی کرد بە یارمەتیدەری خۆی لە کاری دکتۆری و نوژداریدا، هەندێجار کاری مالیجەی خوێن بەربوون یان پاقژکردنەوەی برینانی پێ دەسپارد.

ڤان ریجستد و دکتۆر ئولیڤیرا، هەرچەند حەزیان لە دۆستایەتی گال دەکرد و زۆر ڕێزیان دەگرت، بەڵام هیچیان لەو قەناعەتەدا نەبوون کە ئەم پیاوە، بەو قژو ڕدێنە سوور وجلکە شڕۆڵە و ڕەشانەیەوە وەکو پێویست دەیناسن. ئەم پیاوە وێڕای بیر و باوەڕە ڕادیکاڵەکانی، وا دەهاتە بەرچاو ژیانێکی هێدی و ئارام بەسەر دەبات: درەنگ دەنووست، لە ماڵی قوتابییەکانیا وانەی زمانی دەگوتەوە، بەبێ ئەوەی ماندوو بێت بەناو شارا دەگەڕا، یان ڕۆژانی دوور و درێژی لە باڵەخانەکەیدا، بە خوێندنەوە و نووسین دەبردە سەر. هەندێجار بەبێ ئەوەی شتاقیان ئاگادار بکاتەوە، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دیار نەدەما و، کە دووبارە پەیدا دەبووەوە، ئەو دووە بۆیان دەردەکەوت کە چووەتە یەکێک لە سەفەرە دوور و درێژەکانی بە ناو خاکی بەرازیل دا، ئەویش لە بارودۆخی مەترسیداری ئەو ڕۆژگارەدا. هەرگیز باسی ڕابردوو یان پرۆژەکانی ئایندەی خۆی بۆ ئەوان نەدەکرد، جا لە بەر ئەوەی بە وەڵامی ئاڵۆز و گۆنگ، ئەو جۆرە پرسیارانەی لە کۆڵ خۆی دەکردەوە، ئەو دوو پیاوە، لە ئەنجاما قاییل بوون بەوەی چۆن بووەو یان چۆن دەنوێنێ، بەو ئاوایە قەبووڵی بکەن: پیاوێکی گۆشەگیر، تەریک، ئاڵۆز، غەریب تەوار، هەرچەندە ڕادیکاڵ بیر بوو، بەڵام کەسێکی بێوەی و سەلامەت، خراپەی بۆ کەس نەبوو.

گالیلیو گال، دوای دوو ساڵان بە تەواوی فێری پرتوگالی بوو و بە ڕەوانی و بێگرێ قسەی پێدەکرد، لەو ماوەیەدا چەندین نامە و گوتاری دی بۆ ڕۆژنامەی " پریشکی شۆڕش " ناردبوو. گوتاری هەشتەمی سەبارەت بەو سزا بەدەنیانە بوو، کە بە چاوی خۆی لە شەقام و مەیدانە گشتیەکانی شاردا دیتبوونی کە دەرهەق بە خزمەتکارە کۆیلەکان ئەنجام دەدران. گوتاری نۆیەم دەربارەی ئامێرانی ئەشکەنجەی، دەورانی کۆلەداری بوو: چەرخی ئەشکەنجە، دار وفەلاقە، کۆت وزنجیر، ئەو تۆپەڵە ئاسنانەی کە لە لاقان دەبەستران، ئەو ئەڵقانەی بۆ شکاندن و پلیشانەوەی کەڵە موستان بە کار دەبران. گوتاری دەیەم دەربارەی ئەو ئەستوونەی مەیدانی شار بوو کە هێشتا یاسا شکێنانیان ( ئەوانەی گال پێی دەگوتن برایان ) پێوە دەبەست و بەو قامچییە چەرمە خاوانە تێیان بەر دەبوون کە لە بازاڕا بە ناوە دەریاییەکەیەوە (ئویکال هاو)، واتە ماسی ڕۆن دەفرۆشرا.

ئەوەندە بە ڕۆژ وبە شەو بەنیو ونگە و شەقامە پێچاوپێچەکانی "سلڤادور" دا دەسووڕایەوە، کە هەر کەسێک دیبای بە عاشق و دڵبەستەی ئەم شارەی دەزانی. بەڵام ئەوەی کە مایەی دڵبەندی گالیلیو گال بوو، جوانیەکانی باهیا نەبوو، بەڵکو ئەو دیمەنە بوو کە هەمیشە بۆ شۆڕشی هاندەدا: بێ عەدالەتی، لەو گوتار و نامانەیدا کە بۆ " لیون " دەنارد و دەینووسی لێرەدا بە پێچەوانەی ئەوروپاوە، تاخە نشیمەنەکان، لێکدی جیا نەکراونەتەوە. کولبە و کوختەی پەڕپووتی هەژاران ڕێک نووساون بە کۆشک وسەرای ڕازاوەی خاوەن مەزرا وکارخانانی نەیشەکەرەوە و لە گرانی و قات و قڕیەکەی پێش پازدە ساڵ دا، هەزاران کەس لە چیاکانەوە ئاوارەی شارەکان بوون، شەقامەکان پڕ بوون لە منداڵانی چوون پیرەمێران و، پیرەمێرانی چۆن منداڵان و ژنانی باریک و بنێس وەکو دەسکی گسکان، ئیدی کەسی زانا و ورد سەرنج، دەتوانن زۆر بە ئاسانی  جۆرەها نەخۆشی بەدەنی سووک وقورس لە نێو ئەو ئاپۆڕای خەڵکەدا بەدی بکەن. لەوانە: زەردووی، ئاوڵە، زحیری و سکچوون. لە نامە و گوتارێکی دیدا نووسی بووی: " هەر شۆڕشگێڕێک کە هێشتا سەبارەت بە زەروورەتی بەرپا کردنی شۆڕشێکی گەورە دوو دڵە،پێویستە چاوێک بەوەدا بگێڕێ کە من لە سلڤادورا دەیبینم،تا هەموو دوو دڵییەکانی بڕەوێتەوە."

دوای چەند هەفتەیەک لەوە دوا، هەواڵ گەییە سلڤادور کە لە شارێکی تەریک و دووره دەستا بە نێوی " ناتوبا "، یاسا تایبەتیەکانی باجە تازەکانی ڕژێمی کۆماریان سووتاندووە، حکومەت قەراری دا دەستەیەک پۆلیسی ویلایەتی باهیا بۆ دەستگیرکردنی ئاژاوەگێڕەکان ڤڕێبکات. سی پۆلیس بە جلکی شین و کەسک و بەو کڵاوانەوە کە هێشتا هێمای سەردەمی پاشایەتیان پێوەبوو وڕژێمی کۆماری فریا نەکەوتبوو بیانگۆڕێ کەوتنەڕێ. هەوەڵجار بە قیتار و پاشان بە پێیان، ملی ڕێگەی سەفەرێکی دژواریان گرتەبەر. بۆ شوێنێک کە بۆ هەموویان، تەنیا ناوێک بوو لە سەر نەخشە دەنا شتاقیان نەیان دیتبوو. مورشید لەوێ، لە " ناتوبا " نەبوو. پۆلیسەکان، هەر هەموو ماندوو و شەلاڵی عارەقە، پرسیار وتاقیبیان لە ئەنجوومەنی شارەوانی ولە خەڵکی شار کردو، ئەوسا کەوتنە تاقیب و سۆراغی یارۆی ئاژاوەگێڕ، ئەو پیاوەی نێو ونێوبانگی بووبوو بە داستان وکەوتبووە سەر زاران و ئەوانیش ( پۆلیسەکان ) ئەفسانەی ئەو پیاوەیان دەگەڵ خۆدا بۆ کەناراوەکان دەبرد وناویان لە شەقامەکانی " باهیا "دا بڵاودەکردەوە. ئیدی پۆلیسەکان، بە ڕێنمایی شارەزایەکی خەڵکی ناوچەکە، بە جلکە شینو کەسکەکانیانەوە، کە لە بەر ڕوناکی گزنگی بەیانی دەدرەوشانەوە، بە نێو دەشت و دەرەکە کەوتن وبەرەو " کومبە " وەڕێکەوتن ولە چاو ون بوون.

یەک هەفتەی تەواو، دوای مورشید کەوتن، بیابانە لمەلانەکەیان دایە ژێر پێوە، بیابانی چی، یەکپارچە دڕک و داڵ بوو، پەز ومێگەلێن برسی، لێرەو لەوێ بۆ پووش و گەڵای وشک دەگەڕان. هەموو خەڵکی مورشیدیان بینی بوو کە بەوێدا ڕۆیی بوو، یەک شەممەی پێشوو لەم کڵێسایە نوێژ و نزای کردبوو، لەو مەیدانە گشتیەدا وەعزی خوێندبوو، لە پاڵ ئەو تاوێرانەدا خەوتبوو. ئەنجام لە حەوت فرسەخی " توکانو "، لە ئاواییەکدا بە ناوی " ماسیتە " دۆزی بوویانەوە، ماسیتە بریتی بوو لە کۆمەڵێک کوختەی بە خشت دروستکراو، سەرەکانیان بە قرمید گیرابوو، کەوتبووە داوێنی " سیرادی ئوفو "وە. بولێڵی ئێوارە بوو. چاویان بە کۆمەڵێک ژن کەوت کە  سەرو گۆزە ئاویان بە شانەوە بوو، ئیدی هەناسەیەکی ئۆخەیان هەڵکێشا کە گوایە تاقیب و گەرانەکەیان لە تەواوبووندایە. مورشید شەوێ لە لای " سفرینو فیانا " مابووەوە، ئەم پیاوە جووتیارێک بوو کە مەزراو کێڵگە زوڕاتەکەی (گەنمەشامی، گوڵە کابە، گەنمۆک، گوڵە پێغەمبەرە) لە یەک کیلۆمەتری ئەم ئاواییەدا بوو. پۆلیسەکان، هێدی هێدی، لە سەر نووکی پا و بە نێو دار " ژواسیرۆ " کاندا دەڕۆیشتن، گەڵای درەختەکان زۆر تیژ بوون، ئەرزەکە یەکپارچە بنچە زەردە دڕوان بوو و وەکو زەردە زیرە پێیاندا دەچزان و ئازای دێنانە خورو. کە لە تاریکی و ڕوونی بەنیانیدا گەیینە ئەو خانووە، سەیریان کرد پەرژینێکی گەورەی بە دەورەوەیە، خەڵکانێکی زۆر، وەکو تارمایی، لە دەوری کەسێک خڕ بووبوونەوە، کە بە هەموو مەزەندەیەک هەمان ئەو پیاوە بوو کە ئەوان تاقیبیان دەکرد. هیچ کەسێک هەڵنەهات، کەس نەیکرد بە هات و هاوار، کەس لە جل و بەرگ و تفەنگەکانی وان نەسڵەمیەوە.

سەد نەفەر، سەد وپەنجا نەفەر، یان دوو سەد نەفەر؟ ژن و پیاوێکی زۆر بوون، زۆربەی هەرە زۆریان، بە سەر وسیما وجل وبەرگیاندا دیار بوو، کە خەڵک وخوای هەرە هەژار بوون. پۆلیسەکان کە بۆ باهیا زڤڕینەوە، دەیانگێڕایەوە، بۆ هاوسەرەکانیان، دەزگیرانەکانیان، بۆ ئەو ڕووسپیانەی کە دەگەڵیاندا دەخەوتن، یان بۆ هاوڕێکانیان دەگێڕایەوە، کە عەزم وجەزم وبڕیاری بنجبڕ بە چاوی ئەو خەڵکانەوە دەبینرا. بەڵام لە ڕاستیا ئەم خەڵکە دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ نەڕەخسابوو کە بە باشی ئەو جەماعەتە بناسن و بزانن بەرپرسەکەیان کێیە. کە عەریفەکە داوای لێکردبوون مورشید ڕادەست بکەن، ئاپۆڕاکە پەلاماریان دابوون. هەڵبەتە کارێکی زۆر گەوجانە بوو، شایەت بەو شایەت کە پۆلیسەکان چەکدار بوون، تفەنگیان پێبوو، بەڵام چەکی ئەوان تەنیا کوتەک، داس، بەرد، چەقۆ و تاپڕ بوو. بەڵام کاروبارەکان هێندە بلەز جێبەجێکرا کە پۆلیسەکان غافڵگیر بوون، کاتێکیان زانی

چواردەوریان گیراوە، پەرت و بلاو بوونەتەوە، ڕاو نراون ودارکاری کراون وبریندار بوون وگوێیان لێبوو جەماعەتەکە هاواریان لێدەکردن: " ئەهای کۆماری خوازان " وەکو ئەوەی ئەو وشەیە جنێو بێت. ئەنجام دەرفەتیان هێنا، تفەنگەکانیان لە شان توونت کرد و دەستیان بە تەقە کرد. بەڵام ئەو جەماعەتە هاڕوژاوە لە هیچ نەدەگەڕانەوە، هێز نەبوو ڕێیان پێبگرێت. تەنانەت وەختایەک پیاوان وژنان بە جلکە شڕ و شەپڕێوەکانیانەوە بە دەم دەسڕێژی گوللەوە، سەر وسینەی شکاوەوە ،بەربوونەوە لە خوێن خۆدا گەوزان، کەس نەترسا وسڵی نەکردەوە، ئیدی پۆلیسی باهیا، حایر وحەپەساو، کاتێکیان بەخۆ زانی پێیان بە غارێوە ناوەو خەریکی هەڵاتن، خۆشیان سەدەمی ئەم تێکشکانەیان نەدەزانی. پاشان گێڕابوویانەوە تەنیا ئەو خەڵکە توونڕەو وسەر شێتانەی کە خۆیان ( پۆلیسەکان ) تەسەوریان کردبوو، پەلاماریان نەدابوون، بەڵکو تاوانبارو پیاوکوژی کارامەی وەکو " پاجو "ی ڕوخسار شەقار شەقار و ڕێگرشیان لە گەڵدا بوو، ئەو " پاجو " یەی کە هێندەی خراپە کردبوو کە خەڵکەکە پێیان دەگوت پاجو شەیتان.

سێ پۆلیس کوژرابوون، جەندەکەکانیان لەو گۆڕە فڕێ دابوون تا قەل وداڵی "سیر دی ئوفو" بیانخوات، هەشت تفەنگیش دیار نەما، پۆلیسێکی دیکەش لە "ماسیتە "دا خنکابوو. جەماعەتی زیارەتکاران دوویان نەکەوتبوون، لە جیاتی ئەوەی دوای ئەوان بکەون هەندێکیان کەوتبوونە ناشتنی کوژراوەکان و چارەسەری بریندارەکانی خۆیان و ئەوانی دی لە بەردەم مورشیدا کەوتبوونە سەرچۆکان وشوکرانەی خودایان دەکرد. تا درەنگانی شەو دەنگی گریان و نوێژ بۆ ئەو مردووانەی کە لە مەزرای "سفرینو ڤیانا " گۆڕیان بۆ هەڵکەندرابوو، دەهاتە گوێ.

وەختایەک دووەمین دەستەی پۆلیسی باهیا کە بریتی بوون لە شەست پۆلیس، بە چەک و تفاقی باشترەوە، لە " سیرنیا " لە قیتار دابەزی، بۆیان دەرکەوت کە سووکە گۆڕانێک لە ڕەفتاری دێهاتیەکاندا، دەرهەق بە پۆلیس ڕووی دابوو، هەرچەندە دژمنایەتی خەڵکی شارەکان لە گەڵ پۆلیسدا، کە بۆ ڕاوەدوونانی ڕێگر و چەتە دەکەوتنە دەشت و کێوان، شتێکی تازە نەبوو، بەڵام هەرگیز ئەم دژمنایەتیە بەم ئاشکراییە نەبووبوو، کە ڕوویان دەکردە هەر شوێنێ، کۆسپیان لە بەردەم خۆدا دەبینی، کۆسپێک کە بە ئانقەست خرابووە بەردەمیان. ئازووقە لە فرۆشگا گشتیەکاندا دەشاردرایەوەو دەچووە قاتی، دەست نەدەکەوت، تەنانەت ئەگەر پارەی زۆریشیان دابا هەر دەستیان نەدەکەوت. خۆ ئەگەر پارەی زۆریشیان دابا، کەس لە "سیرنیا "دا ئامادە نەبوو ڕێنوێنیان بکات وشوێنی ئەو باندەیان نیشانبدات. لە کاتێکا هێزی پۆلیس وێڵ وسەرگەردان لە " ئولیوس داگویا " وە بۆ " پدرا ئالتا "، لە " تراکویا "وە بۆ " تیریرکا "، لەوێندەرەوە بۆ " توکانۆ " و لە " توکانۆ " وە بۆ " کارائیبا " و " پونتال " دەچوون و لە ئەنجاما بۆ " سیرنیا " گەڕابوونەوە، لە سەرانسەری ڕێگادا جگە لە ڕوانینی بێ موبالاتانە، حاشاکردن و شان هەڵتەکاندنی  گاوانان و وەرزێران و جووتیاران و پیشەوەران و ئەو ژنانەی کە لە ڕێگادا دەیان دیتن، هیچی دیکەیان نەدەدوزرییەوە. لە ئەنجاما هەستیان کرد دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون: ئەو باندە بەوێدا نەڕۆییون، هیچ کەسێک پیاوێکی ڕەشتاڵەی قژ ڕەشی، جبە ئەرخەوانی تۆخی نەبینی بوو، کەس ئەوەی لە بیر نەمابوو کە فەرمانی دەوڵەت لە " ناتوبا " هاتووەتە سووتاندن، کەس ئەو واریقاتەی نەژنەوتبوو کە لە ماسیتە، شەڕە تەقە ڕوویداوە. وەختایەک  پۆلیس بە ساغ و سەلامەتی، بەڵام بە شکاوی، بۆ ناوەندی شار گەڕانەوە، ڕایانگەیاند کە دار و دەستە ڕادیکاڵەکە – وەکو زۆر گروپی دیکە کە گێلانە دەوری ژنێک یان پیاوێکی لە دنیا دابڕاو کۆ دەبنەوە – بێگومان لە ترسی کارە خراپەکانی خۆیان، هەراسان بوون و لەگینە مورشیدەکەی خۆیان کوشتبێ و بڵاوەیان لێکردبێت. مەگەر ئەم جۆرە بویەرە تا ئێستا چەندین جار لەم دەڤەرەدا ڕووی نەدابوو؟

هەڵبەتە بە هەڵەدا چووبوون. ئەگەرچی بویەر و واریقاتەکان بە ڕووالەت دووبارە بوونەوەی بویەرە کۆن و مێژووییەکان بوو، بەڵام ئەمجارە هەموو شتێک جیاواز بوو. تاقمی تۆبەکاران، موریدان ئێستا لە هەر کاتێکی دی یەکگرتووتر بوون، نەک هەر مورشیدەکەی خۆیان، دوای سەرکەوتنەکەی ماسیتە، کە لە نورینی ئەوانەوە نیشانە و پەرجوویەک بوو لە ئاسمانەوە نازڵ بووبوو، نەکوشتبوو، بەڵکو هێندەی دی لە لایان پیرۆزتر بووبوو. ڕۆژی دوای شەڕەکە، کە مورشید شەویَ تا بەیانی نوێژ ودوعای لە سەر گۆڕی مورید وشۆڕشگێڕە کوژراوەکان کردبوو، موریدەکانی بێدار کردنەوە. لە بەر چاویان زۆر خەمبار بوو. پێی گوتن ئەوەی دوێشەو ڕوویداوە، بێگومان پێشەکییەکە بۆ توونڎ وتیژی زیاتر و داوای لێکردن بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان، چونکە ئەگەر بە گەڵ ئەو بکەون لەگینە بگیرێن و لە سووچی ڕەشچاڵان توونڎ بکرێن یان وەکو ئەو پێنج برایەیان کە چوونەتە بەر دلۆڤانی خوا، بکوژرێن.

کەس لە جێی خۆ نەبزوا، چاوی بەو سەد موریدە، سەد و پەنجا و دوو سەد موریدە دا گێڕا کە بە جلکە شڕ و شەپرێوەکانیانەوە لە بەردەمیان دانیشتبوون و بە هەمان هەڵچوونی بویەرەکەی دوێشەوەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت. نەک هەر چاوی تێبڕی بوون، بەڵکو لەوە دەچوو بشیان بینێت. بەوپەڕی میهرەبانی پێی گوتن: " شوکری مەسیحی موبارەک بکەن، وادیارە ئێوەی هەڵبژاردووە ببنە سەرمەشقی خەڵکی. "

بە گیانێکی پڕ سۆز وگودازەوە دووی کەوتن – نەک تەنیا لە بەر ئەو قسانەی پێی گوتبوون، بەڵکو زیاتر لە بەر ئەو ئارامیەی کە لە دەنگیا بوو، ئەو دەنگەی کە جاران هەمیشە وشک و خاڵی لە سۆز بوو. دوو کەوتنی ئەو بۆ هەندێکیان بە ڕاستی کارێکی سەخت بوو. چونکە وەکو باڵندانی لۆق درێژ، هەنگاوی هەڕاوی باز ئاسای دەناو، بە ڕێگایەکی نادیارا کە بۆ ئەوانی هەڵبژاردبوو، دەچووە پێش ، بە کوێرە ڕێگایەکدا کە نە بە کەڵکی بارەبەر و نە چەتە و ڕێگران دەهات، بە بیابانێکی دا دەبردن، یەکپارچە دڕک و داڵ، بەردەڵان وناهەموار. بەڵام هەرگیز ڕێباز و مەبەست و ئامانجی خۆی لە بیر نەدەکرد. لە هەڵوەستە و مانەوەی یەکەم شەودا، دوای نوێژ و نزا و شوکرانەی ئاسایی و پێش نوێژی بۆ موریدەکانی، باسی شەڕی بۆ کردن، باسی ئەو وڵاتانەی بۆ کردن کە لە پێناوی دەسکەوتاندا وەکو کەمتیاران لە سەر کەلاک دادەگژێنە سەر و گوێلاکی یەکدی. بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە باسی ئەوەی کرد کە چونکە بەرازیل بووە بە وڵاتێکی کۆماری، لە ئێستا بە دواوە، وەکو وڵاتە کافر و گومڕاکانی دی ڕەفتار دەکات. گوێیان لێبوو کە دەیگوت ڕۆژ ڕۆژی شەیتانە، ئەمە بە دڵی ئەوە، وەختی ئەوە هاتووە شوێنێک هەڵبژێرین و کڵێسایەک دروست بکەین، تا وەختایەک ئاخر زەمان و پەسڵان هات، هەمان ڕۆڵ و دەوری " کەشتیەکەی نوح " بگێڕێت.

لە کویَ ئەم بناغەیە بدەنەوەو ئەم پەرەستگە وکڵێسایە دروستبکەن؟ وەختایەک وەڵامی ئەم پرسیارەیان دەستکەوت کە دۆڵ و ڕووبارانی تەنک و زنجیرەیەک هەوراز ونشێوان ودڕووەجاڕانیان بڕی کە لە بەیانی ڕۆژهەڵاتەوە، تا ئێواریَ ڕۆژئاوا – بە زنجیرەیەک چیای سەرکەشا تێدەپەڕین و ڕووبارێکی تەنکاویان دەبڕی پێیان دەگوت: " ڤازا باریس " هەنگیَ مورشید ئاماژەی بۆ کۆمەڵە کوختەیەکی ئەو نزیکانە کرد کە کاتی خۆی ماوای کرێکارانی بیَ نەوا بوو و هەروەها ئاماژەی بۆ دارو و پەردوو و کۆشکێکی ئاغایانەی وێران کرد کە لە ڕۆژانی ئاوەدانی ئەم ئەرز و بۆیەدا، ماڵی ئاغا بووبوو. هەنگیَ هاتە قسان: " ئێمە لێرە جێگیر دەبین. " هەندیَ لە موریدەکان ئەوەیان بیر کەوتەوە کە ئەو ساڵانێکە، لە شەو گوتارەکانیا پێشبینی ئەوەی دەکرد، هەڵبژاردەی

مەسیحی موبارەک، بەر لەوەی قیامەت ڕابێ، لە شوێنێکی بەرزا، شوێنێک کە هیچ ناپاکێک ڕێی نەکەوێتێ، پەنایەک دەدۆزێتەوە، بێگومان ئەوانەی کە ئەم بەرزاییەیان تەی کردبێ، لێرەدا بۆ هەتا هەتایە دەحەوێنەوە.

بەڵام ئایا نها ئەوان گەیی بوونە خاکی ڕزگاری؟

شەکەت و ماندوو، شاد وخۆشحاڵ، بە ڕێنوێنی دەلیلەکەیان گەیینە کانودوس، لەوێ ماڵباتی برایان " فیلانوفا " کە بازرگان وخاوەن فرۆشگا بوون، لە گەڵ هەموو خەڵکی ئەم شوێنە لە ماڵ هاتبوونە دەر و تەمەشای هاتنی ئەمانیان دەکرد.

***

هەتاو دەشت و بیابانەکەی سووتاندبوو، کردبووی بە خەڵوز، بە سەر ئاوی ڕەشی کەسک ئامێزی " ئیتاپیکورو " دا دەبریسکایەوەو خانووەکانی " کیماداس "ی، کە کەوتبوونە ڕەخی ڕاستی ڕووبارەکەوەو لە قوڵایی کەنداو و ئاودڕە ئاماڵ سوورەکەدا گیرسابوونەوە، زێڕ وەشان دەکرد. درەختێن پەراگەندە، سایە و سێبەریان لەو زەوییە تەقتەقانە دەکرد کە بە سەمتی باشووردا، بەرەو " ڕیاکودا ئونسا " دادەکشا. سوارێک، پووت لە پێ، بە کڵاوێکی قەراخ پان و جبەیەکی ڕەشەوە، بە کاوەخۆ بەرەو دەوەنە جاڕێکی کەوەیی ڕەنگ دەڕوات، و سێبەری خۆی و قاترەکەی لە دووی خۆ بکێش دەکات. لە دوای ئەوەوە، لە دوورەوە، سەربانی خانووەکانی کیماداس لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکێنەوەو لە دوورەوە دەڵێی کڵپەی ئاگرە. بە دەستە ڕاستیا، چەند سەد مەترێک لەولاترەوە، کوختەیەک بە سەر بەرزاییەکەوە دەبینرێت. قژە چڕ ودرێژەکەی لە ژێر کڵاوەکەیەوە هاتووەتە دەرەوە، ڕدێنە سوورە کورتەکەی و جلەکانی یەکپارچە گەرد و تۆزە. ڕوخساری لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، ناوبەناو دەستێک بە هەنیەیدا دێنێت وزمان بە لێوە وشکەکانیا دێنێت. کە دەگاتە هەوەڵین کۆمەڵە دەوەن، هەوساری قاترەکەی (هێستر) ڕادەکێشێت وبە چاوە شینەکانی کونجکاوانە دەوروبەری خۆی دادەبێژێت. سەرەنجام پیاوێک دەبینێ کە جووتێ تەقتەقیلەی ( سەندەل، قاپ قاپ ) لە پێدایە، کڵاوێکی چەرمی لە سەرە، پانتۆڵ و بلوزێکی خوری ئەستووری لە بەرە، قەمەیەکی ( سونگی، نێزە ) بە قەدەوەیە و چەند شەقاوێ لەولاترەوە دانەویوەتەوە و تەمەشای تەڵەیەک دەکات.

هێستر سوارەکە دەپرسێت: " روڤینو؟ روڤینوی دەلیل، خەڵکی کیماداس ؟ "

کابرا، نیوە ئاوڕێکی لێدەداتەوە، بە کاوەخۆ وەک ئەوەی ماوەیەک بێ هەستی بە حوزوری ئەو کردبێ، قامکی دەخاتە سەر لێوەکانی و ئاماژەی دەکاتێ کە بێدەنگ بێ: " وس، س، س " و ئەوسا بۆ چەند ساتێک بە چاوە ڕەشەکانی، بە سەرسامی سەراپای پیاوەکە دادەبێژێت. ڕەنگە سەری لە زمانە غەریبەکەی سوڕمابێ یان جل و بەرگە کفن ئاساکەی سەرنجی ڕاکێشابێ. روڤینوی گەنج، باریکەلە و چەلەنگ، دەم و چاو ڕەقەڵە، ڕدێن تاشراو، قەمەکەی هەڵدەکێشێت و دووبارە بەرەو لای تەڵەکە کە لە ژێر گەڵا و گوڵا پەنهانە دەگەڕێتەوە، دووبارە بە دیارییەوە دادەنەوێتەوە، فەرخە داڵێکی پێوە بووە کە یەک تۆپەڵ پەڕە، لاقێکی بە تەڵەکەوە بووەو ناتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێت. جۆرە نائومێدییەک لە ڕوخساری کابرای دەلیل دەنیشێت، بە نووکی قەمەکەی باڵندە ناشیرینەکە لە ئەڵقەی تەڵەکە دەکاتەوەو بەڕەڵڵای دەکات و تەمەشای دەکات کە چۆن لە ئاسمانی شینا بەدەم فڕینەوە باڵ بە یەکدا دەدات و ون دەبێت.

ئاماژەیەک بۆ تەڵەکە دەکات ولە بن لێوانەوە دەڵێت: " کەڕەتێ هاسێک (هاس: دووڕە شێر) پەلاماری دام. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەو چاڵەدا مابووەوە، بینایی تەواو لێڵ وتاریک بوو. "

گالیلیو گال، سەرێک دەلەقێنێ، روڤینو هەڵدەستێ و چەند هەنگاوێک بەرەو ئەو دێت. نها کابرای غەریب کە دەیتوانی بە کەماڵی ئیسراحەت قسە بکات، بە جۆرە دوو دڵییەکەوە گوتی: " بە دووی تۆدا چووم بۆ ماڵتان، لە ماڵ نەبووی، ژنەکەت بۆ ئێرەی ناردم. "

قاترەکە دەکەوێتە سمکۆڵان، روڤینو، بە توندی سەری حەیوانەکە دەگرێت ودەمی دەکاتەوەو، وەکو پسپۆڕێک معایەنەی ددانەکانی دەکات، کەمێک لە فکران ڕادەچێ، ئەوسا وەکو یەکێک قسە لە گەڵ خۆیدا بکات، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " بەڕێوەبەری وێستگەی جاکوبینا من باش دەناسێت. من خاوەنی قسەی خۆمم، لە هەر کەسێکی خەڵکی کیماداس بپرسی ئەو شایەدیەم بۆ دەدا، ئەوە کارێکی زەحمەتە."

گالیلیو گال، هیچ وەڵامێک ناداتەوە، روڤینو ئاوڕ دەداتەوە و تەمەشایەکی دەکات، لێی دەپرسێت: " تۆ سەر بە کومپانیای سکەی قیتار نیت؟ " بە هێواشی قسان دەکات، چونکە هەستدەکات یارۆی غەریب بە باشی لە قسەکانی حاڵی نابێت.

گالیلیو گال، بە ئاستەم کڵاوەکەی دەباتە دواوە، بە چەناگەی ئاماژە بۆ هەڵەت و گردۆلکەکانی دەوروبەریان دەکات و لە بن لێوانەوە دەڵێت: " گەرەکمە بۆ کانودوس برۆم . " هەڵوەستەیەک دەکات، پێدەچێ بیەوێ جۆش و خرۆشی چاوەکانی وەشێرێت، ئەوسا دووبارە دەڵێت: " دەزانم کە زۆرجار بۆ ئەو ناوە چوویت."

جدیەت، دەنیشێتە سەر ڕوخساری روڤینو. بە گومانێکی زەق ودیارەوە، سەراپای کابرا بە نیگا دادەبێژێت. بە پارێز ودوو دڵییەوە دەڵێت: " جاران کە لەوەڕگەی گاڕانان بوو زوو زوو دەچووم. بەڵام لەوەتای بارون " دی کانا براڤا " وازی لێهێناوە، نەچووم بەو ناوەدا. " گالیلیو گال، دەڵێت: " هێشتا ڕێگاکەی هەمان ڕێگای جارانە، نەگۆڕاوە. "

ڕێک لە هەنبەر یەکدا وەستاون وچاویان لە دوڕ چاوی یەکدی بڕیوە، پێدەچێ، ئەو کێشماکێشە بێدەنگەی نێوانیان، بۆ قاترەکەش سیرایەتی کردبێ، بۆیە لە ناکاوا سەرێک هەڵدەتەکێنێ ودەچێتە دواوە. روڤینو بۆ هێورکردنەوەی قاترەکە دەست بە یاڵ و گەردنیا دێنێت و دەپرسێت: " باشە، بارون کانا براڤا بە خۆی تۆی بۆ ئێرە ناردووە؟ "

گالیلیو گال، سەرێک دەلەقێنێ و کابرای بەڵەد ودەلیل چیتر لە سەری ناڕوات. ئەوسا دەست بە پاشوویەکی قاترەکەدا دێنێ، قاترەکە ناچار دەکات، پاشووی ( لاقی پاشەوەی وڵاخ ) هەڵبڕێ، ئەوسا بۆ خۆی دەکەوێتە سەر چیچکان تا تەمەشایەکی سمی هێسترەکە (قاتر) بکات.

ئەوسا لە بن لێوانەوە دەڵێت: " لە کانودوس دا زۆر هەواڵی تازە هەیە. ئەو دار و دەستەیەی کە مەزراکەی بارون- یان داگیر کردووە، لە ئواوا پەلاماری سەربازانی گاردی نەتەوەییان داوەو دەڵێن چەند کەسێکیانش لێکوشتوون. "

گالیلیو گال، بە دەنگێکی گڕی خەندە ئامێزەوە دەڵێت: " دەترسی تۆش بکوژن؟ چما تۆ سەربازی؟ "

رۆڤینو، ئەنجام ئەو شتەی دۆزییەوە کە لە سمی قاترەکەدا بۆی دەگەڕا، ئیدی دڕ وچقڵ بوو یان چەوێکی چکۆلە کە لە نێو دەستە زەلامەکانیا بزر بوو، تووڕی دا و پاشووی حەیوانەکەی بەردا.

ئەوسا بە کاوەخۆ، بەدەم زردە خەنەیەکەوە، بەرسڤی دەداتەوە: " دەترسم؟ هەرگیز. بەڵام ڕێگای کانودوس زۆر دوورە. "

گالیلیو گال، کە گەرما کلافەی کردووە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و کڵاوەکەی دادەکەنێ و قژە سوورە درێژ و لوولەکەی شیدەکاتەوەو دەڵێت: " کرێیەکی باشت دەدەمێ. لە زەرفی هەفتەیەکدا ئەوپەڕی دە ڕۆژی دیدا دەکەوینە ڕێ، بەڵام یەک شتی گرینگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ زۆر وریا و بە پارێز بین. "

رونیڤوی بەڵەد ودەلیل ، بێئەوەی چاو بتروکێنێ یان هیچ پرسیارێکی لێبکات، سەراپای بە نیگا دادەبێژێت. گالیلیو گال زمانێک بە لێوەکانیا دێنێت و دەڵێت: " لە بەر ئەو بویەرەی کە لە ئواوا ڕوویداوە، وا دەڵێم. نابێ هیچ کەسێک بزانێ کە ئێمە بۆ کانودوس دەڕۆین. "

روڤینو، ئاماژە بۆ ئەو کوختە تەنیایە دەکات کە لە گڵ و دار دروستکراوە و بە سەر بەرزاییەکەوە، بە گژ تیشکی هەتاوەکەدا دەچێ و بە ئاستەم دەبینرێ و نابینرێت و دەڵێت: " با بڕۆین بۆ ماڵی مە، لەوێندەر باسی ئەم بابەتە دەکەین. "

بە دوو قۆڵی بەڕێدەکەون وقاترەکەش کە گالیلیو گال هەوسارەکەی ڕادەکێشێت، لە دوایانەوە دێت. هەردووکیان تەقریبەن هاوبەژن و باڵان. بەڵام کابرای غەوارە کەمێک بە خۆوە ترە و هەنگاوەکانی مکوومترن، بەڵام کابرای دەلیل و بەڵەد بە جۆرێ ڕێدەکات لە تۆ وایە پێ بە عاردیدا نانێت. نیوەڕۆیە و، چەند پەڵە هەورێکی چلکن بە بەرۆکی ئاسمانەوە پەیدا بوون.

بەدەم ڕێگاوە، دەنگی کابرای بەڵەد و دەلیل بەرز دەبێتەوە: " کێ باسی منی بۆ کردووی؟ نەبێ بە فزوڵیەت تۆ بۆچی داویە لە کەللەت و ئەم ڕێگا دوور و درێژە بگریتەبەر؟ عەوداڵی چیت لە کانودوس؟ "

***

ژنێک، لە سپێدەی بەیانیەکی بێ باراندا، لە سەر گردێکی سەر ڕێگای کیژینگویە پەیدا بوو، خاچێکی دارینی بە شانەوە بوو. تەمەنی بیست ساڵان بوو، بەڵام هێندەی ڕەنج کێشا بوو کە پیر دەهاتە بەرچاو، لە تەمەنی خۆی زۆر گەورەتر دیار بوو. ژنێکی دەم و چاو پان، پێیەکانی تلۆقیان کردبوو، بەژن و باڵای شێواو و ڕەنگی کەوەیی و بۆرەقنە بوو. ناوی " ماریا کوادرادو " بوو. بە پای پیادە لە سلڤادۆرەوە، بەرەو مونتە سانتو " بەڕێ کەوتبوو.

سێ مانگ ویەک ڕۆژ بوو ئەو خاچەی بە شانەوە بوو. بە ڕێگایەکدا دەڕۆیی بەردەڵان، ناهەموار، هەورازو نشێو، پڕ لە دڕکی کاکتوس، بیابانێکی بە باهۆز وگەردەلوولی ئەهریمەنی کە هەترەشی ئینسانی دەبرد، هەندێ ئاوەدانی چکۆلە، کە یەک تاقە جادەی پڕ لە قوڕاوی تیابوو، بە دوو سێ دار خورماوە و لە گەڵ هەندێک مرداوی بۆگەندا کە گاو وگامێشان لە تاو شەمشەمە کوێران خۆیان تێدەهاوێشت. " ماریا کوادرادو، هەمیشە لە دەشت و دەر دەنووست، ئاسمانی بە خۆدا دەدا و زەوی ڕادەخست، مەگەر بە دەگمەن کەسێکی جەنگەڵ نشین، دار کەر یان شوانێک کە بە چاوی قەدیسەیەک تەمەشایان دەکرد، پەنایان بدابایە، مەگەر بەو کلۆ شەکرە بۆرانەی کە خێرەومەندان دەیاندایە، یان بەو میوە کێویانەی کە لە دار و دەوەنانی دەکردنەوە، خۆی تێر بکردبایە. تەنیا

ئەو کاتانە خواردنی دەخوارد کە سکی لە برسا بکەوتبایە قۆڕە قۆڕ. " ماریا کوادرادو " کە لە " باهیا "وە بەڕێ کەوتبوو، بە نیازی پاکبوونەوە لە گوناحەکانی دەرچووبوو، بچێتە حەجی جلجتای پەرجوو ئامێز لە " سیرادپیکواراسیا " ڕێگاکە دوو کیلومەتر دەبوو، زۆر سەخت و دژوار بوو، بەناو شاخ و داخێکی سەختا دەڕۆیی، لەم بەرو لەوبەری ڕێگاکەو بە سەر شاخەکەوە، چەند کڵێسایەکی چکۆلە بە یادی لە خاچدانی مەسیحەوە ڕۆنرابوون، لەو ڕێگایەوە بۆ کڵێسای خاچی موبارەکی مونتە سانتو دەچوون، کە دوا مەنزڵی ئەو بوو، لە هەوەڵی سەفەرەکەیەوە قژەکەی کردبوو بە پرچ وبە نەوارێک بەستبووی، دوو تەنوورە وبلوزێکی شینباوی لەبەر وجووتێ پاتاوەی لە پێدا بوو. بەڵام لە ڕێگادا جلەکانی بە ژنانی پارسەک بەخشی بوو و لە " پالمیرا دوس ئەندیوس"ش پاتاوەکانیان لێ دزی بوو، ئیدی وەختایەک بەو بەیانییە زووە، "مونتە سانتو "ی لێ بەدیار کەوتبوو، پێی پەتی بوو و، تاقە پۆشاکی بەری کیسەیەکی جاو بوو، کە دەستەکانی لە دوو کونی ئەم لاو ئەولایەوە دەرهێنابوو. کەللە سافەکەی، کە قژەکەی زۆر ناشیانە بڕی بوو، ڕێک لە کەللەی شێتانی ناو شێتخانەکەی سلڤادور دەچوو. دوای ئەوەی بۆ جاری چوارەم لە ڕێگادا دەست درێژی سێکسیان کردبووە سەری، بەخۆی قژی خۆی تاشی بوو.

بەڵێ، لە هەوەڵی سەفەرەکەیەوە تا ئەو ڕۆژە چوار چەلان دەست درێژیان کردبووە سەر، یەکەمجار پاسەوانێک، پاشان گاوانێک، ئەوجا دوو ڕاوچی ئاسکان بەجارێ، ئەوجا شوانێک کە لە شکەفتەکەی خۆیدا پەنای دابوو. سێ جاری یەکەم کە بێ حورمەتیان کردبوو، تەنیا هەستی بە نەفرەت لەو هۆڤیانە کردبوو، کە وەکو خەڵکانی شەپڵەدار بەسەریەوە کەوتبوونە لەرزین، هەر چۆنێ بوو بەرگەی ئەم مەینەتەی گرتبوو ولە خوا پاڕابووەوە کە سکی لێیان پڕ نەبێت. بەڵام لە جاری چوارەما، دڵی بەو گەنجە سووتا بوو، کە بە لێدان ناچاری کردبوو، ڕادەستی بێ. ئیدی بەدەم سوار بووینەوە، قسەی خۆشی بۆ کردبوو. ئیدی لە سۆنگەی ئەمەوە قژی خۆی بڕی بوو، خۆی کردبوو بە دێوێکی کومیدی، ڕێک وەکو ئەو خێوانەی کە لە سێرکی قەرەجاندا، لە شارە دەشتانیەکاندا دەیانگێڕن ونیشانیان دەدەن.

وەختایەک گەییە ترۆپکی گردەکە، لەو سەرەوە پاداشتی هەموو هەوڵەکانی خۆی بینی، زنجیرەیەک پلیکانەی بەردینی کەوەیی و سپی ڤیاساکارا ( ڕێگای موبارەک ) کە بە نیو گومەزی قوچەکی کڵێساکاندا پێچی دەکردەوە و دەچووە سەرەوەو دەگەییە جلجتا، ئەو شوێنەی کە لە هەفتەی موبارەکدا، خەڵکی لە سەرانسەری باهیاوە، پۆل پۆل دەهاتنە زیارەتی. لە خوارەوە، لە پاینی کێوەکەدا، خانووە بچووکەکانی مونتە سانتو، لە دەوری مەیدانێکی گشتیدا، کە دوو درەختی تەمر هندی، ترۆپک تەپ و تۆزاوی لێبوو، چووبوون بە یەکدا. ماریا کوادرادو لەوێدا، بە دەما، لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا وئەرزەکەی ماچکرد. ئەمە ئەو شوێنە بوو، کە پێدەشتێکی سەوزەزار دەوری دابوو، پەز وبزنان لێی دەلەوەڕین. ئێرە ئەو شوێنە بوو کە لە مێژ بوو ئارەزووی دیتینی دەکرد و ناوەکەی خولیای ئەو سەفەرەی لا دروست کردبوو، لەو پێناوەدا تەحەمولی ماندوویەتی، برسیەتی، سەرما و دەستدرێژی چەند جارەی سێکسی کردبوو. ژنەی تاین، دوای ئەوەی بازووەکانی ئەو خاچە دارینەی کە خۆی دروستی کردبوو، ماچکرد، سوپاسی خواوەندی کرد کە یارمەتی داوە نەزرەکەی بێتەدی. هەنگێ جارێکی دی خاچەکەی دا بە شانیا و، وەکو حەیوانێ بە بۆن هەست بە نزیکی لانەکەی بکات، بەرەو مونتە سانتۆ بەڕێ کەوت.

ڕێک لەو کاتەدا خۆی بە شارا کرد، کە خەڵکی لە خەو ڕادەبن، ئیدی خەڵکی لە هەموو دەرگا و کەلێنێکەوە، بە سەر وسیمای حایر وحەپەساو، نقومی بەزەییەوە دەهاتن تا تەمەشای بکەن – شەکەت، نەخۆش، چڵکن، دزێو، ڕەنجیاگ – ئەوسا کە پێی نایە شەقامی رویادوس سانتوس پاسوس، کە لە دیار شیوێک دروست کرابوو و خەڵکی زبڵ و خاشاکەکانی خۆیان لەوێندەر دەسووتاند و بەرازی شارەکە مڵ ومۆشیان لێدەکرد. لە سەرەتای " ڕێگای موبارەک "وە خەڵکانێکی زۆر دوای کەوتن، ئیدی کەوتە سەرچۆکان وبەو حاڵەوە بە شاخەکەدا هەڵگەڕا، ئەو وڵاخدارانەی کە کاری خۆیان ڕەها کردبوو، پینەدۆزان و نانەوایان، کۆمەڵێک منداڵە ورتکە وژنانی دیندار و باوەڕدار کە تازە لە تاسوعای بەیانی بووبوونەوە، دوای کەوتبوون. ( تاسوعا: لە مەزەبی کاتولیکدا، عیبادەتێکە نۆ ڕۆژ بەردەوام دەبێت) . خەڵکی شار، کە دیتبوویان بە کێوەکەدا هەڵگەڕابوو، وەکو کەسێکی عەجیب وغەریب تەمەشایان کردبوو. دیتبوویان بە چ عەزابێکەوە ڕێی دەکرد وبە کێوەکەدا هەڵدەگەڕا، خاچە قورسەکەی، کە بێگومان هاوسەنگی خۆی دەبوو، دابوو بە شانیا و قەبووڵی نەدەکرد هیچ کەسێک یارمەتی بدات. دیتبوویان کە چۆن لە هەر بیست وچوار کڵێسا بچووکەکاندا دەوەستا، نوێژی دەکرد و بە چاوانی تەژی خۆشەویستیەوە پێی ئەو پەیکەرۆکانەی کە لە میحراب و تاقچە بەردینەکاندا نەخشێنرابوون، ماچ دەکرد، بەچاوی خۆ دیتبوویان کە چۆن بە بێئەوەی پارووە نانێک بخوات یان دڵۆپە ئاوێک بخواتەوە، کاتی بەڕێدەکرد، کە شەو هات هەر هەمووان وەکو قەدیسەیەکی ڕاستەقینە بە ڕێز وحورمەتەوە تەمەشایان دەکرد.

ماریا کوادرادو، گەیبە لوتکەی کێوەکە – دنیایەکی تایبەتی بوو، بەردەوام سارد بوو، گوڵی "ئۆرکید" لە بەینی تاوێرە ئامال شینەکانەوە سەری دەرهێنابوو – هێشتا ئەوەندەی گوڕ وتین تیا مابوو کە سوپاس وستایشی خودا بکات وئەوسا ماندوو ومردوو ببورێتەوە.

زۆر کەسی خەڵکی مونتە سانتو، کە بە میوان پەروەری بەنێوبانگ بوون وشالاوی وەرزانەی حاجیان و زیارەتکاران دابی میواندۆستی کاڵ نەکردبووەوە، " ماریا کوادورادو " یان خوڵک کرد کە بۆ شەوێ بچێتە ماڵی وان. بەڵام ئەو لە شکەفتێکی سەر ڕێگای ویاساکارا " ڕێگای موبارەک " لایدا کە جاران تەنیا باڵندان و کەروێشکان لەوێدا لانەیان دەکرد. ئەمە ئەشکەوتێکی چکۆلەی نزم بوو کە نەدەتوانرا بە پێوە تیایدا بوەستی، دیوارەکانی هێندە نمسار بوو، کە هەر هەمووی بووبوو بە خەنەتیلکە (قرێژە بەرد) زەمینەکەی هەر لمی شێدار بوو، ژنەی تاین پێی دەپژمی. خەڵکی شار. لە دڵی خۆدا وای بۆ دەچوون کە بەو زووانە لەوێدا دەمرێ و لێدەبێتەوە. بەڵام ئەو ویست و ورەیەی کە وای کردبوو ماریا کوادرادو، سێ دانە هەیڤان بەو خاچە قورسەوە ڕێبکات، ئەو توانایەشی دایە کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە لە مونتە سانتو مابووەوە، لەو دەخمە میوانکوژەدا هەڵبکات.

دەخمەکەی " ماریا کوادرادو " بوو بە مەزارێک کە دوای جلجتا، زۆرترین زیارەتکار ڕوویان تێدەکرد. دوای چەند هەیڤێک وردە وردە کەوتە ڕازاندنەوەی دەخمەکە. ئیدی لە شیلەی گیا وتۆزی کانزا وخوێنی مێرووی قرمزدانە ( کە خەیاتان بۆ ڕەنگ کردنی جل و بەرگ بە کاریان دەبرد) جۆرەها بۆیەی دروست کرد ولە سەر پاشخانێکی شین کە نیشانەی ئاسمان بوو، هەندێ شتی وێنە کێشا کە نیشانەی ڕەنج و عەزابەکانی مەسیح بوون، لەوانە: ئەو بزمارانەی کە بە هەر چوار پەلیا داکوترابوون، ئەو خاچەی دابووی بە شانیا و بە سەریەوە مردبوو، ئەو تاجە دڕکەی لە لاجانگەکانی چەقی بوو، خەرقەی شەهید بوونەکەی، نێزەی ئەو نیگابانانەی کە بەدەنیان کون کردبوو، ئەو چەکوشەی کە بزمارەکانی پێ داکوترابوو، ئەو قامچییەی کە پێی دارکاری کرابوو، ئەو ئیسفەنجەی کە سرکەی ترشیان پێ تکاندبووە دەمیەوە، ئەو زارانەی کە پاسەوانە بەدکارەکان، لە ژێر

خاچەکەیدا یارییان پێکردبوو، ئەو تووڕەکە زیوەی کە لە پاداشتی خیانەتەکەی یەهودا دا، بە یەهودا درابوو. هەروەها وێنەی ئەو ئەستێرەیەشی کێشا کە بووبوو بە دەلیل و ڕێنمای " سێ پاشا " وشوانەکان بۆ بەیت لەحم، هەروەها ئەو " دڵە موبارەک " شی کێشابوو کە تیرێک دیواودەر کونی کردبوو. هەروەها میحرابێک و دۆڵابێکی بۆ هەڵواسینی سەرپۆش و مانتۆی ژنانی تۆبەکار، دروست کرد، شوێنێکیشی بۆ هەڵواسینی نەزرەکان تەرخان کرد، بەڵام خۆی لە پاینی میحرابەکە، لە سەر دۆشەکێکی پووش ئاخن دەنووست.

چاکی و دڵسۆزی و دینداری خۆی کردبووی بە خۆشەویستی خەڵکی مونتە سانتو، وەها ڕموودەی بووبوون، دەتگوی لە ئیجادەوە خەڵکی ئەوێندەر بووەو هەر لەوێ ژیاوە. منداڵان بە دایەگیان بانگیان دەکرد، سەگەل، بێئەوەی پێی بوەڕن ڕێگەیان دەدا خۆی بە هەر ماڵ و مەیدان و کۆڵانێکدا بکات. ژیانی وەقفی عیبادەتی خوا و خزمەتی خەڵکی کردبوو. بە سەعاتان بە دیار نەخۆشانەوە دادەنیشت، ئاوی بە هەنیەیاندا دەپژان ودوعا و نزای خێری بۆ دەکردن. لە کاتی منداڵ بوونی ژناندا، یارمەتی مامانەکانی دەدا، کە ژنانی دەر ودراوسێ بە ناچاری، بە کاری پێویست لە ماڵ وەدەر دەکەوتن، منداڵەکانیانی دەگرتە لای خۆ، بە دڵ و بە گیان ئامادە بوو، بە خۆڕایی و بێ هیچ پاداشتێک قورسترین کار لە ئەستۆ بگرێت، وەکو یارمەتی دانی دان عەمرانی نەخۆش کە نەیان دەتوانی پێداویستیە سروشتیەکانی خۆشیان دابین بکەن. کیژانی پا بە وەخت، سەبارەت بە دەزگیرانەکانیان شیرەتیان پێدەکرد وئەو گەنجانەی کە سەر وسرێکیان دەگەڵ کیژێکدا هەبا وکەس وکاری کیژێ، ڕازی نەدەبوون کیژی خۆیانی بدەنێ، پەنایان بۆ ئەو دەبرد تا بکەوێتە بەینەوەو کارەکەیان بۆ ڕایی بکات. ژن و مێردانی تۆراوی ئاشت دەکردەوە. ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان بە بیانووی تەمەڵیانەوە، قەستی لێدانیان دەکرد، یان بە هۆی هەرزەیی وزیناوە دەیانویست بیانکوژن، پەنایان بۆ دەخمەکەی ئەو دەبرد ودڵنیابوون کە تا لە سا وپەنای ئەودا بن هیچ پیاوێک لە مونتە سانتودا، زات ناکات دەست لە ڕوویاندا بەرزبکاتەوە. هەرچیەکیان بە خێر وسەدەقە پێ دابا دەیخوارد، هێندە کەمخۆر بوو، هەمیشە خواردنی زیادە لە دەخمەکەیدا هەبوو و، هەموو ئێوارەیەک ئەو خوراکە زیادانەی بە سەر هەژارەکاندا دابەشدەکرد. هەروەها ئەو جل و بەرگانەشی، کە خەڵکی دەیاندایێ، بە سەر هەژاراندا دابەش دەکرد، بە گەرما و سەرما هەر ئەو کیسە جاوە گوش ئاسایەی لە بەر دەکرد، کە لە ڕۆژی یەکەمی هاتنیا لەبەری بوو.

لە لایەکی دییەوە پەیوەندی دەگەڵ دەستەی مژدەبەرانی " ماسکارا"دا کە هاتبوون بۆ " مونتە سانتو " تا لە ئاهەنگ و جەژنی بەرپاکردنی عەشای ڕەبانی لە کڵێسای " دڵی موبارەکی مەسیح " بکەن، زۆر گەرم وگوڕ نەبوو. چونکە ئەوانە بەردەوام خەڵکیان بەوە دەترساند کە هەر دینداریێکی ڕادیکاڵی، ئەو دینداریەی پابەندی ڕێنماییەکانی کڵێسا نەبێت مەترسیدارە و " پدراس ئیتکاندانحاداس " یان بە نموونە دێنایەوە. لەوێ لە دەڤەری " ئاس فلورس " لە " بزنامیوکو " یاخییەک بە نێوی " جواو فریرا " لە گەڵ دەستەیەک گومڕا و یاخی وەکو خۆیدا، بە نەهەق خوێنی کۆمەڵێک خەڵکیان (بەم ژنەشەوە) بە سەر ئەم تاوێرەدا ڕشتبوو، گوایە لەو ڕێگایەوەو بەو کارەیان ئەو ئەفسوونە بەتاڵ دەکەنەوە کە " دون سباستیانو "ی یەکێک لە پاشاکانی پرتوگال گیرۆدەی بووبوو و لە ناکاواو بە شێوەیەکی ئاڵۆز و گونگ، لە کاتی جیهادیا دژی مورەکان دیار نەمابوو، ئەمانە دەیانگوت هەموو ئەوانەی لە دوا شەڕدا مردبوون زندوو دەکەنەوە و بۆ بەهەشتیان ڤڕێ دەکەن.

ئیدی " ماریا کوادرادو " بە لای دەستەی مژدەبەرانەوە، ڕێک لە ناو جەرگەی بازنەی بیدعەتچیاندا گیرسابووەوە و چیوای نەمابوو بەرەو کوفر دابخزێ. بەڵام ئەو هەرجارێ یەکێک لەم قەشە و مژدەبەرانە بە لایدا ڕەت دەبوو،

کڕنۆشی بۆ دەبرد، دەستی ماچ دەکردن و داوای تەبەڕۆکی لێدەکردن، هەرچەند هیچ کەسێ نەیدیبوو کە ئەم ژنە پەیوەندیەکی جدی وگەرم وگوڕی وەکو ئەوەی دەگەڵ خەڵکی "مونتە سانتو" پەیدای کردبوو، لە گەڵ ئەم باوکانەدا کە جلکی هاوشێوەی زەنگوڵیان لە بەر و ڕدێنی درێژیان دانابوو و قسەیان گونگ و نامەفهووم بوو، پەیدا کردبێ.

ئەو مژدەبەرانە، خەڵکە دیندارەکەیان بەوە دەترساند وئاگادار دەکردەوە کە ئاگایان لەو گورگانە بێ کە لە پێستی مەڕا، خۆ بە گەوڕەکاندا دەکەن تا هەموو مێگەلەکە بخۆن: واتە ئاگایان لەو پەیامبەرە درۆینانە بێ، کە مونتەسانتو، وەکو چۆن هەنگوین مێشان ڕادەکێشێت، بەو ئاوایە بەرەو خۆی ڕای دەکێشان. ئەمانە کە وەکو یوحەنای مەعمەدان، پۆسینیان لە بەر دەکرد، یان خەرقەی دەرویێشیان لە بەر دەکرد و بە ناو شەقام وکۆڵانە باریکەکان دەکەوتن و بەرەو جلجتا سەر دەکەوتن و یەکسەر ڕێ و ڕەسمێکی پڕ جۆش و خرۆش و وەعزخوانی نامەفهومیان بەرپا دەکرد. ئەمانە مایەی سەرگەرمی خەڵکی شارەکە بوون، ڕێک وەکو بەیت بێژو حیکایەتخوانانی گەڕۆک یان " پدریمە دێوە " یان " خانمی ڕیشدار " یان " پیاوی بێ ئیسقانی " سێرکی قەرەجان، بەڵام " ماریا کوادرادو " هەرگیز نەدەچووە نێو ئەو خەڵکانەی کە لە دەوری ئەم واعیزە بێ سەر و بەرانە خڕ دەبوونەوە.

بۆیە خەڵکی شار سەریان سوڕما کە ڕۆژێ دیتیان ماریا کوادرادو بەرەو گۆڕستانەکە کەوتە ڕێ کە کۆمەڵێک خەڵکی خۆبەخش بە هاندانی پیاویکی ڕەشتاڵەی قژ درێژی، جبە ئەرخەوانی تۆخ، دەستیان بە دروستکردنی حەسارێک بە دەوری گۆڕستانەکەدا کردبوو.

ئەم پیاوە، ئەو بەیانیە لەگەڵ کۆمەڵێک موریدا ( یەکێکیان تیابوو نیمچە مرۆڤ و نیمچە حەیوان بوو، بە چوار چەنگوڵە دەڕۆیی ) گەیی بووە ناو شار و زۆر بە توندی کەوتبووە لۆمەی خەڵکەکە، کە زەحمەتی ئەوەندەیان بە خۆ نەداوە کە بە کێمانی حەساری دەوری ئەو زەوییە دروستبکەن کە مردووەکانیانی تیا نێژراوە. ئایا مردنی ئینسان، کە ئینسان بۆ دیداری پەروەردگار دەبات، شایستەی ڕێز نییە؟ " ماریا کوادرادو " بە بێدەنگی خۆی بە نێو ئەو خەڵکەدا کردبوو کە بەردیان کۆ دەکردەوە و بە شێوەیەکی پێچاوپێچ، بە دەوری ئەو خاچە بچووکانەدا کە هەتاوەکە سووتاندبوونی، بە ڕیز هەڵیان دەچنی، تا بولێڵی ئێوارێ شان بە شانی خەڵکەکە کاری کردبوو. پاشان سەرێکی مەیدانی گشتی شاری دابوو کە خەڵکانێکی زۆر لە سایەی دوو درەختە تەمرهندیەکە ڕاوەستابوون و گوێیان لە قسەی پیاوە ڕەشتاڵەکە دەگرت. پیاوەکە بەدەم باسی خواوە دەیگوت گرینگە مرۆڤ لە ڕای ڕزگاری روحی خۆیدا، چ پیاو و چ ژن، ئیرادەی خۆی بنپێ بنێ، وەلاوەی بنێت – ئەمە ژەهرێکە، هەر مرۆڤێکی خستووەتە ئەو خەیاڵ و وەهمەوە کە بۆ خۆی خواوەندێکی بچووکە ولە هەموو خواوەندەکانی دەوروبەری باڵاترە – دەبێ ئەو ئیرادەیە بسڕێتەوەو ئیرادەی کەسی سێیەمی لە جێگا دابنێت، ئەو کەسەی کە بینای کردووە، زەحمەتی کێشاوە، وەکو مێرووله زەحمەتکێش وکۆڵنەدەرە.

هەرچەندە ئەو قسانەی دەکرد، بەڵام بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان قسەی دەکرد، کە هەموو کەسێک لێی حاڵی دەبوو. قسەکانی هەرچەندە بۆنی مەزەبیان لێدەهات و برێک گۆنگ بوون، بەڵام لەو گفت و گۆیانە دەچوو کە ماڵباتەکان، ئێواران، لە دەرێ و بەدەم پیاسەی سەر شەقامەکانەوە، بەدەم شنەی باوە دەگەڵ یەکدا دەیانکرد. " ماریا کوادرادو " لە مەیدانەکەدا مایەوە، لە جێی خۆی هەڵکوڕمابوو و گوێی لە مورشید دەگرت بە بێئەوەی هیچی لێ بپرسێت، یان چاوی لێبگوازێتەوە. درەنگانی شەو کە هێشتا خەڵکەکە مەیدانەکەیان چۆڵ نەکردبوو، یارۆی غەریبیان خوڵک کرد کە شەوێ لە خزمەتیا بن و شەو لە ماڵی ئەوان ڕۆژ بکاتەوە. " ماریا کوادرادو "

ش دەنگی هەڵبڕی – ئاپۆڕاکە ئاوڕیان لێدایەوە – بە شەرمێکەوە بۆ دەخمەکەی خۆی خوڵکی کرد. ئیدی کابرای باریکەلە بێ چەند و چوون دووی کەوت و بەرەو چیاکە وەڕێ کەوت. مورشید، بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە " مونتە سانتو " مایەوە، ڕۆژی بە وەعزدان و کارکردنەوە دەبردە سەر و شەوان لە دەخمە و شکەفتەکەی " ماریا کوادرادو " دەخەوت. لەو ماوەیەدا هەر هەموو کڵێسا وپەرستگە چکۆلەکانی سەر چیاکەی خاوێن ونۆژەن کردەوە، حەسارێکی لەمبەر و لەوبەری ڕێگەی ویاساکرا (ڕێگای موبارەک) دروستکردبوو. دوای ماوەیەک مقۆمقۆیەک لە نێو خەڵکی بڵاوبووەوە کە نە ئەو ونە ماریا شەوان نەدەخەوتن و لە پای میحرابە ڕەنگاوڕەنگەکەدا بەدەم شەو بێدارییەوە باسی روحیان کردووە. هەندێکی دی دەیانگوت کە پیاوەکە لە سەر دۆشەکە کا ئاخنەکەی ئەو دەخەوت و ژنەکەش شەونخونی بەدیارییەوە دەکرد. بە هەرحاڵ، حەقیقەتەکە ئەمە بوو کە ماریا کواردرادو بە نیو نەخت لە مورشید دوور نەدەکەوتەوە، وەکو سێبەر لە دووی بوو، بە ڕۆژەوە بەردی لە گەڵیا دەگواستەوە و شەوانیش بە چاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای دەکرد. وێرای ئەوەش هەموو خەڵکی شار وەختێ بەیانیەک خەبەریان بووەوەو زانیان کە مورشید مونتە سانتوی بە جێهێشتووەو ماریا کوادرادوش بەگەڵ موریدەکانی ئەو کەوتووە، لە گەڵیا ڕۆییوە، سەریان سوڕما.

***

لە مەیدانێکی سەرووی شاری باهیادا، بینایەکی بەردینی کۆن هەیە کە بە گوێچکە ماسی ڕەش وسپی ڕازێنراوەتەوە، وەکو زندانان دیوارێکی ئەستووری زەرد باوی بە دەورا کێشراوە. ئەم ساختمانە کە ڕەنگە هەندێک لە خوێنەرەکانم بە قەڵای تاریکئەندیشی بزانن: " دێری خاتوونی رەحمەت " کە دێری کاپوسینەکانە، ئەمانە فیرقەیەکن کە بە خودشکێنی ومژدەبەرایەتی ناوبانگیان دەکردووە. بۆچی باسی شوێنێکتان بۆ دەکەم کە بە نۆڕینی هەر کەسێکی ئازادیخواز، ڕەمزی هەر شتێکی قێزەونە؟ بۆ ئەوەی پێتان بێژم کە دوو ڕۆژ لەمە پێش، وەختایەک دوا نیوەڕۆیەکی تەواوم تیایدا بەسەر برد، چ شتانێکم بیست وزانی.

من بۆ ئەوە نەچووبووم بۆ ئەوێندەر، تا زەمینە بۆ گوتار و وەعزێکی ئاگرینی ئامۆژگاری ئامێز، فەراهەم بکەم کە بە باوەڕی زۆرێک لە هاوڕێیان، دەبوا لە سەربازگە ودێران وبە شێوەیەکی گشتی کە مەڵبەندانی چەوساندنەوەو خورافات پێشکەش کرابا، تا بتوانین، ئەو بتانە بشکێنین کە لەم دەزگا و شوێنانەدا لە مێشکی کرێکاراندا دروستکراون و تا پێیان نیشان بدەین کە ئەم بت وبتخانانە، پیرۆز نین وقابیلی ئەوەن هێرشیان بکرێتە سەر ولە بناغەوە هەڵبتەکێنرێن. (ئەو دار ودەستەیەتان لە بیرە کە لە بەرشەلۆنە، داوایان دەکرد هێرش بکرێتەسەر دێران وڕەبەنیتان ئاوس بکرێن، تا پێگە وپایەی مێیاتی وژنایەتی خۆ، کە خەڵوەت نشێنی و گۆشەگیری لێی سەندبوونەوە، وەربگرنەوە؟) چووم بۆ ئەو دێرە تا لە گەڵ برایەکدا ( مەبەست برای دینییە ) بە ناوی " جوایو ئیڤانجلیستا دی مونت مارسیانو " گفتوگۆ بکەم، کە بە ڕێکەوت، خۆم و بەختم حیکایەتێکی غەریبم خوێندبووەوە کە ئەم برایە نووسی بووی.

یەکێک بوو لە نەخۆشەکانی دکتۆر " خوزیە باتیستا دی سا ئولیفیرا " کە پێشتر باسی کتێبەکەیەم " کاژەڵە ناسی " م بۆ کردوون و هەندێجاریش لە هەندێ حاڵەتدا هاوکاری دەکەم، خزمی بەدەسەڵات ترین و بەهێزترین پیاوی ئەم دەڤەرەیە، واتە خزمی بارون " دی کانا براڤا "یە. وەختایەک دکتور باتیستا خەریک بوو مالیجەی کرمی شریتی بۆ ئەم پیاوە دەکرد، ئەم پیاوە ناوی " لیلیس بیدادیس " بوو، کاری پارێزەری بوو، بۆی گێڕاینەوە کە چۆن موڵک ومەزرایەکی بارون، لە لایەن کابرایەکی شێتەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵان داگیر دەکرێ و دەیکات

بە ناوچەیەکی محەڕەمە. ئەم " لیلیس بیدادیس "ە دەبێ بە پارێزەری بارون، تا لە دادگا بەرگری لە مافی بارون بکات وموڵک ومەزراکەی بۆ وەربگرێتەوە. هەڵبەتە داگیرکردنی موڵک ومەزرای کەسێکی موڵکداری ئەرستۆکرات، لە لایەن گروپێکی چەوساوەوە، بە لای هەموو شۆڕشگێڕێکەوە هەواڵێکی خۆشە، هەرچەندە ئەم خەڵکە هەژار و بێنەوایە – بە گوتەی کابرای پارێزەر کە لە سەر لەگەنێک دانیشتبوو بەدەم نقاندنەوە زۆری لە خۆی دەکرد، تا ئەو کرمانەی کە دەرمانەکە کوشتبوونی فڕێ بدات، خەڵکانێکی مەزەبی توندڕەو بوون. بەڵام ئەوەی بووە هۆی ئەوەی کە گوێ بگرم، ئەمە بوو کە لە ناکاوا گوتی ئەمانە، زەماوەندی مەدەنی وفەرمیان قەبووڵ نەبوو، پەیڕەوی جۆرە ڕەسمێکیان دەکرد کە کابرای پارێزەر (لیلیس بیدادیس) ناوی نابوو " هەرزەیی ". بەڵام هەر کەسێک لە نزیکەوە شارەزای داب و نەریتی جڤاکی ئەم کۆمەڵگەیە بوایە، ئەمەیان بە ڤیان وعەشقی ئازاد دەزانی. " ئیدی بە بیانووی ئەم بەڵگە ونیشانە ئاشکرایەی گەندەڵی ئەخلاقیەوە، دەوڵەت بێگومان ناچار دەبێت، ئەو وشکە دیندار ومەزەبیانە لەو موڵکانە وەدەربنێ. " ئیدی بەڵگەی دەستی ئەو بۆرە پیاوە دەڵاڵ سیفەتە، هەمان ئەو حیکایەتە بوو کە ئاماژەم کردێ و ئەو زانیاریانەی لە کڵێساوەو بە یارمەتی کڵێسا، کە ئەویش لە خزمەتی ئەرستۆکراتاندا بوو، بەدەست هێنابوو.

ئیدی برا جوایو ئیڤانجلیستا دی مونت مارسیانو " لە لایەن قەشەباشی باهیاوە بۆ مەزراکە نێردرابوو، کە خەبەری کاری یاخیانە وگومڕاهانەی ئاکنجیانی ئەو موڵک وزەویانەی بەدەست گەیی بوو. ئەم ڕەبەنە ڕۆیی بوو تا بزانێ لە کانودوس چ باسە، زۆر زوو، شپرزە و هەراسان لەو شتانەی کە لەوێندەر دیتبوونی، گەڕابووەوە.

دیارە گێڕانەوەکەی ئەم پیاوە، زۆر شت ڕوون دەکاتەوە، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە بۆ بابایەکی کاپوسینی دیتنی ئەم شتانە ناخۆش بووە. بۆ بابایەکی لیبرال وئازاد بیریش بەڕاستی هەیەجان ئەنگێزە. ئیدی غەریزەی ئازادیخوازی کە کۆمەڵگەی چینایەتی بە ئەوزارێن وەکو: خێزان، قوتابخانە، ئۆل ودەوڵەت، کە تایبەتە بە تێکشکاندنی هەر شتێکی خودی ئینسان، خەفەی دەکات، بووە بە ڕێنوێنی ئەو خەڵکانەی کە بە ئاشکرا دژی ئەو دەزگایەن کە مەبەست و ئامانجی، دەستەمۆ کردنی هەست و ئارەزووانە، ڕاپەڕیون. ئیدی خەڵکی " کانودوس " بە گوتەی خۆیان، ئەو قانوونی زەوجینەیان، کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە بەرازیل دەرچووە، پێ قەبووڵ نییە وزەوجینی ئازادانەیان لە جیاتی داناوەو جیابوونەوەی ژن و مێردش لە ناویاندا ئازادانەیە، ئیدی زەوجین وجیابوونەوە، تەنیا وتەنیا پەیوەندی بە ڕەزامەندی ژن و پیاوەوە هەیە، تەنانەت ئەو پیاوانەش کە منداڵ لە ژنان دەخەنەوە، هەقی باوکایەتیان بەسەر ئەو منداڵەوە نییە کە لە دایک دەبێت، چونکە ڕابەر یان پێشەواکەیان، کە بە خۆیان مورشیدی پێدەڵێن – فێری کردوون، کە هەر منداڵێک دێتە دنیاوە، حەڵالزادەیە. ئایا ئەمە بەلای ئەنگۆوە جۆرە ماقولیەتێکی تیا نییە؟ وا نایەتە بەرچاو کە هەندێک لە ئارمانجە بنەڕەتیەکانی شۆڕشەکەمان لە کانودوس هاتبێتە دی؟

عەشقی ئازاد، مافی باوکایەتی ئازاد، سڕینەوەی ئەو جیاوازیە نەنگینەی کە دەخرێتە نێوان زوڕیەتی حەڵالزادە و حەرامزادەوە، باوەڕهێنان بەوەی کە نە ئابڕوومەندی و نە بێ ئابڕوویی ئینسان، بۆ ماوەیی نییە. باشە من هەقی خۆم نەبوو دەستبەرداری نەفرەتی سروشتی خۆم ببم و بچمە دیدەنی ئەم کابرا کاپوسنە؟

ئەو کەسەی کە زەمینەی بۆ ئەم هەڤدیتنە فەراهەم کرد، پارێزەرە ناشیەکەی بارون " دی کانا براڤا " بوو کە پێی وابوو من سالآنێکە شەیدای خورافاتی ئۆلیم ( هەڵبەتە لە ڕاستیا ئەمە وابوو ) هەڤدیتن وهەڤپەیڤینەکە، لە هۆڵی نانخواردنی دێرەکەدا ئەنجام درا، کە ژوورێک بوو دیوارەکانی یەکپارچە وێنە و ئیکۆنەی پیاوچاکان و

شەهیدان بوو، دالانێکی چکۆلەی کاشیکاری لە بەردەما بوو، حەوزێکی ئاوی تیا بوو زۆرجار ڕەبەنانی کڵاو لە سەری، جبە لەبەری، جبە ڕەش دەهاتن، گوریسی سپیان لە ناو قەدی خۆ دەبەست، تا بە دەولکان ئاوی لێ هەڵکێشن. ڕەبەنەکە بە سینگ فراوانی هەموو قسە و پرسیارەکانی وەرگرتم، وەختایەک کە زانی دەکارین بە ئیتالی، کە زمانی زکماکی ئەو بوو، قسان بکەین دەرکەوت کە پیاوێکی دەماوەرە. خەڵکی باشوورە، هێشتا گەنجە، کەسێکی کورتە باڵا، قەڵەو، ڕیشن، تەوێڵ پان، دیار بوو کە بەشەرێکی خەیاڵاوییە، لاجانگە قوپاوەکانی وملە ئەستوورەکەی وای دەنواند کە بەشەرێکی دڵڕەش، ڕکونی، چیکڵدانە تەنگ، کورتبین وتۆرینۆکە. ئەوەی لە میانی هەڤپەیڤینەکەمانەوە بۆم دەرکەوت ئەوە بوو کە ڕقی زۆری لە " کانودوس " بوو، هەم لە بەر شکستی ئەو ئەرکە مەزهەبییەی ئەوی بۆ ئێرە کێشابوو و هەم لە بەر خاتری ئەو ترسەی لە نێو ئەو یاخی و گومڕایانەدا کەوتبووە گیانی. بەڵام ئەگەر چاوپۆشی لەو زێدەڕۆیی و ڕق و کینانە بکەین کە لە قسەکانیا هەبوون، بە ڕاستی هەندێ شتی باڵکێشی دەگوت.

ئەو شتانەی من لە زاری ئەم ڕەبەنەم ژنەوت، بەشی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "پریشکی شۆڕش"ی دەکرد. جەوهەری مەسەلەکە ئەمەیە، کە ئەم هەڤپەیڤین و گوت وبێژە، دروستی ئەو گومان و مەزەندەیەی منی سەلماند کە لە " کانودوس "دا خەڵکانی سادە و بێ ئەزموون هەن، کە خۆبەخۆ، خۆڕسکانە، بە زەبری غەریزە وخەیاڵ، زۆر شتان دەکەن کە ئێمەی شۆڕشگێڕانی ئەوروپایی، بە پێویستی دەزانین بۆ بەرقەراری ڕژێمی دادوەری لە سەر ئەم مەرز و بۆیە. ئیدی ئێوە خۆتان حوکم بدەن. " جوایو ئیڤانجلیستا " تەنیا یەک هەفتە لە کانودوس مایەوە، دوو هاوپیشەی خۆشی، واتە دوو قەشەی دیکەی لەگەڵدا بوو، یەکێکیان کاپوسنێکی خەڵکی باهیا بوو، ئەوی دیکە قەشەیەکی خەڵکی شارێکی نزیکی کانودوس بوو، ناوی " دون یواکیم " بوو – با ئەوەش بڵێم – کە " جواو " بە هیچ جۆرێ حەزی لە چارەی نەدەکرد ( دەڵێت مەیگوسار و ئالودەیە، پاک نییە، هەرزەیە، خەڵکی هاندەدات داشداری وهاوسۆزی دەگەڵ یاخیاندا بکەن). پێش ئەوەی بگەنە " کانودوس " – دوای سەفەرێکی دژواری هەرژدە ڕۆژە – ئەوانە نیشانەکانی " یاخی بوون و پاشاگەردانی " بەدی دەکەن، بە چیا؟ بەوەدا کە هیچ بەڵەد و دەلیلێک ئامادە نەبوو بۆ ئەوێندەریان ببات. کە دەگەنە سێ فرسەخی ئەو مولک و مەزرایە تووشی مەفرەزەیەکی چەکدار دەبن، هەموو تفەنگی لوولە درێژ و قەمەی گەورەیان پێدەبێ، ڕەفتاریان لە گەڵ ئەماندا دژمنانە دەبێم ڕێگەیان پێنادەن تا " دون یواکیم " کە ئاشنایان دەبێ، دەکەوێتە بەینەوە، هەنگێ ڕێگەیان پێدەدەن. لە کانودوس تووشی کۆمەڵە خەڵکێکی مردەلۆخی ڕەنگ و ڕووو سیسەڵە و چرچەڵە دەبن، هەموو لە خانوچکەی گڵدا بە سەر یەکدا ڕژابوون و سەراپا لە چەکدا نقوم بوون " تا بەرەڤانی لە مورشید بکەن کە حکومەت بە نیازی کوشتنی بوو. " قسەکانی قەشە کاپوسن، کە بە دیتنی ئەو هەموو چەک و چەکدارانە، ترسی لێنیشتبوو هێشتا لە گوێمدا دەزرینگێنەوە. " چەکەکانیان نە لە کاتی نان خواردن و نە لە کاتی نوێژدا دانەدەنا، زۆر بە خۆو بە چەکەکانیانەوە دەفشین، ئیدی جۆرەها تفەنگی درێژو قەرەبینا ودەمانچە وقەمە وشمشێر و ڕەخت و فیشەکدانیان پێ بوو، دەتگوت لە ئان وساتدان کە بچنە شەڕ. " ( نەمتوانی مەسەلەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە، بەڵام تێم گەیاند، کە ئەوانە لەوەتای مولک ومەزراکەی بارونیان بە تۆپزی داگیر کردووە، خۆیان بۆ ئەم شەڕە ئامادە کردووە.) ئەو بە دڵنیاییەوە دەیگوت کە ئەو پیاوانە تاوانباری زۆر بە نامێیان تێدایە، بە تایبەتی ناوی یەکێکیانی برد کە ناوی " جواو شەیتان" بوو کە لە سەرانسەری دەڤەرەکەدا بە بێ ڕەحمی و دڵڕەقی مەنشوور بوو " ئیدی بە خۆ و دار ودەستەکەیەوە هاتبوو کە لە "کانودوس" بژی و یەکێک بوو لە سەردەستەکانی مورشید. " جوایو ئیڤانجلیستا " دەیگوت گلەیی لە مورشید کردووە وپێی گوتووە: " ئەگەر بە ڕاستی مەسیحین، بۆچی ڕێگە دەدەی

ئەم تاوانبارانە لە کانودوس بمێننەوە ؟ " وەڵامەکەی ئەمە بووە: " بۆ ئەوەی بیانکەین بە خەڵکی باش. ئەگەر دزییان کردبێ یان پیاویان کوشتبێ، لە بەر هەژاری بووە. لێرەدا هەستدەکەین کە بوون بە ئەندامی ماڵباتێکی مرۆڤانی، بەمەش خۆشحاڵن. ئامادەن لە ڕای پاککردنەوەی گوناحەکانیاندا هەر کارێک بکەن. ئەگەر لە ڕیزەکانی خۆماندا قەبووڵمان نەکردابان، تاوانی زیاتریان دەکرد. بەلای ئێمەوە کاری چاک وخێر ئەوەیە کە مەسیح دەیکرد.

هاوڕێیان، ئەم پەیڤانە بە تەواوەتی دەگەڵ فەلسەفەی ئازادیدا تێکدەکەنەوە. ئێوە بە خۆتان دەزانن کە هەر دز و ڕێگرێک خۆبەخۆ و بە تەبیعەت یاخییە، بێئەوەی پێبحەسێ بابایەکی شۆڕشگێڕە، زۆرچاک لە بیرتانە لە ڕۆژگارە درامییەکەی کومونەدا، زۆرێک لەو برایانەی کە بە چاوی تاوانبار تەمەشا دەکران و ماوەیەکیان لە زندانانی بورژوازیەتدا بە سەر بردوو، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بوون وشانبەشانی کرێکاران دەخەبتین و ئەوپەڕی نەفس بەرزی و بوێریان دەنواند.

خاڵێکی گرینگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە: خەڵکی کانودوس خۆیان بە ژاگونسو واتە سەرکێش ویاخی دەزانن. ئەم ڕەبەن و قەشەیەی کە بە ناوی مژدەبەرییەوە سەفەری زۆری بۆ ئەو دیار و دەڤەرانە کردبوو، دانی بەوەدا نەدەنا کە ئەو ژنە پێ پەتی و ئەو پیاوانەی کە جاران زمانیان لە دەما نەبوو و زۆر شەرمن وخاکی بوون و هەنووکە خۆیان بە نوێنەر و مژدەبەری کڵێسا وخوا دەزانی. "ئەمانە دژمنی سەرسەختی کۆمەڵگەن. قەت چاک نابن، خوێن بەرچاوی گرتوون، خوێنیان هاتووەتە جۆش، هورا دەکێشن، قسە بە یەکدی دەبڕن، تا هەزار ویەک قسەی دزێو و بێسەر و بەر بکەن، لەو قسانەی کە هەر بابایەکی مەسیحی پێی ڕادەچڵەکێ… لەو قسانەی کە هیچ یاسا و ڕێسا و مۆڕاڵێکی جوان پێی ڕازی نابێت، لەو قسانەی بیخەیتە سەر نان سەگ بۆنی پێوە ناکات. بۆ نموونە باوەڕیان وایە هەر کەسێ لە خەمی ڕزگاری ڕوحی خۆیدا بێ، دەبێ بۆ " کانودوس " بڕوات، " چونکە باقی جیهان کەوتۆتە دەست مەسیحی دەجال. " ئایا دەزانن ئەم یاخی وسەرکێانە مەبەستیان لە مەسیحی دەجال کێیە؟ مەبەستیان ڕژێمی کۆمارییە. بەڵێ بە ڕژێمی کۆماری دەڵێن مەسیحی دەجال. بەڵێ هاوڕێیان مەبەستیان ڕژێمی کۆمارییە. ئەمانە ڕژێمی کۆماری بە سەرچاوەی هەموو بەڵا و مسیبەتێک دەزانن، هەڵبەتە هەندێک لەم بەڵایانە خەیاڵی بوون، بەڵام هەندێکی ڕاستەقینەشیان تیا بوو وەکو برسیەتی و باجی دەرامەت. هەڵبەتە " جواو ئیڤانجلیسا دی مونت مارسیانو " باوەڕی بەو قسانە نەدەکرد کە دەی بیستن. هەڵبەتە من دڵنیام کە نە ئەو و نە فیرقەکەی و نە کڵێسا زۆریان کەیف بە ڕژێمی تازەی بەرازیل نەدەهات، چونکە ڕژێمی کۆماری وەکو لە گوتاری پێشوودا بۆتانم نووسی بوو، پڕ بوو لە ماسونییان، ماسونیەتش لە ڕاستیا بە مانای لاواز کردنی کڵێسا بوو. بەڵام ئەمە لە کوێ و ئەوەی ڕژێمی کۆماری بە مەسیحی دەجال بێتە شوبهاندن لە کوێ! جا قەشە کاپوسن کە بە خەیاڵی خۆی دەیویست من تووره بکات یان بمترسێنێ تا لەو جەماعەتە دوور بکەومەوە و ڕقم لێیان ببێتەوە، هەندێ شتی دەگوت کە بە گوێم خۆش بوو، وەکو موزیقا بوو. گوتی: " ئەمانە گروپێکی سیاسی – مەزەبی چەکدارن کە چەکیان دژی حکومەتی دەستووری وڵات هەڵگرتووە. خۆیان کردووە بە دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا، چونکە یاسای دەوڵەتیان قەبووڵ نییە، دان بە دەسەڵاتی ڕژێمی کۆماریدا نانەن و نایەڵن پارەی دەوڵەت لەوێندەر بەکار ببرێت. " ئیدی زەین کوێری ئەم پیاوە نەیدەهێشت ئەقڵی بەوەدا بشکێ کە ئەو برایانە بە تەبیعەت و خۆڕسک، بڕیاریان داوە کە دژی دوژمنی ڕاستەقینەی ئازادی، واتە دژی دەسەڵات ڕاپەڕن. ئەو دەسەڵاتەی کە ئەوان سەرکوت دەکات، لە زەوی و خوێندن و یەکسانی بێبەشیان دەکات، کێیە؟ مەگەر هەمان ڕژێمی کۆماری نییە؟ ئێستا کە چەکیان هەڵگرتووە تا دژی کۆمار بجەنگن، خۆی لە خۆیدا مانای دروستی ئەو ڕێگایەیە کە

هەڵیان بژاردووە... تاقە ڕێگای بەردەم خەڵکی چەوساوە بۆ شکاندن و پچڕاندنی کۆت و زنجیرەکانیان، خەباتی ڕادیکاڵییە.

هەڵبەتە ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە. خۆتان بۆ شتێکی سەیرتر ئامادە بکەن. " جواو ئیڤانجلیستا " دڵنیای کردووم کە کانودوس جگە لە سێکسی هاوبەش، قەراری بەرپاکردنی ڕژێمی موڵکیەتی هاوبەشیشی داوە: هەموو شتێک موڵکی هەمووانە... دەڵێن مورشید قەناعەتی بەم یاخی و سەرکێشانە کردووە کە گوناحە – باش گوێتان لە قسەکانم بێت – هەر موڵکێکی مەنقول یان نیمچە مەنقول بە موڵکی تایبەتی ئەم کەس یان ئەو کەس بزانرێ. خانوو، زەوی و زاری کشت وکاڵی، بەر وبووم و حەیواناتی ماڵی، موڵکی جەماوەری خەڵکە، هی هەموو خەڵکە نەک هی یەک کەس... مورشید قەناعەتی پێکردبوون کە تا موڵک وماڵی کەسێک زیاتر بێ، ئەگەری ئەوەی لە ڕۆژی پەسلاندا، بەر بەخشین و ڕەحمەتی خوا بکەوێ، کەمترە. وادیارە بیرو بۆچوونەکانی ئێمەی پراکتیزە دەکرد، بەلام لە ژێر پەردەی دیندا، ئەمەش سەدەمی تاکتیکی خۆی هەبوو، واتە ناچار بوو، ئاستی نزمی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی موریدەکانی ڕەچاو بکات. ئایا ئەمە باڵکێش نییە، کە لە شوێنێکی دوورە دەستی بەرازیل دا، گروپێکی سەرکێش و یاخی بیانەوێ، کۆمەڵگەیەک دروست بکەن کە زەوجینی فەرمی و لە پارە و پول خاڵی بێت و موڵکیەتی گشتی جێگەی موڵکیەتی تایبەتی بگرێتەوە؟

ئەم بیرۆکەیە پەیتا پەیتا لە زەینمدا دەخولایەوە، لە کاتێکا " جواو ئیڤانجلیستا دی مونت مارسیانو " بۆی دەگێڕامەوە کە دوای یەک هەفتە وەعزخوانی لە کانودوس و لە هاماجێکی تەژی بێدەنگی دژمنایەتی ئامێز، لە ناکاوا بۆی دەرکەوتووە کە خەڵکی بە ماسۆنی و پرۆتستان ناویان بردووە، تەنیا لە بەر ئەوەی یاخییەکانی ( سەرکێش) هانداوە کە بۆ گوندەکانی خۆیان بزڤڕنەوەو کە داوای لێکردوون ڕادەستی ڕژێمی کۆماری ببنەوە بە جۆرێ دەهری بوون و هاڕوژاون کە ئەو ناچار بووە بە پەلەپڕوزێ لە کانودوس هەڵێت و خۆی ڕزگار بکات. گوتی: " کڵێسا لەوێندەر دەسەلاتی خۆی لە دەست دابوو، بە هۆی مێردەکێکی شێتەوە کە هەموو وەختی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە خەڵکی هانبدات تا ڕۆژ تا ئێوارێ بەوەوە خەریک بن، کە پەرەستگەیەکی بەردین دروست بکەن. " هەڵبەتە من نەمدەتوانی ببم بە شەریکی خەم و پەژارەی ئەو، بەڵکو لە جیاتی ئەوە خۆشحاڵ بووم و هەستم بە هەڤدڵی دەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەکرد کە لە سایەی بەرەکەتی ئەوانەوە، ئەو ئاوات و ئارمانجەی کە هێزێن کۆنەپەرست و پاشڤەڕۆ وایان وێنا دەکرد کە لە خوێنی شۆڕشە شکست خواردوو وناکامەکانی ئەوروپا دا نقومیان کردووە، سەر لە نوێ لە بیابانەکانی بەرازیل دا، وەکو قەقنەس لە ناو خۆڵەمێشەکەی خۆیەوە زندوو دەبێتەوە.

ئیدی تا نامە وگوتارێکی دی... یان هیچ نامە و گوتارێکی دی.

( ٤ )

وەختێ لیلیس بیدادس، پارێزەرەکەی بارون " دی کانا براڤا " بە فەرمی بە دادگای " سلڤادور"ی ڕاگەیاند کە مەزراکەی " کانودوس " لە لایەن چەتە و یاخیەکانەوە داگیر کراوە، سێ مانگێک دەبوو کە واعیز لەوێندەر جێگیر بووبوو. ئیدی زوو بە زوو هەواڵ لە هەموو دەڤەرەکە بڵاو بووەوە: ئەو پیاوی خودایە کە چارەکە سەدەیەک بوو پانی و درێژی دەڤەرەکەی دابووە ژێر پاوە، سەرەنجام لەو بەرزاییە بەردەلانەدا، کە پێیان دەگوت کانودوس گیرسابووەوە، ناوەکەی لەو سەبیلانەوە وەرگیرابوو کە لە کانودوس –لە قەدی نەی شەکر – دروستیان دەکرد و خەڵکی دەڤەرەکە بۆ تووتن کێشان بە کاریان دەبرد، ئێرە بۆ گاوانان شوێنێکی ئاشنا بوو، کە شەوان بە

گاڕانەکانیانەوە لە ڕەخی ڕوباری " ڤا – باریس " دەمانەوە. لە هەفتە ومانگەکانی دواتردا، خەڵکانی کونجکاو، خەتابار، نەخۆش وئاوارە ودەربەدەر، هەڵاتوو لە یاسا، بڕبڕ لە باکوور و باشوورەوە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، ڕوویان دەکردە "کانودوس"، بەو ئومێدەی لەوێندەر بەخشینێ، پەناگەیە، شفایە، شادیە، ئاسوودەییەک بدۆزنەوە.

ئەو ڕۆژەی مورشید وموریدەکانی گەیشتنە کانودوس، بۆ سبەی دەستی بە دروستکردنی پەرەستگەیەک کرد، کە دەیگوت دەبێ سەرانسەری لە بەرد بێ و دوو منارەی زۆر بەرزی هەبێت و بۆ مەسیحی موبارەک تەرخان بکرێت. بڕیاری دا کڵێساکە ڕێک لە بەرانبەر کڵێسای "سانتو ئانتونیو" کە نوێژخانە و پەرستگەی مەزرا و موڵکەکە بوو، دروست بکرێ. ئەو کە لە بەر ڕوناکی ئاگرێکی کراوەی سەرووی شارەوە وەعزی دەدا گوتی: " با دەوڵەمەندان دەستی خۆ بەرزبکەنەوە. من بۆیە دەستی خۆم بەز دەکەمەوە، چونکە من یەکێکم لە ڕۆڵەکانی خوا کە ڕوحێکی نەمری پێ بەخشیوم، کە دەتوانی بەهەشت، کە تاقە دەوڵەمەندیی ڕاستەقینەیە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، من بۆیە دەستی خۆم بەرز دەکەمەوە چونکە خواوەند لەم دنیا هەژاری کردووم تا لەو دنیا دەوڵەمەند بم. دەیسا با دەوڵەمەندان، دەستیان بەرزبکەنەوە. "

هەنگێ لە بەر نیمچە ڕوناکییەکی پڕ لە کەڵە پشکۆ، جەنگەڵێک لە دەستان، لە نێو جل و بەرگی شڕۆڵە، چەرم و کراسی تاڵکێشەوە بەرز بووەوە. موریدەکان پێش وەعزەکە و پاش وەعزەکە نوێژیان کرد و سروودیان خوێند و بە ناو ئەو کوختە و پەناگە نیوە تەواو کراوانەدا، کە لە دار و گەڵا و هەژگ و بژاڵ و خەرقە و پەڕۆ دروستیان کردبوو و شەوان لەوێندەر دەخەوتن، کەوتن و، بەو شەوە هۆراو هاواریان لەو دەشت و دەرەدا دەنگی دەدایەوە: بژی پاکیزە، بژی مەسیحی موبارەک، بمرێ شەیتان، مردن بۆ مەسیحی دەجال.

پیاوێکی خەڵکی "ماراندیلا" کە گەمەی ئاگرینی دروست دەکرد و لە کەڕنەڤاڵ و ئاهەنگەکاندا، دەی تەقاند – ئانتونیوی فشفشە ساز – ئەمە لە پێش هەموو زیارەتکارەکانی دیکەوە گەیی بووە کانودوس ولەو ڕۆژە بە دواوە هەرجارێ ڕێ و ڕەسمێک لە کانودوس بەرپا کرابا، ئیدی فشفشەکانی ئاسمانیان دەکرد بە چراخان.

مورشید بە خۆی سەرپەرشتی دروستکردنی پەرستگەکەی دەکرد و لەم کارەدا، شیرەتی بە ناو وەستایەکی کارامە دەکرد کە یارمەتی دابوو گەلێک لە پەرستگە و نوێژخانەکان نۆژەن بکاتەوەو کڵێسای مەسیحی موبارەک، لە کریسوپولیس دا، لە بناغەوە تا ساپیتە، دووبارە دروست بکاتەوە، کۆمەڵێک موریدی بۆ بەرد هەڵکەندن ، لە بێژنگدانی لم و دارهێنان دانابوو. ئێواران – گەر بە ڕۆژوو نەبوایە – دوای خواردنی نانێکی هەژارانە کە بریتی بوو لە پاروویەک نان، یەک دوو میوە، کەوچکێک مانیوکی کوڵاو و چەند قومە ئاوێک، مورشید خێر هانینی تازە هاتووەکانی دەکرد وئەوانی دیکەی ڕادەسپارد کە میوانداریان بکەن. دوای خوێندنی دوعا و نزای " نوێژی ئیمان، باوکی ئێمە و، سڵاو لە مریەم " بە دەنگێکی ڕەوان وەعزی دەدا و هەمووانی بۆ زوهد و پارسایی و ڕیازەت و سەرکوتکردنی شەهوەت وپارێز وقنیات هاندەدا. ئیدی باسی ئەو کەشف و شهودانەی بۆ دەکردن کە زیاتر لەو بەیت و حیکایەتانە دەچوون کە حیکایەتخوان و بەیت بێژانی گەڕۆک لە گوندەکاندا بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە: کۆتایی دنیا نزیک بووەتەوەو ئەمەش بە هەمان ئاشکرایی کانودوس بە سەر لوتکەی ئافانیلاوە دەبینرێ. ڕژێمی کۆماری بەردەوام سەربازی تفەنگ بە شانی بۆ دەستگیرکردنی ئەو دەنارد تا نەهێڵن قسە بۆ هەژاران بکات، بەڵام چەندیش خوێن هاتبا ڕشتن " سەگە گەورەکە " نەیدەتوانی زەفەر بە مەسیح ببات وبیگەزێت.

لافاوێک هەڵدەستێ، عەردهەژێکی بە دوودا دێت. خۆر بە جۆرێ دەگیرێت کە دنیا تاریکی تاریک دەبێت و خەڵکی ناچار، وەکو کوێران بە لەپە کوتێ وکوێرە کوێر دەڕۆن، لەو کاتانەدا لە نزیکەوە دەنگی شەڕ دێت، هەزاران

کەس لە ترسا زراویان دەتۆقێ و دەمرن. بەڵام کە تەم و مژەکە دەرەوێتەوە، خەڵکی، ژن و پیاو، لە سپێدەیەکی ڕۆشنا سوپای " دون سپاستیاو " دەبینن کە لە کێو و بەندەنەکانی کانودوس دا دەوریان دەدا. هەنگێ شای نەجات، ئەو شایە بە شەوکەت وشکۆیە، لەشکری قان (شەیتان) دەشکێنێ ودنیا بۆ خواوەند پاک وخاوێن دەکاتەوە.

دون سپاستیاو، بە زرێ و شمشێری ڕەخشانەوە دێ، خەڵکی سەر و سیمای میهرەبانی ئەو دەبینن کە سواری ئەسپێک بووە، زینەکەی بە ئەڵماس ڕازاوەتەوە، بە ڕوویانەوە پێدەکەنێ، چونکە پەیامەکەی کە ڕزگاریی خەڵکە هاتۆتە دی، ئیدی بە سواری ئەسپەکەی و لە گەڵ سوپاکەیدا دەڕوات تا بگەڕێتەوە بۆ قوڵایی دەریا.

ئیدی هەموو ئەو دەباخچیان و وەرزێران و نیوەکاران، مەڵحەم فرۆشان، دێوەران، جلشۆران، مامانان و ژنە دەرۆزەکەرانەی کە دوای سەفەری دوور و درێژی چەندین شەو و ڕۆژ، هەموو دار ونەداری خۆیان، لە عەرەبانەی چادردار یان لە کەر بار کردبوو و بۆ ئەوێندەر، کانودوس هاتبوون، ئێستا لەوێ و لەو تاریکییەدا دانیشتبوون و گوێیان دەگرت و دەیانویست باوەڕبکەن… هەستیان دەکرد چاویان تەژی ڕوندک دەبن. بە هەمان باوەڕی موریدەکانی هەوەڵجاری مورشید نوێژ و نزا و وێردیان دەخوێند، ئەو کەسانەی کە دوعایان نەدەزانی زۆر زوو فێری نزا ونوێژ و وێردخوێندن دەبوون. ئانتونیو ڤیلانوڤا، دووکاندار لە کانودوس، لە هەموو کەس زیاتر ئارەزوومەندی فێربوون بوو. زۆرجار دەگەڵ "چکۆلەی موبارەک"دا بە ڕەخی دەریادا یان بە قەراخ مەزرا تازە داچێنراوەکاندا، پیاسەی دەکرد.

"چکۆلەی موبارەک" زۆر بە حەوسەڵە، ئەرک ورێنماییە ئاینییەکانی بۆ ڕوون دەکردەوە، هەنگێ ئانتونیو، ئەو شتانەی، کە فێریان دەبوو، بۆ "هونوریو" ی برای و " ئانتونیا " ی هاوسەری خۆی و " ئاسونسیا "ی براژنی و منداڵەکانی ئەوانی دەگێڕایەوەو فێری دەکردن.

لە خواردن وخۆراکیان کەم نەبوو، ئازووقە و سەوزە وگەنم وگۆشتیان هەبوو. چونکە ( ڤازا – باریس ) ئاوی هەبوو، دەیانتوانی دانەوێڵە دابچێنن. میوان و تازە هاتگەکانیش موونە و ئازووقەیان دەگەڵ خۆدا دێنا، شارەکانی دیکەش زۆرجار، مریشک وقەلەموون وکەروێشک وبەراز وبزنیان بۆ دەناردن. مورشید داوای لە " ئانتونیو ڤیلانوڤا " کردبوو، کە خۆراکەکان عەماربکات و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر نەداراندا دابەشی بکات. بەبێ هیچ بەرنامەیەکی تایبەتی. بەڵام بە چاودێری مورشید وبەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەو، ژیان لە کانودوس دا بەرەبەرە دەکەوتە سەر سکە و ڕێک و پێک دەبوو، هەرچەندە جارجار کێشە و ئاریشەش چێدەبوو. " چکۆلەی موبارەک " ئەرکی ڕێنوێنی وپێشوازی و وەرگرتنی دیاری و هاوکاری ئەو زیارەتکارانەی لە ئەستۆ بوو کە دەهاتنە زیارەت، بەڵام دیاری وهاوکارییەکان نەدەبوو پارەی تیا بێ. خۆ ئەگەر بیانوستبا پارەی کۆماری پێشکەش بکەن، ئەوە دەبوا دەگەڵ ئەبوت جواو یان پاجودا کە ئەهلی جەنگ بوون، بچن بۆ " کومبی " یان " ژواسیرو " و بە پارەکانیان کەرەستە و شتی پێویست بۆ پەرستگەکە بکڕن، کەرەستەی وەکو بێڵ، مشاری بەردبڕ، چەکوش، شاوڵ، تەختەی باش، پەیکەری وەلیان وخاچ. دایکە ماریا کوردرادو، ئەو ئەڵقە، گوارە، گوڵە یەخە، شانە، سکەی کۆن، یان توحفەێن سادەی گڵی و ئێسقانییانەی کە زیارەتکاران بە دیاری دەیان هێنان، دەیخستە سەندووقێکی شووشەییەوەو هەر کاتێ بابە یواکیم، قەشەی کومبە یان هەر قەشەیەکی دیکەی ئەو دەڤەرە بۆ ئەنجامدانی ڕێ ورەسمی نوێژ ونزا، عەشای ڕەبانی یان دان پێدانان، یان غوسلی تەعمید، یان مارەبڕینی خەڵکی بۆ کانودوس بهاتبان، ئەو شتانەی لە کڵێسای سانتو ئانتونیو نمایش دەکرد. هەڵبەتە هەمیشە

ئەم بۆنە و ڕێ و ڕەسمانە هەبوون. دوو پیاوی یاخی و هەڵاتوو لە عەدالەت، جواوە زلە و، پدراو کە بەهێزترین پیاو بوون لە کانودوس، سەرپەرشتی ئەو گروپانەیان دەکرد کە بەردیان لە کانە بەردە نزیکەکانی ئەو دەڤەرەوە بۆ پەرستگەکە دێنا. "کاترینا "ی ژنی ئەبوت جواو و "ئەلکساندرینا کوریا " ژنێکی خەڵکی کومبە بوو، کە دەیانگوت کاری ئەفسوون و پەڕجو بووە، خواردنیان بۆ کرێکارانی بیناکە ئامادە دەکرد.

ژیان نە پێرفێکت بوو و نە لە کێشە و ئاریشەیان بەدەر بوو، هەرچەندە مورشید داوای لە خەڵکی دەکرد توخنی قومار و تۆماکۆ و خواردنەوە نەکەون، خەڵکانێک هەبوون قوماریان دەکرد، سیغاریان دەکێشا و عەرەقی نەی شەکەریان دەخواردەوە، وەختایەک " کانودوس " بەرەبەرە گەشەی کرد و گەورە بوو، شەڕ لە سەر ژن، دزی، قەرقەشەی مەستانە دەستی پێکرد و تەنانەت جار بە جار کار دەگەییە شەڕە چەقۆش. بەڵام ئەم واریقاتانە، لە کانودوس دا لە چاو شوێنەکانی دیدا کەمتر بوو، و بە زۆری لە پەراوێزی ئەو مەکۆ و مەڵبەندە چالاک و برایانە و زوهد ئامێزەدا ڕوویان دەدا کە مورشید و موریدەکانی دروستیان کردبوو. مورشید ئارایش و خۆ ڕازاندنەوەی لە ژنان قەدەغە نەکردبوو، بەڵام زۆرجار ئەمەی دووبارە کردبووەوە کە هەر ژنێ زیاد لە پێویست بە جەستەی ڕا بگات، لەوەیە بە ڕوحی خۆی ڕا نەگات، لەوەیە بە ڕوحی خۆی ڕا نەگات و فەرامۆشی بکات و ڕێک وەکو شەیتانان ڕواڵەتی جوان، پەردەیەک بێ بە سەر روحێکی بەدخواو گوناحکارەوە. ئیدی بەرەبەرە ڕەنگی جلک و بەرگی ژنانی پیر وگەنج، ڕۆژ بە ڕۆژ تاریک تر بوو، بەلای ڕەشا چوو، داوێنی جلەکان هەڵکشا گەییە سەر چۆکان، یەخەی کراسان تەنگتر بوو، زۆرتر و زیاتر دەڵب بوو، تا سەرەنجام وەکو جلک ومەنتۆی ڕەبەنیتانی ( ڕاهبە ) لێهات، ئیدی خۆڕازانەوە و ئاراِیشت، تەنانەت ئەو نەوارانەش کە قژیان پێ دەبەستراو دەگەڵ یەخەی کراوەدا نەمان، ئیدی ژنان قژی خۆیان بەر دەدایەوە یان لە بن سەرپۆشی گەورەدا دەیانشاردەوە. جارجار کێشە و ئاریشان بۆ ئەو "مەجدەلیانە" دەهاتەپێش، ئەمانە ژنانێ بوون هەرزە، هەرچەندە بە فیداکاری زۆرەوە بۆ کانودوس هاتبوون ودەست ولاقی مورشیدیان ماچ کردبوو، تا بێنە بەخشین، ئەوجاش ژنانی ڕادیکاڵ و توندڕەو زۆریان لێدەکرد، شانە و تەوقەی دڕوان لە سەریان، وەکو نیشانەی تۆبە لە سەریان بدەن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ژیان ئارام بوو، گیانی هاوکاری لە نێو ڕۆنیشڤانانی (دانیشتووان) کانودوس بەدی دەکرا. یەکێک لە کێشەکان قەدەغەی بەکارهێنانی پارەی کۆماری بوو. هەرکەسێک مامەڵەی بەو پارەیەوە بکردایە، پیاوانی مورشید، هەموو پارە و پولەکەیان لێدەسەند و لە کانودوس دەریان دەکرد. سەودا و مامەڵە و بازرگانی بەو پارانەوە دەکرا کە وێنەی ئیمپراتۆر "دون پدرو" یا کچەکەی، شازادە خانم ئیزابیلی لە سەر بوو. بەڵام چونکە ئەو جۆرە پارانە کەم بوو، ئیدی گۆڕینەوەکاری شت بە شت، زۆر باو بوو. شەکری بۆر بە پاتاوی دەزووچن دەگۆڕدرایەوە، مریشک بە گیا دەرمانی، ئاردی مانیوک بە ناڵی ئەسپ، قرمیدی ساپیتان بە تۆپە قوماش، جۆلانە بە قەمە و سەرەنێزان دەگۆڕدرایەوە و کار لە مەزرا، لە ماڵەوە، لە تەویلە و گەوڕان، لە کولانە مامران، بە کار دەگۆڕایەوە، هیچ کەسێک لە بری ئەو کات وکارەی کە لە ڕای مەسیحی موبارەک ئەنجامی دەدا، هیچی وەرنەدەگرت.

جگە لە پەرستگەکە هەندێ خانووانیش دروستکران کە پاشان بە نێوی شفاخانە نێوی دەرکرد، لەوێدا جێگە و خۆراک بە نەساغان، دان عەمران و منداڵانی سێوی دەدراو سەرپەرشتی دەکران. لە هەوەڵەوە ماریا کوادرادو سەرپەرشتی ئەوێندەری دەکرد. بەڵام پاشان کە خەڵوەتخانە – کولبەیەکی دوو ژووری بچووک بوو کە سەرەکەی بە پووش وهەژگ وبژاڵ گیرابوو – هاتە دروستکردن تا مورشید تەنیا بۆ چەند سەعاتێ تیایدا بحەوێتەوەو لەو حاجی و زیارەتکارانەی کە شەو و ڕۆژ سەریان چۆڵ نەدەکرد بخەلەسێت، لە هەنگێوە دایکی

خەڵکی هەموو وەختی خۆی وەقفی ئەوە کرد کە بە کارەکانی مورشید ڕا بگات و سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی شفاخانەکەیان بە خوشکانی سادلینا، " ئانتونیا " و " ئاسونسیاو " ژنانی برایانی " ڤیلانوڤا " سپارد.

هەندێجار شەڕ لە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەناری ( ڤازا – باریس) چێدەبوو، ئەم زەوی و زارانە بەرەبەرە لە لایەن ئەو حاجی و زیارەتکارانەوە داگیر کرابوون کە هاتبوونە کانودوس و لەوێندەر ئاکنجی بووبوون و خەڵکانێکی دیکەش هەبوون، ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە مافی چاندنی ئەو زەویانەیان هەیە. هەڵبەتە ( ئانتونیو ڤیلانوڤا) ی خودان فرۆشگا، بەو کێشە وئاریشانەدا ڕادەگەیی، ئەو بە ئەمری مورشید، زەوی بە سەر زیارەتکارانی تازەدا دابەش دەکرد تا بۆ خۆ بیکەن بە خانوو، هەروەها زەوی تەرخان دەکرد تا بکرێ بە تەویلە و گەوڕ بۆ ئەو حەیوانانەی کە ئیمانداران دەیان ناردن یان بە خۆیان دەیان هێنان، ئیدی داوەری هەر شەڕ و بشێویە لە مەڕ کەل وپەل وزەوی وزار بەو سپێردرا بوو. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شەڕ و قەرقەشانە زۆر نەبوون، چونکە ئەو خەڵکەی ڕوویان کردبووە کانودوس دوای تەمەعکاری و دەوڵەمەند بوون نەکەوتبوون. ژیانیان بۆ چالاکی روحانی تەرخان کردبوو: نوێژ و نزا، ڕێ وڕەسمی پرسە، ڕۆژوو گرتن، دروستکردنی پەرستگەی مەسیحی موبارەک ولە هەموو ئەوانەش هێوەتر وەعزی شەوانە بوو کە تا درەنگانی شەوی دەخەیاند. لەو کاتانەدا هەموو شتێک لە کانودوسدا دەوەستا.

***

حیزبی کۆماری، بۆ بانگەشەی ئەو ئاهەنگە گەورەیەی کە بەدەستەوە بوو، زۆر پۆستەری بەم ناوەڕۆکانە: " بەرازیلی یەکگرتوو، میللەتی بەهێز " ی بە ناوی ئیپامینونداس گوتسالوڤس بە دیوارەکانی " کیماداس " وە هەڵواسی. لێ گالیلیو گال لە ژوورەکەی خۆیا، لە پانسیونەکەی خاتوونی گەورەدا، بیری لەو ئاهەنگە سیاسیە نەدەکردەوە کە بەو هەموو جەلال و شکۆ و دروشمە بریقەدارەوەو لەو قرچەی گەرمای نیوەڕۆیەدا بەرپا دەکرا. بەڵکو بیری لەو حاڵەتە هەڤدژەی روڤینو دەکردەوە کە کەشفی کردبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت " ئەمە چێشتی مجێورە، پێکهاتەیەکی یەجگار سەیرە. " شوون هەڵگری ورێنوێنی، زۆر لێکدی دەچن. ئاساییە ئەم دوو بەهرەیە لە کەسێکدا پەیدا بن کە هەموو تەمەنی لەم دیار و دەڤەرە بەرینەدا بەسەر بردبێ، ڕێنوێنی ڕێبواران و ڕاوچیان و کاروانیانی کردبێ و شون هەڵگری کردبێ و ئاسەواری پەزو مێگەلانی وێڵ وگومڕای دۆزیبێتەوە. ئەدی توانای خەیاڵ چییە؟ ئەدی مەیل و بەهرەی خەیاڵ پەروەری، وڕاوە و شتی ناواقیعی، کە ئەمە زیاتر خاسیەتی هونەرمەندان و خەڵکانی ئەهلی نەزەرە، لە کەسێکا کە هەموو شتێک بە لایەوە ڕەنگ ومۆرکی مادی هەیە، بۆ کەسێک پێی لە عاردیە وئەهلی کارە، دەکاتە چی وچ دەگەیەنێت؟ وێڕای ئەمەش، ئەمە شتێکە کە کاژەڵەی سەری نیشانی دەدات، توانا وبەهرەی شون هەڵگری و ڕێنوێنی و توانای خەیاڵ و وێنا کردن. گالیلیو گال، هەر لە یەکەم ساتەوە، کە معایەنەی کابرای دەلیلی کردبوو ئەوەی کەشف کردبوو، پەی بەوە بردبوو. لە دڵی خۆدا دەڵێت: " ئەمە پێکهاتەیەکی هەڤدژە، بێ مانایە، چۆن دەبێ کابرایەک لە هەمان کاتدا هەم خاکی و هەم روح زل، هەم ڕەزیل وهەم دەست باد بێ؟!"

بە سەر سەتڵی ئاودا دانەویوەتەوە، دەم و چاوی دەشوات، دیوارەکانی ژوورەکە، کاغەزی خەتدار، پارچە ڕۆژنامە کە وێنەی نمایشی ئۆپرایان پێوەیە، پێوە هەڵواسراوە و لە گەڵ ئاوێنەیەکی شکاودا. سیسرکێن قاوەیی لە درزێن ژوورەکەوە دێنە دەرێ و دیسان ون دەبنەوە، شەوگەردێکی چکۆلەی تۆقیو خۆی بە بن میچەکەوە مت کردووە. تەنیا کەلوپەلی ناو ماڵەکە، تەختە خەوێکی شەق و شڕە بێ هیچ پەردە ولێفەیەک.

جم و جوڵی ئاهەنگەکە لە پەنجەرەیەکی شەبەکە دارەوە دێتە ناو ژوورەکەوە: دەنگی قەبە کراو بە بڵندگۆ، لێدانی سنج ودەنگی دەهۆڵ، هەراو هەنگامەی منداڵان بەدەم هەڵدانی قاقەزقوشیەوە (کۆلارەی کاغەزین). یەکێک بەردەوام هێرش دەکاتە سەر حیزبی خۆیبوونی باهیا وفەرماندار " لویس ڤیانا " و بارون " دی کانا براڤا " و ستایشی ئیپامینوداس گونسالوڤس و حیزبی کۆماری پێشکەوتوخواز دەکات.

گالیلیو گال، بێ گوێدان بە هەرا و زەناکەی دەرەوە، لە سەر خۆ شۆردن بەردەوام دەبێت. کە لێدەبێتەوە، ڕوخساری بە کراسەکەی وشک دەکاتەوە. هەنگێ بە گازی پشتا لە سەر جێگاکەی ڕادەکشێ ودەستێکی لە جیاتی بالیف دەخاتە ژێرسەری. تەمەشایەکی سیسرکەکان و شەو گەردەکە دەکات. لە فکران ڕا دەچێ: " بێدەنگی لە دژی بێتاقەتی. " ئەمڕۆ هەشت ڕۆژە لە کیماداسە. هەرچەندە پیاوێکە بە حیلم وحەوسەڵە، بەڵام بەرەبەرە هەست بە نیگەرانی دەکات. ئەمە وایکرد کە داوا لە روڤینو، کابرای دەلیل و بەڵەد بکات کە ڕێگای بدات دەست لە سەری بدات. ڕازی کردنی کابرا بە قسە ئاسان نەبوو، چونکە کابرایەکی بە گومان وکەللە ڕەق بوو، گال ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە کاتێ دەستی لە سەری کابرا دەسوو، هەستی کردبوو کە چەند تووڕەیە و چەند هەستیار و نیگەرانە وچۆن ئامادەیە پەلاماری بدات. ئەم دووانە هەموو ڕۆژێ یەکیان دەبینی و نها بە ئاسانی، بێ هیچ کێشەیەک لێکدی حاڵی دەبوون. ئیدی گال، بۆ کات بەڕێکردن ورزگار بوون لەم چاوەڕوانییە، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کابرای هەڵسەنگاند و باری سەرنجی لەو بارەیەوە تۆمار کرد: " ئەم کابرایە ئاسمان و درەختان و زەوی دەخوێنێتەوە، وەکو ئەوەی کتێبن. کابرایەکە سادە و ساکار، بە باوەڕ، بە هەڵوێست، پابەند بە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی و ئابڕوومەندی سنووردار و وردەوە کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دان و سان و مامەڵە دەگەڵ سروشت و خەڵکیدا نەک بۆ خوێندنەوەی کتێبان، چونکە نە خوێنەواری هەبووە، نە ئاینێکی ئەوتۆ، پێناچێت باوەڕ و ئیمانێکی کۆک و بتەوی هەبێت " هەموو ئەمانە تەواو دەگەڵ ئەو شتانەدا تێکدەکاتەوە کە گال بە سەری قامکەکانی هەستی پێکردوون، تەنیا دەگەڵ توانا خەیاڵییەکانی ئەم پیاوەدا تێک ناکەنەوە. ئەم خەیاڵە، ئەم بەهرە خەیاڵیە چۆن خۆی دەنوێنێ، چۆن نەیتوانیوە لە زەرفی ئەم هەشت ڕۆژەدا، نیشانەکانی ئەم بەرزە خەیاڵیە لە روڤینودا دیاری بکات، نە ئەو کاتانەی کە مامەڵەی لە تەکدا کردبوو کە بۆ کانودوسی ببات و نە لە کوختەی روڤینودا کە کەوتبووە قەراخ شارەوە، نە لە وێستگەی قیتارەکەدا، کە پێکەوە ساردییان دەخواردەوە، نە ئەو کاتانەی لەم دەباخخانەیەوە بۆ ئەو دەباخخانەی کەناری ڕوباری ئیتاپیکو، دەچوون؟ ئەم مەیلە بە ئازارەی ئەنتی زانست، لە لای "جورما "ی ژن و هاوسەری روڤینو، ڕوون و خوویایە – ئەگەر چی ئەم ژنە لە حوزووری گالدا زۆر مەند و بە پارێزە، بەڵام گالیلیو زۆر جار گوێی لەو ژنە بووبوو کە باسی پەیکەرە دارینەکەی " سانت ئانتونی " ناو میحرابە سەرەکیەکەی کڵێسای کیماداسی گێڕابووەوە: " ساڵانێک لەوە پێش ئەم پەیکەرەیان، لە ئەشکەوتێکا دوزی بووەوەو بۆ کڵێساکەیان هێنابوو. بۆ ڕۆژی دوایی پەیکەرەکە غەیب دەبێ و لە هەمان ئەشکەوتدا دەیدۆزنەوە، تووند بە میحرابەکەیەوە دەبەستن تا ئیدی نەڕەڤێ وهەڵنەیەت، بەڵام جارێکی دی هەڵدێ و بۆ ئەشکەوتەکە دەگەڕێتەوە. ڕەوشەکە بەو جۆرە بەردەوام دەبێت، پەیکەرەکە دەڕۆیی و دەگەڕایەوە، تا شاندێکی مژدەبەران، بە چوار قەشەی کاپوسینی و قەشە باشیەکەوە دێن بۆ کیماداس، کڵێساکە بۆ سانت ئانتونی تەرخان کرا و ناویان نا " سانتو ئانتونیوداس کیماداس " . ئیدی لەوە بە دواوە پەیکەرەکە لە جێی خۆی و لە میحرابەکەدا ئۆقرەی گرت، لەو شوێنەدا کە خەڵکی نها سەرردانی دەکەن و مۆمی بۆ دادەگیرسێنن. " گالیلیو گال، ئەوەی بیر دێتەوە کە لە روڤینوی پرسی بوو کە ئایا باوەڕ بە قسەکانی ژنەکەی دەکات یان نا، کابرای بەڵەد (دەلیل) بە بێ موبالاتی شانەکانی هەڵتەکاندبوو و بزەیەکی گوماناوی بۆ کردبوو. بەڵام جورما

باوەڕی بەو چیرۆکە کردبوو. گالیلیو حەزی لێ بووبوو، کاژەڵەی "جورما"ش سەح بکاتەوە، بەڵام زاتی نەکردبوو هەر باسیشی بکات، چونکە دڵنیا بوو، ئەمە کارێکی نەکردەنیە کە پیاوێکی بێگانە دەست لە سەر ژنی پیاوێکی وەکو روڤینو بدات، لە خەویشا قەبوول ناکرێ. بەڵێ روڤینو پیاوێکی بە گومانە. ڕازی کردنی ئەم پیاوە بەوەی کە ئەو بۆ کانودوس ببات، کارێکی زۆر زەحمەت بوو.

قسەی سەبارەت بە کرێیەکە کرد، بیانووی هێنایەوە، دوو دڵی نواند هەرچەندە لە کۆتاییدا هاتە ڕەدایە، بەڵام گالیلیو هەستی بەوە کرد کە وەختایەک باسی مورشید وموریدەکانی دەکرد، نیگەران و نا ئاسوودە بوو.

بێئەوەی بە دەستی خۆی بێ، سەرنجی لە سەر روڤینو لاچوو و کەوتە سەر ئەو دەنگەی لە دەرەوە دەهات: " خۆیبوونی ناوچەیی و لامەرکەزیەت بیانوو بوون بە دەست فەرماندار ڤیانا و بارون " دی کانا براڤا "و دار و دەستەکانیانەوە، تا ڕێگە لەوە بگرن کە باهیا وەکو هەموو ویلایەتەکانی دیکەی بەرازیل، بەرەو پێشکەوتن و تازە بوونەوە بڕوات. باشە ئەم هەوادارانەی خۆیبوونە کێن؟ ئەو سەڵتەنەت خوازانەن کە خۆیان لە بۆسە ناوە و چاوەڕوانی دەرفەتن. ئەگەر ئێمە نەباین، دووبارە ڕژێمی پاشایەتی گەندەڵیان دەگێڕایەوەو ڕژێمی کۆماریان دەڕوخاند، بەڵام حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری ئێپامینوداس گونسالوڤس، ڕێگەی ئەو کارەیان نادات. " ئەو پیاوەی ئەو قسانەی دەکرد، هەمان ئەو پیاوەی پێشوو نەبوو. ئەمەیان ڕوونتر قسەی دەکرد. گالیلو، لە هەموو قسەکانی حاڵی دەبوو، پێدەچوو بیرۆکەیەکی لە مێشکا بێت، لە کاتێکا ئەوەی یەکەم هەر قیژە قیژی بوو. باشە بڕوات لە پەنجەرەکەوە تەمەشایەکی دەرەوە بکات؟ نەخێر، لە سەر تەختە خەوەکەی ناجوڵێت، دڵنیایە دیمەنەکە هەمان دیمەنە، هەمان خەڵک بڕ بڕ لەم کوشک و دەکەی شەراب فرۆشیەوە بۆ ئەوی دی دەچن، گوێ لە داستان بێژان دەگرن یان لە دەوری ئەو فاڵچیە کۆدەبنەوە کە لە سەر دوو لاقی دارین دەڕوات، یان ناو بە ناو دەوەستن تا حایر وحەپەساو بێئەوەی گوێ بگرن، زەق زەق بڕواننە ئەو سەکۆی وتارخوانیەی کە حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، لەوێندەرەوە پروپاگەندە وبانگەشە بۆ خۆی دەکات وتاقمێک بە تفەنگی ساچمە زەنەوە پارێزگاری لێدەکەن. گالیلو گال دەبیرەوە دەچێ: " ئەمانە ئەوەندەیان ئەقڵ هەیە کە گوێ بەو شتانە نەدەن. " خەڵکی کیماداس چ سوودێک دەبینن کە بزانن حیزبی خۆیبوون خوازی بارون " دی کانا براڤا " دژی ڕژێمی ناوەندی حیزبی (کۆماری) یە و یان بزانن کە حیزبی کۆماری دژی لا مەرکەزی وفیدرالیزمە؟

ئاخر ئەم قەرقەشە وگەنگەشە وشەڕە قسەیەی حیزبایەتی سیاسی بورژوازی چ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی خەڵکی هەژار وچەوساوەوە هەیە؟ هەقی خۆیانە بەو جۆرە بسوڕێنەوە ولەزەت لە ئاهەنگان ببینن وکاریان بە قسە وبانگەشەی ئەم سیاسیانەوە نەبێ کە بۆ خۆ دەیرێسن. گالیلیو دوێ ئێوارە، جم وجوڵێکی لە کیماداس بینی بوو، جم وجوڵەکە بۆ ئەوە نەبوو بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکەن کە حیزبی کۆماری بەرپای کردبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە خەڵکی دەیانویست بزانن کە ئاخۆ حیزبە خۆیبوونخوازەکەی بارون کانا براڤا، کۆمەڵە شەقاوەیەک دەنێرێ، تا ئاهەنگەکەی هەڤرک و ڕکابەرەکەی خۆی تێکبدات یان نا، وەکو جارەکانی دی تەقە دەکرێت یان نا. نها چێشتەنگاوە، هیچ شتێک ڕووی نەداوە، هەڵبەتە رووش نادات. باشە ئەمانە بۆچی خۆ ئەزیەت دەدەن ئاهەنگ و کۆڕێک تێکبدەن کە هیچ کەسێک حیسابی بۆ ناکات؟ گال دەبیرەوە دەچێ و لە دڵی خۆدا دەڵێت ئەگەر حیزبی خۆیبوونخوازش ئاهەنگ و کۆڕێک بگێڕێ، هەر وەکو ئەمە دەبێت. نە، سیاسەتی ڕاستەقینەی باهیای بەرازیل، لەو شوێنانەوە دیاری و دەست نیشان ناکرێت. بیر دەکاتەوە: " نەخێر، لە شوێنێکی ترەوە قەراری لێدەدرێ، لە نێو ئەو خەڵکانەوە قەراری لێدەدرێ کە تەنانەت نازانن سیاسەتوانی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە ئەوانن " ئایا ناچارە

ماوەیەکی زیاتر چاوەڕوان بکات؟ گالیلو گال، لە سەر تەختە خەوەکە دادەنیشێت، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " زانست دژی بێ حەوسەڵەیی. " ئەو خورجینە چکۆلەیەی کە لە ئەرزەکە کەوتووە دەکاتەوە، جلەکان دەخاتە لاوە، دەمانچەیەک و دەفتەرێکی چکۆلە هەڵدەگرێ کە هەندێ یاداشتی سەبارەت بە دەباخخانەکانی کیماداس تیا تۆمار کردووە، لە زەرفی ئەم هەشت ڕۆژەدا چەند سەعاتێ لەوێندەر گەڕابوو و سەرنجەکانی خۆی تۆمار کردبوو. لاپەڕەی دەفتەرەکە هەڵدەداتەوە: " بینای خشت، ساپیتەی قرمیدی بازنەیی، پایەی زبر، گورزە توێکڵی درەختی ئەنجیکو کە بە چەکوش و چەقۆ دەیان تاشی لێرە و لەوێ و لە هەموو شوێنێ بڵاو بووەتەوە. ئەم توێکڵە دارانە لە بۆشکەی پڕ ئاو دەنەن، بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لە ئاوا دەی هێڵنەوە تا تەڕی تەڕ بن، ئەم ماوەیە، ئەو ماوەیەیە کە بۆ دەباغی پێویستە. توێکڵی داری ئەنجیکو مادەی جەوتی تیایە کە لە کاری دەباغیدا بە کار دەبرێت. پێست و کەوڵەکان لە سێبەردا هەڵدەواسن تا وشک ببنەوە، ئەوسا بە کێرد دایدەتاشن تا تەواو پاک ببێتەوە، بەو جۆرە کەوڵ و پێستی مانگا، مەڕ، کەروێشک، بزن، بزنە کێوی، ڕێوی و دوڕە شێر خۆشدەکەن. ئەنجیکو وەکو خوێن سوورە، بۆنێکی تووندی هەیە. دەباخخانە کارگەیەکی سەرەتایی خێزانییە کە باب وداک ومنداڵ وخزمانی نزیک کاری تیا دەکەن. پێستی خۆشەکراو بەرهەمی سەرەکی کیماداسە."

دەفتەرە چکۆلەکە دەخاتەوە نێو خورجینە چکۆلەکە. دەباخچیەکان خەڵکانێکی ڕووخۆش بوون، فەند وفێڵی کارەکەی خۆیان بۆ ڕوون کردبووەوە. چما بەو ڕادەیە خۆ لە باسی کانودوس دەدزنەوە؟ ئایا متمانە بە کەسێک ناکەن کە بە باشی لە زمانە پرتوگالیەکەی ناگەن؟ دەزانێ کە لە سەرانسەری کیماداسدا باس باسی کانودوس و مورشیدە، باسێکە بووە بە داستانی سەر زاران. بەڵام هەرچی کردووە نەیتوانیوە، لەم بارەیەوە قسە لە گەڵ هیچ کەسێکدا بکات، تەنانەت دەگەڵ روڤینو وجورماشدا.

لە دەباخخانەکاندا، لە وێستگەی قیتاراندا، لە پانسیونەکەی خاتوونی شکۆدارا، لە مەیدانی کیماداسدا، کە باسی ئەو بابەتەی لە گەڵ هەر کەسێکا کردباوە، هەمان ترسی بە ڕوخساریەوە دەبینی، هەمان بێدەنگی هەمیشەیی ڕووبەڕوو دەبووەوە یان خۆیان لە هەر وەڵامدانەوەیەک دەدزییەوە. لە دڵی خۆدا دەڵێ: " لە خۆیان دەترسن، بە گومانن. دەزانن چ دەکەن، خەڵکانێکی وریا وبە پارێزن."

دووبارە خورجینەکە دەگەڕێ، جلەکان ودەمانچەکە دادەنێتەوە، ئەو تەنیا کتێبەی کە لە خورجینەکەیدا بوو دەردێنێت. کتێبێکی کۆنە، چەرمی بەرگەکەی سواوە، کاڵ بووەتەوە، تەنانەت ناوەکەی پییر جوزیف پرودون، بە ڕادەیەک کاڵ بووەتەوە کە بە ئەستەم دەخوێنرێتەوە، بەڵام ناونیشانەکەی (سیستەمی هەڤدژان) هێشتا ڕوونە و دەخوێنرێتەوە، هەروەها ناوی ئەو شارەش کە کتێبەکەی لێ چاپکراوە (لیون) دەخوێنرێتەوە. بەهۆی هەرا و زەناکەی ئاهەنگ و کۆڕەکەی دەرەوە، ماوەیەکی زۆر ناتوانێ فۆکس لە سەر ئەو شتە بکات کە دەیخوێنێتەوە. سەبری دەسوێ، دان لێکدی دەسوێ، هەوڵدەدا بیر لە شتێن واقیعی بکاتەوە: کەسێک گوێ بە کێشە وهزرێن گشتی نەدات، لە کێشە ومەسەلە تایبەتیەکاندا گیرۆدە دەبێت. ئەمە بەو دوو ئێسکە تیژە چکۆلەیەدا، کە کەوتوونەتە پشت گوێوە، دەناسرێتەوە: ئایا هەستی بەو دوو ئێسکە لە سەری روڤینو دا کردووە؟ ئایا ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ وێنای ئەخلاقی لەم پیاوەدا هەیە کە قەرارە ئەو بۆ کانودوس ببات؟

***

هەوەڵین بیرەوەرییەکانی، کە پاشان بوون بە باشترین بیرەوەری و زووتر لە هەر بیرەوەرییەکی دی خێراتر وەبیری دەهاتەوە، نە پەیوەندی بە دایکیەوە بوو کە ئەمی بە هەوای عەریفێکی (پاسەوانی نەتەوەیی) وە کە بە

سەرۆکایەتی تاقمێک سەرباز کە لە تاقیبی ڕێگراندا بوون و بە کوستودیادا تێپەڕی بوون، بەجێی هێشتبوو، نە پەیوەندی بە باوکییەوە هەبوو، کە قەت نەی دیتبوو ونەیدەزانی کێ بووە، ونە پەیوەندی بە پووری و مێردەکەیەوە — زی فاوستینو و دونا ئەنجیلو — وە بوو کە ئەمیان بردبووە نک خۆ و بە خودانیان کردبوو. نە پەیوەندی بەو سی و هەندە کوختە وشەقامە تاو سووتەکەی کوستودیاوە هەبوو. ئەم بیرەوەریانە پەیوەندی بە بەیت بێژانی گەڕۆکەوە هەبوو. ئەم شایەر و عاشق و بەیت بێژانە زۆر جار دەهاتن بۆ شار تا بەزمی داوەت و زەماوەندان خۆشبکەن وجۆش و خرۆشێکی پێببەخشن. یان دەچوونە ئاهەنگ وکۆڕی خەرمان هەڵگرتن، یان دەچوونە ئاهەنگی مەڕ لە بڕەدان یان ئەو کۆڕ وئاهەنگانەی کە خەڵکی شار بە یادی پیاوچاکان و وەلیانی شەفاعەتکاری شارەکەیانەوە بەرپایان دەکرد. ئیدی لە بری چەند قاپێک بیراندی وعەرەقی نەیشکەر وقاپێ قاورمەی گۆشت و ناوساجی حیکایەت و بەیتی ئولیفییە، دۆتمیر ماگولون یان شارلمان و دوازدە نەجیمزادەی فەرەنسایان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە. جواو بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوێی لەو بەیت بێژانە دەگرت و لێوی بە گوێ ئەوان دەبزواند. دوای ئەوە خەونی دەبینی، لە خەونیا سوار چاکانی سەراپا نقومی شیر وتیری دەبینی، کە لە ڕای ڕزگاری مەسیحیەت لە چنگی لەشکری کوفر دەجەنگین.

بەڵام ئەو بەیتەی کە کاری لە ناخی ناخی کردبوو، بەیت و حیکایەتی روبیرتی شەیتان سیفەت بوو، کوڕی دۆقی نورماندی کە هەزار و یەک خراپە و خەتای کردبوو و پاشان تۆبەی کردبوو و بە چوار چنگۆڵە ڕۆیی بوو و لە جیاتی قسە وەکو سەگ وەڕی بوو تا لە ئەنجامدا، مەسیحی موبارەک فریای کەوتبوو، بەخشی بووی و ئیمپراتوریەتەکەی لە دەست مورەکان ڕزگار کردبوو وزەماوەندی دەگەڵ شاژنی بەرازیلدا کردبوو. ئەم کوڕە گەنجە ڕژد بوو لە سەر ئەوەی بەیت بێژەکان ئەو بەیت وسەربووردە، وەکو خۆی، بێئەوەی هیچی لێ بپەڕێنن بگێڕنەوە: چۆن ڕوبێرتی شەیتان سیفەت لە هەڕەتی شەڕانیەت و خراپەکاری خۆیدا، چۆن خەنجەرە خوارەکەی لە ملی ژمارەیەکی یەجگار زۆری کیژان و ژنانی تەرکە دنیا ناوە، تەنیا لەبەر ئەوەی لەزەت لە دیمەنی ئەوان بدینێ کە بە چ عەزابێکەوە دەمرن وچۆن لە کاتی تۆبە کردن و گەرانەوەکەیدا، بە سەرانسەری وڵاتا دەگەڕا تا کەس و کاری ئەو قوربانیانە وەدۆزێ و بکەوێتە خاک وپایان، خۆی باوێتە سەر لاقیان و لێیان بپاڕێتەوە کە ئەشکەنجەی بدەن. خەڵکی کستودیا وایان وێنا دەکرد کە ئەم "جواو"ە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ بە بەیت بێژ و شایەرێکی گەڕۆک و سەرانسەری دیار و دەڤەری بیابان دەخاتە ژێر پێوەو گیتار بە شان لەم شارەوە بۆ ئەو شار دەڕوات و پەیام دەبات وخەڵکی بە شیعر وبەیتەکانی شاد وخۆشحاڵ دەکات.

جواو، یارمەتی زی فاوستینوی لە بەڕێوەبردنی فرۆشگاکەیدا دەدا. فرۆشگاکەی زی فاوستینو، هەموو کەل و پەلێکی پێویستی وەکو جل وبەرگ، دانەوێڵە، مەشرووبات و ئەوزار و ئامێری فەلاحەتی وشیرینی وجەواهێری قەڵبی بۆ سەرانسەری گوندەکانی دەوروبەر دابین دەکرد. فاوستینو، زۆری سەفەر دەکرد، کەل وپەلی بۆ مەزراکان دەبرد، یان دەچوو بۆ شارەکان تا کەل وپەل بکڕێت، کە ئەو دەچووە سەفەر (دونا ئەنجیلا) دووکانەکەی بەڕێوە دەبرد، دووکانی چی! کولبەیەک بوو کە لە گڵ و قوڕ دروستکرابوو. حەوشێکی هەبوو بۆ بەخێو کردنی مریشکان، ئەم ژنە چونکە خۆی منداڵی نەبوو، هەموو مەحەبەتی خۆی دابووە برازاکەی. ئیدی بەڵێنی لە جواو وەرگرتبوو کە بۆ سلڤادوری ببات تا خۆی باوێتە بەر پێی ئەو پەیکەرە پەرجووگەرەی " ئوسینیو دی بونفیم " کە کۆمەڵێک وێنەی ڕەنگینی ئەوی لای خۆی کردبووەوەو بە دەرزی و دەنبوس، بە دیار تەختە خەوەکەی خۆیەوەی هەڵواسی بوو.

خەڵکی کوستودیا، جگە لە وشکە ساڵی و نەخۆشی گیرۆ، لە دوو نەگبەتی و بەڵای دیکەش کە دەبوونە مایەی نەگبەتی و هەژاری شار، دەترسان: یەکێکیان ڕێگران بوو و ئەویتریان مەفرەزە گەڕۆکەکانی " گاردی نەتەوەیی " بوو. ئەم باند وڕێگرانە لە سەرەتاوە، ئەو وەرزێر وخەڵکانە بوون کە "سەرهەنگانی" خاوەن مەزراکان، کۆیان کردبوونەوە، تا لەو شەڕانەدا بە کاریان بێنن کە لە سەر سنووری موڵک یان نۆرە ئاو، یان قەدەغە و لەوەڕگە ی، یان لە سەر سیاسەت چێ دەبوو، بەڵام دوای ماوەیەک ئەم دار و دەستەیە کە هێزیان پەیدا کرد و بوون بە خاوەنی تفەنگ ونێزە، خۆیان لە کۆنترۆڵی " سەرهەنگەکان " ڕزگارکرد و کەوتنە بیابانگەڕی و ڕێگری، بە پیاو کوژی ودزی وچەپاو دەژیان وگوزەرانیان دەکرد. ئیدی ئەم مەفرەزە گەڕۆکانەی گاردی نەتەوەیی بۆ ڕاوەدوونانی ئەم باندانە دروست بووبوو، ئیدی مەفرەزە گەڕۆکەکە و باندی ڕێگران، هەر دوو لایان ئازووقەی خەڵکی شاری " کستودیا " یان دەخوارد و بە براندی و عارەقی نەیشەکەری ئەوان مەست دەبوون ولە ژنی وان بەر دەبوون. جواو، تەنانەت پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی فامکرن، فێری ئەوە بووبوو هەر کاتێ گوێی لە دەنگی ئاژیری خەتەر بێ، خێرا هەموو بوتڵەکان و هەر خوراک و کەلوپەلێک لە فرۆشگاکەدا بوو، یەکسەر کۆبکاتەوە و بۆ ئەو حەشارگەیەیان ببات کە "زی فاو ستینو " ئامادەی کردبوو. ئیدی دەنگۆ بڵاو بووەوە کە گوایە فاوستینو، ژێراوژێر مامەڵە دەگەڵ باندی ڕێگرەکاندا دەکات و خەبەریان پێدەگەیەنێت وشوێنی حەشارگە وبنکە نهێنی یەکانیان بۆ دەست نیشان دەکات. کە ئەو قسانەی دەبیستەوە، گڕی دەگرت و دەهری دەبوو، مەگەر خەڵکی بە چاوی خۆی نەیان بینی بوو کە چەتە وڕێگرەکان چۆن فرۆشگاکەیان تالآن کردبوو؟ مەگەر بە بەرچاوی خەڵکیەوە نەدەهاتنە فرۆشگاکە و بێئەوەی تاقە پولێکی بدەنێ، نەدەڕۆیشتن؟ جواو، جارەهای جار گوێی لە مێردەکەی پووری بووبوو، گلەیی لەو مقۆمقۆ ودەنگۆیانە کردبوو کە خەڵکی کوستودیا لە بەغیلیا دوایان خستبوو و لە بن لێوانەوە دی پرتاند کە: " ئەگەر دەستبەرداری ئەو قسە هەلەق و مەلەقانە نەبن، تووشی کێشە و سەریەشەم دەکەن." هەرواش دەرچوو.

بەیانیەک، دەستەیەکی سی نەفەری گاردی نەتەوەیی گەییە کوستودیا، فەرماندەکەیان ملازمێکی دووەم بوو بە ناوی " جیرالدو ماسیدو " ئەمە سوور پێستێکی دووڕەی گەنج بوو، لە سەرانسەری ئەو دیار و دەڤەرەدا بە خوێن مژی بەنێوبانگ بوو. ئەمانە لە تاقیبی باندە یاخیەکەی " ئانتونیو سیلفینو " دا بوون. ئەم باندە یاخیە بە " کوستودیا " دا ڕەت نەبووبوو، بەڵام یارۆی ملازم ڕژد بوو لە سەر ئەوەی کە بەوێدا تێپەڕیوون. ئەم ملازمە کابرایەکی باڵا بەرزی تۆکمە بوو، چاوەکانی کەمێک خێل بوون، بەردەوام زمانی بە ددانە زێڕەکەیدا دەهێنا. دەیانگوت بۆیە بەو ڕادەیە ڕقی لەو چەتە و یاخیانەیە چونکە سواری دەزگیرانەکەی بووبوون. لەو کاتەدا کە پیاوەکانی، کولبە و کوختەکان دەگەڕان، ملازم بە خۆی پرس و جۆی لە گەڵ یەک بە یەکی خەڵکی شارەکەدا دەکرد. کە شەو داهات، بە کەش و فش و لە خۆ ڕازی بوونەوە خۆی بە فرۆشگاکەدا کرد، ئەمری بە فاوستینو کرد کە بۆ پەناگە و حەشارگەکەی " سیلفینو"ی ببات. بەر لەوەی یارۆی دووکاندار وەڵام بداتەوە، ملازم تا هێز لە بازوویا بوو مستێکی خێواندێ و تەختی ئەرزەکەی کرد: " من ئاگام لە هەموو شتێکە، هەی سەگی مەسیحی، خەڵکی لە فاک و فیکت ئاگاداریان کردوومەتەوە " نە پاکانەکانی فاوستینو سوودی بوو و نە پاڕانەوەی "دونا ئەنجیلا" دادی دا. ملازم ماسیدو گوتی ئەگەر فاوستینو جێگاکەی سلیفینوی پێ نیشان نەدات بەیانی زوو ئیعدامی دەکات. ئەنجام کابرای دووکاندار ناچار ملی دا کە ئەو کارە بکات. سپێدە زوو لە کوستودیا وەدەرکەوتن. فاوستینو پێش کەوت ومەفرەزە سی نەفەریەکەی ماسیدو دوای کەوتن، دڵنیا بوون کە چەتە و ڕێگرەکان غافڵگیر دەکەن. بەڵام فاوستینو، دوای چەند سەعاتە ڕێیەک توانی خۆی لەوان بدزێتەوە و بلەز بۆ کوستودیا بزڤڕێتەوە

تا دونا ئەنجیلا و جواو دەگەڵ خۆدا ببات وهەڵێن، چونکە دەترسا ملازم تۆڵەی خۆی لەوان بکاتەوە و ڕقی خۆی بەوان برێژێ. هێشتا سەرقاڵی کۆکردنەوەی پێویستیان بوو کە ملازم خێرا گەییە سەری. پێدەچوو تەنیا کوشتنی فاوستینوی مەبەست بووبێ، بەڵام کە ئەنجیلا هەوڵیدا بکەوێتە بەینەوەو ناوبژی بکات، ئەویشی کردە قوربانی یەک گوللە، ئەوسا لاقی جواوی گرت ودەسکە دەمانچەیەکی کێشا بە کەللەیدا و تەختی ئەرزەکەی کرد.

وەختایەک جواو وەهۆش هاتەوە، بینی خەڵکی کوستودیا، بە دیار دوو تابووتەوە وەستاون و پەشیمانی و نیشانەی عەزابی ویژدان نیشتووەتە سەر ڕوخساریان. خۆی لە هاوخەمییە درۆینەکانی ئەوان بوارد، لەو دەمەدا کە دەستی بە ڕوخساری خوێناوی خۆیدا دێنا، بە دەنگێکی نێرانە، کە لە ناکاوا وەکو دەنگی پیاوی تەواوی لێهاتبوو – ئەو کاتە تەمەنی تەنیا دوازدە ساڵ بوو – پێی گوتن ڕۆژێ دێ دەگەڕێتەوەو تۆڵەی پووری و مێردەکەی دەکاتەوە، چونکە ئەو کەسانەی کە پرسەیان بۆ دەگێڕان، بکوژی ڕاستەقینەی ئەوان بوون، ئەو خەڵکە بە کوشتیان دان.

بیرۆکەی تۆڵە ئەستاندنەوە، یارمەتی دا تا لەو چەند هەفتەیەدا کە وێڵ و سەرگەردان و بێ هیچ ئامانجێک لەو دەشت و دەرە دڕکەڵانەدا دەسوڕایەوە، هەڵبکات و بژی. بەچاوی خۆی ئەو داڵاشانەی دەبینی کە بەسەر سەریا دەسوڕانەوە و چاوەڕوانی ئەوە بوون، بمرێت و بە سەریا دابارن و پارچە پارچەی بکەن. مانگی کانوونی دووەم بوو ودڵۆپێک باران نەباری بوو. جواو، میوەی وشکەوەبووی کۆ دەکردەوە و دەخوارد، شیلەی دار خورمای دەمژی و تەنانەت جارێک لە ناچاریا " ئارمادیلو " یەکی مردارەوە بووی خوارد ( جۆرە گیانلەبەرێکی خشۆکە کە قەپێلکێکی وەکو کیسەڵی هەیە ولە ئەمریکای باشوور هەیە.) سەرەنجام شوانێک فریای کەوت، جواو لە بەستێنی ڕوبارێکا کە ئاوەکەی وشکی کردبوو، ڕاکشابوو و بەدەم ورێنەوە باسی نێزەو ئەسپ وئوسینو دبونفیمی دەکرد. یارۆی شوان کوپێ شیری بزن و چەند کڵۆ شەکری گەیاندێ و جواو کەوتە مژینی و سەر لە نوێ بوژایەوەو زندوو بووەوە. چەند ڕۆژێک پێکەوە ڕێیان کرد، بەرەو هەڵەت و بەرزاییەکانی ئانگوستورا کەوتنەڕێ کە یارۆی شوان بە تەما بوو مێگەلەکەی بۆ ئەوێندەر ببات. بەڵام پێش ئەوەی بگەنە ئەوێندەر، دوا نیوەڕۆیەک تووشی دار و دەستەیەک بوون کە سەر و سیمایان لە چەتە و یاخیان دەچوو، کڵاوی چەرمیان لە سەر بوو، ڕەخت وفیشەکدانی پێستی پڵنگیان لە خۆ دابوو، کۆڵەپشتی گوڵدۆزیان بە کۆڵەوە و تفەنگی سەرپڕیان لە شان و قەمەی درێژی تا سەر چۆکانیان بە قەدەوە بوو. شەش کەس بوون، سەردەستەکەیان کابرایەکی دوو ڕەگی قژ لوول و دەستەسرێکی سووری گوڵ گوڵی لە مل بوو، بەدەم پێکەنینەوە لە جواوی، کە کەوتبووە سەر چۆکان و لەو دەپاڕایەوە کە لە گەڵ خۆیدا بیبات، پرسی بۆچی دەیەوێ ببێ بە چەتە وڕێگر؟ جواو بەرسڤی دایەوە: " بۆ ئەوەی دار و دەستەی گاردی نەتەوەیی بکوژم."

جواو، بەو جۆرە دەستی بە ژیانێک کرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کردی بە پیاوێکی هێندە شڕندە ودڕندانە کە لە سەرانسەری ئەو دیار ودەڤەرەدا، تا بیست ساڵ لەوە دواش بە داستان دەگێڕدرایەوەو سیفەتی شەیتانیشیان دەدایە پاڵ. لە هەوەڵەوە خزمەتکاریی چەتە و ڕێگرەکانی دەکرد، جلەکانی بۆ دەشۆردن، خواردنی بۆ ئامادە دەکردن، دووگمە شلەوەبووەکانی بۆ توند دەکردنەوە، یان جلەکانی دەدۆزین، پاشان بوو بە شەریکی هەرزەیی و خراپەکارییەکانیان، پاشان بوو بە باشترین سەگڤان و شون هەڵگر وباشترین چەقۆکێش و پسپۆڕ لە نەخشەکێشی دا بۆ چەتە وڕێگرەکان وئەنجام بوو بە جێگری سەرۆک وپاشان سەرۆکی دار ودەستەکە.

هێشتا تەمەنی نەگەیی بووە بیست وپێنجساڵ، لە لایەن بنکە سەربازییەکانی باهیا، پرنامبوکو، ئوپیاوی و سیراوە، گەورەترین خەڵات بۆ گرتنی ئەو چ بە مردوویەتی و چ بە زندوویەتی، تەرخان کرا.

بەختی پەرجوو ئاسای ئەو کە لە زۆر کەمین و شەبیخون ڕزگاری کردبوو، کە گەلێک لە هاوڕێکانی لەو کەمین و شەبیخونانە کوژرابوون یان بە دیل گیرابوون، ڕاستە بە خۆی کەسێکی بوێر و بێپەروا بوو، بەڵام لە تۆ وایە گوللەبەندی هەیە، ئیدی ئەم دەنگۆیە بڵاوبووەوە کە هاوپەیمانی دەگەڵ شەیتاندا هەیە. بەڵام بەدەر لەم دەنگۆیانە، حەقیقەتەکە ئەمە بوو کە بە پێچەوانەی چەتە و یاخیەکانی دیکەوە کە جۆرەها نوشتە و چاوەزاریان بە خۆدا دەکرد و لە هەر ڕێگا و بانێکا تووشی خاچێک بوایەن، یان پەیکەرێکی لە خاچ دراویان دیتبا، نیشانەی خاچیان دەکێشا و بەلای کەمەوە ساڵی جارێک بە دزییەوە خۆیان بە شارێکدا دەکرد کە کەشیشی ئەوێندەر لەلای خودا شەفاعەتیان بۆ بکات ولە گوناحان پاک ببنەوەو ویژدانیان ئاسوودە بێت. جواو (کە لە هەوەڵێ ڕا بە جواوە بچکۆل، پاشان بە جواو بروسکە یان بە جواوە هێدی و نها بە جواوە شەیتان ناوبانگی دەرکردبوو ) وادیار بوو باوەڕی بە ئاین نەبوو و پێشوەختە خۆی ئامادە کردبوو بە هۆی خراپەکاریە بێ شومارەکانییەوە،بچێتە دۆزەخ

لە روانگەی برازاکەی دونا ئەنجیلو وفاوستینووە، ژیانی یاخیاتی و چەتەگەری بریتی بوو لە قۆچاغی وکوشتن و دزی. بەڵام قۆچاغی و لەش سووکی لە هەموو ئەوانی دی فەرتر بوو. لە زەرفی ئەم بیست ساڵەدا، لاقە بەهێز و تواناکانی ئەم پیاوە، کە دەیتوانی بیست دانە سەعات یەک نەفەس ڕێبکات، سەدان فرسەخە ڕێگایان بڕی بوو، سەرانسەری "سیرتاو" دەشت و بیابانەکانی، سەرە و خوار و سەرەو ژوور تەی کردبوو. هیچ کەسێک وەکو ئەو شارەزای دۆڵ و پەناگان، پێچ و پەنای ڕوباران، دەوەنەجاڕەکان و ئەشکەوتی ناو چیاکان نەبوو. . ئەم جەولە بێوچان و بەردەوام و بێهودە و بێ ئامانجە، خۆی لە خۆیدا هەولێک بوو، بۆ خۆ دوورگرتن لەو گاردە نەتەوەییەی کە بەڕاستی یان بە خەیاڵ لە دوویان بوون، یان بۆ ئەوە بوو، سەر لە مەفرەزەکانی گاردی نەتەوەیی تێک بدەن و، ئەم جەولەیە لە یادگەی جواو دا کۆتایی نەبوو، مەگەر جارجار گیزو هۆڕی گوللە یان ناڵەی بریندارران بیبڕایە: ئیدی ئەمانە بەردەوام لە ڕێکردنا بوون بۆ شوێنێکی نادیار یان بەرەو دەنگی بویەرێک کە چاوەڕوانیان بوو.

ماوەیەکی زۆر لەو قەناعەت و باوەڕەدا بوو کە چارەنووسی ئەو، گەڕانەوەیە بۆ کوستودیا، تا تۆڵەی خۆی بکاتەوە. ساڵانێک لە دوای مردنی پووری و مێردەکەی، شەوێکی هەیڤە شەو، بە خۆ ودوازدە نەفەرەوە، بە دزییەوە خۆی کرد بە گوندەکەی دەورانی منداڵی خۆیدا. ئایا ئەمە مەبەستی ئەو سەفەرە دوور ودرێژو خوێناویە بوو، کە گرتبوویەبەر؟ وشکەساڵی، زۆر ماڵباتی لە کوستودیا دوور خستبووەوە، بەڵام هێشتا چەند ماڵێک لەوێندەر مابوونەوە. ئەگەرچی جواو هەندێ لەو خەڵکە خەواڵوانەی کە پیاوەکانی هێنابوویاننە سەر جادەکە، نەدەناسی، شتاقیانی لە سزا نەبوارد.

ئیدی ژنان و کچۆلان و پیرەژنانی وادار کرد کە دەگەڵ چەتەکانیا، کە هەموو قەڕابە خواردنەوەکانی " کوستودیا " یان خواردبووەوە و مەست بووبوون، بڕەقسن و لە هەمان کاتدا پیاوەکانی گوندی ناچار کرد کە گۆرانی بڵێن و گیتار بژەنن و هەر تاو ناتاوێ ژنەکان و کیژەکانیان دەبردە ناو نزیکترین کولبە ودەستدرێژی سێکسیان دەکردنە سەر. سەرەنجام یەکێک لە پیاوەکان لە بێ دەسەڵاتیا یان لە ترسا بوو، دەستی بە هاوار وگریان کرد. جواوی شەیتان، هەڵیکێشایە کێردەکەی و وەکو چۆن قەسابان گوێرەکە سەر دەبڕن، بەو ئاوایە ورگی هەڵدڕی. ئەو کارە جۆرە عازێک بوو، بۆیە چەتە و یاخییەکان دوای تۆزێک شێت ئاسا، خەڵکەکەیان بەر دەسترێژی گوللە

دا وتا تاقە جادەکەی کوستودیایان نەکرد بە گۆڕستان دەستیان هەڵنەگرت. ئەوەی کە لەم کوشتارە بە کۆمەڵە زیاتر شۆرەتی بە جواو دابوو و کردبووی بە ئەفسانە وداستانی سەر زاران، ئەو بێحورمەتی و بێڕێزییە بوو کە بە خۆی  بە پیاوە مردووەکانی دەکرد، ئەویش ئەوە بوو کە گونی دەبڕین و لە دەمی دەنان ( ئەمە کاری هەمیشەیی ئەو بوو دەگەڵ ئەوانەی هەواڵدزییان بۆ پۆلیس دەکرد. وەختایەک خەریک بوون لە کوستودیا وەدەر دەکەوتن ئەمری بە یەکێک لە پیاوەکانی خۆی کرد کە لە سەر یەکێک لە دیوارەکان ئەم ڕستەیە بنووسێت: " پوورم ومێردەکەی تۆڵەی خۆیان وەرگرتەوە."

ئەم دڕندەییانەی کە دەدرانە پاڵ جواوی شەیتان تا چەند ڕاست بوون؟ چونکە ئەو هەموو تاوانی شەوات و منداڵ ڕفاندن، چەپاو و ئەشکەنجەدانە، پێویستی بە ماوەیەکی درێژتر لە سی ساڵی تەمەنی جواو هەبوو، پێویستی بە دار و دەستەیەکی گەورەتر لە تفەنگچییەکانی ئەو هەبوو کە هیچ کاتێ ژمارەیان نەگەیی بووە بیست نەفەر. ئەوەی کە بووبووە مایەی شۆرەت ونێوبانگی ئەو، بە پێچەوانەی چەتە ورێگرانی دیکەی وەکو "پاجو"وە، زۆرجار لە بری ئەو غەدر وخوێن ڕێژیەی دەیکرد، لە ناکاوا دەست ودڵ تێری نیشان دەدا وەکو دابەشکردنی ئەو دەسکەوتانەی کە دەستیان کەوتبوو، بە سەر نەدار وهەژارەکانی دەڤەرەکەدا، ناچار کردنی موڵکداران کە دەرگای عەماری دانەوێڵە وئازووقەکانیان بەڕووی جووتیاراندا بکەنەوە، یان ئەو باجەی کە بە خورتی لە قوربانیەکی سەندبوو، هەر هەمووی دەدا بە قەشەیەکی ئەو ناوچەیە تا پەرستگە و نوێژخانەیەکی پێ دروست بکات، یان مەسرەفی ئەو جەژن وئاهەنگەی دەکێشا کە قەشەی شەفاعەتکاری شارێک بەرپای دەکرد. ئەوەی زیاتر شۆرەتی بە جواو بەخشی بوو، ئەوە بوو کە هیچ کەسێک نەی بیستبوو کە ئەم کارانە بە مەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی و هاوسۆزی خەڵکی یان لە ڕای ڕەزامەندی و ڕەحمەتی خودا بکات، چونکە نە باکی بە خەڵکی بوو نە بە خودا.

پیاوێک بوو ملهوڕ، بە هێز، باڵا بەرزتر لە خەڵکی ئەو دەشتەو،ڕوخسارتاوە سووت، گۆنا زەق، چاوانی چکۆلەی کەمێک خێل، هەنیە پان، کەمدوو، قەدەری، ئاشنا و ژێر دەستانی هەبوو، بەڵام هاوڕێی نەبوو. ژنێکی هەبوو، کچێک بوو خەڵکی " کیزرا موبیم" کە جل شۆری ماڵی کابرایەکی مەزرادار بوو و هەواڵدزی بۆ چەتە و ڕێگرەکان دەکرد. نێوی " لیوپولدینا " بوو، دەم و چاوی خڕ، چاوەکانی پڕ گوزارشت، قەد و باڵایەکی پڕ، وەختایەک جواو، لەو مەزرایەدا خۆی شاردبووەوە، دەگەڵ ئەو ئافرەتەدا دەژیا، بەڵام وەختایەک جواو دووبارە ئەوێندەری بە جێهێشت و ڕۆیی، ژنەش بە گەڵی کەوت. بەڵام ئەم ئافرەتە زۆر لە گەڵیدا نەمایەوە، چونکە جواو ئافرەتی لە نێو دار ودەستەکەی خۆیدا قەبووڵ نەدەکرد. ئیدی ئەم ئافرەتەی لە "ئاراکاتی" ئاکنجی کرد و زوو زوو سەری دەدا. جواو نەیخواست، بۆیە وەختایەک خەڵکی بیستیان لیوپولدینا لە ئاراکاتی هەڵاتووە و ڕەدووی کابرایەکی قازی کەوتووە و بۆ " جروموامبو " ڕۆییوە لە دڵی خۆدا دەیان گوت مادامێکی ژنی نەبووە، ڕەنگە غیرەتی نەجوڵێ و تۆڵەی لێنەکاتەوە. بەڵام جواو تۆڵەیەکی وەهای لێکردەوە وەکو ئەوەی هاوسەری ڕاستەقینەی بووبێ. چوو بۆ " کیزرامۆبیم " هەر دوو گوێی ئافرەتەکەی بڕی و دوو برای داخ کرد، خوشکە سێزدە ساڵانەکەی ئەو، مارکینیای لە گەڵ خۆیدا برد. بەیانیەکی زوو کیژێ لە کوچە و کۆڵانەکانی جروموامبو بە دیارکەوت، دوو حەرفی " ج . ش " بە داغ بە ڕوخساریەوە نرا بوو. سکی هەبوو، نیشانەیەک بە گەردنیەوە نرابوو، ئەوەی دەنواند، کە هەموو پیاوەکانی جواو، بە کۆمەڵ باوکی منداڵەکەی ناوسکین.

هەموو چەتە وڕێگرەکان، خەونیان بەوەوە دەدی کە پارەو پولێک کۆبکەنەوەو لە شارێکی دوورە دەستا ئەرزەیەک بکڕن وباقی تەمەنیان لەوێندەر وبە ناوێکی خوازراوەوە بە سەر بەرن. بەڵام جواو کەسێک نەبوو کە پارەیەک کۆ بکاتەوە یان نەخشەیەک بۆ ئایندە دابنێت. وەختایەک دار و دەستەکەی دەیاندا بە سەر دووکانێکی گەورەدا یان گوندێکا یان باج و سەرانەیان لە کابرایەکی دەوڵەمەند دەسەند، جواو دوای ئەوەی هەندێک لەو دەسکەوتانەی جیا دەکردەوەو دەیدا بەو کەسانەی کە چەک وتەقەمەنی ودەرمانیان بۆ دەکڕین، باقی دەسکەوتەکەی بە یەکسانی لە نێوان خۆی و یار ویاوەرەکانیدا دابەش دەکرد. ئەم سەخاوەت ودڵاوابیەی و زیرەکی لە کەمین نانەوە بۆ پیاوانی گاردی نەتەوەیی، یان دەربازبوون لەو بۆسانەی بۆی دەنرانەوە و ئازایەتی و بە زەبت و ڕەبتیەکەی کردبوویانە کارێک کە پیاوەکانی وەکو سەگ وەفاداری بن. لە گەڵ ئەودا هەستیان بە ئەمان وتەناهی دەکرد، لە ڕەفتار ومامەڵەی ئەو لە گەڵیاندا ڕازی بوون. هەرگیز نەیدەخستنە تالوکەیەکەوە کە خۆی نەوێرابا خۆی لێبدات، هەڵبەتە ئەهلی ناز ونەوازیش نەبوو. ئەگەر لە کاتی ئێشگ گرتنا خەوتبان، یان لە ڕێکردنا دوا کەوتبان یان دزییەکیان لێکدی کردبا، جەڵدەی بۆ دەبڕینەوە. ئەگەر یەکێکیان، کاتێ ئەو ئەمری مقاوەمەت وشەڕی دابوایە، پاشەکشەی کردبا، داغی حەرفی یەکەمی خۆی بە هەنیەیەوە دەنا یان گوێیەکی دەبڕی. بەخۆی، بێخەم و بێ هیچ بەزەییەک، سزاکانی جێبەجێ دەکرد، هەروەها بە خۆی گونی خاینانی دەبڕی.

هەرچەندە پیاوەکانی لێی دەترسان، وادیار بوو خۆشیشیان دەویست، ڕەنگە هۆکاری ئەوەش ئەمە بووبێ، کە لە هیچ شەڕێکا چەکدارەکانی خۆی بەجێ نەدەهێشت. بریندارەکان دەخرانە سەر دەستەبەرەو بۆ پەناگەیەک دەگوازرانەوە، ئەگەر ئەو کارە هەموو دار ودەستەکەشی بخستبا تالووکەوە، هەر ئەنجام دەدرا. جواو بە خۆی پێیان ڕادەگەیی. ئەگەر پێویستی کردبا، بە زۆر پەرستارێکی پیاوی دێنا بۆ پەناگەکە تا بریندارەکان دەرمان بکات.

کوژراوەکانی لە مەیدانی شەڕ دوور دەخستەوەو لە جێیەکدا بە خاکی دەسپاردن کە پیاوانی گاردی نەتەوەیی یان دالاشان بێڕێزی بە جەنازەکانیان نەکەن. ئەم هەڵوێست وڕەفتارانەی ئەو شارەزایی تەواوی لە ئیدارەدانی شەڕ و ڕێبەریی کرنی دار ودەستەکەیدا، کە بە سەر ،دەستەی بچووک بچووکدا دابەشی دەکردن و لە هەموو لایەکەوە بەری دەدانە دژمن و سەریان لە دژمن دەشێواند وهەنگێ بە باقی پیاوەکانی، لە پشتەوە هێرشی دەکردە سەر دژمن، یان ئەگەر هێزەکەی ئابلۆقە درابا، تەکنیکی پراکتیکی زیرەکانەی بە کار دێنا وئابلۆقەکەی دەشکاند، هەموو ئەمانە کردبوویانە کارێک کە پیاوەکانی بەقای پێبکەن و خۆشیان بوێ. ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە توانای ئەوەی هەبوو، چەکدارانی تازە بۆ دارو دەستەکەی پەیدا بکات.

پیاوەکانی مەفتونی ئەم ڕابەرە کەمدووە، تەریکە بوون کە زۆر لەوان جیاواز بوو، هەمان کڵاو وپێڵاوی ئەوانی لە سەر ولە پێ دەکرد، بەڵام وەکو ئەوان کوشتەی جێڵی قژ وعەتران نەبوو، کە پیاوەکانی بە سەر هەر دووکانێکیاندا بدایە، پێش هەموو شتێ ئەو شتانەیان تاڵان دەکرد. نە کلکەوانەی لە هەموو قامکەکانی دەکرد و نە میداڵ و نیشانانی بە سینگ و بەرۆکی خۆدا دەکرد. کۆڵەپشتیەکەی کەمتر لە کۆڵەپشتی هەر نەفەرێکی سادە و ساکار، میداڵ ونیشانانی تێدا بوو. تاقە خاڵی لاوازی ئەم ڕابەرە کەمدووە، شایەر وبەیت بێژە گەڕۆکەکان بوو، کە هەرگیز ڕێگەی بە پیاوەکانی نەدەدا، کە بێحورمەتیان لە هەنبەر بکەن. زۆر بە دڵسۆزی پێیان ڕا دەگەیی و پێویستیەکانی بۆ دابین دەکردن. داوای لێدەکردن داستانێکی بۆ بگێڕنەوەو بە دڵ و بەگیان گوێی لێدەگرتن و

هەرگیز لە نیوەدا قسەی پێنەدەبڕین. هەر جارێ تووشی سێرکێکی قەرەجان بوایە داوای لێدەکردن حەفلەیەکی بۆ بگێڕن و کە لێدەبوونەوە، دیاری و سەوقاتی دەدانێ و ڕەوانی دەکردن.

یەکێک گێڕایەوە کە ڕۆژێ گوێی لە جواوی شەیتان بووە دەیگوت بە چاوی خۆی خەڵکانێکی زۆری دیتوون کە مەشرووب کوشتوونی، ئەو مەشرووبەی پیاوان لە پیاوەتی دەخات، ئایندەیان وێران دەکات و وایان لێدەکات لە سەر شتی زۆر تووڕەهات بە چەقۆ بەربینە یەکدی، ژمارەی ئەمانە زۆر زیاتر بوون لەوانەی بە نەخۆشی و قاتی مردوون. جا وەکو ئەوەی هێزێکی نادیار بیەوێ دروستی قسەکەی بسەلمێنێ، ڕۆژێ  کە نەقیب "جیرالدو ماسیدو " و قوەتەکەی ئەوانیان غافڵگیر کرد، هەر هەموو دار ودەستەکەی مەست وسەرخۆش بوون. نەقیب ماسیدو کە بە "یاغی کوژ" بەنێوبانگ بوو، بۆیە بۆ ئەو دەشت و دەرە هاتبوو تا جواو دەستگیر بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی جواو پەلاماری کۆمیتەیەکی حیزبی خۆیبوونخوازی باهیای دابوو کە تازە لە کۆبوونەوەیەک دەگەڵ بارون دی کانا براڤا، لە مەزراکەیا لە "کالومبی" گەڕابووەوە. جواو کەمینی بۆ نابوونەوە، کارێکی وەهای کردبوو، کە هەموو پاسەوانەکانی سەریان لێبشێوێ و بەم لاو بەو لادا هەڵێن و ئەوسا پەلاماری سیاسەتوانەکانی دابوو و هەرچی جانتا و ئەسپ و جل و بەرگ و پارەیان پێبوو، هەر هەمووی لێسەندبوون. ئیدی بارون بە خۆی جوابی بۆ نەقیب ماسیدو ناردبوو کە فریای بکەوێ و بەڵێنی خەڵاتی تایبەتی لە بری سەری ڕابەری یاخیەکان، پێ دابوو.

ئەم بویەرە لەو "روساریو" قەومابوو، ئەمە شارە دێیەکی پەنجا ماڵی بوو، پیاوەکانی جواوی شەیتان، لە بەیانیەکی زووی هەیڤی شوباتدا خۆیان گەیاندبووە ئەوێندەر. ئەمانە ماوەیەک لەوە پێش شەڕێکی تووند و خوێناویان دەگەڵ دار ودەستەکەی "پاجو" دا کە ڕکابەری ئەوان بوو، کردبوو و ئیدی لە پەنایەک دەگەڕان کە پشوویەک بدەن. خەڵکی گوندەکە قاییل بوون کە خواردنیان بدەنێ. "جواو"ش هەم پارەی ئەو شتانەی کە خواردبوویان و هەم پارەی تفەنگانی سەرپڕ، تاپڕ و ساچمەزەن، بارووت و فیشەک وهەرچییەک لە خەڵکیان وەرگرتبوو، دا. خەڵکی روساریو، چەتەکانیان دەعوەت کرد تا لە داوەتی گاوانێک و کیژێکی خەڵکی گوندەکەیاندا بەشدار بن کە دوو سبەی بەرپا دەکرا. کڵێسا  بچووکەکەیان بە گوڵ ڕازاندبووەوەو خەڵکی گوند بە ژن و پیاوەوە لەو ڕۆژەدا خۆیان ڕازاندبووەوەو باشترین جلکی خۆیان لەبەر کردبوو ولە پێشوازی بابە " یواکیم " دا بوون کە لە "کومبە" وە هاتبوو تا بووک و زاواکە لێکدی مارە ببڕێت.

یارۆی قەشە کە چاوی بە دار ودەستەی چەتە وڕێگرەکان کەوت، بە جۆرێ ترسی لێنیشت و پەشۆکا، بە جۆرێ زمانی کەوتە تەتەڵە کە دار ودەستەکەی جواو دەستیان بە قاقا لێدان کرد.

یارۆی قەشە بەرلە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی عەشای ڕەبانی، گوێی لە ئیعتراف و دان پێدانانی نیوەی خەڵکەکە گرت بە هەندێک لە چەتەکانیشەوە. ئەوسا بەشداری لە ئاهەنگی گەمەێن ئاگرین وخوانی نیوەڕۆدا کرد کە لە دەرێی ماڵەکان ولە ژێر کەپرێکا بەرپا کرا. بە سەلامەتی بووک وزاواو لە گەڵ خەڵکی گوندەکەدا جامێکی هەڵدا. بەڵام دوای ڕێ ورەسمەکە، بە ڕادەیەک لە سەر گەڕانەوە بۆ کومبە ڕژد بوو، کە جواو لە ناکاوا کەوتە گومانەوە و ئەمری کرد کە هیچ کەس لە گوندەکە وەدەرنەکەوێت وبە خۆی هەموو دەوروبەری گوندەکە، لە داوێنی کێوەکەوە تا دەشت و بیابانەکەی بەرانبەر کێوەکە گەڕا. هیچ نیشانەیەکی خەتەری بەدی نەکرد. بە ڕووی گرژ و مۆنەوە بۆ شایی و داوەتەکە گەڕایەوە. پیاوەکانی کە مەست بووبوون سەرگەرمی ڕەقس وگۆرانی بوون دەگەڵ خەڵک وکیژانی گوندەکەدا.

دوای نیو سەعاتێک کە قەشە یواکیم تەحەمولی نەما، بەدەم لەرزین و چڵم هەڵ ڵوشینەوە ئیعترافی بۆ جواو کرد کە نەقیب ماسیدو وهیزە گەڕۆکەکەی لە سەر شاخەکەن و چاوەڕوانی هێزی تازەن تا دەست بە هێرش بکەن. نەقیبی " یاغی کوژ " قەشەکەی ڕاسپاردبوو کە هەر چۆنێ بووە جواو لەوێندەر ماتەڵ بکات، لەو کاتەدا دەنگی یەکەمین دەستڕێژی گوللە لە بەرزاییەکانەوە بەرز بووەوە. ئابلۆقە درابوون. لەو کاتەدا جواو داوای لە پیاوەکانی کرد کە هەر چۆنێ بووە تا شەو دادێ دان بە خۆدا بگرن. لێ یاخیەکان بە ڕادەیەک مەست بوون کە نەیاندەزانی گوللەکان لە کوێوە دێن، ئیدی بووبوون بە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەی سەربازەکانی گاردی نەتەوەیی کە هەموو تفەنگی چاکی کامبلینیان پێبوو. ئیدی پیاوەکانی جواو مەست و سەرخۆش، بەر دەستڕێژی گوللە دەدران و ژنان لە ترسا بە دەم هەرا وزەنا وقاو وقیژەوە، لێرەوە بۆ ئەوێ هەڵدەهاتن. وەختایەک شەو داهات، تەنیا چوار کەس لە پیاوەکانی جواو بە پاوە مابوون. بەڵام جواو کە گوللەیەک بەر شانی کەوتبوو و هێشتا هەر دەجەنگی و بەرگری دەکرد، ئیدی لە خۆ چوو، پیاوەکانی لە تۆرێکی جۆلانەیان ناو وەبەندەنێ کەوتن. لە سایەی ڕێژنە بارانێکی لە ناکاودا، ئابلۆقەی دژمنیان شکاند و خۆیان بە ئەشکەوتێکا کرد و دوای چوار ڕۆژان خۆیان بە تپیودا کرد ولەوێ برین پێچێکی لوکاڵی فریای جواو کەوت، تایەکەی کەمکردەوەو خوێن بەربوونەکەی وەستانەوە. دوو هەفتەیەک لە تپیدو مانەوە تا جواوە شەیتان کەوتە سەر پێیان و توانای ڕێکردنی پەیدا کردەوە. ئەو شەوەی کە لە تپیدو وەدەرکەوتن بیستیان کە نەقیب ماسیدو، سەری هاوڕێکانیانی، ئەوانەی کە لە روساریو کوژرابوون، بڕیوەو سەرەکانی وەکو قاورمەی سوێرکراو لە بەرمیلێک ناوەو لە گەڵ خۆیدا بردووەیەتی.

دووبارە دەستیان بە کاری چەتەگەری و ڕێگری و توونوتیژی خۆکردەوە بێئەوەی بیر لە بەختی باشی خۆ یان لە بێ بەختی هاوڕێکانیان بکەنەوە. جارێکی دی ڕۆیشتن، دزییان کرد، شەڕیان کرد، خۆیان شاردەوە، وەکو هەمیشە روحیان بە داوە موویەکەوە بەند بوو، جواوە شەیتان، هێشتا هەستێکی پەنهانی لە دڵدا بوو، دڵنیا بوو بویەرێک لە ئارادایە ولە هەر ئان وساتێکا بێ ڕوو دەدات.

لە پێچی ئەو ڕێگایەدا کە دەچوو بۆ (کانسانسیاو) گەیینە دێرێکی نیوە کاول. لەوێندەر، لە هەنبەر ئاپۆڕایەکی چل پەنجا نەفەری شڕۆڵە و شەپرێو، پیاوێکی باڵابەرز، باریک و بنێس، کە خۆی لە جبەیەکی ئەرخەوانی تۆخەوە پێچابوو، قسەی بۆ دەکردن. کابرا بە دیتنی ئەمان نە قسەکانی خۆت بڕی و نە ئاوڕی لێدانەوە. جواو بەدەم گوێگرتنەوە لە قسەکانی یارۆی قەشە، هەستی بە سەر گێژەیەک کرد، یارۆی قەشە سەر بهوردی کابرایەکی گوناهکاری دەگێڕایەوە کە دوای خراپەکارییەکی زۆر، هەستی بە نیگەرانییەکی زۆر کردبوو، تۆبەی کردبوو و هەزار گوناح و یەک تۆبە و ئیدی خوا لێی خۆشبووەو چووەتە بەهەشتێ.

کابرا کە لە قسەکانی دەبێتەوە، تەمەشایەکی غەریبەکان دەکات، یەکسەر ڕووی دەم دەکاتە جواو کە چاوی داخستبوون سەیری ئەرزەکەی دەکرد، گوتی: " ناوت چییە؟ " کابرای یاغی گوتی: " جواوە شەیتان "، یارۆی قەشە بە دەنگێکی گڕ گوتی: " دەبوایە ناوی خۆت بنەی "ئەبووت جواو"، واتە مورید و یاوەری مەسیحی موبارەک.

***

سێ ڕۆژان دوای ئەوەی گالیلو گال، ئەو گوتارەی کە باسی دیداری خۆی دەگەڵ برادەر جواو ئیڤانجلیستا دی مونت مارسیناوی تیا کردبوو، بۆ ڕۆژنامەی "پریشکی شۆڕش" ناردبوو، لە کاتێکا لە باڵەخانەکەی سەر کتێبخانەی کاتیلینا بوو گوێی لێبوو لە دەرگا دەدرا. هەرکە چاوی بەو کەسانە کەوت کە لە دەرگایان دەدا،

هەستی کرد ئەمانە پیاوانی پۆلیسن. داوای تەسکەرە وبەڵگەنامەیان لێکرد، کەل وپەل وشمەکەکانی گەڕان، پرسیاری ئەوەیان لێکرد کە لە (سلڤادور) چ دەکات. ڕۆژی دواتر ئەمرێکی بە دەست گەیی، لە بەر ئەوەی بێگانەیەکی ناپەسەندە دەبێ لەم وڵاتە وەدەربکەوێ. ئیدی " یان ڤان ریجستد "ی دان عەمر بۆی تێکەوت و دکتۆر "خوزیە باتیستا ساولیڤیرا " نامەیەکی بۆ فەرماندار "لویس ڤیانا " نووسی و کەفالەتی کارەکانی گالیلوی گرتە ئەستۆی خۆ، لێ دەسەڵاتدارانی حکومەتی بێئەوەی گوێ بەو کەفالەتکاریە بدەن، بە گالیلو گالیان ڕاگەیاند کە دەبێ بە کەشتی ماسییز کە دوای هەفتەیەک بەرەو ئەوروپا دەردەچوو، بڕوات وبەرازیل بەجێ بێڵێت و بلیتێکی دەرەجە سێی یەکسەرەی بە خۆڕایی دەدەنێ. گال، بە هاوڕێکانی گوت کە لە وڵات وەدەرنان یان حەپس و زندان، یان کوشتن، لەو حاڵەت ودیاردانەن کە دێنە ڕێگای هەر شۆڕشگێڕێک وئەو لە ڕۆژی لە دایک بوونیەوە تا نها هەر کەسێکی شۆڕشگێڕ بووە. دڵنیا بوو کە کونسوڵی ئینگلیز یان فەرەنسا یان ئەسپانیا، دەستیان لە دەرکردنی ئەم فرمانی وەدەرنانەی ئەودا هەبووە. بەڵام هاوڕێکانی دڵنیا کرد کە هیچ پۆلیسێکی ئەم سێ وڵاتە دەستیان نایگاتێ و ناتوانن بیگرن، چونکە بە نیاز بوو ئەگەر مارسییز لە هەر بەندەرێکی ئەفریقا یان لە لیشبونە بوەستێ، یەکسەر لەوێندەر خۆی بشارێتەوە. پێناچوو زۆر خەمی ئەم وەدەرنانەی هەبێ.

یان ڤان ریجستد و دکتور ئولیڤیرا، بیستبوویان کە بە جۆش وخرۆشێکەوە باسی سەردانی خۆی بۆ دێری ( خاتوونی شکۆدار) دەکرد بەڵام هەر دووکیان لە جێی خۆ حەپەسان، وەختایەک ڕایگەیاند، کە مادامێکی بڕیارە لە بەرازیل وەدەربنرێ، بە نیازە بەر لەوەی دەری بکەن " لە جیاتی هەموو برایانی کانودوس " هەڵوێستێک بنوێنێ و داوا لە خەڵکی بکات خۆپیشاندانێکی گشتی وەکو پشتیوانی لە خەڵکی ئەوێندەر سازبکەن وداوا لە هەموو ئازادیخوازانی (باهیا) دەکات کۆببنەوە تا ئەو هەڵوێستەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. گوتی: " لە کانودوس دا، شۆڕشێکی خۆ بە خۆ بەڕێوەیە و ئەرکی خەڵکی پێشکەوتووخواز ئەمەیە کە پشتیوانی لێبکەن. " یان ڤان ڕیجستد و دکتۆر ئولیڤیرا، ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا کە لەو کارەی ژێوان بکەنەوە. چەندین جار پێیان گوت ئەمە کارێکی گەوجانەیە. بەڵام گال، هەوڵی خۆیدا کە بەیاننامەی ئەو میتینگ وخۆپیشاندانە لە ڕۆژنامەیەکی دژی دەوڵەتدا بڵاوبکاتەوە. بەڵام نووسینگەی "جورنال دی نوتیسیاس " قایبل نەبوو ئەو بەیاننامەیە بڵاوبکاتەوە، هەڵبەتە ئەمە ساردی نەکردەوە. بیری لەوە دەکردەوە بەیاننامەکە چاپ بکات وبە خۆی لە کوچە وکۆڵان و جادەکاندا، بەسەر خەڵکیدا بڵاوی بکاتەوە. بەڵام لەو کاتەدا بویەرێک ڕووی دا کە ئەوی ناچار کرد ئەم وشانە بنووسێت: " ئەنجام هاتە دی! ژیانم لە ڕادەبەدەر یەکنەواو یەکهاوی بووبوو، خەریک بوو بێتاقەت دەبووم."

ماجەرا و بویەرەکە دوو ڕۆژ بەر لە کاتی ڕۆیشتنەکەی ڕووی دا. وەختایەک دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، یان ڤان ریجستد، بە پاپە عەسرانەکەیەوە، هات بۆ ژوورەکەی گال و پێی ڕاگەیاند کە لە ڤاتی خوارەوە دوو کەس هەواڵی دەپرسن وئاگاداری کردەوە کە هەر دووکیان کاپانگان. هەڵبەتە گالیلو دەیزانی کە ئەم وشەیە لەقبی ئەو بەکرێگیراوانەیە کە دەسەڵاتدارانی لۆکاڵی و دەوڵەتی بۆ کارێن ژێراوژێر ونهێنی بەکاریان دێنن، بە ڕاستیش ئەو دووانە زۆر ڕەزا قورس و شەڕانی دیار بوون. بەڵام چەکدار نەبوون وخوا هەڵناگرێ ڕەفتاریان لە گەڵ ئەودا بە نەزاکەت بوو: یەکێک هەیە دەیەوێ بت بینێ. ئایا دەکرا بپرسێت کێیە ولە کوێ؟ نەخێر.

گال، کونجکاو بوو وبە گەڵیان کەوت. هەوەڵجار بۆ کڵێسای پاراسیاد باسیلیکایان برد، بە بەشی ژووری شاردا تێپەڕین وپاشان بە خوارووی شارا ڕۆیشتن وپاشان گەیینە قەراخ شار، هەموو شەقامە سەلبەندەکانی: کونسلیرو دانتاس، پرتوگال، دل پرنیسیاس- یان تەی کرد، لە بازاڕی سانتا بریارا وساوجواو ڕەت بوون و

گەیینە جادەی گالیسکان کە بەرەو بەندەری ڤارا دەچوو، گالیلو گال بیری لەوە دەکردەوە کە دوور نییە دەوڵەت ڕەئی خۆی گۆڕی بێ و لە جیاتی ئەوەی لە وڵات وەدەری بنەن، ، لە پەنایەکەوە بێکەس کوژی بکەن. بەڵام هیچ فێڵ وتەڵەکەیەک لە ئارادا نەبوو. لە پانسونێکا کە چرایەکی بچووکی نەوتی تیا دەسووتا، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" چاوەڕوانی بوو.

ئیپامینوداس گونسالوڤس، دەستی بەرەو ئەو درێژ کرد وخولکی کرد کە دانیشێت. ئەوسا بێ هیچ پێشەکییەک چووە سەر بابەتەکە: " ئایا گەرەکتە، سەرباری فەرمانی دەرکردنەکەت، هەر لە بەرازیل بمێنیتەوە؟ "

گالیلو، تەمەشایەکی کرد وهیچ بەرسڤێکی نەدایەوە.

ئیپامینوداس کونسالوڤس لێی پرسی: " باشە تۆ بە ڕاستی لەگەڵ ئەو بویەرەدای کە لە کانودوس دا بەرپا بووە؟ ". تەنیا هەر دووکیان لە ژوورەکەدا بوون. دەنگی قسە کردنی هەر دوو کاپانگاکە وهاژەی شەپۆل و پێلە بەردەوامەکان دەگەییە ژوورەوە، سەرۆکی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، بە وردی تەمەشای ئەوی دەکرد، سیمای زۆر جدی بوو، بە توندی و تووڕەیی پاژنەی پێی بە عارديدا دەکوتا. هەمان چاکەت و پانتۆڵی کەوەیی لە بەر بوو، کە گال، لە ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) لە بەریا دیتبووی. بەڵام هەمان بێموبالاتی و خەمساردی تەوسامێزی ئەو ڕۆژە بە سیمایەوە دیار نەبوو. نیگەران و دوو دڵ بوو، برۆکانی هاتبوونەوە یەک و ڕوخساری، لە تەمەنی خۆی پیرتر دیاربوو.

گال گوتی: " من حەوسەڵەی شتی نهێنی ئامێزم نییە، لەم پێچ و پەنایە حاڵی نابم، باشتر وایە بە ڕاشکاوی مەبەستی خۆتم پێ بڵێی؟ "

-من دەمەوێ بزانم ئایا تۆ ئامادەی بڕۆی بۆ کانودوس و چەک بۆ شۆڕشگێڕەکان ببەی؟

گالیلو، هەڵوەستەیەکی کرد، بێئەوەی ورتە بکات، چاوی لە دوڕ چاوانی کابرا بڕی.

ئەوسا بە کاوەخۆ گوتی: " دوو ڕۆژ لەمە پێش هیچ هاوسۆزییەکت دەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا نەبوو. داگیرکردنی خاکی خەڵکی وژیانی بێ سەر و بەرت بەلاوە کارێکی حەیوانی بوو. "

ئیپامینوداس گونسالوڤس گوتی: " ئەمە بۆچوونی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆمارییە، هەڵبەتە بۆچوونی منیشە."

گال، کەمێک سەری بردە پێشەوەو وەکو ئەوەی بیەوێ مسایەرەی بکات گوتی: " بەڵام... "

ئیپامینوداس کونسالوڤس گوتی: " بەڵام دژمنی دژمنەکانمان، دۆستمانە. " دوای ئەو قسەیە هێور بووەوەو چیدی پاژنەی بە عارديدا نەدەکوتا. "باهیا، مەڵبەند وقەڵای ئاغا ومولکدارانی کۆنەپەرستە، هەرچەندە ئێمە هەشت دانە ساڵە بووین بە کۆماری. بەڵام ئەمانە هێشتا دڵیان لای ڕژێمی پاشایەتییە.

ئەگەر بۆ کۆتایی هێنان بە حوکم ودەسەڵاتی بارون "دی کانا براڤا " لە " باهیا " پێویست بکات یارمەتی چەتەکان و سباستیانیستەکانی دەڤەری ناوەندی بدرێ، من ئەم کارە دەکەم. ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دوا دەکەوین و هەژارتر دەبین. دەبێ بە هەر نرخێ بووە وتا کار لە کار نەترازاوە، ئەو خەڵکانە لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە، ئەگەر ئەم ڕەوشەی کانودوس بەردەوام بێ، ئەوا حکومەتی "لویس ڤیانا " گرفتاری قەیران دەبێت و درەنگ یان

زوو هێزەکانی فیدرال، داخڵی شەڕ دەبن. هەر کە "ریودی جانیرۆ " هاتە مەیدان ئیدی باهیا لەوە دەردەچێ کە مەکۆ ومەڵبەندی حیزبی خۆیبوونخواز بێ.

گال، بزەیەکی بە ماناوەی کرد: " هەنگێ دەسەڵاتی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری دەست پێدەکات. "

ئیپامینوداس کونسالوڤس قسەکەی بۆ ڕاستکردەوە: " ئێمە باوەڕمان بە پاشایەتی نییە. ئێمە تا سەرمۆخ کۆماریخوازین. دەی زۆر چاکە هەستدەکەم کە لێم حاڵی دەبیت. "

گال گوتی: " لەم بەشەی تێدەگەم، بەڵام سەر لە بەشەکەی دیکەی دەرناکەم. ئەگەر قەراربێ حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری خەڵکان چەکدار بکات، بۆ ئەم کارە لە ڕێگای منەوە بکرێ؟ "

ئیپامینوداس کونسالوڤس، بە کاوەخۆ و زۆر بە ڕوونی گوتی:

" حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری حەز ناکات یارمەتی کەسانێک بدات کە دژی قانوون هەستاون یان کەمترین تەماسی دەگەڵ ئەو جۆرە خەڵکانەدا هەبێت."

خاوەن ئیمتیاز وسەرنووسەری (جورنال دی نوتیسیاس) بە هەمان نەفەس بەردەوام بوو: " ئیپامینوداس کونسالوڤس " نوێنەری بەڕێزی ئەنجوومەن ناتوانێ یارمەتی شۆڕشگێڕان بدا و هەر کەسێکیش دوور و نزیک پەیوەندی بەوەوە هەبێ، نابێ لەم ماجەرایەوە بگلێ. ئەم نوێنەرە بەڕێزە لە پێناوی کۆمەڵێک بەهای ئایدیالیدا، لە ڕای کۆماری ودیموکراتیەتدا، لەم دەڤەرە دابڕاو ودوورە دەستەدا کە دوژمنانی بەهێز دەوریان داوە، دەخەبتێ، بۆیە ناتوانێ خۆی لەم جۆرە ڕیسکانە بدات. " بزەیەکی کرد، گال بینی کە تاقمێک ددانی درەخشان وسپی هەیە. " ئەوسا بیرم لە تۆ کردەوە. ئەگەر پێرێ سەرت نەدابام هەرگیز ئەم نەخشەیەم بە بیرا نەدەهات. ئەو سەردانەی تۆ ئەم پێشنیاز ونەخشەیەی خستە مێشکمەوەو لە دڵی خۆدا گوتم: " گەر ئەم کابرایە ئەوەندە شێت بێ کە خەڵکی لە ڕای پشتیوانی لە شۆڕشگێڕەکان کۆبکاتەوە، هەڵبەتە ئەو شێتایەتیەشی لە دەست دێ کە تفەنگیان بۆ ببات. "

ئیدی پێنەدەکەنی، بە تۆنێکی جدی لە سەری ڕۆیی: " لەم حاڵەتانەدا ڕاشکاوی باشترین شێوازە. تۆ تاقە کەسی، کە ئەگەر کەشف بوو یان دەستگیر کرا، ناتوانێ ناوی من و هاوڕێ سیاسیەکانم بدات وزیانی بۆمان هەبێ. "

-" یانی دەتەوێ ئاگادارم بکەیەوە کە ئەگەر گرفتار بووم و گیرام نابێ بە تەمای یارمەتی تۆ بم؟ "

ئیپامینوداس کونسالوڤس، بە کاوەخۆ وزۆر بە ڕاشکاوی گوتی: " ئەمجارەیان زۆر بە باشی لە مەبەستم حاڵی بوویت. ئەگەر ئامادەی ئەم کارە نیت، ئەوە شەوتان بە خێر، تۆ بەخێر ومن بە سەلامەت، ئەوە لە بیر خۆت ببەوە کە منت دیتووە. ئەگەر ئامادەی وەرە با باسی کرێیەکەت بکەین. "

یارۆی سکۆتلاندی، لە سەر تەختە دارینە لەق وبە جیرە جیرەکەی جولاو بەدەم چاو تروکاندنەوەو لە بن لێوانەوە گوتی: "کرێ؟ " .

ئیپامینوداس کونسالوڤس گوتی: " بە ڕای من تۆ بەم کارە خزمەتی ئێمە دەکەی. جا لە بری ئەو خزمەتە پارەیەکی باشت، کاش لە کاتی دیاری کراوا، هەر کاتێ ویستت لەم وڵاتە بڕۆیت، دەدەمێ، یانی بەڵێنت دەدەمێ. بەڵام ئەگەر دەتەوێ خۆبەخشانە ئەم خزمەتە بکەی، ئەمە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە."

گالیلو گال، بەدەم هەستانەوە گوتی: " دەچمە دەرێ پیاسەیەک دەکەم. کە بە تەنیا بم باشتر بیردەکەمەوە. زۆرم پێناچێت. " کە لە پانسیونەکە وەدەرکەوت، هەوەڵجار وایزانی بارانە، بەڵام ئەوە باران نەبوو بەڵکو پرژەی شەپۆلان بوو.

جووتە کاپانگاکان (ئەمن) وەلا کەوتن تا ئەو ڕەتبێ، بۆنی توندی پایپەکانیان چوو بە دەم و لووتی گالیلو دا. مانگ بە حەوێقی ئاسمانەوە بوو. دەریا خرۆشا بوو، بۆنێکی نمساری نەمکینی خۆش، تا ناخی ناخی ڕۆیی. گالیلو گال، بە ناو لمەلان وتاوێرە تەریکەکاندا بەرەو قەلایەکی چکۆلە ڕۆیی کە تۆپێکی ڕووەو ئاسۆ لە سەر دامەزرابوو. لە دڵی خۆدا گوتی: " کۆمار، لە باهیا هێزێکی ئەوتۆی نییە، هێزێکە لە نرخی نەبوودا، ڕێک وەکو هێزەکەی پاشای ئینگلتەرا، لە سەردەمی " روب روی ماک گریگور " هیچ هێزێکی لەو بەری ڕاڕەوی ئەبروفویل دا نییە. " ( روب روی ماک گریگور، یاخیەکی سکوتلاندی، سەرۆکی هۆزی گریگور بوو کە باج و سەرانەی لە خەڵکی وەردەگرت و پەزی دەدزی. لە ساڵی ١٧١٧ دا بە دیلی گیرا، بەڵام پاشان بەخشرا. ) هەرچەندە لە ناخا هاڕوژا بوو بەڵام هەوڵی دەدا وەکو هەمیشە بە ئارامی وبابەتیانە مەسەلەکە هەڵسەنگێنێ. ئایا لە ڕووی ئەخلاقیەوە دروست بوو بابایەکی شۆڕشگێڕ دەگەڵ سیاسەتوانێکی خوردە بورژوادا هاودەستی بکات؟ پیلان بگێڕێ؟ بەڵێ، ئەگەر ئەم نەخشە و پیلانە، لە قازانجی شۆڕشگێڕەکاندا بوایە دروست بوو. ئایا دەیتوانی شتێک بۆ کانودوس بکات؟ هەڵبەتە بەدەر لە هەر کەش وفشێک کەسێکی دەوراندیدەو کارامە کە لە خەباتدا قاڵ بووبووەوەو ژیانی خۆی وەقفی شۆڕش کردبوو، دەیتوانی لە هەندێ بڕیاراندا، وەختایەک شەڕ بەر دەرکەی پێ دەگرتن وناچار دەبوون ملی پێوە بنەن، یارمەتیان بدات. دیارە ئەم ئەزموونە زۆر گرینگ بوو، ئەگەر بیتوانیبا بیگەیەنێتە شۆڕشگێڕانی دنیا. هەڵبەتە ئەم ئەگەرەش هەبوو کە ئێسک و پروسکەکەشی لەوێندەر، لە کانودوس برزێت. بەڵام ئاخۆ ئەم مردنە، لە مردن بە نەخۆشی وبە پیری، باشتر نەبوو؟

بۆ پانیسونەکە زڤرپییەوە، لە بەر دەرگاکەوە بە ئیپامینوداس کونسالوڤسی گوت:- هێندەم شێتایەتی تیایە کە ئەو کارە بکەم.

یارۆی سیاسەتوان، بە چاوانی ئەبڵەقەوەو بە حەپەساوی و بە ئینگلیزی بە گولیلو گالی گوت: Wonderfull ، سەیرە.

( ٥ )

مورشید، لە وەعزەکانی خۆیدا هێندە باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن لەشکری "سەگەکە" بۆ دەزگیرکردنی ئەو و بە شمشێران بەر دەبنە وێزەی شار وداری بەسەر بەردییەوە نایەڵن، وەختایەک زیارەتکار بە سواری ئەسپەوە لە "جوازیرو" وە هاتن و خەبەریان هێنا کە کەتیبەیەکی فەوجی نوێ پیادە لە باهیاوە وەڕێ کەوتووەو گەییوەتە ئەو نزیکانە و بۆ گرتنی وەلی (قدیس) هاتوون، هیچ کەسێک لە کانودوس بەمە غافلگیر نەبوو.

پێشبینی یەکان دەهاتنە دی، وشەکان دەبوون بە حەقیقەت. بەڵام ئەم خەبەرە خەڵکەکەی هاڕوژاند. پیرو گەنج و پیاو و ژن هەموو ئامادە بوون، تفەنگی ریز، قەرەبینا، تفەنگی سەرپڕ و جۆرەها چەک هێنرانە دەرێ، ڕەختی پڕ لە فیشەک بەسترا، کێرد و خەنجەران، لە بەر پشتێنان نران، دەست درایە داس وکێرد ونێزە و تیروکەوان و قۆچەقانی و دار وبەرد.

ئەو شەوە، شەوی سەرەتای کۆتایی دنیا، هەموو خەڵکی کانودوس لە دەوری پەرستگاکەی مەسیحی موبارەک کۆبوونەوە – کە بریتی بوو لە بینایەکی نیوەچڵ، بە دوو منارەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزتر دەبوونەوەو دیوارەکانی بەرەبەرە چێدەکران – خڕ بوونەوە تا گوێ لە وەعز ورێنوێنیەکانی مورشید بگرن. جۆش وخرۆشی موریدەکان دنیای پڕ کردبوو. بەڵام مورشید لە هەموو کاتێ پتر خەیاڵاوی و پەرت حەواس بوو، دڵی لە شوێنێکی دیکە بوو. کە زیارەتکارەکان، ئەوانەی لە "جوازیرو " وە هاتبوون خەبەرەکەیان پێی گەیاند، هیچ قسەیەکی نەکرد، ڕۆیی تا سەرپەرشتی و چاودێری کۆکردنەوەی بەرد و کوتانەوەی زەوی و، گرتنەوەی چەولم بۆ پەرستگەکە بکات، بە جۆرێ بیری لە لای ئەم کارە بوو کە هیچکەسێ زاتی نەبوو پرسیارێکی لێبکات. بەڵام وێڕای ئەوەش هەر هەموویان لەو دەمەدا کە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، هەستیان دەکرد کە ئەم پیاوە پارسا وخواناسە، ڕازیە بەو کارەی ئەوان دەیکەن. هەمووان، لە کاتێکا کە کەوانەکانیان زەیت دەکرد وحەبلیان لە تفەنگەکانیان دەداو بارووتیان وشک دەکردەوە، دەیانزانی ئەو شەوە خواوەند لە زاری مورشیدەوە پێیان دەڵێت کە دەبێ چ بکەن.

دەنگی مورشید. لە ژێر ئاسمانی ئەستێرە باراندا دەنگی دەدایەوە، دنیا کپ، نە شنەیەک، نە سروەیەک نەدەهات. وشەکانی هێندە بە سام وهەیبەت بوون وهاماجەکە هێندە مەند وبە ویقاربوو کە هەموو ترسێکی لە دڵ دەڕەواندەوە. پێش ئەوەی باسی شەڕ بکات، باسی ئاشتی کرد، باسی ژیانی ئایندە، ئەو ژیانەی کرد، کە عەزاب و خەتای تێدا نەدەبوو. ئەو ڕۆژەی کە شەیتان لە سەر تەخت دەهێنرێتە خوارەوە، پایەی مەلەکوتی روح القدس، جێگیر دەبێت، ئەمە لە دوا قۆناغی ڕۆژی پەسلان دێتە دی. ئایا کانودوس دەبوو بە پایتەختی ئەو مەملەکەتە ( پاشانشین )؟ بەڵێ، ئەگەر مەیلی مەسیحی موبارەکی لە سەر بێ. هەنگێ یاسا وڕێسا شوومەکەی کۆماری هەڵدەوەشێتەوەو قەشە و وەلیان وەکو جاری جاران دێنەوە و دەبن بە شوانی وەفاداری ڕەعیەت و موریدانی خۆیان. دەشت و دەر تێر باران دەبن، سەوز دەبن و گەنمەشامی و دانەوێڵە سەوز دەبن، مەڕ و ماڵات بەرەکەتی تێدەکەوێ. هەموو کەسێ خوراکی پێویستی دەستدەکەوێ، ماڵباتەکان لەوە بە دواوە دەتوانن مردووەکانیان بە تابووتی ناو بە مەخمەڵەوە بنێژن. بەڵام دەبێ لە پێش ئەوەدا " مەسیحی دەجال " سەرنگون بکرێ. پێویستە خاچێک دروست بکەن و بەیداخێک بە وێنە و نیشانەی خواوە هەڵبکەن تا دژمن بزانێ، کێهەلا لە سەر مەزەب و ئۆلی هەقە. دەبێ وەکو چۆن سەلیبیانی دلاوەر بۆ ڕزگاری ئۆرشەلیم دەچوون، بەو ئاوایە، بەدەم سروودخوانی، دوعا گۆیی و پاڕانەوە لە پاکیزەو مەسیح بچنە شەڕەوە، هەنگێ وەکو چۆن دلاوەرانی سەڵیبی بە سەر دژمناندا سەرکەوتن، بەو ئاوایە هەوادارانی (مەسیحی موبارک)ش بە سەر کۆماریخوازەکاندا سەر دەکەون.

ئەو شەوە هیچ کەسێک لە کانودوس نەخەوت. هەندێک دوعا و نزایان دەکرد، هەندێ نوێژیان دەکرد، هەندێکی دی خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، خەڵکانێکی کارامە وشارەزا خاچیان دروست دەکرد، پارچەکانیان لێکدەداو بەیداخیان دەدروو. بەر لە سپێدە لە دروستکردنی خاچەکە ودروونی بەیداخەکە بوونەوە. خاچەکە سێ مەتر درێژ و دوو مەتر پان بوو، بەیداخەکە چوار چەرچەفی پێکەوە دووراو بوو، کە "چکۆلەی موبارەک" وێنەی کۆترێکی سپی باڵ کراوەی لە سەرکێشا بوو وبە خەتێکی خۆش "شیری ناتوبا "، دوعای بەڵاوەگێڕی لە سەر نووسیبوو.

جگە لە چەند کەسێکی کەم کە بە دەستووری ئانتونیو فیلانوفا لە کانودوس مانەوە تا کاری بونیاتنانی پەرەستگەکە نەوەستێ (کە جگە لە ڕۆژانی یەک شەممە، شەو و ڕۆژ کاری تیا دەکرا) ئەوانی دی هەر هەموو ئەوانی دی سارەزی (سبەی زوو) بەرەو نبدنگو و جوازیرو بەڕێکەوتن تا بە سەرکردەکانی سوپای شەڕو شەیتانی نیشانبدەن کە هێشتا لەم دنیایەدا خەڵکانێک هەن کە داکۆکی لە خێرو چاکە دەکەن. مورشید ڕۆشتنەکەی ئەوانی نەبینی، چونکە لەو دەمەدا لە کڵێسا بچووکەکەی "سانتو ئانتونیو " دا بوو ونوێژ ونزای بۆ ئەوان دەکرد.

ناچار بوون، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سەربازەکان ببنەوە دە فرسەخان ڕێگا تەی بکەن. بەدەم ڕێگاوە سروودیان دەخوێند، نزایان دەکرد، لە خودا دەپاڕانەوە، هورایان دەکێشا و ناوی خوا ومورشیدیان دێنا. تەنیا یەک جار بۆ ئیسراحەت لایاندا، ئەویش دوای ئەوەی لە (مونتە کامبایو) ڕەت بوون. ئەوانەی کە کاری تەوالێت و دەست بە ئاو گەیاندن زۆری بۆ دێنان، لە ڕیزە دوور ودرێژ وپێچاوپێچەکە دەردەچوون وخۆیان بەتاڵ دەکردەوە و پاشان بە غار دوای هاوڕێکانیان دەکەوتن، بڕینی ئەو دەشتە کاکی بە کاکی و وشک و بڕینگە شەو و ڕۆژێکی خایاند، بێئەوەی هیچکەسێک داوای لادان و ئیسراحەت بکات. هیچ نەخشەیەکی شەڕیان نەبوو. ئەو تاک و تەرایانەی لە ڕێگا تووشیان دەبوون، کە دەیان بیست ئەم جماعەتە بۆ شەڕ دەڕۆن، سەریان دەسوڕما. سەر وسیمایان لە خەڵکانێک دەچوو کە بۆ کەڕنەڤاڵ وئاهەنگی شادی وخۆشی بڕۆن، هەندێکیان باشترین جلکیان لەبەر کردبوو. چەکیان بە شانەوە بوو و هاواریان دەکرد: " مردن بۆ شەیتان، بمرێ کۆمار " تەنانەت لەو دەمەشدا، سیمای شاد وگەشیان، کاریگەری نەفرەتە پەنهانەکانی ناو هاوار وهوراکانیانی تەواو کاڵ دەکردەوە. خاچ و بەیداخەکە لە پێشی پێشەوەی کاروانەکەوە دەڕۆیی، چەتە و ڕێگری جاران " پدراو " و کۆیلەی جاران " جواوە زلە " خاچ و بەیداخەکەیان هەڵدەگرت و "ماریا کودرادو " لە دوای ئەوانەوە ڕێی دەکرد، " ئەلکساندرینیا کوریا " دوای ئەو دەهات، ئەمانە سەندووقێکی شووشەییان بەدەستەوە بوو کە وێنەیەکی مەسیحی تیابوو کە " چکۆلەی موبارەک " لە سەر پارچەیەک نەخشاندبووی، لە دوای ئەوانەوە ئەو مورید و هەڵبژاردانە دەهاتن کە لە نێو تەپ و تۆزەکەدا لە تاپۆ وتارماییان دەچوون. زۆرێک لەمانە بەدەم وێرد وسەڵاواتەکانەوە، ئەو نەیانەیان دەژەند کە جاران وەکو سەبیلی جگەرەکێشان بەکاریان دێنا ونها کونیان تێکردبوون و وەکو بلوێری شوانان بەکاریان دێنا. بەدەم ڕێگاوە ڕیزی خەڵکەکە بە گوێرەی پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و ناسیاوی لێکدی نزیک دەبوونەوە و گروپی دیکەیان پێکدێنا. ئەوانەی سەر بە یەک دار و ودەستەی یاخی و چەتە بوون، ئەوانەی کە خەڵکی یەک گوند بوون، کۆیلانی هاوگەڕەگ، خەڵکی یەک ماڵبات، پەیوەندییان بەیەکەوە دەکرد، دەتگوت لەگەڵ نزیک بوونەوەی کاتی شەڕەکەدا، هەر کەسە پێویستی بەوە بوو تا دەتوانێ لەو کەسانە نزیک ببێتەوە کە تاقی کرابوونەوەو کوڕی تەنگانە بوون. ئەوانەی کە ئەزموونی کوشتنیان هەبوو بەرەبەرە لە ڕیزی یەکەمدا جێگیر بوون و تا زیاتر لە شارۆچکەی " ئواوا ، بۆیە ئەو ناوەی لێنرابوو چونکە ئەستێرۆکی (گوڵە ئەستێرە) زۆر بوو، نزیک دەبوونەوە، ئەبوت جواو، پاجو، تارامیلا، خوزید ڤینانسیو و ماکامبیراس و چەتە و ڕێگرەکانی دی، لە دەوری خاچ و بەیداخەکە و لە ڕیزی پێشەوە خڕ دەبوونەوە، چونکە خۆبەخۆ بێئەوەی چ کەسێک پێیان بڵێ دەیانزانی بە حوکمی ئەزموونداری وبە هۆی گوناحەکانیانەوە، دەبێ لە کاتی هێرشەکەدا سەرمەشق و پێشەنگی ئەوانی دی بن.

دوای نیوەشەو، جووتیارێک هاتە دیدەنیان تا ئاگاداریان بکاتەوە کە سەد وچوار سەرباز، دوێشەو لە " جوازیرو " وە هاتوون و لە " ئواوا " ئۆردوبەزیان کردووە. ئیدی هاوار و هورای " بژی مورشید، بژی مەسیحی موبارەک ! " بەرز بووەوەو دڵی موریدە بژاردەکانی هێنایە جۆش. ئیدی بە جۆش و خرۆشەوە پێیان هەڵگرت. وەختایەک

سپێدە بەیانی دا، چاویان بە ئواوا کەوت، ئەواوای چی! بریتی بوو لە چەند کولبەیەکی چکۆلە کە مەکوی ناچاری مانەوەی ئەو گاوان و پەزەوانانە بوو کە لە مونتە سانتووە بۆ کوارسیا دەڕۆیشتن. کاروانی خەڵکەکە دەستیان بە وێرد و سەڵاوات لە دیداری یەحیای مەعمەدان، وەلی موبارەکی شارۆچکەکە کرد. ئەو سەربازە خەواڵۆیانە کە لە قەراخ دەریاچەیەکی ئەو دەوروبەرە ئێشکیان دەگرت، کە چاویان بەم حەشاماتە کەوت بە جارێ حەپەسان، بۆ چەند چرکەیەک تەمەشایان کردن، باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد، هەنگێ بلەز بۆ شارۆچکەکە قوچانیان. هەنگێ موریدە هەڵبژاردەکان بەدەم سرووود و دوعاخوانیەوە، بە نەوای بلوێرانەوە، خۆیان بە ئواوا دا کرد، ئەو سەد و چەند سەربازەیان کە لە غورابی خەودا بوون ودوای دوازدە ڕۆژە ڕێگا گەیی بوونە ئێرە، لە خەو ڕاپەڕاند، سەربازی چی! هەموو گێژ و وێژ، هیچ وێنایەکیان لە لا نەبوو کە ئەم خەڵکە سروودخوانە لە کوێوە پەیدا بوون، سەری دنیایان لێ هاتبووە یەک. ئەم سەربازانە بە تاقی تەنیا لە ئواوا بوون، شەوێ ڕۆنیشڤانانی شارۆچکەکە، هەڵاتبوون. کە چی نها هەموو هاتبوونەوە، دەگەڵ ئەو موجاهیدانەدا بوون کە بە دەوری درەختانی تەمر هندی مەیدانە گشتیەکەدا دەسوڕانەوە و سەیری سەر وسیمای ئەو سەربازانەیان دەکرد کە لە درزی دەرگا و پەنجەرەکانەوە بە دزییەوە تەمەشایان دەکرد وحایر وحەپەساو تیا مابوون کە تەقە بکەن یان هەڵێن یان لە ناو جۆلانەکانیان و لە سەر تەختەخەوە شەق و شڕەکانیان پاڵبکەون وبخەون.

دەنگی بەرزی شەیپورێک، کە خوێندنی کەڵەبابێکی بڕی، ئەمری شەڕی ڕاگەیاند، سەربازەکان کە لوولەی تفەنگەکانیان نابووە سەر دیواری نزمی کوختەکان، دەستیان بە تەقە کرد، موجاهیدەکان یەک یەک لە خوێنی خۆدا گەوزان. بەرەبەرە ڕیزی لەشکری چەتەکان تێکچوو، ئیدی دەستەی پیاوە ئازا و بێباکەکانی وەکو ئەبوت جواو، خوزیە ڤیناسیو، و باجو هێرشیان بۆ کوختەکان برد، ئەوانی دی بە ڕاکە ڕاک خۆیان گەیاندە پەنا و پاساران، یان خۆیان لە نێو دار تەمر هندیەکاندا مەڵاس دا ولە هەمان کاتدا ئەوانی دی دەستیان بە پێشڕەوی کرد، هەڵبژاردەکانیش ناو بە ناو تەقەیەکیان دەکرد، ئەوانەی قەرەبینا و شمخاڵیان هەبوو و ئەوانەی فریا دەکەوتن تاپڕەکانیان پڕ بکەن، لە نێو دووکەڵی بارووتەوە نیشانە بگرنەوە، ناوبەناو تەقەیان دەکرد. بە درێژایی ئەو شەڕە سەخت وبە هەرا و هەنگامەیە نە خاچەکە بۆ تاقە جارێ خوار و ڕاست بووەوە و نە بەیداخەکە لە شەکانەوە کەوت. کۆمەڵێک موجاهید، هەرچەندە گوللە جەستەی دابێژابوون، دەوری خاچ و بەیداخەکەیان گرتبوو و بە ئامان و زامان دەستبەرداری نەدەبوون و نهێنی سەرکەوتن و شانازی خۆیان لەو دوو ئارمەدا دەبینی. بۆە نە " پدراو " و نە " جواوە زلە " و نە " دایکی خەڵکی " کە سەندووقە شووشەییەکەی کە شەمایلی مەسیحی تیابوو، بەدەستەوە بوو، لەو شەڕەدا نەکوژران.

سەرکەوتنەکە زۆریش زوو بەدەست نەهات. خەڵکانێکی زۆر شەهید بوون، هەرا و زەنای ڕاکە ڕاک و هەڵاتن و دەنگی دەستڕێژی گوللە هەندێجار کپ دەبوو و بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشا و دوای تۆزێک دووبارە هەرا وزەنا دەستی پێدەکردەوە. بەڵام لە چێشتەنگاودا پیاوانی مورشید زانیان لە شەڕەکەدا سەرکەوتوون، چونکە خەڵکانێکیان بینی کە بە نیوە ڕووتی، هەڵدەهاتن، دیار نەبوو بە ئەمری سەرکردەکانیان پاشەکشەیان دەکرد یان لە ترسی دژمنەکانیان بوو، بە پەلە پڕۆزێ دەیانقووچان، چەک و جل و بەرگ و پۆستاڵ و کۆڵەپشتیەکانیان بەجێدەهێشت وهەڵدەهاتن. پیاوانی کانودوس، هەرچەندە دەیانزانی لە مەودای گوللە دەرچوون، بەڵام هەر تەقەیان لێدەکردن... دوای ماوەیەکی کەم، باقی سەربازەکان هەڵهاتن، لە کاتێکا لە ترسی گیانی خۆدا هەڵدەهاتن، دەکەوتنە ئەو کەمین و بۆسانەوە کە (موجاهیدو یاخییەکان) لێرە ولەوێ بۆیان نابوونەوە. هەنگێ پیاوانی کانودوس بە نێزە و بێڵ کەوتنە گیانیان و لە چاو تروکانێکا بە کێرد و چەقۆ دوایان بڕینەوە. لە

سەرە مەرگا گوێیان لەو خەڵکە بوو کە پێیان دەگوتن سەگ وشەیتان و وایان وێنا دەکرد کە روحیان بەر نەفرەت کەوتووە و جەندەکەکانیان لەو گۆڕەدا بۆگەن دەکات. موجاهیدەکان دوای سەرکەوتنەکەی ئواوا چەند سەعاتێک لەوێ مانەوە، چەند سەعاتێک بە پاڵ یەکەوە خەوتن و هیلاکی ڕێگا وماندوویەتی شەڕەکەیان لە گیانی خۆ دەرکرد. هەندێکی دی لە سەر داوای ئەبوت جواو، بە مەبەستی دۆزینەوەو گرتنی تفەنگ وتەقەمەنی و سەرنێزە و ئەو ڕەخت و فیشەکەدانانەی کە لە سەربازەکان بە جێ مابوو، کەوتنە پشکنینی کوختەکان. ماریا کوادرادو، و ئەلکساندرینا کوریا و گرترودوسی دێوەرە و چەرچی، هەرچەندە گوللەیەک بە بازووی کەوتبوو و بریندار بوو، هەر لە جم و خوڵدا بوون و تەرمی (یاخی وموجاهیدە) کوژراوەکانیان دەخستە سەر دەستەبەرەی لە تۆڕ دروستکراو تا بۆ " کانودوس یان ببەن.

ژنانی هەتوانفرۆش، دکتۆرێن گیا دەرمانی، مامانان، جەڕاحان و شکستەبەندان و هەرکەسێ کە کارێکی لە دەست هاتبا لە دەوری بریندارەکان خڕ بووبوونەوە وخوێنی برینەکانیان پاک دەکردەوە، زامەکانیان دەبەست یان دوعا و وێردیان دەخوێند تا ئازارەکانیان کەم بکەنەوە.

هەڵبژاردە وموجاهیدەکان، بە کوژراو و بریندارەکانیانەوە، هەمان دە فەرسەخە ڕێگاکەیان بە ڕێگای وازا – پاریس دا تەی کرد وگەڕانەوە، ئەمجارەیان هێواشتر ڕێیان دەکرد. دوای ڕۆژ و تاقێک گەیینەوە کانودوس، هەموو هاواریان دەکرد بژی مورشید، ئەوانەی کە بۆ کارکردن لە پەرستگەی کانودوسدا مابوونەوە، بە چەپڵەڕێزان و پێکەنین و شادییەوە پێشوازیان کردن و لە باوەشیان کردن. مورشید لەو ڕۆژەوە کە ئەوان ڕۆیشتبوون نە هیچی خواردبوو و نە هیچی خواردبووەوە، ئەو شەوە لە سەر داربەستی بورجی پەرستگاکەوە وەعزی دا و دوعای بۆ مردووەکان کردو زۆر سوپاسی مەسیح و یەحیای مەعمەدانی کرد کە ئەو سەرکەوتنەیان پێ بەخشین و باسی ئەوەی کرد کە شەڕ و خراپە، لەم دیار و دەڤەرەدا، لەم خاکەدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. پێش ئەوەی زەمان دەست پێبکات خواوەند هەموو شتێکی پڕ کردبوو، فەزا و هاماج لە ئارادا نەبوو، شوێن لە ئارادا نەبوو، هەموو شتێک هەر خوا بە خۆی بوو. ئیدی خوا بۆ خوڵقاندنی جیهان دەبوایە کەمێک بێتەوە یەک تا بۆشاییەک دروست بکات، لەم هاتنەوە یەکەی خوادا، شوێن دروست بوو، لە زەرفی حەوت ڕۆژا، ستێران، ڕوناکی، ئاو، گیا، حەیوانات و بەشەران لەم شوێنەدا دروست بوون. بەڵام هەر کە زەوی بە هۆی هاتنەوە یەکی زاتی خودایی دروست بوو، ئیدی زەمینەیەک خۆشبوو بۆ بەرقەراری دەسەڵاتی خراپترین دژمنی خواوەند، واتە بۆ خەتا و گوناحان. ئیدی کە دنیا دروست بوو، بوو بە قەڵەمڕەوی شەیتان و بە بەردەوامی نەفرەتی خوای بە سەر سەرەوە بوون. بەڵام خوا بەزەیی بە بەشەردا هاتەوە و کوڕەکەی خۆی نارد تا جارێکی دی زەوی کە بووبوو بە قەڵەمڕەوی شەیتان فەتح بکاتەوە.

مورشید گوتی کە یەکێک لە شەقامەکانی کانودوس بە ناوی وەلی و پارێزەری ئواواوە ناو دەنەن " ساوجواو باتیستا. "

***

ئیپامینوداس کونسالوڤس دەڵێت: " فەرماندار " ڤیانا " بە تەمایە لەشکرێکی دیکە بۆ کانودوس بنێرێ. بە سەرکردایەتی ئەفسەرێکی دەنێرێ بە نێوی رائید " فبرونیودی بریتو " کە دەیناسم. ئەمجارەیان هێزێکی چکۆلەی وەکو ئەوە نییە کە هێرشی کردە سەر "ئواوا" ئەمجارەیان فەوجێکی تەواو ڤڕێ دەکەن، ئیدی ئەگەری ئەوە هەیە

له هەر ساتێکا لە باهیاوە بەڕێبکەون، دوور نییە نها بەڕێ کەوتبن، درەنگە، وەختێکی زۆرمان بە دەستەوە نەماوە.

گالیلو گال، بەرسڤی دەداتەوە: " من دەتوانم سبەی بەیانی بە ڕێ بکەوم. کابرای بەڵەد و دەلیلیش چاوەڕوانە. چەکتان لە گەڵ خۆ هێناوە؟ "

ئیپامینوداس جگەرەیەک بۆ "گال" ڕادەگرێت کە بە سەربادانێ ڕەتی دەکاتەوە. لە بانێژەیەکی لەرزۆکی داڕوخاوی کۆشکی مەزرایەکی نێوان ڕێگای کیماداس وجاکوبینادا لە سەر کورسی حەسیر دانیشتوون. سوارێکی سەراپا چەرمپۆش بە ناوی "کایفاس" کە ناوێکی تەوراتیە، گالی بۆ ئێرە هێنابوو، چەند جارێک بۆ ڕێ گومگێ بە دەشت و دەرە بەرینەکەیدا گێڕابووی.

دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، لەوپەڕی پەرژینە دارینەکەوە ڕێزێک دار خورما و کۆترخانەیەک و چەند ئاغەڵ و گەوڕێک دەبینرا. هەتاو وەکو تۆپەڵە ئاگرێکی ئامال سوور، ئاسۆی ئاگر باران دەکرد.

ئیپامینوداس گونسالوڤس، هێدی هێدی مژ لە سیغارەکەی دەدات. لە بن لێوانەوە دەڵێت: " بیست و چوار تفەنگی فەرەنسی، زۆر چاک." لە پشت دووکەڵی سیغارەکەیەوە دەڕوانێتە گال: "دە هەزار فیشەکیش." کایفاس بە گالیسکە تۆ بۆ ئاقاری " کیماداس" دەبات. ئەگەر زۆر ماندوو نەبیت، باشتر وایە هەر ئەمشەو بە چەکەکانەوە بۆ ئێرە بگەڕێیتەوەو سبەینێ یەکسەر بۆ کانودوس بڕۆیت.

گالیلو گال، سەری ڕەزامەندی دەلەقێنێ. ماندووە، شەکەتە، بەڵام پێویستی بەوەیە چەند سەعاتێک بخەوێ تا ئیسراحەت بکات. لە سەر بانێژەکە، مێشوولە وپێشکە هێندە زۆرە، کە ناچار بوو بۆ دەرکردنیان، دەستێکی بە دەم و چاویەوە بگرێت. هەرچەندە شەکەتە، لێ زۆر شاد وشەنگوڵە، ئەم چاوەڕوانییە تەواو بێزارو بێتاقەتی کردبوو، لەوە دەترسا کە نەبا گونسالوڤس نەخشەکەی گۆڕی بێ. ئەم بەیانییە وەختایەک سوارە چەرمپۆشەکە لە ناکاواو بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک بۆ پانسیونەکەی " خاتوونی شکۆدار" هاتبوو و وشەی نهێنی گوتبوو، گال، بە جۆرێ خۆشحاڵ بووبوو کە بیری چووبوو تێشت بخوات. بە درێژایی ڕۆژ، بێئەوەی پاروە نانێ یان قومە ئاوێ بخواتەوە بە بەر هەتاوی گەرما بۆ ئێرە هاتبوو.

ئیپامینوداس گونسالوڤس دەڵێت: " ببورە کە ئەم هەموو ڕۆژە ماتەڵم کردیت. بەڵام کۆکردنەوەی چەک و هێنانی بۆ ئێرە کارێکی ئاسان نەبوو. پروپاگەندەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانت، لە شارەکانی سەرڕێگات بینی؟ " گال، بەدەم باوێشکدانەوە دەڵێت: " ئەوەی مایەی سەرنج بوو، حیزبی خۆیبوونخواز لە باهیا، لە ئێوە زیاتر پارەی لە پروپاگەندەدا خەرج دەکرد."

-" ئەم حیزبە هەموو شتێکی هەیە، تەنیا پارەی " فیانا "ی نییە، پارەی دەوڵەت و ئەنجوومەنی باهیاشی هەیە، لە هەموو ئەوانەش گرینگتر پارەو پولی بارونیش لە خزمەتی ئەودایە."

گالیلو گال، کە لە ناکاوا گوێ هەڵدەخات، دەڵێت: " ئەم بارونە بۆ خۆی قارونێکە لەو گۆڕە، وانییە؟ کەسایەتیەکی عەنتیکەیە... گومان لەوەدا نییە. من لە کیماداس هەندێ شتم دەربارەی بیست. "روڤینو" ئەو بەڵەدەی تۆ بۆت دۆزیبوومەوە بۆی گێڕامەوە. ژنەکەی بەشێکە لە مولک ومالی بارون. بەڵێ وایە، ئەو ژنە تایبەتە بە بارون، وەکو بزن وگوێرەکە. بارون داویە بە روڤینو. روڤینوش بە جۆرێ باسی بارون دەکات وەکو ئەوەی کۆیلە و

موڵکی ئەو بێ، بێهیچ نەفرەتێ، منەتبارو وەکو سەگی بە وەفا باسی دەکات. بە ڕاستی سەیرە سینیور گونسالوڤس، لێرە هێشتا سەدەکانی ناڤینە."

ئیپامینوداس گونسالوڤس، دووکەڵی جگەرەکەی بە بادا دەدات ودەڵێت: " ئێمە لە دژی ئەمە دەخەبتین. ڕژێمی سەڵتەنەتی لەبەر ئەمە ڕوخا، ڕژێمی کۆماری زادەی ئەمەیە."

گالیلو گال، لە دڵی خۆیدا، قسەکەی ئەو ڕاست دەکاتەوە: "لە ڕاستیا دار ودەستەی ئەنسار ویاخییەکان دژایەتی ئەم ڕەوشە دەکەن." هەستدەکات لە ئان و ساتدا خەو بیباتەوە.

ئیپامینوداس گونسالوڤس، هەڵدەستێ، بە بانێژەکەدا دەکەوێتە هات وچۆ، دەپرسێت: "چیت بە یارۆی بەڵەد گوت؟ " زیکزیکە کەوتنە زیکەزیک وتەشقی گەرماکە شکا.

گال دەڵێت: "حەقیقەت". خاوەن ئیمتیاز وسەرنووسەری ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" لە سەرسامیا دەحەپەسێ.

" ئاگام لەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک ناوی تۆ نەبەم، تەنیا باسی خۆمم کرد. پێمگوت وەکو قەناعەتی خۆم و لە پێودانگی لایەنگری ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیەوە دەمەوێ بۆ کانودوس بڕۆم."

ئیپامینوداس کونسالوڤس، بە بێدەنگی لێی دەڕوانێت، گالیلو دەزانێ کە کابرا لە بیری ئەوەدایە بپرسێت کە ئایا ئەو ئەم شتانەی بە جدیە وئەم هێندە شێت یان کەودەنە کە باوەڕ بەم قسانە بکات: " من ئەوەندە شێت یان گەوجم ". دەستەکانی تەکان دەدات تا مێش ومێشولەکان لە خۆی پاس بکات.

-ئەوەشت پێگوت کە بە تەمای چەکیان بۆ ببەی؟

-هەڵبەتە نا، خۆی لە ڕێگا هەموو شتێک تێدەگات.

ئیپامینوداس کونسالوڤس، دەستەکانی دەخاتە پشتی و بە بانێژەکەدا دەکەوێتە هات وچۆ، بەدەم هات و چۆوە شەپۆلە دووکەڵێک لە دوای خۆیەوە بە جێدێڵێت. کراسێکی جووتیارانەی گوندیاتی یەخە واز وئێلەکێکی بێ دوگمە و پانتۆڵێکی سوارچاکی لە بەر وجووتێ پووتی لە پێیە، وا دیارە ڕدێنی نەتاشیوە. سەر وسیمای هیچ لەو کاتە نەدەچوو کە لە نووسینگەی ڕۆژنامەکە یان لە پانسیونی "بارا " بوو. بەڵام گال. وێڕای ئەوەش، پەی بەو تین و تاوە دەبرد کە لە ڕەفتاریا پەنهان بوو، پەی بەو ڕژدی و بەرزەفڕیە دەبرد کە بە سیمایەوە دیار بوو. دەبیرەوە دەچێ، لە دڵی خۆدا دەڵێت: بۆ ناسینی دەمار وجەوهەری ئەم پیاوە پێویست بەوە ناکات دەست بە کاژڵەی سەریا بهێنرێ. "پیاوێکە تینوو وتامەزرۆی دەسەڵات". ئایا ئەم موڵک و مەزرایە هی خۆیەتی؟ ئایا ئەم کۆشک ومەزرایەی بۆ ئەوە بە کرێ گرتووە تا لەوێندەرەوە نەخشەی پلانەکانی بکێشێت؟

ئیپامینوداس گونسالوڤس، پشت لە گال خۆی بە سەر تەیمانەکەدا دەدات و دەڵێت: " کە چەکەکانت گەیاندە جێ و ڕادەستت کردن، لە گەڕانەوەتا بۆ سلفادور لەم ڕێگایەوە مەزقڕەوە. بە بەڵەد و دەلیلەکەت بڵێ با بۆ " جواسیرو " ت ببات، ئەو ڕێگایە ئەمینترە. قیتار هەموو ڕۆژێ بە جواسیرودا ڕەت دەبێ و لە زەرفی دوازدە سەعاتدا دەتگەیەنێتە باهیا. ئیدی کارێکی وەها دەکەم بە دزییەوەو بێ هیچ کێشەیەک وبەپارەیەکی مۆڵەوە بگەیتەوە ئەوروپا.

گال بەدەم باوێشکێکی گەورەوە، کە ڕواڵەتێکی کومیدی بە ڕوخسار وقسەکانی دەبەخشی، لە بەرخۆوە دەڵێت: " بە پارەیەکی مۆڵەوە... تۆ هەمیشە وا بیردەکەیەوە کە من ئەم کارە بۆ پارە دەکەم."

ئیپامینوداس، تۆپەڵێک دووکەڵ لە دەمیەوە دەردەدات کە لە فەزای بانێژەکەدا، لە شێوەی کۆمەڵێک سکێچی پێچاوپێچدا بڵاودەبێتەوە. خۆر، لە دووری دوورەوە، بەرەبەرە لە ئاسۆدا ئاوا دەبێ و..

-"نەخێر. نا زۆر چاک دەزانم کە ئەم کارە لە باوەڕو قەناعەتەوە دەکەیت، دەزانم کە ئەم کارەت لەبەر خۆشەویستی وهەواداری لە " حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری " نییە. بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە تۆ خزمەتی ئێمە دەکەیت و ئێمەش وەکو پێشتر پێم گوتوویت، هەر کەسێ خزمەتمان بکات، لە بیری ناکەین وهەقی خۆیی دەدەینێ."

گال، کێشمانێکی خۆی دەدات ودەڵێت: " من قەولتان نادەمێ کە بۆ باهیا دەگەڕێمەوە، مامەڵەکەمان ئەم خاڵەی تیا نییە."

خاوەن ئیمتیاز وسەرنووسەری ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" دووبارە تەمەشای دەکاتەوەو بەدەم زەردەخەنەوە دەڵێت: "با لەوەی پتر باسی ئەم بابەتە نەکەین. بە دڵی خۆت بکە. ئیدی خۆت دەزانی باشترین ڕێگە بۆ گەڕانەوە بۆ باهیا کامەیە، ئەمەش دەزانی کە من دەتوانم بەبێ سەریەشە،بە ئاسانی، بەبێئەوەی کار بەدەستانی دەوڵەتی بە تۆبزی لە کەشتیەکت بنەن، بتگەیەنمە دەرەوەی وڵات. ئیدی ئەگەر مایلی دەگەڵ شۆڕشیانەکاندا بمێنیتەوە، بمێنەوە، هەرچەندە من دڵنیام کە بیان بینی ڕاو وبۆچوونی خۆت دەگۆڕیت."

گال، بە ڕاوێژێکی هەندێک تەوسامێز دەڵێت:- کاتی خۆی بە ڕێکەوت یەکێکیانم دیتووە. ئەرێ باش بوو بیرم کەوتەوە، دەتوانی لە باهیاوە ئەم نامەیەم بۆ فەرەنسا بۆ بنێری؟ زەرفەکەم دانەخستووە، ئەگەر بزانی فەرەنسی بخوێنیتەوە بۆت بە دیار دەکەوێ کە هیچ مەترسیەکی بۆ تۆ تیا نییە.

***

ئەویش وەکو داک وبابی، وەکو باپیر ونەنکی، وەکو "هونوریو" ی برای لە شارۆچکەی " ئەساری " لە ئوستانی " سیارا " هاتبووە دنیاوە. ئەو پەز وماڵاتەی کە بۆ "جاگواریب" دەچوون، دەگەڵ ئەوانەی کە بەرەو " ڤالی دوکاریر " دەچوون، لەم شارۆچکەیەدا لێکدی جیا دەبوونەوە. هەموو خەڵکی شارۆچکەکە یان جووتیار بوون یان گاوان ومەڕدار، بەڵام ئانتونیو، لە منداڵییەوە خووی دایە بازرگانی، ئیدی لە حوجرەکانی وانەی ئاینییەوە، کە بابە ماتیاس " هەمان ئەو قەشەیەی کە ئەوی فێری ئەلف و بێ و ژمارە کرد، بەڕێوەی دەبرد، کەوتە سەودا و مامەڵە. ئیدی ئانتونیو وهونوریو ڤیلانوڤنا، برایانی گیانی بە گیانی بوون و وەکو خەڵکانێکی گەورە کە عومرێکی درێژیان دەگەڵ یەکدا بەسەر بردبێ، بە هاوڕێ یەکدییان بانگ دەکرد.

بەیانییەکی زوو "ئادلینا ئالنکا "ی کیژی دارتاشەکەی ئەساری کە لە خەو ڕابوو، تایەکی گەرمی لێهاتبوو، ئەو گیایانەی کە "دونا کانیما " بۆ دەرکردنی جن لە گیانی کیژێ سووتاندبوونی، هیچ سوودێکیان نەبوو. دوای چەند ڕۆژێک جەستەی ئادلینا یەکپارچە بوو بە خوریکە وزیپکەی پڕ کیم وزوخ و جوانترین کیژی شارەکەی کرد بە ناحەزترین بوونەوەر. دوای هەفتەیەک پێنج شەش نەفەری خەڵکی شارەکە تووشی هەمان تاو ولەرز وزیپکە بوون و بەدەم ئەو نەخۆشیەوە وڕینەیان دەکرد. قەشە "توبیاس" بەرلەوەی خۆشی تووشی ئەو نەخۆشیە ببێت، نوێژ و نزایەکی بەرپا کردو لە خودا پاڕایەوە ئەم نەخۆشیە ترسناکە لە کۆڵ خەڵکی بکاتەوە. ئەوانەی کە تووشی

ئەو پەتایە دەبوون کەم و زۆر یەکسەر دەمردن، پەتاکە تەواو بڵاوبووەوەو لە کۆنترۆڵ دەرچوو. خەڵکی شارەکە کە هەراسیان لێ هەڵگیرابوو خۆیان ئامادە دەکرد لە شار وەدەرکەون وبڕۆن. سەرهەنگ میگل فرناندس فیرا، فەرماندەی سیاسی شارەکە وخاوەنی ئەو زەوی وزارانەی کە خەڵکەکە بۆیان ڕەنێو دەهانی وخودانی ئەو مەڕ و ماڵاتەی کە ئەو خەڵکە بۆیان بە خێو دەکرد و بۆ پاوان و لەوەڕگەیان دەبرد، ڕووبەڕوویان بووەوە و ڕێگەی نەدان لە شار وەدەربکەون، نەوەک ئەم خوریکەیە بۆ گوندەکانی دەوروبەریش سیرایەت بکات. سەرهەنگ فیرا، پیاوی لە دەروازەکانی شار دانا وئەمری کرد هەر کەسێ سەرپێچی کرد، بەر گوللەی بدەن وبیکوژن.

برایانی " ڤیلا نوفا " لەو خەڵکە کەمانە بوون کە توانی بوویان لە شار هەڵێن. دایک وبابیان، " لوس ماریا " ی خوشکیان و مێردی خوشکەکەیان و سێ خوشکەزایان بەو پەتایە مردبوون.

دوای ئەوەی خزم وخوێش وکەس وکارەکەیان ناشتبوو، ئانتونیو و هوتوریو، کە هەر دووکیان پازدە ساڵان و بە دار و بار، قژ لوول و چاوشین بوون لێبڕان لە شار هەڵێن. لە جیاتی ئەوەی وەکو خەڵکانی دی بە گوللە و کێردان ڕووبەڕووی پاسەوانانی بەر دەروازەکان ببنەوە، ئانتونیو کە لێرەش دەستبەرداری پیشەکەی نەدەبوو، قەناعەتی پێکردن کە چاوپۆشی لێبکەن ولە جیاتی ئەوە گوێرەکەیەک وکیسەیەکی دوازدە کیلۆیی شەکری ساف و کیسەیەکی دوازدە کیلۆیی شەکری بۆریان بداتێ. جووتە برا بە شەو لە شار وەدەرکەوتن و دوو دۆتامیشیان – ئانتونیا و ئاسونسیا وساردلینیا – یان وشت وەمەکی بە نرخی ماڵباتەکەشیان دەگەڵ خۆدا برد کە بریتی بوو لە دوو چێل، هێستریکی باری، خورجینێکی پڕ لە جل و بەرگ و جانتایەکی چکۆلە کە "دەمیلریس"ی تیابوو. ئانتونیا وئاسونسیاو کە دۆتامی برایانی ڤیلانوفا، ئانتونیو و هونوریو، لە رووی بەزەییەوە ئەو کیژانەیان لە گەڵ خۆدا برد، چونکە پەتای خوریکە هەر دووکیانی سێوی کردبوو. ئەم کیژانە هێشتا منداڵ بوون. بردنی ئەوان کاری هەڵاتنەکەیانی زەحمەت و دژوار دەکرد. چونکە شارەزا نەبوون چۆن دەوەنە جاڕە چڕ وچوغووردەکە ببڕن و بە ئاسانی بەرگەی تینویەتیان نەدەگرت. وێڕای ئەمەش ئەم گروپە بچووکە سەرەنجام توانی " سیرادو ئەرابیە " تەی بکات و لە سانتو ئانتونیو، ئوریکوری و پترولینا ڕەت بێ و بە ریوساو فرانسیسکودا تێپەڕێت. وەختایەک گەیینە "جواسیرو" و ئانتونیو لێبڕا بەختی خۆیان لەم شارەی ئوستانی باهیا دا تاقی بکەنەوە، هەر دوو خوشکەکە سکیان پڕ بووبوو: ئانتونیا لە ئەنتونیو و ئاسونسیاو لە هونوریو. ئانتونیو لە سبەینێوە کەوتە کاسبی و پارە پەیدا کردن و هونوریو و خوشکانی سادلینیا، دەستیان بە دروستکردنی کوختەیەک کرد. لە ڕێگا ئەو دوو چێڵەیان فرۆشتبوو کە لە " ئەساری " یەوە دەگەڵ خۆدا هێنابوویان. بەڵام قاترەکەیان (هێستر) هێشتا هەر مابوو. ئانتونیو، بۆشکەیەک عەرەقی نەیشکەری لێنابوو و بە کوچە وکۆڵانانی شارۆچکەکەدا دەیگێڕاو بە گۆزە دەیفرۆشت. ئیدی بە دەم ئەو کارەوە کوچە و کۆڵانەکانی تەی دەکرد، بەرە بەرە، مانگ بە مانگ و سال لە دوای ساڵ کاسبیەکەی گەورەتر بوو، هێستری کرد بە دووان، بە سێیان و لە هەوەڵەوە ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و پاشان ڕێی بۆ گەڕەکەکانی دەوروبەری شار کرایەوە، ئەنجام سەرانسەری دەشت و دەرەکەی، کە وەکو ناو لەپی خۆی دەیناسی، دایە ژێر پێوەو جۆرەها شتی دەفرۆشت، کاڵاکانی بریتی بوو لە ماسی سوێر کراو، برنج، پاقلەمەنی وشەکر، بیبەر، شەکری بۆر، تۆپە قوماش و خواردنەوەی ئەلکولی و هەر شتێ کە خەڵکی ڕایانسپاردبا، ئیدی بوو بە فرۆشیاری سەرەکی مەزرا گەورەکان و جووتیاران و وەرزێرانی بچووک وهەژار، ئیدی کاروانی هێسترەکانی بوو بە دیمەنێکی ئاسایی وئاشنا، وەکو سێرکی کێوەلی و قەرەجان بە گوندەکان و دێرەکان و هۆبەکانی سەرانسەری دەشت وبیابانەکەدا دەسوڕایەوە. ئیدی کۆگا وفرۆشگاکانی(جواسیرو)و(

براسادایزکوردیا ) له لایەن "هونوریو" وخوشکانی " ساردلینیا " وه بەڕێوه دەبران. هەمووی ده ساڵی نەبرد که خەڵکی دەیانگوت برایانی " ڤیلانوفا " فێری کاسبی بوون و ڕێگەی دەوڵەمەندبوونیان دۆزیوەتەوە.

لەو قۆناغەدا، کارەساتێکیان به سەر هات، که جارێکی دی ماڵباتی ناڤبری له قوڕی ڕەش نیشت. له هاته ساڵ و تەڕە ساڵدا باران له هەیڤی کانوونی یەکەمدا دەباری. بەڵام له نەهاته سال و وشکه ساڵیدا له شوبات یان ئازاردا بارانی دەباری. ئەو ساڵه له مانگی ئایاریشدا، قەترەیەک باران نەباری بوو. ئاوی ڕوباری (ساو فرانسیسکو) بۆ سێ یەک کەم بووەوە، بەشی خەڵکی جواسیرۆی، که به هۆی کۆچبەری و دەربەدەری ناوخۆوە، چوار هێنده زیادیان کردبوو، نەدەکرد.

ئەو ساڵه " ئانتونیو ڤیلانوڤا " هیچ قەرزێکی وەرنەگرتەوە، مشتەریەکانیشی چ خودان مەزراکان و چ خەڵکه هەژارەکە، هیچ شتێکیان ڕانەسپارد و دەستیان گرتەوە. تەنانەت " کالومبه " باشترین موڵک ومەزرای بارون " دی کانا براڤا "، پێی ڕاگەیاند که ئامادە نییه یەک لوێچ خوێی لێبکڕن. ئانتونیو، بەو نیازەی که لەم وشکه ساڵیەدا قازانجێک بکات، هەستا هەرچی گەنمی هەبوو له سەندووقی کرد و به جاو پێچای و له عەماری نا، تا هەرکه نرخ بەرز بووەوە دەری بێنێ و به گران بیفرۆشت. بەڵام تەقدیر وەکو تەگبیر دەرنەچوو. ئانتونیو سەیری کرد ئەگەر گەنم و دانەوێڵه عەمار کراوەکەی، تا زووە نەفرۆشێت، ئیدی تاقه یەک مشتەریشی نابێت. چونکه خەڵکی ئەو پاره کەمەی که هەشیان بوو، سەرفی نوێژ ونزا و نەزر ونیازیان دەکرد تا خوا ڕەحمیان پێدا بکات و باران ببارێت( و زۆر کەس حەزیان دەکرد پەیوەندی بەو کۆڕی برایانی تۆبەکارانەوە بکەن که کڵاوی قووچیان لەسەر دەنا و به قامچی بەر دەبوونه خۆ) تا خودا باران ببارێنێت.

هەنگێ سەندووقەکانی دەرهێنا، وێرای ئەوەی له جاوەوە پێچرابوون، بەڵام کەڕوویان هەڵێنابوو. بەڵام ئانتونیو، کۆڵدانی له مەزەبا نەبوو. ئیدی به خۆی وهونوریوی برای وخوشکانی ساردلینیا و تەنانەت منداڵەکانیش – منداڵێکی خۆی و سیانی برایەکەی – کەوتنه بژاردن و خاوێنکردنەوەی گەنمەکە.

بەیانی ڕۆژی دوایی جارچی هاته مەیدانی شار و جاڕیدا که فرۆشگای ڤیلانوڤا، له ناچاریدا، گەنم و دانەوێڵەکانی هەڕاج دەکات وبه نرخی هەرزان دەیفرۆشێت. ئانتونیو و هونوریو به خۆیان چەکیان هەڵگرت وچوار خزمەتکاریان به کوتەکەوه له بەر فرۆشگاکه دانا، تا ئەو کڕیارانەی که پارەیان نەدابوو، نەقوچێنن. له سەعاتی یەکەمدا کارەکه به ڕێک وپێکی بەڕێوه چوو. خوشکانی ساردلینیا، له پشت پێشخوانەکەوە وەستابوون و گەنمەکەیان به مشتەرییان دەدا، بەڵام شەش پیاوەکە، خەڵکەکەیان له بەر دەرگاکه دوور دەخستەوەو هەر جارەی تەنیا ده نەفەریان بۆ ناو فرۆشگاکه دەکرده ژوورەوە. بەڵام زۆری نەخایاند که کۆنترۆڵکردنی خەڵکەکه له دەست دەرچوو. خەڵکی به پەیژەکاندا هەڵگەڕان، دەرگا و پەنجەرەکانیان شکاند وهێرشیان هێنا.

له ماوەی چەند خولەکێکدا، هەرچیەک له فرۆشگایەکدا بوو، به پارەی دەخیلەکانیشەوە، هەر هەموویان به تاڵان برد و هەڵاتن. ئەو شتانەش که بردەنی نەبوون، هەر هەموویان ورد وخاش کربوو.

ئەم تاڵانی و ڕاوه ڕووته له نیو سەعات پتری نەبرد. هەرچەنده زیان و خەسارەتەکە زۆر بوو، لێ هیچ کەسی ماڵباتەکە ئاسیوی نەبینی.

هونوریو وئانتونیو وخوشکانی ساردلینیا و منداڵەکان له سەر شەقامەکە دانیشتبوون و تەمەشای پاتەخۆر و تاڵانچیەکانیان دەکرد که دار و نەداری ئەو فرۆشگا ئاوا و هەره ئاوەدانەی شارەکەیان به تاڵان دەبرد، ژنەکان

چاو بە روندک وگریان، منداڵەکان لە عاردی ڕۆنیشتبوون، حایر و حەپەساو، گێژ و وێژ، دەیانڕوانیە ئەو تەختە خەو وجل وبەرگ وبووکەڵانەی کە لە دوای تاڵانیەکە مابوونەوەو لەوگۆڕە کەوتبوون. ئانتونیو ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. هونوریو، لە بن لێوانەوە گوتی: "دەبێ سەر لە نوێ دەست پێبکەینەوە." برایەکەی بەرسڤی دایەوە: " بەڵام لەم شارەدا نا. "

ئانتونیو، هێشتا سی ساڵی تەواو نەکردبوو، بەڵام کاری لە ڕادەبەدەر وهەڵپەی کار وکاسبی بە ڕادەیەک شەکەتی کردبوو، کە لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیار بوو. قژی ڕووتابووەوە، تەوێڵە پانەکەی و ڕدێنە بزنیەکەی و سمێڵەکانی، سەر وسیمای ڕۆشنبیرانی پێبەخشی بوو. پیاوێکی تۆکمە و بەدار وبار بوو، شانەکانی بە ئاستەم داچەکی بوون، وەکو گاوانان گەڵاوگەڵ ڕێی دەکرد. جگە لە بازرگانی حەزی لە هیچ کارێکی دیکە نەبوو، بەڵام هونوریو، دەچووە کۆڕ وئاهەنگان، لاری لەوە نەبوو بە دەم گوێگرتنەوە لە شایەر وبەیت بێژان، یان وەختایەک دەگەڵ هاوڕێکانیا وبەدەم گوت وبێژانەوە، بە سواری بەلەمان بۆ ساوفرانسیسکو دەچوون، پێکێ دووان هەڵبدات. بەڵام ئانتونیو کەسێکی تەریک ونە کۆمەڵایەتی بوو. ئەگەر نەچووبایە سەفەر لە پشت مێزی فرۆشگاکەیەوە ڕۆدەنیشت و بە دەفتەری حەساباتەکانیا دەچووەوە یان بیری لە کار و بازرگانیەکی تازە دەکردەوە. مشتەری زۆر وهاوڕێی کەمی هەبوون. هەرچەندە ڕۆژانی یەک شەمموان لە کڵێسای "سیدةالغار" دەبینراو جار وبار لە ڕێ و ڕەسمی گروپی برایانی تۆبەکاردا، کە بە شەلاخان بەردەبوونە وێزەی خۆیان تا گوایە ڕوحیان پاک ببێتەوە، بەشداری دەکرد، بەڵام بە هیچ جۆرێ بە یەکێک لە باوەڕدارە تەواو عەیارەکان نەدەهاتە ژماردن. پیاوێکی جدی، کۆڵنەدەر و ئارام، بە حەوسەڵە وخۆڕاگر لە هەنبەر بەڵا ونسیبەتان.

کۆچ وکۆچباری ئەمجارەی ماڵباتی ڤیلانوڤا، بە دیار ودەڤەرێکی پان و بەرینی قاتی زەدەی برسی و تینوودا، زۆر لەو کۆچ و کۆچبارەی دە ساڵ لەمەبەریان کە لە ترسی پەتای خوریکە و ئاوڵە هەڵاتبوون، دوورو درێژتر و زەحمەت تر بوو. زۆری نەبرد هەرچی پەز وماڵاتیان هەبوو لە دەستیان دا. دوای ڕووبەڕوو بوونەوەیەک دەگەڵ کۆمەڵێک موهاجیرا کە جووتە برا بە زۆری تفەنگ ڕاویان نابوون، ئانتونیو، گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئەو پێنج قاترەی کە بە بارەوە پێیان بوو، جێگای تەماحی ئەو حەشامەتە بەشەرییەیە کە لە برسا، ئاوارەی سەرانسەری دەشت ودەر وبیابانە کاکی بە کاکیەکە بووبوون. بۆیە چواردانەیانی لە " باروڤرمیلیو" بە چەند بەردێکی نرخدار فرۆشت. پاشان قاتری پێنجەمیان سەربڕی وژەمێکی باشیان لێخوارد وباقی گۆشتەکەیان سوێر کرد وچەند ژەمێکیان پێ بەڕێکرد. یەکێک لە کوڕەکانی هونوریو بە زەحیری و بەلەفیرێ مرد و لە "بوراجا" ناشتیان و کەپرێکیان لەوێندەر دروست کرد و خوشکانی ساردلینیا هەر لەوێ چێشتێکی نەزریان لە هەڵوژەی ئەسپانی وگۆشتی بەرازی کێوی دروستکرد و بە سەر خەڵکیاندا دابەشکرد، بەڵام ماوەیەکی زۆر لەوێش هەڵیان نەکرد، دووبارە بەرەو پاتاموتە و ماتوفیردە بارگەیان تێکنا، لەوێ دووپشکێک بە "هونوریو " وەی دا. وەختایەک حاڵی باشتر بوو، بەرەو باشوور وەڕێکەوتن. بەڕاستی کۆچ وکۆچبارێکی ناخۆش وئەستەم بوو، چەندین هەفتەی خایاند، لەو ماوەیەدا جگە لە باژێرۆکانی چۆڵ و مەزرای چۆڵ و کاروانی ئەو خەڵکە برسیانەی کە پێستیان بە ئێسکیانەوە هیشک بووبووەوەو بێهودە، وەکو ئەوەی دەستیان لێوەشابێ، ئەو دەشت و دەرە کاکی بە کاکیەیان دابوە ژێر پێوە.

لە "بدرا گراندە " کوڕێکی دیکەی هونوریو و ئاسونسیاو، بە نەخۆشیەکی سادەی وەکو پەسیو مرد. لە کاتێکا خەریک بوون منداڵەکەیان، کە لە پەتۆیەکەوە پێچرابوو، دەناشت، کە جەماعەتێکی بیست نەفەری سەر وگوێلاک

تەپ و تۆزاوی خۆیان بە گوندەکەدا کرد، بوونەوەرێکیان لەگەڵ بوو بە ڕوخسار بەشەر بوو و بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیی و ڕەش پێستێکی نیوە ڕووت بوو. زۆربەیان لەڕ ولاواز هەر پێست وئێسقان بوون، جل وبەرگی شڕۆڵە و تاڵکێشیان لەبەر بوو، پێڵاو و پاتاوەیەکیان لە پێدا بوو، دەتگوت هەموو ڕێگا و بانەکانی دنیایان پێوەی تەی کردبوو. ڕابەرەکەیان پیاوێکی درێژ داهۆڵی ڕەشتاڵە بوو، قژەکەی بەسەر شان وملیا بەر بووبووەوە و چاوەکانی جیوە ئاسا دەگێڕا. یەکڕاست و بە هەشتاو بەرەو ماڵباتی ڤیلانوڤا ڕۆیی، بە ئاماژەی دەست جووتە برای، کە خەریک بوون تەرمەکەیان لە گۆڕ دەنا، لە کارکردن ڕاگرت. بە دەنگێکی سەنگین لە "هونوریو"ی پرسی: " ئەمە کوڕی تۆیە؟ " هونوریو، سەری ئەریی بۆ لەقاند. کابرای ڕەشتاڵە بە ڕاوێژێکی ئەمر ئامێزەوە گوتی: " نابێ بەمجۆرە بە خاکی بسپێرن. دەبێ بە شێوەیەکی شایستە بە خاک بێتە سپاردن، تا روحی لە بەهەشتدا قەرینی شادی ئەبەدی بێت."

پێش ئەوەی هونوریو فریای وەڵامدانەوە بکەوێ، کابرا ئاوڕی لای هاوڕێکانی خۆی دایەوەو گوتی: " وەرن با بە شێوەیەکی شایستە بە خاکی بسپێرین تا خواوەند بە شادییەوە پێشوازی بکات." هەنگێ برایانی ڤیلانوڤا سەیریان کرد کە زیارەتکارەکان جم و جوڵیان تێکەوت. بلەز بەرەو درەختەکان چوون و چەند درەختێکان بڕی و بە کارامەییەک کە نیشانەی ئەزموونێکی دوور ودرێژ بوو، تابووت و خاچێکیان دروستکرد. پیاوە ڕەشتاڵەکە، منداڵەکەی لە باوەش کرد ولە تابووتەکەی نا. لەو کاتەدا برایانی ڤیلانوڤا، گڵیان دەکردە گۆڕەکەوە، کابرا بە دەنگێکی بەرز کەوتە وێرد ونزا خوێندن و ئەوانی دیکە لە هەنبەر خاچەکەدا کەوتنە سەر چۆکان، بەدەم گریانەوە کەوتنە نوێژ ونزا. پاشان وەختایەک زیارەتکارەکان لە بن درەختەکاندا، سووکە ئیسراحەتێکیان کرد وهەستان تا بڕۆن، ئانتونیو ڤیلانوڤا دراوێکی لە بەرکی دەرێنا و بۆ کابرای درێژ داهۆڵی درێژ کرد وگوتی: " ئەمە هەقی ماندوو بوونەکەتە، ئێمە منەتباری تۆین " کابرا پارەکەی وەرنەگرت، بە نیگایەکی تەوسامێز سەراپای ئانتونیوی دابێژت وگوتی: " شتێک نەبووە تا سوپاسی من بکەی، بەڵام بە هەزار سکەی وا ناتوانی ئەو قەرزەی خوا بدەیتەوە کە لە سەرتە." هەڵوەستەیەکی کرد وئەوسا بە ئارامی گوتی: " کوڕەکەم تۆ هێشتا فێری ژماردن نەبوویت."

ماڵباتی ڤیلانوڤا، دوای ئەوەی زیارەتکارەکان ڕۆیشتن، ماوەیەکی زۆر لەوێندەر مانەوە، ئاگرێکیان کردەوە تا مار و مێرووان لێیان نزیک نەبنەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە لە دەوری ئاگرەکە ڕۆنیشتن. هونوریو پرسی: " کاکۆ، ئەم پیاوە شێت بوو؟ " ئانتونیو وەڵامی دایەوە: "من لە سەفەرەکانما خەڵکانی شێتم زۆر دیتوون، بەڵام ئەم پیاوە پێدەچوو، شتێک لە شێتان هێوەتر بێ."

پاش دوو ساڵ قاتی و وشکەساڵی، وەختایەک دووبارە باران باری، ماڵباتی ڤیلانوڤا لە "کاتنگادی مورا " ئاکنجی بووبوون، ئەمە گوندێک بوو کە خوێڵنێکی چکۆلەی لە نزیک هەبوو، ئانتونیو کەوتە کارکردن لەم خوێڵێنە. باقی ماڵباتەکە – خوشکانی ساردلینیا و دوو منداڵیان بە سەلامەتی دەرچوون، بەڵام کوڕە بچووکەکەی ئانتونیو و ئەنتونیا، دوای ئەوەی چاوانی کەوتە ڕیپۆق کردن و خوروو، بە ڕادەیەک کە ناچار بوو شەو و ڕۆژ دەستی بە چاویەوە بێت و هەڵیان بگڵۆفێ، بەرەبەرە چاوی دایە کزی، هەرچەندە هێشتا دەیتوانی ڕوناکی وتاریکی فەرق بکات، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو ڕوخساری خەڵکی وشتەکانی دەوروبەری بە باشی ببینێ. خوێڵێنەکە بوو بە سەرچاوەی کار وکاسبییەکی باش. هونوریو وژنەکان ومنداڵەکان، ڕۆژ تا ئێوارێ خەریکی وشک کردنەوەی خوێ بوون، لە کیسەیان دەکرد و ئانتونیو بۆ فرۆشتنی دەبرد. ئیدی عارەبانەیەکی بۆ خۆی دروستکردبوو، بەم

لا و بەولایدا دەگێڕا وتاپڕێکی دوو لوولەی پەیدا کردبوو، دەگەڵ خۆیدا دەیبرد تا ئەگەر چەتە وپیاو خراپ ڕێیان پێگرت، بەرگری لە خۆی بکات.

نزیکەی سێ دانە ساڵ کە کاتیناگادی مورا، مانەوە. کە باران هاتەوە دێهاتیان گەڕانەوە سەر زەوی و زارەکانیان و کەوتنەوە کاری کشتوکاڵی، شوان وگاوانان بە پەز و وڵساتەکانیانەوە کە تەواو کەم بووبوونەوە، گەڕانەوە. ئەمە بۆ ئانتونیو وکاسبیەکەی دوو شەش بوو. جگە لە ڕەنیو هێنانی خوێڵێنەکە، زۆری نەبرد دووکانێکی کردەوە و کەوتە سەواو و مامەڵەی ئەسپ و هێستران و خێرێکی باشی هەبوو. ئەو شەوەی لە مانگی کانوونی یەکەمدا بارانێکی بە خوڕ دایکرد وزۆری نەبرد لافاو ولەهی هەستا و لە جۆگایەکی بچووکەوە بوو بە ڕوبارێکی خرۆشاو و لە زەرفی چەند سەعاتێکا هەموو کوختەکانی گوندی ڕاماڵی، هەرچی مریشک و پەلەوەر وکەڵەشێر وبزن و پەز لە ئاواییدا هەبوو، هەر هەمووی برد، بەرەو خوێڵێنەکە سەروژێر بووەوەو خستیە ژێر قوڕ وگڵەوە. ئەو شەوە ئانتونیو لە بازاڕی وەرزانەی " نوردستینا " بوو، چوو بوو بۆ ئەوێ تا چەند بارێک خوێ بفرۆشێت و ئەگەر ڕێکەوت چەند قاترێک بکڕێت.

دوای هەفتەیەک زۆرییەوە، لەهی ولافاوەکە نیشتبووەوە. هونوریو و خوشکانی ساردلینیا و ئەو پێنج شەش کرێکارەی کە کاریان بۆ دەکردن، یەجگار خەمبار ونائومێد بوون. لێ ئانتونیو، زۆر بە ئارامی ئەم کارەساتەی وەرگرت، هەموو ئەو شتانەی جیا کردەوە کە لە لافاوەکە دەرچووبوون، لە دەفتەرێکی بچووکدا حیسابی کردن، و مژدەی دانێ کە هێشتا قەرزێکی زۆری لای خەڵکی ماوەو ئەوەندەی هەوراز ونشیوی ژیان جەڕباندووەو بە ڕادەیەک قاڵ بووەتەوە، کە بە لێکەوتەی لافاوێک کۆڵنەدات، بووە بە پشیلەی حەوت ڕوح.

بەڵام ئەو شەوە خەو نەچووە چاوانی. یەکێک لە دۆستە گوندییەکانی کە ماڵی بەو بەرزاییەوە بوو کە هەموو خەڵکی دەشتانیەکە پەنایان بردبووێ، جێگای ماڵباتەکەی ئەوی کردبووەوە. هاوسەرەکەی هەستیکرد، مێردەکەی بەردەوام لە ناو جێگاکەیدا جینگڵ دەداو لە بەر هەیڤە تاڤەکەدا دەیبینی کە ڕوخساری مێردەکەی نقومی نیگەرانییە. ئانتونیو، بەیانی ئاگاداری کردنەوە کە خۆیان بۆ سەفەر ئامادە بکەن تا بە یەکجارەکی لە کاتنگا دی مورا باربکەن. تۆنی دەنگی هێندە بنجبڕانە بوو کە نە برایەکەی و نە ژنەکان نەوێران بپرسن بۆ. دوای ئەوەی هەموو ئەو کەل و پەلە قورسانەیان، کە بۆیان نەدەبرا فرۆشت، هەرچی بوخچە و پریاسکە و شڕ وشیتاڵێکیان هەبوو لە گالیسکەیان بارکرد وبەرەو نادیار بەڕێ کەوتن. ڕۆژێک ئانتونیو قسەیەکی کرد کە هەموویانی حەپەسان. سێبەرێک نیشتبووە سەر چاوە شینەکانی و لە بن لێوانەوە گوتی:

" ئەمە هوشداری سێیەم بوو، ئەو لافاوە بۆ خۆی هوشدارییەکە کە دەبێ کاری بکەین، بەڵام من نازانم چ کارێک " . هونوریو، وەکو ئەوەی لە پرسیارەکەی خۆی دوو دڵ وڕووگیر بێ پرسی: " هوشداری خواییە کاکۆ؟ " ئانتونیو بەرسڤی دایەوە: " لەوەشە ئەهریمەنی بێ."

ئیدی سەرگەردان و دەربەدەر لێرەوە بۆ ئەوێ، لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ، هەفتەیەک لێرە، مانگێک لەوێ دەمانەوە، هەرکاتێ ماڵباتەکە دەهاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە کاتی ئەوە هاتووە، لە جێیەکا بگیرسێنەوەو بار وبنە بخەن و لەم سەرگەردانیە ڕزگاربن، ئانتونیو، هەڵی دەپێچان کە خۆ ئامادە بکەن تا بڕۆن، ئەم گەڕانە نادیارە شەکەت و بێتاقەتی کردبوون، خۆشیان نەیاندەزانی لە چ شتێک ولە کێ دەگەڕێن، بەڵام شتاقیان ناڕەزاییان لەم سەرگەردانییە بەردەوامە دەرنەدەبڕی.

ئەنجام، دوای نزیکەی هەشت مانگ دەربەدەری و هەردەگەڕی، لە موڵک ومەزرایەکی بارون "دی کانا براڤا" دا گیرسانەوە، کە لە وشکەساڵیەکەوە بە چۆڵی مابووەوە. بارون هەموو پەز وماڵاتەکەی لە گەڵ خۆیدا بردبوو، تەنیا چەند خێزانێک لەو دەڤەرە مابوونەوە، کە لە گوندەکانی دەوروبەردا، زەویە بچووکەکانی ڕەخی روباری " فازا – پاریس "یان دەکێڵا ورەنێویان دەهێنان و پەزەکانیان بۆ لەوەڕ بۆ بەرزاییەکانی "سیرادی کانا براڤا " ی هەمیشە سەوز دەبرد. کانودوس بەو خەڵکە کەمەوە کە هەیبوو، بەو هەموو شاخ و داخەوە کە دەوری دابوو، خراپترین شوێن بوو بۆ ئەهلی بازرگانی وکار وکاسبی. بەڵام هەرکە گەیینە ئەو کاولە و کەلاوەیەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نشیمەنی دەست و پێوەند و خزمەتکار و نۆکەرەکانی بارۆن بوو، ئیدی ئانتونیو وەکو ئەوەی هەنگوێنی لە دارا دۆزیبێتەوەو لەوێندەر لایدا و بارو بنەیان خست وبیری لە کار وکاسبیەکی تازە کردەوە، بە هەمان تین و تاوی جاران ماڵباتەکەی هاندا و دوای یەک ساڵ، فرۆشگای ڤیلانوڤا، بە هیمەت وکۆشیاری بەردەوام و ورە بەرزی ئانتونیو، بوو بە نێودارترین فرۆشگای ئەو دیار ودەڤەرە و بەمەودا و ڕەهەندی دە فرسەخان سەودا و مامەڵە وکڕین و فرۆشتنی لە گەڵدا دەکرا. جارێکی دی ئانتونیو، کەوتە سەفەرێن بەردەوام.

بەڵام ئەو ڕۆژەی کە جەماعەتی زیارەتکاران و حاجیان لە بناری تەپەکانی ئوکامبایو پەیدا بوونەوە و، دەم بە دوعا ونزا وسرود خوانی وستایشی مەسیح، لە تاقە ڕێگاکەی کانودوسەوە خۆیان بەم موڵک و مەزرایەدا کرد، ئانتونیو لە ماڵ بوو. لە بانیژەی نشیمەنی خزمەتکارەکانەوە، کە هەنووکە هەم ماڵ بوو و هەم دووکان، ڕوانییە دیمەنی ئەو خەڵکە خرۆشاو وپڕ جۆش وخرۆشەی کە سات بە سات نزیک ونزیکتر دەبوونەوە. براکەی و ژنەکەی و ژن خوشکەکەی، سەیریان کرد، وەختایەک ئەو کابرایەی کە جبەیەکی ئەرخەوانی تۆخی تۆخی لە بەر بوو و لە پێشی جەماعەتەکەیەوە بوو، بەرەو ئانتونیو هات، ئانتونیو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

بە چاوە گڕ گرتووەکانیا، بە دەنگە دلێرەکەی و بە باڵا بەرزەکەیدا ناسییانەوە. پیاوی خودا لێی پرسی: " ها، ئاخری فێری ژماردن بوویت؟ " و دەستی بۆ ئانتونیو، کابرای کاسب ڕاگرت. ئانتونیو ڤیلانوڤا کەوتە سەر چۆکان و سەری قامکەکانی یارۆی ماچ کرد.

***

هاوڕێیان من لە وتاری پێشوومدا، باسی سەرهەڵدان و شۆڕشێکی میللیم لە ناو بەرازیل دا بۆ کردبوون کە لە شایەدێکی یاخی وڕادیکاڵی "برایانی کاپوسینی"م بسیتبوو. نها دەتوانم زانیارییەکی متمانە پێکراوترتان دەربارەی کانودوس پێبدەم، ئەمە زانیاری کەسێکە کە بە خۆی یەکێکە لە یاخیەکان ونێردراوە تا بە هەموو دەڤەرەکەدا بسوڕێتەوەو خەڵکی بێنێتە ڕیزەکانی خۆیانەوە. بەڵام خەبەرێکی دیکەی باڵکێشم پێیە: ماوەیەک لەمە پێش لە پێکادانێکی چەکدارانەدا، یاخییەکان، سەد سەربازیان کە بۆ کانودوس دەچوون کوشتووە. باشە بەڵگە لەمە ڕوونتر دەبێ، کە ئەم یاخیانە هاوڕێی شۆڕشگێڕی ئێمەن؟ ئەم قسەیەی من بە شێوەیەکی گشتی جۆرە ڕاستی و حەقیقەتێکی تیایە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی قسان بکەین و هەڵسەنگاندنمان لە سەر قسەکانی ئەم پیاوە ڕۆبنەین، دەبینین کە جۆرە وێنە و وێنایەکی هەڤدژی دەربارەی ئەو برایانەی ئێمە تیایە: ئەم خەڵکە زیرەکی وتیژبینی ورەفتارێکی زۆر ئاساییان دەگەڵ، خورافاتی باوەڕ نەکردەنیا لە یەک شوێندا کۆ کردووەتەوە.

ئەم وتار ونامەیەتان لە شارێکەوە بۆ دەنووسم کە بێگومان ئێوە ناوتان نەبیستووە، ناوچەیەکە کە کۆیلایەتی مەعنەوی وبەدەنی ئافرەت تیایدا لە لوتکەدایە، چونکە ئەمانە لە لایەن دەرەبەگ، باوک، براو مێردەوە دێنە چەوساندنەوە. لەم دەڤەرەدا ئاغا و موڵکدار، ژن بۆ ژێر دەست و خزمەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ، ژنان لە ناوەندی

شەقامەکانا، لە لایەن باوکە توورە ومێردە مەستەکانیانەوە، دارکاری دەکرێن ودەخرێنە بن قامچی وقامچی کاری. دیارە ئەوانەشی کە بە چاوی خۆیان ئەم دیمەنانە دەبینن، بێ هیچ هەڵوێستێ، بێ خەم و خەیاڵ تەمەشا دەکەن. ئەمە شتێکە کە دەبێ بیری لێبکرێتەوە. هاوڕێیان ئێمە دەبێ کارێ بکەین کە شۆڕش تەنیا چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە نەسڕێتەوە، بەڵکو دەبێ کۆتایی بە چەوسانەوەی ژن لە لایەن پیاوەوە بێنێ و یەکسانی نێوان هەر دوو جێندەرەکە بەرپا بکات و جیاوازی چینایەتی نەهێڵێت.

زانیومە ئەو بەڵەد ودەلیلەی کە نوێنەری کانودوسی بۆ ئێرە هێناوە، ڕاوچی دورە شێرانیشە (ئەمە پیشەیەکی باشە، دنیا بدەیە ژێر پێوە، بۆ ئەوەی ئەو دڕندانە ڕاوبکەی کە مەڕ وپەزان دەخۆن). بە هۆی ئەو ڕاوچییەوە من ئەو پیاوەم بینی، لە دەباغخانەیەکدا یەکترمان بینی، پێست و کەولان لە بەر هەتاودا هەڵخرابوون تا وشک ببنەوە و منداڵان لەوێندەر بوون و یارییان بە مارمێلکان دەکرد. هەرکە ئەو پیاوەم بینی دڵم کەوتە پەلە پەل، پیاوێک بوو کورتە باڵا وچوارشانە، ڕەنگزەرد، ڕەنگی لە نێوان زەرد وبۆردا، لەو ڕەنگانەی کە دوڕەکان لە باب و کالە سوور پێستەکانیانەوە بۆیان دەمێنێتەوە، جێگە برینێک بە ڕوخسارییەوە، کە لە یەکەم نیگاوە بۆم بەدیار کەوت کە کاتی خۆی شەقاوەو ڕێگر وتاوانکار بووە. (بە هەر حاڵ لە قوربانیانی کۆمەڵگە بووە، چونکە باکونین گوتەنی کۆمەڵگە بەخۆی زەمینەی تاوانان خۆشدەکات وتاوانکاران جێبەجێی دەکەن، تەنیا ئەوزارن ). ( *- باکونین ١٨١٤ – ١٨٧٦، لە ئەنارشیتەکانی ڕووس بوو) هەموو جلەکانی چەرم بوو. جل وبەرگی ئاسایی کاوبۆیان، دەبێ ئەوەش بێژم ئەو جلکانە یارمەتیان دەدات، بە سواری ئەسپ و بە ئاسانی دەشتە دڕووجاڕەکان تەی بکەن.) بە درێژایی ماوەی دیدارەکەمان کڵاوەکەی لە سەری و تفەنگەکەی بە دەستییەوە بوو. چاوەکانی بە قوڵا چووبوون و توورەو خەمبار بوون، وەکو زۆربەی خەڵکانی ئێرە ڕەفتاری سرک وگوماناوی بوو. ئامادە نەبوو بە دوو قۆڵی و بە تەنیا قسە بکەین. ناچار بووین لە حوزووری خودان دەباغخانەکە و ماڵباتەکەیدا، کە لە سەر ئەرزەکە دانیشتبوون و بە بێئەوەی تەمەشامان بکەن نانیان دەخوارد، قسان بکەین. پێمگوت: من کەسێکی شۆڕشگێڕم و کۆمەڵێک هاوڕێم لە سەرانسەری دنیادا هەن کە داشداری لەو کارە دەکەن کە خەڵکی کانودوس کردوویانە، واتا داگیرکردنی زەوی و زاری دەرەبەگان و ڕەواج دان بە عەشق و ڤیانی ئازاد وڕاوانانی هێزی سەربازان. دڵنیا نیم لەوەی لە قسەکانم حاڵی بووبێ. خەڵکی هندوری شارەکان زۆر جیاوازن لە خەڵکی باهیا کە بە هۆی ڕەگ و ڕیشەی ئەفریقاییانەوە هەندێ کراوە وسوێرە قسە وسادەن. بەڵام لێرە ڕوخساری خەڵکی گرژ ومۆنە، گوزارشت لە هیچ ناکات، نایەتە خوێندنەوە، دەمامکێکە هەست وهزریان دەشارێتەوە.

لێم پرسی کە ئایا ئامادەن بۆ هێرشی دی، چونکە بورژوا وەختایەک مافی پیرۆزی موڵکایەتی تایبەتی، پێشێل بکرێ وەکو حەیوانی دڕندە کاردانەوەی دەبێت، دەهاڕووژێ. وەڵامەکەی حەپەساندمی، وەختایەک لە بن لێوانەوە گوتی: هەرچی زەوی و زارێک هەیە هی مەسیحی خواوەندە ومورشید پێوەیە کە گەورەترین کڵێسای جیهان لە کانودوس دروست بکات. هەوڵم دا ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە کە لە بەر دروستکردنی کڵێسا نییە کە دەسەڵات عەسکەری ناردووەتە سەریان. بەرسڤی دامەوە کە ڕێک لە بەر ئەوەیە، چونکە ڕژێمی کۆماری، لە هەوڵی ئەوەدایە ئاین و ئۆل لە سەر زەوی نەیەڵێ. دوای ئەوە هاوڕێیان، گوێم لە ڕەخنەیەکی زۆر توند بوو کە لە ڕژێمی کۆماری دەگرت، بە کەماڵی ئیسراحەت، بەوپەڕی متمانەوە، بێئەوەی بە ئاستەم خۆی شلوێ بکات ڕەخنەی دەگرت. ڕژێمی کۆماری بە تەمایە کڵێسا و ئیمانداران سەرکوت بکات، هەموو مەزەبە ئۆلیەکان لە ناو بەرێ و بسڕێتەوە، وەکو چۆن لە خوت وخۆڕایی (ئەنجوومەنی مەسیح) ی هەڵوەشاندەوەو ڕیسواترین

بیانووشی ئەمە بوو کە زەوجینی مەدەنی بەرقەرار کرد وئەمەش کارێکی کوفر ئامێز بوو، چونکە پێشتر ڕێ و ڕەسمی زەوجینی موبارەکی خوایی لە ئارادا بوو.

من وا وێنا دەکەم کە زۆرێک لەو خوێنەرانەی ئەو بابەتەی سەرەوە دەخوێننەوە، تووشی نائومێدییەکی گەورە و گومانێکی زۆر دەبن ودەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ڕاپەڕینی " کانودوس " ش وەکو ڕاپەڕینەکەی ڤاندەی دەورانی شۆڕشی فەرەنسا، بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە و قەشەکانی لە پشتەوەیە. ( ڤاندە: ویلایەتێکە لە ڕۆژئاوای فەرەنسا، لە دەورانی شۆڕدا، جووتیارانی کاتولیکی ڕادیکاڵ لەوێندەر شۆڕشیان بەرپا کرد، ئەمانە دژی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ دەجەنگین، ژمارەیان لە پەنجا هەزار کەس تێپەڕی. سەرەنجام لە ساڵی ١٧٩٤ دا سوپای شۆڕشگێڕی فەرەنسا بە سەریاندا سەرکەوت و شکستی پێهێنان). بەڵام هاوڕێیان، مەسەلەکە بەو سادەییەش نییە. وەکو لە نامە و گوتاری پێشوودا گوتم کلێسا، مورشید وکانودوس مەحکووم دەکات، و شۆڕشگێڕەکان (ئەنسارەکان) موڵک و زەوی بابایەکی بارونیان داگیر کردووە. من لەو کابرا ڕوخسار بە کۆنە برینەم پرسی کە باشە هەژارانی بەرازیل لە سەردەمی پاشایەتیدا حاڵیان باشتر بوو. یەکسەر بەرسڤی دایەوە کە بەڵێ. چونکە ڕژێمی پاشایەتی بوو کە کۆلەداری هەڵوەشاندەوە. پاشان بۆی ڕوونکردمەوە کە شەیتان ماسۆنیەکان و پروتستانەکانی کردووە بە دار دەستی خۆی و ئیمپراتۆر دون پدروی دووەمی سەرنگوم کردووە تا دووبارە کۆلەداری بگەڕێنێتەوە. ئەمە دەقاودەق،دەقی قسەکانی ئەون، مورشید ئەمەی خستووەتە مێشکی موریدەکانی خۆیەوە کە گوایە کۆماریخوازەکان لایەنگری کۆلەدارین (فێڵێکی باشە بۆ تەڵقینی ڕاستی، وانییە؟ سەبارەت بە چەوساندنەوەی خەڵکی لە لایەن پارەدارانەوە، کە بەردی بناغەی ڕژێمی کۆمارین، چیوای لە کۆلەداری سەردەمی فیودالی کەمتر نییە.)

ئەم نوێنەرەی کانودوس، زۆر بە ڕاشکاوی و دڵنیایی قسەی دەکرد: "هەژاران زۆریان عەزاب کێشاوە، زۆر چەوسێنراونەتەوە، بەڵام ئێمە کۆتایی بەم دۆخەیان دێنین. ئێمە وەڵامی پرسیارنامەی سەرژمێری خەڵک نادەینەوە، چونکە ئەمە دەرفەت بە حکومەت دەدات کە خەڵکە ئازاد بووەکە دەستنیشان بکات تا دووبارە کۆت و زنجیریان بکەنەوە وبۆ ئاغا ودەرەبەگەکانیان بگەڕێننەوە.

لە کانودوس دا کەس باج بە کۆمارییەکان نادات، چونکە ئێمە ئەو مافە بە کۆمارییەکان نادەین، کە ماف و دەسەڵاتێک بە خۆ ڕەوا ببینن کە لە بنەڕەتدا ماف وئەرکی خوایە." ئەو ئەرک و دەسەڵاتانە بۆ نموونە چین؟ " مارە بڕینی خەڵکی و وەرگرتنی سەرانە. " لێم پرسی لە جیاتی پارەی دەوڵەتی چ شتێک لە کانودوس بەکار دەبەن، لە وەڵاما گوتی تەنیا ئەو سکانە بە کاردەبرێ کە وێنەی دۆتمیر ئیزابیل – یان پێوەیە، یانی سکەی دەورانی سەڵتەنەت. بەڵام چونکە ئەم دراوە زۆر کەم بووەو بە دەگمەن دەست دەکەوێ، ئیدی بەکاربردنی پارە خەریکە بەرەبەرە نامێنێ. (پێویستمان بە پارە نییە، چونکە لە کانودوس، دارایان چاویان بە نەدارانەوەیە، ئەوانەی توانای کاریان هەیە، کار بۆ ئەوانە دەکەن کە توانای کاریان نییە.)

پێمگوت دەستبەردار بوونی موڵکایەتی تایبەتی و بەرپاکردنی سیستەمی موڵکایەتی گشتی بە هەر ناوێکەوە بێ، تەنانەت بەم شێوە گونگ وتەم ومژاویەشەوە بێ، کارێکی بوێرانە وئازایانەیە، بە قازانج ولە بەرژەوەندی هەموو هەژار و نەبووانی دنیایە، یەکەم هەنگاوە لە ڕای ڕزگاری هەمووان. ئەوەشم پێگوت کە ئەم کارانە درەنگ یان زوو، توونترین سەرکوتکاری لێدەکەوێتەوە، چونکە چینی فەرمانڕەوا ڕێگە نادات ئەم جۆرە نموونەیە برەو بسەنێ و باو پەیدا بکات، لەم وڵاتەدا هێندە هەژار هەن کە دەتوانن دەست بەسەر هەموو موڵک ومەزرا و زەوی

و زارەکاندا بگرن. ئایا مورشید و موریدەکانی دەزانن کە خەریکن چ هێزێک بێدار دەکەنەوە؟ کابرا بێئەوەی چاو بتروکێنێ ڕاست چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی و ڕیزێ وشە و دەستەواژەی بێتام و بێمانای دا بە گوێمدا، بۆ نموونە ئەمە نموونەیەکە لەو ڕستانە:- سەرباز نیشانە ومایەی هێزی حکومەت نین، بە پێچەوانەوە نیشانەی لاوازی حکومەتن. هەر کاتێ پێویست بکات ئاوی ڕوباری "ڤازا – پاریس " دەبێ بە شیر وقوڕ ولیتەکەی دەبێ بە شۆربای گەنمەسامی و ئەو "گیانباز، جەنگاوەرانەی" کە لە شەڕدا دەکوژرێن دووبارە زندوو دەبنەوە، تا ئەو کاتەی لەشکری " دون سباستیاو " ( یەکێکە لە شاهانی پرتوگال کە لە سەدەی شازدەدا لە ئەفریقا مرد ) دێت، ئامادەبن.

ئایا ئەم شەیتانانە، ئەم پاشایانە وئەم بتە مەزەبییانە کەرەستەیەکی ستراتیژی بوون کە مورشید بۆ وەی بەکار دێنان تا خەڵکی هەژاری پێ بهاڕوژێنێ و بۆ شۆڕشیان هانبدات، ستراتیجیەتێک، کە بە پێچەوانەی قسەی ڕووتەوە، یەجگار کارا وکاریگەرە، چونکە ئەو خەڵکەی وا لێکردبوو، دژی بنەمای ئابووری، جڤاکی وسوپایی کۆمەڵگەی چینایەتی ڕاپەڕن ودەست بدەنە چەک. ئایا ئەم ڕەمزە مەزەبی وئەفسانەیی وبنەماڵەییانە تاقە ڕەمزانێک بوون کە بتوانن ئەو جەماوەرەی کە سەدان ساڵ بوو، دەستەمۆ و ملکەچی دەسەڵاتی خورافە ئامێزی کڵێسا بووبوون، لە خەوی نائاگایی بێدار بکەنەوە؟ ئایا لە بەر ئەمەیە کە مورشید سوودیان لێدەبینێ؟ یان ئەمە هەر هەمووی تەنیا ڕێکەوتە وهیچی دی؟ هاوڕێیان ئێمە دەزانین کە لە مێژوودا شتێک نییە بەناوی ڕێکەوت یان بەخت، تەنانەت سەیرترین دیاردەش، چەندیش بە ڕواڵەت ڕێکەوتەکی و خوابەختەکی بێتە بەرچاو، هەمیشە لۆژیکێکی ئەقڵانی لە پشتە.

ئایا مورشید، هیچ وێنایەکی دەربارەی ئەم گۆڕانە مێژووییە لەلایە کە ناویەتیەوە؟ ئایا کەسێکی ئەهلی شهودە، یان زۆر زیرەک و دووربینە؟ هیچ گریمانەیەک نابێ ڕەت بکرێتەوە، لەوانە گریمانەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی میللی و جەماوەری خۆبەخۆ و بێ پشتیوانەی فیکری. ئەقڵانیەت، ڕیشە لە مێشکی هەر بەشەرێکا، چەندیش نا ڕۆشنبیر بێ، هەیە. لە هەل و مەرجی دیاریکراوا، لە ناو جەرگەی تەم و مژی ئەو باوەڕە دۆگمایانەدا کە نۆڕینیان لێڵ کردووەو زمانیان لە کۆت وزنجیر داوە، ڕێنوێنی دەکات تا بە ئاراستەی ڕەوتی مێژوودا کار بکات. مونتسکیو (١٦٨٩–١٧٥٥) سیاسەتوان وفەیلەسووف وپارێزەرێکی فەرەنسییە، کە هاوفکری ئێمە نەبووە دەڵێت خۆشبەختی یان بەدبەختی تەنیا مەیلێکە لە بوونی ئێمەدا. کاری شۆڕشگێڕیش دەشێت لەم مەیلە زاتی و خودیانەی ئێمەوە سەر هەڵدات، تەنانەت پێش ئەوەش کە زانست مێشکی هەژاران بکاتەوە. ئایا ئەمە ئەو شتەیە کە خەریکە لە دەشت و سەحرای باهیا دا ڕوو دەدات؟ دەبێ لە کانودوس دا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێین. تا نامە و وتاری داهاتووم، ئەگەر نامەیەک هەبوو.

( ٦ )

بەبۆنەی سەرکەوتنەکەی "ئواوا" وە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژان لە کانودوس ئاهەنگ گێڕدرا، ئانتونیوی فشفشەساز، یاری ئاگرینی بەرپا کرد وئاسمانی کرد بە چراخان و "چکۆلەی موبارەک" ش کاروان و کەژاوەیەکی ڕێک خست و بەدەم گۆرانی و سروودەوە بە ناو کۆڵانە پڕ پێچ و پەناکانی ئەو کوختانە کەوتن، کە لە گۆشە کەناری ئەم مەزرایەدا وەکو قارچک هەڵتۆقی بوون. مورشید هەموو شەوێک لە سەر یەکێک لە داربەستەکانی پەرستگاکەوە وەعزی دەدا: هێشتا مەینەتی زیاتر لە "کانودوس" چاوەڕوانیانە. نابێ ڕێگە بە ترس بدەن کە بە سەریاندا زاڵ بێ. مەسیحی موبارەک یارمەتی ئەوانە دەدات کە باوەڕیان پێی بێت. کۆتایی دنیا یەکێک بوو لەو بابەتانەی کە

زۆری لە سەر دەڕۆیی. زەوی دوای سەدان ساڵ لە بەرهەم هێنانی گیا وگیانەوەران وحەواندنەوەی بەشەران، داوای ئیسراحەت لە خوا دەکات. خواوەند ڕێگەی دەدات و ئیدی کاری وێرانکاری و کاولکاری دەست پێدەکات. مانای ناوەڕۆکی وشەکانی ئینجیل: "من ئاشتی نایەنم، بەڵکو شمشێر دێنم" ئەمە بوو.

بۆیە کاتێ کە دەسەڵاتی دەوڵەتی لە باهیادا، کە بە سەدەمی شکستەکەیەوە لە ئواوا، بەتووندی ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس " و حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری بووەوە، دووبارە کەوتەخۆ بۆ ئامادەکردنی هێرشێکی دی کە ژمارەی سەربازەکانی حەوت هێندەی سەربازانی هێرشەکەی پێشوو بوو، بە دوو مەترەلۆزی (کروپ)ی حەوت ملیم و نیوی و دوو شەست تیری جۆری (فۆرد نفلت) وە، بە قیتار و بە سەرکردایەتی مێجەر " فبرونیودی برتیو " بۆ " کیماداس " قڕێ کرا، تا لەوێندەرەوە بە پیادە بەرەو کانودوس بڕۆن و شۆڕشگێڕ و موجاهیدەکان سەرکوت بکەن، لە کانودوس دا، خەڵکی خۆیان بۆ ڕۆژی پەسلان ئامادە دەکرد. هەندێکیان کە لەوانی دی کەم حەوسەڵەتر بوون، کە خوا خوای هاتنی ئەو ڕۆژە بوون یان ئارەزوومەندی ئەوە بوون کە تا زووە ئیسراحەت بە زەوی بدەن، لە ماڵ هاتنە دەر تا تۆوی وێرانی داچێنن. بە تین وتاوێکی ڤیانی سەرکێشەوە ئاگریان لە بیناکانی قەدپاڵی شاخەکە و لێرەواری ئەو دەشتانیە بەردا کە " کانودوس " ی لە دنیا جیا دەکرەوە. زۆرێک لە خودان مەزرا وجووتیارەکان بۆ ئەوەی موڵک وماڵەکانیان ڕزگاربکەن دیاری و سەوقاتیان پێشکەش دەکردن، وێڕای ئەوەش ژمارەیەکی زۆریان لە عەمار، ئاغەڵ، ماڵی چۆڵ، کوختەی شوانان و پەناگەی چەتە ویاخیەکان سووتاند. ئیدی دەبوا خوزیە ڤیناسیو، پاجو، ئەبوت جواو، جواوە زلە و ئال ماکا مبیرا، بڕۆن ڕێگە لەو جەماعەتە هاڕوژاوە بگرن کە بە جۆش وخرۆشەوە دەیانویست بە سووتاندنی هەموو شتێک ئیسراحەت بە سروشت وزەوی ببەخشن. ئیدی دەبوایە (چکۆلەی موبارەک " و " داکی خەڵکی " و " شێری ناتوبا " فریا بکەون و ئەوەیان بۆ ڕوون بکەنەوە کە بە هەڵە لە وەعزەکانی پیاوی خوا حاڵی بوون.

تەنانەت لەو ڕۆژانەش دا، وێڕای ئەوەی زیارەتکار وحاجیانێکی زۆر دەهاتن، کانودوس گیرۆدەی کەمی خواردن نەبوو. ماریاکوادرادو کۆمەڵێک ژنی هەڵبژارد – کە "چکۆلەی موبارەک" ناوی ناوبوون تیمی سرووددخوانانی موبارەک – تا لە خەڵوەتخانەکەدا لە گەڵیا وەمێنن، لە پەرستاریکردنی مورشیدا کە هەندێجار بە هۆی چلەکێشی و ڕۆژوو گرتنەوە بەڕادەیەک لاواز دەبوو کە خۆی بە پێوە نەدەگرت، یارمەتی بدەن وچەند پارووە نانێکی دەخوارد بدەن وله لێشاوی زیارەتکاران بیپارێزن، ئەو زیارەتکارانەی دەیانویست دەستێک بە جەستەی ئەم وەلی و پیاوی خوایە دا بێنن، تا لە لای مەسیحی موبارەک، شەفاعەت بۆ کیژێکی کوێر، کوڕێکی نەخۆش و دەغەزار ومێرێکی کۆچکردەیان بکات، ئیدی یارۆی وەلییان وەگیر دێنا وتەواو شەکەتیان دەکرد. لەم کاتەدا کۆمەڵێک لە (موریدان) ی دی ئەرکی دابینکردنی خۆراکیان بۆ شار وبەرگری لە شاریان گرتە ئەستۆ. ئەمانە سەردەمانێ کۆیلەی هەڵاتوو بوون – وەکو جواوە زلە، یان چەتە و شەقاوەی پیاوکوژ بوون وەکو – پاجو یان ئەبوت جواو – نها بووبوون بە پیاوی خوا. وێڕای ئەوەش ئەهلی کار بوون، هەستیان بە هەورازو نشێوی دنیا دەکرد، ئاگایان لە مەترسی برسیەتی و شەڕ هەبوو، بۆیە بە خۆیان جڵەوی کارو بارەکانیان گرتەدەست، وەکو چۆن ئەمە لە ئواوا ڕوویدا. ئەمانە وەختایەک ئاگر هەڵگیرسێنەکانیان کۆنترۆڵ کرد، ژمارەیەکی زۆریان لەو گا و گوتاڵ و مەڕ و ماڵات و ئەسپ و وڵاخانەی کە مەزراکانی دەوروبەر بە ناچاری پێشکەشی مەسیحی موبارەکیان کردبوو، بۆ کانودوس ڕادا. هەروەها ئارد ودانەوێڵە وکەلپەل وجل وبەرگێکی زۆریان بۆ دووکانەکەی برایانی ڤیلانوڤا نارد، لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەو چەکانە بوو کە تاڵانیان کردبوو. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا کانودوس پڕ بوو لە ئازووقە و هەر پێویستیەکی دیکە. لە هەمان کاتدا نوێنەرێکی زۆر، لە

شێوەی مژدەبەراندا تاک تاک و بە تەنیا سەرانسەری دەشت و دەرەکەیان تا کەنارەکان دایە ژێر پاوە و خەڵکیان هاندەدا بڕۆن بۆ کانودوس و پەیوەندی بەو جەنگاوەرە هەڵبژاردانەوە بکەن کە شەڕی بیدعەتی شەیتان، واتە کۆمار دەکەن. ئەمانە نێردەێن ئاسمانی تازە بابەت بوون، جبەی ڕەبەنایەتیان لەبەر نەدەکرد، بەڵکو کراس و پانتۆڵی چەرمیان لەبەر دەکرد، دەمیان پیس بوو، هەمان جنێو و سخێفی شەقاوە و لات و لەوێرانیان بەسەر زارەوە بوو، هەموو کەس دەیانناسین، چونکە ڕۆژێ لە ڕۆژان، هاوپیشەی یەکدی بووبوون، تا ڕۆژێ باڵی فریشتەیەک هەڵیگرتبوون و بۆ کانودوسی بردبوون. وەکو جاری جاران هەمان کێرد وقەرەبینا و قەمەیان پێبوو، بەڵام گۆڕابوون، بووبوون بە خەڵکێکی دی. سەری زمان و بنی زمانیان تەنیا باسی مورشید وخودا وئەو ژینگەیە بوو کە لیوەی هاتبوون. خەڵکی میوانداریيان دەکردن و گوێیان لێدەگرتن و زۆریان کە لە ناخی خۆدا هەستیان بە ئومێدێک دەکرد، هەرچییەکیان هەبوو کۆیان دەکردەوە وڕوویان دەکردە کانودوس.

هێزەکەی مێجەر " فبرونیودی بریتو " گەییە کیماداس، بریتی بوو لە پێنج سەد وچل و سێ سەرباز و چواردە ئەفسەر و سێ دکتۆر، کە لە نێو هەر سێ فەوجە پیادەکانی باهیاوە – واتە فەوجی نۆ، بسیت و شە و سی و سێ – وە هەڵبژێردرابوون. ئەم شارە بچووکە بە گوتاری بەڕێوەبەری شار وبە ڕێو ڕەسمی نوێژ ونزا لە کڵێسای " سانتو ئانتونیو " و کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی شارەوانی، پێشوازیان لێکرا، ڕۆژێکیش کرا بە پشوو تا خەڵکی شارەکە بتوانن بەشداری لەو ئاهەنگە بکەن کە بە دەهۆڵ و زۆڕناوە لە مەیدانی شارەکەدا بەرپا کرا. بەرلەوە نمایشە سوپاییەکە دەست پێبکات، قاسیدانێکی خۆبەخش بەرەو باکوور وەڕێکەوتن، تا کانودوس لە ژمارەی سەربازەکان و جۆری چەکەکانیان و نەخشە و پلانی هێرشەکەیان و ئەو ڕێڕەوە ئاگادار بکەنەوە کە بە نیازن لە هێرشەکەیاندا بیگرنەبەر. ئەم هەواڵانە " کانودوس" یان غافڵگیر نەکرد. چ پێویست بە غافڵگیر بوو، لە کاتێکا واقیع ئەوەی سەلماندبوو کە خواوەند لە زمانی مورشیدەوە پێی ڕاگەیاندبوون؟ تاقە خەبەری ڕاستی بۆ ئەوان ئەوە بوو کە سەربازەکان بە نیاز بوون ئەمجارە لە ڕێگای کاریاکا، سیرادی کاری و دۆڵی " ئیپویراس " وە بێن. بۆیە ئەبوت جواو پێشنیازی کرد کە لە داوێنی کێوی " کامبایو " دا سەنگەر لێبدەن، باروت و تەقەمەنی بۆ ئەوێندەر بەرن، پاسەوان لەوێندەر، لە بناری چیاکە دابنەن، چونکە پروتستانەکان ناچارن لە هەمان ڕێگاوە تێبپەڕن.

لەو ساتەدا وا دیار بوو بیری مورشید زیاتر لەلای ئەوە بوو کە هەرچی زووترە بینای پەرستگەکە تەواو بێ، نەک لەلای شەڕەکە. ئیدی هەموو ڕۆژێ، سارەزی سەری کارەکەی دەدا، بەڵام کارەکەی لە سۆنگەی بەردەکانەوە دوا دەکەوت. چونکە ناچار بوون بەرد لەو کانە بەردانەوە بێنن کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژ دورتر دەکەوتنەوە، بەرزکردنەوەی بەرد بۆ سەر بورجەکان بە ترس وتالووکە بوو، چونکە هەندێجار پەت و گوریسەکان دەپچڕان، بەردە زەلامەکان دەکەوتن بە سەر داربەست و ئەسکەلە و کرێکارەکاندا و پان و پلیشیان دەکردنەوە. هەندێجار مورشید دەستووری دەدا، دیوارێک لێرە یان لەوێ بڕوخێنن ولە جێیەکی دی دروستی بکەنەوە، یان هەندێجار داوای دەکرد جێگای پەنجەرەکان بگۆڕن، وەکو ئەوەی لە غەیبەوە پێی گوترابێ ئەم پەنجەرەیە ڕوو لە عەشق ناکرێتەوە.

زۆرجار دەیانبینی، بە ناوی خەڵکیدا دەگەڕا، شێرۆی ناتوبا، چکۆلەی موبارەک، ماریا کوادرادو و ئافرەتانی تیمی سروود خوانانی موبارەکی لەگەڵ خۆدا دەبرد کە بەردەوام دەستیان تەکان دەدا تا مێش ومێشولانی لێ پاس بکەن و پیاوی خوا بێزار و بێتاقەت نەکەن. هەموو ڕۆژێ سێ، پێنج یان دە خێزان، یان کۆمەڵێک حاجی و

زیارەتکار، بە عەرەبانە و بڕکە بزنەکانیانەوە خۆیان دەگەیاندە کانودوس و ئانتونیو ڤیلانوڤا، بە ناو پێچ و پەنای کوختە تێکرژاوەکاندا دەگەڕا و پارچە زەوی خاڵی بۆ دەدۆزینەوە، دەیدانێ تا بۆ خۆ بیکەن بە خانوو. مورشید هەموو ئێوارەیەک بەر لە وەعزی ئێوارە، لە پەستگەکەدا کە هێشتا سەری نەگیرابوو، پێشوازی لەو خەڵکە تازەیە دەکرد. ئەوانە بە ناو ئاپۆڕای ئیمانداڕەکاندا تێدەپەڕین و "چکۆلەی موبارەک " دەیبردنە حوزووری پیاوی خودا، هەرچەندە مورشید هەوڵیدەدا نەیەڵێ بکەونە سەر چۆکان و خۆ باوێنە سەر لاقی و پێی ماچ بکەن ودەست بە جبەکەیدا بێنن وپێی دەگوتن: " خوا هەیە ". بەڵام ئەوان هەر دەستبەردار نەدەبوون و ئەو کارەیان دەکرد و پاشان ئەو موبارەکی دەکردن وبە نیگایەک کە دیار بوو بڕی بوویە جێگایەکی بەرزتر و دوورتر لەوان، تەمەشای دەکردن. لە ناکاوا کۆتایی بە ڕێ و ڕەسمی پێشوازییەکە دێنا و هەڵدەستا، هەموو ئەوانەی دەوروبەری لە بەری هەڵدەستان و ڕێگایان بۆ دەکردەوە و ئەوسا بەرەو ئەو نەردەوانە بچووکە دەڕۆیی کە دەچووە سەر داربەستی بورجەکە، ئەوسا بە دەنگێکی گڕ، بەبێ جووڵە، دەربارەی بابەتە هەمیشەییەکانی خۆی دەکەوتە وەعزدان: ماهیەتی باڵای روح، سوودی هەژاری و هەژارانە ژی، کورهاندنی کافران و داوێن پیسان، زەروورەتی بەرگری و بەرەڤانی لە کانودوس تا ببێت بە مەکۆ ومەڵبەندی دادپەروەری ودروستکاران.

جەماوەری خەڵکەکە، کڕ وکپ، بە بێدەنگی گوێیان لە قسەکانی دەگرت وباوەڕ وئیمان لە ناخیاندا ڕیشاژۆ دەبوو. ئیدی ئۆل وئاین سەراپای داگرتبوون. هەر جادە و ڕێگەی تەنگ و پڕ پێچ و پەنا دروست دەکرا، لە ڕێ و ڕەسمێکدا ناوی قەشە و وەلیەکیان لێدەنا. لە هەرگۆشە وکەنار و دوو ڕێیان و چوار ڕێیانێکا وێنە و پەیکەری مریەمی پاکیزە، منداڵیەتی مەسیح و مەسیحی موبارەک و روحی قودس دروستکرابوو. هەر گەڕەک و هەر پیشەیەک میحرابی بە ناوی قەشەی پارێزەی خۆیەوە دروستکردبوو. گەلێک لە تازە هاتووەکان، ناوی تازەیان لە خۆ دەنا، کە ئەمە هێمای دەستپێکی ژیانێکی تازە بوو. بەڵام هەندێ ڕەسمی گوماناوی، وەکو گیاکەڵە، بە گەڵ سرووتە کاتولیکیەکان دەکەوت. هەندێ لە دوڕەکان بەدەم نوێژ و نزاوە دەرەقسین و هەڵدەپەڕین و وا باو بوو کە ئەوانە باوەڕیان وابوو، کە بەو جۆرە پێ بە عاردیدا دەکوتن، هەرچی گوناحێکیان کردووە، بەدەم ئارەقە کردنەوە لە گیانیان دەردەچێ. بەڵام ڕەش پێستەکان بەرەبەرە لە بەشی باکووری کانودوس دا لە دەوری یەکدی خڕ بوونەوە و گەرەکێکیان بە گڵ وقامێش و هەژگ و بژاڵ دروستکرد و ناونرا موکامبو، واتە مەکۆ و پەناگەی کۆیلان. بەڵام ئەو سوور پێستانەی لە "میراندلا" وە لە ناکاوا هاتبوون بۆ کانودوس تا لەوێندەر بژین، بە بەرچاوی خەڵکیەوە، ماجوومێکی گیایی بۆنداریان دروست دەکرد کە گێژ و مەستی دەکردن و نەشەیەکی ڕوحی پێدەبەخشین. هەڵبەتە جگە لە زیارەتکاران و حاجیانی دیندار و بە باوەڕ، جادووگەران، چەرچی و دیوەران و خەڵکانی فزولیش ڕوویان دەکردە کانودوس.

هەڵبەتە لە نێو ئەو کوختانەدا، کە بە یەکەوە لکابوون، ژنانی فالگرەوەو ئەو تەڵەکەبازانەی کە بە خۆ دەفشین گوایە دکارن دەگەڵ مردووواندا قسان بکەن و شایەر و بەیت بێژانی گەڕۆک بە دی دەکران کە وەکو سێرکبازانی قەرەجان، نانی ڕۆژانەی خۆیان بە گۆرانی و بەیت بێژی و زەرگ لە خۆدان، پەیدا دەکرد. هەڵبەتە کەسانێکیش هەبوون، لافی ئەوەیان لێدەدا کە دەتوانن بە جۆشانەی ئاقاقیا و ڕێزەڵە مارانە، هەر نەخۆشییەک چاک بکەنەوە. گرووپێک لە باوەڕدارانی تۆبەکار، بەدەنگی بەرز، لە کوچە و کۆڵاناندا، گوناحەکانی خۆیان دەگێڕایەوە و داوایان لە خەڵکی دەکرد سزایان بدەن. وەختایەک خەڵکانێکی "جواسیرو" لە کانودوس گیرسانەوە، بەرەبەرە کەوتنە مومارەسە کردنی سرووتێن برایانی تۆبەکار لە شارەکەدا وەک: ڕۆژوو گرتن، دوور کەوتنەوە لە هاوبەخەڵی، لە خۆدان بە قامچی و بە بەرچاوی خەڵکیەوە. مورشید هەرچەندە جەستە کوژی و ڕیازەتی هاندەدا و باوەڕی

وابوو کە ڕەنجکێشان ئیمان بەهێز دەکات، سەرەنجام وەخۆ هاتەوەو داوای لە چکۆلەی موبارەک کرد کە زیارەتکارەکان بئەزموێ تا خورافات و بتپەرستی و هیچ جۆرە بدعەتێک لە ژێر پەردەی پارسایی وخواناسی لە گەڵ خۆدا بۆ کانودوس نەهێنن.

ئەم خەڵکە هەڕەمەوجۆرواجۆرە، پێکەوە، بێ هیچ ململانێ ومشت ومڕێک، لە هاماجێکی تەژی برایەتی، یەکێتی و خۆشەویستیدا دەژیان، کە پێشتر شتاقیان شتی وایان بە خۆوە نەبینی بوو. ئەمانە هەستیان دەکرد بە ڕاستی دەوڵەمەندن، چونکە هەژار بوون، کوڕی خوا بوون، هەڵبژاردە بوون، وەکو هەموو شەوێ کابرای شڕۆڵەی شڕپۆشی جل و بەرگ دڕاوی کون کون ئەوەی بە گوێدا دەدان.

ئەمە جگە لەوەی خۆشەویستی ئەو پیاوە کردبوویە کارێک کە هەموو ناکۆکی و دوو بەرەکییەک بنەنە لاوە. لە هەر شتێکا پەیوەندی بە مورشیدەوە هەبا، ئەم پیاو وژنانە کە لە سەرەتاوە سەدان بوون و بەرەبەرە بووبوون  بە هەزاران، دەبوون بە ماستی مەییوو، موو بە بەینیانەوە نەدەچوو، دەبوون بە خەڵکی خاکی، گوێڕایەڵ، ئامادە بۆ هەر کار وهەور شتێک لە پێناوی ئەو پیاوەدا کە توانی بووی لە زیلەت ونەگبەتی و برسیەتی و ئەسپێ ڕزگاریان بکات و دڵیان تەژی هێڤی و ئومێدێکی ئەوتۆ بکات کە شانازی بە خۆ و چارەنووسی خۆوە بکەن. هەرچەندە خەڵکەکە بە بەردەوامی ڕوو لە زیادی بوون، بەڵام ژیانیان لە ئاژاوە و ئاشووب بە دوور بوو. ئیدی لە کانودوس دا هەرکەسەو خەریکی کار و ئەرکی خۆی بوو، زیارەتکاران و حاجیان لە هەموو قوڵێکەوە پەز و ئازووقەیان دێنا، پەچە و ئاغەڵەکان، عەمارەکان هەمیشە تەژی بوون، خۆشبەختانە، ڕوباری (فازا – پاریس) هێندەی ئاو تێدا بوو کە بەشی ئاودێری شکارتە، کێڵ ومەزرا بچووکەکان بکات. لە کاتێکا ئەبوت جواو، پاجو، خوزیە ڤینانسو، جواوە زلە، پدراو وخەڵکانی دی،چەک وتەقەمەنییان کۆدەکردەوەو خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، هۆنۆریر وئانتونیو سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی شارەکەیان دەکرد. دیاری و سەوقاتی زیارەتکارەکانیان وەردەگرت، زەوی و خۆراک و پۆشاکیان بە سەر خەڵکیدا دابەش دەکرد، سەرپەرشتی شفاخانەی نەخۆشان و خانەی پیران و هەتیوخانەکانیان دەکرد. هەروەها بەو قەرقەشانە ڕادەگەیین کە هەندێجار لە سەر موڵکایەتی زەوی و زار ڕووی دەدا وداوەرییان لە بەینیان دەکرد.

هەموو ڕۆژێ هەواڵی تازە لە سەر "مەسیحی دەجال" دەهات، هێرشەکەی مێجەر (فبرونیو دی بریتو) لە کیماداس ) وە بۆ (مۆنتە سانتو) دەستی پێکردبوو، لە شەوی بیست و نۆی کانوونی یەکەمدا ئەوێندەری بە بوونی خۆی لەوتاندبوو، سەربازێکی لە دەست دابوو، ئەم سەربازە عەریفێکی پیادە بوو کە مار پێوەی دابوو. مورشید، بێ هیچ بەدنیازییەک ئەو بویەرەی ڕوون دەکردەوە. ئایا بێ حورمەتی وکوفر نەبوو کە خەڵکانێکی چەکدار کە بە نیازی کوشتار وکاولکاری هاتبوون، لە جێگایەکی پیرۆز ئۆردوبەز بکەن کە لە سەرانسەری دنیاوە زیارەتکار وحاجیان ڕوویان تێدەکرد؟ هەق وابوو ڕێگەی ئەو خودا نەناسانە نەدرێ کە پێ بنەنە خاکی کانودوس کە لەو شەوەوە ئەو کانودوسی ناونا (بیلومونتە). ئیدی بێتاقەت و هاڕوژاو، هانیدان کە لە هەنبەر دژمنی دیندا سەردانەنەوێنن. دژمنانێ کە بەنیاز بوون کە کۆیلەکان بخەنەوە ژێر کۆت و زنجیری بەندایەتی، خەڵکی بە باج و سەرانە هەژار بکەن، نەیەڵن کڵێسا سەرپەرشتی زەوجاندن و بە خاک سپاردنیان بکات، بیری خەڵکەکە بە فێڵ وتەڵەکەی وەکو سیستەمی مەتری و نەخشەی ئاماری و سەرژمێری، کە مەبەستی ڕاستەقینەیان ئەوە بوو خەڵکەکە فریو بدەن و بەرەو گوناحکارییان ببەن. خەڵکەکە ئەو شەوە، هەر کەسە بەو چەکەوە کە لە بەر دەستیا بوو، بە بێداری مایەوە. ماسونیەکان نەهاتن. لە مونتەسانتو مابوونەوە چاوەڕوانی هێزی زیاتر و

ماتەڵی چاک کردنەوەی ئەو دوو تۆپە "کروپ"ە بوون، کە بە سەدەمی ڕاکێشانەوە بە دەشتە بەردەڵانە و ناهەموارەکەدا، هاوسەنگیان تێک چوو بوو. ئەم لەشکرە دوو هەفتە بوو لە چەند قۆڵێکەوە بە ڕێکەوتبوو تا لە ڕێگەی دۆڵی (کاریاکا) وە بەرەو کانودوس بڕوات، ئەو ڕێڕەوە کە دەبوایە بیگرنەبەر، یەکپارچە شۆفار و خەوەر دزانێ بوو کە خۆیان لە ئاغەڵ و گەوڕی پەز و ماڵات یان لە بێشەێن چڕ وچوغوورد ودڕوەستان نابوو، یان خۆیان وەبن کەلاکی چێلێک نابوو کە سەریان کون کردبوو ولەوێندەرەوە تەمەشایان دەکرد. تەتەران و قاسیدانی قۆچاغ هەموو ڕۆژێ هەواڵی پێشڕەوی دژمن و کۆسپەکانی سەر ڕێگایان دەگەیاندە کانودوس.

مورشید وەختایەک هەواڵی زانی کە هێزی دژمن، وێڕای کێشەی ڕاکێشانی تۆپ و شەست تیرەکانیان، گەییوەتە (مولونگو)، ئەوەشی بیست کە دژمن بە سەدەمی ماندوویەتی و برسیەتی سەربازەکانی، ناچاربووە دوا گا و دوایەمین دوو هێستری ژێر عەرەبانەکانیان بکوژنەوەو دەرخواردی سەربازەکانیانی بدەن. بە خەڵکەکەی گوت: وا دیارە باوک (خوا) لە کانودوس و کانودوسیان ڕازیە، بۆیە سەربازەکانی کۆماری، بەر لە دەستپێکی شەڕ، بەم دەردە بردووە.

***

گالیلو گال، بە هێمنی، هێدی هێدی قسان دەکات، لە تووڕەییدا دەنگی دەلەرزێ و دەڵێت: " دەزانی بەم کارەی کە مێردەکەت کردوویەتی چ دەڵێن؟... خیانەت، نەخێر، دەبڵ خیانەت. یەکێکیان لە من، یانی لەو کەسەی کە پەیمانی دەگەڵ بەستبوو. دووەمیان لە براکانی خۆی لە کانودوس... یانی خیانەت لە چینەکەی خۆی."

"جورما " بزەیەکی بە ڕوودا دەدا، وەکو ئەوەی لە مەبەستی حاڵی نەبێ یان لە بنەڕەتدا گوێی لەو نەگرتبێت. بە سەر ئاگر و ئاگردانەکەدا دانەویوەتەوەو شتێک دەکوڵێنێت. گەنجە، قژی بە سەر شان وملیا ڕژاوەو دەوری ڕوخسارە ناسک وگەشەکەی داوە. کراسێکی بێ قۆڵی لە بەردایە، پێیەکانی پەتین. چاوەکانی خەواڵو، هێشتا قورسی ئەو خەوەن کە هاتنی تۆزێ لەمە پێشی گال، لێی تۆراندن. ڕوناکی کزی سپێدەی زوو لە درزی پەرژینەکەوە لە ناو کوختەکە دەدات. چرایەکی نەوتی کزکز دەسووتێ، ڕیزێک جووجەڵە و مریشک لە سووچێکدا، لە نێو کاسە و گۆزە و بۆشکەی دارین و شووشەواتا، لە نێو شڕ وشیتاڵ و ئێزینگ و شەواتەک وسەبەتە و تلیانە و وێنەیەکی چاپی خاتوو " لاپا " دا هەڵنیشتوون. سەگێکی تیسکنی چکۆلە، لە بەر پێی جورمادا بۆ خواردن دەگەڕێ. هەرچەند ژنەی تاین بە لەقە دووری دەخاتەوە، بەڵام هەر کۆڵنادات ودەگەڕێتەوە.

گالیلوگال، شەکەت وماندووی سەفەرەکەی شەو، کە بەڵەد ودەلیلە شڕۆڵە چەرمپۆشەکەی دەگەڵ چەکەکاندا بۆ " کیماداس "ی گێڕابووەوە، لە ناو جۆلانە ودەیدیکەکەی دانیشتبوو و بە تووڕەیی تەمەشای ژنەکەی دەکرد. جورما، بە کاسەیەکەوە کە هاڵاوی لێ هەڵدەستا، بەرەو لای ئەم دێت وکاسەکەی دەداتێ.

گالیلو گال، کاسەکەی لە دەست وەردەگرێت و لە بن لێوانەوە دەڵێت: " خۆ ئەو بە منی گوت بەنیاز نییە دەگەڵ کرێکارانی سکەی "جاکوبینا "دا بڕوات." هێشتا چاوی لە دووی ژنەکە بوو: " بۆچی ڕای خۆی گۆڕی؟ "

جورما، لە کاتێکا فووی لەو کاسەیە دەکرد کە بە دەستیەوە بوو، بە هێمنی گوتی: " نەچوونەکەی هەوەڵجاری لەبەر ئەوە بوو، ئەو کرێیەیان نەدەدایە کە داوای دەکرد. پاشان بۆیە ڕای خۆی گۆڕی چونکە هاتن و پێیان گوت چەندی بوێ دەیدەنێ. دوێنێ هات بۆ پانسیونی خاتوونی شکۆدار تا تۆ بدینێ. بەڵام تۆ لەوێندەر ڕۆیی

بووی و هیچ پەیامێکت بە جێنەهێشتبوو بۆ کوێ دەڕۆی، دەگەڕێیتەوە یان نا. ئیدی روڤینیو پێی حەیف بوو بوو ئەو کارە لە دەست بدات."

گالیلو، بە خەمینی ئاهێک هەڵدەکێشێت. بڕیار دەدا فڕێک لە کاسەکە بدات، مەلاشووی دەسووتێ و برۆکانی وێک دەێنێتەوەو ڕوخساری گرژ دەبێت. فوو لە کاسەکە دەکات و فڕێکی دیکەی لێدەدا، لە شەکەتی و تووڕەییدا ڕووی گرژ بووە، ژێر چاوەکانی شین بووەتەوە. ناو بە ناو لێوی ژێرەوەی دەکرۆژێ. بەدەم هەناسە بڕکێوە ئارەقە دەکاتەوە. دوای سووکە بێدەنگییەک، فڕێک لە کاسەکە دەدات ودەڵێت: " ئەم سەفەرە ناخیرەی چەند دەخایەنێ؟ "

جورما، لە قەراخ جانتایەکی کۆنی بە قایش و قروش، لە هەنبەریا ڕۆنیشت وگوتی: " سێ چوار ڕۆژی پێدەچێ، گوتی کە چاوەڕوانی بکەی، هەرکە گەڕایەوە بۆ "کانودوس"ت دەبات."

گال، لە بن لێوانەوە دەپرتێنێ و بە تووڕەیی دەڕوانێتە ئاسمان و: "سێ چوار ڕۆژ! تۆ بڵێ سێ چوار سەدە."

لە دەرێ ڕا دەنگی زەنگوڵەی ملی پەزان دێ، سەگە تیسکنەکە بە دەنگی بەرز دەوەڕێ و بەرەو لای دەرگاکە تەکان دەدات، دەیەوێ بڕواتە دەرێ. گالیلو هەڵدەستێ وبەرەو کۆڵەکە دارینەکان دەڕوات و تەمەشایەکی دەرەوە دەکات. ئەو عەرەبانە چادار دارەی کە ئەو ئێزنی دابوو هەر لەوێندەر، لە نزیکی حەوشەی کوختەکەیەوە کە هەندێ پەزی تیابوو، وەستابوو. چاوی پەزەکان کرایەوە، بەڵام هێشتا خەواڵوون، زەنگوڵەکان لە لێدان کەوتن.

ماڵەکە بە بەرزاییەوەیە. لە ڕۆژانی هەتاوا کیماداس لەوێوە دیارە، بەڵام نەک لەم سپێدە لێڵەدا کە هەور بەری ئاسمانی گرتووەو جگە لە بیابانە کاکی بە کاکییە بەردەلانەکەی خوارەوە هیچ شتێکی دیکە نابینرێ. گالیلو بۆ لای جۆلانەکە دەگەڕێتەوە. جورما بۆ جاری دووەم کاسەکەی بۆ تەژی دەکاتەوە. سەگە تیسکنەکە بەدەم وەڕینەوە، دەکەوێتە هەڵدانەوەی خۆڵ وخاشاکە کەڵەکە بووەکەی بەر دەرگاکە. گال دەبیرەوە دەچێ: " سێ چوار ڕۆژ! تۆ بڵێ سێ چوار قەرن، کە دەشێت لەم ماوەیەدا جۆرەها بویەری خراپ ڕووبدات. باشە بە دوای بەڵەدێکی دیکەدا بگەڕێ؟ بە تەنیا بۆ "مونتە سانتو" بڕوات و لەوێ بەڵەد و دەلیلێکی دیکە بە کرێ بگرێ کە ڕێگای کانودوسی پێ نیشان بدات؟ هەر کارێک بکات باشترە لەوەی بەم چەکانەوە لێرە بمێنێتەوە: هێندە بێتاقەت بوو بەرگەی چاوەڕوانی نەدەگرت. ئەمە جگە لەوەی، وەکو ئیپامینوداس گونسالوڤس دەیگوت ئەگەری ئەوە زۆر بوو کە هێزەکانی مێجەر بریتو، بەر لەوەی ئەم لە کیماداس وەدەربکەوێ، بگەنە ئەوێندەر. گال لە بن لێوانەوە دەڵێت: " ناشێ تۆ روڤینوت هەڵخڕاندبێ کە لە گەڵ کرێکارەکانی سکەی جاکوبینا دا بڕوات؟"

جورما بە دارێک دەکەوێتە کوژاندنەوەی ئاگرەکە. " تۆ هیچ کاتێ ئەوەت بەدڵ نەبوو کە روڤینو من بگەیەنێتە کانودوس."

ژنەی تاین، بە ڕاشکاوییەکی ئەوتۆوە وەڵام دەداتەوە کە گالیلو لە ناکاوا هەستدەکات تووڕەییەکەی دەڕەوێتەوە و چیوای نەماوە لە کانگای دڵییەوە لە قاقای پێکەنین بدات "نا هیچ کاتێ بە دڵم نەبووە." جورما بەوپەڕی ڕاشکاوی ئەو قسانەی کرد و ڕاستەوڕاست چاوی لە دوڕ چاوانی پیاوە بڕی. ڕوخساری درێژکۆڵە و هێلکەیی، گۆناکانی زەق و ڕەق بوون، وەکو قسەکانی زەق بوو. جورما لە سەری دەڕوات: " ئەو سەربازانەیان لە ئواوا کوشت، هەموو خەڵکی دەڵێن کە سەربازانی زۆرتر بۆ کانودوس دەنێرن. بۆیە نامەوێ روڤینو بکوژرێ یان بە

دیلی بێتە گرتن، بۆیە پێویستە بەم لا وبەولادا بڕوات. دایکی هەمیشە پێی دەگوت تۆ تووشی سەمای "سانت فیتوس" بووی. گال دەپرسێت: " سەمای سانت فیتوس؟ "

جورما بۆی ڕوون دەکاتەوە: "بەو کەسانە دەگوترێ کە لە یەک جێ ناسرەون، بەو کەسانە دەگوترێ کە تووشی گلاراو وماخۆلان دەبن."

سەگەکە دووبارە بە تووڕەیی دەوەڕێ. جورما بەرەو دەرگا دەڕوات، دەرگاکە دەکاتەوە، سەگەکە بە شاپ دەکاتە دەرەوە. دەنگی وەڕینی لە دەرەوە دێ، دووبارە دەنگی زەنگوڵەی پەزەکان دێ. گال بە ڕوخساری خەمناک پەیگیری جورما دەکات، کە بەرەو ئاگردانەکە دەڕوات وبە دارێک پشکۆکان ژێرو بان دەکات. دووکەڵێکی پێچاوپێچ بە ئاسمانا دەچێ.

جورما دەڵێت: "ئەمە جگە لەوەی کە کانودوس موڵکی بارون کانابراڤایە. هەموو کاتێ یارمەتی داوین. ئێمە لە سا و پەنای ئەوا بووین بە خاوەنی ئەم خانووە، ئەم ئەرزە، ئەم پەزانە. تۆ لایەنگری ئەنسارو شەڕڤانەکانی و گەرەکتە یارمەتیان بدەیت. بردنی تۆ بۆ کانودوس هاوتای یارمەتیدانی ئەوانە. پێت وایە بارون ڕازی بێ بەوەی ڕوڤینو، یارمەتی ئەو چەتە وڕێگرانە بدات کە موڵک ومەزراکەیان لێدزیوە؟ "

گال، بە تەوسەوە دەڵێت: دڵنیام ڕازی نابێت.

دووبارە دەنگی زەنگۆڵەی مەڕەکان دێ، ئەمجارەیان بەرزترە و گال هەڵدەستێتە سەر پێیان و بە دوو هەنگاوی هەڕاو خۆی دەگەیەنێتە کۆڵەکە دارینەکە، تەمەشایەکی دەرەوە دەکات، دار ودرەختەکان، دەوەنەکان و تاوێرو تاشە بەردەکان لە بەر ڕوناکی سپێدەدا بەرە بەرە بەدیار دەکەون. عەرەبانەکە  لە دەرێی کوختەکە وهەر لە جێی خۆیەتی، پڕە لە گورزەو بەستەێن پێچڕاو لە جاوی قاوەیی، کە دەگەڵ ڕەنگی بیابان ودەشتەکەدا تێکدەکاتەوە، هێسترەکەش بە دیرەکێکەوە بەستراوەتەوەو لە لایەوە وەستاوە.

جورما دەڵێت: - تۆ پێت وایە مورشید لە لایەن مەسیحی موبارەکەوە نێردراوە؟ باوەڕ بە پێشبینییەکانی دەکەیت؟ بەمەی کە دەریا دەبێ  بە دەشت و بیابان و بیابان دەبێ بە دەریا؟ ئەمەی کە ئاوی ڤازا — پاریس دەبێ بە شیر و قوڕ ولیتەکەی دەبێ بە ئاردی گەنمەشامی و دەبێ بە خوراکی هەژاران؟

هیچ مۆرکێکی تەوسامێز بە قسەکانیەوە یان بە چاوانیەوە بەدی ناکرێت. گالیلو، تەمەشای دەکات، هەوڵدەدات گوزارشتی دەم و چاوی، سەبارەت بەو قسانەی کە زۆر جاری دیکەش بیستوونی بخوێنێتەوەو بزانێ چۆن بیر دەکاتەوە. هیچی بۆ بەدیارناکەوێ. هەست دەکات ئەم ڕوخسارە درێژکۆڵە هێلکەییە ئارام وتاوە سووتە، عەینی ڕوخساری هێندی وچینییەکان، نایەتە خوێندنەوە. یان عەینی ڕوخساری یارۆی نێردەکەی کانودوس کە لە دەباغخانەکەی ئیتاپیکور قسەی دەگەڵ کردبوو، ئەو ڕۆژەش، بە تەمەشا کردنی چارە و ڕوخساری ئەو پیاوە کەم دووە نەیتوانی بوو هەست یان هزرینی ئەو بخوێنێتەوە.

پاش ئەوەی دوا دڵۆپی ناو کاسەکە دەخواتەوە، بە وردی پەیگیری ڕەفتاری جورما دەکات، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " هەمیشە غەریزە لە لای خەڵکانی برسی لە باوەڕ بەهێزترە. ئەم جۆرە خەڵکانە لەگینە باوەڕ بە شتی زۆر بێ مانا، سادە و گەوجانە بکەن. بەڵام ئەوە گرینگ نییە. گرینگ ئەو کارەیە کە دەیکەن. ئەمانە خۆیان لە شەڕی موڵکیەت و زەوجین و ڕیزبەندی چڤاکی ڕزگار کردووە. دەسەڵاتی دەوڵەت و کلێسایان ڕەتکردووەتەوە،

یەک فەوج عەسکەریان تێک شکاندووە. بە گژ دەسەڵات و پارە وجل وبەرگی فەرمی وجبەی ڕەبەناندا چوونەتەوە."

ڕوخساری جورما هیچ گوزارشتێک نانوێنێ، جووڵەی تیا نییە. چاوە ڕەشە کەمێک تیلەکانی، بە بێهیچ نیشانەیەکی کونجکاوی، هاوسۆزی یان سەرسامی بڕی بووە ئەو. گۆشەی لێوە نمناکەکەی کرژ دەبوو.

گال بەردەوام دەبێ، لە دڵی خۆدا دەڵێت: " ئەم خەڵکە لەو شوێنە دەستیان بە خەبتین کردووە کە ئێمە دەستبەرداری بووین، هەرچەندە بە خۆیان هەست بەمە ناکەن. خەریکن هەمان بیرۆکە دووبارەو زندوو دەکەنەوە." دەبێ جورما چۆن بیر لەم قسانە بکاتەوە. "من لە بەر ئەمە بۆ ئێرە هاتووم. لە بەر ئەمەیە کە دەمەوێ یارمەتیان بدەم."

هەناسەی تەنگ دەبێ، لە تۆ وایە هەموو ئەو قسانەی بە دەنگی بەرز کردبێت. شەکەتی ئەم دوو ڕۆژەی دوایی و لەوەش خراتر ئەو نائومێدییەی کە زانی روڤینو لە کیماداس نییە، هێندەی دی باری دەروونیان قورس کرد. ئیدی بیرۆکەی خەوتن وهەڵاژان و چاو گەرم کردنێک بە ڕادەیەک بەسەریا زاڵ بوو کە بڕیار بدات بڕوات چەند سەعاتێ لە بن عەرەبانەکەدا بڕازێ. یان ڕەنگە بشێت هەر لێرەدا. لە سەرم ئەم دەیدەکە (جۆلانە) چاوێ گەرم بکات. باشە عەیب نییە ئەگەر بۆ ئەم کارە ئیزن لە جورما بخوازێ؟

گوێی بە دەنگی ژنەی تاین دەزرنگێتەوە: " ئەو پیاوەی کە بۆ ئێرە هاتبوو، ئەوەی کە قەدیس ناردبووی، ئەوەی کە بە خۆت دیتت، دەزانی کێ بوو؟ پاجو بوو. " کە دەبینێ گال هیچ کاردانەوەو سەرسامیەک نانوێنێ، بە ڕاوێژێکی حیرەت ئامێز لە سەری دەڕوات: " ناوی پاجوت نەبیستووە؟ درندەترین کەسی ئەم دەڤەرەیە، هەموو ژیانی بە چەتەگەری ودزی و پیاوکوژی بەسەر بردووە، هەر نەگبەت و بێ یەغباڵێکی لە ڕێگا وباندا تووش بووبێ لووت و گوێی بڕیوە وخستویەتی قولی مستی."

ڕێک لەم کاتەدا دووبارە زرینگانەوەی زەنگوڵەی ملی پەزەکان و حەپە حەپی نیگەرانی سەگەکە وحیلەی قاترەکە لە دەرێڕا دێتە گوێ. گال، یەکسەر نێردەکەی کانودوسی بیر دەکەوێتەوە، جێی زامەکەی سەر دەم و چاوی و ئارامی و خەمساردیە سەیرەکەی دێتەوە بەرچاو. یانی هەڵەی کردبوو باسی تفەنگ و چەکەکانی لە لایەن کردبوو؟ نا، چونکە نەیدەتوانی ئەو کاتە لە چەکەکان ئاگاداری بکات. ئەویش نەک باوەڕی نەدەکرد، بەڵکو بەد گومانتر دەبوو، هەنگێ هەموو نەخشەکە دەکەوتە مەترسییەوە. سەگەکە، نیگەران وهەراسان لە دەرەوە دەوەڕێ. گال دەبینێ جورما، دەست دەداتە ئەو دارەی کە ئاگرەکەی پێ تەمراندبوو و، بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە دەڕوات. گال خەیاڵی لە جێیەکی دیکەیە، حەواسی پەرتە، هێشتا بیر لە نێردەکەی کانودوس دەکاتەوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەگەر زانیبای کابرا، لە کۆنە شەقاوە وچەتەکان بووە، دەیتوانی ڕەحتتر قسەی دەگەڵ دا بکات. تەمەشای جورما دەکات کە خەریکە پشتکۆڵە قورسەکەی دەرگاکە لا دەبات. لەو کاتەدا شتێکی خێراو نادیار، دەنگێ، مەزەندەیە، هەستێکی شەشەم، ڕێکەوتێ لە دڵی دەچەقێ کە شتێک ڕوودەدات. لە ناکاوا، لە دیوی دەرەوە و بە توندی دەرگاکە بەپاڵ یان بە لەقە دەڵەک دەدرێ و جورما دێتە دواوە، دەرگاکە دەکەوێتە سەر گازی پشت وتاپۆی زەلامێکی چەک بە دەست لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەدیار کەوت. گالیلو، هەڵیکێشایە دەمانچە و ڕوویکردە کابرا، قرمژنی قەرەبینا، مریشکە نووستووەکان بێدار دەکاتەوە، هەراسان وترساو بە دەم باڵە فڕێوە بەرەو جورما تاو دەدەن، جورما هەرچەند گوللەی بەر نەکەوتبوو، هاوارێک دەکا ودەکەوێتە سەر ئەرزەکە. کابرای هێرشکار کە ژنەی تاین لە بەر پێی خۆیدا دەبینێ، هەڵوەستەیەک دەکات وچەند چرکەیەکی

پێدەچێ تا گال، لە نێو باڵەفڕەی مریشکە هەراسان و ترساوەکاندا دەدۆزێتەوە، تا وەخۆی دەکەوێ و لوولەی قەرەبیناکەی دەکاتە گال، گالیلو تەقەی خۆی کردووەو، بە نیگایەکی شڵەقاو وگێژانە لە کابرا دەڕوانێ. یارۆی هێرشکار چەکەکەی لە دەست بەردەبێتەوەو بەدەم پرخە پرخەوە بە پشتدا دەکەوێ. جورما دووبارە هاوار دەکات. گالیلو ئەنجام وەخۆ دێتەوە و بە هەشتاو بۆ لای قەرەبیناکەی سەر ئەرزەکە دەڕوات، دادەنەوێتەوە و هەڵیدەگرێت وئەوسا لە پەنای دەرگاکەوە، تەمەشایەکی کابرای بریندار دەکات کە لە خوێنی خۆیا دەگەوزێ و دەناڵێنێ. کابرایەکی دیکەی تفەنگ بەدەست بە هەشتاو دێت وبە دەنگی بەرز بانگ لە کابرا بریندارەکە دەکات. چەند هەنگاوێ لەولاترەوە زەلامی سێیەم خەریکە عەرەبانە چەکەکە لە ئەسپێک دەبەستێ. گال بێئەوەی بە تەواوی نیشانە بگرێتەوە، دەست بە پەلەپیتکەوە دەنێت، کابرای کە بە هەشتاو دەهات، پەلە خوار دەبێتەوەو بەدەم هاوارەوە بە سەر ئەرزەکەدا غل دەبێتەوە، گالیلو فیشەکێکی دیکەی پێوە دەنێ. دەبیرەوە دەچێ: " تەنیا دوو فیشەکم پێ ماوە." جورما، لە لای خۆیەوە دەبینێ کە خەریکە دەرگاکە دادەخات و دەڕوات بۆ ئەوسەری کوختەکە. هەڵدەستێ، لە دڵی خۆدا دەپرسێت کەنگێ کەوتبووە سەر ئەرزەکە. نقومی تەپ و تۆز وشەلالی ئارەقە، ددانە جیرەی پێکەوتبوو، هێندە بە توندی دەسکی دەمانچەکەی دەگوشی کە قامکەکانی هاتبوونە ژان. لە درزی تەختەکانەوە دەیڕوانییە دەرەوە. عەرەبانەی چەکەکان، بەرەبەرە، بەناو تەپ و تۆزێکی چڕدا دوور دەکەوتەوە و لە چاو ون دەبوو و سەگە هەراسانەکە لە بەر کوختەکەدا، بەو دوو بریندارە دەوەڕی کە خۆیان بەرەو ئاغەڵی پەزەکان بکێش دەکرد. گال سێرەیان لێدەگرێ و هەر دوو دوا فیشەکەکەیان پێوە دەنێت، گوێی دەزرینگێتەوە، دەنگێکی دێتە گوێ کە لە دەنگی گیانەڵڵای بەشەری تێکەڵ بە وەڕینی سەگەکە و زرینگانەوەی زەنگوڵی مەڕەکان دەچێ. بەڵی یەکێکیانی پێکاوە: هەردوو زەلامەکە کەوتوون، شتاقیان جووڵە ناکەن، لە ناوەڕاستی مەودای نێوان کوختەکە وئاغەڵەکە کەوتوون.

جورما، هێشتا هەر هاوار دەکات، مریشکەکان، هەراسان و ترساو بە قریشکە قریشک لێرەوە بۆ ئەوێ دەفڕن، شتەکان دەخەن، خۆ بە کاریتەکاندا دەکێشن، بەر جەستەی ئەو دەکەون. بە تەکانی دەست دووریان دەخاتەوە، دووبارە بە چەپ و بە ڕاستدا دەڕوانێتە دەرەوە. ئەگەر ئەم دوو جەستەیە، کە لە نزیکی یەکترەوە لە ئەرزەکەدا کەوتبوون نەبایە، وەکو ئەوە بوو هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. بە هانکە هانک و لارەلار بە نێو مریشکەکانا بەرەو دەرگاکە دەڕوات. لە درزەکانی دەرگاکەوە دەڕوانێتە دەشت و دەرە یەکپارچەکە وئەو جەستەیەی کە لە سەر گازی پشت کەوتبوون. دەبیرەوە دەچێت: " تفەنگەکانیان بردو وەک بەرزەکی بابان بۆی دەرچوون، خۆ ئەگەر من مردبام، ڕەوشەکە خراپتر دەبوو." هەناسە بڕکێی پێدەکەوێ. چاوانی ئەبڵەق بوون. ئەنجام پشتکۆڵی دەرگاکە لادەبات، دەرگاکە دەکاتەوە. هیچ شتێک لە گۆڕێ نییە، کەس لەو ناوە نییە.

بە ماتە مات، خۆی دەگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە عەرەبانەکەی لێوەستابوو، گوێی لە زەنگوڵەی پەزەکان دەبێ، کە بە دەوری کۆڵەکەکانی ناو ئاغەڵەکەدا دەخولێنەوە. هەست بە جۆرە دڵ هەڵشێوانێک دەکات: دووکەڵی بارووت بەرەو ئاسۆ، ڕوو لە (یاکودایونا) دەڕوات. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت. دەستێک بە ڕدێنە سوورە بچووکەکەیدا دێنێت. هێشتا دانەجیرەکەی لە کۆڵ نەبووەتەوە. هێسترەکە، کە بە قەدی درەختێکەوە بەسترابووەوە، بێخەم وخەیاڵ بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە. بە ئەسپایی بەرەو کوختەکە دەزڤڕێتەوە. لە بەردەم دوو جەستەکەی سەر ئەرزەکە دەوەستێت، نها گیانیان دەرچووبوو. لە ڕوخسارە تاوەگازو نەناسراوەکانیان، کە ڕەق هەڵاتبوون، ورد دەبێتەوە. لە ناکاوا سیمای دەگۆڕێ، غەزەب دایدەگرێت، خۆی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ، بەدەم جنێو وسخێفانەوە، بە لەقە بەردەبێتە جەستە بێگیانەکان. تووڕەییەکەی گیرۆیە، سەگەکە

دەکەوێتە وەڕین، دەکەوێتە هەڵبەز و دابەز، بە گاز بەر دەبێتە پێڵاوی زەلامە مردووەکان. ئەنجام تووڕەییەکەی گالیلو دەڕەوێتەوە، هێور دەبێتەوە، بە پێ خشکێ بۆ کوختەکە دەگەڕێتەوە. مریشکەکان بە نیگەرانی وترسەوە، بەدەم باڵەفرکێوە هێرشی بۆ دێنن، دەستی هەڵدەبڕێ تا سەر و چاوی خۆی لە پەلاماری مریشکەکان بپارێزێ. جورما لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستاوە: سەراپای دەلەرزێ، مانتۆکەی دڕاوە، دەمی داچەقیوە، چاوانی تەژی ڕوندک، قژی پەخش و پەرێشانە. حایر وحەپەساو دەڕوانێتە ئەو پەشێویەی دەوروبەری خۆی، لە تۆ وایە نازانێ چ شتێک لە ماڵەکەیدا ڕوویداوە. کە چاوی بە گال دەکەوێ بە هەشتاو بەرەو پیری دەڕوات و باوەشی پێدا دەکات و بە پچڕپچڕی هەندێ شت دەڵێت کە گال لێی حاڵی نابێت. لێ گال حایرو حەپەساو وەستاوە، مێشکی کارناکات.

هەست بە ژنەی تاین دەکات کە خۆی پێوە چەسپاندووە. بە ترس و لەرزەوە دەڕوانێتە ئەم بەدەنەی کە باوەشی بە بەدەنیا کردووە. دەڕوانێتە ئەو گەردنەی کە بە بەرچاویەوە پل دەدات. بۆنی ئەوی بە سەردا دێت، بیرێکی گونگی بە زەینا دێت: ئەمە بۆنی ژنە.

لاجانگەکانی لێدەدا، بە هەوڵ وتەقەلایەکی زۆر بازووی بەرزدەکاتەوە و دەیخاتە سەر شانی جورما. دەمانچەکەی کە هێشتا بە دەستیەوەیە، دادەنا و، قامکەکانی دەخاتە قژە ئاڵۆزکاو و پەریشانەکەی. بە گوێی جورما دا دەچپێنێ: " دەیانویست من بکوژن. نها چ مەترسییەک لە ئارادا نییە. ئەوەی مەبەستیان بوو بردیان." ژنەی تاین بەرەبەرە هێور دەبێتەوە، هەنسک وهانکەهانکەکەی دەڕەوێتەوەو بەدەنی لە لەرزین دەکەوێ، دەستی لە بەرۆکی گال بەردەدا، بەڵام گال هێشتا جورمای بە خۆوە گوشیوە و نەوازشی قژەکەی دەکات. کە جورما دەیەوێ لێی هاوێر بێت، نایەڵێت. بە ئەسپایی، خێرا خێرا چاوەکانی دەتروکێنێ و بە ئینگلیزی پێی دەڵێت: " مەترسە، تەواو ئیدی ڕۆیشتن، ڕۆیشتن " شتێکی تازە، گۆنگ، خێرا، بە سیمایەوە دەرکەوت، شتێک کە سات بە سات زیاد دەکات، شتێک کە بە خۆیشی نازانێ چییە، لێوەکانی لە مل و گەردنی جورماوە نزیکن. ژنە بە توندی دەکشێتە دواوە و لەو کاتەدا بەدەست سینگ ومەمکی دادەپۆشێ. نها هەوڵدەدات خۆی لە چنگی گال دەرباز بکات، لێ گال بەری نادات. لەو کاتەدا کە توند بە خۆوەی دەچەسپاند، هەمان ڕستە دووبارە دەکاتەوە کە ژنەی تاین تێی نەدەگەیی: "مەترسە... مەترسە."

جورما، بە مست بەردەبێتە سەر وگوێلاکی وبە چنگ سەر وچاوی دەڕنێ و ئەنجام دەکارێ خۆی دەرباز بکات و هەڵێت، لێ گالیلو لە نێو ژوورەکەدا بە غار دووی دەکەوێ، دەیگاتێ ودەیگرێت. پێی لە جانتا زەلامە کۆنەکە هەڵدەکەوێ وهەر دووکیان پێکەوە دەکەونە سەر ئەرزەکە. جورما، دەکەوێتە لەقە وەشاندن و بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە دەیەوێ خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام هاوار ناکات. تاقە دەنگێک کە دێتە گوێ، هەناسە بڕکێی ئەوان و قریشکەی مریشکەکان و حەپەی سەگەکە و زرینگانەوەی زەنگوڵەی ملی پەزەکانە. هەتاو لە نێو هەورە مسینەکانەوە هەڵدێت.

***

هەر بە زکماک هەر دوو لاقی زۆر کورت و سەری زۆر زەلام بوو، بۆیە هەموو خەڵکی "ناتوبا " پێیان وابوو هەم بۆ خۆی وهەم بۆ داک وبابی چاتر وابوو مەسیحی موبارەک بۆ خۆی بیباتەوە. چونکە ئەگەر بماباش، گۆج و بیرکۆڵ دەردەچوو، بەڵام تەنیا گۆج دەرچوو. ئیدی وێرای ئەوەی بچووکترین کوڕی (سلستینو پاردیناس) ی مەیتەر ودەلاڵی ئەسپان، ئیفلیج بوو و نەیدەتوانی وەکو هەموو خەڵکی دی بە پێیان بڕوات، بەڵام یەجگار زیرەک

بوو، ئەقڵ وزەینێکی یەجگار ڕۆشنی هەبوو، حەزیدەکرد فێری هەموو شتێک ببێت، هەرشتێک بچووبایە ئەو کەللە زەلامەیەوە، کە مایەی پێکەنینی خەڵکی بوو، بۆ هەمیشە لە هزریا دەمایەوەو دەچەسپی، هەموو شتێکی نائاسایی بوو. هەرچەندە لە ماڵباتێکی ئاسایی وساغ وسەلامەتی وەکو بنەماڵەی پاردیناس لە دایک بووبوو، بەڵام نوقسان دەرچووبوو. هەرچەندە منداڵێکی لاواز وکۆمیدی بوو، بەڵام تووشی نەخۆشی بوو ونەمردیش، لە جیاتی وەکو هەموو بەشەران بە دوو پێیان بڕوات، بە چوار چنگۆڵە ڕێی دەکرد. سەری بە ڕادەیەک گەورە بوو، کە خەڵکی پێیان سەیر بوو، ئەو جەستە لاواز و وردیلەیە تەحەمووڵی ئەو سەرە زەلامە دەکات. ئەوەی بووە مایەی واتەواتی خەڵکی ناتوبا کە لە بەینی خۆدا بڵێن ئەم منداڵە لە پشتی یارۆی مەیتەرو ئەسپەوانەکەی لە مەڕ خۆیان نییە ولە شەیتان بووە، ئەمە بوو کە هەر لە خۆیەوە، بێئەوەی چ کەسێک حەرفێکی فێر بکات، فێری خوێندن ونووسین بووبوو.

نە سلستینو ونە دونا گودنسیا، ئەو زەحمەتەیان بە خۆ نەدابوو کە بیبەن بۆ لای "دون ئەسینیو" کە دەرسی پورتوگالی وکەمێک لاتینی وشتانێکی پچرپچڕی لە سەر مەزەب وئاین دەگوتەوە، وادیار بوو لە دڵی خۆدا، وایان دانابوو، ئەمە کارێکی بێهودەیە و منداڵەکەیان فێری هیچ نابێت. ڕێکەوت وابوو ڕۆژێ پۆستەبەرێکی سوارە هاتە شار و بەیاننامەیەکی فەرمی دەوڵەتی لە مەیدانی شارا، بە تەختەی ئیعلاناتەکەوە هەڵواسی و بە بیانووی ئەوەوە کە دەبوا تا ئێوارێ ئەم بەیاننامە وداخۆیانە بگەیەنێتە دە شوێنی دی، بەیاننامەکەی بۆ خەڵکەکە نەخوێندەوە. خەڵکەکە کەوتنە هەوڵی ئەوەی چۆن سەر لەم نووسینە هیروگلۆفیە دەربکەن وبزانن چی دەڵێت؛ لە کاتێکا سەرقاڵی ئەمە بوون، لە ژێر دەست و پێیانەوە گوێیان لە دەنگی نزمی " شێر " بوو: " نووسراوە کە نەخۆشیەکی گیرۆی ئاژەڵان بڵاوبووەتەوە، دەبێ تەویلە وئاغەڵەکان عەنزەروت پژێن بکرێن، گوفەکەکان بسووتێنرێن وئاو و شیر دەبێ بکوڵێنرێ ئەوسا بخورێتەوە. " دون سینیو سەلماندی کە بەیاننامەکە هەمان شتی نووسیوە. وەختایەک خەڵکەکە دەوریان دا و زۆریان لێکرد تا پێیان بێژێت کە لە کێوە فێری خوێندن وخوێندنەوە بووە، شێرۆ شتێکی گێڕایەوە کە زۆربەیان باوەڕیان پێ نەدەکرد: لە تەمەشا کردنی ئەو کەسانەوە فێر بوو، کە خوێندەواریان هەیە – لە پیاوانی وەکو دون ئەسینیو، " فلیسبلو "ی سکرتێر و "دون ئەبیلا ردو"ی پەرستارو " زوزیمو "ی تەنەکەچی. هیچ یەکێک لەوانە تاقە وانەیەکیان پێ نەگوتبووەوە، حەرفێکیان فێر نەکردبوو. بەڵام هەر چواریان ئەوەیان دەگێڕایەوە کە زۆرجار، وەختایەک نامەیەکیان بۆ کەسێک خوێندووەتەوە یان نامەیەکیان بۆ کەسێک نووسیوە، " شێرۆ " یان بەو قژە زۆرەوە لە لای خۆ دیتووە کە بە چاوە کونجکاوەکانیەوە تەمەشای کردوون. بەهەرحاڵ " شێرۆ " فێری خوێندەواری بووبوو، لەوە بە دواوە، زۆرجار، لە وەخت وناوەختا لە ژێر دار یاسەمەنە وەنەوشەییەکانی ناتوبادا دەبینرا، خۆی دانەواندوەتەوەو ڕۆژنامە، کتێبی وێرد وسەڵاوات، کتێبی بنەماکانی نوێژ وهەر نووسراوێکی دیکەی بەردەست بکەوتبایە، دەخوێندەوە. ئیدی لە پەڕی قاز پەڕە موچێکی دروستکرد، لە گیا و ڕووەکان مەرەکەبی دروستکرد و بە حەرفی درشت جەژننامەی لە دایکبوون، مردن  و پرسەنامە وداوەتنامەی زەماوەند وهەر شتێکی دی کە خەڵکی ناتوبا داوایان لێکردبا بۆ خەڵکی شارەکانی تریان ناردبا، بۆی دەنووسین، پۆستەبەر هەفتەی جارێک بە سواری ئەسپەکەی دەهات، کۆی دەکردنەوەو دەیبردن. هەروەها ( شێرۆ ) ئەو نامانەی بۆ خەڵکی گوندەکە دەخوێندەوە کە لە شوێنی دیکەوە بۆیان دەهات. ئیدی " شێرۆ " بووبوو بە نووسەر وخوێنەری خەڵکی و وەختەکەی بەو جۆرە دەبردە سەر، هەڵبەتە داوای هەقدەست و سەرە قەڵەمانەی لە کەس نەدەکرد، بە خۆڕایی ئەو خزمەتەی خەڵکی دەکرد، ئەگەرچی جارو بار دیاری و سەوقاتی وەردەگرت. ناوی ڕاستەقینەی " فلیسیو " بوو. بەڵام بە گوێرەی دابی ئەو دەڤەرە، هەرکە نازناوێ دا

دەکەوت وجێگیر دەبوو، ئیدی ناوە فەرمیەکە فەرامۆش دەکرا ونازناوەکە جێگەی دەگرتەوە. خەڵکی، پێدەچوو هەر بۆ خۆشی بێ بە "شێر، شێرۆ " بانگیان دەکرد، زیاتر بۆیە ئەو نازناوەیان لێنابوو، کە سەر وکەللە وقژەکەی لە هی شێر دەچوو. ئیدی بەرەبەرە، وەکو ئەوەی بویسترێ سوعبەت و شۆخیەکەی خەڵکی دروست دەربچێ، قژێکی زۆر بە سەر سەریەوە کەڵەکە بوو، بە سەر و گوێ و لاملیا شۆڕ بووەوە، کە کوڕە دەجوڵایەوە قژەکەی بەم لا و بەولادا دەلەرییەوە. لەوەشە ئەم ناوەیان بەهۆی ڕێکردنەکەیەوە لێنابووبێ کە بە چوار چنگوڵە وەکو حەیوان ڕێی دەکرد. (دەستکێش و پاتاوەی چەرمی لە دەست ولاقی دەکرد تا نەڕوشێن) هەرچەندە ڕێکردنەکەی بەو دوو لاقە کورت ودوو باسکە درێژەکەیەوە، کە زۆرجار بەدەم ڕێکردنەوە لە عاردی دەخشان، زیاتر لە ڕێ وڕۆیشتنی مەیموون دەچوو تا لە هی شێر وپڵنگی دڕندە. هەڵبەتە هەمیشە هەر بە چوار چنگوڵە ڕێی نەدەکرد، هەندێجاری کەم ڕاست دەبووەوە، چەند هەنگاوێک بەو لاقە کومیدیانەیەوە ڕێی دەکرد، هەڵبەتە هەر دوو جۆرە ڕێکردنەکە بۆ ئەو قورس وزەحمەت بوو. بەهۆی ئەو حاڵەیەوە، قەت پانتۆڵی لەبەر نەدەکرد. کراسی شۆڕی وەکو ماکسی ژنان یان جبەی مژدەبەران یان تۆبەکارانی مەسیحیانی لەبەر دەکرد.

هەرچەندە " شێرۆ " بە کار وباری نامە ونامەکاری خەڵکی شارۆچکەکەدا ڕادەگەیی، بەڵام هیچ کاتێک وەکو پێویست ڕوویان نەدەدایێ و بە تەواوەتی وەکو خۆیان قەبووڵیان نەدەکرد. لە کاتێکا داک وبابی خۆی نەیان دەتوانی ئەم شەرمەزاریە وەشێرن کە ئەم عەجباتیەیان هێناوەتە دنیایێ وجارێکیش هەوڵیان دابوو لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە، ئیدی گلەیی چی لە پیاوان و ژنانی ناتوبا بکرێ کە ئەم خەڵقەندەیەیان بە یەکێک لە خۆ نەدەزانی و وەکو پێویست ڕوویان نەدەدایێ؟

دەیان کەسی بنەماڵەی پاردیناس، لە خوشک وبراکانی خۆیان لێدەبوارد وخۆیان لێ بە خودان نەدەکرد. هەمووان دەیانزانی کە لە گەڵ ئەوانا و لە سەر یەک خوان نانی نەدەخوارد، بەڵکو بە تەنیا لە سەر قەفەزێکی دارین دادەنیشت، بۆیە نە میهری باوکانەو نە خۆشەویستی برایانەی بە خۆوە نەبینی (هەرچەندە، هەندێ خۆشەویستی ڕواڵەتی دیکەی بینی بوو.) نە دۆستایەتی بینی بوو، چونکە کوڕانی هاوسونحی خۆی لە هەوەڵێ ڕا لێی دەترسان و پاشان لە خۆیانیان دوور دەخستەوە. ئەگەر وێرابای و لێیان نزیک باوەو تەمەشای گەمە و یارییانی کردبا، بەردیان تێدەگرت وتفیان لێدەکرد ودەریان دەکرد. ئەویش خۆی لێدوور دەگرتن. هەر بە منداڵی، هەستی بەوە کرد، کە ئەوانی دی خۆیانی لێدەبوێرن، حەزی لێناکەن، دەری دەکەن، دەی بێزرێنن وزۆرجار ئەزیەتی دەدەن، بۆیە باشتر وابوو، لێیان نزیک نەبێتەوە و تێکەڵاویان نەبێت. هەر واشی دەکرد – بە لای کەمەوە تا ئەو بویەرەی کە لە ڕەخی جۆبارەکە ڕوویدا- خەڵکی دەیانبینی هەمیشە خۆی لە خەڵکەکە دوور دەگرت، تەنانەت لە ئاهەنگ وبۆنە و وەرزە بازاڕەکانیشدا، تێکەڵاوی کەس نەدەبوو. وەختایەک دەستەیەک مژدەبەران هاتن بۆ "ناتوبا " شێرۆ، وەکو پشیلەیەک لە سەر بانی کڵێسای "نوساسینیورا دی کونسیساو" دا هەڵکوڕماو گوێی لە وەعزەکانی وان دەگرت. بەڵام تەنانەت ئەم نەخشەیەی دوورە پەرێزییەش دادی نەداو ترس و دڵەڕاوکێیەکەی ئەوی نەڕەواندەوە. سێرکی قەرەجان، یەکێک بوو لە سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ترس ودڵە ڕاوکێیەکەی ئەو. ئەم سێرکە ساڵێ دوو چەلان بە ناتوبادا تێدەپەڕی، سێرکی چی، کاروانێک بوو لە ئاکرۆباتان، فاڵچیان، بەیت بێژ شایەران و لێبۆکان. لە یەکێک لەم سەفەرانەدا، کابرای خاوەن سێرک، داوای لە یارۆی مەیتەر و ئەسپەوان و دونا گودنیسیای هاوسەری کرد کە "ۆشێۆ"ی وێدەن تا بۆ شاگردی سێرکەکە، لە گەڵ خۆیدا بیبات. پێی گوتن: " ئەم سێرکەی من تاقە شوێنێکە کە ئەو تیایدا نابێتە مایەی سەرنجی کەس و دەتوانێ هەندێ کاری بە سوودیش بکات." داک و باب قاییل بوون، کابرای قەرەج کوڕەکەی لەگەڵ خۆیدا برد، بەڵام شێرۆ دوای

هەفتەیەک هەڵات و بۆ ناتوبا زڤڕییەوە. لەوە بە دواوە هەر جارێ سێرکی قەرەجەکان بۆ شار هاتبا، شێرۆ، گوم دەبوو، کەس نەیدەزانی لە کوێ خۆی دەشاردەوە.

لە هەموو شت زیاتر لە مەست وسەرخۆشان دەترسا، لەو شوان و گاوانانە دەترسا، کە دوای شەو ورۆژێک لە لەوەڕاندنی گاگەل و داغکردن و خەساندن و برینگەی پەزان، شەکەت و ماندوو لە ئەسپەکانیان دادەبەزین و بە هەشتاو خۆیان بە مەیخانەی دونا ئەفیپانیادا دەکرد وتا دەیانتوانی دەیانخواردەوە، کە لەوێندەر دەهاتنە دەرێ، قۆڵ لە قۆڵا، بە لارە لار و بە گۆرانی گوتنەوە، هەندێجار شاد و شەنگوڵ، هەندێجار تووڕە وشەڕانی، بە کوچە و کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوە تا ئەو بدۆزنەوەو پێی ڕابوێرن وخەمی خۆ بە بابدەن یان خەشی خۆ بە کەسێکی دی بڕێژن. ئیدی بەرەبەرە بە ڕادەیە گوێی سووک و هەستیار بوو کە لە دووری دوورەوە بە قاقا و پێکەنینەکانیاندا، بە سخێف وجنێوەکانیاندا، دەیناسینەوەو دەیزانی بۆ لای ئەو دێن. هەنگێ بە هەشتاو بەرەو ماڵ نشێو دەبووەوە، بە جۆرێ خۆی دەدایە پەنای دیوارەکان کە نەیبینن و هەستی پێنەکەن، خۆ ئەگەر لە ماڵی خۆیانەوە دوور بوایە، لە ژێر بنچک ودەوەناندا خۆی حەشار دەدا، یان لە سەر بانێکا خۆی مەڵاس دەدا تا ئەوان ڕەت دەبوون ولە شەڕیان دەخەلەسی. بەڵام هەموو کاتێ ئەم خۆ دزینەوەیە سەری نەدەگرت.

هەندێجار بە فێڵێک، بۆ نموونە یەکێکیان بۆ لا دەنارد، کە فڵان یان فیسار کەس دەیەوێ عەرز وحاڵێکی بۆ قازی شار بۆ بنووسێت، بەو فێڵە دەیانخستە داوەوە. هەنگێ بە سەعاتان ئازاریان دەدا، ڕووتیان دەکردەوە، جلەکانیان لە بەری دادەکەند تا بزانن ئاخۆ گەلۆگونی هەیە یان نا، ئەگەر هەیەتی ئاخۆ وەکو جەستەی خوارو خێچ وناهەموارە یان نا. یان سواری ئەسپیان دەکرد، یان هەوڵیان دەدا دەگەڵ بزنێکا جووتی بکەن تا بزانن ئەم جووت بوونە چی لێدەکەوێتەوە.

ئیدی کەس وکارەکەی سلیستینو پاردیناس، زیاتر لە ڕووی غیرەتەوە تا خۆشەویستی، کە دەیان بیست شتێکی واهی ڕووی داوە، دەهاتنە مەیدان وهەڕەشەیان لەو خەڵکە موزیرانە دەکرد کە بە ناوی شۆخییەوە ئەو کارانەیان لە گەڵدا دەکرد. جارێکیان برا گەورەکانی نووسەر بە چەقۆ و بێڵەوە هاتبوون تا لە دەست خەڵکانێکی بەد مەستی خەڵکی شار ڕزگاری بکەن، ئەو بەد مەستانە شیلەی شەکریان پێدا کردبوو، بە سەر زبڵدانێکا غلیان کردبووەوە و ئیدی پەتێکیان لە ملی کردبوو و وەکو حەیوانێکی نادیار بە ڕێگە و بانەکاندا ڕایانکێشابوو. ئیدی خزم و خوێش، بە هۆی ئەم کەسەیانەوە، هێندەیان لەو بویەرانە بەسەر هاتبوو، کە تەواو وەڕەز بووبوون، شێرۆ لە هەمووان زیاتر بەمەی دەزانی، بۆیە قەت سکاڵای لەو کەسانە نەدەکرد کە ئەزیەتیان دەدا.

ئیدی ڕۆژ ورۆژگاری بچووکترین کوڕی سلیستینو پاردیناس، ئەو ڕۆژە لە ڕەش ڕەشتر بوو کە " ئالمودیا " کیژە چکۆلە و تاقانەکەی "زوزیمو " ی تەنەکەچی نەخۆش کەوت و تایەکی توندی لێهات و یەکسەر دەرشایەوە. لە کۆی شەش منداڵ تەنیا ئەم کیژەی بۆ مابوو، ئەوانی دی هەموویان لە بار چووبوون، یان بە چەند ڕۆژێک پاش لە دایکبوون مردبوون. ئیدی دەوا و دەرمان ودوعا ونوشتەی "دون ئابلاردو"ش وەکو دوعا ونزاو پاڕانەوەکانی داک وبابی کیژێ هیچ دادێکیان نەدا. ئیدی کابرای پەرستار، زۆر خاکیانە ڕایگەیاند کە ئەم کیژە بە چاوەوە بووە و تا یارۆی چاو پیس نەدۆزرێتەوەو نادیار بێ، هیچ دەرمانێک دادی ناداو چاکی ناکاتەوە. ئیدی زوزیمو و ئەفراسیای هاوسەری، نائومێد و داماو بە سەدەمی ئەو چارەنووسە تاڵەوە کە هەڕەشەی لە کیژە تاقانەکەیان، ڕۆشنایی ژیانیان دەکرد، عەودالی بچووکترین زانیاری وهەواڵ سەریان بە یەک بە یەکی کوختە و ماڵەکانی ناتوبادا دەکرد. . بەو جۆرە لە زمانی سێ کەسەوە بیستیان کە کیژێ لە کەناری ئەو جۆبارەی

که بۆ موڵک ومەزراکەی (میراندولا) دەڕوات، لە گەڵ شێرۆ دا بینراوە. کیژێ کە کەوتبووە حاڵی وڕاوەوە، لە وەڵامی داک و بابیا دانی بەوەدا نابوو کە ئەو ڕۆژە بەیانیەکەی وەختایەک بۆ ماڵی عەڕابەکەی خۆی (دون نوتیلو) چووە، لە کەناری جۆبارەکەدا (شێرۆ)ی دیتووە و داوای لێکردووە ڕێگەی بدات ئەو شیعر وئاوازەی بۆ بخوێنێ کە بۆ ئەمی دانابوو. ئیدی بەرلەوەی کیژێ فریای ڕەڤین بکەوێ، ئەو کارەی کردبوو. ئەمە یەکەمجار بوو کە شێرۆ قسەی دەگەڵ کیژێ کردبوو، هەرچەندە ئالمودیا پێشتریش بە ڕێکەوت دیتبووی.

ئالمودا جار بە جار کە بە ناو شارا دەگەڕا، دوور و نزیک شێرۆی دەبینی، بە ڕەفتاری کوڕەدا هەستی کردبوو کە دەیەوێ شتێکی پێ بڵێت.

زوزیمو، دەستی دایە تاپڕەکەی ودەگەڵ برازاکانی ومێردی خوشکەکانی و هاوڕێکانیا کە هەموو چەکدار بوون و لە دوایەوە ڕێیان دەکرد بۆ ماڵی پاردیناس چوو، شێرۆی لە سووچێکا بە گیر هێنا ولوولەی تاپڕەکەی نایە بەینی هەر دوو چاویەوە، داوای لێکرد کە دووبارە هەمان شیعر بخوێنێ تا دون ئابلاردو بتوانێ جنەکە لە گیانی کچەکەی دەربکات. شێرۆ، حایر وحەپەساو، زمان بەستراو، چاو ئەبڵەق، لەو ڕامابوو وتەواو پەشۆکابوو. یارۆی تەنەکەچی چەند جارێک لێی دووپات کردەوە کە ئەگەر تەڵیسمی ئەو جادووەیان بۆ ئاشکرا نەکات، مێشکی دەپژێنێ، لوولەی تاپڕەکەی تێکرد. چاوە زیتەکانی شێرۆ بۆ چەند چرکەیەک لە ترسا ئەبڵەق بوون. ئەوسا بە دەنگە نزمە زیقاوڵەکەی گوتی: " ئەگەر من بکوژی، کەس بە سرِی جادووەکە نازانێ و ئالمودا دەمرێت. " هەنگێ بێدەنگیەکی تەواو باڵی بە سەردا کێشان. زوزیمو، دەس دەس ئارەقەی دەکردەوە. خزم و کەسەکانی بە تفەنگەوە دەوری " سلستینو پاردیناس" و کوڕەکانیان گرتبوو.

لە ناکاوا گوێیان لە دەنگە زیقنەکەی شێرۆ بوو کە دەیگوت: " ئەگەر شتەکەتان پێ بڵێم، وازم لێدێنن؟ " زوزیمو سەری ئەرێی بۆ لەقاند. هەنگێ شێرۆ بە دەنگێکی نزمی پچڕپچڕی وەکو دەنگی هەرزەکاران دەستی بە گۆرانی گوتن کرد. ئیدی بە شایەدی هەموو ئەوانەی لەوێ حازر بوون و ئەوانەشی لەوێ نەبوون و سوێندیان دەخوارد کە لە خەڵکی دیکەیان بیستووە، کە گۆرانیەکە گۆرانییەکی دڵداری بووەو ناوی ئالمودیای تیا براوە. شێرۆ کە لە گۆرانیەکە بووەوە، چاوانی تەژی شەرمەزاری ونیگەرانی بوون. لە بن لێوانەوە گوتی: "دەی ئیدی ئازادم بکەن، وازم لێبێنن."

یارۆی تەنەکەچی، بە خەمینییەوە گوتی: " وەختێک وازت لێدێنم کە کیژەکەم چاک ببێتەوە. ئەگەر چاک نەبێتەوە لە سەر گۆڕەکەی ئەو دەتسووتێنم. بە سەری خۆم ئاگرت تێبەردەدەم. " ئەوسا ئاوڕێکی دایەوەو چاوێکی بە ماڵباتی پاردیناس دا – باب و داک و برایەکاندا گێڕا – کە لە ژێر هەڕەشەی تفەنگا، لە جێی خۆ وشک بووبوون، ئەوسا بە ڕاوێژێکی بنجبڕ گوتی: "ئاگرت تێبەردەدەم، تەنانەت ئەگەر ئەم کارەی من ببێتە مایەی ئەوەی هەر دوو بنەماڵەی من و تۆ، تا هەزار ساڵ هەر لە یەکدی بکوژن، دەتسووتێنم."

ئالمودیا، هەمان شەو، دوای ئەوەی خوێنی هەڵێنا، مرد. خەڵکی شار لەو باوەڕەدا بوون کە زوزیمو گریە و زاری دەکات، قژی خۆی دەڕنێتەوە، کوفری خودا وپێغەمبەر دەکات ونەفرەت لە هەموو دنیا دەکات، یان دەڕوات، هێندە عارەق دەخواتەوە تا ئاگای لە عەمری دنیا نامێنێت. بەڵام نە ئەمیانی کرد ونە ئاویان. ڕەفتاری شێتانە و بێ پەروایانەی چەند ڕۆژ لەمەبەری، گۆڕا بۆ ڕەفتارێکی سەنگین وئارام، لە هەمان کاتدا بیری لە ناشتنی جەنازەی کچەکەی و هەم لە چۆنیتەتی سووتاندنی ئەو جادووگەرە دەکردەوە کە جادوو وسیحری لە کیژەکەی کردبوو. زوزیمو، پێش ئەم بویەرە، نە پیاوێکی خوێڕی و نامەرد بوو، نە شەڕانی و موزیڕ، بەڵکو پیاوێک بوو

میهرەبان و یار ویاوەری دەر ودراوسێ. بۆیە هەموو خەڵکی بۆی بە پەرۆش بوون ونەهەقیان نەدەگرت کە یارۆی جادووگەر بسووتێنێ، بگرە هەندێک هەبوون، بۆ ئەو کارەیان دەنە دەدا.

زوزیمو، داوای کرد دیرەکێکی بۆ بێنن، لە نزیکی قەبری کیژەکەی دایکوتی، دنیایەک چیلکە و چەوێڵ و هەژگ و بژاڵ و ئێزنگی کەڵەکە کرد. ماڵباتی پارادیناس لە ماڵی خۆیاندا حەپس بوون. شیرۆ بە دەست و لاق بەستراوی لە ئاغەڵەکەی ماڵی زوزیمو کەوتبوو. شەوی لەوێندەر بە دەم شین وشەپۆڕ وگریە و زاری ولاواندنەوەی کەس و کاری مردووەکەوە، بە سەر برد. بەیانی زوو هەڵیان گرت ونایانە ناو عەرەبانەیەکەوە کە دوو گوێدرێژ ڕایاندەکێشا، کە دووراودوور لە دوای ماتەمبارەکانەوە دەڕۆیی. کە گەییە گۆڕستانەکە و لەو کاتانەدا کە بەدەم ویرد وسەلاواتەوە جەنازەکەیان دەناشت، دووان لە برازاکانی یارۆی تەنەکەچی، بە ئەمری زوزیمو، شێرۆیان بە دیرەکەکەوە بەست، چڵ وچێوێکی زۆریان لە دەوری کەڵەکە کرد تا ئاگری تێبەردەن و بیسووتێنن. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شار لەوێندەر خڕبووبوونەوە تا بە چاوی خۆ جۆری سووتاندنەکەی بدینن. ڕێک لەو دەمەدا، یارۆی وەلی، پیاوی خودا پەیدا بوو، دیار بوو شەوێ یان ئەو بەیانییە گەیی بووە ناتوبا، و هەڵبەتە کەسێک لەو بویەر و ماجەرایەی ئاگادار کردبووەوە. دیارە ئەم جۆرە حاڵەتە بۆ خەڵکی ناتوبا زۆر ئاسایی بوو، چونکە ئەم خەڵکە ئاسانتر باوەڕیان بە شتێن میتافیزیکی دەکرد تا بە شتی لۆژیکی و ئاسایی. پاشان دەیانگوت کە هێزی ئایندەخوانی ئەو یان عیسا مەسیحی موبارەک، ئەو وموریدەکانی بۆ ئەم دەڤەرە دوورە دەست و بیابانە پەرتەی باهیا ناردبوو، تا لەم ساتە هەستیارەدا، ڕێگە لە هەڵەیەک بگرێ، ڕێگە لە ئەنجامدانی تاوانێک بگرێت، یان بۆ سەلماندنی توانا و دەسەلاتەکانی ناردبووی. ئەمجارەیان وەکو جاری یەکەم کە لە ناتوبادا وەعزی خوێندبوو بە تەنیا نەهاتبوو، هەروەها وەکو جاری دواتریش تەنیا بە دوو یاوەر یان سێ زیارەتکارەوە نەهاتبوو کە وێڕای وەعزخوانی، کلێسا بچووکە چۆڵەکەی یەسوعییانی مەیدانی شارەکەی نۆژەن و ئاوەدان کردبووەوە. ئەمجارەیان نزیکەی سی کەسی لە گەڵدا بوو، ئەوانەی بە دوایەوە بوون وەکو خۆی باریک و بنێس و شڕۆڵە بوون، بەڵام چاویان گەش، پرشنگی شادییان لێدەبووەوە. لە کاتێکا ئەوانە دوای کەوتبوون، دڕی بە خەڵکەکە دا و ڕێک لەو کاتەدا کە خەریک بوون بە خاکەناز گۆڕەکەیان پڕدەکردەوە گەییە دیار گۆڕەکە.

کابرای جبە ئەرخەوانی ئاوڕی لای زوزیموی دایەوە کە بە چاوانی خەمبارەوە دەیڕوانیە ئەو خاکە تازەیەی کە گۆڕەکەی پێ پڕدەکرایەوە. بە ڕاوێژێکی دۆستانە، بەڵام نەک میهرەبان لێی پرسی: " کیژەکەت بە باشترین جلکەوەو لە تابووتێکی قوت وقایمدا بە خاک سپاردووە؟"

زوزیمو، بە ئاستەم سەرێکی بۆ لەقاند. مورشید ( وەلی، پیاوی خوا ) گوتی: " ئێمە نوێژ بۆ خوا دەکەین تا بە شادییەوە لە بەهەشتی بەرینا پێشوازی بکات." هەنگێ ئەو وموریدو و تۆبەکارەکان و زیارەتکارەکان دەستیان بە دوعاخوانی و وێرد و سەلاوات، بە دیار قەبرەکەوە، کرد. دوای ئەو ڕێ ورەسمە وەلی وپیاوچاکەکە (مورشید ) ئاماژەی بۆ ئەو دیرەکە کرد کە شیرۆی پێوە بەسترابوو. پرسی: " براله، بەتەمای چی لەم کوڕە بکەی؟ "

زوزیمو، بەرسڤی دایەوە: "دەمەوێ بیسووتێنم " . ئەوسا لە جەرگەی بێدەنگیەکدا کە دەتگوت دەنگدەداتەوە، سەدەم وهۆی ئەو کارەی خۆی ڕوونکردەوە. مورشید، بێئەوەی چاوبتروکێنێ، سەری دەلەقاند. ئەوسا ڕوویکردە شێرۆ کە بە دیرەکەکەوە بەسترابوو، دانەوییەوە، سەری لە پەنا گوێی نا ولە بن لێوانەوە شتێکی بە گوێیدا دا وئەوسا گویی لە زاری شێرۆ نزیک کردەوە تا گوێی لێبێ کە چ دەڵێت. بەوجۆرە مورشیدو ئەو گفت وگۆیەکی نهێنیان کرد. کەس لە جێی خۆی نەجولا، هەموو چاوەڕوانی بویەرێکی نائاسایی بوون.

به ڕاستی ئەو بویەرەی کە ڕوویدا، زۆر لەوە سەیرتر بوو کە پیاوێک بدینی بە سەر کوورەیەکی ئاگرەوە ببرژێت. وەختایەک ئەو دووانە لە چپەدوو بوونەوە، مورشید بە هەمان ئارامی وویقاری هەمیشەییەوەو بێئەوەی لە جێگەی خۆی بجولێت، گوتی: " ئادەی، وەرە دەست ولاقی بکەوە. " یارۆی تەنەکەچی چاوی هەڵبڕی و بە سەرسامی تەمەشای کرد. کابرای جبە ئەرخەوانی، بە دەنگێکی نەوی و قووڵ کە خەڵکەکەی هێنایە لەرزە گوتی: " دەبێ بە خۆت پەتەکەی لێبکەیەوە. " جارێکی دی بە دەنگێکی بەرز، وەکو ئەوەی سەری لەم گەوجاتیە سوڕما بێ، گوتی: " باشە تۆ دەتەوێ کیژەکەت بچێتە دۆزەخ؟ باشە گڕ وکڵپەی ئاگری ئەوێندەر زۆر بە بڵێسەتر و بەردەوام تر نییە لەوەی کە تۆ بە تەمای لەم کورەی بەر بدەی؟ " ئەوسا لە سەری ڕۆیی: " تۆ بەشەرێکی کە سەراپات نقومی خورافاتە، خوانەناسی، گوناحکار و هەڵەیت، تۆبە بکە. وەرە دەست و لاقی بکەوە. داوای بوردنی لێبکە، لە خوا بپاڕێوە کە کیژەکەت بۆ مەملەکەتی شەیتان نەنێرێت، با بە سەدەمی ڕکونی وکەم باوەڕی تۆ بە خوا، نەچێتە دۆزەخ. " مورشید و پیاوی خودا لەوێندەر وەستابوو، کەوتە سەرکۆنە کردنی یارۆی تەنەکەچی، بەوە دەیترساند کە بە سەدەمی هەڵەی گەورەی ئەوەوە "ئالمودیا "ی کیژی دەچێتە دۆزەخ، تا سەرەنجام هەموو خەڵکی شار دیتیان زوزیمو لە جیاتی ئەوەی بەر گوللەی بدات یان بە کێرد دای بدورێ، یان ئەو و شێرۆ ئاگر بدات، بە گوێی مورشیدی کرد، کەوتە سەر چۆکان، دەستی بە گریان کرد، لە خوا و لە مەسیحی موبارەک ولە مریەمی پاکیزە و هەموو وەلیان و چاکان پاڕایەوە کە روحی پاکی ئالمودیا بپارێزێ ونەکەوێتە دۆزەخ.

وەختایەک مورشید، پاش ئەوەی دوو هەفتە لە شاردا مایەوە، ئەو مودەتەی بە نوێژ ونزاو وەعزدان و دڵدانەوەی نەخۆشان و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی بەسەر برد، هەنگێ بەرەو موکامبو کەوتەڕێ، لەو ماوە کەمەدا ناتوبا بوو بە خاوەن گۆڕستانێکی بە حەسار و دیواری خشت و لە سەر هەر گۆڕێک خاچێکی تازەیان چەقاندبوو. ئیدی مورِیدێکی تازە هاتبووە سەر موریدەکانی مورشید، بوونەوەرێکی بچووک، نیمچە حەیوان و نیمچە ئینسان، کە دار ودەستەی زیارەتکار وحاجیان  بە نێو گوندەکان دەکەوتن، ئەویش شانبەشانی باوەڕدارانی شڕپۆش بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیی، لە تۆ وایە ئەسپ، یا بزن، یان قاتر وبارەبەرە.

***

ئایا بیری دەکردەوە، ئایا خەونی دەبینی؟ لە دەوروبەری "کیمداس"ە، کات ڕۆژە، لە سەر دیدەیەک و جۆلانە تۆڕییەکەی روڤینو پاڵکەوتووە. بیری زۆر پەشێوە. زنجیرەی ئەو واریقاتانەی کە ئەم سپێدەیە پێشهاتبوو، باری ژیانیان قورس کردبوو، بە سەریا زاڵ بووبوو، ئەو حیرەتەی پاش عەشقبازی وهاوبەخەڵییەکە بە سەریا زاڵ بووبوو، هێشتا و بەدەم خەو و بێداریەوە لە زەینیا دووبارە دەبووەوە.

بەڵێ سەبارەت بە کەسێک کە باوەڕی وابوو قەدەر وچارەنووس تا ڕادەیەکی زۆر لە کاژەڵەی سەردا نووسراوەو دەستی کارامە دەتوانێ هەستی پێبکات و چاوی تیژ دەتوانێ بیخوێنێتەوە، هۆکاری ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە بوو کە لە ناکاوا بۆی دەرکەوت ئەم قەدەر و چارەنووسە، پەراوێزێکی تیایە کە خەڵکانی دی دەتوانن بێ گوێدان بە ویست و توانای ئەو کەسە هەستی پێبکەن وپەی پێبەرن.

لە کەیەوە ڕاکشابوو؟ بە هەرحاڵ، ماندوویەتیەکەی ڕەوی بووەوە. ئایا ژنە گەنجەکە ڕۆیی بوو؟ یانی ڕۆیی بوو خەڵکانی بێنێتە سەر؟ خەڵکانێ بێنێ کە دەستگیری بکەن؟ بەدەم خەو وبێدارییەوە، لە بەر خۆیەوە دەیگوت: " نەخشەکانم لە کاتێکا کە خەریک بوو دەهاتە دی، بە با ڕۆیی. سەریەشە وئاریشە پێشوەختە خەبەرت ناداتێ."

هەستی کرد درۆ لە گەڵ خۆیدا دەکات، نیگەرانی وحەپەسانەکەی بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە "رۆڤینۆ"ی نەبینی بوو یان بە پەرجوو لە مردن ڕزگار بووبوو، یا ناچار بووبوو ئەو دوو پیاوە بکوژێت، یان ئەو چەکانەیان لێ دزی بوو کە قەرار بوو بۆ کانودوسی ببات. بەڵکو ئەو هەواو هەوەسە لە ناکاو وچەموشە لە کۆنترۆڵ و لە دامرکانەوە نەهاتگە بوو کە واداری کردبوو، دوای دە ساڵ دوورەپەرێزی لە ژنان، دەستدرێژی بکاتە سەر جورما.

پێشتر ولە گەنجیا حەزی لە زۆر ژن کردبوو، دۆستانێکی هەبوون- ژنانێ کە لە ڕای هەمان بەها وئایدیالی ئەودا دەخەبتین – کە ماوەیەکی کورت لە گەڵیا ژیابوون. لەو سەر و بەندەدا کە لە "بەرشەلونە " بووبوو دەگەڵ ژنێکی سەر بە چینی کرێکار دەژیا کە لە کاتی هێرشی سەر پایەگاکاندا حامیلە بوو، گال وەختایەک، کە لە ئەسپانیا هەڵاتبوو، بیستبووی کە شووی بە کابرایەکی سەڕاف کردووە. بەڵام، بە پێچەوانەی زانست یان شۆڕشەوە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنان لە ژیانیا پێگەیەکی گرنگیان نەبووە. سێکس بۆ ئەو وبە لای ئەوەوە وەکو خۆراک وابوو کە پێداویستیەکی بنەڕەتی دابین دەکرد و زۆر زوو لێی تێر دەبوو.

پەنهانترین قەراری ژیانی، قەرارێک بوو دە ساڵ یان یازدە ساڵ لەوە پێش دابووی؟ بەروارەکان لە مێشکیا سەمایان دەکرد، خوار و ژووریان دەکرد، بەڵام شوێنەکان نا: روما.

دوای هەڵاتنی لە بەرشەلونە، لەوێ، لە ماڵی دەرمانسازێک گیرسابووەوە، ئەم هاوڕێیە بابەتی بۆ ڕۆژنامە نهێنی یە ئەنارشیستەکان دەنووسی و چەندین جار کەوتبووە زندان. گال، زۆر وێنەی زیندووی ئەوێی لە هزرا مابوو. لە هەوەڵێ ڕا هەندێ گومانی لا پەیدا بووبوو، لێ پاشان دڵنیا بووبوو: ئەو هاوڕێیە کە گال لە ماڵ نەدەبوو، ئەو لەشفرۆش و سۆزانیانەی، کە لە دەوروبەری کولوسیوم دەسوڕانەوە، بۆ ماڵەوە دەبردەوەو پارەی دەدانێ تا بیڵن شەلاقکاریان بکات (کولوسیوم: ناوچەیەکی گەشتیاری نزیکی رومایە). مەگەر هەر خوا بزانێ ئەو داماوە، ئەو شەوەی کە گالیلیو سەرزەنشتی کرد چەند گریاوە! پاشان دانی بەوەدا نا کە ناتوانێ لەزەت لە هیچ ژنێ ببینێ تا ئازاری نەدات. تا چاوی بە جەستەی شینەوە بووی ژنان نەکەوتبا نەی دەتوانی سێکسی لە گەڵدا بکات. وای هەست دەکرد لە نێوان خەو وبێداریدا دووبارە گوێی لە دەنگی یارۆی دەرمانسازە کە داوای کۆمەکی لێدەکات. لە نێو خەو وبێداریدا، وەکو ئەو شەوە، دەستی بە کاژەڵەیدا هێنا، زەقابیەکی بازنەیی لە ناوچەی سۆزی نزمی حەیوانی بەردەست کەوت، گەرمیەکی نائاسایی لە تەوقی سەریا کەشفکرد، ڕێک لەو شوێنەدا کە " سپورتس هایم " شوێنی ئەندامی سێکسی دیاری کردبوو، جۆرێ خواری لە چاڵەکەی پشتە ملیا، لەو شوێنەدا کە غەریزەی وێرانکەر خۆی تیا مەڵاس داوە، کەشفکرد. لەو ساتەدا ودووبارە ولە ناکاوا فەزای گەرمی ئەو ژوورە دەوری گرت کە " ماریا نوکوبی " بۆ لێکۆڵینەوە تەرخانی کردبوو، دووبارە ئەو نموونەیەی بیر کەوتبووەوە کە هەمیشە دووبارەی دەکردەوە، نموونەکەشی " جوبارد لجولی " بوو کە بە ئانقەست لە جنیف ئاگری دەکردەوە، کە کوبی، دوای ئەوەی سەر هاتبووە برین، معایەنەی کردبوو: " سەبارەت بەو پیاوە، ئەم جێگەی قەساوەتە بە ڕادەیەک گەورە بووبوو، وەکو وەرەمێکی گەورە، وەکو غودەیەکی گەورە لە سەر کاژەڵەی سەر، بە دەست هەستی پێدەکرا. " هەنگێ دەنگی خۆی هاتەوە گوێ، کە ڕێگەی چارەسەری بە دەرمانسازە ئەنارشیستەکە دەگوت.

" هاوڕێ، ئەو شتەی کە پێویستە تۆ خۆتی لێڕزگار بکەی ڕق و ڕکونی و زەبر وزەنگ نییە، بەڵکو سێکسە." هەنگێ بۆی ڕوون کردبووەوە کە ئەگەر ئەوە بکات، ڕێگەی سێکسی لێدەبەسترێ و ئەوسا توانا وێرانگەرییەکەی، کە لە تەبیعەتیدایە، ڕوو دەکاتە ئامانجێن ئەخلاقی وجڤاکی وبەمجۆرە توانای خەبات و تێکۆشانی لە ڕای ئازادی

و ڕیشەکێش کردنی هەر جۆرە چەوسانەوەیەک لە دنیادا، چەندین هێندە زیاد دەکات. هەنگێ بێئەوەی دەنگی بلەرزێ یان چاوی بتروکێ ئەم پێشنیازە برایانەی بۆ دووپات کردەوە: " وەرە با پێکەوە ئەم کارە بکەین. منیش هەمان قەرار دەدەم و دەستبەرداری سێکس دەبم، تا بۆتی بسەلمێنم کە ئەم کارە دەکرێ، مەحاڵ نییە. هاوڕێ وەرە با سوێند بۆ یەکدی بخۆین کە لە ئێستا بە دواوە نەچین بەلای ژندا." ئایا یارۆی دەرمانساز بەڵێنەکەی خۆی بردبووە سەر؟ سیما خەمناک و دەنگە شپرزەکەی ئەو شەوەی ئەوی بیرکەوتەوە. ئیدی، بەدەم خەو و بێدارییەوە، دەبیرەوە چوو: " پیاوێکی بودەڵە بوو. " تیشکی هەتاو لە پێڵوە داخراوەکانیەوە ڕەت بوو و بیلبیلەی چاوەکانی کزاندەوە.

بەڵام ئەو پیاوێکی بودەڵە وبێ بەڵێن نەبوو. توانی بووی تا ئەم بەیانیەش پابەندی بەڵێنەکەی خۆی بێ، چونکە هێزی ئەقڵ وزانست پشتیوانێکی باش بوو، سەرچاوەی هێز بوو بۆ ئەو قەرارەی کە لە سەرەتاوە تەنیا بیرۆکەیەکی ڕەوتەنی یان سوعبەتێکی هاوڕێیانە بوو. باشە هەوەسڕانی ومێبازی وئارەزوو پەروەری بۆ کەسێک کە پێی نابووە دنیای خەباتێکی بێ ئامان و درێژخایەنەوە، مەترسییەکی جدی نەبوو؟ ئایا ئەگەری ئەوە نەبوو هەوەسڕانی و ئەنگیزەی سێکسی، پیاو لە ئارمانج و بەها باڵا و ئایدیالیەکانی دوور بخاتەوە؟ ئەوەی لەو ساڵانەدا کە گالی ئازار دەدا، سڕینەوە ودوور خستەنەوەی ژن نەبوو لە ژیانیا، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە بوو کە دژمنە سەرەکییەکانی، واتە قەشە و ڕەبەنانی کاتولیکیش دەقاودەق هەمان کاری ئەویان دەکرد، هەرچەندە، بەڵگە و بیانووی ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەو، وەکو ئەوەی ئەوان بەرەنجام و زادەی تاریک ئەندیشی وتاسوبگەری نەبوو، بەڵکو زادەی خواستی خۆی بوو تا بەهێزتر بێ، و ئاسانتر کۆسپ و تەگەرەکان ببوێرێ و لێهاتووانەتر لە پێناوی ئاشتکردنەوە و یەکخستنی ئەو دوو شتەدا بخەبتێ کە ئەو قەشانە کردبوویانن بە دژمنی هەمیشەیی: واتە زەوی و ئاسمان، مادە و ڕوح، ڕوح و جەستە. هیچ کاتێ وەسواسەی ئەوەی لا دروست نەبووبوو، لە قسە و بەڵێنی خۆی ژیوان ببێتەوە (تاکو ئەمرۆ). گالیلو بەم ئاوایە بیری دەکردەوە و خەوی دەبینی. بە پێچەوانەوە، قەناعەتی تەواوی لە لا دروست بووبوو، کە دوورە ژنی، گۆڕاوە بۆ ئارەزوویەکی زەینی گەورەو توانایەکی زۆر بۆ بەردەوام بوون لە سەر کار وچالاکی. نەخێر: دیسان خەریک بوو درۆی دەگەڵ خۆیدا دەکرد. ئەقڵ لە کاتی بێداریدا، توانای هەبوو بە سەر ئارەزووی سێکسدا زاڵ بێ و خۆی لێ ببوێرێ، بەڵام لە کاتی خەوا ئەو توانایەی نەبوو، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆر شەو، تاپۆێن مێیانەی ئارەزوو بزوێن، دەهاتنە خەوی ودەخزانە ناو جێگاکەیەوە، باوەشیان پێدا دەکرد، نەوازشیان دەکرد. بەدەم خەو و بێدارییەوە هەستی دەکرد کە مقاوەمەتی ئەو خەونانە زۆر دژوارتر بوو لە مقاوەمەتکردن وخۆڕاگری لە هەنبەر ژنانی ڕاستەقینە. هەروەها بیری دەکەوتەوە کە زۆرجار وەکو هەرزەکاران، یان هاوڕێیانی زندانی لە زندانەکانی هەموو دنیا، عەشقبازی دەگەڵ ئەو تاپۆ و تارماییە خەیاڵیانەدا کردبوو و پێیانەوە شەیتانی بووبوو.

ئیدی بەدەم خەون و بێدارییەوە، دەبیرەوە دەچوو، " چۆن ئەو کارەم دەکرد؟ " . چۆن پەلاماری ئەو ژنە گەنجەی دابوو، چۆن خۆی دابوو بە سەریا؟ ژنێ هەوڵێکی زۆری دابوو لە خۆیی دوور بخاتەوەو ئەم لێی دابوو. بەدەم نیگەرانیەوە لە خۆی پرسی ئایا ئەو کاتەش کە ژنێ لە هەوڵ وتەقەلا کەوتبوو لە خۆیی دوور بخاتەوە و ڕێگەی دابوو کە جل و بەرگەکەی لە بەر دابکەنێ هەر لێی دابوو؟ هاوڕێ چ ڕووی دابوو؟ بەدەم خەون و بێدارییەوە: " گال تۆ خۆت ناناسیت." نەخێر، مێشکی خۆی هیچی پێنەدەگوت. بەڵام خەڵکانی دی سەریان معایەنە کردبوو، کونجکاوی و ئارەزوویەکی سەرکێش و لە کۆنترۆڵ بەدەر، بێ بەهرەیی و بێ توانایی لە واری ڕامان و جوانی ناسییان تیا کەشف کردبوو، بە هەرحاڵ هەموو ئەو شتانەیان تیا کەشف کردبوو کە پەیوەندی

ڕاستەوخۆی بە کار و ئەرکی بەدەنییەوە نەبوو. کەس کەمترین نەشازی لە ڕوحیا بەدی نەکردبوو. بەدەم خەون و بێدارییەوە، بیری لەو شتە کردەوە کە پێشتر بیری لێکردبووەوە: " زانست هێشتا مۆمێکە کە کزکز لە شکەفتێکی تاریکی گەورەدا دەسووتێ."

ئەم بویەرەی کە ڕووی دابوو، چۆن ژیانی دەگۆڕی؟ ئایا هێشتا ئەو قەرارەی لە ڕۆما دابووی هەر بەرقەرارە؟ ئایا دوای ئەم بویەرەی کە ڕوویدابوو، دەبوا بەڵێنەکەی تازە بکاتەوە یان فەرامۆشی بکات؟ ئایا بویەرێکی ئاسایی ڕەوتەنی بوو؟ باشە ڕاڤە و شرۆڤەی زانستی بۆ ئەم شتەی کە سپێدەی ئەمڕۆ ڕووی دابوو چییە؟ بەبێ ئەوەی بەخۆ بحەسێت، هەموو ئەو شتانەی لە ڕوحیا کەڵەکە بووبوو – نەخێر لە ئەقڵیا، چونکە وشەی " ڕوح " بە بیدعەتی ئاینەوە لەوتابوو، کە بە درێژایی ئەو ساڵانە وای وێنا کردبوو ڕیشەکێشی کردوون، هەر هەموو ئەو توانایانەی کە  وای وێنا کردبوو، لە ئامانجێن باڵاتر لە لەزەتی سەرەف کردووە، بە دەقی خۆیانەوە مابوون، ئیدی ئەم کەڵەکە بوونە پەنهانیە، ئەم بەیانییە تەقی بووبووەوە، هەل ومەرجەکانی ئەمڕۆ تەقاندبوویەوە، واتە ماندوویەتی مێشک، نیگەرانی، دوو دڵی، هێرشە لە ناکاوەکە و بە تاڵانبردنی چەکەکان و تەقە کردن وکوشتن. ئایا ئەمە داخۆیانێکی دروست بوو؟ ئاخ، خۆزگە دەیتوانی، هەموو ئەم شتانە، وەکو ئەوەی کێشەی کەسێکی دی بێ، بە شێوەیەکی بابەتیانە، لەگەڵ کەسێکی ناسراوی وەکو "کوبی" دا ڕوون بکاتەوەو بچێتە بنج وبناوانی. ئەوسا گەنگەشە و گفتوگۆکانی خۆی دەگەڵ زانایەکی کاژەڵە ناسیدا، بیرکەوتەوە، کە ئەو زانایە ناوی نابوو سوکراتیزم. کە بە دوو قۆڵی لە ئاقاری بەندەری بەرشەلۆنەدا و بە ونگەکانی "باریوگوتیکو " دا پیاسەیان دەکرد، هەستی کرد جۆرە نوستالیژایەک چنگ دەخاتە دڵی. نەخێر پابەند بوو بەو بەڵێنەوە کە لە روما دابووی. کارێکی ناماقوول و گەوجانە بوو. ڕێگە بۆ دووبارە بوونەوەی بویەرەکەی ئەم بەیانییە خۆشدەکات، یان بۆ بویەرێکی لەمەش خراپتر. بەدەم خەو و بێدارییەوە، خۆیشی نەیدەزانی بیردەکاتەوە یان خەون دەبینێ، بە تەوسەوە گوتی: " گالیلو، فایدەی نییە، خۆت بە زیناح بسپێرە."

بیری لە جورما کردەوە، ئایا ئەهلی فکر بوو؟ یان حەیوانێکی چکۆلەی ماڵی. بە هەموو قەناعەتێکەوە باوەڕی وابوو کە پەیکەرەکەی " قەشە ئانتون " لە کڵێسا هەڵاتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ناو ئەو ئەشکەوتەی کە لەوێندەر دایانتاشی بوو. وەکو هەموو کارەکەرەکانی دیکەی بارون، وا پەروەردە کرابوو، کە مریشک و پەزان بەخێو بکات وخواردن بۆ مێردەکەی ئامادە بکات وجلی بۆ بشوات وتەنیا ناولنگی بۆ فش بکات. لە فکران ڕاچوو: " لەوەیە نها لەو سستیە بێدار ببێتەوەو هەست بەو بێدادیە بکات. " بیری کردەوە: " من زوڵمم لێکردی " بیری کردەوە: " ڕەنگە چاکەت دەرهەق کردبێت."

بیری لەو پیاوانە کردەوە کە هێرشیان کردبووە سەری، عەرەبانەکەیان بردبوو، بیری لەو دووانە کردەوە کە کوشتبوونی. ئایا لە موریدان و پیاوانی مورشید بوون؟ ئایا ڕابەرەکەیان هەمان ئەو پیاوە بوو کە لە کیماداس دیتبووی، ئەوەی کە ناوی پاجو بوو؟ ئەگەر و مەزندەی زیاتر بۆ ئەوە ناچێ پاجو بووبێ و ئەم پاجویە ئەمی بە خەوەردز و شوفاری سوپا یان بازرگانێ زانیبێ، کە بیەوێ کڵاو لە سەری دۆستەکانی بنێ و ئیدی خەڵکانی ڕاسپاردبێ کە تاقیبی بکەن، کە بۆی دەرکەوتووە برێک چەک و چۆڵی پێیە، بە عەرەبانەکەوە دزیویەتی تا بۆ " کانودوس "ی بنێرێت؟ پڕ بە دڵ خۆزی دەخواست کە بویەرەکە ئەوە بووبێ و نها عەرەبانەکە بە هەشتاو بۆ کانودوس بەڕێوە بێ و چەکەکان بگاتە دەستی شۆڕشڤان ویاخییەکان کە بەو نزیکانە هێرشیان بۆ دەکرا. باشە بۆ دەبوا پاجو متمانەی پێبکات؟ چۆن دەیتوانی متمانە بە پیاوێک بکات کە بە حاڵ دەیتوانی بە زمانی ئەو بدوێ

و بیر و باوەڕ و بۆچوونی سەیر و سەمەرەی هەیە؟ لە فکران ڕاچوو:"گاڵ تۆ دووانت لە هاوڕێیان کوشتووە ". بێدار بوو. ئەم گەرمایە، گەرمای هەتاوی چێشتەنگاو بوو. ئەو زرینگانەوەیەش دەنگی زەنگوڵەی پەزەکانە. باشە ئەگەر چەک وتفەنگەکان کەوتبانە دەستی چەتە ویاغییان چی؟ لەوە بوو دوای ئەو وبەڵەدە چەرمپۆشەکە بکەوتبان و شەوی پێشوو،هەر لە کاتی گوێزانەوەی چەکەکان کە ئیپامینوداس ڕادەستی کردبوون، دەستیان بە سەردا بگرتبا، ئەدی هەمووان نەیاندەگوت کە دەڤەرەکە پڕە لە چەتە و یاخی؟ ئایا لە هەموو ئەم کارانەدا پەلەی نەکردبوو، خەم ساردی نەکردبوو؟ بیری کردەوە: " دەبوایە چەکەکانم لە عەرەبانەکە داگرتباو بمهێنابنە ژوورەوە. ئێستا خۆت کوژرابوویت و بەهەر حاڵ چەکەکانیان بردبوو و ڕۆیی بوون ". گومان و دوو دڵی تێی وڕوکا. ئایا بۆ باهیا بگەڕێتەوە؟ یان بۆ کانودوس بڕوات؟

چاوی بکاتەوەو لەم جۆلانە تۆڕییە دابەزێ؟ ئایا ئەنجام ڕووبەڕووی حەقیقەت دەبێتەوە؟ هێشتا دەنگی زەنگوڵەی مەڕەکانی دەژنەوت، دەنگی وەڕینی سەگەکە دەهات ونها دەنگی پێ ودەنگی بەشەران دەهات.

( ٧ )

کاتێ هێزەکانی میجەر " فبرونیو دی بریتو " وکۆمەڵێک ژنانی هەرزەی سەر بە سەربازگەکە، لە گوندی " مولونگو "ی دوو فرسەخی کانودوس، تووشی یەکدی بوون، هیچ بەڵەد ودەلیلێکیان لە گەڵ نەمابوو. ئەو دەلیل و بەڵەدانەی کە لە کیماداس ومونتە سانتو بەکرێ گیرابوون تا ڕێنوێنی مەفرەزەکانی شناسایی بکەن، کە چاویان بەو کوختانە کەوتبوو کە سووتێنرابوون و هێشتا دووکەڵیان لێبەرز دەبووەوە، ڕقیان هەستابوو، هەرکە دنیا تاریک بووبوو لە ناکاوا خۆیان دزی بووەوەو گەڕابوونەوە، ڕێک لەو کاتەدا ئەو سەربازانە لاڵ وپاڵ لە سەر ئەرزەکە ڕادەکشان یان پشتیان دەنا بە یەکەوە تا چاوێ گەرم بکەن و ئیسراحەتێ بکەن، بیریان لەو برین یان مردنە دەکردەوە کە لە پشت لوتکە و زناری ئەو زنجیرە چیایەوە چاوەڕوانی دەکردن کە ئاسمانی شینی گرتبووە باوەش و بەرەبەرە نوقمی تاریکی دەبوو.

دوای نزیکەی شەش سەعاتان، بەڵەد و دەلیلە هەڵاتووەکان بە هانکە هانک گەیینە کانودوس تا داوای بووردن لە مورشید بکەن چونکە خزمەتی شەیتانیان کردبوو. بردیانن بۆ دووکانەکەی برایانی ڤیلانوفا و لەوێ ئەبوت جواو، هەموو شتێکی سەبارەت بەو سەربازانە لێ پرسی بوون کە بەڕێوە بوون و ئەوسا بە " چکۆلەی موبارەک "ی سپاردبوون، کە لە تازە هاتووان بەرپرسیار بوو و بەوان ڕادەگەیی.

بەڵەدەکان دەبوایە سوێندی بۆ بخۆن کە کۆماریخواز نین، بەوە قاییل نین کە کڵێسا ودەوڵەت لێکدی جیا بکرێنەوەو لەگەڵ سەرنگونی ئیمپراتۆر "دون پدرو"ی دووەمدا نین، دژی زەوجینی مەدەنی وگۆڕستانی شارەوانی و سیستەمی مەترین. ئامادە نین بەرسڤی پرسیارنامەی سەرژمێری بدەنەوە، هیچ کاتێ دزی ناکەن، ناخۆنەوە و سووتخۆری ناکەن. ئەوسا دەبوا بە ئەمری ئەو برینێکی بچووک بکەنە خۆ، بە نیشانەی ئەوەی کە ئامادەن لە جەنگی دژە "مەسیحی دەجال" دا خوێنی خۆ بڕێژن. ئەوسا دوای ئەو ڕێ و ڕەسمە، پیاوانی چەکدار، بە ناو ئەو خەڵکەدا کە هاتنی بەڵەد و دەلیلەکان لە خەو بێداری کردبوونەوەو بە ڕیز وەستابوون، پێشوازیان لێدەکردن و تەوقەیان دەگەڵ دەکردن، بۆ پەرستگە و خەڵەوەتخانەکەیان بردن. مورشیدەکە هاتە بەر دەرگا، بەڵەدەکان کەوتنە سەر ئەژنۆ وهێمای خاچیان کێشا، هەوڵیاندا داوێنی جبەکەی بگرن ولاقی ماچ بکەن. هەندێکیان بە ڕادەیەک هەڵچووبوون کە لە هۆڕژنی گریانیان دا. مورشید، دوای ئەوەی موبارەکبایی لێکردن، دانەوییەوە و هەڵی ستاندن وبە چاوە گەش وئاگرینەکانی، کە لە یادی کەسیان دەرنەدەچوو، ڕوانیە یەک بەیەکیان، پاشان بۆ

دوور هەڵیروانی وەکو چۆن لە پێشوازی هەر دەستەیەکی نوێدا ئەوەی دەکرد. پاش ئەوە داوای لە "ماریا کوادرادو" و هەشت ئافرەتە باوەڕدارەکەی دی کرد، کە تیمی پیرۆزی سروودخوانیان پێکدێنا - کە هەمووان مانتۆی شینیان لە بەر وپشتێنی کەتانیان لە پشت بوو – کە فانۆسەکانی پەرستگەی مەسیحی موبارەک، بە ڕەسمی هەر شەوێک لەو شەوانەی کە ئەو بۆ وەعزخوانی سەردەکەوتە سەر بورجەکە، هەڵبکەن.

دوای تۆزێک لە سەر بورجەکە بەدیار کەوت، (چکۆلەی موبارەت) و (شێرەکەی ناتوبا) و (داکی پیاوان) و ژنانی ( تیمی پیرۆزی سروودخوانان) هەموو لە دەوری بوون، ژنان و پیاوانی کانودوس هەموو لە خوارەوە، خڕ بووبوونەوەو ترنجابوونە ناو یەک، هەناسەیان لە خۆ بڕی بوو و بەو بەرەبەیانە کە بەرەو ڕوناک بوونەوە دەچوو، دەیانزانی کە ئەم بۆنە وگردبوونەوەیە، تایبەتە ولە بۆنە و گردبوونەوەکانی دی جیاوازە. مورشید وەکو هەمیشە یەکسەر چووە سەر بابەتەکە و ڕاستەوخۆ کەوتە باسی ئیستیحالە ( استحالە: توانەوەو تێکەڵ بوونی نان و شەرابی قوربان لە جەستە وخوێنی مەسیح) دا، هەروەها باسی باب و کوڕی کرد کە دووان بوون لە یەکێکدا، کەسیان بوون و یەک لە روحل قودس دا، بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە گوتی دەشێت (بیلومونتە) قودس (ئورشەلیم) بێ. بە قامکی دۆشاومژە ئاماژەی بۆ بناری چیای ئاڤیلا کرد: باخی زەیتون*، کە " کوڕ" شەوی پڕ عەزابی خیانەتەکەی یەهودای لەوێندەر بەسەر برد. هەروەها ئاماژەی بۆ (سیرادی کانا براڤا ) و ( چیای کاژەڵان) کرد کە پیاو خراپان لە نێوان سارڤین دا لە خاچیان دا. ئەوسا لە سەری ڕۆیی کە " گۆڕی موبارەکی " چارەکە فرسەخێک لەولاترەوە، لە ( کراجاو) دا ولە نێو تاوێرانی خاکی دایە، کە ئیماندارانی بێ ناونیشان خاچێکیان لە سەر چەقاندووە. ( * . مورشید لێرەدا شوێنانێک لە بیلومونتە یان کانودوس دەشوبهێنێ بە هەندێ شوێن کە لە ئینجیلدا ناویان هاتووەو ئاماژەیان پێکراوە وەکو ( بێستانی زەیتوون) کە مەسیح بەرلەوەی لە خاچ بدرێ لەوێندەر نوێژی کردووە، (چیای کاژەڵان) یان (جبل الجلجة) کە پێش لە خاچ دانی مەسیح جێگای لە خاچ دانی خەڵکی دی بووە، هەروەها ( شەمعونی قورینی یان سەمعانی قەیرەوانی کە لە ( ڕێی خاچ دا) یارمەتی مەسیحی دابوو و خاچەکەی بۆ هەڵگرتبوو، هەروەها (دۆڵی یهوشافات) ئەمە دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان (باخی زەتیوون) و قودسەوە. ) پاشان بۆ جەماوەرە کڕوکپ و مات و بێدەنگ و حەپەساوەکەی ڕوونکردەوە کە هەر جادە و کۆڵانێکی تەنگەبەری کانودوس بۆ خۆی وەکو "ڕێگەی خاچە " مەسیح یەکەمجار لە کوێ کەوت، لە کوێ دایکی بینی، لە کوێ ئەو ژنە گوناهکارەی کە پاشان تۆبەی کرد ئارەقەکەی سەر ڕوخساری سڕی، شەمعونی قەیرەوانی لە کوێ یارمەتی دا و لە جیاتی ئەو خاچەکەی دا بە کۆڵی خۆیدا. ڕێک لەو کاتەدا کە دەیگوت دۆڵی " ئیپەریاس " هەمان دۆڵی (یەهو شافات)ە، دەنگی تەقە لە پشت ئەو لووتکە و زنارانەوە بەرز بووەوە کە (کانودوس) یان لە دنیا جیا دەکردەوە. مورشید، بە کاوەخۆ بێئەوەی خۆی شلوێ بکات داوای لە جەماوەرەکە کرد – کە لە نێو ئەفسوونی قسەکانی ئەو و دەنگی تەقەکانا تیا مابوون – کرد تا سروودێک وەخوێنن کە (چکۆلەی موبارەک) بە نێوی ( لە ستایشی فریشتە ) دا داینابوو. ئیدی دوای ئەو ڕێ و ڕەسمە، کۆمەڵێک پیاو بە ڕابەری " ئەبوت جواو " و " پاجو " چوون بۆ یارمەتیدانی شەڕڤانەکان کە لە داوێنی چیای ( مونتە کامبایو ) دا ڕووبەڕووی پێش قەرەوڵەکانی مێجەر " فبرونیودی بریتو " بووبوونەوە.

وەختایەک بە هەڵەداوان گەیینە ئەوێندەر کەوتنە ئەوەی لەو پەنا وپاسار وتاوێرانەدا سەنگەربگرن کە سەربازەکان بە یونیفۆرم و جلکێن سووری شینباو و سەوزی ئامال شینەوە دەیانویست پێیاندا هەڵگەڕێن، چەند کەسێک لە شەڕەکەدا کوژرابوون.

ئەو شەڕڤانانەی کە ( ئەبوت جواو ) لەو ڕاڕەوەدا دایمەزراندبوون کە دەبوایە بەشی سەرەکی سەربازەکان بە ناچاری و بە ڕیز بەوێدا تێپەڕن، وەختێ کە دنیا هێشتا تاریک بوو، نزیک بوونەوەی سەربازەکانیان بینی بوو، زۆربەی ئەم پیاوانە خۆیان لە (رانشوداس پدراس) مەڵاس دابوو – کە بریتی بوو لە حەوت هەشت کوختە، کە بە ئانقەست سووتاندبوویانن – دەستەیەک سەربازیان بینی لە دوای ملازمێکەوە کە سواری ئەسپێکی بەڵەک بووبوو، بەرەو " ئوکامبایو " دەڕۆیشتن.

سەبریان گرت تا سەربازەکان تەواو هاتنە پێشەوەو گەیشتنە بەردەم ئەمان، هەنگێ بە فەرمانی خوزیە ڤینانسیو، بەر دەستڕێژی قەرەبینا وساچمەزەن وتفەنگی کۆن وتیر وبەرد و جنێویان دان – سەگینە، ماسۆنیان، پروتستانان - تەنیا ئەو ساتە سەربازەکان هەستیان بە بوونی ئەمان کرد. یەکسەر گەڕانەوە و قوچانیان، تەنیا سێ بریندار نەبێ کە شەڕڤانە بچووکەکان گەیشتنە سەریان و کوشتیانن، ئەسپەکەی مولازم بەدەم هەڵتیزانەوە سوارەکەی خست و بە خۆیشی بەرەو دۆڵە تیشەلانەکە غل بووەوە و چوار پەلی شکا. مولازم خۆی دایە پەنا تاشە بەردەکان و بە دەم تەقە کردنەوە کەوتە بەرەڤانی، ئەسپەکە لەو گۆڕەی کەوتبوو، بەدەم ئازارەوە دەیحیلاند و دەتلایەوە و شەڕە تەقەش چەند سەعات بەردەوام بوو.

گەلێک لە شەڕڤانەکان( یاخی، مورید ) بە گوللەی تۆپێن کروپ پارچە پارچە بوون، ئەو تۆپانە کەمێک دوای هەوەڵین پێکادان کەوتنە تۆپبارانی شاخەکە، ئیدی لە گەڵ کەوتنەوەو تەقینەوەی هەر گوللە تۆپێکا، بەرد و پارچە شاخ دەچوو بە ئاسماندا. "جواوە زلە " کە لە تەنیشت "خوزیە فینانسیوەوە " سەنگەری گرتبوو، هەستیکرد کۆبوونەوەیان لە یەک شوێنا، مەترسیدارە، خۆکوژییە، هاواری لە شەڕڤانان کرد، کە بڵاوببنەوە، تا بە کۆمەڵ نەبنە ئامانج و نیشانەیەکی ئاسان و خۆشئەنگافتە. بە گوێیان کرد، ئیدی بە هەڵەداوان لەم تاوێرەوە بازیان دەدا بۆ ئەو تاوێر. یان بە سینگە خشکێ لێکدی دوور دەکەوتنەوە، لە هەمان کاتا سەربازەکان لە خوار ئەوانەوە بە پای پیادە، بە فەرمانی ملازم و عەریف و نایب عەریفەکان بە ناو تەپ و تۆز و دەنگی شەیپوراندا، بە "ئوکامبایو "دا هەڵدەگەڕان و سەردەکەوتن، وەختایەک " ئەبوت جواو " و " پاجو " بە هێزی تازە نەفەسەوە بە هانای شەڕڤانەکانی خۆیانەوە هاتن، سەربازەکان گەیی بوونە ناوقەدی شاخەکە، شەرڤانەکان هەرچەندە زیانی زۆریان لێکەوتبوو، بەڵام بەردەوام بوون لە سەر بەرەڤانی وتاقە یەک بست نەکشابوونەوە. ئەو هێزەی هاتبوونە هیمدادیان چەکی ئاگرینیان پێ بوو، یەکسەر بەدەم هاواری بەرزەوە دەستیان بە دەستڕێژ کرد. ئەوانەی کە تەنیا داس و کێردی درێژ یان لەو تیروکەوانانەیان پێبوو کە خەڵکی ئەو دەشت و بیابانە بۆ ڕاوە سۆنە و ئاسکانیان بە کار دەبرد، کە ئانتونیو ڤیلانوڤا داوای لە دارتاشانی (کانودوس) کردبوو، دەیان دانە لەو تیر و کەوانانە دروست بکەن، ئەمانە لە دەوری تفەنگدارەکان کۆ بووبوونەوە و بارووتیان فریا دەخستن یان فیشەکیان بۆ دەخستنە بەر تاپڕ وتفەنگەکانیان ولە دڵی خۆدا لە مەسیحی موبارەک دەپاڕانەوە کە تفەنگێکیان دەست بکەوێ یان دژمن بە ڕادەیەک نزیک ببێتەوە، کە ئەمان بتوانن بە دەستی خاڵی هێرش بەرن.

تۆپێن کروپ، بەردەوام بەرزایی چیاکەیان تۆپباران دەکرد، پریشکە بەرد و تاوێران، بە ئەندازەی گوللەکان خەسارەتی دەدا. کە دنیا بەرەبەرە تاریک دەبوو، تارمایی جل سوور و شین، سەوز و شینەکان، لە سەنگەری شەرڤانەکان (هەڵبژاردەکان) نزیک دەبوونەوەو تەنگیان پێهەڵدەچنین، ئەبوت جواو قەناعەتی پێکردن کە پاشەکشە بکەن، دەنا گەمارۆ دەدرێن و بە ئاسانی دەرباز نابن.

دەیان کەس لە شەرڤانەکان کوژران و زۆریان بریندار بوون. ئەوانەی کە گوێیان لە فەرمانەکە بوو، بەرەبەرە کەوتنە پاشەکشە، بە نێو دەشتی " ئوتابولرنیو " دا بەرەو (بیلومونتە) کشانەوە. ژمارەیان تۆزێ لە نیوەی ژمارەی ئەو کەسانە زیاتر بوو کە دوێشەو و ئەم بەیانیە بۆ ئێرە هاتبوون، واتە نزیکەی نیوەیان زایە بووبوون. خوزیە فینانسیو، کە لە دوای هەمووانەوە پاشەکشەی کردبوو، خۆی دابوو بە سەر دار عاسایەکداو لاقە بریندارەکەی لە دوو خۆ ڕادەکێشا، گوللەیەک بەر پشتی کەوت، فریا نەکەوت نیشانەی خاچ بکێشێت، گیانی سپارد.

مورشید، لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەوە، کونجی پەرستگەکەی گرت و کەوتە نوێژ و نزا، تیم و کورسی پیرۆزی سروودخوانان، ماریا کوادرادو و چکۆلەی موبارەک و شێرۆی ناتوبا و ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران لە دەوری خڕ بووبوونەوە و لە گەڵ ئەودا نوێژ و نزایان دەکرد و بەدەم نوێژ و نزاوە گوێیان لەو هەرا و زەنایە دەگرت کە بەدەم بای شەماڵەوە بە ڕوونی دەگەییە کانودوس. پدراو، برایانی ڤیلانوفا، یواکیم ماکامبیرا و ئەوانی دی کە مابوونەوە و شاریان بۆ بەرگری و بەرەڤانی ئامادە دەکرد، بە درێژایی ڕوباری (فازا – پاریس) سەرنگەریان گرتبوو، هەر چەکێکیان دەست کەوتبوو، لە چەکی ئاگرین و باروت بۆ قەراخ ئەم ڕوبارەیان هێنابوو. وەختایەک (ماکامبیرا) ی دان عەمر بینی شەرڤانەکان (الانصار) لە مونتە کامبایو دەگەڕێنەوە لەبن لێوانەوە گوتی وادیارە مەسیحی موبارەک، خواستی لە سەر ئەوەیە سەگەکان بێنە ناو ئورشەلیمەوە. هیچ یەکێک لە کوڕەکانی هەستیان بەوە نەکرد کە ناوی هەر دوو شارەکەی لێتێکەڵ بووە.

لێ سەگەکان، نەهاتنە ناو شارەکەوە. ئەنجامی شەڕەکە هەمان ڕۆژ، بەرلەوەی دنیا تەواو تاریک ببێت، لە دەشتی ئوتابو لرینو، یەک لایی بووەوە. لێرە، هەر سێ ڕەتڵەکەی هێزەکانی مێجەر (فبرونیودی بریتو) یەکیان گرتەوە، ماندوو و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵ، لە ئەرزەکە ڕاکشان، بۆیە خۆشحاڵ بوون چونکە کەمێک لەوە پێش بە چاوی خۆیان شەرڤانەکانیان بینی بوو کە زناری شاخەکەیان بە جێدەهێشت، ئیدی دیارو دەڤەرەکەیان بە تەواوەتی بۆ تەخت بوو، ئیدی لە فاسیلەی نیو فرسەخێکەوە، هەموو سەربانی ئەو کوختە وکەپر وئەو دوو بورجە بەردینەیان لێوە دیار بوو، کە بە دەستکەوتی ئەم شەڕەیان دەزانی. لە کاتێکا ئەو شەرڤانانەی کە مابوون، بۆ کانودوس دەزڤڕینەوە و لە گەڵ گەیشتنەوەی واندا، مقۆمقۆ، گریە و زاری، شین و شەپۆڕ وفریاد ودوعا و نزا لە کانودوس بەرز بووەوە، سەربازەکان بە جلکە بەلەک و ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە، سووری شینباو و سەوزی شینباوەوە، دوگمەی قەمسەڵەکانیان دەکردەوە، بەلەک پێچەکانیان دەکردەوە، ئەوەندە ماندووبوون، کە نەیاندەتوانی بە سەدەمی شکستی دژمنەوە، شادی خۆ دەربڕن. مێجەر فبرونیودی بریتو، لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری جەنگدا، دەگەڵ چواردە ئەفسەردا کۆبووەوە و بڕیار درا، لە قەد پاڵی شاخە ڕووتەنەکەدا، شان بە شانی ئەو گۆلاوە وشکەدا کە لە نەخشەی ئەواندا، بە ناوی (سیولیانا) تۆمار کرابوو، ئۆردوبەز بکەن – کە لەو ڕۆژە بە دواوە ناونرا گۆلاوی خوێن – لەوێ ئۆردوبەز بکەن وسپێدە سەحری، پەلاماری بنکە و بارەگای کۆنەپەرست وئاخییەکان بدەن.

بەڵام، دوای کەمتر لە سەعاتێک، لە کاتێکا ملازم و عەریف و نایب عەریفەکان، خەریک بوون سەربازەکانیان، کە لە شەکەتیدا لە پەل و پۆ کەوتبوون، بە سەر دەکردەوە، ناوی کوژراو و بریندار وگوم بووەکانیان تۆمار دەکرد وسەربازەکانی دواوە تازە سەر وسەکوتیان لە نێو تاوێرەکانەوە بەدیار دەکەوت، شەڕڤان ویاخییەکان هاتنە دەست و هێرشیان دەستپێکرد. ئیدی پیاو و ژن، ساغ و نەخۆش، پیر و گەنج، هەموو ئەوانەی دەیانتوانی

چەک هەڵبگرن و شەڕبکەن، وەکو ڕەنوە بەفر بە سەریاندا داڕوخان. جواو، قەناعەتی بە هەرهەموویان کردبوو، کە دەبێ دەم و دەست و هەر لەوێدا هێرش بکەن، شەلم کوێرم کەس نابوێرم پەلامار بدەن و بە تەمای ئەوە نەبن، ئەم دەرفەتە لە دەست بدەن و هەڵیگرن بۆ کاتێکی دی. ئاپۆڕای خەڵکە خرۆشاوەکە، وەکو ڕانی ڕەویاوە، دوای کەوتن و دەشتە پان و بەرینەکەیان بڕی. هەر هەموویان وێنە و شەمایلی مەسیحی موبارەک وپاکیزەو روحل قودسیان هەلگرتبوو. هەرچی کوتەک وتێلا وداس و شەنە و کێرد و قەمە لە کانودس دا هەبوو، هەر هەموویان هەڵگرتبوو. هەروەها هەموو ئەو قەرەبینا و چەک و تفەنگە کۆن و نوێیانەشیان هەڵگرت کە لە شەڕەکەی ئواوا گرتبوویان. بەدەم تەقەکردن وهاوێشتنی دار و بەرد و تیر و کەوانانەوە، پڕ بە زار هاواری پڕ سام و بە هەیبەتیان دەکرد.

خەڵکی سارانشین کە بە تەبیعەت ئازان ودلێرییان بە شیرەوە مژتووە، ئێستا بە سەدەمی خۆشەویستیان بۆ خوا و ڕقیان لە میری تاریکی، هێندەی دی هاتبوونە جۆش و خرۆش، ئەو ڕق و کینەیەی کە مورشید و پیاوی خوا خستبوویە دڵ و دەروونیانەوە. هێندەیان دەرفەت بە سەربازەکان نەدا کە وەخۆ بێنەوەو بزانن ئەم هەرا و زەنایە چییە و ئەم هەموو ژن و پیاوە بە تەمای چین، کاتێکیان بەخۆ زانی ژنان و پیاوان، لە دەشتە بەرینەکەوە، هێندە بە جۆش و خرۆش بۆیان هاتن وەکو ئەوەی تۆزێ لەمە پێش ئەوان نەبووبن کە هەڵاتبوون، سەربازەکان غافڵگیر بوون و گێژ و وێژ نەیاندەزانی چ باسە و چ بکەن. وەختایەک ترس بێداری کردنەوەو بە پەلە هەستانە سەر پێیان و دەستیان دایە تفەنگەکانیان، کات درەنگ بوو، کار لە کار ترازابوو، شەرڤانان ویاخییەکان گەیی بوونە دیار سەریان، پاش و پێشیان لێگرتن، دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە، بە کێرد و چەقۆ تێیان بەربوون، بەرد بارانیان دەکرد و بە نێزە و قەمە هەڵیاندەدڕین، گازیان لێدەگرتن، تفەنگ و فیشەکدانەکانیان لێ دەسەندن، قژیان دەسکەنە دەکردن و چاویان دەردەهێنان و لە هەموو ئەمانەش خراتر، پیسترین جنێویان دەدانێ. لە هەوەڵەوە چەند کەسێکی کەمیان هەڵاتن و پاشان ئەوانی دی بیریان لەوە کردەوە کە هەڵێن، هەموو شپرزە و پەشۆکاو، هەراسان وترساو لەو هێرشە لە ناکاو وشێتانەیە کە لە توانای بەشەر بەدەر دەهاتە بەرچاو. دوای ئەوەی هەتاو لە کەل ئاوا بوو ودنیا بەرەبەرە تاریک وتاریکتر دەبوو، سەربازەکان یەک یەک، یان دەستە دەستە، لە پەنا و پاساری کێوی ئوکامبایودا پەراگەندە بوون، کە بە درێژایی ڕۆژە درێژەکە، بە زەحمەتێکی زۆر پێیدا هەڵگەڕابوون، بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن، سەرسمیان دەدا، دەکەوتن، هەڵدەستانەوە، قەمسەڵەکانیان فڕێ دەدا تا سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشن و نەناسرێنەوە و دەپاڕانەوە کە شەو زوو دابێ و تاریکە شەوێکی وەها بێ کە چاو چاو نەبینێ.

لەگین بوو هەر هەموویان بکوژرێن، تاقە یەک ئەفسەر یان سەرباز دەرباز نەبێت تا واریقاتی ئەم شەڕە سەرکەوتووە، کە لە ناکاوا بوو بە شکستێکی گەورە، بۆ دنیا بگێڕێتەوە، دوور نەبوو ئەم پێنج سەد پیاوە شکست خواردووەی کە گێژ و هەراسان، بێ هیچ ئامانجێک بەم لاو بەو لادا غاریاندەدا، بێنە تاقیب کرن و دوا نەفەریان بێتە کوشتن، ئەگەر سەرکەوتووەکان ئەوەیان زانیبا کە لۆژیکی شەڕ وادەخوازێ، دژمن بە تەواوەتی لە نێو ببرێت. بەڵام لۆژیکی هەڵبژاردەکانی مەسیحی موبارەک، لۆژیکی ئەم دنیا نەبوو. ئەو شەڕەی ئەوان دەستیان دابوویە، تەنیا بە ڕواڵەت شەڕی ئەم دنیا بوو، شەڕی پیاوانی یونیفۆرم پۆش بوو لە گەڵ شڕپۆشان، شەڕی کەنار نشینان بوو لە گەڵ سارا نیشینان، شەڕی بەرازیلی نوێ بوو لە گەڵ بەرازیلی کۆن. یاخییەکان ( شەرڤانان و هەڵبژاردەکان ) هەموو دەیانزانی کە ئەوان تەنیا داشی دامەن لە شەڕێکی بێ ئامان، ئەبەدی، شەڕی خێر و شەڕ، کە لە ڕۆژی ئەزەلەوە تا نها بەردەوام بوو. بۆیە ڕێگەیان بە دژمنەکانیان دا تا هەڵێن و بە خۆیان و لە

بەر ڕوناکی چرا نەوتیەکان کەوتنە هەڵگرتنەوەی برا بریندار وکوژراوەکانیان، ئەوانەی کە لە دەشتەکە و لە قەد پاڵەکانی چیای ئوکامبایو کەوتبوون، کە ڕوخساریان لە تاو ئازار یان لە خۆشەویستی خودا دا گرژ بووبوو ( ئەگەر شەست تیری دژمن، ڕوخساری هەڵنەگرتبووبان) هەموو شەوەکەیان بە گوێزانەوەی بریندارەکان بۆ خەستەخانەی بیلومونتە و هەڵگرتنەوەی مردووەکان بەسەر دەبرد، کە مردووەکانیان هەڵدەگرتەوە باشترین جلکیان لەبەر دەکرد و بە پەلە لە تابووتیان دەنان و شەو لە پەرستگەی مەسیحی موبارەک و کڵێسای سانتونیو بە دیاریانەوە دادەنیشتن و نوێژ وسرووتی مردووانیان لە سەر دەخوێند و ئەنجام دەدا. مورشید بڕیاری دا مردووەکان نەنێژن تا قەشەی "کومبی" دێت و نوێژی مردوویان لە سەر دەخوێنێ، ئەوە بوو یەکێک لە ئەندامانی تیپی پیرۆزی سروودخوانان بە ناوی ئەلکساندرینیا چوو بە دووی قەشەی ناڤبریدا.

بەدەم چاوەڕوانی قەشەکەوە، ئانتونیوی فشفشەساز، نمایشێکی یاری ئاگرینی فەراهەم کردو تیپی سروودخوانان، بەناو شارا کەوتنە ڕێپێوان. ڕۆژی دواتر گەلێک لە شەرڤانان و یاخییەکان بۆ مەیدانی شەڕ گەڕانەوە و کەل وپەل وچەک وچۆڵەکانیان لە سەربازەکان داماڵی و جەنازەکانیان بە ڕووت و قووتی بەجێهێشت تا بۆگەن بکەن. هەرکە بۆ کانودوس گەڕانەوە قەمسەڵە و پانتۆڵی سەربازەکان و هەر ئەسکەناسێکی کۆماری کە لە گیرفانیان بوو، هەر جگەرەیەک و هەر وەرەقێکی قومار و یان داوی زوڵف و قژی هاوسەر وکچ و دۆستێک لە گیرفانیان بوو، هەر هەموویان خڕکردەوە و سووتاندیان. بەڵام تفەنگ و قەمە و تەقەمەنیان لە لایەکەوە دانا، چونکە ئەبوت جواو و پاجو و ماڵباتی ڤیلانوڤا داوای ئەوەیان لێکردبوون، چونکە دەیانزانی ئەگەر دژمن جارێکی دی هێرشیان بۆ بێنن، ئەو چەکانە بە کەڵکیان دێت. جا چونکە هەندێ لە یاخی و شەرڤانەکان، ڕژد بوون لە سەر ئەوەی چەکەکانیش لە نێو ببرێن، مورشید ناچار داوای لێکردن کە تفەنگەکان (تفەنگی مانلیچر، وینچستر ) و دەمانچەکان و سەندووقە بارووتەکان و فیشەکدان و ڕەختەکان و قوتووە گریسەکان بە ئانتونیو ڤیلانوڤا بسپێرن. بەڵام هەر دوو تۆپە " کروپ " ەکە، هێشتا لە بناری ئوکامبایودا مابوو، لە هەمان جێگەدا بوو کە شاخەکەیان لێوە تۆپباران دەکرد. هەر جێیەکی قابیلی سووتان بوایە، وەکو تەگەرەکانیان و سەندوقی گوللەکانیان کە لە دار دروستکرابوو، هەموویان سووتاندن و ئەوسا لوولە پۆڵاکانیان لە چەند قاترێک بار کرد و بۆ کانودوسیان هێنایەوە تا ئاسنگەران بیتوێننەوە.

پیاوانی " پدراو " لە (رانشو داس پدراس) کە دوا ئوردووگای مێجەر (فبرونیودی بریتو) بوو، شەش ژنی برسی و قژنیان دۆزییەوە کە دووی سەربازەکان کەوتبوون تا خواردنیان بۆ ئامادە بکەن، جلکیان بۆ بشۆن و لە گەڵیان بخەون. ئەوانیشیان بۆ کانودوس برد، ئیدی " چکۆلەی موبارەک " واداری کردن لەوێندەر بڕۆن، پێی گوتن هەر کەسێک بە حوسن و ڕەزای خۆی خزمەتکردنی مەسیحی دەجالی هەڵبژاردبێ بۆی نییە لە (بیلومونتە ) دا بمێنێتەوە. بەڵام دوو کەسی دوو ڕەگ، سەر بە باندەکەی ( خوزیە ڤینانسیو) و مەرگی خوزیە زۆر پەشێوی کردبوون، یەکێک لەو ژنانەیان کە دووگیان بوو، لە دەورووبەری کانودوس گرت، بە داسی دروێنەی قامیش و زەلان ورگیان هەڵدڕی و پزەکەیان دەرهێنا وکەڵەشێرێکی زندوویان لە جێگای دانا، بەو قەناعەت و خەیاڵەی کە بەو کارەیان چاکە و خزمەتێکی گەورەیان لەو دنیا بە بەرپرسەکەیان کردووە.

***

ئەوەتا ناوی کایفاس، دوو سێ چەلان، لە میانی هەندێ وشەوە کە لە ماناکەی ناگات، بەر گوێی دەکەوێ و هەوڵدەدات چاوانی بکاتەوە. چاوی بە ژنەکەی "روڤینو" دەکەوێت کە بە دیار جۆلانە تۆرپییەکەوە، ڕاوەستاوە،

زۆر هەراسان و شپرزە دیارە، دەمی دەجولێنێ و ورتە ورت دەکات. کات ڕۆژی ڕوناکە، هەتاو دنیای زێڕ وەشان کردووە، لە چوارچێوەی دەرگاکەوەو لە درزی چەپەرەکانەوە دادەڕژێتە ناو کوختەکەوە. ڕۆشنایی خۆرەکە بە ڕادەیەک چاوی ئازار دەدات کە بە ناچاری چاوان دەتروکێنێ وبە توندی هەڵیان دەگلۆفێت و پاشان هەڵدەستێتە سەرپێیان. هەندێک تاپۆی تاریک و لێڵ لە پشت ئاوێکی شیرییەوە بەدیار دەکەون. بەرەبەرە وەخۆ دێتەوەو دنیای دەرەوەی لە لا ڕوون دەبێتەوە، زەین وچاوانی گالیلو ئەوە کەشف دەکەن کە گۆڕانێکی گەورە لە ژوورەکەدا ڕوویداوە، هەموو شتەکان، بە بایەخەوە گەڕێنراونەتەوە دۆخی خۆیان، ناو ژوورەکە، دیوارەکان و شتەکان بە جۆرێ خاوێن کراونەتەوە کە دەبریقێتەوە، وەکو ئەوەی هەموو شتەکان مشت وماڵ وسیقاڵ درابن. نها حاڵی دەبێت کە جورما دەڵێت: کایفاس وا دێ، کایفاس دێ. دەبینێ کە هاوسەرەکەی کابرای بەڵەد، ئەو کراسەی کە ئەم لە بەریا دایدڕی بوو، گۆڕیوە و نها بلووز و تەنوورەیەکی تۆخی لە بەر کردووەو پێی پەتیە و ترس بە سیمایەوە دیارە. هەوڵدەدات بیری بکەوێتەوە کە ئەو بەیانییە دەمانچەکەی لە کوێ کەوتبوو، لە دڵی خۆدا دەڵێت، ترسی ناوێ، ئەو پیاوەی دێت، هەمان بەڵەدی چەرمینە پۆشە کە ئەمی بۆ لای ئیپامینوداس گونسالوڤس بردبوو و بە چەک و چۆڵەکانەوە بۆ ئێرەی هێنابوو، ڕێک ئەم پیاوە بوو کە لەم کاتەدا پێویستی پێی بوو. ئا ئەوەش دەمانچەکەیەتی، لە لای جانتا چکۆلەکەیەوە، لە ژێر وێنەکەی پاکیزەی (لاپا) دا کە بە بزمارێکا هەڵواسراوە. دەست دەداتە دەمانچەکە، هەست دەکات فیشەکی تیا نەماوە، لەو کاتەدا کایفاس لە بەر دەگای کوختەکەدا دەبینێ.

لە بن لێوانەوەو بە زمانی ئینگلیزی ورتە ورتێک دەکات، کە هەستی بەم هەڵەیەی خۆی کرد، یەکسەر بایدایەوە سەر پرتوگالییەکە. "هەوڵیاندا بمکوژن. تفەنگەکانیان بە تاڵان برد. پێویستە هەرئێستا بڕۆم ئیپامینوداس گونسالوڤس بدینم."

کایفاس دەڵێت: "بەیانی باش" دوو قامکان بۆ کڵاوە قەراخ پانە مەکسیکیەکەی دەبات و بێئەوەی دای بکەنێ، سەرێک بۆ جورما دادەنەوێنێ، کە بە لای گالەوە جۆرە نەوازش و ویقارێکی بێ مانا بوو. ئەوسا کایفاس ڕوو دەکاتە ئەم و بە هەمان شێوە دووبارە دەڵێت: " بەیانی باش". گال وەڵام دەداتەوە: " بەیانی باش" و لە ناکاوا هەست بەوە دەکات کە بە دەمانچەکەی دەستیەوە دیمەنێکی ناجۆری هەیە. دەمانچەکەی دەخاتە بەر پشتێنەکەی و دوو هەنگاوێک بەرەو کایفاس دەڕوات، یەکسەر هەست دەکات کە بە هاتنی ئەم پیاوە، جورما تەواو پەشۆکاوە. بەبێ جوڵە لە جێی خۆی وەستاوە، چاوی بڕیوەتە ئەرزەکە، نازانێ چی لە دەستەکانی بکات.

گالیلو، ئاماژە بۆ دەرێ دەکات و دەپرسێت: " ئەو جووتە جەنازەیەی دەرەوەت بینی؟ یەکێکی دیکەشیان لە گەڵدا بوو، ئەو چەک و تفەنگەکانی ڕفاند. دەبێ قسە دەگەڵ ئیپامینوداس دا بکەم، پێویستە ئاگاداری بکەمەوە. بمبە بۆ لای ئەو."

کایفاس، لە کورتی دەیبڕێتەوەو دەڵێت: " دیتمن ". ئەوسا ئاوڕی لای جورما دەداتەوە کە هێشتا لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستاوە، سەری شۆڕ کردووەتەوە و حایر و حەپەساو، قامکەکانی هەڵدەگلۆفێ وەکو ئەوەی ڕەق بووبن. " پتر لە پێنج سەد سەرباز گەییونەتە کیماداس، لە دەلیل و بەڵەد دەگەڕێن تا بیانگەیەنێتە کانودوس. هەر کەسێ ئامادە نەبێ بە کرێ دەگەڵیان بڕوات، بە تۆبزی دەیبەن. هاتووم تا روفینو ئاگادار بکەمەوە."

جورما، بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، بە دەمەلاڵکێوە دەڵێت: " لێرە نییە، چووە بۆ جاکوبیتیا."

گال، هەنگاوێکی دی لە کابرا دەچێتە پێشەوەو جەستەیان بەر یەکدی دەکەوێ، دەڵێت: " سەرباز؟ لەشکرەکەی مێجەر بریتو، بەو ئاسانییە گەییە ئێرە؟ ".

کایفاس، سەرێک دەلەقێنێ و دەڵێت: " بە تەمای نمایشی عەسکەرین، لە مەیدانە سەرەکییەکەدا بە ڕیز وەستاون، بە قیتاری بەیانی هاتوون."

گال، لە دڵی خۆدا دەپرسێ باشە ئەم پیاوە کە هات بۆچی بە دیمەنی جووتە جەنازەکەی دەرێی کوختەکە غافڵگیر نەبوو، بۆ هیچ پرسیارێکی لەو بارەیەوە نەکرد، نەیپرسی ئەم بویەرە چۆن ڕووی دا، بۆچی تا نها لێرەیە، بۆ هێندە ئارام و بێ خەمە، هێدە خوێنسارد و بێ موبالات و چاوەڕوانە، چاوەڕوانی چییە؟

دەبیرەوە دەچێ، بە خۆی دەڵێت: "خەڵکی ئەم دیار ودەڤەرە سەیرن. زۆر مەندن، پەی بە ناخیان نابرێ، چینی و هندۆسیەکانی بیر دەخەنەوە. کایفاس، پیاوێکە زۆر لاواز، ڕەقەڵە، تاوە گاز، گۆناکانی زەق، چاوەکانی شەرابی تۆخ، کە ئینسان پەست دەکەن، چونکە بە هیچ جۆرێ ناتروکێن، پیاوێکە دەنگی بە لای گالەوە تەواو نامۆیە، چونکە بە درێژایی سەفەرەکەیان لە هاتن و لە گەڕانەوەش دا بە دەگمەن دەمی هەڵێنابوو، ڕەق و تەق لە پاڵیا ڕۆنیشتبوو، چاکەت و پانتۆڵە چەرمینەکەی کە پاشەڵ و سەر ئەژنۆکانی پینە کرابوو، تەنانەت پاتاوەکانیشی دەتگوت بەشێکن لە جەستەی. باشە هاتنی ئەو پیاوە بۆچی جورمای بەم ڕادەیە پەشۆکاند؟ ئایا لە بەر ئەو ماجەرا و بویەرە بوو کە چەند سەعاتێک لەوە پێش لە نێوان ئەم جووتەدا ڕوویدابوو؟ سەگە تیسکنەکە لە سووچێکەوە پەیدا دەبێ و بەدەم هەلبەز و دابەز و کلکە سووتێوە بە دەوری جورمادا دەخولێتەوەو خۆی لە لاق و لەتەری هەڵدەسوێ. گالیلو گال، لە هەمان دەمدا، هەست دەکات کە هەموو مریشک و جووجەڵەکان لە کوختەکە وەدەرکەوتوون.

دەستێک بە قژە شیواوەکەیا دێنێ ودەڵێت: " تەنیا سیانیانم بینی. ئەوەیان کە هەڵات تفەنگەکانی برد. دەبێ بە زووترین کات ئیپامینوداس لەم بویەرە ئاگادار بکرێتەوە، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەو مەترسیدار بێت. دەتوانی بۆ موڵک و مەزراکەی ئەوم ببەیت؟ "

کایفاس دەڵێت: " لەوێندەر نییە، دوێنێ بە خۆت گوێت لێبوو کە دەیگوت بە نیازی باهیایە. "

گال دەڵێت: " ڕاستە ". هیچ چارێک نییە، ئەویش ناچار بوو کە بۆ باهیا بزڤڕێتەوە. دەبیرەوە دەچێت: " سەربازەکان گەییونەتە ئێرە. کە ئێستاش بێن بە دووی روڤینودا، چاویان بەم جووتە جەنازەیە دەکەوێ وهەنگێ من دەدۆزنەوە. " ئیدی چاری ناچارە دەبێ لێرە بڕوات و ئەم تۆزی تەمەڵییە لە خۆی بتەکێنێ و ئەم خەواڵوییە لە خۆی بڕەوێنێتەوە. بەڵام لە جێی خۆی ناجوڵێت.

لە بن لێوانەوە دەڵێت: "ڕەنگە لە دژمنانی ئیپامینوداس بووبن، لە پیاوانی فەرماندار ( لویزڤیانا ) و پیاوانی بارۆن بووبن. بە ڕواڵەت ڕووی دەمی لە کایفاس بوو، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی دەدواند: " ئەدی بۆ گاردی نەتەوەیی نەهات؟ ئەو سێ زەلامە جەندرمە نەبوون. ڕەنگە چەتە و ڕێگر بووبن و کە بۆ کوشتن و ڕووتکردنەوەی خەڵکی پێویستیان بەو چەکانە بووبێ یان بیبەن و بۆ خۆ بیفرۆشن."

جورما، هێشتا لە جێی خۆی وەستاوەو سەری داخستووە. کایفاس کەمێک لەولای ئەوەوە، هێدی و هێمن، کڕ و کپ ڕاوەستاوە. سەگە چکۆلەکەش، بەدەم هانکە هانکەوە خەریکی هەڵبەز ودابەزە.

گال، له فکران ڕاچووه و به دەنگێکی بەرز دەڵێت: " ئەم مەسەلەیە شتێکی تیایە، ئەم ماستە موویەکی تیایە. " ئەوسا به خۆی دەڵێ: "دەبێ خۆم لە جێیەک وەشێرم تا سەربازەکان دەڕۆن و پاشان بۆ سلڤادور دەگەڕێمەوە" لە هەمان کاتدا لە بیری ئەوەدا بوو کە قۆشەنەکەی مێجەر بریتو نزیک بووەتەوەو تەنیا دوو کیلومەترێک لێرەوە دوورە و بەرەو کانودوس دەڕوات و ئەم بزووتنەوەو تەڤگەر و یاخیگەرییەی کە ئەو ماکی شۆڕشی تیا بەدی دەکرد یان حەزی دەکرد ببێ بە هەوێنی شۆڕش، لە یەکەم پەلاماردا دادەمرکێتەوە. "ئەو سێ نەفەرە تەنیا بۆ چەکەکان نەهاتبوون، گومانی تیا نییە بە نیازی کوشتنی منیش بوون. من سەر لەمە دەرناکەم. ئاخر کێ دەیەوێ من لێرە، لە کیماداس دا بێکەس کوژ بکات؟".

"من، قوربان" بەو ئاوایە گوێی لە دەنگی کایفاس دەبێت، هەمان دەنگی بێ نموود، لە ناکاوا هەست بە دەمی کێردێک لە سەر گەرووی خۆی دەکات، بەڵام کاردانەوەکەی زۆر بلەز بوو، وەکو چۆن هەمیشە هەر بلەز بووە، توانی سەری بەرێتە دواوەو چەند ملیمەترێک دوور بکەوێتەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە یارۆی چەرمینە پۆش پڕی دابوویە و کێردەکەی لە جیاتی بەر گەرووی بکەوێ وتا خوارەوە دایبدڕێ، لا دەکات و بە سەمتی ڕاستا دەڕوات و ڕێک بەر ملی لە سەرووی شانیەوە، دەکەوێ بریندار دەبێت و لە جیاتی هەست بە ئازار بکات، زیاتر هەست بە سەرما و حەپەسان دەکات. دەکەوێتە سەر ئەرزەکە، دەست بۆ برینەکەی دەبات، دەبینێ خوێن بە بەینی قامکەکانیا دێتە خوارێ. چاوەکانی ئەبڵەق دەبن و بە حەپەساوی دەڕوانێتە کابرای چەرمینەپۆش کە ناوێکی تەوراتی هەبوو، تەنانەت لەو کاتەشدا، سیمای نەگۆڕا، تەنیا چاوە لێڵ و مەندەکانی نەبێ کە پرشنگیان دەدا، کێردە خوێناویەکەی بە دەستی ڕاستیەوەو دەمانچەیەکی چکۆلەی دەسک سەدەفیش بەدەستی چەپییەوە بوو. بە سەر گالیلودا دادەنەوێتەوەو لوولەی دەمانچەکە دەکاتە سەری. جا بۆ پاکانەی ئەو کارەی خۆی دەڵێت: " من بە فەرمانی عەقید ئێپامینوداس گونسالوڤس ئەم کارە دەکەم قوربان. ئەوەی ئەم بەیانیە تفەنگەکانی ڕفاند من بووم. من بەرپرسی ئەو دوو پیاوەم کە تۆ کوشتیانیت."

گالیلو، کە ئازاری گەردنی زۆری بۆ هێنا دەنەڕێنێ: " ئێپامینوداس گونسالوڤس؟ "

کایفاس، بە ڕاوێژێکی نیمچە تەوازی خوازانە دەڵێت: " ئەو پێویستی بە جەنازەیەکی ئینگلیزی هەیە." لەو کاتەدا پل بە پەلە پیتکەکەوە دەنێت. گال، کە خۆ بە خۆ سەری بە لایەکا خوار کردەوە هەستی بە چزەیەک کرد کە لە شەویلاگە و قژی هەستا، نەخێر چزەیەکی دی لێبەرز بووەوە وەکو ئەوە بوو گوێی لە بنەوە دەربێت. توانی لە بن لێوەوە ئەوە بڵێ کە: " من بابایەکی سکۆتلاندیم و ڕقم لە پێستی سەری ئینگلیزانە. "  بیری لای ئەوەیە کە گوللەی دووەم بەر هەنیە، یان دەمی یان دڵی بکەوێت و ببورێتەوە وبمرێت، چونکە کابرای چەرمینە پۆش، دووبارە دەمانچەکەی بەرزدەکاتەوە. بەڵام ئەمجارە شۆک دەبێ، چونکە جورما لە ناکاوا پەلاماری کایفاس دەدات، دەیگرێ ودەیدا بە ئەرزا. لەو کاتەدا گال وەخۆدێتەوە، هێزێکی ئەوتۆی وەبەر دێت کە بە عەمراتی شتی وای بە خۆوە نەدیتووە، هەڵدەستێتە سەر پێیان وئەویش خۆی بە سەر کایفاس دا دەدات. هەست بەوە دەکات کە خوێنی لە بەر دەڕوات و ئازارێکی زۆری هەیە. بەرلەوەی بتوانێ دووبارە بیربکاتەوە، یان هەوڵبدات بزانێ چ ڕوویداوە، چ شتێک فریای کەوت، ڕزگاری کرد، تا دەتوانێ بە دەسکی دەمانچەکەی، دەکێشێت بە سەری یارۆی چەرمینە پۆشا کە جورما هێشا توووند گرتبووی. پێش ئەوەی کایفاس، بێ حاڵ و بێ هۆش بکەوێتە سەر ئەرزەکە، گال هەست دەکات کایفاس سەیری ئەمی نەدەکرد، بەڵکو تەمەشای جورمای دەکرد، لە بیلبیلەی چاوە مەند و شەرابییەکانیا نە نەفرەت هەبوو نە ڕق، جۆرە حیرەت و حەپەسانێک لە نیگایدا هەبوو وەکو ئەوە بوو

تێنەگات و نەزانێ جۆرما بۆ ئەم کارەی کرد، وەکو ئەوەی ئەو خۆی دابوو بە سەریا و دەستی خوار کردبێتەوە و ئەو دەرفەتەی بۆ قوربانیەکە ڕەخساندبێ کە بەو تین و گوڕەوە هەستێتەوە و پەلاماری بدات، ئەمە شتێک بوو کە وێنای نەدەکرد، بە خەونش نەیدەبینی. بەڵام کاتێ کایفاس، کە شەکەت و بێهێز بە سەرو چاوی ئاوساوەوە، سەراپا خلّتانی خوێنی خۆی یان خوێنی گال، کێردەکە و دەمانچە چکۆلەکەی لە دەست دەکەوێت، گال بلەز هەڵیدەگرێتەوەو لە ئان و ساتدا بوو تەقەی لێبکات، دیسان جورما دەستی دەگرێت، ڕێک وەکو چۆن پێشتر دەستی کایفاسی گرتبوو، بەو ئاوایە دەستی ئەمیش دەگرێ وشێت ئاسا هاوار دەکات.

گال، دوای ئەوەی هێزی لە بەر دەبڕێ و توانای هیچ کێشماکێشێکی نامێنێ بە ئینگلیزی دەڵێت: " مەترسە، من دەبێ تا زووە لێرە بڕۆم، دەنا هاکا سەربازەکان گەیینە ئێرە. ژنەکە گیان یارمەتیم بدە با سواری ئەو قاترە ببم. " چەند جارێک زاری دەکاتەوە و دایدەخاتەوە، دڵنیایە کە لە ئان و ساتدایە هەرەس بێنێ و لە پاڵ کایفاس دا کە خەریک بوو دەجوڵایەوە، دەکەوێت. ڕووی بە دەم هەوڵ و تەقەلاوە گرژ دەبوو، هەستی دەکرد برینەکەی لا ملی، ئێسقانەکانی و نینۆکەکانی و تووکی سەری زۆر ئازاری دەدەن. بە ناو کوختەکە دەکەوێ، خۆی بە جانتا و شتەکاندا دەکێشێت، بەرەو ئەو ڕوناکیە سپیواژە دەڕوات کە دەرگای کوختەکەیە، دەبیرەوە دەچێ: " ئیپامینوداس گونسالوڤس " بیر لەوە دەکاتەوە: " من جەستەیەکی ئینگلیزیم."

***

وەختایەک قەشەی تازەی (کومبێ) " دون یواکیم " دەمەو عەسرانێکی هەورین و باهۆز ئامیز گەییە شار نە یاری ئاگرین بە ئاسماندا هەڵدراو نە زەنگێک هاتە لێدان. بە سواری گالیسکەیەک هات کە گایەک ڕایدەکێشا، جانتایەکی گەورەی شڕ وشەپڕێو وکون و چەترێکی پێبوو و لە باران و هەتاوی دەپاراست. لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتبوو، لە (بانفالاس ) ی دەڤەری ( برنامبوکو ) وە کە دوو ساڵان قەشەی ئەوێندەر بووبوو، هاتبوو.

دوای چەند مانگێک، دەنگۆیەک لە هەموو شوێنان بڵاو بووەوەو کەوتە سەر زاران کە گوایە مەترانەکەی، بۆیە لەوێندەری در کردووەو تڕۆی کردووە، چونکە پەیوەندی دەگەڵ کچۆڵەیەکی منداڵدا هەبووە.

ئەو خەڵکەی لە دەروازەی "کومبێ" پێشوازیان کرد، بۆ مەیدانی کڵێساکەیان بردو خانوویەکی داڕوخاویان نیشاندا، کە کاتی خۆی، وەختایەک کومبێ هێشتا قەشەی هەبووە، لەوێندەر ژیاوە. خانووەکە نها بووە بە کاولە، چوار دیوارێکی بێ میچ و ساپیتە بوو، بووبوو بە زبڵدان و پەناگەی حەیواناتی بەڕەڵڵا. دون یواکیم خۆی کرد بە کڵێسا بچووکەکەی ( نوسا سینیورا کوسنکاو ) هەندێ شڕ و شیتاڵ و تەختە خەوی کۆکردەوەو دانیە دەم یەکەوە و هەر بە جلەکانیەوە لێی ڕاکشا تا بخەوێ.

پیاوێک بوو گەنج، کورتەباڵا، شان کەمێک خوار و بە ئاستەم ورگن، سەر و سیمایەکی گەش و چالاکی هەبوو، کە لە هەوەڵ ڕۆژەوە، چووە دڵی خەڵکەکەوە. ئەگەر ئەو جل و بەرگەی لە بەر نەبوایە کەس باوەڕی نەدەکرد ئەم پیاوە سەر وکاری دەگەڵ دنیای روحانیەتدا هەیە. ئەوەندە بەس بوو کە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا لە گەڵیا بی، تا بۆت دەربکەوێ کە بە هەمان ئەندازەی کاری قەشەیی و بگرە زیاتریش دڵی بەم دنیاوە بوو ( بە تایبەتی ژنان ). یەکەم ڕۆژ کە پێی نایە کومبێ، بە خەڵکەکەی نیشاندا کە خۆی لەوان جیا ناکاتەوە و لە هەمان مەعدەنی ئەوانە و کارە روحانیەکەی، بە هیچ جۆرێ هەڤدژی داب و نەریتەکانی ئەوان نییە ونابێ. دوای ئەوەی چەند سەعاتێک تێر وپڕ خەوت، وەختایەک چاوی کردەوە، بینی شەو داهاتووە، باران باریوەو دووبارە خۆشی

کردووەتەوە، سیسرکان لەو کەش و هەوا نمناکەدا دەیان خوێند و ئاسمان ئەستێرە باران بوو. زۆربەی خەڵکی سار هاتبوون بۆ خێر هانینی، ژنان ڕیزیان بەستبوو و دەستیان ماچ دەکرد، پیاوان کڕنۆشیان دەبردو کڵاوە مەکسیکیەکانیان لە سەر دادەگرت و لە بن لێوانەوە ناوی خۆیان دەگوت. دوای ماوەیەکی کەم بابە یواکیم ئەم ڕێ و ڕەسمی دەست و بۆسەی ڕاگرت و گوتی خەریکە لە برسا و تینواندا تیا دەچێت. هەنگێ ڕێ و ڕەسمێ دەستی پێکرد هاوتای ڕێ و ڕەسمی شەمایل گێڕانی " هەفتەی ژان "  بوو. ئیدی یارۆی قەشە لەمماڵەوە بۆ ئەو ماڵ دەچوو و هەر ماڵە بە گوێرەی توانای خۆی، باشترین خۆراک وگۆشتی بۆ دادەنا. کە دنیا بەیانی دا، ئەو هێشتا بێدار بوو ولە یەکێک لە دوو مەیخانەکەی کومبی دا بیراندی هەڵدەدا وگێلاسی ترشی لە گەڵ دەخوارد، دەگەڵ ماتیاس دی تافارسی شایەردا، کێبڕکێی، گۆرانی چڕی دەکرد.

لە هەوەڵ ڕۆژەوە کەوتە جێبەجێکردنی ئەرکە ئۆلی و ڕوحانیەکانی خۆی، بەرپا کردنی عەشای ڕەبانی، غوسڵی تەعمیدی منداڵانی نۆزا، گوێگرتن لە ئیعترافی خەڵکانی گەورە، سەرپەرشتی کفن ودفنی مردووان و مارە بڕینی ئەو ژن و پیاوانەی تازە خێزانیان پێکەوە نابوو، یان لە مێژ بوو زەوجی بوون و دەیانویست لەبەردەم خوادا پارسا و بە دین، بنوێنن. ئیدی قەڵەمڕەوێکی زۆری بەدەستەوە بوو، ناچار بوو زوو زوو سەفەر بکات. سەبارەت بە ئەرکە روحانیەکانی کەسێکی زۆر چالاک، چەلەنگ و جدی و تەنانەت لە خۆ بردووش بوو.

ئەو کرێ و پارەیەی لە هەنبەر خزمەتە زۆرەکانیا داوای دەکرد زۆر کەم و ناچیز بوو، خۆ ئەگەر خەڵکانێک کرێکەیان دوابخستبا یان لە بنی نەیاندایە، گوێی نەدەدایێ ،چونکە لە نێو هەموو خراپە گەورەکاندا، تاقە خراپەیەک کە لە مەزەبی ئەودا نەبوو، بەغیلی و ئاڵچاغی و چاوچنۆکی بوو. دەنا لە هیچ خراپەیەکی دی نەدەپرینگایەوە. هەر هەمووی بە یەک چاو سەیر دەکرد، کە کارژۆڵەیەکی برژاوی لە موڵکدار وخاوەن مەزرایەک قەبووڵ دەکرد، بە هەمان سوپاس و منەتباریەوە، کەللە شەکرێکی خاوی لەو جووتیارە هەژارە قەبووڵ دەکرد کە خوڵکی دەکرد. هیچ جیاوازییەکی لە نێوان بیراندی کۆن وعارەقی بازاڕی و پڕ ئاو نەدەکرد، کە خواردنەوەی باوی کاتی نەداری بوو. بەڵام سەبارەت بە ژنان ئامانی نەبوو، کەسی نەدەبوارد: لە پیرە ژنانی چاو پڕوش، لە کچانی بیرکۆڵی نە باڵق، لە ژنانی دەمو چاو کونج و لێو قەڵەشاو کەسی نەدەبوارد، بستی بە قەرز نەدەدان، لە نەوازش و مجامەلە و عاشقێنی لە گەڵیان تێر نەدەبوو، زۆری لێدەکردن کە بێن میحرابی کڵێساکە خاوێن بکەنەوەو بیڕازێننەوە، دوایان دەکەوت، سوعبەت و شۆخی لەگەڵ دەکردن، بەدەم ئەو سوعبەتانەوە دەم و چاوی سوور دەبووەوە، لە هەر شوێنێ بەگیری هێنابان، بە جۆرێ تێیان دەوڕوکا وەکو ئەوەی لەم دنیایەدا هیچ کارێک لەو کارەی ئەو ئاسایی تر نەبێت.

چونکە جلکی قەشایەتی لەبەر دەکرد، ئەمە کردبوویە کارێک کە باوکان و مێردان و برایان بە چاوی نێرەموکەوە تەمەشای بکەن و لە ناچاریا، چاوپۆشیان لە گۆساغی و بێ پەروابیەکانی قەشەکە دەکرد. خۆ ئەگەر هەر پیاوێکی دی بە ڕادەی ئەم شولی لێهەڵکشابا، بێگومان یەکسەر دەستیان لێدەدایە خەنجەر. بەڵام وەختایەک بابا یواکیم، پەیوەندییەکی هەمیشەیی لە گەڵ " ئەلکساندرینیا کوریا "پەیداکرد ، ئیدی خەڵکەکە ئیسراحەتیان کرد. ئالکساندرینیا قەیرە کچێک بوو کە شووی نەکردبوو، پێشبینی سەرچاوە نهێنیەکانی ئاوی دەکرد.

بە گوێرەی ئەو قسانەی دەگێڕدرانەوە، ئەم بەهرە پەڕجوو ئاسایەی ئەلکساندرینا، وەختێک لەودا کەشف بوو کە هێشتا کچۆڵەیەکی نەباڵق بوو، لە وشکەساڵییە گەورەکەدا، کە خەڵکی کومبی لە بەر بێ ئاوی پەرێشان بووبوون و دەگەینە هەر گۆشە و کەنارێک دەکەوتنە بیر لێدان، ئیدی خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ و ڕۆژانە لە

بەرەبەیانەوە دەردەچوون و هەر جییەک جاران گیا و سەوزایی لێبوو، هەڵیاندەکەند، چونکە پێیان وابوو ئەو سەوزاییە نیشانەی ئەوە بوو، کە دەبێ ئاو لە ژێر ئەرزەکەیدا هەبێ. ژنان و منداڵانیش بەشی خۆیان لەم کارە سەخت و دژوارەدا بەشداریان دەکرد. بەڵام ئەو خاک و خۆڵەی دەریاندەدا هیچ تەڕاییەکی تیا نەبو، ئەوەی لە بنی بیرەکانا دەیانبینی جگەلە چینە لم و چەوی ئامال ڕەش، یان تاوێری ڕەق و تەق هیچی دی نەبوو. تا ئەوە بوو ڕۆژێک ئالکساندرینا، دەمرێژێ وشەی بە پەلەی لە زار داڕژا کە دەتگوت هێندە بلەز پێی دەگوترێتەوە کە فریا ناکەوێ هەمووی بلێتەوە تا بە دار ودەستەکەی بابی بلێت، لە جیاتی هەڵکەندنی ئەو جێگایەی کە لێی وەستابوون، کەمێک سەرکەون و بچنە سەر ئەو کوێرە ڕێگایەی کە بۆ (مساکارا) دەڕوات و لەوێندەر دەست بە بیر لێدان بکەن. کەس گوێی بە قسەی کیژێ نەدا. لێ کچۆلەی تاین دەستبەردار نەبوو، پێی بە عاردیدا دەکوتا، وەکو ئەوەی سروشی بۆ هاتبێ، بەو ئاوایە دەستەکانی تەکان دەدا. سەرەنجام بابی گوتی: " دەی باشە، با یەک بیری دیکە لێبدەین ". چوون تا ئیلهام و سەرۆکەی کیژێ بئەزموون، چوونە ئەو تەختانیە زەردباوە چەو ئامێزەی کە دوو ڕێگەی لێ دەبووەوە بۆ (کارنیبا) و(مساکارا) . لە ڕۆژی دووەمی کوڵینکاریەکەدا، دوای دەردانی دنیایەک بەرد و خاک و گڵی وشک، ئەرزەکە بەرەبەرە تاریک تر دەبوو و نیشانەی شێ و تەڕی پێوە دەرکەوت. ئەنجام لە نێو جۆش و خرۆشی هەمووانا، دڵۆپە ئاو پەیدا بوو. پاشان سێ بیری دی لەو نزیکانە کەشف بوو و لە سەیەی خێر وبەرەکەتی ئەو بیرانەوە، کومبی لە چاو شار و دەڤەرەکانی دی دا و، لە زەرفی ئەو دوو وشکەساڵیە پڕ لە قات و قڕی و نەگبەتی و مردنی بە کۆمەڵدا، ئاسیوێکی کەمتری بینی.

لەو ڕۆژە بەدواوە "ئەلکساندرینا کوریا " بوو بە مایەی ڕێز و کونجکاوی هەمووان، لە چاو داک و بابیشیا بوو بە شتێکی دی: خەڵقەندەیەک کە دەیانویست سوود لە کەشف وشهود وپێشبینی و ئیلهامەکانی وەربگرن. ئیدی لەم گوند بۆ ئەو گوندیان دەگێڕا، تا بە پارە ئەو شوێنە ئاودارانەیان نیشانبدات کە بیری لێهەڵکەنن. بەڵام ئەم بەهرە و توانایەی ئەلکساندرینا، بۆ کڕین و فرۆشتن نەبوو، کیژێ زیاتر بە هەڵە دەچوو وپاشان سەرە چکۆلەکەی بەرز دەکردەوە، بۆنی بە هەر چوار دەوری خۆیەوە دەکرد و دەیگوت: " نازانم، هیچ پێشبینییەکم بۆ نایەت. " بەڵام نە هەڵەکانی و نە ناکامییەکانی، بەهرە و سەرکەوتنەکانیان نەسڕییەوە. ئەم شۆرەت و ناوبانگەی لە گەڵ گەورە بوون و گەشەکردنی خۆیدا، گەورە وگەورەتر دەبوو. ئەم بەهرەی کەشفکردنی ئاوە، بووە مایەی شۆرەت و نێوبانگی ئەو، بەڵام بەختەوەری بۆ نەهێنا. هەرکە خەڵکی بەم بەهریەی ئەویان زانی، لە ناکاوا دیوارێکی لە دەور دروستکرا کە لە خەڵکەکەی دابڕی. منداڵانی دی پێی ئاسوودە نەبوون و گەورەکان وەکو کچۆڵەیەکی منداڵی ئاسایی ڕەفتاریان لە گەڵ نەدەکرد. تەمەشایان دەکرد، پرسیاری عەجیب وغەریبیان دەربارەی ئایندە وژیانی دوای مردنیان لێدەکرد، یان دەیانبردە دیار نەخۆشان تا بێتە سەر چۆکان و بە توانای زەینی خۆی شفایان بدات. هەرچەندە زۆری هەوڵدەدا کە ژنێک بێت وەکو هەر ژنێکی دی، فایدەی نەبوو. پیاوان بە ڕێز و حورمەتەوە دوورە پەرێزیان لێدەکرد، لە جەژن و ئاهەنگەکانا ڕوویان لێنەدەنا کە بڕەقسێ، گۆرانی ئاشقێنیان لە حوزووریدا نەدەگوت، هیچ کەسێک بە خەونیش بیری لەوە نەدەکردەوە کە داخوازی بکات و زەماوەندی لە گەڵدا بکات، وەکو ئەوەی بیرکردنەوە لەو شتانە حەرام و ناکردەنی بێت.

ئەم ڕەوشە تا قەشە تازەکە هات بۆ ئەم شارە بەردەوام بوو. بابە یواکیم، لەو پیاوانە نەبوو، سڵ لە پارسایی و سیحر و جادوان، بە تایبەتی کە مەسەلەی ژنان لە ئارادا بوایە، بکاتەوە. ئالکساندرینا، بیست ساڵانی دەرباز کردبوو. ئافرەتێکی لاوازی باریکەلەی بەژن زراڤ بوو، بە کەپووە سەیر و چاوە بێ قەرارەکانیەوە، بە پێچەوانەی چوار خوشکەکەی دیکەیەوە، کە لەو گەورەتر بوون و لە گەڵ مێرد و لە ماڵی خۆدا دەژیان، هێشا دەگەڵ داک

و بابیا دەژیا. ئەو ڕێز وسام و هەیبەتە ئۆلییەی کە لە نێو خەڵکیدا هەی بوو، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سادە و ڕاستەوخۆ نەی ڕەواندبووەوە، لە تەنیایی و گۆشەگیرییەکی ترسناکدا دەژیا. جا چونکە ئەم کیژە عازەبەی ماڵباتی " کوریا " بە دەگمەن لە ماڵ وەدەر دەکەوت، تەنیا یەک شەمموان بۆ نوێژ و نزا وەدەردەکەوت، لە بەر ئەوەی لە کەمترین ئاهەنگەکاندا داوەت دەکرا (خەڵکی وایان وێنا دەکرد، ئەفسوونێکی ئەوتۆی هەیە، ڕوو بکاتە هەر کۆڕ و ئاهەنگێک ڕەنگە بەزم و خۆشیەکەیان لێ ببێ بە ناخۆشی) ماوەیەکی زۆر بووری تا قەشە تازەکە ئاشنایەتی دەگەڵدا پەیدا کرد.

دیارە جۆرە چاوبڕکێ وعاشقێنییەکی ژێراوژێر وهێواش لە نێوانیاندا، لە ژێر دار سێوە پڕ لق و پۆپەکانی مەیدانی کڵێساکە یان شەقام و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی کومبی دا دەستی پێکردووە، کە قەشەی کورتە باڵا و کچەی ئاو ناس بە ناچاری لەو شوێنانەدا تووشی یەکدی دەبوون و پاشان هەر کەسە و بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیی، ئیدی قەشەی چاوباز بە چاوە چکۆلە و بێ قەرارەکانی سەراپای کیژێی دادەبێژت و بە بزەیەکی شیرین ئەم چاوبازیە گۆساخەی خۆی دەشاردەوە.

دیارە یەکەم کەس کە سەری قسەی کردووەتەوە یارۆی قەشە بووە، لەگینە پرسیاری جەژن و ئاهەنگی شارەوانی کردبێ لە ڕۆژی ١٢/٨ ( ڕۆژی جەژنی مریەمی پاکیزە) یان بۆ لە ڕێ و ڕەسمی نوێژ و نزایاندا نای بینێ، یان پرسیاری چیرۆک و بەهرەی ئاودۆزییەکەی کردبێت. یان پرسیاری ئەو چیرۆکەی لێکردبێ کە دەربارەیان دەگێڕایەوە. دیارە ئەلکساندریناش بە هەمان ڕاشکاوی و بێ پەروایی تایبەتی خۆیەوە، بێ هیچ تەریق بوونەوەو لە ڕوو دامان و سوور بوونەوەیەک وەڵامی دەداتەوە، بەو جۆرە ئەو دیدارە ڕێکەوتەکییە، دیدارێن ڕێکەوتەکی دیکەی بەدووودا هاتووە، تا دیدارەکان لە دیداری ڕێکەوتەکییەوە دەبن بە دیداری جدی و باسی بویەرە ناوچەیی و لۆکاڵی و یاخییەکان و مەفرەزە گەڕۆکەکان و شەڕی نێوان چەتە وسەربازان و عاشقێنی و فسکە فسک دێتە ئاراوە، بەرە بەرە سڕی خۆ بۆ یەکدی هەڵدەماڵن و وێنەکە تەواو بەرجەستە دەبێت.

ئیدی هەموو خەڵکی کومبی لە ڕۆژێکی خۆشا، کەوتنە مقۆمقۆ دەربارەی ئەو گۆڕانکاریەی کە بە سەر ئالکساندرینا دا هاتبوو، کچێک بوو پێشتر پەیوەندی ئەوتۆی بە کڵێساوە نەبوو، کەچی لە ناکاوا بووبوو بە ئیماندارێکی تەواو عەیار. هەموو بەیانییەکی زوو دەبینرا کە مژوولی خاوێن کردنەوەی کورسی و تەختەکان، ڕازانەوەی میحرابەکە ومالینی بەر دەرگای کڵێساکەیە. پاشان جارو بار لە بەرماڵ و نشیمەنەکەی یارۆی قەشەدا دەبینرا، ئەو ماڵ و نشیمەنەی کە بە کۆمەکی خەڵکی شارۆچکەکە نۆژەن کرابووەوە، میچ و ساپیتەی بۆ دروست کرابوو، دەرگا و پەنجەرەی تێخرابوو.

ئەو ڕۆژە دەرکەوت کە پەیوەندی ئەم جووتە لە ماچ و ڕاموسان و پێکەنین و مجامەلە تێپەڕیوە کە ئەلکساندرینا، بە عەزمی جەزمەوە خۆی بەو مەیخانەیەدا کرد کە بابا یواکیم دوای بۆنەیەکی غوسلی تەعمید، دەگەڵ دەستەیەک هاوڕێی خۆیدا، پەنای بردبووێ وشەنگوڵ وخۆشحاڵ گیتاری دەژەند و پێک لە سەر پێکی هەڵدەدا، ئەلکساندرینا ڕاست چووە بەردەمی و بە تەشەرەوە گوتی: " هەستە، هەر ئێستا دوام بکەوە، زۆرت خواردووەتەوە. " کەشیشە چکۆل بێئەوەی ورتەی لێوە بێ، هەر هەستا ودوای کەوت.

وەختایەک مورشید بۆ یەکەمجار هاتە کومبی، ئەلکساندرینا چەند ساڵێک بوو لە خانەی ئەبرەشیە دا (نشیمەنی قەشە) دەژیا. هەوەڵجار بە بیانووی پەرستاری و خزمەتکردنی بابا یواکیم چووبووە ئەوێندەر، کە لە شەڕێکی

نێوان باندەکەی جواوە شەیتان و مەفرەزەیەکی سەر بە مێجەر ماسیدو کە بە ڕاوکەری باند ویاخیان بەناو بانگ بوو، گیری خواردبوو و لە شاری روسادیف بریندار بووبوو، ئیدی لە نشیمەنەکەی قەشەدا لەنگەری خست و ئیدی لەوێندەر مایەوە، پاشان سێ منداڵی بوو، خەڵکی بە منداڵەکانی ئەلکساندرینا ناویان دەبردن، خۆیشی بە پەرستارەکەی دون یواکیم ناوی دەرکردبوو. حوزووری ئەم ژنە ئارامی بە ژیانی یارۆی قەشە دابوو، هەرچەندە کابرای قەشە بە هیچ جۆرێ داب و نەریتی خۆی نەگۆڕی بوو. وەختایەک یارۆی قەشە زیاد لە پێویستی دەخواردەوە بەلەسە دەبوو، خەڵکی شارەکە ئەلکساندرینایان ئاگادار دەکردەوە. هەرکە ئەلکساندرینا دەردەکەوت، یارۆی قەشە ئەگەر سیا مەستیش بووایە، دەم ودەست هێور دەبووەوە وعەیبی نەدەما. ڕەنگە هەر لە بەر ئەمەش بووبێ کە خەڵکی شارەکە، بێ چەند و چوون پەیوەندی نێوان ئەم جووتەیان تەحەمووول دەکرد. وەختایەک مورشید یەکەمجار هاتە کومبی، ئەلکساندرینا بە ڕادەیەک لە لای خەڵکی شار پەسند بوو کە تەنانەت داک وبابی و براو خوشکەکانی لە ماڵەکەی قەشەدا هاتوچۆیان دەکرد و بێهیچ شەرم و شوورەییەک منداڵەکانی ئەویان بە نەوەو خوشکەزای خۆ دەزانی.

بۆیە وەختایەک ئەو پیاوە (مورشید) درێژ داهۆڵ و چاو پرشنگدار وقژ درێژە مەسیح ئاسایەی کە جبەیەکی وەنەوشەیی تۆخی لەبەر بوو، لە یەکەم وەعزی خۆیا لە مینبەری کڵێساکەی کومبی یەوە، کە بابە یواکیم بەدەم بزەیەکی میهرەبانەوە ڕێی دابوو سەر بکەوێتە سەر ئەو مینبەرە، کەوتە سەرکۆنە کردنی قەشەێن بەدکار، وەکو ئەوە بوو بۆمبێک لە کڵێساکەدا تەقێنرابێتەوە. بێدەنگیەکی پرسە ئاسا باڵی بە سەر کڵێساکە و خەڵکەکەدا کێشا. هیچ کەسێک تەمەشای "دون یواکیم "ی کە لە ڕیزی پێشەوە ڕۆنیشتبوو نەکرد. یارۆی قەشە چاوەکانی، کە گڕی ڕقیان لێدەبووەوە، کردنەوە، بەبێ ئەوەی لە جێی خۆی بجولێت، ڕێک دەیڕوانیە بەردەم خۆی، دیار نەبوو دەیڕوانیە پەیکەرە لە خاچ دراوەکەی مەسیح، یان بیری لە شەرمەزاری خۆی دەکردەوە. خەڵکەکە تەمەشای " ئەلکساندرینا کوریا " شیان کە لە ڕیزی سێیەمدا دانیشتبوو نەدەکرد. ئەو بە پێچەوانەی دون یواکیمەوە، بە دڵ و بە گیان دەیڕوانیە یارۆی واعیز، ڕوخساری وەکو ڕوخساری مردووان زەرد هەڵگەڕابوو. وا دیاربوو، مورشید و پیاوی خوا، دوای ئەوەی ناحەز و نەیارانی جووتە عاشق گلەیی و سکاڵایان لە لای کردبوو، بۆ کومبی هاتبوو. بە کاوەخۆ و ڕاستەوخۆ، بە دەنگێک کە لە بەینی دیوارەکان و میچە گومەزییەکەوە دەنگیدەدایەوە، لە عەلەیی ئەو بە ناو خواناسانە دەدوا کە لە ژێر پەردەی جل و بەرگی ڕوحانیەتەوە، هەر خوڵام و ئەڵقە لە گوێ و کلکی شەیتان بوون. بێهیچ سڵکردنەوەیەک، هەموو گوناحەکانی دون یواکیمی یەک یەک ژمارد: شەرمە بۆ ئەو قەشانەی کە لە ژێر پەردەی روحانیەتەوە، لە جیاتی نموونە و سەرمەشق بن بۆ چاکە و میانڕەوی، تا ڕادەی بەدمەستی بیراندی هەڵدەقوڕێنن، کە لە جیاتی بە ڕۆژوو بوون و قەناعەت و کەمخۆری، خەریکی سک لەوەڕێنن، لە کاتێکا خەڵکانێک دەبینن، قەت نانی وشک و پێخۆرێکیان ناگاتە یەک. کە سوێندی داوێن پاکی دەخۆن و پاشان لە بیری خۆی دەبەنەوەو دەور وخولی ژنان دەدەن ، لە جیاتی ئەو ژنانە بەرەو دنیای مەعنەویات ڕێنوێنی بکەن، گومڕایان دەکەن و لە ڕێیان دەردەکەن و روحی داماویان ڕادەستی شەیتانی بەر دەرگای دۆزەخ دەکەن.

وەختایەک خەڵکی شارەکە جورئەتیان پەیدا کرد کە ژێراوژێر تەمەشای قەشەکەیان بکەن، سەیریان کرد هێشتا لە هەمان جێگا ڕۆنیشتووە، هێشتا چاوی بڕیوەتە پێش خۆی و ڕوخساری بووە بە چەوەنەری سوور.

ئەوەی ڕوویدا – بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بوو بە باس و خواسی خەڵکی شارەکە – نەیکردە کارێک کە مورشید ئەو ماوەیەی کە لە کومبی مایەوە، لە سەر وەعزەکانی خۆی لە کڵێسای نوساسینیورا بەردەوام نەبێت. لە

دیدارەکەی دیکەیدا کە دوای چەند مانگێک دەگەڵ گرووپێکی بژاردەدا هاتەوە، یان دەرفەتەکانی دیدا لە ساڵانی دواترا، هەرگیز دەستبەرداری وەعزدان لە کلێسای ناقبریدا، نەبوو. تاقە شتێک کە گۆڕا ئەوە بوو کە دون یواکیم بۆ وەعزەکانی نەدەهات. لێ ئەلکساندرینا دەهات بۆ کلێسا. بەردەوام لەوێ و لە ڕیزی سێیەمدا دادەنیشت. بە لووتە بەرزەکەیەوە، بە دڵ وبە گیان گوێی لە قسەکانی مورشید دەگرت کە نەهی لە دەوڵەمەندی دنیایی و زیادە مەسرەفی دەکرد و بەرگری لە ژیانی سادە وساکار دەکرد وداوای دەکرد کە لە ڕێگەی قوربانی و نوێژ و نزاوە ڕوح بۆ مردن ئامادە بکرێ. ئەم ئاودۆزەی جاران، بەرەبەرە جۆش و خرۆشێکی گەرم وگوڕی ئۆلی لەلا دروست بوو. لە شەمایلخانەکانی سەر جادەکاندا مۆمی دادەگیرساند، بە سەعاتان لە هەنبەر میحرابدا چۆکی دادەدا و بە قووڵی لە فکران ڕادەچوو، ڕێ و ڕەسمی شوکرانە و دوعاخوانی بە کۆمەڵی بەرپا دەکرد. ڕۆژێک بە سەرپۆشێکی ڕەشەوە، چاوە زارێکی، کە وێنەی مەسیحی بەسەرەوە بوو، لە بەرۆکی دابوو، بۆ کلێسا هات. ئیدی دەنگۆیەک کەوتبووە سەر زاران کە هەرچەندە ئەو و بابا یواکیم، هێشتا لە یەک خانوودا دەژیان بەڵام هیچ بێ ئەمرییەکی خوا لە نێوانیاندا ڕووی نەداوە.

بەڵام کە خەڵکی شار هەندێجار پرکێشیان دەکرد وهەندێ شتیان لە بابا یواکیم دەربارەی ئەلکساندرینا دەپرسی، خۆی لە گێلی دەدا و بابەتەکەی دەگۆڕی. هەرچەندە هێشتا خۆش دەژیا،بەڵام پەیوەندی دەگەڵ ئەو ژنەدا کە لەگەڵیا دەژیاو دایکی منداڵەکانی بوو، تەواو گۆڕا. ڕەفتاریان لە بەرچاوی خەڵکیدا، ئەوەندە بە ئەدەبانە بوو، لە ڕەفتاری دوو کەسی نەناس دەچوو. مورشید هەندێ هەستی گۆنگی لە لای یارۆی قەشە دروستکردبوو کە نەدەهاتە دیاری کردن. ئایا لەم کابرای مورشیدە دەترسا، ڕێزی دەگرت، بەغیلی پێدەبرد، یان دڵی پێی دەسووتا؟ لە حەقیقەتدا هەرکاتێ مورشید بۆ شار دەهات بابا یواکیم دەرگای کلێساکەی بۆ دەکردەوە، لە بەردەمیا ئیعترافی دەکرد، عەشای ڕەبانی بۆ ساز دەکرد، بە درێژایی ئەو ماوەیەی مورشید لەوێندەر دەمایەوە، ئەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشڕەفتاری و میانڕەوی دەنواند.

لە دوای سەفەری مورشید بۆ کومبی، وەختایەک ئالکساندرینا کوریا، دەستبەرداری هەموو شتێک بوو و بە گەڵ موریدەکانی ئەو کەوت، لە هەموو شارەکەدا تاقە کەسێک کە نەحەپەسا و خۆی شلوێ نەدەکرد، بابا یواکیم بوو.

***

پێی وابوو لە ژیانیا لە مردن نەترساوە و ئێستاش لێی ناترسێت. بەڵام دەستەکانی دەلەرزین، تەزوویە بە مۆرەغەی پشتیا دەهات و دەچوو. بەردەوام خۆی لە ئاگرەکە نزیک و نزیکتر دەکردەوە تا ناخی یەخبەستەی گەرم بکاتەوە. وێڕای ئەمەش ئارەقەی کردبووەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " گال خەریکە لە ترسا زیڕەی مەرگ دەکەی." ئەم دڵۆپە ئارەقە درشتانە، ئەم هەڵ لەرزینە، ئەم هەستە ساردە و ئەم ڕاجفرینە، نیشانەی ترس و لەرزی پیاوێکە کە ترسی مەرگی لێنیشتبێت. تۆ ئەی هاوڕێی کۆن، خۆت بە باشی ناناسیت." یانی گۆڕابوو؟ ئاخر دڵنیا بوو کە لە گەنجیا هەرگیز ئەم هەستەی لە لا نەبووە. لە زندانی پاریسدا، وەختێک چاوەڕێی دەستڕێژی مەفرەزەی ئیعدام بوو، یان لە بەرشەلۆنە لە خەستەخانەدا، کە بورژوا گەوجەکان چارەسەریان دەکرد تا چاک ببێتەوەو وەختایەک بە عامودێکەوەیان بەست تا بە تەوقێکی ئاسن بیخنکێنن، ساغ وسەلامەت وسەرحاڵ دیاربێ. چیوای بۆ مردن نەمابوو: گالیلو ئەجەلت نزیک بووەتەوە. ئایا لەو دەمە هەستیارەدا، کێری هەڵدەستا؟ ئاخر وەکو دەیانگێڕایەوە، ئەو خەڵکانەی دەخنکان یان لە سەریان دەدرا، ئەو حاڵەیان لێدەهات. ئەم قەناعەت و باوەڕە

که زادەی ترس بوو، حەقیقەتی پەیوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان مەیل وئارەزووی سێکسی وئاگایی بە مەرگی، دەشاردەوە. ئەگەر شتی وا لە ئارادا نەبووایە، ئەوەی ئەم بەیانیە ڕووی دابوو، ئەوەی تۆزێ لەمە پێش، نا چەند سەعاتێ لەمەوبەر ڕوویدابوو، ڕووی دەدا؟ شەو بوو، ئاسمان ئەستێرە باران بوو، دەتگوت بە بار ئەستێرەی پێوە کراوە. بیری کەوتەوە کە وەختایەک لە پانسیۆن و ژێرزەمینەکەی کیماداس بوو، بڕیاری دابوو وتارێک بۆ ڕۆژنامەی (پریشکی شۆڕش) بنووسێت و ئەوە ڕوون بکاتەوە کە دیمەنی ئاسمان لەم محاڵە زۆر هەمە ڕەنگتر و جۆراوجۆرترە لە دیمەن و ئاسۆی زەوی و، ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بێگومان ئەم تایبەتمەندییە کاریگەرییەکی بنجبڕی لە سەر مەیلی ئاینی وئۆلی خەڵکەکە هەیە. دەیتوانی دەنگی هەناسەی جورما کە تێکەڵ بە ترقەترقی ئاگرەکە دەبوو، بژنەوێ. بەڵێ ئەوەی کە بووبوو بە مایەی ئەوەی پەلاماری ئەم ژنە بدات و لە ڕۆژێکا دوو جار سواری بێت، هەستکردن بە نزیکی مەرگ بوو. دەبیرەوە چوو: " پەیوەندییەکی سەیرە، لە نێوان ترس و ئارەزووی سێکسی دا، هەر ئەوەیە تەواو. باشە بۆ کاتێ کە کایفاس خەریک بوو دوا گوللەی پێوە بنێ، ئەم ژنە ( جورما ) فریای کەوتبوو و ڕزگاری کردبوو؟ بۆچی یارمەتی دابوو تا سواری قاترەکە ببێت، دەرمانی کردبوو، بە گەڵی کەوتبوو و بۆ ئێرەی هێنابوو؟ بۆچی ئەو ڕەفتارەی لە گەڵ کەسێکا دەکرد، کە دەبوایە بیکورهێنێ؟

حایر وحەپەساو، ئەو پێویستیە لە ناکاو و هەوسار پچڕیوەی وەیاد دەهێنایەوە. لەو دەمەدا قاترەکە بە چوار ناڵە دەڕۆیی و لە ناکاوا گلا بوو وهەردووکیان کەوتبوون. دەبیرەوە چوو " دیارە دڵی ئەو حەیوانە وەکو هەناری گەییو تەقی بوو" . چەند لە کیماداس دوور کەوتبوونەوە؟ ئایا ئەو ڕوبارە چکۆلەیەی خۆی تیا شۆردبوو و برینەکەی بەستبوو، ریودپیکس بوو؟ ئایا لە (ریاتسو دایونا ) تێپەڕی بوون، یان هێشتا نەگەیی بوونە ئەوێندەر؟

کۆمەڵێک پرسیار لە زەینی جەنجاڵیا هاڕوژا بوو، بەڵام ترسەکەی ڕەوی بووەوە. ئایا لەو دەمەدا کە ئەسپەکە گلابوو وئەو هەستی کردبوو کە خەریکە بەر دەبێتەوەو بە ئەرزەکەدا غل دەبێتەوە زۆر ترسابوو؟ بەڵێ. هۆیەکەشی: ترس بوو. ئەم بیرە لە ناکاوەی کە قاترەکە لە ماندوویەتی دا نەپسابوو، بەڵکو بە هۆی ئەو گوللەیەوە مردار بووبووەوە کە چەند چەتەیەکی بە کرێگیراو لە پەناوە پێوەیان نابوو تا بیکەن بە جەنازەیەکی ئینگلیزی. دەبێ مەسەلەکە ئاوا بووبێ. کە لەو کاتەدا خۆی دابوو بە سەر ئەو ژنەدا کە دەگەڵ ئەودا کەوتبوو وبە ئەرزەکەدا غل دەبووەوە، لە بەر ئەوە بوو کە بە غەریزە لە پەنایەک گەڕاوە. ئایا جورما بە شێتی دەزانی، یان شەیتان چووبووە کەوڵییەوە، کە لەو هەل و مەرجەدا، لەو دەمەدا، بەو حاڵەوە سواری بێ. تەحا لەو نائومێدییەی کە لە چاوانی ئەو ژنەوە پرشنگی دەدا، لەو دالەرزینەی بە ئازایدا دەهات، وەختایەک بە دەست کوتانەکانی گال دا کە چنگی لە جلەکانی دەنا بۆی دەرکەوت چ نیازێکی هەیە وچی لەو دەوێ.

ئەمجارەیان هیچ بەرگرییەکی نەکردبوو، بەڵام بێزاری وبێ موبالاتیەکەشی نەشاردبووەوە. تەحا لەو خۆ ڕادەستکردنە خامۆشەی ئەو ژنە، کە لە زەینی گال دا نەخش بووبوو. لە کاتێکا لە عاردی کەوتبوو، گێژو وێژ، پەرێشان بیر، شتێک تێی وروکا بوو، پێدەچوو شەهوەت، یان ترس یان نیگەرانی یان گومان، یا نکۆڵی کردن بێ لەو تەڵەیەی کە خۆی تیا دەبینی. لە پشت پەردەی ئارەقەوە، بەدەم ئازاری برینەکانی شان و ملیەوە کە لەوە دەچوو کولابێتەوەو گیانی دڵۆپ دڵۆپ لەو زامانەوە دابچۆڕێ، جورمای لە تاریکی ئەنگوستە چاودا بینی کە بە دیار قاترەکەوە دانیشتبوو چاو ودەمی دەکردەوە. ئەوسا لە کاتێکا لە ئەرزەکە ڕاکشابوو، دووبارە جورمای بینی هەستا، برێک چڵ و چێوی کۆکردەوە و ئاگرێکی کردەوە. ئەوسا بە بێئەوەی هیچ شتێک بەم (گال) بڵێت، کێردێکی درێژی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا و هەندی گۆشتی لە لا تەنیشتەکانی قاترەکە بڕی، لە شیشی دارینی

دا و خستیە سەر ئاگرەکە تا بیبرژێنێت. ئیدی وەکو ئەوە بوو کارێکی ئاساییماڵەوە ئەنجام بدات، وەکو ئەوەی هیچ بویەرێکی نائاسایی ڕووی نەدابووبێ، ، وەکو ئەوەی واریقاتەکانی ئەو ڕۆژە هەموو ژیانیان نەگۆڕی بێ. دەبیرەوە چوو: " ژنان ئاڵۆزترین بوونەوەرانی ئەم دنیایەن" لە فکران ڕاچوو: " قەدەرین، بە جۆرێ پەروەردە بوون کە هەر شتێ ژیان بە سەریاندا بێنێ، چ خراپ و چ باش، چ ترسناک وەکو خۆی قەبووڵی بکەن. " ئەوسا لە دڵی خۆدا گوتی: " تۆ بۆ ئەو ترسناکی."

دوای کەمێک توانی دانیشێت و چەند قومە ئاوێک بخواتەوە و بە زەحمەتێکی زۆر، بە هۆی ئازاری گەرویەوە، چەند پلێک لە گۆشتە برژاوەکە بجاکێنێ. گۆشتەکەی زۆر لە لا خۆش و بە لەزەت بوو، لەو کاتەدا کە مژوولی خواردن بوو، بەو خەیاڵەی کە بێگومان، ئەو بویەرانەی کە پێشهاتبوون، جورمایان گێژ و سەراسیمە کردبوو، هەوڵی دابوو هەموو شتێکی بۆ ڕوون بکاتەوە: ئەم ئیپامینوداس گونسالوڤسە کێ بوو، تەگبیر و پێشنیازی سەبارەت بە چەکەکان چی بوو و، چۆن ئەم گونسالوڤسە نەخشەی هێرشەکەی بۆ سەر کوختەکەی روڤینو کێشابوو، تا ئەو تفەنگانەی کە خۆی کڕی بوونی، بدزێ و پاشان ئەو، واتە گال بکوژێت، چونکە پێویستی بە جەنازەی پیاوێکی سوور وسپی قژ سوور هەیە. بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت کە جورما هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە ئەو بۆی دەگێڕایەوە، بە هیچ جۆرێ خەمی ئەو نییە و وادەزانێ گوێزی بۆ دەژمێرێت. جورما بەدەم گوێگرتنەوە، بە ددانە ورد و یەکدەستەکانی گازی لە گۆشتەکە دەگرت ومێشەکانی لێ پاس دەکرد، بێئەوەی شتێک بنوێنێ کە لە قسەکانی تێدەگات، یان بێئەوەی تاقە پرسیارێک بکات، جار جار نیگای لە نیگای هەڵەنگوت، ئەو نیگایانەی کە بەرەبەرە لە تاریکی دا نقوم دەبوون و دەیانکردە کارێک کە گال هەست بە جۆرە حەماقەتێک بکات. دەبیرەوە چوو: " بە ڕاستی من کەودەنم ".

بەڵێ کەودەن بوو، زۆر بە چاکی و بە کردەوە ئەم حەقیقەت و ڕاستیەی سەلماندبوو. حەقی خۆی بوو لە هەر دوو لایەنی ئەخلاقی و سیاسییەوە بە گومان بێ، گومان لەوە بکات کە بابایەکی بورژوای فرە خولیاو تەماح کە بتوانێ داو بۆ دژمنەکەی بنێتەوەو پیلانێکی ئەوتۆیان لێ بگێڕێ کە بگاتە تفەنگ و تفەنگ کاری، دەتوانێ بە هەمان ئاسانی پیلانگێڕی لە ئەویش بکات. جەنازەیەکی ئینگلیزی! بە گوتەیەکی دی ئەوەی گونسالوڤس دەربارەی تفەنگەکان گوتبووی نە هەڵە بوو، نە هەڵەی زمان و لە دەم دەرچوون بوو. بە گالی گوتبوو تفەنگەکانی فەرەنسین، لە کاتێکا سوور دەیزانی کە ئینگلیزین. گالیلو کە گەیی بووە کوختەکەی روڤینو پەی بەمە بردبوو، ئەو کاتەی کە سەندووقە تفەنگەکانی لە عەرەبانەکە بار دەکرد، نیشانە و مارکەی کارخانەکەی بەرچاو کەوتبوو: " لیڤەرپول ١٨٩١ " کە ئەو خاڵەی بۆ بە دیار کەوتبوو بە شۆخییەوە بە خۆی گوتبوو: " ئەوەندەی من بزانم تا ئێستا فەرەنسا پەلاماری ئینگلیزی نەداوە. ئەمانە تفەنگی ئینگلیزین، نەک فەرەنسی."

تفەنگێن ئینگلیزی، جەنازەیەکی ئینگلیزی. گونسالوڤس چ ئۆینێکی لە ژێر سەردا بوو؟ بە ئاسانی وێنای دەکرد: پیلان و نەخشەیەکی بێ بەزەییانە، بێ پەرواو بێباکانە، تەنانەت هۆشیارانە وزیرەکانە " . دووبارە نیگەرانی تەنگی پێ هەڵچنی و تێی وڕوکا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئاخری دەمکوژێ. " ئێرە بۆ ئەو شوێنێکی نادیار بوو، بریندار بوو، چونکە بێگانە بوو، هەرکەسێک دەیتوانی پەیگیری بکات وشوێن پێی هەڵگرێت. لە کوێ خۆی وەشێرێت؟ لە کانودوس؟ بەڵێ، بێ چەند و چوون. ئەوێ بۆ ئەو ئەمین بوو، یان بە لای کەمەوە بە داخی ئەوەوە نامرێت کە کەسێکی کەودەن بووە. ئەم بیرەی بە مێشکا هات: " کانودوس، پەنات دەدات هاوڕێ. "

له سەرما لەرزی لێهاتبوو، شان و مل و سەری دەیەشا. بۆ ئەوەی لەوە پتر بیر لە برینەکانی نەکاتەوە، هەوڵیدا بیر لە قۆشەنەکەی مێجەر ( فبرو نیودی بریتو ) بکاتەوە. ئایا لە کیماداس وە بەرەو مونتە سانتو بەڕێ کەوتبوو؟ ئایا پێش ئەوەی بگاتە شوێنی مەبەست، ئەو شوێنەیان تەخت دەکرد؟ دەبیرەوە چوو: " گوللەکە لە لەشما نەماوەتەوە، پێستەکەی نەبڕیم، تەنیا ئاگرەکەی پێستەکەمی هەڵکوڕوزاندووە. دیارە فیشەکەکە زۆر بچووک بووە، وەکو فیشەکی دەمانچە بچووکەکەی کە هەر بە کەڵکی ڕاوە کێشکان دێت." زامە قووڵەکە، برینی گوللە نەبوو، بەڵکو زامی چەقۆ بوو، زۆر ڕۆچووبوو، دەمار و وردە دەماری گرتبوو، سوێی ئازارەکە دەگەییە هەر دوو گوێی، چاوەکانی و پشت ملی. تەزووی سارد و گەرم لە تەپڵی سەریەوە دەهات و دەگەییە بنی پێی. گال ناکا بە تەمای مردن بی؟ لە ناکاوا بەفر بارینی ئەوروپای بیر کەوتەوە، ئەو دیار ودەڤەرە لە چاو ئەم محاڵ و تەبیعەتە کێویەدا چەند ئارام و ماڵی بوو. دەبیرەوە چوو: " لە هەموو ئەوروپادا جوگرافیایەکی وەکو ئەمە زبر و دژمنانە هەیە؟" لە باشووری ئەسپانیا، لە تورکیا و، هەڵبەتە لە رووسیا. هەڵاتنەکەی " باکونین " ی بیرکەوتەوە، دوای ئەوەی یازدە هەیڤی خشت بە زنجیر بە دیواری زندانەکەیانەوە بەستبوو. باوکی لە باوەشی گرتبوو و بویەر وماجەراکەی بۆ گێڕایەوە: سەفەرە داستان ئاساکەی بە سەرانسەری سیبیریادا، بە ڕوباری ئامور، کالیفورنیا و پاشان گەڕانەوە بۆ ئەوروپا. هەرکە گەیی بووە لەندەن ئەم پرسیارە گەرمە بەرۆکی گرتبوو: " لەم مەملەکەتەدا سەدەف (گوێچکە ماسی) دەست دەکەوێ؟ " میوانخانەکانی قەراخ جادەکانی ئەوروپای وەبیر هاتەوە، کە هەمیشە ئاگردانەکان پێ بوون، شۆربا و سوپی گەرم ئامادە بوو، ڕێبوارانی دی بەدەم سەبیل کێشانەوە هەواڵی ڕۆژ و واریقاتی سەفەریان دەگێڕایەوە. ئەوسا لە دڵی خۆدا گوتی: " نوستالیژاو ڕابردوو دۆستی، نیشانەی ترسنۆکییە گال."

خەریک بوو جڵەوی بۆ خۆی شل دەکرد کە لە خەیاڵەوە بچێت و بەزەیی بە خۆیدا بێتەوە. شەرم لە خۆت بکە گال! هێشتا فێری ئەوە نەبوویت کە بە شانازی و سەرفرازییەوە بمریت؟ چ فەرقێکی دەکرد ئەمە لە ئەوروپا یان بەرازیل، یان هەر گۆشەیەکی دیکەی ئەم دنیایە بێت! مەگەر هەمان ئاکام نەدەبوو؟ دەبیرەوە چوو: " لێکدابڕان، جیابوونەوە، پەراگەندە ڕزین و بۆگەن بوون، زاوزێی کرمان، ئەگەر دالاشان دەوری خۆیان نەگێڕابا، ئێسک پەیکەر دنیایان پڕ دەکرد." دەبیرەوە چوو: " هەم تات لێیە، هەم خەریکە لە سەرما دەمریت، بەمە دەڵێن تاو و لەرز." ئەمە نە ترس بوو، نە ساچمەی ڕاوە کێشان و نە برینی کێردەکە: نەخۆشی بوو. چونکە تەنانەت پێش ئەوەش کە کابرای چەرمینە پۆش پەلاماری بدات، وەختایەک لەو مەزرایەدا کە دەگەڵ ئیپامینوداس گونسالوڤس دا بوو، هەستی بەوە کردبوو کە حاڵی باش نییە. گیانی مێرووله دەکات و شتێک بە ئازای بەدەنیا بڵاو دەبێتەوەو تەشەنە دەکات. مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە زۆر خراپ بریندار بووبوو، بەڵکو نەخۆش بوو. ئێ هاوڕێ دێرین، ئەمەش شتێکی تازەیە لە ژیانتا. دەبیرەوە چوو: " حوکمی قەدەرە کە بەر لە مردن دەرسەکانت تەواو بکەی، بۆیە گیرۆدەی هەندێک شتانی کردوویت کە پێشتر نەتجەڕباندوون. " هەوەڵ دەستدرێژی بۆ سەر نامووسی ژنان و ئێستاش نەخۆشی. ئاخر بیری نایەت کە قەت نەخۆشی بە خۆیەوە دیتبێ، تەنانەت لە منداڵیشیا. بریندار بوون؟ با، بریندار بووبوو، چەند جارێک، زۆر بە سەختیش، وەکو ئەو جارەی کە لە بەرشەلۆنە بوو. بەڵام نەخۆشی؟ قەت نەخۆش نەکەوتبوو. هەستی دەکرد لەوەیە لە هەر ئان وساتێکا ببورێتەوە، باشە ئەم هەوڵی بیرکردنەوەیەی لە پای چی بوو؟ ئەم بیرەی کە تا بیربکاتەوە هەیە و نامرێ چ مانایەکی هەبوو؟ لە ناکاوا هەستی کرد کە جورما ڕۆییوە. بە ترسەوە گوێی هەڵخست. هێشتا لە دەستە ڕاستی خۆیەوە، گوێی لە هەناسەی بوو. ئیدی نەیدەبینی چونکە ئاگرەکە بە تەواوەتی کوژابووەوە.

هەوڵیدا ورەی خۆی بەرز بکاتەوە، زات وەبەر خۆی بنێ، هەرچەندە دەیزانی کە ئەمە کارێکی بێهودەیە، لە بن لێوانەوە گوتی هەل ومەرج و ڕەوشی ناهەموار، شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە سارد ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر بۆ تێکۆشانی هاندەدات. بە خۆی گوت گوتارێک بۆ ڕۆژنامەی (پریشکی شۆڕش) دەنووسێت ولەو نووسینەدا ئاماژە بە لێکچوونی نێوان بویەر و واریقاتەکانی کانودوس و گوتارەکەی باکۆنین بۆ سەعاتسازان و پیشەوەرانی شاری (لاشود فون) و دۆڵی " سان ئیمییر " دەکات، کە باکونین لەو گوتارەدا، بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی مارکسەوە، گوتبووی ڕاپەڕین وشۆڕشی گەورە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازیەکاندا ڕوو نادات، بەڵکو لە وڵاتانی پاشکەوتوی کشت وکاڵیدا، کە جەماوەری جووتیارانی کڵۆڵ هیچیان نییە لە دەستی بدەن بۆ نموونە وەکو ئەسپانیا، ڕووسیا و تەنانەت بەرازیلش ڕوو دەدات.

ئەو سا لە دڵی خۆیدا ئیپامینوداس گونسالوڤسی بەر دەمرێژی جنێو و سخێفان دا: " هەی بۆرە پیاوی بۆرژوا، هەموو نەخشە وپیلانەکانت پشتە وشار دەبنەوە، ڕیسەکەت دەبێتەوە بە خوری، دەبوایە ئەو کاتانەی لە بەردەستت دا بووم بتکوشتبام، لە سەر بانیژەی کۆشکەکەی ناو مەزراکەتدا بتکوشتبام. من چاک دەبمەوە، بە کەماڵی ئیسراحەت هەڵدێم. " چاک دەبیتەوە، هەڵدێت و ئەم ژنە گەنجە دەبێ بە دەلیل و بەڵەدی، قاترێک دەدزێ و لە کانودوس دا، دژایەتی هەر شتێک دەکات کە ئێوەی بورژوا مومارەسەی دەکەن: خۆپەرستی، بەدڕایی، گومان، چاوچنۆکی، تەمەعکاری و ئاڵچاغی...

## بەشی دووەم

( ١ )

هەرچەندە ئێوارە خەریک بوو باڵی بە سەر دنیادا دەکێشا، بەڵام دەقی گەرمای ڕۆژ هێشتا نەشکابوو، بە پێچەوانەی شەوانی دیکەی هاوینانەوە، تەنانەت شنە بایەکیشی نەدەهات. سلڤادور، لەو تاریکیەدا لە گەرما، گڕی لێدەبووەوە. دنیا تاریک ونوتەکە، چونکە بە ئەمری شارەوانی چرا غازیەکانی سەر جادەکان لە نیوەشەو بە دواوە دەکوژێنرانەوە. هەروەها چرای ماڵی شەو بێدارانیش، نزیکەی سەعاتێ پێشتر کوژێنرابوونەوە. تەنیا پەنجەرەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەی جورنال نوتیسیاس، بە بەرزاییەکانی شارە کۆنەکەوە، هێشتا ڕوناک بوو. ئەم ڕۆشناییە چاوی دەخستە ڕەشکە وپێشکە و دەیکردە کارێ کە ناوی ڕۆژنامەکە کەبە خەتێکی گوتیکی جوان بە جامخانەکەی بەردەم بیناکەوە نووسرابوو، بە زەحمەت بخوێنرێتەوە.

لە دەرێ ڕا، لە بەردەم بیناکەدا گالیسکەیەکی بچووک وەستاوەو گالسیکەچیەکە وئەسپەکە هەردووکیان کەوتبوونە وەنەوزدان. بەڵام پیاوەکانی ئیپامینوداس گونسالوڤس، هێشتا بێدارن، ئانیشکیان داداوەتە سەر ئەو دیوارەی دیار ئەو خەرەندەی تەنیشت بینای ڕۆژنامەکە وسەبیل دەکێشن. بە ئەسپایی قسان دەگەڵ یەکدی دەکەن وئاماژە بۆ شتێکی خوارەوە دەکەن. لە خوارەوە هەیکەلە زەلامەکەی کڵێسای (نوسا سینیورادی گونسیایو داپرایا) وکەنارە کەفاویەکەی دەریاکە لە تاریکیدا نقوم بووبوو و بە ئاستەم فەرق دەکرا. دەورێی پۆلیسی سوارە تۆزێ لەوەپێش بەوێندەرا ڕەت بووبوو و تا سپێدە لەم ڕێگایەوە نەگەڕانەوە.

له ژوورەوە، له هۆڵه گەورەکەدا که هەم نووسینگه وهەم ژووری نووسەر و پەیامنێرەکان بوو، ڕۆژنامەوانێکی گەنج، لاواز، ناحەز که عەینەکێکی جام ئەستووری تایبەت به نزیکبینی له چاو بوو و پەیتا پەیتا دەپژمی و ڕژد بوو له سەر ئەوەی له جیاتی به قەڵەمی کانزایی بنووسێت، به پەڕە مووچ دەینووسی، ئەمە کردبوویه کارێک ببێت به مایەی پێکەنینی هاوکارەکانی. به تاقی تەنیا دانیشتووە. به سەر مێزەکەدا دانەویوەتەوە، به پەله دەنووسێت، سەرە دزێوەکەی له بەر ڕۆشنایی چرا نەوتیەکی بچووکدا به حاڵ دیارە، به شێوەیەکی ناڕەحەت له پشت مێزەکەوە دانیشتووە، بلەز خەریکی نووسینە وتەنیا ئەو کاتە سەر هەڵدەبڕێ که بیەوێ پەڕە مووچەکەی به شووشە مەرەکەبەکەدا بکات، یان بۆ بابەتێک تەمەشای دەفتەرێکی چکۆلەی تێبینیان بکات، که هێندە له چاوی نزیکی دەکاتەوە، بەرچاوی دەکەوێ. خشە خشی قەڵەمەکەی تاقە دەنگی شەوە کپەکەیە. دەریا ئەمشەو بێدەنگە، نووسینگەکەی خاوەن وسەرنووسەری ڕۆژنامەکە، هەرچەندە ڕوناکە، بەڵام ئەویش تەواو بێدەنگە، پێدەچێ ئیپامینوداس گونسالوڤس، له پشت مێزەکەیەوە خەوی لێکەوتبێ، بەڵام ڕۆژنامەوانه نزیکبینەکە، وەختایەک دوا وشەی وتارەکەی دەنووسێت وبلەز ژوورە گەورەکە دەبڕێ وخۆی به نووسینگەی سەرۆکی (حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری) دا دەکات، دەبینێ که بێدارەو چاوەڕوانی ئەو دەکات، هەردوو ئانیشکی ناوەتە سەر مێزەکە و دەستەکانی تێک هاڵاندوون. که یارۆی ڕۆژنامەوان دەبینێ سیما ئەسمەر و ڕوخسارە ڕەق و تەقەکەی دەگەشێتەوە، سەر وسیمای گوزارشت لەو تاقەت و توانایە دەکات که دەتوانێ شەوانی دوور و درێژ، به بێئەوەی چاو لێکبنێ، له کۆڕ و کۆبوونەوانی سیاسی به سەر بەرێ و ڕۆژی دواییش به بێهیچ نیشانەیەکی ماندوویەتی له سەر کاری خۆی بەردەوام بێ. به دیتنی ڕۆژنامەوانەکه سیمای هێور دەبێتەوە، وەکو ئەوەی له دڵی خۆیدا بڵێ: "باش بوو، ئاخری هات." له بن لێوانەوە دەڵێت: " تەواوت کرد."

-"بەڵێ " ڕۆژنامەوانه نزیکبینەکه کاغەزەکانی بۆ درێژ دەکات.

بەڵام ئیپامینوداس گونسالوڤس، کاغەزەکانی لێوەرناگرێت. دەڵێت: "باشتر وایه به دەنگی بەرز بۆمی بخوێنیتەوە، به گوێگرتن باشتر له جەوهەر و ناوەڕۆکەکەی حاڵی دەبم. بڕۆ لەوێ، لەلای چراکەوە دانیشه."

هەرکه یارۆی ڕۆژنامەوانی نزیکبین، دەیەوێ دەست به خوێندنەوە بکات، شەپۆلێک پژمە گرتی، یەکەمجار یەک پژمە، نەخێر بوو به دوو، ئیدی بوو به زنجیرەو ئەنجام ناچار بوو، عەینەکەکەی دابکەنێ و به هەمان تەڕدەستی سیحربازانەوە، دەستەسڕێکی گەورە له ئاسینی چاکەتەکەیەوە دەربێنێ و به دەم و لووتیەوە بگرێت.

به عوزرخواییەوە دەڵێت: " هی ڕتوبەتی ئەم هاوینەیە." و دەم و چاوە هەڵاوساوەکەی دەسڕێ. ئیپامینوداس گونسالوڤس قسەکەی پێدەبڕێ: " دەزانم. تکایه بەردەوام بە."

( ٢ )

بەڕازیلێکی یەکگرتوو، نیشتمانێکی بەهێز.

جورنال دی نوتسیاس

(خاوەن ئیمتیاز: ئیپامینوداس گونسالوڤس)

باهیا له ٣ / ک٢ / ١٨٩٧

شکستی هێزەکانی مێجەر فیبرو نیودی بریتو، له دەشت و بیابانەکانی کانودوس.

پەرەسەندن وگۆرانی تازە.

(حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری) فەرماندار وحیزبی خۆیبوونخوازی باهیا، پیلاگێری دژی ڕژێمی کۆماری بە مەبەستی گێڕانەوەی ڕژێمی هەڵوەشاوەی پاشایەتی تۆمەتبار دەکات.

جەنازەی سیخوڕێکی ئینگلیزی.

لیژنەیەکی کۆماریخوازەکان بۆ ڕیو دەڕوات تا داوا لە سوپای فیدراڵ بکات بەشداری لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شەڤانان ویاخییانی توندڕەو و خراپکاران بکات.

بروسکەی هاونیشتمانیان لە باهیا، بۆ عەقید " موریرا سیزار ": "فریای کۆمار بکەون".

*

شکستی هێزی سوپایی بە سەرکردایەتی مێجەر فیبرو نیودی بریتو، کە لە فەوجەکانی نۆ، دوازدە، شەش، بیست و شەش و سی و سێی پیادە پێکهاتبوو ودەرکەوتنی نیشانی زۆر سەبارەت بە پەیوەندی ژێراوژێری دەرباری ئینگلتەرا و دەرەبەگ و فیوداڵەکانی محاڵی باهیا، کە پەیوەندییان بە ئامانجە کۆنەپەرستەکانی حیزبی خۆیبوونخوازەوە لە لایەک و بە  کۆنەپەرستانی باهیاوە لە لایەکی ترەوە، بۆ هەمووان ئاشکرا بوو، کردیە کارێک کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی محاڵی باهیا، جارێکی دی لە شەوی هەینیدا، لە کەش و هەوایەکی گرژ و بە هەرا وهەنگامەدا کۆببێتەوە.

جەنابی ئاغای ئیپامینوداس گونسالوڤس، نوێنەری بەڕیزی ئەنجوومەن و ڕێبەری حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، بە فەرمی جەنابی "دون لویز ڤیانا "ی فەرماندداری باهیا و دار ودەستەکەی سەر بە بارون " دی کانا براڤا "ی وەزیری جارانی ڕژێمی ئیمپراتۆری و سەفیری جارانی ئیمپراتور " دون پدرو "ی دووەمی دەرباری ئینگلیستانی، تۆمەتبار کرد کە شۆڕشی کانودوسیان هەڵگیرساندووە و بە کۆمەکی ئینگلیستان چەک و یارمەتیان گەیاندووەتە یاخییەکان، تا لەو ڕێگایەوە ڕژێمی کۆماری سەرنگون بکەن و ڕژێمی پاشایەتی بگێڕنەوە سەر حوکم.

نوێنەرانی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، داوایانکرد کە حکومەتی فیدراڵ، یەکسەر لە دەڤەری باهیا مداخەلە بکات، تا جەنابی نوێنەری بەڕێز دون ئیپامینوداس گونسالوڤس گوتەنی " ئەو پیلانە یاخیگەرییەی ئەرستوکراتە لۆکاڵییەکان و قژ سوورە چاو چنۆکە ئینگلیزەکان، دژی سەربەخۆیی و سەروەری بەرازیل، دایان ڕشتبوو." پووچەڵ بکاتەوە. هەروەها ئەوەش ڕاگەیەنرا کە لیژنەیەک لە پیاوماقولانی باهیا ئەمڕۆ بۆ ڕیودوجانیرو ڤڕێ کراوە، تا بە نوێنەرایەتی خەڵکی باهیا، فەخامەت و شکۆدار سەرکۆمار (پرودنتە موریس) لە داوای خەڵکی باهیا ئاگادار بکەنەوە، کە هێزێکی گەورەی سوپای فیدرال ڕەوانە بکات تا بزوتنەوە ئەنارشی و ئاژاوەگێڕییەکەی ( ئەنتونیو کونلسرو ) سەرکوت بکات.

حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، ئەنجوومەنی ئاگادار کردەوە کە نها دوو هەفتە بە سەر شکستی هێزەکانی مێجەر بریتودا، لە لایەن یاخی و ئاژاوەگێڕەکانەوە، کە هەم ژمارەیان زیاتر و هەم چەکەکانیان زۆر لە هی ئەوان چاکتر بووە، تێدەپەڕێ. جا وێڕای ئەم حەقیقەتە و وێڕای ئەوەی بارێ چەکی ئینگلیزی لە شارەدێی "ئیپوپیارا " کەشف بووە کە قەرار بووە بۆ کانودوس بگوازرێتەوەو سەرباری ئەوەی جەنازەکەی جاسووس وپیاوی

ئینگلیزان " گالیلو گال" کە بەدەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت کەوتووە، دەسەڵاتدارانی دەوڵەت ولە پێش هەمووانەوە جەنابی فەرماندار "دون لویز ڤیانا " بێموبالاتی و خەمساردیەکی گوماناویان نواندووە، واتە یەکسەر خوازیاری موداخەلەی لەشکری فیدراڵی نەبوون، کە ئەمە خواستێکی نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی باهیا بووە، تا ئەم ئاشووب و پیلانگێڕیەی کە هەڕەشەی لە بوونی نیشتمانی ونەتەوەیی بەرازیل دەکرد، سەرکوت بکات و لە ناوی ببات.

"دون ئەلیزودی روک"ی نوێنەری بەڕیزی ئەنجوومەن وپاریدەدەری سکرتێری گشتی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری بروسکەیەکی خوێندەوە کە ئاراستەی قارەمانانی سوپای کۆماری، ئەفسەری بەرپرسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی سەڵتەنەتخوازەکان بوو لە (سانتا کاتارینا) هەروەها ئاراستەی یاریدەدەری بەناوبانگی مارشاڵ فلوریانو پیکسوتو، عەقید (موریرا سیزار) بوو، بروسکەکە بەم نێوەڕۆکە کورت و ڕاستەوخۆیە بوو: "وەرەو کۆمار ڕزگار بکە." ئەم نوێنەرە بەڕێزە، وێڕای ناڕەزایی نوێنەرانی زۆرینە، ناوی سێ سەد و بیست و پێنج کەسی لە سەرگەڤاری ماڵباتان ودەنگدەرانی سلڤادوری خوێندەوە کە بروسکەکەیان ئیمزا کردبوو.

یاریدەدەری سەرۆکی (حیزبی خۆیبونخواز) وسەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، عالی جەناب ( ئادالبرتو گوموسیو ) ڕایگەیاند، کە تەنیا ناو هێنانی پیاوێکی وەکو بارون " دی کانا براڤا " کە یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە گرینگەکانی باهیا و لە سایەی سەری ئەوەوە ئەم دەڤەرە بووە بە خاوەنی جۆرەها خزمەتگوزاری وەکو جادە و شەقام، سکە وقیتار، پرد و خەستەخانانی خێرخوازی وقوتابخانان و زۆر سازیێن خزمەتگوزاری گشتی دیکە، ئەم قسانە خۆی لە خۆیدا بوختانە وگومانی ئەوەی دەخاتە سەر کە دژی سەروەری بەرازیلە، بە تایبەتی کە لە غیابی خۆیدا دەکرێن، بێ ڕێزییەکی بێشەرمانەیە.

نوێنەری بەڕیز دون فلوریانو مارتیر گوتی: "سەرۆکی ئەنجوومەن حەزدەکات کە خزمەکەی و سەرۆکی حیزبەکەی بارون دی کانا براڤا، لە پەڕەی گوڵ پاکتر نیشانبدات و کەم و زۆر ئاماژە بۆ خوێنی ئەو سەربازانە نەکات، کە بە ناهەق، بە دەستی "سباستینە" تاوانبارەکان، لە ئواواو لە چیای کامبایو هاتە ڕژان، باسی ئەو تفەنگە ئینگلیزیانە نەکات کە لە دەڤەرەکەدا گیران، باسی کابرای جاسووسی ئینگلیز " گال " نەکات کە سەربازانی گاردی گوندەواران لە ئیپوپیارا جەنازەکەیان دۆزییەوە. ئەوسا یارۆی قسەکەر ئەم پرسیارەی کرد: " ئایا، ئەم پێچە بە دەورە و خۆ دزینەوەیە لە بەر ئەمە نییە کە ئەم بابەتانە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن ناڕەحەت دەکات؟" نوێنەری بەڕێزی سەر بە فراکسیونی (حیزبی خۆیبوونخواز ) دون ئیدواردو گلیسریو، گوتی کۆمارییەکان هێندە تینووی دەسەڵاتن، بە خەیاڵ و بوختان پیلانی ئەوتۆ هەڵدەبەستن و باسی جاسووسی قژ سووری ئەوتۆ دەکەن کە تەنیا خاک و خۆڵی جەستەیان ماوەو بەمە خۆیان کردووە بە گەپجاڕی خەڵکانی عاقڵی باهیا. هەنگێ یارۆی قسەکەر ئەم پرسیارەی کرد: " ئایا بارون دی کانا براڤا یەکەم قوربانی ڕاپەڕین و ئاژاوەی ئەو کۆنەپەرستە خوێن ڕێژانە نییە؟ هەر ئەوان نین کە بەشێک لە موڵک و زەوی و زارەکەیان داگیر کردووە؟ لێرەدا نوێنەری ڕێزدا دون دانتاس هورکاداس، قسەکانی پێبڕی وگوتی: " ئەدی ئەگەر ئەم زەوی و زارە داگیر نەکرابێ و بە حوسن و ڕەزا ڕادەستیان کرابێ چ دەڵێی؟ " نوێنەری ڕێزدار دون ئیدواردو گلیسریو، لە بەرسڤی نوێنەری بەڕێز دون دانتاس ئورکاداس دا پرسی کەسێک لە قوتابخانەی باوکانی سباستیانیست دا پەروەردە و فێر نەکرابێ، وەختایەک نەجیمزادەیەک قسان دەکات، قسەکانی پێنابڕێت. نوێنەری بەڕێز دون دانتاس هورکاداس

یەکسەر وەڵامی دایەوە کە پێی وانەبووە نەجیمزادەیەکی بەڕێز خەریکە قسە دەکات. نوێنەری ڕێزدار دون ئیدواردو گلیسریو، سوور بووەوە و بە تووڕەیی هاواریکرد کە ئەگەر قسەکەر تەوازی نەهێنێتەوە، لە مەیدانی دوئێل دا وەڵامی ئەم بێڕێزییە دەداتەوە. سەرۆکی ئەنجوومەن، عالی جەناب سێر "ئادالبیرتو دی گوموسیو" داوای لە نوێنەری بەڕێز دون دانتاس هورکاداس کرد کە لە پێناوی پاراستنی کۆبوونەوەکە وحورمەتی ئەنجوومەن، تەوازی بۆ هاوکارەکەی خۆی بێنێتەوە. نوێنەری ڕێزدار دون دانتاس هورکاداس گوتی لەو قسەیەدا مەبەستی ئەمە بووە کە ئیدی بە پێی زانیاری ئەو لە بەرازیلدا هیچ نەجیمزادەیەک بە مانای سوارچاک یان بارون یان فیکونتان نەماوە. چونکە لە گەڵ جێگیر بوونی حکوومەتی کۆماری پڕ شانازی مارشاڵ " فلوریانو پیکسوتو، ئەو نیشتمانپەروەرە گران قەدرە، کە یادی هەمیشە لە دڵی خەڵکی بەرازیل دا بە زندوویی دەمێنێتەوە، ئیدی لەقەب و نازناوی ئەشرافیەت، باوی نەماوە و کەس هیچی پێ ناپێوێت. بەڵام وتی وێڕای ئەوەش مەبەستی بێ ڕێزی بە کەس نەبووە، چ جای نوێنەری ڕێزدار دون ئیدواردو گلیسریو. ئیدی گلیسریو عوزر وتەوازییەکەی لێ قەبووڵ کرد.

نوێنەری بەڕێز دون روخاسیبرا هەڵیدایە کە ڕێگە نادات سووکایەتی بە جوامێرێکی وەکو بارون دی کانا براڤا، کە مایەی شانازی ئەم دیار و دەڤەرەیە، بکرێت، بە تایبەتی لە لایەن خەڵکانێکی ڕکونی و بوغزنەوە، کە لە ژیانیا، سەد یەکی دامەزرێنەری "حیزبی خۆبیبوونخواز" خزمەتی باهیایان نەکردووە. یارۆی قسەکەر لە سەری ڕۆیی تێناگات بۆچی دەبێ بروسکە بۆ بابایەکی (یاقوبی) ،( یاقوبیەکان: توندڕەوترین گروپی شۆڕشی فەرەنسا بوون، لە دەورانی ئەمانەدا گیوتین " ملپەڕێن"بەردەوام لە کارا بووە. دانتون ورۆبسپیر لە ڕێبەرانی ئەم گروپە بوون.) وەکو عەقید موریرا سیزار ڤڕێ بکرێ بێت بۆ باهیا، لە کاتێکا هەموو دەزانین کە بە چ توند وتیژی وزەبرو زەنگێک ڕاپەڕینەکەی لە سانتا کاتارینا دا سەرکوت کرد، خۆ ئەگەر لەو پێودانگەوە تەمەشای بکەین، زۆر بە زەقی دیارە کە ئەو پیاوە خەو بەوەوە دەبینێ لە هەر مەیدانێکی بەرازیل دا گیوتینێ دابنێت و ببێت بە ڕۆبسپیری ئەم مەملەکەتە. ئەم قسەیە نارەزایی توندی نوێنەرانی بەرێزی فراکسیونی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری لێکەوتەوە، هەموو هەستانە سەر پێ، کەوتنە هورا کێشان بژی سوپا، مارشاڵ فلوریانو پیکسوتو و عەقید موریرا سیزار و داوایان کرد پۆزش بۆ ئەو سووکایەتیە بهێنرێتەوە کە ناوی یەکێک لە قارەمانەکانی کۆماری لەکەدار کردبوو. نوێنەری بەڕیز "دون روخا سیبرا" جارێکی دی چووە پشت تریبونەکەو گوتی کە ئەو مەبەستی سووکایەتی کردن بە عەقید موریرا سیزار نەبووە، کە بە خۆی دڵبەندی تایبەتمەندییە سوپاییەکانیەتی و هەروەها مەبەستی بێ حورمەتی بە یادی ڕەحمەتی مارشاڵ فلوریانو پیکسوتو نەبووە، کە خزمەتێکی زۆری بە کۆمار کردووە، بەڵکو ویستویەتی ئەوە ڕونبکاتەوە کە لە گەڵ ئەوەدا نییە سوپاییان خۆ لە سیاسەت وکاروباری سیاسەت هەڵقورتێنن، چونکە نایەوێ بەرازیل دووچاری هەمان چارەنووسی ئەو وڵاتانەی ئەمریکای باشوور ببن، کە مێژوویان، جگە لەو بەیاننامە یەک لە دووی یەکانەی کە لە سەربازگەکانەوە دەردەچن و بڵاودەکرێنەوە هیچی دی نییە. نوێنەری ڕێزدار (دون ئەلیزو دی بول) قسەکەی پێبڕی و بیری خستەوە کە هەر ئەو سوپایە بوو، هەر هەمان سوپای بەرازیل بوو کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا و ڕژێمی کۆماری دامەزراند. هەنگێ نوێنەرانی بەرێزی کەمینە یان ئوپوزیسیون دووبارە ڕابوون وڕێز وحورمەتی خۆیان بۆ سوپا ومارشاڵ فلوریانو پیکسوتو و عەقید موریرا سیزار دووپات کردەوە. نوێنەری بەڕێز ( دون روخا سبیرا ) دوای ئەو قسە پێ بڕینە، لە سەر تێبینییەکانی خۆی بەردەوام بوو و، گوتی داوا کردن لە حکومەتی فیدراڵ کە تەداخول بکات کارێکی پووچ و بێ مانایە، چونکە جەنابی فەرماندار (دون لویز ڤیانا) جارەهای جار تەکەزی لە سەر ئەوە کردووە کە

ئوستانی باهیا توانای تەواوی هەیە بۆ سەرکوتکردنی ئەو چەتە و سباستیانەی کە لە کانودوس دا گیرساونەتەوە. نوێنەری ڕێزدار دون ئیپامینوداس گونسالوڤس، ئەوەی وەبیر ئەنجوومەن هێنایەوە کە چەتە وياخییەکان تا ئێستا دوو کەڕەتان هێزە سوپاییەکانیان لە دەڤەرەکەدا تێکشکاندووە و لە نوێنەری بەڕیز (دون روخا سبیرا) ی پرسی، بە بۆچوونی وی دەبێ چەند قۆشەنی دی بێتە قەتڵ وعام تا دەسەڵاتی فیدراڵی بێتە سەر خەت و تەدەخول بکات. نوێنەری بەڕێز ( دون دانتاس هورکاداس ) گوتی بۆ ئەو و هەر کەسێکی دی نیشتمانپەروەری، بیانوویەکی باشە بۆ هەر کەسێک بیەوێ لە ئاوی لێڵدا مەلە بکات، بە گوتەیەکی دی بە هاودەستی دەگەڵ ئینگلیزانی خیانەت پیشە بکات و یاخیان و ئاشوبگێڕان بە قازانجی سەرڵتەنەتخوازان، بکات بە گژ کۆمارا، دز بازاڕی ئاڵۆزیان گەرەکە. نوێنەری بەڕێز (دون لیلس پیدادس) گوتی باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە بارون دی کانا براڤا، بە هیچ جۆرێ دەستی لەو واریقات وبویەرە خوێناویانەدا نەبووە کە خوێنڕێژەکانی کانودوس بەرپایان کردووە، ئەمەیە کە بارون چەند مانگێک بوو لە دەرێی بەرازیل بوو. نوێنەری بەڕێز فلوریانو مارتیر گوتی غیابی بارون نەک بەڵگەی ئەوە نییە کە دەستی لەو بویەرانەدا نییە ونەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەڵگەی ئەوەیە دەستی لەو واریقاتانەدا هەبووە، کەس بەو چاو وراوی دوور کەوتنەوە ڕواڵەتیە ناخەڵەتێ، چونکە هەموو خەڵکی باهیا دەزانن کە هیچ کەسێک لەم ئوستانەدا، بەبێ ڕەزامەندی و ئۆکەی بارون کانا براڤا ناتوانێ پەنجە بە ئاودا بکات. نوێنەری بەڕێز (دون دانتاس هورکاداس) گوتی ئەوەی کە جێگەی گومانە، ئەوەیە کە بەڕێزان نوێنەرانی فراکسیونی زۆرینە، سەرسەختانە خۆ لە باس و گەنگەشەی ناردنی ئەو چەکە ئینگلیزیانە دەبوێرن، کە " گال " ی جاسووسی دەرباری ئینگلستان بۆ یاخی و ئاژاوەگێڕەکانی هێنابوو.

بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەن جەنابی سێر ( ئادالبرتو گوموسیو) گوتی ئەو مەزندە و خەیاڵ و گومانانەی کە زادەی ڕق و کینە و نەزانین، هەرکە ڕاستیەکان دەرکەوتن، خۆبەخۆ پووچەڵ دەبنەوە. هەروەها گوتی بارون دی کانا براڤا لە چەند ڕۆژی ئایندەدا دەگاتەوە کەناراوەکانی باهیا وهەنگێ دەبینین کە نەک هەر ئەندامان و هەوادارانی حیزبی خۆیبوونخواز، بەڵکو هەموو خەڵکی بە چ گەرم و گوڕییەکەوە پێشوازی لەم پیاوە مەزنە دەکەن و ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ دوور خستنەوەی ئەوانەی دەیانەوێ بە نەهەق ناوی ئەو و ناوی حیزبەکەی و دەسەڵاتدارانی حکومەتی باهیا، بەو بویەر و واریقاتە کارەساتبارانەوە گرێ بدەن کە دز و جەردە و گەندەڵان لە کانودوس دا ئەنجامیان داوە. هەنگێ نوێنەرانی بەڕیزی زۆرینە هەستانە سەر پێیان و کەوتنە هورا کێشان و چەپڵە لێدان بۆ ڕابەر وسەرۆکی حیزبەکەی خۆیان بارون دی کانا براڤا، لێ نوێنەرانی بەڕێزی سەر بە فراکسیونی حیزبی پێشکەوتوخوازی کۆماری، لە جێی خۆ دانیشتن وبە ناڕەزاییەوە کەوتنە لێدانی کورسییەکانیان.

بە شیوەیەکی کاتی کۆبوونەوەکە ڕاگیرا، تا نوێنەرە بەڕێزەکان پشوویەک بدەن و ئەعسابیان هێور ببێتەوەو ساردیەک بخۆنەوە ومجێزیان بێتەوە تایم. بەڵام لە ماوەی ئەم کورتە پشووەدا، لە ڕاڕەوەکانی ئەنجوومەنەوە، گەنگەشە وجوابە جەنگی توند دەهاتە گوێ و کار گەییە ئەوەی کە دۆستانی هەر دوو نوێنەری بەڕیز ( دون فلوریا مارتیر ) و ( دون روخا سبیرا ) بکەونە بەینەوەو لێکدیان دوور بخەنەوە کە خەریک بوون دادەگژانە سەر وگوێلاکی یەکدی.

کە کۆبوونەوەکە دەستی پێکردەوە، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن سێر ئادالبرتودی گوموسیو، پێشنیازی کرد بە گوێرەی بەرنامە دوور ودرێژەکەی ئەو شەوەی ئەنجوومەن، بێنە سەر موناقەشەی ئەو بودجەیەی کە

وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕاکێشانی سکەی قیتار بۆ ناوچە دوورە دەستەکان داوای کردبوو. ئەم پێشنیازە، ناڕەزایی نوێنەرانی بەڕێزی فراکسیونی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری لێکەوتەوەو هەستانە سەر پێیان وبە دەم هاواری: " خیانەت، پیلانگێڕی " یەوە داوایان کرد، لە سەر موناقەشە و گەنگەشە، دەربارەی خەتەرترین کێشەی باهیا و هەموو وڵات بەردەوام بن. هەنگێ نوێنەری بەڕێز دون ئیپامینونداس گونسالوڤس کەوتە هەڕو گیڤی ئەوەی کە ئەگەر زۆرینە هەوڵی ئەوە بدەن خۆ لە موناقەشەی ئاژاوەو یاخیگەرییەکەی کانودوس و دەستوەردانەکانی دەرباری بەریتانیا لە کاروباری بەرازیل، ببوێرن، ئەوا خۆی و ئەندامانی ئوپوزیسیون هۆڵی ئەنجوومەن بەجێدڵێن، چونکە بە هیچ جۆرێ قاییل نابن کە فراکسیونی زۆرینە، بەم فرو فێڵە تورەهاتانە جەماوەری خەڵک بگەوجێنن. نوێنەری بەڕێز دون ئالیزو دی روکە گوتی هەوەڵەکانی سەرۆکی بەڕێزی ئەنجوومەن بۆ بواردنی گەنگەشەی ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی ڕوونی ئەمەیە کە حیزبی خۆیبوونخواز چەندە سەبارەت بە گەنگەشە و باسی بابەتی (گال) ی جاسووسی ئینگلیز وچەکە ئینگلیزیەکان ناڕەحەت و ئیحراجە، هەڵبەتە ئەو هەڵوێستە مایەی سەرسامی نییە، چونکە خۆزیاخوازی بە دەورانی پاشایەتی و لایەنگری لە ئینگلستان، لەو مەیل و ئارەزووانەی بارون دی کانا براڤایە، کە بۆ هەموو خەڵکی ڕوون وخویایە.

سەرۆکی بەڕیزی ئەنجوومەن سیر ئادالبرتو گوموسیو گوتی نوێنەرانی بەڕیزی ئوپوزیسون ناتوانن بەم هەڕەشانە هیچ کەسێک بترسێنن و حیزبی خۆیبوونخوازی باهیا، لە ڕوانگەی نیشتمانپەروەریەوە لە هەموو کەسێک زیاتر ئامادەیە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینی یاخیانی کۆنەپەرست لە کانودوس و گێڕانەوەی تەناهی و ئارامی بۆ ئەو محاڵانە، لە سەری ڕۆیی و گوتی نوێنەرانی ئەم حیزبە نەک خۆیان لە گەنگەشەی ئەم بابەتە نابوێرن، بەڵکو زۆر بە جدیش ئامادەن بۆ گەنگەشە کردنی.

نوێنەری ڕێزدار (دون جواو سیکساس پوندە) گوتی تەنیا ئەو خەڵکانەی کە هەست بە پێگەی کۆمیدی خۆیان ناکەن، دەتوانن دەربارەی ئەو بە ناو جاسووسە ئینگلیزە قسان بکەن کە بە قسەی ئەوان جەستە سووتاوەکەی لە لایەن گاردی گوندەوارانی باهیاوە لە ئیپوپیارا دۆزراوەتەوە، هەروەها گوتی بە قسەی خەڵکی، ئەم پیاوە گوایە چریکێک بووە لە لایەن حیزبی ئوپوزیسونەوە بەکرێ گیراوەو پارەی دراوەتێ. ئەم قسانە بووە بایسی تووڕەیی وناڕەزایی نوێنەرانی بەڕێزی حیزبی کۆماری. نوێنەری بەڕێز (دون جواو سیکساس دی پوندە ) لە درێژەی قسەکانیا گوتی کە کونسوڵخانەی ئینگلیز لە باهیادا دانی بەم حەقیقەتەدا ناوە کە ئەو پیاوەی ناوی خۆی ناوە گال، کردەوەی ڕابردووی باش نەبووەو دوو هەیڤ لەوە پێش دەسەڵاتی ئوسانەکەی لەمە ئاگادار کردووەتەوە تا بە گوێرەی ئەو زانیاریە ڕەفتاری دەگەڵ بکەن و پۆلیسی باهیاش لە بنج و بناوانی ئەم مەسەلەیە چووەو ساغی کردووەتەوەو ئەمری دەرکردنی دەرکردووەو ئەم ئەمر وحوکمە بە خۆیشی ڕاگەیەنراوەو قەرار بووە ناڤبری خۆی ئامادە بکات بە کەشتی فەرەنسی (مارسیپز) وڵات بەجێبێڵێ. نوێنەری بەڕیز لە درێژەی قسەکانیا گوتی ئەم قسەیەی کە گوایە ئەم گالیلو گال ناوە، سەرپێچی ئەمرەکەی کردووە، لە وڵات وەدەر نەکەوتووەو دوای دوو هەیڤان بە کۆمەڵێ چەک و تفەنگەوە لە ناو جەرگەی وڵاتا بینراوە، هەرگیز ناکاتە بەڵگەی ئەوەی کە پیلانێکی سیاسی یان دەستوەردانی دەوڵەتی بێگانە لە ئارادا بووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمە باشترین بەڵگەیە کە سەرەڕۆ وسەرکێشی ناڤبری، هەوڵیداوە ئەو چەک و تفەنگانە بەو خەڵکانە بفرۆشێت کە بتوانن پارەکەی کاش بدەنێ، یانی بەو یاخیە سباستیانەی بفرۆشێ کە ئانتونیو کونسیلیزی ڕابەریان بە ناز ناوی مورشید بە نێوبانگە، چونکە ئەوانە بە حوکمی ڕاو ڕووت وتاڵان و چەپاوی زۆر، پارەی باشیان هەیە بۆ کڕینی چەک. لە بەر ئەوەی ئەو قسانەی کە نوێنەری بەڕێز دون جواو سیکساس پوندە کردنی، بووە مایەی پێکەنین

و تەوس و توانجی نوێنەرانی بەڕێزی ئۆپوزیسون و بە ئاشکرا کەوتنە گاڵتەکردن بە قسەکانی سەرۆکی بەڕێزی ئەنجوومەن، جەنابی با سەعادەتی سێر ئادالبرتو گوموسیو، داوای لە نوێنەرانی ئەنجوومەن کرد، کە ئارامی کۆبوونەوەکە ڕەچاوبکەن. نوێنەری بەڕێز دون جواو سیکساس پوندە گوتی، ئەم هەرا وزەنایەی سەبارەت بە کەشفکردنی چەند تفەنگێک لە دەشتی کانودوس دا، بەرپا کراوە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ڕیاکاری وعەوام خەڵەتێنییە، چونکە هەموو کەس دەزانێ کە قاچاغچیەتی چەک مخابن لەم دیارو دەڤەرەدا لە کۆنەوە هەر هەبووە، ئەگەر ئەمە وا نییە، با نوێنەرانی بەڕێزی ئۆپوزیسیون ئەوە ڕوون بکەنەوە، کە حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری بە نێوی گارد و پاسدارانی گوندەوارەوە کۆیان کردەوە وئامانجی چالاکی کردن بوو لە دەرێی دام و دەزگا فەرمیەکانی ئوستانی باهیا، چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە چەکدار کرا؟ لە بەر ئەوەی نوێنەرانی بەڕێزی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری، کەوتنە گاڵتە کردن بە قسە تەشەر ئامیزەکانی نوێنەری بەڕێز دون جواو سیکساس پوندە، سەرۆکی ئەنجوومەن جەنابی سیر ئادالبرتو گوموسیو دووبارە داوای بێدەنگی لە نوێنەرەکان کرد.

نوێنەری بەڕێز ئیپامینوداس گونسالوڤس گوتی نوێنەرانی بەڕێزی زۆرینە، سات بە سات پتر لەقوڕاوی قسە لێکدژ و درۆ و دەلەسەکانی خۆ ڕۆدەچن، هەڵبەتە ئەوەی بە ناو مرداوان بکەوێ هەر وای بە سەر دێت. یارۆ پاشان سوپاسی خودای کرد کە پاسداران وگاردێن گوندپارێز تفەنگەکان و " گال " ی جاسووسی ئینگلیزیان گرتووە، چونکە ئەم هێزە، هێزێکی سەربەخۆ، پاک، نیشتمانپەروەر وبە ڕاستی کۆماریخوازە، کە حکومەتی لە مەترسی و جدیەتی ئەو بویەر وپێشهاتانە ئاگادار کردبووەوەو هەنگاوی جدی نابوو بۆ جڵەوگیری لە هەر هەوڵێکی شاردنەوەی بەڵگەکانی هاوکاری نێوان سەڵتەنەتخوازە تەواو عەیارەکان و دەرباری بەریتانی، لەو پیلانەی کە دژی سەروەری بەرازیل چنرا بوو وکانودوس سەرچاوەکەی بوو. ئەوسا درێژەی دایێ و گوتی ئەگەر پاسدارانی گوندەوار وگوند پارێزان نەبوایە ئەوا کۆمار هەرگیز، بەو جاسووسە ئینگلیزانەی نەدەزانی کە بەو دەشت و دەرەدا چەک وتفەنگیان بۆ شەڕڤانان ویاخیانی کانودوس دەگواستەوە.

هەنگێ نوێنەری بەڕێز (دون ئیدوارد گلیسریو) قسەکەی پێبڕی وگوتی تاقە بەڵگە ونیشانەیەک کە لە سەر جاسووسە بەنێوبانگە ئینگلیزەکە بەدەست کەوتبێ، چەپکێک قژی سوورە، کە دەشێ هی ژنێکی قژ سوور، یان یاڵی ماینێک بێ. ئەو قسەیە بووە مایەی پێکەنینی هەر دوو فراکسیونی زۆرینە وئۆپوزیسونیش. دون ئیپامینوداس گونسالوڤس، لە درێژەی قسەکانیا گوتی سوپاسی نوکتەبازی ئەو نوێنەرە بەڕێزە دەکات کە قسەکانی بەم بڕی بوو، بەڵام وەختایەک سەروەری وڵات لە بەر هەڕەشەدا بێ وهێشتا خوێنی ئەو نیشتمانپەروەرانەی کە لە پێناوی بەرگری لە نیشتمان، لە ئواوا و لە قەد پاڵ و بناری مونتە کامبایو، ڕژا، وشک نەبووبێتەوەو هاڵاوی لێ هەستێت، ڕەنگە کاتی شۆخی ونوکتەبازی نەبێت، ئەم قسەیە نوێنەرانی بەڕێزی ئۆپوزیسیونی هێنایە جۆش وکەوتنە چەپڵەلێدان.

نوێنەری بەڕێز (دون ئالیزو روکە) بە ئەنجوومەنی ڕاگەیاند کە بەڵگەی بنجبڕ و بێ چەند و چون دەربارەی ناسنامەی ئەو جەنازەیەی کە لە ( ئیپوپیارا ) و لە گەڵ تفەنگەکاندا دۆزراوەتەوە، لە بەردەستە، نکۆڵی کردن لەم بەڵگانە وەکو نکۆڵی کرنە لە ڕۆشنایی ڕۆژ. هەروەها ئەوەشی بە ئەنجوومەن ڕاگەیاند کە ئەو دوو پیاوەی گالیلو گالی جاسووسی ئینگلیزیان لە نزیکەوە بینی بوو و پەیوەندی دۆستانەیان دەگەڵیدا هەبوو بوو، واتە دکتۆری بەنێو بانگ " خوزیە باتیستا دی ئولفیر " وهاو وڵاتی (یان فان ریجستد) جل و بەرگ، پاڵتۆ درێژ و پشتێن و پووتەکانیان ناسی بووەوە. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەو قژە سوورە کاڵە بوو کە پاسدارانی

گوندەوار (گوند پارێز) زۆر بە جوانی برِی بوویان و لە گەڵ خۆدا هێنابوویان. هەروەها بە نوێنەرە بەڕێزەکانی گوت کە هەردوو هاو وڵاتی ناڤبری گەواهیان لە سەر بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانەی کابرای ئینگلیز ونەخشە نهێنییەکانی سەبارەت بە کانودوس، داوەو شتاقیان دۆزینەوەی جەنازەکەیان لەو دەڤەرەدا پێ سەیر نەبووە. یارۆی نوێنەر لە درێژەی قسەکانیا ئەوەشی بە گوێگرەکانی گوت کە زۆرێک لە هاونیشتمانیانی شارەکانی ئەو دەڤەرە، بۆ پاسداران وگوند پارێزەکانیان گێڕاوەتەوە کە کابرایەکی نامۆی قژ سوور و پرتوگالی زمانیان دیتووە کە هەوڵی ئەوەی داوە دەلیل و بەڵەدێک بدۆزێتەوە تا بۆ کانودوسی ببات. نوێنەری بەڕێز دون جواو سیکساس پوندە دووپاتی کردەوە کە کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە جەنازەی کابرایەکی گالیلو گال ناو، لە گەڵ کۆمەڵێک تفەنگا لە ئیپوپیارا دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەمە بەڵگەی بنجبڕ نییە کە کابرا جاسووسی ئینگلیز بووە، چونکە بێگانە بوونی ئەو هیچ شتێکی لە سەر ناکات بە ماڵ. خۆ ئەگەر قەرار بێ جاسووس بێ، بۆ جاسووسی دانیمارکی، یان سویدی یا فەرەنسی یا ئەڵمانی یان چینی نەبێ؟

نوێنەری بەڕێز ئیپامینوداس گونسالوڤس گوتی، قسەکانی نوێنەرانی بەڕیزی زۆرینە ئەوە دەردەخەن کە وەختایەک بە بەڵگەی زندووەوە هەوڵەکانی هێزی بێگانەیان سەبارەت بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی بەرازیل و سەرنگون کردنی ڕژێمی کۆماری وگێڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتیان دەخرێتە بەردەست، لە جیاتی ئەوەی تووڕە بن وپێیان ناخۆش بێ، هەوڵدەدەن خەڵکەکە بە شتێن لاوەکییەوە مژوول بکەن و پاکانە بۆ ڕەفتاری خەتاباران بکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا باشترین بەڵگەیە کە حکومەتی ئوستان و محاڵی باهیا، ئامادە نییە تەنانەت پەنجەیەکیش لە یاخیانی کانودوس ڕاوەشێنێ چ جای سەرکوتکردنیان، چونکە ئەم یاخیبوون و ئاژاوەیەیان پێخۆشە. بەڵام پیلانگێڕییە میکاڤیلیستیەکەی بارون دی کانا براڤا وحیزبی خۆیبوونخواز هەرگیز سەر ناگرێ، چونکە سوپای بەرازیل هەمیشە ئامادەیە بۆ سەرکوتکردنی هەر پیلانێک، وەکو چۆن تا ئێستا هەر ڕاپەڕینێکی سەڵتەنەتخوازانەی دژ بە ڕژێمی کۆماری لە باشووری وڵاتا سەرکوت کردووە، بەو ئاوایە ئاشووبەکەی ( کانودوس) ش سەرکوت و زندە بە چاڵ دەکات. ئەوسا لە سەری ڕۆیی، وەختایەک سەروەری وڵات بکەوێتە مەترسییەوە، قسە نایخوات، کردار شەرتەو، حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری لە سبەیەوە دەکەوێتە پارە کۆکردنەوە بۆ کڕینی چەک وتەقەمەنی تا ئەو چەکانە بدات بە سوپای فیدراڵ. یارۆی نوێنەر لە درێژەی قسەکانیا پێشنیازی بۆ نوێنەرانی بەڕیزی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری کرد کە کۆبوونەوەکە بۆ ئەوانە بە جێبێڵن کە هێشتا دڵیان بۆ ڕژێمی کۆن لێدەدا وبڕۆن بۆ ( کامپو گراندە ) بۆ ئەوەی لە هەنبەر ئەو مونومێنتە مەرمەڕینەدا کە بۆ یادی مارشال فلوریا پیکسوتو دروستکراوە، بە کۆمەڵ سوێندی وەفاداری بۆ کۆمار تازە بکەنەوە. نوێنەرانی ئوپوزیسیون یەکسەر پێشنیازەکەیان قەبووڵ کرد و لە هۆڵەکە وەدەر کەوتن، کە بووە مایەی تووڕەیی و نارەزایی نوێنەرانی بەڕێزی زۆرینە.

دوای چەند خولەکێک، سەرۆکی ئەنجوومەن جەنابی با سەعادەتی سیر ئادالبرتو گوموسیو، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنا.

سبەینێ، ڕاپۆرێکی تێر وتەسەلتان سەبارەت بەو ئاهەنگە نیشتمانییە کە سپێدە زوو پێشکەش دەکەین کە لە ( کامبو گراندە)، لە بەردەم ئەو مونومێنتەدا کە بۆ یادی مارشالی پۆڵایین، لە لایەن نوێنەرانی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆمارییەوە ئەنجام درا.

ئیپامینوداس گونسالوڤس دەڵێت: " پێویستی بە هیچ دەسکارییەک نییە، پێویستی بەوە نییە تاقە فاریزەیەکیشی بۆ زیاد بکرێ، یان تاقە وشەیەکی لێ پاش و پێش بکرێ." سیما و ڕوخساری زیاتر ئاسوودەیی پێوە دیار بوو تا ڕەزامەندی، وەکو ئەوە بوو چاوەڕوانی ئەوە بووبێ ئەو گوتارەی کە نها یارۆی ڕۆژنامەڤان بە دەنگی بەرز و یەک نەفەس، بێئەوەی تاقە پژمەیەک بیگرێ، بۆی خوێندەوە، لەمە زۆر خراتری تیا بێ.

گوتی: " پیرۆزە، دەستخۆش. "

ڕۆژنامەڤانەکە کە پێدەچێ گوێی لە قسەکەی ئەو نەبووبێ، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " چیرۆکێکی ئاوارتەیە، چ ڕاست بێ چ درۆ. ئەو لاتی شارانەی کە لە جادەو بانەکانی سلڤادورا دەسوڕایەوەو دەیگوت کە ئێسقانان دەستنووسی روحن و لە مەیخانەکاندا دەمی لە خوانەناسی و ئەنارشیزم دەکوتا، ئیدی دەبێ ڕوون ببێتەوە کە جاسووسی ئینگلیز بووەو دەستی لە گەڵ سباستیانەکاندا تێکەڵ کردووە بۆ گێڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی و چارەنووسی بگاتە ئەوەی کە لە بیابانەکانی باهیادا بە زندوویەتی بێتە سووتاندن – ئەمە بویەرو چیرۆکێکی ئاوارتە نییە؟ "

سەرۆکی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری بە ڕەزامەندییەوە دەڵێت: "با زۆریش ئاوارتەیە، بەڵام لەوە ئاوارتە تر و نائاسایی تر ئەمەیە کە خەڵکانێکی بە ڕواڵەت یاخی و توندڕەو، ڕووبەڕووی فەوجێکی گەورە و گران، پڕ چەک و تەیار بە چەکی قورس و شەستیر، ڕاو بنەن و تەفر وتونای بکەن. بەڵێ ئاوارتە و نائاساییە. بەڵام خاڵی لەمە گرینگتر ئەمەیە کە ئەم ڕەوشە بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە زۆر ترسناکە."

هەوا گەرمتر بووە. ڕوخساری ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، ئارەقەکەی بە چەرچەفی سەر تەختە خەوەکە، کە دەوری دەستەسڕیش دەبینێ، دەسڕێت و عەینەکە تەمگرتووەکەی بە کراسە چرچ و لۆچەکەی دەسڕێت. کاغەزە پەراگەندەکانی سەر مێزەکە کۆدەکاتەوە ودەڵێت: " بە خۆم بۆ تایپیستەکەی دەبەم و بە دیارییەوە دەوەستم تا تایپی دەکات، خەمت نەبێ نایەڵم یەک هەڵەی چاپی تێبکەوێ. بڕۆ بێخەم وخەیاڵ لێی بخەوە قوربان."

سەرۆک، بە ڕاشکاوی وڕاستەوخۆ لێی دەپرسێت: " کارکردنت لە گەڵ مندا پێخۆشترە یان دەگەڵ ڕۆژنامەی بارون دا؟ دەزانم کە لێرە پارەی زیاترت دەستدەکەوێ تا لە ڕۆژنامەی (دیاریو دا باهیا) بەڵام من مەبەستم کارەکەیە. کارکردنی ئێرەت پێ خۆشترە؟ "

-" ئەگەر ڕاستت دەوێ، بەڵێ قوربان. " یارۆی ڕۆژنامەڤان عەینەکەکەی لە چاو دادەکەنێ وماوەیەک بەدەم چاوەڕوانی پژمەوە هەردوو چاوی دەنوقێنێ ودەمی دەکاتەوەو کەپووی کرژ دەبێ، بەڵام پژمەکەی درۆ دەردەچێ، نایەت. " نووسینی ڕاپۆرتێن ڕامیاری زۆر خۆشترە لە نووسین دەربارەی ئەو زیانانەی بە سەدەمی ڕاوە ماسی بە دینامیت لە ریبرادی ئیتاپاگیت دا دەکەونەوە یان بە هۆی ئەو شەواتەوە کە لە کارخانەی چکلێت سازی مانمالایس کەوتوەتەوە."

ئیپامینوداس گونسالوڤس دەڵێت: " ئەمە جگە لەوەی کە ئەم کارە بۆ خۆی خزمەتکردنە بە بونیاتنانی وڵات، تۆ بەم کارە خزمەتی دۆزێکی نیشتمانی شایستە دەکەیت... ئاخر تۆش یەکێکی لە خۆمان. وانییە؟

ڕۆژنامەڤانەکە دەڵێت: " قوربان من هیچ باوەڕێکی سیاسیم نییە وسیاسەتم نەکردووە بە خەم." دەنگی هەندێجار تیژ و نزمە و هەندێجار بەرز و گەورەیە، وەکو هەر ئەندامێکی دیکەی لەشی جێگەی متمانە نییە.

-" ئەم ڕاشکاویەتم پێخۆشە " خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە پێدەکەنێ، هەڵدەستێتە سەر پێیان و دەست بۆ جانتاکەی دەبات. " من لێت ڕازیم، وتارەکانت زۆر بێ عەیبن. دەقاودەق ئەو شتە دەڵێن کە دەبێ بگوترێن، و بە دەربڕین و داڕشتنی دروستیشەوە. من خۆشحاڵم کە هەستیارترین بەشی ڕۆژنامەکەم بە تۆ سپاردووە."

چرا بچووکەکەی سەر مێزەکە هەڵدەگرێ، فوویەکی لێدەکات و دەیکوژێنێتەوە، لە نووسینگەکە وەدەر دەکەوێت، ڕۆژنامەڤانەکە دوای دەکەوێ، بەڵام لە بەر ئەو دەرگایەی بۆ هۆڵە گەورەکە دەچێ، پێی لە تەنەکە خۆڵێک هەڵدەکەوێ.

دەکەوێتە مینگە مینگ: " قوربان، حەز دەکەم چاکەیەکم لە گەڵدا بکەی. ئەگەر عەقید موریرا سیزار بۆ دامرکاندنەوەو سەرکوتکرنی ئاشووبەکەی کانودوس بۆ ئێرە هات، حەز دەکەم وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس لە گەڵی بڕۆم. "

ئیپامینوداس گونسالوڤس ئاوڕدەداتەوە تا تەمەشای بکات وئەوسا بەدەم لە سەرکردنی کڵاوەکەیەوە، سەراپای بە نیگا دادەبێژێت. دەڵێت: " پێموایە ئیمکانی هەیە. دەبینی... تۆ یەکێکی لە ئێمە، هەرچەندە حەزت لە سیاسەت نییە. هەر کەسێ دڵبەندی عەقید موریرا سیزار بێ، مانای وایە بە دڵ کۆماریخوازێکی تەواو عەیارە."

یارۆی ڕۆژنامەڤان، بە کاغەزێک خۆی باوەشێن دەکات ودەڵێ: " ڕاستت گەرەکە، من تیا ماوم نازانم ئەو هەستەی سەبارەت بەو پیاوە هەمە دڵبەندیە یان نا. دیتنی قارەمانێک بە زندوویەتی و نزیک بوونەوە لە کەسێکی زۆر بە نێو بانگ، بۆ خۆی حەز وخولیایەکە، ڕێک وەکو دیتنی پاڵەوانی فیلم و ڕۆمانانە."

ئیپامینوداس گونسالوڤس دەڵێت: "دەبێ ئاگاداری ڕەفتاری خۆت بی، چونکە عەقید حەزی لە چارەی ڕۆژنامەڤانان نییە. " لەو کاتەدا کە بەرەو دەرگای دەرێ دەڕوات، درێژە بە قسەکەی دەدات: " بەوە لە نێو خەڵکیدا شۆرەتی پەیدا کرد، کە لە شەقامەکانی " ریو " دا، ڕۆژنامەنووسیکی هەلپەرستی تەنز نووسی، بە هەنجەتی ئەوەی بێ ڕیزی بە سوپا کردبوو، بەر گولله دا وکوشتی."

ڕۆژنامەڤانەکە لە بن لیوانەوە دەڵێت: "شەو باش. " بە هەشتاو بەرەو لایەکی دیکەی بیناکە دەڕوات، کە ڕاڕەوێکی تاریکە و بۆ بەشی چاپ دەڕوات، هەڵبەتە تایپیستەکان کە تا ئەو کاتە بە چاوەڕوانی وتارەکەی ئەوەوە مابوونەوە، بێگومان خولکی دەکەن کە قاوەیەکیان لە گەڵدا بخواتەوە.

## بەشی سێیەم

## ( ١ )

ڤیتارەکە بەدەم شووت لێدانەوە خۆی بە وێستگەی کیماداس دا دەکات، بە ئاڵای شەکاوەو لافیتەی خێرهانین و پێشوازی گەرمی عەقید موریرا سیزار ڕازاوەتەوە. ئاپۆرایەکی زۆر لە سەر شۆستە تەسکەکەدا کە بە خشتی سوور سەلبەند کراوە، لە ژێر ئاڵایەکی گەورەدا کە بە سەر هێڵی ئاسنەکەدا دەشەکێتەوە، کۆبوونەتەوە: " کیماداس پێشوازی گەرم لە عەقیدی پاڵەوان موریرا سیزارو فەوجە نەبەزەکەی دەکات. بژی بەرازیل!" دەستەیەک

منداڵی پێ پەتی، سەرو بەیداخی بچووکیان بەدەستەوەیە ولێکدا لێکدا دەیشەکێننەوە. چەند پیاوێک جوان خۆیان گۆڕیوە، جلکی تایبەتی یەک شەممەیان لە بەرکردووە ونیشانە وئارمی ئەنجوومەنی شارەوانیان لە بەرۆکی خۆ داوە، کڵاوەکانیان بەدەستەوە گرتووە، کۆمەڵێک خەڵکی شڕۆڵە وشڕپۆش دەوریان داون وبە چاوی حەپەساوەوە تەمەشا دەکەن. خەڵکانی دەستگێڕ بە شەکرلەمە و شەکرۆکە و کولیچەوە بە ناویاندا دەگەڕێن و سواڵکەر وپارسەکان داوای خێر وسەدەقەیان لێدەکەن.

هەرکە عەقید موریرا سیزار لە سەر پلەکانی قیتارەکە کە سەربازانی تفەنگ بەشان سەریان لە هەموو پەنجەرەکانیەوە دەرهێناوە — بە دیاردەکەوێ، خەڵکەکە بە هوراو چەپڵە ڕێزانەوە پێشوازی دەکەن. عەقید چوست و چالاک خۆی هەڵدەداتە سەر شۆستەکە، جلێکی فاسۆنی شینباوی، دوگمە زێڕ و ڕازاوە بە قەیتانی سووری لەبەردایە، شمشێرێکی بە قەدیەوە بەستبوو، جووتێ پووتی مامێز زێڕی لە پێ دا بوو. پیاوێک بوو وردیلە، کەمێک ڕەقەڵە، بەڵام زۆر چۆست و چالاک و زیتەڵە. هەمووان لە گەرما سوور بووبوونەوە، بەڵام عەقید تەنانەت عارەقەشی نەکردبووەوە. وردیلەیی و کەم نموودییەکەی هەرگیز دەگەڵ ئەم سام و هەیبەت و جۆش و خرۆشەدا تێکی نەدەکردەوە کە بە دەوروبەریا بڵاوی دەکردەوە، پرشنگی سام و متمانە لە چاوەکانی دەبووەوە. سەرو سیمای لە هی پیاوێک دەچوو کە متمانەی تەواوی بە خۆی هەبێ، بزانێ چی دەوێ، خووی بە ئەمر ونەهیەوە گرتبێ.

ئیدی هوراو چەپڵە ڕێزان نەک هەر هەموو شۆستەکەی گرتبووەوە، بەڵکو گەیی بووە جادەو شەقامەکانی دەوروبەریش، ئاپۆڕای خەڵکەکە لە بەر هەتاوە گەرمەکەدا ترنجابوونە ناو یەک و هەرکەسە و پارچە مقەوایەکی کردبوو بە سێبەر بە سەر سەری خۆیەوە. منداڵان چنگ چنگ نوقوڵ و شەکرۆکەیان بە حەوادا هەڵدەدا و منداڵە بەیداخ بە دەستەکان، بەیداخەکانیان دەشەکاندەوە. پیاو ماقوڵانی شار کەمێک دێنە پێشەوە، بەڵام عەقید موریرا سیزار ڕاناوەستێ تا تەوقەیان دەگەڵدا بکات. کۆمەڵێک ئەفسەری سوپا دەوریان گرتووە. بە ڕێزەوە سەرێک بۆ پیاو ماقولانی شار دادەنەوێنێت و ڕوو لە جەماوەرەکە دەکات وهاوار دەکات: " بژی کۆمار، بژی مارشال فلوریانو! " هەنگێ بە چاوی حایر وحەپەساوی کارمەندانی ئەنجوومەنی شارەوانییەوە، کە بێگومان بە تەمابوون گوێیان لە وتاری ئەو بێ وچەند قسەیەکی دەگەڵدا بکەن، دەگەڵ ئەفسەرەکانیا خۆی بە بینای وێستگەکەدا دەکات. ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی هەوڵدەدەن دووی بکەون، بەڵام پاسەوانانی بەر دەرگاکە ڕێیان نادەن و یەکسەر دەرگاکە لە دوای ئەوەوە دادەخەن. دەنگی حیلەیەک دێتە گوێ، ئەسپێکی جوان لە قیتارەکەوە دێتە دەرێ و خێڵی گەنجان بە دیتنی دێنە جۆش. حەیوانەکە خۆی دەلێسێتەوە، سەر ویاڵی تەکان دەدات و حیلەیەکی شادی بۆ دەکات، هەست بە هەوای ئازادی گوند دەکات. نها سەربازەکان یەک یەک لە دەرگا و پەنجەرەکانی قیتارەکەوە دادەبەزن، جانتا و پریاسکەکانیان دەگەڵ خۆدا دادەگرن، سەندوقێن تەقەمەنی و شەستیران دادەگرن. هەرکە تۆپ وشەستیران لە بەر هەتاوەکەدا دەدرەوشێنەوە هورای شادمانی خەڵکەکە بەرزدەبێتەوە. نها سەربازەکان سەرقاڵی داگرتنی ئەو گایانەن کە دەبێ لە تۆپە قورسەکانیان ببەستن. نها کارمەندانی شارەوانی، دەچنە ناو ئەو خەڵکە کونجکاوەوە(فزوڵ) کە لە بەر دەرگا و پەنجەرەکانی وێستگەکەدا وەستاون و تەمەشای ناو بینایەکە دەکەن وهەوڵدەدەن تا لە نێو ئاپۆڕای ئەو ئەفسەر وئینزیبات وخوڵامانەدا کە بەملاو بەولادا دەڕۆیشتن، عەقید موریرا سیزار بدینن.

بینای وێستگەکە بریتیە لە هۆڵێکی گەورە کە بە تیغە دیوارێک کراوە بە دوو بەشەوەو کابرایەکی تەلەگرافچی لە پشت ئەم تیغە دیوارەوە خەریکی کارکردنە. ئەو بەشەی هۆڵەکە دەڕوانێتە بینایەکی سێ نهۆمی کە تابلۆیەکی گەورەی پێوە هەڵواسراوە، لێی نووسراوە " ئوتێلی کونتنتال ". سەربازان بە درێژایی شەقامە ڕووتەن و بێ دار و درەختەکەی ئیتاپیکورودا کە بۆ مەیدانی گشتی شار دەڕوات، بڵاوبوونەتەوە. لە پشت دەیان سەرو ڕوخساری خەڵکیەوە کە حایر و حەپەساو چاویان بڕیوەتە ناو وێستگەکە، سەربازان دەستە دەستە، بە جۆش و خرۆشەوە لە قیتارەکە دادەبەزن. وەختایەک بەیداخە گەورەکەی فەوج بە دیاردەکەوێ وسەربازێک بە بەرزییەوە دەیشەکێنێتەوەو لە بەرچاوی خەڵکەکە خۆی پێوە دەنوێنێ، جارێکی دی جەماوەری خەڵکەکە دەست بە هورا کێشان دەکەن. لەو مەیدانەی نێوان وێستگەکە و ئوتێلی کونتنتال دا سەربازێک دەکەوێتە ڕنەککردنی ئەسپە سپیە سەر ویاڵ جوانەکە. لە گۆشەیەکی هۆڵی وێستگەکەدا مێز وخوانێکی درێژ دانراوە، کە گۆزەو بوتڵ و جۆرەها سینییە خواردنی لە سەر ڕیزکراوە و تول وجرجێتیان بە سەر سینیە خواردنەکاندا داوە، تا لە شەڕی ئەو هەزارانە مێشە پارێزراو بن کە هیچ کەسێک گوێیان پێنادات. دەیان بەیداخی بچووک و چەپکە گوڵ بە بن میچەکەدا هەڵواسراوەو جۆرەها پۆستەری حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری و حیزبی خۆیبونخوازی باهیا، بۆ پێشوازی عەقید موریرا سیزار وکۆمار وفەوجی پیادەی حەوتەمی سوپای بەرازیل هەڵواسراوە.

لە گەرمەی ئەم هەموو جم وجوڵ و هاتوچۆیەدا عەقید موریرا سیزار، ئونیفۆرمە شینباوە فاسۆنەکەی دەگۆڕێ و جلکی کار ومەیدانی لە بەر دەکات. دوو سەرباز پەتۆیەکیان لە بەردەم ژوورۆچکەکەی یارۆی تەلەگرافچی دا ڕاگرتووە و عەقیدەکە جلکە فەرمیەکانی یەک یەک لەم کەنکە(شوێنی جل داکەندن) کاتیەوە هەڵدەداتە دەرەوەو ئەفسەرێکی یاوەری کۆیان دەکاتەوەو لە جانتایەکی گەورەیان دەنێ. موریرا سیزار، بەدەم لە بەرکردنی جلە مەیدانیەکانیەوە دەگەڵ سێ ئەفسەردا کە لە دەرێی ژووروچکەکەدا ئامادە وەستاون، قسە دەکات.

-" کونیاماتوس، ڕەوشی هێزە ئامادەکەمان لە چ دایە. "

مێجەر بە ئەسپایی پێ بە عاریدا دەکوتێ و تەمەشایەکی ئەو کاغەزە دەکات کە بە دەستیەوەیە و دەڵێت: " هەشتا و سێ کەس تووشی ئاوڵە و نەخۆشی دی بوون. هەزار و دوو سەد و سی و پێنج نەفەر ئامادەی شەڕن. پازدە ملیۆن فیشەکی تفەنگ وهەفتا و پێنج گوللە تۆپی بێ عەیبمان حازر وئامادەیە قوربان."

-" ئەم فرمانە بە گروپی پێشقرەوڵان ڕابگەیەنە کە لە زەرفی ئەوپەڕی دوو سەعاتی دیکەدا، بەرەو مونتە سانتو بجوڵێن. " دەنگی عەقید بنجبڕە، هیچ مجامەلەیەکی تیا نییە: " تۆش ئولیمپیو، لە جیاتی من داوای بوردن لە ئەنجوومەنی شارەوانی بکە. دوای تۆزێکی دی دەیانبینم. پێیان بڵێ کە ناتوانین کاتی خۆمان بە ئاهەنگی فەرمی یان بە دەعوەت وزیافەتان بە فیڕۆ بدەین."

-" بە سەر چاو قوربان."

وەختایەک نەقیب ئولیمپیو کاسترو مرەخەس دەبێ، ئەفسەری سێیەم دێتە پێشەوە. جلکی عەقیدی لەبەرە، تەمەنێکی هەیە، کورتە باڵایەکی برێک قەڵەوە، نیگایەکی نەرم وئارامی هەیە: " ملازم پیرس فریرا ومێجەر فیبرنیودی بریتو ئامادەن و فەرمانیان پێیە کە وەکو شیرەتکار پەیوەندی بە فەوجەوە بکەن."

موریرا سیزار، بۆ دەمێک دەبیرەوە دەچێ. ئەوسا بە دەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دێتە بیستن: " خەنی لە فەوجەکە، تاماریندو، بۆ ئێرەیان بێنە."

سەربازێکی موراسیل، کەوتووەتە سەر چۆکان و یارمەتی عەقید دەدا تا چەکمە بێ مامێزەکانی لە پێ بکات. دوای تۆزێک فیبرونیودی بریتو و پیرس فریرا، لە دوای عەقید تاماریندو وە دێن و لە بەردەم پەتۆکەدا، بە شێوەی ئامادە ڕادەوەستان. بە دوو قۆڵی لاق بە عاریدا دەکوتن، ناو و پلەکانی خۆ دەڵێن وڕایدەگەیەنن: " ئامادەی خزمەتین قوربان ". پەتۆکە دەکەوێتە سەر ئەرزەکە. موریرا، دەمانچەیەک و شمشێرێکی لە خۆ بەستوون، سەری قۆڵی کراسەکەی هەڵکردووە، باسکەکانی کورت، باریک، بێ موو ولووسن. سەراپای دوو میوانەکە، بە نیگایەکی سارد و بێ هیچ قسەیەک دادەبێژێت.

-" قوربان، ، بۆ ئێمە شانازیە کە ئەزموونی خۆمان بخەینە خزمەتی ئەم هێزەو خزمەتی سەربەرزترین فەرماندەی سوپایی بەرازیلەوە."

عەقید موریرا سیزار، بە جۆرێ چاو لە دوورِ چاوانی فیبرونیو بریتو دەبڕێ، کە دەشڵەژێ و لە شپرزەیی دا چاو دادەخات.

-" ئەم ئەزموونەتان وەختایەک ڕووبەڕووی چەند چەتە و ڕێگرێک بوونەوە، بە کەڵکی خۆتان نەهات. " عەقید دەنگی بەرز نەکردەوە بەڵام هۆڵی وێستگەکە، لە ناکاوا لە جم و جوڵ کەوت، دەتگوت کارەبا لێی دا. موریرا سیزار، بە جۆرێ دەڕوانێتە مێجەر وەکو ئەوەی مێروویەک بێت، ئەوسا بە پەنجە ئاماژە بۆ لای پیرس فریرا دەکات: " ئەم ئەفسەرە تەنیا یەک سریەی لە گەڵ بوو. بەڵام تۆ پێنج سەد نەفەرت لە بەردەستا بوو و، شکستێکی وەهات، بە سەر خۆ هێنا کە ئەزی تیا شەرمەزار بووم. ئێوە حەیای سوپا وکۆمارتان برد. بۆیە بوونتان لە کەتیبەی حەوتەم دا مایەی خۆشحاڵی نییە. بۆتان نییە بەشداری لە شەڕدا بکەن. لە بەرەی پاشەوە وەمێنن، سەرپەرشتی برینداران بکەن و ئاگاداری حەیوانەکان بن. دەی بڕۆن."

هەر دوو ئەفسەرەکە ڕەنگی مردوویان لێنیشت. فبرونیودی بریتو، دەست دەست ئارەقەی دەر دەدا. دەمی دادەچەقێ، وەکو ئەوەی بیەوێ شتێک بڵێت. بەڵام ئەنجام ئیکلامێک دەکات و بە هەنگاوی لەرزۆکەوە دوور دەکەوێتەوە. بەڵام مولازمەکە لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستاوە و لە ناکاوا چاوەکانی سوور هەڵگەڕان. موریرا سیزار، بە بێئەوەی تەمەشای بکات بەلایدا ڕەت دەبێ و خێڵی ئەفسەران و سەربازانی خولام خەریکی کاری خۆ دەبن. کۆمەڵێک نەخشە و کاغەزان لە سەر مێزێک دانراوە.

عەقید ئەمر دەکات: " کونیا ماتوس، بڵێ با پەیامنێرەکان بێن. "

مێجەر، پەیامنێر و نووچە گەهانەکان بۆ هۆڵەکە دەبات. بە هەمان قیتاری کەتیبەی حەوتەم هاتبوون، قیتارەکە هێندەی هەڵتەکاندبوون، کە شەکەتیان بە سەرو سیماوە دیار بوو. پێنج کەسن، تەمەنیان جیاوازە، بەلەک پێچ و کڵاو و پانتۆڵی سوارچاکیان پۆشی بوو، دەفتەر و قەڵەمیان پێبوو. یەکێکیان کامێرایەکی کیف چەرمی و سێ پایەکی پێبوو. ئەوەی لە هەمووان پتر سەرنجی خەڵکەکەی ڕادەکێشا، هەمان گەنجە نزیکبینەکەی پەیامنێری ڕۆژنامەی ( جورنال دی نوتیسیاس ) بوو. ڕدێنێکی چکۆلەی دانابوو کە زۆر لە سەر وسیما و جلکە شرۆڵەکانی دەهات، مێزێکی گەورەی سەفەری پێبوو کە قەد دەکرا، شووشەیەک مەرەکەبی بە قۆڵی چاکەتەکەیەوە بەستبوو، لەو کاتانەدا کە وێنەگرەکە خەریکی دانانی کامێراکەی بوو، ئەم لێکدا لێکدا بە دان پەڕە مووچەکەی دەگەزی. وەختایەک وێنەگرەکە دوگمەی کامێراکە دەچرکێنێ، تیشکێکی وەهای لێ بەرز دەبێتەوە کە هاوار لە منداڵەکانی

پشت پەنجەرەکانەوە بەرز دەبێتەوە. عەقید موریرا سیزار، بە سووکە ئاماژەیەکی سەر، سڵاوی پەیامنێرەکان دەسێنێتەوە.

بێ هیچ مجامەلە و ڕووبینییەک، لە جیاتی سڵاو و چاک و خۆشی دەڵێت: " زۆر کەس پێیان سەیر بوو کە من پێشوازی پیاوماقولانی سلڤادورم نەکرد، گەلۆ، هیچ شتێک لە ئارادا نییە، مەسەلەکە تەنیا کاتە وهیچی دی، سەبارەت بەو ئەرکەی ئێمەی بۆ دیار ودەڤەری باهیا هێناوە، هەر چرکەیەک بایەخی خۆی هەیە. دەبێ بە سەرکەوتوویی ئەم ئەرکە ئەنجام بدەین. کەتیبەی حەوتەم بۆ ئەوە هاتووە کە یاخیان وئاژاوەگێڕەکانی کانودوس سەرکوت وتەمێ خواردوو بکات، وەکو چۆن یاخیانی سانتاکروز ولاجە وفیدرالیستەکانی سانتا کاتارینای دامرکاندەوە. لەمە بە دواوە هیچ ڕاپەڕینێک دژی ڕژێمی کۆماری بەرپا ناکرێ."

ئەو خەڵکانەی کۆمەڵ کۆمەڵ لە پشت پەنجەرەکانەوە خڕ بووبوونەوە، هەموو مات و بێدەنگ گوێیان هەڵخستبوو تا بزانن عەقید چ دەڵێت. ئەفسەر وسەربازە موراسیلەکان لە جێی خۆ ڕەق ڕاوەستاون وگوێ دەگرن، پێنج پەیامنێرەکە، بە نیگای مەفتون و گومانامێزەوە تەمەشای دەکەن. بەڵێ خۆیەتی، خودی خۆیەتی، ڕێک وەکو ئەو کاریکاتۆرانەیە کە دەربارەی بڵاوی دەکەنەوە: باریک و بنێس، لاواز، نەسرەوت وچالاک وچەلەنگ، ژیان و زندوویەتی لێ هەڵدەقوڵێت، چاوە چکۆلەکانی کە پرشنگیان لێدەبێتەوە ڕاستەوڕاست دەبڕێتە بەرانبەرەکەی، جوڵەی دەستی لە کاتی قسە کردنا، ڕێک لە جوڵەی دەستی شمشێربازان دەچێت. دوو ڕۆژ بوو، خەڵکی سلڤادور چاوەڕوانی ئەوە بوون، بە هەمان کونجکاوی سەدان کەسی باهیاوە چاوەڕوانی ئەو بوون، بەڵام چاوی ڕەشی خەڵکەکە کاڵ بووەوە، چونکە نە بەشداری دەعوەت و زیافەت و نە بەشداری ئەو ئاهەنگەی کرد کە جەماوەری خەڵکی بۆ خێر هانین و پێشوازی ئەو سازیان دابوو. جگە لە سەردانێکی کورت و بلەز بۆ یانەی ئەفسەران و دیدارێک دەگەڵ فەرماندار (لویز ڤیانا) دیدەنی کەسی دیکەی نەکردبوو، هەموو کاتی خۆی بۆ سەرپەرشتی دابەزینی هێزەکەی لە بەندەرەکە و گواستنەوەی چەک و تەقەمەنیەکان بۆ وێستگەی ( کالسادا ) تەرخان کردبوو تا ڕۆژی دواتر بە هەمان قیتاری کە کەتیبەکەی بۆ ئەم دەڤەرە هێنابوو، برۆن بۆ دەشت و بیابانەکە. هێندە بلەز بە شاری سلڤادور دا تێپەڕی بوو، وەکو ئەوەی ڕاونرابێ و هەڵهاتبێ، وەکو ئەوەی لە نەخۆشیەکی گیرۆی ترسناک، ترسا بێت. نها دەیویست بیانوویەک بۆ ئەم پەلە پەل و ڕەفتارەی خۆی بێنێتەوە: کات... بەڵام پێنج پەیامنێرەکە چاودێری بچووکترین جووڵەی ئەویان دەکرد، بیریان لەو قسانە نەدەکردەوە کە ئەو ساتە دەیکردن، بەڵکو بیریان لەو شتانە دەکردەوە کە دەربارەی گوترابوون و نووسرابوون، لە زەین وهزری خۆدا ئەو بوونەوەرە ئەفسانەییەیان، کە هەم کردبوویان بە خوا و بە بت وهەم ڕقیان لێ بوو و دەیانبوغزاند، لە گەڵ ئەو بوونەوەرە کورتە باڵایەدا بەراورد دەکرد کە بە جۆرێ قسەی دەگەڵ دەکردن وەکو ئەوەی هەر بەشەریش نەبن. هەوڵدەدەن لە خەیاڵی خۆدا سەردەمی گەنجاتی ئەو بێننە پێش چاوی خۆ، ئەو سەردەمانەی خۆبەخشانە پەیوەندی بە سوپاوە کردبوو و لە شەڕی پاراگوای دا بەشداری کردبوو، چەند جارێک بریندار بووبوو و بە ئەندازەی ژمارەی برینەکانی میداڵی وەرگرتبوو و، هەروەها هەوەڵین ساڵانی ئەفسەری ئەو لە ڕیودوجانیرو بێننە بەرچاو، کە لەو ڕۆژ و دەورانەدا، هێندە توندڕەوانە داکۆکی لە کۆمار کردبوو کە چیوای نەمابوو لە سوپا دەربکرێ ولە زندان توند بکرێت. یان لەو دەورانەدا کە بووبوو بە ڕابەری ئەو پیلانەی دژی دەسەڵاتی پاشایەتی دەگێڕدران. وێڕای ئەو توانا و دەسەڵاتەی کە لە چاوەکانی و ڕەفتاری و دەنگیەوە بڵاودەبووەوە، بۆ ئەوان ( پەیامنێرەکان ) زەحمەتە ئەو لە حاڵێکا وێنا بکەن کە پەیامنێر و ڕۆژنامەڤانێکی گومناو لە شەقامی ( ئوڤیدور ) ی پایتەخت دا، بێکەس کوژ دەکات، هەڵدەکێشێتە دەمانچەکەی و پێنج گوللەی پێوە دەنێت، بەڵام لە لایەکی

دیکەوە تەسەوری دەنگی لە کاتی دادگادا زەحمەت نییە کە دەڵێت شانازی بەو کارەی خۆیەوە دەکات و ئامادەیە هەرکاتێ گوێی لە کەسێک بێت بێڕێزی بە سوپا بکات، هەمان کار دووبارە بکاتەوە. بەڵام هەموویان چالاکیە جڤاکیەکانی ئەویان لە بیر بوو، کە دوای چەندین ساڵ لە ئاوارەیی و ژیان لە تاراوگەی (ماتوگروسو) وپاش ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی گەڕایەوە. لە بیریان بوو کە چۆن بوو بە دەستە ڕاستی سەرۆک کۆمار فلوریانو پیکسوتو وچۆن بە دەستی پۆلایین هەر هەموو ئەو ڕاپەڕین و ئاژاوانەی سالانی هەوەڵی تەمەنی ڕژێمی کۆماری سەرکوت کردبوو، چۆن لە ڕۆژنامەی (ئویاکوبینو)ی توندڕەو دا، بەرگری لە دامەزراندنی کۆمارێکی دکتاتۆری، بێ پەرلەمان، بێ حیزبی سیاسی کردبوو، کۆمارێک کە سووپا، وەکو کڵێسای جاران، ببێ بە تەوەر و ناوەندی بڕیاری کۆمەڵگەیەکی نامەزەبی وبە جۆش وخرۆشەوە کار بۆ پێشکەوتنی زانستی بکات. لە دڵی خۆدا دەیانپرسی ئایا ڕاستە کە گوایە لە کاتی مردنی مارشال فلوریانو پیکسوتودا، کە لە سەر قەبران وتاری ماتەمینی خوێندوەتەوە لە سوێیاندا بوراوەتەوە. خەڵکی دەیانگوت کە بە هاتنە سەرکاری پرودانتە دی مورایس کە سەرکۆمارێکی مەدەنی بوو، ژیانی سیاسی عەقید موریرا سیزار و یاقوبیەکان کۆتایی هاتووە. بەڵام ئەمانە لە دڵی خۆدا دەیانگوت، ڕەنگە ئەمە ڕاست نەبووبێ، ئەگەر دروست بوایە، نها لێرە، لە کیماداس نەدەبوو، بە سەرکردایەتی بەنێوبانگترین قۆشەنی سوپای بەرازیلەوەو کە حکومەت بەخۆی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەی ناردبوو، ئەرکێک کە بێگومان ئەنجامی دەدا و پاشان بە شکۆ وشانازی و شۆرەتەوە بۆ (ریو) دەگەڕایەوە.

عەقید، ئاماژە بۆ پۆستەرەکانی هەر دوو حیزبی کۆماری و حیزبی خۆیبونخواز، کە بە بن میچەکەوە شۆڕ بووبوونەوە دەکات و بێئەوەی سەیریان بکات دەڵێت: " من بۆ ئەوە بۆ باهیا نەهاتووم تا خۆ لە کێشماکێشی سیاسی ناوچەیی هەڵقورتێنم. سوپا لە سەرووی ململانێی سیاسییەوەیە، سوپا خۆی لە بزاڤێن سیاسی دوور دەگرێ. کەتیبەی حەوت بۆ ئەوە هاتووە تا پیلانی سەڵتەنەتخوازان سەرکوت بکات. چونکە لە پشت یاخی و چەتە شێتەکانی کانودوسەوە، پیلانێک دژی ڕژێمی کۆماری پەنهانە. ئەو بەدبەختانە تەنیا ئالەتی دەستی ئەو دەرەبەگ و ئەرستوکراتانەن کە نایانەوێ ئیمتیازات و بەرژەوەندییەکانیان لە دەست بدەن. کە نایانەوێ بەرازیل ببێت بە وڵاتێکی مودێرن، هەروەها ئالەتی دەستی هەندێک لەو قەشانەن کە ئامادە نین پرەنسیپی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت قەبووڵ بکەن و ڕازی نین بەشی تزار بدەنەوە بە تزار. تەنانەت ئالەتی دەستی ئینگلیزیشن، کە دەیەوێ ڕژێمی گەندەڵی پاشایەتی بگەڕێتەوە کە ڕێگەی پێدەدا بە هەرزانترین نرخ، هەرچی بەر وبومی شەکری بەرازیل هەیە بۆ خۆی بیبات. بەڵام هەر هەموویان خەیاڵیان خاوە. نە ئەرکستوکراتان، نە قەشە و ڕوحانیان و نە ئینگلتەرە، جارێکی دی لە بەرازیل دا یاسا و ڕێسا دانانەن، ئەو باوکەیان مرد، سوپای هەرگیز ڕێگەی ئەمەیان پێنادات."

بەرە بەرە دەنگی بەرز کردەوە و بە ڕاوێژێکی خاڵی لە هەر سۆزێک ئەو وشانەی دوایی درکاند، لە کاتی قسە کردنا دەستی ڕاستی نابووە سەر ئەو دەمانچەیەی کە بە قەدیەوە بوو. کە بێدەنگ دەبوو، بێدەنگیەکی بە ویقار باڵی بەسەر هۆڵی وێستگەکەدا دەکێشا و ویزە ویزی مێش ومەگەزان کە بێهودە بەسەر سینیە خواردنە داپۆشراوەکاندا دەسوڕانەوە، دەگەییە گوێ و لە هۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە. ڕدێن سپی پەیامنێرەکان، پیاوێک بوو کە وێڕای گەرمی هۆڵەکە، چاکەتێکی سوفی خانە خانەی لەبەر بوو، بە ترس و دوو دڵییەوە دەستێکی بەرز کردەوە تا پرسیارێک یان قسەیەک بکات. لێ عەقید، دەرفەتی قسەکردنی نادات. تۆزێ لەوە پێش ئاماژەی بۆ دوو سەربازی پێشخزمەتی خۆی کرد، ئەو دووە کە پێشتر بۆ ئەم کارە تەعلیم درابوون، سەندوقێک لە ئەرزەکە بەرز دەکەنەوە، لە سەر مێزێک دایدەنەن، دەیکەنەوە: پڕە لە تفەنگ.

موریرا سیزار، دەستی ناوەتە پشتی، هێدی وهێمن بە بەردەم پێنج پەیامنێرەکەدا دێ و دەچێت. بە ڕاوێژێکی تەوسامێز، وەکو ئەوەی تەشەر لە کەسێک بدات، لە سەر قسەکانی دەڕوات: " ئەمانە لە دەشتی باهیادا، دەستیان بە سەردا گیراوە بەڕێزینە. ئەم تفەنگانە، نەگەیینە کانودوس. ئەمانە لە کوێوە هاتوون؟ تەنانەت زەحمەتی ئەوەیان بە خۆ نەداوە کە مارکەی کارخانەکەی لێبسڕنەوە. لیڤرپول. ئێمە هیچ کاتێ لە بەرازیل دا ئەم جۆرە تفەنگەمان نەبووە، ئەمە جگە لەوەی، بەجۆرێ دەسکاریان کردووە کە فیشەکەکە لە نیشانەکەدا بتەقێتەوە. ئێستا بۆمان بە دیار کەوتووە ئەو زامە قوڵانەی کە جەڕاحەکانی سوپای حەپەساندبوو، ئەو زامانەی  کە تیرەکانیان دە دوازدە سانتی مەتر بوو، هی چی بووە. ئەو زامانە زیاتر لە هی پارچەی تۆپ دەچوون تا لە هی فیشەک. یانی دەچێتە ئەقڵەوە ئەو یاخی و ئاژاوەگێرە ساویلکە و نەخوێنەوارانە، ئەو چەتە و ڕێگرانە، ئاگاداری ئەم داهێنان و تەقەنیاتە پێشکەوتووەی ئەورووپا بن؟ باشە ئەم هەموو لات و لەوێر و خەڵکە هەڕەمەکیە نەناسراوە لە کوێوە پەیدا بوون؟ ئەدی ئەو جەندەکەی کە لە ئیپوپیارا دۆزرایەوە. ئەدی ئەو پیاوەی کە بە بەرگی پڕ لە لیرەی ئینگلیزیەوە لە کاییم گروسو پەیدا بووبوو و ئیعترافی کردبوو کە بەڵەدی بۆ دەستەیەک سواری ئینگلیزی زمان کردووە. کۆمەڵێک بیانی کەشف بووبوون کە هەوڵی ئەوەیان دابوو چەک وتەقەمەنی بگەیەننە کانودوس و لە بیلوهوریزونتەدا گیرابوون. کۆمەڵێک بویەری بە ڕواڵەت ڕێکەوتەکی، هەن کە ناکرێ گومانی دژبەری کۆماریان لێنەکرێ، دژمنانی کۆمار بە ئاسانی دەستبەردار نابن. بەڵام ئەم پیلان و دەسیسانە دادیان نادات. گەلۆ، ئەمانە لە ڕیو شکستیان هێنا، هەروەها لە ریوگراندە دوسول شکستیان هێنا، بێگومان لە باهیاش حاڵیان هەمان حاڵ دەبێ.

دوو سێ چەلان، بە هەنگاوی کورت، بلەز و تووڕە بە بەردەم پێنج ڕۆژنامەڤانەکەدا دێ و دەچێت. نها گەڕاوەتەوە شوێنەکەی پێسووی، پاڵ ئەو مێزەی کە نەخشەکانی لە سەر ڕیزکرابوو. کە جاری دووەم قسەیان بۆ دەکات، ڕاوێژی دەنگی توند وهەڕەشە ئامێزە.

"من قاییل بووم کە ڕێگەتان پێبدرێ بە گەڵ کەتیبەی حەوتەم بکەون، بەڵام دەبێ هەندێ ڕێنمایی هەن ڕەچاوی بکەن. ئەو هەواڵانەی کە لێرەوە بە بروسکە ڤرێی دەکەن پێویستە ڕەزامەندی مێجەر کونیاماتوس یان عەقید تاماریندوی لە سەر بێ، هەروەها سەبارەت بەو ڕاپۆرانەش کە بە تەتەراندا ڤرێی دەکەن. بۆیە ئاگادارتان دەکەمەوە هەرکەسێکتان هەوڵی ئەوە بدات، بە بێ ئیزنی هەردوو یاریدەدەرەکەم هەر وتار وڕاپۆرێک ڤرێ بکات، ئەمەی بە تاوانێکی گەورە کە سەر حیساب دەکرێت. هیوادارم ئاگاداری ئەمە بن: هەر هەڵەیەک، هەر خزینێک، هەر ڕەفتارێکی نەگونجاو، دەکاتە خزمەت بە دژمن. ئەوەتان بیر نەچێت کە ئێمە لە حاڵی شەڕداین. هیوادارم کاتێکی خۆش لە گەڵ کەتیبەکەماندا بەسەر بەرن، من چ قسەیەکی دیم نییە گەلۆ."

ڕوو بۆ لای ئەفسەرەکانی وەردەگێڕێ کە دەم و دەست دەوری دەگرن، یەکسەر – وەکو ئەوەی ئەفسوونێک بەتاڵ کرابێتەوە – ئیدی ژاوە ژاو و بێ و برۆ و جۆش و خرۆش باڵ بەسەر وێستگەی کیمادامس دا دەگرێتەوە. بەڵام پێنج پەیامنێرەکە، هێشتا حایر وحەپەساو، شپرزە وپەشۆکاو لە جێی خۆ وەستاون وتەمەشای یەکدی دەکەن، نەیاندەزانی کە عەمید موریرا سیزار بۆچی بە جۆرێ ڕەفتاری لە گەڵ ئەواندا دەکرد وەکو ئەوەی دژمنی گریمانەیی ئەو بن، چما دەرفەتی تاقە یەک پرسیاریشی نەدان، چما زەڕەیەک دۆستایەتی و ڕێزی نەنواند. ئەفسەرەکانی چوار دەوری عەقید، هەریەکەیان پاش ئەوەی فەرمان وەردەگرن، تەق لاق بە عاردیدا دەکوتن، بڵاوەی لێدەکەن و هەرکەسە و لە دووی کاری خۆی دەڕوات. عەقید کە بە تەنێ دەمێنێتەوە، بە وردی دەڕوانێتە

دەوروبەری خۆی و ڕۆژنامەڤانەکان وا خەیاڵ دەکەن کە دەیەوێ بۆ لای ئەوان بێتەوە، بەڵام بە هەڵەدا چوون. نیگای لەو ڕوخسارە ڕەش هەڵگەڕاو وکلۆڵ و برسیانەیە کە نراون بە شووشەی دەرگا و پەنجەرەکانەوە، وەکو ئەوەیە تازە هەستی پێکردبن. بە گرژو مۆنی تەمەشایان دەکات، چارەی داوە بە یەکا و لێوی شۆڕ بووەتەوە. لە ناکاوا، بە هەنگاوی هەڕاو و بە عەزمی جەزمەوە بەرەو نزیکترین دەرگا دەڕوات، بە پاڵێک دەرگاکە دەخاتە سەر گازی پشت، هەر دوو باسکی بڵاو دەکاتەوە بۆ پێشوازی لە ئاپۆڕای پیاوان وژنان ومنداڵ و پیرەمێران، جەماوەر وئاپۆڕایەک کە هەموویان شڕۆڵە وشەپرێو، بەشێکیان پێ خاوسن و حایر وحەپەساو، بە ڕێز وترسەوە چاویان بڕیوەتە ئەو. بە ئاماژەیەکی میرانەوە تێیان دەگەیەنێ کە وەژوورکەون، دەیانهێنێتە ژوورەوە، ئاماژە بۆ مێزە درێژەکە دەکات کە لە جۆرەها خواردنەوەو خواردن بارکراوە، کە ئەنجوومەنی شارەوانی کیماداس لە سەر شەرەفی ئەو ئامادەیان کردووەو کەس دەستی بۆ نەبردووە ومێش ومەگەزی دنیا بەسەریەوە دەسوڕێتەوە. پێشیان دەکەوێ، بۆ سەر مێزەکەیان دەبات، بە دەستی خۆی جڕجێتی سەر سینیە خۆراکەکان هەڵدەداتەوەو دەڵێت: " وەرن، وەرنە ژوورەوە، ئێوە میوانی کەتیبەی حەوتەمن. دەی، مەترسن. ئەمە هەر هەمووی بۆ ئێوەیە. شایەنی ئێوەیە نەک ئێمە. بخۆن، بخۆنەوە، نۆشی گیانتان بێ."

ئێستا ئیدی پێویست بە خولک کردنیان نەمابوو. ڕوویان کراوەتەوە و، وەکو کوللە داویانە بەسەر سینی، بوتڵ، جام و قاپەکاندا و بە بەرچاوی خەمناکی عەقیدەوە کەوتوونەتە پاڵەپەستۆ و بە ئانیشکان دڕ بە یەکدی دەدەن و لە سەر خواردن وخواردنەوە دادەگژێنە سەر وگوێلاکی یەکدی. ڕۆژنامەڤانەکان حایرو حەپەساو لە جێی خۆ ڕاوەستاون وتەمەشا دەکەن. پیرەژنێکی ئەندام وردیلە، پارووە خوارنێکی ڕا ڕفاندوەو بە پەلە دەی تەپێنێتە دەمیەوەو لە مێزەکە دوور دەکەوێتەوەو لە لای موریرا سیزارەوە دەوەستێ و ڕوخساری سەراپا سوپاس و منەتباریەوە. هێمای خاچ دەکێشێت ولە بن لێوانەوە دەڵێت: " جەنابی عەقید خانمی موبارەک ڕاوەستاوت بکا، دەست بە باڵتەوە بگرێت." پەیامنێرەکان، گوێیان لێدەبێ کە عەقید دەست بۆ شمشێرەکەی دەبات و دەڵێت: " خانمی پارێزەری من ئەمەیە."

***

سێرکی قەرەجان لە هەڕەتی ڕەونەقی کاروباری خۆیدا لە بیست کەسێک پێکدەهات، هەڵبەتە ئەگەر پیاو بتوانێ بوونەوەرانی وەکو ژنی ڕدێندار و کورتیلەی بنەمۆم و پیاوە جالجالۆکەیەکە و پدریمە دێو و جولیاوی بۆقخۆر بە نەفەر حیساب بکات. ئەو دەم و دەورانە سێرکەکە بە عەرەبانەیەکی گەورەی سەر گیراوی سوورەوە کە وێنەی کۆمەڵێک ئەکروباتی بە ناوبانگیان بەم لا و بەولایەوە چەسپاندبوو، دەسوڕایەوە، چوار ئەسپیان لەم گالسیکەیە بەستبوو.

برایانی فەرەنسی لە سەر ئەم گالیسکەیە یاری و گەمەی ئاکروپاتیان دەکرد. ئەم سێرکە، پێشەنگایەکی چکۆلەی گیانلەبەرانیشی هەبوو، کە لە ڕاستیدا، تەواوکەری کۆمەڵە بەشەریە سەیر وسەمەرەکەی بوو. ئەم گیانلەبەرانەیان لە سەیر و سەفەرەکانی خۆدا کۆ کردبووەوە: بەرخێکی پێنج لاق، مەیموونێکی دوو کەللە، مارێکی ئاسایی کوبرا، کە خواردنی تەیر و توی چکۆلە بوو، بزنێک کە سێ ڕیز ددانی هەبوو، کە پدریم، بە دەستە زەلامەکانی خۆی زاری دەکردەوەو بە خەڵکەکەی نیشاندەدا. ئەمانە قەت خێوەت و چادریان نەبوو. ئیدی بەرنامەکانیان لە گۆڕەپان و مەیدانە سەرەکییەکانی شارەکاندا و لە ڕۆژانی پشووی فەرمی یان لە جەژنانی وەلیان و پیاو چاکانی ناوچەییدا نمایش دەکرد.

ئیدی بەرنامەی زۆرەبانی و تەقلە لێدان وسیحربازی وخوێندنەوەی بیر وجۆرەها شتی دیکەیان هەبوو. سولیماوە ڕەش شمشێری قووت دەدا. پیاوە جالجالۆکەییەکە، بە ئاسانی بە عامودێکی چەورا سەر دەکەوت و هەرکەسێک بیتوانیبا لاسایی ئەو بکاتەوە و بە عامودەکەدا هەڵگەڕێ، یەک میلری (جۆرە پارەیەکە) دەدایێ.

پدریمە دێو زنجیری دەپچڕی، خانمە ڕدێندارەکە دەگەڵ مارە کۆبراکەدا دەرەقسی و دەمی مارەکەی ڕادەمووسی، هەر هەموویان بە فلینی سووتاو و ئاردی برنج خۆیان مکیاج دەکرد و یارۆی لێبۆکیان کە دەتگوت بەدەنی ئێسقانی تێدا نییە، دوولا وچوار لا وشەش لا قەد ونوشت دەکرد. بەڵام دەستە گوڵ وئەستێرەی هەموویان یارۆی کورتەباڵا بوو، کە بە جۆش و خرۆش و ئاو و تاوێکی سەیر و هەستێکی ناسک و خەیاڵێکی بەرز چیرۆک و داستانانی دەگێڕایەوە: چیرۆکی دوتمیر " ماگولون "ی کیژی پاشای ناپۆلی کە سوار چاک سێر پییر دەیرفێنێ و دەریاوانێک خشڵ و جەواهێرەکانی لە ناو سکی ماسییەکەدا دەدۆزێتەوە، هەروەها چیرۆکی سلڤانیای جوان کە تەنیا بابی حەزی لێدەکات و ئارەزووی زەوجینی دەکات، هەروەها حیکایەتی شارلمان و دوازدە لۆردەکەی فەرەنسا، هەروەها چیرۆکی دۆتمیری نەزۆک کە شەیتان سواری دەبێت و " روبەرت " ی شەیتان سیفەتی لێی دەبێت، هەروەها چیرۆکی ئولیڤەر و فیرابراس...

ڕۆڵ و دەوری ئەو لە دوای هەمووانەوە بوو، چونکە دەیکردە کارێک جەماوەرو خێڵی تەمەشاڤانان دەست و دڵ تێرتر بن.

هەڵبەتە دیار بوو کە یارۆی قەرەج کێشە و ئاریشەی دەگەڵ پۆلیسی کەناراواندا هەبوو، چونکە تەنانەت لە دەم و دەورانی وشکەساڵیش دا، ڕووی نەدەکردە ئەو دیار ودەڤەرە. پیاوێکی تووڕە و ترۆ بوو، بە بچووکترین شت تووڕە دەبوو، هەرکەسێک تووڕەی کردبا، چ پیاو، چ ژن چ حەیوان با، بە قەستی کوشت بەر مستی دەدا. بەڵام وێڕای ئەم هەموو بەد ڕەفتاریەشی، هیچ کەسێک لە تاقمی سێرکەکە، بە خەونیش بیری لەوە نەدەکردەوە کە بتۆرێ و یارۆی قەرەج بەجێبێڵێ و بڕوات. کابرا گیان و ڕوحی سێرکەکە بوو، خۆی سێرکەکەی دروست کردبوو، لە هەر چوار نکاڵی دنیاوە خەڵکانێکی سەیر و سەمەرەی کۆکردبووەوە کە لە جێی خۆ و لە ناو ماڵباتی خۆدا مەزەی ڕابواردن و تەوس و توانجان بوون، خەڵکانێک بوون کە خەڵکی بەزادەی تۆڵەی خواییان دەزانین و پێیان ڕادەبواردن و بە چاوی سووک تەمەشایان دەکردن. هەرهەموویان، کورتە باڵاکە، ژنە ڕدێندارەکە، دێوەکە، کابرای جاڵجاڵۆکە ئاسا و تەنانەت یارۆی لێبۆکیش ( هەرچەندە لەم شتانە حاڵی نەدەبوو بەڵام هەستی پێیان دەکرد ) ئەم سێرکە گەڕۆکەیان زۆر لەو شوێن و ماڵانە پێ خۆشتر بوو کە لێوەی هاتبوون. لەم کاروانەدا کە سەرانسەری بیابانە گەرمەکانی تەی دەکرد، بێ هیچ ترس و شەرمێک دەژیان، نوقسانیانی هاوبەشیان بە جۆرێ کۆی کردبوونەوە کە نوقسانی خۆیان لە بیر چووبووەوە و وەکو هەر کەسێکی ئاسایی و بێ نوقسانی ڕەفتاریان دەکرد.

بۆیە شتاقیان سەریان لە ڕازی ڕەفتاری ئەو گەنجە دەرنەدەکرد کە لە " ناتوبا "وە هاتبوو، قژێکی درێژی تێک ئاڵاوی هەبوو، چاوە ڕەشەکانی زۆر زیت و زندوو بوون، لاقی نەبوون، بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیی. کە لە شاری ناتوبادا بەرنامەیان نمایش دەکرد، هەستیان کرد چووە دڵی کابرای قەرەجەوەو بە درێژایی ئاهەنگەکە هەر تەمەشای کوڕەی تاینی دەکرد. گومان لەوەدا نەبوو کە شیفتەگی و ئیعجابی یارۆی قەرەج بە بوونەوەرانی عەجیب و غەریب – چ بەشەر و چ حەیوان – هۆیەکی قووڵتری لەو پارەیە لە پشتەوە بوو کە بە نیشاندانی ئەوان بە دەستی دەهێنا. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ، کە دەیزانی ئەو بوونەوەرانە لە نێو خێڵی بوونەوەرانی

عاجباتیان دا زیاتر هەستیان بە بوونی خۆ دەکرد و نوقسانی خۆیان لە بیر دەچووەوە. بە هەر حاڵ لە کۆتایی بەرنامەکەدا بە پرسیار ماڵی کەس و کاری کوڕەی ناقبری دۆزییەوە، خۆی بە داک و بابی ناساند و قەناعەتی پێکردن کە کوڕەکەیانی پێ بسپێرن تا بیکات بە ئەکتەرێکی سێرک. ئەوەی کە بەلای خەڵکیەوە سەیر بوو و سەریان لێدەرنەدەکرد ئەمە بوو کە دوای یەک هەفتە ئەم بوونەوەرەی کە بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیی، ڕیک لەو دەمەدا کە یارۆی قەرەج تازە دەستی بەوە کردبوو کە فێری فەند وفێڵی ماڵی کردنی حەیواناتی بکات، لە سێرکەکە هەڵاتبوو.

بەدبەختی خەڵکەکە، دەگەڵ دەستپێکی وشکەساڵیە گەورەکەدا دەستی پێکرد، هۆیە سەرەکیەکەی ئەم نەگبەتیە ئەوە بوو کە یارۆی قەرەج وێرای ڕجا و تکای سێرکەوانەکان، چوو بە قینا و لە کەری شەیتان نەهاتە خوارێ کە بۆ دیار ودەڤەری کەناراوەکان بڕوات. گەیینە، شار و مەزرایانی چۆڵ و هۆڵ. بووبوون بە مەیدانی ئێسک و پرووسکان، دەیانزانی لەگینە لە تینوواندا بخنکێن. بەڵام یارۆی قەرەج وەکو قاتر جەنەی بەستبوو، بە ئامان و زامان نەدەهاتە ڕەدایە. شەوێک پێی گوتن: " ئێوە ئازادن، بە خۆتان سەرپشک بن، ئەگەر دەتانەوێ دەتوانن بڕۆن، بەڵام ئەگەر ناڕۆن حەز ناکەم کەس پێم بڵێ کە سێرکەکە بۆ کوێندەر بڕوات یان نەڕوات." هیچ کەسێک نەڕۆیی، هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە هەر هەموو سێرکەوانەکان ئەوەندەی لە خەڵکی دەترسان، لە کارەساتی وشکەساڵیەکە نەدەترسان. لە " کاتینگا دومورا " دادیڤای هاوسەری کابرای قەرەج دووچاری تایەکی ئەوتۆ بوو کە خستیە وڕاوە، پاشان مرد و ناچار بوون لە تاکواراندی بە خاکی بسپێرن. ئەوسا بەرە بەرە لە ناچاریا کەوتنە خواردنی گۆشتی حەیواناتەکانی سێرکەکە. دوای ساڵ و نیوێک وەختایەک دووبارە باران باری و هولیا و سابینای هاوسەری و هەروەها سولیماوە ڕەش، پدریمە دێو، کابرای جاڵجاڵۆکە ئاساکە و ئەستێرە چکۆلەکە هەموو مردن. عەرەبانە گەورەکەیان بە هەموو وێنەی ئاکرۆباتەکانی ئەم بەر و ئەوبەرییەوە لە دەست دابوو، هەرچی دار ونەداریان هەبوو لە دوو عەرەبانەکە نابوو کە بە خۆیان ڕایاندەکێشا، تا ئەوە بوو خەڵکی، ئاو و ئاوەدانی بۆ بیابان و دەشتەکانی باهیا گەڕایەوەو کابرای قەرەج و سێرکەوان توانی دوو قاتر بکڕێ و لە عەرەبانەکانیان ببەستێ.

دووبارە کەوتنە نمایشی بەرنامەکانیان و ئەوەندەیان پارە و پول پەیدا کرد، کە پێی بژین و سکی خۆ تێر بکەن. بەڵام ڕەوش و بارودۆخەکە وەکو جاران نەمابوو. بەڵام یارۆی قەرەج کە لە دەستدانی ماڵ و منداڵەکانی شێت و زۆر پەرێشانی کردبوو، وەکو جاران دڵی بە بەرنامە و نمایشەکانی خۆش نەبوو. سێ منداڵی لە کالدیرا و گراندە، بە ماڵباتێک سپاردبوو و کاتێ دوای وشکەساڵیەکە چوو بە سۆراخیانەوە، هیچ کەسێک لە شارەکەدا هەواڵی نە بنەماڵەی کامبنیاس و نە منداڵەکانی ئەوی دەزانی. لە دۆزینەوەیان نائومید نەبوو، ساڵانێک لەوە دواش ڕێی بکەوتبایە هەر شارێک سۆراخی دەکردن، ئاخۆ کەس دیتوونی یان شتێکی دەربارە بیستوون. دیار نەمانی منداڵەکانی – کە هەمووان دڵنیا بوون مردوون – ئەوی کە دەم و دەورانێ پیاوێکی بە تین وتاو و ورە بەرز و سەرو ڕوو خۆش بوو، کردبوو بە بوونەوەرێکی نائومێد، ڕەشبین وگرژ ومۆن، لە ڕادەبەدەر دەی خواردەوە و دەگەڵ کەسدا هەڵی نەدەکرد و لە سەر بچووکترین شت بە شەڕ دەهات. دەمەو عەسرانی ڕۆژێک کە بەرنامەیەکیان لە گوندی " سانتاروسا " نمایش دەکرد و یارۆی قەرەج دەورێکی دەبینی کە جاران پدریمە دێو ئەو دەورەی دەبینی: حەریف داوای دەکرد، کێ ئازایە، کێ لە خۆی ڕادەبینێ با بێتە مەیدان و پشتی لە عاردی بدات، پیاوێکی کەتە، بەهێز هاتە بەرەوە و لە یەکەم پەلامارا تەختی زەوی کرد. یارۆی قەرەج دووبارە هەستایەوە، خۆی جەم و جۆر کردەوەو گوتی حلێب نییە و لاقی خزاوە، دەبێ کابرا دووبارەی بکاتەوە. پیاوە

بۆ جاری دووەم بە عاردیدا دایەوە. یارۆی قەرەج دووبارە هەستایەوەو لە کابرای پرسی کە ئایا ئامادەیە شەڕە چەقۆ بکات، کابرا هیچ نیازێکی شەڕی نەبوو. بەڵام یارۆی قەرەج کە دین وهار بووبوو، چاوی پەڕی بووە تۆقی سەری، هێندەی سووکایەتی بە کابرا کرد کە هیچ چارێکی نەما ئەوە نەبێ کە بێتە مەیدانی. بە هەمان ئاسانی دوو جارەکەی دی، ئەمجارە بە گەرووی بڕا و چاوانی دەرپۆقیوەوە تەختی ئەرزەکەی کرد. خەڵکەکە پاشان زانییان کە یارۆی قەرەج بە ڕادەیەک دین و هار بووبوو، کە تەحەدای " پدراو " چەتە و ڕێگری بەناوبانگی کردبوو کە بێتە مەیدانی.

وێڕای هەموو شتێک، سێرکەکە هەر بەردەوام بوو، بەڵام نە وەکو ئەوەی بیەوێ ئەم پەندەی ژنە ردێندارەکە بسەلمێنێ کە: " هیچ شتێک نامرێ مەگەر خۆی بیەوێ. " هەڵبەتە ئەستێرەی سێرکەکە کەوتە لێژی، هەر بە ناو سێرک بوو، سێرکەکە دەم و دەورانێکی کەساد و بێ چالاکی بەسەر برد، بەڵام هەڵنەوەشایەوە. بەڵام لە ڕاستیا کۆپیەکی کاڵ و شێواوی سێرکەکەی جاران بوو، هەمووی بریتی بوو لە عەرەبانەیەکی کۆن کە چادرێکی هەزار پینەی بە سەردا درابوو و تاقە گوێدرێژێکی بچکۆلە ڕایدەکێشا. خێوەتێکی کۆنیان لە ناودا قەد کردبوو کە لە هەزار لاوە پینە کرابوو، ئەو ئەکتەر و سێرکەوانانەی مابوون: ژنە ڕدێندارەکە، کورتەڵە ، لێبیۆکەکە و مارە کۆبراکە. شەوان هەڵیان دەدا و لە ژێریا دەخەوتن. ئیدی بەرنامەیان نمایش دەکرد و چیرۆک وحیکایەت و بەیتە عاشقێنیەکانی کورتەڵە وەکو جاران هەواداری زۆریان هەبوو. بۆ ئەوەی کەرەکەیان ماندوو نەکەن، بە پێیان ڕێیان دەکرد، تاقە ئەندامی گروپەکە کە ئیمتیازی سوار بوونی گالیسکەکەی هەبوو مارە کۆبراکە بوو کە لە نێو سەبەتەیەکی بە شووڵ تەنراو دەژیا. پاشماوانی گروپی سێرکەکە لە گەڕان و هاتوچۆیەکانیاندا جۆرەها خەڵکیان دەبینی: قەشە و وەلیان، چەتە و ڕێگران، حاجی و زیارەتکاران، کۆچەر و موهاجیران، خەڵکانی سەیر و سەمەرە و ڕوخسار ترسناک کە سەیرترین جلکیان لەبەر دەکرد. بەڵام هەرگیز تا ئەو بەیانیە کەسێکی قژ سووری وەکو ئەو پیاوەیان نەبینی بووکە درێژاو درێژ لە پێچی ئەو ڕێگایە کەوتبوو کە بۆ ریاکودا ئونسا دەڕۆیی. بەبێ جووڵە لەو گۆڕە کەوتبوو، جلێکی ڕەشی لە بەر بوو کە پەڵە غوباری سپی لێنیشتبوو. تۆزێ لەو لای ئەوەوە جەندەکی قاترێک کەوتبوو لە دالاشی دنیا تێی وڕوکا بوون و ئاگرێکیش کە کوژابووەوە. ژنێک بە دیار خۆڵەمێشەکەوە دانیشتبوو تەمەشای ئەمانی دەکرد، هیچ خەمینییەک بە سیمایەوە دیار نەبوو. کەرەکە وەکو ئەمری پێکرابێ وەستا، ژنە ڕدێندارەکە و کورتەڵە و لێبیۆکەکە چوونە دیار زەلامەکە، زامە شینەوە بووەکەی سەرشانی کابرایان، کە لە ژێر قژە سوورە ئاگرینەکەیدا پەنهان بووبوو، تەمەشا کرد، خوێن بە سەر ڕدێن وگوێ وبەرۆکی کراسەکەیەوە وشک بووبووەوە. ژنە ڕدێندارەکە پرسی: " مردووە؟ " جورما بەرسڤی دایەوە: " هێشتا بە تەواوی نەمردووە."

***

مورشید، دوای ئەوەی لە سەر حەسیرێک ڕۆنیشت گوتی: " ئەم شوێنە بە ئاگر وێران دەبێت." تەنیا چوار سەعات ئیسراحەتیان کردبوو، چونکە ڕێ ورەسمەکەی شەوی پێشوویان لە دوای نیوە شەوەوە تەواو بووبوو. بەڵام ( شێرەکەی ناتوبا ) کە گوێی زۆر تیژ بوون، گوێی بەو دەنگە زرینگایەوە، لە جێی خۆی ڕابوو، قەڵەم و کاغەزی هێنا تا ئەو وشانە تۆمار بکات کە نەدەبوو لە بیربچنەوە. مورشید چاوانی نوقاندبوون و بە تەواوی خەیاڵ بردبوویەوەو لە سەری ڕۆیی: "چوار جاران ئاگر دەکەوێتەوە. من سێ ئاگری یەکەم دەکوژێنمەوە. بەڵام چوارەمیان بە مەسیحی موبارەک دەسپێرم." ئەمجارەیان قسەکانی، ژنانی تیمی سروودخوانانی موبارەکیشی،

که له ژوورەکەی تەنیشتەوە بوون بێدارکردەوە، چونکە شێرۆی ناتوبا، که خەریکی نووسین بوو، گوێی له دەنگی دەرگاکە بوو که دەکرایەوەو ماریا کوادرادۆی به جلکه شینباوەکانیەوە بینی که خۆی به پەرستگە و خەڵوەتخانەکەدا کرد – که جگە له شێرۆی ناتوبا و چکۆلەی موبارەک، ئەو تاقه کەس بوو که به شەو وبه ڕۆژ بۆی هەبوو به بێ ئیزنی مورشید، خۆی به خەڵوەتخانەکەدا بکات. سەرۆکی تیمی مبارەکی سروودخوانان ئاماژەی خاچی کێشا وگوتی: "سوپاس بۆ پەروەردگاری مه مەسیحی موبارەک. " مورشید چاوانی کردەوەو وەڵامی دایەوە: " سوپاس بۆ ئەو." هەنگێ به ڕاوێژێکی خەمین، بەدەم خەون و خەیاڵەوە له سەری ڕۆیی: " من دەکوژن، بەڵام من خەیانەت له خودای خۆم ناکەم."

(شیرۆی ناتوبا) بێئەوەی بێڵێ زەینی بۆ تاقه ساتێک پەرت ببێت، له سەر نووسینی خۆی بەردەوام بوو، به هەموو بوونیەوە هەستی به گرینگی ئەو کارە دەکرد که (چکۆلەی موبارەک) پێی سپاردبوو و بەو جۆرە دەرفەتی بۆ ڕەخساندبوو که هەموو دەمێ له نزیکی مورشید بێت، گوێی لێبوو که ژنانی سروودخوانی تیمی موبارەک له ژوورەکەی تەنیشتەوە له (ماریا کوادرادو) دەپاڕانەوە که ڕێگەیان بدات تا بچنە پەرستگە و خەڵوەتخانەکەوە. ئەمانە هەشت سروودخوان بوون وەکو ڕابەرەکەیان جبەی شینباوی قۆڵ درێژ ویەخە بەرزیان لەبەر بوو، سەروو کەمەربەندی سپییان له سەری بەستبوو. به پێی پەتی دەسووڕانەوە، سەرو سەرپۆشی شینی هاوڕەنگی جبەکانیان له سەر بوو. (داکی پیاوان) لەبەر پارسایی و نەفسکوژی وله خۆبوردەیی و ئیمانداری هەڵبژاردبوون تا له خزمەتی مورشیدا بن و هەر هەموویان سوێندیان خواردبوو که دنیا تەرک بکەن وجارێکی دی بۆ لای ماڵبات وکەس و کاریان نەگەڕێنەوە. له پشت دەرگاکەوەو له سەر ئەرزەکە دەخەوتن، هەرجارێ مورشید بۆ سەرپەرشتی بینای پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک چووبا، یان بۆ نوێژ له کڵێسا چکۆلەکەی ( سانتوئانتونیو) چووبا، یان ڕێبەری کاروان و کەژاوەی بەڕێکردنی جەنازەی مردووانی کردبا، یان سەردانی خەستەخانانی کردبا و نەخۆشانی به سەر کردباوە، وەکو سێبەر دوای دەکەوتن. جا چونکە ژیانی مورشید زۆر پارسایانە بوو، ئەرک وکاری ژیانی ڕۆژانەی وان کەمبوو: شۆردن و دروونەوەی جبە ئەرخەوانیە تۆخەکەی، سەرپەرشتی بەرخە سپیە چکۆلەکە، پاک کردنەوەو ماڵینی ناو خەڵوەتخانەکە و سڕینی دیوارەکانی، تەکاندنی حەسیرەکەی له بەر هەتاوا. نها دوای ئەوەی (ماریا کوادرادو) ڕێگەی دان، وەژوور کەوتن، هەنگێ دەرگاکەی له سەر داخستن. ئالکساندرینیا کوریا بەرخە سپیە چکۆلەکەی ڕادەکێشا. هەر هەشتیان بەدەم خاچ کێشانەوە کەوتنە خوێندنی: " سوپاس بۆ خواوەندی مەسیحی موبارەک " مورشید بەرسڤی دایەوە: " درووود و سڵاوات لێبێ، سوپاس بۆ ئەو " و به ئارامی دەستی نەوازشی بەسەر بەرخۆلەکەدا هێنا. "شیرۆی ناتوبا" له جێی خۆی هەڵکوڕمابوو، قەڵەمەکەی بەدەستەوە بوو، کاغەزەکەی له سەر تەپڵەکێک دانابوو که له جیاتی مێز به کاری دەبرد. چاوە زیتەکانی – که له ژێر قژە درێژە چڵکن و پەرێشانەکەیەوە، که به سەر ڕوخساریا داڕژابوو – دەدرەوشایەوە، بڕیبوونە دەم ولێوی مورشید که خۆی بۆ وێرد ونزا ئامادە دەکرد. مورشید چوو بووە سوجدە وماریا کوادرادو و هەر هەشت ژنه پارساکە له دوایەوە هاتنه سەر چۆک وکەوتنە نوێژ ونزاخوانی. بەڵام ( شێرۆی ناتوبا ) نه کڕنۆشی برد و نه چووە سوجدە، چونکە ئەرکەکەی ڕێگەی پێدەدا تەنانەت بەشداری نوێژ و وێرخوانیش نەکات. (چکۆلەی موبارەک) ئامۆژگاری کردبوو، که هەمیشە گوێ قولاغ بێ که دوور نییە، له نێو نوێژ ونزاکانی مورشیدا یەکێکیان سروش وسەرۆ بێ. بەڵام ئەو بەیانیە مورشید به بێدەنگی نوێژی کرد، تیشکی هەتاو سات به سات ڕوناکتر دەبوو و له درزی میچ و دەر ودیوارەکانەوە دەخزایە ناو پەرستگەکەوە و لوولە ڕوناکیەکی به گەردی دروست دەکرد. بیلو مونتە ( بیلو مونتە ئەو ناوە بوو که مورشید له دەڤەری کانودوسی

نابوو و کردبووی بە مەکۆ و بارەگای خۆی) بەرە بەرە بێدار دەبووەوە، ئیدی بانگی کەڵەبابان، حەپەی سەگ و کسۆکان، دەنگی بەشەران دەهاتنە گوێ. لە دەرێی خەڵوەتخانەکە، خەڵکی دەستە دەستە خڕ دەبوونەوە، ئەمانە بریتی بوون لەو زیارەتکارانە یان ئەو خەڵکانەی کانودوس کە دەیانویست مورشید بدینن و داوایەکی لێبکەن یان ڕووی لێبنەن کە دوعایەکی خێریان بۆ بکات.

هەرکە مورشید هەستا، سروودخوانانی موبارەک، کاسەیەک شیری بزن و پارچەیەک نان و قاپێ گەنمەشامی کوڵاو و قەرتاڵەیەک (مانگا با) یان لە بەردەمی دانا. بەڵام ئەو تەنیا چەند قومێکی لە شیرەکە خواردەوە و تەواو. ئەوسا ژنەکان سەتڵێک ئاویان هێنا تا بیشۆن. ئیدی ژنەکان وەکو ئەوەی مەشق درابن، بە بێدەنگی بە دەوری ڕایەخە حەسیرەکەیدا دەسوڕانەوە و کەسیان بەر کەسیان نەدەکەوتن، بە ئیسفەنج کەوتنە مەسح کردنی دەست و سەر وچاوی، هەر دوو پێیان تەواو هەڵگڵۆفت، ئەو بەو دەقەوە، بێ جووڵە ڕۆنیشتبوو، بەدەم وێرد و دوعاوە خەیاڵ بردبوویەوە. لەو کاتانەدا کە ژنەکان خەریک بوون پاتاوە شوانانەکەیان، کە بۆ ئیسراحەتی شەوانە دەری هێنابوو، لە پێ دەکرد، چکۆلەی موبارەک و " ئەبوت جواو " خۆیان بە پەرستگەکەدا کرد.

ڕواڵەتی ئەم جووتە وەختایەک لە تەنیشت یەکەوە دەوەستان، زۆر لێکدی جیاواز بوو، ئاسمان و ڕێسمان بوو، یەکەمیان هەمیشە ڕێوەڵە و تێکشکاو ونقومی خەون و خەیاڵان بوو. دووەمیان زۆر قەڵەو و بە بەژن وبالاتر بوو. یەکێکیان گوتی: " سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک " ئەویدی گوتی: " سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری مە عیسا مەسیح."

-" درود و سڵاوات لەو."

مورشید، پاش ئەوەی دەستی درێژکرد وئەوان ماچیان کرد، بە ڕاوێژێکی پڕ نیگەرانی پرسی: " دەنگ و باسی بابە یواکیم؟ "

(چکۆلەی موبارەک) بەرسڤی دایەوە کە هیچ هەواڵێکی نازانن. هەرچەندە زۆر لاواز و نەساغ بوو، لە تەمەنی خۆی پیرتر دیار بوو، بەڵام سەر وسیمای گوڕ وتینێکی زۆری پێوە دیاربوو، لە سازدانی ڕێ وڕەسمی عیبادەت، پێشوازی زیارەتکاران و تەرتیب کردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەرپەرشتی پاک و خاوێنی میحرابان و بەشداری لە سروودخوانی و سروودێن ئاینیدا زۆر چالاک و چەلەنگ بوو. شاڵێکی بە سەر جبە قاوەییەکەیەوە دەدا بە سەر شانیا، جبەکەی کون کون بوو، دەتتوانی لەو کونانەوە ئەو تەلە ببینی کە لە ناو قەدی بەسترابوو، خەڵکی دەیانگوت لەوەتای لە منداڵییەوە، مورشید بە دەستی خۆی ئەو تەلەی لە ناوقەدی بەستبوو، تا ئەمڕۆ، هیچ کاتێک نەیکردبووەوە. هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا تا قسان بکات و لە هەمان کاتدا (ئەبوت جواو) کە خەڵکی ناوی کوێخای شار و داروغای شەقامیان لێنابوو، شەقاوێک چووە پاشەوە.

(چکۆلەی موبارەک) بە ڕاوێژێکی شەرمنانەی خاکی و خۆش، کە هەمیشە لە حوزوری مورشیدا بە کاری دەبرد گوتی: " باوکە، جواو دڵی خەبەرێکی داوە کە ڕەگی لە سروش و وەحیدایە. خەبەرەکە ئەوەیە کە گوایە لێرە، لە مونتە شەرێک قەوماوە، لە کاتێکا هەموو خەڵکی مژوولی شەڕ بوون، تۆ بە تاقی تەنیا لە بورجەکەدا ماویتەوە و کەس نەبووە، پارێزگاریت لێبکات."

مورشید لە بن لێوانەوە گوتی: " چکۆلەی موبارەک خودا من دەپارێزێت. وەکو چۆن تۆ و هەموو ئیمانداران دەپارێزێت. "

چکۆلەی موبارەک لە سەری ڕۆیی: " ئێمە بشمرین گرینگ نییە بەڵام تۆ دەبێ بژی، جەنابی مورشید، لە بەر خۆت نا، لەبەر تیرەی بەشەر."

ئەبوت جواو لە بن لێوانەوە گوتی: " باوکە، ئێمە دەمانەوێ حەرەس وحیمایەت بۆ دابنەین تا بتپارێزن." بەدەم سەر دانەواندنەوە، قسەی دەکرد، بۆ وشەی گونجاو دەگەڕا: " ئەم حەرەس وحیمایە دەبێ ئاگادار بن کە تۆ هیچ ئاسیوێکت(ئازار) پێنەگات، خۆمان ئەندامانی ئەم دەستەیە هەڵدەبژێرین، وەکو چۆن دایکە ماریا کوادرادو، تیمی موبارەکی سروودخوانانی هەڵبژارد، ئەم دەستەیە لە باشترین و ئازاترین پیاوانی خۆمان هەڵدەبژێرین، لەوانەی کە جیگەی متمانەی تەواون. ئەوانەی خۆیان وەقفی خزمەتکردنی تۆ دەکەن."

"چکۆلەی موبارەک " گوتی: " وەکو چۆن فریشتەێن ئاسمان لە خزمەتی پەروەردگاری مە، عیسا مەسیح دان." هەنگێ ئاماژەی بۆ بەر دەرگاکە و هەراو زەناکەی دەرەوە کرد: " خەڵکی ڕۆژ بە ڕۆژ و سەعات بە سەعات زیاتر دەبن. سەد کەسیان لە دەرەوە چاوەڕوانن. ئێمە ناتوانین یەک بە یەکیان بناسین. باشە ئەگەر خەڵکانی شەیتان خۆ بخزێننە ناویانەوەو خۆ بگەیەننە ئێرە و ئاسیوێک بە تۆ بگەیەنن، هەنگێ ئێمە چ بکەین؟ ئەندامانی ئەم دەستەیە ( حەرەس و حیمایەکان ) دەبن بە مەتاڵ و دەتپارێزن. ئەگەر شەڕێک بقەومێ، بە تەنیا نابیت."

سروودخوانەکان، بە چیپچکانەوە، بێئەوەی ورتەیان لێوەبێ دانیشتن وگوێیان لەو قسانە دەگرت. تەنیا ماریا کوادرادو لە گەڵ دوو پیاودا کە تازە هاتبوون، بە پێوە وەستابوو. شێرۆی ناتوبا لە گەرمەی قسەکاندا بە قوونە خشکێ خۆی گەیاندە نک مورشید وەکو سەگێکی نازدار، خاوەنەکەی نەوازشی بکات، بەو ئاوایە سەری نایە سەر زرانی مورشید.

ماریا کوادرادو گوتی: " بیر لە خۆت مەکەوە، بیر لە خەڵکی بکەوە. باوکە ئەمە بیرۆکەیەکی دروستە، نیمچە سروشێکە، قەبووڵی بکە."

چکۆلەی موبارەک گوتی: " ناوی دەنەین گاردی کاتولیکی، سریەی مەسیحی موبارەک. ئەمانە خەڵکانێکی موجاهید دەبن، سەربازانی باوەڕدار بە حەقیقەت."

مورشید، بە ئاستەمێک سەری لەقاند، بەڵام هەمووان هەستیان کرد، کە بەوە ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە. هەنگێ پرسی: " باشە کێ فەرماندەییان دەکات؟ "

کۆنە ڕێگرەکەی جاران بەرسڤی دایەوە: " ئەگەر قەبووڵ بفەرموون جواوە زلە. چکۆلەی موبارەک پێی وایە ئەو کەسێکی شایستە وگونجاوە."

-" کەسێکی بە باوەڕ و ئیمان قایمە. " مورشید کەمێک بێدەنگ بوو. کە دووبارە دەستی بە قسان کردەوە، ڕاوێژی دەنگی تەواو گۆڕابوو، دەتگوت ڕووی دەمی لە هیچ یەکێک لەوان نەبوو، بەڵکو لە جەماوەرێکی گەورەتر، جەماوەرێکی لە بن نەهاتوو بوو.

-" هەم لە باری جەستەیی و هەم لە باری روحیەوە کول وکۆڤانی چەشتووە، ئەوەی لە هەر شتێک پتر خەڵکانی ڕاست، بە ڕاستی قاڵ دەکاتەوە، کول وکۆڤان وعەزابی ڕوحە. "

پێش ئەوەی چکۆلەی موبارەک، ئاوڕی لای ( شێرۆی ناتوبا ) بداتەوە، شیرۆ سەری لە سەر زرانی مورشید هەڵبڕی و بە گورجی دەستی دایە قەڵەم و کاغەز و ئەو وشانەی کە ئەوان گوێیان لێ بووبوو، هەر هەمووی

تۆمار کرد، کە لە نووسین بووەوە بە گاگۆڵکێ بۆ نک مورشید گەڕایەوەو سەرە زلە قژنەکەی نایە سەر ئەژنۆی. لەو کاتەدا ئەبوت جواو، دەستی بە گێڕانەوەی ئەو واریقاتانە کرد کە لەو چەند سەعاتەی دواییدا ڕووی دابوو: شەڕڤانەکان( ژاگونسوەکان ) بە کاری شناسایی دەرچووبوون، هەندێکی دی بە تەقەمەنی و ئازووقە و هەواڵەوە گەڕابوونەوە، هەندێکی دی موڵک و ماڵ و مەزرای ئەو کەسانەیان ئاگر دابوو کە ڕەفزیان کردبوو باربووی مەسیحی موبارەک بکەن. ئایا مورشید گوێی لەو گرتبوو؟ چاوی نوقاندبوون، بەبێ جووڵە لە جێی خۆی مت بووبوو، ڕێک وەکو ژنانی ( تیمی موبارەکی سروودخوانان ). پێدەچوو ڕوحی لە شەقەی باڵی دابێ تا لە یەکێک لە گفت وگۆ و دیالۆگە ئاسمانیەکاندا – چکۆلەی موبارەک گوتەنی – بەشداری بکات، کە پاش هەر یەکێک لەو گفت و گۆیانە، بە جۆرەها سروش و حەقیقەتەوە بۆ(بیلو مونتە) دەگەڕایەوە. هەرچەندە هیچ نیشانەیەک بۆ هاتنی سەربازانی دی نەبوو، ئەبوت جواو، پاسەوان و ئێشک گرانی بە درێژایی ئەو ڕێگایانە دانابوو کە لە کانودوسەوە، بۆ جرموابو، ئواوا، ئوکامبابو، روساریو، شوروشو و کورال دوس بویس دەڕۆیی و بە درێژایی کەنارەکانی ڕوباری ( فازاپاریس) کەوتە سەنگەر لێدان و دروستکردنی مەتەرێزان. مورشید هیچ پرسیارێکی لێنەکرد، هەروەها هیچی لە چکۆلەی موبارەکیش، کە خەریک بوو باسی گرفتاریەکانی خۆی دەکرد، نەپرسی. چکۆلەی موبارەک وەکو ئەوەی وێرد و سەلاواتی بەیانی بخوێنێ، دەیگێڕایەوە کە چۆن دوێشەو و ئەم بەیانیە زیارەتکاران لە کابروبو و یاکوبینا، بۆ کونسلیو، و لە (بومبال)وە بە سەر کانودوس دا ڕژابوون، و نها لە کلێسای (سانتو ئانتونیو) چاوەڕوانی مورشید بوون. ئایا ئەم بەیانییە پێش ئەوەی سەری پەرستگەی مەسیحی موبارەک بدات تا بزانێ کارکردن لەوێندەر چۆن بەڕێوە دەچێ، پێشوازیان دەکات یان شەوێ لە کاتی وەعز دانا پێشوازیان دەکات؟ ئەوسا چکۆلەی موبارەک باسی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکەی بۆ کرد. لەوح و تەختەی تایبەت بە دروستکردنی میچ و ساپیتەکە تەواو بووبوو، نەیان دەتوانی کار لە ساپیتەکەدا بکەن. دوو تەختەبەس و دارتاش بۆ جوازیرۆ چووبوون تا برێک تەختە پەیدا بکەن. بەڵام چونکە بەرد مشە(زۆر) بوو، خۆشبەختانە بەناکان لە سەر دیوار دروستکردنی خۆ بەردەوام بوون.

مورشید، چاوانی هەڵێنا ولە بن لێوانەوە گوتی: " پێویستە پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک بە زووترین کات تەواو بێ، ئەمە لە هەموو شتێک گرینگترە."

چکۆلەی موبارەک گوتی: " بەڵێ باوکە. بەڕاستی لە هەموو شتێک گرینگترە. هەمووان خەریکی کار کردنن، لە کرێکار ودەستی کارمان کەم نییە، لە کەرەستەی کارمان کەمە. هەموو شتێک لە تەواوبووندایە. ئەو لەوح و تەختە دارانە پەیدا دەکەین کە پێویستمانە. ئەگەر ناچار بین پارەکەی بدەین، دەیدەین. خەڵکی بە دڵ وبە گیان ئامادەن، یەک بە یەکی خەڵکی ئامادەن هەر پارەیەکیان هەیە بیدەن."

مورشید بە ڕاوێژێکی پەرێشانەوە گوتی: " بابا یواکیم چەند ڕۆژێکە دیار نییە، ماوەیەکی زۆرە نوێژی عەشای ڕەبانی لە بیلو مونتە بەرپا نەکراوە. "

ئەبوت جواو گوتی: " بێگومان لەبەر چەشنی وتەرەقەکان دوا کەوتووە بابە. تەرەقەمان لە تەواو بووندایە، قەولی دابوو، بڕوات لە مەعدەن و کانەکانی (کاسابو) هەندێکمان بۆ بکڕێ. دیارە ڕای سپاردووە و چاوەڕوانە تا بۆی پەیدا بکەن. دەتەوێ یەکێکی لە دوو بنێرم؟ "

مورشید بەرسڤی دایەوە: " هاکا پەیدا بوو. بابە یواکیم سەر ڕاستە. "

هەنگێ ئاوڕی لای ئالکساندرینیا کوریای دایەوە، کە دانیشتبوو سەری بردبووە نێو هەر دوو شانیەوە، دیار بوو کە ئەوان ناوی قەشەی (کومبی) یان هێنابوو، ئەم زۆر تەریق بووبووەوە و بە خۆدا شکابووەوە، مورشید گوتی: " وەرە لای من کچەکەم، شەرم مەکە، پێویست بە شەرمەزاری ناکات."

ئالکساندرینیا کوریا، کە بە تێپەڕ بوونی ساڵان لاواز بووبوو و چرچ و لۆچ کەوتبووە ڕوخساری، بەڵام لووتە بەرزەکەی وسیما یاخیەکەی کە دەگەڵ ڕەفتارە خاکیانەکەیدا تێکی نەدەکردەوە هێشتا وەکو خۆی مابووەوە، بەرەو لای مورشید داخزی، بە بێ ئەوەی سەر هەڵێنێ و زات بکات تەمەشای بکات.

مورشید کە بەدەم قسانەوە دەستی نابووە سەر سەری ئالکساندرینیا گوتی: " ئەلکساندرینیا ئەو شەڕە خێری لێکەوتووەتەوە. ئەو قەشەیەکی خراپ و بەد کردەوە بوو، تاوانی کردبوو، بەڵام عەزابی کێشا، ژێوان بووەوە، تۆبەی کرد، دەگەڵ ئاسمانا سولْحی کردووە، نها بووە بە کوڕێکی باش و بۆ خوای خۆی سولْحاوە. پیاو هەق بڵێ تۆ چاکەت لە گەڵ ئەودا کردووە و خزمەتێکی گەورەی برایان و خوشکانی خۆت لە بیلو مونتەدا کردووە. چونکە لە سا و سێبەری بابە یواکیمەوە دەتوانین ناو بە ناو گوێمان لە نوێژ ونزایان بێت."

جۆرە خەمینییەک بەم وشانەی دواییەوە هەبوو. وا دیار بوو هەستی بەوە نەکرد کە ئەم ئاودۆزەی جاران، بەر لەوەی بۆ شوێنەکەی خۆی بزڤڕێتەوە، دانەوی بووەوە و داوێنی جبەکەی ئەوی ماچ کرد. لە ڕۆژانی هەوەڵی کانودوس دا، ژمارەیەک قەشە، بۆ پێش نوێژی، غوسڵی تەعمیدی نۆزاوان و مارە برین سەری ئەوێیان دەدا. بەڵام لەوەتای شاندی ڕەبەنانی کاپوسین، ئەوانەی لە سلڤادورەوە هاتبوون و ئەو ڕیسواییەیان ئەنجام دابوو، سەرۆکی قەشەکانی باهیا، قەشەکانی دەڤەرەکەی لە ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمی ئولی، لە کانودوس، قەدەغە کردبوو. وێڕای ئەوەش قەشە یواکیم تاقە قەشە بوو، کە بێ گوێدان بەو قەدەغە کردنە هاتوچۆی ئەوێندەری دەکرد. تەنیا بۆ نوێژ و نزا نەدەهات، بەڵکو کاغەز و مەرەکەبی بۆ شێرۆی ناتوبا دەهێنا، مۆم و بخوردی بۆ چکۆلەی موبارەک دێنا، جۆرەها شتی بۆ ئەبوت جواو و برایانی ڤیلانوڤا، لە گەڵ خۆدا بۆ کانودوس دەهێنا. باشە چ شتێ وای لێکردبوو سەرەتا تەحەدای کڵێسا وپاشان دەسەڵاتدارانی حکومەتی بکات؟ ڕەنگە ئەلکساندرینیا کوریای دایکی منداڵەکانی هۆکار بووبێ، چونکە هەر کاتێ قەشە یواکیم دەهات بۆ کانودوس و ئەلکساندرینیای لە خەڵوەتخانەکە یان لە کڵێسای (سانتو ئانتونیو) دەبینی، گفت و گۆیەکی کورت و ڕوونی دەگەڵدا دەکرد. یان لەگینە مورشید هۆکار بووبێ، چونکە قەشە یواکیم لە حوزوری ئەودا، بە ئاشکرا دەپەشۆکا و لە ناخی ناخەوە تەریق دەبووەوە و بەخۆدا دەشکایەوە. یان ڕەنگە لە بەر ئەوە بووبێ کە وای هەستکردووە (کە ئەمە گومان و مەزەندەی خەڵکیش بوو) بەم هاتوچۆیە قەرزێکی کۆنی ئاسمان و خەڵکی سارای باهیا دەداتەوە.

چکۆلەی موبارەک، دووبارە دەستی بە باسی سیانەی خوێنی پاک کردەوە کە قەرار بوو ئەو عەسرە دەست پێبکات، کە لە ناکاوا، لە ناو هەرا و زەنای دەرێ ڕا، دەنگی لێدانی دەرگاکە هاتە گوێ. ماریا کوادرادو چوو تا دەرگاکە بکاتەوە، قەشەکەی کۆمبی، لە ناو دەرگاکەدا بەدیار کەوت، هەتاوەکە لە پشتیەوە دنیای زێڕ وەشان کرد، کۆمەڵێک لە دوایەوە ملیان قوت کردبووەوە و دەیانویست لە سەر شانی ئەوەوە تەمەشای ژوورەوە بکەن.

مورشید هێندە بلەز ڕابوو کە (شێرۆی ناتوبا) ناچار بوو، خۆ بداتە لاوە، مورشید گوتی: " سوبحانەڵڵا، سوپاس بۆ پەروەردگاری مە عیسا مەسیح، هاتی بەسەر باسی خۆتا، نها باسی تۆمان دەکرد، کە لە ناکاوا پەیدا بوویت. " بە هەشتاو بەرەو لای دەرگاکە چوو تا پێشوازی لە قەشە یواکیم بکات کە خەرقەکەی وەکو سەر و ڕوخساری لە تەپ و تۆزا نقوم بووبوو. مورشید دانەوییەوە، دەستی گرت و ماچی کرد. ئەو ڕێز و حورمەت و خاکەڕاییەی

مورشید لە هەنبەر یارۆی قەشەدا دەینواند، یارۆی قەشەی شەرمەزار دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بە جۆرێ پەشۆکا بوو، خەیاڵ بردبوویەوە، وەکو ئەوە بوو بە هیچ جۆرێ ئاگای لە ڕەفتاری مورشید نەبێ.

لەو کاتەدا کە چکۆلەی موبارەک، ئەبوت جواو، داکی پیاوان و ژنانی جۆقەی موبارەکی سروودخوانان، دەستیان ماچ دەکرد، گوتی: " بروسکەیەک هاتووە، کە کەتیبەیەکی سوپای فیدراڵی لە (ریو) وە بۆ ئێرە بەڕێوەیە. فەرماندەکەیان ئەفسەرێکی بەنێوبانگە، قارەمانێکە تا نها چووبێتە هەر شەڕێکەوە سەرکەوتوو بووە.

مورشید، ئاسوودە بیر وشادمان، گوتی: " تا نها هیچ کەسێک لە شەڕی "بابا " دا سەرکەوتوو نەبووە."

شێرۆی ناتوبا، کە بە سەر تەختەکەیا دانەوی بووەوە، بە پەلە پەل دەینووسی.

***

روفینو، دوای ئەوەی لە ( ئیتوبا ) لە کارەکەی بووەوە، واتە ئەو کارەی کە کۆمپانیای هێڵی ئاسن لە جاکوبینا بە کرێ پێیان سپاردبوو، نها خەریک بوو کۆمەڵێک گاوانی بە کوێرە ڕێگا تیشەڵانەکەی (سیرادی بندنگو) دا، بۆ ئەو قەڵا چیاییە ڕێنوێنی دەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئاسمانەوە بەردێکی بە سەرا کەوتبوو. ئەمانە تاقیبی ئەو ماڵات دزانەیان دەکرد کە پەنجا چێل و گایان لە مەزرای (پدرا ڤیلملا) دزی بوو، ئەم مەزرایە هی عەقیدێک بوو بە ناوی (خوزیە برناردو موراو). بەڵام پێش ئەوەی شوێنی گاگەلە دزراوەکە بدۆزنەوە، هەواڵی شکستی هێرشەکەی مێجەر (فیبرو نیودی بریتو ) یان لە (مونتە کامپایو) پێگەیی، بۆیە بۆ ئەوەی تووشی چەتە و یاخیەکان یان ئەو سەربازانەی کە لە حاڵی پاشەکشەدا بوون، نەبن، بڕیاریاندا، دەستبەرداری سۆراخ و تاقیب کردن ببن. روڤیو، هەرکە لە گاوانەکان هاوێر دەبێت، دەکەوێتە دەستی دەستەیەک سەربازی هەڵاتوو، کە عەریفێکی خەڵکی (پرنامبوکو) ی دەڤەری ( سیراگراندە) ڕێبەری دەکردن.

ئیدی سەربازەکان، تاپڕەکە، قەمەکە، ئازووقەکە و ئەو کیسە پارەیەی کە کۆمپانیاکەی هێڵی ئاسن، لە بری کرێ ڕێگا دابوویانێ، لێدەسەنن. جگە لەوە هیچ پەڵپ و بیانوویەکی دی پێناگرن و تەنانەت ئاگاداریشی دەکەنەوە کە بە ڕێگەی مونتە سانتودا نەڕوات، چونکە سەربازە شکست خواردووەکانی مێجەر بریتو لەوێن و خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن و لەوانەیە بیگرن و بە تۆپزی بەگەڵ خۆیانی بخەن.

شەڕ دەڤەرەکەی شڵەژاندووە. شەوی دواتر، لە نزیکی (ریو کاریکا) کابرای دەلیل و بەڵەد گوێی لە دەستڕێژی تفەنگان دەبێت، بۆ بەیانی زوو بۆی دەردەکەوێ کە پیاوانێک لە کانودەسەوە هاتوون و موڵک و مەزرای (سانتا روزا) یان، کە ئەو وەکو ناو لەپی خۆی دەیناسێت و شارەزایەتی، تاڵان وکاول کردووە. ئەو مەزرا ئاواو ئاوەدانە، بە خانووە گەورە و فێنکەکەیەوە، بە پەیژە دارینەکانیەوە، بە دار خورماکانی چوار دەوریەوە، کرابوو بە خۆڵەمێش ودووکەڵی لێبەرزدەبووەوە. سەردەکێشێتە تەویلەکان وخانووی کۆیلەکان و کوختەی جووتیارەکان کە ئەمانەش ئاگریان تێبەردرا بوو. پیرەمێرێک کە لەو دەوروبەرە دەژیا پێی دەڵێ کە هەموو خەڵکەکە ئێرەیان چۆڵ کردووە و ڕوویان کردووەتە بیلومونتە، حەیوانەکان و هەموو ئەو شتانەشیان، کە لە ئاگر دەرباز بوون، لە گەڵ خۆدا بردووە.

روفینو، لا ڕێگایەک دەگرێتەبەر، تا بە دەرێی (مونتە سانتو) دا تێبپەڕێت. ڕۆژی دوایی ماڵباتێک کە بە نیازی زیارەت بۆ کانودوس دەڕۆن، ئاگاداری دەکەنەوە کە ئاگای لە خۆ بێ، چونکە دەورێی پاسدارانی گوندی ( گوند پارێز ) بە گوندەکاندا دەسوڕێنەوەو هەر گەنجێک بگرن بە خورتی بۆ عەسکەری دەبەن، دەوروبەری نیوەڕۆ

دەگاتە کەنیسەیەکی چکۆلەی نیمچە پەنهانی بنارە زەرد باوەکانی (سیرادا ئەنگوردا)، کە بە گوێرەی داب و نەریتی کۆن ئەو پیاوانەی کە خوێنیان کردووە، بۆ تۆبە دێن بۆ ئەوێندەر وخەڵکانی دی بۆ نەزر وقوربانی کردن دێن. بینایەکی زۆر بچووکە، کە بە تاقی تەنیا لەو ناوە قوت بووەتەوە، دەرگای پێوە نییە، مارمێلکان بە کەماڵی ئیسراحەت بە دیوارە سپیەکانیا هەڵدەگەڕێن و دادەگەڕێن. بەڵام لە ناوەوە دیوارەکان یەکپارچە نیاز و نەزری زیارەتکارانە، ژوورەکە پڕە لە کاسەێن خۆراکی وشکەوە بوو، پەیکەرێن چکۆلەی دارین، دەست و لاق و سەرێن لە مۆم دروستکراو، چەک، جل و بەرگ، جۆرەها وردە شت.

روفینو، بە وردی دەروانێتە کێرد و قەمەکان و ساچمە زەنەکان دەئەزمووێ، کێردێکی درێژی چەماوەی تیژ کە تازە لەوێ دانراوە، هەڵدەبژێرێ. هەنگێ بۆ لای میحرابەکە دەڕوات کە جگە لە خاچێک هیچی دی لێنیە، لە بەردەمیا چۆک دادەدا و بۆ مەسیحی موبارەکی ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کێردە بە ئەمانەت دەبات، ئاگاداری دەکاتەوە کە چۆن ڕووتیان کردووەتەوەو هەرچی پێبووە لێیان دزیوە، لە بەر ئەوە پێویستی بەو کێردەیە تا بە سەلامەتی بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. دڵنیای دەکاتەوە کە چاوی تەماحی لە هیچ شتێکی ئەو نییە و بەڵێن دەدات کە کێردەکەی لە گەڵ کێردێکی تازە دا، کە نەزری ئەوی دەکات، بۆ دەگێڕێتەوە، دڵنیای دەکات کە دز نییە و هەمێشە کەسێکی بە وەعد وبەڵێن بووە. ئاماژەی خاچ دەکێشێت و دەڵێت:"ئەی عیسای موبارەک، زۆر سوپاست دەکەم."

هەنگێ بەڕێ دەکەوێ، بە هەنگاوی بتەوەوە، بە قەدپاڵ و نەهالانا هەڵدەگەڕێ و دادەگەڕێ، دەوەنەجاڕ و بەردەڵانان تەی دەکات.

عەسری ئەو ڕۆژە حەیوانێک دەگرێ و دەیبرژێنێ، گۆشتی حەیوانەکە بەشی دوو ڕۆژی دەکات. ڕۆژی سێیەم دەگاتە نزیکی (نوردستینا). ڕوو دەکاتە کولبەی جووتیارێکی ئاشنا کە زۆرجار شەوی لە لای ئەو ڕۆژ کردووەتەوە. ماڵباتی جووتیارەکە بە میهر و مەحەبەتێکی لە جاران زیاتر وگەرمتر پێشوازی دەکەن و کابانی ماڵێ خواردنێکی باشی بۆ ئامادە دەکات. ئیدی بۆیان دەگێڕێتەوە کە چۆن عەسکەری فیرار ڕووتیان کردووەتەوە و پاشان باسی بویەر و پێشهاتەکانی دوای شەڕەکەی (ئوکامبایو) دەکەن وخەڵکی دەڵێن گوایە سەربازێکی یەجگار زۆر هاتوونەتە کوشتن.

روفینو، لە گەرمەی گفتوگۆیەکاندا، هەست دەکات کە ژن و پیاوەکە ژێراوژێر تەمەشای یەکدی دەکەن وەکو ئەوەی بیانەوێ شتێکی پێ بڵێن و جورئەت نەکەن. ئەوسا یارۆی جووتیار، چەند جارێک بە تووڕەیی و بە شێوەیەکی دەستکرد دەکۆکێ و لێی دەپرسێت لە کەیەوە ئاگای لە هەواڵی خێزانەکەی نییە. نزیکەی یەک مانگ دەبێ، ئایا دایکی مردووە؟ نەخێر. کەواتە جورما؟ ژن و پیاوەکە ڕۆنیشتوون و تەمەشای دەکەن. سەرەنجام یارۆی جووتیار دێتە قسان: دەنگ و باس وایە کە لە ماڵەکەی ئەوا شەڕە تەقە بووە و چەند کەسێک کوژراون و ژنەکەی دەگەڵ پیاوێکی بێگانەی قژ سوورا ڕەڤیوە. روڤینو سوپاسی میواندارییەکەیان دەکات و یەکسەر دەکەوێتە ڕێ.

سپێدەی ڕۆژی دوایی، تارمایی یارۆی بەڵەد ودەلیل، لە سەر گردێک بەدیار دەکەوێ کە لەوێندەرەوە کوختەکەی دیارە. بە بێشەیەکی چکۆلەی بەردەڵان و پڕ دەوەن و دڕوانا، هەمان ئەو شوێنەی کە یەکەمجار گالیلیو گالی بینی بوو، بە گورگە لۆقە بەو هەورازەدا هەڵدەگەڕێ کە کولبەکەی لە سەر ڕۆنا بوو.

ئیدی ماندوویەتی سەفەری دوور و درێژ، ئەو کێشە وئاریشانەی هاتبوونە ڕێگای و ئەو هەواڵە ناخۆشەی دوێشەو، هەر هەمووی بە سەر و سیمایەوە دیار بوو: ڕوخساری گرژ، گۆناکانی زەق و چرچ و لۆچی ڕوخساری قووڵتر بووبوون. دار ونەداری ئەو کێردە بوو کە بە ئەمانەت لە عیسا مەسیحی وەرگرتبوو. چەند شەقاوێکی بۆ کوختەکەی مابوو. دەوروبەری بە نیگا دابێژت. دەرگای ئاغەڵی ئاژەڵەکان لە سەر پشتە و ئاغەڵەکە چۆڵ و هۆڵە. بەڵام ئەوەی ڕۆڤینو بە چاوانی غەمناک و لە هەمان کاتا نیگەران و کونجکاو تەمەشای دەکرد ئاغەڵەکە نەبوو، بەڵکو مەیدانە کراوەکەی بەردەم کوختەکە بوو، کە دوو خاچ، کە جاران لەوێندەر نەبوون، لە سەر دوو کەڵەکە بەردی چکۆلە قوت کرابوونەوە. کە وەژوور کەوت چاوی بە چرا نەوتیەکە، بە دەفرێن دارین و کاسە و گۆزە، حەسیر، جۆلانەی خەوێ، جانتایەکی گەورە و شەمایلێکی گەورەی پاکیزە لاپا، قاپلەمەی چێشت و ئامانان و کۆمایەک ئێزینگ، کەوت. بە ڕواڵەت هیچ شتێک کەم نەبووبوو. وادیار بوو کوختەکە زۆر بە وردی تەرتیب کرابوو و هەموو شتێک لە جێی دروستی خۆی دانرابوو. روڤینو، دووبارە، بە کاوەخۆ، دەڕوانێتە دەوروبەر، وەکو ئەوەی بیەوێ بزانێ لە غیابی ئەودا چ شتێک ڕوویداوە. تا گوێ هەڵدەگرێ بێدەنگیە... نە حەپەی سەگێک، نە گارە گار و قدقدی مریشکێ، نە دەنگی زەنگوڵەی ملی بەرخێ، نە دەنگێ لە ژنەکەیەوە نایەت. ئەنجام بەناو ژوورەکەدا دەکەوێتە هات وچۆ، لە نزیکەوە چاو بە هەموو شتێکا دەگێڕێ، کە تەواو دەبێ، چاوەکانی سوور بوونەتەوە. لە کولبەکە وەدەر دەکەوێ، دەرگاکە بە هێواشی لە دوای خۆیەوە دادەخات.

بەرەو (کیماداس) کە لە دوورەوە، لە ژێر هەتاوەکەدا، کە نها ڕێک بە سەر سەری ئەوەوەیە، دەدرەوشێتەوە. تارماییەکەی روڤینو لە پێچی ئەو شاخەدا کە دەچێتە دەریاوە، ئاوا دەبێت، ئەوسا دووبارە بە دیار دەکەوێتەوە، بە گورگە لۆقە بە ناو تیشەڵانە قاوەیی و دەوەنانی دڕکاوی و زەردە سیریان دەکەوێ و بەلای پەرژینی نووک تیژی دەوری ئاغەڵێکدا تێدەپەڕێ.

دوای نیو سەعاتێک، لە ڕێگەی (ئیتاپیکورد) وە خۆی بە شارەکەدا دەکات و یەکڕاست بەرەو مەیدانی سەرەکی شار دەڕوات: تیشکی هەتاو وەکو جیوە بە سەر خانووە بچووکە سپیە دەرگا شین یان سەوزەکانەوە دەدرەوشێتەوە. ئەو سەربازانەی کە دوای شکستەکەی (ئوکامبایو) پاشەکشەیان کردووە، لە شەقامەکانی شارا وێڵ وسەرگەردان، غەریب و غەوارە دەسوڕێنەوە، لە چوار ڕیانەکاندا شڕۆڵە و شەپرێو دەوەستن، یان لە بن درەختەکاندا دەنوون، یان لە ڕووبارەکەدا مەلە دەکەن. کابرای بەڵەد، بە بێئەوەی تەمەشایان بکات یان لە بنەڕەتدا بیانبینێ، بەلایاندا ڕەت دەبێت. تەنیا بیر لە خەڵکی شارەکە دەکاتەوە: گاوانانی تاوەگازی بەر با و هەتاو، ژنانێ کە منداڵەکانیان مەمک دەدەن، سوارانێ کە بە تاو دەڕۆن، دان عەمرانێ کە خۆیان داوەتە بەر هەتاو، مندالان ڕاکە ڕاک بە هەموو لایەکدا، بە ناو ناوی دێنن و ڕۆژباشی لێدەکەن. چاک دەزانێ وەختایەک لەوان تێدەپەڕێ، ئاوڕی لێدەدەنەوە، تەمەشای دەکەن، قامکی بۆ ڕادەکێشن ولە بەینی خۆدا چپەچپ دەکەن. بە ئاماژەی سەر سڵاویان دەسەنێتەوە. بە بێدەنگی وبێ هیچ بزەیەک بە ڕێی خۆدا دەڕوات تا دەرفەت بە کەس نەدات قسەی دەگەڵدا بکات. بە مەیدانی شارا دەڕوات – دنیا هەتاوە، سەگ و کسۆکان بەرەڵڵا بوون، هەراو هەنگامە و ژاوە ژاوێکە سەگ ساحیبی خۆی ناناسێت، هاتوچۆی خەڵکی لە برانەوە نایەت – سەری بە چەپ و بە ڕاستا دادەنەوێنێ. هەست بە چپە دوو و تەمەشاکردن و ئاماژەی خەڵکەکە دەکات. ناوەستێ تا دەگاتە بەر دووکانێکی بچووک کە مۆم و شەمایل و وێنەێن مەزەبی و ئۆلی دەفرۆشێت، کە کەوتووەتە بەرانبەر کڵێسای (بانوی مە) وە. کڵاوەکەی دادەگرێ و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت وەکو ئەوەی بیەوێ خۆی هەڵبداتە ئاوەوە. هەنگێ

خۆی بە دووکانەکەدا دەکات. پیرەژنێکی ئەندام وردیلە کە بەستەیەک دەداتە دەست مشتەرییەک، هەرکە چاوی بەو دەکەوێ واقی وڕ دەمێنێ و حایر وحەپەساو چاوی تێدەبڕێ. بەڵام دەوەستێ تا مشتەرییەکە دەڕوات.

دووکانەکە بریتیە لە چوار دیوارێکی کون کون کە تیشکی ڕۆژ لێیانەوە دەچێتە ژوورەوە. مۆم و قەیتان و نەواران بە مێخەوە هەڵواسراون یان لە سەر پێشخوانەکە هەڵچنراون. دیوارەکان بە نەزر وێنەی وەلیان و مەسیح و پاکیزە و وێنەێن ئۆلی داپۆشراوە. روڤینو، دەکەوێتە سەر چۆکان و دەستی پیرەژن ماچ دەکات: " ڕۆژ باش دایکە. " پیرەژن، بە قامکە گرێ گراوی و نینۆکە پیسەکانی نیشانەی خاچ دەکێشێت، پیرەژنێکی لاوازی شان و شەپلیک داکەوتووە، ڕووی گرژ و نیگای بێ میهرە، وێرای گەرما بەترەفەکە، خۆی لە شاڵێکەوە پێچاوە. تەزبیحێکی دەنک گەورەی بەدەستەوەیە. دەڵێت: " کایفاس دەیەوێ بتبینێ تا بویەرەکەت بۆ باس بکات. " بە زەحمەت ئەو قسانە دەکات، یان لەبەر ئەوەیە لە دڵی گرانە یان لە بەر ئەوەیە ددانی لە دەما نییە. " قەرارە بۆ شەممە بازاڕ بێت. هەموو شەممەیەک دێ تا بزانێ کە تۆ هاتوویتەوە یان نا. ڕێگاکەی دوورە. بەڵام بە هەر حاڵ هەر دەهات، هاوڕێتە، دەیەوێ بویەرەکەت بۆ باس بکات."

کابرای بەڵەد لە بن لێوانەوە دەڵێت: " بەهەرحاڵ، واز لەو بێنە، دایکە خۆت چی دەزانی بۆم بگێڕەوە. "

پیرەژن، بێ هیچ پێشەکیەک دەڵێت: " نە بۆ کوشتنی تۆ هاتبوون نە بۆ کوشتنی ژنەکەت. بۆ کوشتنی ئەو کابرا بێگانەیە هاتبوون. بەڵام ئەو بەرگری کرد و دووانی لەوان کوشت. ئەو دوو خاچەی بەرماڵەکەی خۆت بینی؟ " روڤینو سەرێک دەلەقێنێ: " چ کەسێک بە سۆراغی تەرمەکانیانەوە نەهات، بۆیە هەر لەوێندەر بە خاکیان سپاردن. " نیشانەی خاچێک دەکێشێت. " خودایا بە گەورەیی خۆت لێیان خۆش بە. ماڵەکەت ڕێک و پێک بوو؟ هەر تاو ناتاوێ دەچوومە ئەوێ و دەستێکم پێدا دێنا تا کە هاتیتەوە تێکڕژاو و داڕژاو و بی سەر و بەر نەبێ."

روڤینو دەڵێت: " نەدەبوو بۆ ئەوێندەر بڕۆی. " مات و خەمبار سەری داخستووە و کڵاوەکەی بە دەستەوەیە: " تۆ بە زەحمەت دەتوانی ڕێ بکەی. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم ماڵە بە تەواوی لەوتاوەو جارێکی دی پاک نابێتەوە."

پیرەژن، چاو دەبڕێتە چاوانی روڤینو، کە چاوانی بڕیوەتە ئەرزەکە، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " کەواتە بە خۆت، خۆبەخۆ بە هەموو شتێکت زانیوە. " پیرەژن هەناسەیەک هەڵدەکێشێت ودوای بێدەنگیەکی کەم دەڵێت: " بەرخەکانم بۆ فرۆشتیت تا بە دەردی مریشکەکان نەیەنە دزین. پارەکانت لەو چەکمەجەیەدایە. " پیرەژن دووبارە بێدەنگ دەبێت، دەیەوێ خۆی لە ئەسڵی بویەرەکە ببوێرێت. تاقە شتێ بە لای ئەوەوە و بەلای روڤینووە گرینگە " خەڵکی زۆر بەد ڕان. دەیانگوت تۆ تازە ناگەڕییتەوە. دەیانگوت لەگینە بۆ عەسکەری برابیت، یان لەوەیە لە شەڕا کوژرابی. بینیت چ سەربازێک ڕژاونەتە ناو کیماداس؟ پێدەچێ زۆریان لەوێندەر کوژرابن. مێجەر ( فیبرونیودی بریتو) ش لێرەیە.

بەڵام روڤینو، قسەکەی پێدەبڕێ: " ئەوانەی بۆ کوشتنی ئەو بێگانەیە هاتبوون چەند کەس بوون. دەزانی کێ ڕابەریان بوو؟ پیرەژن بەرسڤ دەداتەوە: " کایفاس، ئەو بۆ ئەوێندەری هێنان. خۆی بویەرەکەت بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو بۆ منیشی گێڕایەوە. برادەرتە. بۆ کوشتنی تۆ نەهاتبوون. بەڵکو بۆ کوشتنی کابرای سەر سوور هاتبوون."

پیرەژن بێدەنگ دەبێ، روڤینوش بێدەنگ دەبێت. لە ژێرخانە گەرمەکەوە، دەنگی ویزە ویزی مێش ومەگەزان کە بە دەوری شەمایلەکانەوە دەسوڕێنەوە دێتە گوێ.

ئەنجام پیرەژن لێدەبڕێ دووبارە قسان بکات. لە ناکاوا چاوەکانی سوور دەبنەوە، بە دەنگێکی بەرز و لەرزۆک دەڵێت: " زۆر کەس دیتبوونی، " کایڤاس " ش دیتبوونی. کە بۆ منی گێڕایەوە لە دڵی خۆدا گوتم: " دیارە من گوناحێکم کردووە بۆیە نها خودا سزام دەدات، نەگبەتیم بە سەر کوڕەکەمدا هێناوە. بەڵێ روڤینو گیان: جورما، جورما ئەو کابرا غەوارەیەی ڕزگار کرد، دەستی کایفاسی گرت. پاشان دووی کەوت. دەستی لە قەدی ئاڵاندبوو و خۆی پێوە هەڵواسی بوو. " دەستی ڕادەکێشێ و جادەکەی نیشاندەدات: " هەمووان دەزانن کوڕەکەم کە ئیدی لێرە هەڵناکەین، ناتوانین لێرە بژین."

روڤینو، لە جێی خۆ نابزوێ، ڕوخسارە لاوازە بێ ڕیشەکەی لە تاریکی دووکانەکەدا، هێندەی دی تاریک دەبێ. پیرەژن، کۆڵە مستە چکۆلە ڕەق و تەقەکەی دەگوشێ و بە نەفرەت و نەفرینەوە، تفێک بەرەو شەقامەکە هەڵدەدات: " خەڵکی دەهاتن بۆ ئێرە تا باسی تۆ بکەن و دڵم بدەنەوە. هەر قسەیەکیان وەکو خەنجەرێ وابوو کە بکرێ بە دڵما. ئەمانە وەکو ماری ژەهردار وان کوڕەکەم. " شاڵە ڕەشەکەی دەدات بە سەر و چاویا وەکو ئەوەی بیەوێ ڕوندکەکانی بسڕێت، بەڵام چاوەکانی وشکی وشکن: " بەڵام تۆ ئەو شەرمەزارییە لە خۆ دەسڕیتەوە کە ئەو دووانە پێیانەوە نای، وا نییە؟ ئەگەر هەر دوو چاویان دەرهێنابای، یان بیانکوشتبای زۆر لەمە باشتر بوو. قسە لەگەڵ کایفاس دا بکە، ئەو دەزانێ چ سووکایەتیەکت پێکراوە، چۆن ئابڕوویان بردووی. هەموو شتێکت بۆ باس دەکات."

پیرەژن، دووبارە هەناسە هەڵدەکێشێت. بە باوەڕێکی بتەوەوە دەنکی تەزبیحەکەی ماچ دەکات. تەمەشایەکی روڤینو دەکات کە هێشتا نە لە جێی خۆ جوڵاوە و نە سەری بەرز کردووەتەوە. بە ڕاوێژێکی نەرمترەوە دەڵێت: " خەڵکێکی زۆر بەرەو کانودوس ڕۆیشتن، مژدەبەران هاتن، حەزم دەکرد منیش لە گەڵیاندا بڕۆم. بەڵام بۆیە نەڕۆیشتم چونکە دەمزانی تۆ هەر دێیتەوە. کوڕەکەم دنیا بەرەو ئاخر زەمان دەڕوات. بۆیە ئەم شتانە دەبینین، ئەمانە نیشانەی ئاخر زەمانە. ئێستا ئیدی دەتوانم بڕۆم. ئایا ئەم لاقانەم بەرگەی ئەم سەفەرە دوور ودرێژەم دەگرن؟ خوا خۆی دەزانێ. هەموو شتێک بەدەستی خۆیەتی."

پیرەژن بێدەنگ دەبێ، روڤینو دوای تۆزێک دادەنەوێتەوەو دووبارە دەستی ماچ دەکاتەوە، دەڵێت: " ئەمە سەفەرێکی زۆر دوور ودرێژە، بە گوێی من دەکەی ئەم سەفەرە مەکە دایکە گیان. ئیدی بە درێژایی ڕێگا هەر شەڕ و ئاگربارانە، خواردن دەست ناکەوێ. بەڵام ئەگەر دڵت پێوەیە برۆ. بە دڵی خۆت بکە، هەر کارێکت بە دڵ بێ، ئەو کارە دروستە. قسەکانی کایفاسش لە بیر خۆت ببەوە، هەر گوێشی مەدەیە، نە خەفەتی پێ بخۆ، نە پێی خەجاڵەت بە.

***

وەختایەک بارون دی کانا براڤا وهاوسەرەکەی، دوای غیابێکی چەند مانگە، لە لەنگەرگای هێزی دەریایی، لە سلڤادور لە کەشتی دابەزی، دەیانتوانی بە جۆری ئەو پێشوازیەدا، کە لێیان کرا بزانن کە توانا و دەسەڵاتی حیزبی خۆییوونخوازی باهیا و دامەزرێنەر و ڕابەرەکەی چەند لە پاشی داوە. جاران، وەختایەک بارون وەزیری کاروباری ئیمپراتۆریەت وسەفیری گەورە بوو لە لەندەن وتەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە لە هەوەڵی ڕژێمی کۆماریش دا سەفیر بوو، وەختایەک بۆ وڵات دەزڤڕییەوە، گەڕانەوەکەی دەکرا بە بۆنە وئاهەنگی گەورەی بۆ دەهاتە گێڕان. هەموو پیاو ماقولانی شار وزۆرێک لە خێڵی دەرەبەگ وئاغاوات، بە هەشتاو بۆ بەندەرەکە دەهاتن، دەست و پێوەند وخوڵام ونۆکەرەکانیان بە ئاڵا وبەیداخی پێشوازییەوە بۆ ئەوێندەر دێنا، کارمەندانی شارەوانیش بەردەوام

دەچوونە پێشوازی. هەروەها تیپی موزیقا ومنداڵانی قوتابخانە ئۆلیەکان بە چەپکە گوڵەوە دەهاتنە پێشوازی بارۆنس ئەستیلا. ئیدی خواردن وزیافەت لە (کۆشکی سەرکەوتن) بەرپا دەکرا، فەرمانداری شار بەخۆی سەرپەرشتی ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسمەکەی دەکرد، دەیان میوان بەو بۆنەیەوە پێکیان لێکدەدا، چەپڵەیان لێدەدا، وتاریان دەخوێندەوە وشاعیری شاریش، ئەو قەسیدەیەی دەخوێندەوە کە بە بۆنەی گەڕانەوەی ئەو ژن و مێردەوە، دایدەنا.

بەڵام ئەمجارە، لەنگەرگای هێزی دەریایی لە چاو جاراندا چۆڵ بوو، تەنیا نزیکەی دوو سەد کەسێک هاتبوونە پێشوازی بارون و هاوسەرەکەی، تاقە یەک کەسایەتی شارەوانی یان عەسکەری و یان مەزەبیان تیا نەبوو. وەختایەک سێر ئادالبرتودی گوموسیو و نوێنەران: ئادواردو گلسیریو، روخا سبیرا، لیلیس پیدادس و جواو سیکساس دی پوندە – کە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوون کە حیزبی خۆیبوونخواز، بۆ پێشوازی لە ڕابەرەکەی خۆی پێکی هێنابوو، بە پلەکانی کەشتیەکەدا سەردەکەوتن تا تەوقە دەگەڵ بارون دا بکەن و دەستی ژنەکەی ماچ بکەن، کە تەمەشای سەر و سیمات دەکردن، لە تۆ وایە بۆ پێشوازی جەنازە هاتوون. بەڵام بارۆن و بارونس، کەم و زۆر خۆیان شلوێ نەکرد و هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند، کە نیشانەی ئەوە بێ، هەستیان بە جیاوازی پێشوازی ئەمجارە، لەوانی پێشوو کردووە. ڕێک وەکو جاران ڕەفتاریان کرد. بارونس بەدەم زەردەخەنەی ئیعجابەوە چەپکە گوڵەکانی وەردەگرت و پیشانی (سپاستینا) ی هاودەمی خۆیی دەدا. بارون بە باوەشی واڵاوە پێشوازی لە ئەندامانی حیزب و خزم و خوێش و ئاشنا و ڕۆشنایانی دەکرد کە بەڕێز بۆ خێر هانینەوەی ڕیزیان بەستبوو، بە ناو ناوی دێنان، چاک و خۆشی لەگەڵ دەکردن، ئەحواڵی خێزانەکانی دەپرسین، سوپاسی دەکردن کە زەحمەتیان کێشاوەو هاتوونەتە پێشوازی ئەو. ناو بە ناویش وەکو ئەوەی زەرورەتێکی دەروونی واداری بکات، دووپاتی دەکردەوە، کە هەمیشە گەڕانەوە بۆ باهیا و بۆ ئەم هەتاو و هەوا پاک و خەڵکی ئەم شارەی پێ خۆش بووە و پێخۆشە. بەر لەوەی سواری ئەو گالیسکەیە ببێ کە لە بەندەرکەیا بۆیان وەستابوو، کە گالیسکەوانێک بە جلکی تایبەتیەوە چاوەڕوانی دەکرد و هەرکە ئەوانی دەبینی دوولۆ لە بەردەمیاندا دەکۆمایەوە، بارون، دەستی خوداحافیزی بۆ جەماعەت بەرز کردەوە. ئەوسا لە بەرانبەر بارۆنس و سپاستیانادا، کە باوەشیان پڕ بوو لە چەپکە گوڵ، دانیشت. ئادالبرتو دی گوموسیو، لە تەنیشتیەوە دانیشت و گالیسکەکە بە جادەی (لادریادا کونسیسیا داپاریا ) دا کە سەرانسەری دار ودەرختی سەوز وگەش بوو، کەوتەڕێ. دوای ماوەیەکی کەم ڕێبوارەکان ئەو بەلەمە چارۆکەدارانەیان لێ وەدیار کەوت کە لە کەنداو و دەرەی ( ساومارسللو ) دەسوڕانەوە وگروپێک لە قولەڕەش و دووڕەکانیان بینی کە لە ئاوەکەدا ڕاوە ماسی و قرژاڵیان دەکرد.

گوموسیو، بەدەم خێر هانینەوەیانەوە گوتی: " ئەوروپا هەمیشە ئەکسیری گەنجی بووە، ئێوە دە دانە ساڵ بچووکتر دیارن لەوسای کە ڕۆیشتن."

بارۆنس گوتی: " من لەمەدا زیاتر خۆم بە قەرزرباری سەفەر بە کەشتی دەزانم تا سەفەر بۆ ئەوروپا. ئەم سێ هەفتەیە خۆشترین ڕۆژگاری تەمەنم بووا "

-" بەڵام تۆ دە ساڵ لە تەمەنی خۆت گەورەتر دیاریت " بارون لە پەنجەرە چکۆلەکەی گالسیکەکەوە ڕوانییە دەرەوە، چاوی بڕی بووە دیمەنە جوان و شکۆدارەکەی دەریاکە، دوڕگە وگراڤەکە تا گالیسکە زیاتر سەر دەکەوت، فراوان و فراوانتر دەهاتە بەرچاو، نها ئیدی گەیی بوونە سەر جادەی " لادریاو ساوبنتو " و بەرەو سەرووی شار دەڕۆیشتن. " یانی ڕەوشی شار بەو ڕادەیە خراپ بووە؟ "

ئاماژەی بۆ بەندەرەکە کرد: "خراپتر لەوەی وێنا دەکرێ. بە تەمابووین، خۆنوێنییەکی گەورە بکەین، خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە بەرپا بکەین. هەمووان قەولیان دا کە خەڵکێکی زۆر لەگەڵ خۆدا بێنن، تەنانەت لە ناوخۆشا خەڵکانێکی زۆر خڕبکەنەوە، بەتەمای خڕبوونەوەی چەند هەزارێک بووین. بە خۆتان بینیتان کە چەند کەس ئامادە بووبوون."

بارۆن، کڵاوەکەی بۆ چەند ماسی فرۆشێکی گەڕۆک، کە بە دیتنی گالیسکەکە هەموو کڵاوە حەسیرەکانیان لە سەریان داگرتبوو، بەرز کردەوە.

بارون، بە ڕاوێژێکی تەوسامێزەوە سەری کردە سەر دۆستەکەی و گوتی: " باسکردنی سیاسەت لە حوزووری خانماندا، کارێکی جوان نییە، یانی تۆ ئەستیلا بە خانم نازانی؟ "

بارۆنس خەندەیەکی زۆلاڵی بۆ کرد، کە گەنجتر لە خۆی نیشانی دەدا. قژێکی قاوەیی و پێستێکی یەجگار سپی هەبوو، دەستەکانی وردیلە و قامکەکانی درێژ وەکو تەیر و تو باڵەفڕەیان بوو. خۆی و هاودەمە ئەسمەرە خڕپنە قژ سوورەکەی بە سەرسامی دەیانڕوانییە دەریا شینباوە قووڵەکە و ، کەنارە سەوزباوە فسفۆرییەکە و جەمەلۆنە زۆر سوورەکان.

گوموسیو، وەکو ئەوەی گوێی لە قسەکانی بارۆن نەبووبێ، لە سەری ڕۆیی: " تاقە کەسێک کە بیانووی بۆ نەهاتنەکەی هەبوو، فەرماندارە. خەتای خۆمان بوو. دەیویست دەگەڵ ئەنجوومەنی شارەوانیا بێت. بەڵام لەبەر ڕەوشەکە، وا باش بوو، خۆی دوور بگرێ. لویس ڤیانا هێشتا لە هەوادارە دڵسۆزەکانی خۆمانە."

بارۆن بۆ ئەوەی ورەی هاوڕێکەی هەندێک بەرز بکاتەوە گوتی: " ئادالبرتو، ئەلبوومێکی نموونەی ئەسپم بۆ هێناویت. هیوادارم ئەم کێشە سیاسیانە، حەزی ئەسپ دۆستی لەلا نەکوشتبی."

کە خۆیان بە بەشی سەرووی شارا کرد، لەو کاتەدا کە بەرەو گەڕەکی نازارت دەڕۆیشتن، جووتە ژن و مێرد کە تازە لە سەفەر هاتبوونەوە، شیرینترین خەندەیان بە ڕووی خەڵکەکەدا دەدا و هەموو هۆش و گۆشیان لای ئەوە بوو کە سڵاوی ڕێبواران بسەننەوە. چەند گالیسکەیەک و ژمارەیەک ئەسپ سوار، کە هەندێکیان بۆ بەندەر و میناکە هاتبوون و هەندێکی دیکەیان لە هەورازەکەدا بەدەم چاوەڕوانییەوە وەستابوون، هەموو بە کۆڵانە تەنگەبەرەکانا بەگەڵ بارۆن کەوتبوون، لە هەمان کاتدا ڕێبوارانێک لە سەر شۆستەکاندا ڕاوەستابوون، یان خەڵکانێک چووبوونە سەر بانێژەکان، یان سەریان لەو عەرەبانانەوە دەرهێنابوو کە کەران ڕایاندەکێشا تا تەمەشای بارۆن و بارۆنس بکەن. ماڵباتی (کانا براڤا) لە شارا و لە خانوویەکەدا دەژیان کە ڕووکارەکەی کاشی بوو، ئەو کاشیانەیان لە پرتوگالەوە بۆ هێنا بوو، سەربانەکە قرمیدێکی سووری بازنەیی ئەسپانیایی مارکە بوو، بانێژەکانی بە ئاسن محەجەرە کرابوو، پایەکانی پەیکەری ژنانی مەمک قوت بوو، ڕووکارەکەی بە چوار پەیکەری سیرامیکی زەردباوی بریقەدار ڕازابووەوە: دوو شێری یاڵ درێژ و دوو دار سنۆبەری گەورە. شێرەکان وا دەهاتنە بەرچاو وەکو ئەوەی چاودێری ئەو بەلەمانە بکەن کە دەهاتنە ناو کەنداوەکەوە و دار سنۆبەرەکانیش وەکو ئەوە بوون کە جوانی شار بە ڕووی دەریاوانەکاندا بدەن. باخە جوانەکەی دەوراندەوری ئەم کۆشکە پڕ بوو لە درەختێن مەرجان، کورتون، کورال، مانگۆ و فیکوس کە بەدەم شنە باوە دەشنانەوە. ماڵەکە بە پاککەرەوەی سرکە ڕشێنرابوو، یەکپارچە گیای بۆندار بوو، بە ئینجانە و گوڵدانی پڕ لە گوڵ ڕازابووەوە لە پێشوازی خاوەنەکەیا دانرابوو. لە ناوەوە و لەبەر دەرگای کۆشکەکەدا خزمەتکاران بە پانتوڵی سپی کڵۆشەوە

و کەنیزەک و قەرەواشانی بچووکی ڕەش، بە بەر هەڵبێنە و سەرپۆشی سوورەوە ڕاوەستابوون و بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان دەکردن. بارونس، چەند قسەیەکی دەگەڵ کردن و لە هەمان کاتدا بارون خواحافیزی لەوانە دەکرد کە گەیاندبوویانە بەرماڵەوە. تەنیا گوموسیو و نوێنەران: ئادواردو کلیسرو، روخا سبیرا، لیلیس پیداس و جواو سیکساس پوندە، لەگەڵ بارۆندا هاتنە ژوورەوە. وەختایەک خانم بارۆن لە گەڵ هاودەمەکەیدا بۆ نهۆمی سەرەوە سەر دەکەوت، پیاوەکان بە هۆڵەکەدا کە ژوورێک بوو بە کەل و پەلی دارین مۆبێلە کرابوو، تێپەڕین و بارۆن دەرگای ژوورێکی بۆ کردنەوە، کە دیوارەکانی یەکپارچە ڕەفەی پڕ لە کتێبان بوو و پەنجەرەکانی بە سەر باخەکەدا دەیانڕوانی. وەختایەک ئەو خۆی بە ژوورەکەدا کرد، نزیکەی بیست پیاو بێدەنگ بوون، ئەوانەی دانیشتبوون هەموو لە بەری هەستان و دەستیان بە چەپڵە لێدان کرد. یەکەم کەس کە بارۆنی لە هەمێز گرت فەرماندار لویز ڤیانا بوو کە گوتی: " نەهاتنم بۆ بەندەرەکە بیرۆکەی من نەبوو. بەهەر حال بە خۆت دەبینی کە فەرماندار و هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی شار لێرەن و نۆکەر وگوێ بە فەرمانی تۆن."

پیاوێک بوو تۆکمە، کەللە زەلام و سەر ساف، ورگن، بە ئاسانی قسەی دڵی پەنهان دەکرد. وەختایەک بارون خەریک بوو چاک وخۆشی دەگەڵ ئامادەبوواندا دەکرد، گوموسیو دەرگای داخست. دووکەڵی جگەرە لە ژوورەکەدا پەنگابووەوە. سوراحی شەرابی میوە لە سەر مێزەکە ڕیز کرابوو، لەبەر ئەوەی کورسی بە ئەندازەی ژمارەی ئامادەبووان نەبوو، هەندێک لە پیاوەکان بە ئەمانەت لە سەر دەسکی کورسییەکان دانیشتن و هەندێکی دی پشتیان دابوو بە ڕەفەی کتێبەکانەوە. بارۆن هێدی هێدی بە سەر هەموو میوانەکاندا گەڕا و یەک بە یەک بەخێر هاتنی کردن. وەختایەک تەواو بوو و لە سەر جێگاکەی خۆی ڕۆنیشت، بێدەنگیەکی کڕ وکپ باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. پیاوەکان هەموو چاویان بڕی بووە ئەو، نیگایان نەک هەر نیگەرانی بەڵکو داوایەکی مەترسی ئامێزیشی دەنواند. سیمای بارۆن کە تا ئەو دەمە، شاد و ئاسوودە بوو، کە چاوی بە ڕوخساری خەمباری ئەوان کەوت، تەواو گرژ وجدی بوو.

لە کاتێکا چاوی لە دوڕ چاوانی لویز ڤیانا بڕی بوو، بە ڕاوێژێکی زۆر جدی گوتی: " ئەوەی من هەستی پێدەکەم و دەیخوێنمەوە، ڕەوشەکە بە جۆرێکە هی ئەوە نییە کە باسی ئەوە بکەم کە ئایا کەڕنەڤاڵی نیس ( نیس: شارێکە لە کەناراوەکانی ڕیفیرای فەرەنسی ) لە ئاستی کەرناڤاڵەکەی مەدایە یان نا. کەواتە با لە خراترین بویەر و ماجەراوە دەست پێبکەین. ئەو بویەرە چییە؟"

فەرماندار، کە لە قەنەفەیەکی نەرم و نۆڵدا نقوم بووبوو. لە بن لێوانەوە گوتی: " ئەو ڕۆژەی کە تۆ گەیشتیتەوە، بروسکەیەکمان پێگەیی. " ریو " بڕیاری داوە، لەشکر بکاتە سەر باهیا، کۆنگرێس بە کۆی دەنگ ڕەزامەندی لە سەر ئەو قەرارە داوە، یەک بەتالیونی سوپای فیدراڵی نێردراوە تا هێرش بکاتە سەر کانودوس." ئادالبرتو گوموسیو، قسەکەی فەرمانداری بڕی و گوتی: " بە کورتی حکومەتی فیدراڵ و کۆنگرێس، بە فەرمی هاوڕان لە سەر ئەوەی کە پیلانێک لە ئارادایە. واتە سباستیانە توندڕەوەکان بە تەمان ڕژێمی پاشایەتی بگێڕنەوە سەر دەسەڵات، هەڵبەتە بە یارمەتی کۆنت "یو " و سەڵتەنەتخوازەکان، ئینگلستان و حیزبی خۆیبوونخوازی باهیا. ئیدی هەر هەموو ئەو گوتە گوت و دەنگۆیانەی یاقوبیەکان بڵاویان کردووەتەوە، لە لای کۆماریەکان لە ناکاوا بووە بە حەقیقەت."

هیچ نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەک بە سیمای بارۆنەوە بەدیار نەکەوت، بە کاوەخۆ گوتی: " من مداخەلەی سوپای فیدرالم پێ سەیر نییە، بۆ ئەم قۆناغە ناسکە، جگە لەوەی هیچ چارەیەکی دی نییە. ئەوەی سەری لێدەرناکەم،

ئەو بویەرەی کانودوسە. هێزی لەشکریان دوو جار تەفر و توونا کردووە. " ئەوسا حایر وحەپەساو لە کاتێکا چاوی بۆ ڤیانا دەگێڕا گوتی: " لویز، من سەر لەمە دەرناکەم، یا دەبوا دەستبەرداری ئەو شێتانە بوایەن، یان بە یەکەم هێرش دواتان ببڕانایەوە. من نازانم کە حکومەت بۆچی مەسەلەکەی هێندە بە خەمساردی و بچووک گرتووە کە ئەو خەڵکانە ببنە کێشەیەکی نیشتمانی و بەم کارەی ئەم دیاریە گەورەیە بخاتە سەر سینییەکی زێڕ و پێشکەش بە دژمنی بکات..."

لویز ڤیانا، بە هەڵچوونەوە بەرسڤی دایەوە: " پێنج سەد سەرباز، دوو تۆپ، شەست تیرێک، بە ڕای تۆ ئەم هێزە بۆ سەرکوتکردنی چەند یاخییەکی بێ سەروبەری مەزەبی بەس نییە؟ کێ وێنای دەکرد، چەند یاخییەکی بێ سەر و بەر، بتوانن، فیبرونیودی بریتو بەو لەشکر و قۆشەنە گەورەیەوە، بکوژن و تەفر و تونای بکەن؟ "

ئادالبرتو گوموسیو، بە سیمایەکی گرژ و مۆن و شپرزەوە، بە تووڕەیی دەستەکانی هەڵدەگلۆفت، بارۆن قەت لەبەر قەیرانێکی سیاسی بەو حاڵەوەی نەبینی بوو، دووبارە قسەکەی بە فەرماندار بڕی و گوتی: " ڕاستە پیلان و دەسیسە لە ئارادایە، بەڵام هیچ خەتایەکی مەی تێدا نییە. هەڵبەتە مێجەر " فیبرونیو " ئەوەندە نەکارە و دەست و پێ سپی نەبوو، ئەوەندە گێل و گەمژە نەبوو وەکو ئەم دەیەوێ باوەڕی پێبکەین، شکستی ئەو بە ئانقەست بووە، پێشوەختە دەگەڵ یاقوبییەکانی ریودی جانیرو و لە ڕێگەی ئیپامینوداس گونسالوڤسەوە، ڕێکەوتنی لە سەر کراوە وبڕیاریان لە سەر دابوو. هەر هەموو ئەمە لە پێناوی نانەوەی ئەم ئاشوب و فەرتەنەیەدا کرا، کە لەوەتای فلوریا پیکسوتو لە دەسەڵات خرابوو، بەدەستیانەوە بوو. مەگەر سەڵتەنەتخوازەکان لەو کاتەوە هەر خەریکی پیلانگێڕی نەبوون بۆ ئەوەی سوپا کۆبوونەوەکانی کۆنگرێس دوا بخات و کۆمارێکی دکتاتۆری لە وڵاتدا دابمەزرێنێت؟"

بارۆن، قسەکەی بە گوموسیو بڕی و بە دەنگی بەرز هەڵیدایێ: " ئادالبرتو، مەزەندە و گومانەکانت هەڵگرە بۆ دوایی، من جارێ دەمەوێ بە وردی بزانم کە چ بویەرێک ڕووی داوە، دەمەوێ بزانم حەقیقەتی واریقاتەکان چۆن بوون."

روخاسبیرای نوێنەر هەڵیدایە: " هیچ حەقیقەتێک لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە تەنیا مەزەندە وگومانی بێ سەروبەر و پیلانی باوەڕ نەکردەنیە. دەیانەوێ ئێمە بە هاندانی سباستیان و یاخیەکان تۆمەتبار بکەن کە گوایە چەکمان بۆ ناردوون و دەستمان دەگەڵ ئینگلیزان تێکەڵ کردووە، تا ڕژێمی پاشایەتی بگێڕینەوە سەر حوکم. "

بارۆن، بەدەم زەردە خەنەوە، بە تەوسەوە دەستەکانی جولاند و گوتی: " ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس " لە کاتی سەرنگونی " دون پدرو " ی دووەمەوە تا نها بەو شتانە و شتی خراپتریش تۆمەتباری کردووین. "

لویز ڤیانا هەڵیدایە: " جیاوازیەکە لەوەدایە کە ئەمە تەنیا قسەی ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس نییە، بەڵکو قسەی نیوەی بەرازیلیشە. " بارون بینی کە فەرماندار، شپرزە و هەراسان، بە تووڕەیی لە سەر کورسییەکەی دەجووڵێت و دەست بە کەللە سافەکەیدا دێنێت: " لە هیچی نەبوو، لە ریو، لە ساوپاولو، لە بیلوهورزنتە، لە سەرانسەری وڵات دا خەڵکی خەریکن درۆ و دەلەسە و بوختان و ئیفترا نەنگینەکانی حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری کاوێژ دەکەنەوە."

چەند پیاوێک پێکەوەو بە دەنگی بەرز کەوتنە قسان. بارۆن هەر دوو دەستی بەرزکردنەوە کە بە نۆرە قسان بکەن. دەیتوانی لە بەینی سەری هاوڕێکانیەوە ناو باخەکە بدینێت، هەرچەندە قسەکانی ئەوانی بەلاوە باڵکێش

بوو، بەڵام لەوەتای هاتبووە ئەم ژوورەوە، بە زۆری بیری لای ئەمە بوو کە ئایا تیڕتیڕەکەلە نێو درەختەکانا خۆی حەشار داوە یان نا، بارۆن وەکو چۆن خەڵکانێک ڕمودەی سەگ و پشیکان دەبن، بەو ئاوایە ڕمودەی ئەو تیرە تیرەیە (حەربا) بووبوو.

ئادوار دوگلیسریوی نوێنەر، لە سەری ڕۆیی: " ئێمە ئێستا دەزانین کە ئیپامینوداس گونسالوڤس، گاردی گوندی ( گوندپارێز ) دامەزراند... بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا... بیانکات بە بەڵگە... لە سەر ئەو چەکانەی کە بۆ یاخییەکان بە قاچاغ دەبرێن، تەنانەت بەڵگە و شایەد بە سەر جاسووس و شۆفارانی بێگانەشەوە."

ئادالبرتو گوموسیو، کە سەرسامی بە سیمای بارۆنەوە بەدی کردبوو گوتی: " ئاە... تۆ دوا هەواڵت نەژنەوتووە. ئەمەیان لە هەموو ئەوانی دی نەنگینترە، هەر زۆر سەخیفە... جاسووسێکی نهێنی ئینگلیز لە سارادا، کە دۆزیبوویانەوە، جەستەکەی نەک هەر سووتابوو، بەڵکو بووبوو بە قەرە برووت، بووبوو بە خۆڵەمێش. بەڵام بابایەکی ئینگلیز بوو. چۆن ئەمەیان زانی بوو؟ بە قژە سوورەکەیدا! لە پەرلەمانی "ریو" دا قژەکەیان دەگەڵ ئەو تفەنگانەدا کە گوایە لە " ئیپوپیارا " لە لای جەستەکەوە دۆزیبوویانەوە، نیشاندابوو. هیچ کەسێک لە ڕیو گوێ لە قسەی مە ناگرێ، تەنانەت باشترین دۆستەکانی خۆمان لە ریو، هەمان ئەو درۆ و دەلەسانە دووبارە دەکەنەوە و باوەڕ بە ئێمە ناکەن. هەموو وڵات گەییونەتە ئەو قەناعەتەی کە کانودوس، خەتەرە لە سەر کانودوس.

بارون لە بن لێوانەوە گوتی: " وا بزانم ئەو بلیمەتە نارەسەنەی پشت ئەم پیلانە، منم. "

خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی دیاریودا باهیا گوتی: " تۆیان لە هەر کەسێکی دی پتر لە قوڕ هەڵکێشاوە... گوایە تۆ بە خۆت کانودوست ڕادەستی یاخییەکان کردووە و بە خۆت سەفەری ئەوروپات کردووە، تا لەوێندەر دەگەڵ ئاوارە سەڵتەنەتخوازەکاندا کۆ بوویتەوە تا نەخشە و پلانی شۆڕش بکێشیت. دەنگۆیەکیش بڵاوە کە گوایە سەندووقێکی دارایی تایبەتی بۆ شۆڕش تەرخان کراوە، تۆ نیوەی پارەکەیت داوە و نیوەکەی دیکەی ئینگلیزان داویانە. "

بارۆن لە بن لیوانەوە گوتی: " نیواو نیو لە گەڵ دەرباری ئینگلیزا، یانی پەنجا بە پەنجا! ئەی خودا، ئەمانە منیان زۆر گەورە کردووە ها! "

نوێنەر لیلیس پیدادس کە لە سەر دەسکی کورسیەکەی فەرماندار ڕۆنیشتبوو پرسی: " دەزانی کێ بۆ سەرکوتکردنی سەڵتەنەتخوازەکان دەنێرن؟ عەقید موریرا سیزار و کەتیبەی حەوتم."

بارون دی کانا براڤا، کەمێک سەری بردە پێشێ و چاوی تروکاندن: " عەقید موریرا سیزار؟ " کەمێک لە فکران ڕاچوو. لێوی دەجوڵاند وەکو یەکێک لە بن لێوانەوە بدوێ. هەنگێ ئاوڕی لای گوموسیوی دایەوەو گوتی: " ڕەنگە هەق بە تۆ بێ ئادالبرتۆ. لەگینە ئەمە مانۆڕێکی زیرەکانەی یاقوبیەکان بێت. لە دوای مردنی " جەنەرال فلوریانا پیکسوتو " وە عەقید موریرا سیزار بووبێ بە کارت و وەرەقەی براوەی ئەوان، کردبیان بەو قارەمانەی کە لە ڕێگەی ئەوەوە، دەسەڵات بگرنە دەست."

جارێکی دی گوێی لێیان بوو کە هەموویان خەریک بوون بە یەکەوە قسەیان دەکرد. بەڵام ئەمجارەیان بێدەنگی نەکردن. لە کاتێکا هاوڕێکانیان ڕای خۆیان دەردەبڕی و گەنگەشەیان دەکرد، ئەو دانیشتبوو و وای دەنواند کە گوێی لەوانە، بەڵام خەیاڵی ڕۆیی بوو و بیری لە جێگەیەکی دیکە بوو. هەرکاتێ لە باسێک بێزار بوایە یان هزری خۆی لەو بۆچوونانە پێ باشتر بوایە کە دەدران بە گوێی دا، زۆر بە ئاسانی ئەو حاڵەی لە خۆ دێنا. عەقید

موریرا سیزار! ناردنی ئەو بۆ باهیا، نیشانەی خێر نەبوو. کارێکی باش نەبوو. پیاوێکی توندڕەو بوو، وەکو هەموو توندڕەوان و ڕادیکاڵانی دی، خەتەر بوو. بارۆن، ئەوەی بیرکەوتەوە کە چۆن و بە چ شێوازێکی دڕندانە لە " سانتا کاتارینا " ڕاپەڕینی فیدرالیستەکانی سەرکوت کردبوو و چۆن کاتێ کونگرێسی فیدراڵی داوای لێکردبوو لە کۆنگرێسدا ئامادە بێت و باسی ئەو گوللەباران کردنەیان بۆ بکات کە تیمی ئیعدام بە ئەمری ئەو ئەنجامی دابوو، بە بروسکەیەک کە نموونەی کورتبری و لە خۆبایی بوون بوو وەڵامی دابووەوە کە: " نەخێر. " ئەوەی بیری کەوتەوە کە لە نێو ئەوانەدا کە بە ئەمری عەقید ئیعدام کرابوون، یەک مارشال، یەک بارون و ئەدمیراڵێک هەبوو کە ئەو دەیناسی. مارشال فلوریانو پیکسوتۆ، لە سەرەتای بەرپابوونی ڕژێمی کۆماریدا، ئەو ئەرکەی پێ سپاردبوو کە سوپا لە هەموو ئەو ئەفسەرانە پاک بکاتەوە کە مایل بوون بە لای ڕژێمی پاشایەتیدا. زۆر سەیرە... کەتیبەی حەوتەمی پیادە دژی کانودوس! لە فکران ڕاچوو: " هەق بە ئادالبرتویە. ئەمە لوتکەی سەخافەت و ڕیسواییە. " بۆ جاری دووەم خۆی ناچار کرد کە گوێ بگرێ.

ئادالبرتو، لە سەری ڕۆیی: " ئەو بۆ لە نێو بردنی یاخییەکان نایەت، بەڵکو مەبەستی لە نێو بردنی ئێمەیە. بۆ لە نێو بردنی تۆ لویز ڤیانا، حیزبی خۆیبوونخواز دێت، تا پاشان باهیا ڕادەستی ئیپامینوداس گونسالوڤس، کە پیاوی یاقوبییەکانە لێرە، بکات!

بارۆن قسەکەی پێبڕی و کەمێک دەنگی بەرز کردەوە: " بەڕیزینە پێویست بەوە ناکات خۆتان بکوژن. " نها تەواو جدی بووبوو، پێنەدەکەنی، بە ڕاوێژێکی توند قسەی دەکرد. دیسان دووپاتی کردەوە: " پێویست بەوە ناکات خۆتان بکوژن." بە ئەسپایی تەمەشایەکی هەر چوار دەوری ژوورەکەی کرد. دڵنیابوو لەوەی کە جدیەتی ئەم سیرایەت بۆ هاوڕێکانیشی دەکات "کەس هەقی خۆمان لێ داگیر ناکات، مەگەر ئێمە لێرەدا، ئەوانەی لەم ژوورەداین نوێنەر دەسەڵاتی سیاسی باهیا نین، فەرمانداری باهیا، دەسەڵاتی دادڤانی باهیا، پیاوانی ئەهلی ڕۆژنامەڤانی باهیا؟ باشە زۆربەی موڵک، دارایی، پەز و ماڵاتی باهیا، نوێنەریان لێرە نییە؟ تەنانەت عەقید موریرا سیزاریش ناتوانێ ئەم کاودانە بگۆڕێت. تیاچوونی ئێمە دەکاتە تیاچوونی باهیا بەڕیزینە. ئیپامینوداس گونسالوڤس و دار و دەستەکەی لێرە جگە لە چەند غەوارەیەکی لاپرەسەن و فزوڵ زیاتر ناکەنە هیچ. ئەوانە نە ئەوزاریان هەیە، نە پیاویان هەیە و نە ئەزموون تا بتوانن جڵەوی کاروباری باهیا بگرنە دەست، تەنانەت ئەگەر ڕاستە و خۆش جڵەوەکەیان بدرێتە دەست، باهیا ئەو ئەسپە نییە پشتیان بۆ بدات، وایان دەگلێنێ ملیان لە حەوت شوێنەوە بشکێت."

هەڵوەستەیەکی کرد، یەکێک بە پارێزەوە پەرداخێ ڤەخارنی میوەی دایە دەست. یەک دوو قومی لێدا، تامە شیرین و بە لەزەتەکەی چەشت و تاقی کردەوە.

گوێی لە لویز ڤیانا بوو کە دەیگوت: " هەڵبەتە ئێمە بەم گەشبینییەی تۆ خۆشحاڵین، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە ئێمە چ بەڵا و کارەساتێکمان بەسەر هاتووە و دەبێ تا زووە دەستبەکار بین. "

بارۆن بە ڕەزامەندییەوە گوتی: " گومان لەمەدا نییە، دەبێ ئەو کارە بکەین. ئەوەی دەبێ حاڵی حازر بیکەین ئەمەیە کە بروسکەیەک بۆ عەقید موریرا سیزار ڤرێ بکەین و بە خێر هاتنی بکەین و پشتیوانی دەسەڵاتی باهیا و حیزبی خۆیبوونخوازی پێ ڕابگەیەنین. مەگەر قازانجی مە لەمەدا نییە کە ئەو بێت و لە شەڕی ئەو دز و چەتە و ڕێگرانەمان ڕزگار بکەن کە زەوی و زارەکانیان داگیر کردووین و مەزراکانمان تاڵان دەکەن و نایەڵن

ڕەعیەتەکانمان بە ئیسراحەت کار بکەن؟ لەمڕۆ زووتر نییە دەکەوینە کۆکردنەوەی پیتیاک و پارە و دەیدەین بە سوپای فیدراڵی، تا لە شەڕی باندی چەتە و ڕێگرەکاندا سوودی لێ وەربگرن."

چاوەڕوانی کرد تا هەمهەمەی دەنگەکان نیشتنەوە، هەنگێ قومێکی دیکەی لە شەرابەکە خواردەوە، دنیا گەرم بوو، هەنیەی نیشتە سەر ئارەقە.

ئەنجام لویز ڤیانا هاتە قسان: " ئەوەتان بیر دەخەمەوە کە ساڵانێکە هەموو سیاسەتی مە ئەمە بووە کە نەیەڵین حکوومەتی ناوەند بەم شێوەیە و ڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری ناوخۆی باهیا وەربدات."

بارۆن بە جۆرە پارێزێکەوە گوتی: " بەڵێ، ئەمە هەمووی دروستە، بەڵێ حاڵی حازر تاقە سیاسەتی گونجاو، ئەگەر نەمانەوێ خۆمان بە کوشت بدەین، ئەمەیە کە بە هەموو خەڵکی وڵاتی نیشانبدەین کە ئێمە دژبەری کۆمار یان سەروەری بەرازیل نین. دەبێ تا زووە ڕێگە لەم داو و پیلانانە بگرین، جگە لەمە هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لە بەردەم نییە. ئیدی بۆ پێشوازی موریرا سیزار و کەتیبەی حەوتەم، ئاهەنگێکی گەورە ساز دەکەین. هەنگێ ئاهەنگی پیشوازییەکە دەبێ بە ئاهەنگی مە نەک ئاهەنگی حیزبی کۆماری.

هەنیەی بە دەستە سڕەکە سڕی، دیسان چاوەڕوانی کرد تا ژاوەژاوەکە کە ئەمجارەیان بەرزتر بوو، بڕەوێتەوە.

ئادالبرتو گوموسیو گوتی: " بەڕای من ئەمە گۆڕان و بادانەوەیەکی زۆر کوت و پڕ دەردەچێ. " بارۆن بینی کە چەند کەسێک لە پشت ئەوەوە سەری ڕەزامەندیان لەقاند.

نوێنەر روخاسبیرا، هەڵیدایە و گوتی: " ستراتیژیەتی مە چ لە ئەنجوومەن و چ لە ڕۆژنامەڤانیا ئەوە بووە کە ڕێگەی دەستوەردانی حکومەتی فیدراڵ نەدەین."

بارۆن بە ڕاوێژێکی نەرم و هێدی گوتی: " بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باهیا، پێویستە لە دەسەڵاتا بمێنین، بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتا بمێنین، پێویستە سیاسەتی خۆمان بە کێمانی(بەلای کەمەوە) لە ئێستادا بگۆڕین."

هەنگێ وەکو ئەوەی نارەزایەتیەکان بەهەند نەگرێ، لە سەر ڕێنوێنیەکانی بەردەوام بوو: " ئێمەی موڵکدار پێویستە هاوکاری عەقید بکەین،جێگەی کەتیبەکەی بکەینەوە، دەلیل وبەڵەدانی بۆ پەیدا بکەین، چەک وتەقەمەنی پێ بگەیەنین. کەسێک کە بتوانێ بە هاوکاری دەگەڵ موریرا سیزار دا، دوای پیلانگێڕانی سەڵتەنەتخواز، کە شاژنە ڤکتوریا پارەو پولیان دەداتێ، ببڕێتەوە، ئێمەین." زەردەخەنەیەکی دەستکردی بۆ کرد و دیسان بە دەستەسڕەکەی هەنیەی سڕی. " هەڵبەتە ئەمە درۆیەکی زەقە و درۆش شەرمە، بەڵام چبکەین، هیچ چارێکی دیکەمان نییە. هەرکاتێ عەقید لە سەرکوتکردن و پاککردنەوەی باندی ڕێگرانی پاپەتی و ڕۆحانیانی ساختە لە کانودوس بووەوە، هەنگێ جۆرەها ئاهەنگ بە بۆنەی شکستی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و خانەدانی براگانساوە دەگێڕین و بە کامی دڵ هەڵدەپەڕین و دەیکەین بە شایی لۆغان. " ( براگانسا: خانەدانێکی پاشایەتی بوو کە حوکمی پرتوگال و بەرازیلی دەکرد، دەسەڵاتیان لە دوای ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری پێچرایەوە.)

نە کەس چەپڵەی بۆ لێدا ونە کەس بەدەمیەوە پێکەنی. هەر هەمووان بێدەنگ و نارەحەت بوون. بەڵام وەختایەک بارۆن چاوی بە سەردا دەگێڕان، بۆی بەدیار کەوت کە هەندێکیان لە دڵی خۆدا، ئەگەر بە نەبەدڵیش بووە دان بەوەدا دەنەن، کە جگە لەوە چ کارێکی دیکەیان لە دەست نایەت.

بارۆن دووباره هاته قسان: " من بۆ کالومبی دەڕۆم. تا نها بە تەمای ئەمە نەبووم، ئەمەم لە بیر نەبوو، بەڵام ئەمە پێویستە. بە خۆم کەتیبەی حەوتەم هەرچیەکی پێویست بێ، دەیخەمە بەردەستی. پێویستە هەموو موڵکدارانی دەڤەرەکەش وا بکەن. تا موریرا سیزار بە چاوی خۆی ببینێ کە ئەم بەشەی وڵات هی کێیە وکێ لەم دەڤەرەدا قسەی دەڕوات و دەسڕۆیە."

کۆڕ و مەجلیسەکە زۆر شپرزە بوو، هەرکەسە و پرسیارێکی لە مێشکا بوو، یان دەیویست وەڵامی قسەکانی بارۆن بداتەوە، بەڵام بارۆن پێی وابوو، کە وەختەکە بۆ گەنگەشەی زیاتر گونجاو ولە بار نییە. دوای ئەوەی بە درێژایی عەسر و تا سەرەتای شەو تێر و پڕ دەخۆن و دەخۆنەوە، هەنگێ ئاسانتر دەتوانێ قەناعەتیان پێبکات کە گومان و دوو دڵییەکانیان لە بیر بکەن. هەستایە سەر پێیان و پێشنیازی کرد: " با بڕۆین بۆ لای خانمەکان و شتێ بخۆین. دوای ئەوە قسە دەکەین. پێویست ناکا سیاسەت بکرێ بە هەموو شتێکی ژیان. لەزەتی دنیاش جێگەی خۆی هەیە."

( ٢ )

دوای ئەوەی کیماداس بوو بە سەربازگە، گەردەلوولی جم وجوڵ و جۆش و خرۆش و چالاکی و چەلەنگیەکی ئەوتۆ دایگرت، کەس بە کەس نەبوو، سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسی، بە دەنگی بەرز ئەمر دەردەکرا، سەربازان بە هەشتاو غار دەدەن و لە ناو هێزی سوارەدا کە بە شمشێری هەڵکێشراوەوە هاوار دەکەن و بە ئاماژەی دەست فەرمان دەدەن، ڕیز دەبەستن. لە ناکاوا دەنگی شەیپور و کەڕەنا، دڕ بە سپێدە دەدات و تەمەشاڤانانی فزوڵ و کونجکاو، بە هەشتاو بە کەناری " ئیتاپیکورو " دا دەڕۆن تا تەمەشای ئەو باریکە ڕێگا وشک و برینگە بکەن کە بە سەمتی مونتە سانتودا ئاودیو دەبێت: بەشی یەکەمی کەتیبەی حەوت بەڕێ کەوتووە، بایەکە، دەنگی ئەو سروودانەی کە سەربازەکان بەدەم ڕێکردنەوە و بەدەنگی بەرز دەیانخوێند، بەرەو ئێرە دێنا.

عەقید موریرا سیزار، لە بەرەبەیانی زووەوە، لە ناو وێستگەی قیتارەکەدا ڕۆنیشتووەو خوێندنەوە بۆ توبوگرافیای دەڤەرەکە دەکات، ئەمر دەردەکات، بروسکە و ڕاپۆران ئیمزا دەکات، ڕاپۆری نوێنەرانی فەوجەکان وەردەگرێ. پەیامنێرانی خەواڵو قاتر و ئەسپەکانیان زین دەکەن، کەل و پەل و پێویستیەکانیان لە عەرەبانەیەکی دەرێی وێستگەکە باردەکەن، هەر هەموویان مژوولی ئەو کارە بوون جگە لە پەیامنێرە درێژ داهۆڵەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) کە بە مێزە سەفەریەکەیەوە بە شووشە مەرەکەبەکەیەوە کە بە قۆڵی چاکەتەکەیەوەی بەستبوو، سەری بەم کون و بەو کەلەبەردا دەکرد، تا ڕێگەیەک بدۆزێتەوەو بۆ لای عەقید بڕوات. هەرچەندە هێشتا بەیانی زووە، بەڵام هەر شەش ئەندامەکەی ئەنجوومەنی شار، ئامادە بووبوون تا بە فەرمی فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم بەڕێبکەن. بەدەم چاوەڕوانییەوە لە سەر تەختێک دانیشتوون. بەڵام ئەو ئەفسەر و یاریدەدەرانەی کە دێن ودەڕۆن، نە گوێ بەوان دەدەن و نە بە پۆستەرانی هەر دوو حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری و خۆیبوونخوازی باهیا. زیاتر سەرنجیان لە سەر ڕۆژنامەڤانە درێژ داهۆڵەکە بوو کە لە داهۆڵ دەچوو، ئاخری توانی دەرفەت بێنێ و خۆی بگەیەنێتە موریرا سیزار.

بەدەنگە کز ومینگنەکەی دەڵێت: " جەنابی عەقید، ڕێگەم دەدەی پرسیارێک بکەم؟ "

عەقید بە جۆرێ لە سەراپای دەڕوانی وەکو ئەوەی لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتبێت. لە وەڵامیا دەڵێت: " دوێنێ، ژوانی کۆنفرانسی ڕۆژنامەڤانی بوو." لێ سەروسیمای نامۆ و سەیری ئەم دەعبایە، یان جورئەت و پرکێشیەکەی، وای لە عەقید کرد کە جۆرە نەرمییەک بنوێنێ. "دەی باشە پرسیارەکەت چییە؟"

پەیامنێرەکە، چاوە خێل وقیچەکانی تێدەبڕێ و لە بن لێوانەوە دەڵێت: " پرسیارەکەم دەربارەی زیندانییەکانە. من بیستوومە تۆ دز و پیاو کوژانت لە کەتیبەکەی خۆتا وەرگرتووە. دوێشەو لە گەڵ دوو ملازمدا چووم بۆ زندان، سەیرم کرد ناوی حەوت زندانیان لە نک خۆ تۆمار کرد، تا بیانخەنە ڕیزی سوپاوە."

موریرا سیزار، هەڵوەستەیەک دەکات، ئەوسا دەڵێت: " بەڵێ وایە، بەڵام پرسیارەکەی تۆ چییە؟ "

" پرسیارەکەی من ئەمەیە کە بۆچی و چۆن بەڵێنی ئازادی بەم تاوانبارانە دەدەن؟ "

موریرا سیزار دەڵێت: " ئەوانە شارەزای شەڕن. " ئەوسا دوای سووکە هەڵوەستەیەک گوتی: " خەڵکی تاوانکار نموونەی توانا و وزەیەکی زۆرە کە بە ڕێگای نادروستا دەڕوات. شەڕ ئەم وزە و توانایە دەخاتەوە سەر ڕاستە ڕێگای خۆی. ئەمانە دەزانن بۆچی شەڕ دەکەن و ئەمە هانیان دەدا کە ئازا و بوێر و نەترس بن، بگرە هەندێجار قارەمانیەتیش دەنوێنن. من ئەم حاڵەتەم بە چاوی خۆم دیتووە. تۆش ئەگەر بگەیتە کانودوس ئەم حاڵەتە بە چاوی خۆت دەبینی " دووبارە سەراپای بە نیگا دادەبێژێت: " باوەڕ ناکەم بەم قەد و قەلافەتەوە تاقە یەک ڕۆژیش لە سارای باهیادا هەڵبکەی "

-" جەنابی عەقید بەگوێرەی توانا هەوڵدەدەم بەرگە بگرم و هەڵبکەم. "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە وەلا دەکەوێ و عەقید تامارندۆ و مێجەر کونیاماتوس، کە بەدەم چاوەڕوانییەوە لە دوای ئەوەوە وەستابوون، دێنە پێشەوە.

عەقید تامارندو دەڵێت: " فەوجی پێشەنگ ئێستا کەوتە پێشڕەوی."

مێجەر کونیا ماتوس دەڵێت دەورێیەکانی نەقیب فریرا روخاس هەموو جادەی " تانکینیو " یان شناسایی کردووە و هیچ شوێنەوارێکی شەڕڤان ویاخییەکانیان نەدۆزیوەتەوە، بەڵام ڕێگاکە پڕە لە هەوراز و نشێوان وهەڵدێری نادیار وبەردەڵان کە زۆر زەحمەتە تۆپخانەی پێدا ڕەت بێ. ئیدی دەورێیەکانی فریرا روخاس، خەریکە دەگەڕێن تا ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەرچۆنێ بووە بکرێ بە دەوری ئەو هەڵدێرە سەختانەدا بسوڕێنەوە. بە هەرحاڵ مەفرەزەی هەندەسەی عەسکەریش ڕۆیشتووە تا ڕێگاکە هەموار بکەن.

موریرا سیزار دەپرسێت: "مەسەلەی جیاکردنەوەی زندانییەکانت دابین کردووە یان نا؟ "

مێجەر دڵنیای دەکاتەوە: "بە سریە و فەوجی جیاوازم سپاردوون، بە ئاشکرا پێم ڕاگەیاندوون کە نابێ یەکدی بدینن یان قسان دەگەڵ یەکدیدا بکەن."

عەقید تامارندو دەڵێت: "مەفرەزەی قافڵەی حەیوانەکانیش کەوتوونەتە ڕێ." دوای سووکە هەڵوەستەیەک لە سەری دەڕوات: " فیبرو نیودی بریتو " زۆر حاڵی خراپ بوو. کوڵی گریانێ گرتبووی بە ئامان و زامان لە جۆش نەدەکەوت."

تاقه وەڵام و کۆمێنتی موریرا سیزار ئەمە بوو: " هەر ئەفسەرێکی دی لە جێگەی ئەودا بوایە خۆی دەکوشت." هەڵدەستێتە سەر پێیان، سەربازێکی موراسیل، ئەو کاغەزانەی سەر ئەو تەپڵەکەی، کە عەقید لە جیاتی مێز بە کاری هێنابوو، کۆ دەکاتەوە. موریرا سیزار بەرەو دەرگای دەرەوە دەڕوات، ئەفسەرەکان دووی دەکەون. خەڵکی هێرش بۆ دیتنی دێنن، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە دەرگاکە شتێکی بیر دەکەوێتەوە، ڕێگاکەی دەگۆڕێ و بەرەو ئەو تەختە درێژە دەڕوات کە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی، بەدەم چاوەڕوانیەوە لە سەری دانیشتوون. ئەندامانی ئەنجوومەن لە بەری هەڵدەستن. خەڵکانێکی سادەن، جووتیار یان کاسبکار وبازرگانی بچووکن، خۆیان گۆڕیوە و پێڵاوە زلەکانیان بە نیشانەی ڕێز، بۆیاخ کردووەو دەبریقێتەوە. کڵاوەکانیان بەدەستەوە گرتووە، بە ئاشکرا پەشۆکانیان پێوە دیارە.

عەقید، بە نەزاکەتەوە چاوێکی بە هەموویاندا گێڕاو گوتی: " گەلۆ، سوپاسی میوانداری و هاوکاریەکەتان دەکەم، ماڵتان ئاوا، کەتیبەی حەوتەم ئەم پێشوازیە گەرمە لە بیر ناکات کە لێرە، لە کیماداس لێی کراوە. هیوادارم ئاگاتان لەو هێزانە بێ کە لێرە دەمێننەوە."

فریای وەڵامدانەوە ناکەون. چونکە عەقید لە جیاتی تەوقە و خوا حافیزی لە یەک بە یەکیان بکات، یەک کەڕەت دەستی ڕاستی بۆ ئاستی کڵاوە فەرەنسیەکەی بەرزدەکاتەوە وخواحافیزی لە هەموویان دەکات و وەردەرچەرخێ و بەرەو دەرگاکە وەڕێ دەکەوێت.

وەختایەک عەقید موریرا سیزار وپاوەرەکانی دەگاتە سەرجادەکە، جەماوەری خەڵک بە چەپڵە و هورا کێشانەوە پێشوازی دەکەن. سەربازەکان بە ڕیز وەستاون – ئیدی ڕیزی سەربازان، سریە سریە، لە دوورەوە، لەو دیوی سکەکەوە وەستاون – هاواری درووود و هورا بەرز دەبێتەوە. پاسەوان و قەرەوڵەکان نایەڵن خەڵکە کونجکاو و فزوڵەکە بێنە پێشەوە. ئەسپە سپیە جوانەکە کە لە وەستان بێتاقەت بووە دەحیلێنێ. تاماروند و، کونیاماتوس و ئولیمپو کاسترۆ و یاوەرانی عەقید، سواری ئەسپەکانیان دەبن و پەیامنێرەکان کە زووتر سواری ئەسپەکانیان بوون دەوری عەقید دەگرن. دووبارە ئەو بروسکەیە دەخوێنێتەوە کە بۆ ناردن بۆ حکومەتی ناوەندی ئامادەی کردووە: " کەتیبەی حەوتەم، ئەمڕۆ، ڕێکەوتی هەشتی هەیڤی دوو، بۆ بەرەڤانی لە سەروەری بەرازیل دەست بە هێرش دەکات. تاقە یەک سەرپێچیش لە نێو هێزەکانماندا بەدی ناکرێ. . تاقە خەم و ترسی مە ئەمەیە کە " ئانتونیو کونسیلبرو " و یاخییانی سەڵتەنەتخواز لەوێ، لە کانودوس، چاوەڕوانمان نەبن. بژی کۆمار." بروسکەکە ئیمزا دەکات تا ماموری بروسکان یەکسەر ڤرێی بکات. هەنگێ ئاماژە بۆ نەقیب ئولیمپیو کاسترو دەکات و ئەویش عاز بە شەیپورچییەکان دەدات. فوو بە شەیپوراندا دەکەن، دەنگێکی خەمین و گوێ کەڕکەر بەرز دەبێتەوەو هەوای ئەو بەیانییە زووە دەشڵەقێنێ. کونیا ماتوس بە پەیامنێرە سەر بۆزەکەی تەنیشتی خۆی دەڵێت: " ئەمە شەیپوری ئامادەباشی کەتیبەکەیە."

پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی جۆرنال دنوتیسیاس بە دەنگە نزم و ناخۆشەکەی دەپرسێت: " ئەم نیشانەیە ناوی هەیە؟ " هەگبەیەکی گەورەی چەرمینی بۆ هەڵگرتنی مێزی نووسینەکەی خستووەتە تەرکی حەیوانەکەی، و کارێکی وەهای کردووە کە تەواو کە کەنغەر بچێ.

موریرا سیزار لە وەڵاما دەڵێت: " ئامادەباش بۆ هێرش و سەربڕینی دژمن. ئەم نیشانەیە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی شەڕ دەگەڵ پاراگوای بۆ ئەو ڕۆژەی کە تەقەمەنی و ئازووقەمان تەواو بووبوو و ناچار بووین، بە شمشێرو سەرەنێزە وکێردان شەڕ بکەین."

به تەکانی دەستی ڕاست عازی پێشڕەوی دەدات. قاتران، پیاوان، ئەسپان و عەرەبانەی تۆپخانە، بە ناو تەپ و تۆزێکی چڕا کە بایەکی تووند هەڵیکردووە، دەکەونەڕێ.

هەرکە لە کیماداس وەدەردەکەون، ئیدی ڕیزە جیاوازەکانی هێزەکە بە تەنیشت یەکدییەوە دەجولێن، تەنیا ڕەنگی ئەو بەیداخانەی کە پێش قەرەوڵەکان بەرزیان کردووەتەوە ئەم هێزانە لێکدی جیا دەکاتەوە. دوای تۆزێک کار دەگاتە ئەوەی کە یونیفورمی ئەفسەران و سەربازان لێکدی نەیەتە جیاکردنەوە. چونکە بایە تووند و تەپ و تۆزەکە ناچاریان دەکات کە سایەبانی کڵاوەکانیان بێننە خوارەوە وزۆریان دەم و لووتیان بە دەستەسڕان هەڵدەپێکن، دەمامک دەکەن. بەرە بەرە فەوج و سریە و فەسیڵ و مەفرەزەکان، مەسافە وەردەگرن و لێکدی دوور دەکەونەوە و ئەوەی لە هەوەڵەوە، لەو دەمەوە کە لە وێستگەکەوە کەوتنەڕێ. وەکو بوونەوەرێکی زندوو دەهاتە بەرچاو و وەکو مارێکی درێژ بە ئەرزە شەقار شەقارەکەدا دەچووە پێشێ و بە ناو بنچە دڕوانی وشکەوەبووا، ڕێگای تەی دەکرد، نها تاک دەکەوتەوەو لێکدی دادەبڕا و، دەبوو بە مارێن بچووک وتا زیاتر دەچوونە پێشێ، زیاتر لێکدی دوور دەکەوتنەوەو لێکدی ون دەبوون وپاشان لە جێیەکی دیدا و لە نێو گەردەلوول و تەپ و تۆزەکەدا یەکیان دەگرتەوە. سوارەکان بێوچان لە هاتوچۆدا بوون، بووبوون بە تۆڕێکی نووچە گەهانێ گەڕۆک، فەرمان وزانیاری و نووچە و پرسیارەکانیان دەگەیاندە بەشە جیاواز و پەراگەندەکانی هێزەکە. ئیدی دوای چەند سەعاتە ڕێیەک یەکەم گوندی سەر ڕێگاکەیان واتە گوندی "پاوسیکو" یان لە دوورەوە لێ بەدیار کەوت. عەقید موریرا سیزار، بە دووربینە مەیدانیەکەی تەمەشای دەکرد، بینی کە پێشقەرەوڵەکان نیشانەی تێپەڕبوونی خۆیان بە نێو کوختەکانی گوندیدا، لەوێندەر داناوە: بەیداخێکی چکۆلە و دوو نەفەر کە بێگومان بە پەیام ونامەوە، چاوەڕوانی ئەو دەکەن.

سکۆرتی سوارە چەند مەترێک لە پێش عەقید و ئەفسەرە یاوەرەکانیەوە ڕێدەکەن، لە دوای ئەفسەرەکانەوە، هەندێ مشەخۆری غەوارە، واتە پەیامنێران خۆیان بەم یەکە یەکدەسەوە هەڵواسیوە. ئەوانیش وەکو زۆرێک لە ئەفسەرەکان لە ئەسپەکانیان دابەزیون وبەدەم ڕێکردنەوە پێکڤە گفت وگۆ دەکەن. ڕێک لە ناوەڕاستی ستوونەکەدا تۆپخانەیەک هەیە، کە کۆمەڵێک گاجووتێن خەسێنراو ڕایدەکێشن و نزیکەی بیست سەرباز بە فەرماندەیی ئەفسەرێک کە ئارمێکی سووری شێوە لەوزینەیی، نیشانەی بەشی تۆپخانەی لە هەر دوو باسکی بەستووە، ئەم ئەفسەرە نەقیب "خوزیە ئاگوستینو سالومودا روخا "یە.

تاقە دەنگێک کە دێتە گوێ، هاواری ئەو پیاوانەیە کە دەی لە وڵاخەکان دەکەن، یان ئەو وڵاخانەی کە لە ڕێگاکە دەرچوون، دێننەوە سەر ڕاستە ڕێگاکە. سەربازەکان تا هێزی خۆ بە فیڕۆ نەدەن بە هێواشی قسان دەکەن یان بە بێدەنگی ڕێدەکەن. بە وردی دەڕواننە ئەم دەشتاییە پان و بەرین و نیمچە بیابانەی کە یەکەمجاریانە دەیبینن. زۆربەیان لە بەر هەتاوە گەرمەکە ولە ژێر جل و بەرگە ئەستوور و کۆڵەپشتیە قورس و تفەنگەکانیاندا، لە ئارەقەدا هەڵکشاون. بە گوێرەی دەستوور هەوڵدەدەن زۆر بە کەمی دەم بۆ زەمزەمیەکانیان ببەن، چونکە هەموو دەزانن کە یەکەمین شەڕیان، کە شەڕی تینوویەتیە، لە ئێستاوە دەستی پێکردووە. دەوروبەری نیوەڕۆ دەگەنە قافڵەی لۆجێستیکی ولێی ڕەت دەبن. یەکەیەکی سوپایی و کۆمەڵێک گاوان کە شەوی بووری کەوتبوونە ڕێ، دنیایەک گا وگوتاڵ و مەڕ ومالات وبزنیان دابووە پێش. مێجەر فیبرو نیوبریتو، بە چارەی گرژ و بەدەم لێو بزواندنەوە، وەکو ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدا گەنگەشەی شتێکی زۆر جدی بکات، لە پێشیانەوە دەڕۆیی. هێزی

سواره له کۆتایی تابوورەکەوە بە فەرماندەیی ئەفسەرێکی چاپوک و بوێر و شەڕ دیدە بە نێوی نەقیب " پدریرا فرانکو" دەڕۆیی.

موریرا سیزار، ماوەیەک بێ هیچ قسەیەک ئەسپەکەی تاو دەدا، حەرەس و حیمایەکانیشی ورتەیان لە خۆ بڕی بوو نەبا داوی بیرکردنەوەی فەرماندەکەیان بپچڕێت. وەختایەک دەگەنە ئەو ڕاستە ڕێگایەی کە بۆ "پاوسیکو" دەڕۆیی، عەقید تەمەشایەکی سەعاتەکەی دەکات. بەلای تاماریندو کونیاماتوس دا دادەنەوێتەوە و دەڵێت: " ئەگەر بەم شێوەیە بڕۆین، دار ودەستەی کانودوس لە دەستمان دەربازدەبن. دەبێ تفاق وچەکە قورسەکانمان لە مونتە سانتو دابنەین و کۆڵەپشتی سەربازەکان سووک بکەین. ئەو تفاق و ئازووقەیەی پێمانە زۆر لە پێویستی خۆمان زیاترە. زۆرم پێناخۆشە ئەم هەموو ڕێگایە تا ئەوێندەر ببڕین و جگە لە دالآش هیچی دی نەبینین." کەتیبەکەی ئەو پازدە ملیۆن فیشەکی تفەنگ و هەفتا گولله تۆپی پێ بوو کە لە عارەبانەدا بارکرابوو. ئەمە یەکێک بوو لە هۆیەکانی خاوی پێشڕەوی و پێشڤەچوونەکەیان. عەقید تاماریندو دەڵێ جارێ لە کوێیانە با لە مونتە سانتو ڕەت بن، پێشڕەوییەکەیان خاوتر دەبێت، چونکە بە گوتەی هەر دوو ئەفسەری بەشی ئەندازە: دومینکو ئالڤوس لاتیە و ئالفریدو ناسکیمینتیو، ڕێگاکە لەوێ بەدواوە زۆر ناهەموارتر دەبێت. ئەوسا لە سەری دەڕوات: "ئەمە جگە لەوەی، دەبێ لەوە بە دواوە چاوەڕوانی هێرش وشەبیخونی ئەوان بین." گەرما زۆری بۆ دێنێ و بە دەستەسڕێکی ڕەنگین دەکەوێتە باوەشێن وسڕینی سەرو چاوی. تەمەنی لە تەمەنی خانەنشینی تێپەڕیوەو هیچ شتێک ناچاری ناکات کە لەوێندەر بێ، بەڵام خۆی ڕژد بووە کە لە گەڵ کەتیبەکەدا بڕوات بۆ ئەوێ.

عەقید موریرا سیزار لە بن لێوانەوە دەڵێت: " نابێ دەرفەتی هەلآتنیان بدەین " ئەمە هەمان ئەو قسەیە بوو کە ئەفسەرەکانی لەو کاتەوە کە سواری قیتاری ریو بووبوون، چەندین جار لێیان بیستبوو. وێڕای ئەوەی دنیا گەرم بوو ئارەقەی نەدەکردەوە. دەم و چاوی چکۆلە وڕەنگ زەرد بوو، چاوەکانی تیژ وهەندێک باڵکێش بوو، بە دەگمەن پێدەکەنی و بزەی دەهاتێ. بەڵام دەنگی تەقریبەن یەکهاوی و یەکنەوا، ناسک وساف بوو، وەکو ئەوە بوو بە خۆی، وەکو چۆن ئەسپێکی چەمووش جڵەو دەکرێ، بەو ئاوایە جڵەوی بکات." هەرکە هەست بکەن لێیان نزیک بووینەتەوە، هەڵدێن و هەنگێ هێرشەکەمان ناکام دەبێت، ڕیسەکەمان دەبێتەوە بە خوری و حەیای حەفتا پشتمان دەچێ ودەبین بە داستانی سەرزاران. نابێ بێڵین شتی وەها ڕووبدات." دووبارە تەمەشایەکی یاوەرەکانی دەکات. هەموو بە بێدەنگی، بێئەوەی ورتە لە کەسیانەوە بێ، گوێیان بۆ قسەکانی ئەو شل کردبوو. " باشووری بەرازیل نها دانیان بە واقیعیەتی کۆماردا ناوەو بە دیفاکتۆی دەزانن. ئەمەمان بۆ سەلماندوون. بەڵام لێرە، لە ویلایەت ومحاڵی باهیادا، هێشتا زۆر فیودال و ئەرستۆکرات هەن کە ئەم دیفاکتۆیەیان قەبووڵ نییە، دانی پێدا نانەن. بەتایبەتی لە دوای مردنی مارشالەوە. نها کە پیاوێکی مەدەنی بێ هیچ ئایدیالێک سەرۆکایەتی وڵاتی گرتووەتە دەست، ئەمانە بە هەموو ئەقڵی خۆیانەوە وا وێنا دەکەن دەتوانن میلی سەعات بۆ دواوە بگەڕێننەوە. قەناعەتیان بەوە نییە کە ئەم کاودانە جارێکی دی ناگەڕێتەوە، جا گەلۆ نها وەختی ئەوە هاتووە دەرسێکی ئەوتۆیان دابدەین کە عیبرەت وەربگرن و بۆ خۆ ئاقڵ بن."

کونیا ماتوس دەڵێت: " قوربان ئەمانە لە ترسا زراویان تۆقیوە. مەگەر ئەو ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسمی پێشوازییەی کە حیزبی خۆیبوونخواز لە سلفادور بەرپای کرد و ئەو پیتاکەی بە ناوی بەرەڤانی لە کۆمار، کۆیان کردەوە، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو برادەرانە بایان داوەتەوە و کلکیان لە گەلۆزیان ناوە؟ "

تاماریندو دەڵێت: " سەرنج ڕاکێشترین شت ئەو تاقی سەرکەوتنە بوو کە لە وێستگەی کالسادا سازیان کرد، لەوێدا ئێمەیان بە فریاڕەس ناو برد. هەمووی چەند ڕۆژێ لەوە پێش زۆر بە توندی، بە تووڕەیی دژی هاتنی سوپای فیدراڵی بۆ باهیا وەستابوونەوە، کەچی لە ناکاوا بایاندایەوەو لە جادەو بانەکاندا کەوتنە گوڵباران کردنمان و، بارون دی کانابراڤا، پێی ڕاگەیاندین کە دێت بۆ کالومبی تا موڵک ومەزراکەی بخاتە خزمەتی کەتیبەکەمانەوە."

لە کانگای دڵەوە قاقایەک لێدەدات، بەڵام ئەم خۆش مگێزیەی ئەو، بۆ موریرا سیزار سیرایەت ناکات.

هەنگێ عەقید دەڵێت: " ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە بارون لە هاوڕێکانی هۆشیارترە. هەڵبەتە توانای ئەوەی نەبووە ڕێگە لە ڕیو بگرێ و نەیەڵێ پەلاماری یاخی وچەتەکان بدات. بۆیە ئالای نیشتمانپەروەری هەڵکردووە تا کۆمارییەکان پێشی نەکەون. مەبەستی ئەوەیە بە شێوەیەکی کاتی خەڵکەکە چەواشە بکات و هەرکاتێ جێ پێی خۆی قایم کرد هەنگێ جەزرەبەیەکی توندمان لێبدات. گەلۆ، بارون لە قوتابخانەی ئینگلیزدا، دەرسەکانی باش ڕەوان کردووە."

کە دەگەنە پاوسیکو، دەچنە سەر هەواری خاڵی. نە کەسی تیایە، نە کەل و پەلێک نە حەیوانێ. دوو سەرباز لە ژێر درەختێکی بێ گەڵا ولق و پۆپ وەستاون، کە بەیداخی پێشقەرەوڵانیان بە سەریەوە هەڵواسیوە، ئێکلام دەکەن. موریرا سیزار، جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشێت وچاوێک بە کوختە گڵینەکانی دەوروبەری خۆیدا دەگێڕێت. ناوەوەی کوختەکان لە دەرگاکانەوە کە خراونەتە سەر گازی پشت یان لە بنەوە دەرهێنراون، بە باشی دیارە. ژنێکی پێ پەتی، پیری بێ ددان، کراسێکی شڕۆڵەی کون کونی لەبەرە و هەموو لەشی لێوە دیارە لە یەکێک لە کوختەکانەوە دێتە دەرێ. دوو منداڵی گۆج و ئیفلیج و لەرزۆک بە چاوانی ئەبڵەقەوە کە یەکێکیان ورگ ئاوساوێکی پێ خاوسە، خۆیان بە داوێنی ژنەکەوە هەڵواسیوەو حایر وحەپەساو چاویان بڕیوەتە سەربازەکان.

موریرا سیزار، لە سەر ئەسپەکەیەوە دانەویوەتەوەو سەیریان دەکات. لە چاوی ئەودا نموونەی ئەوپەڕی داماوی ونوقسانین. ڕوو و ڕوخساری وێکهاتەوەو خەم و ڕق و نەفرەت دایگرت. لە کاتێکا تەمەشای ئەمانەی دەکرد، ئەمری بە یەکێک لە یاوەرەکانی کرد: " بڵێ با هەندێک خواردن و ئازووقە بەمانە بدەن. " پاشان ڕوودەکاتە یاوەرەکانی: " دەبینی ئەم خەڵکەیان لە سەر خاکی خۆ بە چ ڕۆژ و ڕۆژگارێ گەیاندووە؟ " دەنگی دەلەرزێ و چاوانی پرشنگ دەدەن. لە ناکاوا هەڵدەکێشێتە شمشێرەکەی و لە بەردەم خۆیدا بەرزی دەکاتەوە، وەکو ئەوەیە بیەوێ ماچی بکات. پەیامنێرەکان کە ملیان قوت کردووەتەوە تا فەرماندەی کەتیبەی حەوت بدینن کە بەر لەوەی بە ئەسپەکەی هەڵبکاتە چوار ناڵە، بە شمشێرەکەی، کە تایبەتە بە ڕێ و ڕەسمی نمایش وسڵاو کردن بۆ ئاڵا و باڵاترین دەسەڵاتی وڵات، سڵاو لەم سێ کڵۆڵەی خەڵکی " پاوسیکو " دەکات.

***

لەوەتای گەیی بوونە ئاستی ئەم پیاوە، وشەێن نامەفهووم و گۆنگ، وڕینە ئاسا بە لێشاو لە زاری بەردەبووەوە. لە لای ژنێکی سیما خەماوی وجەندەک ولاشەی قاترێکی تۆپیوەوە کە ڕەشە داڵان تێی وڕوکابوون و بە دەنووکان تێی بەربووبوون، درێژاودرێژ کەوتبوو. ئیدی وشەێن پچڕپچڕ، هەندێجار پڕ جۆش وهەورە تریشقە ئاسا و هەندێجار سووک و ورتە ئاسا، لە پەستا و بێ پسانەوە لە زاری دەڕژا و یارۆی لێبوکی دەترساند، کە بەرەبەرە ئازای ئەندامی خستبووە لەرزە. ژنە ڕدێندارەکە، دوای بۆنکردنی پیاوە قژ سوورەکە بە جورمای گوتبوو: " تای وڕاوەی لێهاتووە، وەکو ئەوەی کە دادیڤای کوشت. ناگاتە شەوێ دەیکوژێت." بەڵام نەمرد،

هەرچەندە جارجار چاوی سپی دەبوون و دەگەییە ئاوزینگ وئاویلکە. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەبێ جوڵە کەوتبوو، دووبارە کەوتە جوڵە جوڵ، ددانی بە جیڕەوە دەبرد وهەندێ شتی دەگوت کە بۆ ئەوان نامەفهووم بوون، هیچی لێ حاڵی نەدەبوون. ناوبەناو چاوانی هەڵدێنان وحایر وحەپەساو تەمەشای ئەوانی دەکرد. " کورتەڵە " سوێندی خواردبوو کە یارۆ بە زمانی قەرەجان دەدوێت و خانمە ڕدێندارەکە ڕژد بوو لە سەر ئەمەی کە زمانی ڕێک لەو زمانە لاتینیە دەچێ کە لە نوێژ و نزای عەشای ڕەبانیدا گوێی لێبووە.

وەختایەک جورما لێی پرسین ئایا دەتوانێ دەگەڵ ئەواندا بڕوات یان نا، ئیدی ژنە ڕدێندارەکە چ لە ڕووی بەزەییەوەو چ لە ڕووی ئەوەوە کە تاقەتی گەنگەشە و ناڕەزایی نەبوو، قاییل بوو. ئیدی بە چوار قۆڵی کابرای غەوارەیان هەڵگرت ولە عەرەبانەکەیان نا، ڕێک لە تەنیشتی قەفەسی مارە کۆبراکەوە دایاننا و دووبارە کەوتنەوە ڕێ.

ئەم دوو هاوڕێ تازەیە پێ وقەدەمیان خێر بوو، هەرکە شەو داهات بۆ شێڤ دەعوەتی ماڵە گوندیەکەی "کیریرا " کران.

پیرەژنێکی کورتە باڵا گالیلیو گالی بە دووکەڵ قانگ دا، گیا دەرمانی لە برینەکەی نا وجۆشانەیەکی بۆ ئامادە کرد و گوتی چاک دەبێتەوە. ئەو شەوە ژنەی ڕدێندار بۆ خۆشی و سەرگەرمکردنی گاوانەکان، دەگەڵ کۆبراکەدا دەرورێکی نمایشی گێڕا، یارۆی لێبوکش دەوری خۆی گێڕاو یارۆی کورتەڵەش چەند حیکایەت و چیرۆکێکی لە مەڕ پاڵەوانان و پاڵەوانیەتی گێڕایەوە. ئەوسا ڕێی خۆیان گرتەبەر و کابرای غەوارە، بەرەبەرە وەخۆ هاتەوە، دەیتوانی ئەو پاروە خواردنەی کە دەیانکردە دەمییەوە، قووت بدات. ژنە ڕدێندارەکە لە جورمای پرسی ئایا ژنی ئەو پیاوەیە. نەخێر ژنی نەبوو، کە پیاوەکەی لە ماڵ نەبووە ئەم پیاوە دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەرو ئابڕووی بردووە. ئیدی دوای ئەو بویەرە چ چارێکی نەبووە، جگە لەوەی دوای بکەوێت؟ کورتەڵە گوتی: " نها حاڵی بووم بۆچی ئەوەندە خەمباریت؟"

بەرەو باکوور دەڕۆیشتن، ئەستێرەیەکی بەختەوەریان کردبووە نیشانە، هەموو ڕۆژێ خواردنی خۆیان پەیدا دەکرد. ڕۆژی سێیەم لە هەڕاجە بازاڕی گوندێکدا نمایش و ئاهەنگێکی گونداتیان پێشکەش کرد. ئەوەی زیاتر گوندییەکانی سەرگەرم کرد ژنە ڕدێندارەکە بوو، پارەیان دەدایە تا دەست لە ڕدێنی بدەن و دڵنیا بن کە ڕدێنی دەستکرد نییە، بە پارێزەوە دەستیان لە سینگ و مەمکی دەدا تا دڵنیا ببن کە بە ڕاستی ژنە. کورتەڵەش چیرۆکی ژیانی ئەم ژنەی بۆ دەگێڕانەوە، لەو کاتەوە کە کچۆڵەیەکی بچووکی ئاسایی بوو و لە "سیرا " دەژیا، ئەوە بوو ڕۆژێک موویەکی زۆر لە دەم و چاو، پشت و لاق و بازووەکانی ڕووا و بوو بە مایەی شەرمەزاری بۆ کەس و کارەکەی. ئیدی خەڵکی کەوتنە فسکەفسک کە هەبێ و نەبێ گوناح و خەتایەک لە ئارادا بووە، ئەمە حەرامزادەیە، یان لە جانکوشی (مجێور) کڵێسایە یان لە شەیتانە. کیژەی داماو یەک مست وردە شووشەی، لەوەی کە دەرخواردی سەگی هاری دەدەن تا بیکوژن، خوارد. بەڵام نەمرد و بۆ نەگبەتی مایەوە تا ببێت بە گەپجاڕی خەڵکی شار، بەوجۆرە مایەوە تا ڕۆژێک کابرایەکی قەرەجی خودان سێرک پەیدا بوو و لە گەڵ خۆیدا بردی و کردی بە ئەکتەری سێرک. جورما، لە دڵی خۆیدا گومانی ئەوەی دەکرد کە کورتەڵە ، سەرانسەری ئەم چیرۆکە لە گیرفانی خۆی دەردێنێ و زادەی خەیاڵی خۆیەتی و فڕی بە ڕاستیەوە نییە. بەڵام ئەو دڵنیای کردەوە، کە دوا وشەی دروستە. ئەم جووتە هەندێجار بە یەکەوە ڕۆدەنیشتن و دەردە دڵیان دەکرد. جا چونکە یارۆی کورتەڵە دەگەڵ جورمادا میرەبان بوو، ئەویش متمانەی بە کورتەڵە پەیدا کردبوو، هەستا باسی منداڵیەتی خۆی لە مولک

و مەزرای " کومبی " بۆ باسکرد، کە چۆن کەنیز وکارەکەری ژنەکەی بارون دی کانا براڤا بووە، کە ژنێکی میهرەبان و زۆر جوان بووە. حەیفێ مێردەکەی (مێردی جورما) واتە روڤینو لە جیاتی ئەوەی لە خزمەتی بارۆن دا وەمێنێ، چووە بۆ کیماداس و دەستی بە کاری بەڵەدی کردبوو، کە ئەمە کارێکی دژوار بوو و دەیکردە کارێک کە پیاوە زۆربەی کاتی خۆی لە دووری ماڵ بەسەر بەرێ. لەوەش خراتر ئەمە بوو کە روڤینو منداڵی نەدەبوو. باشە بۆچی خودا عەزابی ئەم وچاخکوێرییەی بە سەردا دابوو؟ کورتەڵە (قزم) لە بن لێوانەوە گوتی: " کێ دەزانێ؟ هەندێجار کەس سەر لە کاری خودا دەرناکات."

دوای چەند ڕۆژێک، هەواریان لە ئیپوپیارا هەڵدا، گوندێکە کەوتووەتە سەر چوار ڕێیانێک. هەر ئەو ڕۆژە کارەساتێک لەوێندەر قەومابوو. گوندییەک کە حاڵەتێکی شێتاتی بە سەر هاتبوو، بە داسی نەیجە دورینەوە هەموو منداڵەکانی یەک یەک سەر بڕی بوو و پاشان خۆی کوشتبوو. چونکە خەڵکی گوند سەرقاڵی پرسە و بە خاک سپاردنی تەرمی ئەو منداڵە شەهیدانە بوون، سێرک هیچ بەرنامە وچالاکیەکی پێشکەش نەکرد، بەڵام ڕایانگەیاند کە سبەی شەو چالاکی پێشکەش دەکەن. هەرچەندە ئەم گوندە بچووک بوو، بەڵام فرۆشگایەکەی گەورەی تیابوو کە خەڵکی هەموو دیار ودەڤەرەکە، لە هەر چوار نکاڵەوە، بۆ کڕینی ئازووقە و پێویستیان، ڕوویان دەکردە ئەوێندەر.

بەیانی ڕۆژی دوایی، ڕێگر وچەتەکان پەیدا بوون. بە هەشتاو خۆیان بە گوندەکەدا کرد. ژنەی ڕدێندار لە خرمە خرمی سمی ئەسپەکانی ئەوان بێدار بووەوەو بە ماتەمات لە ژێر چادرەکەوە هاتە دەرێ تا بزانێ چ باسە. خەڵکی گوندەکەش کە وەکو ئەو غافلگیر بووبوون، حایر وحەپەساو لە هەموو کوختەکانی " ئیپوپیارا " وە سەریان هێنایە دەر. ژنە ردێندارەکە شەش سواری چەکداری بەدی کرد، بە جل وبەرگەکانیان و بەو داغە لێکچووانەوە کە لە کەفەڵی هەموو ئەسپەکانیان نرابوو، دڵنیا بوو کە ئەمانە بە کرێگیراوانی فیوداڵ ودەست ڕۆیانی دەڤەرەکەن و پاسەوانی گوندی و گوند پارێز نین. ئەو پیاوەی کە لە پێش هەمووبانەوە دەهات و پۆشاکی چەرمینی لەبەر بوو، لە ئەسپەکەی دابەزی. ژنەی ڕدێندار بینی کە بەرەو لای ئەم دەهات. جورما تازە لە خەو ڕابووبوو و لە سەر پەتۆکەی ڕۆنیشتبوو. خانمی ڕدێندار بینی کە ڕەنگی مردووی لێنیشتووەو دەمی داچەقیوە. لە جورمای پرسی: " ئەم پیاوە مێردەکەی تۆیە؟ " جورما لە وەڵامیا گوتی: " نا، ئەمە کایڤاسە. " ژنەی ڕدێندار دووبارە پرسی: " بۆ کوشتنی تۆ هاتووە؟ " بەڵام جورما لە جیاتی بەرسڤی بداتەوە، بە چوار چنگۆڵە لە ژێر چادرەکە وەدەرکەوت. هەستایە سەر پێ و یەکڕاست چوو بۆ لای ئەو بەکرێگیراوەی کە بە دیتنی ئەو حەپەسا بوو. خانمە ڕدێندارەکە، هەستی کرد کە دڵی بەتووندی کەوتە لێدان، وای هەستکرد کە کابرای چەرمینەپۆشی ئەسمەری ڕوخسار ڕەقەڵەی چاو زەق، هاکا بە مستان تێی بەردەبێ و بەر شاپانی دەدات و دوور نییە بە کێردەکەی دایبدورێت و پاشان بچێ بە سۆراخی کابرای قژ سوورەوە، کە لە ناو عەرەبانەکەوە گوێی لە جوڵە جوڵی دەبوو، بەر چەقۆی بدات. بەڵام یارۆی بە کرێگیراو دەستی بۆ جورما نەبرد. بە پێچەوانەوە کڵاوەکەی لە سەری داگرت و زۆر بە ڕێز وحورمەتەوە سڵاوی لێکرد. پێنج سوارەکەی دی بە سەر ئەسپەکانیانەوە، تەمەشای گفت وگۆیەکەی نێوان ئەم دووانەیان دەکرد کە چ بۆ ئەوان و چ بۆ ژنە ڕدێندارەکە، جگە لە لێو بزواندن نەیدەکردە هیچی دی. ئەم دووە چییان بە یەکدی دەگوت؟ کورتەڵە ولێبۆکیش ڕابووبوون و تەمەشای ڕەوشەکەیان دەکرد. دوای کەمێک جورما ئاوڕی دایەوەو ئاماژەی بۆ ئەو عەرەبانەیە کرد کە کابرای غەوارەی بریندار تیا خەوتبوو.

کابرای چەرمینە پۆش بەرەو لای عەرەبانەکە ڕۆیی، جورماش دوای کەوت، کابرا سەری بە ژێر چادری سەر عەرەبانەکەدا کرد. هەنگێ خانمە ڕدێندارەکە بینی کە کابرا، بە نیگایەکی بێ موبالاتانە لە کابرای قژ سووری دەڕوانی کە بەدەم خەو وبێدارییەوە، بەدەم ئاوزینگەوە تارماییان دەدوێنێت. سەردەستەی چەتەو بە کرێگیراوەکان، چاوەکانی مەند وهێمن، عەینی چاوی ئەو کەسانەی خوویان بە کوشتنەوە گرتووە. هەمان ئەو نیگایە بوو کە ژنەی ڕدێندار لە چاوانی " پدراو " ی شەقاوەدا بینی بوونی کە دەگەڵ کابرای قەرەج دا بەشەڕ هاتبوو، دابووی بە عاردیدا وپاشان کوشتبووی. جورما ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ڕەنگی مردووی لێنیشت، چاوەڕوانی ئەوە بوو تا کابرای چەرمینەپۆش تاقیب و سۆراخەکەی خۆی تەواو بکات. کابرا ئەنجام ئاوڕی لای جورمای دایەوەو شتێکی گوت. جورما سەرێکی لەقاند و، هەنگێ کابرا ئاماژەی بۆ پیاوەکانی کرد کە دابەزن. جورما هات بۆ لای خانمە ڕدێندارەکە و داوای قەیچی لێکرد. ژنەی ڕدێندار بەدەم تاقیبی قەیچیەوە، لە بن لێوانەوە گوتی: " بە تەمایە بیکوژێ؟ "

جورما گوتی: " نا. " ئەوسا قەیچی بە دەست، کە هی دادیڤا بوو، سەرکەوتە ناو عەرەبانەکە. زەلامە بە کرێگیراوەکان، بەدەم ڕاکێشانی هەوساری ئەسپەکانیانەوە بەرەو فرۆشگاکەی ئیپوپیار چوون. هەنگێ ژنەی ڕدێندار و کورتەڵە و لێبۆک چوون تا بزانن جورما خەریکی چییە.

جورما، بەدیار کابرای غەوارەوە چۆکی دادابوو. جێگەکە هێندە تەنگ بوو کە بە ئاسانی جێگەی هەردووکیان نەدەبووەوە – بە دەستێک قژە سوورە بریقەدارەکەی کابرای گرتبوو، بە دەستەکەی تری و بەو قەیچیە(مقەست،دوات) کۆنە بە جیکە جیکە، قژە سوورەکەی کابرای غەوارەی لە بنی بنەوە هەڵدەپاچی. پاڵتۆ ڕەشە درێژەکەی گالیلیوگال، یەک پارچە پەڵە خوێنی وشکەوە بوو بوو، ڕوندک وخۆڵ وریقنەی تەیر و تو بوو. لە ناو جل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگ، قوتووی جۆراوجۆر، دووکەڵ و تەنی چرای نەوتی و شەپقەی شەیپووری بە نەخش و نیگاری ئەستێرە وهەیڤۆکانەوە، لە سەر گازی پشت ڕاکشابوو، چاوەکانی نوقابوون. ڕدێنی هاتبوو و خوێنی وشکی پێوە چەسپی بوو. پووتەکانیان داکەندبوو وئەنگوستە کەڵەی لە کونی گۆرەوییەکانیەوە دەرهاتبوو. بەڵام برینەکەی لاملی لە ژێر سارغی وگیا دەرمانیا دیار نەبوو. یارۆی لێبۆک لە ناکاوا لە قاقای دا، هەرچەندە ژنەی ڕدێندار بە ئانیشکان تێوەی ژەند، ئەو هەر لە پێکەنین نەکەوت. ئیدی ئەو هەتیوە کۆسە، لاوازە، چاو شڵەقاوە، دەم و پل لیکنە لەڕ و لاوازەی کە دەتگوت داری واوەیلێیە، خەریک بوو لە پێکەنینا گینگڵی دەدا. جورما گوێی بە یارۆی لێبۆک نەدا، بەڵام یارۆی غەوارە چاوی هەڵێنا. لە ناکاوا چارەی گرژ بوو. دیار نەبوو لە سەرسامیا بوو یان لە ئازارا، یان لە ترسی ئەوەی کە ئەو مامەڵەیەی لە تەکا دەکرا. بەڵام هێندە لاواز و بێتاقەت بووبوو کە نەیدەتوانی هەستێت و دابنیشێت، بەو دەقەوە کەوتبوو و بەم دیو و بەو دیوا تلی دەدا و هەندێ بڵمە بڵمی دەکرد کە ئەهلی سێرکەکە هیچی لێ حاڵی نەدەبوون.

کارەکەی جورما زۆری کێشا، ئەوەندەی کێشا کە بە کرێگیراوەکان فریا کەوتن سەری فرۆشگاکە بدەن و حەکایەت وماجەرای کوشتنی مناڵەکان بە دەستی کابرای شێت بژنەون وپاشان بڕۆن بۆ گۆڕستانەکە و بە جۆرێ بێ حورمەتی بە گۆڕی کابرا بکەن و لە گۆڕی دەربێنن ولە تابووتی بنەن وبیخەنە سەر قاترێک و لەگەڵ خۆدا بیبەن، هەموو خەڵکی گوندی " ئیپوپیارا " لەم کار وکردەوەیە حەپەسان... نها لە گۆڕستانەکە گەڕابوونەوە و بەدەم چاوەڕوانیەوە لە چەند مەتری سێرکەوانەکانا وەستابوون. وەختایەک کاری بڕینی قژەکەی گال تەواو بوو، کەللەی سەری بە ڕووتی کەوتە ئەو گۆڕەو وەکو ئاوریشمی سوور دەبریقایەوە، یارۆی لێبۆک دووبارە

لە قاقای دایەوە. جورما، بە پارێزەوە، ئەو قژانەی لە کۆشی نابوو کۆکردنەوەو لە پریاسکەیەکی ناو بەو نەوارەی کە قژی خۆی بۆ دواوە پێ بەستبوو، بەستی. هەنگێ خانمە ڕدێندارەکە، جورمای بینی کە دەستی بە گیرفانەکانی کابرای غەوارەدا کرد وکیسەیەکی چەرمی بچووکی دەرهێنا کە بە گوتەی کابرا پارەکانی تیا بووبوو وپێی گوتبوون ئەگەر پێویستیان بوو دەتوانن بەکاری بێنن. ئەوسا لە عەرەبانەکە هاتە خوارێ، بە دەستێک قژەکەی هەڵگرتبوو و بە دەستێک کیسەکەو، لە سێرکەوانەکان دوورکەوتەوە.

سەردەستەی چەتەو بەکرێگیراوەکان هاتە پێشەوە. ژنە ڕدێندارەکە بینی کە پریاسکە قژەکەی لە جورما وەرگرت وخستیە ناو هەگبەکەی سەر پشتی ئەسپەکەی. بیلبیلەکانی چاوی شەڕیان لێدەباری، هەرچەندە بە ئەدەبەوەو بە شێوازێکی فەرمی جورمای دەدوان و جارجار بە قامکی دۆشاومژە ددانەکانی خاوێن دەکردەوە. ئەمجارەیان ژنەی ڕدێندار دەیتوانی گوێی لە قسەکانیان بێت.

جورما، کیسە پارەکەی بۆ درێژ کردو گوتی: " ئەمەشی لە گیرفانا بوو. " بەڵام کایڤاس لێی وەرنەگرت. دەتگوت شتێکی نادیار دەستی دەگێڕێتەوەو نایەڵێ کیسەکە وەربگرێت. گوتی: " من هەقی ئەوەم نییە وەری بگرم، ئەمە هەقی روڤینویە."

جورما، بێهیچ چەند و چوونێک کیسەکەی تەپاندە تەنووەکەیەوە. ژنەی ڕدێندار وای دەزانی جورما ئیدی دەگەڕێتەوە، بەڵام وەستا، چاوی لە دوورِ چاوی کایڤاس بڕی وبە ڕاوێژێکی نەرم لە کایڤاسی پرسی: " ئەدی ئەگەر روڤینو مردبێ چی؟"

کایڤاس، بۆ دەمێک بێئەوەی ڕوخساری بگۆڕێ، یان چاوان بتروکێنێ، دەبیرەوە چوو، ژنە ڕدێندارەکە گوێی لێبوو دەیگوت: " ئەگەر مردبێ، کەسێک دەبێ تۆڵەی ئەم بێ حورمەتیە بکاتەوە کە بەو کراوە." خانمی ڕدێندار گوێی لە دەنگی بوو، وای دەهاتە خەیاڵ کە چیرۆک و حیکایەتی سوارچاکان وشازادان لە زاری کورتەڵەوە دەژنەوێ." خزمێ، برادەرێ، ئەگەر پێویست بکات، من."

هەنگێ جورما پرسی: " باشە ئەگەر بەرپرسەکەت بەم کارە بزانێ کە کردووتە چی؟ "

کایڤاس بە متمانەوە گوتی: " ئەو تەنیا بەرپرسمە. بەڵام روڤینو بۆ من لەو شتانە باڵاترە. ئەو خوازیاری مردنی ئەم غەوارەیەیە. ئەم غەوارەیە دەبێ بمرێ، چ بە زامەکەی بمرێ، چ بە دەستی روڤینو بکوژرێ، بەم زووانە دەمرێ و خاوەنی ئەم قژە بە سەر دنیاوە نامێنێ." پشتی کردە جورما تا سواری ئەسپەکەی ببێت. جورما، بە نیگەرانییەوە دەستی نایە سەر زینی ئەسپەکە وگوتی: " منیش دەکوژێ؟ "

ژنەی ڕدێندار، کابرای چەرمینەپۆشی بینی کە لە سەر ئەسپەکەوەو بێهیچ سۆزێک وبگرە بە ڕقەوە تەمەشایەکی جورمای کرد وگوتی: " ئەگەر من روڤینو بام دەمکوشتیت، چونکە تۆش خەتاباری، ڕەنگە لە یارۆش خەتابارتر بی، بەڵام چونکە من روڤینو نیم نازانم. ئەو خۆی دەزانێ چ دەکات."

ئەسپەکەی بەر مامێزان دا وپیاوە بە کرێگیراوەکان، بەو دەسکەوتە سەیرە بۆگەنەیانەوە، بە هەمان ڕێگادا بۆی درچوون.

***

هەرکە ئەو نزا ونوێژەی بابا یواکیم لە کڵێساکەی سانتو ئانتونیو بەرپای کردبوو، تەواو بوو، ئەبوت جواو، چوو بۆ خەڵوەتخانەکە تا ئەو سەندوقە، پڕ لە ڕاسپاردانە وەربگرێ کە داوای لە قەشە کردبوو، بۆی بێنێ. پرسارێکی لە زەینا بوو: هەر کەتیبەیەک چەند سەربازە؟ سەرندوقەکەی نایە سەر شانی و بە هەنگاوی بتەوەوە و بە هەشتاو بە خاکی ناهەمواری بیلومونتەدا تێپەڕی؛ بەدەم ڕێکردنەوە خۆی لەو خەڵکانە دەبوارد کە بە پەلە بەرەو ڕووی دەهاتن تا پرسیاری ئەوەی لێبکەن کە ئایا ڕاستە سوپایەکی دی بەڕێوەیە. لە وەڵامی ئەوانا دەیگوت بەڵێ ڕاستە، بە بێئەوەی بوەستێ، بە سەر ئەو مامرو جووجەڵە و کارژۆڵە و سەگ و توتەڵە و منداڵانەدا بازی دەدا کە دەهاتنە ڕێگای.

وەختایەک گەییەماڵی پێشکار و وەکیلەکەی جارانی مەزراکە، کە نها بووبوو بە کۆگا وفرۆشگا، شانی لە ژێر قورسایی سەندوقەکەدا دەیەشا. هەموو ئەو خەڵکەی لەبەر دەرگای کۆگاکەدا وەستابوون، لاکەوتن تا ڕێگەی ئەو بکەن. ئانتونیو فیلانوڤا لە ژوورەوە، ئەو قسەیەی بڕی کە دەگەڵ ئانتونیای ژنیا و " ئەسنساو "ی ژن خوشکیا دەیکرد و بە هەشتاو بەرەو پیری ئەم هات. توتیەک لە سەر جۆلانەکەی خۆیەوە لێکدا لێکدا دەیگوت: " فلیسیتی! فیلیسیتی! " ( فلیسیتی: وشەیەکە بە مانای خۆشی ومژدە، ناوی کیژانیشە." ئەبوت جواو، بەدەم داگرتنی بارە قورسەکەی سەر شانیەوە گوتی: " یەک کەتیبە بەرەو ئێرە بەڕێوەیە."

" چەند سەربازە؟ "

ئانتونیو فیلانوڤا، کە بە چیچکانەوە ڕۆنیشتبوو و بەتاسەوە تەمەشای نێوەڕۆکی سەندووقەکەی دەکرد، هاواریکرد: "تەرەقە وچەشنیەکانی هێناوە." کە بینی سەندووقەکە جگە لە تەرەقەکان، حەبی ئیسهال و پاککەرەوە و سارغی و زەیت و سپرتۆیشی تیایە لە خۆشیا لە کەوڵی خۆی نەدەحەجمی.

سەندوقەکەی هەڵگرت ولە سەر پێشخوانەکەی دانا وگوتی: " بەهیچ جۆرێ ئەم پیاوەتی وچاکەیەی "بابا یواکیم " مان پێ نادرێتەوە " ڕەفەکان پڕبوون لە قوتو و شووشە و تۆپە قوماش و جۆرەها جل و بەرگ، لەسەندەڵەوە بیگرە تا کڵاو، گونی و کارتۆنی مقەوا کە لە گۆشە و کەنارەکانی دووکانەکە هەڵچنرابوون و خوشکانی ساردلینیا و خەڵکانی دی بە بەینیاندا دەهاتن ودەچوون. پێشخوانەکە بریتی بوو لە تەختەیەکی درێژو لە سەر چەند بۆشکەیەکیان(بەرمیل) دانابوو وچەند دەفتەرێکی گەورەی بەرگ ڕەشی بە سەرەوە بوو، لەو دەفتەرانە بوون کە پێشکارانی گەورە مەزرایان بەکاری دێنن.

ئەبوت جواو گوتی: " بابا یواکیم، هەندێک هەواڵیشی بۆ هێناوین. باشە ژمارەی سەربازانی یەک کەتیبە هەزار سەرباز دەبێ؟ "

ئانتونیو فیلانوڤا، کە خەریکی هەڵچنینی ئەو شتانە بوو لە سەر ڕەفەکان، کە یارۆی قەشە هێنابوونی، گوتی: " ئەرێ، منیش بیستوومە کە قۆشەنێک –کەتیبەیەک بەرەو ئەم ناوە بەڕێوەیە. کەتیبە؟ لە هەزار سەرباز زیاترە. لەوەیە دوو هەزار سەرباز ببێت." ئەبوت جواو، یەکسەر زانی کە بیری ئانتونیۆ لە جێگایەکی دییە، لە لای ژمارەی ئەو سەربازانە نییە کە شەیتان ئەمجارە دەیانکات بە گژ کانودوس دا. بەدەم تەمەشای خاوەن دووکانەکەوە وەستا، کە پیاوێکی قەڵەوی، سەر ڕووتاوەی ڕدێن تۆپ بوو و وەکو هەمیشە بە گورج و گۆڵی گورزەو بەستە وکارتۆن و بوتڵەکانی بە جوانی ورێک وپێکی لە سەر ڕەفەکان دادەنا. هیچ نیگەرانی یان خەمخۆرییەک بە دەنگییەوە دیار نەبوو. ئەبوت جواو بیری کردەوە کە: " نەهەقی نییە، چونکە زۆر شتی دیکەی

به دەستەوەیە کە بیکات. " و بۆی ڕوون کردەوە کە دەبێ بە پەلە و بێ دواکەوتن کەسێک بۆ مونتە سانتو ڤرێ بکات. " نەهەقی نییە. باشتر وایە نیگەرانی ئازووقە و دانەوێڵە و شتەکانی دی نەبێ. " چونکە ئانتونیو بە درێژایی ئەم ساڵانە، لە هەموو کەس کەمتر لە کانودوس خەوتبوو ولە هەموو کەس پتر کاری کردبوو. لە ڕۆژانی هەوەڵدا، کە مورشید تازە بۆ کانودوس هاتبوو، ئەو وەکو هەمیشە درێژەی بە سەواو مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی خۆی دابوو، بەڵام بەرەبەرە وێڕای کارو باری کاسبیەکەی خۆی، بە ڕەزامەندی ژێراوژێری خەڵکەکە، مەسئولیەتی ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگە نۆباوەو ئەم مەسئولیەتە، زۆربەی هەرە زۆری وەختی ئەوی دەبرد، زۆربەی کاتی خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان دەکرد. زیارەتکاران وحاجیان بە لێشاو ڕوویان دەکردە کانودوس، بە بێ ئەو دابینکردنی خواردن و خەوتن و مانەوە و دامەزراندنی ئەو حەشاماتە زۆر زەحمەت بوو، هەر ئەو بوو کە دەرەقەتی ئەو حاڵە دەهات، ئەو زەوی بەسەردا دابەش کردبوون تا هەرکەسە بۆ خۆی خانوویەکی لەسەر دروستبکات وعەمارێک بۆ ئازووقە و دانەوێڵە و بەروبوومەکانی دروستبکات. خەڵکی ڕێنوێنی کردبوو کە چی دابچێنن و چ حەیوانێ بەخێو بکەن، هەر ئەو بوو کە مامەڵە و سەودای گۆڕینەوەو شت بە شتی دەگەڵ گوندەوارەکانی دەوروبەردا داهێنا، بەرو بوومی کانودوسی بەو شتانە دەگۆڕییەوە کە کانودوس پێویستی پێی بوو. وەختایەک پیتاک وباربوو دەهات ئەو بڕیاری دەدا چەندی بۆ پەرستگە موبارەکەکەی مەسیح تەرخان بکرێ و چەندی بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی تەرخان بکرێت. ئەوانەی تازە دەهاتن، کاتێ کە چکۆلەی موبارەک ئیزنی مانەوەی هەمیشەیی پێدەدان، بە هەشتاو بۆ لای ئانتونیو فیلانوڤا دەچوون، تا جێگەیان بۆ دابین بکات و لەوێندەر ئاکنجی ببن. دامەزراندی نەخۆشخانە وخانەی پیران و کەمئەندام و نوقسانان، بیرۆکەی ئەو بوو. دوای شەڕەکانی ئەواوا و ئوکامپایو، ئەو ئەرکی کۆکردنەوە و دابەشکردنی چەکە گیراوەکانی بە سەر خەڵکی کانودوس گرتە ئەستۆ، هەڵبەتە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەبوت جواو دا. تەقریبەن هەموو ڕۆژێک مورشیدی دەبینی و لە هەموو بویەرو پێشهاتەکانی ئاگادار دەکردەوەو ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی ئەوی وەردەگرت. ئیدی دەستبەرداری سەیر و سەفەری ئەملا و ئەو لا بووبوو. ئەبوت جواو لە ئانتونیا ساردلینیای هاوسەری ئەوی ژنەوتبوو کە دەیگوت ئەمە سەیرترین گۆڕان بوو کە بەسەر مێردەکەیدا هاتبوو، ئەو پیاوەی کە ڕۆژانێ لە سایەی ئەنگیزەیەکی شەیتانیدا، بۆ دەمێکیش لە جێی خۆی بەند نەدەبوو. نها " هونوریو " لە جیاتی ئەو بە مەبەستی ڕایی کردنی کاروباری جەماعەت، سەفەری ئەملا و ئەولای دەکرد و کەسیش نەیدەزانی کە ئەم مانەوەیەی برا گەورەکەی لەماڵەوە، بە سەدەمی ئەو ئەرکە زۆرانەوەیە کە لە بیلومونتە بە ملیەوە بوو یان لە بەر ئەوە بوو کە بە مانەوەی لە کانودوس دا دەیتوانی، هەموو ڕۆژێک ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بووە، بە خزمەتی مورشید بگات. هەرکاتێ لەو دیدار و کۆبوونەوانەدا وەدەر دەکەوت، تین و تاوێکی تازەی تێدەگەڕا و ئارامی و ئاسوودەیی باڵی بەسەریا دەکێشا.

ئەبوت جواو گوتی: "مورشید قاییل بووە کە دەستەیەک پاسەوان وسکویریتی (حیمایە) بۆ دابنرێ وبەوەش ڕازی بووە کە جواوە زلە فەرماندەیی ئەو دەستەیە بکات."

ئانتونیو، ئەمجارەیان بە بایەخەوە گوێی لە قسەکانی گرت و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە تەمەشای کرد. توتیەکە دووبارە هاواری کرد: " فلیسیتی! "

"جواوە زلەم بۆ بنێرن، تا یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی پیاوەکانی هەڵبژێرێت. من هەموویان دەناسم. یانی ئەگەر تۆ ئەم کارەت پێ باشە."

ئانتونیو ساردلینیا، لەوان هاتە پێشەوەو بە ئەبوت جواوی گوت: " کاتارینا ئەم بەیانیە هاتبوو لە تۆی دەپرسی. نها دەستت دەگا برۆی بیدینیت؟ "

جواو، سەرێکی بەرزکردەوە: نا، ئێستا ناپەرژێ. ڕەنگە شەوێ بپەرژێ. هەستی بە جۆرە شەرمەزارییەک کرد، دەم وچاوی سوور بووەوە. هەرچەندەماڵباتی فیلانوڤا، دەیانزانی کە بۆ ئەو خوا بە پلەی یەک دێ و پاشان خێزانەکەی.

باشە بۆ خۆشیان ئەمە هەروەها نەبوو؟ بەڵام لە کانگای دڵەوە، زۆری لەبەر گران بوو کە بە هۆی زروفی ڕۆژگارەوە یان بە سەدەمی ویست ومەشیەتی مەسیحی موبارەکەوە زۆرکەمتر دەی پەرژایە دیتنی هاوسەرەکەی.

ئانتونیا بەدەم بزەیەکەوە گوتی: " دەڕۆم تا خەبەر بە کاتارینا بدەم. "

ئەبوت جواو، وەختایەک لە کۆگاکە وەدەرکەوت، بیری لەوە دەکردەوە کە چەند وچۆن هەموو شتێکی ژیانی ئەو و ژیانی هەموو خەڵکی ئێرە گۆڕابوو. دەبیرەوە دەچوو " وەکو چیرۆکی شایەر وبەیتبێژانی گەڕۆک." وەختایەک مورشیدی بینی بوو، وای وێنا کردبوو کە ئیدی هیچ خوێنێک نایەتە ڕێی، کەچی نها گرفتاری شەڕێکی خراتر لە هەموو شەڕەکانی ژیانی بووبوو. باشە لەبەر ئەمە بوو کە " بابە " واداری کردبوو تۆبە لە گوناحەکانی بکات؟ بۆ ئەوەی لە کوشتن ودیتنی گیانەڵڵای خەڵکی بەردەوام بێ؟ بەڵێ گومان لەوەدا نییە کە ئەوە هۆیەکە بووە. دوو کوڕیژگەی لە سەر ڕێگەی خۆ بینی و ناردنی بۆ لای پدراو ویواکیم ماکامبیرا تا پێیان بێژن کە لە دەرێی کانودوس، لە سەر ئەو ڕێگایەی بۆ "جرموابو" دەڕوات بیدینن. ئیدی بەرلەوەی بۆ شوێنەکەی جواوە زلە بڕوات، چوو تا سەرێکی " پاجو " بدات کە لە سەر ڕێگای " روساریو " خەریکی سەنگەر لێدان بوو، ئەوی لە چەند سەد مەتری دوا کوختەکاندا بینی کە خەریک بوو سەنگەرە لێدراوەکانی، بە دڕک و داڵ دادەپۆشی. کۆمەڵە پیاوێک کە هەندێکیان تاپڕیان پێبوو، چڵ وچێوی دار ودرەختەکانیان دێنا ولەسەر سەنگەرەکانیان دادەنا، لە هەمان کاتدا ژنان قاپە خواردنیان بۆ پیاوانێک دادەنا کە لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشتبوون، وادیار بوو تازە لە نۆرە کاری خۆیان بووبوونەوە. هەرکە چاویان بە ئەبوت جواو کەوت، لە دەوری خڕبوونەوە. خۆی لە ناوەندی کۆمەڵێک ڕوخساری پڕ پرسیار بینییەوە. یەکێک لە ژنەکان بێ هیچ قسەیەک کاسەیەکی پڕ لە گۆشتی بزن و چێشتی گەنمەشامی دایە دەستی، ژنێکی دی شەربەیەک ئاوی بۆ هێنا. چونکە هەموو ڕێگاکەی بە غار تەی کردبوو، زۆر ماندوو بووبوو. هانکە هانکی پێ کەوتبوو، بەرلەوەی هیچ قسەیەک بکات شەربە ئاوەکەی نا بە سەرەوە. بەدەم نان خواردنەوە قسەی دەکرد، بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە چەند ساڵێک لەوە پێش، باندەکەی ئەو وباندەکەی " پاجو " چەند ڕقیان لە یەکدی بوو، چۆن هەوڵیان دەدا دوای یەکدی ببڕنەوەو ئەگەر ئەمیان دیتبا سەریان بە تیر دەنگاوت، ئەوانەی کە گوێیان لێدەگرت، خۆزیان دەخواست کە ئەوێ ڕۆژێ بەر دەستیان کەوتبا و بەرلەوەی بیکوژن، خراترین ئەشکەنجەی، کە بە ئەقڵی بەشەرا دێت، بدەن. خۆشبەختانە ئەو ڕۆژگارە پڕ ئاشووبە، ئیدی تەواو بووبوو.

پاجو، کە گوێی لەو هەواڵە بوو کە بابا یواکیم هێنابووی کە گوایە قوشەنێکی دی بەڕێوەیە، بە هیچ جۆرێ خۆی شلوێ نەکرد. تەنانەت تاقە پرسیارێکیشی لەو بارەیەوە نەکرد. ئایا پاجو دەیزانی ژمارەی سەربازانی ئەو کەتیبەیەی کە بەڕێوە بوو چەندە؟ نەخێر نەیدەزانی. پیاوەکانی دیکەش ئەوەیان نەدەزانی. پاشان ئەبوت جواو، ئەو مەبەست و پەیامەی کە ئەو هەموو ڕێگایەی لە پێناودا بڕی بوو، بە پاجو گوت، داوای لێکرد " کە بڕوات بۆ

باشوور و تاقیبی ئەو قۆشەنە بکات کە بۆ ئێرە بەڕێوە بوو. ئاخر دار و دەستە یاخییەکەی پاجو، ساڵانێک لەم دیار و دەڤەرەدا بەدەم ڕاو ڕووتەوە تەراتێنیان کردبوو، ئەو لە هەموو کەسێکی دی پتر شارەزای ئەم دەڤەرە بوو. بەو پێیە ئایا ئەو شایستەترین کەس نەبوو، کە بکەوێتە تاقیبی ئەو ڕێگە و بانەی کە قۆشەنەکە گرتبوویە بەر وبەڵەد وقاسید و عەلەمدارەکانیان ڕاوبکات و بخزێتە ڕیزەکانیانەوە و کەمین و بۆسە لەسەر ڕێگەیان دابنێ و پێشڕەوییان خاو بکاتەوە، تا پیلومونتە فریا بکەوێ و خۆی بۆ بەرەڤانی ئامادە بکات؟

پاجو، بێئەوەی چ قسەیەک بکات سەرێکی لەقاند. ئەبوت جواو بە تەمەشاکردنی ڕوخسارە ئامال زەردەکەی، شوێنەواری زامە گەورەکەی سەر ڕوخساری وجەستە تۆکمە وبتەوەکەی، لە دڵی خۆدا پرسی ئەم پیاوە تەمەنی چەندە، تەمەنی زۆر نییە. ڕواڵەتی، تەمەنی ڕاستەقینەی ئەوی نیشان نەدەدا.

گوێی لێبوو پاجو دەڵێت: "باشە، ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵتان بۆ دەنێرم. چەند کەس لەم پیاوانە لەگەڵ خۆدا ببەم؟ "

ئەبوت جواو بەرسڤی دایەوە: "بە کەیفی خۆت، چەند دەبەی ببە، پیاوی خۆتن."

پاجو، بلەز چاوێکی بەو زەلامانەی دەوروبەری خۆیدا گێڕا ولەبن لێوانەوە گوتی: " جاران پیاوی من بوون " لە ناکاوا چاوە چکۆلە قووڵەکانی پرشنگێکی گەرمیان لێبووەوە: " نها پیاوی مەسیحی موبارەکن. "

ئەبوت جواو بەرسڤی دایەوە: " هەموومان پیاوی ئەوین " هەنگێ بەڕاوێژێک کە پەلەیەکی کوت و پڕی پێوە دیاربوو، گوتی: " بەرلەوەی بڕۆی تەقەمەنی و تەرەقە لە ئانتونیو ڤیلانوڤا وەربگرە. ئێستا دینامیت و تەرەقەمان هەیە. ترامیلا دەتوانێ لێرە وەمێنێ؟

ئەو پیاوەی نێوی برا، هاتە پێشەوە: کابرایەکی لاوازی ئەندام وردیلە بوو، چاوەکانی خێل وقیچ، ڕوخساری چرچ و لۆچ، شان و شەپلیک خوار. ئەمە یاریدەدەر و جێگری پاجو بوو. بە ڕاوێژێکی تووند وتیژ بە پاجوی گوت: " دەمەوێ لە گەڵ تۆدا بۆ مونتە سانتو بێم، من هەمیشە هەر لەگەڵتا بووم، لە خزمەتی تۆدا بووم، پێم بەخێرە. "

پاجو، بە کورتی بەرسڤی دایەوە: " ئێستا لە خزمەتی کانودوس دا بە. کانودوس لە من فەرزترە."

ئەبوت جواو گوتی: "ڕاست دەکات کاکۆ. لێرە وەمێنە و بەختەوەریمان بۆ بێنە. خەڵکانێکی زۆرت بۆ دەنێرم تا هەست بە تەنیایی نەکەیت. درووود و سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک. " چەندین دەنگ لە وەڵاما بەرز بووەوە: " درووود و سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک."

ئەبوت جواو، پشتی تێکردن، وجارێکی دی بە غاردان بەنێو مەزراکاندا، بەرەو ئوکامبایو کە لە ئاسۆوە دیار بوو بۆ لای جواوە زلە دەڕۆیی. بەدەم غاردانەوە بیری لە ژنەکەی دەکردەوە. لەوساوە کە بڕیاری دابوو، لە هەموو ڕێگا و بانەکاندا، سەنگەر وخەندەکان لێبدات ژنەکەی نەبینی بوو. ئەمە پرۆژەیەک بوو کردبوویە کارێک کە شەو وڕۆژ لە بازنەیەکدا بخولێتەوە کە چەقەکەی کانودوس بوو و لە هەمان کاتدا چەقی دنیا بوو. ئەبوت جواو، وەختایەک کاتارینای ناسی بوو، کە یەکێک بوو لە کۆمەڵە پیاو وژنێکی دیاری کراو، کۆمەڵێک کە ژمارەیان وەکو ئاوی ڕوبار لە زۆر بوون و کەمبووندا بوو، ئەمانە لەگەڵ مورشیدا ئەم دێ و ئەو دێیان دەکرد، دوای یەک ڕۆژ سەفەری دوور ودرێژ وتاقەتبەر، شەوان لە سەر ئەرز ولە دەوری مورشیدا ڕادەکشان تا لە گەڵ ئەودا نوێژ ونزا بخوێنن وگوێ لە وەعز وڕێنماییەکانی بگرن. لەنێو ئەمانەدا کیژێک هەبوو، کە لە لاوازیدا لە

تاپۆ و تارمایی دەچوو، باڵاپۆشێکی سپی کفن ئاسای لە بەردا بوو. چاوانی یارۆی کۆنە ڕێگرەکەی جاران، لە کاتی ڕاپەیمایی، دوعاخوانی و ئیسراحەت و پشوودانا، بە زۆری لە سەر ئەم کیژە بوو. چاوانی کیژێ هەراسانی دەکرد، بگرە هەندێجار دەیترساند. دوو چاوی ئازار ئامێز، دوو چاو کە دەتگوت هەڕەشەیەکی ئەو دنیاییان لێ دەکرد.

شەوێک، وەختایەک هەموو زیارەتکارەکان لە دەوری ئاگری خێوەتگەکە خەوتبوون. ئەبوت جواو، بەرەو کیژێ، کە چاوەکانی لە بەر تیشکی ئاگرەکەدا دیار بوون و برِی بوویە ئەم، داخزی. لە بن لێوانەوە گوتی: " دەمەوێ بزانم بۆچی بەردەوام تەمەشای من دەکەیت." ئافرەتەکە، وەکو ئەوەی هەوڵبدات بە سەر ماندوویەتیەکی زۆرا، یان نەفرەتێکا زاڵ بێ، بە دەنگێکی نەوی کە بە ئەستەم دەبیسترا بەرسڤی دایەوە: "ئەو کاتەی تۆ هاتبووی ڕقی تۆڵەمان بەسەرا برِێژی من لە " کوستودیا " بووم. ئەو کەسەی کە هەوەڵجار کوشتت، ئەو پیاوەی کە کەوتە هاوار تا خەڵکیت لێ ئاگادار بکاتەوە، باوکی من بوو. بە چاوی خۆم دیتم کە چۆن خەنجەرەکەت بە ورگیا کرد. " ئەبوت جواو بێدەنگ بوو، ترقە ترقی ئاگرەکە، ویزە ویزی مێروان و هەناسەی ژنەکەی دەژنەوت. هەوڵی دا دیمەنی ئەو چاوانە، لەو سپێدە دوورەدا بێنێتەوە بەرچاوی خۆی.

دوای تۆزێک، بە دەنگێکی نەوی کە بە ئەستەم دەبیسترا، گوتی: "یانی ئەو ڕۆژە هەمووتان لە کوستودیا نەمردن؟ " ژنەکە بەرسڤی دایەوە: "سێ کەسمان نەمردین. دون ماتیاس کە خۆی لە خەرمانە پووشەکەی سەربانەکەی خۆی تاقەت کردبوو. سینیورا روسا کە برینەکانی سارِێژ بوونەوە، بەڵام ئەقڵی لە دەست داو، من کە خەڵکی وایانزانی منیش کوژراوم. بەڵام برینەکانی منیش سارِێژ بوونەوە." ئەو جووتە بە جۆرێ قسەیان دەکرد، وەکو ئەوەی باسی خەڵکانێکی نەناس بکەن، ڕووداوێک بگێڕنەوە کە پەیوەندی بەوانەوە نەبێ. کۆنە ڕێگرەکە پرسی: " تۆ ئەو کاتە تەمەنت چەند ساڵ بوو؟ " ژنێ بەرسڤی دایەوە: "دەوروبەری دە، دوازدە ساڵێک دەبووم."

ئەبوت جواو تەمەشایەکی کرد: "هەڵبەتە هێشتا زۆر گەنج بوو، بەڵام ڕەنج و برسیەتی پیرتریان کردبوو. ئەم دووە، بۆ ئەوەی ئەوانی دی بێدار نەبنەوە، بە دەنگی زۆر نەوی قسانیان دەکرد و ڕووداوە تاڵەکانی ئەو شەوە دوورەیان، کە ڕۆژگارێکی زۆری بەسەرا بووری بوو، وەبیر دێنایەوە، کە هێشتا لە یادگەیاندا زندوو بوو. سێ زەلام دەستدرێژیان کردبووە سەری و، یەکێکی دی واداری کردبوو، لە بەر لنگیا بە چۆکا دابێ ودوگمەی پانتۆڵەکەی کە بۆنی تەرسی ئەسپی لێدەهات بۆ بکاتەوەو... وەختایەک یەکێک لە باندەکە چەقۆیەکی لە کاترینا دابوو، کابرا هەستی کردبوو کە ڕەحەت بووە. ئەبوت جواو پرسی: " ئەوەی چەقۆکەی لێدایت دەناسیتەوە، من بووم؟ " کاترینا بە چپە وەڵامی دایەوە: " نازانم، ڕاستە ئەو کاتە دنیا ڕوناک بووبووەوە، بەڵام سەر وچاوەکانم بۆ هاوێر نەدەکران، نەمدەزانی لە کوێم."

لەو شەوە بە دواوە، کۆنە ڕێگرەکە و دەربازبووەکەی قەسابخانەکەی کوستودیا، هەمیشە پێکەوە نوێژو نزایان دەخوێند و پێکەوە ڕێیان دەکرد و ماجەرای ژیانی ڕابردووی خۆیان، کە هیچ سەریان لێدەرنەدەکرد، بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. کاتارینا لە گوندەوارێکی "سرگاپیە" پەیوەندی بە مورشیدەوە کردبوو. لەوێندەر بە کۆمەک و سەدەقەی خێرەومەندان دەژیا. لە دوای مورشیدەوە، لاوازترین کەسی ناو گروپەکە بوو. ئەو ڕۆژەی کە هاتبوو بۆ ناو گروپەکە، هێندەی ڕێ کردبوو، لە ماندوویەتیا لە هۆش خۆی چووبوو، وەکو مردوو لەو گۆڕە کەوتبوو. ئیدی ئەبوت جواو هەڵی گرتبوو، تا شەوێ بە باوەشیەوە گرتبوو، چەند ڕۆژێک بەوجۆرە هەڵیدەگرێت. جار بە

جار پاروە خواردنێکی لە ئاوا دەخوساند، تا بە ئاسانی بۆی قووت بچێ، دەکردە دەمییەوە. . شەوان، ڕێک وەکو ئەوەی بە منداڵێک ڕابگات و ژیری بکاتەوە، دوای گوێگرتن لە وەعزەکانی مورشید، چیرۆک و حیکایەتی سوار چاکی بۆ دەگێڕایەوە، ئەو چیرۆک وحیکایەتانەی کە بە منداڵی لە نەقڵ بێژانی ژنەوتبوو و، نها هەمان بێگەردی و پاکی روحی منداڵیەتی بۆ گەڕابووەوە، هەموو ئەو چیرۆکانەی بە هەموو وردە کاریەکانیەوە بیر کەوتبووەوە. کاتارینا بەبێ ئەوەی قسەکەی پێببڕێت گوێی لە حیکایەتەکانی ئەو دەگرت. پاش چەند ڕۆژێک، بە دەنگە نزمەکەی، ئەو دەنگەی کە بە ئەستەم دەبیسترا، پرسیاری ساراسنەکان، فیرابراس و روبەرتی شەیتان سیفەتی لێدەکرد ( ساراسنەکان: کینایەیەکە کە لە کەلەپووری میللی ڕۆژاوادا، هەندێجار بۆ عەرەب وموسوڵمانان بەکار دەبرێ) ئیدی کابرا لەو دەمەوە دڵنیا بوو کە ئەم تاپۆیانە بوون بە بەشێک لە ژیانی کاتارینا، وەکو چۆن سەردەمانێ بووبوون بە بەشێک لە ژیانی خۆی. کیژێ ئیدی وەخۆ هاتبووەوە و دەیتوانی بە پێی خۆی بڕوات، کە شەوێک ئەبوت جواو، بە بەرچاوی خەڵکەکەوە، لە کاتێکا کە لە شەرما دەلەرزی، ئیعترافی کرد کە مەیلی لە سەر کاتارینایە. مورشید، کاتارینای بۆ لای خۆی بانگ کرد و لێی پرسی ئایا بەو قسەیەی کە ئێستا گوێی لێبوو، قەڵسە یان نا. کیژێ سەری لەقاند. مورشید لە بەردەم کۆڕی زیارەتکارە بێدەنگەکان لێی پرسی کە ئایا هێشتا لە دڵی خۆیدا لەو بویەرەی کە لە کوستودیا دا ڕووی دابوو قەڵسە یان نا، کیژێ دووبارە سەری لەقاند. مورشید گوتی: " تۆ پاک بوویتەوە" هەنگێ دستی پێ لە نێو دەست نان و داوای لە هەموو موریدەکان کرد کە نوێژو نزایان لە پێناودا بکەن.

دوای یەک هەفتە قەشەی (زکزیک) لێکدی مارە بڕین. چەندی بەسەرا ڕۆیی؟ چوار یان پێنج ساڵ؟ جواو هەستیکرد کە لەزگ بوو دڵی بتەقێ، ئەنجام تاپۆی "یاخییەکان "ی لە داوێنی ئوکامبایو بەدی کرد. لە ڕاکردن وەستا، بەو هەنگاوە سووک وخێرایانەوە، کە لە سەفەرە بێ کۆتاییەکانیان دەیان فرسەخانی پێ بڕیبوون بەردەوام بوو. دوای یەک سەعات گەییە لای جواوە زلە کە قاپێ گەنمەشامی لەبەر دەست بوو، بەدەم ئاو خواردنەوە دوا هەواڵی بۆ گێڕایەوە. تەنیا هەردووکیان بوون، کەسی دییان لە گەڵدا نەبوو، چونکە دوای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵەی کە یەک کەتیبەڕێوەیە بۆ کانودوس - چ کەسێک نەیدەزانی کەتیبە چەند کەسە — داوای لە خەڵکەکە کردبوو، لە گەڵ جواوە زلە بە تەنیا جێیان بێڵن. کۆنە کۆیلەی جاران وەکو هەمیشە پێی پەتی بوو، پانتۆڵێکی کاڵەوە بووی لە بەر بوو. پەتێکی لە کەمەری بەستبوو کە کێردێک و قەمەیەکی پێدا شۆڕ بووبووەوە، کراسێکی لەبەر بوو هەموو دوگمەکانی پچڕا بوو، سینگە تووکنەکەی بە دەرەوە بوو. قەرەبینایەکی بە شانەوە بوو و دوو قەتار فیشەکی وەکو ملوانکە لە ملی هاڵاندبوو — کاتێ جواوە زلە زانی کە قەرارە گاردێکی کاتولیک بۆ پارێزگاری لە مورشید پێک بهێنرێ و ئەو بکرێ بە فەرماندەی گاردی ناقبری سەری نارەزایی بادا.

ئەبوت جواو پرسی: "باشە بۆ نایکەی؟"

کابرای ڕەش پێست بەرسڤی دایەوە: "من شایەنی ئەو شەرەفە نیم."

ئەبوت جواو گوتی: "مورشید دەڵێت شایستەی. ئەو لە تۆ باشتر ئەمە دەزانێ."

کابرای ڕەش پێست بە نارەزاییەوە گوتی: "من فێری ئەوە نیم ئەمر بکەم. حەزیش ناکەم فێری شتی وەها ببم. با کەسێکی دی بکرێ بە فەرماندەیان."

دارۆغەی کانودوس گوتی: "تۆ فەرماندەیت وبڕایەوە، جواو وەختی چەند و چوون و گەنگەشەمان نییە." یارۆی ڕەش پێست دەبیرەوە چووبوو، دەیڕوانیە ئەو زەلامانەی کە کۆمەڵ کۆمەڵ، لێرەو لەوێ لە نێو تاوێر وتاشە بەردەکانی قەدپاڵی شاخەکە ولە ژێر ئاسمانی کەوەییدا بڵاو بووبوونەوە. سەرەنجام گوتی: "پارێزگاری لە مورشید بۆ من ئەرکێکی قورسە."

ئەبوت جواو گوتی: "هەڵبژێرە، باشترین پیاوان هەڵبژێرە، ئەوانە هەڵبژێرە کە زۆرترین ماوە لێرە بوون، ئەوانەی کە بە خۆت دیتووتن لە ئواوا و لێرە، لە ئوکامبایودا شەڕی چاکیان کردووە. کاتێ کە ئەو قۆشەنە دەگاتە ئێرە، دەبێ گاردی کاتولیکی بە تەواوی دروست کرابێ وەکو قەڵغانێ بێ بۆ پاراستنی مورشیدو کانودوس."

جواوە زلە بێدەنگ بوو، هەرچەندە هیچی لە دەما نەبوو، بەڵام دەمی دەجوڵاند. ڕاوەستابوو ودەیڕوانیە لوتکەی چیاکانی دەوروبەری خۆی، وەکو ئەوە بۆ شەرڤان و جەنگاوەرە نورانی و بەنێوبانگەکانی شا " دون سباستیانو " لە ناکاوا لەو بەرزاییانەوە پەیدا بووبن، حەپەسا، تەواو ئەفسوون وغافڵگیر بووبوو.

بە ڕاوێژێکی خەمناک گوتی: "تۆ منت بۆ ئەم کارە هەڵبژاردووە نەک چکۆلەی موبارەک یان مورشید. تۆ بەم کارە چاکەت لە گەڵ منا نەکردووە."

ئەبوت جواو بە ڕاشکاوی گوتی: " نا، من نەبووم. من ئەم کارەم نەکردووە تا چاکەم لەگەڵدا کردبێ، یان ئاسیوت پێبگەیەنم. بۆیە هەڵمبژاردووی چونکە لە هەمووان باشتر و شایستەتری. بڕۆ بۆ بیلومونتە و دەستبەکار بە. "

یارۆی ڕەش پێست گوتی: "سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک، بۆ مورشید."

لە سەر ئەو تاوێرەی کە لە سەری ڕۆنیشتبوو هەستا و، بە بەردەڵانەکەدا کەوتەڕێ.

ئەبوت جواو گوتی: " سوپاس بۆ ئەو." دوای تۆزێک یارۆی کۆنە کۆیلەی بینی، کە کەوتووەتە ڕاکردن.

***

روڤینو دەڵێت: "بە واتایەکی دی تۆ دوو چەلان فێڵت کردووە. تۆ کە ئیپامینوداس داوای لێکردبووی بیکوژی، نەتکوشت ئەمە یەک. درۆت دەگەڵ ئیپامینوداس کردبوو، وات تێگەیاندبوو کە یارۆ مردووە، ئەمە دوو."

کایفاس دەڵێت: "ئەوەی گرینگە جاری یەکەمە، من قژی ئەو کابرایە و جەنازەیەکم ڕادەستی ئیپامینوداس کرد. جەنازەکە، جەنازەی کەسێکی دی بوو. بەڵام نە ئەو و نە کەسیکی دی نەیدەتوانی بیسەلمێنێ کە جەنازەی ئەو نییە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو غەوارەیەش، بەم نزیکانە دەبێ بە جەنازە، ئەگەر ئیستا نەبووبێ. کەواتە ئەمە درۆیەکی نە گەورەیە نە خەتەرە."

ئەم شەممەیەش وەکو هەموو شەممەکانی دی، لە کەناراوە سوورباوەکەی ئیتاپیکورو، لەو کەنارەی بەرانبەر دەباغخانەکانی کیماداس، جۆرەها دەکە ومیز دانرابوون و فرۆشیارانی دەستگێڕ، لە هەر چوار نکاڵی دەڤەرەکەوە هاتبوون و جاڕیان بۆ کاڵای خۆ دەدا. گەنگەشە وچەنەی کڕیاران و فرۆشیاران، بە سەر دەریایەک لە سەرێن کۆت وبە کڵاو وشەپقەی ڕەش و قەراخ پانەوە، بە بازاڕەکەدا بڵاو دەبووەوەو تێکەڵ بە هەراو هەنگامەی خەڵکی

و حیلەی ئەسپان وحەپەی سەگان، هات و هاواری منداڵان و هەراو زەنای سیامەستان دەبوو. گەدایان و پارسەکان، ئەندامە سەقەتەکانیان، خراتر لەوەی کە هەبوو، دەنواند و چاویان لە دەستی خەڵکی بوو، هەروەها شایەر و نەقڵبێژانی گەڕۆک بەدەم گیتار لێدانەوە، لەبەردەم خەڵکیدا دەوەستان وبە دەنگ و ئاوازەوە چیرۆکی ئاشقێنی وسوارچاکی وجەنگی نێوان مەسیحیان و کافرانیان دەگێڕایەوە. ژنە قەرەجان، بە پیر وجوانیانەوە، بە قژی پەخش و پەرێشانیانەوە، بە تەنوورەی فش و بە قۆڵی پڕ بازن و بە خۆ بادانەوە بەخت بۆ خەڵکی دەگرنەوە.

رۆڤینو دەڵێت: " وێڕای هەموو ئەمەش من منەتباری تۆم، کایفاس تۆ پیاوێکی بە شەرەفی، بۆیە بەردەوام ڕێزت دەگرم. هەر لە بەر ئەمەیە خەڵکی ڕێزت دەگرن."

کایفاس دەڵێت: " گەورەترین ئەرکی مرۆڤ چییە؟ دەرهەق بە ئاغاکەیەتی یان بە هاوڕێکەی؟ کوێریش بە کوێری خۆی دەتوانێ ئەوە ببینێ، کە من ئەو کارەم لە ناچاریدا کردووە."

شانبەشانی یەکدی ڕێدەکەن، زۆر سەنگین و بە ویقارن، گوێیان لەو ئاپۆڕا جۆراوجۆر وهەراو زەنا و قەرەباڵغی و جەنجاڵییەی دەوروبەری خۆیان نییە. بە تۆپزی ڕێی خۆیان لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکە دەکەنەوە، بە مۆرە کردن یان بە زۆری شان، دڕ بە خەڵکەکە دەدەن. جارجار کەسیکی دیار پێشخوانێک یان ناو کوشکێکی سەر بە مشەما گیراو سڵاوێکیان لێدەکات وبە دوو قۆڵی هێندە بە ساردی سڵاوەکەی دەسەننەوە کە کەس نەوێرێ لێیان نزیک ببێتەوە. وەکو ئەوەی ژێراوژێر ڕێکەوتبن. بەرەو کوشکێکی مەشروب فرۆش دەڕۆن – تەختێن دارین و مێزی تەختە، لە ژێر کەپرێکا دانراوە و ئێرە، مشتەری کەمتری لە شوێنانی دی هەیە.

کایفاس، وەکو ئەوەی شتێکی لە دڵا بێ و لە مێژ بێ بیەوێ دەری ببڕێت دەڵێت: "ئەگەر من لەوێندەر، لە ئیپوپیارا، کابرام کوشتبا، دەبووە خراپە سەبارەت بە تۆ، چونکە لەو حاڵەدا تۆ دەرفەتی ئەوەت لە کیس دەچوو کە بەدەستی خۆت تۆڵەی لێبکەیتەوەو ئەم پەڵەی شەرمەزارییە لە خۆت بسڕیتەوە." رۆڤینو قسەکەی پێدەبڕێ: " تۆ بۆچی چووی لەوێندەر، لە ماڵەکەی مندا بیکوژیت؟ "

کایفاس گوتی: " ئیپامینوداس وای گەرەک بوو کە لەوێندەر بکوژرێ. دەنا نە تۆ نە جورما لە بەرنامەی کوشتنا نەبوون. پیاوەکانی من لە پێناوی پاراستنی گیانی جورما دا کوژران." تفێک لە بەینی ددانەکانیەوە دەپژرێ و بیرۆکەیەک لە زەینی خۆیدا تاوتوێ دەکات. "ڕەنگە بە سەدەمی هەڵە و کەم و کوڕی منەوە کوژرابن. من هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ڕەنگە بەرگری لە خۆی بکا ویان ئەسڵەن شارەزای شەڕ بێت. بە ڕواڵەت لەو پیاوانە نەبوو کە شەڕ بزانێ."

رۆڤینو، دەستی بۆ لە ملی دا وگوتی: " نەخێر، لەوە نەدەچوو."

دادەنیشن وکورسییەکانیان لێکدی نزیک دەکەنەوە تا کەس گوێی لە دەنگیان نەبێت. ئەو ژنەی کە بە مشتەرییەکان ڕادەگەیی، دوو پەرداخیان دەداتێ و لێیان دەپرسێ کە عەرەقی نەیشەکەر دەخۆنەوە یان نا. بەڵێ ژنەکە نیو قاپیان بۆ دێنێت. کابرای بەڵەد، دوو پەرداخ تەژی دەکات و بێئەوەی بەیەکدی بڵێن بە سەلامەتیت، پێکەکانیان هەڵدەدەن. ئەوسا کایفاس پێکەکان تەژی دەکات. لە رۆڤینو گەورەترە، چاوەکانی زەق، لێڵ و بێ پرشنگە. وەکو هەمیشە سەراپا چەرمینە پۆشە.

رۆڤینو، ئەنجام بە چاوانی شۆڕەوە دەپرسێت: "ئەو، ئەو مێردەکەی(بۆرەپیاو) ڕزگارکرد؟ ئەو دەستی تۆی گرت؟"

کایفاس سەر دەلەقێنێ: " بەوەدا بۆم دەرکەوت کە حەزی لەو مێردەکە کردووە. " هێشتا شوێنەواری سەرسامی بە سیمایەوە دیار بوو. " کاتێ کە پڕی دایە من و کێشای بە دەستم دا، لەو دەمەدا کە کابرای غەوارە پەلاماری منی دا، جورماش ڕێک لەو کاتەدا پڕی دامێ." بە تەوسەوە شانی هەڵدەتەکێنێ وتفێک ڕۆدەکات." ڕێک بووبوو بە ژنی، ئیدی دەبوا بە حوکمی ئەو واقیعە بەرەڤانی لێبکات."

روڤینو دەبێژێت: "ڕاست دەکەی."

کایفاس دەڵێت: "نازانم چما بە دوو قۆڵی نەیان کوشتم. لە ئیپوپیارا ئەو پرسیارەم لە جورما کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. ئەو کابرا غەوارەیە کەسێکی سەیرە."

روڤینو، دەستی بۆ لە ملی دەدا: " ئەرێ، سەیرە."

لە بازاڕەکەدا، ژمارەیەک سەربازیش هەن، ئەم سەربازانە پاشماوەی قۆشەنەکەی مێجەر " فیبرونیودی بریتو " بوون، وەکو خۆیان دەڵێن، بۆیە لە شارن، چاوەڕوانی ئەو قۆشەنەن کە قەرارە بۆ ئێرە بێت. یونیفۆرمەکانیان دڕاوە، وەکو تارمایی سەرگەردان و گومڕا، بە ناو شارا دەسوڕێنەوە، لە مەیدانی شار ولە وێستگەی قیتارو لە قەراخ ڕوبارەکەدا دەخەون. هاتوون بۆ ئەم هەراجە بازاڕە و بێهیچ مەبەستێک بەناو کوشک ودەکەکاندا دەسوڕێنەوە، دوو دوو یان چوار چوار، بە تاسە و تامەزرۆییەوە دەڕواننە ژنان و خۆراک و مەشروباتەکانی دەوروبەریان، پێدەچێ خەڵکی شار لە بەینی خۆدا ڕێکەوتبن کە قسەیان لەگەڵدا نەکەن، گوێیان لێنەگرن و بە هیچ جۆرێ ڕوویان نەدەنێ.

روڤینو، چرچێکی قووڵ دەنیشێتە سەر هەنیەی و بە شەرمێکەوە دەڵێت: "وەعد و بەڵێن، دەست و پێی پیاو دەبەستێ، وانییە؟ "

کایفاس، دەستی بۆ لە ملی دەدا: " بەڵێ وایە. ئاخر چۆن پیاو دەتوانێ لە سۆزو بەڵێنێک ژێوان ببتەوە کە بە مەسیحی موبارەک یان بە پاکیزەی داوە؟ "

روڤینو، سەری دێنێتە پێشەوەو دەڵێت: " یان بە بارۆنی داوە؟ "

کایفاس دەڵێت: " بارۆن، هەر نەیسە، دەتوانێ بتبورێ. " جارەکی دی پەرداخەکان تەژی دەکاتەوە و دەیخۆنەوە. لەنێو هەراو زەنای بازاڕەکەداو لە جێیەکی دوور، شەڕێکی تووند چێدەبێ وبە پێکەنینێکی زۆر کۆتایی دێت. هەورێکی تووند بەری ئاسمانی گرتووە، پێدەچێ بارانی پێ بێ.

کایفاس لە ناکاوا دەڵێت: "من لە تۆ دەگەم، دەزانم چ حاڵێکت هەیە. دەزانم کە خەوت لێناکەوێ، بۆ تۆ هەموو شتێک لە ژیانا کۆتایی هاتووە، تەنانەت ئەو کاتانەی لەگەڵ خەڵکیشدای، وەکو ئێستا کە لە گەڵ مندای، هەموو هۆش و گۆشت لە لای تۆڵە ئەستاندنەوەیە. ئەرێ روڤینو وایە. کە ئینسان شەرەف و کەرامەتی خۆی خۆشبوێ، وایە.

ڕیزێک مێرولە بە مێزەکەدا هەڵدەگەڕێ، بەرەو بوتڵە " کاجاسا" کە بەتاڵ بووە دەڕۆن. روڤینو دیقەتی پێشڕەوی و ون بوونەکەیان دەدات. توونت پەرداخەکە بەدەستەوە دەگرێت. کایفاس لە سەری دەڕوات: " شتێکی دیکە هەیە کە نابێت لە بیری بکەی، مردن بەس نییە، مردن ئەو پەڵەیە ناسڕێتەوە. بەڵام زللەیەک، شەلاقێک بە ڕوخسارا

ئەو کارە دەکات، دەیسڕێتەوە، چونکە ڕوخساری پیاو بە ئەندازەی دایکی یان ژنەکەی بۆ پیاو و لە لای پیاو پیرۆزە."

روڤینو هەڵدەستێت. ژنەکە، خاوەنی کوشکەکە بە هەشتاو بەرەو لای ئەو دەڕوات، کایفاس دەست بۆ گیرفانی دەبات، بەڵام کابرای دەلیل و بەڵەد دەستی دەگرێت و بە خۆی حیسابی عەرەقەکە دەدات. چاوەڕوان دەکەن تا ژنەکە باقی پارەکەیان بۆ دێنێتەوە. هەر دووکیان بێئەوەی چ قسەیەک بکەن لە فکران ڕاچوون.

کایفاس دەپرسێت: " ڕاستە کە داکت بۆ کانودوس چووە؟ " دوای ئەوەی روڤینو، سەری ئەریێ دەلەقێنێ، لە سەری دەڕوات: " زۆر کەس بۆ ئەوێندەر چوون. ئیپامینوداس خەریکە زۆری دی لە گاردی گوندەواردا ( گوند پارێز ) کۆ دەکاتەوە. قەرارە یەک قۆشەن بۆ ئێرە بێت، ئەو بەنیازە کۆمەکی بکات. منیش خزم وخوێشم لە گەڵ مورشیدا هەن. زۆر ئەستەمە پیاو دژی کەس وکاری خۆی بجەنگێ، وانییە روڤینو؟ "

روڤینو باقی پارەکەی لە ژنە دووکاندارەکە وەردەگرێتەوەو لە بەرکی دەنێت ولە بن لێوانەوە دەڵێت: "من شەڕێکی دیکەم لە پێشە."

کایفاس دەڵێت: " هیوادارم بیدۆزیتەوە، تا تۆ دەیدۆزیتەوە نەمردبێت."

تارماییەکەیان لە نێو جەنجاڵی بازاڕی کیماداس دا گوم دەبێت.

***

عەقید "خوزیە برناردو موراو" لە سەر کورسییە بزۆزەکەیدا پاڵی دابووەوە، هێدی هێدی خۆی بە پاش و پێشا ڕادەژەند: " شتێک هەیە من سەری لێدەرناکەم بارۆن." عەقید موریرا سیزار ڕقی لەمەیە و ئێمەش ڕقمان لەوە. هاتنی ئەو بۆ باهیا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئیپامینوداس وشکستە بۆ ئەو پرەنسیپەی کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی، یانی ئەو پرەنسیپەی کە ڕیو مافی ئەوەی نییە دەست لە کاروباری ئێمە وەربدات. وێڕای ئەوەش حیزبی خۆیبوونخواز لە سلڤادورا وەکو قارەمان پێشوازی لێدەکات ونها ئێمە خەریکە ململانێ دەگەڵ ئیپامینوداس دا دەکەین تا بزانین کێهە حیزب زیاتر یارمەتی ئەم (سەربرە) دەدات.

دیمەنی ژووری دانیشتنەکەی کۆشکە کۆنەکەی مەزراکە، کە هەوایەکی فێنکی هەبوو و بۆیەیەکی سپی کرابوو، زۆر تێکرژاو وتێکپژاو بوو. چەپکە گوڵێک لە گوڵدانێکی گەورەی مسیندا سیس بووبووەوە، دیوارەکان درزیان بردبوو. زەمینە تەختەپۆشەکەی درزی تێکەوتبوو. لە پەنجەرەکانەوە کێڵگەی نەیشەکەرەکە لە بەر هەتاوە گەرمەکەدا کەخەریک بوو دەسووتا، دەبینرا، لە دەرێی خانووەکەدا چەند خولام و نۆکەرێک خەریک بوون چەند ئەسپێکیان دادەکرد.

بارون دی کانا براڤا بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: "خۆزیە برناردۆی ئازیز ڕۆژگار خراپ گۆڕاوە. تەنانەت زیرەکترین کەسیش، ناتوانن ڕێگەی خۆیان لە نێو ئەم جەنگەڵەدا کە تیای دەژین بدۆزێتەوە. "

عەقید مورا ورتە ورتێکی کرد: "من قەت کەسێکی زیرەک نەبووم. ئەمە قەت سیفەتی دەرەبەگ ومولکداران نەبووە." ئاماژەیەکی نامەفهومی بۆ دەرەوە کرد "نیو سەدەم لێرە بەسەر بردووە، بۆ ئەوەی لە پیریدا ئەوە بە چاوی خۆم بدینم کە هەموو شتێک هەرەسی هێناوە. هەموو دڵخۆشیەکەم هاتووەتە سەر ئەوەی کە بەو زووانە دەمرم و وێرانبوونی یەکجارەکی ئەم وڵاتە نابینم."

به ڕاستی پیاوێکی دان عەمر بوو، هەر پێست وئێسقان بوو، پێستی بە سەر ئێسکیەوە هیشک بووبووەوە، تەواو تاوەگەز بووبوو. دەستەکانی عەقید یەکپارچە گرێ و گوڵ بوو، بەو دەستانە ڕوخسارە خراپ تاشراوەکەی دەخوراند. جلەکانی لە هی وەرزێرێکی هەژار دەچوو، پانتۆڵێکی کاڵەوە بوو وکراسێکی یەخە کراوەی لە بەر بوو و ئێلەکێکی چەرمی بەسەرا لەبەر کردبوو، کە هەموو قۆپچەکانی کەوتبوو.

ئادالبرتو گوموسیو گوتی: "ئەم ڕۆژە خراپانە بەم زووانە تەواو دەبن."

پیرەمێری موڵکدار، قامکەکانی دەستی تەقاندن وگوتی: " بۆ من نا. دەزانی کە لەم چەند ساڵەی دواییەدا، چ خەڵکێک ئەم بەشەی وڵاتیان بەجێ هێشتووە؟ سەدان ماڵبات دەبن. وشکە ساڵیە گەورەکەی ٧٧ ونەهاتی مەزرای قاوە لە باشوور و مەتات لە ئامازوون و، نها نۆرەی ئەم کانودوسە نەحلەتیەیە. دەتوانی ئەوە بێنیە بەرچاوی خۆت ژمارەی ئەو خەڵکەی بەرەو کانودوس دەڕۆن چەندە. دەڕۆن و هەموو شتێک لە دوای خۆ بە جێدێڵن. خانووەکانیان، ماڵاتەکانیان، کارەکانیان بە جێدێڵن و دەڕۆن بۆ ئەوێندەر و چاوەڕوانی ڕۆژی مەوعود و هاتنی دون سپاستیاو دەکەن." تەمەشایەکی کردن، پەست لە کەودەنی بەشەر، "من کەسێکی زیرەک نیم، بەڵام پێتان دەڵێم کە چ شتێک ڕوودەدات. من مردوو و ئێوە زیندوو، ئەمە ڕۆژەکەیە، موریرا سیزار، ئیپامینوداس دەکات بە فەرمانداری باهیا. ئەو وپیاوەکانی هێندەمان کێشە و ئاریشە بۆ دەنەنەوە کە ناچار دەبین مەزراکانمان هەرزان فرۆش بکەین یان بە خوت و خۆڕایی بۆ وانی جێبێڵین وبە سەڵەتە خێزانی بۆی دەربچین."

مێزێکی بچکۆلە لە بەردەم بارون و گوموسیو دانرابوو، مەشروباتی فێنک و سەلەیەک پسکیتی شیرینی دەست لێنەدراوی لە سەر بوو. بارۆن قووتووە بچووکە برنوتیەکەی کردەوەو لە بەردەم ئەودا ڕایگرت و بەخۆی بە لەزەتەوە هەڵی مژی، بۆ چەند ساتێک بە چاوانی نوقاوەوە بە ئارامی دانیشت. پاشان چاوانی کردەوەو گوتی: " خوزیە برناردۆ، خەیاڵ نەکەی ئێمە بەرازیل بخەینە سەر سینی و وەکو پاروویەکی نەرمە قووت ڕادەستی یاقوبیەکانی بکەین. هەرچەندە ئەوان بە کارامەیی نەخشە وپلانی خۆیان داڕشتووە، بەڵام هەموو شتێک بە دڵی ئەوان نابێت، لەم مانۆڕەیاندا سەرکەوتوو نابن."

موراو، قسەکەی پێبڕی: " بەرازیل لە ئێستاوە بووە بە هی ئەوان، بەڵگەش ئەمەیە کە موریرا سیزار، بە ئەمری حکومەت بۆ ئێرە دێ."

بارون گوتی: " لە ڕێگەی گوشاری (یانەی سوپایی) لە ڕیو، فەرماندەیی ئەو قۆشەنە بە ئەو درا، ئەوێ پێگەیەکی بچووکی یاقوبیەکانە کە نەخۆشیەکەی "سەرۆک مورایس" یان بە قازانجی خۆ قوستووەتەوە. حەقیقەتی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەم ماجەرایە پیلانێکە دژی مورایس. ناوەڕۆکی پیلانەکەیان لە ڕۆژی ڕوناک، ڕۆشنترو خویاترە. کانودوس، تەنیا بیانوویەکە بۆ ئەوەی پیاوەکانیان شۆرەت وشانازی وپێگە وهەژموونی زیاتر وەدەست بێنن. موریرا سیزار، پیلانی سەڵتەنەتخوازەکان تێکدەشکێنێ! موریرا سیزار، کۆمار ڕزگار دەکات! باشە ئەمە زندووترین بەڵگە نییە کە تەنیا سوپا دەکارێت تەناهی و ئەمنیەتی نیشتمان بپارێزێ وزامن بکا؟ بەمجۆرە سوپا بە پەلە دەسەڵات وەردەگرێت وکۆماری دکتاتۆری ڕادەگەیەنێت." تا ئێرە، تا ئەو ساتە بزە بە سەر لێویەوە بوو، بەڵام کە گەییە ئێرە، جدییەت بە شێوازەکەیەوە دەرکەوت."خوزیە برناردۆ، ئێمە ڕێگە بە شتی وا نادەین. چونکە ئەوەی کە پیلانی پاشایەتی تێکدەشکێنێ ولە گۆڕ دەنێ، ئێمەین نەک یاقوبییەکان ( یاقوبی مەزەبێکی مەسیحی ڕۆژهەڵاتیە کە لە سەدەی شەشەمی زاینیدا، لە سووریا، بە تایبەتی لە نێو سریانیەکانا سەری هەڵداوە.) لە

حەژمەتاندا چارەی دا بە یەکدا "پیرەمێر، ئێمە ناتوانین وەکو بەگزادانی بە تەربیەت ڕەفتار بکەین. سیاسەت کاری بێسەر و بەران و لات ولەوێرانە."

ئەم قسانە گیانێکی تازەی وەبەر موراوی دان عەمر خست، ڕووی گەشایەوەو لە قاقای دا. بە دەنگی بەرز گوتی: "زۆر چاکە، برادەرانی لات ولەوێر، من ڕادەست دەبم. من هێستر وبەڵەد و تەقەمەنی بۆ ئەم قەساب و سەربڕە دەنێرم، هەرچیەکی بوێ بۆی دەنێرم. لەوەی زیاتر چی دەوێ. یانی دەتانەوی کەتیبەی حەوتەم لێرە دەعوەت بکەم؟ "

بارۆن، سوپاسی کرد: "من دڵنیات دەکەم کە بە زەوی و زارەکانی تۆدا تێناپەڕیت. یانی ناچار نیت چارەشی بدینیت."

ئادالبرتو دی گوموسیو گوتی: " ئێمە ناتوانین لێگەڕین بەرازیل باوەڕ بەوە بکات کە دژی ڕژێمی کۆماری ڕاپەڕینمان بەرپا کردووە، یان دەگەڵ ئینگلیزدا، پیلان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی دەگێڕین، خوزیە برناردو گوایە تۆ خۆت ئەمە نازانی؟ پێویستە تا زووە کۆتایی بەم پیلانە بێنین. نیشتمانپەروەری گاڵتەی منداڵان نییە."

موراو لە بن لێوانەوە گوتی: "ئەمە یارییەکە کە ئیپامینوداس دەستی پێکردووەو زۆر چاکیش یاری دەکات."

بارۆن، دەستی بۆ لە ملی دا: " دروستە، من، تۆ، ئادالبرتۆ و ڤیانا، هەموومان وامان دەزانی ئەم گەمە بچووکەی ئەو شتێکی گرینگ نییە. بەڵام ئیپامینوداس سەلماندی کە حەریفێکی ترسناکە."

گوموسیو گوتی: " هەر هەموو ئەم پیلانەی کە دژی مە دانراوە، زۆر هیچ و بێ ئەدەبانە وبازاڕییە."

-"بەڵام، تا ئێستا بۆ ئەو ئەنجامی باشی هەبووە. " بارۆن نیگایەکی دەرەوەی کرد: بەڵێ، ئەسپەکان ئامادەن. بە دۆستەکەی گوتووە کە بە ئامانجی خۆی گەییوە و سەرسەخترین فیوداڵ و موڵکداری باهیای هێناوەتە ڕادە، بۆ ئەو باشتر وایە لێرە بڕوات. دەیویست بڕوات بزانێ کە ئاخۆ ئیستیلا و سپاستیاناش ئامادەن بۆ ڕۆیشتن یان نا. لەم کاتەدا خوزیە برناردو موراو بیری هێنایەوە کە ئەو پیاوەی لە کیماداسەوە هاتبوو، دوو دانە سەعاتە چاوەڕوانی ئەوە. بارۆن کە بە تەواوەتی ئەوی لە بیر چووبووەوە، لە بن لێوانەوە گوتی: "دروستە... دروستە." ئەوجا یەکێکی لە دوو نارد کە بێت. دوای تۆزێک تارمایی روڤینو لە بەر دەرگاکەدا پەیدا بوو. دیتیان کە کڵاوەکەی بۆ خاوەن ماڵ وگوموسیو لە سەر داگرت وئەوسا چوو بۆ لای بارۆن، دانەوییەوەو دەستی ڕامووسی. بارۆن بە نەوازشەوە دەستێکی بە پشتیا دا وگوتی: "چاوم ڕوون، کوڕی تەعمیدیم. زۆر چاکت کرد کە هاتیە دیدەنی مە، جۆرما چۆنە؟ چما لە گەڵ خۆتا نەتهێناوە؟ ئیستیلا بە دیتنی خۆشحاڵ دەبوو، حەزی دەکرد بیدینێت."

بارۆن هەستیکرد یارۆی بەڵەد(شارەزا،ڕێزان، ڕێنوێن)، سەری دانەواندووەو لە بەردەمیا وەستاوە، شەپقە قەراخ پانەکەی بە هەردوو دەستیەوە گرتووە، ناڕەحەتی و شەرمەزاری بە سیمایەوە دیارە. یەکسەر مەزەندەی بۆ سەدەمی ئەم دیدارەی کۆنە کرێکارەکەی خۆی چوو. لێی پرسی: " جورمای هاوسەرت چۆنە؟ نەخۆشە؟ "

روڤینو، بلەز گوتی: " بابی مەعنەویم، ڕێم بدە، کە لە سۆز وبەڵێنەکەی خۆم ژێوان ببمەوە."

گوموسیو و موراو کە حەواسیان پەرت و خەیاڵیان ڕۆیی بوو، ئەم گفتوگۆیەی نێوان بارۆن و ئەم پیاوەی کە یەجگار شەرمەزار دیار بوو، وەخۆی هێنانەوە و سەرنجی ڕاکێشان. لەو جەوە بێدەنگیە گۆنگ و ئاڵۆزەدا

که باڵی به سەر هەموو لایەکدا کێشا بوو، بارۆن ماوەیەک لە فکران ڕاچوو، تا بزانێ ئەو وشانە چ دەگەیەنن و روڤینو چ داوایەکی لەو هەیە.

بەدەم چاو تروکاندنەوە هەنگاوێک چووە پاشێ و، ماوەیەک دەبیرەوە چوو وگوتی: "جورما؟ چی دەرهەق کردوویت؟ خۆ وازی لێنەهێناوی؟ وازی لێهێناوی و ڕەدووی پیاوێکی دی کەوتووە روڤینو؟ مەبەستت ئەوەیە که وای کردووە، بەگەڵ پیاوێکی دی کەوتووە؟"

سەرێک بە قژێکی گڤ وچڵکنەوە، که لە بەردەمیا بوو، بە ئاستەم هاتە لەقاندن. هەنگێ بارۆن بۆی دەرکەوت که چما کوڕە تەعمیدیەکەی چاوانی لەو دەشارێتەوە و چ عەزاب و شەرمەزارییەک دەکێشێت، دڵی پێی سووتا.

بە کەسەرێکی زۆرەوە گوتی: "چما ئەم داوایە لە من دەکەی روڤینو؟ ئەمە چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە؟ تۆ بەمە لە جیاتی جارێ دوو جار بەدبەختی بە سەر خۆت دێنیت. ئەگەر جورما ڕەڤی بێ، مانای وایە بە عەمەلی مردووە، خۆی کوشتووە بە بێ ئەوەی دەستی تۆ لەو کارەدا هەبێ. جورما لە بیر خۆت ببەوە، هەروەها کیماداس بۆ ماوەیەک لە بیر خۆت ببەوە. ئیدی بۆ خۆت ژنێ دەدۆزیتەوە کە وەفادار و دڵسۆزت بێ. لە گەڵ مەدا وەرە بۆ " کالومبی " کە پڕە لە هاوڕێیانی خۆت."

گوموسیو وخوزیە برناردو، کە فزوڵیان هاڕوژابوو، چاوەڕوانی بەرسڤی روڤینو بوون. گوموسیو پەرداخێ شەرابی بۆ خۆی تەژی کردبوو، لە دەمی نزیک کردبووەوە، بێئەوەی هیچی لێبخواتەوە.

ئەنجام یارۆی بەڵەد، بێئەوەی سەری هەڵبڕێ گوتی: "ڕێم بدە لە سۆز و بەڵێنەکەی خۆم ژیوان ببمەوە بابۆ."

ئادالبرتو دی گوموسیو، لە کاتێکا گوێی لەم گفت و گۆیەی نێوان بارۆن و کۆنە کرێکار و نۆکەرەکەی دەگرت، بزەیەکی دۆستانەی نیشتە سەر سیما. بەڵام خوزیە برناردو موراو، کەوتبووە باوێشک دان. بارۆن لە دڵی خۆیدا گوتی فایدەی نییە، گەنگەشە سوودی نییە، لە جیاتی ئەوەی دڵی خۆی بەوە خۆشبکات کە دەتوانێ بیر وهزرینی روڤینو بگۆڕێت، دەبێ واقیعەکە قەبووڵ بکات و بە ئا یان نا وەڵامی بداتەوە. وێڕای ئەوەش بۆ ئەوەی دەرفەتێک بەدەست بێنێ لە بن لێوانەوە گوتی: " کێ لێی ڕفاندوویت؟ ئەو پیاوە کێیە کە جورما ڕەدووی کەوتووە؟ "

روڤینو، بەرلەوەی بەرسڤی بداتەوە، سووکە هەڵوەستەیەکی کرد وگوتی: " بابایەکی غەوارە بوو بۆ کیماداس هاتبوو. " دووبارە سووکە هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوسا لە سەری ڕۆیی: " ناردبوویان بۆ ماڵی من. دەیویست بڕوات بۆ کانودوس تا چەک بۆ یاخییەکان ببات."

پەرداخەکە لە دەستی ئالبرتو دی گوموسیو کەوتە خوارەوە و لە بەر پێی دا ورد و خاش بوو، بەڵام نە دەنگی شکانی پەرداخەکە و نە دەنگی پرژانی مەشروبەکە و نە وردە شووشەکان، سەرنجی هەر سێ پیاوەکەی، کە بە چاوانی ئەبڵەق دەیانڕوانییە کابرای بەڵەد، نەڕەواندەوە.

روڤینو، بەبێ جووڵە لە جێگەی خۆی وەستابوو، سەری دانەواندبوو و ورتەی نەدەکرد، وەکو ئەوە بوو، ئاگای لەو قسانە نەبێ کە تۆزێ لەمە پێش کردبوونی.

بارۆن یەکەم کەس بوو کە وەخۆ هاتەوە: " کابرایەکی غەوارە ویستویەتی چەک بۆ کانودوس ببات؟ " . هەوڵی ئەو بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ئاسایی قسە بکات، هێندەی دی سەرسامی ئەوی خویا کرد.

تۆپەڵە قژە بژ وپیسەکە تەکانێکی خوارد: " بە تەمای ئەو کارە بوو، بەڵام نەگەییە ئەوێندەر. " روڤینو، کە هێشتا بە ڕیزەوە سەری داخستبوو لە سەری ڕۆیی: " عەقید ئیپامینوداس گونسالوڤس ئەمری کردبوو بیکوژن و ئێستاش وا دەزانێ یارۆ مردووە. بەڵام نەمردووە. جورما ڕزگاری کردووە. حاڵی حازر ئەو و جورما پێکەوەن."

گوموسیو و بارۆن، حایر و حەپەساو تەمەشای یەکیان کرد، خوزیە برناردو موراو تەکانێکی دا کە لە سەر کورسییە بزۆزەکەی ڕابێ و لە هەمان کاتدا لە بن لێوانەوە پرتە پرتێکی کرد. بارۆن ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. دەستەکانی دەلەرزین. پێدەچوو کابرای بەڵەد هێشتا ئاگای لەوە نەبێ، بە گێڕانەوەی ئەو واریقاتە چ ئاشوبێکی خستووەتە دڵی ئەو سێ پیاوەوە.

ئەنجام گوموسیو، لە کاتێکا بە ناو لەپ دەیکێشا بە کۆڵە مستەکەی دیکەیدا، هاتە قسە وگوتی: "بەم پێیە گالیلیو گال هێشتا زندووە. واتە ئەو جەنازەیەی کە لە ئاگرا بووبوو بە خۆڵەمێش و سەرە بڕدراوەکە و هەموو کارە توونڕ و تیژەکانی دی... "

روڤینو هەڵیدایە: " سەریان نەبڕیوە قوربان ." جارێکی دی بێدەنگیەکی پڕ نیگەرانی باڵی بە سەر ژوورە پەشێواوەکەدا کێشا.

" تەنیا قژە درێژەکەیان بڕیوە. جەنازەکە هی کابرایەکی شێت بوو کە منداڵەکانی خۆی کوشتبوو. کابرای غەوارە هێشتا زندووە."

روڤینو، دوای ئەو قسەیە، بێدەنگ بوو. هەرچەندە ئادالبرتودی گوموسیو وخوزیە برنارد موراو، هاوکات پرسیار پێچیان کرد وداوایان لێکرد وردەکاری زیاتریان بداتێ، بەڵام روڤینو هیچی دی نەگوت. بارۆن بە ڕادەیەک خەڵکی ئەو دەشت و بیابانەی دەناسی کە لە لای عەیان بوو کابرای بەڵەد، ئەوەی پێویست بوو بگوترێ، گوتبووی وئیدی هێز نەبوو وشەیەکی دیکەی لێدەربێنێ.

-" هیچی دیت پێیە پێمانی بڵێی کوڕەکەم؟ " دەستێکی خستبووە سەر شانی روڤینو و هیچ هەوڵێکی نەدەدا سۆز و گودازی خۆی وەشێرێت. روڤینو سەری بادا.

بارۆن گوتی: " سوپاست دەکەم کە هاتیت. کوڕەکەم چاکەیەکی گەورەت لە گەڵ کردووم. هەر لە گەڵ منا نا، بەڵکو دەرهەق بە هەموو وڵات، هەرچەندە بە خۆت لەمە بێ خەبەر بووی."

روڤینو دووبارە هاتە قسان، دەنگی لە جاران پتر پاڕانەوە ئامێز بوو: " بابۆ دەمەوێ لەو سۆز و بەڵێنە کە بە تۆم دابوو ژێوان ببمەوە. "

بارۆن کە هەستی دەکرد، کەوتووەتە تەنگانەیەکی زۆر دژوارەوە، سەری لەقاند: کەوتە بیری ئەمەی کە خەریکە حوکمی مەرگی کەسێک دەردەکات کە ڕەنگە بێ گوناح بووبێ یان لە ناچاریا کارێکی کردووە، یان هەنجەت و بیانوویەکی ماقوولی هەبووبێ، بیری کردەوە پاشان ژێوان دەبێتەوە. تەنانەت لەو شتەی دەیویست بیڵێ ژێوان دەبێتەوە. وێرای هەموو ئەمەش، جگە لەمە چارێکی دیکەی نەبوو.

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: "بە گوێرەی ویژدانی خۆت بکە، ویژدان هەرچییەکت پێدەڵێت، ئەوە بکە. خودا یار و یاوەرت بێ و لە گوناحت خۆش بێت."

رۆڤینو، سەری هەڵبڕی وئاهێکی هەڵکێشا. بارۆن دیقەتی دا کە چاوە چکۆلەکانی سوور هەڵگەڕاون و فرمێسکیان تیا قەتیس ماون، سیمای لە سیمای کەسێک دەچێ کە بە ئەزموونێکی پڕ کول و کۆڤانا تێپەڕی بێت. رۆڤینو کەوتە سەر چۆکان و بارۆن هێمای خاچی بە سەر هەنیەیدا کێشا و دەستی بردە پێشێ تا دووبارە ماچی بکات. هەنگێ کابرای بەڵەد هەستایە سەر پێیان و بێئەوەی تاقە نیگایەکی دوو پیاوەکەی دی بکات، لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

ئادالبرتو، یەکەمجار هاتە قسە. چاوی بڕی بووە ئەو وردە شووشانەی کە لە بەر پێیدا کەڵەکە بووبوو و گوتی: " من سەری ڕێز بۆ تۆ دادەنەوێنم و داوای بوردن دەکەم. ئیپامینوداس ئەسکوێی حەوت مەنجەڵانە، گرەوی لە شەیتان بردووەتەوە. بە کەماڵی قەناعەتەوە دەیڵێم کە ئێمە مانان سەبارەت بەم پیاوە هەڵەین."

بارۆن لە سەری ڕۆیی: "حەیفێ کە لە گەڵ مەدا نییە. " بەڵام وێرای ئەم کەشفە گەورەیەش، بیری لە ئیپامینوداس گونسالوڤس نەدەکردەوە، بەڵکو لە بیری جورمادا بوو، ئەو ژنە گەنجەی کە رۆڤینو نیازی کوشتنی هەبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئیستیلا بەم واریقاتە بزانێ چەند خەفەتبار دەبێت.

( ٣ )

موریرا سیزار دەڵێت: " ئەم داخۆیانەیان لە دوێنێوە بێرەوە هەڵواسیوە." بە قامچیەکەی دەستی ئاماژە بۆ داخۆیانە فەرمییەکە دەکات کە داوا لە خەڵکە سڤیلەکە دەکات کە هەر چەکێکی ئاگرینیان هەیە بە پەلە و بێ دواکەوتن ڕادەستیکەتیبەی حەوتەمی بکەن. "هەروەها ئەم بەیانییە و بەر لە دەستپێکی پشکنینەکە، داخۆیانەکە بۆ خەڵکەکە خوێنراوەتەوە. کەواتە بەڕێزینە ئیوە زانیوتانە کە چ ڕیسکێکی گەورە دەکەن."

هەر دوو زندانییەکە پشتاوپشت بە یەکەوە بەستراون و هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجە بە ڕوخسار وگۆنایانەوە دیار نییە. هەردووکیان سەرکۆت وپێ پەتین. زیاتر لە کوڕ و باب دەچن، یان مام و برازا بن، یان برا بن، چونکە سیمای پیاوە گەنجەکە وپیاوە بە تەمەنەکە زۆر لێکدی دەچێت. هەردووکیان بە هەمان نیگا چاویان بڕیوەتە ئەو مێزە سەفەرییەی کە ئێستا دەستەی دادڤانی لە دەوری ڕۆنیشتبوون و ئەوانیان دادگایی کرد. لە کۆی ئەو سێ ئەفسەرە سوپاییەی کە دادگاییان کردن، دوویان بە هەمان لەز وبەزی کە هاتن و حوکمی ئەوانیان ڕاگەیاند، وەدەر کەوتن تا پەیوەندی بەو فەوجانەوە بکەن کە لێکدا لێکدا دەگەیینە کانسانسا و، موریرا سیزار، بە تاقی تەنێ بە دیار بەڵگەی تاوانەکەوە، وەستابوو: دوو قەرەبینا و یەک سەندووق فیشەک و توورەکەیەکی چکۆلەی پڕ لە بارووت. جووتە زندانییەکە، جگە لە شاردنەوەی چەک، پەلاماری یەکێک لەو سەربازانەیان، کە گرتبوویانن دابوو و بریندایان کردبوو. هەموو خەڵکی کانسانساو – کە چل پەنجا جووتیارێک بوون – لە بەر دەرگا خڕ بووبوونەوە، کۆمەڵێک سەربازی تفەنگ بە شان لە بەردەمیاندا وەستابوون و نەیاندەهێشت لەوەی پتر نزیک ببنەوە.

عەقید، نووکە شەقێک بە تفەنگەکانا دەکێشێت: " ئەم شتە تورەهات و بێ کەڵکانە بە هیچ ناچن." کەمترین مۆرکی دژمنایەتی بە دەنگییەوە نییە. ئاوڕی لای عەریفەکەی تەنیشتیەوە دەداتەوە، وەکو ئەوەی پرسیاری کات و سەعاتی لێبکات، دەڵێت: "سەرو قوم عەرەقیان بدەیە."

کۆمەڵێک پەیامنێر، کۆمەڵێکی کەم لە نزیکی زندانییەکانەوە، بە بێدەگی وەستاون، جۆرە ترس و پەشۆکانێک بە سیمایانەوە دیارە. ئەوانەیان کە کڵاویان لە سەر نییە، تا تیشکی هەتاوە گەرمەکە سەریان نەسووتێنێ، سەر و دەستەسڕیان بە سەری خۆدا داوە. هەمان دەنگی هەمیشەیی وئاسایی، لە دووری مەیدانەکەوە دێتە گوێ:

تەپەتەپی پوستاڵ و پووت، سمکۆڵان و حیلەی ئەسپان، دەنگی فەرماندان، جیڕەجیڕی تەگەران، قاقای پێکەنین. پێدەچێ ئەو سەربازانەی کە لە ڕێوە دەگەن یان ئەوانەی زووتر گەیی بوون و لە پشوودا بوون، بە هیچ کلۆجێ لە خەمی ئەو بوویەرەدا نەبن کە لەزگ بوو ڕووبدات. عەریفەکە تەپەدۆری سەر بوتڵەکە هەڵدەپچڕێ، بە نۆرە دەمی شووشەکە دەخاتە دەمی هەر یەکێک لە جووتە زندانییەکە. سەروقومی درێژ دەخۆنەوە.

پیاوە گەنجەکە لە ناکاوا دەڵێت: "عەقید، من گەرەکمە گوللەباران بکرێم." موریرا سیزار سەر هەڵدەبڕێ و دەڵێت: "من فیشەکی خۆ لە خاینانی کۆمار بە خەسار نادەم. پیاو بە و وەکو پیاوان بمرە."

ئاماژەیەک دەکات، دوو سەرباز، قەمەکانی قەدیان لە کێلان دەردێنن و بۆ پێشەوە هەنگاو دەنەن، بە لەز وبەز دێنە پێشەوە.

ڕەفتاریان وەکو یەکە، هەریەکەیان بە دەستی چەپ، قژی یەکێک لە زندانییەکان دەگرێ، لە ناکاوا سەری بۆ پێشەوە دەبات وتا دەتوانێ قەمەیەک بە گەروویا دەکات، هەر دوو زندانییە گەنج وبە تەمەنەکە هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە: "بژی مەسیحی موبارەک مورشید، بژی بیلو... "

سەربازەکان بە جۆرێ ڕیز دەبن وەکو ئەوەی بیانەوێ ڕێگە لە پێشڤەچوونی گوندییەکان بگرن، هەرچەندە گوندییەکان لە جێی خۆ نەجوڵابوون. هەندێک لە پەیامنێرەکان ڕووی خۆ وەردەگێڕن، یەکێکیان فرە خەمین دیارە وپەیامنێرە چاوکزە نزیکبینەکەی ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" چارەی داوە بە یەکا. موریرا سیزار چاوی بڕیوەتە دوو جەستە خوێناویەکە کە لە عاردی دا کەوتوون. بە ڕاوێژێکی نەرم دەڵێت: " بیانبەن، لەبەرچاوی خەڵکەکە، لەو شوێنەدا کە داخۆیانەکە هەڵواسراوە فڕێیان بدەن."

ئەوسا، وا دەردەکەوێ کە ماجەرای ئیعدامەکەی بە تەواوی لە زەینی خۆدا سڕیوەتەوە. بە هەنگاوی هەڕاو و تووڕە و لەزەوە لە دەرگا وەدەر دەکەوێ و بەرەو ئەو کولبەیە دەڕوات، کە جۆلانەیەکیان بۆ وی تیا هەڵبەستووە. خێڵی پەیامنێرەکان بە هەشتاو دوای دەکەون وخۆیانی دەگەیەننێ. عەقید، هێدی، بێدەنگ لە ناوڕاستیاندا بێ ئەوەی دڵۆپە ئارەقەیەک بە ڕوخساریەوە بێ، ڕێدەکات، ڕێک بە پێچەوانەی پەیامنێرەکانەوە کە ڕوخساریان، لە گەرما و لەو دیمەنەی کە تۆزێ لەوە پێش دیتبوویان، لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. هێشتا سامی ئەو دوو گەرووە شەق کراوەی کە لە چەند هەنگاوی وان و لەو گۆڕە کەوتبوون، بەری نەدابوون. مانا وچەمکی هەندێ وشە و پەیڤی وەکو: شەڕ، توووند وتیژی، کول وکۆڤان، چارەنووس لە مەداری مجەڕەدی خۆ دەرچووبوون و واقیعیەتێکی بابەتی وجەستەیی تەواویان وەرگرتبوو، زمانی لە گۆخستبوون و توانای قسەکردنی لێبڕی بوون. دەگەنە بەر دەرکی کولبەکە. سەربازێکی خوڵام، لەگەنێ ئاو و خاولیەک بۆ عەقید دێنێت. فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم دەستەکانی دەشوات وشڵپێ ئاوی فێنک بە دەم وچاویا دەدات.

یەکێک لە پەیامنێرەکان کە خۆی لە دەستێ جلکی ئەستوورەوە پێچاوەو هەر ئەم سەرو ئەو سەر دەکات، بەدەم مینگەوە دەڵێت: "قوربان، ڕوخسەت هەیە، هەواڵی ئەم ئیعدامکردنە بە بروسکە ڤڕێ بکەین؟ "

موریرا سیزار، یا گوێی لێنابێ یان نایەوێ وەڵام بداتەوە. بەدەم وشکردنەوەی دەست ودەم وچاوییەوە دەڵێت: " ئەو شتەی کە بەشەر لێی دەترسێت مردنە." ئەو وشانە بە ڕاوێژێکی ئاسایی، بێ هیچ ڕازاندنەوەیەکی دەستکرد، وەکو ئەو گفت و گۆیانەی کە شەوان دەگەڵ ئەفسەرەکانی خۆیدا دەیکرد، درکاند: "بۆیە تاقە سزای کاریگەر تەنیا مەرگە، بە مەرجێ دادوەرانە ئەنجام بدرێ. هەم مایەی عیبرەتی خەڵکانی سڤیلە هەم دژمن تۆقێن. من دەزانم ئەم قسەیە هەندێک توونڈ و بێڕەحمانە دێتە بەرچاو. بەڵام ئەمە تاقە ڕێگەی بەدەست هێنانی سەرکەوتنە لە جەنگا. تاقە ڕێگەی بردنەوەی جەنگە. ئەنگۆ ئەمڕۆ ئەزموونی ئاگری خۆتان بینی. نها بەڕێزینە دەزانن کە دەبێ چاوەڕوانی چ شتانێک بن."

بە ڕەفتارێکی ساردو لەز، پەیامنێرەکان مەرەخەس دەکات وئەوانیش ئیدی دەزانن وفێر بوون کە ئەمە نیشانەی بێ چەند وچوونی هەڤپەیڤینەکەیە.

پشتیان تێدەکات وخۆی بە کولبەکەدا دەکات وپەیامنێرەکان بە تیلەی چاو، جم وجوڵی یونیفۆرمان، نەخشەیەکی گەورەو چەند یاریدەدەرێک دەبینن، کە لاق پێکدا دەکوتن وزرمەی پۆستاڵیان بەرزدەبێتەوە. ئیدی بێزار وخەمین و حەپەساو بە مەیدانەکەدا بۆ خێوەتی خوارنگەکە دەزڤڕنەوە تا بەشە خواردنی خۆیان کە وەکو بەشە خۆراکی ئەفسەرانە وەربگرن. بەڵام دیارە کە شتاقیان ئەمڕۆکە تاقە پاروویەکی بە گەردوودا ناچێتە خوارێ.

هەر پێنجیان، بەهۆی خێرایی پێشڕەوی تابوورەکەوە، شەکەت وماندوون. پشتیان دێشێت، لاقیان ڕەق بووە، هەتاوی ئەم بیابانە لمەلانە، پڕ درک وزەردە سیریەی نێوان کیماداس و مونتە سانتو، حەجمانی لەبەر هەڵگرتوون. لە دڵی خۆدا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەو پیاوانە، واتە زۆربەی هەرە زۆری سەربازانی کەتیبەکە، چۆن بەرگە دەگرن. بەڵام زۆرێک لە سەربازەکان بەرگە ناگرن. بە چاوی خۆ دەیانبینن کە چۆن لە پەل و پۆ دەکەون و وەکو فەردە کا هەڵیاندەدەنە گالیسکەی نوژدارییەوەو لە سەر یەکدی کەڵەکەیان دەکەن. نها دەزانن کە ئەم پیاوە لە پێ کەوتووانە وەختایەک وەخۆ بێنەوە چۆن تەمبێیەک تەمبێ دەکرێن. پەیامنێرە چاوکزە نزیکبینەکە لە دڵی خۆدا دەڵێت: "شەڕ یانی ئەمە." چونکە تا پێش ئیعدام کردنەکە شتێکیان نەبینی بوو کە لە جەنگ بچێ. بۆیە نەیاندەزانی کە فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم، بەو دڵڕەقی و توونډییە سەربازەکانی بەرەوپێش دەڕانێ. باشە ئەمە کێبڕکێ بوو بەرەو تراویلکە؟ ڕاستە جۆرەها دەنگۆ سەبارەت بە کارێن توونڈ و تیژی شەڕڤان و یاخییەکان، لە زاری خەڵکی دەڤەرەکەوە دەهاتە گێڕانەوەو بەسەر زارانەوە بوو، بەڵام ئەو شەڕڤان و یاخی و ئاژاوەگێڕانە لە کوێ بوون؟ نها جگە لە گوندێن نیوە چۆڵ، کە ڕۆنیشڤانانی(دانیشتوان) بەد بەختیان بە بێموبالاتی تەمەشای تێپەڕبوونی ئەمانیان دەکرد، هیچی دیکەیان نەبینی بوو. هەر پرسیارێکت لێکردبان، تەنیا سەرێکیان هەڵدەتەکاند و هیچی دی. هیچ هێرشێک نەکرایە سەر تابوورەکە، تەنانەت تاقە جارێکیش دەنگی تۆپ وتفەنگیان نەهاتە گوێ. ئایا ڕاستە ئەو پەز وماڵاتەی کە دیار نەدەمان، دژمن دەیدزین؟ وەکو موریرا سیزار ئەمەی پێیان گوتبوو. ئەم پیاوە وردیلە و بزێو و نەسرەوتە، نەدەچووە دڵیانەوە، بەڵام متمانە بەخۆ بوون و توانا و خۆڕاگری بەبێ خەو و خۆراک وتوانا و تاقەتی لەبن نەهاتگی، زۆر کاری تێکردبوون. لە کاتێکا ئەوان خۆیان لە پەتۆکانیانەوە دەپێچا تا خۆ بۆ خەوێکی ناخۆش ئامادە بکەن، ئەویان دەبینی کە بێدارەو، بە هەشتاو دێ و دەچێ، خۆی بێرە و بەوێدا دەکات وهێشتا دوگمەی یونیفۆرمەکەی نەکردووەتەوە، هێشتا قۆڵەکانی هەڵنەکردوون. بە سەرڕێزی سەربازەکاندا دەگەڕا، هەندێجار دەوەستا تا دوو قسان دەگەڵ پاسەوانەکاندا بکات، یان قسەیەک دەگەڵ ئەفسەرانی فەرماندەییدا بکات.

سپێدە زوو، وەختایەک شەیپوری بێدارباشی لێدەدرا، سەربازان شەکەت و خەواڵوو چاویان دەکردەوە، ئەو حازر و ئامادە، سەر و چاو شۆراو، ڕدێن تاشراو لەوێ پرس و جۆی دەگەڵ تەتەر و پێشقەرەوڵەکاندا دەکرد یان تۆپخانەکانی بە سەر دەکردەوە، لە تۆ وایە شەوێ لە بنی نەخەوتووە. تەنانەت تا پێش ئەو کردەی ئیعدامەی تۆزێ لەوە پێش، شەڕ بەلای ئەوانەوە دەیکردە ئەم پیاوە، ئەو تاقە کەسێک بوو کە بە بەردەوامی باسی شەڕی دەکرد، بە متمانە وباوەڕێکی ئەوتۆوە باسی دەکرد، کە قەناعەتی بەوانیش دەکرد، واداری دەکردن، کە خۆیان لە ناو جەرگەی شەڕدا بدینن، شەڕ لە هەر چوار نکاڵەوە دەوری داون. قەناعەتی پێکردبوون کە گەلێک لەو خەڵکە برسی و بێ خەم و خەیاڵانەی – وەکو ئەو دوانەی ئیعدام کران – کە لە کوختەکانیان دێنە دەرێ و تەمەشای تێپەڕبوونی ئەمان دەکەن، پیاوی دژمنن. لە پشت ئەو چاوە پەنهانکارانەوە جاسووس و شۆفاران هەن، حیساب بۆ هەموو شتێ دەکەن، هەموو زانیارییەک ئەزبەر دەکەن، تۆماری دەکەن و ئەم زانیاریانە بەلەز و بەز بەر لەوەی تابوورەکە بگاتە کانودوس، دەگاتە ئەوێندەر. پەیامنێرە چاوکزە نزیکبینەکە، بیری دەکەوێتەوە کە پیاوە بە تەمەنەکە پێش ئەوەی بمرێ چۆن هاواریکردبوو: " بژی مورشید " . لە دڵی خۆدا دەڵێت: " لەگینە ئەم ڕاست بێ، لەوەیە هەموو ئەمانە دژمن بن."

ئەمجارەیان، بە پێچەوانەی وەستان و پشووەکانی پێشووەوە، هیچ یەکێک لە پەیامنێرەکان، بۆ سووکە چاو گەرم کردنێکیش ڕاناکشێت. هەموو گێژ ونیگەران، لە دەوری چادری خوارنگەکەدا پێکەوە وەستاون، بەدەم جگەرەکێشانەوە دەبیرەوە چوون، خەیاڵ بردوونیەوە. لێ ڕۆژنامەوانەکەی ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس " ناتوانێ چاو لەو دوو جەنازەیە بگوازێتەوە کە لە ژێر درەختێکا درێژاودرێژ کەوتبوون و، ئەو داخۆیانەش کە ئەوان بە هەندیان نەگرتبوو، بە سەریانەوە وبەدەم بایەکەوە دەشەکایەوە. دوای یەک سەعات، ئیدی پەیامنێرەکان، ڕێک لە دوای بەیرەقدارەکان وعەقید موریرا سیزار، ڕیز بوون و بەرەو پیری شەڕێک دەچوون کە بە لای ئەوانەوە ئێستا، بە ڕاستی دەستی پێکردبوو.

پێش ئەوەی بگەنە مونتە سانتو، لە دوو ڕیانێکا نیشانەیەکی چکۆلەی کالەوە بوویان هاتە پێشێ کە بۆ مەزرای کالومبی دەچوو. تابوورەکە پاش شەش سەعاتە ڕێ دەگاتە ئەوێندەر، لە کۆی هەر پێنج پەیامنێرەکە، تەنیا پەیامنێرە لەرزۆکە داهۆڵ ئاساکەی لە مەڕ ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" لە نزیکەوە بویەرێکی مردن دەبینێ، پەیوەندییەکی باڵکێش لە نێوان ئەم پیاوەو فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم چێبووە، کە نە دەچێتە خانەی دۆستایەتی جدی و نە خانەی مجامەلەی تەواوەوە. ڕەنگە زادەی جۆرە کونجکاویەکی هەڤدژ بێ. بە هەرحاڵ ئەم پیاوە کە لە کاریکاتۆری خۆی دەچێ – نەک هەر لەو کاتانەدا کە دادەنیشێت و مێزە سەفەریە عەنتیکەکەی لە سەر ئەژنۆکانی دادەنێت و مژووڵی نووسین دەبێ و پەڕە مووچەکەی بە شووشە مەرەکەبەکەدا دەکات، کە زیاتر لەو کەڵەشاخە دەچێ کە "کابوکولوسەکان " وەختێ دەچنە ڕاوێ، ژەهری تێدەکەن تا لە سەری تیرەکانیانی بدەن – بەڵکو لەو کاتەشا کە بە پێیان دەڕوات یان سواری قاتر دەبێ، هەمیشە وا دێتە بەرچاو، کە لە ئان و ساتایە بەربێتەوە. بەڵێ وا دیارە ئەم پیاوە مەفتون وئەفسوونی ئەو عەقیدە وردیلەیە بووبێ، تەیری گول عاشق بە داری زەقنەبووتە. سات بە سات پەیگیری دەکات، خۆی لێ نزیک دەکاتەوە. وەختایەک لە گەڵ هاوڕێکانیا گفت وگۆ دەکات، سەری زمان وبنی زمانی موریرا سیزارە، ئەوەندەی ئەوی بەلاوە گرینگ و مەبەستە، کانودوس یان شەڕەکەی بەلاوە گرینگ نییە. ئەدی چ شتێکی ئەم ڕۆژنامەڤانە گەنجە بووە بە مایەی سەرنجی عەقید؟ خۆشی بە کوێیا چووە... ڕەنگە جلکە نائاساییەکانی، قەد و قەلافەتە عەنتیکەکەی کە لە ئێسکە پەیکەری گەڕۆک دەچوو، چوار پەلە لاوازەکەی، قژە بژ وچڵکنەکەی، نینۆکە درێژەکانی کە لە چڵکنیدا ڕەش هەڵگەڕابوون، ڕەفتاری

نەرم و نیانی، یان قەڵافاتی کە کەمترین شتی تیا نەبوو کە عەقید بتوانێ بە پیاوەتی و نیشانەی عەسکەریی بزانێت. بە هەر حاڵ، شتێک لەم ڕۆژنامەڤانە غەریب وکۆمیدی ودەنگ ناساز وناخۆشەدا هەبوو، کە ئەم ئەفسەرە کورتە باڵایەی، بە هەموو زەبت و ڕەبت و کەش وفش ولە خۆ ڕازی بوونەیەوە، ڕادەکێشا. ئەو تاقە کەسێک بوو، کە عەقید لە گفت و گۆ و پرێس کۆنفرانسەکانیا، ڕووی دەدایێ و هەندێجار دوای شام بە تەنیا هەڤپەیڤینی دەگەڵدا دەکرد. زۆرجار لە کاتی ڕاپەیماییەکانا، پەیامنێرەکەی " جورنال دی نوتیسیاس " بە سواری هێسترەکەی پێش پەیامنێرەکانی دی دەکەوت وخۆی دەگەیاندە عەقید، وەکو ئەوە بوو جڵەوی ئەو بەدەست قاترەکەوە بێ. ئەمجارەش وەختایەک تابوورەکە لە کانسانسیاوە بەڕێکەوت، هەمان کاری کرد.

پەیامنێرەی چاو کزی نزیکبین، کە بە سەر هێسترەکەیەوە وەکو بووکەڵە سەمای دەکرد، لە نێو ئەو یاوەرو ئەفسەر و حیمایانەدا کە دەوری موریرا سیزاریان بە سەر ئەسپە سپیەکەیەوە دابوو، لە چاو ون بوو. کە دەگەنە ئەو پێچەی کە بۆ کالومبی لای دەدا، عەقید دەستی ڕاستی بەرزکردەوە کە بوەستن.

ئیسکۆرتەکان هەموو بە سواری ئەسپان بە تاو بۆی دەردەچن تا پەیامی وەستان بە هەموو فەوجەکانی کەتیبەکە ڕاگەیەنن و شەیپووری وەستان لێبدرێت. موریرا سیزار، ئولیمپیو کاسترو، کوینیماتوس و، تامارێندو لە ئەسپەکانیان دێنە خوارێ و پەیامنێرەکەش بە خشە خش لە قاترەکەی دادەبەزێت. لەو سەری تابوورەکەوە، پەیامنێرەکان و زۆرێک لە سەربازەکان بە هەشتاو خۆ دەگەیەننە گۆلاوێکی وەستاو، سەر و چاو و لاقیان فێنک دەکەنەوە، مێجەرو تامارێندۆ نەخشەیەکیان بەدەستەوەیەو دەوری دەکەنەوە، موریرا سیزار بە دووربینە مەیدانیەکەی تەمەشای دوور دەکات.

هەتاو، خەریکە لە تاقە لوتکەیەکی دوورە دەستا – مونتە سانتو – ئاوا دەبێت، لوتکەکە لە بەر زەردەپەڕی هەتاوەکەدا، وەکو تاپۆ دەنوێنێ. عەقید، کە دووربینەکەی دادەنێ، ڕەنگ بە ڕوویەوە نامێنێت، بە ئاشکرا نیگەرانی پێوە دیارە.

نەقیب ئولیمپیو کاسترو دەپرسێت: " چ خێرە قوربان؟"

عەقید، وەکو ئەوەی شتێکی غەریبی لە ئەوک گیرابێ د ەڵێت: " وەخت... لەوەیە پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەوێندەر، ئەوان هەڵێن ودەربازببن."

ڕۆژنامەڤانە چاوکزە نزیکبینەکە هەڵدەداتێ: " هەڵنایەن، باوەڕیان وایە خوایان لە پشتە. خەڵکی ئەم دەڤەرە حەزیان لە شەڕی ڕاستەقینەیە."

یارۆی نەقیب بە سوعبەتەوە دەڵێت: "پەندی پێشینیانە، ڕێگە بۆ دژمنی بەزیو خۆشبکە"

عەقید، کە بە ئاستەم قسەی بۆ دێ دەڵێت: " لەم حاڵەدا نا. دەبێ پەندێکی وایان پێبدەین کە ئەم خەیاڵ پڵاوەی سەڵتەنەتخوازییەیان لە بیر بچێتەوە، تۆڵەی سووکایەتی کردن بە سوپایان، لێبکەینەوە."

بەدەم قسەکردنەوە دەنگی دەلەرزێ، فاسیلە دەخاتە بەینی وشەکانەوە. جارێکی دی زار دەکاتەوە تا شتێک بڵێت، بەڵام هیچ وشەیەکی لە زار دەرنایەت. ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە، چاوەکانی سوور بوونەتەوە، غەزەبیان لێدەبارێت. لە سەر قەدی دارێکی کەوتوو ڕۆدەنیشێت، بە هێواشی شەپقە فەرەنسیەکەی دادەکەنێ. پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی " جورنال دی نوتیسیاس " دەڕوات و لەوێندەر دادەنیشێت. کە دەبینێ موریرا سیزار، دەستی بۆ سەر

و چاوی برد، کڵاوەکەی لە دەست بەربووەوە، لە ناکاو هەستایە سەر پێ، بە لادا هات، دەم و چاوی بوو بە چەوەنەری سوور، بە توندی و تووڕەیی، وەکو ئەوەی لەزگ بێ بخنکێ، دوگمەکانی کراسەکەی کردەوە، ئیدی بە دەم گینگڵ دانەوە کەوتە بەر پێی نەقیب ئولمپیودی کاسترو و پەیامنێرەکە، ئەم دووانە تیا مابوون کە چی بەسەر هاتووە، ئەم ناڵین وئاخین و کەفچەرینەی لە چییە وبۆ خۆی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ. بە دوو قۆڵی دادەنەونەوە تا هەڵی بگرنەوە، تامارینڈو، کونیا ماتوس و چەند یاوەرێکی دیکە بە هەشتاو بۆ لای دێن. عەقید تامارینڈو هاوار دەکات، بە کەش وفشەوە دەڵێت: "دەستی لێمەدەن! خێرا پەتۆیەکی پێدا بدەن! بچن بە دوای دکتۆر "سوزا فیریرو" دا. کەس لێی نزیک نەبێتەوە. بچنە دواوە، بۆ داوە."

مێجەر کونیا ماتوس، ڕۆژنامەڤانەکە دوور دەخاتەوە و لە گەڵ حیمایەکانا دەڕوات تا ڕێگە لە پەیامنێرەکانی دی بگرێت. بە تۆپزی پەیامنێرەکان قەدەرێ دوور دەخاتەوە. لەو حاڵ و ئەحواڵەدا پەتۆیەک بە سەر موریرا سیزاردا دەدرێت وئولمپیمودی کاسترو تامارینڈو چاکەتەکانیان دادەکەنن و قەدی دەکەن و وەکو سەرین لە ژێر سەری عەقیدی دادەنەن.

عەقیدی پیری دەوراندیدە، کە زۆر چاک دەزانێ دەبێ چ بکرێ، دەڵێت: " زاری بکەنەوەو زمانی بگرن" هەنگێ ئاوڕی لای دوو یاوەرەکە دەداتەوە و ئەمریان پێدەکات چادرێک هەڵبدەن.

نەقیب، بە خورتی زاری موریرا سیزار دەکاتەوە، لەرزینەکەی عەقید ماوەیەک درێژە دەکێشێت. ئەنجام دکتۆر سوزافیریرو بە عەرەبانەیەکی بەشی نوژدارییەوە دەگاتە جێ، چادرەکەیان هەڵداوە، موریرا سیزار، لە ژێر چادرەکە ولە سەر قەرەوێڵەیەکی سەفەری ڕاکشاوە. تامارینڈو و ئولیمپیو کاسترو بە دیارییەوە لەمبەرو لەوبەری قەرەوێڵەکەوە وەستاون و بە نۆرە زاری دەکەنەوە وهەوڵدەدەن پەتۆکەی لە سەرلانەچێت.

ناوبەناو کەف بە لالغاوەی عەقیدا دێتە خوارەوە. دەم وچاوی لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، چاوی نوقاون، گینگڵ دەدات، ناڵەناڵی پچڕپچڕی لێ بەرزدەبێتەوە. دکتۆر وعەقید تامارینڈو بە بێدەنگی، بێ چ قسەیەک تەمەشای یەکدی دەکەن. یارۆی نەقیب دەیگێڕێتەوە کە چۆن وکەی ئەو حاڵەتەی بە سەرهات.

دکتۆر سوزفیریرو، خەریکی داکەندنی چاکەتەکەی عەقید بوو، داوا لە ئینزیباتەکان دەکات کە جانتای کەرەستە نوژدارییەکەی بۆ بێنن. ئەفسەرەکان لە چادرەکە وەدەردەکەون تا دکتۆر بە کاوەخۆ معایەنەی نەخۆشەکە بکات. پاسەوانانی چەکدار دەوری چادرەکە دەگرن تا لە پاشماوەی تابوورەکەی دابڕن. ڕێک لەولای پاسەوانەکانەوە پەیامنێرەکان وەستاون وهەوڵدەدەن لە بەینی تفەنگەکانەوە تەمەشای نێو چادرەکە بکەن. ڕۆژنامەڤانە چاوکزە نزیکبینەکەیان پرسیار پێچ کرد و ئەویش چی دیتبوو، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕانەوە. لە نێوان پاسەوانەکان و ئوردوگاکەدا ئەرزێکی چۆڵ هەبوو کە هیچ ئەفسەر وسەربازێک بۆی نەبوو بە بێئیزنی مێجەر کونیاماتوس بەوێدا تێپەڕێت. مێجەر دەستەکانی خستوونەتە پشتی و بە هەنگاوی هەڕاوەوە دێ ودەچێت. هەردوو عەقید تامارینڈو ونەقیب ئولیمپیو کاسترو بە گەڵی دەکەون وپەیامنێرەکان دەیانبینن کە بە سێ قۆڵی بە دەوری چادرەکەدا پیاسە دەکەن تا زیاتر هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچێ، سەرو ڕوخساریان تاریکتر دەبێت، تامارینڈو ناوبەناو خۆی بە چادرەکەدا دەکات ودێتە دەرێ وبە سێ قۆڵی دەکەونەوە هات وچۆ. ماوەیەک دەبوورێ، چەند خولەکێک، نیو سەعاتێک، تۆ بڵێ سەعاتێک تێدەپەڕێ، هەنگێ نەقیب کاسترۆ، لە ناکاوا بەرەو ڕووی پەیامنێرەکان دەڕوات وبە ئاماژەی دەست پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" بۆ لای خۆی بانگ دەکات. لە

جێگایەکی پشت ئۆردوگاکەوە ئاگرێکیان کردووەتەوە، شەیپوری شێو تێی دەتورێنێ. پاسەوانەکان ڕێگە بە پەیامنێرە چاوکزە نزیکبینەکە کە نەقیب دەگەڵ خۆیا بۆ لای عەقید ومێجەرەکەی دەبات، دەدەن کە تێپەڕێت.

تاماریندو لەبن لێوانەوە دەڵێت: "تۆ ئەم دەڤەرە شارەزایت دەتوانی یارمەتیمان بدەیت." دەم و ڕاوێژی وەکو هەمیشە دۆستانە نییە، پێدەچێ لە دڵی خۆیدا حەزنەکات باسی مەسەلەیەکی گرینگ دەگەڵ بابایەکی غەوارەدا بکات، بەڵام چ بکات چاری ناچارە، بۆیە هەوڵدەدا بە سەر ئەم کێشماکێشە دەرونیەی خۆیدا زاڵ بێت وگوتی: " دکتۆر مکوورە لە سەر ئەوەی کە عەقید بۆ شوێنێ بەرین کە بە لای کەمەوە تەوالێت وجێگەی ئیسراحەتی هەبێ، تا بکرێ بە باشی پەرستاری بکرێ. لەم نزیکانە مولکێ، مەزرایەک هەیە؟ "

بەدەنگی بەرز دەڵێت: " هەڵبەتە هەیە. تۆش وەکو من دەزانی کە هەیە."

عەقید تاماریندو، پرسیارەکەی خۆی ڕاستدەکاتەوە: "هەڵبەتە مەبەستم، جگە لە کالومبی بوو. عەقید زۆر بە ڕاشکاوی دەعوەتەکەی بارۆنی، بۆ ئەوەی کەتیبەکە لە مەزراکەی ئەوا ئۆردوبەز بکات، ڕەفزکرد. ئەوێ جێگەیەکی لە بار نییە تا عەقیدی بۆ بەرنێ."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە شێوەیەکی بنجبڕ دەڵێت: "لەم دەوروبەرە هیچ مولک ومەزرایەکی دی نییە." لەنێو بومەلێڵی ئێوارەوە چاو دەبڕێتە چادرەکە وئەو ڕوناکیە سەوزباوەی کە لێیەوە دێتە دەرێ: " ئەوەی لەم دەڤەرەدا، لە نێوان کانسانساو و کانودوس دا، لە هەتەری چاودایە هەر هەمووی هی بارۆن کانا براڤایە."

عەقید، بە خەمینی سەیری دەکات. لەم ساتەدا دکتۆر سوزافیریرو بەدەم دەست وشک کردنەوەوە لە چادرەکە دێتە دەرێ. کابرایەکە لاجانگەکانی بۆز بوون، قژەکەی تەپیوە بە سەریەکا، یونیفۆرمی سوپایی لە بەرە. ئەفسەرەکان لێی خڕدەبنەوەو پەیامنێرەکە لە بیردەکەن کە لە جێگای خۆ وەستاوەو گۆساخانە تەمەشایان دەکات و چاوەکانی لە پشت هاوێنەی عەینەکەکەیەوە درشت تر دەنوێنن.

دکتۆر، بە ڕاوێژێکی گلەیی ئامێزەوە دەڵێت: "هی ماندوویەتی ئەقڵی و بەدەنی ئەم چەند ڕۆژەیە..." جگەرەیەک پێدەکات " دوای دوو ساڵ، ئەمە جەڵتەی دووەمە. لەم وەزع و حاڵەدا کە ئێمەی تیاین، ئەمە نەگبەتیە یان کاری شەیتانە، کێ دەزانێ؟ بڕێک خوێنم لێگرت، نەبا لە زۆر خوێنی بێ. بەڵام پێویستی بە حەمام ومەساج هەیە، پێویستی بە مالیجەی تەواو هەیە. ئیدی بەڕێزینە خۆتان بڕیاربدەن."

کونیاماتوس وئولیمپیو کاسترو تەمەشای تاماریندو دەکەن. تاماریندو کۆکەیەکی بۆ دەکات، گەرووی پاک دەکاتەوە، بەڵام هیچ ناڵێت. سەرەنجام دەپرسێت: " ئێوە ڕژدن لە سەر ئەوەی کە بۆ "کالومبی"ی ببەین، لە کاتێکا ئێوە دەزانن کە بارۆن بەخۆی لەوێندەرە؟

سوزافیریرو، بلەز هەڵدەداتێ: " من ناوی "کالومبی"م نەبردووە. من تەنیا باسی ئەوەم کردووە کە نەخۆشەکە پێویستی بە چییە. بە یارمەتیتان با شتێکی دیکەش بڵێم، هێشتنەوەی ئەو بەم حاڵەوە و لێرەدا ئەوپەڕی حەماقەتە."

کونیاماتوس هەڵدەداتێ: "تۆ بەخۆت عەقید دەناسیت. ئەو کە خۆی لە ماڵ ومەزرای یەکێک لە ڕابەرانی خراپکارانی سەڵتەنەتخوازان ببینێتەوە، هەست بە سووکایەتی دەکات."

دکتور سوزافیریرۆ، بە بێموبالاتیەوە شانەکانی هەڵدەتەکێنێ: " من لەگەڵ بڕیاری ئێوەدام، بڕیار بڕیاری ئێوەیە. من ئەفسەرێکم بە پلە لە هەمووتان بچووکترم. من ئەرکی خۆم جێبەجێ کردووە."

دەنگە دەنگێک لە پشتیانەوە بەرزدەبێتەوە، دەکاتە کارێک هەر چوار ئەفسەرەکە و پەیامنێرەکە ئاوڕ بدەنەوە و سەیری لای چادرەکە بکەن. موریراسیزار، لەبەر زارکی چادرەکەدا وەستاوە، لەبەر ڕۆشنایی کزی فانۆسەکەی نێو چادرەکەدا، بە لێڵی دێتە بەرچاو. هەندێ ورتە ورتی لە زار بەر دەبێتەوە کە ئەوان بە باشی لێی حاڵی نابن. دوگمەی چاکەتەکەی کراوەتەوە، هەموو سینگ و بەرۆکی بە دەرەوەیە، بڕێک پەڵەی ڕەشی بە سەرەوەیە کە وادیارە زەروون. هەردوو دەستی بە چادرەکەوە گرتووە. هەر هێندەی بەبەرەوەیە بۆ چەند خولەکێک بکارێ خۆی بە پێوە بگرێت. دەبیبنن لە ناکاوا دادەڕوخێ ونالەیەکی لێ بەرزدەبێتەوە. دکتۆر دادەنەوێتەوە تا بە تۆپزی زاری بکاتەوەو ئەفسەرەکان لە دەست ولاقی و شانەکانی دەنەون و بۆ سەر قەرەوێڵە سەفەرییەکەی دەبەن.

نەقیب ئولیمپیو کاسترۆ دەڵێت: "من مەسئولیەتی بردنی بۆ کالومبی هەڵدەگرم ." تاماریندو دەڵێت: "زۆرچاکە نەقیب، چەند یاوەرێک ببە ولەگەڵ دکتۆر سوزافریرودا بیبەن. بەڵام کەتیبەکە بۆ مولک و مەزراکەی بارۆن ناڕوات وهەر لێرە ئۆردوبەز دەکات."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، بە دەنگە ناسازەکەی هەڵدەداتێ: " منیش لەگەڵتاندا بێم جەنابی نەقیب؟ من بارۆن دەناسم. من پێش ئەوەی بچم بۆ ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" ، کارم بۆ ڕۆژنامەکەی ئەو دەکرد."

***

دوای ئەوەی سوارە بە کرێگیراوەکان بە سۆراخیانەوە هاتن و تەنیا چەپکێ قژی سووریان وەکو دەسکەوت دەگەڵ خۆدا برد، ئەوان دە ڕۆژی دی لە ئیپوپیارا مانەوە. کابرای غەوارە خەریک بوو ڕوو لە چاکبوونەوە دەچوو. شەوێک ژنە ڕدێندارەکە گوێی لێی بوو کە بە پرتوگالیەکی تێکشکاو قسە دەگەڵ جورمادا دەکات. لە جورمای دەپرسی کە لە چ مەملەکەتێکە و کات چ ڕۆژ و چ هەیڤێکی ساڵە. ئێوارەی ڕۆژی دوایی، لە عەرەبانەکە دابەزی و بە لارەلار چەند هەنگاوێکی نا. دوو شەو دواتر چوو بۆ فرۆشگاکەی ئیپوپیارا، تایەکە بەری دابوو، بەڵام هێندە لاواز بووبوو، دەتگوت قامیشە، بەڵام سەرحاڵ وبە دەماخ بوو، خەریک بوو خاوەن فرۆشگاکەی- کە بە سەرسامی دەیڕوانیە سەرە تاشراوەکەی ئەم – بە پرسیاران دادەگرتەوە، پرسیار دەربارەی کانودوس و شەڕ. ئەوەندە بە خەبەرو باسەکان خۆشحاڵ بوو کە کابرای دووکانداری ناچارکرد چەندین کەڕەت ئەو هەواڵەی بۆ دووپات بکاتەوە کە لەشکرێکی پێنج سەد کەسی بە فەرماندەیی مێجەر فیبرونیو بریتو لە باهیاوە هاتبوو و لە ئوکامبایودا، تەفر و توونا کرابوو. ئەوەندە بەو خەبەرە خۆشحاڵ بوو، بە جۆرێ حاڵی لێهاتبوو کە جورما و خانمە ڕدێندارەکە وکورتەڵە، وایان مەزەندە دەبرد هاکا دووبارەو بە زمانی بێگانە بکەوێتە وڕاوە. لێ پاش ئەوەی پێکێ " کاجاسا "ی دەگەڵ دووکاندارەکەدا خواردەوە، گال خەوی لێکەوت ودە دانە سەعاتی خشت خەوت.

جارێکی دی لە سەر داوای لە پەستا و بێ پسانەوەی گال بەڕێکەوتن. ئەهلی سێرکەکە حەزیان دەکرد ماوەیەکی زۆرتر لە ئیپوپیارا بمێننەوە، چونکە لەوێ بەلای کەمەوە دەیانتوانی بە گەمە و نواندنەکانی یارۆی لێبوک و بە بەیت و حیکایەتان خەڵکی گوندەکە سەرگەرم بکەن و خواردنێک بۆ خۆ پەیدا بکەن. لێ کابرای غەوارە " گال " لەوە دەترسا کە بەکرێگیراوەکان جارێکی دی بە سوراخیەوە بێن وئەمجارە سەری لەگەڵ خۆدا ببەن. چاک بووەوە. بە گوڕ وتینێکی ئەوتۆوە دەپەیڤی کە ژنەی ڕدێندار، کورتەڵە و یارۆی لێبوک حایر وحەپەساو و مەندەهۆش گوێیان لێدەگرت. دەبوایە بە مەزەندە مانای هەندێک لە قسەکانی هەڵێنجن. هێندە بە ئاو وتاو باسی شەڕڤان ویاخییەکانی دەکرد کە ئەوانیشی دەهێنایە جۆش وخرۆش.

خانمە ڕدێندارەکە لە جورمای پرسی: باشە ئەویش یەکێکە لە مورید و یاوەرەکانی مەسیحی موبارەک، لەوانەی کە بە هەموو دیار ودەڤەرەکانا دەسوڕێنەوە. یانی لە خێڵی مژدەبەران بوو. نا، لەوان نەبوو، قەت بۆ کانودوس نەچووبوو، مورشیدی نەدەناسی، تەنانەت باوەڕی بە خوداش نەبوو. جورما بە خۆیشی سەری لەم شێتاتیەی ئەو دەر نەدەکرد. کاتێ گال گوتی بە نیازە بۆ باکوور بڕوات، ژنەی ڕدێندار و کورتەڵەش بڕیاریان دا بە گەڵی بکەون. بە خۆشیان سەدەم و ئەنگیزەی ئەم بڕیارەی خۆیان نەدەزانی. ڕەنگە بە هۆی جازیبە وگیرایی ئەوە بووبێ – تەنی گەورە، تەنی بچووک ڕادەکێشێت – یان لەوەیە هۆکەی ئەوە بووبێ، کاری لەوە باشتریان نەبوو کە بیکەن. یان ڕەنگە توانای ئەوەیان نەبووبێ، بەرەنگاری پیاوێک ببنەوە کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە، لە ژیانیا ڕێگەی دیاری بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.

سارەزی(سبەی زوو) کەوتنە ڕێ، بە درێژایی ڕۆژەکە ڕێگای بەردەڵان و پڕ دڕک و داڵیان، بێئەوەی ورتەیان لێوە بێ، دایە بن پێوە. گالیسکەکە لە پێشیانەوە دەڕۆیی، ژنە ڕدێندارەکە وکورتەڵە و یارۆی لێبۆک شانبەشانی ڕێیان دەکردو، جورما لە دەستە ڕاستەوەو لە ئاستی تەگەری گالیسکەکەوە ڕێی دەکردو گال لە دوای هەموویانەوە بوو. بۆ ئەوەی خۆی لە تیشکی هەتاوەکە بپارێزێ شەپقەیەکی مەکسیکی لە سەر نابوو کە سەردەمانێ هی پدریمە دێو بوو. هێندە لاواز بووبوو، پانتۆڵەکەی بە بەری دەڵب بووبوو، کراسەکەی بە سەر شانەکانیەوە بەند نەدەبوو وپەیتا پەیتا دادەخزی. ئەو فیشەکە گڕدارەی کە پێوەی نرابوو وپشتە سەری ڕوشاندبوو، هەر دوو پەنا گوێیەکانی شین ومۆر کردبووەوە، کێردەکەی کایفاسش مۆری زامێکی بەنێوان مل و شانیەوە نابوو. ڕەنگ وڕووە سیسەڵە وچرچەڵەکەی کردبوویە کارێک کە چاوەکانی گەورەتر وزەقتر لە جاران بێنە بەرچاو. لە ڕۆژی چوارەمی سەفەرەکەیانداو لە پێچی جادەیەکدا بە نێوی " سیتیوداس فلورس " تووشیان بوو بە تووشی گرووپێک لە شەڕڤان ویاخی و شەقاوە برسیەکانەوە کە بە تۆپزی کەرەکەیان لێسەندن. لە نێو دڕوە زارێکا بوون کە بەستێنی ڕوبارێکی وشک کردبووی بە دوو بەشەوە. لە دووری دوورەوە بنار و قەدپاڵی چیای "سیراداس ئەنگوردا " یان لێوە دیاربوو. شەڕڤان وچەتە ویاخییەکان هەشت کەس بوون، هەندێکیان چەرمینە پۆش بوون، شەپقەی مەکسیکی کڵاودراویان لە سەر بوو، چەکەکانیان بریتی بوو لە کێرد و قەرەبینا و تاپڕ وفیشەکدانی سەر ملان. ڕابەرەکەیان پیاوێکی کورتەباڵا و ورگن، لەو لاوە تەمەشات کردبا، لە دالاشی ڕاوکەر دەچوو، چاوانی تیژو بێباک وخوێنڕێژ دیار بوون، هەرچەندە کۆسە بوو و هیچ ڕیشێکی نەبوو، پیاوەکانی پێیان دەگوت "ڕیشۆ" . ئەم پیاوە چەند عازێکی کورتی دا، چەتەکانی لە چاوتروکانێکا کەرە چکۆلەکەیان کوشتەوە و کەوڵیان کرد ولەت و پەتیان کرد و ئاگرێکیان کردەوە و چەند پارچەیەکی گەورەیان لە گۆشتی کەرەکە برژاند و ئەوسا بە تامەزرۆییەوە بە سەریا دابارین و دەستیان بە خواردنی کرد. دیاربوو چەند ڕۆژێک بوو زەوادیان نەچووبووە سەر زار، ئیدی هەندێکیان دوای ئەوەی مڕ بوون، شاد وشەنگوڵ هەڵیانکردە گۆرانی بۆ ئەم زیافەتە خۆشە.

گال، لە کاتێکا کە تەمەشای ئەوانی دەکرد، بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ چەندی پێدەچێ تا دالاش وخاک و هەتاو و با ئەم لاشەیە دەگۆڕێ بۆ چنگێ ئێسک و پروسکی سپی وخاوێن، وەکو ئەو ئێسک و پروسکانەی کە لەو دەشت ودەرەدا چاوی بە دیتنیان ڕاهاتبوو، ئەو ئێسکە پەیکەر وپارچە ئێسقانانەی کە بوونی بەشەری یان حەیوانیان وەبیر دێنایەوەو، ئەوەی وەبیر ڕێبوار دێنایەوە کە ئەگەر لە ماندوویەتیا ڕێ دەرنەکات یان بمرێ، چ قەدەر و چارەنووسێکی شووم چاوەڕوانی بوو. لە ناو گالیسکەکەدا، لە تەنیشت ژنە ڕدێندارەکە و کورتەڵە و، لێبۆک وجورماوە دانیشتبوو. ڕیشۆ، کڵاوەکەی، کە نیشانەیەکی زێڕی، لە ئاستی ناوچەوانیەوە پێوەبوو و

دەدرەوشایەوە، لە سەر داکەنی و بە ئاماژەی دەست سێرکەوانەکانی بۆ خواردن خوڵک کرد. هەوەڵین کەسێک کە جورئەتی ئەو کارەی کرد یارۆی لێبۆک بوو، کە کەوتە سەرچۆکان ودەستی بۆ دووکەڵە چڕەکە برد، هەنگێ ژنەی ڕدێندار وکورتەڵە وجورماش چاویان لەو کرد. لێ گال بەرەولای ئاگرەکە چوو. ژیانی ئەو دەشت و بیابانە وەکو هەر سارانشینێک تاوە سووتی کردبوو، و بەو ژیانە ڕاهاتبوو، لەوەتای کابرای ڕیشوی بینی بوو کە شەپقەی داکەندبوو، گال بۆ ساتێکیش چاوی لە کەللەی ئەو پیاوە نەگوێزابووبووەوە. هەنگێ پارچەیەک گۆشتی بۆ دەمی برد، هەرکە یەکەم پارۆی بە زۆر قووت دا، کەوتە ڕشانەوە.

جورما ڕووی کردە کابرا، گوتی: " تەنیا خۆراکی نەرمە قووتی پێدەخورێ. نەخۆش بوو."

کورتەڵە گوتی: " بێگانەیە، بە چەند زمانێک قسان دەکات."

ڕابەری چەتەکان بە دەنگێکی گڕ گوتی: " تەنیا دژمنەکانم بەو شێوەیە سەیرم دەکەن. لەوەی پتر لێم مۆڕ مەبەوە، پێم ناخۆشە."

چونکە گال تەنانەت لە کاتی ڕشانەوەکەشیا چاوی لێنەدەگواستەوە، هەمووان ئاوڕیان لێدایەوە. گالیلیو لە کاتێکا هێشتا چاوی بڕی بووە کابرا، چەند هەنگاوێک لێی چووە پێشەوە، بە ئەسپایی بە کابرای گوت: " ئەوەی کە مایەی سەرنجی منە تەنیا سەرتە، بە یارمەتیت با دەستێکی لێبدەم."

کابرای چەتە وەکو ئەوەی نیازی پەلاماری هەبێت دەستی بۆ خەنجەرەکەی برد. گال، بە خەندەیەکی دۆستانە هێوری کردەوە.

ژنە ڕدێندارەکە لە بن لێوانەوە گوتی: " لێگەڕێ با دەست لە سەرت بدات، هەر نهێنییەکت هەبێ پێتی دەڵێت." یارۆی چەتە کە کونجکاوی و فزوڵی جوڵابوو، سەراپای گالی بە نیگا دابێژت. پارچەیەک گۆشتی لە دەما بوو، بەڵام لە جوینی وەستا. توورەییەکەی چاوی لە ناکاوا ڕەوییەوەو پرسی: " باشە تۆ جادووگەری؟ "

گال دووبارە بزەیەکی بە ڕوویا دا وهەنگاوێکی دی لێی نزیک بووەوە. نها بە ڕادەیەک لە یارۆی چەتە وڕێگر نزیک بووبووەوە، کە جەستەیان بە ئاستەم بەر یەکدی دەکەوت. گال لە یارۆی چەتە درێژتربوو و سەرە قژن و بژەکەی کابرای چەتە بە ئاستەم دەگەییە شانی گال. چەتەکان و سێرکەوانەکان بە کونجکاوی تەمەشای ئەو دووانەیان دەکرد. یارۆی ڕیشۆ کە هێشتا خەنجەرەکەی بەدەستەوە بوو، هەم نیگەران دیار بوو هەم کونجکاو. گالیلیو هەردوو دەستی بەرزکردەوەو کەوتە سوینەوەی سەری ڕیشۆ.

لە وەڵامی کابرادا گوتی: "سەردەمانێک هەولمدا وابم. پۆلیس ڕێگەیان نەدام." هەر یەکێک لەو وشانەی بە وردی دەدرکاند و بە ئارامی قامکی بە قژی کابرادا دەگێڕا، دەیدایە لاوە، پێستی سەری یارۆی چەتەی معایەنە دەکرد. کابرای ڕیشۆ هاودەردانە گوتی: " لیوای گەڕۆک؟ "

گال گوتی: " بە کێمانی یەک شتی هاوبەشمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دژمنمان، یەک دژمنە."

چاوە بچووک ودرەخشانەکانی یارۆی ڕیشۆ لە ناکاوا تەژی نیگەرانی بوون. دەتگوت کەوتووەتە داوێکی دژوارەوە، بە دەنگێکی نەوی، وەکو ئەوەی زۆر لە خۆی بکات تا شتێ ئاشکرا بکات کە لە هەموو شتێ پتر زەینی مژوول کردبوو، گوتی: " دەمەوێ بزانم چۆن دەمرم."

قامکەکانی گال، بە قژە ئاڵۆزکاو ویاڵ ئاساکەی یارۆی چەتەدا دەگەڕان، ماوەیەکی زۆر لە قژیا، بە تایبەتی لە سەروو وپشتی هەر دوو گوێیەوە مانەوە. ڕوخساری زۆر جدی بوو، چاوەکانی پرشنگیان لێدەبووەوە. زانست هەڵە ناکات. قامکەکانی ئەو بە ئاسانی هەستیان بە ئەندامی "گیانی شەڕڤانی" ئەو دەکرد. ئەندامی کەسانێکی شەڕ فرۆش، کەسانێکی سادی کە لەزەت لە شەڕ دەبینن، کەسانێکی بێباک وسەرکێش وبەرەڵڵا. گرێیەکی خڕ، زەق، لە هەر دوو دیوی سەریەوە، ڕێک لە ژێر دەستیا بوو. بەڵام لە هەموو ئەمانە خراتر ئەو گرێیە ئەندامێکی وێرانگەر بوو، تایبەت بوو بە خەڵکانی کینەکێش، بوغزن، شەڕانی ودڵرەق، ئەندامێ بوو ئەگەر هێزی ئەخلاقی و هزری کۆنترۆڵی نەکردبا، خەڵکانی دڕندە، دێو ئاسا و خوێن مژی بەرهەم دەهێنا. ئەم گرێ زەقە لە ڕادەبەدەر سەخت بوو، زۆر گەرم بوو، ڕێک کەوتبووە سەرووی هەردوو گوێچکەیەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " پیاوێکی دڕندەیە."

یارۆی ڕێشۆ، سەری خۆی هێندە بە توووندی لە ژێر قامکەکانی گال دەرهێنا کە گال خۆبەخۆ بەلادا هات، نەڕاندی: " گوێت لێ نەبوو کە چیم گوت؟ چۆن دەمرم؟ "

گال، بە پۆزشەوە سەرێکی لەقاند وگوتی: " نازانم. ئەمە لە ئێسقانەکانتا نەنووسراوە. "

گرووپی چەتەکان کە بەدەم تەمەشاکردنەوە وەستابوون، بڵاوبوونەوەو هەریەکە بە نیازی پلە گۆشتێکی دی چوون بۆ لای ئاگرەکە. لێ سێرکەوانەکان، هەر لە هەمان شوێنا ولەلای گال وکابرای ڕێشۆ مانەوە.

کابرای چەتە لە فکران ڕاچوو بوو، بە خەمینی وبە جدی هاتە قسان وگوتی: " کە بێدار بم لەم دنیایەدا لە هیچ شتێک ناترسم. بەڵام شەوان حاڵێکی دیکەم هەیە، هەندێجار ئێسکە پەیکەری خۆم دەبینم وەکو ئەوەیە چاوەڕوانی من بکات... گوێت لێمە، لێم حاڵی دەبی؟ "

بەبێزاریەوە دەستێکی تەکان دا، دەستی بە لا دەمیەوە گرت وتفێکی کرد. دیار بوو کە بێتاقەتە. هەمووان بە بێدەنگی وەستابوون، گوێیان لە ویزە ویزی ئەو مێش ومەگەزانە دەگرت کە لە گەدک وگیپاڵی کەرەکە وڕوکا بوون.

یارۆی چەتە لە سەری ڕۆیی: " ئەمە خەونێک نییە کە بەم زووانە وبە تازەگی هاتبێتە خەوم. وەختایەک کە منداڵ بووم و ماڵمان لە کاریری – ش بوو دەهاتە خەوم، زۆر لە پێش ئەوەدا کە بێم بۆ باهیا. کە لە گەڵ " پاجو " شدا بووم هەر دەهاتە خەوم، هەندێجار ساڵانێکی زۆر دەبووریێ و نایەتە خەوم. کەچی دوای ماوەیەک، لە ناکاوا، دووبارە دێتەوە سۆراغم و هەموو شەوێ دێتەوە خەوم."

گال، بە چاوانی ئەبڵەقەوە ڕوانیە یارۆی ڕێشۆ وپرسی: "پاجو؟ ئەو پیاوەی جێگە زامێ بە ڕوومەتیەوەیە، ئەو پیاوەی کە...؟ "

کابرای چەتە سەرێکی لەقاند: " خۆیەتی... پاجو، پێنج دانە ساڵ لە گەڵیا بووم، هیچ عاجزی و دەم بۆڵەیەکمان نەکەوتە بەینەوە. پیاوی تەنگانە وشەڕ بوو، کەس نەیدەگەیشتێ. باڵی فریشتەی گەیشتێ و تۆبەی کرد. نها لە کانودوسە و بووە بە یەکێک لە پیاوانی خودا."

شانەکانی هەڵتەکاندن وەکو ئەوەی ئەم شتەی بەلاوە هیچ نەبێت.

گال پرسی: "تۆ قەت لە کانودوس بوویت؟ باسی ئەوێندەرم بۆ بکە. لەوێندەر چ باسە؟ ڕەوشی ئەوێندەر چۆنە؟

ڕیشۆ، تفێکی ڕۆکرد وگوتی: " پیاو زۆر شتان دەبیستێ. دەڵێن یەک فەوج سەربازیان، بە فەرماندەیی پیاوێک کە ناوی فیبرونیو بووە، کوشتووەو جەنازەکانیان بە دار ودرەختانەوە هەڵواسیوە. وەکو خەڵکی دەڵێن جەنازەیەک ئەگەر بە خاک نەسپێردرێت شەیتان لەگەڵ خۆیدا دەیبات."

گال دووبارە وبە مکوڕییەوە پرسی: "باشە ئەمانە چەکدارن، چەکی باشیان هەیە. بەرگەی هێرشی دیکە دەگرن؟"

ڕیشۆ، بەدەم پرتە و بۆڵەوە گوتی: "بەڵێ هەیانە، بەرگە دەگرن. خۆ تەنیا پاجوی لێ نییە. ئەبوت جواو، تارامیلا، یواکیم ماکمبیرا و کوڕەکانی و، پدراوش هەموو لەوێن. دڕترین چەتە و شەقاوە لەوێن، ئەمانە جاران ڕقیان لێکدی بوو،بە خوێنی یەکدی تینوو بوون، سێبەری یەکتریان بەر گوللە دەدا، کە چی ئێستا بوون بە براو لە پێناوی مورشیدا خۆ بە کوشت دەدەن. هەموو ئەمانە وێڕای بەدکاریەکانیان، بە پێڵاوەکانیانەوە دەچنە بەهەشتێ. مورشید لە هەموو گوناحەکانیان خۆشبووە.

ژنە ڕدێندارەکە، لێبۆکەکە، کورتەڵە و جورما لە عاردی دانیشتبوون و گوێیان دەگرت.

ڕیشۆ لە سەری ڕۆیی: "مورشید هەنیەی زیارەتکاران ڕادەمووسێت. چکۆلەی موبارەک واداریان دەکات کە بکەونە سەر چۆکان، پاشان مورشید هەڵیاندەستێنێ و ماچیان دەکات، بەمە دەڵێن ماچی دەستەبژێران. خەڵکی لە خۆشیا دەگرین. چونکە کە چوویتە ڕیزی دەستەبژێرانەوە، ئیدی دڵنیایت کە جێگات بەهەشتە. ئیدی مردن ناکاتە هیچ، چ ترسێکی دەبێ؟"

گال گوتی: "کەواتە تۆش دەبێ لە کانودوس بیت. ئەوانە برای تۆشن، ئەمانە بۆیە تێدەکۆشن تا بەهەشت لە سەر زەوی بەرپا بکەن، تا ئەو دۆزەخەی کە ئەوەندە لێی دەترسێت، گوم وگۆڕ بێ."

ڕیشۆ، بێئەوەی هیچ تووڕەییەک بە دەنگیەوە دیار بێ، قسەکەی بۆ ڕاستکردنەوەو گوتی: "من لە دۆزەخ ناترسم، لە مردن دەترسم. بە کورتیەکەی من لە کابووس و ڕموزنان دەترسم، لە خەونی مردن. ئەوە شتێکی دیکەیە. لە مەبەستم تێناگەیت؟ "

تفێکی دیکەی ڕۆکرد، سیمای نقومی عەزاب بوو. لە ناکاوا ئاماژەی بۆ لای گال کردو لە جورمای پرسی: " ئەم مێردەی تۆ قەت لە خەویا ئێسکە پەیکەری خۆی دەبینێت؟"

جورما بەرسڤی دایەوە: " ئەوە مێردی من نییە. "

***

جواوە زلە بە هەشتاو خۆی گەیاندە کانودوس. سەری گێژی دەخوارد، بە خۆیشی سەری لەو مەسئولیەتە دەرنەدەکرد کە تۆزێ لەوەپێش پێیان سپاردبوو و، هەرساتێ کە تێدەپەڕی هەستی دەکرد ئەمە شەرەفێکە هەرگیز هی ئەوە نییە بە گوناحکارێکی بودەڵەی وەکو ئەو بسپێردرێت، کەسێک بوو کە خۆیشی هەندێجار دەگەییە ئەو قەناعەتەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندووە، کە سەگ چووەتە گیانییەوە. ئەمە ترسێک بوو کە وەکو نۆرە تا لە ناکاوا سەری هەڵدەدایەوە. بەڵام چووبووە ژێر باری ئەو ئەرکەوەو تازە نەیدەتوانی ژێوان ببێتەوە. کە گەییە ئاستی هەوەڵین ڕیزە ماڵەکان لە ڕاکردن وەستا، چونکە نەیدەزانی چ بکات. بە تەما بوو بۆ لای ئانتونیو ڤیلانوڤا بڕوات، تا سەبارەت بە دروستکردنی گاردی کاتولیک شیرەت وڕاوێژی لەگەڵدا بکات. بەڵام لەو کاتەدا دڵەی سەرگەردانی پێی دەگوت ئەوەی لەو کاتەدا بە کەڵکی ئەو دێت کۆمەکی ڕوحانی ومەعنەویە

نەک کۆمەکی کردەگی. دنیا تاریک بووبوو، تۆزێکی دی مورشید سەردەکەوتە سەر بورجەکە، ئەگەر کەسێک پێی هەڵگرتبا، ئەوی لە خەڵوەتخانە و پەرستگەکەدا دەبینی. دووبارە بە کۆڵانە تەنگەکاندا کەوتە غاردان. کۆڵانی چی. بە پێچ و پەنا. پڕ لە پیاوان و ژنان و منداڵان کە بڕ بڕ لە ماڵ، کەپر، دووکان و پەناگاکانیانەوە، بلەز دەهاتنە دەرەوە تا وەکو هەر شەوێکی دی بچن بۆ پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک و گوێ لە وەعزان بگرن. کە بەبەر فرۆشگاکەی ماڵباتی ڤیلانوڤا دا ڕەت دەبوو پاجو نزیکەی بیست زەلامی بە بارو بنەی سەفەرێکی دوورو درێژەوە بینی کە سەرگەرمی خودا حافیزی بوون لە هەندێ خزم وخوێشی خۆیان. زۆر بە زەحمەت ڕێگەی خۆی لە نێو ئاپۆڕا جەنجاڵەکەی مەیدانە کراوەکەی تەنیشت کلێساکانەوە کردەوە، ئەمە کارێکی قورس بوو. دنیا بەرەبەرە تاریک وتاریکتر دەبوو، لێرە ولەوێ فانۆسی بچکۆلە هەڵدەکران و تروسکەی ڕوناکی پەیدا دەبوو.

مورشید، لە خەڵوەتخانەکە نەبوو. دەگەڵ بابا یواکیم دا کە سەفەری دەکرد، تا هەوەڵی جادەی " کومبی " چوو بوو، تا بەڕێی بکات. ئیدی لەوێندەرەوە، لە کاتێکا کە بەرخۆلەیەکی سپی بە دەستێک لە باوەش گرتبوو و، دار عاسای شوانیەکەی بە دەستەکەی تری گرتبوو، بەو دەقەوە چووبوو بۆ خەستەخانەکە تا سەردانی نەخۆشان و پیرەمێردەکان بکات. بەهۆی ئەو قەرەباڵغیە زۆرەوە کە لە هەر هەنگاوێکیا دەهاتە ڕێی، گەشت وگەڕانی مورشید لە بیلومونتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زەحمەت تر دەبوو. ئەمجارەیان شێرۆی ناتوبا و کۆرسی سروودخوانانی پیرۆز، لەگەڵیا چووبوون، بەڵام "چکۆلەی موبارەک " و ماریا کوادرادو، لە خەڵوەتخانەکەدا مابوونەوە.

کۆنە کۆیلەکەی جاران لە بەر دەرگاکەوەو بە دەنگێکی نەوی گوتی: "چکۆلەی موبارەک، من شایستەی ئەو کارە نیم. درود و سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک."

چکۆلەی موبارەک بلەز بەرسڤی دایەوە: "من سوێند نامەیەکم بۆ گاردی کاتولیک ئامادە کردووە، کە زۆر لەو سوێند نامەیەی ئەوانەی کە بۆ ڕزگاری بۆ ئێرە دێن قورسترە. شیرۆی ناتوبا دەقەکەی نووسیوە." کاغەزێکی دایە دەست جواوە زلە کە لە نێو دەستە ڕەش و زەلامەکانیا ون بوو. "دەبێ ئەم دەقە ئەزبەربکەی وهەر کەسێکت هەڵبژارد واداری بکەی سوێند بخوات کە پابەندی نێوەڕۆکی ئەم دەقە بێت. پاشان وەختایەک گاردی کاتولیک پێکهات، دەبێ هەموویان، بە ئاشکرا و لە بەردەم خەڵکیدا و لە پەرستگەکەدا سوێند بخۆن و هەنگێ ئێمەش ڕێ و ڕەسم و ئاهەنگێکی تایبەتی دەگێڕین."

ماریا کوادرادو، کە لە سووچێکی ژوورەکەدا وەستابوو، بە پارچەیەک قوماش ولەگەنێک ئاوەوە هات و بە میهرەبانی گوتی: " دانیشە جواو، جارێ قومێ بخۆوە و ئەوسا لێگەڕێ با بتشۆم."

کابرای ڕەش پێست بە گوێی کرد. هێندە درێژ بوو، کە بە دانیشتنەوە هاوباڵای سەرۆکی کۆرسی پیرۆزی سروودخوانەکان بوو. ئاوەکەی بە تامەزرۆییەوە خواردەوە. شپرزە و نیگەران شەڵاڵی ئارەقە بوو، چاوی نوقاند، ماریا کوادرادو، قوماشە نمسارەکەی بەدەم و چاو وسەر وملی و قژە لوولەکەیا، کە داوی سپی تێکەوتبوو هێنا.

لە ناکاوا دەستە وداوێنی ئەو ژنە کەوت، بەدەم پاڕانەوەو ترسەوە گوتی: " مامێر ماریا کوادرادو، ئامان فریام کەوە، من شایستەی ئەم هەموو ڕێزە نیم."

ژنەی ناڤبری، کە وەکو منداڵێک نەوازشی دەکرد، گوتی: " تۆ سەردەمانێ کۆیلەی کەسێک بووی. نها ئامادەنیت کۆیلەی مەسیحی موبارەک بی؟ ئەو بە خۆی فریات دەکەوێ، یارمەتیت دەدا جواوی زلە."

چکۆلەی موبارەک، بەوپەڕی دڵسۆزیەوە دەستی بە خوێندنەوە کرد: "سوێند دەخۆم کە من کۆماریخواز نەبووم و نابم، بە لابردنی ئیمپراتۆر، یان گۆڕینی بە مەسیحی دەجال قاییل نیم ونابم، سوێند دەخۆم کە بە زەوجینی مەدەنی یان جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت ڕازی نابم. بە سیستەمی مەتری ڕازی نابم. سوێند دەخۆم کە وەڵامی پرسیارانی تایبەت بە ئامار وسەرژمێری نادەمەوە، سوێند دەخۆم کە جارێکی دی هەرگیز دزی ناکەم، جگەرە ناکێشم، مەشروب ناخۆمەوە، قومار ناکەم و زینا ناکەم. سوێند دەخۆم کە ژیانم بۆ ئۆلەکەم و مەسیحی موبارەک تەرخان دەکەم."

جواوە زلە، بە دەمە لاڵکێوە گوتی: "باشە چکۆلەی موبارەک ئەزبەری دەکەم."

لەو ساتەدا مورشید، لە نێو هەرا وهەنگامەیەکی زۆرەوە، گەییە جێ. هەرکە بە باڵا بەرزە لاوازو گەنم ڕەنگەکەیەوە خۆی بە پەرستگەکەدا کرد و لە دوای ئەوەوە بەرخۆلەکە و شێرۆی ناتوبا – کە وەکو تارماییەکی گۆنگ بە چوار چنگوڵە و هەڵقون هەڵقون دەهات – و کۆرسی سروودخوانان خۆیان بە ژوورەکەدا کرد. هەرا و هەنگامەی لە پەستا و بێپسانەوەی خەڵکەکە لەو دیو دەرگاکەوە دەستی پێکردەوە.

بەرخۆلەکە هات وقولە پێی ماریا کوادرادوی لستەوە. ژنانی سروودخوان پشتیان بە دیوارەکەوە داو بە چیچکانەوە دانیشتن. مورشید بەرەولای جواوە زلە چوو کە کەوتبووە سەر چۆکان و چاوی بڕی بوونە ئەرزەکە. سەراپای دەلەرزی. پازدە ساڵ دەبوو کە لە گەڵ مورشیدا بوو. وێڕای ئەوەش هەر جارێ دەگەییە حوزووری ئەو، لە ناکاوا هەستی دەکرد کە بوونەوەرێکی زۆر بچووکە ولە حووزوری ئەوا ناکاتە هیچ، پولێکی قەڵب نایەنێت.

مورشید، هەر دوو دەستی جواوە زلەی گرتن و واداری کرد کە سەر هەڵبڕێت. پیاوی خوا (مورشید) چاوە ئاگرین و پرشنگدارەکانی بڕییە دوڕ چاوی تەژی ڕوندکی کۆنە کۆیلەکەی جاران. بە ڕاوێژێکی نەرم گوتی: " جواو، تۆ هێشتا عەزاب دەکێشیت."

یارۆی ڕەش پێست بە گریانەوە گوتی: " من شایەنی پاسەوانی تۆ نیم. ئەمرێکی دی بە من بفەرمووی ئامادەم. حەزدەکەی بمکوژە. من نامەوێ بە هۆی هەڵەیەکی منەوە هیچ ئاسیوێکت بگاتێ. بابە تۆ بە خۆت دەزانی کە شەیتان لە خوێنمایە."

مورشید وەڵامی دایەوە: " تۆ گاردی کاتولیک دادەمەزرێنی. تۆ دەبی بە فەرماندەی ئەو گاردە. تۆ عەزابی زۆرت کێشاوە، ئێستاش عەزاب دەکێشیت. بۆیە شایستەی ئەم کارەیت. خوای مە گوتوویەتی پیاوی دروستکار و بە ویژدان، دەست لە خوێنی گوناهکاراندا دەشوات. تۆ نها پیاوێکی دروستکار ودادپەروەری جواو."

ڕێگەی دا تا کابرای ڕەش پێست (قولە ڕەش) دەستی ماچ بکات، بە نیگای سەرگەردانەوە چاوەڕوانی کرد، تا یارۆی ڕەش پێست کوڵی گریانی لە جۆش کەوت. دوای تۆزێک، بە هەموو ئەو خەڵکەوە کە لە دووی بوون، هاتە دەرێ تا بچێتە سەر بورجەکە و وەعز بۆ خەڵکی بیلومونتە بدات. جواوە زلە کە بەگەڵ حەشامەتەکە کەوتبوو، گوێی لێبوو هەوەڵجار نوێژ و نزای خوێند و پاشان باسی پەرجووی ئەو مارە برونزینەی کرد کە موسا بە ئەمری باوک( خوا ) دروستی کردبوو، تا هەر کەسێک لەو جولەکانەی لەگین بوو مار پێوەیان بدات، تەمەشای بکەن و چاک ببنەوە. هەنگێ مورشید پێشبینی ئەوەی کرد کە لەگینە مارانێکی ژاردار، ڕوو بکەنە بیلو مونتە، تا باوەڕداران بە خوا لە دنیادا نەیەڵن. بەڵام جواوە زلە گوێی لێبوو کە دەڵێت ئەوانەی لە سەر باوەڕو

ئیمانی خۆ دەمێنن، لە وەزەنی ماران دەخەلەسن. وەختایەک خەڵک بڵاوەیان لێدەکردو بۆماڵەکانی خۆ دەچوونەوە ئیدی جواوە زلە دڵی ئارام بووبووەوە. بیری کەوتەوە کە مورشید ساڵانێک لەوەبەر، لە کاتی وشکە ساڵیەکەدا، هەمان پەڕجووی بۆ گێڕابووەوە و ئەم پەڕجووەی جارەکی دی لە ساردا کە پڕ بووبوو لە ماران دووبارە کردەوە. ئەم بیرەوەرییە جۆرە دڵنیایی و ئاسوودەییەکی پێدەبەخشی.

وەختایەک، لە تەقەی دەرگای ماڵی ئانتونیو فیلانوڤای دا تەواو گۆڕابوو، بووبوو بە کەسێکی دی. ئاسونسیا و ساردی هاوسەری خونوریو، دەرگای لێکردەوە، جواو سەیری کرد کە یارۆی دووکاندار و هاوسەرەکەی و منداڵانی جووتە براکە و یاریدەدەرەکانیان لە دەوری مێزەکە ڕۆنیشتوون و سەرگەرمی نان خواردنن. جێگایان بۆ کردەوەو قاپێ خۆراکی گەرمیان کە هاڵاوی لێ هەڵدەستا خستە بەردەمی، بلەز و بێئەوەی بزانێ چ دەخوات هەڵمەقووتی کرد، چونکە هەستی دەکرد کاتێکی عەزیز بە فیڕۆ دەدات. لەوە دەچوو گوێی لەو قسانە نەبێ کە ئانتونیو بۆی دەگێڕایەوە کە پاجو هاتووە و لە جیاتی ئەوەی بارووت دەگەڵ خۆیدا بەرێ، فیت فیتۆکەی زەل و کەوان و تیری ژەهراوی بردووە، چونکە پێی وابوو، ئەوە بۆ پێشگیری لە سەربازەکان باشترە. کابرای ڕەش لێکدا لێکدا پارووی دەگلاند و بە نیوە جووراوی هەڵمەقووتی دەکرد و هیچ بیری لە لای ئەم نەبوو، بیری لە لای ئەرکە تازەکەی بوو.

وەختایەک لە نانخواردن بوونەوە، هەندێکیان چوون بۆ ژوورەکانی تەنیشتەوە تا سەر خەو بشکێنن، هەندێکی دی لە سەر جۆلانەکان، یان ئەو پەتۆیانەی کە لە بەینی سەندووق و ڕەفەکاندا ڕاخرا بوون، هەڵاژان و پاڵکەوتن. هەنگێ جواوە زلە و ئانتونیو، لە بەر ڕۆشنایی چرایەکی نەوتیا دانیشتن و بە دوو قۆڵی کەوتنە قسان. ماوەیەکی زۆر قسەیان کرد، هەندێجار بە چپە، هەندێجار بە دەنگی زۆر بەرز، هەندێجار زۆر ڕێک و تەبا، هەندێجاری دی زۆر توورە و تڕۆ قسەیان دەکرد. لەو ماوەیەدا پێشکە و مێشولان بە تۆپەڵ خۆیان بە نێو فرۆشگاکەدا کردبوو، لە هەموو سووچ و کەلەبەرەکاندا دەبریقانەوە. ئانتونیو، ناوبەناو یەکێک لەو دەفتەرە گەورانەی دەکردەوە کە مامۆستا عادەتی وابوو ناوی زیارەتکارانی تازە، لە دایک بووان، مردووانی تیا تۆمار بکات و هەندێ ناوی دەخوێندەوە. بەڵام جواوە زلە دەرفەتی یارۆی دووکانداری نەدەدا کە بڕوات بخەوێ. دوای ئەوەی ئەو کاغەزە چرچ و لۆچەی ناو دەستی سافکردەوە، دایە دەست کابرای دووکاندار تا هێندەی بۆ بخوێنێتەوە تا ئەزبەری بکات. وەختایەک خەو زۆری بۆ یارۆی کۆنە کۆیلە هێنا، جێگایەکی چۆڵی لە ژێر مێزەکەدا دۆزییەوەو لێی ڕاکشا. هێندە شەکەت بوو کە پۆستاڵەکانی دانەکەندبوو، ئانتونیو ڤیلانوڤا گوێی لێبوو لە بەر خۆیەوە دەقی ئەو سوێند نامەیەی دەوت و دەوتەوە کە چکۆلەی موبارەک بۆ گاردی کاتولیکی نووسی بوو.

بەیانی ڕۆژی دوایی، منداڵەکانی برایانی ڤیلانوڤا و شاگردەکانیان کەوتنە گەڕان بە ناو بیلو مونتەدا، لە هەر جێیەک کۆمەڵە خەڵکێکیان دیتبا، ڕایاندەگەیاند کە هەر کەسێک، لە ژن و پیاو، کە ئامادەیە گیانی خۆی لە پێناوی مورشیدا بەخت بکات، دەبێ داوا لە خودا بکات کە ببێت بە ئەندامی گاردی کاتولیک. زۆری پێنەچوو، هێندە خەڵکانی خۆبەخش و داوخواز لە بەر ماڵی پێشکارەکەی جارانی مەزراکە بۆ خۆ تۆمارکردن کۆبوونەوە کە جادەی کامپوگراندە، تاقە ڕێگای سەرانسەری کانودوس بە تەواوی گیرا. جواوە زلە وئانتونیو کە لە سەر سەندووقێکی کاڵا ڕۆنیشتبوون، پێشوازیان لە یەک بە یەکیان دەکرد. یارۆی دووکاندار، لە دەفتەرە گەورەکەی مامۆستاکەیا بۆ ناو و بەرواری هاتنی هەر یەکێکیان دەگەڕاو بەراوردی دەکرد. جواو لە یەک بە یەکیانی

دەپرسی ئایا ئامادەن دەستبەرداری دار ونەدار، کەس وکاری خۆ ببن وەکو چۆن یاوەرانی مەسیح ئەم کارەیان کردبوو، ئایا ئامادەن ڕووبەرووی دژمن ببنەوەو....هەر هەمووان بە جۆش و خرۆشەوە ڕەزامەندییان پیشاندا.

زیاتر ئەو خەڵکانە پەسند دەکران کە لە شەڕی ئواوا و ئوکامبایودا بەشداریان کردبوو، ئەوانەی نەیاندەزانی حەبل لە تفەنگەکان بدەن و قەرەبینا سواربکەن ومیل بێننەوەو تفەنگانی گەرم بوو ساردبکەنەوە، دوور دەخرانەوە. دان عەمران و منداڵان و ئەوانەی بە کەڵکی شەڕ نەدەهاتن، وەر نەدەگیران وەک شەل وسەقەت و شێت وشور وژنانی دووگیان. هیچ کەسێک لەوانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوساغ و دەلیلی پۆلیسی گەڕۆک و سەیار بوون یان باجگر یان کاتبی سەرژمێری خەڵک بوون وەرنەدەگیران.

ئیدی جواوە زلە، هەموو ئەوانەی، کە لەو ئەزموونانە دەرچووبوون بۆ دەشتێکی تەختانی و چۆڵ دەبرد و داوای لێدەکردن، وا وێنای بکەن دژمنە وهێرشی بۆ بەرن. ئەوانەی دوو دڵیان دەنواند و سڵیان دەکردەوە، ڕەفز دەکران. ئەوانی دیکەی وادار دەکرد کە ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە، بە مست بەرببنە یەکدی و ئازایەتی و بوێری خۆ بنوێنن. تا شەوێ ژمارەی ئەندامانی گاردی کاتولیک گەییە هەشتا کەس، ژنێکیان تیابوو کە پێشتر یەکێک بوو لە دار ودەستەکەی پدراو. جواوە زلە لە دووکانەکەدا سوێند نامەکەی بە سەریانا خوێندەوەو لە دوایەوە گوتیانەوە. ئەوسا پێی گوتن کە بڕۆنەوە بۆ ماڵێ تا خواحافیزی لە خاو و خێزانەکانیان بکەن، چونکە لە سبەیەوە تەنیا یەک ئەرکیان هەبوو ئەویش: حیمایە وپاراستنی مورشید بوو.

ڕۆژی دووەم هەڵبژاردن وتاقیکردنەوەکە خێراتر دەڕۆیی، چونکە ئەوانەی لە تاقیکردنەوەکەی دوێنێ دەرچووبوون و هەڵبژێردرابوون، یارمەتی جواوە زلەیان لە تاقیکردنەوە و هەڵبژاردنی تازە داوخوازەکاندا دەدا، خەڵکەکەیان هێور دەکردەوەو هەراو زەناکەیان دادەمرکاندەوە. لەو بەینەدا خوشکانی " ساردلینیا "، بەناو دووکانەکە کەوتن و بە ئەندازەی پێویست پارچە وقوماشی شینیان پەیدا کردبوو، تا بیکەن بە بازووبەند و سەربەند بۆ هەموو ئەوانەی کە هاتبوونە هەڵبژاردن. جواو لە ڕۆژی دووەما سی کەسی دی و لە ڕۆژی سێیەمدا پەنجا کەسی دیکەی سوێند دا و لە کۆتایی هەفتەدا نزیکەی چوارسەد پاسەوانی متمانە پێکراوی کۆ کردەوە.

ڕۆژی یەک شەممەی دواتر، گاردی کاتولیک، ڕێپێوانێکی گەورەی بە جادەکانی کانودوس دا کرد، کە خەڵکی لەمبەر و لەوبەری جادەکەوە وەستابوون و بە دەنگی بەرز هورایان دەکێشا و بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازیان دەکرد وخۆزیان پێدەخواستن. ڕێ ورەسم و نمایشەکە لە نیوەڕۆوە دەستی پێکرد وەکو هەر ئاهەنگێکی گەورەی دی پەیکەر وشەمایلانیان لە کڵێسای سانتو ئانتونیو و خەڵوەتخانە نیوەچڵەکەوە بۆ سەر جادەکە هێنابوو و خەڵکەکەش پەیکەر و شەمایلی ماڵەکانی خۆیان هێنابوو وفشفشە ویاری ئاگرین بە حەوادا هەڵدران، دنیا پڕ بوو لە بۆن بخورد و نزا و سەڵاوات. کە شەو داهات لە پەرستگەی مەسیحی موبارەکا کە هێشتا سەقفی تێنەکرابوو و سەرەکەی نەگیرابوو، لە ژێر ئاسمانی ئەستێرە بارانا کە دەتگوت زووتر لە ڕۆژانی دی هەڵهاتوون تا ئەو ئاهەنگە پرشنگدار و پڕ شادیە بدینن، ئەندامانی گاردی کاتولیک، بە یەک دەنگ دەقی ئەو سوێند نامەیەیان، کە چکۆلەی موبارەک نووسیبووی، دووبارە کردەوە.

سپێدەی ڕۆژی دواتر، تەتەرێک لەلای پاجووە هات تا خەبەر بە ئەبوت جواو بدات کە لەشکری شەیتان، کە ژمارەیان هەزار و دووسەد نەفەر دەبێت وچەند مەترەلۆزێکیان پێیە وفەرماندەکەیان بە عەقید سەربڕ بەناوبانگە.

***

ڕوڤینو، بە گورجی دەکەوێتە خۆ ئامادەکردن بۆ سەفەرێکی دی، سەفەرێک کە ئەمجارە ئاکامەکەی نادیارترە. ئەو جلانەی کە بۆ دیدارەکەی بارۆن لە مەزرای "پدرا فرمیلیا" لەبەری کردبوو، دەگۆڕێت، جلکی ئاسایی هەمیشەیی خۆی لەبەر دەکات. قەمەیەک و قەرەبینایەک ودوو کێرد وکۆڵە پشتیەکی هەڵگرتووە. چاوێک بە نێو کوختەکەدا دەگێڕێ، قاپ و ئامانەکان، جۆلانەکە، تەختەکان، وێنە وئیکونەی خاتوو لاپا، سەر وچاوی داوە بە یەکا وچاوەکانی بەردەوام دەتروکێن. بەڵام دوای کەمێک سیمای هەمان حاڵەتی گۆنگی جاران وەردەگرێتەوە، بە نیگەرانییەوە، دوا نیگا بە هەموو شتەکاندا دەگێڕێتەوە. کە تەواو دەبێ، فتیلەی فانووسەکە دەردێنێ وهەر هەموو ئەو شتانەی کە لە گۆشە وکەنارە جیاوازەکانی ژوورەکەدا دایناون دەسووتێنێ. کوختەکە سەراپا گڕ دەگرێ. بە کاوەخۆ بەرەو دەرگاکە دەڕوات، جگەلە چەکەکان وکۆڵەپشتیەکە هیچی دی دەگەڵ خۆیدا نابات. هەرکە لە کوختەکە وەدەر دەکەوێ، لە نزیکی ئاغەڵە چۆلەکە بە چیچکانەوە ڕۆدەنیشێت و چاو دەبڕێتە ئەو شنە بایەی کە گڕی کوختەکە هێندەی دی دەگەشێنێتەوەو تۆپەڵێ دووکەڵ بەسەر ئەما دێنێ و دەیخاتە کۆکە کۆک. هەڵدەستێ، قەرەبیناکە دەکاتە شانی، قەمە وکێردەکان دەکات بە قەدیا وکۆڵەپشتیەکە دەدا بە کۆڵیا. پشت لە ماڵەکەی دەکەوێتە ڕێ و دڵنیایە کە جارێکی دی هەرگیز بۆ کیماداس نازڤرێتەوە. کە لە ویستگەی ڤیتارەکە تێدەپەڕێ، هەست بەوە ناکا کە خەڵکەکە خەریکن بەیداخ و پۆستەران بە دار و دیوارانەوە هەڵدەواسن تا بەو شێوەیە پێشوازی لە کەتیبەی حەوتەم و عەقید موریرا سیزار بکەن.

دوای پێنج ڕۆژان، وەختایەک شەو دادێ، بە تاپۆ لاواز و سەروگوێلاکە تۆزاوییەکەیەوە، خۆی بە ئیپوپیاردا دەکات. لە ڕێگا لا دەدات تا ئەو کێردەی، کە بە ئەمانەت لە مەسیحی موبارەکی وەرگرتبوو، بداتەوە. ڕۆژانە دە سەعاتان ڕێی دەکرد، لە گەرمترین وتاریکترین سات ووەختا پشووی دەدا. تەنیا یەک ڕۆژ پارەی خواردنی دابوو، دەنا بە درێژایی ئەم ماوەیە هەرچیەکی خواردبوو یان بە داو ڕاوی کردبوو یان بە تفەنگ بەدەستی هێنابوو. کۆمەڵێک پیرەمێر لەبەر فرۆشگاکەی ئیپوپیارا دانیشتبوون، هەر هەموویان لێکدی دەچوون، بە موو فەرقیان نەبوو، سەبیلی چون یەکیان دەکێشا. یارۆی بەڵەد بەرەو لای وان دەڕوات، کڵاوە مەکسیکییەکەی لە سەر دادەگرێ وسڵاویان لێدەکات. دیارە کە دەیناسن، چونکە دەنگ وباسی "کیماداس"ی لێدەپرسن و هەمووان دەیانەوێ بزانن ئاخۆ ئەو سەربازانی دیتوە یان چ هەواڵێکی لە مەڕ جەنگ و شەڕ پێیە. لە لایان دادەنیشێت و هەرچییەک دەزانێ پێیان دەڵێت، پرسیاری هەندێ خەڵکی ئیپوپیارا دەکات. هەندێکیان مردبوون، هەندێکی دیکەیان باریان کردبوو و بە دووی ڕزق و ڕۆزیدا بۆ باشوور چووبوون، دوو ماڵباتیش تازە بۆ کانودوس ڕۆیی بوون. کە دنیا تاریک دەبێت، روڤینو و پیرەمێرەکان خۆ بە فرۆشگایەکەدا دەکەن تا جامێ کاچاکا بخۆنەوە.

دەقی گەرما پڕوکێنەرەکە شکابوو، دنیا کەمێک فێنک بووبووەوە. روڤینو، دەست بە قسان دەکا، شێرێ لێرە و ڕێویەک لەوێ، وئاقیبەت دێتە سەر ئەسڵی ئەو بابەتەی کە هەمووان دەیانزانی درەنگ یان زوو دێتە سەری. پرسیار و قسەکانی هەندێک بە هێما وناڕاستەوخۆ بوو. پیرەمێردەکان بێئەوەی هیچ سەرسامیەک بنوێنن گوێیان دەگرت، هەموو سەریان بۆ دەلەقاند وبە نۆرە قسانیان دەکرد. بەڵێ سێرکێک هەر بە ناو سێرک بوو، لێرەوە تێپەڕی. سێرکێکی هێندە پەڕپووت ونابووت بوو کە هیچ کەسێک باوەڕی نەدەکرد کە ئەم سێرکە ڕۆژێ لە ڕۆژان کاروانێکی بە جەلال وشکۆ بووەو کابرایەکی قەرەج ئیدارەی داوەو بەڕێوەی بردووە. وەختایەک پیرەمێرەکان، نمایشەکانی جارانی سێرکەکەیان دەگێڕایەوە، روڤینو بە ڕێزەوە گوێی لێدەگرتن. ئەنجام کە هەمووان بێدەنگ دەبوون، سەری قسەکانی دەبردەوە ئەو شوێنەی کە دەستی پێکردبوو وئەمجارەیان پیرەمێردەکان، بە ڕێزەوە ئەو شتانەیان دەگێڕایەوە کە ئەو بۆ ئەوە هاتبوو بیزانێ یان بە تەواوی لێی دڵنیا

ببێت: چەند ڕۆژ لە دەرێی شارا خێوەتیان هەڵدابوو، چۆن خانمی ڕدێندار، کورتەڵە و لێبۆک، لە ڕێگەی فاڵگرتنەوە و بەیت بێژی و نمایشی لێبۆکانە نانی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکرد وچۆن کابرای غەوارە، سەری بەملا و بەولادا دەکرد و پرسیاری سەیر و سەمەرەی دەربارەی شەڕڤان ویاخی و چەتەکان دەکرد، چۆن گروپێکی بەکرێگگیراو لە ناکاوا هاتبوون و قژە سوورەکەیان بڕی بوو، چۆن جەنازەی باوکێکیان کە دوو منداڵی خۆی کوشتبوو، لە گۆڕ دەرهێنابوو و دزی بوویان. نە روڤینو پرسیاری کرد و نە پیرەمێردەکانیش، باسی ئەو پیاوەی تریان نەکرد کە نە سێرکەوان بوو و نە غەوارە. بەڵام ئەم غایبی هەمیشە حازرە، هەرکاتێ باس هاتبا سەر چۆنیەتی خزمەتکردن و ناندان بە کابرای غەوارە، ناوی ئەویش دەهاتە سەر زاران. ئایا ئەمانە دەیانزانی کە ئەم تاپۆیە ژنی روڤینو بوو؟ بێگومان دەیانزانی، بەلای کەمەوە هەستیان پێدەکرد، هەڵبەتە دەشیان زانی و هەستیشیان دەکرد کە چ شتێک بڵێن و چ شتێک نەڵێن. لە کۆتایی قسەکاندا، روڤینو، بە نیمچە ڕێکەوتێکەوە بۆی دەردەکەوێ کە سێرکەوانەکان بۆ کوێ چوون و کەی لە ئیپوپیارا وەدەرکەوتوون. ئەو شەوە لە فرۆشگاکەدا، لە سەر حەسیرێک کە دووکاندارەکە دابوویێ، دەخەوێت و سارەزی(بەیانی زوو، سۆزی) چالاک وچەلەنگ دەکەوێتە ڕێ.

روڤینو، نە زۆر بەپەلە و نە زۆر خاو خۆی بە هەنگاو دەسپێرێ، سارا و بیابانێک تەی دەکات کە تاقە سێبەری سەرانسەری بیابانەکە سێبەرەکەی خۆیەتی، کە هەوەڵجار دووی دەکەوێ و پاشان پێشی دەکەوێ. بە ڕوخساری نەگۆڕ، بە چاوانی نیمچە داخراوەوە، بێهیچ وەستان و هەڵوەستەیەک ڕێدەکات، هەرچەندە لمە ڕەوانەکە هەندێ شوێنی ڕێگاکەی داپۆشی بوو. وەختایەک دەگاتە کوختەیەکی دیار مەزرایەکی داچێنراو، خۆر ئاوایە ودنیا خەریکە تاریک دادێ و دەبێ بە شەو. یارۆی وەرزێری کرێگرتە وژنەکەی ومنداڵە ڕووت و ڕەجاڵەکانی، وەکو دۆستێکی کۆن پێشوازی دەکەن. لەگەڵ ئەوانا شێو دەخوات، باسی کیماداس و ئیپوپیارا و شوێنانی دیکەیان بۆ دەکات، باسی شەڕ وئەو مەترسیانە دەکەن کە دەنگۆی شەڕ ناویەتیەوە، باسی ئەو زیارەتکارانە دەکەن کە لەوێندەرەوە بۆ کانودوس دەڕۆن، بیر لەوە دەکەنەوە کە لەوە دەچێ دنیا بەرەو ئاخر زەمان بڕوات. هەنگێ روڤینو پرسیاری سێرکەکە و ئەو پیاوە غەوارەیەیان لێدەکات کە بە مقەست هەموو قژیان هەڵپاچیوە. بەڵێ لێرەوە تێپەڕین و بەرەو "سیرادی ئالوس دی ئاگوا " ڕۆیشتن تا لەوێندەرەوە بۆ مونتە سانتو بڕۆن. هاوسەری جووتیارەکە، لەوانی دی باشتر ئەو پیاوە لاوازە ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە وچرچەڵە وقژ هەڵپاچراوە چاو زەردەی لەبیر مابوو، کە وەکو حەیوانێکی بێ ئێسقان ڕێی دەکرد و بێهیچ هۆیەک، بەردەوام قاقای لێدەدا. ژن ومێرد، جۆلانەیەکی تۆڕی بۆ نووستنی روڤینو پەیدا دەکەن، بەیانیش کۆڵەپشتیەکەی بۆ پڕ دەکەن بە بێئەوەی تاقە پولێکی لێوەربگرن. روڤینو، زۆربەی ڕۆژەکە، بە هەشتاو ڕێدەکات بە بێئەوەی هیچ کەسێک بدینێت. بە دەشتێکی بێشەزاری فێنکا، کە بووە بە مەڵبەندی تووتیانی زۆر بلێ، تێدەپەڕێ. عەسری هەمان ڕۆژ لێرە ولەوێ تووشی شوانان دەبێ وجار جار دەوەستێ و دوو قسەیان دەگەڵدا دەکات. بە مەودایەکی کەم لە سەرووی ( سیتیوداس فلورس – وە بە واتای گوڵستان، کە ئەم ناوە زیاتر لە شۆخی و سوعبەت دەچێ، چونکە لێرەدا جگە لە بەرد و زەمینی تاوەسووت، هیچ شتێکی دی لێنەبوو – لادەدات و ڕوودەکاتە خاچێکی کەنار ڕێگاکە، کە لە دار دروست کرابوو، کۆمەڵێک نەزر و نیازی پەیکەرۆکان ئاسای پێوە هەڵواسرابوو. ژنێکی بێ لاق، وەکو پاسەوان لە پای خاچەکەدا، مار ئاسا لە سەر ئەرزەکە ڕاکشابوو. روڤینو دەکەوێتە سەر چۆکان و ژنەکە تەبەڕۆکی دەکات. روڤینو، شتێکی دەداتێ تا بیخوات وهەنگێ بە دوو قوڵی دەکەونە قسان. هیچی

دەربارەیان نە ژنەوتبوو، نەی دیتبوون. روڤینو پێش ئەوەی بکەوێتە رێ، مۆمێک دادەگیرسێنێ و لە بەردەم خاچەکەدا کڕنۆش دەبات.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژان شوێن پێی ئەوان ون دەکات. لە جووتیاران و شوانان سۆراخیان دەکات و سەرەنجام دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە سێرکەکە لە جیاتی ئەوەی بۆ مونتە سانتو بڕوات، ڕێگەی خۆی گۆڕیوە، ڕووی کردووەتە شوێنێکی دی یان بە هەمان ڕێگەی خۆیدا گەڕاوەتەوە. ڕەنگە بۆ بازاڕێک گەڕابن تا شتێک بۆ خواردنی خۆیان پەیدا بکەن. بۆ گوندەکانی دەوروبەری سیتیوداس فلوەرسدا دەسوڕێتەوە، جار لە دوای جار بازنەی سووڕانەوەکەی بەرینتر دەکات، سۆراخی یەک بە یەکی ئەندامانی سێرکەکە لە خەڵکی دەکات. ئایا کەس ژنێکی ڕدێنداری دیتووە؟ یان کورتەڵەیەک کە باڵای سێ پێیانە؟ لێبۆکێک کە بەدەنی وەکو لاستیکە؟ یان غەوارەیەکی قژ سووری قژ هەڵپاچراو کە بە زمانێک دەپەیڤێ، کە تێگەیشتنی زۆر زەحمەتە؟ بەردەوام بە نەخێر وەڵام دەدرێتەوە. بەڕێکەوت پەنایەکی دۆزییەوە، لەوێندەر پاڵکەوت، لە فکران ڕاچوو، جۆرەها مەزەندەی لێدا. تۆ بڵێی کوشتبێتیان؟ تۆ بێژی بە ئازاری زامەکانیەوە مردبێت؟ بەرەو تاکیتو نشێو دەبێتەوە، بە بێئەوەی شوێن پێیان بدۆزێتەوە، دووبارە بۆ گوندەکە دەزڤڕێتەوە. دەمەو عەسری ڕۆژێک، کاتێ شەکەت و ماندوو لە سەر ئەرزەکە پاڵکەوت تا سەر خەوێ بشکێنێ، دەستەیەک پیاوی چەکدار، لە ناکاوا، بە بێدەنگی وەکو سێبەر بەسەریا دەڕژێن. پێیەک ، بە پاتاوەوە بە توندی دەنرێ بە سەر سینگییەوە، خەبەری دەبێتەوە. کە چاو هەڵدەبڕێ دەبینێ ئەم پیاوانە جگە لە قەرەبینا، قەمە وکێردان، فیت فیتۆکەی زەل و تاپریان پێیە. چەتە وڕێگر نین. یان نها وازیان لە چەتەیی هێناوە. زۆر بە زەحمەت قەناعەتیان پێدەکات کە لەو بەڵەد و دەلیلانە نییە کە بە پارە ڕێنوێنی سوپا دەکەن و لەوەتای لە کیماداس دەرچووە تاقە یەک سەربازیشی نەدیتووە. هێندە بە خەمساردی و بێموبالاتی باسی شەڕی دەکرد کە پیاوەکان وایان وێنا دەکرد کە درۆیان دەکات. کار گەییە ئەوەی کە یەکێک لە پیاوەکان کێردەکەی نایە سەر ملی. ئەنجام تاقیق و پرس و جۆیەکە گۆڕا بۆ گفت و گۆیەکی دۆستانە. روڤینو، شەو لە لای ئەوان دەمێنێتەوە، گوێ لە قسە و باسەکانیان دەگرێ کە باسی مەسیحی دەجال، دەکەن، باسی مەسیحی موبارەک ومورشید و بیلومونتە دەکەن. لە قسەکانی ئەوانەوە ئەوەی بۆ بەدیار دەکەوێ کە هەر یەکێکیان ڕۆژێ لە ڕۆژان خەڵکی ڕفاندووە، پیاوی کوشتووە، لە یاسا یاخی بووە، بەڵام هەنووکە تۆبەیان کردووە، گەڕاونەتەوە و بوون بە وەلی و پیاوی خودا. بۆی دەگێڕنەوە کە سوپا وەکو تاعوون بەرەو ڕوویان دێ، خەڵکی چەک دەکەن، پیاوان بۆ سەربازی دەبەن. هەرکەسێ تف لە مەسیحی لە خاچ دراو نەکات و نەفرەتی لێنەکات لە ملی دەدەن. کە لێی دەپرسن حەز دەکات پەیوەندی بەوانەوە بکات یان نا، روڤینو لە وەڵامیاندا دەڵێت نەخێر، هۆی پەیوەندی نەکردنەکەی ڕوون دەکاتەوەو ئەوانیش لێی قەبووڵ دەکەن.

بەیانی ڕۆژی دواتر، تەقریبەن هاوکات دەگەڵ گەیشتنی سەربازەکاندا دەگاتە "کانسانساو" . دەکەوێتە گەڕان تا ئاسنگەرەکەی ئاشنای بدۆزێتەوە. ئاسنگەرەکە لە بەردەم کوورە پریشک هاوێژەکەدا وەستاوە، سەراپای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، ئامۆژگاری دەکات کە تا زووە لە شار وەدەر بکەوێ، چونکە ئەم شەیتانانە بە تەمان هەموو شون هەڵگر وبەڵەدەکان بە کرێ بگرن. وەختایەک روڤینو واریقاتەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش نەهەقی ناگرێت. بەڵێ دەتوانێ یارمەتی بدات. کابرای ڕیشۆ تۆزێ لەمە پێش بێرەدا ڕۆیی بوو. ئەو خەڵکانەی بینی بوو کە روڤینو پرسیاری دەکردن، باسی ئەوەی کرد کە کابرایەکی غەوارەی بینیوە کە کاژەڵان(قەحف، کاژەڵاک) دەخوێنێتەوە. لە کوێ دیتبوویانی؟ یارۆی ئاسنگەر بۆی باس دەکات و یارۆی بەڵەد و شون هەڵگر، تا ئێوارێ بەدەم قسانەوە، لە دووکانەکەی ئەوا دەمێنێتەوە. پاشان بە دزی پاسەوانەکانەوە لە گوندی وەدەر دەکەوێ.

دوای دوو سەعاتان دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو موریدانەی لە بیلو مونتەوە هاتبوون، پێیان ڕادەگەیەنێ کە شەڕ گەییوەتە کانسانساو.

***

دکتۆر سوزافیریرو، کووپەکانی یەک یەک لە سپرتۆیەکە هەڵدەکێشا و دەیدانە دەست خا بارۆن ئەستێلا، کە لە جیاتی سەربەند، دەسماڵێکی لە سەری بەستبوو. ئەویش یەک یەک ئاگری پێوە دەنان و بە مەعلانی بە پشتی عەقیدیەوەی دەچەسپاندن. عەقید بە جۆرێ بە دەما ڕاکشابوو، کە کەمترین چرچ نەدەکەوتە چەرچەفەکەی سەری.

خا بارۆن، بە دەنگە زەلاڵەکەی ڕوو لە دکتۆر یان نەخۆشەکە گوتی: " زۆرجار لە کالومبی ناچار بووم هەم دکتۆر بم و هەم مامان. بەڵام ئەلهەقی زۆر دەمێکە کاری حەجاماتم نەکردووە. عەقید، خۆ ئەزیەتت نادەم؟"

موریرا سیزار، ئەوپەڕی هەوڵیدا کە ئازارەکەی وەشێرێت، لێ نەیتوانی "بە هیچ جۆرێ بارۆنس، داوای بوردن دەکەم کە بوومە مایەی زەحمەتی ئەنگۆ، تکایە لە جیاتی من داوای بوردن لە مێردەکەشت بکە. ڕاستت دەوێ هاتنی من بۆ ئێرە، بیرۆکەی من نەبوو."

بارۆنس، لە کاری چەسپاندنی کووپەکان بووەوە، بالیفەکانی نەخۆشەکەی ڕێک خستنەوە: " ئێمە خۆشحاڵین بە بوونتان لێرە. من بەش بە حاڵی خۆم حەز دەکەم بە چاوی خۆم پیاوێکی قارەمان بدینم، هەرچەندە حەزم دەکرد کە نەخۆشی بۆ کالومبی نەکێشابای..."

دەنگی دۆستانە، ئەفسووناوی و دەستکرد بوو. لە پاڵ تەختەکەدا مێزێک هەبوو، سوراحی و دەست شۆری فەخفوری نەخشین بە نیگارێن تاوسێن پاشایەتی، سارغی وبەستە لۆکە، قاپی پڕ لە زەروو، کووپی حەجاماتکێشی وچەند شووشەیەکی لە سەر بوو. ڕوناکی سپێدە لە پشت پەردە سپیەکانەوە، دەیدا لە ناو ژوورە خاوێن وفێنکەکە. بەلام "سپاستیانا"ی هاودەمی بارۆنس، بەبێ جووڵە لەبەر دەرگاکە وەستابوو. دکتۆر سوزافیریرو، بە چاوانی خەواڵوەوە کە دیار بوو بە درێژایی شەو نەخەوتبوو، بە وردی ڕوانیە برینەکانی سەر پشتی نەخۆشەکە، کە لە ژێر گوشاری کووپەکاندا ئاوسا بوون.

-" زۆر چاکە. نیو سەعاتێکی دی چاوەڕوان دەکەین، دوای ئەوە حەمام و مەساجێکی باشی دەکەین. قوربان هێڤی دارم نەبێژی حاڵتان باشتر نەبووە، ڕەنگ و ڕووتان هاتووەتەوە تایم."

سپاستیانا گوتی: " حەمامەکە ئامادەیە، ئەگەر پێویستتان بە من بوو، منیش دێم."

بارۆنس هەڵیدایە: " منیش دە خدمەتو دام. نها بە دوو قۆلی بە جێتان دەهێلم. ئاە خەریک بوو بیرم بچێت. داوام لە دکتۆر سوزا کردووە کە ئێزنتان بدات چایەکمان دەگەڵدا بخۆیتەوە جەنابی عەقید. مێردەکەم دەیەوێ چاک و خۆشیەکتان لەگەڵدا بکات. دکتۆر تۆش وەرە. هەروەها نەقیب کاسترو وئەو کورە ئەتوار غەریبەش... گوتت ناوی چییە؟"

عەقید، زۆر هەوڵیدا بزەیەکی بە ڕووا بدات، بەڵام هەرکە بارۆنس ژنی بارۆن دی کانا براڤا لە ژوورەکە وەدەرکەوت و سپاستیاناش دوای کەوت، جڵەوی توورەیی بەرداو گوتی: "دکتۆر دەبوایە ئەمر بکەم گوللە بارانت بکەن، کە بەمجۆرە خستمتە ئەم داوەوە."

دکتۆر سوزافریرو، شەکەت وماندوو خۆی دا بە کۆڵی کورسییە بزۆزەکەدا: " ئەگەر بەمجۆرە هەڵبچی، ناچارم دەکەی خوێنی ترت لێبگرم، هەنگێ ناچار دەبی یەک ڕۆژی دیکەش لە جێدا بکەوی. نها ڕوخسەتی من بدە با نیو سەعاتێ ئیسراحەت بکەم. تکایە لە جێی خۆت مەجولێ."

ڕێک پاش نیو سەعات چاوانی هەڵێناو بە توندی هەڵی گلۆفتن ودەستی بە هەڵگرتنی کووپەکان کرد، کووپەکان بە ئاسانی لادەبران و شوێنەکانیان شین و مۆر بووبووەوە. عەقید بە دەما پاڵکەوتبوو سەری نابووە سەر هەر دوو بازووە تێک هاڵاوەکانی. وەختایەک نەقیب ئولیمپیو کاسترو وەژوورکەوت تا هەواڵی قۆشەنەکەی پێ ڕابگەیەنێت، بە ئەستەم دەمی هەڵێنا. سوزا فریرو، موریرا سیزاری بۆ حەمامەکە برد، سپاستیانا، هەموو شتێکی بە گوێرەی ڕێنوێنیەکانی دکتۆر ئامادە کردبوو. عەقید جلەکانی داکەند – بەدەنە وردیلەکەی – بە پێچەوانەی ڕوو و ڕوخسار و بازووەکانی کە تەواو تاوەگاز بووبوون، سپی سپی بوو – بێ هیچ قسەیەک خۆی بە بانیۆی حەمامەکەدا کرد، ماوەیەکی زۆر، بەدەم ددانە جیرێوە تیایدا مایەوە. هەنگێ دکتۆر بە ئەلکول شێلای. جۆشانەی خەردەلی لە بەدەنی هەڵسوو، ناچاری کرد بۆنی ئەو گیا دەرمانیانە بکات کە کردبووی بە سەر ئاگردانەکەدا. ئەم تیمار و دەرمانکردنە بە بێدەنگی ئەنجام درا. بەڵام هەرکە بۆنکردنی بخورد وگیا دەرمانیەکان تەواو بوو، سەرهەنگ، بۆ ئەوەی جەوەکە هەندێک هێوربکاتەوە، بە مجامەلەوە گوتی وا هەست دەکات بە سیحر وجادوو دەرمان وماليجە کراوە. سوزا فریرو گوتی کە زانست و جادوو داوە موویەکیان بەینە. بەوجۆرە ئاشتیان بووەوە.

کە بۆ ژووری نووستنەکە گەڕانەوە، یەک سینی، پڕ لە میوە و شیری تازە، گۆشتی سوورەوەکراوی بەراز و قاوە چاوەڕوانیان بوو. موریرا سیزار، هەر بۆ مجامەلە چەند پاروویەکی بە نەبەدڵی خوارد وخەو بردییەوە. کە بێدار بووەوە نیوەڕۆ بوو، پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس بە دیارییەوە وەستابوو، دەستیەک وەرەقی یاری بە دەستەوە بوو. پێشنیازی کرد کە فێری یاری کۆنکانی بکات، کە لەو سەرو بەندەدا یارییەکی یەجگار باوی ناو خەڵکە قەرەج ئاساکەی باهیا بوو. ماوەیەک بە بێدەنگی یارییان کرد، تا ئەوە بوو سوزا فیریرو، کە تازە خۆی شۆردبوو وجوان تەراشی کردبوو، هات تا بە عەقید بڵێ ئیدی دەتوانێ هەستێت. وەختایەک عەقید بۆ چا خواردنەوە خۆی بە ژووری میوانا کرد، بارۆن و هاوسەرەکەی، نەقیب کاسترو و دکتۆر ورۆژنامەڤانەکە کە تاقە کەس بوو لە ناو هەموویانا کە تەراشی نەکردبوو وبە خۆی ڕانەگەیی بوو، هەموو لەوێندەر خڕ بووبوونەوە.

بارۆن دی کانا براڤا بەرەو پیری عەقید چوو تا تەوقەی لەگەڵدا بکات. ناو ژوورەکە بە کاشی سوور و سپی کاشی کرابوو، موبێلەکانی ناوی لە داری خاکاراندا دروست کرابوون: کورسی دارینی پشت ئەستوونی و نشیمەنی بە حەسیر چنراو کە بە کورسی نەمساوی بەنێوبانگ بوو، تەپڵەکی چکۆلە، کە چرای نەوتی و وێنەیان بە سەرەوە بوو، دۆڵابی شووشەیی کە شووشەوات و فەخفوری تیا ڕیزکرابوو، پەپوولانی چەسپێنراو بە قوتووی مەخمەڵ پۆشەوە. دیوارەکان بە تابلۆی ئاوی دیمەنانی گوندەوارانەوە ڕازێنرابوونەوە. بارۆن لە حاڵی میوانەکەی پرسی و هەر دووکیان چاک و خۆشی ئاساییان لەگەڵ یەکدیدا کرد، بارۆن لەم گەمەیەدا زۆر مەعلان تر بوو لەم ئەفسەرە عەسکەرییە. پەنجەرەکان خرابوونە سەر گازی پشت، لەوێندەرەوە دیمەنی پایە بەردینەکانی دەروازەکە، بیرێک، لە دوو لای مەیدانەکەی بەرانبەرا، ڕیزێک داری تەمر هندی و دار خورما دیار بوو، لەولاترەوە بینایەک دیار بوو کە جاران شوێنی کۆیلەکان بوو و هەنووکە ئەو کرێکارە هەژارانەی تیا بوو کە لە مەزراکەدا

کاریان دەکرد. سباستیانا و کارەکەرێکی دی بە بەرکۆشەیەکی خانەخانەوە سەرگەرمی دانانی قۆریە چای و کووپ و پەرداخ وپسکیتی شیرین وکێک بوون. وەختایەک بارۆنس بۆ دکتۆر و نەقیب کاسترو و ڕۆژنامەڤانەکەی دەگێڕایەوە کە هێنانی ئەو هەموو کەل و پەلە بۆ کالومبی چەند زەحمەت بووە، بارۆن کۆمەڵە گیایەکی وشکەوە کراوی بە موریرا سیزار نیشاندەدا و بۆی باس دەکرد کە چۆن لە گەنجیا ئارەزووی فێربوونی زانستی کردووە و حەزی لێبووە ژیانی خۆی لە تاقیگە وهۆڵی توێکاریدا بەسەر بەرێت، بەڵام ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خودا بەتاڵە، ئەنجام هەموو ژیانی خۆی بۆ کشت وکاڵ و دبلوماسیەت و سیاسەت تەرخان کردبوو، کە بە گەنجی بە هیچ جۆرێ حەزی لەو کارانە نەبووە. ئەدی جەنابی عەقید؟ لە منداڵی ڕا حەزی لەوە بووە، لە سلکی عەسکەریا بێ؟ بەڵێ، لە مێردمنداڵیەوە حەزی لە عەسکەری بووە، بگرە پێشتریش هەر حەزی لە عەسکەری بووە، لەو کاتەوە کە ماڵیان لە شارۆچکەیەکی سەر بە ویلایەتی ساوباولۆ بووە، یانی لە شارۆچکەی پیندامونانگابا، کە زاگەی ئەوە. پەیامنێرەکە وازی لەوانی دی هێنابوو و نها بە دیار ئەم دووانەوە وەستابوو و گۆساخانە گوێی لە قسەکانیان دەگرت. بارۆن، بەدەم بزەیەکەوە ئاماژەیەکی بۆ لای ڕۆژنامەڤانە چاو کزە نزیکبینەکە کرد و گوتی: " زۆرم پێ سەیر بوو کە دیتم ئەم گەنجە لەگەڵ ئێوەدایە. پێی گوتوویت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لای من کاری دەکرد؟ ئەو دەمانە مەفتوونی ڤیکتۆر هۆگۆ بوو، دەیویست ببێت بە شانۆنامەنووس. ئەو کاتانە بۆچوونی سەبارەت بە ڕۆژنامەڤانی باش نەبوو."

بە دەنگە زیقاوڵە ناسازەکەی گوتی: " ئێستاش هەمان بۆچوونم هەیە."

بارۆن بە دەنگی بەرز گوتی: " ئەمە درۆیەکی شاخدارە!... بەڕاستی ئەمە کابرایەکە زۆری حەز لە غەیبەتکردن، خیانەتە، دوو زمانی و فیتنەگێڕی، بوختان و ناوزڕاندنە. ئەمە دەست پەروەردەی من بوو، کە چوو بۆ ڕۆژنامەی هەڤرک و ڕەقیبەکەم، بوو بە سەرسەختترین دژبەری من. جەنابی عەقید ئاگاتان لە خۆ بێ، ئەمە پیاوێکی یەجگار خەتەرە ها."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بەجۆرێ ڕووی گەشایەوە وەکو ئەوە بوو، هەزار ستایش وئافەرین کرابێ.

موریرا سیزار گوتی: " هەموو ڕۆشنبیران خەتەرن. لاواز، سۆزدار، دەتوانن بە قسە، پاساو بۆ خراترین کردەوەی خۆ بێننەوە، حەقیقەتت لێبکەن بە درۆ و، درۆت لێبکەن بە ڕاستی. وڵات پێویستی بەمانەیە، بەڵام دەبێ وەکو حەیواناتێ مامەڵەیان لە گەڵ بکرێ، کە جێگەی متمانە نین."

یارۆی ڕۆژنامەڤان لە قاقایەکی ئەوتۆی دا کە بارۆنس و دکتۆر و نەقیبەکە بە جارێ ئاوڕیان دایەوە تا سەیری بکەن. سپاستیانا لەو کاتەدا چای تێدەکرد.

بارۆن، دەستی موریرا سیزاری گرت و بەرەو لای دۆڵابەکەی برد: "دیارییەکم بۆ داناوی. لەم دەشتەدا عادەتە کە دیاری بە میوان بدرێت." یەک بوتڵی تۆزاوی کونیاکی دەرهێنا و چاوێکی لێداگرت و مارکەکەی سەر بوتڵەکەی نیشاندا: " من دەزانم تۆ حەز دەکەی بەرازیل لە هەر دەسەڵاتێکی ئەوروپایی پاک بکەیتەوە، بەڵام هەست دەکەم نەفرەت و بێزاری تۆ لە هەموو شتێکی فەرەنگی، کۆنیاک ناگرێتەوە."

هەرکە دانیشتن، بارۆنس کووپێک چای دا بە عەقید و، دوو کڵۆ قەندی تێهاویشت.

موریرا سیزار، بە ڕاوێژێکی هێندە سەنگین و جدی، کە هەمووان گفت و گۆیەکانی خۆیان بڕی، گوتی: " من تفەنگەکانم فەرەنسین و تۆپەکانم ئەڵمانین. نە ڕقم لە ئەورووپایە و نە لە کۆنیاک. بەلام چونکە ئەهلی مەشرووبات و خواردنەوە نیم، حەیفە ئەم دیارییە بدەی بە کەسێک کە قەدری نازانێ."

بارۆنس، هەڵیدایە: " کەواتە وەکو یادگارییەک هەڵیگرە."

عەقید بە ڕاوێژێکی سارد لە سەری ڕۆیی: " ڕقم لەو دەرەبەگ و موڵکدارە لۆکاڵی و بازرگانە ئینگلیزانەیە کە ئەم دەڤەرەیان لە سەدەکانی ناڤیندا هێشتووەتەوە. ڕقم لەوانەیە کە شەکریان لە گەلی بەرازیل پێ گرینگتر و پەسەندترە."

بارۆنس، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات یان چارەی بەیەکا بدات لە سەر خزمەتی میوانەکانی بەردەوام بوو. لە لایەکی دییەوە خاوەن ماڵ دەستبەرداری زەردەخەنەکانی بوو، وێرای ئەوەش دەم و ڕاوێژی هەر دۆستانە بوو. " ئەو بازرگانە ئەمریکیانەی کە خەڵکی باشوور بە باوەشی والاوە پێشوازیان دەکەن، لە خەمی خەڵکیدان یان لە خەمی قاوەی خۆیاندان؟"

موریرا سیزار، وەلامی ئامادەی پێبوو: " ئەوانە مەکینە وتەکنۆلۆجیا و پارە لەگەڵ خۆدا دێنن، ئەو شتانە دەگەڵ خۆدا دێنن کە بەرازیل پێی پێشدەکەوێت، چونکە پێشکەوتن دەکاتە سنعەت وکار ودەستمایە، باشترین نموونەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە."

چاوە بچووک وساردەکانی تروکاند ولە سەری ڕۆیی: " ئەمە شتێکە کۆلەداران هەرگیز پەی پێنابەن جەنابی بارۆن. "

پاش ئەو بێدەنگیەی کە دوای ئەو قسانە باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا، دەنگی شێواندنی چایەکان هاتە گوێ، ڕۆژنامەڤانەکە فڕی لە چایەکەی دەدا، دەتگوت دەنگی غەرغەرەیە.

بارۆنس بەدەم بزەیەکەوە گوتی: " خۆ کۆمار سیستەمی کۆلەداری هەڵنەوەشاندەوە، بەڵکو ڕژێمی پاشایەتی هەڵیوەشاندەوە."

ئەوسا وەکو ئەوەی زۆر بەم حازر وەلامیەی خۆی دڵی خۆش بێ، بە ڕوویەکی خۆشەوە پسکیتی شیرین و کێکی بۆ میوانەکانی دانا و لە سەری ڕۆیی: " دەزانی مێردەکەم پێنج دانە ساڵ بەر لە فەرمانی ئازادی، کۆیلەکانی خۆی ئازاد کردبوو؟"

عەقید بەرسڤی دایەوە: "نەخێر، بەمەم نەزانی بوو. بەڕاستی کارێکی چاکی کردووە، وەڵڵا ئافەرین. " بزەیەکی دەستکردی بۆ کرد وقومێکی لە چایەکەی دا. وێرای خەندەکانی بارۆنس و سەرنجدانی لە ناکاوی دکتۆر فریرۆ بۆ پۆلە پەپوولەکان وچیرۆکەکەی نەقیب کاسترو دەربارەی پارێزەرێک کە ژنەکەی کوشتبووی، جەوی ژوورەکە گرژ و ناخۆش بووبوو.

ڕەوشەکە گرژتر بوو، لە کاتێکا سوزا فیریرو، ستایش و نەوازشی بارۆنی دەکرد: "دەزانی فیودالەکانی ئەم محاڵە خەریکە موڵک و مەزراکانیان بەجێدێڵن و لە دەست چەتە و یاخییەکان دەڕۆن و باردەکەن، بەلام تۆ بە گەڕانەوەت بۆ کالومبی بوویت بە سەرمەشق."

بارۆن بەرسڤی دایەوە: "من بۆیە بۆ کالومبی گەڕامەوە تا موڵکەکەم بخەمە خزمەتی کەتیبەی حەوتەمەوە. بە داخەوەم کە ئەم کۆمەکەی من پەسند نەکرا."

عەقید موریرا سیزار، لە بن لێوانەوە گوتی: "ئەم ئارامیەی لەم دەڤەرە بەرقەرارە، وا لە خەڵکی دەکات کەس باوەڕ نەکات کە لەم نزیکانە شەڕ و ئاژاوە هەبێ. تۆ شانست هەیە کە چەتە و یاخییەکان دەستیان لێنەداوی."

بارۆن، بە ڕاوێژێک کە هێشتا ئارام بوو، بەرسڤی دایەوە: "هەندێجار پیاو بە ڕواڵەت دەخەڵەتێ. دەنا زۆر خێزان لە کالومبی باریان کردووەو کشت وکاڵ بۆ نیوە داکەوتووە. ئەمە جگە لەوەی کە کانودوس موڵکی منە، وانییە؟ من لە ناچاریدا، زۆر شتم کردووە بە قوربانی، باجی گەورەم داوە، زیاتر لە هەر کەسێکی تری ئەم دیار و دەڤەرە."

بارۆن، هەوڵیدەدا، ئەو تووڕەییەی کە قسەکانی عەقید لە لای دروست کردبوو، بشارێتەوە، بەلام بارۆنس وەختایەک دووبارە هاتەوە قسان بووبوو بە مرۆڤێکی دی: "هیڤی دارم، تۆ باوەڕ بەو درۆ دەلەسانە نەکەی کە گوایە مێردەکەی من کانودوسی ڕادەستی شەڕڤان وچەتە ویاخییەکان کردووە." چاوەکانی بارۆنس لە داخا بچووک بووبوونەوە.

عەقید، بێئەوەی پشتیوانی لە قسەکانی ئەو بکات یان بە درۆیان بخاتەوە، قومێکی تری لە چایەکەی دا.

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: "کەواتە قەناعەتیان بە تۆ کردووە کە ئەم درۆ نەنگینە، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە. یانی تۆ باوەڕ دەکەی من یارمەتی ئەم لامەزەبە دزانە بدەم کە بە نەهەق ئاگر لە ماڵی خەڵکی بەردەدەن و مەزراکان تالان دەکەن؟ "

موریرا سیزار، کووپەکەی لە سەر مێزەکە دانا. نیگایەکی ساردی بارۆنی کرد و بلەز زمانی بە هەردوو لێویا هێنا. بە کاوەخۆ، وەکو ئەوەی بیەوێ هەمووان بە تەواوی گوێیان لە وشە بە وشەی قسەکانی ببێت، گوتی: " ئەم شێتانە، سەربازان بە گوللە دەکوژن، ئەم خەڵکانە کە ئاگر بە هەموو شوێنێکەوە دەنەن، تفەنگی زۆر تازەیان پێیە. ئەم دزانە کۆمەک و یارمەتی لە ئینگلیزەوە وەردەگرن. ئاخر جگە لە سەڵتەنەتخوازەکان، چ کەسێک هەوڵ دەدات کە ئەم فیتنەیە دژی کۆمار هەڵایسێنێ."

ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، کووپە بچووکەکە بەدەستیەوە دەلەرزی. هەمووان جگە لە ڕۆژنامەڤانەکە چاویان بڕییە ئەرزەکە.

بارۆن بە ڕاوێژێکی بنجبڕ گوتی: " ئەوانە وەختایەک هەست بکەن دنیا ئەمن و ئەمانە، نەزم و نیزام بەرقەرارە، ئەم دنیایە ئەمن و ئەمانە، نە دزی دەکەن و نە خەڵکی دەکوژن، نە ئاگر بە ماڵی کەسەوە دەنەن، چونکە کەس بە قەد ئەوان ڕێزی دەسەلات ناگرێ. بەلام کۆمار بە دەرکردنی کۆمەڵێک یاسا وڕێسای نا واقیعی، نەزم و نیزامی وڵاتەکەمانی وێران کردووە، دروشمی حەماسی و بە جۆش و خرۆشی کردووە بە ئەڵتەرناتیڤی پرەنسیپی گوێڕایەڵی. ئەمە جەنابی عەقید، هەڵەی مارشال فلورنیویە. چونکە سیستەمی ئایدیالی جڤاکی، لە ئارامی دا گەشە دەکات وڕیشاژۆ دەبێت، نەک لە هەرا و هوریا و دروشمبازیدا."

لەم کاتەدا دکتۆر سوزا فریرو، قسەکەی بە بارۆن بڕی، لە جێی خۆی هەستایە سەر پێیان وگوتی: " قوربان، هەست بە نەساغی دەکەی؟"

بەڵام نیگایەکی موریرا سیزار، لەو حەدەی ڕاگرت. ڕەنگی ڕوخساری عەقید گۆڕا، ئارەقە نیشتە سەر تەوێڵی، لێوەکانی، وەک ئەوەی گازی لێگرتبن شین هەڵگەڕابوون. لە جێی خۆی هەستا و بە ڕاوێژێ کە زیاتر لە ورتە ورت دەچوو، ڕوو لە بارۆنس گوتی: "بارۆنس، داوای بوردن دەکەم. دەزانم ڕەفتارم هەندێ زبرە. من لە بنەماڵەیەکی سادەم و هەموو ژیانی خۆم لە ژینگەی سوپایی و سەربازخانەکاندا بەسەر بردووە."

بە لارەلار لە ژووری میوان وەدەرکەوت، بەدەم ڕێکردنەوە بە بەینی مۆبیلەکان ودۆڵابە شووشەییەکەدا، بەملا و بەولادا دەهات. یارۆی ڕۆژنامەڤان لە دوای ئەوەوە بە دەنگی بەرز و بە ڕووداریەوە داوای کوپێ چای دیکەی کرد. ئەو وئولیمپیو کاسترو لە ژوورەکەدا مانەوە. لێ دکتۆر ڕۆیی تا بزانێ ئەفسەری فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم چی بە سەر هاتبوو. سەیری کرد لە سەر تەختەکە کەوتووە و هەناسەی تەنگ بووەو زۆرماندووە. یارمەتی دا تا جلەکانی داکەند وحەبێکی ئارامبەخشی دایێ وگوێی لێبوو دەیگوت سارەزی بۆ بارەگای تیپ دەگەڕێتەوە. هیچ حەوسەڵەی گەنگەشەی ئەم مەسەلەیەشی نییە.

دوای ئەو قسەیە، ڕێگەی بە دکتۆر دا کە دووبارە کووپەکان، کووپی حەجامەتکێشی، بنێ بە پشتیەوەو جارێکی دی خۆی بە بانێوی حەمامەکەدا کرد کە پڕ بوو لە ئاوی سارد و بە لەرزە لەرز هاتە دەرەوە. ئیدی بە تربانتین و خەردەل شێلای وگەرمی کردەوە. لە ژووری نووستنەکەیا خواردنی دایێ، بەڵام پاشان هەر بە ڕۆبی حەمامەوە هەستا و چوو بۆ ژووری میوان، چەند خولەکێک لەوێندەر بەند بوو، سوپاسی بارۆن و بارۆنسی کرد، بۆ ئەو میواندارییەی کە لێیان کردبوو. بەیانی سەعات پێنج ڕابوو، بەدەم خواردنەوەی فینجانێ قاوەوە دکتۆر سوزا فیریرۆی دڵنیا کرد کە حاڵی زۆر باشە و قەت لەوە باشتر نەبووە. ئەوسا ڕۆژنامەڤانە چاوکزە نزیکبینەکەی، کە تازە لە خەو ڕابووبوو، شپرزە وشەپرێو، بەدەم باوێشکدانەوە، لە لای ئەوەوە ڕۆنیشتبوو، ئاگادارکردەوە کە ئەگەر بچووکترین، کەمترین هەواڵ لە مەڕ نەخۆشیەکەی لە هەر ڕۆژنامەیەکا بڵاببێتەوە ئەو مەسئولە. وەختایەک خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد، پێشخزمەتێک هات و پێی گوت کە بارۆن حەزدەکات لە نووسینگەکەی خۆیا بیدینێت. ئەوی بۆ ژوورێکی بچووک برد کە مێزێکی نووسینی گەورەی تیا بوو، قوتوویەکی سیغار پێچانەوەی بە سەرەوە بوو. جگە لەو دۆڵاب و ڕەفانەی کە پڕ بوون لە کتێبان، ئیدی خەنجەر، قامچی، دەستکێشی چەرمین و شەپقەی مەکسیکی و لغاو و هەوساری ئەسپ بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. ژوورەکە هەندێ پەنجەرەی هەبوو بە دیوی دەرەوەدا دەیانڕوانی، لە بەر ڕوناکی سپێدەدا، حەرەس وپاسەوانەکانی عەقید دەبینران کە قسەیان دەگەڵ ئەو ڕۆژنامەڤانەدا دەکرد کە لە باهیاوە هاتبوو.

بارۆن ڕۆبی حەمامی لەبەر ونەعلی لە پێ بوو. گوتی: "جەنابی عەقید، هەرچەندە ئێمە ڕا و بۆچوونمان جیاوازە، بەڵام باوەڕم وایە کە تۆ هاوڵاتیەکی نیشتمانپەروەریت و لە ناخی ناخەوە بەرژەوەندی باڵای بەرازیلت دەوێ. نا نەخێر، نامەوێ مەراییت بکەم تا سۆزت بەلای خۆما ڕاکێشم. ناشمەوێ ماتەڵت بکەم و وەختت بگرم، من دەمەوێ بزانم کە سوپا یان بە لای کەمەوە خۆت، ئاگاتان لەو بوختان و تەڵە وداوانە هەیە کە ژێراوژێر لە لایەن نەیارەکانی منەوە، بۆ خۆم و دۆستەکانم هەڵدەبەسترێن و دەنرێنەوە."

موریرا سیزار، قسەکەی پێبڕی: " سوپا هەقی بە سەر ململانێی سیاسی لۆکاڵییەوە نییە، ئەوە ئیشی سوپا نییە. من بۆیە هاتووم بۆ باهیا تا ئەو یاخی بوونە دابمرکێنمەوە کە کۆماری خستووەتە مەترسییەوە. تاقە ئامانجی من لەم هاتنە ئەوەیە وتەواو."

زۆر نزیک لە یەکدی وەستابوون، چاویان لە دوڕ چاوی یەکدی بڕی بوو.

بارۆن گوتی: " ئەو هەوڵەی ئەوانیش بۆ هەمان مەبەستە، بەم بوختان و درۆ و دەلەسانە گەرەکیانە لە " ریو " و حکومەت و سوپای بگەیەنن کە سەرچاوەی ئەم خەتەر و مەترسییە کانودوسە. دەنا ئەو داماوانە هیچ جۆرە چەکێکی تازەیان نییە. ئەو فیشەکانەی ئەوان هەیانە پاشەڕۆی لیمونایتە، یان ئەگەر ناوە هونەریەکەیت گەرەکە " هماتایت" ە، مەیلەو قاوەییە، ئەمە مادەیەکی کانزاییە کە لە سەرانسەری " سیرادی بندنگو " دا نەک هەر دەست دەکەوێ، بەڵکو وەکو خۆڵە، خەڵکی وەکو ساچمە بۆ ساچمە زەنەکانیان بە کاری دێنن."

عەقید پرسی: " یانی ئەو شکستەی کە سوپا لە ئواوا و لە ئوکامبیانو تووشی بوون، ئەویش لەو بابەتە بوختان و تەڵە و داوانەیە؟ ئەو تفەنگانەی کە جاسووسانی ئینگلیز لە لیڤەرپولەوە بە قاچاغ بۆ ئەم دەڤەرەیان ڤڕێ کردووە، درۆیە؟"

بارۆن، چاوی بڕییە سیمای بێباک وچاوانی کینە ئامێز وتەوسخەنەکەی عەقید. ئایا ئەم پیاوە لە کەسە بە گومانەکان بوو؟ هێشتا نەیدەتوانی ئەمە ساغ بکاتەوە، بەڵام ئەوەی لە لا عەیان بوو، کە موریرا سیزار ڕقی لێی بوو.

بارۆن لە وەڵاما گوتی: "مەسەلەی تفەنگە ئینگلیزییەکان، بە ڕاستی بەشێکە لە نەخشە وپلانەکانی وان. ئیپامینوداس گونسالوڤس، کە لە لایەنگرە هەرە پڕ جۆشەکانی ئێوەیە لە باهیا، بۆیە ئەو تفەنگانەی گەیاندووەتە ئێرە، تا بەوە تۆمەتبارمان بکات کە هاودەستین دەگەڵ حکومەتێکی بێگانە و شۆڕشڤان ولە گەڵ یاخییەکاندا.

بەڵام سەبارەت بەو جاسووسە ئینگلیزییەی ئیپوپیارا، ئەمەش هەر ئەو دروستی کردووە، یان پیاوەکانی خۆی ڕاسپاردووە، کە کابرایەکی بەدبەختی داماو، کە لە بەدبەختی خۆیا قژی سوور بووە، بکوژن. ئاگات لەمە هەیە؟"

موریرا سیزار، نە چاوی دەتروکاند ونە مووی لێدەبزوا، تەنانەت دەمیشی نەدەکردەوە. بەردەوام تەمەشای بارۆنی دەکرد، ئەم نیگایە ڕوونتر و خۆیاتر لە هەر وشەیەک ئەوەی لە بارۆن گەیاند کە عەقید چۆن بیری لە بارۆن و لە قسەکانی تۆزێ لەمە پێشتری بارۆن، دەکردەوە.

-" کەواتە تۆ لەمە دڵنیایت، واتە شەریکی ئەم پیلانەی، لەگینیشە دەستت لە پشت ئەم پیلانەوە بێ." بارۆن چاوی لە عەقید گواستەوەو بۆ چەند دەمێک سەری داخست، وا دەهاتە بەرچاو لە فکران ڕاچووبێ، بەڵام لە ڕاستیا زەینی خاڵی خاڵی بوو. ئەنجام وەخۆ هاتەوەو گوتی: " قەناعەتت وایە ئەمە ئەو هەموو ئەزیەتە بێنێ؟ هەر هەموو ئەم درۆیانە، ئەم پیلانگێڕیە، تەنانەت ئەم هەموو تاوانە، لە پێناوی بەرقەراری کۆمارێکی دکتاتۆریا؟ یانی باوەڕت وایە شتێک زادەی ئەم شتانە بێ، دەبێتە دەرمانی شفابەخشی ئەم هەموو دەردەی بەرۆکی بەرازیلی گرتووە؟ "

چەند چرکەیەک بووری و موریرا سیزار ورتەی نەکرد، لە دەرێ ڕا پڕتەوێکی سووورباو، کاتی گزنگدانی ڕۆژی ڕادەگەیاند، دەنگی خەڵکی و حیلەی ئەسپان دەهاتە گوێ. لە قاتی سەرێ ڕا دەنگی خشەخشی هەنگاونان دەهات.

عەقید لە ناکاوا هەڵیدایێ: " لێرەدا خەڵکانێکی چەکدار هەن وکۆماریان قەبووڵ نییە، دوو هێرشی سوپایان تێکشکاندووە." تۆنی دەنگی بتەو، هیچ نەگۆڕابوو: "حەقیقەتی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەمانە ئالەت وئامێری خەڵکانێکی وەکو تۆن، کە بۆیە کۆماریان قەبووڵ کردووە، تا لە ناوەوە خیانەتی لێبکەن، بنکەنی بکەن وجڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و هەمان ڕژێمی کۆن بپارێزن و تەنیا چەند ناو وهەندێ ڕوخساری کەم بگۆڕن و ئاو بێنە ودەست بشۆ. ڕاستە هەنگاوی باشتان بەرەو ئامانجی خۆ ناوە. نها سەرۆکێکی مەدەنی هەیە، حکومەتێکی حیزبی هەیە کە تەفرەقە دەخاتە وڵاتەوەو لە پەل وپۆی دەخات، گۆد وئیفلیجی دەکات، پەرلەمانێک هەیە کە هەر

هەوڵێکی چاکسازی و گۆڕانکاری پەک دەخات، هەموو ئەمەش لە سایە وبەرەکەتی ئەو فەند و فێڵانەوە کە لە بن سەری ئێوەگەلدایە، لە خوت وخۆڕایی هاواری سەرکەوتنتان دەکرد، وانییە؟ تەنانەت دەنگ و باسێک هەیە کە سوپا بۆ نیوە کەم بکرێتەوە، وانییە؟

عەجەب سەرکەوتنێکە ئەم سەرکەوتنە! بەڵام بەڕێزینە ئێوە سەهون، بەهەڵەدا چوون. بەرازیل هەتا هەتایە بەو حاڵەوە نامێنێ کە سەدان ساڵە ئێوەی فیوداڵ دایدەدۆشن، سوپا بۆ ئەمە دروست بووەو هاتووەتە ئاراوە تا یەکێتی نەتەوەیی بپارێزێت، پێشکەوتنی وڵات زامن بکات، یەکسانی لە نێو هەموو بەرازیلیاندا چێبکات، وڵاتێکی مودێرنی بەهێز بخوڵقێنێ. دڵنیات دەکەمەوە کە ئێمە هەر هەموو کۆسپ وتەگەرەکان ڕادەکەین: کانودوس، ئێوە، بازرگانانی ئینگلیز و هەر کەسێک بێتە سەر ڕێگامان. نامەوێ ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئێمەی کۆماریخوازانی ڕاستەقینە، مەبەستمان لە کۆمار چییە. ئێوەگەل لەمە حاڵی نابن، چونکە ئێوە دەنگ ورەنگی ڕابردوون. تۆ تەمەشای دواوە دەکەی. بەڕاستی شەرمە پیاو لە کاتێکا کە سەدەی بیستەم بەر دەرگای پێگرتووین وتەنیا چوار ساڵ ماوە بۆ دەستپێکی سەدەی بیستەم و خەڵکانێک هەبن شانازی بە بارۆنی خۆوە بکەن، ئاخر لە کوێ باوی بارۆن ماوە؟ من و تۆ دژمنی خوێنی یەکدین، شەڕی ئێمە شەڕی بێ ئامانە، هیچ قسەیەک نییە بۆ یەکدی بکەین."

سەرێکی دانەواند و گەڕایەوەو بەرەو دەرگاکە ڕۆیی.

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: "مەمنوونی ڕاشکاویەکەتم." بێئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێت، بینی کە عەقید لە نووسینگەکە وەدەر کەوت و دوای چەند چرکەیەک دووبارە لە دەرێی کۆشکەکە بەدیارکەوتەوە. بینی سواری ئەسپە سپیەکەی بوو، کە موراسیل و خوڵامەکەی، جڵەوەکەی بۆ گرتبوو، هەڵیکردە چوار ناڵە و تەپ وتۆزی دنیای بە سەر پاسەوان و یاوەرەکانیا کرد.

( ٤ )

دەنگی فیت فیتۆکان لە دەنگ و ئاوازی هەندێ تەیر و توان دەچێ، فیغان و زارییەکی ناسازە و پەردەی گوێی سەربازان دەسمێ و لە مێشکیاندا دەگیرسێتەوە، شەوێ لە غورابی خەویان ڕادەپەڕێنێ، یان لە کاتی ڕاپەیمایی دا غافڵگیریان دەکات. ئەمە پێشەکی مەرگە، چونکە لە دوای ئەوەوە، گوللە وتیرباران دەست پێدەکات، بە گیزو هۆڕ، ئاسمانی بە هەتاو یان ئەستێرەباران شەق دەکات وگڕ ئاسا دێت وناوەندی نیشانەی خۆی دەپێکێت. لەم کاتەدا دەنگی شاور وفیتۆکەکان خامۆش دەبێت وناڵەی خەمینی چێڵ وگاو گۆتاڵ، ئەسپ و قاتران، بزن وکارژ ۆڵانی بریندار بەرز دەبێتەوە. هەندێجاریش سەربازێک بریندار دەبێ، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی ئاوارتەیە. چونکە وەکو چۆن دەنگی شاور وفیت فیتۆکەکان، گوێ، یان مێشک و روحی سەربازان ڕادەچڵەکێنێ، زراویان دەتۆقێنێ، بەو ئاوایە گوللە و تیرەکان سۆراخی حەیواناتەکانیش دەکەن.

ئەو دوو چێڵەی کە هەوەڵجار هاتنە کوشتن کافی بوو تا سەربازەکان بزانن کە ئەم قوربانیانە بە کەڵکی خواردن نایەن، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە عەمرێکیان لە جەنگەڵان بە سەر بردبوو و بەردیشیان پێ دەخورا بە کەڵکی خواردن نەدەهات. ئەوانەی گۆشتی ئەم چێڵانەیان خواردبوو، تووشی ڕشانەوەو بەلەفیرەو ڕەوانییەکی هێندە خراپ بووبوون، کە پێش ئەوەی دکتۆرانیش بڵێن ئەو گۆشتە ناخورێ، خۆبەخۆ زانیبوویان کە تیری یاخییەکان، دوو چەلان ئەو حەیوانانەیان دەکوشت، جارێ حەیوانەکانی دەکوشت و جارێ خودانی حەیوانەکانی برسی دەکرد و نەیدەهێشت خێر لەو حەیوانانە بدینن کە بۆ بژێوی خۆیان بە خودانیان دەکرد.

لەوە بە دواوە مێجەر فیبرو نیودی بریتو، هەرکە حەیوانێ مردار بوایەتەوە نەوتی پێدا دەکرد و دەیسوتاند. مێجەر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لاواز دەبوو، بەدەم ئازاری چاوەوە دەتلایەوە، هەرکە لەشکرەکە لە کیماداس بەڕێ کەوت، ئەم دوای ماوەیەکی کەم گۆڕا، بوو بە کابرایەکی گرژ ومۆن وخەمین. لەوە دەچوو لە نێو هەموو لەشکرەکەدا ئەو تاقە کەس بێ کە دەنگی شاورەکان زۆر کاری تێبکات، خەوی لێ حەرام بکات و شەو تا بەیانی بە عەزابی بێدارییەوە بتلێتەوە. جا بۆ نەگبەتی ئەو بەرپرس بوو لەو حەیوانانەی کە بەدەم ئازارەوە دەیان بۆڕاند و پەلەخوار دەبوونەوە، ئیدی ئەو تاقە کەس بوو کە دەبوا دەستووری پێوەنانی فیشەکی ڕەحمەت و سووتاندنیان بدات. چاک دەیزانی ئەم کارە زەمینە بۆ برسیەتی ڕۆژانی دواتر خۆشدەکات. بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵیدەدا کاریگەری تیرەکان کەم بکاتەوە، ڕادەی ئەم خەسارەتە کەم بکاتەوە، ئیدی دەورێی دەردەکرد تا ئاگایان لە حەیوانەکان بێ، کەوڵ و پێستەی خاویان وەکو جل لە حەیوانەکان دەکرد. بەڵام بەو گەرمای هاوینە ئەو جلانە دەیانکردە کارێک حەیوانەکان ئارەقە بکەنەوە، نەتوانن وەکو پێویست ڕێبکەن و هەندێجار دەکەوتن و لە گەرما مرداردەبوونەوە. سەربازەکان مێجەریان دەبینی هەرکە ئەم سەمفۆنیایە دەستی پێدەکرد، پێش دەوریەکان دەکەوت و بە سەر گوندەکانی دەوروبەرا دەسوڕایەوە. بەڵام ئەم دەورێیانە فایدەی نەبوو، جگە لە ماندوو بوون و نائومێدی هیچی تری لێ نەدەکەوتەوە، خۆی لە خۆیدا ئەوەی دەسەلماند، کە شەڕڤان و یاخییەکان زۆر وریان، لە پڕ دەست دەوەشێنن و لە ناکاوا تاپۆ ئاسا غەیب دەبن. ئەو دەنگە ناسازەی لە شاور و فیت فیتۆکەکانیانەوە بەرز دەبووەوە، وای دەنواند کە ژمارەیان زۆرە. بەڵام شتی وا ناچێتە عەقڵەوەو نابێ وابێ، دەنا ئەم نەعلەتیانە چۆن دەیانتوانی لەم دەشت و بیابانە کاکی بە کاکی و دەشتانیە تەختەدا، لەم سارا ڕووتەن و بێ دار و درەختەدا خۆ وەشێرن؟ عەقید موریرا سیزار مەسەلەکەی بۆ ڕوونکردنەوە، هێرشکاران، بە سەر گرووپ و دەستەی زۆر بچووکا دابەش بوون. ئەمانە لە کون و کەلەبەر و پەناگەی زۆر هەستیاردا خۆ مەڵاس دەدەن، بە سەعاتان و ڕۆژان لە شکەفتان و دۆڵان و کون و کەلەبەر و لانەی گیانەوەران و بێشاندا چاوەڕوان دەکەن. ئیدی دەنگی ئەم شاور وفیت فیتۆکانە، لە بێدەنگی بێ سنووری ئەو بیابانەدا کە پێیدا تێدەپەڕن، زیاد لە پێویست دەنگدەداتەوەو ئەمان فریو دەدا.

نابێ ئەم فەند وفێڵە حەواسیان پەرت بکات و بیان پەشۆکێنێ، چونکە ئەمە هیچ کارێک لە لەشکرەکە ناکات.

عەقید، دوای گوێگرتن لە ڕاپۆرتی تەلەفاتی حەیوانەکان، وەختایەک فەرمانی پێشڕەوی دابوو، دەڵێت: " باشتر، بەمە بارمان سووکتر دەبێ، تا بارمان سووکتر بێ، زووتر دەگەینە جێ."

هێمنی ئەو، بووەتە مایەی سەرسامی پەیامنێرەکان، چونکە هەرجارێ خەبەری تازەی زیانی گیانی و کوشتاری پێدەگات، لە بەردەم ئەواندا شتەکە دەکات بە سوعبەت وگاڵتە. پەیامنێرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە حوزووری ئەو دژمنەی کە ئاگای لە هەموو هەڵس و کەوت و هەڵوێستی ئەمانە و بە خۆی لە هیچ شوێنێکەوە دیار نییە، پتر نیگەران و پەست دەبن. ئەمە تاقە بابەتی گفت و گۆیەکانیانە. هەموو دەوری پەیامنێرە نزیکبینەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) دەدەن وپرسیاری ئەوەی لێدەکەن کە عەقید ڕاو بۆچوونی لە مەڕ ئەم هێرشە بێ ئامانەی دژمن بۆ سەر ئازووقە و ئەعسابی لەشکرەکە چییە. یارۆی پەیامنێر، هەموو جارێ لە وەڵامی هاوپیشەکانی تریا دەڵێت کە عەقید موریرا سیزار، بە هیچ جۆرێ باسی تیرەکانی وان ناکات وگوێ لە دەنگی شاورەکانیان ناگرێ، چونکە بە دڵ و بەگیان لە خەمی یەک شتدایە: ئەویش ئەوەیە، بەرلەوەی مورشید و چەتەکان فریای هەڵاتن بکەون، بگاتە کانودوس. عەقید دڵنیایە کە ئەم تیرانە، ئەو فیت فیتۆکانە، تەنیا بۆ ئەوەیە

که کەتیبەی حەوتەم سەرقاڵ و مژوول بکەن تا دەرفەت بۆ یاخییەکان بڕەخسێ خۆ بۆ پاشەکشە ئامادە بکەن. لێ عەقید ئەفسەرێکی زیرەکە، بەو کەڵەکبازیە ناخەڵەتێ، ڕێگە نادات تاقە ڕۆژێک بۆ ڕووماڵکردنی گوندەکان و ئەم دەشت و دەرە بە فیڕۆ بڕوات و بە ملیمەتر لە ڕێڕەوی ئەو نەخشەیە دوور بکەوێتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە. بەو ئەفسەرانەشی، کە لە خەمی ئازووقە و موونەی ئایندەدا بوون، گوتووە، سەبارەت بەوەش ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە بە زووترین کات بگەنە کانودوس، هەر کە بگەنە ئەوێ ئیدی کەتیبەی حەوتەم، هەموو پێداویستیەکانی خۆی لە عەمار ومەزراو ئاغەڵ وتەویلەکانی دژمندا، پەیدا دەکات.

لەوساوە کە تیپەکە دووبارە کەوتبووە ڕێ، پەیامنێرەکان، ناوبەناو بە چاوی خۆ ئەفسەرێکی گەنجیان بە گورزەیەک تیری خوێناوییەوە دەبینی، کە بە هەڵەداوان بەرەو پێشی پێشەوەی تابوورەکە دەڕۆیی، تا هەواڵی هێرشێکی تازەی دژمن ڕابگەیەنێ. بەڵام ئەمجارە، دەمەو نیوەڕۆ، بە چەند سەعاتێ بەرلەوەی کەتیبەکە بگاتە ناو "مونتە سانتو" ئەو ئەفسەرەی کە مێجەر فیبرونیو بریتو، ناردبووی نەک هەر تیر، بەڵکو شاورێک وتیر وکەوانێکیشی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو. لەشکرەکە لە دۆڵێکا لایدا بوو، سەر وچاوی سەربازەکان لە ژێر هەتاوە گەرمەکەدا، شەلاڵی ئارەقە بووبوو. موریرا سیزار بە وردی تیر وکەوانەکە دەپشکنێ، تیر وکەوانێکی زۆر سەرەتاییە، لە دارێکی زبر ونە سیقاڵکری چێ کرابوو، بەکار هێنانیشی زۆر ئاسان بوو. عەقید تاماریندو و ئولیمپیو کاسترو و پەیامنێرەکان لە دەوری عەقید خڕ دەبنەوە. عەقید یەکێک لە تیرەکان هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر ژێی کەوانەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی نیشانی پەیامنێرەکان دەدات. ئەوسا فیتفیتۆکە زەلەکە، کە بریتی یە لە پارچە قامیشێکی کونکراو هەڵدەگرێ ودەیخاتە دەمی و فووی پێدا دەکات وهەموویان گوێیان لە نەوا خەمناکەکەی دەبێت. دوای هەموو ئەمە یارۆی قاسید خەبەرە گرینگەکەی ڕاگەیاند: " قوربان دوو دیلمان لایە، یەکێکیان بریندارەو ئەویتریان دەتوانێ قسە بکات."

هەموو بێدەنگ دەبن، لە ماوەی ئەو بێدەنگیە کورتەدا موریرا سیزار و تاماریندو و ئولیمپیو کاسترۆ، تەمەشای یەکدی دەکەن. قاسیدەکە، واتە ئەفسەرە گەنجەکە لە سەری دەڕوات، وبۆیان دەگێڕێتەوە کە سێ ئەندامی دەورییەکە هەمیشە گوێ قولاغ، حازر وئامادەن. تا هەرکاتێ گوێیان لە دەنگی فیتفیتۆکە ببێ، خێرا خۆ بگەیەننە ئەوێندەر ودەڤەرەکە بپشکنن، جا دوو سەعاتێ لەمەوبەر، هەرکە دەنگی فیقەنە بەرز بووەوە، هەر سێ دەورییەکە ، بەر لەوەی تەقە دەست پێبکات، بۆی دەردەچن وهەریەکەیان ڕوو دەکاتە لایەکی جیاواز، یەکێکیان، تیرەندازەکان، بەرلەوەی خۆ لە پەنای تاوێرەکان وەشێرن، بەدی دەکات. دوایان دەکەوێ تا بە تەواوەتی تەنگیان پێ هەڵدەچنێ وهەوڵدەدات بە زندوویەتی دەسگیریان بکات، بەڵام یەکێکیان لێی هەڵدەگەڕێتەوە، هێرشی بۆ دەبات وبرینداری دەکات. موریرا سیزار، دەم ودەست بە هەشتاو بەرەو پاشی تابوورەکە دەڕوات، پەیامنێرەکانیش لە خۆشی ئەوەی کە دەتوانن لە نزیکەوە چارەی دژمن ببینن، خێرا دوای دەکەون. بەو دەم و دەستە دژمن نابینن. دوای سەعاتە ڕێیەک دەگەنە کۆتایی تابوورەکە، هەر دوو دیلەکە خراونەتە کوختەیەکەوە، دەرگاکەیان توند لێداخراوە، پاسەوانان بە تفەنگی نێزەدارەوە، ئێشکیان دەگرن و ڕێگە بە پەیامنێرەکان نادەن لێیان نزیک ببنەوە. پەیامنێرەکان، بە دەوروبەری کوختەکەدا دەسووڕێنەوەو تەمەشای هات وچۆ وسەرقاڵی ئەفسەرەکان دەکەن، ئەوانەی دیلەکانیان دیتووە، خۆ لە وەڵامی پەیامنێرەکان دەدزنەوەو خۆ لە گێلی دەدەن. موریرا سیزار دوای دوو سێ سەعاتان پەیدا دەبێتەوە کە خەریکە بۆ جێگاکەی خۆی، بۆ پێشی تابوورەکە دەزڤڕێتەوە. ئەنجام پەیامنێرەکان چەند زانیاریەکی زۆر کەمیان لە مەڕ بویەرەکە دەدرێتێ.

عەقید پێیان دەڵێت: " یەکێکیان حاڵی زۆر خراپە، حەیفێ، لەوەیە تا ئێمە دەگەینە " مونتە سانتو " نەژێ. پێویستە لەوێندەر ئیعدام بکرێن تا ببنە پەند بۆ ئەوانی دی، ئیعدام کردنەکەیان لێرە بێفایدەیە!"

وەختایەک پەیامنێرێکی پیری کارامە، کە وەکو ئەوەی تازە لە پەسیو چاک بووبێتەوە، toوند خۆی پێچابووەوە، لە عەقید دەپرسێت ئایا دیل و زندانییەکان هیچ زانیارییەکی بە کەڵکیان داوەتێ یان نا، عەقید بە دوو دڵییەوە شانەکانی هەڵدەتەکێنێ: "هەندێ قسەی پڕو پووچیان دەربارەی خودا و مەسیحی دەجال و ئاخر زەمان کردووە، ئامادەن تا حەز دەکەی لەو قسانە بکەن، بەڵام تاقە وشەیەکیان لە مەڕ هاودەستەکانیان و هاندەر و شەریکەکانیان لە دەم نایەتە دەرێ. ڕەنگە لەبەر ئەمەش بێ کە ئەو نەگبەتانە بە خۆشیان هێچ نازانن، ئەمانە سەر بە دارو دەستەیەکن کە "پاجو" ناوێک سەرکردایەتیان دەکات."

قۆشەنەکە دووبارە، زۆر بە پەلە دەکەێتە ڕێ و بۆ هەوەڵی شەوێ، دەگاتە مونتە سانتو. ڕەوشی ئێرە، زۆر لە ڕەوشی شارەکانی دی، کە لەشکرەکە تەنیا پشکنینی خێرای بۆ دۆزینەوەی چەک دەکرد، جیاوازترە. بەڵام لێرە وەختایەک پەیامنێرەکان لە مەیدانی شارا، لە وڵاخەکانیان دادەبەزن ولە ژێر دار تەمر هندیەکانی بناری ئەو چیایە ڕادەوەستن کە ڕیزێک کڵێسای بچووکی بە بنارەوەیە، ژنان، منداڵان و پیرەمێران لە بەردەمیاندا وەستاون، هەموو حایر وحەپەساو، ئەبڵەق و واق وڕماو، بێموبالات و بێمتمانە، بە ڕواڵەت گێل وبێ ئاگا لەوەی ڕووی دەدا، دیار بوون.

پەیامنێرەکان، لە هەمان دەمدا، جگە لەو خەڵکە، سەربازەکانیش دەبینن کە چۆن دوو دوو یان سێ سێ بە تفەنگی سوارەوە، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرخۆدان ببنەوە، بە هەشتاو خۆیان بە کوختە گڵێنەکاندا دەکەن. لە تەنیشت ئەوانەوە، لە پاش وپێشیانەوە، لە گەرمەی هەراو هەنگامەی فەرمانانەوە، دەورێیەکان، بە لەقە وقۆناغە تفەنگان دەرگا وپەنجەرەکانیان دەکردەوە. پەیامنێرەکان دوای تۆزێک خەڵکی شارۆچکەکە دەبینن کە بڕ بڕ دەهێنرێنە دەرەوە و وەکو پەز دەخرێنە چوار مەیدانی تەیمانکراوەوە کە ئێشکگران پاسەوانیان دەکەن. لەوێندەر پرس و جۆیان لە گەڵ دەکرێ. پەیامنێرەکان هەر لەو جێگایەوە کە لێی وەستاون، بە گوێی خۆیان گوێیان لە جنێودان وهات وهاوار وناڵین وئاخینی پڕ ئازار دەبێت کە داد وبێدادی ژنانی دەرەوەی بەدوادا دێ کە هەوڵدەدەن خۆ لە پاسەوانەکان بدزنەوە. ئیدی لە ئان وساتدایە ڕەوشەکە بتەقێتەوەو مونتە سانتو ببێت بە مەیدانی شەڕێکی سەیر، شەڕێک بێ پێکادان وشەڕە تەقە. پەیامنێرەکان، بێئەوەی ئەفسەرێک بێ بە لایانەوە وماجەراکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەناو کەوتوون، بە ناو ئەم شاری خاچ وشەمایلەدا وێڵ و سەرگەردان دەسوڕێنەوە. لەم مەیدانەوە بۆ ئەو مەیدان دەڕۆن، لە هەموو مەیدانەکاندا هەمان دیمەن دەبینن: ڕیزی پیاوان کە لە ترسی سەرنێزەی سەربازان لە جێی خۆ ڕەق ڕاوەستاون.

ناوبەناو دیلێک دەبینن کە سەربازەکان بە پاڵ لە ماڵ دەی هێننە دەرەوەو بە تۆپزی وەپێش خۆی دەدەن، یان لە نێو تەویلەیەکەوە ڕایدەکێشنە دەرەوە، بە ڕادەیەک دارکاری کراوە وبریندار کراوە کە بە ئەستەم خۆی بە پێوە دەگرێت. پەیامنێرەکان لە لای یەکەوە دەوەستن، زۆر لەوە دەترسن کە بکەونە بەینی بەرداشی ئەم دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەوە کە بەردەوام دەسوڕێتەوە، بێ ئاگان لەم ڕەوشەی لە ئارادایە، بەڵام گومان و مەزەندەیان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم ڕەوشە زادەی ئیعترافی ئەو دیلانەیە کە بەیانی ئەو ڕۆژە گیرابوون.

پەیامنێرەکان، هەر ئەو شەوە، دوای ئیعدام کردنی دیلەکان، عەقید موریرا سیزار دەبینن، قسەی دەگەڵ دەکەن و لە میانی قسەکانی ئەوەوە دروستی گومانەکەی خۆیانیان بۆ ساغ دەبێتەوە. پێش ڕێ ورەسمی ئیعدامەکە کە

لە ژێر دار تەمر هندیەکاندا ئەنجام دەدرێ، ئەفسەرێک دەستووری ڕۆژ دەخوێنێتەوەو ڕایدەگەیەنێت کە کۆمار ناچارە لە هەنبەر ئەو کەسانەدا بەرگری لە خۆی بکات، کە بە هۆی تەماع یان تەعەسوب یان نەزانی یان فریو خواردنەوە، دژی وەستاونەتەوەو بەم کارەیان خزمەتی توێژێکی گەندەڵ ویاخی دەکەن کە بەرژەوەندیان لەوەدایە بەرازیل هەر بە پاشکەوتوویی بمێنێتەوە تا بە ئاسانی و باشتر بۆ خۆ دایبدۆشن. ئایا خەڵکی ئەم شارە لەم پەیامە حاڵی دەبن؟ پەیامنێرەکان، لەو باوەڕەدان کە ئەم وشانەی، جارچی شارەکە، بە دەنگی بەرز ڕایاندەگەیەنێ، لە گوێی ئەو حەشاماتەدا، کە بە زۆری سەرەنێزەی پاسەوانان مۆڵدراون، جگە لە هەرا و زەنای تووڕەیی ناکاتە هیچی دی. وەختایەک کاری ئیعدامەکە تەواو دەبێت، ڕێگە بە خەڵکی شار دەدرێت کە بچنە دیار دیلە ئیعدام کراوەکان، پەیامنێرەکان، دەگەڵ فەرماندەی کەتیبەی حەوتەما، دەچن بۆ ئەو خانووەی کە قەرارە ئەو شەوێ لەوێندەر ئیسراحەت بکات. پەیامنێرە نزیکبینەکە. نوێنەرەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس)، کارەکە وەکو هەمیشە جۆرێ تەرتیب دەکات، کە وەختایەک عەقید بانگی کردن، ئەم بکەوێتە تەنیشتی ئەوەوە.

یارۆی ڕۆژنامەوان لە عەقید دەپرسێت: "پێتان وایە پێویستی بەوە دەکرد، بەم تەحەڕی و تەفتیشە گشتیە هەموو مونتە سانتو بکەن بە دژمنی خۆتان؟"

موریرا سیزار، لە وەڵاما دەڵێت: " ئەمانە بە ڕاستی دژمنن. هەموو ئەم خەڵکە دەستیان لە گەڵ پیلانگێڕەکاندا تێکەڵە. پاجۆ، یارۆی چەتەی یاخی، پێش ماوەیەکی کەم، بە خۆ وپەنجا زەلامەوە، بێرەدا ڕەت دەبێ، ئەمانە زۆر بە چاکی پێیان ڕادەگەن و ئازووقەی دنیایان دەدەنێ. ئەنگۆ ڕۆژنامەڤانانی بەڕێز، خۆ لە مەبەستم حاڵی دەبن؟ بیری خراپکاری وکودەتا وڕوخاندنی ڕژێم، لە دڵ و مێشکی ئەم نەگبەتانەدا ڕیشەی داکوتاوە، هەڵبەتە لە سایە و بەرەکەتی ئەو زەمینە لە بارەوە کە توندڕەوی وپابەندی مەزەبی وئۆلی فەراهەمی کردووە."

بە ڕواڵەت هیچ دوو دڵی و نیگەرانیەکی پێوە دیار نییە. چرای نەوتی ومۆم وئاگر لە هەموو شوێنێ دەسووتێ و قەرەوڵانی کەتیبەکە وەکو تارمایی و تاپۆیان، بەناو تاریکی شەوەکەدا دێن ودەچن.

-" ئەگەر بمان ویستبا، هەموو هاودەستانی یاخی و چەتەکان لە نێو بەرین، دەبوایە لە ملی دوا بە یەکی خەڵکی مونتە سانتو بدەین."

موریرا سیزار، گەییە خانویەکی بچووک کە عەقید تامارێندو مێجەر کونیاماتوس و چەند ئەفسەرێک لەوێندەر چاوەڕوانیان دەکرد. بە ئاماژەی دەست پەیامنێرەکان ئیزن دەدات و ڕوو دەکاتە یەکێک لە یاوەرەکانی و بابەتەکە دەگۆڕێ و دەڵێ: "چەند حەیوان ماوە؟ "

-" نزیکەی پەنجا تا هەشتا قوربان. "

"باشە، بەرلەوەی دژمن ئەم حەیوانە بەستەزمانانە ژەهراوی بکەن، زیافەت و دەعوەتێک بۆ سەربازەکان ساز بکەن با فیبرونیو، کارێ بکات کە هەر هەموویان بە جارێ بێنە کوشتنەوە."

ئەفسەرەکە بە هەشتاو دەڕوات. عەقید، ڕوودەکاتە هەموو ئەفسەرە بچووکەکانی دی ودەڵێت: " لە سبەی بە دواوە ناچارین پشتێنەکانمان توندتر بکەین."

عەقید خۆی بە خانووە پەرپووتەکەدا دەکات وپەیامنێرەکان بەرەو خوارنگەکە دەڕۆن. لەوێندەر قاوە دەخۆنەوە، جگەرە دەکێشن، بیر و ڕا دەگۆڕنەوە، گوێیان لەو سرووود و دروودانە دەبێ کە لە کلێسا بچووکەکانی

بناری چیاکەوە بەرزدەبێتەوەو، خەڵکی شارەکە بۆ دوو ئیعدام کراوەکە بەرپایان کردووە. دوای کەمێک دەکەونە تەمەشای چۆنیەتی دابەشکردنی گۆشتەکە و بە چاوی خۆ سەربازەکان دەبینن بە چ تاسە و تامەزرۆییەکەوە پەلاماری ئەو خوانە چاوەڕوان نەکراوە دەدەن وبە چ لەزەتێکەوە چنگی تێدەخەن و دەیخۆن، پاشان دەکەونە گیتار لێدان و بەو پەڕی ورە بەرزی هەڵدەکەنە گۆرانی گوتن. پەیامنێرەکان هەرچەندە بەشی خۆیان لە گۆشت و لە عەرەق بردووە. بەڵام شەریکی ئەو سوڕ وچەقەنە وکەیف وخۆشی و ئاهەنگەی ئەوان ناکەن کە بە خەیاڵی خۆیان بە بۆنەی سەرکەوتنی مسۆگەری خۆیانەوە دەیانگێڕا. دوای کەمێک نەقیب ئولیمپیو کاسترو دێت و لێیان دەپرسێت کە ئایا بە تەمان هەر لە مونتە سانتو بمێننەوە، یان بە نیازن بۆ کانودوس بێن. ئەوانەی کە بە مەیلی خۆیان دێن، لە گەڕانەوەدا کێشەیان بۆ چێدەبێ، چونکە لە نەخشەیاندا نییە، سەربازخانەیەکی دی لەو بەینەدا بکەنەوە.

لە کۆی هەر پێنج پەیامنێرەکە، دووانیان بڕیار دەدەن لە مونتە سانتو بمێننەوەو یەکێکی دیکەیان کە حاڵی باش نییە، دەیەوێ بۆ کیماداس بگەڕێتەوە. کابرای نەقیب، پێشنیاز بۆ دووانەکەی دی، کە دەیانەوێ لە گەڵ لەشکرەکەدا بڕۆن – پەیامنێرە پیرە سەرما بردەڵەکە و پەیامنێرە چاوکزە نزیکبینەکە – دەکات کە بڕۆن تاوێ بخەون، چونکە لێرە بە دواوە نە وەستان هەیە نە پشوودان.

سارەزی(سوزی) کە دوو پەیامنێرەکە دەگەڵ بانگی کەڵەبابدا ڕادەبن، پێیان دەگوترێ کە عەقید موریرا سیزار، زووتر بەڕێکەوتووە چونکە پێشەنگانی تابوورەکە کێشەیەکیان بۆ پێشهاتووە. سێ سەرباز دەست درێژیان کردۆتە سەر کیژێکی هەرزەکار. هەر دوو پەیامنێرەکە دەم ودەست بە گەڵ فەوجێ عەسکەر بە فەرماندەیی عەقید تاماریندو دەکەون. کاتێ دەگەنە پێشی تابوورەکە دەبینن سێ سەربازیان بە تەنیشت یەکەوە، بە سەرو دارەوە بەستووەو  شەلاقکاریان دەکەن. یەکێکیان لە گەڵ لێدانی هەر جەڵدە و قامچیەکدا لە تاو ئازار یەک بە خۆ هاوار دەکات، دووەمیان پێدەچێ وێرد ودوعا بخوێنێت وسێیەمیان گەوجانە سیمای گرژ دەکات وسات بە سات پشتی سوور دەبێتەوەو بەرەبەرە خوێن دەدەلێنێ.

لەو دەشتانیەکدا وەستاون کە دڕوەستان و دەوەنەجاڕ و بێشەی مانداکاروس و فیلامە و کالومبی هەر چوار دەوری گرتبوو. فەوج و سریەکانی پێشەوە لە نێو دڕک و داڵ و دەوەنە جاڕەکاندا وەستاون و تەمەشا دەکەن. بێدەنگیەکی بە سام باڵی بە سەر ئەوانەدا کێشابوو کە بە هیچ کلۆجێ چاویان لەو کەسانە نەدەگواستەوە کە وەژێر جەڵدە خرابوون. ناوبەناو زیقە زیقی تووتیان و پەڵمە گریان وهەنسک هەڵدانی ژنێک، ئەم بێدەنگیەی دەشڵەقاند. ئەوەی دەگریا کیژێکی منداڵکاری بەڵەکی، گێژ و وێژ، پێ خاوس بوو، لە درزی کراسە دڕاوەکەیەوە، جەستەی دیار بوو کە شین و مۆر بووبووەوە. کەس نەدەهات بەلایەوە. وەختایەک ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە ئەفسەرێکی پرسی کە ئەمە هەمان ئەو کیژەیە کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، ئەفسەرەکە سەری ئەرێی بۆ دەلەقێنێ. موریرا سیزار لە لای مێجەر کونیا ماتوسەوە وەستاوە. ئەسپە سپیەکە چەند هەنگاوێ لەولاترەوە، بە بێ زین، بە ئاسوودەیی دەسوڕێتەوە، تووکەکەی هێندە خاوێن و بە ڕەونەقە، لە تۆ وایە تازە قەشاو کراوە.

کە شەلاقکاریەکە تەواو بوو، دووان لە سەربازەکان بوورابوونەوە، بەڵام سێیەمیان کە گێژو وێژەکە بوو، دەتگوت تازە وەخۆ هاتووەتەوەو گوێی لە قسەکانی عەقید دەگرت.

عەقید بەدەم نەڕە نەڕەوە دەڵێت: " با ئەمە ببێت بە پەند و عیبرەت بۆ هەمووتان. سوپا پاکترین دام و دەزگاو سازی کۆمارە، گەندەڵی قەبووڵ ناکات ودەبێ هەر بە پاکی بمێنێتەوە. ئەرکی سەرشانی هەموومانە، لە

گەورەترین ئەفسەرەوە تا دەگاتە بچووکترین سەرباز، هەمیشە بە جۆرێ ڕەفتاربکەین، کە خەڵکی ڕێزو حورمەتی ئەو یونیفۆرمە بگرن کە لەبەری دەکەین. ئێوە بە خۆتان داب و نەریت و ڕێسای ئەم کەتیبەیە دەزانن: هیچ سەرپێچییەک قەبووڵ ناکەین و سەرپێچیکار بە توندی سزا دەدەین. ئێمە بۆیە بۆ ئێرە هاتووین تا سەر و ماڵی سڤیلان بپارێزین. نەک بۆ ئەوەی لاسایی چەتە و یاخیەکان بکەینەوە. لەمە بەدواوە هەرکەسێک بە تاوانی دەستدرێژیەوە بگیرێت، سزایەکەی بێ چەند و چوون مەرگە."

نە چپەیەک، نە ورتەیەک، نە جووڵەیەک لە هەنبەر ئەو قسانەدا نەنوێنرا. جەستەی ئەو دوو سەربازەی کە بوورابوونەوە، بە شێوەیەکی زۆر کۆمیدی لەو گۆڕە کەوتبوو. کیژە بەڵەکەکە لە گریە کەوت. نیگایەکی شێتانە بە چاویەوە دیار بوو. ناوبەناو بزەیەکی دەهاتێ.

موریرا سیزار، ئاماژەیەک بۆ لای کیژێ دەکات ودەڵێت: "شتێک بدەن بەم داماوە با بیخوات. " ڕوو لە پەیامنێرە نزیکبینەکە، کە لێی دێتە پێشەوە، دەڵێت: " وا دیارە تەختەی نوقسانە و مێشکی پارسەنگی دەوێ. یانی بەڕای ئێوە دەستدرێژی بۆ سەر بوونەوەرێکی ئاوها کارێکی باشە؟ بە تایبەتی بە بەرچاوی خەڵکانێکەوە کە خۆ بە خۆ لێمان پڕن؟ باشە ئەم جۆرە کارە باشترین بەڵگە نییە بۆ دروستی بۆچوونی ئەوانەی کە پێمان دەڵێن خێڵی مەسیحی دەجال؟ نەهەقیانە وامان پێ بڵێن؟

موڕاسیلێک ئەسپەکەی عەقید زین دەکات. مەیدانە تەختانیەکە پڕ دەبێت لە هەرا وهەنگامەی فەرمانان وجم و جوڵی سەربازان کە خۆ بۆ پێشڕەوی ئامادە دەکەن، فەوج و سریەکان هەریەکەیان بە لایەکا دەکەوێتە ڕێ.

موریرا سیزار، لە پڕێکا مەسەلەی دەستدرێژییەکە فەرامۆش دەکات ودەڵێت: "هاودەست وپیلانگێڕە سەرەکیەکان وردە وردە کەشف دەبن. بەڵێ بەڕێزینە، ئێوە دەزانن کێ چەک و تەقەمەنی بۆ کانودوس دەنێرێت؟ قەشەی کومبی، کەسێک بە نێوی بابا یواکیم. بەڵێ جبەکەی بەری باشترین گوزەرنامەیە. کلیلێکە هەموو دەرگایەکی داخراو دەکاتەوە... پارێزبەندییە! بەڵێ برادەرانی بەڕێز قەشەیەکی کاتولیکە."

ڕوخساری زیاتر مورکی ڕەزامەندی و ئاسوودەیی پێوە دیارە تا شەقڵی توورەیی.

***

سێرکوانەکان، بە ناوەندی (ماکامبیرا) وبە دەشتە بەردەڵان ودڕوە جاڕەکەدا دەڕۆیشتن وبە نۆرە عەرەبانەکەیان ڕادەکێشا. دەڤەرەکە تا هەتەری چاو هەر دەشت وچۆڵەوانی بوو. هەندێجار بە درێژایی چەند ڕۆژێک ڕێیان دەکرد وهیچ خواردنێکیان دەست نەدەکەوت کە سکی خۆیانی پێ تێربکەن. کە لە "سیتیوداس فلورس" ڕەت بوون، بەرەبەرە سەر وکەللەی هەندێ لەو حاجی و زیارەتکارانە پەیدا بوو کە بۆ کانودوس دەچوون، ئەمانە لە سێرکەوانەکان لات تر بوون، دار و نەدارە ناچیزەکەی خۆیان دابوو بە کۆڵاو زۆر جار بە هەر گیانەهاریەک بوو، شەل و سەقەتێکیان لە گەڵ خۆدا بکێش دەکرد. هەرکاتێ دەرفەتێکی لە بار دەڕەخسا، ژنەی ڕدێندار، لێبۆکەکە و کورتەڵە، فاڵ و بەختیان بۆ ئەم خەڵکە دەگرتەوە، بەیت و حیکایەتیان بۆ دەگێڕانەوە، لێبۆکبازیان بۆ دەکردن. بەڵام ئەم ڕێبوارانە شتێکی ئەوتۆیان نەبوو کە بیاندەنێ. دەنگۆیەک بڵاوبووەوە کە گوایە گاردی گوندەواری باهیا، گوندپارێزان، لە مونتە سانتو، ڕێگەی کانودوسیان گرتووەو، هەر پیاوێ دەستی تفەنگ بگرێ، دەیگرن و چەکی پێ هەڵدەگرن، ئیدی ئەمانە بە ناچاری ڕێگایەکی دوور هەڵدەبژێرن و بە دەوری کومبی دا پێچ دەکەنەوە. ناوبەناو دووکەڵێکیان بەدی دەکرد کە بە قسەی خەڵکی، ئەوە کاری چەتە و یاخیەکان

بوو، که دەشت و دەرەکەیان دەسووتاند، تا لەشکری شەیتان لە برسا بمرێ. خۆ زۆرجاریش خۆیان دەبوون بە قوربانی ئەم وێرانکاریە، یارۆی لیبۆک ئیدی تەواو وەڕەز بووبوو، ئەو دەنگ و ئاواز و پێکەنین و قاقایەی جارانی نەمابوو.

دوو دوو عەرەبانەکەیان ڕادەکێشا، دیمەنی ئەم پێنج کەسە بەڕاستی مایەی بەزەیی بوو، دەتگوت باری قورسی ئەم دنیایە بە سەر شانی ئەوانەوە بوو.

کورتەڵە، هەر کاتێ نۆرەی ئەو هاتبا کە عەرەبانەکە ڕابکێشێت، بەدەم خوتە وبۆڵەوە بە ژنە ڕدێندارەکەی دەگوت: " تۆ بە خۆت دەزانی چوون بۆ کانودوس شێتاتیە، کەچی سوورین لە سەر ڕۆیشتن بۆ ئەوێندەر. هیچ خواردنێکمان لەوێ دەست ناکەوێ، خەڵکی ئەوێ خۆیان وا لە برسا دەمرن." هەنگێ ئاماژەی بۆ لای گال کرد و بە ڕقەوە پرسی: " بۆ بە قسەی ئەم پیاوە دەکەی؟ "

کورتەڵە، چین چین ئارەقەی دەردەدا، چونکە بۆ پێشەوە دانەوی بووەوە، هێشتا کورت تر لە خۆی دیار بوو. تۆ بڵێی تەمەنی چەند ساڵ بێت؟ بە خۆیشی نەیدەزانی. چرچ و لۆچ کەوتبووە ڕوخساری، هەر دوو کۆمیەکەی پشت و سینگی زەقتر دیاربوون، چونکە لاواز بووبوو، زەقتر دەهاتنە بەرچاو.

خانمە ڕدێندارەکە تەمەشایەکی گالی کرد و بە دەنگی بەرز گوتی: "چونکە پیاوی ڕاستەقینەیە، ئەوەندەم خەڵکی سەقەت و سقوت بە دەوری خۆوە بینی بێزار بووم."

کورتەڵە، لە قاقای دا، بەدەم گینگڵی پێکەنینەوە گوتی: " ئەدی خۆت؟ باشە خۆت چیت؟ خۆم وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانم. تۆ ژنێکی کۆیلە تەبیعەتی، حەزدەکەی ملکەچی پیاو بی- دوێنێ کابرای قەرەج و ئەمڕۆ نۆرەی ئەمە."

خانمە ڕدێندارەکە، کە بە خۆیشی پێکەنین گرتبووی، دەستی برد تا زللەیەکی مزری لێبدات، لێ کورتەڵە، خۆی لادا و بە دەنگی بەرز گوتی: " تۆ حەز دەکەی کۆیلە بی. ئەو ڕۆژەی کە دەستی لە کاژەڵەت دا و پێی گوتی: " دەشێت ببی بە دایک، دایکێک وەکو هەر دایکێکی دی، کردتی بە کەنیزەکی خۆی، باوەڕت بە قسەکانی کرد و چاوانت لە خۆشیا تەژی ڕوندک بوون."

خەریک بوو لە پێکەنینا دەبورایەوە، ناچار بوو پێ وەغارێوە بنێ تا ژنەی ڕدێندار نەیگاتێ. ژنەی تاین، لە دواوە چەند بەردێکی تێسرەواند. دوای چەند خولەکێک کورتەڵە گەڕایەوەو شانبەشانی ئەو کەوتەڕێ. شەڕو دەعواکانیان هەمیشە بەوجۆرە بوو، لە یاری یان جۆرە پەیوەندییەکی نائاسایی دەچوو.

بە بێدەنگی ڕێیان دەکرد، بەرنامەیەکی تایبەتیان بۆ ڕاکێشانی گالیسکەکە نەبوو، وەختی دیاریکراویان بۆ وەستان و ئیسراحەت نەبوو. هەر کاتێ یەکێکیان لە ماندوویەتیدا لە پەل و پۆ کەوتبا و نەیتوانیبا یەک هەنگاوی دی بنات، هەرکاتێ ڕێکەوتی جۆگا یان کانیەکیان کردبا یان چەند دار و درەختێکی بە سێبەریان هاتبایە ڕێ و بیان توانیبا تووندترین کاتی گەرمای ڕۆژی لە سایەدا بە سەر بەرن، لایان دەدا و پشوویان دەدا. بەدەم ڕێگاوە بە وردی چاویان بە دەوروبەری خۆدا دەگێڕاو بۆ خواردن دەگەڕان. هەندێجار دەیانتوانی نچیرێک بخەنە داوەوە و بیگرن. بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر کەم ڕوویدەدا، بۆیە هەر شتێکی سەوزیان دەست کەوتبا بە ناچاری دەیانخوارد. زیاتر لە داری ئیمبوزیرو دەگەڕان کە گالیلیو گال باسی سوودەکانی ئەو درەختەی بۆ کردبوون. ڕەگەکەی کەمێک شیرین و ئاودار و بە تام بوو، ئەمە کردبوویە کارێک کە وەکو خۆراکێکی ڕاستەقینە تەمەشای بکەن.

ئەو ڕۆژە، دوای نیوەڕۆ وەختایەک لە (ئەلگودیویس) ڕەت بوون تووشی کۆمەڵێک زیارەتکار بوون کە بۆ ئیسراحەت لایاندابوو. عەرەبانەکەیان ڕاگرت و چوون بۆ لای ئەوان. زۆربەیان لەو دێهاتیانە بوون کە بڕیاریان دابوو بۆ کانودوس بڕۆن. سەرکردەکەیان لە نێردراوان و موریدانی کانودوس بوو، پیاوێکی بە تەمەن بوو، جبەیەکی درێژی بە سەر پانتۆڵێکەوە لە بەر کردبوو. جووتێ پاتاوەی چیایی لە پێدا بوو، ئێلەکێکی دەڵبی بێ قۆڵی بە شانیا دابوو. ئەو خەڵکانەی دوای کەوتبوون، بە ئەدەب وحورمەتێکی شەرمنانەی ئەوتۆوە تەمەشایان دەکرد وەکو ئەوەی لە دنیایەکی ترەوە هاتبێ. گالیلیو گال کە بە چیچکانەوە لە لای ئەم پیاوەوە دانیشتبوو، بە پرسیار دایگرتەوە، بەڵام یارۆی مورید، بە گومانەوە سەیری دەکردو سەری لە قسەکانی دەرنەدەکردو بە ناچاری دەستی بە قسان لە گەڵ جەماعەتەکەی خۆیدا کردەوە. کابرای بە تەمەن، کەمێ دواتر کەوتە باسی کانودوس وکتێبی پیرۆز وپێشبینییەکانی مورشید کە بە حەواری وقاسیدو نوێنەری مەسیحی ناو دەبرد. دەیگوت شوێنکەوتوانی ئەو لە زەرفی سێ مانگ و یەک ڕۆژا زندوو دەبنەوە. بەڵام شوێنکەوتووانی شەیتان بۆ هەتاهەتایە دەمرن. ئەوە فەرقەکە بوو. فەرقی نێوان مەرگ وژیان. نێوان بەهەشت ودۆزەخ، نێوان بە نەعلەت بوون و رزگار بوون. مەسیحی دەجال دەتوانێ سەرباز بۆ کانودوس بنێرێ، بەڵام چ سوودێکی هەیە؟ ئەم سەربازانە هەموویان تیا دەچن، بۆگەن دەکەن، بۆ هەتاهەتایە تیا دەچن. بەڵام باوەڕداران، ئەوانیش دەمرن بەڵام دوای سێ هەیڤ و یەک ڕۆژ زندوو دەبنەوە، جەستەیان بێ عەیب وڕوحیان بە بای باڵی فریشتە و هەناسەی عیسای مەسیح پاکی پاک بووەتەوە. گال بە چاوانی پرشنگدارەوە، بە هەموو هۆش وگۆشی خۆیەوە تەمەشای دەکردو بە جۆرێ گوێی لێدەگرت کە تاقە یەک وشەیەکی قسەکانی ئەوی لە کیس نەچێت. وەختایەک پیرەمێردەکە بۆ ساتێ وەستا، گال دەرفەتی هێنا وگوتی: سەرکەوتن لە شەڕدا، چەند پێویستی بە باوەڕ و ئیمانە ئەوەندەش پێویستی بە چەکە. باشە کانودوس دەیتوانی لە هەنبەر قۆشەنی دەوڵەمەندانا بەرگری لە خۆی بکات؟ زیارەتکاران ئاوڕیان دایەوە تا بزانن ئەوە کێیە ئەو قسانە دەکات، پاشان دووبارە ڕوویان کردەوە لای حەواری و قاسیدەکە. هەرچەندە یارۆی قاسید تەمەشای گالی نەکردبوو، بەڵام گوێی لە قسەکانی گرتبوو. کە شەڕ تەواو بێ، خەڵکانی دەوڵەمەند نامێنن، یان بە گوتەیەکی دی کەس گوێیان پێنادات، چونکە هەنگێ هەموو خەڵکی دەوڵەمەند دەبن وکەس چاوی لە کەس نابێ. ئەم بەرد وتاوێرانە دەبن بە ڕووبار. ئەم شیو ودۆڵانە دەبن بە کێڵگەی بە پیت وبەرەکەت، دەشتی لمەڵانی ئەلگودویس دەبێت بە باخێکی پڕ لە گوڵی "ئورکید" ڕێک وەکو ئەو گوڵانەی لە مونتە سانتو دەڕوێن. مار ومڵە وشێر و پڵنگ دەبن بە دۆستی بەشەر. دنیا دەبێ بە شامی شەریف، مەڕ وگورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە، دنیا وەکو ئەم سەردەمانەی لێدێت کە هێشتا ئادەم لە بەهەشت وەدەرنەنرابوو.

مورشید بۆیە لەم دنیایەدایە تا ئەم ڕاستیانە بە خەڵکی بڵێت. یەکێک لەم فەزا نیمچە تاریکەوە، بە دەنگی نزم و لە ناخی دڵەوە کەوتە پەڵمەگریان و هەنسک هەڵدان وماوەیەکی زۆر لە سەر گریانەکەی بەردەوام بوو. یارۆی پیرەمێرد، دووبارە بە ڕاوێژێکی میهرەبان دەستی بە قسان کردەوە. روح لە مادە بەهێزترە. روح مەسیحی موبارەکە ومادە شەیتانە، ئەو پەرجوانەی کە لە مێژە چاوەڕوانین دێنە دی: هەژاری ونەخۆشی ودزێویان نامێنن. دەستی خستەسەر کورتەڵە، کە لە لای گالیلیووە هەڵکوڕمابوو. ئەمەش باڵا دەکا و وەکو هەر کەسێکی دی جوان و باڵابەرز دەبێت. نها دەنگی گریانی خەڵکانێکی دیکەش دەهاتە گوێ، دەتگوت باندۆری هەنسکەکانی زیارەتکارەکەی یەکەم بۆ ئەوانیش سیرایەتی کردووە. حەواری وقاسیدەکە سەری نایە سەر شانی نزیکترین زیارەتکارەوەو خەوی لێکەوت، زیارەتکارو حاجیەکان بەرەبەرە بێدەنگ بوون وئەوانیش خەویان لێکەوت. هەنگێ

خێڵی سێرکەوانەکان بۆلای عەرەبانەکەیان گەڕانەوە. دوای ماوەیەکی کەم، پرخەپرخی کورتەڵە کە زۆرجار بەدەم خەوەوە قسەی دەکرد، بەرزبووەوە.

گالیلیو وجورما، بە جیا لە یەکدی و لە سەر چادری سەر عەرەبانەکە کە لە " ئیپوپیارا " بە دواوە بە کاریان نەهێنابوو، ڕاکشان وخەوتن. مانگی چواردە، تابان ودرەخشان بە سەر کۆمەڵێک ئەستێرەی بێ شومارەوە هەڵنیشتبوو، شەوێکی فێنک وئارام بوو، پڕ لە سێبەری دار و دەوەنی "ماندا کاروس" و "کونجیروس". جورما، چاوانی نوقاند و هەناسەی ئارام و یەکنەوا بوو، گال لە لای ئەوەوە، لە سەر پشت ڕاکشابوو، هەر دوو دەستی نابوونە ژێر سەری وتەمەشای ئاسمانی دەکرد. هیچ مانایەکی نەبوو ئەم دەشتە کاکی بە کاکیە ببڕێ و کانودوس نەبینێ. لەوەیە شوێنێکی سەرەتایی، زۆر پاشکەوتوو، پڕ لە خورافات بێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە شتێکی نائاساییە... قەڵایەکی ئازادیە، بێ پارە، بێ ئاغا وکوێخا، بە دوور لە سیاسەت، بە بێ قەشە، بە بێ بانک و بانکداران، بێ ئاغا و فیودال، دنیایەکە بە ئیمان و خوێنی هەژارترین هەژاران ڕۆنرابوو. ئەگەر ئەمە بەردەوام بێ و بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، باقی شتەکانی دی بە دوادا دێت: ئیدی تاسوبی ئاینی وئەو شتانە نامێنێ و ئێرە دەبێ بە سەرمەشق وکانودوسانی دی بەرپا دەبن، ئیدی کێ دەزانێ؟... بزەیەک، بزەیەک کەوتە سەر لێوی، قژی خەریکە دێتەوە، دەستێکی بە سەریدا هێنا، قژی بایی ئەوە هاتبووەوە کە بە سەری قامکان بگیرێت. گەڕان بەو قژە هەڵپاچراوەوە مایەی نیگەرانی و هەندێجار بایسی ترسی لە ناکاو بوو. چما؟ ئەو زەمانەی بیر کەوتەوە کە لە بەرشەلۆنە پەرستاریان دەکرد تا پاشان لە سێدارەی بدەن. هۆڵی نەخۆشان، ڕەوشی زندانیە شێتەکانی بیر کەوتەوە. سەریان پاک دەتاشین و جل و بەرگی شێتانیان لەبەر دەکردن. نیگابانەکان، لە زندانییە ئاساییەکان بوون — جیرەی نەخۆشەکانیان دەخوارد، بێڕەحمانە لێیان دەدان و لەزەتیان لەوە دەبینی کە ئاوی ساردیان پێدا بکەن. هەر کاتێ وێنەی خۆی بەو سەرە تاشراوەوە لە ئاوێنەیەکا یا لە جۆگایەکا یا لە بیرێکا بدیبایە، دیمەن و وێنەی ئەو شێتانەی دەهاتەوە بەرچاو کە هەم لە لایەن پاسەوانەکان وهەم لە لایەن دکتۆرەکانەوە دەچەوسێنرانەوە. ئەو ڕۆژگارەی بیر دەکەوتەوە، کە وتارێکی مایەی شانازی، لە ژێر سەرناڤی: " نا، بۆ چەوساندنەوەی نەخۆشان" نووسی بوو. شۆڕش ئینسانی،هەر لە نیری سەرمایە وکۆت وبەندی ئول ڕزگار نەدەکرد، بەڵکو نەخۆشانیشی، لەو چەوساندنەوە چینایەتیە دەربازدەکرد کە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا زاڵ بوو. نەخۆش — بە تایبەتی نەخۆشی دەروونی — قوربانی دەستی کۆمەڵگە بوو، قوربانیەک کە هیچی لە چەوساندنەوەو تەوهینی کرێکارو وەرزێرو جووتیار و لەشفرۆش و کارەکەران کەمتر نەبوو. باشە ئەو پیرەمێرە بەڕێزە، ئەو شەوە — کە بە خەیاڵی خۆی باسی خودای دەکرد و لە ڕاستیا باسی ئازادی دەکرد — نەیگوت کە لە کانودوسدا هەژاری ونەخۆشی و دزی ڕوو لە نەمانە، نامێنێ؟ مەگەر ئەمە خۆی لە خۆیدا ئارمانج و بەهایەکی ئایدیالی شۆڕشگێڕانە نەبوو؟ جورما، چاوەکانی کرابوونەوەو سەیری ئەوی دەکرد، یانی بە دەنگی بەرز گوزارشتی لە هزر وبیری خۆی کردبوو؟

لە بن لێوانەوەو، وەکو یەکێک قسەی عاشقانە بکات، بە چپەوە گوتی: " ئامادە بووم، هەموو شتێکی خۆ بدەم، بەو مەرجەی ئەو کاتەی فیبرونیودی بریتویان ڕاونا، لە گەڵیان بایەم. هەموو تەمەنی خۆم لە خەبات وشەڕا بە سەربرد، ئەوەی لە ئۆردوی خۆمانا بەدیم کرد هەر هەمووی خیانەت وشکست وتەفرەقە بوو. ئاواتم ئەوە بوو، ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە سەرکەوتن بدینم... تا هەستی پێبکەم، بزانم چۆنە، تا بزانم و ببینم سەرکەوتنی ئۆردوی مە چ تام ولەزەتێکی هەیە."

بینی جورما وەکو جارەکانی دی تەمەشای دەکات، هەم خەمساردانە وهەم کونجکاوانە تەمەشای دەکات. ڕاکشابوون، تەنیا یەک ئینجیان بەین بوو، جەستەیان بەر یەکدی نەدەکەوت. کورتەڵە، کەوتبووە وڕاوە.

گال گوتی: " نە تۆ لە حاڵی من دەگەی و نە من سەر لە حاڵی تۆ دەردەکەم. چما ئەو کاتەی بورابوومەوە نەتکوشتم؟ بۆچی قەناعەتت بە پیاو کوژە بە کرێگیراوەکان نەکرد، کە سەرم لە گەڵ خۆدا ببەن لە جیاتی ئەوەی تەنیا قژەکەم هەڵپاچن وبیبەن؟ تۆ بۆچی لە گەڵ منا ماویتەوە؟ خۆ تۆ باوەڕت بەو شتانە نییە کە من باوەڕم پێیانە."

جورما بە ڕاوێژێکی خاڵی لە هەر نەفرەتێک گوتی: " ئەو کەسەی کە پێویستە تۆ بکوژێ تەنیا روڤینویە. ئەگەر من تۆم کوشتبا، کارێکم دەرهەق دەکرد، زۆر خراپتر لەو کارەی کە تۆ دەرهەقیت کرد."

گال دەبیرەوە چوو: "سەر لەمە دەرناکەم" پێشتر باسی هەمان شتیان کردبوو، جار لە جار زیاتر شتەکەی لێ ئاڵۆزتر دەبوو. شەرەف، تۆڵە، ئەو هەڵوێستە توندە، ئەو داب ونەریت ویاسا وڕێسا وردە – چۆن دەکرا ئەم شتانە لێرە، لەم ئاخری جیهانە ڕوون بکرێتەوە، ئەویش لە ناو خەڵکانێکا، کە هیچیان نەبوو، جگە لە هەندێ جل و بەرگی شڕۆڵە و ئەسپێیاوی. ئابڕو، سوێند و پەیمان، قەولی پیاوانە، ئەم شتانە و بیانوو و هەنجەتی پارەداران، دەوڵەمەندان، بێکارە و مشەخۆران – چۆن لێرە دەهاتنە حاڵی بوون؟ بیری کەوتەوە چۆن ڕۆژێک وەختایەک لە پانسیۆنەکەی خانمی شکۆدار بوو، لە کیماداس، لە ڕۆژێکی هەرازان بازاڕ دا، لە پەنجەرەکەوە گوێی لە نەقڵ بێژێکی گەڕۆک بوو، حیکایەتێکی دەگێڕایەوە، هەرچەند حیکایەتەکە دەسکاری کراو بوو و تا ڕادەیەک شێوا بوو، یەکێک بوو لەو ئەفسانانەی کە بە منداڵی خوێندبوویەوەو بە گەنجی لە شێوەی کومیدیایەکی ڕۆمانسیدا لە سەر شانۆ دیتبووی، شانۆییەکە ناوی (روبەرتی شەیتان) بوو. ئەم حیکایەت و ئەفسانەیە چۆن گەیی بووە ئێرە؟ وا دیارە دنیا لەوە دژوارترە بە ئاسانی پێشبینی بکرێ.

لە بن لێوانەوە گوتی: " تێناگەم بۆچی ئەو شەقاوە بەکرێگیراوانە قژەکەمیان لە گەڵ خۆدا برد. مەبەستم کایفاسە. یانی ئەو لەبەر ئەمە چاوپۆشی لێکردم تا هاوڕێکەی لە لەزەتی تۆڵە ئەستاندنەوە مەحرووم نەکات؟ ئەمە ڕەفتارێکی جووتیارانە نییە. ئەمە ڕەفتاری کەسێکی ئەرستۆکرات ونەجیمزادەیە."

جۆرما، پێشتر هەوڵی ئەوەی دابوو کە هۆی ئەم ڕەفتار وهەڵوێستەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام ئەمشەو بێدەنگ بوو. ڕەنگە لە بەر ئەوە بێدەنگ بووبێ، کە گەیی بووە ئەو قەناعەتەی ئەم کابرا غەوارەیە، هەرگیز لەم شتانە حاڵی نابێت.

بەیانی ڕۆژی دوایی، بەر لە زیارەتکارانی ئەلگودوس کەوتنەڕێ. تا لە "سیرادی فرانسا " ڕەت بوون یەک ڕۆژیان پێچوو. شەوێ بە ڕادەیەک ماندوو بوون وبرسێتی زۆری بۆهێنان، کە لێبۆک دوو چەلان بەدەم ڕێکردنەوە بووژابووەوە، جاری دووەم بە جۆرێ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لە پەل و پۆ کەوتبوو کە ئەوانی دی وایانزانی بوو مردووە. دەمەو ئێوارێ، گەیی بوونە گۆلاوێکی سەوزباو، ڕووەکەکانی دەوریان لابردبوو و ئاویان خواردبووەوە، خانمە ڕدێندارەکە، بە مست ئاوی بۆ یارۆی لێبۆک بردو چەند دڵۆپە ئاوێکی بە سەر مارە کۆبراکەدا کردبوو و فێنکی کردبووەوە. ئەم حەیوانە بەدەم برسیەتیەوە دەتلایەوە، چونکە هەموو کاتێ چەند گەڵایەک یان کرمێ دوانیان دەست دەکەوت تا بیدەنێ و تێری بکەن. دوای ئەوەی تێر ئاویان خواردەوە، کەوتنە کۆکردنەوەی ڕەگ و ڕیشە و گەڵای ڕووەکان تا بیخۆن و هەر چۆنێ بووە سکی خۆیان تێربکەن، کورتەڵەش

تەڵەیەکی نایەوە. ئەو شنەبایەی بە سەریانا دەهات، دوای ئەو هەموو گەرمایەی بە درێژایی ڕۆژەکە چەشتبوویان، نیعمەتێ بوو لەو گۆڕە. خانمە ڕدێندارەکە لە لای یارۆی لێبۆکەوە دانیشت و سەری لە باوەشی خۆی نا. چارەنووسی لێبۆک وکۆبراکە و عەرەبانەکەی، بە ئەندازەی چارەنووسی خۆی لا گرینگ بوو، وادیار بوو لەو باوەڕەدایە کە مانی خۆی بەندە بەوەوە کە تا چ ئەندازەیەک بتوانێ پارێزگاری لەو کەسە ولەو مارە و لەو عەرەبانەیە بکات کە هەموو دنیای ئەو بوون.

گال وجورما وکورتەڵە، بەکاوەخۆ، ڕەگ وڕیشە وگەڵا ڕووەکەکانیان دەجوو، دوای ئەوەی شیلەکەیان دەمژی، تلپەکەیان تف دەکردەوە. شتێکی ڕەق لە بەر پێی یارۆی کابرای شۆڕشگێڕدا بوو کە تا نیوەی لە ئەرزەکە ڕۆچووبوو. بەڵێ کاژەڵە سەرێکی زەرد هەڵگەڕاوی شکاو بوو. لەوەتای ڕێی کەوتبووە ئەم ساراو بیابانە زۆرجار ئێسک و پروسکی بەشەرانی لە کەنار ڕێگا و بانەکاندا دەبینی. یەکێک بۆی گێڕابووەوە کە لەم دیارو دەڤەرانەدا خەڵکانێک هەن کە جەنازەی دژمنەکانیان لە گۆڕ دەردێنن ولەو گۆڕەی فڕێ دەدەن تا ببێ بە خۆراکی قەل وداڵ، چونکە باوەڕیان وایە بەم کارەیان ڕوحی ئەوانە بۆ دۆزەخ دەنێرن. کاژەڵەکەی هەڵگرت، بە هەر دوو دەست ئەم دیو وئەو دیوی کرد.

بە یادی ڕابردووەوە گوتی: " کاژەڵان، بۆ بابم و بە لای بابمەوە کتێب بوو، ئاوێنە بوو. ئەگەر زانیبای من لێرەم و ڕێم کەوتووەتە ئەم دیار ودەڤەرە، بەم وەزعەوە دەی بینیم کە تێی کەوتووم، ئاخۆ چی دەگوت؟ ئاخر جار کە بینیم تەمەنم هەڤدە ساڵان بوو. کە پێم گوت عەمەل لە عیلم گرینگترە هیچ ئومێدێکی پێم نەما. ئەویش پیاوێکی یاخی و شۆڕشگێڕ بوو، هەڵبەتە بە شێوازی تایبەتی خۆی. دکتۆرەکان گاڵتەیان پێدەکرد، پێیان دەگوت سیحرباز.

کورتەڵە، تەمەشای دەکرد، دەیویست بزانێ چ دەڵێت. جورماش هەر وایدەکرد. گال دووبارە دەستی بە جووینی گەڵا و ڕووەکان و تف کردنەوەیان کردەوە، ڕوخساری نقومی بیرکردنەوە بوو.

کورتەڵە لە بن لێوانەوە پرسی: "چما بۆ ئێرە هاتووی؟ باشە ناترسی لەم غەریبییە، دوور لە نیشتمانی خۆ بمریت؟ تۆ لێرە نە کەس وکارت هەیە، نە دۆست و ئاشنا. کەسێک نییە یادێکت بکاتەوە."

گال بەرسڤی دایەوە: "ئێوە کەس وکاری منن،شەرڤان و یاخییەکانیش کەس وکاری منن."

کورتەڵە گوتی: " تۆ قەشە نیت. نە نوێژ دەکەی و نە باسی خوا دەکەی. ئیدی بۆ هێندە ڕژدیت لە سەر ئەوەی کە بۆ کانودوس بڕۆیت؟ "

جورما گوتی: " من ناتوانم لە نێو غەریباندا بژیم. مرۆڤ کە نیشتمانی نەبوو، هەتیوە."

گالیلیو یەکسەر گوتی: " ڕۆژێ دێ ئەم وشەی نیشتمانە نامێنێ، زاراوەیەک نامێنێ بە نێوی نیشتمان. هەنگێ خەڵکی کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەنەوە، ئاوڕ لە ئێمە دەدەنەوە کە خۆمان لە چوارچێوەی سنووراندا حەپس کردبوو و لە سەر چەند خەت خەتۆکەیەکی سەر نەخشە یەکترمان کوشتووە، گاڵتەیان بە ئەقڵمان دێت ودەڵێن: " ئەمانە چ کەرگەلێک بوون."

کورتەڵە وجورما ڕوانیانە یەکدی. گال هەستی کرد کە ئەوان، ئەم بە کەرو کەودەن دەزانن. بەردەوام بوون لە سەر جووین وتف کردنەوە. جارجار لە بێزاریا دانیان جێڕ دەکردەوە و چارەیان بە یەکدا دەدا.

کورتەلە پرسی: " تۆ باوەڕت بەو قسانەی ئەو قاسید و حەوارییە پیرە هەیە کە لە ئەلگودویسەوە هاتبوو و دەیگوت ڕۆژێ لە ڕۆژان دنیایەک دێتە ئاراوە کە نە خراپەکاری و نە نەخۆشی تیا دەبێت؟ "

گال گوتی: "نە دزێویش" وچەند جارێک سەری ئەرێی لەقاند.

" من وەکو چۆن خەڵکی باوەڕیان بە خودا هەیە، منیش بەو ئاوایە باوەڕم بەو دنیایە هەیە کە یارۆی پیرەمێرد دەیڵێ. ساڵەهای ساڵە خەڵکانێک گیانی خۆ بەخت دەکەن، تا دنیایەکی وەها بێتە دی. لەبەر ئەوەیە هێندە مکووڕم لە سەر ئەوەی بگەمە کانودوس. لەوێ، لە خراترین حاڵەتا، بە کێمانی(بەلای کەمەوە) لە ڕای شتێکا دەمرم، کە ئەوە دێنێ لە پێناویدا بمری."

جورما، لە کاتێکا چاوی بڕی بووە ئەرزەکە، لە بن لێوانەوە گوتی: " تۆ بە دەستی روڤینو دەکوژرێی." ئەوسا دەنگی هەڵبڕی: "وادەزانی لەکەدار کردنی ئابڕوو ئەوەندە ئاسانە، لە بیری چووەتەوە؟ بە دوامانا دەگەڕێ، درەنگ یان زوو تۆڵەی خۆی دەکاتەوە."

گال، باسکی گرت وپرسی: " کەواتە تۆ بۆیە لە گەڵ مندا ماویتەوە تا بە چاوی خۆت تۆڵە سەندنەوەکەی ئەو بدینی، وایە؟ " بەدەم ئەو قسەیەوە شانەکانی هەڵتەکاندو لە سەری ڕۆیی: " ئەمە شتێکە روڤینوش ناتوانێ تێبیگات. من هەرگیز نیازی تەوهینی ئەوم نەبووە. شەهوەت وئارەزوو هەر شتێکی بێتەڕێ ڕایدەماڵێت، نە ئیرادە، نە دۆستایەتی ناناسێت. جڵەوی لە دەست ئێمەماناندا نییە. لە مۆخی ئێسقانەکانماندایە، لە بن پەڕەی ئەو شتەوەیە کە خەڵکی پێی دەڵێن ڕۆح."

دووبارە ڕوخساری لە ڕوخساری جورما نزیک خستەوە: " من پەشیمان نیم... ئەو بویەرە شتێکی فێرکردم... ئەو شتەی کە باوەڕم پێی بوو هەڵە دەرچوو. لەزەتی بەدەنی دەگەڵ بەها ئایدیالیەکانی بەشەردا هەڤدژ نییە. نابێ بە سەدەمی کارە بەدەنیەکانمانەوە، خەجاڵەت و شەرمەزار ببین، تێدەگەی؟ نەخێر، تێناگەیت."

کورتەڵە، بە دەنگێکی لەرزۆک و نیگایەکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی: " یانی، دەکرێ ئەمە بە دروست بزانرێ؟... خەڵکی دەڵێن، کوێر وکەڕی چاک کردووەتەوە، بەڵەک وگولانی چاک کردووەتەوە. یانی ئەگەر من پێی بڵێم: " من بۆیە بۆ ئێرە هاتووم چونکە دەزانم تۆ خودان پەرجوو وکەراماتی، دەستێکم پێدا دێنێ و بالام بەرز دەبێتەوە؟"

گال، بە حەواس پەرتیەوە تەمەشای کرد، هیچ وەلامێکی نە ڕاست و نە درۆی پێنەبوو. خانمە ڕدێندارەکە، لەو دەمەدا هێندە بەزەیی بە یارۆی لێبۆک دا هاتەوە، دەستی بە گریان کرد. گوتی: " زەڕەیەک هێزی تیا نەماوە، نە پێدەکەنێ، نە هاوار دەکات، خەریکە بەرەبەرە لێدەبێتەوەو دەمرێت." گوێیان لێبوو ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی خەو بیباتەوە، هەر بەو دەقەوە دەگریا.

سپێدە، ماڵباتێک کە لە " کارنایبا "وە هاتبوون، بێداریان کردنەوە و هەواڵێکی ناخۆشیان دانێ. دەورێی گاردێن گوندی (گوندپارێز) و شەقاوانی بە کرێگیراوی خاوەن مەزرایانی دەڤەرەکە، هەموو ئەو ڕێگایانەیان گرتووە کە بۆ کۆمبی دێن، چاوەڕوانی هاتنی سوپان. نها تاقە ڕێگا بۆ کانودوس ئەوەیە بەرەو باکوور ببنەوەو مەودایەکی زۆر بڕۆن، تا لە ڕێگای ماساکارا، ئەنگیکو و روساریوە بڕۆن.

دوای ڕۆژ وتاقێک گەیینە سانتو ئانتونیو، کە ئەمە سەرچاوەیەکی بچووکی ئاوی مەعدەنی بوو لە قەراخی ڕوباری " ماساکارا."

سێرکەوانەکان، پێشتر ئەم شارۆچکەیەیان بینی بوو، لە بیریان مابوو کە خەڵکانێکی زۆر بۆ چارەسەری نەخۆشیانی پێست، بۆ ئێرە دەهاتن تا خۆیان لە کانی و گەرٍاوەکانی ئێرە هەڵکێشن وبشۆن. سانتو ئانتونیو، لە هەمان کاتدا قوربانی هێرش و پەلاماری ئەو رێگر وچەتانەش بوو کە بۆ تاڵانکردنی نەخۆشەکان، دەیاندا بە سەر ئێرەدا. ئەمڕۆ لە چۆڵ دەچێ، تووشی تاقە ژنێکی جلشۆر نەبوون کە لە ڕەخی ڕووبارەکەدا خەریکی کوڵ و کانی بێ، هەروەها لە ڕاڕەوە باریک و سەلبەندەکاندا، کە دوو ڕیز درەختانی نەرگیل وفیکوس وکاکتوس ئەمبەر و ئەوبەریان گرتبوون، تاقە بوونەوەرێکی زندوویان، لە بەشەر و سەگ و باڵندان بەدی نەکرد. وێرای هەموو ئەمەش لە ناکاوا کورتەڵە زەوقی کرایەوە. شەیپورێکی هەڵگرت و نای بە دەمیەوە و نەوایەکی کۆمیدی لێدا، هەنگێ کەوتە باسی شەیپوران وشەیپور لێدان. ژنەی ڕدێندار، لە قاقای پێکەنینی دا، تەنانەت یارۆی لێبۆکیش بەو حاڵە بێحاڵەی خۆیەوە، کەوتە هەوڵ و تەقەلای ئەوەی بە شان و دەست و سەر خێراتر پاڵ بە عەرەبانەکەوە بنێت، دەمی داچەقی بوو و لیکاوی پێدا دەهاتە خوارەوە. ئەنجام پیاوێکی پیری خوارو خێچی ناحەزیان بینی کە خەریک بوو بورغویەکی لە تەختەی دەرگایەک دەبەست. بەجۆرێ تەمەشای کردن وەکو ئەوەی نەیان بینێت. بەڵام وەختایەک ژنەی ڕدێندار ماچێکی هەوایی بۆ هەڵدا، بزەیەکی کرد.

سێرکەوانەکان، عەرەبانەکەیان لە مەیدانێکی چوار گۆشەدا، کە دار مێو خۆی پێدا هەڵواسی بوو، ڕاگرت؛ ئیدی دەرگا وپەنجەرەی ماڵان خرانە سەر گازی پشت وسەر وکەللەی خەڵکی شارەکە، کە دەنگی شەیپورەکە سەرنجی ڕاکێشابوون، یەک یەک پەیدا بوو.

کورتەڵە، ژنەی ڕدێندار، و لێبۆکەکە، کەوتنە هەڵڕشتن وگەڕان بە ناو جل و بەرگ و شڕو شیتاڵەکانیاندا. ئیدی زۆری نەبرد کەوتنە بۆیاخ کردنی سەر وچاوی خۆیان ولەبەرکردنی جل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگ وبریقەدار، ئەوسا شتەکانی تریان وەک قەفەزی مارە کۆبراکە، ئەڵقەکان، دارعاسا سیحریەکان و ئوکوردیونەکانیان دەرهێنا و ئامادە کرد. کورتەڵە بە هەموو هێزی خۆیەوە فووی بە شەیپورەکەی خۆیا کردو هاواریکرد: " پەلەکەن، لەزێکەن، تۆزێکی دی نمایشەکە دەست پێدەکات." بەرەبەرە کۆمەڵێک تەمەشاڤان لە دەوریان خڕ بوونەوە، دەتگوت تازە لە خەوێکی ناخۆش بێدار بوونەتەوە. ئیدی کۆمەڵێک ئێسکە پەیکەری بەشەری، تەمەن وڕەگەزی جیاواز، لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە، زۆربەیان شوێنەواری گانگرین، ئاوڵە، جوانە زمە، گولی وبەڵەکی بە دەم وچاو ولاق و لەتەر و باسک و بازوویانەوە دیار بوو. کە دڵە ڕاوکێیەکەیان ڕەوییەوە، ئیدی بە خشەخش یان چوار چنگۆڵە، یان قوونە خشکێ خۆیان گەیاندە کۆڕی تەمەشاڤانان. گال لە فکران ڕاچوو: " ئەمانە بە ڕواڵەت لە کەسانێ ناچن کە لە حاڵی مەرگا بن، بەڵکو لە کەسانێک دەچن کە ماوەیەک بێ مردبن."

هەر هەموویان، بە تایبەتی منداڵەکان پیر وفەرتوس دەهاتنە بەرچاو. هەندێکیان بە ڕووی ژنە ڕدێندارەکەوە پێکەنین کە مارە کۆبراکەی بە دەوری خۆیەوە دەئاڵاند ودەمی ماچ دەکرد وڕێگەی دەدا بە کەیفی خۆی بە سەر بازووەکانیا بسوڕێتەوە و لوول بخوات. کورتەڵە، یارۆی لێبۆکی گرت وکەوتە لاسایی کردنەوەی نمایشەکەی خانمە ڕدێندارەکە لە گەڵ مارەکەدا، ئیدی وای لە یارۆی لێبۆک دەکرد، وەکو مارەکە بڕەقسێ، خۆی لوول بدات، پێچ بە خۆیدا بدات. خەڵکی شارەکەو نەخۆشەکانی سانتو ئانتونیو، بە ڕوخساری جدی یان بەدەم پێکەنینەوە تەمەشایان دەکرد، ناوبەناو سەری ئافەرین وستایشیان بۆ دەلەقاندن یان چەپڵەیان بۆ لێدەدان. هەندێکیان ئاوڕی پاشیان دەدایەوەو تەمەشایەکی گال وجورمایان دەکرد، وەکو ئەوەی لە دڵی خۆدا بپرسن کەی نۆرەی نواندن و نمایشی ئەمانە دێت. کابرای شۆڕشگێڕ (گال) بە تاسەوە تەمەشای دەکردن، ئەفسوونیان بووبوو. بەڵام

ڕوخساری جورما، لە نەفرەت و بێزاریا گرژ دەبوو. هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە هەستی خۆی کۆنترۆڵ و پەنهان بکات، بەڵام زۆری نەبرد لە بن لێوانەوە گوتی کە ئیدی حەوسەڵەی دیتنی ئەو دیمەنەی نەماوە و دەیەوێ لەوێ بڕوات. گالیلیو هیچ هەوڵێکی نەدا دڵخۆشی بداتەوە وهێوری بکاتەوە. هەردوو چاوی (گالیلیو) سوور هەڵگەڕابوون و لە ناخەوە دەلەرزی. ئیدی ساغڵەمی وەکو ڤیان، وەکو سەروەت ودەسەلات، خۆپەرستە، بە سەر خۆیا دادەخرێ، جگە لە خۆی بیر لە کەسی دی ناکاتەوە، خەمی کەسی دی نییە. باشترین شت ئەوەیە پیاو هیچی نەبێت، عاشق نەبێت، بەڵام چۆن دەبێ پیاو دەستبەرداری سەلامەتی خۆی ببێ، تا دەگەڵ برا نەخۆشەکانیا هاوخەم بێ؟ کێشە وئاریشە زۆر بوو. ئەم ئەژدیهایە دەیان سەری هەیە. زوڵم وزۆر لە هەموو شوێنێکەوە سەری بەرز کردووەتەوە.

هەنگێ هەستیکرد جۆرما زۆر بێزارە، زۆر دەترسێت، باسکی گرت، بە تووڕەیی وهەڵچوونەوە گوتی: " تەمەشایان بکە، تەمەشا. بڕوانە ئەو ژنانە، ئەمانە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەنج و بە تاقەت و شەنگوڵ بوون. کێ ڕۆژی گەیاندوون بەم ڕۆژگارە، حاڵی گەیاندوون بەم حاڵە؟ خودا؟ نەخێر، هیچ وپووچان، خەڵکانی شەڕانی، دەوڵەمەندان، خەڵکانی ساغڵەم و سەرحاڵ، خۆپەرستان، دەستڕۆ وستەمکاران."

بەجۆرێ هەڵچووبوو کە دەم وچاوی سوور بووبووەوە، باسکی جورمای بەردا و بە هەشتاو بۆ ناوەندی کۆڕی نمایشەکە چوو، تەنانەت ئاگای لەوە نەبوو کە کورتەڵە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکە سەیرەکەی دۆتمیر ماگلونی کیژی شای ناپولی کردبوو. تەمەشاڤانان، کابرایەکیان بە قژو ڕدێنێکی سوورەوە، بە شوێنەواری زامێک بە لا ملیەوە، بە پانتۆڵێکی شڕ و شەپڕێوەوە بینی لە ناکاوا و شێتانە کەوتە دەست هەڵتەکاندن: " براینە ورە بەر مەدەن! مل بۆ نائومێدی مەدەن. ئەگەر لێرەداو لەم شارەدا، خەریکن دادەڕزێن، بۆگەن دەکەن، ئەم هەموو دەرد و بەڵایەتان بە سەردا دادەبارێ، ئەمە بەومانایە نییە، ئەمەتان لە ئاسمانەوە, لە پشت هەورانەوە لە چارە نووسراوە، بەڵکو بۆیە ئەمەتان بە سەر هاتووە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی بێ ویژدان و ستەمکارە. بۆیە حاڵتان بەم حاڵە گەییوە، چونکە هیچتان نییە بیخۆن، دکتۆرتان نییە، دەرمانتان نییە، کەس خەمتان ناخوات، کەس پێتان ڕاناگات، چونکە هەژار و بێ نەوان. نەخۆشیەکەتان ناوی زوڵم و بێدادی و چەوسانەوەیە. براینۆ کۆڵ مەدەن. بەم حاڵە قاییل مەبن، ڕاپەڕن، شۆڕش بەرپا بکەن. وەکو چۆن برایەکانتان لە کانودوس ڕاپەڕیون. زەوی وزار بگرن، ماڵان بگرن، دەست بە سەر موڵک وماڵ و دار ونەداری ئەو کەسانەدا بگرن کە گەنجاتی ئێوەیان دزیوە، کە ساغڵەمی و سەلامەتی ئەنگۆیان دزیوە. مرۆڤانی ئێوەیان دزیوە."

خانمە ڕدێندارەکە ڕێگەی نەدا بەردەوام بێ. لە تووڕەییدا سوور بووەوە، شانی گرت و ڕایتەکاند وهاواری بە سەردا کرد: " کەری چوار پێ! بە ڕاستی کەری! کەس گوێت لێناگرێ، تۆ بەو قسانە سەرو دڵیان دەگریت، حەوسەڵەیان دەبەی، کارێک دەکەی کە پارەیەکمان نەدەنێ، پارووە نانێکی پێ بخۆین! تۆ بڕۆ کاژەڵەیان سەح بکەوە، دەست بە سەریاندا بێنە، بەختیان بۆ بگرەوە. کارێک بکە کە دڵیان پێی خۆش ببێت."

***

چکۆلەی موبارەک، هێشتا چاوی نەکردبووەوە کە گوێی بە بانگی کەڵەشێر زرینگایەوە. لە دڵی خۆدا گوتی: " سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک. "بێئەوەی لە جێگەی خۆی بجوڵێ، هەر لە جێی خۆیەوە نوێژو نزایەکەی کرد و لە باوک (خوا) پاڕایەوە کە بۆ گوزەراندنی ئەو ڕۆژە هێز وتوانای بداتێ. ئەو هەموو چالاکیە نەفەس برە، بۆ جەستەی لاوازی ئەو زۆر بوو. لەم ڕۆژانەی دوایدا، هەندێجار بە هۆی هاتنی زیارەتکارانی زۆرەوە بۆ

کانودوس، تووشی سەرە گێژکە دەبوو. کە شەوان لە سەر دۆشەکە کائاخنەکەی، لە پشت میحرابی کڵێسای سانتو ئانتونیوە پاڵ دەکەوت، ئازادی بەدەن وئێسقانەکانی بەجۆرێ دەیاندایە ئازار، تا بەیانی نەدەحەواوە. هەندێجار بە سەعاتان پاڵ دەکەوت وددانی بە جیرەوە دەبرد، چاوەڕوانی دەکرد تا خەو بە هانایەوە بێ و لە ئەشکەنجە و عەزابە پەنهانەی ڕزگاربکات.

چکۆلەی موبارەک، هەرچەند زۆر لاواز وبێ جورم بوو، بەڵام هێندە ورەی بەرز بوو، کە وێڕای ئەوەی لە دوای مورشیدەوە، زۆرترین ئەرکی روحانی بە سەرەوە بوو، لەم شارەدا کەس پەی بە لاوازی بەدەنی ئەو نەبردبوو.

چاوی هەڵێنان. کەڵەبابەکە بۆ جاری دووەم خوێندی. ڕوناکی سپێدە لە کڵاو ڕۆژنەکەی سەربانەوە دەیدا لە ناو ژوورەکە. بەو دیزداشەیەوە نووستبوو کە ماریا کوادرادو و ژنانی کۆرسی پیرۆزی سرووودخوانان جارەهای جار بۆیان دروبووەوە. جبەکەی لە بەر و پاتاوەکانی لە پێ کرد، حەمایلەکەی ڕاست و چپ لە مل کرد، نیشانەی دڵە موبارەکەکەی، کە بە سەر ئێلەکەکەیەوە بوو ماچ کرد، ئەو تەلەی کە لە مێژ بوو ژەنگی گرتبوو، کاتی خۆی کە منداڵ بوو، مورشید لە پومبال دابوویێ، لە ناوقەدی توونی کرد. دۆشەکە کائاخنەکەی لوول داو چوو تا جانکوش(مجێوری کڵێسا) و کلیلداری کڵێساکە کە لەبەر دەرگای کڵێساکە خەوتبوو، خەبەر بکاتەوە. کابرایەکی پیری خەڵکی کروکو بوو. هەرکە چاوی هەڵێنا لە بن لێوانەوە گوتی: "سوپاس و درووود بۆ پەروەردگاری مە عیسا مەسیح." چکۆلەی موبارەک لە وەڵاما گوت: " درووود بۆ ئەو." ئەو شەلاقەی کە هەموو بەیانییەک نەزری عەزابی ڕۆژانەی خۆی لەبەر بارەگای خوادا پێ ئەنجام دەدا، دایە دەست. یارۆی پیرەمێر شەلاقەکەی وەرگرت – چکۆلەی موبارەک کەوتە سەر چۆکان – بە هەموو هێزی خۆیەوە دە شەلاقانی بە پشت وکەفەڵیا کێشا. چکۆلەی موبارەک بێ هیچ ناڵین و ئاخینێک تەحەمولی شەلاقەکانی کرد. هەردووکیان دووبارە هێمای خاچیان کێشا. بەوجۆرە چالاکی وئەرکی ڕۆژانە دەستی پێکرد.

وەختایەک جانکوش ومجێوری کڵێساکە کەوتە خاوێنکردنەوەی میحرابەکە، چکۆلەی موبارەک بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. کە گەییە نزیکی دەرگاکە هەستی بەو زیارەتکار وحاجیانە کرد کە شەوێ گەیی بوونە بیلومونتە. هەڵبەتە گاردی کاتۆلیک لەم ماوەیەدا چاوەڕوانیان دەکرد تا ئەو (چکۆلەی موبارەک) بێت وبڕیار بدات کە ئایا بۆیان هەیە بمێننەوە یان شایستەی مانەوە نین. ئیدی ترس و نیگەرانی ئەوەی کە نەبا هەڵەیەک بکات، یان مەسیحی یەکی باش وشایستە ڕەفز بکات و یەکێک قەبووڵ بکات کە بوونی بە دڵی مورشید نەبێ، تەواو شپرزەی کردبوو و ئارامی لە بەر بڕی بوو: ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە بە کوڵ ودڵ لە خوا دەپاڕایەوە کە یارمەتی بدات و بە هانایەوە بێت. دەرگاکەی کردەوەو هەرا وزەنا و ژاوە ژاوی خەڵکەکەی هاتە گوێ، دەیان خەڵکی بینی کە لە بەر دەرگای کڵێساکە خڕبووبوونەوە. گاردی کاتۆلیک بە تفەنگەکان و بازووبەند و ئەو دەستە سڕ و تیلماسکە پەڕۆ شینانەی لە سەریانەوە بەستبوو، دەوریان گرتبوون و بە ناویاندا دەسوڕانەوە، کە ئەویان بینی هەموو بە یەک دەنگ هاواریان کرد: درووود بۆ مەسیحی موبارەک. " چکۆلەی موبارەک بۆی سەندنەوە: درووودی لێ بێ. " زیارەتکاران هێمای خاچیان کێشا، ئەوانەی کە سەقەت وئیفلیج و نەخۆش نەبوون هەستانە سەر پێیان. برسیەتی وشادی بە چاویانەوە دیار بوو. چکۆلەی موبارەک تەمەشایەکی کردن، بە مەزەندەی ئەو بە لای کەمەوە پەنجا کەسێک دەبوون. بە دەنگێکی ئارام گوتی: "بەخێر هاتن بۆ بیلومونتەی قەڵەمڕەوی باب (خودا) و

مەسیحی موبارەک. مورشید، دوو شتی لەو کەسانە دەوێ کە بەدەنگی بانگەوازەکەیەوە هاتوون: ئیمان و ڕاستگۆیی. لەم سەرزەمینەی پەروەردگاردا، جێگەی بێ ئیمانان و درۆزنان نابێتەوە."

بە گاردی کاتۆلیکی گوت کە بەرە بەرە ئەوانە بۆ ناو کلێساکە بکەنە ژوورەوە. جاران، دەگەڵ یەک بە یەکی زیارەتکارەکاندا قسەی دەکرد، بەڵام ئێستا ناچار بوو بە کۆمەڵ قسەیان لە گەڵدا بکات. مورشید حەزی نەدەکرد لەم کارەدا کەس یارمەتی ئەو بدات. دەیگوت: "دەرگای ئەم شارە تۆی، چکۆلەی موبارەک." هەرجارێ چکۆلەی موبارەک داوای دەکرد کە کەسێکی بۆ دانەن تا لەم کارەدا یارمەتی بدات، مورشید هەمان ئەو وەڵامەی دەدایەوە.

پیاوێکی نابینا وکچەکەی ومێردی کچەکەی و دووان لە منداڵەکانیان وەژوور کەوتن. لە " کیریرا " وە هاتبوون، یەک دانە مانگ بەڕێوە بووبوون، لە ڕێگا دایکی زاواو دوو کوڕی جمکانەی ژن و مێردەکە مردبوون. ئایا بە گوێرەی یاسا وڕێسای مەسیحیەت بە خاکیان سپاردبوون؟ بەڵێ بە تابووتەوەو بە نوێژی مردووانەوە ناشتبوویانن. وەختایەک کابرای نابینا، بە چاوانی نیمچە نوقاو وپروشەوە حاڵ وحیکایەتی سەفەرەکەیانی دەگێڕایەوە، یارۆی چکۆلەی موبارەک لێیان ورد دەبووەوە. لە دڵی خۆدا دەیگوت ئەم بنەماڵەیە زۆر یەکگرتوون، ڕێزی گەورەکانی خۆ دەگرن، چونکە هەر چوار نەفەرەکەی دی گوێیان لە کابرای نابینا دەگرت و قسەکانیان نەدەبڕی، تەنیا ناوبەناو سەری ئەرێیان بۆ قسەکانی دەلەقاند. نیشانەی برسیەتی وڕەنجی بەدەنی بە سەرو سیمای هەر پێنجیانەوە دیار بوو، هەروەها ئەو شادیە ڕوحیەشیان پێوە دیاربوو کە باڵی بە سەر هەموو ئەو حاجی و زیارەتکارانەدا دەکێشا کە پێیان دەنایە خاکی بیلومونتە. چکۆلەی موبارەک کە هەستی بە سایەو جوڵەی باڵی فریشتە کرد، بڕیاری دا کە پێشوازیان بکات و وەریان بگرێت. وێڕای ئەوەش لێی پرسین ئایا کەسیان تا ئەمڕۆ لە خزمەتی مەسیحی دەجاڵدا بوون یان نا. هەنگێ فێری کردن کە لە دوای ئەوەوە دەقی ئەو سوێند نامەیە بڵێنەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆماریخواز نەبوون، لە گەڵ سەرنگونی پاشادا نەبوون، جیابوونەوەی کلێسا لە دەوڵەتیان قەبووڵ نەبووە، زەوجینی مەدەنیان قەبووڵ نەبووە، سیستەمی کێشان وپێوانەی تازەیان قەبووڵ نەبووە، وەڵامی پرسیارەکانی لە مەڕ سەرژمێری و ئاماریان نەداوەتەوە. دەستی لە مل کردن و دەگەڵ نەفەرێکی سەر بە گاردی کاتولیکدا بۆ دووکانەکەی ئانتونیو ڤیلانوڤای ناردن. لە بەر دەرگاکەدا، ژنەکە شتێکی بە گوێی کابرای نابینادا چپاند، کابرای نابینا بە ترس و لەرزەوە پرسی کەی دەتوانن (مورشید، مەسیحی موبارەک) بدینن؟ خێزانەکە بە نیگەرانی و تاسەیەکی ئەوتۆوە چاوەڕوانی وەڵام بوون کە چکۆلەی موبارەک لە فکران ڕاچوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: " ئەمانە هەڵبژاردەن." شەوێ لە پەرستگەکەدا دەی بینن وگوێیان لە وەعزەکانی دەبێ و مژدەیان دەداتێ کە خودا شادمانە بەوەی وەکو ڕەعیەتی خۆی قەبووڵی کردوون. چکۆلەی موبارەک لە دواوە تەمەشای دەکردن کە لەوێندەر وەدەردەکەوتن و لەزگ بوو لە خۆشیا باڵ بگرن. حوزووری فەیزی خوایی لەم دنیا فانیەدا، مایەی پاکبوونەوەی دڵ و دەروون بوو. چکۆلەی موبارەک، دڵنیا بوو کە ئەم ئاکنجی یە تازانە، ئیدی سێ مردووەکەی خۆیان و هەموو خەم وپەژارەیەکیان لە بیرچووەتەوە و هەستدەکەن کە زندەگی شایستەی ئەوەیە بژی و ئانتونیو ڤیلانوڤا لە دەفتەرە گەورەو تۆمارەکەیا ناویان تۆمار دەکات، هەنگێ یارۆی نابینا بۆ خەستەخانەیەک دەنێرێ و پاشان ژنەکە دەنێرێ تا یارمەتی خوشکانی ساردلینیا بدات و مێردەکە و منداڵەکان بۆ دەرەوە دەنێرێ تا کاری سەقایی وئاوکێشی بکەن.

چکۆلەی موبارەک وەختایەک گوێی لە ژن و مێردێکی دی دەگرت — ژنەکە بوخچەیەکی لە بن هەنگڵ بوو — بیری لە لای ئانتونیا ڤیلانوڤا بوو. ئانتونیو پیاوی ئیمان، هەڵبژاردە و یەکێک بوو لە ڕەعیەتەکانی خوا. خۆی و

براکەی لە مەکتەبا خوێندبوویان، جۆرەها کار وکاسبیان هەبوو، پەز و پارەی زۆریان هەبوو. دەیانتوانی ژیانی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی سەروەت وسامان، کڕینی خانوو بەرە، زەوی وزار وخزمەتکاران تەرخان بکەن. بەڵام لە جیاتی ئەوە قەراریان دابوو دەگەڵ برا نەدارو بێ نەواکانیاندا، خۆ وەقفی خزمەتی خودا بکەن. باشە ئەمە نیعمەت و بەرەکەتی خودایی نەبوو کە کەسێکی وەکو ئانتونیو ڤیلانوڤا لێرەبێ و بە فەزڵی حیکمەت ولێزانی خۆی هەموو کێشە وئاریشە زۆر و زەبەندەکان چارەسەر بکات؟ یەکێک لەوانە چارەسەری کێشەی دابەشکردنی ئاو بوو. ئاویان لە ڕوباری ڤازا پاریس و حەوزەکانی (فازندا فلیسا) وە دێنا و ئەوسا بە خۆڕایی بەسەر ماڵەکاندا دابەش دەکرا. سەقا وئاوکێشەکان لەوحاجی و زیارەتکارانە بوون کە تازە هاتبوون. بەو جۆرە خەڵکی دەیانناسین و هەستیان دەکرد کە ئەمانە خزمەتی مورشید و مەسیحی موبارەک دەکەن و لەو سۆنگەیەوە خۆراکیان دەدانێ.

چکۆلەی موبارەک، ئەنجام لە دەمڕێژی قسەکانی کابراوە بۆی دەرکەوت کە ئەو بوخچەیە کیژێکی نۆزاوی تێدایە کە دوێشەو وەختایەک لە سیرادا کانابراڤاوە بۆ ئێرە دادەگەڕان مردووە.

پەڕۆیەکەی لە سەر منداڵەکە لاداو تەمەشایەکی کرد: جەستە چکۆلەکەی وشک بووبووەوە و زەرد هەڵگەڕابوو. بەوە دڵنەوایی ژنەکەی کرد، کە بەختەوەرە کە کیژەکەی لە شوێنێکا مردووە، کە تاقە شوێنە لە شەڕی شەیتان خەلەسیوە و ئەمە لوتفی خواییە و هەر شوکرانەی دەوێ. منداڵەکەیان غوسڵی تەعمید نەکردبوو، ئیدی چکۆلەی موبارەک غوسڵی تەعمیدی کرد وناوی نا "ماریا ئوفراسیا " و لە خودا پاڕایەوە کە ڕوحی ئەم منداڵە بۆ مەلەکوتی باڵای خۆی بەرێتەوە. هەنگێ ژن و مێردەکەی وادارکرد کە سوێندنامەکەی لەگەڵدا دووبارە بکەنەوەو ئەوسا ناردنی بۆ دووکانەکەی برایانی ڤیلانوڤا، تا کچەکەیان بە خاک بسپێرێ. بە هۆی کەمی دارەوە، بە خاک سپاردنی مردوو لە بیلو مونتە بووبوو بە کێشە. تەزوویەک بە مۆرەغەی پشتیا هات، ئەمەی زۆر لەبەرگران بوو؛ جەستەی بە بێ تابووت، بخرێتە ژێرگڵەوە.

لە کاتێکا قسەی بۆ کۆمەڵێک زیارەتکاری دی دەکرد، ژنێک لە ژنەکانی کۆرسی پیرۆزی سروودخوانان، هات تا کڵێساکە خاوێن بکاتەوە، ئەوسا ئەلکساندرینیا کوریا، بە تاسێکی چکۆلەی فەخفوریەوە هات ولە زمانی " ماریا کودرادو " وە گوتی: "ئەمە تەنیا بەشی خۆتە." ئاخر داکی پیاوان دەیزانی کە ئەو عادەتی وابوو، بەشە خۆراکەکەی خۆی دەدا بەو کەسانەی کە زۆر برسی بوون. چکۆلەی موبارەک بەدەم گوێگرتنەوە لە زیارەتکاران، شوکرو سوپاسی خوای دەکرد کە توانایەکی دەروونی ئەوتۆی پێبەخشیوە کە هیچ کاتێک هەست بە برسیەتی و تینوویەتی نەکات. چەند قومە ئاوێک و پارووە خواردنێکی بەس بوو. تەنانەت، لە ڕێگای زیارەتیشا کە ئەم سارا دوور ودرێژەیان تەی کردبوو، هەستی بە عەزابی ئەو برسیەتیە نەکردبوو کە خوشک و برا هاوڕێکانی هەستیان پێکردبوو. بۆیە لە سەرانسەری بیلومونتەدا، تاقە کەسێک کە لەو زیاتر ڕۆژووی گرتبوو، مورشید بوو. هەروەها ئەلکساندرینا کوریا ئەمەشی پێگوت کە ئەبوت جواو و جواوە زلە و ئانتونیو ڤیلانوڤا لە پەرستگەکەدا چاوەڕوانی ئەون.

نزیکەی دوو سەعاتی دی لە پەرستگەکەدا مایەوە تا بە کاری باقی زیارەتکارەکان ڕابگات و تەنیا یەک نەفەریان ڕوخسەتی مانەوەی نەدراێ – ئەمە کابرایەکی دانەوێڵە فرۆشی خەڵکی پدریناس بوو کە سەر وەختانێ خەریکی کۆکردنەوەی باج بووبوو. چکۆلەی موبارەک، سەربازانی جاران، بەلەد ودەلیلانی سوپا و قۆنتەراتچیانی ئازووقە و مووونەی سوپای ڕەفز نەکرد. بەڵام مامورانی باج کۆکردنەوە دەبوایە دەم و دەست کانودوس بەجێ بێڵن و هەرگیز نەگەڕێنەوە، دەنا ئۆباڵیان دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان. ئەمانە خوێنی هەژارانیان مژی بوو، دەستیان

بەسەر بەرو بوومیاندا گرتبوو، پەزو ماڵاتەکانیان دزی بوون. تەماعکاری وچاو چنۆکیان لە تەواو بوون نەدەهات، ئەمانە وەکو ئەو کرمانە بوون کە لە میوەیان دەدا و کرمێیان دەکردن. چکۆلەی موبارەک بە کابرای خەڵکی پدریناسی گوت، بۆ ئەوەی بگاتە ڕەحمەتی خودا، دەبێ لە جێیەکی دوور لێرە، بە تەنیا شەڕ و دژبەری شەیتان بکات. دوای ئەوەی جوابی بۆ زیارەتکارانی دەرێی دەرگاکە نارد کە چاوەڕوانی بکەن، بەرەو پەرستگەکە کەوتەڕێ. کات چێشتەنگاو بوو، تاوێر وکەڤرەکان لە بەر تیشکی ڕۆژەکەدا دەچریسکانەوە. زۆرکەس هەوڵیان دەدا ڕێگەی پێبگرن، بەڵام بە ئاماژە تێی دەگەیاندن کە پەلەیەتی ودەبێ بڕوات. هەندێک لە پیاوانی گاردی کاتولیک بە گەڵی کەوتبوون. لە هەوەڵەوە قەبووڵی نەدەکرد کەس حیمایەی بکات، بەڵام نها هەستی دەکرد، حەرەس و حیمایە زەروورىە. ئەگەر ئەم برادەرانە نەبوایەن، نەیدەتوانی بە سەعاتان ئەو چەند هەنگاوە ڕێیەی نێوان کڵێساکە و پەرستگایەکە، تەی بکات، چونکە خەڵکانێکی زۆر دەهاتنە سەر ڕێگاکەی تا داوایەکی لێبکەن یان دەیانویست دوو قسەی لە گەڵدا بکەن. بەدەم ڕێگاوە بیری لەوە دەکردەوە کە زیارەتکارانی ئەم بەیانییە خەڵکانێکیان تیابوو کە لە شوێنانی دووری وەکو ئالاگوس و سیراوە هاتبوون، باشە ئەمە دڵخۆشکەرە نییە؟ ئەو ئاپۆڕایەی کە لەدەوری پەرستگەکە خڕ بووبووەوە، ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، کە خۆی وچوار لە حیمایەکانی لە نیو قەرەباڵغیەکەدا گیریان خوارد – ئەمانە هەموو تەمەنێکیان تیابوو، هەموو ملیان قوت کردبووەوەو تەمەشای ئەو دەرگا دارینەیان دەکرد، کە لەگین بوو، لە هەر ساتێکی ڕۆژا مورشیدی لێ بێتە دەرێ. ئیدی حەرەس و حیمایەکان کەوتنە هەڵتەکاندنی نەوارە شینباوەکانیان و هاوڕێکانیان کە لەبەر دەرگای خەڵوەتخانەکە بوون، ڕێگەیان بۆ چکۆلەی موبارەک کردەوە. لە کاتێکا، هەر دوو شانی خوار کردبوونەوە و بەو ڕاڕەوە تەنگەی نێوان دوو ڕیز بەشەراندا ڕەت دەبوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت خۆ ئەگەر گاردی کاتولیک نەبوایە، ئاشووب و ئاژاوەیەکی وەها لە بیلومونتە دا بەرپا دەبوو، کە شەیتان دەیتوانی بە ئاسانی خۆی پێدا بکات.

گوتی: "سوپاس وستایش بۆ خواوەندی مە عیسا مەسیح." گوێی لێبوو بۆیان سەندەوە: " درووود بۆ ئەو " . یەکسەر هەستی بەو ئارامیە کرد کە مورشید لە دەوروبەری خۆیا بەرقەراری کردبوو. تەنانەت هەراو زەنا و ژاوەژاوەکەی دەرێش لێرەدا دەبوو بە ئاواز ومۆسیقا.

لەبن لێوانەوە گوتی: "بابۆ خەجالەت خۆم کە زۆرم بە چاوەڕوانییەوە هێشتیتەوە. چ بکەم ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی حاجی و زیارەتکاران زۆر و زۆرتر دەبن، ئەوەندە زۆر بوون فریا ناکەوم قسەیان دەگەڵ بکەم، یان بە سەرو سیمادا بیانناسمەوە."

مورشید گوتی: " هەموویان مافی ڕزگارییان هەیە. پێویستە پێیان خۆشحاڵ بیت."

چکۆلەی موبارەک گوتی: "پێم خۆشە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان ڕوو لە زیادییە. لە خۆم ناڕازیم کە هێندەم دەرفەت نییە هەموویان بە باشی بناسمەوە."

لە نێوان ئەبوت جواو و جواوە زلە دا، لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشت کە قەرەبیناکانیان لە باوەشیانا دانابوو. جگە لە ئانتونیو ڤیلانوڤا، هونوریوی برایشی لەوێندەر بوو، کە پێدەچوو تازە لە سەفەر هاتبێتەوە، چونکە هێشتا تەپ و تۆزی دنیای پێوە بوو. ماریا کوادرادو پەرداخێ ئاوی دایە، کە بە ئارامی و قوم قوم خواردییەوە. مورشید، بە خۆی وجبە ئەرخەوانیە تۆخەکەیەوە قیت لە سەر حەسیرێک ڕۆنیشتبوو، "شێرۆی ناتوبا" لە بەر پێیدا دانیشتبوو، قەڵەم و کاغەزەکەی بەدەستەوە بوو، کەللە ئەستوورەکەی نابووە سەر ئەژنۆی پیاوەکەی خوا ( مورشید ) – مورشید دەستێکی بە قژە ڕەشە لوولە تێکرژاوەکەی ئەودا کردبوو، ژنانی کۆرسی پیرۆزی

سروودخوانان، بێدەنگ وئارام، لە پاڵ دیوارەکەدا، بە چیچکانەوە هەڵتروشکابوون. بەرخۆڵەکە خەوتبوو. چکۆلەی موبارەک، لە فکران ڕاچوو: "ئەم پیاوە مورشیدە، ئامۆچیارە، شایستەیە، خۆشەویستە، ئێمە هەموو منداڵی ئەوین، ئێمە هیچ نەبووین، ئەو کردینی بە یار ومورید وحەواری خۆی." هەستی بە شادی و ئۆخژنێکی دەروونی کرد. جارێکی دی باڵی فریشتە خۆی تێ سوو.

بۆی دەرکەوت کە ئەبوت جواو و ئانتونیو ڤیلانوڤا ناکۆکییان لەنێواندایە. ڤیلانوڤا، دەیگوت لە گەڵ سووتاندنی کالومبی دا نییە کە ئەبوت جواو بە تەمای ئەو کارە بوو، چونکە ئەوەی بە سووتاندن و نەهێشتنی موڵک و مەزرایەکەی بارۆن زەرەرمەند دەبوو، بیلومونتە بوو، نەک شەیتان، چونکە موڵک و مەزرای ناڤبری باشترین سەرچاوەی ئازووقە ومووونەی ئەوان بوو. بەجۆرێ قسەی دەکرد وەک بڵێی لەوە بترسێت دڵی کەسێک بڕەنجێنێ، یان ئەو بیرە جدیەی خۆی بە دەنگی بەرز بدرکێنێ. هێندە بە نزمی قسەی دەکرد کە چکۆلەی موبارەک ناچار بوو گوێی بێنێتە پێشەوە تا بە باشی گوێی لێی بێت. لە فکران ڕاچوو، تۆ تەمەشا ئەو خەرمانەیە و هەیبەتەی دەوری مورشیدی داوە، چەند بە سام و میتافیزیکیە، تەنانەت کردوویەتیە کارێک کە پیاوێکی وەکو ئانتونیو ڤیلانوڤا، لە حوزووری ئەودا، بەو ڕادەیە ملکەچ و خاکەڕا و گوێڕایەڵ بێ. یارۆی دووکاندار لە ژیانی ڕۆژانەیدا، یەجگار چالاک و چەلەنگ و بە توانا بوو، بە متمانەیەکی ئەوتۆوە بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕی کە متمانەکەی بۆ خەڵکانی دیکەش سیرایەتی دەکرد. سەیر ئەوە بوو ئەم پیاوە ڕاشکاوە، ئەم قسە لە ڕووە، ئەم کرێکارە پشوو درێژە، ئەم لێزانە چارەسازە، لە حوزووری مورشیدا دەبوو بە منداڵێکی چکۆلە. "بەڵام بەمە نارەحەت نییە، ئەمەی نەک لەبەر گران نییە، بەڵکو بە هەتوانی شفابەخشی دەزانێ." ئانتونیو، کاتی خۆی، دوای وەعز خوانیەکانی مورشید، کە دوو بە دوو دەکەوتنە پیاسە، چەندین جار ئەو قسەیەی لە لا کردبوو. ئانتونیو دەیویست هەموو شتێک سەبارەت بە مورشید بزانێ، ماجەرا و بویەری جەولەکانی وئەو ئاموچیاری و ڕێنماییانەی لە ناو خەڵکیدا بڵاوی دەکردنەوەو، چکۆلەی موبارەک شەرح و شرۆڤەی دەکرد. بە تاسەوە بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە لە بیلومونتە بوو، بیری لەو هەستی ئازادی و کرانەوەیە دەکردەوە کە لە هەنبەر خەڵکانی دیدا هەیبوو، ئەو هەستەی کە ئاوا بووبوو و نەمابوو. ئیدی ئەو ویارۆی دووکاندار عادەتیان وابوو کە هەموو ڕۆژێ بە دوو قۆڵی، بەدەم قسانەوە، لەم سەری کانودوسەوە بۆ ئەوسەری پیاسەیان دەکرد، ئەو ڕۆژگارە کانودوس شارێکی چکۆلە بوو و ئەم هەموو حەشاماتەی تێنەڕژابوو. ئانتونیو ڤیلانوڤا گرێی دڵی بۆ کردەوە، بۆی گێڕایەوە کە چۆن مورشید ژیانی گۆڕی بوو: " هەمیشە خەمین و دڵتەنگ بووم، هەمیشە مێشکم جەنجاڵ بوو، خەریک بوو سەرم دەتەقی. کەچی نها هەرکە هەستدەکەم لێمەوە نزیکە، هەست بە ئارامیەکی ئەوتۆ دەکەم کە بە حەیاتم شتی وام بە خۆوە نەدیتووە. چکۆلەی موبارەک ئەمە بۆ من وەک هەتوانی سەر برینانە." لێ ئەم جووتە ئیدی نەیاندەتوانی بەو دوور و درێژییەی جاران قسان لە گەڵ یەکدیدا بکەن، ئیدی هەرکەسە وگرفتاری ئەرک و مەسئولیەتی تایبەتی خۆی بوو. ئەمە مەشیەتی خۆتە خودایە.

چکۆلەی موبارەک بە ڕادەیەک خەیاڵ بردبوویەوە، کە ئاگای لێنەبوو، ئانتونیو ڤیلانوڤا کەی قسەکانی تەواو بوو. نها ئەبوت جواو وەڵامی دەدایەوە. هەواڵەکان ڕاستن، پاجو دەڵێت بارون " دی کانا براڤا " لە خزمەتی مەسیحی دەجالدا بووە و داوای لە موڵکدارەکان کردووە، زەلام و چەک و ئەسپ وقاتر و ئازووقە بە سوپا بدەن و، کالومبی بووە بە ئۆردوویەکی جەنگی. موڵک ومەزراکەی بارۆن ئاوەدانترین وگەورەترینو دەوڵەمەندترین موڵکی ئەو ناوە بووەو عەمار وکۆگاکانی هێندەیان پێویستیان تیا بووە، کە بەشی دابینکردنی پێویستیانی دە لەشکری کردووە. بۆیە دەبوایە تەختیان بکردایە و هیچیان تیا نەهێشتبا کە لەشکری شەیتان

سوودی لێوەر بگرێ، ئەگینا بگەیشتبایە بیلومونتە، ئەوکاتە بەرهەق نەدەکرا. ئەبوت جواو لەوێندەر وەستابوو، چاوی بڕی بووە دەمی مورشید. ئانتونیو ڤیلانوڤاش هەمان شتی کرد. ئیدی پێویست بە گەنگەشە وگفت وگۆی زیاتر نەبوو، ئیدی پیاوی خودا (مورشید) بە خۆی دەیزانی کە کولومبی دەبێ بمێنێ یان بێتە سووتاندن – وێڕای جیاوازی بیر وبۆچوونی ئەو دوو پیاوە – چکۆلەی موبارەک چەندین جار دیتبوونی کە پێکەوە گەنگەشەیان دەکرد – و برایانە ڕەفتاریان دەکرد و لە یەکدی زویر نەدەبوون. بەڵام بەرلەوەی مورشید فریا بکەوێ و دەم هەڵێنێ، یەکێک لە دەرگای پەرستگەکەی دا. ئەمانە پیاوانی چەکدار بوون و لە کومبەوە هاتبوون. ئەبوت جواو چوو تا بزانێ چ هەواڵێکیان پێیە.

کە ئەو ڕۆیی، ئانتونیو ڤیلانوڤا دووبارە دەستی بە قسان کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان باسەکەی باسی مردن و مردووان بوو لە بیلومونتە. لەگەڵ زۆربوونی هاتنی زیارەتکارانا ژمارەی مردووان بە ڕادەیەک زۆر بووبوو، کە خەریک بوو لە گۆڕستانەکەی پشت کڵێساکانەوە، جێگەی قەبر نەدەما. بۆیە ناچار بووبوو، خەڵکانێک بنێرێ تا لە ( ئوتالولرینیو ) نێوان کانودوس و ئوکامبایودا پارچە زەویەک تەخت بکەن و شوورەیەکی بە دەورا بکێشن تا گۆرستانێکی تازە دروست بکەن. مورشید بەمە ڕازی دەبوو؟ مورشید، بە ئاستەم سەری ئەرێی لەقاند. لەو کاتەدا کە جواوە زلە، بە حاڵی پەرێشان و قژی لوولی لە ئارەقە هەڵکشاوەوە، باسی ئەوەی دەکرد کە دوێنێ گاردی کاتولیک دەستیان بە لێدانی مەتریس وسەنگەران، لە نێوان فازا باریس و فازندا فیلیا دا کردووە، ئەبوت جواو زڤڕییەوە. تەنانەت ( شێرۆی ناتوبا) ش سەرە زلەکەی و چاوە پرسیار ئامێزەکەی بەرزکردەوە.

-" هێزی سوپا ئەم سپێدەیە گەییوەتە کومبی. هەرکە گەییونەتە ناو شارۆچکەکە کەوتوونەتە سۆراخی پاپا یواکیم. پێدەچێ سەریان بڕی بێت."

چکۆلەی موبارەک گوێی لە دەنگی هەنسکێک بوو، بەڵام ئاوڕی نەدایەوە، دەیزانی دەنگی هەنسکی ئەلکساندرینیا کوریایە. ئەوانی دیکەش ئاوڕی لای ئەم ژنەیان نەدایەوە، هەرچەندە دەنگی هەنسک هەڵدان وگریانەکەی بەرەبەرە بەرز و بەرزتر دەبووەوە، بەڕادەیەک کە دەنگی، خەڵوەتخانەکەی پڕکرد.

مورشید، لە جێی خۆی نەجولا. بە دەنگێکی نەرم گوتی: " نها نوێژ و نزا بۆ بابە یواکیم دەکەین. ئەو هەنووکە لە لای خودایە. لەوێندەرەوە یارمەتیمان دەدات، یارمەتیەکی زیاتر لەوەی کە لەم دنیادا بوو. دەیسا خۆش بە حاڵی ئەو و بە حاڵی ئێمەش. مردن بۆ پیاوی دادپەروەر وهەقانی نیعمەتە."

وەختایەک مورشید کەوتە سەرچۆکان، چکۆلەی موبارەک بەغیلی بە قەشەکەی کومبی دەبرد کە ئیدی لە دەستی شەیتان خەلەسی بوو، لە جێگایەک بوو کە تەنیا جێگەی شەهیدانی مەسیحی موبارەکە.

***

روڤینو، لە گەڵ دوو دەوریەی سوپادا، کە وەکو دژمن و دژمنانە ڕەفتار لە گەڵ خەڵکی شارەکە دەکەن، دەگاتە کومبی، ماڵەکان دەپشکنن، هەرکەسێک ناڕەزایی دەربڕێ بەر قۆناغە تفەنگی دەدەن، فەرمانێک بە دەرو دیوارەکانەوە هەڵدەواسن کە هەڕەشەی مەرگ لە هەر کەسێک دەکات کە چەکی گەرم بشارێتەوە. ئەم فەرمانە بە گرمەگرمی دەهۆڵەوە بە گوێی خەڵکیدا دەدەن. لە تاقیبی قەشەی کڵێساکەدان. بە روڤینو دەڵێن کە گوایە ئاقیبەت پەناگەکەیان دۆزیوەتەوەو سەربازەکان بێپەروا، بێهیچ سڵکردنەوەیەک خۆیان بە کڵێساکەدا کردووەو بە شاپان هێناویانەتە دەرێ. روڤینو دوای ئەوەی سەرانسەری کومبی دەداتە ژێرپێوەو لە سێرکەوانەکان

دەپرسێت و ئەنجام لە ماڵی کابرایەکی کوورەچی دا، جێگەیەکی دەست دەکەوێ کە شەو لەوێندەر ڕۆژ بکاتەوە. لە ماڵی خانەخوێیەکەیدا، باسی ڕەفتاری خراپی سەربازەکان دەکرێ، بە تایبەتی ئەو بێڕێزییەی دەرهەق بە کڵێساکە کردوویانە، شۆکی کردوون: پەلاماردانی کڵێساکە ولێدانی یەکێک لە قەشەکانی خودا! کەواتە ئەوەی خەڵکی دەیڵێن ڕاستە: ئەم خەڵکە بەدڕاو بەد زاتانە نۆکەری شەیتانن.

ڕوڤینو، بەو قەناعەتەوە لە شار وەدەردەکەوێ کە یارۆی غەوارە بە کومبی دا تێنەپەڕیوە. یانی تۆ بڵێی ئەو کابرایە لە کانودوس بێ؟ یان کەوتبێتە دەست سەربازەکان؟ ڕوڤینو، لە یەکێک لەو سەنگەرانەی کە گاردی گوندپارێز، بۆ داخستنی ڕێگای کانودوس، لێیان دابوو لەزگ بوو لە لایەن سەربازەکانەوە بگیرێت. هەندێکیان دەیناسنەوەو شەفاعەتی بۆ دەکەن، دوای ماوەیەک ئازادی دەکەن وڕێگەی دەدەن کە بڕوات. لە ڕێگەیەکی قەدبڕەوە بەرەو باکوور دەڕوات، دوای ماوەیەکی کەم گوێی لە دەنگی گوللەیەک دەبێت، بەو تەپ و تۆزەدا کە لە بەر پێیدا بەرز بووەوە، تێگەیی کە نیشانەیان لەو گرتووەتەوە.

خۆی بە عاردیدا دەدات وبە سینگە خشکێ دەڕوات وبەو حاڵەوە شوێنی تەقەکەرەکان دەدۆزێتەوە: دوو سەربازی گارد کە لە پشت بارستە خاک وخۆڵێکەوە وەستاون، هاواری لێدەکەن کە قەرەبینا وخەنجەرەکەی لە عاردی دابنێ. هەڵدەستێت وبلەز بە شێوەی زیکزاک پێ وەغارێوە دەنێ وخۆی دەگەیەنێتە نەدیوییەک. بە سەلامەتی دەگاتە ئەو خاڵە ئەمینە، ئیدی لەوێوە، بە ماتەمات لەم پەنا تاوێرەوە بۆ ئەو پەنا تاوێر خۆی لە گاردەکان دوور دەخاتەوە. ئیدی ڕێگای لێتێکدەچێت، کە دڵنیا دەبێت کەس دوای نەکەوتووە، ڕادەکشێت تا پشوویەک بدات. ئەوەندە ماندووە کە بێهۆش وگۆش خەوی لێدەکەوێت، وەکو کۆتەرە دارێک لەو گۆڕە دەکەوێ. ئیدی بە تیشکی هەتاوەکەدا ڕێگەی دروستی کانودوس دەدۆزێتەوە. ئاپۆڕای زیارەتکاران، کۆمەڵ کۆمەڵ، ئەو ڕێگا قوڕاویەیان گرتووەتەبەر، کە چەند ساڵێک لەوەبەر تەنیا ڕێگای ماڵات وپەز وچێواری لات ونەدار بوو. شەوێ خۆی بە ناو زیارەتکارەکاندا دەکات و گوێی لە پیاوێکی بە تەمەنی وردیلەی دەم و چاو زیپکاوی، خەڵکی سانتو ئانتونیو دەبێ، کە باسی نمایشێکی سێرکەوانی دەکات کە لەوێ دیتبووی. دڵی ڕوڤینو دەکەوێتە لێدان. قسە ناکات تا یارۆی پیرەمێر بە کەیفی دڵی خۆی قسەکانی بکات. دوای کەمێک بۆی دەردەکەوێ، کە قوڵاخێکی دۆزیوەتەوە.

شەوێ خۆی دەگەیەنێتە سانتو ئانتونیو، لە هەنبەر گۆلاوێکی کەناری "ماساکارا " دا بەدەم چاوەڕوانی ڕۆژ بوونەوەوە، دادەنیشێت. هێندە پەرێشان و نیگەرانە، ناتوانێ بیربکاتەوە. لەگەڵ هەوەڵین گزینگی ڕۆژا دەکەوێتە ڕێ، سەر بەم کوختەو بەو کوختەدا دەکات. هەر هەموو کوختەکان لێکدی دەچن وزۆربەیان چۆڵن. یەکەم گوندییەک کە تووشی دەبێ، ڕێگەی نیشاندەدات. خۆی بە دالانێکی تاریکی بۆگەنا دەکات، کەمێک ڕادەوەستێت تا چاوی بە تاریکیەکە ڕابێت. بەرەبەرە دیوارەکان فەرق دەکات، نووسینەکانی سەر دیوارەکە و ئەو دڵەی، دڵی مەسیح، کە لە قەد دیوارەکە نەخشێنراوە دەبینێ. نە شەمایل وئیکۆنەیەکی لێیە، نە موبیلە وناوماڵێک و نە چرایەکی نەوتی. بەڵام هێشتا بۆنی پاشماوەی ئەو شتانەی کە ڕۆنیشڤانانی(دانیشتوان) ئێرە لە گەڵ خۆدا بردوویانە، دێت.

ژنێک لە ئەرزەکەدا ڕاکشاوەو کە ئەم وەژوور دەکەوێ، ژنەی تاین ڕادەبێ و لە جێی خۆی دادەنیشێت. جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و سەلەیەکی حەیزەران ومەقەڵیەکی بە دەورەوەیە. شتێکی بە باوەشەوەیە، کە ڕوڤینو هەرچی دەکا و دەکۆشێ نازانێ چییە. بەڵێ سەری مارێکە. یارۆی بەڵەد و شوون هەڵگر (ڕوڤینو) مووی دەم

و چاو و سەر هەر دوو بازووەکانی کە رەش دەچنەوە فەرق دەکات. لە فاسیلەی نێوان دیوارەکە و ژنەکەدا، کەسێک درێژاودرێژ کەوتووە. روڤینو، نیوەی جەستە و هەردوو لاقی ژنەکە، دەبینێ، تەمی خەمێک بە چاوانی ژنە ڕدێندارەکەوە دەبینێ. دادەنەوێتەوەو بە ڕێزەوە لە سێرکەوانەکان دەپرسێت، ژنەی تاین ماوەیەک بە بێ ئەوەی بیدینێ لێی ورد دەبێتەوە، هەنگێ مارە کۆبراکەی پێشکەش دەکات: ئەگەر دەیەوێ دەتوانێ بیخوات. روڤینو، بە چیچکانەوە، بە دیارییەوە ڕۆدەنیشێت و تێیدەگەیەنێ کە بۆ خواردن بۆ ئێرە نەهاتووە، بەڵکو عەودالی شتێکە. ژنە ڕدێندارەکە باسی مردووەکەی بۆ دەکات. بەرە بەرە گیانی دەدا، تا دوێشەو دوا هەناسەی لەبەر برا. روڤینو، بەدەم گوێگرتنەوە سەری بۆ دەلەقێنێ. ژنێ گلەیی لە خۆی دەکات، غەرقی کەسەرو پەشیمانیە، ویژدان عەزابی دەدات. هەق وابوو پێشتر "ئیدلیکا "ی کوشتباوەو بیدابایەتێ تا بیخوات. ئەگەر ئەو کارەی کردبا، مارەکە ڕزگاری دەکرد؟ لە مردن دەخەلەسی؟ هەر خۆی دەڵێت نەخێر. مارەکە وکابرای مردوو، لە هەوەڵی دروستبوونی سێرکەکەوە لە گەڵیا بوون. روڤینو، بە خەیاڵ وێنەی کابرای قەرەج و، پدریمە دێو و سێرکەوانەکانی دی، کە بە منداڵی لە کالومبی دیتبوونی، دێنێتەوە بەرچاوی خۆی. ژنە بیستبووی ئەگەر مردووان بە تابووتەوە لە گۆڕ نەنرێن دەچنە دۆزەخ، ئەمە زۆری نیگەران کردبوو. روڤینو دەڵێت ئامادەیە تابووتێک دروست بکات و قەبرێک بۆ هاوڕێی ژنەکە هەڵکەنێ. ژنە بە ڕاشکاوی، بێپێچ و پەنا لێی دەپرسێت مەبەستی لەم کارە چییە.

روڤینو بە دەنگێکی لەرزۆک پێی دەڵێت، کابرای غەوارە؟ خانمە ڕدێندارەکە دەڵێت: " گالیلیو گال؟ بەڵێ، ئەو بە خۆی. چەند پیاوێکی سوارە، وەختایەک ئەمان لە گوندەکە وەدەرکەوتبوون، پڕیان دابووێ، دەگەڵ خۆدا بردبوویان. دووبارە دێتەوە سەر باسی کابرای مردوو، نەیتوانی بوو لەمە زیاتر بە کۆڵ بیبات، چونکە زۆر بۆ ئەم قورس و زەحمەت بوو، بۆیە بڕیاری دابوو هەر لەوێ بمێنێتەوەو پەرستاری بکات. باشە ئەو سوارانە سەرباز بوون؟ گاردی گوندپارێز بوون؟ چەتە و ڕێگر بوون؟ ژنە ئەمە نازانێت. هەمان ئەو پیاوانە بوون کە لە ئیپوپیارا قژیان هەڵپاچی بوو؟ نەخێر، ئەوانە نەبوون. ئەدی لە دووی بوون؟ بەڵێ، هەقیان بە سێرکەوانەکانەوە نەبوو. بەرەو کانودوس ڕۆیین؟ ژنە ئەمەشی نەدەزانی.

روڤینو، چوارچێوەی دارینی پەنجەرەیەک دەردێنێ تا تابووتێک بۆ مردووەکە دروستبکات، دارەکان، بە پارچە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ دەداتە دەم یەکەوە. ئەم تابووتە سەیرە دەدا بە شانیا ودەچێتە دەرەوە، ژنەش دووی دەکەوێ. هەندێ گوندیی ڕێگەی گۆڕستانەکەی نیشاندەدەن و بە ئەمانەت بێڵێکی دەدەنێ. گۆڕێک هەڵدەکەنێ، تابووتەکەی تێدەنێ وگڵەکەی بە سەرا دەکاتەوە، ئەوسا لەوێ دەوەستێ تا ژنە ڕدێندارەکە لە نوێژو نزاکەی دەبێتەوە. ژنە لە ڕێگای گەڕانەوەدا بۆ گوندە چکۆلەکە، زۆر سوپاسی دەکات. روڤینو کە وێستاوەو هەڵدەڕوانێتە دوور، لە ژنەکە دەپرسێت: سوارەکان، ژنەکەشیان لەگەڵ خۆدا برد؟ ژنەی ڕدێندار چاوی دەتروکێنێ و دەڵێت: " تۆ روڤینوی؟ " پیاوە سەری ئەرێی بۆ دەلەقێنێ. نەخێر، دەگەڵ کورتەڵەدا بەرەو کانودوس چوو. کۆمەڵێک لە نەخۆش و ساغڵەمانی گوندەکە بە ڕێکەوت گوێیان لەو قسانە دەبێت و زۆری لەزەت لێدەبینن. روڤینو، زۆر ماندووە، لە شەکەتیا بەلادا دێ. خەڵکەکە خولکی دەکەن، قاییل دەبێ ودەچێ بۆ ئەو خانووەی کە ژنە ڕدێندارەکەی تیابوو، تا لەوێ ئیسراحەت بکات. تا شەوێ دەخەوێ، کە بێدار دەبێتەوە، ژن و مێردێک کاسەیەک شۆربای خەستی بۆ دێنن. لە گەڵیاندا دەکەوێتە باسی شەڕ و ڕاپەڕین لە هەموو دنیادا. وەختایەک ژن و مێردەکە دەڕۆن، پرسیاری گالیلیو و جورما لە ژنە ڕدێندارەکە دەکات. ژنەی تاین هەرچیەکیان دەربارە دەزانێ، لە سیری تا پیازی بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت ئەمیش (ژنەکە) بە تەمایە بۆ کانودوس بڕوات. باشە ناترسێ خۆ بە لانەی

شێردا بکات؟ زیاتر لەوە دەترسێ بە تەنیا بمێنێتەوە، ڕەنگە لەوێندەر کورتەڵە بدۆزێتەوەو بتوانن دۆستایەتیەکەیان تازە بکەنەوە.

بەیانی، خاترخوازی لە یەکدی دەکەن. کابرای بەڵەد و شوون هەڵگر بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، چونکە گوندییەکان دڵنیایان کردبوو کە سوارەکان، زەلامە بە کرێگیراوەکان بەو ڕێگایەدا ڕۆیی بوون. ئیدی بەنێو دەوەنەجاڕو بنچە دڕوان دەکەوێ و ملی ڕێگا دەگرێ، لە چێشتاندا، دەوریێەک دەبینێ، کە بست بە بستی پنەجاڕەکە دەگەڕێن، خۆی لادەدا. ناوبەناو دەوەستێ، تا شوێن پێی حەیوانێ لە سەر ئەرزەکە بدۆزێتەوە. هیچ نچیرێکی دەست ناکەوێ ناچار دەبێ گیا بخوات. شەو، لە "ریاکو دی فرجینیا " بەسەر دەبات.

بەیانی دەکەوێتە ڕێ، زۆر ناڕوات لە دوورەوە قۆشەنی "سەربڕ" ئەو ناوەی بە سەر زاری هەمووانەوە بوو، بەدی دەکات، بریقەی سەرەنێزەکانیان لە نێو تەپ وتۆزەکەدا دەبینێ وگوێی لە جیڕەجیڕی عەرەبانەی تۆپخانەکەیان دەبێت. دووبارە وردە وردە دەکەوێتەوە ڕێ، بەڵام تا دنیا تەواو تاریک نەبێ، خۆی بە سیلیادا ناکات. گوندییەکان پێی دەڵێن نەک هەر سوپا، بەڵکو " پاچو " ش بە خۆ و چەتەکانیەوە بێرەدا تێپەڕیون.بەڵام هیچکەسێک سوارانێکی نەدیتووە کە کەسێکی وەکو " گال " یان لە گەڵ بێ. روڤینو گوێی لە دەنگی بەردەوامی فیتفیتۆکە زەلەکان دەبێت کە بە درێژایی شەو لە پەستا وبێ پسانەوە دەنگیان دێت.

نێوان سیلیاو مونتەسانتو، دەشتێکی وشک و برینگ وبەردەڵانە، شوێنەواری هیچ کوێرە ڕێگایەکی پێوە دیار نییە. روڤینو، بە پارێزەوە دەڕوات، لەوە دەترسێت لە هەر ئان وساتێکا تووشی دەوریێەک ببێت. لە چێشتاندا تۆزێک ئاو و خۆراک دەدۆزێتەوە. دوای ماوەیەکی کەم هەست دەکات کە بە تەنێ نییە. تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی دەکات، چاو بە دڕوەستانەکەدا دەگێڕێت، بەملا و بەولادا دەڕوات. هیچ شتێک دیار نییە. دوای ماوەیەکی کەم هیچ گومانی لە لا نامێنێ کە لە لایەن چەند کەسێکەوە تاقیب دەکرێت. دەیەوێ خۆی لێیان بدزێتەوە، ڕێگەی خۆی دەگۆڕێ، خۆی دەشارێتەوە، هەڵدەکاتە غاردان. فایدەی نییە: لەو بەڵەد وشوون هەڵگرانەن کە کاری خۆیان باش دەزانن، هێشتا هەر لەوێن، زۆر نزیکن و دیار نین. خۆی بە قەزا وقەدەر دەسپێرێت ودرێژە بە ڕێگا دەدات، ئیدی هیچ پارێزێک ناکات و تەسەور وپێشبینی ئەوە دەکات کە بیکوژن. دوای چەند خولەکێک گوێی لە باعە باعی مێگەلە بزنێک دەبێت. ئەنجام دەگاتە دەشتێکی ڕووتەن. پێش ئەوەی چاوی بە پیاوە چەکدارەکان بکەوێت، کیژۆڵەیەکی سپیکەلەی قژ وبرۆ سپی ونیگا سەرگەردان و شێواو دەبینێ، لە درزی دڕاوی کراسەکەیەوە، پەڵەێن شینەوە بوو بە سەر بەدەنیەوە دیارە. چەند زەنگۆڵەیەک و جوزەلەیەکی، لەوانەی کە شوانان بۆ ڕادانی پەزان لێی دەدەن، بە دەستەوەیە و یاریان پێدەکات. پیاوەکان کە ژمارەیان بیست کەسێک دەبێت، بێهیچ قسەیەک بە ئاماژە تێی دەگەیەنن کە لێیان نزیک ببێتەوە، ئەم پیاوانە زیاتر لە جووتیار دەچن تا لە چەتە و ڕێگر بچن، کەچی قەمە و قەرەبینا و تاپڕ و فیشەکدان و کێرد و کەڵەشاخی پڕ لە باروتیان پێیە. وەختایەک کە روڤینو دەگاتە لای ئەوان، یەکێک لە پیاوەکان، بۆ لای کیژەکە دەڕوات، بزەیەکی بۆ دەکات تا نەترسێت.چاوانی کیژێ دەکرێنەوە و وەکو بەرد لە جێی خۆ دادەنیشێت وناجوڵێت . پیاوەکە، هەر بۆ دڵدانەوەی ئەو (کیژەکە) چەند ئاماژەیەک دەکات، زەنگوڵەکان وجوزەلەکەی لێوەردەگرێت و بۆ لای هاوڕێکانی دەزڤرێتەوە. روڤینو سەیر دەکات هەموویان سەر و کۆمەڵێک زەنگوڵە و جوزەلەیەکیان لە مل کردووە.

لە دەوری یەکدی ڕۆنیشتوون ومژوولی نان خواردنن. بە دیتن وهاتنی ئەو غافڵگیر نابن، دەڵێی چاوەڕوانی بوون. روڤینو، دەست بۆ کڵاوە حەسیریە مەکسیکیەکەی دەبات: "ئێوارەتان باش."

هەندێ لە پیاوەکان مژوولی نان خواردنی خۆیانن و هەندێکی دی سەر دەلەقێنن و یەکێکیان بەدەم پاروو جوینەوەو لە بن لێوانەوە دەڵێت: "سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک." کابرایەکی سوور پێستی دوو ڕەگی ڕەنگ زەیتونیە، زامێ بە روخسارییەوەیە کە تەقریبەن هەموو کەپووی بردووە. روڤینو لە دڵی خۆدا دەڵێت: " ئەمە پاجوە، بێگومان دەمکوژێت، بستم بە قەرز نادات." خەم دایدەگرێت. چونکە دەمرێت و فریای ئەوە ناکەوێ لووتی ئەو کابرایە بشکێنێ کە شەرەفی لەکەدار کردبوو. پاجو، دەست بە پرسیاران دەکات، بێهیچ ڕق و کینەیەک، تەنانەت بێئەوەی داوای لێبکات چەکەکەی ڕادەست بکات، لێی دەپرسێت لە کوێوە دێ و، کار بۆ کێ دەکات و کێوە دەڕوات وکێی دیتووە. روڤینو، بێهیچ دوو دڵییەک بەرسڤ دەداتەوەو تەنیا ئەو کاتە بێدەنگ دەبێ کە پرسیارێکی دیکەی لێدەکرێت. ئەوانی دی لە سەر خواردنی خۆ بەردەوام دەبن و تەنیا ئەو کاتە ئاوڕ لە روڤینو دەدەنەوەو سەراپای بە نیگا دادەبێژن کە دەڵێت تاقیبی چ کەسێک دەکات و بۆچی تاقیبی دەکات. پاجو، واداری دەکات، ئەوە دووبارە بکاتەوە کە چەندجار ڕێنوێنی ئەو هێزە گەڕۆکانەی کردووە کە تاقیبی چەتە و ڕێگرەکان دەکەن، بۆیە ئەوەی لە گەڵدا دەکات تا بزانێ خۆی بە درۆ دەخاتەوە یان نا. بەڵام روڤینو، چونکە لە هەوەڵەوە بڕیاری دابوو ڕاست بڕوات و درۆ نەکات، هیچ وەڵامێکی نادروست ناداتەوە. ئایا زانیویەتی یەکێک لەو مەفرەزە گەڕۆکانە لە تاقیبی پاجودا بوون تا دەستگیر و دەستبەسەری بکەن؟ بەڵێ، زانیویەتی. ئەوسا کۆنە یاخیەکەی جاران دەڵێت زۆر چاکە ئەو هێزە سەیارەی لە بیر ماوە کە نەقیب جیرالدو ماسیدو، ناسراو بە یاخیکوژ فەرماندەیی دەکرد، بۆیە لە بیری ماوە چونکە بە ئەستەم لە دەستی خەلەسی بوو. دەڵێت: " تۆ بەڵەدێکی چاک بوویت." روڤینو بەرسڤ دەداتەوە: "ئێستاش بەڵەدی باشم. بەڵام بەڵەدەکانی تۆ لە من باشترن، چونکە نەمتوانی لە دەستیان دەرباز ببم." جار بە جار، هەیکەلێکی بێدەنگ لە نێو دەوەنە جاڕەکەوە دێتە دەرێ، دێتە لای پاجۆ و شتێک بە گوێیدا دەدات و ئەوسا وەکو تاپۆ لە ناو دەوەنە جاڕەکەدا ون دەبێتەوە. روڤینو، بە بێئەوەی هیچ ناڕەحەتیەک نیشان بدات، بێئەوەی لە چارەنووسی خۆی بپرسێت، تەمەشای ئەو پیاوانە دەکات کە لە نان خواردن دەبنەوە. یاخییەکان هەڵدەستن، گڵ بە سەر پشکۆ و ژیلەمۆکاندا دەکەن، شوێنەکەیان بە پنچک و بە چڵ و چێوی دەوەنان پاک وخاوێن دەکەنەوە، هیچ شوێنەوارێک لە دووی خۆیان ناهێڵنەوە. پاجو، تەمەشایەکی دەکات و دەڵێت: " تۆ ناتەوێ روحی خۆت ڕزگار بکەیت؟ " روڤینو بەرسڤ دەداتەوە: " هەوەڵجار دەبێ شەرەفی خۆم ڕزگار بکەم." کەس پێناکەنێت. پاجو هەڵوەستەیەک دەکات و ئەوسا لە بن لێواوە دەڵێت: " ئەو غەوارەیە تۆ تاقیبی دەکەی بردوویانە بۆ کالومبی، بۆ لای بارۆن دی کانا براڤا."

دوای کەمێک بە خۆ و پیاوەکانیەوە بە سواری بۆی دەردەچن و لەوێندەر دەڕۆن. روڤینو، کیژە سپیەکە دەبینێ کە هێشتا لە جێگەی خۆی ڕۆنیشتووە، هەروەها دوو داڵاش دەبینێ کە لە سەر ئیمبیزیرۆیەک هەڵنیشتوون و وەکو پیرەمێران بە قرخە قرخ گەروویان پاک دەکەنەوە.

یەکسەر ئەو چۆڵەوانیە بەجێدێڵێت ودەکەوێتە ڕێ. بەڵام دوای نیو سەعاتە ڕێیەک لە ناکاوا دەست ولاقی سست دەبن، لە جوڵە دەکەوێ و شەکەت وماندوو لە هەمان جێدا دەکەوێت. کە وەخۆ دێتەوە دەبینێ دەم و چاو و سەرو گەردن ودەست وبازووی سەرانسەر جێگە نێشی مێروانە. بۆ یەکەمجار، لەوەتای کە لە کیماداسەوە بەڕێ کەوتبوو، هەست بە جۆرە نائومێدییەک دەکات و دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەو کارەی ئەو دووی کەوتووە کارێکی بێهودە و پووچە. دووبارە بە ئاراستەیەکی ڕێک پێچەوانەوە دەکەوێتەوە ڕێ.هەرچەندە لە ناوچەیەکدایە کە بست بە بستی شارەزایە و لەو ڕۆژەوە پێی گرتووە، هەزاران جار تەی کردووە، هاتوچۆی پێدا کردووە، کون بە کونی شارەزایە، دەزانێ ئاو لە کوێ هەیە، تەڵە و داو لە کوێ دەنرێتەوە، کێهە ڕێگا قەدبڕە،

کەچی ئەمڕۆ، ڕێگاکەی لێبووە بە کۆڵی شێر ولە کۆتایی نایەت، دەبێ هەموو دەمێ بە گژ نائومێدیدا بچێت، نائومێدی لە خۆی دوور بخاتەوە، جار لە دوای جار ئەو خەونەی بیر دەکەوێتەوە کە ئەو عەسرە دیتبووی: زەوی تۆژاڵێکی تەنکە، لەگینە هەر ئان وساتێک بقڵەشێت و قووتی بدات. زۆر بە پارێزەوە، لە ئاستی مونتە سانتووە خۆی بە روبارەکەدا دەدات ولەوێندەرەوە بە دە سەعاتان دەگاتە کالومبی. بە درێژایی شەوەکە نەوەستا تا پشوویەک بدات، بگرە ناوبەناو هەڵیدەکردە غاردانیش. وەختایەک بەو مەزرایەدا دەگوزەرێ کە تیایدا هاتبووە دنیایێ وگەورە بووبوو، هەست بەوە ناکات کە مەزراکە گژ وگیا وگیا کەڵە یەکپارچە داپۆشیوەو، تەنیا خەڵکانێکی کەمی تیا ماوەو هەموو شتێک روو لە نەمانە. لە ڕێگادا چەند کرێکارێکی بێنەوا دەبینێ کە سڵاوی لێدەکەن، بەڵام ئەو سڵاوەکەیان ناسەنێتەوەو بەرسڤی پرسیارەکانیان ناداتەوە. کەس ڕێگەی پێناگرێ، بەڵام چەند کەسێکی کەمیان دووراودوور دووی دەکەون.

پیاوانی چەکدار لە سەر بانێژەکانی دەوروبەری کۆشکی مەزراکە و لە ژێر دار خورما و تەمر هندییەکان هەن، جگە لەو وەرزێر وکرێکارە بەلەنگازانەی کە لە بەینی تەویلە وعەمار ومالّی خزمەتکارەکاندا دێن ودەچن، خەڵکی چەکداریش بەدی دەکرێن. عوروسی پەنجەرەکان داخراون. روڤینو، هێدی هێدی بەرەولای چەکدارەکان دەڕوات. ئەم چەکدارانە، بێئەوەی هیچ قسەیەک دەگەڵ یەکدیدا بکەن بەرەوپیری ئەم دێن. نە هاوارێک یان هەڕەشەیەک، تەنانەت بێهیچ پرس و جۆیەک لە نێوان ئەوان و روڤینودا. وەختایەک روڤینو دەیانگاتێ، توونە هەر دوو باسکی دەگرن. نە لێی دەدەن، نە قەرەبینا و نە قەمە وکێردەکەی لێدەسەنن، نیازی ئەوەیان نییە ئەزیەتی بدەن. تەنیا ڕێگەی پێدەگرن. دەست بە پشتیا دەدەن، سڵاوی لێدەکەن، ئامۆژگاری دەکەن کەرێتی نەکات وئاقڵ بێت. روخساری روڤینو لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. ئەویش دەست لە چەکدارەکان ناکاتەوە، بەڵام هەوڵدەدا خۆی لێیان دوور بگرێ و درێژە بە ڕێگای خۆی بدا. هەرکە لە دووانیان دەرباز دەبێ و یەک دوو هەنگاوان بۆ پێشەوە دەنێ، یەکسەر دووانی دی بە تۆپزی دەیگێڕنەوە. ئەم نیمچە گەمەیە ماوەیەک بەردەوام دەبێت. ئەنجام روڤینو مل دەدات و سەری دادەخات. پیاوەکانیش ڕەهای دەکەن. تەمەشایەکی کۆشکە دوو نهۆمەکەو گومەزە بە قرمیدەکەی و پەنجەرەی نووسینگەکەی بارۆن دەکات. هەنگاوێک دەنێ و دووبارە پیاوەکان ڕێی پێدەگرن.

دەرگای کۆشکی مەزراکە دەکرێتەوە، پیاوێک دێتە دەرەوە کە روڤینو دەیناسێت، ئەریستارکوی پێشکارو بەڕێوەبەری نووسینگەکەی بارۆن بوو، کە فەرمانەکانی بارۆنی بە شەقاوەکان دەگەیاند. دۆستانە بە روڤینو دەڵێت: " ئەگەر دەتەوێ بارۆن بدینی، هەر ئێستا دەتبینێ."

روڤینو، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت: " ئەو غەوارەیەم ڕادەست دەکات یان نا؟ "

ئەریستارکو، سەرێک دەلەقێنێ: " بە تەمایە ڕادەستی سوپای بکات. سوپا، تۆڵەی تۆ دەکاتەوە. "

روڤینو بەدەم خوتە و بۆڵەوە دەڵێت: " ئەو مێردەکە (بۆرە پیاو) پەیوەندی بە منەوە هەیە. بارۆن بە خۆیشی ئەمە دەزانێ."

ئەریستاکور، دووبارەی دەکاتەوە: " قەرار نییە ڕادەستی تۆی بکەن تا بیکوژی، بارۆن شتی وا ناکات. دەتەوێ بە خۆی ئەوەت پێ بڵێ؟"

روڤینو، چارەی دەدا بە یەکاو دەڵێت: " نا " . دەمارە شینەکانی لاجانگەکان ولاملی وەکو ئەنگوستی دەست هەڵئاوساون و چاوەکانی دەرپۆقیون و دەست دەست ئارەقە دەکاتەوە. بە دەنگێکی لەرزۆک دەڵێت: "بە بارۆن

بێژە، چیتر عەرابی من نییە. بەو کابرا غەوارەیەش بڵێ، کە من هەرچۆنێ بووە ئەو ژنە دەکوژم کە ئەو لێی هەڵگێراومەتەوەو رەدووی خستووە."

تفێک رۆدەکاتە سەر ئەرزەکە و لە کوێوە هاتبوو، لەوێوە دەگەرێتەوە.

***

بارۆن دی کانا براڤاو گالیلیو گال، لە پەنجەرەی نووسینگەکەی بارۆنەوە،دەبینن روڤینو رێ ورێ دەگەرێتەوە و پاسەوان و وەرزێرو کرێکار وپێشخزمەتەکان دەگەرێنەوە سەر جێگاکەی خۆیان. گالیلیو حەمامی کردبوو، کراس و پانتۆڵێکی نوێتر لە جلەکانی خۆیان دابوویە. بارۆن، بەرەو لای مێزەکەی چوو کە کۆمەڵێک کێردو شەلاق وقامچی بە دیوارەکەی پشتیەوە هەڵواسرابوو. فینجانێک قاوەی گەرم لە سەر مێزەکە بوو کە هێشتا هەڵمی لێهەڵدەستا ، بارۆن قۆمێکی لێدا، چاوی برِی بووە دوور. ئەو دووبارە گالی بە نیگا دابێژت، وەکو ئەوەی مێرووناسێک بێ ومەحوی تەمەشای مێروویەکی دەگمەن بێت. لەوساوە کە ئەریستارکو و شەقاوەکان، گالیان بە شەپرێوی و برسیەتی بۆ نووسینگەکەی بارۆن هێنابوو، بارۆن بەو ئاوایە سەراپای بە نیگا دابێژتبوو، کە بۆ یەکەمجار گوێی لە قسەکردنی بووبوو، زیاتر تەرکیزی لە سەر کردبوو.

گال بە ئینگلیزی پرسی: " ئەگەر روڤینو پێداگری کردبا کە بێتە ژوورەوەو گۆساخی کردبا، فەرمانت دەدا بیکوژن؟ بەڵێ، من دڵنیام. فەرمانی کوشتنیت دەدا."

بارۆن لە وەڵاما گوتی: "پیاو ناتوانێ مردوو بکوژێت. روڤینو حاڵی حازر لە خانەی مردووواندایە، وەختایەک تۆ جورمات لێدزی ئیدی کوشتت. ئەگەر فەرمانی کوشتنم دابا، لوتف وچاکەم لەگەڵی دەکرد، لە عەزابی ناو زراوی رزگارم دەکرد. هیچ عەزابێ لە عەزابی ئابرِو چوون تاڵتر نییە."

قوتووی جگەرەکەی کردەوە، جگەرەیەکی دەرهێنا و پێی کرد، بە خەیاڵ مانشتێکی رۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" ی هێنایە بەرچاوی خۆی: ( پیاوێکی بارۆن رێنوێنی مامورێکی ئینگلیز دەکات.)ئەمە نەخشەیەکی زیرەکانە بوو، کە روڤینو بکەن بە بەڵەد و رێ نیشاندەری گال، چ بەڵگەیەک لەمە باشترە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بارۆن، لەم پیلانەدا شەریک وهاودەستی بێگانە بووە؟

بەدەم جوڵاندنی قامکەکانیەوە، وەک بڵێی گرژ بووبن، گوتی: " ئەوەی سەری لێدەرناکەم ئەمەیە کە ئیپامینوداس چۆن قەناعەتی بەم مامورە گریمانەییە کردووە کە روو بکاتە ئەم دەشت ودەرە. قەت ئەوەم بە ئەقڵا نەدەچوو کە قەزا وقەدەر ئەوەندە بە بەختی ئەو بگەرێ و پیاوێکی بەو رادیە ئایدیالی بخاتە بەردەستی. ئەم ئایدیالیستانە خەڵکانێکی غەریبن. پێشتر ئەم جۆرە خەڵکانەم نەبینی بوو، کەچی نها لە زەرفی چەند رۆژێکی کەمدا، سەروکارم دەگەڵ دووانیاندا پەیدا کردووە. دووەمەکەیان عەقید موریرا سیزارە. بەڵێ ئەویش لە خەڵکانی خەیاڵییە، هەرچەندە خەون و خەیاڵەکانی ئەو دەگەڵ خەون و خەیاڵەکانی تۆدا تێکناکاتەوە."

ژاوەژاوێک لە دەرێ را پەیدا بوو کە پەتی بیرکردنەوەکانی پچری. چوو بۆ بەر پەنجەرەکە، لە کەتیبەی پەنجەرەکەوە تەمەشای کرد، ئەوەی گەرابووەوە، روڤینو نەبوو، بەڵکو چوار سواری قەرەبینا بەشان بوون، ئەریستارکو و شەقاوەکان دەوریان گرتن. بارۆن گوێی لە گال بوو دەیگوت: " پاجویە و لە کانودوسەوە هاتووە. " — ئەو پیاوەی کە یان ئەسیری ئەو بوو یان میوانی، بەڵام خۆیشی هێشتا نەیدەزانی کامیانە. لە تازە هاتووەکان ورد بووەوە، سیانیان بە بێدەنگی وەستابوون، چوارەمیان خەریک بوو دەگەڵ ئەریستارکودا قسەی دەکرد.

کابرایەکی کورتەباڵای چوارشانە بوو، تەمەنی هەبوو. ڕەنگی لە چەرمی خۆشە نەکراو دەچوو. جێگە زامێک سەرانسەری ڕوخساری گرتبووەوە، بەڵێ، لەوە دەچوو پاجو بێ. ئەریستارکو، چەند جارێک سەری لەقاندو بارۆنی بینی کە بەرەو خانووەکە دێت.

مژێکی لە جگەرەکەی دا و لە بن لێوانەوە گوتی: " ئەمڕۆ، ڕۆژێکی جەنجاڵە."

ڕوخساری ئەریستارکو وەکو هەمیشە گۆنگ بوو، بەڵام بارۆن وێڕای ئەوەش، دەیتوانی بیخوێنێتەوە، دەیزانی تا چ ڕادەیەک پەشێو وپەرێشانە.

بە کورتی گوتی: " پاجویە، دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات."

بارۆن لە جیاتی وەڵامی ئەو بداتەوە، ڕووی کردە گال وگوتی: "حەز دەکەم، ئەگەر زەحمەت نییە، نها لەم ژووره برۆ، کاتی شێو یەکدی دەبینینەوە. ئێمە لە گوندیدا زوو شێو دەخۆین. سەعات شەش."

وەختایەک گال لە ژوورەکە ڕۆیی، بارۆن لە پێشکارەکەی پرسی ئایا ئەوانەی هاتوون هەر ئەو چوار نەفەرەن. نا، بەلای کەمەوە پەنجا شەڕڤان ویاخی دیکە لە دەرەوە دامەزراون. باشە دڵنیابوو کە یارۆ پاجووە؟ بەڵێ.

بارۆن پرسی: "باشە ئەگەر ئەمانە پەلاماری کالومبی بدەن چ دەبێ؟ دەرەقەتیان دێین، دەتوانین ڕووبەڕوویان ببینەوە؟ "

ئەرستارکو، وەکو ئەوەی هەمان پرسیاری لە خۆ کردبێ وگەیی بێتە ئەو وەڵامە گوتی: " لەوەیە بکوژرێین. من متمانەم بە زۆرێک لە پیاوەکانمان نەماوە. ئەمانەش، هەر کاتێ ئەقڵیان بڕی لەوەیە بڕۆن بۆ کانودوس."

بارۆن ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " بیهێنە ژوورەوە، حەزدەکەم تۆش لە ژوورەوە بیت."

ئەرستارکو، چووە دەرێ، دوای کەمێک دەگەڵ کابرادا هاتەوە. کابرا کە لە کانودوسەوە هاتبوو، یەک دوو شەقاوێ لە دووری خودان ماڵ وەستا، بەو حاڵەوە کڵاوەکەی داگرت. بارۆن، هەوڵیدەدا ماک و نیشانەی ئەو تاوان وزەبر وزەنگانەی کە دەدرانە پاڵ ئەم کابرایە، لە چاوە چکۆلە وسیما تاوە سووتەکەیا بخوێنێتەوەو کەشف بکات. ئەو جێ زامەی بە ڕوخساریەوە بوو، کە لەگین بوو جێگەی گوللەیەک یان قەمەیەک یان چنگی دڕندەیەکی کێوی بێت، ژیانی پڕ ڕیسکی ئەم پیاوەی وەبیر دێنایەوە. ئەگەر ئەم جێگا زامەی دەم و چاوی نەبوایە، دەکرا بە یەکێک لە کرێکارە هەژارەکانی سەر موڵکەکەی خۆیی بزانێ. بەڵام کرێکارەکانی کە چاویان بە چاوی ئەو دەکەوت بەردەوام چاویان دەتروکاند و سەریان دادەخست، بەڵام پاجو، بێ هیچ شەرمێک، چاوی لە دوڕ چاوانی ئەو دەبڕی.

بارۆن ئەنجام پرسی: " تۆ پاجوی؟ "

کابرا گوتی: "بەڵێ."

ئەرستارکو، لە پشتیەوە بە بێ جوڵە، وەکو بت ڕاوەستابوو.

بارۆن گوتی: " تۆ بەم کوشت وکوشتار وتاڵان وچەپاوەت، بە ئەندازەی وشکە ساڵییەک، ئاسیوت بەم دەوروبەرە گەیاندووە."

پاجو، بێهیچ تووڕە بوون یان پەشیمانیەک بەرسڤی دایەوە: " ئەو ڕۆژگارە ڕۆیی، نەماوە. ئەو خەتایانەی کە من لە ژیانما کردوومن ڕۆژێ لە ڕۆژان باجەکەیان دەدەم، من نها لە خزمەتی خوادام نەک شەیتان."

بارۆن، ڕاوێژو تۆنی ئەو دەنگ ودەم ودووەی دەناسی. هەمان تۆنی دەم ودووی کاپوسینانی دەستەی مژدەبەران بوو، ئەو مژدەبەرە باوەڕدارانەی کۆمەڵ کۆمەڵ ئەو سارا و بیابانەیان دەبڕی و بە ناوی حەج و زیارەتەوە بۆ مونتە سانتو دەهاتن. هەمان تۆنی ڕاوێژی موریرا سیزار، تۆنی دەنگی گالیلیو گالە. دەبیرەوە چوو، ڕاوێژ و تۆنی دڵنیایی ڕەها، تۆنی دەنگی ئەوانەی کە هیچ کاتێ گومان و دوو دڵی زەفەریان پێنابات. لە ناکاوا، بۆ یەکەمجار کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە گوێی لە دەنگی مورشید، دەنگی ئەو پیاوەی کە توانی بووی کابرایەکی چەتە و ڕێگری بێ سەروبەر، بکات بە پیاوێکی مەزەبی وشکەسۆفی.

-"بۆچی بۆ ئێرە هاتوویت؟"

بە دەنگێکی ئارام وپڕ متمانەوە گوتی: " هاتووم تا کالومبی بسووتێنم"

-" کالومبی بسووتێنی؟ " سەرسامی، سیما ودەنگ وڕەنگ وجۆری وەستانەکەی بارۆنی گۆڕی. کابرای یاخی بە هێواشی بۆی ڕوونکردەوە: "بۆ ئەوەی پاکی بکەمەوە. ئەم زەوییە ماندووە، شایستەی ئیسراحەتە."

ئەرستارکو لە جێی خۆی نەجوڵا. بارۆن کە وەخۆ هاتبووەوە، بە وردی لە کابرای کۆنە شەقاوەی دەڕوانی، ڕێک وەکو جاری جاران کە بە زەڕەبین تەمەشای پەپولان وگیای ناو گوڵخانەکەی دەکرد. لە ناکاوا ئارەزووی ئەوەی جولا کە بە قولایی ناخی ئەم پیاوەدا ڕۆبچێ وبگاتە بنج و بناوانی ئەو قسانەی کە دەیکردن. لەم کاتەدا بە خەیاڵ وێنەی سباستیانای هێنایەوە بەرچاو کە لە نێو ئەڵقەیەکی ئاگردا، قژە کاڵە ئاڵتوونیەکەی ئەستیلای دادەهێنا. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵیدا، تووڕەیی خۆی وەشێرێت: " باشە ئەم مورشیدە نەگبەتە نازانێ چ دەکات؟ باشە نازانێ سووتاندنی موڵک ومەزرایان، دەکاتە برسی کردن ومراندنی سەدان بنەماڵە و خێزان؟ مەگەر نازانێ ئەم شێتاتیانەی ئەو شەڕی بۆ دەڤەری باهیا هێناوە؟"

پاجو، بێهیچ هەڵچوونێک بەرسڤی دایەوە: " لە ئینجیلدا نووسراوە ڕژێمی کۆماری دێ، هەروەها " سەربڕ" : دنیا ژێر و ژوور دەبێ، بەڵام هەژاران لە سایە و بەرەکەتی بیلومونتەوە، ڕزگار دەبن."

بارۆن لەبن لێوانەوە گوتی: " تۆ قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئینجیلت خوێندووەتەوە؟ "

کابرا وەڵامی دایەوە: "مورشید خوێندوویەتیەوە. تۆ وخانەوادەکەت دەتوانن بڕۆن، یارۆی (سەربڕ) بۆ ئێرە هاتووەو بەڵەد و پەز ومالاتی لەگەڵ خۆدا بردووە. کالومبی شارێکی بە نەعلەت کراوە، داویەتیە پاڵ شەیتان."

بارۆن گوتی: " نایەڵم ئەم مەزرایە نابوت بکەن. نەک هەر لە بەر خۆم، بەڵکو لە بەر خاتری ئەو سەدان کەسەی کە ژیان ومانیان بەم شوێنەوە بەندە."

پاجو، بەرسڤی دایەوە: "مەسیحی موبارەک لە تۆ باشتر بە خودانیان دەکات." دیار بوو کە نیازی تەوهینی نەبوو. ئەوپەڕی هەوڵیدەدا کە بە ڕاوێژی جوان و پڕ ئەدەبەوە قسە بکات. پێی سەیر بوو کە بارۆن خۆی لەو حەقیقەتە خوبایە دەبوارد." کە تۆ لێرە بڕۆی، ئەوانی دی هەموو ڕوو دەکەنە بیلومونتە."

بارۆن گوتی: " هەنگێ موریرا سیزار، ئێرە لە گەڵ ئەرزا تەخت دەکات، هەر دەیسرێتەوە. باشە ئێوە نازانن کە بە تاپڕ وکێردان دژایەتی سوپا ناکرێ؟"

نەخێر، نەیدەزانی و نەیدەویست بزانێ، هێز نەبوو قەناعەتی پێبکات وەکو چۆن گەنگەشە و بەڵگە هێنانەوە لە گەڵ موریرا سیزار یان گالدا بێهودە بوو، بارۆن هەستیکرد تەزوویەک بە مۆرەغەی پشتیا هاتە خوارەوە. دەتگوت ئەقڵ و لۆژیک لە دنیا باری کردووە وکۆمەڵێک باوەڕی کوێرانە ونالۆژیکی جێگەی گرتووەتەوە.

پرسی: "باشە ئێوە ئاوا چاکی ئەو خەڵکانە دەدەنەوە کە خۆراک ومەڕ ومالاَت وئازووقە ودانەوێڵەتان بۆ دەنێرن؟ قەراری ئێمە لە گەڵ ئانتونیو ڤیلانوڤادا ئەوە بوو کە دەست لە کالومبی نەدەن، خەڵکەکەم ئازار نەدەن. مورشیدەکەتان بەمجۆرە، وەعد وبەڵێنی خۆی دەباتە سەر؟"

پاجو گوتی: "ئەو ناچارە بە گوێی خوا بکات."

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: "یانی بەم پێیە بێ، خوا ئەمری پێکردوون کە ماڵەکەم بسووتێنن؟ "

کابرا، وەکو ئەوەی بیەوێ ڕێگە لە هەر بەدحاڵیبوونێکی جدی بگرێ، بلەز گوتی: "مورشید نایەوێ هیچ ئاسیوێک بە تۆ وخێزانەکەت بگات. هەر کەسێک بیەوێ دەتوانێ بڕوات."

بارۆن بە تانەوە گوتی: " ماشەڵڵا. ڕێگە نادەم ئەم خانووە بسووتێنی. لێرەش ناڕۆم. "

سێبەرێک کەوتە سەر چاوانی کابرای دوڕە، جێی زامەکەی سەر ڕوخساری کرژ بووەوە، بە کەسەرەوە گوتی: " ئەگەر نەڕۆی، من ناچارم هێرش بکەم و خەڵکانێک بکوژم کە دەشێت نەکوژرێن. ناچار دەبم تۆ و خیزانەکەت بکوژم و هیچ حەز ناکەم گوناحی ئەو هەموو کوژراوە بکەوێتە ئەستۆی من و ببنە بار بە سەر ڕوحمەوە. ئیدی هیچ کەسێک نامێنێ کە شەڕ بکات." بەدەست ئاماژەی بۆ پاشەوە کرد: "ئەگەر باوەڕ ناکەی لە ئەرستارکو بپرسە."

چاوەڕوانی کرد، چاوەکانی تکای وەڵامێکی تەواویان پێوە دیاربوو.

ئەنجام بارۆن گوتی: "دەتوانی یەک هەفتەم مۆڵەت بدەیتێ؟ من ناتوانم ئێستا وبەم کەفلە کونە بڕۆم..."

پاجو، قسەکەی پێبڕی: " تەنیا یەک ڕۆژ. دەتوانی هەرچییەکت دەوێ لە گەڵ خۆتی ببەیت. ناتوانم لەوەی پتر چاوەڕوان بکەم. شەیتان بەڕێوەیە بۆ بیلومونتە، منیش دەبێ لەوێندەربم."

کڵاوە مەکسیکیەکەی کردەوە سەری، وەرسوڕایەوە، پشتی کردە بارۆن و وەختایەک کە لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت، گوتی: "سوپاس و ستایش بۆ مەسیحی موبارەک ."

بارۆن، سەیری کرد جگەرەکەی کوژاوەتەوە، سووتووەکەی لێ تەکاند ودووبارە پێیکردەوەو بەدەم مژ لێدانەوە، بیری لەوە کردەوە، کە مەحاڵە لەم ماوە کورتەدا کە پاجو دابوویە، بتوانێ داوا لە موریرا سیزار بکات کە بە هانایەوە بێ. هەنگێ ملی بۆ قەزا وقەدەر دا – خۆ ئەویش سەرباری هەموو شتێک پیاوێکی سارا نشین بوو – لە خۆی پرسی ئەستیلا چۆن تەحەمولی وێران بوونی ئەم خانوو ومەزرایە دەکات، کە ژیانی هەردووکیانی پێوە بەند بوو.

دوای نیو سەعات لە ژووری نانخواردن بوو، ئەستیلا لە سەمتی ڕاست وگالیلیو لە سەمتی چەپیا بوو، هەر سێکیان لە سەر کورسی نەمساوی پشت بەرز، دانیشتبوون. هەرچەندە دنیا هێشتا بە تەواوی تاریک نەبووبوو، بەڵام پێشخزمەتەکان چرا نەوتیەکانیان هەڵکردبوو. بارۆن چاوی لە گال بوو کە بە کەوچک و بە بێتاقەتی خواردنی دەخوارد، بێتاقەتی بە سیمایەوە دیار بوو. بارۆن پێی گوتبوو ئەگەر دەیەوێ، دەتوانێ بچێتە دەرێ، پیاسەیەک بکات و سرِی پێی دەربکات. بەڵام گال، جگە لەو چەند خولەکەی بە گفتوگۆ لە گەڵ بارۆندا بە سەری دەبرد، لە ژوورەکەی ئەودا – هەمان ئەو ژوورەی موریرا سیزار تیای نوستبوو – مابووەوە و خەریکی نووسین بوو. بارۆن داوای لێکردبوو هەموو ئەو واریقاتانەی، لەوەتای یەکەمجار ئیپامینونداس گونسالوڤسی بینی بوو، بۆ تۆمار بکات. گال لێی پرسی بوو: " ئەگەر ئەو داوایەت بۆ جێبەجێ بکەم، دووبارە ئازاد دەکرێم؟ " بارۆن سەری لەقاندبوو: " تۆ باشترین چەکی دەستی منی لە هەنبەر دژمنەکانم. " کابرای شۆڕشگێڕ (گال) ئیدی هیچی تری نەوتبوو. بارۆن، لەوە بە گومان بوو کە ئەو ئیعترافە بنووسێت کە ئەو داوای لێکردبوو. ئەدی شەو و ڕۆژ خەریکی چ بوو، چی تۆمار دەکرد و دەنووسی؟ لە گێژاوی ئەو خەیاڵانەدا بوو، لە ناکاوا دەنگی گال غافڵگیری کرد: " پیاوێکی ئایدیالیستە؟ پیاوێک کە بە پیاوکوژی و هەزار و یەک کاری شەقاوەگەری بەناوبانگ بوو؟ "

بارۆن، یەکسەر زانی کە کابرای سکوتلاندی، بێهیچ پێشەکییەک پاشماوەی ئەو باسە دەگێڕێتەوە، کە لە نووسینگەکەی ئەودا دەستیان پێکردبوو.

بە ئینگلیزی بەرسڤی دایەوە: "بەلاتەوە سەیرە کە عەقید موریرا سیزار پیاوێکی ئایدیالیست بێ؟ بەڵێ ئایدیالیستە. گومان لەوەدا نییە کە نە پارەو پولی بەلاوە گرینگە، نە ڕێزلێنان و شۆرەت، بگرە تەنانەت دەسەڵات و پلەوپایەشی بۆ خۆی ناوێت. ئەنگیزە وهاندەری کارکردنی ئەو کۆمەڵێک شتی مجەڕەدە وەک:" هەستی نەخۆشانەی ناسیونالیستی، عیبادەت وپەرستنی پێشکەوتنی تەکنولوژی، باوەڕ بوون بەمەی کە تەنیا سوپا دەتوانێ، نەزم ونیزام بسەپێنێ و ئەم وڵاتە لە ئاژاوەو گەندەڵی ڕزگار بکات. ئایدیالیستێکی لە جۆری ڕۆبسپیرە..."

بارۆن بێدەنگ بوو، یەکێک لە پێشخزمەتەکان خەریک بوو مێزەکەی پاک دەکردەوە. بارۆن دەبیرەوە چوو، بیری لەوە دەکردەوە کە سبەی شەو هەرچیەکی لە دەوروبەرە، دەبێ بە خۆراکی ئاگر. دەبێ بە خاک و خۆڵەمێش. خۆزی دەخواست پەرجوویەک ڕوویدات وسوپای دوژمنەکەی، موریرا سیزار، لە ناکاوا خۆی بە کالومبی دا بکات و ڕێگە لەو تاوانە بگرێت.

بەبێ ئەوەی پەردە لە سەر هەستە پەنهان وڕاستەقینەکانی خۆی هەڵماڵێ، لە سەری ڕۆیی: " وەکو زۆربەی ئایدیالیستەکان، کە مەسەلە بێتە سەر بەدی هێنانی خەون و خەیاڵەکانی خۆی، هیچ سازشێک قەبووڵ ناکات."

هاوسەرەکەی وگال تەمەشایان دەکرد. لە سەری ڕۆیی: "دەزانی لە قەڵای "ئیناتومرم" وەختایەک فیدرالیستەکان دژی مارشال فلوریانو ڕاپەڕین چی کرد؟ سەد و هەشتا و پێنج کەسی ئیعدام کرد. ئەمانە خۆیان ڕادەست کردبوو، بەڵام بۆ ئەو فەرقی نەدەکرد. دەیویست ئیعدامی بە کۆمەڵ، ببێتە پەند وعیبرەت بۆ خەڵکانی دی."

بارۆنس گوتی: "لە ملی دان. " بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، بەڵام ئینگلیزیەکەی وەکو ئینگلیزییەکەی بارۆن ڕەوان نەبوو. زۆر بە هێواشی و بە پارێزەوە قسەی دەکرد. "دەزانی گوندییەکان چ ناوێکیان لێنا؟ – سەربڕ."

بارۆن، سووکە پێکەنینێکی بۆ کرد. چاوی لەو قاپە بوو کە تۆزێ لەوە پێش بۆیان دانابوو، بەڵام نەیدەبینی. بە ڕاوێژێکی خەمناکەوە گوتی: "ئێوە بیری لێبکەنەوە، کە وەختایەک ئەم مرۆڤە ئایدیالیستە ببینێ

سەڵتەنەتخوازەکان، هەوادارانی ئینگلیز و شۆڕشڤانانی کانودوس، چارەنووسیان کەوتووەتە دەست ئەو، چ دەبێ. ئەو بە خۆی چاک دەزانێ کە ئەوانە، نە ئەمەن و نە ئەوە، بەڵام ئەگەر دۆزی یاقوبیەکان وا بخوازێ کە ئەوانە لەم خانە یان لەو خانە بن، بۆ ئەو وبەلای ئەوەوە هیچ فەرقێک ناکات. باشە نها ئەو بۆ ئەم کارانە دەکات؟ هەڵبەتە لە رای بەرژەوەندی بەرازیل دا ئەمە دەکات. چونکە لە ناخی دڵەوە باوەڕی وایە کە بەرژەوەندی وڵات لەمەدایە."

بە زەحمەت نانەکەی هەڵمەقووت کرد، بیری لەو ئاگرە دەکردەوە کە کالومبی وێران دەکات. دەیتوانی گڕی ئەو ئاگرە بدینێ کە هەموو شتێکی هەڵدەلووشی، گوێی لە قرچە قرچی بڵێسە وکڵپە کڵپەکەی دەبوو.

هەستی دەکرد ناو لەپی ئارەقەی کردووەتەوە، لە سەری ڕۆیی: " من ئەو لات و لەوێرانەی کانودوس باش دەناسم. خەڵکانێکی نەزان و خورافاتی و خورافات باوەڕن. هەر سەرسەری و دەجاڵێک دەتوانێ قەناعەتیان پێبکات کە ئیدی ئاخر زەمانە. بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکانێکی ئازان، عەزابی زۆریان کێشاوە، جۆرە غروور و لەخۆبایی بوونێکی خۆڕسکیان هەیە. بەڕای ئێوە ئەمە دیاردەیەکی سەیر نییە؟ قەرارە ئەمانە بە تۆمەتی ئەوەی سەڵتەنەتخواز و هەواداری ئینگلیزن بکوژرێن. بەڵام نەگبەتیەکە لەمەدایە کە ئەم بێچارانە فەرقی ئیمپراتۆر " پدرو " ی دووەم و هیچ یەکێک لە موريد وحەواریەکان ناکەن. هەر نازانن ئینگلستان کەوتووەتە کوێوەو چاوەڕوانن کە شادون سباستباو لە بنی دەریاوە دەربێت و بەرەڤانی و داکۆکیان لێبکات."

دووبارە چەتاڵەکەی بۆ دەمی برد، پارووێەکی بە نەبەدڵی خوارد کە تامی تەنی(سیان،ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ، هیس) دەدا وگوتی: " موریرا سیزار دەیگوت نابێ متمانە بە ڕۆشنبیران بکرێت، دەبێ پیاو خۆی لێیان ببوێرێ، یانی وەکو چۆن خۆی لە ئایدیالیستان دەپارێزێ، بەو ئاوایە و زیاتریش خۆی لە ڕۆشنبیران بپارێزێ، مستەر گال."

دەنگی گال، بە جۆرێ گەیبە گوێی وەکو ئەوەی لە دووری دوورەوە بێت: " ڕێگەم بدە با بۆ کانودوس برۆم. " دەم و چاوی سوور بووبووەوە، چاوەکانی پرشنگیان دەدا، تەواو هەڵچووبوو: "دەمەوێ لە ڕای ئەو شتەدا بمرم کە لە ناخمایە، لە پێناوی ئەو شتەدا کە باوەڕم پێیەتی بمرم، لە ڕای ئەوەدا کە خەباتم بۆ کردووە، نامەوێ وەکو هەر گەوجێکی کەودەن بمرم. ئەو کڵۆڵە لات و لەوێرانە نوێنەرایەتی بە نرخترین شتی ئەم دنیایە دەکەن. کول و کۆڤانێک کە سەری بۆ شۆڕش کێشاوە. هەڵبەتە وێڕای ئەو فاسیلەیەی لە نێوانماندایە تۆ لە قسەکانم تێدەگەی."

بارۆنس، بە ئاماژە پێشخزمەتەکەی تێگەیاند کە مێزەکە پاک بکاتەوەو لە ژوورەکە وەدەربکەوێت.

گال لە سەری ڕۆیی: "من بە کەڵکی تۆ نایەم. ڕەنگە کەسێکی سادە بم، بەڵام فشەکەر نیم. ئەوەی دەیڵێم پاکانە و پاساو نییە، بەڵکو حەقیقەتە. ڕادەستکرنی من بە حکومەت، بە سوپا، هیچ دادێکی تۆ نادات. تاقە یەک وشەش نادرکێنم. خۆ ئەگەر ناچاربم درۆش دەکەم. سوێند دەخۆم کە تۆ پارەو بەرتیلت داومەتێ تا ئیپامینوداس گونسالوڤس بە کارێک تۆمەتباربکەم کە نەیکردووە. هەرچەندە ئەو کابرایەکی سەخیفە و تۆ کابرایەکی بە ئەدەب و خانەدانی، من هەمیشە یاقوبیەکانم لە سەڵتەنەتخوازەکان پێ پەسندترە. بارۆن ئێمە دژمنی یەکدین، هەقە ئەوە فەرامۆش نەکەی."

بارۆنس تەکانێکی دا تا لە سەر مێزەکە هەستێت.

بارۆن، ڕایگرت وگوتی: " پێویست ناکا برۆیت." ڕاستە گوێی لە گال دەگرت، بەڵام هەموو هۆش وگۆشی لای ئەو ئاگرە بوو کە لەگین بوو کالومبی بسووتێنێ." چۆن ئەستیلا تێبگەیەنێت؟

گال، دووبارەی کردەوە: " ڕێگەم بدە با بۆ کانودوس برۆم."

بارۆنس بە دەنگی بەرز گوتی: " ئاخر بۆ؟ خۆ یاخی و شۆڕشڤانەکان بە دژمنت دەزانن و دەتکوژن، مەگەر بە خۆت نەتگوت کەسێکی خودا نەناس و ئەنارشیستی؟ ئاخر ئەم شتانە وکانودوس کوجا مەرحەبا؟"

گال بەرسڤی دایەوە: "خانم، من وشەڕڤان ویاخییەکان زۆر شتی هاوبەشمان لە نێواندا هەیە، هەرچەندە خۆیان بەمە نازانن." کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوسا پرسی: " دەتوانم برۆم؟ "

بارۆن بێئەوەی بە خۆ بزانێ، وەختایەک ڕووی کردە خانمەکەی، بە زمانی پرتوگالی گوتی: " ئەستیلا، ئێمە دەبێ لێرە برۆین، قەرارە کالومبی بسووتێنن، ژێر و ژووری بکەن. هیچ کارێکمان لە دەست نایەت. من پیاوم نین تا شەڕم بۆ بکەن، لە دەستدانی ئێرەش ئەوە نایەنێ پیاو خۆی بۆ بکوژێت." سەیری کرد ژنەکەی، بەبێ جوڵە لەوێندەر ڕۆنیشتووە، بەرەبەرە ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت و لێکدا لێکدا لێو دەکرۆژێ. وای هەست دەکرد خەریکە ببورێتەوە. ڕووی کردە گال: "بە خۆت دەبینی من و ئەستیلا پێویستە گەنگەشەی کارێکی جدی بکەین. من پاشان دێم بۆ ژوورەکەی خۆت."

گال، دەم و دەست چوو بۆ نهۆمی سەرەوە. ئاغا وخانم، بە بێدەنگی لە ژووری نان خواردن مانەوە. بارۆنس بێئەوەی ورتەی لێوە بێت چاوەڕوانی دەکرد. بارۆن، باسی گفتوگۆکانی خۆی لە گەڵ پاجودا بۆ کرد. بینی هەموو هەوڵێک دەدات تا ئارام و هێمن بنوێنێ، بەڵام نیگەرانیەکەی خۆی بە تەواوی بۆ نەدەشاردرایەوە، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو و دەلەرزی. هەمیشە لە ناخەوە ئەستیلای خۆش دەویست، ژنی تەنگانە بوو. هەرگیز ورەی بەر نەدەدا. هەرچەندە بە ڕواڵەت لە بووکە شووشە دەچوو، بەڵام لە پشت ئەم بووکە شووشەیەوە شێرە ژنێک هەبوو. وای وێنا کرد ئەمجارەش ئەم ژنە فریای دەکەوێ و لە هەنبەر دژمنەکانیا، باشترین داکۆکی لێدەکات. بۆی ڕوونکردەوە کە ناتوانن هیچ شتێک لەگەڵ خۆیاندا ببەن، دەبێ هەر شتێکی گرانبەهایان هەیە لە سەندوقی بنەن و بیخەنە ژێر خاکەوەو باقی شتەکانیان بە سەر پێشخزمەت وکرێکارەکانی ماڵ ومەزراکەدا دابەشبکەن.

بارۆنس، بە دەنگێکی زۆر نەوی، وەکو ئەوەی بترسێت نەبادا دژمن گوێی لە دەنگی ببێت پرسی: " کەواتە هیچ کارێک ناکرێت؟ "

بارۆن سەری لەقاند: " هیچ کارێک ناکرێ. ئەوەی ڕاستی بێ ئەوان ئەم کارە بە نیازی زیان گەیاندن بە ئێمە ناکەن، دەیانەوێ شەیتان بکوژن و ئەم مەرز و بوومە ئیسراحەتێ بکات. گەنگەشە وگفتوگۆ لە گەڵیاندا فایدەی نییە." شانەکانی هەڵتەکاند، چونکە هەستیکرد خەریکە سۆز بە سەریا زاڵ دەبێت، لە کورتی بڕییەوە: "سبەی لای نیوەڕۆ دەڕۆین. هەر ئەوەندەیان مۆڵەت داوەتێ."

بارۆنس سەرێکی لەقاند. چارەی تێکنا، لە نیگەرانیا هەنیەی گرژ بوو و ددانەکانی بە جیرەوە چوون. بەدەم هەستانەوە گوتی: "دەی کەواتە دەبێ تا بەیانی کاربکەین."

بارۆن بینی کە لە ژوورەکە وەدەر دەکەوێت، دەیزانی کە بەرلەوەی دەست بە هیچەوە بدات، دەچێت حاڵ و حیکایەتەکە لە سیری تا پیازی بۆ سپاستیانا دەگێڕێتەوە. بارۆن لە دووی ئەرستارکوی نارد، دەربارەی

ئامادەکاری سەفەرەکەیان قسەی لەگەڵدا کرد. ئەوسا دەرگای ژووری کارکردنەکەی لە سەر خۆی داخست. ماوەیەکی زۆری بە سووتاندن و لە ناوبردنی دەفتەران ودوکیومێنتان ونامان، بەسەربرد. ئەو شتانەی کە دەبوایە لە گەڵ خۆیدا بیانبات، پڕ بە دوو جانتای چکۆلە زیاتر نەبوون. وەختایەک بۆ ژوورەکەی گال دەچوو، بینی سپاستیانا وئەستیلا، ماوەیەک بوو خەریکی کارکردن و شت کۆکردنەوەن. ئیدی جم وجوڵ کەوتبووە ماڵەکە، خزمەتکار وفەڕاشەکان، مژوول و سەرقاڵ، بە پەلە دەهاتن و دەچوون، شتیان دێنا و دەبرد، شتی قەد دیوارانیان دادەگرت، سەلە و سەندووق و جانتای گەورەیان پڕ دەکرد، بە ڕوخساری ترساوەوە، بە چپە یەکیان دەدواند. بە بێئەوەی لە دەرگا بدات خۆی بە ژوورەکەی گالدا کرد. گالی بینی کە لە پشت مێزەکەی تەنیشت قەرەوێڵەکەوە دانیشتووە و مژوولی نووسینە. کە گال گوێی لە دەنگی چوونە ژوورەوەی بارۆن بوو، سەری هەڵبڕی، قەڵەم بە دەستەوە، بە چاوانی پرسیار ئامێزەوە لێی ڕوانی.

بارۆن، بە نیمچە بزەیەکی دەستکردەوە گوتی: "من چاک دەزانم کە ئازاد کردنی تۆ، ڕێگە پێدانت کە بڕۆی، شێتایەتیە. ئەو کارەی کە پێویستە لە سەر من، ئەمەیە کە بە شەقامەکانی سلڤادور و ریودا بتگێڕم وەکو چۆن قژەکەت و جەنازە ساختەکەت و تفەنگە ئینگلیزیە ساختەکانیان گێڕا..." لە بێتاقەتیا قسەکەی خۆی تەواو نەکرد.

گالیلیو گوتی: " لەو ڕووەوە هەڵە مەکە" ئەو وبارۆن هێندە لە نزیک یەکەوە وەستابوون کە زرانیان بەر یەکدی دەکەوت." من یارمەتیت نادەم کە کێشەکەت چارەسەربکەی. هیچ هاوکارییەکت لە گەڵدا ناکەم. ئێمە لە حاڵی شەڕداین و هەر چەکێک لێرەدا بایەخ و گرینگی خۆی هەیە."

هیچ، دژمنایەتیەک لە دەنگیا نەبوو. بارۆن بە جۆرێ تەمەشای دەکرد، وەک ئەوە بوو، تازە لێی دوور کەوتبێتەوە: کەسێکی چکۆلە، ڕوخسار جوان، بێوەی، پووچگەرا.

بە دەنگێکی نەوی دووبارەی کردەوە: " هەر چەکێک لێرەدا گرینگی و سوودی خۆی هەیە. ئەمە ڕێک پێناسەی ئەو زەمانەیە کە تیایدا دەژین، پێناسەی ئەو سەدەیەیە کە بەم زووانە بەرەو ڕوومان دێت، مستەر گال. بۆیە هیچ بە لامەوە سەیر نییە کە ئەو شێت و شورانە قەناعەت و باوەڕیان وایە کە ئاخر زەمان نزیک بووەتەوە."

کول وکۆڤانێکی یەجگار زۆری بە سەر وسیمای کابرای سکۆتلاندییەوە بەدی کرد، لە پڕ هەستیکرد دڵی بە حاڵی دەسووتێ. دەبیرەوە چوو: "تاقە ئاواتی ئەوەیە کە بڕوات و لە ناو خەڵکانێکا کە نە لێیان تێدەگات و نە لێی تێدەگەن وەکو سەگ بتۆپێت. وا وێنا دەکات وەکو قارەمانان دەمرێت. بەڵام لە ڕاستیا بەوجۆرە دەمرێ، کە دەترسێ بەوجۆرە بمرێ: وەکو گەمژە وگەوجان." لە ناکاوا وای هاتە بەرچاو کە هەموو جیهان قوربانی بەدحاڵیبوونێکی لە چارە نەهاتووە.

بە گالی گوت: " دەتوانی بڕۆیت. بەڵەدێکت بەگەڵ دەخەم تا ئەوێت ببات. هەرچەندە بە گومانم بگەیتە کانودوس."

سەیری کرد، سیمای گال گەشایەوەو گوێی لێبوو بە دەمەلاڵکێوە سوپاسی کرد.

دووبارە گوتی: "خۆشم نازانم بۆچی بەرت دەدەم. من زوو ڕمووەدەی ئایدیالیستەکان دەبم، هەرچەندە کەم و زۆر هاوهەستی ئەوان نیم. بەڵام وێڕای ئەوەش هەست بە جۆرە هاوسۆزیەک دەگەڵ تۆدا دەکەم، چونکە کەسێکی وێڵ و سەرگەردانی و هیچ چارەیەکت نییە، بۆیە چارەنووست بە هەڵەیەکەوە بەندە."

بەڵام هەر زوو هەستیکرد کە گال گوێی لەو نەدەگرت. خەریکی کۆکردنەوەی ئەو کاغەز و نووسراوانەی سەر مێزەکەی تەنیشت قەرەوێڵەکە بوو. ئەوسا بۆ ئەوی درێژ کرد: " ئەمە کورتە وپوختەی منە، پوختەی بیرو هزرینی منە." جۆری تەمەشاکردنەکەی، دەستەکانی و تەنانەت پێستەکەشی پێدەچوو لە هەڵچوونا بلەرزێت." ڕەنگە تۆ باشترین کەس نەبی کە ئەمانەی پێ دەسپێرم، بەڵام چ بکەم لە تۆ زیاتر کەسی دی لێرە نییە. بیخوێنەوە، کە لە خوێندنەوەی بوویتەوە مەمنوونت دەبم ئەگەر بەم ئەدرەسە بۆ "لیون"ی بنێریت. ئەمە گۆڤارێکە کە هاوڕێکانی من بڵاوی دەکەنەوەو نازانم ئێستا بەردەوامە یان نا..." بێدەنگ بوو، وەک بڵێی خەجالەتی شتێک بێت. ئەوسا پرسی: " کەی دەتوانم بڕۆم؟ "

بارۆن بەرسڤی دایەوە: "دەتوانی لەم دەقیقەیەوە بڕۆی. پێموایە پێویست بەوە ناکات لەو مەترسیانەت ئاگادار بکەمەوە کە بەرەو پیریان دەڕۆیت. ئەگەری ئەوەی کە بکەویتە دەستی سوپا یەجگار زۆرە. بە هەرحاڵ لە هەموو حاڵەتێکا عەقید دەتکوژێ."

گال گوتی: " قوربان، قسەی خۆتە، کە خەڵکی مردوو، دووبارە ناکوژرێنەوە، کەسێک خۆی مردبێ، چ پێویست دەکات دووبارە بکوژرێ. من، بە خۆت دەزانی لە ئیپوپیارا کوژرام."

( ٥ )

پیاوەکان بە دەشتە لمەڵانەکەدا دەڕۆن، چاویان بڕیوەتە دەوەنەجاڕی کەنار ڕێگاکە. جۆرە هیوایەک بە سیمایانەوە دیارە، بەڵام سیمای ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە خەمین وخەمبارە. لەوەتای لە ئۆردوگاکەوە کەوتوونە ڕێ، بەردەوام لە دڵی خۆیدا ئەمەی گوتووە وگوتووەتەوە: " ئەمە کارێکی بێفایدەیە." تاقە قسەیەکی نەکردبوو نیشانەی ئەوە بێ، لەوەتای ئاوی خواردنەوەیان بۆ جیرەبەندی کردبوون، ورەی بەردابێ. کێشەی خواردنی نەبوو، چونکە هەم کەمخۆر بوو و هەم زۆر درەنگ برسی دەبوو و بەرگەی برسێتی دەگرت. بەڵام تینوویەتی، زۆر زەحمەت بوو، بەرگەی نەدەگرت. ئاو خواردنەوەی لە خۆی کردبوو بە نۆرە، زۆرجار بە تاسەوە ماوەی نێوان نۆرەکانی دەژمارد تا بە گوێرەی ئەو خشتەیەی بۆ خۆیی دانابوو، دەمێ تەڕبکات وقومێ ئاوی دی بخواتەوە. پێدەچێ لەبەر ئەوە بەگەڵ دەورێیەکەی نەقیب ئولیمپیوکاسترو کەوتبێ. دەبوایە ئاقڵ بوایە وئەو چەند سەعاتە لە ئۆردوگاکە وەمێنێ بۆ خۆی ئیسراحەت بکات. ئەم دەورێیە شناساییە بۆ سوارێکی ناشی وەکو ئەو زەحمەت بوو، ماندووی دەکرد و هەڵبەتە تینووی دەکرد. بەڵام ئەگەر لە ئوردوگاش بماباوە، دووچاری نیگەرانی دەبوو ودڵی تەنگ دەبوو، بیری ڕەشبینانە دەستبەرداری نەدەبوو. لێرە هەر هیچ نەبێ هەموو هۆش وگۆشی خۆی دەخاتە سەر ئەوەی کە لە ئەسپەکەی بەرنەبێتەوە. چاک دەیزانی کە سەربازەکان لە پاشملە ولە بەینی خۆیاندا گاڵتە بە چاویلکەکەی، بە جلەکانی، قەد وقەڵافەتی، بە مێزە سەفەرییەکەی و بە شووشە مەرەکەبەکەی دەکەن. بەڵام گوێی لەوە نەبوو. خۆی لێ بە خاوەن نەدەکرد.

ئەو بەڵەدەی (دەلیل) ڕێنوێنی دەورێیەکەی دەکرد، ئاماژە بۆ بیرێکی ئاو دەکات. یارۆی ڕۆژنامەڤان، بە ڕوو و ڕوخساری کابرای بەڵەدا بۆی دەردەکەوێ، کە ئەم بیرە ئاوەش لە لایەن یاخی وئەنارشیستەکانەوە پڕ کراوەتەوە. سەربازەکان بە زەمزمیەکانیانەوە، بەدەم پاڵە پەستۆوە بەرەو لای بیرەکە دەڕۆن، گوێی لە تەق و هۆڕی مەتارەو زەمزمییەکان دەبێ کە بەر بەرد وکەڤری ناو بیرەکە دەکەون، بەچاوی خۆی نائومێدی و پەستی سەربازەکان دەبینێ. ئاخر ئەو و ئێرە کوجا مەرحەبا! ئاخر چ دەکا لێرە؟ بۆچی بۆ ژووره دارڕژاو و داپژاوەکەی

خۆی لە سلڤادور نەگەڕایەوە تا کتێبەکانی لە دەوری خۆی بڵاو بکاتەوە و تۆزێک تلیاک بکێشێت وبگاتە هەوای خۆی؟

نەقیب ئولیمپیو کاسترو لە بن لێوانەوە دەڵێت: " باشە، ئەمە شتێکی چاوەڕوان کراو بوو، چەند بیری دیکە لەم دەوروبەرە هەیە؟ "

یارۆی بەڵەد، بە دوو دڵییەوە دەستێک هەڵدەتەکێنێ: " تەنیا دوانی دی هەیە کە تەمەشامان نەکردوون. پێموایە ئەوە نایەنن، بچین تاقیان بکەینەوەو بزانین ئاخۆ ئاویان تیایە یان نا."

یارۆی نەقیب قسەکەی پێدەبڕێت: " بەهەرحاڵ برۆ تەمەشایەک بکە، عەریف دەبێ دەورییەکە بەرلەوەی دنیا تاریک ببێت بگەڕێتەوە."

ئەفسەرەکە و ڕۆژنامەڤانەکە ماوەیەک بە گەڵ دەورییەکە دەکەون، هەرکە لە دەوەنەجاڕەکە وەدەردەکەون و دەگەنە هەردەو باسکە لمەلان و گەرمەکە، گوێیان لە دەلیل و بەڵەدەکە دەبێ کە لەبەر خۆوە دەڵێت: پێشبینی یەکانی مورشید خەریکە دێنە دی، مەسیحی موبارەک بازنە و چغزێک بە دەوری کانودوس دا دەکێشێت و هەر زندەوەرێک چ حەیوان و چ ڕووەک و چ بەشەر، لە دەرێی ئەو چغزو بازنەیەدا بێ، تیا دەچێت.

ئولیمپیودی کاسترو لێی دەپرسێت: "ئەگەر باوەڕت بەو قسانەیە، چ دەکەی لەگەڵ مەدا؟"

بەڵەدەکە دەست بۆ ئەوکی خۆ دەبات: "من ئەوەندەی لە کابرای سەربڕ دەترسم لە شەیتان ناترسم."

هەندێک لە سەربازەکان پێدەکەنن. نەقیبەکە و یارۆی ڕۆژنامەڤان لە دەورییەکە دادەبڕێن. ماوەیەک بە یورغە دەڕۆن تا سەرەنجام یارڕۆی نەقیب دڵی بە ڕۆژنامەڤانەکە دەسووتێ وئەسپەکەی هێواش دەکاتەوە. ڕۆژنامەڤانەکە کەمێک ئیسراحەتی کرد، بە پێچەوانەی خشتەکەی خۆیەوە، قومێک ئاو لە زەمزەمیەکەی دەخواتەوە. دوای سێ چارەکە سەعات ئوردوگاکەیان لێ بە دیاردەکەوێت.

هەرکە لە یەکەم پاسەوان ڕەت دەبن، تەپ وتۆزی ئەو دەورییەی کە لە باکوورەوە دەهات، دەیانگرێتەوە. ملازمە فەرماندەکەیان کە سەراپای لە تۆزا هەڵکشابوو، کوڕێکی زۆر گەنج بوو، زۆر شاد وخۆشحاڵ دیار بوو.

ئولیمپیودی کاسترۆ سڵاوی لێدەکات: "خەبەر و باس! دۆزیتەوە؟ "

ملازمەکە بە چەناگە کابرای نیشاندەدات. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە یارۆی دیل دەبینێ، هەردوو دەستی بەستراون، ترس بە سیمایەوە دیارە، جلەکانی بەری دڕاوە، وادیارە جبەکەیەتی و بەو جۆرە شڕو وڕ بووە. پیاوێکە کورتە باڵا، چوار شانە، ورگن، لاجانگەکانی بۆز بوون. دەورێیەکە بە ڕێی خۆیا دەڕوات، نەقیبەکەو پەیامنێرەکە دوایان دەکەون. وەختایەک دەگەنە چادرەکەی فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم، دوو سەرباز یارۆی دیل بە پاڵ لە ئەسپەکە دادەگرنە خوارەوە. گەیشتنی دیلەکە هەراو هەنگامەیەکی زۆر دەنێتەوە. زۆرێک لە سەربازەکان دێنە پێشەوە تا لە نزیکەوە بیدینن. کابرای وردیلە دانە جیرەی پێکەوتووەو بە نیگای پڕ ترسەوە دەڕوانێتە دەوروبەری، پێدەچێ ترسی ئەوەی هەبێ کە لێی بدەن. ملازمەکە دەڵەکی دەداتە ناو چادرەکەوەو پەیامنێرەکەش لە دوای ئەوانی دییەوە وەژووردەکەوێت.

ئەفسەرە گەنجەکە، زرم لاقی پێکدا کوتان وگوتی: " قوربان، ئەرکەکە جێبەجێ کرا."

موریرا سیزار، که له پشت مێزێکی سەفەری، لەو مێزانەی که دەنوشترێنەوە له نێوان عەقید تاماریندو و مێجەر کونیا ماتوس دانیشتبوو، هەڵدەستێتە سەر پێیان. له دیلەکه نزیک دەکەوێتەوەو به چاوە سارد وچکۆلەکانی سەراپای دادەبێژێ. روخساری هیچ سۆزێکی پێوە دیار نییە، بەڵام پەیامنێرەکه دەی بینی که لێوی خوارەوەی دەکرۆژێت، هەر کاتێ غافڵگیر بوایه ئەو حاڵەتەی لێدەهات.

دەست ڕادەکێشێت ودەڵێت: "دەست خۆش ملازم. نها برۆ ئیسراحەت بکه."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکه، دەبینێ که نیگای عەقید، له نیگای ئەمە، دەترسێت عەقید ئەمری بکاتێ که له چادرەکه وەدەر بکەوێ. بەڵام عەقید هیچ ناڵێت.

موریرا سیزار، بەکاوەخۆ له کابرای دیل ورد دەبێتەوە. تەقریبەن هاوباڵان، بەڵام عەقید زۆر لەو لاوازترە: " تۆ خەریکه له ترسا دەمری."

دیلەکه بەدەم لاڵەپەتەوە دەڵێت: " بەڵێ قوربان، وایه." به جۆرێ دەلەرزێ که زمانی گۆ ناکات. " بەد ڕەفتاریەکی زۆرم له گەڵدا کراوە، من وەکو قەشەیەک..."

عەقیدەکه بێدەنگی دەکات، به بەردەم قەشەکەی کومبی دا، که سەری داخستووە، دێت ودەچێت: "پێگه ڕوحانیەکەت ڕێگەی لێنەگرتووی که خۆت بخەیتە خزمەتی دژمنەوە."

کابرای قەشە ئاهێک هەڵدەکێشێت ودەڵێت: " من بابایەکی ئاشتیخوازم قوربان."

-" نەخێر، تۆ دژمنی کۆماریت، تۆ له خزمەتی یاخیانی سەڵتەنەتخواز و وڵاتێکی بێگانەدای."

بابه یواکیم، به دەمه لاڵکێوە، دەڵێت: "وڵاتی بێگانه؟ " به جۆرێ دەحەپەسێ که ترسەکەی له بیر دەچێتەوە.

موریرا سیزار، هەردوو دەستی خستوونه پشتی وبه دەنگێکی نەوی گوتی: " ڕێگەت نادەم بکەویتە خورافات ڕێسی. به خورافاتی ئەو دنیا وخواو شەیتان تەفرەم بدەی."

ئامادەبووان، کڕ وکپ دەڕواننە عەقید که به نیو چادرەکەدا دێت ودەچێت. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، سەری کەپووی دەخورێ؛ وەکو ئەوەی بیەوێ بپژمێ، بەمه شپرزە دەبێت.

موریرا سیزار، به ڕاوێژێکی تووڕە دەڵێت: "جەناب، به ترس و لەرزەکەتدا دیارە که تۆ ئاگاداری هەموو بویەر و واریقاتەکانی.جا به ڕێکەوت شێواز وئامێری ئەوتۆمان هەن که ئازاترین یاخییان دێنێتە قسان، ئیدی کارێ مەکه که وەختەکەمان به فیڕۆ بدەی."

قەشەکە، که دووبارە کەوتووەتە لەرزین، به دەمه لاڵکێوە دەڵێت: " من هیچ شتێکم نییه که بیشارمەوە. خۆشم نازانم ئەو کارەی که کردوومە دروست بووە یان هەڵە، به ڕاستی گێژ بووم..."

یارۆی عەقید قسەکەی پێدەبڕێت؛ ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە دەبینێ عەقید، به تووڕەیی، له پشتەوە قامکەکانی تێک دەئاڵێنێ ودەیانکاتەوە: "به تایبەتی پەیوەندیت له گەڵ پیلانگێڕانی بیانی، فیودالان وسیاسەتوانان و ڕاوێژکارانی سوپایی، چ خۆیی و چ ئینگلیزی."

یارۆی قەشە، ڕادەچڵەکێ وبە دەنگی بەرز دەڵێت: " ئینگلیز؟ من هەرگیز بیانیم لە کانودوس نەدیتووە، تەنیا خەڵکانی زۆر هەژار وبێنەواو داماوم دیتووە. ئاخر کێهە فیودال و سیاسەتوانێک بیر لەوە دەکاتەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان پێ بنێتە ئەم مەڵبەندی کوێرەوەری و بەدبەختیە؟ قوربان من دڵنیات دەکەم کە خەڵکانێک هەن لە شوێنانی زۆر دوورەوە هاتوون، لە پرنامبوکو، لە پیاوێییەوە هاتوون. ئەمە یەکێکە لەو دیاردانەی کە حەپەساندوومی، چۆن ئەم هەموو خەڵکە توانیویانە..."

عەقید قسەکەی پێدەبڕێ، قەشە وردیلەکە ڕادەچڵەکێ: "چەند کەسن؟ "

لە بن لێوانەوە دەڵێت: " هەزاران... پێنج هەزار، هەشت هەزار، بە دەقیقی نازانم. هەژارترین هەژار، داماوترین و بەدبەخترین خەڵکن. من دەزانم باسی چی دەکەم، من لەوێندەر، ئەوپەڕی بەدبەختی و هەژاریم دیتووە، چ بە سەدەمی وشکە ساڵی ونەهاتی وچ بە هۆی پەتاوە. لە تۆ وایە نەگبەت ترین خەڵک ژێراوژێر ڕێکەوتوون کە لەوێندەر خڕببنەوە. لە تۆ وایە خوا لە دەوری یەکدی خڕکردوونەتەوە... خەڵکی نەخۆش، پەککەوتە، ئەوانەی دەستیان لە ژیان شۆردووە، لەوێ بە سەر یەکا کەڵەکە بوون و دەژین. باشە ئەرکی من وەکو قەشە، ئەوە نییە کە لە گەڵیاندا بم، لە ناویانا بم؟ "

موریرا سیزار، بەرسڤی دەداتەوە: "سیاسەتی کڵێسای کاتولیک هەمیشە ئەمە بووە کە لە شوێنێکا بێ بە قازانجی خۆی بێت. یانی قەشە باشیەکەت ئەمری پێکردوویت کە یارمەتی شەڕڤان ویاخییەکان بدەیت؟"

بابە یواکیم، وەکو ئەوەی گوێی لە پرسیارەکەی نەبووبێ، بە دەنگە لەرزۆکەکەی لە سەری دەڕوات: " ئەم خەڵکە بەو هەموو حاڵە نالەبارەیانەوە، شاد وخۆشحاڵن." نیگای لە نێوان موریرا سیزار وتاماریندو کونیا ماتوس دا دێت ودەچێت: " قوربان، شادترین خەڵکانێکن کە تا نها دیومن. باوەڕکردن بەمە بۆ خۆمیش زەحمەتە. بەڵام شتەکە نەک هەر ڕاستە، بەڵکو زۆریش ڕاستە. ئەمە جۆرە ئاسوودەیەکی خەیاڵی داونەتێ، گاڵتەیان بە نەداری و بەدبەختی دێ، بە ڕاستی ئەمە پەرجویەکە لەو گۆڕە."

موریرا سیزار دەڵێت: " با بێینە سەر ئەو فیشەکانەی دەتەقنەوە. لە بەدەنی بەشەرا دەتەقنەوە، زامێکی ئەوتۆیان تێدەکات دەڵێی زارکی گڕکانە. پزیشکانی سوپا تا ئێستا ئەو جۆرە برینانەیان لە بەرازیلدا نەبینیوە. باشە ئەو فیشەکانە لە کوێوە دێن؟ ئەمەش پەرجووە؟ "

بابە یواکیم لەبن لێوانەوە دەڵێت: "من ئاگام لە چەک وچۆڵیان نییە. تۆ باوەڕ ناکەی، بەڵام ئەوە ڕاستیەکەیە قوربان. سوێند بەم جبە رۆحانیەی بەرم دەخۆم. شتێکی نائاسایی لەوێندەر ڕوو دەدات، ئەو خەڵکە لە سایەی ڕەحم و بەرەکەتی خودادا دەژین."

عەقید، تەمەشایەکی تەوسامێزی دەکات. بەڵام پەیامنێرە نزیکبینەکە لە سووچێکی چادرەکەدا وەستابوو و تینوویەتی هەر لە بیر نەمابوو. بە وردی گوێی لە هەر وشەیەکی یارۆی قەشە دەگرت، وەکو ئەوەی قسەکانی ئەو بەلای ئەمەوە، لە حوکمی ژیان ومەرگا بن.

عەقیدەکە دەڵێت: " هەموو موبارەک، وەلی، دادپەروەر، ڕاستەوخۆ لە ئینجیلەوە دەرهاتوون، هەڵبژاردەی خودان؟ دەتەوێ من باوەڕ بەو ورێنانە بکەم؟ ئەم خەڵکانەی مەزرایان دەسووتێنن، خەڵکی دەکوژن و بە کۆمار دەڵێن مەسیحی دەجال؟"

کابرای دیل، به دەنگێکی لەرزۆک دەڵێت: " قوربان، قسەکەی خۆم تەواو نەکرد. ڕەنگە ئەوانە کاری ناجۆرو نابەجێیان کردبێ، بەڵام..."

عەقیدەکە دەبۆڵێنێ: " بەڵام تۆ دەست لە گەڵیاندا تێکەڵە. کێهان قەشەێن دی یارمەتیان دەدەن؟ "

قەشەکەی کومبی سەری دادەنوێنێ: " ڕوونکردنەوەی ئەوە زەحمەتە. من لە هەوەڵەوە چووم بۆ ئەوێندەر تا پێش نوێژییان بۆ بکەم، ڕێ و ڕەسمی عەشای ڕەبانیان بۆ بەرپابکەم. لە ژیانما ئەو جۆش و خرۆش و بەشدارییە زۆرەم نەبینی بوو. باوەڕ و ئیمانی ئەو خەڵکە لە ئەقڵا نییە قوربان. ئەگەر پشتم تێ کردبان، گوناحبار نەدەبووم؟ لە بەر ئەو هۆیە بەردەوام بووم لە سەر چوونم بۆ ئەوێندەر، هەرچەندە قەشەباشی لێی قەدەغە کردبووم. چما مەحرووم کردنی ڕاستگۆترین ئیمانداران لە نوێژ ونزا وسرووتێن ئاینی گوناح نییە؟ ئۆل و مەزەب بۆ ئەو خەڵکە هەموو شتێک بوو لە ژیاندا. من قسەی ناخی دڵی خۆمت بۆ دەکەم. من بەخۆم دەزانم شایستەی ئەوە نیم کە قەشە بم قوربان."

یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین لە ناکاوا خۆزیا دەخوازێ کە مێزە سەفەری و قەڵەم و شووشە مەرەکەبەکەی دەگەڵ خۆدا هاوردبا.

یارۆی قەشە بە زمانی تێک ئالاوەوە گوتی: " من دەگەڵ ژنێکا دەژیام کە دەگەڵما دەخەوت، سالانێکی زۆر وەکو پیاوێکی ژندار دەژیام. منداڵم لێی بوون قوربان."

بەدەم وەستانەوە سەری داخستبوو ودەلەرزی. یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین، لە فکران ڕادەچێت، هەڵبەتە هەست بە پێکەنینە ژێراوژێرەکەی مێجەر کونیاماتوس ناکات، لە شەرما ڕوخساری سووری سوور بووەتەوە.

موریرا سیزار دەڵێت: "من ئەوەم پێ سەیر نییە ئەگەر قەشەیەک منداڵی هەبێت، بەڵام ئەوەی کە ناچێتە ئەقڵمەوە ئەمەیە کە کڵێسایەکی کاتولیکی هەواداری لەشەرڤان ویاخییان بکات. کێهان قەشەێن دی هاوکاری کانودوسیەکان دەکەن؟ "

بابە یواکیم دەڵێت: "بە ڕاستی دەرسێکی چاکی فێرکردم. وەختێ دیتم چۆن بەو ئاسانیە دەستبەرداری هەموو شتێک بوو وهەموو ژیانی بۆ ڕوحی تەرخان کرد . مەگەر نابێ خودا و ڕوح لە پێش هەموو شتێکی ئێمە مانانەوە بێ؟

موریرا سیزار بە تەوسەوە دەڵێت: "مورشید دەڵێی؟ یانی قەدیس و وەلییە؟ "

یارۆی دیل دەڵێت: "من ئەمە نازانم قوربان. من هەمیشە ئەمەم لە خۆم پرسیوە، لە یەکەم ڕۆژەوە کە بۆ کومبی هات، هەڵبەتە لە مێژە. هەوەڵجار وامدەزانی شێتە، بەرپرسانی کڵێساش هەمان گومانیان لێی هەبوو. قەشەباشی، چەند قەشەیەکی کاپوسینی نارد، تا مەسەلەکە لە بنج و بناوان بکەن. ئەوانە هیچیان بۆ بەدیار نەکەوت، لە هیچ حاڵی نەبوون، ترسابوون، ئەوانیش گوتبوویان شێتە. بەڵام ئەگەر وابوایە، چۆن لە ناکاوا ئەو هەموو گۆڕانە ڕووی دەدا؟ چۆن ئەو هەموو خەڵکە لات و لەوێرە، ئەو هەموو برسیانە، بێ خەم وخەیاڵ، شاد و ئاسوودە بیر، ئارەزوومەندانە لە دەوری خڕدەبوونەوە؟"

عەقید قسەکەی پێدەبڕێ: " ئەدی پاساوت بۆ ئەو هەموو تاوانە، بۆ سووتاندن و وێرانکردنی موڵک و مەزرای خەڵکی و پەلاماردانی سوپا چییە؟"

بابه یواکیم دەڵێت: " له گەڵتام، له گەڵتام، هیچ پاساوێک بۆ ئەو کارانەیان نییه. بەڵام خۆشیان نازانن چ دەکەن، یانی دەمەوێ بڵێم ئەم کارانه تاوانن بەڵام به نیەتی باش دەکرێن، له ڕای خودا دەیکەن قوربان. هەموو ئەو شتانه له مێشکیاندا تێکەڵ وپێکەڵ بوون."

به ترسەوه ئاوڕی دەوروبەر دەداتەوه، وەکو ئەوەی قسەیەکی کردبێ که کارەساتی لێبکەوێتەوه.

-" کێ ئەوەی خسته مێشکی ئەو دامانەوه که ڕژێمی کۆماری، ئەنتی مەسیحه، مەسیحی دەجاله؟ کێ ئەو وڕینه ئایی و ئولیانەی گۆڕی بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێکی چەکداری دژ به حکومەت؟ من دەمەوێ ئەوه بزانم بابه." موریرا سیزار، دەنگی بەرزترکردەوه: "کێ ئەو خەڵکەی خسته خزمەتی ئەو سیاسەتوانانەوه که دەیانەوێ، دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ بەرازیل بگەڕێننەوه؟"

بابه یواکیم، له بن لێوانەوه، به دەنگێکی ناڵه ئامێزەوه دەڵێت: " ئەوانه سیاسەتوان نین. هیچ شتێک له سیاسەت نازانن، فڕیان به سیاسەتەوه نییه. ئەوانه دژی زەواجی مەدەنین، تەنیا لەبەر ئەوه، ئەم زاراوەی مەسیحی دەجالەیان به دەمەوه گرتووه.

قوربان ئەوانه مەسیحی خالیسەن. لەوه تێناگەن له کاتێکا زەواجی پیرۆز، ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووه، له ئارادایه، بۆ دەبێ زەواجی مەدەنیش هەبێت..."

لەو دەمەدا نەرمه کۆکەیەکی بۆ دەکات وله ناکاوا بێدەنگ دەبێت. چونکه موریرا سیزار، دەمانچەکەی له کیفەکەی دەرهێنا. به کاوەخۆ زامنی دەمانچەکه دەکاتەوەو لوولەی دەمانچەکه دەخاته سەر لاجانگی دیلەکه. دڵی ڕۆژنامەڤانه نزیکبینەکه وەکو دەهۆڵ دەکەوێته لێدان، به ڕادەیەک بەری پژمینەکەی دەگرێ، که هەردوو لاجانگەکانی دەدەنه ژان.

دەکەوێته سەر هەردوو چۆکان: " مەمکوژە... مەمکوژە... تۆ سەری ئازیزترین ئازیزت مەمکوژه جەنابی عەقید، پایه بەرز."

عەقید دەڵێت: "له هەوەڵەوه ئاگادارم کردیتەوه، که چی تۆ دەتەوێ بەو قسانه وەختەکەم به فیڕۆ بدەی قەشه."

بابه یواکیم، کەوتووەته هەنسک هەڵدان: " ڕاسته من دەرمانم بۆ دەبردن، تەقەمەنیم بۆ دەبردن، ئەو شتانەم بۆ دەبردن که داوایان دەکرد، barووت و لووله دینامیتم بۆ دەبردن، ئەو شتانەم له کانەکانی کاسابو بۆ دەکڕین. هەڵبەته ئەم کاره هەڵه بووه. ئیدی نازانم قوربان، هیچ بیرم نەدەکردەوه، به ڕاستی ئەوەنده خەڵکێکی به باوەڕ و ئاسوودە بیربوون، خۆزیام پێدەخواستن. من به عەمراتم شتی وام به خۆوه نەبینی بوو، من کردم، تۆ نەیکەی. مەمکوژه قوربان.

عەقید دەپرسێت: " باشه کێ یارمەتی ئەمانه دەدات. کێ چەک وپاره وپول وتەقەمەنیان بۆ دابین دەکەن؟

یارۆی قەشه دەلاڵێتەوه: "نازانم... نازانم. ئەوەی من دەیزانم به زۆری موڵکدارو فیودالەکانن. ئەمانه عادەتیانه قوربان، دەمی چەته وڕێگرەکان چەوردەکەن تا هێرشیان نەکەنه سەرو بچنه سەر فیودالانی دی."

موریرا سیزار، قسەکەی پێدەبڕێت: " باشه بارۆن دی کانا براڤاش یارمەتیان دەدات؟ "

-بەڵێ قوربان، وابزانم هەندێ شتیان لە " کالومبی " وەردەگرت. ئیدی ئەمە عادەتە. بەڵام ئێستا، دوای ئەوەی خەڵکانێکی زۆر باریان کردووە، وازیان لەو عادەتە هێناوە. من هیچ کاتێ نە فیودالێک نە سیاسەتوانێک و نە بیانی و غەوارەیەکم لە کانودوس نەدیتووە. هەر هەموویان خەڵکی نەدار وهەژارن. من هەرچییەک بزانم وەکو هێلکەی پاککراو دەیخەمە دەستەوە، من وەکو ئەوان نیم. نامەوێ شەهید ببم. مەمکوژە."

گریان لە ئەوکی دەگیرێت، دەکەوێتە هەنسک هەڵدان، شانەکانی دەجولێن.

موریرا سیزار دەڵێت: " ئەو مێزە کاغەزی لە سەرە. نەخشەیەکی تەواوی کانودوسم دەوێ... جادەکانی، دەر و دەروازەکانی شارۆچکەکە، چۆن ولە کوێوە بەرگری وبەرەڤانی لێدەکرێت."

بابە یواکیم، بە چوار چنگوڵە بەرەو لای میزەکە دەڕوات: "بەڵێ، بەڵێ. هەرچیەک بزانم. هیچ پێویست بەوە ناکات درۆت لەگەڵدا بکەم."

دەچێتە سەر کورسیەکە ودەست بە کێشانی نەخشەکە دەکات. موریرا سیزار وتاماریندو وکونیا ماتوس بە دیاریەوە دەوەستن.

پەیامنێرە نزیکبینەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) لەو سەری چادرەکەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکات؛ دیمەنی کوشتنی قەشە چکۆلەکەی لە کۆڵ بووەتەوە، لە سەری نادرێ، تەمەشایەکی ڕوخساری نیگەرانی قەشەکە دەکات کە مژوولی کێشانی ئەو نەخشەیەیە کە داوایان لێکردووە. گوێی لێیە بلەز وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە ئەوان سەبارەت بە پرد وسەنگەر وکەمین وجادە داخراوەکان لێی دەکەن. یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین لە سەر ئەرزەکە ڕۆدەنیشێت، دەست بە پژمین دەکات، یەک و دووان و سێیان و دە، گێژ دەبێ، سەری دەسووڕێ و هەست بە تینویەتیەکی زۆر دەکات. عەقید و هەردوو ئەفسەرەکە دووبارە یارۆی دیل پرسیار پێچ دەکەن، پرسیاری سەگڤانان، کەمینەکانی پێشەوەی لێدەکەن. – کە پێباچێ یارۆی دیل هیچ شتێک لەو بارەیەوە بزانێت – ڕۆژنامەڤانەکە سەری زەمزەمیەکەی دەکاتەوەو قومێ ئاو دەخواتەوەو لە دڵی خۆدا دەڵێت، دیسان لە خشتەکەی خۆم لامدا. پەرت حەواس، گێژو وێژ، بێ موبالات گوێ لە ئەفسەرەکان دەگرێ کە گەنگەشەی ئەو زانیاریە گۆنگانە دەکەن کە قەشەکە پێی داون. عەقید بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ڕەشاشەکان و تۆپەکان دەبێ لە کوێ دابنرێن و تیپەکە چۆن بێتە دامەزراندن، تا شەڕڤان ویاخییەکان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدەن. گوێی لێیە کە دەڵێت: " نابێ هیچ ڕێگایەکی هەڵاتنیان بۆ بێڵینەوە."

پرس وجۆیەکە تەواو دەبێت. چەند سەربازێک وەژووردەکەون تا دیلەکە ببەن. موریرا سیزار، پێش ئەوەی دیلەکە بڕوات پێی دەڵێت: "تۆ ئەم دەڤەرە شارەزای، بۆیە دەبێ یارمەتی بەڵەدەکانمان بدەیت. لە کاتی خۆیا یارمەتی ئێمەش بدەی تا مەفرەزەکانی ئەوانمان پێ نیشان بدەیت."

هەرکە دیلەکە، لە چادرەکە وەدەرکەوت، پەیامنێرە نزیکبینەکە لە هەمان جێگاوە کە لێی دانیشتبوو، لەبن لێوانەوە گوتی: "وام دەزانی بە تەمای بیکوژیت."

عەقید، بە جۆرێ تەمەشای دەکات وەکو ئەوەی تا ئەو دەمە هەستی بە بوونی ئەو، لە ژوورەوە نەکردبێ. ئەوسا دەڵێت: " ئەم قەشەیە لە کانودوس بە کەڵکمان دێت. ئەمە جگە لەوەی کە خراپ نییە، هەموو خەڵکی لەوە ئاگادار بکەینەوە کە پشتیوانی کڵێسای کاتولیک لە ڕژێمی کۆماری، بەو ڕادەیە نییە کە زۆرێک لەو خەڵکە وێنای دەکەن.

پەیامنێرە نزیکبینەکە لە چادرەکە وەدەردەکەوێ. شەو داهاتووەو ئۆردوگاکە نوقمی تاڤ هەیڤ بوو. بەرەو ئەو کوختە دەڕوات کە بۆ ئەم و ڕۆژنامەڤانە پیرە سەرما بردەڵەکە تەرخان کرابوو، لەم کاتەدا دەنگی شەیپوری خوارنگەکە بەرز دەبێتەوە. دەنگی شەیپورەکە لە هەموو شوێنێکدا دەنگ دەداتەوە. لێرەو لەوێ ئاگر کراوەتەوە، ڕۆژنامەڤانەکە، بە بەینی ئەو سەربازانەدا دەڕوات، کە بەڕێوەن بۆ وەرگرتنی جیرە خۆراکی ناچیزی شەوانەیان. هاوکارەکەی لە کوختەکەدایە، وەکو هەمیشە مل پێچەکەی لە دەوری گەردنی ئالاندووە. لە کاتێکا کە بە دوو قۆڵی لە سەرەو ڕیزی خواردنا وەستاون، پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) هەرچییەکی لە خێوەتەکەی عەقیدا بینی بوو وبیستبوو، هەر هەمووی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە. جیرەی ئەمشەویان، شلەیەکی خەست بوو، بە ئاستەم تامی "مانیوک "ی دەدا، کەمێ ئارد و دوو کلۆ قەند. قاوەیەکیانش دانێ کە بۆ ئەوان زۆر خۆش و بە لەزەت بوو.

هاوکارەکەی لێی پرسی: " چ شتێک بەم ڕادەیە حەپەساندووتی؟ "

لە وەڵاما دەڵێت: " ئێمە نازانین چ شتێک لە کانودوس ڕوودەدات. مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترو گۆنگترە کە بیرم لێدەکردەوە."

ڕۆژنامەڤانە پیرەکە دەڵێت: "ئەگەر مەبەستت ئەمە بێ، من هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە، کە شاندو نێردراوانی شابانۆی بەریتانیا، بکەونە ئەم ساراو بیابانە. بەڵام باوەڕم بەو قسەیەی کابرای قەشەش نییە، کە جگەلە عەشق وخۆشەویستی خوا، هیچی دی لە پشت ئەم هەموو بویەر و واریقاتەوە نییە. ئەم هەموو تفەنگە، ئەم هەموو شەڕو پێکدادانانە، بەو هەموو تاکتیکە باشەوە، هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە، کە ئیشی کۆمەڵێک سباستیانیستی نەخوێندەوار بێت."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە هیچ شتێک ناڵێت. دەگەڕێنەوە بۆ کولبەکەی خۆیان، ڕۆژنامەڤانە پیرەکە دەم و دەست پاڵدەکەوێ، خۆی دەپێچێتەوەو دەچێتە ناو جێگاوەو خەو دەیباتەوە.

هاوکارەکەی ناخەوێ، مێزە سەفەرییە بچووکەکەی لە سەر هەردوو ئەژنۆی دادەنێت وسەرگەرمی نووسین دەبێت. کە شەیپوری خەوتن لێدەدرێ، لە سەر پەتۆیەکەی پاڵ دەکەوێت ودەخەوێت. بە چاوی خەیاڵ سەربازەکان لە دەرێ ڕا دەبینێ کە بە هەموو جلەکانیانەوە خەوتوون. تفەنگەکانیان چوار چوار لە بەر پێیاندا چاتمە کراون، ئەسپەکان دەبینێ کە لە دەوری تۆپخانەکاندا بەستراونەتەوە. ماوەیەکی زۆر خەوی لێناکەوێ. بیر لەو دەورێیانە دەکاتەوە، کە بە درێژایی شەو بە دەوری ئۆردوگاکەدا (سەربازخانە) دەسوڕێنەوەو بە نەوای فیتفیتۆکە یەکدی ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا شتێکی دی لە مێشکیا چینە دەکات: ئەو قەشەیەی بە دیلی گیرابوو، دەمەلاڵکێ وقسەکانی، لە مێشکیا دەنگی دەدایەوە، باشە هاوکارەکەی وعەقید ڕاستیان دەکرد؟ باشە ماقوولە کانودوس، بە زاراوەێن باوی وەکو پیلان و شۆڕش و سەرهەڵدان و یاخی بوون تۆمەتبار بکرێ، کە بە دەسیسەی سیاسەتوانانی بیانی و لە دەرێ ڕا، هانبدرێ بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی؟ ئەمڕۆ وەختایەک گوێی لە قسەکانی قەشە کورتەباڵاکە گرتبوو، دڵنیا بوو کە ئەو قسانە هیچ لایەنێکی مەسەلەکەیان ڕۆشن نەدەکردەوە. شتێکی ئاڵۆزتر، ڕیشەدارترو سەیرتر لە ئارادا بوو، گومانی لەوە هەبوو کە ناوی بنێ خوایی یان ئەهریمەنی یان روحانی. باشە ئەمە چییە؟ زمانی بە دەمی زەمزەمیە بەتاڵەکەیدا دێنێت ودوای چەند خولەکێک خەو دەیباتەوە.

که یەکەم گزنگی خۆر لە کەل هەڵدێ، گوێی لە دەنگی زەنگوڵان و باعە و بارەی پەزان لەو سەری ئۆردوگاکەوە دەبێت، دەوەن وبنچکەکان دەکەونە خشەخش. لە نێو ئەو فەوجەوە کە پاسەوانی ئەو قۆڵەیان پێ سپێردرابوو، چەند سەرێک قوتەوە بوون. ئەو پاسەوانەی کە تۆزێ لەوە پێش لێرەوە ڕۆیی، بلەز گەڕایەوە. بەڵام ئەوانەی لە هەرا و زەنایەکە بێدار بووبوونەوە، چاویان دەکەنەوە، ورد دەڕوانن و دەست دەخەنە پشت گوێیان. بەڵێ، دەنگی بارە وباعە وزرینگانەوەی زەنگوڵانە. چارەی خەواڵوو وبرسی وتینوویان دەگەشێتەوە، دەم وچاویان هەڵدەگلۆفن. بە ئاماژە یەکدی حاڵی دەکەن کە قسە نەکەن و بێدەنگ ببن. بە پارێزەوە ڕادەبن و بە هەشتاو بۆ ناو ئەو بنچک ودەوەنانە دەڕۆن کە دەنگی بارەی پەزەکان و زرینگەی زەنگوڵەکانیان لێوە دێت. هەوەڵین کەسانێ کە دەگەنە دەوەنەجارەکە مەڕەکان دەبینن، لە گورگ ومێشی بەیانیدا مەڕەکان لە دوورەوە سپیەکی مەیلەو شیندێنە بەرچاو: "باع... باع..." هەرکە یەکێک لە مەڕەکان دەگرن، دەستڕێژی گوللەیان بە سەردا دەبارێ، ناڵەیەکی بە سوێ لەو کەسانەوە بەرز دەبێتەوە کە دەکەونە سەر ئەرزەکە، گوللەی قەرەبینا یان تیریان پێکەوتووە.

شەپیوری ڕابوون، لەو سەری ئۆردوگاکەوە لێدەدرێ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تابوورەکە دەکەوێتە ڕێ. زیانەکانی کەمینەکە زۆر زۆر نییە- دوو کوژراو و سێ بریندارن، هەرچەندە ئەو دەورێیانەی دووی یاخییەکان کەوتبوون، کەسیان لێنەگرتبوون، بەڵام دوازدە سەر مەڕ بە تاڵانی دێنن کە ئەمە بۆ سفرە هەژارانەکەیان نیعمەتێکی گەورە بوو. بەڵام سەربازەکان بەو هێرشە لە ناکاوە زۆر سەغڵەت بوون، ئاو و خۆراکیان بە ئاسانی دەست نەدەکەوت، لە کانودوس نزیک بووبوونەوە. سەربازانی ئەو فەوجەی کە دوو کوشتە و سێ بریندارایان دابوو، دەڵێن هەقە کابرای دیل لە تۆڵەی ئەوانەدا ئیعدام بکرێت. پەیامنێرە نزیکبینەکە هەست بەو گۆڕانە دەکات کە لە ڕەفتاری ئەو پیاوانەدا چێبووبوو، لە دەوری ئەسپە سپیەکەی فەرماندەی تیپیان دابوو، روویان گرژو مۆن و چاویان تەژی ڕق و نەفرەت بوو. عەقید ڕێگەی قسەکردنیان دەداتێ، کە هەموویان پێکەوە قسە دەکەن گوێیان لێدەگرێت و سەریان بۆ دەلەقێنێ. سەرەنجام بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ئەم دیلە، تەنیا یاخییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو پیاوێکە ئەو کاتە گرنگی زانیاریەکانیان بۆ دەردەکەوێ کە دەگەنە کانودوس.

پێیان دەڵێت: " ئێوە خەمتان نەبێ، تۆڵەی خۆتان دەکەنەوە. زۆرتان نەماوە، ڕق وکینەتان بۆ کاتی خۆی هەڵگرن، بە فیرۆی مەدەن."

سەربازەکان، بۆ نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، دەرفەتی ئەو تۆڵەیەیان دەستدەکەوێ کە زۆر تینووی بوون. تیپەکە بە شاخێکا سەردەکەوێ، کە لەوێندەرەوە، لێرەو لەوێ کەلاکی مانگایەک دەبینن، کە داڵاش پارچە گۆشتێکیان پێوە نەهێشتووە کە بە کەڵکی خواردن بێت. یەکێک لە سەربازەکان ئەوەی بە خەیاڵدا دێت کە ڕەنگە ئەم کەلاکە داوێک بێ بۆ دیدەوانەکان. هەرکە ئەو قسەیەی لە دەم دەردەچێت، چەند سەربازێک لە ڕیز دەردەچن وبڵاو دەبنەوەو هاوار دەکەن و دەبینن کە یاخییەک کە پێستی بە سەر ئێسکییەوە وشک بووەتەوە، لە چاڵەکەی ژێر کەلاکەکەوە دێتە دەرەوە. سەربازەکان، بە سەرەنێزەو کێردان دەکەونە گیانی. سەری دەبڕن ودەیبەن تا نیشانی موریرا سیزاری بدەن. پێی دەڵێن بە نیازن ئەم سەرە بخەنە لوولەی تۆپەکەوەو بۆ کانودوسی بنێرن، تا یاخییەکان ئەو چارەنووسە بدینن کە چاوەڕوانیان دەکات.

عەقیدەکە بە ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە دەڵێت سەربازەکان خۆێنیان هاتووەتە جۆش وئامادەی شەڕن.

***

هەرچەندە گالیلیو گال، بە درێژایی شەو ئەسپی ئاژوتبوو، بەڵام بە هیچ جۆرێ خەوی نەدەهات. هەردوو ئەسپەکە زۆر لەڕو لاواز، پیر بوون، بەڵام تا بەرەبەیان وخۆرهەلات، هیچ نیشانەیەکی ماندوو بوونیان پێوە دیار نەبوو. ئۆلپینوی دەلیل وبەڵەدی ئەو، کابرایەکی گرژو مۆن و، سیما زبر و ڕەنگ مسین، کە تووتنی دەجوو، کابرایەکی خۆش تەبیعەت نەبوو. تاکو نیوەڕو، تا ئەو کاتەی بۆ نانخواردن وەستان هیچ قسەیەکیان پێکەوە نەکرد، کەنگێ دەگەنە کانودوس؟

دەلیلەکە، پاشماوەی تووتنەکەی تفاندەوەو بە کورتی وەڵامی دایەوە: ئەگەر ئەسپەکان بەرگە بگرن وبڕبکەن بە دوو یان سێ ڕۆژ. بەڵام ئەو ماوەیە بۆ کاتی ئاسایی بوو نەک بۆ کاتی وەکو ئەم ڕۆژانە...

چونکە ڕاستەوڕاست بەرەو کانودوس نەدەڕۆیشتن، بەڵکو ناوبەناو ڕێگەی خۆیان دەگۆڕی تا خۆیان لە یاخییەکان ولە سەربازەکانیش ببوێرن، چونکە ئەگەر تووشی هەر یەکێکیان ببوایەن، ئەسپەکانیان لێدەسەندن.

گال لە ناکاوا هەستی بە ماندوو بوون کرد. ڕاکشا و یەکسەر خەوی لێکەوت. دوای چەند سەعاتێ دووبارە سواری ئەسپەکان بوونەوەو کەوتنە ڕێ. پاش ئەوەی ماوەیەک ڕۆیشتن، لە کەناری روبارێکا دابەزین وبە ئاوی سوێر سەرو چاویان فێنک کردەوە. لە کاتێکا بە نێو هەردەو باسک ودەشتە پڕ لە پنچک و وشترالوکەکەدا ڕێیان دەکرد، گال، هەستی بە بێتاقەتی خۆی کرد. ئەو بەیانیەی کیماداسی وەبیر هاتەوە کە چیوای نەمابوو بکوژرێ و چۆن هەڵچوونی ئارەزووی سێکسی زۆری بۆ هێنابوو وبە سەریا زاڵ بووبوو. یەکسەر بە سەرسامیەوە ئەوەی لە خۆدا کەشف کرد، کە نە ڕۆژ و نە مانگی لە یادگەدا نەماوە. تەنیا ساڵەکەی لە بیرە... پێدەچوو هێشتا ساڵی ١٨٩٧ بێ. دەتگوت لەم دیارو دەڤەرەدا، کە ئەو هاتوچۆی تیا دەکرد، هەورازو نشیوانی تەی دەکرد، زەمان سڕابێتەوە... یان زەمانێکی دیکە بوو بە تام وڕیتمی تایبەتی خۆی. هەوڵیدا ئەوە بیر خۆی بێنێتەوە، چۆن هەستی وەخت شماری لەو سەرانەدا کە دەستی پێدا دێنان، کەشف دەکرد. ئایا ئەندامێکی تایبەتی هەبوو، کە پەیوەندی مرۆڤ بە زەمانەوە نیشان بدات؟ بەڵێ، هەڵبەتە شتی وا هەبوو. بەڵام ئایا ئەو شتە ئێسکێکی بچووک، یان نەویاتێکی هەست پێ نەکری، یان دەرەجەیەکی گەرمایی تایبەت بوو؟ نەیدەتوانی شوێنی خۆی وەبیر بێنێتەوە، بەڵام ئەو توانایی وبێ تواناییانەی کە دەری دەبڕی لە یادبوو: کات ناسینەوە یان نەناسینەوە، توانای ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ورد یان ژیانێکی شەپڕێوی ئاڵۆز، گیرۆدەی سەرگەردانی و پەشۆکاوی... دەبیرەوە چوو: "وەکو ژیانی خۆم." بەڵێ ئەو نموونەی کەسێک بوو، کە چارەنووسی، ئاشووبێکی درێژخایەن بوو، ژیانێک لە هەموو لایەکەوە لە حاڵی هەرەس هێنان وداڕوخاندا بوو... ئەمەی لە کالومبی دا بۆ کەشف بووبوو، وەختایەک بۆی کەشف بوو بوو کە بە تین وتاوەوە هەوڵی دابوو پوختەی بیرو باوەڕی خۆی وخاڵە جەوهەرییەکانی واریقاتی ژیانی خۆی کورت بکاتەوە. پاشان دووچاری نائومێدییەکی ئەوتۆ بووبوو کە مەحاڵە، ئەو هەموو سەفەرە گێژکەرانە، ئەو هەموو ژینگە جیاوازانە، ئەو هەموو خەڵکە، ئەو هەموو باوەڕە، ئەو هەموو مەترسی و ڕیسکانە، ئەو هەموو هەوراز و نشێوانە، ئەو هەموو خاڵە سەرەکی و لاوەکیانە، بێنە ڕێکخستن وکۆکردنەوە. پێدەچوو ئەو کاغەزانەی کە بە بارۆن دی کانا براڤای سپاردبوون، وەکو پێویست ئەوەیان ڕوون نەکردبێتەوە، کە فاکتەری پایەداری سەرانسەری ژیانی ئەو، چ بووە... ئەو وەفاداریە ڕاستەقینەیە، کە دەیتوانی لە ناو ئەو هەموو ئاڵۆزی وپەشێویەدا، شتێک بێنێتە ئاراوە کە لە نەزم ونیزام بچێ: یانی ئەو جۆش و خرۆشە شۆڕشگێڕییە، نەفرەتی بێ پایانی لەو کوێرەوەری و بێدادیەی کە خەڵکانێکی زۆر گیرۆدەی بوون، خواست وئیرادەی ئەو بۆ گۆڕینی هەموو ئەو دیاردانە "بیروباوەڕەکانی تۆ هیچ شتێکی ڕوونی تیا نییە، ئامانجە باڵاکانت هیچ

پەیوەندییەکیان بەوەوە نییە کە لە کانودوس دا ڕوو دەدات " قسەکانی بارۆن، جارێکی دی لە گوێیا دەزرینگانەوە و تووڕەیان کرد. چۆن دەبوو موڵکدارێکی ئەرستوکراتی کە بە جۆرێ دەژیا وەکو ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا ڕووی نەدابێ، لە ئارمانج وبەها ئایدیالیەکانی ئەو تێبگات؟ کەسێک کە ئایدیالیزم بە لای ئەوەوە زاراوەیەکی ناپەسند بوو؟ پیاوێک کە شەڕڤان ویاخییەکان دەستیان بە سەر موڵکێکیدا گرتبوو وبە تەما بوون موڵکەکەی تری بسووتێنن، چۆن دەیتوانی لە کانودوس تێبگات؟ هەڵبەتە لەم کاتەدا کالومبی نقومی ئاگر بوو.

ئەو، واتە گالیلیو، ڕازی ئەم شەواتەی دەزانی. زۆر چاک دەیزانی کە ئەو شەواتە زادەی تاسووب یان شێتایەتی نییە. یاخییەکان بەو کارە ڕەمزی زوڵم و زۆریان لە نێو دەبرد، ئەوانە بە وێنایەکی گۆنگەوە، بەڵام خۆڕسکانە گەیی بوونە ئەو ئەنجامگیرییەی کە دەسەڵاتی سەدان ساڵەی موڵکداری تایبەتی، ئەم قەناعەتەی لە مێشکی چەوساواندا چێکردووە کە ئەم سیستەمە، لە ئاسمانێ ڕا هاتووەتە خوارێ وموڵکداران خەڵکانێکی نائاساین و بۆ خۆ نیمچە خوایەکن. باشە ئەم ئاگرو شەواتە باشترین بەڵگە نییە بۆ سەلماندنی نادروستی ئەم ئەفسانە بێ بنچ و بناوانەو ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی قوربانیەکان وهاندانی جەماوەری برسی تا بە چاوی خۆ ئیمکانیەتی لە نێوبردنی دەسەڵاتی موڵکداری ببینن و ئەوە بزانن کە خێڵی هەژاران توانای ئەو کارەیان هەیە؟ مورشید و موریدەکانی هەرچەندە هێشتا خۆیان بە مەزەب و ئاینەوە هەڵواسی بوو، زۆر چاک دەیانزانی دەبێ لە کوێ دەست بوەشێنن. ڕێک لە بن وبناوانی زوڵم و زۆرەوە، واتە لە موڵک ومەزرا، لە سوپاو لە یاسا و ڕێسای ئەخلاقی تاریک ئەندێشی. ئایا نووسینەوەی ئەو ژینامەیەی کە لای بارۆن بە جێی هێشتبوو هەڵە بوو؟ نەخێر، ئەوە هیچ زیانێکی بە ئەسڵی مەرامەکەی ئەو نەدەگەیاند. ئایا سپاردنی ئەو شتە زۆر تایبەتی و شەخسیە بە بابایەکی دژمن هەڵە نەبووە؟ ئاخر بارۆن دژمنی ئەو بوو. وێرای ئەوەش هیچ ڕقێکی لێی نەبوو. ڕەنگە لە بەر ئەوە بووبێ، کە بە هۆی ئەوەوە ئێستا هەستی بەوە دەکرد، هەرچییەک دەژنەوێ تێی دەگات وخەڵکیش لەو دەگەن، هەرچییەک دەڵێت لێی تێدەگەن: ئەمە شتێک بوو لەوەتای لە سلڤادۆر وەدەرکەوتبوو، شتی وای بۆ پێش نەهاتبوو. بۆچی ئەو چەند لاپەڕەیەی نووسی بوو؟ چۆنی دەزانی کە بەو زووانە دەمرێ؟ ئایا هەڕەتی لاوازی بورژوایانە واداری کردبوو، ئەو شتانە بنووسێت، چونکە نەیدەویست بە بێ ناونیشان ئەم دنیایە بەجێ بێڵێت؟ لە ناکاوا ئەم بیرەی بە مێشکا هات کە نەبادا جورمای ئاوس کردبێ. جۆرە ترسێکی کەوتە گیان. تەسەوری ئەوەی کە منداڵێک بخاتەوە، زۆری پەست دەکرد، دڵی تێک هەڵدەهات. پێدەچێ هەر ئەوەش وای لێکردبێ کە لە روما قەرار بدات، خۆی لە هەر پەیوەندییەکی سێکسی بپارێزێت. هەمیشە پاساوی ئەوەی بۆ خۆ دێنایەوە کە ترسی ئەو لە بە باوک بوون، زادەو بەرەنجامی بیرو باوەڕە شۆڕشگێڕییەکەیەتی. ئاخر پیاوێک کە ماڵ و منداڵی هەبن و ناچار بێ خواردن وجل وبەرگیان بۆ پەیدا بکات، لە کوێ دەتوانێ هەمیشە ئامادەی کارکردن بێ؟ لەم بوارەدا قسە هەر قسەی خۆی بوو، تەنیا باوەڕی بە قسەی خۆی هەبوو. بار سووک وسەر سەلامەت، نە باوەڕی بە ژن و نە بە منداڵ و نە بە هیچ شتێکی دەست وپێگر هەبوو کە ئازادی سنووردار بکات و ورەی شۆڕشگێڕانەی لەق بکات.

وەختایەک لە دەوەنە جارێکی بچووکی پڕ دەوەنانی فیلامی وماکامبیرا، لایانداو لە ئەسپەکانیان دابەزین، ستێران هەڵهاتبوون. بە بێدەنگی نانیان خوارد، گالیلیو، پێش ئەوەی قاوەکەی بخواتەوە، خەوی لێکەوت. خەوێکی ناخۆش، پڕ لە مردن. وەختایەک ئولپینو بێداری کردەوە، دنیا هێشتا تاریکی تاریک بوو، گوێیان لە لورە لورێکی خەمناک بوو، کە پێدەچوو لورەی ڕێوی بێت. دەلیلەکە قاوەکەی گەرم کردەوەو ئەسپەکانی زین کرد. گال هەوڵیدا سەری قسان لەگەڵ ئولپینودا دابمەزرێنێت... لە کەیەوە لای بارۆن کاری دەکرد؟ ڕەئی دەربارەی یاخییەکان

چییە؟ وەڵامەکانی یارۆی بەڵەد، هێندە بە پارێزو ناڕاستەوخۆ بوون، کە گال ناچار دەستبەرداری هەوڵەکەی خۆی بوو. باشە بە هۆی فۆنەتیکە بیانیەکەیەوە بوو کە ئەو خەڵکە یەکسەر گومانیان لێدەکرد و لێی دەپرینگانەوە؟ یان مەسەلەکە شتێکی لەوە قووڵتر بوو، یانی دووری شێوازی هەست وهزرینی ئەو بوو، لە شێوازی هەست و هزرینی ئەم خەڵکە؟

لەو ساتەدا ئۆلپینو شتێکی گوت کە ئەو تێی نەدەگەیی. داوای لە ئۆلپینو کرد کە قسەکەی دووبارە بکاتەوە، ئەمجارەیان هەموو قسەکانی ڕوون وخویا بوون: بۆچی دەیویست بۆ کانودوس بڕوات؟

پێی گوت: " چونکە هەندێک شت لەوێندەر ڕوو دەدەن کە بە درێژایی تەمەنم خەباتم لە پێناویدا کردووە. لەوێندەر خەڵکەکە دنیایەک دروست دەکەن کە نە چەوسێنەری تێدایەو نە چەوساوە، دنیایەک هەموو خەڵکی تیایدا ئازاد و یەکسانن." ئەوسا بە سادەترین شێواز، بەمەفهوومترین وشە بۆ کابرای ڕوونکردەوە کە چما کانودوس بۆ هەموو دنیا گرینگە، چۆن هەندێ لەو کارانەی کە یاخییەکان دەیکەن، ڕێک دەگەڵ ئەو بەها باڵا ئایدیالە کۆن و ڕەسەنانەدا تێکدەکەنەوە، کە خەڵکانێکی زۆر گیانی خۆیان لە پێناویا بەخت کردووە.

ئۆلپینو، وەختایەک ئەو قسەی دەکرد نە تەمەشای دەکرد و نە قسەکەی پێبڕی. گال، هەستی کرد قسەکانی، لە گوێی کابرای بەڵەدا وەکو ئەو بایەیە کە بە سەر تاوێراندا دادەخزێ، بێئەوەی هیچ شوێنەوارو باندۆرێک جیبهێڵێ. وەختایەک لە قسەکانی بووەوە ئۆلپینو، سەری بە لایەکا خوار کردەوەو لە بن لێوانەوە شتێکی گوت کە بە لای گالەوە زۆر غەریب بوو: وایدەزانی گال بۆیە بۆ کانودوس دەڕوات تا گیانی ژنەکەی ڕزگاربکات. وەختایەک گال بە سەرسامی لێیدەڕوانی، ئۆلپینو لە سەری ڕۆیی: ئەدی ڕوڤینو هەڕەشەی نەکردبوو کە ئەو ژنە دەکوژێت؟ یانی بە لایەوە گرینگ نەبوو کە ڕوڤینو ئەو ژنە (جورما) بکوژێت؟ مەگەر ژنی نەبوو؟ ئەگەر ژنی نییە، چما لە ڕوڤینوی ڕفاندبوو؟ گال، بە متمانەوە گوتی: " من نە ژنم هەیە و نە کەسم ڕفاندووە." ڕوڤینو باسی کەسێکی دیکەی کردووە و ئۆلپینو بە سەهو لە مەسەلەکە حاڵی بووە. یارۆی بەڵەد دووبارە چووەوە قاوغی بێدەنگیەکەی خۆی.

دوای چەندین سەعات ئەوسا کەوتنەوە قسان، دوای ئەوەی تووشی کاروانێکی زیارەتکاران بوون کە چەند گالیسکەیەک وچەند گۆزەیەک ئاویان پێبوو، ئاویان دابوو بەمانیش. وەختایەک زیارەتکارەکان کەوتنەوە ڕێ و ئەمانیان بەجێهێشت، گال هەستی بە خەمینییەکی زۆر کرد، هۆی خەمینییەکەی پرسیارە چاوەڕوان نەکراوەکانی ئۆلپینو و قسە سەرزەنشت ئامێزەکانی بوو. گال بۆ ئەوەی چیتر بیر لە جورما وروڤینو نەکاتەوە، کەوتە بیر کردنەوە لە مردن. لە مردن نەدەترسا، هەر بۆیە زۆر جاران بە گژیا چووبووەوە. ئەگەر سەربازەکان، بەر لەوەی بگاتە کانودوس دەستگیری بکەن، بە جۆرێ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کە ناچار بن بیکوژن، بەو شێوەیە خۆی لە تەوهین و ئەشکەنجە دەبوارد وناو وناتۆرەی ترسنۆکی لە کۆڵ خۆی دەکردەوە.

هەستیکرد کە ئۆلپینو زۆر نیگەران وبێ ئۆقرەیە. ماوەی نیو سەعاتێک دەبوو کە بە سواری ئەسپ بە ناو بێشەیەکی چڕو چوغوورد کەوتبوون وگڕەو گەرما پەرێشانی کردبوون و لە ناکاوا کابرای بەڵەد چاوە تیژەکانی بڕینە لق و پۆپی دار و درەختەکانی دەوروبەریان و بە چپەوە گوتی: " دەورمان گیراوە، باشتر وایە چاوەڕوان بکەین تا خۆیان دەردەخەن." لە ئەسپەکانیان دابەزین. گال بێهودە لە هەوڵی ئەوەدا بوو نیشانەیەک بدۆزێتەوە کە بەڵگەی حوزووری بەشەران بێ لەو دەوروبەرە. بەڵام دوای کەمێک پیاوانێ، بە تاپڕ و تیروکەوان و، قەمە و کێردەوە، لە نێو درەختەکانەوە وەدەرکەوتن. پیرە پیاوێکی ڕەشی زەبەلاحی دێو ئاسا کە تا ناوقەدی ڕووت

بوو، سڵاوی لێکردن و بە زمانێ کە گال بە باشی لێی حاڵی نەدەبوو پرسی لە کوێندەرەوە دێن. ئولپینو بەرسڤی دایەوە کە لە کولومبییەوە دێن و بۆ کانودوس دەڕۆن. ئەوسا باسی ئەو ڕێگا بە پێچ و دەورەیەی کە گرتبوویانە بەر تا بە گوتەی خۆی نەکەونە دەست سەربازەکان، بۆ کابرا کرد، گفت و گۆیەکەیان وشک و کورت بوو، بەڵام لە گوێی گال دا دژمنانە نەبوو. دوای ئەوەی بینی کە کابرا ڕەشەکە هەوساری ئەسپەکەی ئولپینوی گرت و سواری بوو، یەکێک لە پیاوەکانی دی سواری ئەسپەکەی گال بوو. هەنگاوێکی بەرەو لای کابرا ڕەشەکە ناو لە ناکاوا هەموو چەکدارەکان لوولەی تفەنگەکانیان کردە ئەو ونیشانەیان لێگرتەوە.

بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند کە نیازی خراپ نییە و داوای لێکردن کە گوێی لێبگرن. بۆی ڕوونکردنەوە دەبێ بە زووترین کات بگاتە کانودوس تا لە گەڵ مورشیدا قسان بکات وهەواڵێکی گرینگی پێبگەیەنێت وگوتی بۆ ئەوە هاتووە تا لە شەڕی سەربازەکانا یارمەتیان بدات... بەڵام سەرو سیمای بێموبالات وگرژ ومۆنی زەلامەکان، لە زەوقی داو بێدەنگ بوو. کابرا ڕەشەکە هەڵوەستەیەکی کرد. بەڵام کە بینی گال نیازی قسەکردنی نییە، شتێکی گوت کە گال ئەمجارەش تێی نەگەیی. هەنگێ هەموویان ڕێ و ڕێ لە کوێوە هاتبوون لەوێندەرەوە گەڕانەوە، کڕ و کپ، لە پشت درەختەکانەوە کەوتنە نەدیوی.

گال لە بن لێوانەوە پرسی: "چی گوت؟ "

ئولپینو بەرسڤی دایەوە: " گوتی باوک (خوا)، مەسیحی موبارەک و، وەلیان و فریشتەێن ئاسمان بەرەڤانی لە بیلومونتە دەکەن. ئەوان پێویستیان بە کۆمەکی کەسی دی نییە."

ئەوەشی گوت کە ئێستا زۆریان بۆ کانودوس نەماوە، بۆیە پێویست ناکات نیگەرانی ئەسپەکانیان بن. دووبارە بەڕێ کەوتنەوە. بە پێیان بە ناو دەوەنە جاڕە چڕ وچوغووردەکە کەوتن، هێندە بە خێرایی ڕێیان دەکرد کە بێ ئەسپیان پێوە دیار نەبوو. بەڵام لە دەست دانی ئەسپەکانیان، بە مانای لە دەستدانی خورجین و ئازووقەکانیان بوو. ئیدی لەو ساتە بە دواوە بە ناچاری کەوتنە خواردنی میوەی وشکەوە بوو وچرۆ ورەگی ڕووەکان. گال لە پڕا هەستی کرد کە لەوەتای لە کالومبی وەدەرکەوتووە، بیر کردنەوە لەو بەڵایانەی لەم دواییانەدا بە سەریا هاتوون، دەرگای جۆرە نائومێدییەکی لێدەکاتەوە، بۆیە هەوڵیدا بیر لە جۆرە چارەسەرێکی قەدیمی بکاتەوە، ئەویش ئەوە بوو خۆی بە بیرکردنەوەی مجەڕەد و نە شەخسییەوە مژوول بکات: " زانست لە هەنبەر ویژدانی نیگەراندا." باشە کانودوس لەم ڕێسا مێژووییە ئاوارتە نەبوو کە دەیگوت ئاین وئۆل هەمیشە فاکتەری گەوجاندنی جەماوەری خەڵک بووە کە دژی ئاغاکانیان ڕانەبن و شۆڕش بەرپا نەکەن؟ مورشید سوودی لە خۆرافاتی ئۆلی وەرگرتبوو، تا جووتیاران دژی سیستەمی بورژوایی و ئەخلاقیانی کۆنەپەرستانە هانبدات، بیانکات بە گژ ئەوانەدا کە ساڵەهای ساڵ، ئاینیان بە کار بردبوو، تا جووتیاران بگەوجێنن وبە کۆیلایەتی قاییل ببن و بیر لە شۆڕش و ڕاپەڕین نەکەنەوە.

بە هەرحاڵ ئۆل لە باشترین حاڵەتدا دەیڤید هیوم گوتەنی خەونی نەخۆشان بووە، ئەمە دروستە، چەندو چوون هەڵناگرێت، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی وەکو ئەمەی کانودوس (دەیڤید هیوم ١٧١١ – ١٧٧٦ ، فەیلەسووف و دیرۆکنووسێکی سکوتلاندییە، گوتوویەتی ئەزموون سەرچاوەی هەموو مەعریفەیەکە) لەوەیە ئاین بتوانێ ببێت بە فاکتەری بێدار کردنەوەی قوربانیانی کۆمەڵگە لە خەوی غەفڵەت ولە حاڵی نەرێنیان و هانیان بدات بۆ چالاکی شۆڕشگێڕانە و بەدەم ئەم چالاکی وبزاڤەوە، بەرەبەرە حەقیقەتە ئەقڵانیە زانستیەکان، جێگای ئەفسانانی نائەقڵانی و بتەکانیان، بگرنەوە. ئاخۆ دەرفەتی ئەوەی دەبێ بابەتێک لەم بارەیەوە بنووسێت و بۆ ڕۆژنامەی (پریشکی

شۆڕش) ی بنێرێت؟ جارێکی دی کەوتە هەوڵی ئەوەی قسە دەگەڵ کابرای دەلیل و بەڵەدا بکات. ئۆلپینو، ڕای سەبارەت بە کانودوس چی بوو؟ کابرای بەڵەد، ماوەیەکی زۆر بێئەوەی وەڵام بداتەوە هەر خەریکی جووینی قاتەکەی (جۆرە تووتنێکە) ناو دەمی بوو. ئەنجام بە دڵنیاییەکی تەواوەوە، وەکو ئەوەی مەسەلەکەی نە لە دوور و نە لە نزیک بەلاوە گرینگ نەبێت بەرسڤی دایەوە: "سەربازەکان لە ملی هەموویان دەدەن، دوا بە یەکیان سەر دەبڕن. " گال گەییە قەناعەتی تەواو، هیچی دیکەیان پێ نییە کە بە یەکدی بڵێن.

وەختایەک لە بێشەو دەوەنەجاڕەکە وەدەرکەوتن، خۆیان لە دەشتێکی بەرینی پڕ لە ڕووەکی زیک زیک دا بینی یەوە، ئۆلپینو بە کێردەکەی قەدەکەی شەق دەکردن، شیلەیەکی شیرین وتاڵی هەبوو، خواردنی ئەو شیلەیە کەمێک تینوویەتیانی شکاند. ئەو ڕۆژە دەستەیەک زیارەتکارانی دیکەیان بینی کە بۆ کانودوس دەچوون. زۆری نەبرد لەوان تێپەڕین.

دیتنی ئەو خەڵکە کە لە کانگای چاوی ماندوویانەوە، جۆش وخرۆشێکی بەهێزتر لە فەلاکەت وبەدبەختی، پەنهان بوو، بووە مایەی سوکنایی دڵی گال. ئەم دیمەنە، گەشبینی و شادییەکەی لە لا زندوو کردەوە. ئەوانە ماڵ و حاڵیان بە جێهێشتبوو، تا بۆ شوێنێ برۆن کە لە ئان و ساتا بوو شەڕی تیا بقەومێ. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە خەڵکی بە تەبیعەت و خۆڕسک هەمیشە لە سەر هەق و لە گەڵ هەقدایە؟ ئەمانە بۆیە بۆ ئەوێندەر چوون چونکە قەناعەتیان وابوو کە کانودوس تاسە وخەون وخولیاکانی ئەوان سەبارەت بە دادپەروەری و ئازادی بەرجەستە دەکات. لە ئۆلپینوی پرسی: کەنگێ دەگەنە ئەوێندەر؟ ئەگەر بویەرێکی ناجۆریان نەیەتە ڕێ ئەمشەو دەگەن. بویەری ناجۆر؟ مەبەستی چیبوو؟ هیچی تریان پێنەبوو تا تەماحی تێبکرێ و لێیان بدزرێ، وانییە؟ ئۆلپینو بەرسڤی دایەوە: " لەگینە بکوژرێین. " بەڵام گال سوور بوو لە سەر ئەوەی کە نەیەڵێ ورەی دابڕوخێت. بەدەم سووکە بزەیەکەوە، دەبیرەوە چوو – بە هەرحاڵ، دزینی هەردوو ئەسپەکەیان، بۆ خۆی جۆرە بەشدارییەک بوو لەو دۆزەی کە کاری بۆ دەکرد.

بۆ ئیسراحەت لایاندا، خانوویەکی چۆڵی کەنار مەزرایەک کە شوێنەوار و باندۆری شەواتی بە ئانقەستی پێوە دیاربوو. نە دار ودرەختی لێبوو و نە کانی و ئاو. گال، کەوتە شێلانی لاقە وشک و کوتراوەکانی، کە بەهۆی ڕاپەیمایی دوورو درێژی چەند ڕۆژەوە، تلۆقیان کردبوو. ئۆلپینو، لە ناکاواو لەبن لێوانەوە گوتی کە لە بازنەکە دەرباز بوونە. ئاماژەی بۆ لایەک کرد کە پێشتر وارگەی ئاغەڵ ومالات وگاوانان بوو، کە نها چۆڵ کرابوو و جگە لە چۆڵەوانیەکی ترسناک هیچی دی نەبوو. بازنەی چی؟

ئەو چغز وبازنەیەی کە کانودوسی لە هەموو جیهان جیا دەکردەوە. خەڵکی دەیانگوت، مەسیحی موبارەک لە ناو ئەم بازنەیەدا حوکمڕانی دەکات، بەڵام لە دەرێی بازنەکەدا شەیتان حوکمڕانی دەکات. گال هیچی نەگوت. ئەگەر بیرت لە جەوهەری مەسەلەکە کردباوە، ناوەکان زۆر گرینگ نەبوون، ئەمانە تەنیا ڕواڵەت بوون، ئەم ناوانە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە خەڵکانی ئۆمی ونەخوێنەوار ئاسانتر لە مانا وجەوهەری مەسەلەکە حاڵی ببن، ئیدی هیچ گرینگ نەبوو لە جیاتی زاراوەی دادپەروەری وبێدادی، ئازادی وکۆیلایەتی، کۆمەڵگای چینایەتی و ناچینایەتی، زاراوەی خودا و شەیتان بە کار بەرن. لە دڵی خۆدا دەیگوت وەختێک بگاتە کانودوس، شتێک دەبینێ کە لە دەورانی گەنجایەتیدا لە پاریس دیتبووی: خەڵکانێک کە جۆش وخرۆشی شۆڕشگێڕی لە سەراپایان دەچۆڕا، بە هەموو شێوەیەک بەرەڤانیان لە کەرامەتی خۆ دەکرد. ئەگەر توانیبای دەنگی خۆی بە گوێی ئەوانە بگەیەنێ

و خەڵکی لە مەبەستەکانی خۆی حاڵی بکات، دەیتوانی یارمەتیان بدات، یانی بە لای کەمەوە دەیتوانی ئەو شتانەیان فێر بکات کە ئەوان نەیاندەزانی وئەم بە هۆی دنیا دیدەیی وگەڕان بە دنیادا فێریان بووبوو.

گوێی لە ئولپینو بوو کە پرسی: " بە ڕاست بەلاتەوە گرینگ نییە کە روڤینو ژنەکەت بکوژێ یان نا؟ ئەگەر وایە بۆچی ژنەکەیت ڕفاند؟ "

هەستیکرد، لە تووڕەییا هەناسەی تەنگ بوو. بە لاڵەپەتە گوتی کە ژنی نییە، چۆن زات دەکات و بە چ هەقێ ئەو پرسیارەی لێ دووبارە دەکاتەوە کە پێشتر وەڵامی داوەتەوە؟ هەستیکرد بەرەبەرە زیاتر ڕقی لەم پیاوە هەڵدەستێ و حەزدەکات تەوهینی بکات.

گوێی لێبوو، ئولپینو لە بن لێوانەوە دەڵێت: " پیاو سەر لەم کارە دەرناکات. "

لاقی بە ڕادەیەک دەیەشان و پای بە جۆرێ ئاوسابوون، هەرکە دووبارە کەوتنەوە ڕێ، دوای ماوەیەکی کەم گوتی پێویستی بە سووکە پشوویەکی دی هەیە. هەرکە لە ئەرزەکە دانیشت لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئیدی پیاوەکەی جاران نیم." زۆر لاوازتر بووبوو.

کە تەمەشای باسکە باریکەکەی خۆی، کە نابوویە ژێر سەری، کرد، وای هاتە بەرچاو کە باسکی کەسێکی دیکەیە.

ئولپینو گوتی: " تا من دەچم، دەگەڕێم تا بزانم شتێک بۆ خواردن پەیدا ناکەم، تۆ بۆ خۆت سەرخەوێ بشکێنە."

گال بینی، کە خۆی بە نێو برێک دار ودرەختی ڕووتی گەڵا ڕژاوا کرد و لە چاو ون بوو. هەرکە چاوانی نوقاند، تابلۆیەکی دارینی بینی کە بە قەدی درەختێکەوە داکوترابوو و چەند بزمارێکی کەوتبوو، بە خەتێکی کاڵەوە بوو لە سەری نووسرابوو: " کاراتانا ". ئەم ناوە لە مێشکیا دەخولایەوە، تا بەو حاڵەوە خەو بردییەوە.

***

شێرۆی ناتوبا دەبیرەوە چوو، گوێیەکانی قوت کردنەوەو لە دڵی خۆدا گوتی: "دەیەوێ قسە لە گەڵ مندا بکات." لە خۆشیا جەستە چکۆلەکەی کەوتە لەرزین. مورشید، لە سەر حەسیرەکەی بە بێدەنگی ڕاکشابوو، ورتەی لێوە نەدەهات. بەڵام کاتب و نووسەرەکەی کانودوس، دەیتوانی بە جۆری هەناسەدانەکەیدا بزانێ کە ئاخۆ نوستووە یان بێدارە. دووبارە لە ناوجەرگەی تاریکیەکەوە گوێی هەڵخست. تا ئەو کاتە هێشتا بێداربوو. چاوە قووڵ بینەکانی نووقاندبوون و لە ژێر پێڵوەکانیەوە یەکێک لەو وێنە خەیاڵیانەی دەبینی، کە دادەبەزی تا قسەی لە گەڵدا بکات یان دەیانبرد بۆ ئاسمان تا بە دیداری وەلیان و فریشتە وپاکیزە ومەسیحی موبارەک وباوک (خوا) بگات. یان بیری لەو وشە و زاراوە حەکیمانانە دەکردەوە کە دەبوا سبەینێ بە کاریان بەرێ، ئەو وشە و ئامۆژگاریانەی کە "شێرۆ" لە سەر ئەو کاغەزانەی تۆماردەکردن کە بابە یواکیم بۆی هێنابوو و، ئیماندارانی ئایندە دەیانخوێندنەوە، وەکو چۆن ئیماندارانی ئەمڕۆ کتێبی پیرۆزیان دەخوێندەوە.

کەوتە بیری ئەوەی کە مادامێکی بابە یواکیم لە ئێستا بە دواوە بۆ کانودوس نایەت، ئیدی زەخیرەی کاغەزی تەواو دەبێت وناچار دەبێت، لە سەر ئەو کاغەزە ئەستوورانەی، کە زیاتر بۆ بەرگتێگرتن دەستیان دەدا، بنووسێت، ئەم کاغەزانەی لە فرۆشگاکەی برایانی ڤیلانوڤا پەیدا کردبوو، ئەم کاغەزانە بە باشی مەرەکەبیان لە خۆ نەدەگرت. بابە یواکیم، بە دەگمەن قسەی لە گەڵ ئەودا دەکرد. شێرۆی ناتوبا، لە هەوەڵ ڕۆژەوە کە یارۆی قەشەی بینی

بوو – ئەو بەیانییەی کە بە هەڵتەک هەڵتەک، دوای مورشید کەوتبوو وخۆی گەیاندبووە کومبی – زۆرجار، لە چاوانی قەشەدا ئەو بێزاری و قێز وبێزەی خوێندبووەوە کە دیمەنی ئەم لە لای قەشە دروستی دەکرد، هەستی بەوە کردبوو، کە چۆن بلەز سەری وەردەگێڕا تا چاوی بەم نەکەوێ وشەکڵ وشەمایلی لە یادگەی خۆیدا بسڕێتەوە. بەڵام گرتنی قەشەکە لە لایەن سەربازانی یارۆی سەربڕەوەو ئەگەری کوژرانی، شێرۆی ناتوبای خەمبار کردبوو، چونکە ئەو هەواڵە مورشیدی زۆر خەمبار کردبوو. مورشید، ئەو ئێوارەیە، بەدەم وەعز دادانەوە لە بورجی پەرستگە تازەکەوە گوتبووی: " کوڕەکانم خەنی لە خۆتان، خۆش بە حاڵتان، بیلومونتە بوو بە خاوەنی یەکەمین شەهید، یەکەمین وەلی." بەڵام دوای ماوەیەکی کەم شێرۆی ناتوبا لە خەڵوەتخانەکەدا، ئەو خەمە گەورەیەی بەدی کرد کە مورشیدی داگرتبوو، ئەو خواردنەی، کە ماریاکوادرادو بۆی هێنابوو، نەخوارد، بە پێچەوانەی عادەتی هەمیشەیی خۆیەوە، لەو کاتەدا کە کۆرسی ژنانی سروودخوان، دەست و پایان بۆ دەشۆرد و جلەکانیان بۆ ڕێک دەخست، دەستی نەوازشتی بە سەر ئەو بەرخە سپیەدا نەهێنا کە ئالکساندرینا کوریا، بە چاوانی لە گریانا سوور هەڵگەڕاوەوە، بۆلای ئەوی هێنابوو. شێرۆی ناتوبا، کە سەری نابووە سەر هەردوو زرانی مورشید، دەستی بە قژیا نەهێنابوو، گوێی لە مورشید بووبوو کە بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە دەڵێت: " لەمەودوا نوێژ و نزای عەشای ڕەبانی نابێ، ئیدی هەتیو کەوتووین." هەنگێ شێرۆی ناتوبا بۆنی کارەساتێکی گەورەی کردبوو.

بۆیە هەرچیەکی دەکرد خەوی لێنەدەکەوت. چ ڕوودەدات؟ دیسان شەڕ بەر دەرگای پێگرتبوون، ئەمجارەیان خراتر بوو لەو شەڕەی لە نێوان هەڵبژاردەو سوپای شەیتان لە (ئو – تابولرینو) ڕووی دابوو. ئەمجارەیان شەڕی کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام ڕووی دەدا، ژمارەی کوژراو و بریندار زۆر زیاتر دەبوو، ئەو لە پێش هەمووانەوە تیا دەچێ، ئەمجارەیان شەڕی تەواو دەبێ، وەکو شەڕەکەی ناتوبا نابێت کە مورشید فریای کەوت و ڕزگاری کردبوو. ئەمجارەیان کەس فریای نەدەکەوت. ئەو وەکو منەتباری و وەفادارییەک دوای مورشید کەوتبوو، تەنیا لە ڕووی پێزانین ومنەتبارییەوە بۆ هەر کوێیەک ڕۆیی بوو، دوای کەوتبوو، هەرچەندە ئەم سەفەرە دوور ودرێژانە زۆری ماندوو دەکرد، چونکە ناچاربوو بە چوار چنگۆڵە ڕێ بکات. شێرۆی ناتوبا دەیزانی بۆچی هەندێک لە موریدانی مورشید، خۆزیان بە ڕۆژە سەختەکانی جاران دەخواست، چونکە ئەو ڕۆژانە ژمارەیان کەم بوو، مورشید بە هەموویان ڕادەگەیی.

ڕەوشەکە چەند گۆڕا بوو! بیری کردەوە، هەزاران کەس بەغیلی ئەوەیان پێدەبرد کە دەتوانێ شەو وڕۆژ لە گەڵ پیاوەکەی خوادا بێ. بەڵام ئیدی ئەویش نەیدەتوانی، دەمێ بە تەنیا لە گەڵ مورشیدا وەمێنێ و بە کامی دڵ گریی دڵ بۆ ئەو تاقە پیاوە بکاتەوە کە بە جۆرێ ڕەفتاری دەگەڵیا دەکرد وەکو ئەوەی هیچ جیاوازییەکی لە خەڵکانی ئاسایی نەبێت. چونکە شێرۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستی بەوە نەکردبوو کە مورشید بەو چاوەوە سەیری دەکات کە مەخلوقێکی قەمووری کەللە زەلامی غەریبی حەیوان ئاسایە و بە هەڵە لە نێو بەشەران لە دایک بووە.

شەوێکی دەوروبەری دەڤەری "تبیدو"ی بیر کەوتەوە کە ساڵانێکی بە سەرا بووری بوو، ئەو کاتە چەند حاجی و زیارەتکار بە دەوری مورشیدەوە بوون؟ دوای نوێژ، بە دەنگی بەرز کەوتنە ئیعتراف. وەختێک نۆرەی شێرۆی ناتوبا هات، هەیەجان و هەڵچوونێکی چاوەڕوان نەکراو تێی وڕوکا و لە ناکاوا شتێکی گوت کە تا ئەو کاتە کەس لە زاری نەبیستبوو: " من باوەڕم نە بە خودا و نە بە ئۆل نییە، تەنیا باوەڕم بە تۆیە بابە. چونکە کارێکت کردووە کە هەستبکەم منیش بەشەرم." بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا. بە هۆی گۆساخی وبێ

پەرواییەکەی خۆیەوە ئازای کەوتە لەرزین، هەستی بە قورسایی باری نیگای حەپەساوی زیارەتکارەکان لە سەر شانی خۆی کرد. ئێستا، هەمان قسە وپەیڤەکانی ئەو شەوەی مورشیدی وەبیر هاتەوە: "عەزاب وکول وکۆڤانی تۆ، تەنانەت لەو عەزابەش زیاترە کە شایستەی شەیتانە. باب (خودا) بەخۆی دەزانێ کە ڕۆحی تۆ پاکە، چونکە هەر ساتێکی بوونی تۆ، بۆ خۆی کەفارەیەکە. تۆ کارێکت نەکردووە کە تۆبە بکەی شێرۆ. ژیانت بۆ خۆی تۆبەیە."

لە زەینی خۆیدا دووبارەی دەکردەوە: " ژیانت بۆ خۆی تۆبەیە."

بەڵام ئەم ژیانە هەندێ ساتی شادی بێ هاوتاشی تیابووە وەک: دۆزینەوەی شتێکی تازە بۆ خوێندنەوە بۆ نموونە خوێندنەوەی چەند دێڕێکی کتێبێک، لاپەڕەی گۆڤارێک، هەندی بابەتی چاپکراو وفێربوونی هەندێک لەو شتە ئەفسانە ئاسایانەی کە پیتان باسیان دەکرد. یان ئەو تەسەور وخەیاڵەی کە "ئەلمودیا" هێشتا لە ژیانایە، هێشتا کیژە ڕند وبەدەوەکەی "ناتوبا" یەو ئەو گورانی پێدا هەڵدەڵێ و، دەنگ و ئاوازەکەی لە جیاتی ئەوەی کیژێ ئەفسوون بکات و بیکوژێ، بزەی دەخستە سەر لێوانی. یان سەر نانە سەر ڕانی مورشید و هەستکردن بە قامکەکانی کە بە قژە چڕەکەیدا دەیگێڕان و قژەکەی شی دەکردەوە و کاسەی سەری نەوازش دەکرد. ئەمە هەستێکی ئارامبەخشی لە لا دروست دەکرد، تەزوویەکی گەرم بە سەراپایدا دەهات. هەستی دەکرد تەماسی ئەم دەستە دەگەڵ ئێسکەکانی سەرو چاویا، قەرەبووی هەموو ئەو ساتە پڕ ئازارانەی بۆ دەکاتەوە کە لە ژیانیا دیتبوونی.

بەڵام لەمەدا بە ئینساف نەبوو، مورشید تاقە کەس نەبوو کە ئەم قەرزاربارو منەتباری بێ. باشە خەڵکانی دیکەش، وەختایەک ئەو هێز وتوانای لە بەر دەبڕا، هەڵیان نەدەگرت و نەیان دەبرد؟ باشە هەمووان بە تایبەتی چکۆلەی موبارەک، بە دڵ و بەگیان دوعایان بۆ نەدەکرد کە خودا ئیمانی بداتێ؟ مەگەر ماریا کوادرادو، دەرهەق بەو میهرەبان ودڵسۆزو، دلاوا نەبوو؟ وەختایەک داکی پیاوانی بیرکەوتەوە، هەوڵیدا جۆرە خۆشەویستییەک دەرهەق بەو ژنە لە دڵی خۆیدا بدۆزێتەوە. ئەم ژنە هەموو کارێکی لە پێناوی وەدەست هێنانی مەحەبەتی ئەودا، کردبوو، لەو ڕۆژانی تەنگانە وسەرگەردانیەدا، هەرکاتێ کە دەیبینی شەکەت وماندوو بووە، ئازای بەدەنی دەشێلا، ڕێک بە هەمان نەفەسەوە کە دەست وپێی چکۆلەی موبارەکی دەشێلا. وەختایەک لەرزو تای لێدەهات، لە باوەشی خۆیدا دەینواند تا گەرمی ببێتەوە. جلی بۆ دەدروو، دەستکێش وپێلاوی چەرم، کە لە ڕێکردنا زۆر ئاسانکاری بۆ دەکرد، بیرۆکەی ئەو ژنە بوو. ئەدی بۆ ئەو ژنەی خۆشنەدەویست؟ چونکە بیستبووی، سەرۆکی (کۆرسی سروودخوانانی پیرۆز) شەوێک لەو شەوانەی کە زیارەتکاران بۆ ئیسراحەت لە بیاباندا لایان دەدا، بە خۆی ئیعترافی کردبوو کە گوایە قێزی لە (شێرۆی ناتوبا) دەبێتەوەو پێی وایە کە دزێوی وناشیرینیەکەی کاری شەیتانە و لە شەیتانەوەیە. ماریا کوادرادو کە ئەو ئیعترافەی کردبوو، بە کوڵ گریا بوو، لە سینگی خۆی دابوو، لێی پاڕابووەوە کە لەو هەڵەیەی ببورێ، ئەو گوتبووی کە لێی خۆشبووە و بە دایکە بانگی کردبوو. بەڵام دەیزانی کە لە دڵەوە لێی خۆش نەبووە، دڵی پاک نەبووەتەوە. لە فکران ڕاچوو: " هێشتا هەر ڕقم لێیەتی. ئەگەر دۆزەخ هەبێ، من تا هەتاهەتایە تیای دەسووتێم." جاران، هەمیشە لە بیرۆکەی ئاگر دەترسا، بەڵام ئەمجارە نەترسا.

دوا کاروان وکەژاوەی دەستەجەمی وەبیر هاتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی ئایا پێویست دەکات لە ئێستا بە دواوە لەو ڕێ و ڕەسمانەدا بەشداری بکات. چەند دەترسا! نەهەقی نەبوو، زۆر جار، خەریک بوو دەکەوتە ژێر دەست و پێ و پاڵە پەستۆی ئەو حەشاماتەوە کە دەیانویست لە مورشید نزیک ببنەوە، هەندێجار خەریک بوو پان و پلیش دەبووەوە! گاردی کاتولیک هەرچی لە توانادا بوو کردبووی، تا پێش لەو ئیماندارانە بگرێ کە دەیانویست

دەستیان بگاتە مورشید، کە لە نێوان بخوردان و مەشخەڵەکاندا وەستابوو. شێرۆی ناتووبا، کاتێکی بە خۆ زانی بوو کەوتبووە ژێر دەست و پێی حەشاماتەکەوە و ناچار بووبوو تا زاری دەگرێ هاوار بکات بۆ ئەوەی گاردی کاتولیک فریای بکەون ولە ژێر دەست و پێی حەشاماتەکە دەری بێنن. وای لێهاتبوو، لەم ڕۆژانەی دواییدا، جورئەتی نەدەکرد، لە خەڵەوەتخانەکە وەدەربکەوێ، چونکە چوونی بۆ کوچە و کۆڵانان پڕ مەترسی بوو. خەڵکی بە لێشاو هێرشیان بۆ دێنا تا دەست لە قۆقزاییەکەی پشتی بسوون، کە باوەڕیان وابوو ئەو کارە بەختەوەرییان بۆ دێنێت. ئەمە جگە لەوەی وەکو بووکەڵە، فڕان فڕان، لە دەستی یەکیان دەفڕاند، یان بە سەعاتان لە ماڵی خۆیان گلیان دەدایەوەو دەربارەی مورشید پرسیاریان لێدەکرد. باشە، چ بکا، دەکرا باقی تەمەنی لە ناو ئەم چوار دیوارە گڵێنەدا بەسەر بەرێ؟ بەدبەختی لە بن نەدەهات، هەنبانەی مەینەت هەرگیز بەتاڵ نەدەبوو.

بە دەنگی هەناسەی مورشیدا، بۆی دەرکەوت کە نها خەوتووە. گوێی بە ئاراستەی ئەو ژوورەدا هەڵخست کە کۆرسی ژنانی سروودخوان، بە پاڵ یەکەوە شەویان تیا بە سەردەبرد. ئەوانیش هەموو خەوتبوون، تەنانەت ئەلکساندرینا کوریاش. باشە بۆ خەوی زڕابوو، ئایا ترس وخەمی شەڕ بوو؟ ئیدی شەر بەر دەرکەی گرتبوو، نە ئەبوت جواو و نە پاجو، نە ماکامبیرا، پدراو و نە تارامیلا و نە ئەوانەی پاسەوانی ڕێگاوبان و سەرنگەرەکانیان دەکرد، شتاقیان بۆ کۆڕی وەعزەکان نەدەهاتن و، شێرۆ، چەکدارەکانی پشت مەتەرێسەکانی چوار دەوری کڵێساکانی بینی بوو کە بە تاپڕ وفیشەکدان وتیر وکەوان وکوتەک و شەنەوە، بەجۆرێ دەهاتن و دەچوون وەکو ئەوەی چاوەڕوانی هێرشی دژمن بن لە هەر ئان وساتێکا.

گوێی لە بانگی کەڵەباب بوو، سپێدەی بەیان لە نەیجارەکەی دابوو، ئەو کاتەی کە ساقی و ئاودێران لە شەیپورە سەدەفیەکانی خۆیان توڕاند تا خەڵکی لە دابەشکردنی ئاو ئاگادار بکەنەوە، مورشید لە خەو ڕابوو وکەوتە سەر هەردوو چۆکان. ماریا کوادرادو یەکسەر هات بۆ خەڵوەتخانەکە. شێرۆ، هەرچەندە شەوێ نەخەوتبوو، بەڵام هەستابوو وحازرو ئامادە بوو کە بیر و ئیلهامەکانی مورشید تۆمار بکات. مورشید ماوەیەکی زۆری بە نوێژەوە بردە سەر. ئەوسا بە چاوی نوقاوەوە دانیشت، ژنەکان بە پەڕۆیەکی نمناک پایان مەسح کرد و سەندەڵەکانیان لە پێی کرد. ئەو کاسە بچووکە شیرەی، کە ماریا کوادرادو بۆی هێنابوو، دەگەڵ پارچەیەک چۆرەکی زوڕاتا خوارد، بەڵام دەستی بە سەرو گوێی بەرخۆڵە سپیەکەدا نەهێنا. شێرۆی ناتوبا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " تەنیا خەمباری بابە یواکیم نییە، بەڵکو خەمباری هەڵگیرسانی شەڕیشە."

لەو ساتەدا ئەبوت جواو، جواوە زلە و تارامیلاش وەژوور کەوتن. ئەمە جاری یەکەم بوو کە شێرۆ، تارامیلای لە خەڵوەتخانەکەدا دەبینی. وەختایەک داروغای شار و فەرماندەی گاردی کاتولیک هەستانە سەر پێیان تا دەستی مورشید ماچ بکەن، تارامیلا، یاریدەدەرەکەی پاجو، هەر لە سەر چۆکان مایەوە.

ئەبوت جواو گوتی: "بابە، تارامیلا، دوێشەو هەندێک خەبەرانی بیستووە.

شێرۆی ناتوبا، لەو باوەڕەدا بوو کە داروغای شاریش دوێشەو تا بەیانی خەو نەچووەتە چاوی. لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، چڵکن وپڵکن وتۆزاوی وحەواس پەرت بوو. جواوە زلە، ئەو کاسە شیرەی، کە ماریا کوادرادو تازە بۆی هێنابوو، نایە سەرەوە و بە تاسەوە خواردییەوە. شێرۆ، بە خەیاڵ ئەو دوو پیاوەی هێنایە بەرچاوی خۆی کە بە درێژایی شەوەکە لەم سەنگەرەوە بۆ ئەو سەنگەر دێن و دەڕۆن، لەم دەروازەی شارەوە بۆ ئەو دەروازە دەڕۆن و بارووت دەبەن، چەکان تاقی دەکەنەوە، باسی ڕەوشەکە دەکەن. لە دڵی خۆدا گوتی: " بێگومان ئەمڕۆ شتەکە دەست پێدەکات." تارامیلا، هێشتا لە سەر چۆکان بوو، کڵاوە چەرمینەکەی لە ناو دەستیا گرمۆڵە دەکرد.

دوو تاپڕی بە شانەوە بوو، چەند فیشەکدانی ڕاست و چەپ لە خۆ بەستبوو کە زیاتر لە حەمایلی ڕێ و ڕەسمی جەژن و کەرنەڤالان دەچوون، بەردەوام لێوی دەکرۆشت و نەیدەتوانی یەک قسە بکات. ئەنجام بە دەمە لاڵکێوە گوتی کە سینتیو و کروزس، بە سواری ئەسپەکانیان گەییوون. یەکێک لە ئەسپەکانیان لە ماندوویەتیدا پساوە، مردار بووەتەوە. ئەوی دیکەش ڕەنگە تا ئێستا مردار بووبێتەوە، چونکە کاتێ ئەو، دوا کەڕەت دیتبووی، ئارەقە لە ناو چەوانی وسەراپایەوە دەچۆڕایەوە. ئەو دوو پیاوە دوو ڕۆژی تەواو، بە بێ وچان، بەچوارناڵە هاتبوون. خۆشیان خەریک بوو لە ماندوویەتیدا دەمردن. ئەوجا بێدەنگ بوو، لە شەرما سوور بووبووەوە، نەیدەزانی چیتر بڵێت، چاوە بادەمیە چکۆلەکانی داوای یارمەتیان لە ئەبوت جواو دەکرد.

کۆنە چەتەکەی جاران، هانیداو گوتی: "بە مورشید بڵێ، کە سنیتو و کروزس چ پەیامێکیان لە لای پاجووە هێناوە. بە دەمی پڕەوە قسەی دەکرد، چونکە ماریا کوادرادو کاسەیەک شیر و تۆزێ چۆرەکی زۆڕاتی بەویش دابوو.

تارامیلا، بە مورشیدی گوت: " بابە، ئەمرەکەت جێبەجێ کرا. کالومبی سووتێنرا، ژێروژوور کرا. لێ بارۆن دی کانا براڤا بە ماڵ و منداڵ و هەندێک لە پیاوەکانیەوە بۆ کیماداس ڕۆیشتووە."

هەنگێ هەوڵیدا ئەو شەرمەی لە حوزووری مورشیدا گرتبووی، لە خۆی بڕەوێنێتەوەو گێڕایەوە کە پاجو دوای سووتاندنی ئەو موڵک و مەزرایە، لە جیاتی پێش لە سەربازەکان بگرێ، پشتی لێگرتوونەتەوە، تا ئەگەر هێرشیان بۆ سەر بیلومونتە کرد، لە پشتەوە لێیان بدات. تارامیلا، یەکسەر کەوتبووە باسی ئەسپە مردارەوە بووەکە. ئەمری کردبوو کە ئەسپەکە بێتە سەربڕین، بۆ ئەوەی پیاوەکانی کە لە سەنگەرا بوون، بیخۆن. و ئەگەر ئەسپی دووەم مردار بووەوە، پێویستە بدرێ بە ئانتونیو ڤیلانوڤا، تا بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکات... بەڵام کە مورشید لەو دەمەدا چاوی هەڵێنا، تارامیلا لەپڕ بێدەنگ بوو. نیگا مەندو قووڵەکانی مورشید، یاریدەدەرەکەی پاجوی شڵەژاند. شیرۆ، دەیبینی کە چۆن کڵاوەکەی لە نێو دەستیا گرمۆڵە دەکات.

مورشید لە بن لێوانەوە گوتی: " قەیدی نییە کوڕەکەم، مەسیحی موبارەک بە خۆی پاداش و جەزای ئیمانداری و ئازایەتی پاجو وهاوڕێکانی دەداتەوە."

دەستی بردە پێشەوە، تارامیلا بۆ دەمێک دەستی گرت و بە نیگایەکی پڕ باوەڕەوە ڕوانیە مورشید ودەستی ماچ کرد. مورشید دوعای خێری بۆ کرد و ئەویش نیشانەیەکی خاچی کێشا. ئەبوت جواو بە ئاماژە تارامیلای مەرەخەس کرد. تارامیلا سەرێکی دانەواندو پێش ئەوەی لە خەڵوەتخانەکە وەدەربکەوێ، ماریا کوادرادو، هەندێ شیری، لە هەمان تاسدا کە جواوە زلە و ئەبوت جواو پێیان خواردبووەوە، بەویش دا. مورشید تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی ئەو جووتەی کرد.

داروغای شار، کە بە چیچکانەوەو لە سەر هەردوو پاژنان دانیشتبوو گوتی: " بابە زۆر نزیک بوونەتەوە. " دەنگی هێندە خەمین بوو کە شێرۆی ناتوبا، لە ناکاوا ترسی لێنیشت و هەستی کرد ژنەکانیش لە ترسا دەلەرزن، ئەبوت جواو کێردەکەی دەرهێنا. بازنەیەکی لە ئەرزەکەدا کێشا، ئەوسا هەندێ خەتی بۆ سەر بازنەکە کێشا، تا ئەو ڕێگایانە دەست نیشان بکات، کە سەربازەکان بە تەما بوون لە پێشڕەوییەکانیاندا بیگرنەبەر. ئەوسا بەدەم ئاماژەوە بۆ دەروازەی شار لە ڕێگای (جرمبوابو) وگوتی: " هیچ کەسێک لێرەوە نایەت. برایانی ڤیلانوڤا خەریکن هەرچی نەخۆش و دانعەمر هەن دەیانبەن بۆ ئەوێندەر تا لە مەیدانی شەڕ دووریان بخەنەوە."

تەمەشایەکی جواوە زلەی کرد، تا تێی بگەیەنێ کە قسەکە تەواو بکات. کابرای ڕەش بە یەک قامکان ئاماژەی بە بازنەکە کرد و لەبن لێوانەوە گوتی: " لەوێ پەناگەیەکمان بۆ ئێوە، لە نێوان تەویلەکان و موکامبوی دا دروست کردووە، پەناگەیەکی قووڵە، هەر چوار دەوریمان خۆڵڕێژ کردووە، هێندەمان تاوێر لە دەوری داناوە کە گوللە کاری تێنەکات. ئێوە نابێ لێرە لە پەرستگە وخەڵوەتخانەکەدا وەمێنن، چونکە ئەوان لێرەوە دێن."

ئەبوت جواو گوتی: " تۆپ و تۆپخانەشیان پێیە. دوێشەو بە خۆم دیتم. بەڵەدێن قاچاغچی بردیانمە ناو ئوردوی ئەو سەربڕانەوە. لە تۆپە گەورە دوور بوردەکانە. بێگومان یەکەمجار خەڵوەتخانە و کڵێساکان دەکەنە ئامانج."

شێرۆی ناتوبا، هێندە خەواڵوو بوو کە قەڵەمەکە لە دەستی کەوت، سەری گێژی دەخوارد. هەردوو دەستی مورشیدی لێکدی کردنەوە تا بتوانێ سەرە زلەکەی بخاتە سەر ڕانەکانی ئەو. بە ئەستەم گوێی لە دەنگی مورشید دەبوو: " کەی دەگەنە ئێرە؟"

ئەبوت جواو بەرسڤی دایەوە: "چەندیش دوا بکەون، ئەمشەو دەگەنە ئێرە."

مورشید بە ئارامی گوتی: "من دەڕۆم بەلای سەنگەرەکانەوە. بە چکۆلەی موبارەک بڵێن، با پەیکەرو شەمایلەکانی عیسا مەسیح و وەلییەکان و ئەو سەندووقە شووشەیەی کە یەسوعی موبارەکی تیایە، هەڵگرێ و هەر هەمووی لە سەر ئەو ڕێگایانە دابنێ کە مەسیحی دەجالی لێوە دێت. زۆر کەس دەکوژرێن، بەڵام گریە و زاری ناوێ، مردن بۆ ئیمانداری ڕاستگۆ نیعمەتە."

سەبارەت بە شێرۆی ناتوبا، ڕێک لەو دەمەدا ئەو نیعمەتەی بۆ نازڵ بوو. تازە دەستی مورشید گەیی بووە سەری، خەوێکی قورس دایگرت، یەکسەر، ڕازی لە ژیان، خەوێکی قووڵ بردیەوە.

***

روڤینو، تا زیاتر لە مەزراکەی بارۆن، لە کالومبی دوور دەکەوتەوە، ئاسوودەتر دەبوو. پچڕانی ئەو داوانەی کە ئەویان بە بارۆنەوە گرێ دابوو، لە ناکاوا ئەم هەستەی لە لا چێکرد، کە نها دەستکراوەترە لە جاران و ڕێگەی زیاتری لە بەردەمە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکەی خۆی. پاش ئەوەی نیو فرسەخێک ڕێگا دەبڕێت، خوڵک و دەعوەتی خێزانێک قەبووڵ دەکات کە لە مێرد منداڵییەوە دەیناسین. ئیدی ماڵەکە بە بێئەوەی پرسیاری جورمای لێبکەن یان سەدەمی هاتنی خۆی بۆ کالومبی بپرسن، بە ڕێزو حورمەتەوە پێشوازی وخزمەتی دەکەن وبەیانی خاترخوازی لێدەکەن وتوێشووی سەفەری بۆ دەپێچنەوە.

بە درێژایی ڕۆژەکە ڕێدەکات، بەدەم ڕێگاوە چەندین جار تووشی ئەو زیارەتکارو حاجیانە دەبێت کە بە ڕێوەن بۆ کانودوس، هەر هەموویان داوای خواردنی لێدەکەن. تا دەگاتە شەوێ، یەک توزقاڵ خواردنی پێ نامێنێت. لە نزیکی شکەفتێکا، کە بە منداڵی لە گەڵ منداڵە کالومبییاندا دەهاتن بۆ ئەوێندەر تا بە مەشخەڵان شەڤڕەڤیک ( شەمشەمە کوێرە) بسووتێنن، ڕادەکشێت ودەخەوێت. بەیانی جووتیارێک ئاگاداری دەکاتەوە کە دەوریی عەسکەری بەو ناوەدا تێپەڕیون ویاخییەکانیش لەو دەوروبەرەدا دەسوڕێنەوە. کە گوێی لەو هەواڵە دەبێ، بە خەمینی و نیگەرانییەوە درێژە بە ڕێی خۆی دەدات.

دەمەو ئێوارە دەگاتە گوندێکی دەوروبەری کاراکاتا، کە بریتیە لە چەند کوختەیەکی پەراگەندەی نێو پنچکە دڕوان ودەوەنان. سایە وسێبەری درەختانی کاجورو کیپوس، دوای ماندوویەتی وقرچەی گەرمای ڕۆژ،

نیعمەتێکە بۆ خۆی. لەو دەمەدا هەستدەکات کە تەنیا نییە. ژمارەیەک خەڵکانی سێبەر ئاسا لە نێو بێشەکەوە هاتوونەتە دەرێ و تێی دەڕوانن. هەموو چەکدارن، قەرەبینا و تیروکەوان و قەمە و کێردی داس ئاسایان پێیە. زەنگوڵەی ملی حەیوانات و جوزەلەیان لە ملدایە. چەند کەسێکیان لێدەناسێتەوە، لە شەقاوەو چەتەکانی جارانی پاجون، بەڵام کابرا دوو ڕەگەکەیان لە گەڵدا نییە. کابرا پێ پەتییە سوور پێستەکە، کە فەرماندەی گروپەکەیە، قامکێک دەخاتە سەر هەردوو لێوی خۆی وئاماژە بۆ روڤینو دەکات کە دوویان بکەوێ. روڤینو دوو دڵە، دەیەوێ خۆی بدزێتەوە، بەڵام نیگای یارۆی یاخی تێی دەگەیەنێ پێویستە بە گەڵیان بکەوێ و زەرەر ناکات وئەمە بە قازانجی ئەوە. یەکسەر جورمای بیر دەکەوێتەوە، بە سیمایدا دیارە. وەختایەک کابرای یاخی ئاماژەی دەکاتێ، چەند پیاوێکی دیکەش لە نێو درەخت ودار ودەوەنەکاندا بەدی دەکات. هەندێکیان سەراپایان بە گیا وگەڵا و درەختان داپۆشیوە. هەموو بە چیچکانەوەو لە سەر پاژنەی پێیان ڕۆنیشتوون وچاودێری ڕێگای گوندەکە دەکەن، هەندێکیان ڕاکشاون، ئاماژە بۆ روڤینوش دەکەن کە خۆی مەڵاس بدات. کابرای بەڵەد (روڤینو) دوای کەمێک گوێی لە دەنگ دەبێ.

دەورێیەکی دە کەسی، بە یونیفورمی سوور وقاوەییەوە، بە فەرماندەیی عەریفێکی قژ زەرد، لەوێندەرەوە تێدەپەڕین، دەلیل و بەڵەدێکیان لەگەڵدایە کە روڤینو دڵنیایە کە دەستی دەگەڵ یاخییەکاندا تێکەڵە. عەریفەکە وەکو ئەوەی لە ناکاوا هەست بە مەترسیەک بکات گوێی قوڵاغ دەبێتەوە، دەست لە سەر پەلەپیتکە بە خۆو تفەنگەکەیەوە، بە هەشتاو لەم درەختەوە بۆ ئەو درەخت دەڕوات، پیاوەکانیشی دووی دەکەون، ئەوانیش خۆ دەدەنە پەنا درەختەکان. کابرای بەڵەد، هەر دەڕوات ودەگاتە ناوەندی ڕێگاکە. شەڕڤان ویاخییەکانی دەوروبەری روڤینو، لە ناکاوا وەکو بڵێی غەیب ببن، دیار نامێنن، بێشەکە کڕ وکپ، تاقە گەڵایەک نالەرێتەوە.

دەورێیەکە دەگاتە یەکەمین کوختە. دوو سەرباز بە لەقە دەرگاکە دەخەنە سەر گازی پشت وئەوانی دی پاسەوانییان دەکەن. بەڵەدەکە، لە دوای سەربازەکانەوە هەر ماتە ماتیە وخۆی دوا دەخات، روڤینو دەبینێ خەریکە دەگەڕێتەوە. دوای تۆزێک دوو سەربازەکە لە کوختەکە دێنە دەرێ وبە سەر ودەست ئاماژە دەکەن تا بە عەریفەکە بڵێن کەس لە ژوورەوە نییە. دەورێیەکە دەچنە سەر کوختەی دووەم و هەمان تاس و هەمان حەمام دووبارە دەبێتەوە. بەڵام لە بەردەم کوختەیەکی گەورەتر لە کوختەکانی دی لە ناکاوا ژنێکی قژ لوول بەدیار دەکەوێ، پاشان ژنی دووەم پەیدا دەبێ، کە بە چاوانی ترساوەوە دەڕواننە دەوروبەر. وەختایەک سەربازەکان دەیانبینن ولوولەی تفەنگەکانیان تێدەکەن، هەردوو ژنەکە دۆستانە ئاماژە دەکەن وسووکە هاوارێ دەکەن. روڤینو، ڕێک وەکو ئەو دەمەی لە زاری ژنە دیندارەکەوە گوێی لە ناوی گالیلیو گال بوو، سەری گێژ دەخوات.

بەڵەدەکە، سوود لەو جەنجاڵی و شڵەژانە دەبینێ و خۆی بە نێو بێشەکەدا دەکات وغەیب دەبێت.

سەربازەکان کوختەکە تەوق دەدەن، روڤینو دەیانبینێ کە دەگەل جووتە ژنەکەدا قسان دەکەن، ئەنجام دووان لە دەورێیەکە لە گەڵیاندا دەچنە ناو کوختەکەوەو ئەوانی دی لە دەرەوە، تفەنگ بەدەست، حازرو ئامادە چاوەڕوانیان دەکرد. دوای ماوەیەکی کەم ئەو دووەی چووبوونە ژوورەوە، بە ئەدا وئەتواری بێ ئەدەبانەوە دێنە دەرەوەو ئەوانی دی هاندەدەن تا وەژووربکەون وهەمان کاری ئەوان بکەن. روڤینو گوێی لە دەنگی پێکەنین و هاواری شادی دەبێت وهەموو سەربازەکان دەبینێ کە بە کەیف و خۆشییەوە خۆ بە کوختەکەدا دەکەن. بەڵام عەریفەکە فەرمان بە دووانیان دەکات کە لە بەر دەرگاکە ئێشک بگرن.

جم و جوڵ دەکەوێتە ناو دەوەنە جاڕەکەی دەوروبەری. ئەو پیاوانەی لە دەوەنە جاڕەکەدا خۆیان وەشاردبوو، بە ماتەمات دێنە دەرێ وقوت دەبنەوە. روڤینو دەبینێ کە بەلای کەمەوە سی زەلامن. وردە وردە دوویان دەکەوێ و پاشان پێ وەغارێوە دەنێ، ناوەستێتەوە تا دەگاتە فەرماندەی دەستەکە. گوێی لە دەنگی خۆی دەبێت کە دەڵێت: " ئایا ئەو ئافرەتەی کە جاران ژنی من بوو، لەو کوختەدایە؟ کابرایەکی کورتەڵەشی لە گەڵدایە،وایە؟" یاخییەکە دەڵێت: "وایە، کەواتە دەبێ خۆی بێت." لەو ساتەدا دەستڕێژێکی گوللە بە گیز و هۆڕ هەر دوو سەربازە ئێشکگرەکەی بەر دەرگا پەلەخوار دەکاتەوە. دوا بە دوای ئەوە دەنگی هەڵاتن و هات وهاوار لە ناو کوختەکەوە دێتە گوێ. روڤینو، بە تاقە چەکەکەی خۆیەوە، کە کێردەکەی بوو، دەگەڵ یاخییەکاندا بەرەو پێش هێرش دەبات، سەربازەکان دەبینێ کە لە بەر دەرگا و پەنجەرەی کوختەکەدا تەقە دەکەن یان لە هەوڵی هەڵاتندان. هەرکە چەند هەنگاوێک دەنەن، بەر گوللە یان تیر دەکەون و یاخییەکان بە کێرد و قەمەوە هەڵدەکوتنە سەریان. روڤینو ڕێک لەو کاتەدا پێی دەخزێ و بەردەبێتەوە. لەو کاتەدا کە خەریکە هەڵدەستێتەوە، گوێی لە دەنگی شاور وفیتفیتۆکەی زەل دەبێ، دەنگی چی، گوێ کەڕ دەکات، دەبینێ یاخییەکان، لە پەنجەرەیەکەوە جەنازەی لە خوێن هەڵکشاوی سەربازێک، کە جلەکانیان لە بەریدا، تیتۆڵ تیتۆڵ کردووە، فڕێ دەدەنە خوارەوە. جەستە ڕووت و قووتەکە، بە تووندی دەکەوێتە سەر ئەرزەکە.

وەختایەک روڤینو، خۆی بە کوختەکەدا دەکات، دیمەنێکی ترسناک بەنجی دەکات – سەربازان بڕ بڕ بە دەم ئاوزینگەوە لە عاردی کەوتوون وکۆمەڵێک پیاو وژنی تووڕە، بە کێرد وکوتەک و بەردەوە تێیان بەربوون و بە بێ ڕەحمی دایاندەپاچن، یاخیانیش بڕ بڕ دێن، خۆ بە کوختەکەدا دەکەن و یارمەتی پیاو و ژنەکان دەدەن. چوار پێنج ژن بەدەم هاوارەوە جلەکان لە بەر سەربازەکان دادەدڕن تا بە دەرکەوتنی عەورەتیان سووکایەتیان پێبکەن. زەمینەی کوختەکە یەکپارچە خوێنە وبۆنێکی ناخۆش ژوورەوەی پڕکردووە. هەندێ درزو کەلێن لە بەینی پارکێتی ژوورەکەدا هەیە کە وادیارە یاخییەکان لەوێندەرەوە چاودێری سەربازەکانیان کردبوو. ژنێک لە ژێر مێزێکدایە، سەری بریندارە، بەدەم ئازارەوە دەگری ودەناڵێت وهەڵدەپلێت.

روڤینو بەرەو ژووری نووستن دەڕوات، شەڕڤان ویاخییەکان، سەربازەکان ڕووت دەکەنەوە، تفەنگ و قەمەکانیان تاڵان دەکەن، روڤینو دڵنیا بووەوە ئەوەی بۆی دەگەڕێ لەو ژوورەدا نییە. سێ ژوور بە ڕیزی یەکەوە هەن. دەرگای ژووری یەکەم لە سەر پشتە، کەسی تیا نابینێ. لە درزی ژووری دووەمەوە، تەختە خەوێکی دارین ولاقی ئافرەتێک دەبینێ کە لە عاردیدا ڕاکشاوە. دەرگاکە دەڵەک دەدات و جورما دەبینێ. زندووە. هەرکە چاوی بە روڤینو دەکەوێ چارەی گرژ دەبێ و بە جۆرێ غافڵگیر دەبێت کە لە تاوا خۆی گرمۆڵە دەکات. یارۆی کورتە لەش، بە ترسێکی کۆمیدییەوە خۆی بە جورماوە قرساندووە، روڤینو وای دێتە بەر چاوی خەیاڵ کە زۆر لە مێژە دەیناسێت. عەریفە قژ زەردەکە لە سەر تەختە خەوەکەیە. هەرچەندە ئەم عەریفە مردووەو حەیاتی لەبەر بڕاوە، بەڵام دووان لەشەڕڤان ویاخییەکان، لێکدا لێکدا بە خەنجەران جەنازە بێ گیانەکە دادەدورن و خوێنەکەی فیچقە دەکات وبە سەراپای روڤینودا هەڵدەپژرێ. جورما حایر و حەپەساو تەمەشای دەکات، دەمی داچەقیوە، چەناگەی داکەوتووە، کەپووی خوار بووەو چاوەکانی ترس و داماویان لێدەبارێ.

روڤینو دەبینێ یاخییەکی پێ خاوس، کە بە سیما لە هیندیە سوورەکان دەچێ، خۆی بە ژوورەکەدا دەکات و یارمەتی دووانەکەی دی دەدات، تا جەنازەی عەریفەکە لە سەر تەختەکە هەڵگرن ولە پەنجەرەکەوە تووڕی بدەنە

کۆڵان. پاشان، جلەکانی و تفەنگەکەی و قەمەکەی دەبەن و لە ژوورەکە وەدەردەکەون. فەرماندەی یاخییەکان وەختایەک بەلای روڤینودا دەڕوات، ئاماژە بۆ لای جورما دەکات وبە روڤینو دەڵێت: " بینیت؟ خۆیەتی. "

کورتەڵە دەکەوێتە ورتەورت، روڤینو گوێی لێدەبێ، بەڵام هیچی لێ حاڵی نابێت. بە ئارامی لەبەر دەرگاکە دەوەستێ، ڕەنگێ دێنێ وڕەنگێ دەبات، ڕەنگ بە ڕوویەوە نامێنێت. دڵەڕاوکێیەکەی هەوەڵجاری دەڕەوێتەوەو هەست بە ئارامی دەکات. جورما هێشتا لە سەر ئەرزەکە ڕاکشاوە، بە ڕادەیەک لە پەل وپۆ کەوتبوو کە نەیدەتوانی لە جێی خۆی ڕابێ. لە پەنجەرەکەوە، یاخییەکان دەبینران کە بە ژن وپیاویانەوە دەڕۆیشتن وخۆیان بە بێشەکەدا دەکرد.

کورتەڵە، تەمەشای یەک بە یەکیان دەکات ولەبەر خۆوە دەڵێ: " ئەوا یەک یەک دەڕۆن، جورما ئێمەش دەبێ بڕۆین."

روڤینو سەری بادەدات وبە ئارامی دەڵێت: "جورما نایەت، تۆ بڕۆ."

لێ کورتەڵە ناڕوات. گێژو وێژ، شپرزەو پەشۆکاو، ترساو وهەراسان، بە ژوورە چۆڵەکەدا، بە نێو خوێن و بۆگەنیا دەسووڕێتەوە و نەفرەت لە بەخت و ناوچەوانی خۆی دەکات، هاوار بۆ ژنە ڕدێندارەکە دەکات کە فریای بکەوێ، هێمای خاچ دەکێشێت وبە هەندێ وشە و پەیڤی گۆنگ وئالۆزەوە لە خوا دەپاڕایەوە. روڤینو، لەو ماوەیەدا ژووری نووستنەکان دەگەڕێ ودوو حەسیر دەدۆزێتەوە، بۆ ژوورەکەی پشتەوەی کوختەکەیان ڕادەکێشێت کە لەوێندەرەوە دەتوانێ تاقە شەقامەکە و ماڵەکانی کاراکاتا ببینێ. هەر لە خۆوە، بێئەوەی بە خۆشی بزانێ بۆ، ئەو دوو جێگەیەی هێنا بۆ ئەوێ. بەڵام نها کە هێنابوونی دەیزانی: نووستن. بەدەنی وەکو پارچە ئیسفەنجێک ئاوی لێدەتکا. چەند پەتێک کە بە قولابێکەوە هەڵواسرابوون دەکاتەوەو بەرەو لای جورما دەڕوات و ئەمری پێدەکات کە بە گەڵی بکەوێ. جورما، بێهیچ دوو دڵی وترسێک دووی دەکەوێت. روڤینو، لە لای جێگەکانەوە، هەر چوار پەلی دەبەستێ. کورتەڵە لەوێیە، لە ترسا چاوی زەق بوون. هاوار دەکات: "مەیکوژە! مەیکوژە!"

روڤینو، لە سەر گازی پشت ڕادەکشێت وبێئەوەی تەمەشای بکات ئەمری پێدەکات: "بڕۆ لەوێندەر بوەستە. ئەگەر کەسێکت بینی بۆ ئێرە هات، بێدارم بکەوە."

کورتەڵە، دەپەشۆکێ، چاوی دەتروکێ. بەڵام دوای تۆزێک سەر دەلەقێنێ وبە هەشتاو بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات. روڤینو، چاو لێکدەنێ، پێش ئەوەی خەو بیباتەوە لە خۆی دەپرسێت ئایا کە تا نها جورمای نەکوشتووە، بۆ ئەوەیە کە دەیەوێ زیاتر عەزابی بدات. یان لە بەر ئەوەیە پاش ئەوەی کەوتووەتە بەردەستی، ڕق وکینەکەی دامرکاوەتەوە. گوێی لێدەبێ کە ژنەی تاین، لە سەر جێگاکەی دیکەو لە نزیکی ئەوەوە ڕادەکشێت. ژێراوژێر و بە دزییەوە سەیری دەکات. زۆر لاواز بووە. چاوەکانی بە قووڵا چوون ولێڵ وخەمبار وماندوون، جلەکانی دڕوان وقژەکەی بژ بووەتەوە، ڕوشانێکی قووڵ بە بازوویەوە دیارە.

روڤینو، کە ڕادەبێ، بە جۆرێ لە سەر جێگاکە ڕادەپەڕێ وەکو ئەوەیە لە مۆتەکەیەک هەڵبێت. بەڵام خەونەکەی بیر ناکەوێتەوە. بێئەوەی تەمەشای جورما بکات، یەکسەر بۆ لای کورتەڵە دەڕوات کە هێشتا لە بەر دەرگاکە وەستاوەو بە نیگایەکی پڕ ترس و ئومێدەوە لێی دەڕوانێت. دەتوانێ لە گەڵ ئەودا بڕوات؟ روڤینو سەری ئەرێی بۆ دەلەقێنێ. هیچ قسەیەک بەیەکەوە ناکەن، روڤینو چاو بە دەوروبەری کوختەکەدا دەگێڕێ تا بزانێ شتێ

نادۆزێتەوە کە بیخوات و بیخواتەوە. کە بە دوو قۆڵی بۆ ناو کوختەکە دەگەڕێنەوە، کورتەڵە لێی دەپرسێت: " بە تەمای بیکوژیت؟ " روڤینو هیچ وەڵامێ ناداتەوە. کۆمەڵێک پووش وڕەگ وریشەوگەڵای درەختان لە کۆڵەپشتیەکەی دەردێنێ و بە سەر جێگاکەدا بڵاوی دەکاتەوە. کە پەتەکان لە دەست و پێی جورما دەکاتەوە، تەمەشای ناکات، یان بە جۆرێ دەڕوانێ وەکو ئەوەی لە بنی بوونی نەبێت. کورتەڵە مشتێ لەو گیا وگەڵایانە دەخاتە دەمیەوەو دەست بە جوینی دەکات. جورماش بەرەبەرە دەکەوێتە خواردن، ناوبەناو دەستێک بە سەر مەچەک وگوزینگی پێیدا دێنێت. بێ هیچ قسەیەک، بە بێدەنگی مژوولی خواردن دەبن، لە دەرێڕا دنیا بەرەبەرە تاریک وتاریکتر دەبێت وزیکە زیکی مێروان بەرزدەبێتەوە.

روڤینو دەبیرەوە دەچێت، وا هەست دەکات ئەم بۆنەی لێرەدا بەسەریدا دێ، هەمان ئەو بۆنەیە کە کاتی خۆی شەوێک لە گەڵ هاسێکی (دوڕە شێر) مردووا بە سەر تەڵەیەکەوە، بردبوویە سەر.

لە ناکاوا گوێی لە جورما دەبێ کە دەڵێت: "چما نامکوژیت ومەسەلەکە نابڕێنیتەوە؟"

روڤینو، دەڕوانێتە ئاسمان وەکو ئەوەی گوێی لە جورما نەبووبێ. بەڵام بە هەموو هۆش وگۆشی خۆیەوە گوێ بۆ ئەو دەنگە هەڵدەخات کە سات بە سات کزتر ولەرزۆکتر دەبێت: "وا دەزانی لە مردن دەترسم؟ نەخێر ناترسم. بە پێچەوانەوە چاوەڕوانت بووم تا بێیت وئەم ژیانەم لە کۆڵ بکەیتەوە. تەسەور ناکەی لە هەر هەموو ئەم شتانە بێزار بووم؟ ئەگەر خودا خۆکوژی حەرام نەکردبا وبە گوناح لە سەرم حیساب نەبوایە تا نها لە مێژ بوو خۆم کوشتبوو. بە تەمای کەی بمکوژی؟ بۆچی هەر ئێستا لە کۆڵی ناکەیتەوە؟ "

کورتەڵە، بە دەمە لالکێ وتەنگە نەفەسییەوە دەڵێت: " نا! نا! "

کابرای بەڵەد(روڤینو) بێهیچ وەڵامێک لە جێی خۆی دانیشتووە. ژوورەکە ئیدی نقومی تاریکی بووە. دوای تۆزێک روڤینو گوێی لێدەبێ کە ژنێ، بەرەو لای ئەو دادەخزێ تا دەستی بیگاتێ. ئازای جەستەی گرژ دەبێت. گیرۆدەی هەستێک بووە کە ئاوێتەیەکە نەفرەت، قێزهاتنەوە، بێزاری وشەهوەت و، تەوهین، عەزرەت ونوستالیژا. بەڵام ڕێگە نادات هیچ یەکێک لەو حاڵەتانە بە سیمایەوە بەدیار بکەوێت.

گوێی لە دەنگی لاڤەو پاڕانەوەی ژنەکەیە، هەست بە لەرزینی سەراپای دەکات، گوێی لێیە دەپاڕێتەوە: " لە بیری بەرەوە، ئەوەی چوو، چوو، لە دوای چووان مەچۆ. تۆ سەری مریەمی پاکیزە، بیکە بە خاتری مەسیحی موبارەک، ئەو بویەرە فەرامۆش بکە، بە زۆر بەرزەفتی کردم. هیچ گوناحێکی منی تیا نەبوو. زۆرم هەوڵدا بەرەڤانی لە خۆم بکەم، زۆرم چوار پەل کوتا. روڤینو، تکایە لەوەی پتر خۆت عەزاب مەدە."

ژنە باوەشی پێدا دەکات، بەڵام روڤینو لە خۆیی دوور دەخاتەوە، بەڵام بە توندی نا. ڕادەبێت، بە لەپە کوتێ بە دوای پەتەکاندا دەگەڕێ. دەیاندۆزێتەوەو بە بێدەنگی دووبارە دەست ولاقی ژنە دەبەستێتەوە. لە هەمان شوێنی خۆی دادەنیشێتەوە.

گوێی لە ورتە ورت وهەنسک هەڵدانی ژنە دەبێت: "برسیمە، تینوومە، ماندوومە. نامەوێ لەوەی پتر بژیم. بمکوژە و ببڕێتەوە."

دەڵێت: " ئەو کارە دەکەم. لێرە نا، بەڵکو لە کالومبی، دەمەوێ خەڵکی مردنەکەت ببینن."

ماوەیەکی زۆری پێدەچێ، تا کوڵی گریانەکەی جورما لە جۆش دەکەوێ و بێدەنگ دەبێت.

گوێی لێدەبێ کە ژنە لە بن لێوانەوە دەڵێت: " تۆ روڤینوکەی جاران نیت."

دەڵێت: " تۆش ژنەکەی جاران نیت. دەڵەمەیەکت لە بەدەنێ دایە کە هی من نییە. ئێستا دەزانم کە چما خودا ئەم هەموو ماوەیە عەزابی دایت ونەیهێشت دووگیان ببیت.

لە ناکاوا تریفەی مانگەکە، بە خواری لە پەنجەرەو دەرگاکانەوە لە ناو ژوورەکە دەدات، ولوولە گەردە مۆلەقەکەی ناو ژوورەکە ئاشکرا دەکات.

کورتەڵە، لە لای پێی جورماوە خۆی گرمۆڵە دەکات و روڤینو لە سەر حەسیرەکە ڕادەکشێت. چەند بەو دەقەوە، بە دەمی نوقاوەوە، بەدەم بیرکردنەوە دەمێنێتەوە؟ وەختایەک کە گوێی لە دەنگی ئەو دووانە دەبێت، وا دەزانێ لە خەو بێدار بووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیا چاوی لێکنەنابوو.

جورما، لە کورتەڵە دەپرسێت: "باشە تۆ چما لێرە ماویتەوە، خۆ کەس زۆری لێنەکردوویت؟ ئیدی بۆچی تەحەموولی ئەم بۆن بۆگەنیە دەکەیت، مەگەر نازانی چ بویەرێک بەڕێوەیە؟ لە جیاتی لێرە دانیشیت، ڕابە بۆ کانودوس برۆ."

کورتەڵە، بەدەم ناڵە ناڵەوە دەڵێت: "هەم لە ڕۆیشتن دەترسم، هەم لە مانەوە. نازانم چۆن بە تاقی تەنیا هەڵبکەم. لەوەتای یارۆی قەرەج کڕیومی، قەت بە تەنیا نەبووم. منیش وەکو هەرکەسێکی دی لە مرن دەترسم."

جورما دەڵێت: " ئەو ژنانەی چاوەڕوانی سەربازەکانیان دەکرد نەدەترسان ."

کورتەڵە لە بن لێوانەوە دەڵێت: "ئاخر چونکە دڵنیا بوون کە پاش مرن زندوو دەبنەوە. منیش ئەگەر بەو ڕادەیە دڵنیابام، نەدەترسام."

جورما دەڵێت: "من لە مردن ناترسم، ناشزانم ئاخۆ دوای مرن زندوو دەبمەوە یان نا." روڤینو دەزانێ کە ڕووی دەمی جورما، لەمە نەک لە کورتەڵە.

لە دەنگێک بێدار دەبێتەوە، دنیا هێشتا گورگ ومێشە (شەوەکی). گڤەی بایە؟ نەخێر، شتێکی دیکەیە. جورما و کورتەڵە پێکەوە چاو دەکەنەوە. کورتەڵە دەست بە خۆ کێشانەوەو باوێشکدان دەکات. لێ روڤینو بێدەنگی دەکات: " وس... وس." لە پشت دەرگاکەوە خۆی مەڵاس دەدات و چاودێری دەرەوە دەکات. تارمایی درێژی پیاوێکی بێ تفەنگ، بە تاقە جادەکەی کاراکاتادا دێت و لە ئاستی هەر کوختەیەکدا دەوەستێ و سەرێ دەکێشێتە ژوورەوە.

وەختایەک کابرا تەواو لێیان نزیک دەبێتەوەو خەریکە دەگاتە دیار سەریان، روڤینو دەیناسێتەوە: ئولپینوی بەڵەدی خەڵکی کولومبییە. دەی بینێ هەر دوو دەستی دەخاتە ئەم لا و ئەولای دەمی و بانگ دەکات: " روڤینو!... روڤینو! " لە پشت دەرگاکەوە وەدەردەکەوێ وخۆی نیشاندەدات. ئولپینو، وەختایەک دەیناسێتەوە چاوەکانی لە خۆشیا دەکرێنەوەو بانگی دەکات. روڤینو، لە کوختەکە وەدەردەکەوێ، دەستی تووند بە مشتووی خەنجەرەکەیەوە گرتووەو بەرەو پیری دەڕوات. نە سڵاوی لێدەکات و نە خێرهانین. بە سەرو سیمای کابرادا دیارە کە ڕێگایەکی دوور ودرێژی بڕیوە.

ئولپینو، بە دەنگی بەرزو ڕاوێژێکی دۆستانە دەڵێت: "لە دوێنێ ئێوارەوە لە تۆ دەگەڕێم. پێیان گوتم کە بەڕێوەی بۆ کانودوس. بەڵام پاشان ئەو یاخیانەم بینی کە سەربازەکانیان کوشتبوو. بە درێژایی شەو بەڕێوە بووم."

ڕوڤینو، بە سیمایەکی جدی وبێئەوەی فزە بکات گوێ دەگرێت.

ئولپینو بە هاوسۆزییەوە تەمەشای دەکات، وەکو ئەوەی بیەوێ بیری بخاتەوە کە زەمانێ هاوڕێ بوون. لە بن لێوانەوەو بە ئەسپایی دەڵێت: "بۆم هێناوی، بارۆن ئەمری پێکردم کە بۆ کانودوسی ببەم. بەڵام من مەسەلەکەم بۆ ئەریستارکو باسکرد و ئیدی بە دووقۆڵی بڕیارمان دا کە ئەگەر تۆم بینی، بە تۆی بسپێرم."

سەرسامی ونەباوەڕی بە سیمای ڕوڤینووە ئاشکرا دەبێت: "بۆ منت هێناوە؟ کابرای غەوارە دەڵێی؟ "

ئولپینو دەڵێت: "زۆڵ و بێشەرەفە" ئولپینو، بە قێز وبێزەوە تفێک ڕۆ دەکاتە ئەرزەکە: "هیچ بە لایەوە گرینگ نییە کە تۆ ژنەکەی بکوژی. مەبەستم ئەو ژنەیە کە لە تۆی ڕفاند. نەیدەویست هەر باسیشی بکات. بە درۆوە دەڵێت کە پەیوەندی بەوەوە نییە."

ڕوڤینو، چاو دەتروکێنێ و زمان بە لێویدا دێنێ: "حاڵی حازر لە کوێیە؟ "

لە دڵی خۆدا دەڵێت: "ڕاست ناکات... کابرای بۆ ئێرە نەهێناوە."

بەڵام ئولپینو، بە دوورو درێژی باسی جێگا وڕێگای کابرا غەوارەکەی بۆ دەکات و لە سەری دەڕوات: " شتێک هەیە، هەرچەندە پەیوەندی بە منەوە نییە، بەڵام حەزدەکەم بیزانم. جورمات کوشتووە؟ "

ڕوڤینو کە سەر دەلەقێنێ، ئیدی ئولپینو هیچ شتێک ناڵێت. بۆ ساتێک لەم فزولیەتەی خۆی تەریق دەبێتەوە. ئاماژە بۆ بێشەکەی پشت خۆیەوە دەکات ودەڵێت: "وەکو مۆتەکە وابوو. لێرەدا ئەوانەیان کە دەکوشت، بە دارەکانەوە هەڵیاندەواسی. داڵاش پارچە پارچەی دەکردن... دیمەنێک بوو، تەحەموول نەدەکرا."

ڕوڤینو، لە ناکاوا قسەکەی پێدەبڕێ: " کەی لێی جیا بوویتەوە؟ "

ئولپینو دەڵێت: "دوێنێ ئێوارە. پێموایە هێشتا هەرلەوێندەر بێ، زۆر ماندوو بوو، هیچ شوێنێک شک نابا کە ڕووی تێبکات. جگە لەوەی کابرایەکی بێشەرەفە، زۆریش بێدەسەڵات وناز نازوکیە. تەواو پەشۆکاوەو نازانێ ڕوو بکاتە کوێ."

ڕوڤینو، باسکی دەگرێ، تووند دەیگوشێت، ڕاستەوخۆ چاو لە دوڕ چاوی دەبڕێ ودەڵێت: "مەمنوونم."

ئولپینو، سەرێک دەلەقێنێ و، باسکی لە دەستی ئەو دەردێنێت.

ڕوڤینو بلەز و بە چاوانی ئەبڵەقەوە بۆ ناو کوختەکە دەگەڕێتەوە. وەختایەک بە هەشتاو خۆی بە کوختەکەدا دەکات، کورتەڵە و جورما بە واقی وڕەوە ڕادەبن. لاقی جورما دەکاتەوە، دەستی ناکاتەوەو، زۆر بە پەلە هەمان پەت لە ملی دەئاڵێنێ. کورتەڵە هاوار دەکات و هەردوو دەستی بە دەم و چاوی خۆیەوە دەگرێت. بەڵام ڕوڤینو نای خنکێنێ، تەنیا پەتەکەی لە مل دەکات، تا بە ئاسانی لە دووی خۆی ڕای بکێشێت. ناچاری بکات لە دوای ئەوەوە لە کوختەکە وەدەربکەوێ. ئولپینو، ڕۆیی. کورتەڵە، بە هەڵبەز هەڵبەر دوایان دەکەوێت. ڕوڤینو ئاوڕی لێدەداتەوەو ئەمری پێدەکات: "دەنگت دەرنەیەت." جورما پێی لە بەرد وتاوێرەکان هەڵدەکەوێ ولە نێو دەوەنەکاندا گیر دەخوات، بەڵام هیچ قسەیەک ناکات وهەنگاو بە هەنگاو دوای ڕوڤینو دەکەوێ. کورتەڵە دوایان کەوتووەو وەک ئەوەی وڕینە بکات لە بن لێوانەوە باسی ئەو سەربازانە دەکات کە بە درەختەکانەوە هەڵواسراون و سەرگەڕ وداڵە کەرخۆرە تێیان وڕوکاون.

***

بارۆنس ئەستیلا، لە کاتێکا چاوی بڕی بووە کاشیە شکاوەکانی ناو ژووری دانیشتن، گوتی: " من لە ژیانما، لەوێندەر، لە گوندی زۆر شتی ترسناکم دیتووە. لەو شتانەی کە خەڵکی سلڤادوری دەترساند." ڕوانیە بارۆن، کە لە سەر کورسیە بزۆزەکەی، خۆی بە پاش و بە پێشا ڕادەژەند، بێئەوەی بە خۆ بزانێ، هەمان ڕیتمی خانە خوێیە پیرەکەی "خوزیە برناردو موراو" ی دووبارە دەکردەوە. " ئەو گایەت بیرە کە هاڕوژابوو و پەلاماری ئەو منداڵانەی دەدا کە لە دەرسی ئاین هاتبوونە دەرەوە؟ من نەترسام. تو خوا ترسام؟ من ژنێکی ترسنۆک نیم. لە کاتی گرانیە گەورەکەدا زۆر شتی ترسناکمان بینی، وا نەبوو؟"

بارۆن سەرێکی بۆ لەقاند. خوزیە برناردو موراو و ئادالبرتو گوموسیو – ئەمیان لە سلڤادورەوە هاتبوو تا بارۆن وبارۆنس لە مەزرای "پدراڤیلملیا " بدینێ و دوو سەعاتێک دەبوو کە لە گەڵیاندا بوو – هەوڵیاندەدا گفت و گۆیەکانیان ئاسایی بێت، بەڵام نەیاندەتوانی ناڕەحەتی خۆیان لە هەنبەر دیمەنی بێتاقەتی بارۆنسدا پەنهان بکەن. ئەو ژنە مەندەی، کە لە پشت ڕەفتارە سەنگینەکانیەوە نەدەبینراو بزەکانی سەر لێوی، دیوارێکی ئەستووری لە نێوان خۆی وخەڵکانی دیدا دروست دەکرد، نها لە پەستا و بێپسانەوە قسەی دەکرد، لە تۆ وایە تووشی نەخۆشیەک بووە کە کاری لە شێوەی قسەکردنیشی کردووە. ستۆپی چەناگەی پچڕابوو. تەنانەت "سباستیانا " ش کە ناو بە ناو دەهات تا هەنیەی خانم بە ئاوی کۆڵۆنیا فێنک بکاتەوە، نەیدەتوانی لە قسە کردن ڕایبگرێ.

هەروەها نە مێردەکەی، نە خانەخوێیەکەی ونە گوموسیو، شتاقیان نەیانتوانی قەناعەتی پێبکەن کە بۆ ژوورەکەی خۆت بڕوات وئیسراحەت بکات.

دەستە سپیەکانی بۆ لای ئەوان ڕاکێشا وبەردەوام بوو: "من خۆم بۆ کارەساتی گەورە ئامادە کردووە. دیتنی سووتانی کالومبی بۆ من زۆر خراتر بوو لەوەی کە دایکمم دەبینی بەدەم عەزابی گیان کێشانەوە هاواری دەکرد و بە دەستی خۆم " لودانوم" م دەدایە کە بەرەبەرە کوشتی. ئەو گڕ وبڵێسانە هێشتا لێرەدا، لە ناخما کڵپە دەسەنێت." دەستی بە سکییەوە گرت وبەدەم لەرزەوە کووڕ بووەوە: " وەکو ئەوە بوو ئەو منداڵانەی کە لە بارم چووبوون، بە بەرچاومەوە بسووتێن وببن بە خۆڵەمێش."

تەمەشایەکی بارۆن، موراو، گوموسیوی کرد، دەتگوت لێیان دەپاڕایەوە کە باوەڕی پێبکەن. ئادالبرتو گوموسیو بزەیەکی بە ڕوویدا دا. هەوڵیدا بوو بابەتەکە بگۆڕێت. بەڵام بارۆنس، هەموو جارێ گڕگڕ بایدەدایەوە سەر شەواتەکەی (حەریق) کالومبی.

گوموسیو، دووبارە ویستی کالومبی لە بیرباتەوە: "وێڕای هەموو ئەمەش ئەستیلای ئازیز، لەمەش خراتر هەیە، ئیدی بەشەر ناچارە دەگەڵ خراترین کارەساتا خۆی ڕابێنێ. من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی ئەوەم بۆ کردووی کە کوژرانی ئادلینیا ئیزابیلا بە دەستی دوو کۆیلە، چ کارێکی دەروونی لێکردم؟ چ حاڵێکم هەبوو وەختایەک جەستەی بۆگەن وپارچەپارچە کراوی خوشکەکەمان دۆزییەوە، هێندەی خەنجەر لێدرابوو، کە نەدەناسرایەوە؟" کۆکەیەکی بۆ کرد وبە بێتاقەتی لە سەر کورسیەکەی جوڵا. "ئاخر هەر لە بەر ئەمەیە ئەسپم لەم قوڵە ڕەشانە پێ باشترە. دڕندەیی وتەبیعەت سووکی خەڵکانی ناکەس بەچە، پیاو دووچاری سەرەگێژکە دەکات، لە ئەقڵا نییە. وێڕای ئەمەش ئەستیلای ئازیز، بەشەر ناچارە مل بۆ ویستی خودا بدات وبە قەدەرو چارەنووس ڕازی بێت وئەوە کەشف بکات کە ژیان بە هەموو کارەسات و ناخۆشیەکانییەوە، پڕ لە شتێن جوان."

بارۆنس، دەستی ڕاستی خستە سەر بازووی گوموسیو و بە میهرەبانی گوتی: "زۆر بەداخەوەم کە ئادلینیا ئیزابیلام بیر خستیتەوە، بمبورە."

گوموسیو، دەستی بارۆنسی لە نێو دەستی خۆیدا گوشی وگوتی: " تۆ ئەوت بیر نەخستمەوە، چونکە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، هەمیشە لە بیرمە. بیست ساڵ بە سەر ئەو بویەرەدا تێپەڕیوە، کەچی وەکو ئەوەیە ئەم بەیانییە ڕوویدابێت. بۆیە باسی ئادلینیا ئیزابیلام بۆ کردیت تا بزانی کە وێران کردنی کالومبی، زامێکە وئەنجام هەر سارێژ دەبێتەوە."

بارۆنس، ویستی پێبکەنێ، بەڵام خەندەکەی لێبوو بە لێوە لەرزێ و گریان ئەوکی گرت. سباستیانا، لەو دەمەدا بە شووشەیەک کۆڵۆنیاوە خۆی وە ژوورا کرد، لە کاتێکا بە دەستێک کۆڵۆنیای لە هەنیە وگۆناکانی بارۆنس دەدا، بە دەستەکەی تری قژە شێواو و پەرێشانەکەی خانمی ڕێکدەخستەوە. بارۆن دەبیرەوە چوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " لەوەتای لە کالومبییەوە بۆ ئێرە هاتووین، ئیدی وەکو کەو چووە، ژنە گەنج و ئازایەکەی جاران نییە." چرچ کەوتبوونە ژێر چاوەکانی، هەنیەی گرژ بووبوو، سیمای درابوو بە یەکدا، ئەو زندوویەتی وچەلەنگیەی جارانی نەمابوو، ورە بەرزیەکەی جاران بە نیگایەوە نەمابوو. ئایا زیاد لە پێویست ئەم ژنەی بارکردبوو؟ ئایا ژنەکەی کردبوو بە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی؟ بیری کەوتەوە کە وەختایەک دەیویست بۆ کالومبی بزڤرێتەوە، لویز ڤیانا، ئادالبرتو گوموسیو، ئامۆژگارییان کردبوو کە ئەستیلا لە گەڵ خۆیدا نەبات، چونکە ئاژاوەی کانودوس هەموو ئەو ناوچانەی گرتبووەوە. زۆر دڵی تەنگ بوو. وادیار بوو بە بێئەقڵی و خۆپەرستی خۆی، ئاسیوێکی ئەوتۆی بە ژنەکەی گەیاندبوو، ئەو ژنەی کە لە دنیادا لە هەموو کەسی دی خۆشتر دەویست، ئاسیوێک کە لە چارەسەرکردن نەدەهات. وێرای هەموو ئەمەش، کاتێ ئەریستارکو، شانبەشانی بارۆن ئەسپی داژۆت، پێی گوتبوون: " تەمەشاکەن، ئەوەتا ئاگریان لە کالومبی بەردا " ئەستیلا، ورەی بەر نەدابوو، بە پێچەوانەوە زۆریش ئارام بوو. بە سەر گردێکەوە بوون، هەرکاتێ بارۆن دەچوو بۆ ڕاو، لەوێدا دەوەستا تا چاو بە موڵکەکەی خۆیدا بگێرێت. میوانەکانیشی بۆ ئەوێندەر دەبرد، تا لەوێوە قەڵەمڕەوی موڵکەکەی خۆی نیشانیان بدات. ئەوێندەر ڕوانگەیەک بوو، کە خەڵکی دوای هەر لەهی ولافاوێک، یان هێرشی سن وکولە، لەوێندەر خڕ دەبوونەوە تا تەمەشا بکەن و ببینن زەرەرو زیان تا چ ڕادەیەک بووە. ئەمجارەیان لە شەوێکی ئەستێرەبارانی کپ وبێ بادا، دەیانتوانی بڵێسەی سوور و شین، زەرد، بدینن کە چۆن کڵپەی دەکرد و کۆشکەکەی ناو مەزراکەی، کە پەیوەندی بە ژیانی هەموویانەوە هەبوو، قرچە قرچ دەسووتاند. بارۆن گوێی لێبوو کە سباستیانا دەگریا و دیتی کە چاوانی ئەریستارکو تەژی ڕوندکن. لێ ئەستیلا نەگریا، بارۆن لەمە دڵنیا بوو. ئەستیلا قیت وەستابوو، باسکی بارۆنی گرت، لە بن لێوانەوە گوتی: "هەر کۆشکەکە ناسووتێنن، بەڵکو تەویلە وئاغەڵ وعەماری ئەسپەکانیش دەسووتێنن." ئەستیلا بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی کەوتبووە باسی شەواتەکە و، ئیدی لەوە بە دواوە کەس نەیتوانی بوو هێوری بکاتەوەو بێدەنگی بکات. بارۆن لە دڵی خۆیدا گوتی: " قەت لە خۆم نابوورم."

خوزیە برناردو موراو لە ناکاوا گوتی: " ئەگەر کالومبی موڵک و مەزرای من بوایە، هەنووکە لەوێ دەبووم، هەڵبەتە بە مردوویی. بە جێم نەدەهێشت تا ناچار دەبوون منیشی لە گەڵدا بسووتێنن."

سباستیانا، لە کاتێکا لە ژوورەکە وەدەردەکەوت، لە بن لێوانەوە گوتی: "ببورن." بارۆن لە دڵی خۆیدا گوتی تووڕەیی ئەم پیرەمێرە لەوەدا نەبووە، زۆر لە هەڵچوونەکانی ئادالبرتو خراپتر بووە، بێگومان بەر لە ئازادی کۆیلەکان، زۆر عەزابی کۆیلە یاخییەکانی داوە.

پیرەمێر تەمەشایەکی دیوارە کاڵەوە بووەکانی ژوورەکەی کرد ولە بن لێوانەوە گوتی: "مەبەستم ئەمە نییە کە "پدراو فرمیلیا " ئەو بایەخەی جارانی نییە. خۆم زۆرجار بیرم لەوە کردووەتەوە کە بیسووتێنم، چونکە سەر یەشەی زۆری بۆ دروست کردووم. پیاو هەقی ئەوەی هەیە ماڵی خۆی بسووتێنێ. بەڵام هیچ کاتێ بەوە قاییل نیم، کە کۆمەڵێک ڕێگر و چەتەی ناو زراوی شێت و شوور بێن و بەو بیانووەی موڵک و زەوییەکە زۆر ماندووە، دەیسووتێنن تا ئیسراحەت بکات. نا، ڕێم نەدەدان، دەبوایە خۆشم بکوژن."

بارۆن کە دەیویست مەسەلەکە بگۆڕێ بۆ سوعبەت وشۆخیان گوتی: " ئاخر ڕێگەی ئەوەیان پێنەدەدایت. پێش ئەوەی موڵکەکەتیان سووتاندبا، خۆتیان دەسووتاند."

دەبیرەوە چوو: " ئەوانە وەکو دووپشکن. سووتاندنی موڵک ومەزراکان، وەکو ئەوەیە خۆیان بە خۆیانەوە بدەن، تا مەرگ هەڵخەڵەتێنن. بەڵام ئەمانە بۆچی قوربانی بە خۆیان وبە ئێمەش دەدەن؟ "

کە بینی خانم خەریکە باوێشک دەدات دڵی خۆشبوو. خۆزگە خەوی لێدەکەوت و کەمێک مێشکی دەحەسایەوە. ئەستیلا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، خەو لە چاوانی نەکەوتبوو. وەختایەک لە مونتە سانتو لایان دابوو تا ئیسراحەتێ بکەن، ئەستیلا ڕازی نەبووبوو لە ماڵەکەی قەشەدا، تاوێک ڕاکێشێت وچاوێک گەرم بکات، بە درێژایی شەوەکە بە باوەشی سباستیاناوە گریابوو. هەنگێ بارۆن ترسی لێنیشتبوو. ئاخر ئەستیلا ژنێکی گرینۆک نەبوو.

موراو، کە بینی بارۆنس چاوی لێکناوە، نیگایەکی ئاسوودەی بارۆن و گوموسیوی کرد وگوتی: "سەیرە، کە ئێوە لێرەوە بۆ کالومبی دەچوون، من زۆر ڕقم لە موریرا سیزار بوو. کەچی ئێستا خەریکە دڵم بە حاڵی دەسووتێت. حاڵی حازر ڕقم لە باندی یاخییەکان، زۆر زیاترە لە ڕقم لە ئیپامینوداس و یاقوبییەکان." موراو کە توورە دەبوو، هەردوو دەستی بە شێوەیەکی بازنەیی دەجوڵاند و چەناگەی دەخوراند. بارۆن چاوەڕوان بوو تا ئەو هەمان کاربکات. بەڵام یارۆی پیرەمێر هەر بەو دەقەوە دەست لە سەر سینگ، پارسایانە ڕۆنیشتبوو.

"ئەو بەڵایەی ئەوانە بە سەر کالومبی، پوسوداپدرا، سوسورانا، ژوا، کورال نوڤو، پنیدو و لاگوایان هێناوە، کارێکی دزێو وباوەڕ نەکردەنییە! وێران کردنی ئەو مەزرایانەی کە سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی خۆیان بوو، ناوەندی شارستانیەتی هەموو دەڤەرەکە بوو! خودا ئەم جۆرە کارانە قەبووڵ ناکات. ئەمە کاری ئەهریمەن ودێوانە."

بارۆن لە فکران ڕاچوو: " ئەها ئەنجام کردی" موراو ئاقیبەت هەمان ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی کردبوو. بە پەلە بە دەستە گرێ گراوی وقامکی شادە وێنەی بازنەیەکی لە هەوادا کێشا. ئەوەتا خەریکە بەڕقەوە، سەکسوکەکەی دەخورێنێت.

گوموسیو، قسەکەی پێبڕی وئاماژەیەکی بۆ بارۆنس کرد وگوتی: " دەنگ هەڵمەبڕە خوزیە برناردو. هەڵینەگرین بۆ ژووری نووستنەکەی خۆی؟ "

بارۆن بەرسڤی دایەوە: "با خەوەکەی تۆزێ قورستر ببێت." هەستا خەریک بوو پشتیەکەی کورسیەکەی بە جۆرێ ڕێکدەخست کە هاوسەرەکەی ڕەحەتتر پالی پێوە بدات. ئەوسا کەوتە سەر چۆکان وپێیەکانی ژنەکەی خستنە سەر تەختەکەی بەر پێی.

ئادالبرتو گوموسیو، بە دەنگێکی نەوی گوتی: "وام هەستدەکرد باشترین ڕێگە ئەوەیە بە زووترین کات بۆ سلڤادوری بنێرینەوە. بەڵامخەمی ئەوەمە کە ئاخۆ بەرگەی ئەو سەفەرە دوور ودرێژە دەگرێت."

بارۆن، لە سەر کورسیە بزۆزەکەی، هاوڕێتم دەگەڵ کورسی خانەخوێیەکەیدا، خۆی دەهەژاند، گوتی: " با بزانین سبەی بەیانی وەختایەک لە خەو ڕادەبێ، حاڵی چۆ دەبێ."

موراو، دووبارە هێمای بازنەکەی کێشا و کەوتە خوراندنی چەناگەی: " سووتاندنی کالومبی! ئەویش لە لایەن کەسانێکەوە کە زۆر قەرزارباری تۆن! هیوادارم موریرا سیزار تۆڵەی ئەوەیان لێبکاتەوە، خۆزگە لەوێ دەبووم تا بە چاوی خۆم بیبینم کە چۆن سەریان دەبڕێ.

گوموسیو، قسەکەی پێبڕی: " باشە تا ئێستا هیچ هەواڵێکی نییە؟ بە هەموو حیسابێک دەبوایە تا ئێستا کانودوسی لە ناو بردبوایە."

بارۆن، بەدەم سەر لەقاندنەوە گوتی: "بەڵێ، من حیسابەکەم ڕاگرتووە، تەنانەت ئەگەر قورقوشمیانش بە لاقیەوە بەستبوایە دەبوایە پێش چەند ڕۆژێک گەیشتبایە کانودوس... مەگەر..."

هەستیکرد، دوو دۆستەکەی بە کونجکاوی تەمەشای دەکەن وگوێیان هەڵخستووە. "مەبەستم ئەوەیە ئەگەر جەڵتەیەکی دی لێی نەدابێ، وەکو جەڵتەی یەکەم ناچاری کردبوو کە پەنا بۆ کالومبی بەرێت. ڕەنگە دووبارە تووشی جەڵتە بووبێ."

هوزیە برناردو موراو، لە بن لێوانەوە گوتی: " هەر لەمەمان کەم بوو – ناکا موریرا سیزار، بەر لەوەی کۆتایی بەم زوڵمە بێنێ، بە نەخۆشی بمرێت."

گوموسیو گوتی: " ئەگەری ئەوەش هەیە، هیچ تەلێکی تەلەگراف لە دەڤەرەکەدا بە ساغی نەمابێت. جا یاخیانێک بۆ ئەوە ڕەز وباخان بسووتێنن تا گوایە پشوویەک بدات، ئیسراحەتێک بکات، خۆ پچڕاندنی تەلی تەلەگراف ئاو خواردنەوەیە، بۆ ئەوەیە لە سەر یەشە ڕزگار ببێت. لەوەیە عەقید لە بەر ئەوە دەرفەتی ناردنی بروسکەی نەبێ."

بارۆن، بە تۆپزی بزەیەکی کرد. دوایەمین جار کە لێرە کۆبووبوونەوە، هاتنی موریرا سیزاریان بۆ ئێرە، بە مردن وکۆتایی حیزبی خۆیبوونخوازی باهیا لە قەڵەم دابوو.

نها هەموو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەواڵی سەرکەوتنی عەقید بوون بە سەر ئەو کەسانەدا، کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو تا ئەوانە بە لایەنگرانی گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی و جاسووسانی دەرباری ئینگلستان نیشانبدات. بارۆن لە دڵی خۆیا بیری لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە بێئەوەی چاو لە ژنەکەی، کە خەوتبوو، بگوازێتەوە. بارۆنس ڕەنگی هەڵبزرکابوو، بەڵام سیمای ئارام بوو.

لە ناکاوا بە دەنگی بەرز گوتی: "جاسووسانی دەرباری ئینگلستان؟ سوارانێ، ئاگر لە مەزرایان بەردەدەن تا ئەرزەکە پشوویەک بدات! من ئەوەم بیستبوو، بەڵام باوەڕم نەدەکرد. ئاخر چەتەیەکی وەکو پاجوی پیاوکوژ، دز، داوێن پیس، گوێبڕ، تاڵانچی شاران، لە ناکاوا ببێ بە موجاهید وتێکۆشەرێکی ئیماندار! بە چاوی خۆم دیتم، بۆ کەسێکی وەکو من کە لەم دیار و دەڤەرەدا لە دایک بووم، چەندین ساڵی تەمەنم لێرە بەسەر بردووە، باوەڕ کردن بەمە ئەستەمە. نها بووم بە غەوارەو بێگانە. ئەم خەڵکانە ئەوانە نین کە من دەمناسین. لەوەیە ئەو ئەنارشیستە ئوسکاتلاندیە لە من باشتر بیان ناسێت، یان یارۆی مورشید. وادیارە تەنیا شێتان لە شێتان تێدەگەن..." بە نائومێدی دەستێکی هەڵتەکاند و قسەکەی تەواو نەکرد.

گوموسیو گوتی: " ئێستا کە باسی ئەنارشیستە ئوسکاتلاندیەکە هاتە پێشەوە." بارۆن، لە ناکاوا پەست بوو. دەیزانی چ پرسیارێک دێتە ئاراوە. دوو سەعات دەبوو، پێشبینی ئەوەی دەکرد. " تۆ بەخۆت دەزانی من قەت گومانم لە بۆچوونە سیاسیەکانی تۆ نەبووە. بەڵام هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم، لەوە تێناگەم چما هێشتت کابرای ئوسکاتلاندی وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت. خۆ باشترین چەکی دەستمان بوو بەرانبەر دژمنە سەرەکییەکەمان." بەدەم چاو تروکاندنەوە ڕوانییە بارۆن: "وانییە؟ "

بارۆن، بە خەمینییەوە و لە بن لێوانەوە گوتی: " نها دژمنی سەرەکی مە نە ئیپامینوداسە و نە هیچ یاقوبییەکە، بەڵکو یاخییەکانە. واتا داڕوخانی ئابووری باهیا؛ ئەگەر جڵەوی ئەم شێتاتیە نەگرن، ڕێک ئەوە ڕوودەدات، باری ئابووری باهیا دادەڕوخێت، هەرەس دێنێت. زەوی و زارەکان بە کەڵکی داچاندن وکشت وکاڵ نامێنن، هەموو شتێک دەبێ بە خۆراکی دۆزەخ. هەرچی مەڕ ومالات هەیە دەخورێ و پەز ومێگەلان نامێنن. لە هەموو ئەمەش خراتر، ئەمەیە کە دەڤەرەکە لە بنەڕەتا کێشەی کەمی هێزی کاری هەبوو، خەریکە بەرەبەرە لە خەڵکی چۆڵ دەبێت. خەڵکی پۆل پۆل دەڕۆن، کۆچ دەکەن و ئێمەمانان ناتوانین بیانگێڕینەوە. دەبێ بە هەر نرخێ بووە، جڵەوی ئەم بەڵایە بگرین کە کانودوس بە سەرمانیا دێنێت."

هەستی بە نیگای سەیرو گلەیی ئامێزی گوموسیو وخوزیە برناردو کرد وپەشۆکا، لە بن لێوانەوە گوتی: "من دەزانم کە وەڵامی پرسیارەکەتم سەبارەت بە گالیلیو گال نەدایەوە. بۆ زانیاریت ئەوە ناوی ڕاستەقینەی نییە، بە هەرحاڵ با واز لە ناوەکەی بێنین وبێینە سەر ئەوەی چما ڕێگەم دا بڕوات؟ ڕەنگە ئەمە نیشانەیەکی دیکەی شێتاتیە باوەکەی ئەم قۆناغە بێ، ئەمە بەشی من بێت لە شێتاتیە گشتیەکە." بێئەوەی بە خۆ بزانێ، ڕێک وەکو موراو هێمای بازنەیەکی بە حەواوە دەکێشا. "پێموایە بە کەڵکی ئێمە نایەت، تەنانەت ئەگەر ناکۆکیەکەمان دەگەڵ ئیپامینوداس دا بەردەوام ببێت هەر بە کەڵکمان نایەت."

گوموسیو، پرتەیەکی بۆ کرد: " بەردەوام بێ؟ ئەوەندەی من بزانم بۆ یەک ساتیش نەوەستاوە. لەوەتای موریرا سیزار پەیدا بووە، یاقوبیەکانی سلڤادور، لە هەر کاتێکی دی زیاتر شوڵیان لێهەڵکێشاوە. ڕۆژنامەی "جورنال دی نوتیسیاس" داوا لە پەرلەمان دەکات لویزڤیانا دادگایی بکات ودادگایەکی تایبەتی بۆ پەیجۆری پیلان ومامەڵە گومان لێکراوەکانی مە دابنرێ ودادگایی بکرێن."

بارۆن، قسەکەی پێبڕی: "من ئەو زەربەیەم لە بیر نەکردووە کە حیزبی پێشکەوتووخوازی کۆماری لێی داین، بەڵام حاڵی حازر ڕەوشەکە گۆڕاوە."

گوموسیو گوتی: "تۆ هەڵەی. ئەوانە تەنیا چاوەڕوانی ئەوەن کە موریرا سیزار وکەتیبەی حەوتەم بە سەری مورشیدەوە خۆ بە باهیادا بکەن و ڤیانا لە سەر کار لاببەن، پەرلەمان دابخەن و بکەونە تاقیب ودژایەتی مە."

بارۆن، بەدەم بزەیەکەوە گوتی: "مەگەر ئیپامینوداس گونسالوڤس، هیچ زیانێکی لە سەر دەستی یاخییانی سەڵتەنەتخواز دیتووە؟ من بەش بە حاڵی خۆم، یەک لە باری خۆم جگە لە کانودوس، کۆنترین و ئاوەدانترین موڵکی ئەم دیار ودەڤەرەم، یانی "کالومبی"م لە دەست داوە. من لەو زیاتر بیانوو و پاساوم بۆ پێشوازی موریرا سیزار، وەکو فریا ڕەسێک، بە دەستەوەیە.

خوزیە برناردو گوتی: " بەهەرحاڵ هیچ یەکێک لەم قسانە ناکاتە بەڵگەی ئەوەی کە تۆ بەو سەخاوەتبازییەوە ڕێگە بدەیت بەو ئاسانیە ئەو جەنازە ئینگلیزییەمان لە دەست دەربچێت." بارۆن، هەستی بەوە کرد کە کابرای

پیرەمێر بە چ زەحمەتێک ئەو قسانەی کرد. "باشە، ئەو بەڵگەیەکی زندووی بێویژدانی ئیپامینوداس نەبوو؟ مەگەر باشترین بەڵگەی دەستی ئێمە نەبوو، تا بیسەلمێنین کە ئەو بۆرە پیاوە بەرزەفڕە، تا چ ڕادەیەک ڕقی لە بەرازیلە؟"

بارۆن، بە ڕەزامەندییەوە گوتی: "بەڵێ، لە ڕووی تیۆرییەوە.... لە ڕووی گریمانەییەوە دروستە."

گوموسیو، بە هەمان ڕاوێژی جدی وپڕ سوێوە گوتی: " ئێمەش ئەو بۆرە پیاوەمان لە هەمان شوێندا ڕادەنا، کە ئەوان قژە سوورە بە ناو بانگەکەیان ڕانابوو."

بارۆن، لە سەری ڕۆیی: "بەڵام بە پراکتیکی نا. گال لە شێتە ئاساییەکان نییە. نا، پێکەنینتان نەیەت. شتێکی تایبەتیە... کابرایەکی توونده. بە قازانجی مە شایەدی نەدەدا، بەڵکو دژی مە شایەدی دەدا. پشتیوانی لە تۆمەتەکانی ئیپامینوداس دەکرد ودەیکردین بە گەپچاڕی ئەم و ئەو."

گوموسیو گوتی: "مخابن، لەمەشا لە گەڵتا نیم. زۆر ڕێگە هەن بۆ دەرهێنانی ڕاستی وحەقیقەت چ لە خەڵکانی عاقڵ وچ لە کەسانی شێت."

بارۆن، یەکسەر بەرسڤی دایەوە: "لەو کەسە توونده و پابەندانە نییە. لەوانە نییە کە باوەڕیان، لە ترسی مردن بەهێزترە. ئەشکەنجە کار لە گال ناکات، تەنیا بیرو باوەڕی پتەوتر کاری تێدەکات. مێژووی ئۆلان زۆر نموونەی لەو بابەتانەی تیایە..."

موراو بەدەم خوتەو بۆڵەوە گوتی: "لەم حاڵەتەدا هەق بوو بیکەی بە قوربانی گوللەیەک وجەندەکەکەی ڕادەست بکەی، نەک ڕێگە بدەی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت..."

بارۆن گوتی: "پڕ بەدڵ حەز دەکەم بزانم چی بەسەر هاتووە. کێ کوشتوویەتی... بەڵەدەکە، تا بۆ کانودوسی نەبات؟ یاخییەکان تا رووتی بکەنەوە؟ یان موریرا سیزار؟"

گوموسیو، لە سەرسامیا چاوانی ئەبڵەق بوون: " بەڵەد؟ تۆ سەرباری هەموو ئەمەش، بەڵەدت بەگەڵ خستووە؟"

بارۆن، سەری لەقاند: "بە ئەسپێکیشەوە. لە ئاستی ئەو کابرایەدا هەستم بە جۆرە لاوازییەک دەکرد، جۆرە هەستێکی هاوسۆزی یان هاوخەمیم بەرانبەری هەبوو."

خوزیە برناردو موراو، لە کاتێکا بە تووڕەیی خۆی لە سەر کورسییەکەی دەهەژاند، دووبارەی کردەوە: " هاوسۆزی؟ هاوخەمی؟ دەرهەق بە بابایەکی ئەنارشیست، کە خەون بە سووتاندنی دنیا و ڕشتنی خوێنی هەموو تیرەی بەشەرەوە دەبینێ؟"

بارۆن گوتی: "ئەنارشیستێک، کە بە کاغەزەکانیا وا دەردەکەوێ کە چەند کەسێکی کوشتووە. مەگەر ئەم کاغەزانە درۆ بن، دووریش نییە درۆ بن. ئەم داماوە باوەڕی کردبوو کە کانودوس نموونەی برایەتی جیهانی و بەهەشتی ڕاستەقینەیە. بەجۆرێ باسی شەڕڤان ویاخیەکانی دەکرد وەکو ئەوەی هاوڕێی سیاسی وهاوبیرو باوەڕی بن. ئیدی پیاو بە دەست خۆی نەبوو، دڵی بە حاڵی دەسووتا ومەیلی بەلایا دەجولا."

سەیری کرد جووتە دۆستەکەی، بە حیرەتەوە تەمەشای دەکەن. پێی گوتن: "وەسێتنامەکەی لای منە... خوێندنەوەی زۆر زەحمەتە، پڕە لە قسەی بێسەرو بەر و وڕینە ئاسا، بەڵام باڵکێشە. شەرح و شرۆڤەیەکی دوور

و درێژی دەربارەی ئەو پیلانە تێدایە کە ئیپامینوداس دای ڕشتووە: چۆن ئەمی بە کرێ گرتووەو پاشان هەوڵیداوە بیکوژێت و لەم بابەتە قسانە."

ئادالبرتو گوموسیو، بە ڕاوێژێکی تووڕە گوتی: " ئەگەر ئەم واریقاتەی بە خۆی لە بەردەم خەڵکیدا بگێڕاباوە زۆر باشتر بوو."

بارۆن بەرسڤی دایەوە: "کەس باوەڕی پێنەدەکرد. ئەو چیرۆکەی ئیپامینوداس گونسالوڤس، بۆ جاسووس و قاچاغچیانی چەکی هۆنی بووەوە، زۆر لە چیرۆکی ڕاستەقینە باوەڕکردەنی تر بوو. دوای شێڤ هەندێکیتان بۆ تەرجەمە دەکەم. هەڵبەتە نووسینەکەی بە ئینگلیزییە."

هەڵوەستەیەکی کرد، تەمەشایەکی ژنەکەی کرد کە بەدەم خەوەوە ناڵەیەکی کرد. "دەزانن چما وەسێتنامەکەی دایە من؟ تا بۆی بنێرم بۆ ئەنارشیستێکی هیچ و پووچ لە لیۆن. یانی تەسەور بکەن... ئیدی من لەوە دەرچووم، کە شەریکە پیلانی دەرباری ئینگلستان بم، بەڵکو بووم بە هاودەستی ئەو ئەنارشیست و تیرۆریستە فەرەنسیانەی کە لە ڕای شۆڕشێکی جیهانیدا دەخەبتین."

کە بینی، تووڕەیی جووتە دۆستەکەی سات بە سات زیاتر دەبێ، پێکەنی.

گوموسیو گوتی: "بەخۆت دەبینی کە ئێمە ناتوانین ببین بە شەریکی ئەم نوکتەبازیانەی تۆ."

" بەڕاستی پێم سەیرە، کە سەرانسەری موڵکەکەم سووتاوە."

موراو، بە سەرزەنشتەوە گوتی: " واز لەم نوکتە نابەجێیانەت بێنە، پێمان بێژە بە تەمای چیت؟ "

بارۆن دی کانا براڤا گوتی: " لە ئێستا بە دواوە هەر ئاسیوێک بە ئیپامینوداس دەکەوێ گرینگ نییە، پیاوێکی ساویلکەی دێهاتیە. ئەوەی بۆ ئێستا گرینگە، ئەوەیە کە لەگەڵ کۆماریخوازەکاندا بگەینە سازانێک. شەڕی نێوانمان تەواو بوو، ڕەوشەکە کۆتایی پێهێناوە. دوو شەڕ لە یەک کاتا ناکرێ. ئەو مێردەکە(بۆرە پیاو) ئوسکاتلاندییە هیچ خێرێکی بۆ ئێمە نەدایەوە، لەوە بوو لە ئایندەدا، وەزعەکەمان لێ ئاڵۆزتر بکات."

گوموسیو، بە حەپەساوی سەیری دەکرد: " گوتت سازان دەگەڵ کۆماریخوازانی پێشکەوتوودا؟ "

بارۆن بەرسڤی دایەوە: " گوتم سازان. بەڵام لە ڕاستیا مەبەستم یەکێتی بوو... هاوپەیمانی بوو... فامینی ئەمە زەحمەتە، جێبەجێکردنی زەحمەت ترە، بەڵام هیچ چارێکی دیکەمان نییە. باشە، پێموایە وەختی ئەوە هاتووە ئەستیلا هەڵگیرین و بۆ ژوورەکەی خۆیی بەرین.

( ٦ )

دەنگی گرم وهۆڕی تۆپان دەگاتە گوێی پەیامنێرە نزیکبینەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) لە سەر پەتۆیەک هەڵکوڕماوە، هیچ فەرقێکی لە گەڵ قوڕدا نییە، سەراپای لە ئاوا هەڵکشاوە. کەس خەو نەچووەتە چاوی، هەندێکیان لە بەر باران نەخەوتوون و هەندێکیان لەبەر ئەوەی شەڕ بەر دەرگەی پێگرتوون و لە ئان وساتدایە بقڵیشێتەوە. گوێ هەڵدەخات: ئایا زەنگەکانی کانودوس هێشتا لە تاریکیەکەدا لێدەدەن؟ تاقە دەنگێک کە دێتە گوێ، دەنگی تۆپە کە ناو بە ناو گرمەی لێ بەرزدەبێتەوە، لە گەڵ دەنگی شەیپورانا، کە سەربازان بۆ هێرش و هەڵدڕینی گەرووی دژمن هاندەدات. ئایا یاخییەکانیش ناوێکیان لەم سەمفونیای شاور وجوزەلانە ناوە کە لە

شەڕی مونتە سانتووە تا ئێرە مێشکی کەتیبەی حەوتەمیان پێبردووە؟ نیگەرانی سەراپای داگرتووە، دەترسێ، لە سەرما هەڵدەلەرزێ، باران تا سەرمۆخ تەڕی کردووە. بیر لە هاوڕێ ڕۆژنامەڤانە بە تەمەنەکەی دەکاتەوە کە زۆر بە سەرما قەڵسە. وەختایەک دەگەڵ سەربازە گەنجەکاندا لە بەرەی دواوە بە نیمچە ڕووتی بە جێیان هێشتبوو، پێی گوتبوو: " هاوڕێی گەنجم، کە سێوێ هەڵدەدەی تا دەکەوێتە سەر عاردی هەزار تەقلە لێدەدا."

تۆ بڵێی مردبێ؟ تۆ بڵێی ئەو و ئەو نەوجەوانانەش دووچاری هەمان چارەنووسی عەریفە قژ زەرد و دەوریێیەکەی بووبن کە دوێنێ درەنگانی ئێوارێ، جەنازەکانیان لە بناری ئەم زنجیرە چیایەدا پەیدا کردبوو؟ ڕێک لەم کاتەدا دەنگی زەنگان لە خوارەوە تێکەڵ بە شێوەنی شەیپووری کەتیبەی حەوتەم دەبوو. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گفتوگۆیەکی تاپۆیان بوو لەو تاریکە شەوە باراناویەدا، پێشەکییەک بوو، بۆ ئەو دیالۆگەی کە دەگەڵ خۆرهەڵاتنا لە نێوان تاپڕ وتفەنگی ڕیزی سوپادا ڕووی دەدا.

زۆر نزیک ولەگین بوو، ئەویش دووچاری هەمان چارەنووسی عەریفە قژ زەردەکە ودەوریێیەکەی ببوایە، چونکە وەختایەک موریرا سیزار پێشنیازی کردبوو کە ئەویش دەگەڵ هەمان دەورێدا بڕوات، چیوای نەمابوو ڕازی ببێت. ئایاماندوویەتیەکەی فریای کەوتبوو؟ یان هەستی شەشەم؟ یان ڕێکەوت وبەخت؟ ئەم بویەرە دوێنێ ڕووی دابوو، کەچی لە یادگەی ئەودا ماوەیەکی زۆری بە سەرا ڕۆیی بوو، چونکە بە درێژایی ڕۆژی ڕابردوو، کانودوس بە جۆرێ لە بەرچاوی خەیاڵیان دوور کەوتبووەوە، دەتگوت شوێنێکە کە هەرگیز نایگەنێ. پێشینەی ڕەتڵەکە دەوەستێ، ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە بیری دەکەوێتەوە کە هەردوو گوێی دەزرینگانەوە، هەر دوو لاقی دەلەرزین و لێوەکانی قەڵەشابوون. عەقید هەوساری ئەسپەکەی بە دەستەوە گرتبوو، ئەفسەرەکان لە سەربازو بەڵەدەکان جیا نەدەکرانەوە، کە پیادە دەبوون لێکدی جیا نەدەکرانەوە. هەر چوار دەوری مەینەتی و ماندوویەتی وحورمانە.

دوازدە سەرباز لە ڕیزەکە دێنە دەرێ، بە هەشتاو دێنە پێشەوەو لە هەنبەر عەقیدو مێجەر کونیا ماتۆس خەبەردار دەوەستن. ئەو پیاوەی قەرارە فەرماندەیی دەورێکە بکات، ئەو عەریفە گەنجە بوو کە قەشەکەی کومبی بە دیلی هێنابوو.

پەیامنێرەکە گوێی لێدەبێت. لاقەکانی پێکدا دەکوتێ و زرمەی پوتینەکانی بەرز دەبێتەوەو فەرمانەکەی مێجەر دووبارە دەکاتەوە: " لە کاراکاتا لە بەرزاییا سەنگەر بگرین و هەرکە هێرش دەستی پێکرد، دۆڵەکە بە دەسترێژی ناوبەناو دابێژین." عەریفەکە زۆر بە ورەو گەشبین بوو: "خەمت نەبێ قوربان نایەڵم تاقە یەک یاخیش لە ڕێگەی کاراکاتاوە دەرباز ببێت." ئایا ئەو بەڵەد ودەلیلەی لە لای عەریفەکەوە وەستابوو، هەمان ئەو بەڵەدە بوو کە دەورێکەی دووی خۆی خستبوو ولە ئاو دەگەڕا؟ بەهەرحاڵ، ئەو کەسەی کە عەریفەکە وپیاوەکانی خستبووە تەڵەی دژمنەوە، بەڵەدەکەیان بوو.

پەیامنێرە نزیکبینەکە، دەبیرەوە دەچێ کە مان وبوونی لێرەدا، پەرجووە. سەری دەسووڕێ. عەقید موریرا سیزار دەیبینێ کە شەکەت و ماندوو لە سەر ئەرزەکە پان بووەتەوە، وشک هەڵاتووە، زۆر ناڕەحەت وبە ئازارەو هێشتا مێزە سەفەرییەکەی بە سەر هەر دوو ئەژنۆوەیەتی. "حەز دەکەی دەگەڵ دەورێکەدا بڕۆیت؟ کاراکاتا بۆ تۆ ئەمنیترە، لەوەی کە لە گەڵ مەدا وەمێنی."

چ شتێک واداری کردبوو، دوای سووکە دوو دڵییەک بڵێت نا؟ بیری دەکەوێتەوە کە چەند جارێک قسەی دەگەڵ عەریفەکەدا کردبوو، عەریفەکە چەند پرسیارێکی سەبارەت بە ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) وکاری ئەم کردبوو. زۆر دڵبەندی عەقید موریرا سیزار بوو، تەنانەت بەو ڕادەیە دڵبەندی مارشال فلوریانوش نەبوو، ئەویش وەکو عەقید قەناعەتی وابوو کە سیاسەتوانانی سڤیل بەڵای گیانی کۆمارن، سەرچاوەی گەندەڵی وتەفرەقەن؛ باوەڕی وابوو تەنیا پیاوانی شمشێر بە قەد ویونیفۆرم پۆش، دەتوانن ولات، کە ڕژێمی پاشایەتی حەیاو حورمەتی بردبوو، ببوژێننەوە.

باران خۆشی کردەوە؟ پەیامنێرە نزیکبینەکە، بێئەوەی چاوان بکاتەوە، ئاوڕێکی پاشی دایەوە. بەڵێ ناباریٚ. ئەو مژ ودوومانەی دەوروبەری گردەکەی گرتبوو، بەدەم نەرمە بایەکەوە پەراگەندە دەبوو. تۆپبارانیش وەستا، وێنەی ڕۆژنامەڤانە پیرە سەرما بردەڵەکە، لە زەینی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەدا، جێگەی عەریفە گەنجەکە دەگرێتەوە، قژە بۆزەکەی کە خەریک بوو بە تەواوەتی سپی دەبوو، روخسارە میهرەبانەکەی، کە نەخۆش دیار بوو، ئەو مل پێچەی لە سەر و ملیەوە هاڵاندبوو، نینۆکەکانی کە بە جۆریٚ لێیان ڕادەما وەکو ئەوەی سەرچاوەی ڕامان بن. ئایا جەنازەکەی ئەویش ئێستا بە درەختێکەوە هەڵواسرابوو؟ تازە دەورێیەکە کەوتبووە ڕیٚ، کە تەتەرێک هات وخەبەری بە عەقید دا، کە مقۆمقۆیەک لە نێو نەوجەوانەکاندا هەیە. بیر دەکاتەوە: "سریەی نۆ لاوان. " هەموو شتێک نووسراوە، هەمووی لە نێو ئەو خورجینەدایە کە لە ژێر خۆیدا دابنابوو تا باران تەڕی نەکات، چوار پێنج لاپەڕەی باسی ئەو کوڕانە بوو کە تازە قۆناغی منداڵییان دەرباز کردبوو و کەتیبەی حەوتەم، بێئەوەی لە تەمەنیان بپرسیٚ و حیسابی تەمەنیان بۆ بکات، کردبوونی بە سەرباز. بۆچی ئەو کارەی کردبوو؟ چونکە بە باوەڕی عەقید موریرا سیزار، نۆلاوان،لە خەڵکانی گەورە، خۆڕاگرترو ورە بەرزتر وئەنگێوەتر بوون. ئەو، ئەو سەربازە چواردە پازدە ساڵانەی بینی بوو وقسەی دەگەڵ کردبوون. بۆیە وەختایەک ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، گوێی لە یارۆی تەتەر دەبیٚ کە بە عەقید دەڵێت مقۆمقۆیەک لە نیو نۆلاوەکاندا هەیە، دووی عەقید دەکەویٚ و دەڕۆن بۆ پاشی ڕەتڵەکە. دوای نیو سەعاتێک دەگەنە نک وان.

لەو هاماجە(فەزا) لێڵ وباراناوییەدا، سەراپای دەکەوێتە لەرزین. دووبارە دەنگی زەنگ وشەیپوران بەرزدەبێتەوە، ئەمجارەیان دەنگەکە زۆر بەرزە. لە بەر تاریک و ڕوونی زەردەپەڕی ئێواریدا، ئەو هەشت نۆ سەربازە نۆلاوە دەبینیٚ کە لە سەر لمەڵانەکە هەڵکورماون یان هیلاک و ماندوو ڕاکشاون. سریەکانی دواوە بەلایاندا تێدەپەڕن و دەڕۆن. ئەمانە گەنجترین سەربازن، وەکو ئەوەیە دەمامکیان کردبێت. دیارە کە لە برسیەتی و ماندوویەتیدا، لە گیانی خۆیان بێزار بوون. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لە نێو ئەوانەدا چاو بۆ هاوکارە پیرەکەی خۆی دەگێڕێت، کە لەوێندەر دەیبینێتەوە بە تەواوەتی دەحەپەسێت. نەقیبێکی سمێڵ بابڕ، کە بە زەیی وتووڕەیی ودوو دڵی پێوە دیارە، ئیکلام بۆ عەقیدەکە دەکات ودەڵێت: "قوربان ئەمانە ئامادە نین یەک هەنگاوی دی هەڕنە پێش. چیان لێبکەم؟ " ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە کار تا ورەی هاوکارەکەی بەرزبکاتەوەو قەناعەتی پێبکات کە هەستێت و خۆی کۆبکاتەوە. دەبیرەوە دەچێت: " پێویست بەوە ناکات زۆری لێبکریٚ، ئەگەر یەک زەڕە هێزی تیامابا، بە بیٚ پێگوتن هەڵدەستا ودەڕۆیی." بیری دەکەوێتەوە کە یارۆی ڕۆژنامەڤانی پیر، لاقەکانی لیٚ ڕاکشابوون و لە ئەرزەکەدا لار بووبووەوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، چۆن وەرکەوتبوو و وەکو سەگ هانکە هانکی دەکرد. یەکێک لە سەربازە گەنجەکان بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە دەڵێت: " قوربان، ئەمانە خوا خوایانە ئەمری ئیعدامیان بۆ دەربکەی، مردنیان لەم حاڵە پیٚ باشترە، تلۆقەکانی پێیان چڵکی کردووە، سەریان دنگەی دیٚ، ناتوانن یەک هەنگاوی دیکە بنەن. کوڕێژگەکە هەنسک هەڵدەدات. هەردوو دەستی تێک

هالاّندووه، وەک ئەوەی نوێژ بکات. بەرە بەرە ئەوانی دیکەش دەست بە گریان دەکەن، دەستیان بە چاویانەوە دەگرن و لە بەر پێیەکانی عەقید هەڵدەتروشکێن.

نیگا سارد و سڕەکانی عەقیدی وەبیردێتەوە کە سەراپای ئەم گروپەی دادەبێژت: " من پێم وابوو، ئەگەر زوو بتانکەم بە عەسکەر، دەبن بە پیاو، بەڵام کوڕینە وا دەرنەچوون، ڕیسەکەتان لێکردمەوە بە خوری. بەڵام بۆ ئەوەی بە فیرار وهەلاتوو لە قەڵەم نەدرێن وبە بەرچاوی خەڵکیەوە نەتانگێڕن ودەهۆڵ وزوڕناتان لە دوو لێنەدرێ، هەر ئێستا هەمووتان دەردەکەم. دەی خێرا تفەنگ ویونیفۆرمەکانتان ڕادەست بکەن.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، نیوەی بەشە ئاوەکەی خۆی دەدات بە هاوکارە پیرەکەی، کە یەکسەر بە بزەیەک سوپاسی دەکات. لەم کاتەدا کوڕە نۆلاوەکان، کە هیلاک وماندوو پاڵیان بەیەکەوە داوە، قەمسەڵە یەخە بەرزەکان و کلاوەکانیان دادەکەنن و تفەنگەکانیان ڕادەستی، بەرپرسی کۆکردنەوەی چەکەکان دەکەن.

موریرا سیزار پێیان دەڵێت: "لێرە مەمێننەوە، شوێنێکی زۆر کراوەیە. هەوڵبدەن خۆتان بگەیەننە ڕەوەزەکانی سەر ئەو گردەی کە ئەم بەیانییە، لاماندایە سەری تا پشوو بدەین. لەوێ خۆتان وەشێرن تا یەکێک لە دەوریێیەکان تێدەپەڕێ، هەرچەندە ئەگەری ئەمە زۆریش کەمە."

لەسەر پاژنەی پێیان وەردەچەرخێ وبەرەو پێشەوەی قۆشەنەکە دەزڤڕێتەوە. پەیامنێرە پیرەکە، لە جیاتی خاترخوازی، بە ئەسپایی چەند وشەیەک بە گوێی پەیامنێرە نزیکبینەکەدا دەدات: " کوڕۆ، کە سێوێک هەڵدەدەیە حەوا، تا دەگاتە سەر زەوی هەزار تەقڵە لێدەدات." یارۆی پیرەمێر بە مل پێچە سەیرو کومێدییەکەیەوە لەوێندەر وەکو چاودێری پۆل، لە ناو ژاوەژاوی کوڕانی نیمچە ڕووتا دەمێنێتەوە. پەیامنێرە نزیکبینەکە لە فکران ڕادەچێ: " لەوێش باران باریوە." بە خەیاڵ ئەوە دێنێتە بەرچاوی خۆی کە یارۆی پیرەمێردو ئەو نۆلاوانە، ئاخۆ چەند دڵیان بەو بارانە لە ناکاوە خۆشبووە، کە ئاسمان لە ژێر هەوری ڕەشەوە، بە دیاری بۆ ئەرزی ناردبوو. بە خەیاڵ، نەباوەڕی ئەوان، خەندەو بزەیان ودەست گرتنەوەیانی بۆ دڵۆپێن بارانەکە هێنایە بەرچاوی خۆی. بەچاوی خەیاڵ دەبینێ کە نۆلاوەکان ڕادەبن، ئالکاوی یەکدی دەبن، لە ڕووی بەدەنی و ڕوحییەوە دەگەشێنەوە، ئایا دووبارە دەکەونەڕێ تا خۆیان بگەیەننە کۆتایی قۆشەنەکە؟ ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە بە ڕادەیەک دانەویوەتەوە کە چەناگەی گەییوەتە سەر ئەژنۆی، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "ئەمە ئاوها نابێت. ڕەوشی فیزیولوجی و ئەقڵیان بە ڕادەیەک خراپ بوو، کە تەنانەت بارانەکەش نەیدەتوانی لە جێی خۆیان هەڵیان بسەنێ.

چەند سەعاتە باران دەبارێت؟ دەمەو ئێوارەیە، وەختایەک پێشقەرەولانی هێزەکە خەریک بوو لە بەرزاییەکانی کانودوس دا سەنگەری دەگرت، شادییەکی لە ڕادەبەدەر سەرانسەری تیپەکەی داگرتبوو، ئەفسەران و سەربازان هەر هەموو هەڵبەز و دابەزیانە، دەست بە پشتی یەکدا دەدەن، کلاوەکانیان کردووە بە جام و ئاوی بارانەکەی پێ دەخۆنەوە، بە دەستی بەتاڵ لە ژێر سێلاوی ئاسمان ڕاوەستاون. ئەسپە سپیەکەی عەقید دەحیلێنێ و یاڵەکەی تەکان دەدات وسمکۆڵان دەکات. پەیامنێرە نزیکبینەکە تەنیا فریای ئەوە دەکەوێ سەری هەڵبڕێ وچاوەکانی بنوقێنێ ودەم بکاتەوەو پەڕەی کەپووی بکاتەوەو بەو دڵۆپە بارانانەی کە تا سەر ئێسقان تەڕی دەکرد، زۆر شاد ببێت. بە ڕادەیەک تێکەڵی ڕەوشەکە بووەو حاڵەکەی لە گیان خۆشە، کە نە گوێی لە دەنگی تەقەیە ونە لە هاواری ئەو سەربازەیە کە لە تەنیشتیەوەو لە سەر ئەرزەکە دەتلێتەوە، بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ ودەستی بە دەم وچاویەوە گرتووە. وەختایەک بەخۆ دێتەوەو ئاژاوەو هەراو هەنگامەکەی دەروبەری دەبینێ، دادەنەوێتەوە ومێزە چکۆلە سەفەریەکەو جۆرکە چەرمیەکەی هەڵدەگرێ ودەیانخاتە سەرسەری. لەناو سەنگەرە

پەڕپووتەکەیەوە نەقیب ئولیمپیو کاسترۆ دەبینێ کە بە دەمانچە تەقە دەکات و سەربازەکان بە هەڵەداوان لە پەنایەک دەگەڕێن یان بەدەما لە ناو قوڕاوەکەدا خۆی بە عاردیدا دەدەن. لە نێو ئەو لاقانەدا کە وەکو دەمی قەیچی دادەخرێن ودەکرێنەوە. عەقید موریرا سیزار دەبینێ کە جڵەوی ئەسپەکەی دەگرێت وخۆی هەڵدەداتە سەر زینەکەی و بە شمشێری ڕووتەوە، هێرش دەبات بە بێئەوەی بزانێ کە ئاخۆ هیچ یەکێک لە پیاوەکانی دوای دەکەوێ یان نا. ڕوودەکاتە ئەو بنچک ودەوەنانەی کە تەقەکانیان لێوە دەکرا. لە فکران ڕادەچێ، هاوار دەکات: " بژی کۆمار، بژی بەرازیل."

لە بەر ڕوناکیە لێڵەکەو بارانە بە خوڕەکەداو، لەبەر ئەو بایە تووندەدا کە دارو درەختەکانی دەهەژاند، ئەفسەران و سەربازان بە هەشتاو غار دەدەن ودروشمەکانی عەقید دووبارە دەکەنەوە.

پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی (جورناڵ دی نوتیسیاس) لە دڵی خۆیا پێدەکەنێ، بیری دەکەوێتەوە کە چۆن سەرما و ترسەکەی بیر چووبووەوەو لە ناکاوا وەکو ئەوانی دی دەستی بە غاردان کردبوو، ڕووی کردبووە بێشەکە تا ڕووبەڕووی دژمنی نادیار ببێتەوە. ئاخر بەچی شەڕی دەکرد؟ بە مێزە سەفەریەکەی؟ بە جۆرکە چەرمیەکەی لە ئەوراق و جلەکانی تیابوو؟ بە شووشە مەرەکەبە بەتاڵەکەیەوە؟ لە کاتێکا هەڵبەتە دژمن لە هیچ کوێیەکەوە دیار نەبوو.

دەبیرەوە دەچێ: " ئەوەی پاشان بەدیار کەوت، خراپ تر بوو. " تەزوویەک بە مۆرەغەی پشتیا دێتە خوارەوە، دەتگوت مارمێلکەیەو بە گازی پشتیا دادەگەڕێ. جارێکی دی ئەو دیمەنە دەبینێتەوە، عەسرێکی درەنگ وەختە، ڕوو لە تاریکیە، چاو دەکەوێتە ڕێشکە و پێشکە، دیمەنێکی ترسناک خۆ دەنوێنێ – بەشەر وەکو میوەی سەیر، بە درەختانی (ئەبرانا) وە بە دەوەنێن دڕکاویەوە دالەقاوە، پۆستاڵ، کیف، چاکەت و کڵاوخود، بە درەختەکانەوە شۆڕ بوونەتەوە. هەندێک لە جەندەکەکان، دوای ئەوەی داڵاش ودڕندان، چاویان، ورگیان، سمت وکەفەڵیان، ماسولکەکان وعەورەتیان خواردبوون، بووبوون بە ئێسکە پەیکەری ڕووت و قووت. ئەم دیمەنە لەو جەوەدا و لە ناو درەختەکاندا زۆر زەقتر دەهاتە بەرچاو. موچوڕکەی بە ڕوحدا دێنا. پەیامنێری ناڤبری کە بۆ ساتێک لە هەنبەر ئەم دیمەنە باوەڕنەکردەنیەدا دەحەپەسێ، حایرو حەپەساو، گێژو سەرگەردان بە نێو پاشماوەی جەندەکی بەشەران وئەو یونیفۆرمە عەسکەریانەدا کە بێشەکەیان ڕازاندووەتەوە، دەکەوێتە ڕێ. موریرا سیزار، لە ئەسپەکەی دابەزی بوو، ئەو ئەفسەرو سەربازانەی دووی کەوتبوون، دەوریان دابوو، هەر هەموویان شۆک بووبوون. دوای ئەو هات و هاوار و هێرشە شێتانەیەی تۆزێ لەوە پێش کرابوو، بێدەنگیەکی قووڵ و پڕ گومان باڵی بەسەر دنیادا کێشا. هەمووان وەستان، حایرو حەپەساو چاویان بڕیوەتە دیمەنەکەی بەردەمیان، بەرەبەرە حیرەت وترسەکەیان دەڕەوێتەوە، دەبێ بە خەم وتووڕەیی.

سەری عەریفە گەنجە قژ زەردەکە هێشتا بە ساغی ماوەتەوە – بەڵام چاوی نەماوە، جەستەی یەکپارچە پەڵەی سوورەوە بووە، ئێسکەکانی دەرپەڕیون، زامە ئاوساوەکانی لە ژێر ڕێژنەی بارانەکەدا دەتگوت هێشتا خوێنی لێ دەتکێ. هێدی هێدی بەم لاو بەولادا دەهەژێ. پەیامنێرە نزیکبینەکە لەو دەمە بە دواوە، بیر لە شتێک دەکاتەوە کە ناتوانێ لە زەینی خۆیی دەربکات، شتێک وەکو دەرزی لە گیانی دەچەقێت وخەوی لێدەزڕێنێ: خۆی و بەختی، ئەو پەڕجووەی کە ئەوی ڕزگار کردبوو، نەیهێشتبوو ئەویش بۆ ئێرە بێت، نها، وەکو ئەوانی دی بە رووت و قووتی، لێرە، بە خەنجەری یاخییەکان دادورابوو، یان بووبوو بە خوراکی قەل ودالان وبە یەکێک لەم دار

کاکتوسانەوە، دالەقابوو. یەکێک لە ناکاو دەست بە گریان دەکات. نەقیب ئولیمپیو کاسترۆیە، کە هێشتا دەمانچەکەی بە دەستەوەیەو، بە باسکی دەم و چاوی داپۆشیوە.

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە هەوا نیمچە تاریکەکەدا هەندێ لە ئەفسەر و سەربازەکانی دی دەبینێ کە بۆ عەریفە قژ زەردەکە ودەورێیەکەی دەگرین و بەدەم گریانەوە خەریکن جەنازەکانیان دێننە خوارەوە.

موریرا سیزار بەو دەقەوە لەوێندەر وەستاوە، تەمەشای ئەو دیمەن وکارە دەکات کە لەو تاریکیەدا ئەنجام دەدرێ. ڕوخساری دەڵیی بەردە، کە پەیامنێری ناڤبری هەرگیز بەو حاڵەوە نەیبینی بوو. جەنازەکان لە پەتۆوە دەپێچن ودەم ودەست بەڕێزی یەکەوە بە خاکیان دەسپێرن وسەربازەکان دوای ئەو کارە، تفەنگان سوار دەکەن و وەکو ڕێز بۆ ئەوان، دەستڕێژێ بە ئاسمانا دەکەن.

دوای تەواوبوونی دەنگی شەیپورەکە، موریرا سیزار بە شمشێرەکەی ئاماژە بۆ قەدپاڵ وبناری شاخەکەی بەردەمیان دەکات وزۆر بە کورتی چەند قسەیەک دەکات: "سەربازان، پیاوکوژەکان هێشتا هەڵنەهاتوون. لەوێندەرن، چاوەڕوانی سزای خۆیانن. من جارێ هیچ قسەیەکی دی ناکەم، با تفەنگ و سەرەنێزان قسەی خۆیان بکەن."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، دووبارە گوێی لە گرمەی تۆپ دەبێ، ئەمجارەیان دەنگەکە نزیکترە، ڕادەچلەکێ، تەواو بێدار دەبێتەوە. بیری دەکەوێتەوە کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، بەم کەش و هەوا نمسارو باراناویەوە، هەرگیز نەپژمیوەو لە دڵی خۆیدا دەڵێت، هاتنم لە گەڵ ئەم لەشکرەدا هەر هیچ نەبێ ئەو قازانجەی هەبووە، کە مۆتەکەکەی هەموو ژیانی، ئەو نۆرە پژمینانەی، کە هاوکارەکانی لە ڕۆژنامەکەدا دەهری دەکرد و زۆر جار خەوی دەزڕاند و شەو تا بەیانی خەو نەدەچووە چاوی، زۆر کەمتر بووەتەوەو لەوەشە هەر بە یەکجارەکی پەڕی بێت. بیری دەکەوێتەوە کە پەنا بردنی بۆ ئەفیون کێشان، لەبەر ئەو نەشەیە نەبوو کە پێی دەبەخشی، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوە بوو بە بێ پژمین بخەوێت. بەخۆی دەڵێت: "عەجەب قەل پیاوێکم." دەکەوێتە سەر پشت و دەڕوانێتە ئاسمان: تا چاو بڕکات، تاریکییە، تروسکەی تیا بەدی ناکرێ. دنیا هێندە تاریکە، ڕوخساری ئەو سەربازانەی کە لە ڕاست و چەپیا ڕاکشاون بۆ جیا ناکرێتەوە، بەڵام دەنگی هەناسە وئەو وشانەی لە دەمیان دەردەپەڕێ دەژنەوێت. ناوبەناو هەندێکیان ڕادەبن و خەڵکانی دی دێنە جێگایان و ئەوانەی ڕابوون، دەچن بۆ سەر شاخەکە تا جێگای ئەوان بگرنەوە. دەبیرەوە دەچێت: "بویەرێکی ترسناکمان لە پێشە، شتێک کە لە نووسین نایەت." دەبیرەوە دەچێت: " ئەمانە نوقمی ڕقن، گیانی تۆڵە سەندنەوە مەستی کردوون، ئارامیان لەبەر بڕاوە، خواخوایانە یەکێکیان بەردەست بکەوێ، داخی ماندوویەتی، برسیەتی، تینوویەتی خۆیان، داخی ئەسپ و ماڵاتە لەدەست چووەکانی خۆیانی، لە هەموو ئەوانەش گرینگتر داخی جەنازە شێوێنراوەکانی هاوڕێکانی خۆیانی پێبڕێژن، تۆڵەی ئەو هاوڕێیانەیان بکەنەوە کە چەند سەعات لەوە پێش هێرشیان برد تا کاراکاتا بگرن." دەبیرەوە دەچێت: " پێویستیان بەو ڕقە بوو تا بێنە جۆش. ئەو ڕق وکینەیە توانای ئەوەی دابوونێ کە بەو جۆش وخرۆشەوە، بەدەم دانە جیرەوە بەم کێوە سەخت و پڕ ڕەوەزەدا سەر بکەون، هەر ئەمەش بووبووە مایەی ئەوەی کە نها بێئەوەی چاو لێکبنەن، بەو ئاوایە، تفەنگ بەدەست لە سەر گازی پشت، لە سەر شاخەکە ڕابکشێن و لەو بەرزاییەوە چوار چاو بڕواننە تاریکیەکەی خواریانەوە کە نێچیرەکانیان لەوێندەر دانیشتبوون وچاوەڕوانی ئەمانیان دەکرد. لە هەوەڵەوە ئەم ڕقەیان وەزیفە بوو، بەڵام نها ڕقی شەخسی بوو، ڕق لە دوژمنانێ کە شەرەفیان بردبوون و ئەمان بە ئەرکی خۆیان دەزانی تۆڵەیان لێبکەنەوە."

کەتیبەی حەوتەم، بە جۆش و خرۆشێکی شێتانەی ئەوتۆوە هێرشی بۆ هەموو لایەکی گرد وشاخەکە دەبرد، کە ئەو (پەیامنێرە نزیکبینەکە) نەیتوانی لەگەڵ عەقید و دەستە و یاوەرەکانیا، لە ڕیزی پێشەوەی قۆشەنەکەدا وەمێنێ. ئەوەی دوای خست ڕۆشنایی بومەلێڵی ئێوارەو نوچدان وکەوتن وهەستانەوەی بەردەوامی بوو، لاقی ئاوسابوون، دڵی هێندە بە توونددی لێی دەدا، لە ئان وساتدا بوو بتەقێ. لا جانگەکانی دەیانتریواند. باشە چ شتێک واداری دەکرد بەو حاڵەشەوە هەر کۆڵنەدات و بە هەر گیانە سەرییەک بووە، هەستێت و بە شاخەکەدا هەڵگەڕێ؟ لە فکران ڕاچوو: ترس لەوەی بە تەنیا بە جێ بمێنێ و فزوڵیەتی دیتنی ئەو بویەرەی کە قەرار بوو ڕووبدات. لە کەوتنێکا مێزە سەفەرییەکەی لە دەستی دەرپەڕی، بەڵام دوای چەند خولەکێک سەربازێکی سەر تاشراو – قژەکەی ڕشک وئەسپێی دنیا تێی دابوو بۆیە بۆیان سفر کردبوو – مێزەکەی بۆ هێنایەوە، ئیدی پێویستی بەم مێزە نەمابوو، مەرەکەبەکەی تەواو بووبوو، دوا پەڕەمووچیشی دوێشەو شکابوو. نها کە باران وەستابوو، دەنگی جۆراوجۆری دەهاتە گوێ، گوێی لە دەنگی تەقە تەقی بەردانە – لە دڵی خۆیدا دەپرسێت ئایا سریەکان بەم شەوە تاریکە دامەزراون، ئایا تۆپەکان گواستراونەتەوە بۆ شوێنانی دی، ئایا پێشقەرەوەڵانی سوپاکە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ڕۆژ بوونەوە بکەن، لە شاخەکە هاتوونەتە خوارێ؟

بە تەنیا نەماوەتەوە، لە پێش زۆر سەربازا گەییوەتە سەرەوە. هەست بە شادمانیەکی منداڵانە دەکات – شادی کەسێک کە گریێک دەباتەوە. ئیدی هیچ تاپۆ وتارماییەکی نەناسراو نایەتە پێشی. بە شەوق وزەوقەوە، بەستە ئازووقەکان دەکەنەوە، تویشە بەرەکان دەکەنەوە، کۆڵە پشتیەکانیان لە لایەکەوە دادەنەن. ماندوویەتیان حەساوەتەوەو نیگەرانیان ڕەواوەتەوە. لە شوێن و بارەگای فەرماندەیی دەپرسێت ودەکەوێتە ڕێ، ئیدی لەم گرووپەوە بۆ ئەو گرووپ دێت و دەڕوات، ئەنجام دەگاتە چادرێکی مشەما کە ستوونانی دراوەتە بەر و هەڵدراوە، چرایەکی کزی تیا دەسووتێ. دنیا تاریکێکی ئەنگوستە چاوە، باران بە خوڕ دەبارێت. پەیامنێرە نزیکبینەکە، بیری دەکەوێتەوە کە وەختایەک خۆی وەبن چادرەکەدا کرد و چاوی بە موریرا سیزار کەوت، هەستی بە چ ئامان و ئاسوودەییەک کرد. عەقید ڕاپۆرتەکان وەردەگرێت و ئەمر دەردەکات. جەوێکی پڕ جۆش وخرۆش وگەرم و گوڕ لە دەوری ئەم تەپڵەکە چکۆلەیەی کە چرا نەوتیەکە لە سەری پرتە پرتیەتی، چێبووە. پەیامنێرە نزیکبینەکە لە بەردەم چادرەکەدا وەکو زۆر جاری دی خۆی بە عارددیا دەدات، دەبیرەوە دەچێت، هەستدەکات کە بوون و پێگەی لێرەدا، وەکو بوون و پێگەی سەگ وایە و بێگومان عەقید موریرا سیزار لە دڵی خۆیدا بە سەگی دەزانێ و حیسابی سەگی بۆ دەکات.

چەند ئەفسەرێکی قوڕاوی دەبینێ کە دێن ودەچن، گوێی لە عەقید تامارینوو دەبێ کە دەگەڵ مێجەر کونیا ماتوس دا باسی ڕەوشەکە دەکات وعەقید موریرا سیزار یەکسەر فەرمان دەدات. عەقید خۆی لە پاڵتۆیەکی ڕەشەوە پێچاوەو لە بەر ڕۆشناییە دووکەڵاوییەکەدا، زۆر پەشێو و شێواو دیارە. تۆ بڵێی ژێراوژێر جەڵتەیەکی دی لێی دابێ؟ دکتۆر سوزا فریرو لە لایەوە وەستاوە.

گوێی لێدەبێ کە عەقید دەڵێت: "عاز بە تۆپخانەکان بدەن کە دەست بە تۆپباران بکەن، با تۆپخانەی کروپ، هۆشدارییان بدەنێ و بەر لەوەی دەست بە هێرش بکەین، با خۆیان نەخەنە تالوکەوەو بۆ خۆ هۆشێ بکەنەوە و بدەنە تای نەرمکێشی."

کە ئەفسەرەکان یەک یەک لە چادرەکە وەدەر دەکەون، ئەو ناچار دەبێ خۆ بداتە لاوە تا نەکەوێتە ژێر دەست و پێوە، عەقید کە بە نەقیب ئولیمپیو کاسترۆ دەڵێت: " بڵێ با شەیپوری ئامادەباشی تیپەکە لێبدەن."

دوای ماوەیەکی کەم، پەیامنێرە نزیکبینەکە، نەوای دوور ودرێژی خەمناک و شووم و ماتەمامێزی ئەو شەیپورە دەژنەوێ، کە لەمە پێش، وەختایەک ئەم قۆشەنە لە کیماداسەوە کەوتبووە ڕێ، گوێی لێ بووبوو. موریرا سیزار، هەڵدەستێتە سەر پێیان، هێشتا پاڵتۆکەی بە شانەوەیە، بەرەو دەرگای چادرەکە دەڕوات. تەوقە دەگەڵ ئەو ئەفسەرانەدا دەکات کە ئامادەی ڕۆیشتنن وهیوای بەختەوەریان بۆ دەخوازێ.

عەقید کە چاوی بەو دەکەوێ دەڵێت: " ئەی ئافەرین، ئاخری توانیت خۆت بگەیەنیتە کانودوس. ڕاستت دەوێ پێم سەیرە، هەرگیز وێنام نەدەکرد، کە تۆ تاقە پەیامنێر بی، کە تا ئێرە لە گەڵماندا بێی." ئەوسا لە ناکاوا پەیامنێرەکە فەرامۆش دەکات وڕوو دەکاتە عەقید تامارێندو. شەیپوری هێرشکردن وسەربڕین لەو کەش و هەوا باراناویەدا لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە. کە بێدەنگی باڵ بە سەر دنیادا دەکێشێت، پەیامنێرە نزیکبینەکە لە ناکاوا گوێی بە دەنگی تووڕەی زەنگان دەزرینگێتەوە. بیری دەکەوێتەوە چۆن بیری لە شتێک دەکردەوە کە لە بیری هەموو ئەوانی دیکەشدا بوو، بێگومان ئەمە "وەڵامی یاخییەکانە." گوێی لێدەبێ کە عەقید دەڵێت: " سبەینێ فراقین لە کانودوس دەخۆین."

هەست دەکات دڵی بە توندی لێدەدات، چونکە کاتێ بە خۆ دەزانێ سبەی بووە بە ئەمڕۆ.

***

بەدەم سووتانەوەیەکی پڕ ئازارەوە بێدار بووەوە. دوو ڕیز مێرولە بە هەر دوو بازوویدا سەردەکەوتن، هەر دوو بازووی سوور بووبوونەوە. سەرە خەواڵوەکەی تەکان داو بە هەردوو لەپی دەستی، کەوتە گیانی مێرولەکان. گالیلیو گال تەمەشایەکی ئاسمانە تاریکەکەی کرد و هەوڵیدا بە مەزەندە بزانێ وەخت کەیە و سەعات چەندە. هەمیشە حەسوودی بە روڤینو، جورما و خانمە ڕدێندارەکە و هەموو خەڵکی ئەو دیارو دەڤەرە دەبرد، کە بە نیوە نیگایەکی هەتاو یان ستێران، دەیانزانی چ سەعاتێکی ڕۆژ یان شەوە، چەند خەوتبوو؟ زۆر نەخەوتبوو، چونکە ئولپینو هێشتا نەزڤڕی بووەوە. کە هەڵاتنی یەکەم ئەستێرەی بینی، ڕاچڵەکی. تۆ بڵێی شتێک قەومابێ؟ تۆ بڵێی ئولپینو، لەوە ترسابێ کە ئەو تا کانودوس ببات، بۆیە هەڵاتبێ وخۆی دزی بێتەوە؟ لە ناکاوا هەستی بە سەرما کرد، زۆر لە مێژبوو هەستی بەم جۆرە سەرمایە نەکردبوو.

دوای چەند سەعاتێک، کە شەوگار هەڵکشاو ئاسمان تەژی ستێران بوو، ئیدی دڵنیابوو کە ئولپینو نەگەڕاوەتەوە و ناشگەڕێتەوە. هەستایە سەر پێیان، بێئەوەی هیچ تەسەورێکی دەربارەی مەقسەدی خۆی هەبێ، ڕووی کردە ئەو چەخەرەی(نیشانەی ڕێگاوبان) کە ئاماژە بوو بۆ سەمتی کاراکاتا. باریکە ڕێگەکە، لە نێو چڕە دارو دەوەنە دڕکاویەکەدا، کە ئازایانی دەڕوشاند، ون بوو. دووبارە بۆ پانتاییە ڕووتەن وکراوەکە زڤڕییەوە. بەهەر تەقەلاییەک بوو خەوی لێکەوت، یەک دنیا خەونی ئاجڕو باجڕی بینی، کە بەیانی لە خەو ڕابوو زۆر بە گۆنگی بیری دەکەوتنەوە. هێندە برسی بوو کە تا ماوەیەکی زۆر کابرای بەڵەدی هەر لە بیر نەما، کەوتە ڕووەک و گیاخواردن و سوکنایی بە سکی بەتاڵی بەخشی، پاشان کەوتە تەمەشاکردنی دەوروبەری خۆی، لە فکران ڕاچوو، گەییە ئەو قەناعەتەی، کە تاقە چار ئەوەیە بە خۆی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوەو چاری ڕێگە هەر ڕۆیشتنە، ئەمەش پێناچێت زەحمەت بێ، ئەویش ئەوەیە کاروانێکی زیارەتکاران بدۆزێتەوەو دوایان بکەوێ. بەڵام ئەم زیارەتکارانە چۆن و لە کوێ بدۆزێتەوە؟ ئەم بیرۆکەیەی کە لەوەیە ئولپینو بە ئانقەست گومڕای کردبێ، بە ڕادەیەک نیگەرانی کردبوو، ناچاربوو لە بیری خۆی بەرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆی لە نێو بێشە چڕو چوغوورردەکەدا بکاتەوە، دار دەستێکی قایمی پەیدا کرد. خورجینە دوو تاییەکەی دا بە شانیا. لە ناکاوا باران دایکرد، سەرمەستی شادی، ئەو

دڵۆپە بارانانەی دەلستەوە کە دەیاندا لە سەرو چاوی، لە نێو دارو درەختەکانەوە، تاپۆی چەند کەسێکی بەدی کرد. بانگی لێکردن، بە شڵپە شڵپ بە نێو ئاوەکەدا، بەرەو نک وان غاریدا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئاخری" جورما و ڕوڤینوی لە نێویاندا ناسییەوە. لە جێی خۆی وشک بوو، لە پشت پەردەی بارانەکەوە، سیمای ئارامی یارۆی بەڵەدی بەدی کرد، بۆی بە دیارکەوت کە پەتێکی لە ملی جورما کردووەو ڕێک وەکو حەیوان لە دووی خۆی ڕای دەکێشێت. سەیری کرد پەتەکەی بەردا، تەمەشایەکی ڕوخساری ترساوی کورتەڵەی کرد. هەرسێکیان چاویان تێبڕی ولە ناکاوا هەستێکی شێواو وناواقیعی دایگرت. روڤینو، کێردێکی بە دەستەوە بوو، چاوەکانی وەکو پشکۆی خەڵوز دەدرەوشایەوە.

گوێی لێبوو بە ڕاوێژێکی زیاتر تەوسامێزەوە نەک تووڕەوە پێی دەڵێت: " ئەگەر تۆ لە جیاتی من بوای نەدەهاتی تا بەرەڤانی لە ژنەکەت بکەی، تۆ کەسێکی بێشەرەفی گال."

هەستێکی باوەڕنەکردەنی بە سەریا زاڵ بوو. دەستە بەتاڵ و خاڵیەکەی هەڵبڕی و ئاماژەیەکی دۆستانەی کرد: " روڤینو، ئێستا وەختی ئەم قسانە نییە. پاشان بۆتی ڕوون دەکەمەوە چ بویەرێک ڕووی دا. ئێستا شتی زەرووری تر لە ئارادایە. هەزاران ژن وپیاو، بە هۆی کۆمەڵێک سیاسەتوانی تەماعکار وچاو چنۆک، لە بەر سێرەی مەرگدان. ئەرکی تۆ..."

لە ناکاوا بۆی دەرکەوت کە بە ئینگلیزی قسان دەکات. روڤینو بەرەو ڕووی هات، گالیلیو پاشەکشەی دەکرد. ئەرزەکە دەریاییەک بوو لە قوڕاو. کورتەڵە لە پشت روڤینووە خەریک بوو پەتەکەی لە جورما دەکردەوە. وای کەوتە بەر گوێ روڤینو دەڵێت: "جارێ بە تەما نیم بتکوژم." وپاشان وەک ئەوەی بڵێت دەیەوێ دوو زللەی مزری لێبدات تا حەیای بەرێ، سووک وڕیسوای بکات. گالیلیو پێکەنینی دەهات. بەرەبەرە فاسیلەکەی نیوانیان کەمتر دەبووەوە. دەبیرەوە چوو: " گوێ لە دەنگی عەقڵ ناگرێت، نە ئێستا گوێ دەگرێت ونە هیچ کاتێکی دیکە." ، ڕق، وەکو شەهوەت وئارەزوو، ئەقڵ لە کاردەخات و بەشەر دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی غەریزی ڕووت. یانی دەبوایە ئەو لە سەر شتێکی سەخیفی وەک ناو گەڵی ژنێک، لە سەر کونە میزی ژنێک بکوژرێ؟ دووبارە کەوتە ئاماژەی دۆستانە ونەرمکێشی، حاڵەتێکی پاڕانەوەو ترسامێزی لە خۆ هێنا. لە هەمان کاتدا حیسابی فاسیلەکەی بەینی خۆیانی کردو وەختایەک روڤینو خەریک بوو دەیگەیشتێ و پەلاماری بدات، گالیلیو تا هێز لە بازوویدا بوو، دار عاسا ئەستوورەکەی پێدا کێشا. روڤینو کەوتە سەر ئەرزەکە. گوێی لە هاواری جورما بوو، بەڵام بەر لەوەی ژنەی تاین فریا بکەوێ و خۆی بگەیەنێتە ئەو، گال دوو زەربەی دیکەی بە سەری روڤینودا کێشا، روڤینو گێژ بوو، کێردەکەی لە دەست بەربووەوەو گال هەڵیگرتەوە، بە دەست جورمای دایە لاوەو بە ئاماژەی دەست لێی گەیاند کە بە نیاز نییە روڤینو بکوژێت.

هەنگێ، سەراپا تووڕە، بەدەم ڕاوەشاندنی کۆڵە مستەوە بەرەو ئەو پیاوەی لە ئەرزەکەدا کەوتبوو، کەوتە هاوار: " هەی کوێری خۆپەرست، هەی نەگبەتی خایەن بە چینی خۆت، چاوت جگە لە دنیا بچووکە بێ ماناکەی خۆت هیچی دی نابینێ؟ شەرەفی پیاو لە ڕوخسار وسیمایدا نییە، لە ناو گەڵی ژنەکەیدا نییە هەی گەمژەی قەل پیاو. هەزاران هەزار خەڵکی بێتاوان لە کانودوس دا هەن. ئەوانە برای تۆن، چارەنووسیان لە خەتەردایە. لەمە تێناگەی؟"

روڤینو، کە وەخۆ هاتبووەوە، سەرێکی لەقاند.

گال، بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ، هاواری بەسەر جۆرمادا کرد: "تۆ تێی بگەیەنە." ژنەی تاین، بەجۆرێ لێی ڕامابوو، وەکو ئەوەی کابرایەکی شێت بێت، یان قەت لە ژیانیا نەیدیبێ. جارێکی دی ئەم هەستەی لا دروست بوو کە هەموو شتێک پووچ وناواقیعیە. بۆچی روڤینوی نەکوشت؟ ئەم قەل پیاوە لێی نابێتەوە تا ئەوپەڕی دنیا دوای دەکەوێ، لەمە دڵنیا بوو. ئیدی بەناو دەوەنە جاڕەکە کەوت، دڕک وزەردە سیری بە لاق و لەتەریا دەچوو، ئازای بەدەنی دەڕوشاند، بە بەر بارانەکەدا غاری دەدا، ئازای لە قوڕا هەڵکشابوو، خۆیشی نەیدەزانی کێوە دەڕوات. هێشتا دارعاسا وخورجینە دوو تاییەکەی پێبوو، بەڵام شەپقە مەکسیکیەکەی ون کردبوو، هەستی بە هەڵبەزو دابەزی بارانەکە، بە سەر سەرییەوە دەکرد. دوای کەمێک – ئیدی چەند خولەکێک بوو یان سەعاتێک – لە غاردان وەستا وبە کاوەخۆ کەوتەڕێ. نە چەخەرێ لە ناو دار ودەوەن ودڕک ودالەکان دیاربوو، نە کوێرە ڕێیەک. لاقی لە قوڕ ڕۆدەچوون وبە ئاسانی هەنگاوی بۆ نەدەنرا. هەستیدەکرد لە ژێر ڕێژنەی بارانەکەدا، دەست دەست ئارەقە دەکاتەوە. لە بن لێوانەوە نەفرەتی لە بەخت وناوچەوانی خۆ دەکرد. دنیا سات بە سات تاریکتر دەبوو، باوەڕی نەدەکرد شەوی بە سەرا هاتووە. ئەنجام وەستا، کەوتە ڕوانین بە دەوروبەری خۆیدا، دەتگوت دەیەوێ لەو دار ودرەختە دڕکاویانە بپاڕێتەوە تا یارمەتی بدەن. دەستێکی هەڵتەکاند، زیاتر لە نائومێدیدا بوو، دووبارە دەستی بە غاردان کردەوە. بەڵام دوای چەند هەنگاوێک لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا، لە ماندوویەتیا چوار پەلی شکابوو، هەناسەیەکی سارد لە گەرووییەوە دەرپەڕی. هەردوو دەستی نایە ئەملا و ئەولای دەمیەوە و تا زاری گرتی هاواری کرد: "روڤینووو! وەرە بۆ ئێرە، من لێرەم. پێویستم بە تۆیە! فریام بکەوە. بمبە بۆ کانودوس. وەرە با کارێکی بە سوود بکەین. با واز لە گەوجایەتی بێنین. تۆ ماوەت هەیە پاشان تۆڵە لە من بکەیتەوە. بمکوژی، بەر زللەم بدەی... روڤینووو..."

گوێی لە هاوارەکەی خۆی بوو کە چۆن لە گەرمەی ڕێژنەی بارانەکەدا دەنگی دەدایەوە. سەراپا لە باراناوەکە هەڵکشابوو، لە سەرما گیانی گەیی بووە کونە لووتی. بە بێ هەدەف ڕێی دەکرد، بەدەم هاوارەوە ناو بە ناو دار عاساکەی بە هەدوو لاقی خۆیدا دەکێشا. دنیا بەرەو تاریک بوون دەچوو. ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، کاتێ بە خۆ دەزانێ شەوی بە سەردا دێت. ڕەنگە ئەمە هەر هەمووی مۆتەکەیەک بووبێ – لە ناکاوا هەردوو لاقی کەوتنە بۆشایی، پێش ئەوەی بگاتە بنی بۆشاییەکە و پێی بە عاردی بگات، زانی کە پێی ناوەتە سەر، کۆمەڵێک چیلکە وچەوێڵ وهەژگ و بژاڵی سەر چاڵکی قووڵ، کەوتە خوارەوە، لە هۆش خۆی نەچوو، بنی چاڵەکە، بە هۆی بارانەکەوە، نەرم بووبووەوە. هەستایەوە، دەستی بە شان و باڵ ولاقە بە ئازارەکانیا کێشا. کێردەکەی روڤینوی بە قەدەوە نەمابوو، دەستی بەملاو بەولادا گێڕا تا بیدۆزێتەوە، دەبیرەوە چوو، هەستیکرد دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبوو، کە بەم کێردە روڤینو دابدوورێ. هەوڵیدا لە چاڵەکە بێتە دەرێ ،لێ پێی داخزی و دووبارە کەوتە خوارەوە. لە سەر ئەرزە تەڕ و نمسارەکە ڕۆنیشت، پشتی بە دیوارەکەوە دا. بەدەم هەستێکی ئاسوودەوە خەوی لێکەوت. لە دەنگی خشە خشی چڵ وگەڵای وشکی ژێر پێیان خەبەری بووەوە. کە هەستی بە گڤەیەکی با، کرد کە بە لای شانیا تێپەڕی لەزگ بوو هاوار بکات، لە تاریک و ڕوونی ناو چاڵەکەدا چاوی بە تیرێکی دارین کەوت کە بە ئەرزەکەدا ڕۆچووبوو.

هاواری کرد: "بەسە! بەسە، تیر مەهاوێژە! من دۆستم، دۆست."

گوێی لە ورتە ورتێک بوو، بوو بە دەنگ، بەردەوام بوو لە سەر هاوار کردن، دارێکی درێژی سەر بە ئاگر، هەڵدرایە ناو چاڵەکەوە. لە تاریکیەکەوە، تارمایی وتاپۆی چەند زەلامێکی لەو دیو مەشخەڵەکەوە بەدی کرد.

پیاوانێکی چەکدار بوون، کە خۆیان وەبن چڵ وچێو وگەڵا دارانەوە دابوو. چەند دەستێک بۆ ناو چاڵەکە شۆڕ کرانەوەو هەڵیان کێشایە سەرەوە. وەختایەک شەرڤان ویاخییەکان لە بەر ڕۆشنایی ئەو مەشخەڵانەدا، کە لە هەوا نمسارەکەی پاش بارانەکە پرتە پرتی دەکرد، سەراپای گالیلیو گالیان بە نیگا دابێژت، ڕوخساری گەش و شاد دیاربوو. ئەوان (یاخییەکان) بەو جلە رووەکیانەوە، فیتفیتۆکە لە مل، قەرەبینا لە شان، کێرد و داس بەدەست، بە تیر وکەوان ورەخت وفیشەکدانەوە، بە جلکە شڕەکانیانەوە، بە ئێلەک ومیداڵی "دڵی مەسیحی موبارەکەوە " سەیریان دەکرد، بۆنیان دەکردو سەریان لەم بوونەوەرە سەیرە سوڕمابوو، نەیاندەزانی لە خانەی چ جۆرە بینادەمانێکی دابنەن. گال بەردەوام داوای لێدەکردن کە بۆ کانودوسی ببەن: دەتوانێ خزمەتیان بکات و یارمەتی مورشید بدات، گەمەی سیاسەتوانە بورژوا گەندەڵەکان وئەفسەرانی سوپایان بۆ کەشف بکات، ئەوانەی کە ئەمانیان کردبوو بە قوربانی خۆیان. هەوڵیدەدا بە جوڵەی دەست، وشەکانی ڕەوانترو کاریگەرتر بکات و قەرەبووی زمانە پورتوگالیە سەر و گوێ شکاوەکەی بکاتەوە. بە چاوانی ئەبڵەق و پڕسۆز وگۆدازەوە، نیگای لەمەوە بۆ ئەو دەگواستەوە. ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانەی دوورو درێژی هەبوو، هاوڕێیان جارەهای جار، شانبەشانی میللەت خەباتی کردبوو ودەیویست لە چارەنووسی ئەواندا شەریک ببێت.

گوێی لە یەکێکیان بوو کە دەیگوت: "سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک."

ئایا پێیان ڕادەبوارد؟ دیسان بە دەمە لالکێوە کەوتە قسان، هەوڵیدا بە سەر ئەو بێ تواناییەی خۆیدا، کە بەرەبەرە بە سەریا زاڵ دەبوو، سەر بکەوێ، چونکە دەیزانی ئەو شتانەی کە ئەو دەیانڵێت، ئەو شتانە نییە کە دەیەوێ بیانڵێت، ئەو قسانەی کە لەگینە ئەم پیاوانە تێی بگەن. تەواو پەشۆکا بوو، ورەی بەردابوو، بە تایبەتی کە دەیبینی، شەرڤان ویاخییەکان لە بەر ڕۆشنایی لەرزۆکی مەشخەڵەکاندا، نیگا دەگۆڕنەوەو ئاماژە بۆ یەکدی دەکەن وپێدەچێ بەزەییان بە حالّیا بێتەوە، کە پێدەکەنن دەبینێ کە یەک دوو ددانیان کەوتووە. بەڵێ قسەکانی ئەو لە وڕاوە دەچوون. بەڵام دەبوایە باوەڕی پێبکەن! زۆری زەحمەت کێشابوو تا بگاتە کانودوس، بەڵام نها لێرە بوو ودەیویست یارمەتیان بدات. ئەو ئاگرەی کە ستەمکاران وایان وێنا دەکرد لە دنیادا کوژاوەتەوە نها، بە فەزڵی ئەوان دووبارە هەڵگیرسابووەوە. دووبارە لە هەنبەر ڕەفتارو هەڵوێستی بێموبالاتی ئەو پیاوە ڕووەک پۆشانە کە جگە لە نیشانەی فزولیەت وهاوسۆزی هیچی تریان پێوە دیار نەبوو، دڵسارد ونائومێد، بێدەنگ بوو. لە جێی خۆی وەستابوو، دەستی بڵاوکردبوونەوەو هەستی دەکرد چاوەکانی تەژی ڕوندک بوون. لێرە چی دەکرد؟ چۆن کەوتبووە داوێکەوە کە نەجات بوونی نەبوو، هەمیشە قەناعەتی وابوو کە بە هەموو توانایەکی خۆیەوە بەشداری لە پرۆژەیەکی مەزندا دەکات، پرۆژەی گۆڕینی دنیا، بۆ دنیایەک کە ئەوەندە دڕندەو کێوی نەبێت. یەکێک لە پیاوەکان کەوتە دڵدانەوەی کە پێویست ناکات بترسێت: ئەو خەڵکانەی کە ئەو باسیان دەکات هەر هەموویان ماسۆنی وپروتستانت ونۆکەری مەسیحی دەجالن، مورشید ومەسیحی موبارەک لەوان بەهێزترن. ئەو پیاوەی قسەی دەکرد کابرایەکی دەم وچاو باریکی درێژکۆڵەی چاو بچکۆلە بوو. زۆر بە ئارامی و بە ڕوونی هەر وشەیەکی دەدرکاند: کە کاتی بێ، پاشایەک بە نێوی سباستیاو لە بنی دەریاوە ڕادەبێ و بۆ بیلومونتە سەردەکەوێ، پێویست ناکا بگری، باڵی فریشتە بێ گوناحان مەسح دەکات. دەیان پارێزێ، ئەگەر کافرو بیدعەتچیان بیکوژن، باب (خوا) زندووی دەکاتەوە. گال حەزی دەکرد لە وەڵامی کابرادا بڵێ هەق بەوانە، چونکە لە ڕێگەی ئەو قسە دڵخۆشکەرانەوە کە دەیانکرد تا گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەستی بە حەقیقەتی جەنگێک دەکرد کە بەڕێوە بوو، جەنگێک لە نێوان خێر وشەڕا، خێرێ کە هەژاران، چەوساوان و تالانکراوان نوێنەرایەتیان دەکرد و، شەڕێ کە دەوڵەمەندان و سوپا نوێنەرایەتیان دەکرد وهەرکاتێ ئەم جەنگە تەواو ببێت ئیدی سەردەمی

برایەتیەکی جیهانی دەست پێدەکات. بەڵام هەرچی سەری دێنا وسەری دەبرد نەیدەتوانی وشەیێن گونجاو بدۆزێتەوەو، هەستیکرد بۆیە نەوازشی دەکەن، چونکە کە دیتیان دەگری، دڵیان بە حاڵی سووتا وبەزەییان پێدا هاتەوە. بە ئاستەمێک وبە نیوە چڵی لە هەندێ وشە وقسەیان حاڵی بوو: ماچی هەڵبژاردە، ڕۆژێ دێ دەوڵەمەند دەبێت، دەبێ نوێژ ونزا بکات.

ئەنجام باسکی ئەو پیاوەی گرت کە قسەی دەکرد و توانی بڵێت: " دەمەوێ بڕۆم بۆ کانودوس. لەگەڵ خۆتانم ببەن. دەتوانم دواتان بکەوم؟"

یەکێک لە یاخییەکان، ئاماژەی بۆ لوتکەی شاخەکە کرد وبەرسڤی دایەوە: " نابێ، سەگەکان لەو سەرەن. سەرت دەبڕن. لە پەنایەکدا خۆت بشارەوە کە ئەمانە دوایان بڕایەوە، هەنگێ دەتوانی بە کەماڵی ئیسراحەت بۆ کانودوس بێیت. " دەستی خاترخوازیان بۆ تەکان دا وبڵاوەیان لێکرد، حایر وحەپەساو بەو شەوە تاریکە بە تەنیا بە جێیان هێشت، قسەیەکی نوکتە ئاسای تەوسامێز لە گوێیدا دەزرینگایەوە: "سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک." چەند هەنگاوێکی نا، بە تەما بوو دوایان بکەوێ، بەڵام لە ناکاوا نەیزەکێک ڕێی پێگرت، لێی داو خستیە سەر ئەرزەکە. تا لەگەڵ کابرا تێنەگیرا نەیزانی ئەمە روڤینویەو بە بێدەنگی داگژانە سەر وگوێلاکی یەکدی، لەو دەمەدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو دوو پەڵە بچووکە ڕوناکەی کە وەکو جیوە لە دوای یاخییەکانەوە دەدرەوشایەوە چاوانی روڤینو بووە. باشە چاوەڕوانی ئەوە بووە پیاوەکانی کانودوس بڕۆن تا پەلاماری بدات؟ جنێویان بە یەکدی نەدەدا، بەدەم شەڕە مستەوە لە ناو قوڕاوی بێشەکەدا هانکە هانکیان پێکەوتبوو. باران دایکردەوە، گال گوێی لە گرمە گرمی هەور وشۆڕە شۆڕی باران بوو. تووند وتیژی حەیوانیانەی هەردووکیان کردیە کارێک کە گال لە نائومێدی بخەلەسێت ومانایەکی هەنووکەیی بە ژیانی ببەخشێت. لە کاتێکا مستی دەوەشان، شاپی دەهاوێشت وکەللەی دەوەشان، گوێی لە هاواری ژنێک بوو کە بێگومان جورما بوو وبانگی روڤینوی دەکرد، لە هەمان کاتدا هاواری کورتەڵەش بەرز بووەوە کە جورمای بانگ دەکرد. بەڵام زۆری نەبرد کە دەنگی شەیپورانی سەر شاخەکە وزەنگی کڵێساکان هەموو دەنگ وهاوارەکانی وەژێرەوە کرد. دەتگوت نەوای ئەو شەیپورو زەنگانە، کە گال لە مانایان حاڵی دەبوو، هاتبوونە کۆمەکی ئەو، نها بە تین و تاوێکی زیاترەوە شەڕی دەکرد. نە هەستی بە ماندوو بوون دەکرد، نە بە ئازار. بەردەوام دەکەوت وهەڵدەستایەوە، نەیدەزانی ئەوەی بە سەراپایدا دادەچۆڕا ئارەقەیە یان بارانە یان خوێنە. لە ناکاوا روڤینو، لە دەستی دەرچوو و لە چاو ون بوو، گوێی لە تەپەی شتێک بوو کە کەوتە چاڵەکەوە. گال، بەدەم هانکە هانکەوە لەوێندر ڕاکشا، دەستی بە قەراخ چاڵەکەدا هێنا کە ئەنجامی ئەم شەڕەی یەکلایی کردبووەوە، دەبیرەوە چوو، ئەمە یەکەم خۆشبەختیەک بوو کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هاتبووە ڕێی.

لە کاتێکا توورەیی ئەوکی گرتبوو هاواریکرد: "هەی کەری سەرسەخت! هەی شێت وشوور! قەل پیاوی لە خۆ بایی! هەی زۆڵی کەللە ڕەق! من دژمنی تۆ نیم. ئەوانە دژمنی تۆن کە خەریکی شەیپور لێدانن. گوێت لێ نییە؟ ئەوە لە تۆماوی من وناو لنگی ژنەکەی گرینگترە کە وەکو بورژوایانی کەر، ئەو کونە میزە بە شەرەفی خۆت دەزانی."

جارێکی دی بۆی دەرکەوت کە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد. بە زەحمەت هەستایە سەر پێیان. بارانێکی بە خوڕ دەباری، ئەو باراناوەی دەڕژایە زاری کراوەی ئەوەوە زۆر خۆش وبەتام بوو. بە شەلە شەل، کە وادیار بوو بە سەدەمی کەوتنە ناو چاڵەکە یان شەڕەکەیەوە، ئازاری پێگەیی بێ، بەنێو بێشەکەدا کەوتە ڕێ. هەوڵیدا بە دەنگی

خەمناکی ماتەمبارانەی شەیپورەکان یان نەوای سەنگینی زەنگەکان، ئاراستەی ڕێگاکەی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم دەنگانە لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە گوێ. لەم کاتەدا شتێک لە لاقی نەوی، کەوتە سەر ئەرزەکە، دەمی پڕ بوو لە قوڕ وخۆڵ. کەوتە لەقە فرتێ وهەوڵیدا خۆی دەربازبکات ولە هەمان کاتدا گوێی بە ناڵینی کورتەڵە زرینگایەوە.

کورتەڵە، کە بە ترسەوە خۆی بەوەوە هەڵواسی بوو، بە دەنگە زیقاوڵەکەی و بە گریانەوە، هاواریکرد: " گال بە تەنیا بە جێم مەهێڵە، بە تەنیا لێرە بەرەڵلام مەکە. گوێت لە دەنگی ئەو تەقینەوانە نییە؟ مەگەر نازانی ئەو دەنگانە چین گال؟"

دیسان، هەستیکرد هەموو ئەمە مۆتەکەیە، ناواقیعیە، خەیاڵ پڵاوێکی بێهودەیە. بیری کەوتەوە کە کورتەڵە لە تاریکیدا هەموو شتێک دەبینێ، ژنە ڕدێندارەکەش هەندێجار بە گوربە وبە کوند بانگی دەکات. لە ڕادەبەدەر ماندوو بوو، لە شەکەتیا هەر لەوێ ڕاکشا، گوێی لە ئاهو ناڵە وپاڕانەوەی کورتەڵە بوو کە لێکدا لێکدا دەیگوت نایەوێ بمرێت. دەستێکی هەڵبڕی بۆ سەر شانی وکەمێک شێلای، بەو حاڵەوە گوێی هەڵخست. بێگومان گرم و هۆڕی مەترەلۆز بوو. ناو بە ناو گوێی لەو گرمە گرمە دەبوو، هەوەڵجار وای بۆ دەچوو کە دەنگی دەهۆڵی گەورە بێ. بەڵام نها دڵنیا بوو کە دەنگی تۆپخانەیە. وادیار بوو تۆپی بچووک بن یان هەر هاوەن بێ. بەڵام خۆ ئەگەر هەر هاوەنیش بوایە، بەس بوو بۆ ئەوەی کانودوس ژێرو ژوور بکات، تۆزی ببات بە ئاسمانا. هێندە شەکەت بوو، کە یا بورایەوە یان وەکو بەرد کەوت وخەو بردییەوە.

یەکەم شت کە هەستی پێکرد، ئەمە بوو کە لە تاریک وڕوونی سپێدەدا، لە سەرما بێدار بووەوەو وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی. گوێی لە دەنگی دانە چۆقەی کورتەڵە بوو، سەیری کرد چاوەکانی لە ترسا کەوتوونەتە پرتە پرت. هەڵبەتە یارۆی کورتەڵە لەم ماوەیەدا لە سەر لاقی ڕاستی گال خەوتبوو، چونکە لاقی ڕاستی تەزی بوو. بەرەبەرە وەخۆ هاتەوە، چەند جارێک چاوی هەڵێنا، سەیری دەوروبەری کرد، پارچەی یونیفۆرمان، پۆستاڵ، پاڵتۆ، قسعە، کۆڵەپشتی، کیفی شمشێرو سەرنێزە، چەند خاچێکی خوارو خێچ، بە دار و درەختەکانەوە هەڵواسرابوون. کورتەڵە بە چاوانی ئەبڵەق وزمانی بەستراوەوە سەیری ئەو شتە دالەقاوانەی(دالەقاو:هەڵواسراو) دەکردو بە شتی نەدەزانین، بەڵکو بە تاپۆ وتارمایی ئەو زەلامانەی دەزانی کە ئەو شتانەیان لەبەر دەکرد. واتە کەل و پەلەکانی لێ بووبوون بە بەشەر. گال دەبیرەوە چوو: " ئەنجام ئەوان، ئەم پیاوانەیان لە نێو برد." گوێی هەڵخست، بەڵێ دیسان دەنگی تۆپبارانە. باران چەند سەعاتێ بوو خۆشی کردبووەوە؛ هەموو دەورو بەری وشک بووبووەوە، بەڵام سەرما ئێسقانەکانیشی چایاندبوو. وێڕای لاوازی و ئازارەکانی بە هەر گیانە سەرییەک بوو هەستا. دەستی بۆ ناو قەدی برد، هێشتا کێردەکەی روڤینوی پێ مابوو، دەبیرەوە چوو، وەختایەک دەگەڵ روڤینودا بە شەڕ هات، هەر بیریشی نەبوو ئەو کێردە بەکار بێنێت. باشە بۆ لەم جاری دووەمەشا هەوڵینەدابوو ئەو پیاوە بکوژێ؟ جارێکی دی گوێی لە دەنگی تۆپباران بوو، ئەمجارەیان زۆر ئاشکرا بوو، گوێی لە نەوای شەیپوران بوو، نەوایەکی خەمناکی ماتەم ئامێز. وەکو ئەوەی خەون بدینێ، روڤینو وجورمای بینی کە لە نێو درەختەکانەوە دەهاتنە دەرەوە. روڤینو زۆر شەکەت دیار بوو، پێدەچوو ئازاری پێگەیی بێت، چونکە خۆی بە جورماوە گرتبوو. گال، هەر بە سەلیقە بۆی بەدیارکەوت کە روڤینو، هەموو شەوەکە، بەو تاریکییە سەرانسەری بێشەکەی بە دوای ئەودا تەی کردبوو. سەرسەختی و کەللە ڕەقی ئەو پیاوەو بێ ئاوەزییەکەی و ڕژدبوونی لە سەر کوشتنی ئەم، گالی زۆر تووڕەو پەست کرد.

دوو به دوو چاویان له دوڕ چاوی یەکدی بڕی. گال هەستی کرد دەلەرزێ. کێردەکەی لە کێلانەکەی قەدی دەرهێنا وئاماژەی بۆ ئەو سەمتە کرد کە دەنگی شەیپورەکانی لێوە دەهات. بە ڕاوێژێکی ئارام وسەنگین گوتی: " گوێت لەو دەنگانەیە؟ برایەکانت لە ژێر ڕەحمەتی تۆپباراندان، وەکو مێش دەکوژرێن. تۆ نەت هێشت بچم بۆ لایان و پەیوەندیان پێوە بکەم ولە گەڵ ئەواندا بمرم. کارێکت کرد کە وەکو لێبۆکێکی گەمژە ڕەفتار بکەم."

روڤینو، شتێکی بە دەستەوە بوو کە لە خەنجەری دارین دەچوو. بینی جورمای لادایە لاوەو خۆی بۆ هێرش ئامادە دەکات. گوێی لێبوو دەڵێت: " کە زۆڵێکی بەد نمەکی گالی سەخیف. تۆ سەری زمان و بنی زمانت هەژارانە، بەڵام خیانەت لە هاوڕێکەت دەکەیت وبێ حورمەتی بەماڵێک دەکەی کە پەنای داویت، کە بە میوانی ڕای گرتوویت."

گال، پەلاماری دا، تووڕەیی کوێری کردبوو، زۆر بە توندی داگژانە سەرو گوێلاکی یەکدی، دەستیان نەدەپاراست، جورما حایرو حەپەساو، شەکەت وماندوو، گێژ وحۆل تەمەشای دەکردن. کورتەڵە لە ترسا لوول بووبوو. گال بۆڵاندی : " روڤینو، چاک بزانە من لە سەر ئەمە نامرم. ژیانی من لە چەند دڵۆپە تۆماوێک بەنرخترە، هەی بەدبەخت."

ئەم جووتە، لە سەر ئەرزەکە یەکیان دەگەوزاند کە دوو سەرباز بە ڕاکە ڕاک پەیدا بوون. کە چاویان بەوان کەوت، لە جێی خۆیان وەستان. یونیفۆرمەکەیان دڕابوو، یەکێکیان پۆستاڵی لە پێ نەبوو، بەڵام هەردووکیان تفەنگەکانیان پێبوو.

کورتەڵە، سەری داخست، جورما بەرەو پیریان چوو وڕێک لە بەر لوولەی تفەنگەکانیان وەستا و کەوتە لاڤە و پاڕانەوە: "تەقە مەکەن، ئەمانە لە خێڵی یاخییەکان نین..." بەڵام سەربازەکان دەستپڕێژیان لە هەر دوو نەیارەکە کرد و ئەوسا پڕیاندایە جورما و وەکو بەراز بە مرە مڕ ڕایانکێشا بۆ ئەرزە وشکەکەی ژێر درەختەکان. کابرای بەڵەد (روڤینو) و کاژەڵەناس (گال) هەر دوو بریندار و کۆڵەوار، لە سەر شەڕی خۆیان بەردەوام بوون.

***

ماریا کوادرادو، دەبیرەوە چوو: " دەبێ خۆشحاڵ بم، وەکو دیارە عەزابی جەستەییم لە کۆڵ دەبێتەوەو بە دیداری خوداو پاکیزەی موبارەک شاد دەبم." بەڵام ترس چوار پەلی شکاندبوو، هەرچەندە هەموو هەوڵێکی خستبووە کار کە ژنانی "سروودخوان" هەست بەو ترسە نەکەن. ئەگەر هەستیان پێکردبا، ئەوانیش لە ترسا لە پەل وپۆ دەکەوتن وهەموو ئەو دام ودەزگایەی کە بۆ مداراو پەرستاری مورشید دروست بووبوو هەڵدەوەشایەوە. ئاخر دڵنیا بوو کە کۆرس و تیمی سروودخوانانی موبارەک لە چەند سەعاتی داهاتوودا لە هەر کاتێکی دی زیاتر پێویست دەبوو. لە خودا پاڕایەوە کە لەو ترسنۆکییەی خۆش بێت و، لە هەمان کاتدا کە مورشید پێشوازی لە موریدەکانی دەکرد، ژنەی تاین وەکو هەمیشە هەوڵیدا نوێژ بکات، هەروەها ژنەکانی دیکەشی فێرکردبوو کە لەو کاتەدا نوێژ ونزا بکەن، هەوڵیدا نوێژ بکات، بەڵام هەرچی دەکرد نەیدەتوانی، زەینی خۆی بە تەواوی بە نوێژو نزایەکە بسپێرێ.

ئەبوت جواو وجواوە زلە ئیدی پێداگریان لە سەر بردنی مورشید بۆ پەناگە نەدەکرد، بەڵام داروغەی کانودوس هەوڵیدەدا نەیەڵێت بە سەر سەنگەرەکاندا بگەڕێ – ئاخر ئەگەر بەو جۆرە و بەبێ هیچ حەرەس و حیمایەیەک بێتەدەرێ، دوور نییە لە ناخافڵێکا تووشی شەڕ ببێت.

مورشید، قەت گەنگەشە ومجادەلەی نەدەکرد، ئەمجارەش ئەو کارەی نەکرد. سەری (شێرۆی ناتوبا)ی لە سەر ئەژنۆی لابردو بێئەوەی لە خەو بێداری بکاتەوە، بە ئارامی نایە سەر ئەرزەکە. هەستایە سەر پێیان، ئەبوت جواووجواوە زلەش هەستانە سەرپێ. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، لاوازتر بووبوو، نها لە جاران زۆر درێژتر دیار بوو. ماریا کوادرادو، کە مورشیدی بەو پەرێشانیە بینی تەزوویەک بە گازەرای پشتیا هات: خەمێکی قووڵ نیشتبووە سەر چاوەکانی و چاوی بچووک بووبوونەوە، دەمی بە ئاستەمێک کرابووەوە، لە تۆ وایە خەبەری شەڕێکی پەنهانی پێیە.

ژنەی تاین هەر لەوێدا بڕیاری دا کە بە گەڵ مورشید بکەوێت. هەڵبەتە هەموو کاتێ وای نەدەکرد، بە تایبەتی لەو چەند هەفتەیەی دواییدا کە گاردی کاتۆلیک، بە هۆی قەرەباڵغی خەڵکیەوە لە جادە و کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا، ناچار بوو دیوارێکی قایم لە دەوری مورشید دروست بکات وماریا کوادرادو وتیمی ژنانی سروودخوان نەیاندەتوانی بە ئاسانی لە مورشید نزیک ببنەوە. بەڵام نها، لە ناکاوا ئەو هەستەی لە نک چێبوو کە پێویستە لە گەڵ مورشیدا بڕوات. ئاماژەیەکی کردو ژنانی سروودخوان لە دەوری خڕبوونەوە. لە دوای پیاوەکانەوە هاتنەدەرێ و شێرۆی ناتوبایان بە خەوتووی لە خەڵوەتخانەکەدا بەجێهێشت.

هەرکە مورشید لە دەرگای خەڵوەتخانەکە وەدیارکەوت، ئاپۆڕای خەڵکەکە، بە جۆرێ خڕبووەوە کە ڕێگەی لێ نەدەهاتە گرتن، بە ئاماژەیەکی جواوە زلە، کۆمەڵێک پیاو بە بازووبەندی شینەوە لە مەیدانە کراوەکەی نێوان کڵێسای (سانتو ئانتونیو) و پەرستگە نیوە تەواو کراوەکەدا، ڕیزیان بەست، تا جەماعەتی زیارەتکاران کە تازە گەیی بوونە جێ، ڕێک بخەن و، دەوری مورشید بگرن کە بە جادە تەنگەکەی شەهیدانا، بەرەو ئاس ئومبورناس دەڕۆیی.

ماریا کوادرادو، کە ژنانی سروودخوان دەوریان دابوو، بە هەڵەداوان بە دووی مورشیدا دەڕۆیی، ڕێپێوانەکەی خۆی لە سلڤادورەوە بۆ مونتە سانتو بیرکەوتەوە، ئەو گەنجە سارانشینەی بیرکەوتەوە کە دەست درێژی سێکسی کردبووە سەری و ئەمیش دڵی بە حاڵی ئەو گەنجە سووتا بوو. ئەمە نیشانەیەکی خراپ بوو. تەنیا ئەو کاتە گەورەترین هەڵە و خەتای ژیانی خۆی بیر دەکەوتەوە، کە زۆر نائومێد وخەمبار بوایە. چەندەها جار لەم خەتایەی خۆی ژێوان بووبووەوە، داوای بەخشینی کردبوو، بە ئاشکرا دانی پێدا نابوو، دابووی بە گوێی قەشەی کڵێسایاندا، جۆرەها کەفارەی دابوو. بەڵام ئەم گوناح و خەتا قورسە هێشتا لە قوڵایی یادگەیدا هەر مابووەوەو ناو بە ناو سەر دەکەوتە سەرەوە تا عەزابی روحی بدات.

هەستیکرد، لە نێو هەراو هەنگامەی "بژی مورشید" دا هەندێ هورا و هاواری دیکەش هەن کە ناوی ئەو دەبەن: دایکە ماریا کوادرادو! دایە ماریا کوادرادو!" دەنگانێ بوون کە ئەویان بانگ دەکرد. ئەم خۆشەویستیە بەلای ئەوەوە داوێک بوو شەیتان بۆی نابووەوە. لە هەوەڵەوە لە دڵی خۆیدا گوتی ئەوانەی کە داوای شەفاعەتی ئەویان دەکرد، زیارەتکارانی خەڵکی مونتە سانتو بوون، کە لەوێوە دەیانناسی. بەڵام ئەنجام بۆی دەرکەوتبوو کە ئەو ڕێزەی لەوی دەنەن، بەرەنجامی ئەو ساڵە دوور و درێژانەیە کە وەقفی خزمەتی مورشیدی کردبوو و، خەڵکی باوەڕیان وابوو کە مورشید لەو ساڵانەدا موبارەکی خۆی بەویش بەخشیوە.

سۆز وگودازو، جۆش وخرۆشی پڕ تین وتاوی خەڵکەکە و، بێ و برۆ بە ڕێگەوبان و کوچە و کۆڵانە پێچاوپێچ و بە ناو کوختە تێکڕژاوەکانی بیلو مونتەدا، کردیە کارێک کە سەرپەرشتیارەکەی ژنانی سروودخوان بەرەبەرە نیگەرانی وخەمەکانی خۆی لە بیر بچێتەوە. دەنگی پاچ وبێڵ، دەنگی وەشاندنی چەکوش وتۆخماخ، ئەوەی

دەگەیاند کە کانودوس خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات. گوندەکە گۆڕابوو، وەکو ئەوە بوو، شەڕ بەر دەرکەی هەموو ماڵێکی گرتبێ. پیاوانێکی بینی کە لە سەربانی خانووەکانیان حەشارگەی بچووکیان دروست دەکرد کە پێشتریش ئەو جۆرە حەشارگانەی بە سەر درەختانی بێشەکەوە بینی بوو، کە پیاوان بۆ ڕاوی دوڕە شێر خۆیان تیا مەڵاس دەدا. تەنانەت لە ناو ماڵەکانیشدا، پیاوان و ژنان و منداڵان دەستیان لە کار هەڵدەگرت و هێمای خاچیان دەکێشا، سەنگەریان لێدەدا و گونیە خۆڵیان هەڵدەچنی. هەر هەموویان قەرەبینا ، شمخاڵ (تفەنگی شینکی) قەمە، تەور زین، کوتەک، کێردو ڕەخت وفیشەکدانیان پێبوو، تەنانەت هەندێکیان ئاسنەواڵە وکەڤر و بەردیانیش کەڵەکە دەکرد.

ئەو ڕێگەیەی کە بۆ ئاس ئومبوراناس دەچوو، فەزایەکی کراوەی ئەمبەر وئەوبەری جۆگەلەیەک بوو. ئیدی گاردی کاتولیک ناچار بوو کۆرسی ژنانی سروودخوان، بەو ڕێگا پڕچاڵ وچۆڵەدا ببات.

جگە لەو سەنگەر وچاڵە گەورەیەی کە ماریا کوادرادو لە دوای ڕێ و ڕەسمی ڕێپێوانەکەیا بیرەدا، دیتبووی، کۆمەڵێک سەنگەر وخەندەکی دی لەم بەر ولەوبەری جۆگاکەوە لێدرابوون، کە لە ناو هەر یەکێکیاندا پیاوێ دووان هەبوون، گڵیان بە چوار دەوری سەنگەرەکاندا هەڵدابووەوە، تا هەم سەریان دیار نەبێ و هەم لوولەی تفەنگەکانیان بخەنە سەری.

هاتنی مورشید، شادی وخۆشحاڵی خستە دڵی هەمووانەوە. ئەو کەسانەی کە سەنگەریان لێدەدا یان گونیە خۆڵیان دەگواستەوە، بە هەڵەداوان چوون تا گوێ لە قسەکانی بگرن. ماریا کوادرادو، کە لە پشت دوو ڕیز گاردی کاتولیکەوەو لە لای ئەو گالیسکەیەوە وەستابوو کە مورشید بەسەریەوە بوو، دەیتوانی دەیان پیاوی چەکدار لە ناو سەنگەرەکاندا بدینێت کە هەندێکیان بە شێوەیەکی کومیدی خەویان لێکەوتبوو، و بەو هەموو هەرا و زەنایەش بێدار نەبووبوونەوە. بە خەیاڵ ئەمانەی دێنایە بەرچاوی خۆی، کە بە درێژایی شەو پاسەوانی و شەونخونیان کردووەو لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بەرگری لە بیلومونتە بکەن و دژی لەشکری شەیتانی گەورە بوەستنەوە.

هەر هەموویانی خۆشدەویست، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەنیەیان بسڕێ وئاویان بداتێ و نانی تازەیان بداتێ و مژدەی ئەوەیان بداتێ کە "باب" و "دایکی موبارەک" لە پاداشتی ئەم خزمەتەیاندا، لە هەموو گوناحەکانیان خۆش دەبن.

مورشید دەستی بە قسان کرد، هەموو هەرا و زەناکە نیشتەوە. نە باسی کافرانی دەکرد و نە باسی باوەڕداران و بژاردە، بەڵکو باسی ئەو ژانەی دەکرد کە چووبووە دڵی مریەمەوە، وەختایەک بەگوێرەی یاسا ورێسای یەهوودیان، کوڕە هەشت ڕۆژانەکەی بۆ پەرستگە بردبوو، تا بە بۆنەی خەتەنە سوورانەوە خوێنی بێتە ڕژان. مورشید بە ڕاوێژێ قسەی دەکرد، کە قولایی روحی ماریا کوادرادوی دەهەژاند – هەستی دەکرد ئەوانی دیکەش هەمان حاڵی ئەویان بەسەر هاتووە – باسی دەکرد کە چۆن مەسیح بەو منداڵیەی خۆیەوە، یەکسەر دوای خەتەنەکە دەستە چکۆلەکانی بۆ دایکی موبارەک درێژکردبوو کە فریای بکەوێ، کە چۆن گریەکەی لە بارەی بەرخۆلەیەک چووبوو، کاری لە روحی پاکیزەی دایکی کردبوو. ڕێک لەو کاتەدا لە ناکاوا باران دایکردبوو. ئیدی هەمهەمەو بە چۆکدا هاتنی ئاپۆڕای خەڵکەکە لە هەنبەر ئەم دەلیلەدا کە نیشانەی ئەوە بوو ڕەگەزەکانی سروشتیش، لە باندۆر وکاریگەری قسەکانی مورشید بەدەر نەبوون، ماریا کوادرادویان گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە برایان وخوشکان، لەو پەرجووە حاڵی بوون کە نها ڕووی دابوو.

ئەلکساندرینا کوریا لە بن لێوانەوە گوتی: " دایکە ئەمە نیشانەیە؟ " ماریا کوادرادو سەری ئەرێی لەقاند. مورشید گوتی پێویستە خەڵکی ئەو نالین و ئاخینە بژنەون کە مریەم وەختایەک بینی ئەو نەو گوڵە نازدارەی لە هەوەڵی تەمەنیەوە بە خوێنی خۆی غوسڵی تەعمید کرا و چۆن ئەو ڕوندەکەی لە چاوانی مەسیح دەڕژا، نموونە و ڕەمزی ئەو ئەشکە بوو، کە ڕۆژانە خاتوون و سەروەری مە، لە بەر گوناحباری و ترسنۆکی ئەو پیاوانەی دەڕشت، کە وەکو قەشەی ئەو پەرستگەیەی بووبووە مایەی ئەوەی خوێنی مەسیح بێتە ڕشتن. لەو کاتەدا چکۆلەی موبارەک گەییە جێ، کەژاوەیەکی بە دواوە بوو، کە ئیکۆنە و شەمایلی کڵێساکانی، لە گەڵ ئەو سەندووقە شووشەییەدا هەڵگرتبوو کە وێنەیەکی مەسیحی موبارەکی تیا بوو. یەکێک لەوانەی تازە گەیی بوونە جێ شێرۆی ناتوبا بوو، کە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا بە زەحمەت دەبینرا، پشتی عەینی داس چەمابوو، ئازای لە باراناوا هەڵکشابوو. گاردی کاتولیک، چکۆلەی موبارەک و کاتبەکەیان هەڵگرت و گەیاندیاننە جێگەی دروستی خۆیان.

وەختایەک کەژاوەکە دووبارە بەرەو ڕوباری "فازا باریس" کەوتەڕێ، باران دنیای خوساندبووەوە، قوڕو چڵپاوێ بوو بەراز لێی دەرنەدەچوو، مورید و بژاردەکان، بە زەحمەت، بەناو قوڕەکەدا دەچوونە پێشێ. زۆری پێنەچوو کە پەیکەر وشەمایل وبەیداخەکان، تەڕی تەڕ بوون و ڕەنگیان گۆڕاو بوون بە خەرقە. باران بە ڕێژنە دادەباریە سەر ڕوبارەکە و مورشید لە سەر چەند بەرمیلێک وەستابوو و باسی شتێکی دەکرد، پێدەچوو باسی شەڕ بکات، دەنگی زۆر نزم بوو، نزیکترین کەسانی دەوروبەریشی بە ئاستەم گوێیان لێدەبوو، بەڵام ئەوەی دەیانبیست بۆ ئەوانەی پاش خۆیانیانەوە دووبارە دەکردەوە، ئەوانیش دەیانگەیاندە ئەوانەی دواترەوە، ئیدی بەوجۆرە قسەکان ئەڵقە بە ئەڵقە دەگەیەنران.

بەدەم ئاماژەوە بۆ کڵێساکەی گوتی دەبێ سەرو بەدەن لە هەموو حاڵێکا یەک و یەکگرتوو بن، دەنا نە بەدەن بە تەنیا دەژی ونە سەر. ماریا کوادرادو، کە تا ئەژنۆی لە قوڕی گەرما ڕۆچووبوو، هەستیکرد ئەو بەرخۆلەیەی کە ئالکساندرینیا کوریا پەتەکەی بەدەستەوە گرتبوو، خۆی لە ئەژنۆی هەڵدەسوێ، ئەوەی لە قسەکانی مورشید هەڵێنجا کە ئاماژە بۆ ئەو یەکێتیە بتەوە دەکات کە پێویستە لە کاتی شەڕا، لە نێوان موریدە بژاردەکان و خۆی و باب وکوڕ و ڕوحل قودسدا هەبێت، ئەوەندە بەس بوو تەمەشایەکی ڕوخساری ئەوانەی دەوروبەری بکات تا بۆی بەدیار بکەوێ کە هەمووان وەکو ئەو، لەمە حاڵی بووبن کە مورشید وەختایەک دەڵێت ئیماندارانی ڕاستگۆ لە شەڕا وەکو ئەژدیها جەنگاوەرو لە ئاشتیا لە کۆتر پاکترن، مەبەستی ئەوانە. ماریا کوادرادو کە گوێی لە مەزمووڕخوانی مورشید بوو کە دەیگوت: " وەکو ئاو خۆ دەڕژێنمە سەر ئەرزو هەموو ئێسقانەکانم ورد دەبن، دڵم بووە بە مۆم و لە ناخما دەتوێتەوە. " ئازای کەوتە لەرزین. پێشتریش گوێی لێ بووبوو کە هەمان مەزمووری بە ڕاوێژێکی نەرم خوێندبوو. چوار یان پێنج ساڵ لەمە پێش بوو؟ لە بەرزاییەکانی ماسیتە بوو، ئەو ڕۆژی دیدارە بوو کە کۆتایی بە زیارەتی حەج هێنا.

حەشاماتەکە بە کەناری ڕوبارەکەدا، دوای مورشید کەوتن، بە ناو ئەو زەویانە کەوتن کە بژاردە و ئیمانداران بە زوڕات ومانیوک دایان چاندبوو، بزن و کارژۆڵە وبەرخ وچێڵیان تێ بەردابوو تا بلەوەڕێن. ئایا قەرار بوو ئەم هەمووە لە ناو بچێ و کافرەکان پایەماڵی بکەن؟ هەروەها ماریا کوادرادو چەندین سەنگەری بینی کە لە ناوەندی مەزرایەکاندا لێدرابوون، پیاوانی چەکداریان تیا بوو.مورشید چووە سەر گردۆلکەیەکی بچووک ونها بە ئاشکرا باسی شەڕی دەکرد،ئایا ئاو لە جیاتی گوللە لە تفەنگی ماسۆنییەکانەوە دەردەچوو؟ ماریاکوادرادو دەیزانی کە نابێ قسەکانی مورشید بە مانا ڕواڵەتیەکانیانەوە ڕاڤە بکرێن، چونکە زیاتر قسەی ڕەمزی بوون.

ڕەمزانێ بوون کە دۆزینەوەی ڕاز وماناکانیا قورس بوو و، پەیوەندییان بە بویەرەکانەوە، وەختایەک دەردەکەوت کە بویەرەکان ڕوویان دەدا. باران خۆشی کردەوە، مەشخەڵان پێکران. دنیا گەشایەوە، هەوا تازە بووەوە. مورشید ئەوەی ڕوون کردەوە کە یارۆی سەربڕ ئەسپێکی سپی لە ژێرایە، بەلای ئیماندارانەوە ناکاتە سپرایز، ئەدی لە "سفری خەونان" دا نەنووسراوە کە ئەسپێکی لەو جۆرە دێت و سوارەکەی کەمان وتاجێکی پێیە تا فەتح وحوکمڕانی بکات؟ بەڵام فتوحاتەکەی ئەو لە بەر دەروازەکانی بیلومونتە دا، بە شەفاعەتی خاتوونی مە کۆتایی دێت.

بەمجۆرە مورشید، سەری یەک بە یەکی دەروازەکانی بیلومونتەی دەدا، لە دەروازەی جرموابوە بۆ ئواوا، لە ئوکامبایوە بۆ روزاریو، لە جادەی شوروشوە بۆ ئوکورال دوبواس، ڕووی دەکردە هەر کوێیەک، جۆش و خرۆش دەکەوتە پیاوان وژنان. سەری هەموو سەنگەرەکانی دەدا، لە هەموو سەنگەرەکان بە هوراو چەپڵە ڕێزان پێشوازی و بەڕێ دەکرا. بە بیرەوەری ماریا کوادرادو ئەمە درێژترین کەژاوەو ڕێ ورەسمی ڕێ پێوان بوو کە لەبەر بارانێکی لە ناکاوا ئەنجامدرا، بارانێک وەکو چۆن لە ناکاوا دایکرد، بەو ئاوایەش لە ناکاوا خۆشی کردەوە. ئاسمان هەر ساتەی بە ڕەنگێ دەردەکەوت، ڕێک لە هەوراز و نێشوە ڕوحیەکانی ئەو دەچوو کە بە درێژایی ڕۆژەکە لە ترس و نیگەرانییەوە بۆ ویقار و ئارامی، لە ڕەشبینییەوە بۆ جۆش وخرۆش دەگۆڕا.

دنیا تاریک بووبوو، مورشید لە بەر دەروازەی (کوکوروبو) کەوتە بەراوردی نێوان حەواو، کە کونجکاوی و سەرکێشی بە سەریا زاڵ بووبوو و، مریەم کە یەکپارچە خۆشەویستی و گوێڕایەڵی خۆ ویستانە بوو وهەرگیز تەماحی ئەوەی نەکەوتبووە سەر دەست بۆ ئەو میوە حەرامە بەرێ کە بووە مایەی کەوتنی ئینسان. ماریا کوادرادو لە بەر ڕوناکیە کزەکە مورشیدی بینی کە لە نێوان ئەبوت جواو، جواوە زلە و چکۆلەی موبارەک و برایانی فیلانوڤا وەستاوە، لەو دەمەدا ئەمەی بە بیرا هات کە مریەمی مەجدەلیەش، وەکو ئەو لەوێ بووە، وەکو ئەو مەسیحی موبارەک و یارانی دیتووە کە پیاوانی خاکی و باش بوون وەکو ئەوانە، ئەویش وەکو ئەم ساتەی ئەم بیری کردووەتەوە: ماشەڵڵا لە ئیشی خوا، چەند بەخشندەیە، کە بیەوێ ڕەوتی مێژوو بگۆڕێ، هەژارترین خەڵک بۆ ئەو کارە هەڵدەبژێرێ، نەک فیودالانی دەوڵەمەند و پیاوە بە کرێگیراوەکانیان. لە ناکاوا دیقەتی دا کە شێرۆی ناتوبا لە نێو یاوەرەکانی مورشیدا نییە. دڵی داخورپا، تۆ بڵێی کەوتبێتە ژێر دەست و پێوە؟ تۆ بڵێی بەو جەستە چکۆلەیە منداڵانەیەوە، بەو چاوانەیەوە کە لە چاوانی حەکیمان دەچن، کەوتبێتە قوڕ وچڵپاوەوە؟ گلەیی لە خۆکرد کە چما زیاتر بە خەمییەوە نەبووە، فەرمانی بە ژنانی سروودخوان دا کە لە دووی بگەڕێن. بەڵام ئەو ژنانە بە زەحمەت دەیانتوانی لەو قەرەباڵغیەدا ڕێبکەن.

ماریا کوادرادو، لە ڕێگای گەڕانەوەدا، خۆی گەیاندبووە لای جواوە زلە و داوای لێدەکات کە شێرۆی ناتوبای بۆ بدۆزێتەوە، ڕێک لەو کاتەدا هەوەڵین گرمەی تۆپ بەرزدەبێتەوە. ئاپۆڕای خەڵکەکە ڕاوەستاون، گوێیان هەڵخست، سەدان کەس  بە ترس و نەباوەڕییەوە، چاویان بڕییە ئاسمان، لەو ساتەدا دووەمین گرمەی تۆپ بەرز بووەوە، بە چاوی خۆیان بینیان کە خانوویەکی نزیکی سەر قەبرانەکە چوو بە حەوادا و داغان بوو. ماریا لە گەرمەی ئەو ترس ولەرزەدا، هەستی کرد جەستەیەکی بێ شەکڵ وشێوە، خۆی پێوە نوساندووە و لە پەنایەک دەگەڕێت. شێرۆی ناتۆبای بە قژە درێژ و سەرە گەورەکەی و جەستە لاواز و بچووکەکەیدا ناسییەوە. باوەشی پیدا کرد، بە خۆوەی گوشی و بە میهرەبانی ماچی کرد ودەمی لە پەنا گوێی نا و بە ئەسپایی گوتی: " کوڕم، کوڕە چکۆلەکەم. وامزانی گوم بوویت، دایکت خۆشحاڵ بوو... زۆر خۆشحاڵ." نەوای شەیپورێکی دوور، خەمین،

ماتەم ئامێزو بە درێژا، بەو شەوە ترسی زیاتری خستە دڵانەوە. مورشید بە هەمان نەفەسی پێشترەوە، بە هەڵەداوان بەرەو ناوەندی بیلومونتە ملی دەنا. ماریا کوادرادو هەموو هەوڵێکی خۆی خستە کار، تا شێرۆی ناتوبا لە دەڵەکدان و پاڵەپەستۆی حەشاماتەکە بپارێزێت، هەوڵی دەدا لە ئاپۆڕای ئەو پیاوانە دوور نەکەوێتەوە ، کە دوای ڕەوینەوەی هەراو زەناکە، دووبارە لە دەوری مورشید خڕبوونەوە. بەڵام لە کاتێکا بە دوو قۆڵی، بە دەم پاڵە پەستۆوە دڕیان بە حەشاماتەکە دەدا وڕێگەی خۆیان لە قەرەباڵغیەکەدا دەکردەوە، پاڵەپەستۆی خەڵکەکە دەیخستنە کەنارەوە. بە هەرحاڵ وەختێک ئەنجام گەیشتنە مەیدانی نێوان کڵێساکان، سەیریان کرد لە خەڵکا جمەی دێت. ئەبوت جواو بە دەنگە بەرزەکەی، کە بە سەر دەنگ و هاواری ئەو خەڵکەدا کە یەکیان گاز دەکرد یان لە ئاسمان دەپاڕانەوە کە فریایان بکەوێ، زاڵ دەبوو، دەستووری دا کە تێکڕای چراکانی کانودوس بکوژێننەوە. زۆری نەبرد، کە سەرانسەری شار لە تاریکیدا نقوم بوو، دنیا هێندە تاریک بوو کە ماریا کوادرادو لەو تاریکیەدا دەم و چاوی یارۆی کاتبی نەدەبینی ( مەبەست لە کاتب، شێرۆی ناتوبایە کە ئەرکی تۆمار کردنی گوتار و ڕێنماییەکانی مورشیدی لە ئەستۆ بوو.)

دەبیرەوە چوو: " ئیدی ناترسم، ترسم ڕەوییەوە " شەڕ دەستی پێکردبوو. ئەگەری ئەوە هەبوو، لە هەر ئان و ساتێکا گوللە تۆپێک لەوێندەر بکەوێتەوەو ئەو وشێرۆی ناتوبا، بکات بە چنگێ گۆشت و ئێسقانی شێواو، هەمان بەڵایان بە سەر بێت، کە بێگومان بە سەر خەڵکی ئەو ماڵەدا هاتبوو کە گوللە تۆپەکە داغانی کردبوو. وێڕای ئەمەش نەدەترسا، بەدەم وێرد و نزاوە گوتی: "سوپاس بۆ ئێوە ئەی باب و داکی موبارەک." لە کاتێکا کە کاتبی بە باوەشەوە بوو وەکو ئەوانی دی، خۆی بە عاردیدا دا. گوێی لە گرم و هۆڕی تۆپەکان دەگرت. بەڵام دەنگی تۆپباران وەستا بوو. کەواتە ئەم تاریکیە لە پای چییە؟ بە دەنگی بەرز ئەو قسەیەی کرد، شێرە، وەڵامی دایەوە: "تا نەتوانن نیشانە لێرە بگرنەوە دایکە."

زەنگەکانی پەرستگەی مەسیحی موبارەک کەوتنە لێدان، دەنگی زوڵاڵی زەنگەکان، بە سەر زیقە زیقی ئەو شەیپورانەدا زاڵ بوو کە سەگەکان بۆ ترساندنی بیلومونتە لێیان دەدا. دەنگدانەوەی ئەم زەنگانە کە بە درێژایی شەوەکە بەردەوام بوو، لە شنە بایەک دەچوو کە ئیمان و ئاسوودەییت پێببەخشێت. ماریا کوادرادو گوتی: " لە سەرەوەیە، لە بورجی زەنگەکەدایە " ئەو ئاپۆڕایەی لە مەیدانەکەدا وەستابوون، بە یەک دەنگ هاواری شوکرانە بژێریان لێ بەرز بووەوە، هەستیان دەکرد، لە دەنگی دلێرانەی زەنگەکاندا نقوم دەبن و ترس لە زاتیاندا نامێنێ. ماریا کوادرادو دەبیرەوە چوو. چۆن مورشید، لەو تەنگانەیەدا، لە گەرمەی ئەو ترس و لەرزەدا زانی دەبێ چۆن ورەی ئیمانداران بەرز بکاتەوەو ئومێد و هیوایان بخاتە دڵەوە.

گوللە تۆپێکی دی، هەموو مەیدانەکەی لە ڕوناکیەکی زەردباوا غەرق کرد. بای تەقینەوەکە ماریا کوادرادوی بەرز کردەوە ودایەوە بە ئەرزەکەدا. سەری بە گێژەوە چوو، لەبەر پرشنگی تەقینەوەکەدا، تەمەشایەکی سیمای ئەو ژن ومنداڵانەی کرد، کە بە جۆرێ دەیانڕوانیە ئاسمان، وەک بڵێی لە قوڵایی دۆزەخ ڕامابن. لە ناکاوا بۆی دەرکەوت، کە ئەو شتانەی چووبوون بە ئاسمانا، ماڵەکەی "ئەفرازیو"ی پینە دۆزەکەی خەڵکی کورشو بوو، کە بە خۆ و دنیایەک کچ و زاوا و نەوەوە لەو گوێ گۆڕستانەدا دەژیا... دوای تەقینەوەکە بێدەنگیەک باڵی بەسەر هەموو جێگەیەکدا کێشا، ئەمجارە کەس هەڵنەهات. زەنگەکان بە هەمان شادی لێیان دەدا. خۆشحاڵ بوو بەوەی کە بینی شێرۆی ناتوبا خۆی بە جۆرێ بەوەوە چەسپاندبوو وەک ئەوەی بیەوێ خۆی بە بەدەنە پیرەکەی ئەودا بکات.

له ناكاوا جم وجوڵ وهەراو زەنايەک پەیدا بوو، هەندێک تاپۆ وتارمایی، ڕێگەیان بۆ خۆ دەكردەوەو بەدەم ڕێوە هاواریان دەكرد: " ساقیان، هۆ ساقیان! " تەعاروف و ئاشنایەتی دەگەڵ ئانتونیو و هونوریو ڤیلانوڤادا کرد، زانی کە کێوە دەچن. پێش دوو سێ ڕۆژ، خاوەنی فرۆشگاکە، بە مورشیدی گوتبوویەکێک لەو کارانەی، کە سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ شەڕ، کردوویەتی ئەوەیە ساقیەکانی ڕاسپاردوون، کە لە کاتی شەڕدا بریندااران هەڵگرن و بۆ شفاخانەکەیان بگوازنەوەو مردووەکانیش ببەن بۆ ئەو تەویلەیە کە کردبوویان بە ساردخانە تا پاشان بە گوێرەی ڕێ ورەسمی مەسیحیەت بە خاکیان بسپێرن. ئیدی هەڵگرانی دەستەبەرەو دارە مەیت وگۆڕ هەڵکەن وساقیەکان دەستبەکار بوون. ماریا کوادرادو دوعای بۆ دەکردن وله دڵی خۆدا دەیگوت: " هەموو شتێک بەوجۆرە دەڕوات بەڕێوە، کە پێمان گوترابوو."

یەکێک، لەوەلاوە، لەو نزیکانەوە دەگریا، جگە لە ژن ومنداڵ کەسی دی لە مەیدانەکە نەبوو. ئەدی پیاوەکان کێوە چووبوون؟ دیار بوو، بە پەلە چووبوون بەلای تەڵەکانی ناو درەختەکانەوە، تا خۆ لە سەنگەرەکان باوێن و خۆ بدەنە پەنا مەتەڕێزەکان. بێگومان بە قەرەبینا وشمخاڵ وقەمەو کێرد وکەرەنتو و کوتەکانیانەوە چووبوونە یارمەتی ئەبوت جواو، ماکامبیرا، پاجو، جواوە زلە، پدراو، ئارامیلا و سەردەستەکانی دی، کە لە هەر گۆشە و کەنارێکا خۆیان لە بۆسە نابوو و چاوەڕوانی مەسیحی دەجال بوون. هەستی بە جۆرە میهر وخۆشەویستییەک دەرهەق بەو پیاوانە کرد کە ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەر ئان و ساتێکا شەیتان پەلاماریان بدات ودوور نییە بەدەستی شەیتان بکوژرێن. نوێژو نزای بۆ کردن، نەوای زەنگی بورجەکە، سوکنایی بە ڕۆحی بەخشی و ئۆقرەی گرت.

بەوجۆرە، شەوەکە، بەدەم هەورە تریشقەوە، بەدەم نەوای زەنگەکان وگرم وهۆڕی دووراودووری تۆپانەوە، کە یەک دوو کوختەی داغان و وێران کردو هەندێ ئاگری لێکەوتەوە، کە بارانەکەی دواتر کوژاندییەوە، تێ پەڕی. دووکەڵێکی خەست، کە گەروو و چاوی خەڵکەکەی دەكزانەوە، باڵی بە سەر ئاسمانی شاردا کێشا، ماریا کوادرادو، کە شێرۆی ناتوبای لە باوەش گرتبوو و وەنەوزی دەدا، گوێی لە دەنگی کۆکە کۆک و گەروو پاک کردنەوەی ئەوانەی دەوروبەری بوو. لە ناکاوا یەکێک هەژاندی. چاوی کردەوە، کۆرسی ژنانی سروودخوانی لە دەوری خۆی بینی، ڕوناکیەکی کز خەریک بوو دڕی بە تاریکیەکە دەدا. شێرۆی ناتوبا، خۆی دابوو بە سەر ئەژنۆکانی ئەودا وله غورابی خەودا بوو. زەنگەکان هێشتا لە لێدان نەکەوتبوون. ژنەکان ئالکاوی بوون. لە دووی گەڕابوون وله تاریکیەکەدا بانگیان کردبوو. هێندە شەکەت و بێتاقەت بوو گوێی لێیان نەبوو بوو. شێرۆی ناتوبای بێدارکردەوە، کاتب (شێرۆی ناتوبا) چاوە درشتەکانی تێبڕی، لە پشت قژە چڕ و پڕەکەیەوە، پرشنگێکی سەیریان لێدەبووەوە. هەردووکیان بە هەر تەقەلایەک بوو ڕابوون.

نها بەشێک لە مەیدانەکە چۆڵ بوو وئالکساندرینا کوریا بۆی گێڕایەوە کە ئانتونیو ڤیلانوڤا، داوای لەو ژنانە کردووە کە لە کڵێساکاندا جێگەیان نەبووەتەوە یا بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانیان یان لە سەنگەرو پەناگاکاندا خۆ وەشێرن، چونکە دەمە دەمی هەڵاتنی خۆر بوو و بێگومان ئەم مەیدانە بەر تۆپان دەدرا.

شێرۆی ناتوبا وماریاکوادرادو، دەگەڵ کۆرسی ژنانی سروودخوانا بەرەو پەرستگای مەسیحی موبارەک کەوتنە ڕێ. گاردی کاتولیک ڕێگەیان دان کە بچنە ژوورەوە. لە نێو ڕاڕەوە هەزار توێیەکان ودیوارە تەواو نەکراوەکاندا، هەوا هێشتا تاریک بوو. بەڵام سەرپەرشتیاری جۆقەی سروودخوانانی پیرۆز، توانی نەک هەر ژنان و ئەو منداڵانەی وەکو فەرخە پشیکان خۆیان گرمۆڵە کردبوو، بەڵکو پیاوە چەکدارەکانیش جیا بکاتەوەو

جواوه زلەش کە تفەنگ بە شان و ڕەخت و فیشەکدان لە مل، دەهات و دەچوو، بناسێتەوەو فەرق بکات. هەستی کرد بەرەو ئەو ئەسکەلەیەی پاڵ دەدەن کە کۆمەڵێک خەڵک لە سەری ڕاوەستابوون و سەیری دەرەوە دەکەن. بە کۆمەکی بازووانی بەهێز سەرکەوتە سەر ئەسکەلە وداربەستەکە، گوێی لێبوو خەڵکەکە بانگیان دەکرد " دایکە! " بێئەوەی دەستبەرداری شێرۆ بێ، کە چەند جارێ خەریک بوو لە باوەشی دابخزێ. بەرلەوەی بگاتە بورجی زەنگەکە، گوێی لە گرمەی دووراودووری تۆپێکی دی بوو.

ئەنجام لە لای سەکۆ وپایەی زەنگەکەدا چاوی بە مورشید کەوت. کەوتبووە سەر چۆکان، لە نێو لەمپەرێکی بەشەریدا، کە ڕێگەی کەسیان نەدەدا، بەو پلیکانە باریکەدا سەرکەوێ کە دەچوو بۆ لای زەنگەکە، نوێژ ونزای دەکرد. بەڵام ڕێگەیان بەو وبە شێرۆی ناتوبا دا کە سەربکەون. ژنەی تاین خۆی بە سەر تەختەکاندا داو لاقی مورشیدی ماچکرد، بە گوتەیەکی دی قوڕاوی وشکەوە بووی سەر لاقەکانی ماچکرد، چونکە مورشید دەمێ بوو پاتاوەکانی ون کردبوو. کە دووبارە هەستایەوە سەیری کرد دنیا بە خێرایی ڕوناک دەبێتەوە. بەپەلە چوو بۆ ئەو ڕوانگەیەی کە لە دار و بەرد دروستکرابوو، بەدەم چاو تروکاندنەوە تەمەشای ترۆپکی گردەکانی کرد، بینی لێرەو لەوێ جۆرەها شەوقی لێڵ، سوور، شین دەبریسکایەوەو بەرەو کانودوس نێشو دەبووەوە. لە پیاوە مەندەکانی، ئەوانەی بە نۆرە زەنگەکانیان لێدەدا، نەپرسی ئەم شەپۆلە شەوقانە چین، چونکە دڵی خەبەری دابوو کە ئەمە پێشڕەوی شەیتانەکانە. هەموو نوقمی ڕق وکینە بەرەو، بیلومونتە دادەگەڕان، تا خەڵکە بێتاوانەکە قەتڵ و عام بکەن.

***

جورما لە دڵی خۆدا دەڵێت: "نیازی کوشتنمیان نییە". ڕێگە بە دوو سەرباز دەدات کە لەگەڵ خۆدا بکێشی بکەن، هەردوو مەچەکیان توووند گرتووە، واداری دەکەن، بە ناو ونگەی دارو درەختەکان، دڕک وداڵ وقوڕاوەکە بکەوێ. دەخزێ، پاشان بە زەحمەت هەڵدەستێتەوە، بە جۆرە پاڕانەوەیەک دەڕوانێتە چاوی ئەو دوو سەربازەی کە یونیفۆرمی دڕاویان لەبەردایە، ئەوە لە چاویاندا دەخوێنێتەوە، کە ئەو بەیانییە بۆ یەکەمجار ژیانی گۆڕی، ئەو ڕۆژەی کە لە کیماداس، گالیلیو گال، دوای تەقەکان، خۆی دابوو بە سەریا، سواری بووبوو. بە ئارامیەکی ئەوتۆ دەبیرەوە دەچێ کە خۆشی سەری دەسوڕمێ: " تا بەو چاوەوە سەیرم بکەن و مادام تەماحی ئەوەیان پێمە مانای وایە نامکوژن." روفینو وگال لە بیر دەکات، تەنیا بیر لە ڕزگاری خۆی دەکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە تا دەتوانێ ماتەڵیان بکات، نەیەڵێت لاقەی بکەن، لێیان دەپاڕێتەوە کە نەیکوژن. دووبارە دەخزێ ودەکەوێ، ئەمجارەیان یەکێک لە سەربازەکان مەچەکی بەردەدات وخۆی بە سەریا دەدات. هەردوو لاقی بڵاوکردووەتەوە و بۆی کەوتووەتە سەر چۆک. سەربازەکەی دیکەش دەستی بەردەدات، هەنگاوێک دەچێتە دواوە، بە هەڵچوونەوە دەکەوێتە تەمەشاکردن. ئەو سەربازەی بە سەرییەوە، تفەنگەکەی تەکان دەدات و هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر هاوار بکات، دەم وقەپۆزی دەشکێنێ. جورما یەکسەر حاڵی دەبێ، مل دەدات و بە ئارامی سەر دەلەقێنێ تا کابرا خەیاڵی ڕەحەت بێ. هەمان نیگا، هەمان حاڵەتی کێویانە دووبارە دەبێتەوە کە لە کیماداس دیتبووی. دەبینێ کابرا دەست بۆ پانتۆڵەکەی دەبات، دوگمەکانی دەکاتەوە، هەوڵدەدا بە دەستەکەی تری، کە تازە تفەنگەکەی داناوە تەنوورەکەی جورما هەڵبداتەوە. جورما وا دەنوێنێ دەیەوێ یارمەتی کابرا بدات، خۆی گرمۆڵە دەکات، لاقێکی بۆ دەرەوە ڕادەکێشێت، بەڵام وێڕای ئەوەش ڕێی لێدەگرێ، ئەنجام کابرا بە تووڕەیی دەڵەکی دەدات. هەموو جۆرە بیرێکی بە مێشکا دێت، دەنگی هەورە تریشقە وتۆپباران وشەیپور وزەنگان، لە پشت هانکە هانکی

سەربازەکەوە، دەژنەوێ. یارۆی سەرباز بە سەرییەوەیە، بە هەردوو ئانیشکان تێوەی دەژەنێ کە لاقی بۆ بکاتەوە، هەست بە کێری ڕەپ و تەڕی کابرا دەکات کە دەیەوێ بچێ بە ناو گەڵیا.

خەریکە لە ژێر قورسایی کابرادا دەخنکێ ولە گەڵ هەر جوڵەیەکی ئەودا وا هەست دەکات یەکێک لە ئێسقانەکانی دەشکێ. کە دەم و چاوە ڕیشنەکەی کابرا، بەر دەم و چاوی ئەم دەکەوێ، تا دەتوانێ هەوڵدەدا نەفرەتی خۆی پەنهان بکات، کابرا دەمە ئامالٚ کەسکەکەی کە هێشتا گیایەکەی دەمی دەجوێ، لە دەمی جورما دێنێتە پێشەوە و دەیەوێ ناچاری بکات دەمی بکاتەوە تا بە تامەزرۆییەوە زمان بخاتە دەمییەوەو زمانی بمژێ، ژنەی تاین هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە کە کابرا تووڕە نەکات، بە جۆرێ مژوولی ئەو کارەیە، ئەو پیاوە رووەک پۆشانە نابینێ کە دەگەنە سەریان، ئەوەش نابینێ کە کێردێک دەخەنە سەر ملی و بە شاپێک لە سەر ئەوی (جورما) دوور دەخەنەوە. تەنیا وەختێک کە لە ژێر قورسایی کابرا ڕزگار دەبێ و دەتوانێ دووبارە هەناسە بدات، پیاوە ڕووەک پۆشەکان دەبینێ. ژمارەیان بیست، سی و بگرە زیاتریش دەبوو، بە سەرانسەری بێشەکەی دەوروبەری ئەودا بڵاو بووبوونەوە. دادەنەونەوە، تەنوورەکەی دادەدەنەوە، دایدەپۆشن و یارمەتی دەدەن دانیشێت و پاشان هەستێتە سەر پێیان، نەوازشی دەکەن، جۆرە میهرەبانی و دۆستایەتیەک بە سیمایانەوە دەبینێ.

پێدەچێ بەرەبەرە وەخۆ بێتەوە. لە تۆ وایە لە سەفەرێکی دوورو درێژ دەگەڕێتەوە. هەمووی چەند خولەکێک بە سەر دەستدرێژیەکەی جووتە سەربازەکەدا تێبەپەڕیوە. روڤینو وگال وکورتەڵە چییان بەسەر هاتووە؟ دەڵێی خەون دەبینێ، بیری دەکەوێتەوە کە چۆن ئەو دوو پیاوە داگژابوونە سەرو گوێلاکی یەکدی، ئەو سەربازانەی بیر دەکەوێتەوە کە دەستڕێژیان لەو دوو پیاوە کردبوو. چەند هەنگاوێ لەولاترەوە، لە لایەن کەسێکەوە لێ پێچینەوە لەو سەربازە دەکرد کە سواری ئەم بووبوو. ئەم کەسە پیاوێکی کورتەباڵا، تۆکمە، تەمەنێکی هەبوو، جێ زامێکی ترسناک، کە لە دەمیەوە تا هەر دوو چاوی ڕۆیی بوو، بە ڕوخسارە زەردەکەیەوە دیار بوو. جورما دەبیرەوە دەچێ: "پاجویە". بۆ یەکەمجار ئەو ڕۆژە هەست بە ترس دەکات. سیمای سەربازەکە نوقمی ترسە. زۆر بلەز وەڵامی هەر پرسیارێک دەداتەوە کە لێی دەکرێت، بە چاو ودەست ودەم دەپاڕێتەوە، لەو کاتەدا کە پاجو پرسیارپێچی دەکات، ئەوانی دی جلەکانی لەبەر دادەکەنن. بێئەوەی هیچ ئەزیەتێکی بدەن چاکەتە دڕاو و پانتۆڵە تاڵکیشەکەی لە بەر دادەکەنن. جورما، کە نە شادمانە و نە خەمینە، وەکو ئەوەی خەون ببینێ، دەبینێ بە ئاماژەیەکی ئەو کابرایەی کە خەڵکی داستانی زۆر ترسناکیان دەربارەی دەگێڕایەوە، یاخییەکان، دوای ڕووتکردنەوەی سەربازەکە، بە خەنجەرەوە پڕی دەدەنێ و ورگ ومل وپشتی دادەروون وسەربازەکە بە بێئەوەی فریای هاوارێک بکەوێ، دەکەوێ و دەمرێ. جورما یەکێک لە یاخییەکان دەبینێ کە کیری سەربازەکە دەگرێ، کە نها سیس و بچووک بووبووەوە، وکێردەکەی لێدەنێ، دەیبڕێ و دەی پەستێتە زاری سەربازەکەوە. دوای ئەوە کێردەکەی بە جەستەی مردووەکە دەسڕێ ودەیخاتەوە ناو کێلانەکەی. جورما نە هەست بە شادی دەکات و نە بە خەمینی وبێزاری.

جورما، گوێی لە سەر دەستەکەیان بوو، کە کابرایەکی بێ لووت بوو، بەمی دەگوت: " بە تەنێ بۆ بیلومونتە دەڕۆی یان دەگەڵ زیارەتکارانی دیدا؟ " کابرا زۆر بە ئەسپایی قسەکانی دەکرد، وەک ئەوەی خەمی بێ ژنەی تاین لێی تێنەگات یان گوێی لە قسەکانی نەبێت: "تۆ خەڵکی کوێی؟"

جورما، تاقەتی قسەکردنی نەبوو. بە دەنگێک وەکو ئەوەی دەنگی ژنێکی دیکە بێت، بە دەمەلاڵکێوە دەڵێت خەڵکی کیماداسە. سەردەستەکە بە کونجکاوییەکی ئاشکراوە سەراپای بە نیگا دادەبێژێت: " ڕێگایەکی دوورو درێژە. ئەمە جگە لەوەی هەمان ڕێگایە کە سەربازەکان لیوەی دەهاتن."

جورما، سەرێکی بۆ دەلەقێنێ. پێویست بوو سوپاسی ئەم پیاوە بکات کە ڕزگاری کردبوو، بەڵام بە جۆرێ لەم یاخی و شەقاوە نێودارە تۆقی بوو، زمانی بەسترابوو. هەر هەموو یاخییەکان بە جۆرێ لە دەوریا وەستابوون و بە پۆشاکە ڕووەکی وچەک وشاور و فیتفیتۆکەکانیانەوە تەمەشایان دەکرد، وەکو ئەوەی بەشەری ڕاستەقینە و زندوو نەبن، بەڵکو مەخلوقاتی حیکایەتی جنۆکان یان خێو بن.

پاجۆ، بەدەم ددان گڕکردنەوە، کە پێدەچوو شێوازی زەردەخەنەی ئەو بێ، دەڵێت: " تۆ ناتوانی لەم ڕێگەیەوە بگەیتە بیلومونتە، هەموو ئەم گردۆلکانە پڕن لە پروتستانان، بە دەوری ئەم گردانەدا بسوڕێوە تا دەگەیە ئەو ڕێگەیەی لە جرموابوە دێت. ئەو ناوە سەربازی لێ نییە."

جورما، ئاماژە بۆ لای بێشەکە دەکات ودەڵێت: "مێردەکەم."

گریان ئەوکی دەگرێ، بەڵام زوو جڵەوی خۆی دەگرێ و بە سەر خەم و نیگەرانیەکەیدا زاڵ دەبێت، یەکسەر ئەو کاتەی بیردەکەوێتەوە کە دوو سەربازەکە گەیی بوونە ئەوێندەر، سەربازی دووەمی، ئەوەی بەدەم چاوەڕوانی نۆرەی خۆیەوە، ڕاوەستابوو، دێتەوە بەرچاو کە نها بە ڕووت وقووتی، بە درەختێکەوە هەڵواسرابوو، بایەکە بەملاو بەولادا دەیهێنا و دەیبرد. جلەکانیشی لە نزیک خۆیەوە بە درەختێکی دیکەوە هەڵواسرابوو. جورما، دەیزانی لە کوێندەرەوە بڕوات، چونکە گوێی لە دەنگانێک بوو کە ڕێنماییان دەکرد. دوای ماوەیەکی کەم دەگاتە لای روڤینو وگال، کە هێشتا لە هەمان ئەو شوێنەی بێشەکەدا بوون کە جلکی سەربازی بە دارەکانەوە سەمایان دەکرد، هەر دووکیان لە تەپ و تۆزا غەرق بووبوون، دەبوایە تا نها حەوت زەمان با مردبن، کەچی هێشتا هەر لە گەرمەی شەڕا بوون، بە کەللە و دەست و لاق بەربووبوونە یەک، گازیان لێکدی دەگرت، بەڵام بە جۆرێ خاو بووبوونەوە لە تۆ وایە یاری دەکەن. جورما، لە بەردەمیاندا دەوەستێ و پاجو و یاخییەکانی دیکەش لە دەوریان خڕ دەبنەوەو تەمەشای شەڕەکەیان دەکەن. شەڕەکەیان ڕوو لە کۆتاییە – جووتە شەڕکەرەکە بە ڕادەیەک لە خاک وخۆڵا هەڵکشاون کە ناناسرێنەوە، لە پەل و پۆ کەوتوون. لەوەش ناچێ ئاگایان لەو هەموو خەڵکە تازەیە بێ کە لە دەوریان خڕبوونەتەوە. بە هانکە هانک دەکەونە سەر ئەرزەکە، خوێن لە سەراپایان دەچۆڕێ وبە چنگ و ددان جلکی یەکدی دەدڕن.

پاجو، کە لە لای جورماوە وەستاوە، بە ڕاوێژێکی هەڵچووەوە دەڵێت: " تۆ جورمای. ژنی بەڵەدەکەی خەڵکی کیماداسی. کەواتە دۆزیتیەوە، ئەو کابرا کلۆڵەشی دۆزییەوە کە لە کالومبی بوو."

یەکێکیان، لەولاوە هەڵدەداتێ: " ئەو کابرا شڕشێتەی کە دوێشەو کەوتە تەڵەوە، ئەوەی کە زۆر لە سەربازەکان دەترسا."

جورما، هەست بە دەستێکی خرپن و چکۆلە لە نێو دەستی خۆیدا دەکات، هەست دەکات وردە وردە دەستی دەگوشێت، تۆمەز کورتەڵە بوو، بە نیگایەکی سەرڕێژ لە شادی وئومێدەواری، دەڕوانێتە جورما، لە تۆ وایە هانای بۆ ئەو هێناوە تا فریای بکەوێ و نەجاتی بدات. سەراپای لە خاک وخۆڵدایە و تووند خۆی بە جورماوە چەسپاندووە.

جورما دەڵێت: "پاجو، لێکیان بکەوە... مێردەکەم ڕزگاربکە... فریای بکەوە..."

پاجو، بە تەوسەوە دەڵێت: " دەتەوێ هەردووکیان ڕزگار بکەم؟ دەتەوێ لە گەڵ هەر دووکیاندا بی؟ "

جورما، دەبینێ هەر هەموو شەرڤان و یاخییەکان کە گوێیان لەو قسە تەشەر ئامێزانەی یارۆی بێ لووت دەبێ، لە قاقای پێکەنین دەدەن.

پاجو، بە ئارامی بە جورما دەڵێت: "جورما، ئەمە ئیشی پیاوانە. تۆ ڕۆژت بەم ڕۆژگارە گەیاندوون. باشتر وایە بەم حاڵەوە وازیان لێ بێنی تا وەکو دوو پیاو، بە شێوازی خۆیان، کێشەکە یەک لایی بکەنەوە. ئەگەر مێردەکەت بە سەلامەتی لەم کێشەیە دەرباز بێ، ئەوا دەتکوژێ، ئەگەر بشکوژرێ، ئەوا کوشتنەکەی بە ملی تۆدا دێ، هەنگێ دەبێ لە بەردەم خودادا وەڵامی ئەم کارەت بدەیتەوە. لە بیلومونتە مورشید پێت دەڵێت کە لە قەرەبووی ئەم گوناحەدا دەبێ چ بکەیت. کەواتە ئێستا هەڕەو خۆت دەربازبکە، چونکە شەڕەکە بەرەو ئێرە دێت. درووود لە مەسیحی موبارەک ومورشید."

لق وپۆپی درەختەکان دەکەونە سەما، شەرڤان و یاخییەکان لە چاو تروکانێکا، لە نێو بێشەکەدا ون دەبن. کورتەڵە هەر بەو دەقەوە لە پاڵ جورمادا وەستاوەو تەمەشا دەکات، دیسان دەستی دەگوشێ. جورما کێردێ دەبینێ کە تا مشتووەکەی لە لاقەبرغەی گالدا ڕۆچووە. هێشتا دەنگی شەیپوورو زەنگ وشاوران دێت. لە ناکاوا کێشماکێشی ئەو دوو پیاوە کۆتایی هات. گال هاوارێک دەکات و چەند هەنگاوێک لە دووی روڤینو، دەکەوێتە سەر ئەرزەکە. جورما، دەیبینێ، کە کێردەکە دەگرێ و بەدەم هاوارێکی دیکەوە، دەری دێنێ. جورما دەڕوانێتە روڤینو کە لە قوڕا هەڵکشاوەو ئەویش بە دەمی داچەقی وچاوانی بێ پرشنگەوە لەم دەڕوانێت.

جورما، گوێی لە دەنگی گالیلیویە کە کێردەکەی بە دەستەوەیە و بە روڤینو دەڵێت: " هێشتا نەتکێشاوە بە دەم و چاوما."

جورما، روڤینو دەبینێ کە سەرێکی بۆ دەلەقێنێ. لە دڵی خۆدا دەڵێ: " ئەمانە باش لە زمانی یەکدی حاڵی دەبن. " بە تەواوەتی سەر لەم بیرکردنەوەیە دەرناکات، وێڕای ئەوەش هەست دەکات دروستە. روڤینو بە هەر گیانە هارییەک بەرەو لای گالیلیو دادەخزێ، ئایا دەیگاتێ؟ لە سەر هەردوو ئانیشک وهەر دوو چۆکان دەڕواتە پێشێ، وەکو کرم ڕوخساری بە ئەرزە تەڕەکەدا دەماڵێ، وگال، بەدەم تەکاندانی کێردەکەی دەستیەوە، هانی دەدا. جورما لە فکران ڕادەچێ: "کاری پیاوانە" دەبیرەوە دەچێ: "خەتایەکش بە ملی مندا دێت." روڤینو دەگاتە گال وگال هەوڵدەدا بەر کێردی بدات و روڤینو دەکێشێت بە دەم و چاوی ئەودا، بەڵام ئەم زللەیەی روڤینو ڕوخساری گال بریندار ناکات، چونکە روڤینو هێزی لە بەر بڕاوەو بە تەواوەتی ورەی بەرداوە. دەستی روڤینو بەسەر دەم و چاوی گالەوە دەمێنێ وەکو ئەوەی نەوازشی بکات.

گالیش دەستی خۆی دەوەشێنێ، جارێ، دووجار، ئەوسا دەستی بە سەر سەری یارۆی بەڵەدەوە دەمێنێ. لە لای یەکەوە کەوتوون وخەریکە گیان دەدەن، هەردووکیان چاویان لە دوڕ چاوی یەکدی بڕیوە. جورما وا هەست دەکات کە ئەو دوو ڕوخسارەی یەک قامکیان بەینە بزە بەڕووی یەکدا دەدەن. نەوای شەیپورو دەنگی شاوران، جێگەیان بۆ گرم و هۆڕی تۆپان چۆڵ کردووە. کورتەڵە شتێک دەڵێت کە جورما تێی ناگات.

جورما، لە دڵی خۆدا دەڵێت: "روڤینو، تۆ زللەکەی خۆت وەشاند، چیت دەست کەوت؟ ئاخر تۆڵە چ دادێکت دەدات ئەگەر قەرار بێ بمری، ئەگەر قەرار بێ من لەم دنیایەدا بە تەنێ بە جێ بێڵی روڤینو؟ " جورما ناگرێ، لە

جێی خۆی ناجوڵێ، چاو لەو دوو زەلامە ناگوازێتەوە کە جوڵەیان لەبەر براوە. ئەو دەستەی بە سەر سەری روڤینووە گیرسابووەوە، بویەرەکەی کیماداسی وەبیر هێنایەوە، وەختایەک لە بەد شانسی هەموویانا – ئیرادەی خواوەند وابوو، ئەم کابرا غەوارەیە بێت وکارێک بە مێردەکە بسپێرێت، جارێک دەستی بە سەر روڤینودا هێنابوو، ڕازە پەنهانەکانی بۆ باس کردبوو، ڕێک وەکو ئەوەی "پورفیریو"ی جادووگەر لە فینجانی قاوەدا و " دونا کاسیلد" لە حەوزی ئەوا بۆیان خوێندبووەوە.

***

بارۆن دی کانا براڤا گوتی: " بۆم گێڕایەوە لە کالومبی، لە ناو ئەو خەڵکانەدا کە بەگەڵ موریرا سیزار کەوتبوون کێم بینی؟ ئەو ڕۆژنامەڤانەی کە سەردەمانێ کاری بۆ من دەکرد و پاشان ئیپامینوداس لە خشتەی بردو بۆ ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس)ی برد. ئەو بەڵایەی کە عەینەکێکی وەکو عەینەکی نقومووانانی (غواص) لە چاوەو کە ڕێدەکات لاقی تێک دەئاڵێن وجلکی وەکو جلکی لێبۆکان لەبەردەکات. دێتەوە بیرت ئادالبرتۆ؟ یارۆ شیعریشی دەگوت وئەفیونیشی دەکێشا."

بەڵام نە عەقید خوزیە برناردو مورا و نە ئادالبرتوگوموسیو، گوێیان لەو نەدەگرت. ئادالبرتو، خەریکی خوێندنەوەی ئەو کاغەزانە بوو کە بارۆن تازە بۆی پاچڤە کردبوون، کاغەزەکانی لە بەر ئەو شەمدانە گەورەیە گرتبوو کە مێزی نانخواردنی ژوورەکەی ڕوناک دەکردەوە، هێشتا فینجانە قاوە خاڵیەکانیان لە سەرمێزەکە لانەبردبوو. مورِاوی پیر، لە سەر کورسیە بەرزەکەیا، خۆی بۆ پێش وپاش دەهەژاند، وەکو ئەوەی هێشتا لە سەر کورسیە هەژۆکەکەی ژوورە چکۆلەکەی دانیشتنەکەدا بێ، پێدەچوو خەوی لێکەوتبێت. بەڵام بارۆن دەیزانی کە کابرا بیری لەو بابەتە دەکردەوە، کە خۆی هەنووکە بۆ هەردووکیانی خوێندبووەوە.

بارۆن هەستاو گوتی: " دەچم سەرێکی ئەستیلا دەدەم." لە کاتێکا بەناو کۆشکە داروخاوەکەی مەزراکەدا، کە غەرقی تاریکی بوو بەرەو ئەو ژووری نووستنە دەچوو، کە تۆزێ پێش شێو، هاوسەرەکەیان لێنواندبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ ئەو وەسێتنامەیەی کابرای سەرکێشی ئوسکوتلاندی لای ئەمی دانابوو، چ باندۆرێکی لە سەر دۆستەکانی هەبووە، چ خوێندنەوەیەکیان بۆ کردووە. وەختایەک لەو ڕاڕەوەدا، کە ژووری نووستنەکان کەوتبوونە ئەم بەر و ئەوبەریەوە، لە لەتە قرمێدێک هەڵکەوت، بیری لەوە دەکردەوە: " لە سلڤادور، پرسیارەکان، لێرە زیاتر دەبن، هەرجارێ کە بۆیان ڕوون دەکەمەوە بۆ ڕێگەم بەو کابرا غەوارەیە داوە بڕوات، هەست دەکەم درۆ دەکەم." باشە، بۆچی ڕێگەی گالیلیوی دابوو کە بڕوات؟ ئایا لە کەرێتی بوو؟ لە بێزاری و ماندوویەتی خۆی بوو؟ لە بەزەییا بوو؟ دەبیرەوە چوو، گال وڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەی بیرکەوتنەوە: "من لە هەنبەر خەڵکانی عەجیب وغەریبا، خەڵکانی نائاساییدا، زوو لە ڕوو دادەمێنم."

لەبەر دەرگای ژوورەکەوە، لە بەر ڕۆشنایی سووربای کزی چراکەی سەر تەپڵەکەکەی تەنیشت تەختە خەوەکەوە، لا ڕوخساری سباستیانای بینی، لە خوار تەختەکەوە، لە سەر کورسیەکی دەسکداری نەرم دانیشتبوو. هەرچەندە ژنێکی ڕووخۆش وخەنۆڵ نەبوو، لەو ساتەدا سیمایەکی هێندە گرژ و مۆنی هەبوو، کە بارۆن ڕاچڵەکی. ژنەی تاین کە چاوی بەو کەوتبوو، بۆ ژوورەوە دێ، هەستابووە سەر پێ.

بارۆن، کوللەکەی هەڵدایەوە، بە سەر ژنەکەیا دانەوییەوە و پرسی: " باش خەوت؟ " چاوی نوقابوون، ڕوخساری هەرچەندە زۆر زەرد بوو، بەڵام لە تاریکیەکەدا ئارام دیار بوو. چەرچەفەکە دەگەڵ هەناسەدانی ئەوا بە ئاسپایی بەرز ونزم دەبووەوە.

سباستیانا، بە ئەسپایی گوتی: " بۆ خەوتن، خەوت، بەڵام بەو ئاسوودەییەش نەبوو" و تا بەر دەرگاکە لەگەڵ بارۆن دا هات. دەنگی نەویتر کرد، بارۆن نیگەرانیەکی قووڵی لە چاوە ڕەشەکانیا خوێندەوە. "خەو دەبینێ، بەدەم خەوەوە قسان دەکات، باسی هەمان شت دەکات."

بارۆن بە دڵێکی گیراوەوە، لە بن لێوانەوە دەیگوت: "سباستیانا دڵی نایەت، وشەێن شەوات، ئاگرکەوتنەوە، گڕ و بڵێسە، دووبارە بکاتەوە." یانی دەکرێ بە کارهێنانی ئەو وشانە قەدەغە بکرێ و فەرمان بدات کە هیچ کەس بۆی نییە لەمماڵەدا پەیڤانێ بەکار بەرێ، کە کارەساتەکەی کالومبی بیر ئەستیلا بێنێتەوە؟ هەستی بە پێستە نەرم و ناسکەکەی کارەکەرەکە، لە ژێر پەنجەکانیا کرد.

کارەکەرەکە لە بن لێوانەوە گوتی: " قوربان ناکرێ خانم لێرە بهێڵرێتەوە. بیبەرەوە بۆ سلڤادور، پێویستە دکتۆر بیدینێ، دەرمانێ شتێکی بداتێ، تا ئەو بیرەوەریانەی لە بیر بچنەوە، ناتوانێ شەو و ڕۆژ بەم عەزابەوە بتلێتەوە."

بارۆن دڵنیای کرد: " ئەمە دەزانم سباستیانا. بەڵام ئەوە سەفەرێکی زۆر دوور و درێژ و زۆر زەحمەتە، پێموایە بەم ڕەوشەوە بەرگەی ئەم سەفەرە دژوارە ناگرێت. ئەمەش دەزانم کە پێویستە پیشانی دکتۆر بدرێت، دەی سبەی بیرێکی لێدەکەینەوە، هەنووکە تۆ برۆ ئیسراحەتێ بکە. تۆش چەند ڕۆژێکە چاوت نەچووەتە خەو."

سباستیانا، بە ناڕەزاییەوە گوتی: "قوربان، ئەمشەویش بە دیار خانمەوە دەمێنمەوە."

بارۆن، کە ئەوی لە سەر کورسییە دەسکدارەکەی تەنیشت تەختە خەوەکەی ئەستیلاوە بینی، لە دڵی خۆیدا گوتی، هێشتا ژنێکی بە لەش ولارە، زۆر چاک ماوەتەوە. جوانیەکەی ماوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ڕێک وەکو ئەستیلایە." ئاهێکی هەڵکێشا و ڕۆژانی هەوەڵی زەماوەندەکەی خۆیانی بیرکەوتەوە کە چۆن بە ڕادەیە غیرەی لە دۆستایەتی ئەو دوو ژنە دەکرد کە شەوەهای شەو خەو نەدەچووە چاوی... گەڕایەوە بۆ ژووری نانخواردن، لە پەنجەرەکەوە تەمەشای ئاسمانی کرد، هەور بەری ئاسمانی گرتبوو و ئەستێرەکانی شاردبووەوە. ئەوەی بیر کەوتەوە کە چۆن ڕۆژێک لە حەسوودی و غیرەکردنی خۆیا داوای لە ئەستیلا کردبوو، کە سباستیانا دەربکات. ئەو گەنگەشە و دەم بۆڵەیەی لە دوای ئەوە ڕووی دابوو، جدیترین شەڕ و قەرقەشەی هەموو ژیانی خێزانداریان بوو. کە خۆی بە ژووری نانخواردنەکەدا کرد، هێشتا دیمەنی ئەوسای ژنەکەی لە بەرچاو بوو، کە چۆن سوور بووبووەوەو داکۆکی لە هاودەم و کارەکەرەکەی خۆی دەکرد و تەکەزی لە سەر ئەوە دەکرد کە ئەگەر سباستیانا بڕوات، ئەویش دەڕوات. ئەم بیرەوەرییە کە ماوەیەکی زۆر ئارەزووی ئەوی دەهاروژاند، نها، قولایی هەستی دەشڵەقاند. هەستی دەکرد گریان زۆری بۆ دێنێت. سەیری کرد جووتە دۆستەکەی لە مقۆمقۆی ئەوەدان کە ئایا ئەو شتەی ئەو بۆیانی خوێندەوە دروستە یان نا.

عەقید موراو دەیگوت: "کابرایەکی فیشاڵباز، خەیاڵی، هیچ، فێڵباز وبەرزە خەیاڵ بووە، تەنانەت قارەمانانی ڕۆمانیش ئەو هەموو خۆسەری و ڕیسکەیان نەبووە. تاقە قسەیەکی کە جێگەی باوەڕ بێ، ئەو ڕێکەوتنەیەتی لە گەڵ ئیپامینوداس دا کە چەک بۆ کانودوس ببات. ئەم پیاوە بابایەکی قاچاغچیە، بۆ بیانووو پاکانەی کارەکەی خۆی ئەو چیرۆکە ئاشوبئامێزەی دروست کردووە."

ئادالبرتو گوموسیو، لە سەر کورسیەکەی دەهەژێ: " بیانوو و پاکانە؟ ئەمە ڕەوشەکە خراتر دەکات."

بارۆن لە لایەوە دانیشت، دەیویست گوێ لە گەنگەشەی ئەو دووانە بگرێ.

گوموسیو، تەکەزی لە سەر ئەو خالآنە دەکرد کە هاروژاندبووی وگوتی: " یانی بە بۆچوونی تۆ، هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی مولکایەتی وئاین وزەوجین وئەخلاق، ڕەوشەکە ئاسانتر دەکات؟... ئەمە زۆر لە قاچاغچیاتی چەک مەترسیدارترە."

بارۆن دەبیرەوە چوو: "زەوجین وئەخلاقی ئایدیالی." لە دڵی خۆیدا پرسی کە ئایا ئادالبرتو، لە ماڵەکەی خۆی دا، پەیوەندییەکی جدی وگەرم وگوڕی وەکو پەیوەندییەکەی نێوان ئەستیلاو سباستیانای تەحەمول دەکرد. دووبارە بیری لە ژنەکەی کردەوە. بڕیاری دا سبەی بەیانی بکەوێتە ڕێ. پەرداخێ شەرابی (ئەلبووت)ی بۆ خۆی تێکرد و بینێکی درێژی پێوەنا.

گوموسیو گوتی: "من لەو باوەڕەدام کە ئەم چیرۆکە دروستە. چونکە زۆر ئاسایی و بە ڕوون وڕەوانی ئەو بویەرە سەیرو سەمەرانە دەگێڕێتەوە – هەڵاتنەکانی، پیاو کوژیەکانی، ئەو سەفەرانەی کە وەکو ڕێگرێک کردوونی، دوورە پەرێزییەکانی لە پەیوەندیانی سێکسی. وەکو شتی زۆر ئاسایی دەیان گێڕێتەوە، وەکو ئەوەی نەزانێ کە ئەو شتانە چەند لە ژیانی ئاسایی جیاوازن. ئەمە وام لێدەکات بگەمە ئەو قەناعەتەی کە بە خۆی ئەو شتانەی جەڕباندووەو بە ڕاستی باوەڕی بەو قسە ترسناکانەیە کە دژی خواو خێزان وکۆمەڵگە دەیانکات."

بارۆن، پاشماوەی تاماوە ئامال شیرینەکەی شەرابەکە قووت دەدات و دەڵێت: " بێگومان باوەڕی پێیانە. بەخۆم چەند جارێک لە کالومبی گوێم لێی بووە، دووبارەی کردوونەتەوە."

موراوی دان عەمر، دووبارە جامەکانی پڕکردەوە. لە کاتی شێودا هیچیان نەخواردبووەوە، بەڵام خانە خوێیەکەیان دوای قاوە خواردنەوە، ئەم شووشە شەرابەی هێنابوو کە ئێستا تەقریبەن نیوە بووبوو.

بارۆن لە دڵی خۆیدا پرسی: ئایا پەنا بردنە بەر شەراب و مەست بوون، تاقە ڕێگە بوو، تا لەوەی پتر خەمی سەلامەتی ئەستیلای نەبێت؟

گوتی: " ئەم پیاوە واقیع و خەیاڵ تێکەڵ دەکات، هیچ وێنایەکی لە لا نییە کە ئەمیان لە کوێ تەواو دەبێ و ئەویان لە کوێ دەست پێدەکات. ڕاستە هەموو ئەو شتانە بە ڕوونی و ڕاستگۆیی دەگێڕێتەوەو پێدەچێ باوەڕی بە هەموو وشەیەکی هەبێ. ئەمە گرینگ نییە، چونکە ئەم شتانە بە چاو نابینێ، بەڵکو لە پشت پەردەی بیرو باوەڕەکانییەوە دەیان بینێ. مەگەر لە بیرتان نایە کە چی دەربارەی کانودوس و یاخییەکان دەگوت؟ دیارە دەربارەی شتەکانی دیکەش هەمان بیرکردنەوەو بۆچوونی هەیە. زۆر لەگینە بەلای ئەوەوە شەڕێکی نێوان شەقاوەکانی کوچە و کۆڵانەکانی بەرشەلۆنە یان هێرشی پۆلیسی مارسیلیا بۆ سەر قاچاخچیان، ئەڵقەیەک بێ لەو شەڕە درێژخایەنەی کە چەوساوەکان دژی چەوسێنەران بەرپایان کردووە تا ئەو کۆت و زنجیرانە بشکێنن کە لە پێی بەشەر کراوە."

خوزیە برناردو موراو کە دەم و چاوی هەڵکفا بوو، چاوانی دەبریقانەوەو زمانی قورس بووبوو، پرسی: " باشە ئێوە باوەڕ بەو داوێن پارێزییە دەکەن کە باسی دەکات؟ یانی ئێوە هەردووکتان باوەڕ بەو پاکداوێنیەی دەکەن؟ دە دانە ساڵ پارێزی سێکسی کردووە، تا وزە کۆبکاتەوەو لە شۆڕشدا جڵەوی بەربدات؟"

ڕاویژی دەنگی بە جۆرێ گۆڕا، کە بارۆن وای هەست کرد لە ئان و ساتدایە بکەوێتە گێڕانەوەی چیرۆکی بێ پەردە.

پرسی: " ئەدی دەربارەی قەشەکان چ دەڵێن؟ ئەدی ئەوان لە پێناوی ڤیانی خوادا، هەموو تەمەنیان بە پاکداوێنی نابەنە سەر؟ ئیدی گالیش بۆ خۆی جۆرە قەشایەتیەک دەکات."

گوموسیو، ئاوڕێکی لای خانە خوێیەکانی دایەوەو بە سوعبەتەوە گوتی: "خوزیە برناردو، لە چاوی خۆیەوە سەیری خەڵکی دەکات. تۆ ئەگەر هەموو دنیاشت بدەنێ، ئامادە نیت، دە دانە ساڵ بە داوێنپاکی بەریتە سەر."

موراو پێکەنی: "هەرچیەکیان دابامێ ئامادە نەدەبووم ئەو مەرجە قەبووڵ بکەم. ئاخر ئەمە گەوجاتی نییە پیاو خۆی لەو تۆزە خۆشی و لەزەتە بێبەش بکات کە ژیان پێی ڕەوا دیتووە؟" پڵیتەی یەکێک لە مۆمەکانی نێو مۆمدانە گەورەکە کەوتە پرتە پرت و تەنکە دووکەڵێکی لێبەرز بووەوە، موراو هەستا تا مۆمەکە وەکوژێنێتەوە. لە کاتێکا بە پێوە بوو، هەر سێ جامەکەی تەژی شەرابی (ئەلبورت) کردەوە و شووشەکەی چۆڕ بڕکرد.

بە چاوانی درەخشانەوە گوتی: "لەم دوو ساڵەدا، هێندەی وزە خڕکردووەتەوە، کە یەک ماکەر تێرو ئاوس بکات." قاقایەکی دزێوی لێداو، بە لارە لار بەرەو دۆڵابەکە چوو تا شووشەیەکی دیکەی شەرابی (ئەلبورت) بێنێ. مۆمەکانی دیکەش بەرەبەرە تەواو دەبوون، ژوورەکە سات بە سات تاریکتر دەبوو. "شێوەی ژنەکەی کابرای بەڵەد چۆن بوو، کە کردیە کارێک کە ئەم پیاوە داوێنپاکییەکەی خۆ بشکێنێ؟ " بارۆن گوتی: " دەمێکە نەمدیوە. خراپ نییە، ژنێکی هێمن و شەرمنە."

عەقید موراو، بە دەستی لەرزۆک پێکەکەی بۆ دەمی برد و بە زمانێکی خاو گوتی: " ساق وسمتی باش بوو؟ ژنانی ئەم دیار و دەڤەرە، زۆر وردیلەن و زوو پیر دەبن. بەڵام سمت و کەفەڵیان گاڵتەی پێناکرێت."

ئادالبرتو گوموسیو، بەپەلە بابەتەکەی گۆڕی، ڕووی کردە بارۆن وگوتی: "ئەو پەیمانی ئاشتیەی کە تۆ پێشنیازی دەکەی کە لە گەڵ یاقوبیەکاندا بکرێ زۆر زەحمەتە، دۆستانی مە ئامادە نین، مامەڵە لە گەڵ کەسانێکدا بکەن، کە ساڵانی ساڵە شەڕی ئێمە دەکەن."

بارۆن مەمنوونی ئادالبرتو بوو کە بابەتەکەی گۆڕی، وەڵامی دایەوە: " هەڵبەتە کارێکی زەحمەتە... لەوەش زەحمەت تر، قەناعەت پێکردنی ئێپامینوداسە کە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێ. بەڵام ئەنجام هەموو دەزانن کە جگە لەو ڕێیە، چ ڕێگەیەکی دیکە نییە... چونکە مەسەلەکە، مەسەلەی مەرگ وژیانە..."

دەنگی سم وحیلەی نزیکی ئەسپان قسەکەی پێبڕی و، دوای تۆزێک لە تەقەی دەرگا درا، خوزیە بردناردو، ڕووی گرژ بوو و برۆی وێک هێنانەوە، بەدەم هەستانەوەو لە بن لێوانەوە گوتی: " دیسان چییە؟ " لە ژووری نانخواردنەکە وەدەرکەوت. بارۆن دووبارە پەرداخەکانی تەژی کردنەوە.

گوموسیو، بە گوێیا چپاند: " زۆر دەخۆیتەوە ها، قەت بەم حاڵەوەم نەبینیوی، چییە خەفەتی سووتانی کالومبی یە؟ خۆ دنیا ئاخر نەبووە، تەنیا نسکۆیەکی کاتیە."

بارۆن گوتی: " نا، خەفەت بۆ ئەستیلا دەخۆم، هەرگیز لە خۆم خۆش نابم. خەتای خۆم بوو ئادالبرتو، من زۆرم لێکرد، نەدەبوایە بۆ کالومبی ببەم، خۆ تۆ وڤیاناش پێتان گوتم. بەڕاستی لە خۆپەرستی وکەرێتی خۆما ئەو کارەم کرد."

گوێیان لە کرانەوەی دەرگای پێشەوە بوو کە کەوتە سەر گازی پشت، دەنگی کۆمەڵێک پیاو هات.

گوموسیو گوتی: " قەیرانێکی ڕەوتەنیە و بە زوویی تێی دەپەڕێنی، هیچ مانایەکی نییە بەو ڕادەیە سەرکۆنەی خۆت بکەیت."

بارۆن گوتی: "بڕیارم داوە سبەی بڕۆم بۆ سلڤادور. هێشتنەوەی لێرەداو بە بێ سەرپەرشتی دکتۆر زۆر مەترسیدارە."

خوزیە برناردو موراو، دووبارە هاتەوە بەر دەرگاکە. لەوە دەچوو لە پڕ مەستیەکە بەری دابێ، سەر وسیمای بە جۆرێ تێک چووبوو کە گوموسیو وبارۆن بە هەشتاو بەرەو پیری چوون. بارۆن باسکی گرت وهەوڵی دا وەهۆشی بێنێتەوە، پرسی: " هەواڵی موریرا سیزاری پێیە؟ " کابرای پیرەمێری خاوەن ماڵات وەکو ئەوەی بە چاوی خۆی کۆمەڵێک تاپۆی بینی بێ، لە بن لێوانەوە گوتی: " شتێکە نایەتە باوەڕکردن، نایەتە باوەڕ کردن."

( ٧ )

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لە گەڵ یەکەم گزنگی خۆرا، هەستا، توێژاڵە قوڕە وشکەوە بووەکەی سەر بەدەنی وەراند، هەستی کرد ئازای بەدەنی، زۆر لە شەوبێریەکەی دوێشەو زیاتر دەیەشێت، وەک ئەوەی بە درێژایی شەوەکە دارکاری کرابێت. ئیدی جم وجۆڵی پڕجۆش وخرۆشی پیاوانی یونیفۆرم پۆش، بێئەوەی هیچ فەرمانێکیان پێدرابێ، ئەو ناوەی قەرەباڵغ کردبوو. بێدەنگیەکی هێندە قورس باڵی بە سەر ئەو پیاوانەدا کێشابوو، کە زۆر بە ئازارتر بوو لە دەنگی ئەو تۆپ وزەنگ وشەیپورانەی کە بە درێژایی دوێشەو خەویان لێحەرام کردبوو. گوێی کپ و سەری گێژ بووبوو. خورجینە گەورەکەی دەدا بە شانیا، مێزە چکۆلە سەفەرییەکەی قەد دەکات ودەیخاتە بن باخەڵی. بە لاقی تەزیوو و، کەپووی پڕ خروی پژمینەوە، بە هەڵدێرەکەدا، بەرەو خێوەتەکەی عەقید موریرا سیزار هەڵدەگەڕێ، وەختایەک خروی پژمین زۆری بۆ دێنێ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " هی نمساری هەواکەیە." ئەم تاوی پژمینە بە جۆری زۆری بۆ دێنێت کە شەڕو هەموو شتێکی لە بیردەباتەوە، تەنیا ئەو هاڕوژانە دەرونیەی لە بیر دەمێنێ کە فرمێسک دەزایەنێتە چاوی، گوێیەکانی کپ وسەری گێژدەکات و هەردوو کونە لووتی وەکو مێروستان دەهاڕوژێنێ. سەربازەکان لە پەلە پەلی خۆیانا، شانی لێدەدەن و کەناری دەخەن و تفەنگ بەدەست، کۆڵە پشتیەکانیان تووند دەکەنەوەو لێی دەربازدەبن. یارۆی پەیامنێر نها گوێی لە هەندێ دەنگە، کە عازدەدەن.

کە دەگاتە سەر گردەکە، موریرا سیزار دەبینێ، کە لە ناو ئەفسەرەکانیا ولە سەر شتێک ڕاوەستاوە، بە دووربین تەمەشای بناری گردەکە دەکات. هەراو هەنگامەیەکە سەگ ساحیبی خۆی ناناسێت. ئەسپە سپییەکە زین کراوە و حازرو ئامادەیە، هەڵدەستێتە سەر هەردوو پاشوو. شەیپورچیان، بە هەڵەداوان دێن ودەڕۆن وخۆ بە ئەفسەرەکاندا دەکێشن و بەدەم هاوار کردنەوە هەندێ شت دەڵێن کە یارۆی پەیامنێر، بە هۆی پژمینی زۆرەوە گوێیەکانی کپ بووبوون، نەیدەزانی چ دەڵێن، گوێی لە دەنگی عەقیدەکە دەبێ: " کونیا ماتوس، تۆپخانەکە چ بەڵایەکیەتی؟ " وەڵامی پرسیارەکەی لە دەنگی شەیپورەکاندا، ون دەبێت. یارۆی پەیامنێر، خورجینەکە ومێزە سەفەرییەکەی دادەنات ودەڕواتە پێشەوە تا لەو بەرزاییەوە تەمەشایەکی کانودوس بکات.

شەوی پێشوو ئەوێندەری نەبینی بوو، وای وێنا دەکرد کە دوای چەن خولەکێک یان چەند سەعاتێکی دی ئیدی چ کەسێک هەرگیز ئەوێندەر نابینێتەوە. بە پەلە بە چمکی فانیلەکەی ژێرەوەی عەینەکە تەم گرتووەکەی دەسڕێت،

تەمەشای دیمەنەکەی بەردەم خۆی دەکات. ئەو ڕۆشناییە ئامال شینە کەوەییەی کە لە لوتکەی چیاکانی دەدا، هێشتا نەگەیی بووە ئەو دۆڵەی کە کانودوسی تیا بوو. زۆر بە زەحمەت دیاربوو کە بناری شاخەکە ومەزراکان و زەویە بەردەلانەکە لە کوێ کۆتایی دێت وکولبە وکەپرە تێکەڵ وپێکەڵەکانی دەشتانیەکە لە کوێوە دەست پێدەکات. بەلام لە ناکاوا دوو کڵێسا بەدی دەکات، یەکێکیان بچووک و ئەویتریان زۆر بەرزەو بۆرجەکانیان ئەو فەزا لاکێشەییەی نێوان هەر دوو کڵێساکە لێکدی جیا دەکەنەوە. بە وردی دەڕوانێ، هەوڵدەدا لە بەر ڕۆشناییە کزەکەدا، ئەو پانتاییە دیاری بکات کە ڕوبارێک، پێدەچێ ئاوەکەی هەستابێ، کەوتووەتە ئەوبەرییەوە، ڕێک لەو کاتەدا گرم وهۆڕی تۆپان دەست پێدەکات، ڕادەچڵەکێ و بە ناچاری دەست دەخاتە سەر هەردوو گوێی، بەلام چاو نانوقێنێ، بەڵکو حایرو حەپەساو دەڕوانێتە خوارەوە و لە ناکاوا گڕ بەرز دەبێتەوەو چەند کوختە وکەپرێک، دەچن بە ئاسمانا و، دار ولەوح وحەسیر وهەژگ وبژاڵ وهەرچی ناوماڵیان هەیە دەچێ بە ئاسمانا ودوای تۆزێک دەکەونەوەو دیار نامێنن. تۆپباران زیاتر دەبێ وکانودوس لە ژێر دووکەڵ و تەپ و تۆزا دیار نامێنێ و ئەم دووکەڵە بۆ بناری شاخەکان بەرز دەبێتەوەو لەوێندەر بڵاودەبێتەوەو لە دەمی گڕکانێ دەچێ، کە ساپیتە و پارچە دیواری ئەو خانووانەی کە گوللە تۆپ بردوونی بە ئاسمانا، لێوەی دەکەوێتە خوارەوە.

یەکسەر ئەو بیرۆکە سەخیفەی بۆ دێ کە ئەگەر ئەم دووکەڵە بەو جۆرەو بە بەردەوامی بەرزببێتەوە، دەگاتە کەپووی هەستیاری ئەو ودووبارە گیرۆدەی نۆرە پژمینێکی دیکە دەبێت.

گوێی لە دەنگی موریرا سیزار دەبێت، دەنگەکە زۆر نزیکە لەوەوە، ئاوڕ دەداتەوە، دەبینێ عەقید ویاوەرەکانی لە نزیکی ئەوەوە وەستاون: "باشە حەوتەم چاوەڕوانی چییە! ئەدی نۆیەم! ئەدی شازدەیەم!"

نەقیب ئولیمپیو کاسترو، کە لە دووری چەند هەنگاوێکی ئەوەوە وەستاوە، بەرسڤ دەداتەوە: " ئەزبەنی، حەوتەم، لەوێندەرەوە، لە خوارەوە هێرش دەکات."

یەکێکی دی لە دوای ئەوەوە بلەز دەڵێت: "هەروەها نۆیەم وشازدەیەمیش."

عەقید موریرا سیزار، بە لایدا ڕەت دەبێت، دەستێک بە پشتیا دەدات ودەڵێت: "تۆ دیمەن وبویەرێک دەبینی کە بە نێوبانگت دەکات."

فریای وەلامدانەوە ناکەوێت، چونکە عەقید وئەفسەرەکانی یاوەری، ئەو بە جێدێڵن و دەچنە کەمێک خوارترەوە تا لە پەنا کەڵکێکدا سەنگەربگرن.

لە دڵی خۆدا دەڵێت: "حەوتەم، نۆیەم، شازدەیەم. ئەمانە چین، فەوجن؟ فەسیلن؟ سریەن؟ لەم کاتەدا هەتاو هەڵدێ. لە سێ قۆڵەوە، هێزەکانی تیپەکە، بە سەرەنێزەی بریقەدارەوە، لە شاخەکەوە دادەگەڕێن وبەرەو ئەو دۆڵە پڕ دووکەڵە دەڕۆن کە کانودوسی لە خۆگرتووە.

تۆپباران وەستاوە. پەیامنێرە نزیکبینەکە لە ناکاوا گوێی بە دەنگی زەنگان دەزرینگێتەوە. سەربازەکان غار دەدەن، دەخزێن، بە قەد پاڵەکاندا بازدەدەن وتەقە دەکەن. ئیدی هەڵدێری شاخ وگردەکانیش لە دووکەلا نقوم بوون. موریرا سیزار، کڵاوە بەڵەکە سوور وشینەکەی بە نیشانەی ڕەزامەندی تەکان دەدات.

پەیامنێرەکە خورجین ومێزە سەفەرییەکەی هەڵگرت وئەو چەند هەنگاوەی نێوان خۆی وفەرماندەی کەتیبەی حەوتەم تەیدەکات و لە پەنا ئەو تاوێرەی نزیکی عەقید و یاوەرەکانی و ئەسپە سپیەکەدا کە موراسلێک جڵەوەکەی گرتووە، دادەنیشێت. هەستێکی سەیر دایگرتووە، گێژە، هەستدەکات ئەو شتانە نابینێ کە تەمەشایان دەکات.

شنە بایەک هەڵدەکات، ئەو پەڵە دووکەڵ وهەورە کەوەییانە ڕادەماڵێ کە ئاسمانی شارەکەیان داپۆشیوە. دەبینێ هەورەکان بەرەبەرە تەنکتر دەبنەوە. لێکدی دادەبڕێن و دەڕەونەوەو دوور دەکەونەوە. بایەکە بەرەو ئەو دەشتە کراوەیەیان ڕادەماڵێ، کە کەوتووەتە سەرەتای ڕێگای "جراموابو"وە. نها دەتوانێ پەیگیری جوولەی هێزە سەربازییەکان بکات. ئەوانەی لە دەستی ڕاستی ئەوەوەن، گەییونەتە کەنار ڕوبارەکەو مژوولی پەڕینەوەن. جەستە چکۆلە سوور وسەوزو شینەکان، بەرە بەرە کەوەیی دەنوێنن، لەو دیو ڕوبارەکەوە دەکەونە نەدیوی و دووبارە بە دیار دەکەونەوە، ڕێک لەم کاتەداو لە ناکاوا دیوارێک لە تۆزو غوبار لە نێوان ئەوان وکانودوسدا بەرز دەبێتەوە. چەند جەستەیەک بەردەبنەوەو دەکەونە سەر ئەرزەکە.

یەکێکیان دەڵێت: "سەنگەرەکانیانە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بڕیار دەدات لەو گروپە نزیک ببێتەوە کە دەوری عەقیدیان داوە، عەقید چەند هەنگاوێک چووەتە خوارترەوەو، دووربینەکەی بە دووربینێکی باشتر گۆڕیوەو تەمەشای دیمەنەکانی خوارەوە دەکات. چەند چرکەیەک بوو هەتاو هەڵاتبوو و وەکو تۆپێکی سوور دەینواند، نها مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکەی ڕوناک دەکردەوە. پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) کە بەردەوام دەلەرزی، بێئەوەی بە خۆیشی بزانێ چ دەکات، لە پشت تاوێرێکەوە مل قوت دەکاتەوە، تا باشتر دیمەنەکە ببینێت. هیچ نەبێ لەوێندەرەوە، وێنایەکی ئاڵۆزی دەربارەی دیمەن و بویەرەکانی خوارەوەی لە لا دروست دەبێ. ڕیزی ئەو سەربازانەی کە لە ڕوبارەکە پەڕیبوونەوە، ڕووبەڕووی بەرگری کۆمەڵێک سەنگەری نادیار دەبنەوەو پەراگەندە دەبن. لە خوارەوە شەڕ گەرمە. یەکەیەکی دیکەی هێرشبەر، کە ڕێک بە بەردەمی ئەوا تێدەپەڕن، ڕووبەڕووی دەسترێژێکی تووند دەبنەوە. سەگڤانان خۆیان لە سەنگەر ناوە. یاخی و شەڕڤانەکان دەبینێ، ئەوانەن کە کاسکێتیان لە سەرە؟ یان دەرسۆکیان لە سەرە؟ کە لە ناکاوا لە سەنگەرەکانیانەوە دەردەپەڕن، دووکەڵێک بڵاودەکەنەوەو، هەرچەندە لە دووکەڵا نقوم بوون و وەکو تارمایی شێواو دێنە بەرچاو، بەڵام ئەو دەتوانێ ئەو پیاوانە بەدی بکات کە بەر دەسترێژ دەدران و بە هەڵەداوان خۆیان دەخزانە خەندەکەکانەوە، وادیار بوو لەوێندەر شەڕی دەستەویەخە و تەن بەتەنە.

گیرۆدەی نۆرە پژمینێکی دوور و درێژی ئەوتۆ دەبێ، کە وا هەستدەکات خەریکە ببورێتەوە. بەدەم پژمینەوە کووڕ بووەتەوە، چاوی نوقاندوون، چاویلکەکەی بە دەستەوە گرتووە، دەپژمێ و دەمی داچەقاندووە، هانکە هانک عەودالی هەڵمژینی تۆزێ هەوایە. ئەنجام پشت ڕاستدەکاتەوە، هەناسەیەک هەڵدەمژێ، هەستدەکات یەکێک دەست بە پشتیا دەدات. چاویلکەکەی لە چاو دەکات وعەقید دەبینێ.

موریرا سیزار، بە کەیف وشەنگوڵ، دەڵێت: "وامانزانی بریندار بوویت."

پەیامنێرە نزیکبینەکە لە نێو ئەفسەرەکاندایە و نازانێ چ بڵێ. زۆری پێ سەیر بوو، تەسەوری ئەوە بکرێ کە ئەو بریندار ببێت، وەکو ئەوە بوو هەرگیز تەسەوری ئەوە نەکات کە ئەویش بەشێکە لەم شەڕەو شەریکە لەم شەڕەدا و دوور نییە بێتە پێکان وبریندارببوون.

بە دەمە لالکێوە دەڵێت: "چ بووە؟ ئەمە چییە؟"

عەقید، دووربین بە چاو دەڵێت: "نۆیەم داخڵی کانودوس بوو. حەوتەمیش خەریکە داخڵ دەبێت."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، هانکە هانکی پێکەوتووە، لاجانگەکانی بە توندی لێدەدەن، هەستدەکات هەموو شتەکان نزیک بوونەتەوە، بە ئاسانی هەست بە شەڕەکە دەکات. هەندێ ماڵی دەوروبەری کانودوس ئاگریان لێ بەرز دەبێتەوە، دوو ڕیز سەرباز خەریکە دەچنە ناو شارەکەوە، دووکەڵی تۆپخانەو تفەنگ دەوروبەری تەنیون. سەربازان، لە ونگە هەزار تویێەکانی سەربانی قرمید، حەسیر و شێلمان و تەختە و لەوح و تەنەکەدا کە ناوبەناو ئاگریان لێبەرز دەبێتەوە ون دەبن. دەبیرەوە دەچێت: "خەریکن ئەوانەی کە لە گوللە تۆپ دەرباز بوو، بەدەستڕێژی تفەنگ دادەبێژن."

بە خەیاڵ ڕق وکینەی ئەو ئەفسەرو سەربازانە دێنێتە بەرچاوی خۆی کە دەیانەوێ تۆڵەی ئەو جەنازانە بکەنەوە کە لە بێشەکەدا هەڵواسرابوون، دەیانەوێ تۆڵەی ئەو هێرشە لە ناکاوانەش بکەنەوە کە بە درێژایی ڕێگای مونتە سانتو دەکرایە سەریان و خەوی لێحەرام دەکردن.

گوێی لە یەکێک دەبێ کە دەڵێت: "قەناس و سەگڤانەکانیان لە کڵێساکاندا خۆیان مەڵاس داوە، باشە کونیا ماتوس چاوەڕوانی چی دەکات؟ بۆچی کڵێساکان ناگرێت؟"

زەنگەکان یەکسەر دەکەونە لێدان، بە درێژایی کاتەکە گوێی لە دەنگیان بوو، دەتگوت موسیقایەکی دوورەو تێکەڵ بە دەنگی تۆپباران ودەستڕێژی گوللە دەبێت. لە جادە تەنگ و پێچاوپێچەکانەوە، تارمایی خەڵکانێک بەدی دەکرێ کە بە هەڵەداوان غار دەدەن، جلکی سەربازی بەدەم غاردانەوە سەما دەکات. دەبیرەوە دەچێت: " کونیا ماتوس، لەم دۆزەخەدایە... غار دەدات، نووچ دەدا، دەکوژێت، شەلم کوێرم کەس نابوێرم." ئەدی تامارێندو و ئۆلیمپیو کاسترو؟ چاویان بۆ دەگێڕێت وعەقیدە پیرەکە نابینێ. بەڵام یارۆی نەقیب لە ناو ئەفسەرانی یاوەری موریرا سیزاردایە. ئیدی لە خۆوە هەست بە ئاسوودەیی دەکات.

گوێی لە عەقید دەبێت کە فرمان دەدات: "با پاشهێزەکە و پۆلیسی باهیا هێرش بۆ قۆڵەکەی دی بکەن."

نەقیب ئۆلیمپیو کاسترو و سێ ئەفسەری دی بە هەڵەداوان سەر دەکەونە سەر شاخەکە و چەند شەیپورچییەک دەست بە شەیپور لێدان دەکەن وتا دەنگی چەند شەیپورێکی دی لە دوورەوە بەرزدەبێتەوە. ئێستا بۆی دەرکەوت کە فەرمانان لە ڕێگەی شەیپورانەوە دەگوازرێتەوە. حەزی کرد ئەمە لای خۆی تۆمار بکات بۆ ئەوەی لە بیری نەچێتەوە. بەڵام چەند ئەفسەرێک بە یەکەوەو بەیەک دەنگ هاوارێک دەکەن وئەو دەوەستێ وتەمەشایان دەکات. لە مەیدانە کراوەکەی نێوان کڵێساکانەوە دە، دوازدە، پازدە سەرباز بە جلکی بەڵەکی سوور- شینەوە، بە دووی دوو ئەفسەرا غار دەدەن – دەتوانێ شمشێرە هەڵکێشراوەکانی هەر دوو ئەفسەرەکە بدینێ – هەوڵدەدا ئەو دوو مولازمە یان نەقیبە، کە هەڵبەتە پێشتر دیتوویانیەتی، بناسێتەوە. دیار بوو بە نیازی ئەوە بوون دەست بەسەر پەرستگەکە و بورجە سپی و بەرزەکەی و ئەسکەلە و داربەستەکەی دەوریا بگرن، کەچی لە هەموو لایەکەوە بەر دەستڕێژی گوللە دەدرێن و زۆربەیان دەکەونە سەر ئەرزەکە. تەنیا چەند کەسێکی کەمیان دەگەڕێنەوەو لە تەپ وتۆزەکەدا ون دەبن.

گوێی لێدەبێ کە موریرا سیزار بە ڕاوێژێکی ساردو وشک دەڵێت: "دەبوایە، خەڵکانێک بە دەستڕێژی تفەنگ پشتیوانیان لێ بکردبان. ئەوێندەر کراوە بە سەنگەر..."

خەڵکانێکی زۆر لە کڵێساکانەوە وەدەردەکەون وبە غار بەرەو لای ئەو سەربازانە دەڕۆن کە لە ئەرزەکەدا کەوتبوون وخۆیان بە سەریاندا دەدەن. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " دەیان کوژن، دەیان خەسێنن، گەڵ وگونیان دەبڕن، چاویان دەردێنن." لە هەمان کاتدا گوێی لە عەقیدەکە دەبێت کە لە بن لێوانەوە دەڵێت: " خۆ ئەو گەوج و کەللە پووکانە، خەریکە رووتیان دەکەنەوە."

پەیامنێرەکە لە بەر خۆیەوە دووبارەی دەکاتەوە: "رووتیان دەکەنەوە؟ " دووبارە بە خەیاڵ جەنازەی عەریفە قژ زەردەکەو سەربازەکانی دێنێتەوە بەرچاو کە بە درەختەکانەوە هەڵواسرابوون. خەریکە لە سەرما ڕەق دەبێتەوە. مەیدانە کراوەکە هێشتا نقومی دووکەڵ وغوبارە. پەیامنێرەکە چاو بە هەموو لایەکدا دەگێڕێت و دەیەوێ بزانێ لە خوارەوە چ باسەو ڕەوشەکە چۆنە. ئەو دوو کەتیبە سەربازەی کە یەکێکیان لە دەستە ڕاستەوە و ئەویتریان لە خوارەوە خۆیان بە کانودوس دا کردبوو، لەو ونگە هەزار توێیەدا دیار نەمان، کەچی لە هەمان کاتدا کەتیبەی سێیەم لە دەستە راستی ئەوەوە، خۆ بە ناو شاردا دەکەن. دەیانتوانی بەو گەردەلوول و تەپ و تۆزەی لە پێشیانەوە هەڵدەستا و بەو گەردەلوولەی لە دوایانەوە، لە کوچە و کۆڵانە تەنگ و پێچاوپێچەکانەوە بەرز دەبووە، چۆنیەتی پێشڕەوییەکەیان بزانێت و بە خەیاڵ پێکدادان و هێرش وپەلامار، شکاندنی دەرگایان بە قۆناگە تفەنگان و هەرا و هەنگامەی داڕوخانی ساپیتە و میچان بێنێتە بەرچاوی خۆی، شەڕی تەن بەتەن، یەک بەرانبەر بە دووان، دووان بەرانبەر بە سێیان، بێنێتە بەرچاوی خۆی.

لەم بەیانییەوە یەک قوم ئاوی نەخواردبووەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە دوێشەویشەوە زەوادی نەچووبووە سەر زار. جگە لە برسیەتی، هەستی دەکرد پێچ بە ڕیخۆڵەکانیشیا دێ. خۆر بە حەوێقی ئاسمانەوەیە. یانی نیوەڕۆیە؟ یانی بە خوت وخۆڕایی ئەم هەموو وەختە تێپەڕی بێ؟ موریرا سیزار و ئەفسەرە یاوەرەکانی چەند هەنگاوێکی دی بە شاخەکەدا دادەگەڕێن. پەیامنێرە نزیکبینەکە بەدەم ڕەت بردن و هەستانەوەوە دوویان دەکەوێ تا سەرەنجام دەیانگاتێ. قۆڵی ئولیمپیو کاسترو دەگرێت ولێی دەپرسێت خەبەر وباس چییە، چەند سەعاتە شەڕ دەستی پێکردووە.

موریرا سیزار کە دووربینەکەی بە چاوەوەیە دەڵێت: " پاشهێزەکە و پۆلیسی باهیا گەییونەتە ئەوێ و دژمن لەو قوڵەوە گەمارۆ دراوە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە دوور، لەولای خانووە بچووکەکانەوە کە لە تەپ و تۆزا نیوە پەنهان بوون، کۆمەڵێک پەڵەی شین و کەسک و زەردباو بەدی دەکات کە بەو دەڤەرەدا کە تا نها لە جەنگ بە دوور بووەو نە دووکەڵ و نە ئاگر ونە خەڵکی نابینرێ، پێشڕەوی دەکەن. نها کانودوس بە تەواوەتی ئابلۆقە دراوە، ئاگر لە هەموو ماڵەکانەوە بەرزدەبێتەوە.

عەقیدەکە دەڵێت: " زۆری درێژە کێشا. " پەیامنێرە نزیکبینەکە هەست بە تووڕەیی و بێتاقەتیەکەی دەکات. " بڵێن با فەوجی سوارە بە هانای کونیا ماتوسەوە بچێت."

پەیامنێرەکە، یەکسەر، بە سەروسیمای نیگەرانی ئەفسەرەکانەوە، ئەوەی بۆ بەدیاردەکەوێ، کە ئەم فرمانە چاوەڕوان نەکراوە، فەرمانێکی نابەجێ وپڕمەترسی بوو. کەسیان ناڕەزایی دەرنابڕن، بەڵام نیگاو تەمەشاکردنەکەیان لە هەر پەیڤ وقسەیەک خویاترە.

موریرا سیزار، چاوێک بە هەموو ئەفسەرەکاندا دەگێڕێ وئەنجام نیگای لە سەر ئۆلیمپیو کاسترو دەگیرسێتەوە: " ها، چیتانە؟ لە چ نارازین؟ "

یارۆی نەقیب دەڵێت: "هیچ ئەزبەبی... تەنیا..."

موریرا سیزار، بە وشکی دەڵێت: " تەنیا چی؟ ئەمە ئەمرە. "

یارۆی نەقیب قسەکەی تەواو دەکات: " ئاخر فەوجی سوارە تاقە هێزی پشتیوانی وئیحتیاتمانە ئەزبەنی."

موریرا سیزار ئاماژە بۆ بناری شاخەکە دەکات: " لێرە چ پێویستمان پێیەتی؟ مەگەر شەڕەکە لە خوارەوە نییە؟ ئەوانەی کە هێشتا ماون، هەرکە چاویان بە هێزی سوارەی مە بکەوێ، زراویان دەتۆقێ ولە هەر کونێکا بن دێنە دەرێ و یەکسەر پەلاماریان دەدەین و دوایان دەبڕینەوە. دەی بڵێ با یەکسەر هێرش بەرن."

نەقیب ئۆلیمپیو، بەدەمە لالکێوە دەڵێت: " ئەزبەنی ڕێگەم بدە با منیش لەگەڵ هێزی سوارەدا بڕۆم."

عەقیدەکە بە کورتی دەڵێت: "لێرە کارم پێتە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە دیسان گوێی لە دەنگی شەیپوران دەبێت. دوای چەند خولەکێک هێزی سوارە، پۆل پۆل، دە دە وپازدە پازدە لە سەر شاخەکە بەدیاردەکەون وئەفسەرێکیان لە پێشەوەیە، کە بە شمشێری ڕووتەوە بەلای موریرا سیزاردا تێدەپەڕن، سڵاوی بۆ دەکەن.

عەقیدەکە هاوار دەکات: " کڵێساکان پاک بکەنەوە، دژمن بەرەو باکوور ڕاوبنەن! "

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە دڵی خۆیدا بیر لەو سەرو سیما گەنج وجیاوازانە – سپی، ئەسمەر، ڕەش، سوور پێست – دەکاتەوە کە تۆزێکی دی دەکەونە ئەو باهۆزو گەردەلوولەوە. ڕێک لەم کاتەدا نۆرە پژمینێکی خراتر لەوەی پێشوو زۆری بۆ دێنێت. چاویلکەکەی لە سەر لووتی دەپەڕێ، ترساو، هەناسەسوار، سینە ولاجانگەکانی خەریکن لە بەر پژمینەکەی دەتەقن، بەو حاڵەوە لە فکران ڕادەچێ، هەڵبەتە هەنووکە چاویلکەکەی شکاوە، یەکێک پێی پێدا ناوەو لە ئێستا بە دواوە چۆن بە بێ چاویلکە هەڵبکات، دنیا لە بەرچاوی لێڵ دەنوێنێ. کە نۆرە پژمینەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە، دەکەوێتە سەرچۆکان وبە نیگەرانییەوە دەکەوێتە لەپە کوتێ، واز نایەنێ تا دەیدۆزێتەوە. کە دەبینێ چاویلکەکەی ساغ و سەلامەتە زۆر دڵی خۆش دەبێت. پاکی دەکاتەوە، دووبارە لە چاوی دەکاتەوەو تەمەشا دەکات. دەبینێ هێزە سوارەکە کە ژمارەیان سەد سوارێک دەبوو، گەییونەتە ناو دۆڵەکە. چۆن توانی بوویان بەو خێراییە داگەڕێن؟ بەڵام لەو خوارەوەو لە کەناری ڕووبارەکەدا گیرۆدە بووبوون. نەیاندەتوانی لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە، ئەسپەکانیان خۆ بە ئاوەکەدا دەدەن و دوای تۆزێک پاشەوپاش دەکشێنەوە، دەڕەونەوە، هەرچەند سوارەکان لێیان تووڕە دەبن، بەر قامچی و مامێزان وپانایی شمشێرانیان دەدەن، فایدەی نییە، لە ڕووبارەکە دەترسن. لە ناوەندی ئاوەکەوە دەزڤڕنەوەو هەندێکیان سوارەکانیان دەخەن.

یەکێک لە ئەفسەرەکان دەڵێت: "بێگومان تەڵەیان لە ئاوەکەدا ناوەتەوە."

ئەفسەرێکی دی لە بن لێوانەوە دەڵێت: "لە پاش وپێشەوە لێیان دەدەن."

موریرا سیزار هاوار دەکات: "کوا ئەسپەکەی من." پەیامنێرە نزیکبینەکە دەیبینێ کە دووربینەکەی دەدات بە موراسیلەکەی. سواری ئەسپەکەی دەبێت وبە هەڵچوون وتووڕە بوونەوە دەڵێت: "ئەو پیاوانە پێویستیان بە سەر مەشقێکە کە چاوی لێبکەن. من ئەم کارە بە تۆ دەسپێرم ئولیمپیو."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، کە عەقید دەبینێ هەڵدەکشێتە شمشێر وئەسپەکەی بەر مامێزان دەدات وبە چوار ناڵە، لە قەد پاڵەکەوە دادەگەڕێ، دڵی دەکەوێتە پەلەپەل. لێ هەرکە پەنجا هەنگاوێک دەڕوات، بە سەرزینەکەوە دادەنوێتەوەو دەست لە یاڵ وگەردنی ئەسپەکە وەردێنێ. ئەسپەکە لە جێی خۆی ڕادەوەستێ. دەبینێ عەقید سەری ئەسپەکە وەردەگێڕێ – دەخوازێ بۆ بارەگای فەرماندەیی بزڤڕێتەوە؟ بەڵام ئەسپەکە وەکو ئەوەی فەرمانەکانی سوارەکەی گێژی کردبێت، دوو – سێ جار بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. پەیامنێرەکە نها دەزانێ بۆچی ئەفسەرانی یاوەری عەقید، هاواردەکەن وبە دەمانچەی ڕووتەوە، بەنیگەرانی وبلەز بە قەدپاڵەکەدا دادەگەڕێن. موریرا سیزار، دەگلێت، ڕێک لەم کاتەدا لە پشت یارۆی نەقیب وئەفسەرەکانی دیکەوە لە چاو ون دەبێ، پاشان نەقیب وئەفسەرەکانی دی هەڵیدەگرن و بە پەلە بۆ سەرەوەی دەبەن. ئیدی هەراو زەنایەکە، ئەو سەری دیار نییە، گیزو هۆڕی گوللە هەترەشی پیاو دەبات، گرمەی تۆپ گوێ کەڕ دەکات، ئیدی هەرا و زەنایەکە، سەگ ساحیبی خۆی ناناسێت.

پەیامنێرەکە، حایرو حەپەساو لەوێندەر وەستاوە، ناتوانێ لە جێی خۆی بجولێت، تەمەشای ئەو پیاوانە دەکات کە بلەز بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێن و ئەسپە سپیەکە کە هەوسارەکەی لە دووی دەخشێ، دوای ئەوان کەوتووە. بە تاقی تەنیا ماوەتەوە، لە ترسا بۆ سەر شاخەکە هەڵدەگەڕێ، دەخزێ، دەکەوێ، بە زەحمەت هەڵدەستێتەوە، بە چوار چنگوڵە سەر دەکەوێ، کە دەگاتە سەرەوە بەرەو خێوەتەکە دەڕوات، بەلایەوە گرینگ نییە کە سەربازانی زۆر لەوێندەر نین. ئەوانەی لەوێندەرن، لە چەند نەفەرێکی بەردەم خێوەتەکە ویەک دوو پاسەوان زیاتر نین کە بە ترس ونیگەرانیەوە تەمەشای ئەو دەکەن. گوێی لە هەندێ قسان دەبێت: " تۆ دەتوانی یارمەتی دکتۆر سوزا فریرو بدەیت؟ " هەرچەندە ئەو کەسەی قسەی لە گەڵ ئەودا دەکرد نەقیب ئولیمپیو کاسترو بوو، بەڵام دەنگەکەی ناناسێتەوەو سیمای بە روونی نابینێ. سەری ئەرێ دەلەقێنێ، نەقیب بە جۆرێ بۆ پێشەوە دەڵەکی دەدات، کە بە تووندی بەر سەربازێک دەکەوێ.

لە ناو خێوەتەکەدا، لە پشتەوە دکتۆر سوزا فریرو دەبینێ کە بەسەر قەرەوێڵەیەکی سەفەریدا دانەویوەتەوە، لاقەکانی عەقیدیش دەبینێت.

سوزا فریرو، بە چوار دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو دەڵێت: " یاریدەدەری دکتۆری؟ " کە چاوی بەو دەکەوێ، چارەی بە یەکدا دەدات.

نەقیب ئولیمپیو کاسترو هاواری بە سەردا دەکات: " پێم گوتی سەربازی نوژداریمان نییە. هەموویان لە گەڵ فەوجەکانا چوونەتە خوارەوە." پاڵێک بە پەیامنێرە نزیکبینەکەوە دەنێت ودەڵێت: " با ئەم پیاوە یارمەتیت بدات."

وادیارە حاڵەتی تووڕەیی ئەم دووە گیرۆ بێ، ئەویش هەست دەکات حەزی لێیە هاوار بکات و پێ بە عاردیدا بکوتێ.

دکتۆر سوزا فریرو، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی پەرچو بکات، بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە: " دەبێ پێش هەموو شتێ پارچەکانی لێدەربێنم، دەنا برینەکەی هەو دەکات ودەیکوژێت."

نەقیبەکە، بەدەم دەرچوونەوە لە ناو خێوەتەکە دەڵێت: " مەحاڵی بۆ بکە. من ناتوانم پۆستەکەی خۆم بەجێ بێڵم، حاڵی حازر من فەرماندەم دەبێ بنێرم بەدووی عەقید تامارێندو تا..." بەبێ ئەوەی قسەکەی تەواو بکات لە خێوەتەکە وەدەردەکەوێ.

دکتۆرەکە دەبۆڵێنێ: " قۆڵی لێ هەڵماڵە و بەم پاک کەرەوەیە دەستت مەسح بکە."

گێژ ومەنگ، بە پێی توانا ئەمرەکەی دکتۆر جێبەجێ دەکات، دوای تۆزێک خۆی لە ئەرزەکەدا دەبینێتەوە کە دانیشتووەو خەریکە سەری شووشە سپرتۆ وبەنجەکە دەکاتەوە – ئەم بۆنە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی بولیتیمای بیر دەخاتەوە – ئەوسا شاشەکان دەخاتە سەرکەپوو ودەمی عەقید موریرا سیزار، تا لەو کاتەدا کە دکتۆر نەشتەرگەری بۆ دەکات، وەهۆش نەیاتەوە. دوکتۆر دوو چەلان بە سەریا دەبۆڵێنێ: " مەلەرزە، خۆت گەوج مەکە، بەنجەکە لەبەر لووتیا ڕابگرە..." حەواسی جەم دەکات. بوتڵە بەنج و سپرتۆیەکە دەکاتەوەو سارغیەکە لە بەنج و سپرتۆکە هەڵدەکێشێت و دەیخاتە سەر کەپوو و لێوەکانی کە بەدەم ئازارێکی زۆرەوە وێک هاتوونەتەوە. بیر لەو ئازارە دەکاتەوە کە ئەم پیاوە وردیلەیە، پێوەی دەناڵێ. دکتۆر سوزا بە جۆرێ بە سەریا دادەنەوێتەوە وەکو ئەوەی بیەوێ بۆنی سکی بکات یان بیلێسێتەوە. ناوبەناو، بە بێ ویستی خۆی، تەمەشایەکی ئەو خوێنە دەکات کە پرژاوەتەوە سەر دەستی دکتۆر و باڵاپۆشەکەی و جلەکانی و پرژاوەتە سەر پەتۆی سەر قەرەوێڵەکە و سەر پانتۆڵەکەی خۆیشی. ئەم جەستە وردیلەیە چەند خوێنی زۆرە! بۆنی سپرتۆیەکە گێژی دەکات ودڵی تێک هەڵدێت. بیر دەکاتەوە: "خۆ هیچم نەخواردووە تا هەڵیبێنمەوە. باشە بۆ نە برسیمە ونە تینوومە؟" چاوانی بریندارەکە هێشتا نوقاون، بەڵام جارجارێک دەجوڵێت و لە گەڵ هەر جوڵەیەکی ئەودا دکتۆرەکە لە بن لێوانەوە دەڵێت: "سپرتۆی زیاتری پێدا بپرژێنە... زیاتر زیاتر." بەڵام دوا شووشەی بچووکی سپرتۆیەکە نها لە نیوە زیاتر بووە و، ئەو بە کەسەرەوە ئەوە بە دکتۆر ڕادەگەیەنێت.

چەند سەربازێکی موراسیل، بە لەگەنێک ئاوی لە کوڵەوە خۆ بە خێوەتەکەدا دەکەن، دکتۆر بە دەستێک نەشتەر و دەرزی و داوی نەشتەرگەری و مەقەستەکان، لە ئاوەکەدا دەشوات.

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە کاتێکا خەریکە شاشەکان لە سپرتۆیەکە هەڵدەکێشێت، گوێی لە دکتۆر دەبێت کە لەبن لێوانەوە دەبۆڵێنێ و هەزار و یەک جنێوی سەر بە کۆلکە بەخۆی دەدات و نەفرەت لە دایکی دەکات کە بۆ ئەوی هێناوەتە دنیاوە. سات بە سات خەو زیاتر زۆری بۆ دێنێت وباوێشک لە سەر باوێشک دەدات، دکتۆر زۆر بە توندی سەرزەنشتی دەکات: "هەی قەل پیاو، ئێستا کاتی باوێشکدان وخەو نییە." بە تەریقیەوە داوای بوردن دەکات، تکا لە موراسیلەکان دەکات کە ئەگەر ئەمجارە ئاوی گەرمیان هێنا، مەتارەیەک ئاوی خواردنەوە بۆ ئەویش بێنن.

دەبینێ، نها هەر دووکیان بە تەنێ لە خێوەتەکەدا نین، ئەو تارماییەی کە مەتارەکە دەخاتە سەر دەمی ئەم، نەقیب ئولیمپیو کاسترۆیە. عەقید تامارێندو و " مێجەر کونیا ماتوس "ش لەوێن، پشتیان بە قەدی خێوەتەکەوە داوەو هەردووکیان خەمبارن، جلەکانیان دڕاوە. دکتۆر دەڵێت: "سپرتۆی زیاتری پێدا بکە." یەکسەر پەی بە گەوجاتی خۆی دەبات، چونکە شووشەکە دەمێکە بەتاڵ بووەو هیچی تیا نەماوە. دکتۆر سوزا فریرو، برین پێچی بۆ موریرا سیزار دەکات وپەتۆکەی پێدا دەدات. پەیامنێرەکە حایر وحەپەساو لە فکران ڕادەچێ: " ئەوە خۆ شەوە! " چەند تارماییەک بە دەوریەوەن، یەکێکیان فانۆسێک بە یەکێک لە ئەستوونەکانی خێوەتەکەدا هەڵدەواسێت.

عەقید تامارێندو بە ئەسپایی دەپرسێت: "حاڵی چۆنە؟ "

دکتۆرەکە ئاهێک هەڵدەکێشێت و: " ورگی وێرانە، لەت و پەت بووە. زۆر دەترسم کە..."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، بەدەم دادانەوەی قۆڵەکانیەوە، لە دڵی خۆدا دەڵێت: " خۆ تۆزێ لەمە پێش بەیانی بوو، کوێرا بوو بە نیوەڕۆ، کات چەند بە خێرایی دەڕوات؟"

سوزا فریرو، لەسەری دەڕوات: " گومانم لەوەیە کە بە هۆش بێتەوە."

عەقید موریرا سیزار، وەک ئەوەی بەرسڤی دکتۆر بداتەوە، جووڵەیەک دەکات. هەمووان دەچنە دیار قەرەوێڵەکەی. ئایا بەستنی برینەکانی ئەزیەتی نادات؟ چاو دەتروکێنێ. پەیامنێرە نزیکبینەکە عەقید دێنێتە بەرچاوی خەیاڵی خۆی، تارماییان دەبینێ، دەنگان دەژنەوێ، هەوڵدەدات ئەو تارماییانە بناسێتەوە، لە دەنگەکان تێبگات، ئەوسا وەکو ئەوەی مەستی تریاک، بەری دابێ، وەخۆ دێتەوەو بێداردەبێتەوە. هەڵبەتە گەڕانەوەی عەقید بۆ واقیع وەکو ئەو حاڵەتە هێواش و خاو دەبێ، بە هەمان ڕادە دژوار وخەیاڵاوییە. چاوانی موریرا سیزار کراونەتەوەو بە جدی تەمەشای تامارێندو دەکات. تەمەشای جلە شڕەکانی، گەردنە ڕوشاوەکەیو لێوبەباریەکەی دەکات. بە دەنگێکی گڕ دەڵێت: " کانودوسمان گرت؟"

عەقید تامارێندو چاوانی دادەخات وسەری بادەدات. موریرا سیزار، چاو بە سیمای نیگەرانی مێجەر ونەقیب و دکتۆر سوزا فریرو دا دەگێڕێ. پەیامنێرە نزیکبینەکە دەبینێ کە عەقید تەمەشای ئەمیش دەکات، بە جۆرێ تەمەشای دەکات لە تۆ وایە دەیەوێ بەدەنی توێکاری بکات.

عەقید تامارێندو، دەمی دەکەوێتە تەتەڵە: " سێ کەڕەت هەوڵمان دا ئەزبەنی. سەربازەکانمان تا دوا هەناسە شەڕیان کرد."

عەقید موریرا سیزار، هەڵدەستێت و لە جێگاکەی خۆی دادەنیشێت، ڕەنگی زەردتر بووە، بە تووڕەیی کوڵەمستی ڕادەوەشێنێ: " تامارێندو، یەکسەر هێرشێکی دی بکەن. ئەمە ئەمرە."

عەقید تامارێندو، بە تەریقییەکی یەجگار زۆرەوە، وەک ئەوەی، ئەو سەبەبکاری هەموو شکستەکە بووبێ، لەبن لێوانەوە دەڵێت: "خەسارەتمان یەجگار زۆرە قوربان، ئەم سەنگەرانەمان هی ئەوە نین بەرگریان لێبکرێت. دەبێ بۆ جێگایەکی ئەمین پاشەکشە بکەین و داوای هێزی پشتیوان بکەین. "

موریرا سیزار دەنگی بەرز دەکاتەوەو قسەکەی پێدەبڕێ: " دەبێ لە سەر ئەم کارەت دادگایی عورفی بکرێی. کەتیبەی حەوتەم لە بەردەم کۆمەڵێک گەجەر وگوجەرا پاشەکشە بکات؟ خێرا، شمشێرەکەت ڕادەستی کونیا ماتوس بکە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە دڵی خۆدا دەڵێت: "باشە چۆن دەتوانێ بجوڵێتەوە؟ چۆن دەتوانێ بەو سکە هەڵدڕاوەوە بەو ئاوایە تەکان بداتە خۆی؟ " دوای بێدەنگیە دوورو درێژەکەی پاش قسەکانی عەقید موریرا، عەقید تامارێندو، دەڕوانێتە ئەفسەرەکانی دی وبە بێدەنگی داوای کۆمەکیان لێدەکات. کونیاماتوس زیاتر لە قەرەوێڵەکە دێتە پێشەوە.

-ئەزبەنی گەلێک لە سەربازەکان هەڵاتوون. کەتیبەکە هەڵوەشاوەتەوە. خۆ ئەگەر یاخی و شەڕڤانەکان هێرش بکەن، هەموو ئوردوگاکە دەگرن. تا زووە ئەمری پاشەکشە دەربکە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، کە لە پشت نەقیبەکە ودکتۆرەکەوە تەمەشا دەکات، دەبینێ موریرا سیزار، بەسەر شانا دەکەوێتە سەر قەرەوێڵەکە. لەبن لێوانەوە بە نائومێدی دەڵێت: " تۆش خاین دەرچوویت! هەمووتان دەزانن ئەم شەڕە بۆمە چەند گرینگە. یانی دەتانەوێ بڵێن من بە خۆڕایی شەرەفی خۆم لە سەر ئەم کارە دانا؟."

عەقید تامارێندو دەڵێت: "قوربان هەموومان شەرەفمان لەسەر ئەم کارە داناوە."

موریرا سیزار، لە ناکاوا دەنگی بەرز دەبێتەوەو لە پڕ بە شێوەیەکی ناماقووڵ نزم دەبێتەوە: " ئێوە هەمووتان دەزانن کە من ناچار بووم سازش دەگەڵ سیاسەتوانانی گەندەڵ و خوێڕیدا بکەم. یانی دەتانەوێ بڵێن بە خۆڕایی درۆمان لە گەڵ نیشتمانەکەماندا کردووە؟ "

مێجەر کونیا ماتوس بە دەنگێکی زیقاوڵە دەڵێت: " ئەزبەنی گوێ ڕادێرە تا بزانی لە دەرێ ڕا چ باسە." پەیامنێرە نزیکبینەکە گوێی لە هەموو هەرا و زەنایەکە، لە ژاوەژاوەکە، لە تەپە تەپی ڕاکردنەکە، لەو ئاژاوەیە بوو کە دنیای پڕ کردبوو، بەڵام خۆی لە گێلی دەدا ونەیدەویست لە مانای ئەم هەموو هەراو هەنگامەیە تێبگات، تا لەوەی پتر هەست بە ترس ودڵەڕاوکە نەکات.

"ئەمە شکستە، ئەگەر بە شێوەیەکی سیستەماتیک پاشەکشە نەکەین، هەموو کەتیبەی حەوتەم قەتڵ وعام دەکەن."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە نێو دەنگە بەشەریەکان وتەپە تەپی پێی هەڵاتوواندا، دەنگی فیتفیتۆکەو زەنگۆڵەکان دەناسێتەوە.

عەقید موریرا سیزار، چاو بە یەک بە یەکیاندا دەگێڕێت و چارەی دراوە بە یەکاو، دەمی بەش کردووەتەوە، بە بەرخۆوە شتێک دەڵێت کە کەس گوێی لێنابێت. پەیامنێرە نزیکبینەکە، هەست دەکات کە ئەو چاوە پرشنگدارانەی وان بەو ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەوە، ڕێک لە سەر ئەو گیرساونەتەوە. گوێی دەزرینگێتەوە: " ئەهای تۆ کە لەوێندەر وەستاوی، قەڵەم و کاغەزێکم بۆ بێنە. گوێت لێیە؟ دەمەوێ بەیاننامەیەک سەبارەت بەم ئابڕووچوونە، بەم ڕیسواییە بنووسم. ئاهای نووسەر وەرە ئێرە. ئامادەیت؟ "

یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین، ڕێک لەو کاتەدا مێزە سەفەری وخورجینەکەی خۆی بیردەکەوێتەوە، وەکو یەکێک مار پێوەی دابێ، هەراسان و دەسەپاچە کەوتە گەڕان لەو شتانەی. وەکو یەکێک بەشێک لە بەدەنی یان چاوەزار و دوعایەک کە بیپارێزی، ون کردبێ، بیری دەکەوێتەوە کە وەختایەک بە شاخەکەدا هەڵگەڕابوو، ئەو شتانەی لە گەڵ خۆدا سەر نەخستبوو و، مێز وخورجینەکەی هێشتا هەر لە خوارەوە بوون، بەڵام دەرفەتی بیرکردنەوەی زیاتری نابێت، چونکە ئولیمپیو کاسترو، بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە، قەڵەمێک وچەند پەڕە کاغەزێکی وێدەدات و مێجەر سوزا فریرو، فانوسێک بە دیار سەریەوە ڕادەگرێ تا چاوی باشتر بدینێت.

پێی وایە ناتوانێ بنووسێت، دەستەکانی دەلەرزن، دەڵێت: "من ئامادەم."

-"عەقید موریرا سیزار، فەرماندەی کەتیبەی حەوتەم، بە تەواوی هۆشەوە، لێرەوە ڕایدەگەینم، کە قەراری پاشەکشە لە کانودوس، قەرارێکە ئەفسەرانی بەردەستی من، کە شایستەگی هەڵگرتنی ئەرک ومەسئولیەتی مێژوویی خۆیان نەبووە، بە پێچەوانەی ویستی منەوە داویانە." موریرا سیزار، جارێکی دی لە سەر قەرەوێڵەکە

دادەنیشێت ودوای تۆزێک بە پشتا دەکەوێت. "نەوەکانی ئایندە حوکم دەدەن. دڵنیام کۆماری خوازانێ هەڵدەکەون بەرگری لە من دەکەن، هەموو هەوڵێکی من بۆ بەرگری لە کۆمار بووە، ئەگەر بیەوێ پێش بکەوێ، دەبێ دەسەڵاتی خۆی لە هەر گۆشەیەکی وڵاتا بسەلمێنێ."

چەند ساتێکی پێدەچێ، تا دەزانێ ئەو دەنگە کزەی کە بە ئاستەم دەبیسترا، لە قسان دەوەستێ. چونکە لە کاتی نووسیندا فریای عەقید نەدەکەوت، دوا دەکەوت، نووسین ئەم کارە دەستیە، وەکو ئەوسارغی وشاشە بە سپرتۆیانەی دەینایە سەر دەم و لووتی یارۆی بریندار، بۆ ئەو نیعمەتە. چونکە ئەوەی لە کۆڵ کردەوە کە خۆی بەم پرسیارەوە عەزاب بدات بۆچی کەتیبەی حەوتەم نەیتوانی کانودوس بگرێت و نها دەبێ پاشەکشە بکات. کە چاو هەڵدەبڕێ دەبینێ دکتۆرەکە گوێی خستووەتە سەر سینگی عەقید ونەبزی دەگرێت، ئەوسا پشت ڕاست دەکاتەوەو ئاماژەیەکی بە ماناوە دەکات. دوای ئەوە یەکسەر ئاژاوەیەک دەست پێدەکات، کونیاماتوس و تاماریندو بە دەنگی بەرز دەکەونە گەنگەشەو ئولیمپیو کاسترو بە سوزا فریرو دەڵێت دەبێ حورمەتی جەنازەکەی عەقید بێتە گرتن.

تامارینو، هاوار دەکات: "پاشەکشە، ئێستا وبەم تاریکیە، شێتایەتیە. ئاخر بۆ کوێ؟ ولە کام ڕێگەوە؟ چۆن دەتوانم داوای شتی وا لە سەربازانێ بکەم کە بە درێژایی ڕۆژ لە شەڕدا بوون؟ سبەی..."

کونیاماتوس، دەستێک هەڵدەتەکێنێ ودەڵێت: " تا سبەینێ تەنانەت جەنازەی مردووەکانیش لە خوارەوە نامێنێت، مەگەر نابینن کەتیبەکە هەڵوەشاوەتەوەو کەس ناتوانێ فەرمان بدات، بێ فەرماندە ماوەتەوە، ئەگەر بە پەلە سەربازەکان کۆنەکرێنەوەو ڕێک نەخرێنەوە، وەکو کەروێشکان ڕاودەکرێن؟"

عەقید تامارینو ئاوڕی لای ئولیمپیو کاسترو دەداتەوە: "کۆیان بکەوە، چیت پێ باشە وابکە، بە دڵی خۆت بکە، من تا بەیانی لێرە دەمێنمەوە بۆ ئەوەی پاشەکشەکە ڕێک بخەم. هەوڵبدە خۆت بگەیەنە تۆپخانەکە. نابێ ئەو چوار تۆپە بکەونە دەستی دژمن. بە سالوماوداروشا بڵێ با بیان تەقێنێتەوە."

-بەڵێ ئەزبەنی.

نەقیبەکە وکونیاماتوس، بە دوو قۆڵی لە خێوەتەکە وەدەردەکەون و ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە وەکو ئامێر دوویان دەکەوێت. گوێی لە قسەکانیان دەبێ، بەڵام باوەڕ بە گوێی خۆی ناکات.

-"ئولیمپیو، چاوەڕوان کردن شێتییە. پێویستە هەر ئێستا پاشەکشە بکەین، ئەگینا تا بەیانی کەس بە زندوویەتی دەرناچێت."

ئولیمپیو کاسترو، قسەکەی پێدەبڕێت: "من دەبێ هەرچۆنێ بووە خۆم بگەیەنمە تۆپخانەکە. ڕەنگە ئەمە شێتایەتی بێ، بەڵام ئەرکی من ئەوەیە کە ئەمری فەرماندەی تازە جێبەجێ بکەم."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، قۆڵی نەقیبەکە دەگرێ و لە بن لێوانەوە دەڵێت: "کوا زەمزەمیەکەتم بدەیە، خەریکە لە تینوا دەمرم."

زۆر بە تامەزرۆییەوە، بە هەناسە برکێوە، دەم بە زەمزەمیەکەوە دەنێ، یارۆی نەقیب ئامۆژگاری دەکات: " تۆ لەگەڵ مەدا مەمێنەوە. مێجەر ڕاست دەکات. ئاقیبەتی ئەم کارە بەرەو خراپی دەڕوات، فریای خۆت بکەوە، بۆ خۆت هەڵێ."

بۆ خۆت هەڵێ؟ بە تاقی تەنیا، بەناو بێشەکەدا، بەم تاریکیە؟

ئولیمپیو کاسترو وکونیاماتوس دەڕۆن، ئەو بە تاقی تەنیا، وێڵ وسەرگەردان دەمێنێتەوە، نازانێ چ بکات. خەڵکانێک بە غاردان وبە هەشتاو بەلایدا دەڕۆن. چەند هەنگاوێ بە لایەکا دەنێت، پاشان ڕوودەکاتە لایەکی دی، ئەوسا بەرەو خێوەتەکە دەکەوێتە ڕێ، بەڵام یەکێک بە توندی پاڵی پێوە دەنێ و ڕووی دەکاتە شوێنێکی دی هاوار دەکات: "با منیش لە گەڵتاندا بێم، بەجێم مەهێڵن."

سەربازێک بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە هانی دەدا: " هەڵێ، هەڵێ، خەریکە بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێن. گوێت لە دەنگی شاورەکانیان نییە؟ "

با گوێی لێیە. لە دووی ئەوانەوە پێ وەغارێوە دەنا. بەڵام زۆرجار دەکەوێ و هەڵدەستێتەوەو دوا دەکەوێ. پشت بە تارماییەکەوە دەدات کە لە قەدی درەخت دەچێت، بەڵام هەر کە پشتی دەیگاتێ و نایگاتێ هەست دەکات دەجولێتەوە. گوێی لە دەنگێک دەبێ دەڵێت: "مەعز بۆ ڕەزای خوا بمکەرەوە، بمکەرەوە." دەنگەکە دەناسێتەوە. دەنگی قەشەکەی کلێسای کومبی یە، هەمان ئەو دەنگەیە کە وەڵامی پرس و جۆیەکانی موریرا سیزاری دابووەوە، ئێستاش بە هەمان ترس وناڵینەوە هاواری دەکرد: "بمکەوە، بمکەوە، مێروولە تێم وروکاون وخەریکە بە زندوویەتی دەمخۆن."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، شادمان بەوەی هاوسەفەرێکی دۆزیوەتەوە، بە پچڕپچڕی دەڵێت: " باشە باش هەر ئێستا دەتکەمەوە."

***

کورتەڵە لێی دەپاڕێتەوەو دەڵێت: "جورما، وەرە با هەر ئێستا لێرە دەرچین، بڕۆین، تا تۆپەکان لە تۆپباران وەستاون، فرسەتە با بڕۆین."

جورما، ماوەیەکی زۆر بوو لەوێندەر ڕۆنیشتبوو، تەمەشای روڤینو وگالی دەکرد، بێئەوەی بزانێ هەتاو لێرەوارەکەی زێڕوەشان کردووە و دڵۆپە بارانەکانی وشک کردووەتەوەو شێی هەواو ئەرزەکەی کردووە بە هەڵم و بە ئاسمانیا بردووە. کورتەڵە تەکانی دا.

جورما کە زۆر ماندوو بووبوو و هەستی دەکرد گەدەی زۆر قورسە، گوتی: " بۆ کوێ بڕۆین؟ "

کورتەڵە، داوێنی گرت وبە ڕژدی گوتی: "بۆ کومبی، بۆ جرموابو... بۆ هەر شوێنێکی دی."

جورما، لە بن لێوانەوە گوتی: "ڕێگای کومبی لە کوێوەیە؟ ڕێگەی جرموابو کامەیە؟ دەیزانین؟ تۆ بەڵەدی؟

کورتەڵە، داوێنەکەی ڕاکێشا وبە پاڕانەوەوە گوتی: " گرینگ نییە، ناوی شەڕڤان و جەنگاوەرەکانت بیستووە؟ ئەوانە خەریکە شەڕەکە بەرەو ئێرە دێنن. ئێمە دەکەوێنە ناو شەڕەکەوە، دەکوژرێین."

جورما، هەستا، چەند هەنگاوێکی بەرەو ئەو پۆشاکە ڕووەکیە نا، کە شەڕڤانەکان ،دوای ئەوەی لە دەستی دوو سەربازیان دەرباز کردبوو، دابوویان بە سەریا. پۆشاکە ڕووەکیەکە بۆنی شێی لێدەهات. دای بە سەر جەستەی بەڵەدەکە و کابرای غەوارەدا، هەوڵیدا ئەو بەشەی لەشیان داپۆشێت کە زیاتر جەزرەبەیان بەرکەوتبوو، باسکیان و سەریان. ئەوسا لە ناکاوا بڕیاریدا کە بە سەر بێموبالاتی ونائومێدی خۆیدا زاڵ بێت، ڕووی کردە ئەو شوێنەی

کە لە بیری مابوو پاجو پێیدا ڕۆیی بوو. لە ناکاوا هەستی بە بوونی دەستێکی چکۆلەی خڕپن لە ناو دەستی ڕاستی خۆیدا کرد.

کورتەڵە پرسی: "بۆ کوێ دەڕۆین؟ ئەدی سەربازەکان؟"

جورما، شانەکانی هەڵتەکاند... سەربازەکان؟ شەڕڤانەکان؟ چ پەیوەندییەکیان بەوانەوە هەبوو؟ ئیدی لە هەموو کەس و لە گشت شتێک بێزار بوو، تاقە حەزو ئارەزووی ئەوە بوو، کە هەرچییەکی دیتبوو، لە بیری بباتەوە. لە کاتێکا بە دوو قۆڵی ڕێیان دەکرد، بەدەم ڕێگاوە گەڵاو ڕووەکانی کۆدەکردەوە تا شیلەکانیان بمژێت. کورتەڵە لە ناکاوا گوتی: " تەقەیە، دەنگی تەقە دێت."

دەنگی تەقەیەکی زۆر دەهات. لە زەرفی چەند خولەکێکدا، دەنگی شەڕە تەقە بە سەرانسەری بێشە چڕو چوغوردەکەدا بڵاوە بووەوە، بەڵام هیچ بوونەوەرێکی زندوو، لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. تا هەتەری چاو هەر هەوراز ونشێو بوو، کە یەکپارچە ئەو گەڵا وگوڵانە بوو کە باران لە دار ودرەختەکانی وەراندبوو، دۆڵەکان قوڕ وقوڕاو گرتبوونی، دەوەنی ماکابیرا، کە چڵەکانی لە پەنجە و نینۆکان دەچوو، هەروەها درەختانی منداکارو زیک زیکەی دڕکاوی دنیای داپۆشی بوو. دوێشەو بەدەم ڕێگاوە پاتاوەکانی ون کردبوو و هەرچەندە تەمەنێکی بە پێ خاوسی بەسەر بردبوو، کەچی ئێستا هەستی دەکرد پێیەکانی شەقار شەقار بوون وبوون بە تلۆق و برین، قەدپاڵەکە تا دەهات لێژ ولێژتر دەبوو. تیشکی هەتاوەکە ڕاست لە چاوی جورما دەدا و سوکنایی بە ئازای ئەندامی دەدا و گیان و ژیانی وەبەردا دەکردەوە. کە نینۆکەکانی کورتەڵە چوون بە دەستیا، هەستیکرد، شتێک لە ئارادایە. چوار پێنج مەترێک لەولاترەوە، لوولەی کورتی قەرەبینایەک ڕاست کرابووە ئەوان، بەدەست کابرایەکەوە بوو کە دەتگوت لە خێڵی درەختانە، پێستی توێکڵی دار، لاقەکانی لقی درەختان و قژەکەی تۆپەڵە گیا بوو.

کابرای جەنگاوەر، سەری لە پۆشاکە ڕووەکینەکەیەوە دەرهێنا و گوتی: " خێرا لێرە بڕۆن، لەزێکەن دەی، مەگەر پاجو پێی نەگوتوون بەرەو جادەی جرموابو بڕۆن؟"

جورما، بەرسڤی دایەوە: "ڕێگای ئەوێندەر بەڵەد نین."

لەو ساتەدا گوێی لە دەنگی خشە خشێک بوو، لە تۆ وایە دارو دەوەن ودڕک و داڵەکان کەوتبوونە قسە. ئەوسا چاوی بە سەر وکەللەی هەندێ پیاو کەوت کە لە بەینی دارو درەختەکانەوە دەهاتنە دەرەوە.

گوێی لێبوو پاجو گوتی: "بیان شارنەوە." بەڵام نەیزانی دەنگەکە لە کوێوە دێت. هەستی کرد یەکێک دای بە عاردیدا، زەلامێک بە خۆ و پۆشاکە ڕووەکیەکەیەوە خۆی بە سەریا دا و گوتی: "وس... وس" لەوێندەر خۆی مت کرد، چاوی نیوە نوقابوون و ناوبەناو دزە نیگایەکی دەوروبەری دەکرد، هەستی بە هەناسەی یارۆی جەنگاوەر و شەرڤانەکە دەکرد، حەزی دەکرد بزانێ ئاخۆ هەمان ڕەفتاریش لە گەڵ کورتەڵەدا دەکەن یان نا. چاوی بە سەربازەکان کەوت. کە بینی بەو ڕادەیە لێیانەوە نزیکن دڵی داخورپا. بە ڕێزو دوو دوو ڕێیان دەکرد، بە پانتۆڵێکی نەوار سوور و قەمسەڵەیەکی شین و، پۆستاڵی ڕەش و، تفەنگی سەربەنیزەی ڕووتەوە ڕێیان دەکرد. هەناسەی لەبەر خۆ بڕی، چاوی نوقاند و چاوەڕوانی دەستڕێژی تفەنگی دەکرد. بەڵام کە بینی هیچ ڕووی نەدا، چاوی کردنەوە، سەربازەکان هێشتا لەوێندەر بوون. بەلای ئەواندا ڕەت دەبوون، دەیتوانی چاویان بدینێ کە لە نیگەرانی و بێ خەویدا سوور هەڵگەڕابوون، ڕوخساریان تێکەڵەیەک بوو لە دلێری وترس. گوێی لە هەندێ

وشەی پەراگەندەی قسەکانیان بوو. ماقوولە ئەم هەموو سەربازە بێرەدا تێپەڕن و هەست نەکەن کە شەرڤان و جەنگاوەرەکان ئەوەندە لێیانەوە نزیکن کە ئەگەر بیانەوێ، بە ئاسانی دەستیان پێیان دەگات و لەگینە پێیان پێدا بنەن.

لەم ساتەدا، ڕۆشناییەکی گەورەی تەقینەوەی بارووت کە چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە، سەرانسەری لێرەکەی ڕوناک کردەوە. یەکسەر ئاهەنگەکەی سانتو ئانتونیوی کیماداسی بیرکەوتەوە، کە وەختایەک سێرکبازەکان ڕوویان دەکردە شارەکە وگەمەی ئاگرینیان بەرپا دەکرد. لە گەرمەی تەقە و دەستڕێژا، چاوی بە کۆمەڵێک تارمایی پۆشاک ڕووەکین کەوت، کە وەکو باران بە سەر سەربازە یونیفۆرم پۆشەکاندا دادەبارین. لە جەنگەی دووکەڵ و قرمژنی گوللەدا، هەستیکرد ئەو شەرڤانەی کە بە هەموو قورسایی خۆیەوە، خۆی دابوو بە سەریا و هەناسەی تەنگ کردبوو، لە سەری هەستا و ئەوی دایە پێش، بەو حاڵەوە گوێی لە هەندێ دەنگ بوو کە دەیانگوت: " سەرت دانەوێنە، سەرت دانەوێنە. " بە گوێی کردن، دوو لۆ خۆی چەماندەوە، سەری خستە نێو هەردوو شانیەوە، تا هێز لە لاقیا بوو پێی وەغارێوە نا. بە تەمای ئەوە بوو، لە هەر ئان وساتێکا، لە دواوە بە گوللە دای بێژن، لە دڵی خۆیا خۆزگەی بەو ساتە دەخواست. هێندەی غار دابوو، لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، هەستی دەکرد خەریکە دڵی لە دەمییەوە دەردەچێت. لە هەمان کاتدا چاوی بە کابرای بێ لووت کەوت کە لە لایەوە وەستابوو و، بە نیگایەکی کەمێک تەوسامێزەوە تەمەشای دەکرد: " کێ شەڕەکەی بردەوە؟ مێردەکەت یان ئەو کابرا شێتە؟"

بە هەناسە بڕکێوە گوتی: "یەکتریان کوشت."

پاجۆ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "خۆش بە حاڵت، دەتوانی لە بیلومونتەدا مێردێکی دیکە پەیدا بکەی."

کورتەڵە لە لایەوە وەستابوو، ئەویش هەناسەی تەنگ بووبوو. جورما چاوێکی بە کانودوس دا گێڕا، کانودوس بە پانی و بە درێژی لە بەردەمیا ڕاکشابوو، ئیدی بەدەم تۆپبارانەوە دەهەژی و لە هەر چوار نکاڵەوە دووکەڵ و بڵێسەی لێ بەرز دەبووەوە، لە سەرووترەوە ئاسمانی ساف وشین، ئەم هەراو فەرتەنەیەی پەنهان دەکرد، و هەتاوێکی درەخشان دنیای زێڕ وەشان دەکرد. چاوانی تەژی ڕوندک بوون، هەستی بە ڕق ونەفرەتێکی لە ناکاوا کرد، ڕق ونەفرەت لەو پیاوانەی، لەم شارەو لەم پیاوانەی کە لەو کوچە وکۆڵانە تەنگانەدا وەکو حەیوان کەوتبوونە گیان یەک. نەگبەتی ئەو بەهۆی ئەم شارەوە دەستی پێکردبوو، کابرای غەوارە بە هۆی کانودوسەوە هاتبوو بۆ ماڵی ئەوان، ئەمە سەرەتای ئەم نەگبەتی و بەدبەختیە بوو کە ئەوی بە بێهیچ شت وهیچ کەسێک لەم دنیایەدا، لە جەنگەی ئەم شەڕەدا ڕەها کردبوو. لە کانگای دڵەوە، هیوای پەرجوویەکی دەخواست، خۆزیای دەخواست هیچ شتێک ڕووی نەدابا وخۆی و روڤینو وەکو جاری جاران، بە دوو قۆڵی لە کیماداس ژیابان.

پاجو پێی گوت: "مەگری کیژێ. مەگەر نازانی مردووان دووبارە زندوو دەبنەوە؟ مەگەر ئەوەت نەژنەوتووە؟ قیامەتێک هەیە کە بەشەر دەژینەوە."

دەنگی هێندە نەرم و ئارام بوو، وەکو ئەوەی تۆزێ لەوە پێش خۆی و پیاوەکانی، لە گەڵ سەربازەکانا، لە شەڕا نەبووبن. جورما بەدەست ڕوندکەکانی سڕی و چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. ڕێگەیەکی قەدبڕ لە نێوان گرد وبەرزاییەکاندا هەبوو زیاتر لە جۆرە تونێلێک دەچوو، بە دەستە چەپا، دیوارێکی بەرز لە بەرد و تاوێران هەبوو، دیوارێکی ڕووتەن کە چیایەکەی لە چاو ون دەکرد. بە دەستە ڕاستیا بێشەیەکی تەنک هەبوو

که قەدپاڵەکەی داپۆشی بوو ودەگەییە مەیدانێکی بەردەڵان، کە لەولای مەیدانەکە ولە سەرووی ڕوبارێکی پانەوە. هەندێ خانووی بچووکی ناپوختەی لێبوو، کە سەربانەکانیان سووورباو بوو. پاجو، شتێکی خستە دەستیەوە، ئەویش بێئەوەی تەمەشای بکات و بزانێ چییە بۆ دەمی برد. ئەو میوە ترشەی هێدی هێدی خوارد. ئەو پیاوانەی کە پۆشاکی ڕووەکیان لەبەردا بوو، بەرە بەرە بڵاوەیان لێدەکرد، بە بەینی دەوەنەکاندا دەڕۆیشتن، تا لەو سەنگەرانەدا کە لە ئەرزەکە هەڵیان کەندبوو، خۆ پەنا بدەن. جارێکی دی دەستە چکۆلە خرپنەکە، دەستی گرت، هەستی بە سۆز و بەزەیی لە هەنبەر ئەم بوونەوەرە ئاشنایە، کرد. پاجو، هەندێ دەوەنی لادایە لاوەو گوتی: " لێرە خۆتان وەشێرن..." وەختایەک هەردووکیان لە سەنگەرەکەدا گیرسانەوە، پاجو، ئاماژەی بۆ ڕەوەزو تاوێرەکان کردو گوتی: "شەیتان وسەگەکان لەو سەرەوەن." لە ناو سەنگەرەکەدا پیاوێکی دیکەی شەرڤان هەبوو، پیاوێکی بێ ددان کە خۆی کۆکردەوە، تا جێگە بۆ ئەو دووانەش بکاتەوە. کەوان و تیردانێکی پڕ لە تیری پێبوو.

کورتەڵە بە چپە گوتی: "مەسەلە چییە؟"

کابرای شەرڤان گوتی: " قسە مەکە، مەگەر گوێت لێ نییە؟ کافرەکان ڕێک بە سەر سەرمانەوەن."

جورما لە بەینی دەوەنەکانەوە تەمەشایەکی کرد. دەنگی دەستڕێژ و تەقە بەردەوام بوو، بەڵام کەم و پچڕپچڕ بوو، هەندێ دووکەڵ و بڵێسەی بە دوادا هات. بەڵام نەیدەتوانی لە ناو پەناگاکەی خۆیانەوە، هەیکەلی بچووکی ئەو یونیفۆرم پۆشانە ببینێ کە پێشتر دیتبوویانی لە روبارەکە دەپەڕینەوەو بە ناو شارەکە دەکەوتن ولە چاو ون دەبوون.

شەرڤانەکە گوتی: " مەجولێن" ئەو ڕۆژە بۆ جاری دووەم سەر وسەکوتی سەربازان پەیدا بوو، کەس نەیزانی لە کوێوە پەیدا بوون. ئەمجارەیان سوارە بوون، دوو دوو بە سواری ئەسپان دەهاتن، ئەسپی شێ، ڕەش، بەڵەک، بەدەم حیلاندنەوەو لە ناکاوا پەیدا بوون، ئەوەندە نزیک بوون باوەڕ نەدەکرا، بە ژێر دیوارە تیشەڵانەکەی دەستە چەپی ئەوا، بە چوار ناڵە بەرەو روبارەکە ڕۆیشتن. لەوە دەچوو بەو قەدپاڵە ڕکەدا غل ببنەوە، بەڵام ئەسپەکان خۆیان دەگرتەوە، جورما دیتیانی کە زیاتر بە پاشو خۆیان دەگرتەوەو بلەز بەو دیوارە ڕکەدا تێدەپەڕن. تێپەڕینی خێرای سوارەکان وبریق وباقی شمشێری ڕووتی ئەفسەرەکان، کە ئاراستەی سوارەکانیان دیاری دەکرد، گێژی کردبوو، لە ناکاوا جم وجولێک لە ناو لێرەکەوە دەستی پێکرد، پیاوە پۆشاک ڕووەکەکان، لە نێو سەنگەرو پەنای دار و درەختەکانەوە وەدەرکەوتن، یان وەکو شەرڤانەکەی لای ئەوان، کە هەنووکە بە قەد پاڵەکەدا دادەگەڕا، هەموو دەستیان بە تیربارانی سەربازەکان کرد، پەیکانەکان بەدەم ڕاخوشینەوە وەکو مار دەیان فیشکاند. جورما، زۆر بە ڕوونی گوێی لە دەنگی پاجو بوو دەیگوت: " ئەوانەی قەمەتان پێیە، بکەونە تاقیبی ئەسپەکان." جورما ئیدی سوارەکانی نەدەبینی، بەڵام وای وێنا دەکرد کە شلّپە شلّپ بە ناو ڕووبارەکە کەوتوون – لە گەرمەی تەقە و دەنگی زەنگانەوە گوێی لە حیلەی ئەو ئەسپانە دەبوو، کە بەر تیر ودەستڕێژی گوللەی شەرڤانەکانی دەوروبەری ئەو دەدران، هەندێکیان بە پێوە وەستابوون، قەرەبینا وکەوانەکانیان بە لقی دار مانداکاروسەکانەوە هەڵواسی بوو. بەڵام کابرای بێ لووت، تەقەی نەدەکرد، ڕاوەستابوو و چەکدارەکانی بە ڕاست و بە چەپا دەنارد. لەم کاتەدا کورتەڵە سیخورمەیەکی ئەوتۆی بە ورگیا کێشا لەزگ بوو هەناسەی لە بەر ببڕێت.

هەستیکرد کورتەڵە دەلەرزێ، لە باوەشی گرت، تاوێکی باش ڕایژەند: " ڕۆیشتن تەواو. تێ پەڕین... تەمەشا." بەڵام وەختایەک بە خۆی تەمەشای کرد، سوارێکی بە سەر ئەسپێکی سپییەوە بینی کە بە یورغە بە قەدپاڵەکەدا دادەگەڕا، بایەکە یاڵەکەی خستبووە سەما. ئەفسەرێکی چکۆلەی بە سەرەوە بوو کە بە دەستێک هەوساری

ئەسپەکەی گرتبوو وشمشێرێکی هەڵکێشراویش بە دەستەکەی تریەوە بوو. سوارەکە هێندە نزیک بوو کە جورما بە ڕوونی ڕووە گرژو چاوە گرگرتووەکانی دەبینی، لە ناکاوا سوارەکەی بینی دانەوییەوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. پاجو لوولە تفەنگەکەی کردبووە ئەو و نیشانەی لێگرتبووەوە. جورما هەستیکرد کە ئەو تەقەی لە سوارەکە کرد. بینی ئەسپە سپیەکە بە ڕاست و بە چەپا پێچی کردەوە، پێچێک لەو پێچانەی کە کاوبۆیان، لە ڕای ئافەرینی جەماوەری خەڵکا، لە ئاهەنگەکانا بە ئەسپەکانیان دەکەنەوە. پاشان بینی ئەسپەکە بە قەدپاڵەکەدا هەڵگەڕاو سوارەکە خۆی بە یاڵ وگەردنیەوە تووند گرتبوو. وەختایەک سوارەکە کەوتە نەدیوی و لە چاو ون بوو، دووبارە پاجوی بینی کە جارێکی دی نیشانەی لێگرتەوەو فیشەکێکی بەرەو ئەو تەقاند.

کورتەڵە، دووبارە خۆی پێوە چەسپاند: "با لێرە بڕۆین، وەرە با لێرە بڕۆین... ئێمە کەوتووینەتە ناو جەرگەی شەڕەکەوە." جورما لێی تووڕە بوو وگوتی: " بێدەنگ بە کەر پیاو... ترسنۆک."

کورتەڵە بێدەنگ بوو، کەمێک لێی دوورکەوتەوە، ترساو وهەراسان لێی ڕاما وبە نیگا داوای بوردنی کرد. ئیدی گرمەی تەقینەوەو دەنگی تۆپ ونەوای شەیپوران وزرینگە زرینگی زەنگان، بەردەوام بوو. پیاوانی ڕووەک پۆش دیار نەمان، ئیدی بە غاردان، یان بە سینگە خشکێ بە قەدپاڵە چڕە دارستانەکەدا، بەرەو ڕوبارەکە وکانودوس داگەڕابوون. جورما چاوی بۆ پاجو گێڕا، بەڵام وادیار بوو ئەویش ڕۆیی بوو. نها ئەو جووتە بە تاقی تەنیا بوون. دەبوا چ بکەن؟ هەر لەوێندەر مابانەوە؟ بە دوای شەرڤانەکان بکەون؟ لە ڕێگەیەک بگەڕێن کە لە کانودوسیان دوور بخاتەوە؟ جورما هەستیکرد زۆر ماندووە، خەریکە لە شەکەتیا دەمرێت، ئازای بەدەنی ڕەق بووەو پێدەچێ لەشی لە دووی نەڕوات، پشتی بە دیوارە نمسارەکەی سەنگەرەکەوە دا، چاوەکانی نوقاند، هەستیکرد خاو دەبێتەوەو خەو دەیباتەوە.

وەختایەک کورتەڵە بە دەست تەکانی داو داوای بوردنی کرد کە لە خەوی بێدار کردووەتەوە، چاوی هەڵێنا و هەستیکرد ناتوانێ بجوڵێت. ئێسقانەکانی دەیەشێن و ناچار بوو، پشت ملی بشێلێت. بە سێبەرە خوارو خێچ و ڕوناکیە کزەکەدا، بۆی بەدیارکەوت کە دنیا خەریکە تاریک دەبێت. ئەو هەراو هەنگامەیەی لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە خەون نەبوو. زمانی وشک، بووبوو بە پەڵاس، پرسی: " چ بووە؟ " کورتەڵە، بە دەم ئاماژەوە بۆ هەڵدێرەکەو لە بن لێوانەوە گوتی: "خەریکە بۆ ئێرە دێن. گوێت لە دەنگیان نییە؟ " جورما گوتی: " پێویستە بڕۆین تەمەشایەک بکەین."

کورتەڵە خۆی پێوە چەسپاند، هەوڵی دا نەیەڵێ بجوڵێت. وەختایەک جورما لە خەندەکەکە هاتەدەرێ، کورتەڵەش بە چوار چنگۆڵە دووی کەوت. بەرەو ئەو تاوێر و دەوەنانە ڕۆیی کە پاجو پێیدا ڕۆیی بوو، ئەوسا بە چیچکانەوە لە ئەرزەکە دانیشت. وێڕای ئەوەی تەپ و تۆز دنیای گرتبوو، ئاپۆڕایەکی بینی، لە دوورەوە وەکو مێرولە ڕەش دەچووەوە، کە لە خوار ئەوەوە، بە قەد پاڵەکەدا دادەگەڕان. پێی وابوو سەربازن و بەرەو ڕوبارەکە دادەگەڕێن. بەڵام هەر زوو بۆی دەرکەوت کە بە قەد پاڵەکەدا داناگەڕێن بەڵکو هەڵدەگەڕێن، یانی لە کانودوسەوە هەڵدەهاتن. بەڵێ بێگومان لە ڕوبارەکەوە دەردەچوون و بەرەو بەرزاییەکان دەهاتن. دوورتر لەوان، کۆمەڵێک زەلامی بینی تەقەیان دەکرد و لە دووی ئەو سەربازە دابراوانە بوون کە بە بەینی کوختەکاندا غاریان دەدا و دەیانویست خۆ بگەیەننە ڕەخی روبارەکە. بەڵێ سەربازەکان هەڵدەهاتن و نها نۆرەی شەرڤانەکان بوو کە ڕاویان بنەن و تاقیبیان بکەن. کورتەڵە شپرزەو پەرێشان گوتی: "خەریکە بەرەو ئێرە دێن." جورما کە بینی بە هۆی تەمەشاکردنی گردەکانی بەرانبەرییەوە، ئاگای لەوە بڕابوو کە شەڕێکی گەورە، لە بەردەمیا، لە هەر دوو ڕەخی ڕووباری فازا

– پاریس دا هەڵگیرساوە و ئەم هەرا و هەنگامەیەی، کە وایدەزانی خەونە، لەوێندەرەوە دێ، لە جیی خۆی وشک بوو، خوێن لە دەمارەکانیا مەیی.

لە گەرمەی ئەو هەراو هەنگامە وفەرتەنەیەی شەڕەدا، کە تەپ و تۆز دنیای گرتبوو جەستە و ڕوخسارەکان بە ڕوونی نەدەبینران، تەمەشایەکی خوارەوەی کرد، ئەسپەکانی بینی کە لە ڕەخی ڕوبارەکەدا کەوتبوون و هەندێکیان کەوتبوونە ئاویلکە وهەندێکیان لە ناو روبارەکەوە گەردنیان بە جۆرێ هەڵدەبڕی، لە تۆ وایە هاواردەکەن کە خەڵکێک فریایان بکەوێ ولەو قوڕاوەیان دەربێنێ و ڕزگاریان بکات. هەندێکی دی لەو گۆڕە کەوتبوون و خوێنیان لە بەر دەڕۆیی. ئەسپێکی بێ سوار هەبوو، بە سێ لاقەوە دەسوڕایەوە، لە تاو ئازار شێت و هار بووبوو، لە تاوا هەوڵیدەدا قەپ بە کلکی خۆیدا بکات، سەربازەکان، بە ناو ڕوبارەکە کەوتبوون و تفەنگەکانیان بە سەر سەریانەوە گرتبوو، هەندێکی دیکەیان غاریان دەدا و بە کۆڵانەکانی کانودوس دا، دوو دوو و سێ سێ هەڵدەهاتن، هەندێکیان وەکو دووپشک بۆ دواوە هەڵدەهاتن و شڵپ خۆیان بە ئاوی روبارەکەدا دەدا و هەوڵیان دەدا، خۆیان بگەیەننە ئەو قەدپاڵ و بەرزاییانەی کە جورما وکورتەڵەی لێبوون. ئەمانە لە قوڵێکەوە تەقەیان لێدەکرا، چونکە هەندێکیان بە دەم ئاخین وناڵینەوە دەکەوتن، بەڵام هەندێکیان بە ڕەوەزو تاوێرەکاندا هەڵدەگەڕان.

کورتەڵە، بەدەم ناڵینەوە گوتی: "جورما، ئەمانە دەمانکوژن."

جورما دەبیرەوە چوو: بەڵێ، دەمانکوژن. تینی دایە خۆ وهەستا، دەستی کورتەڵەی گرت وهاواریکرد: "هەڵێ، هەڵێ."

بە تاوێرەکاندا هەڵگەڕاو خۆی بۆ چڕترین بەشی بێشەکە کوتا. زوو، ماندوویەتی زۆری بۆ هێنا، بەڵام ئەو سەربازەی وەبیر خۆی هێنایەوە کە ئەو بەیانییە خۆی دابوو بە سەریا و ورەی وەبەر خۆی نایەوە. وەختایەک تەواو شەکەت بوو، هێزی لە بەر بڕاو نەیدەتوانی تاقە یەک هەنگاوی دی غاربدات، هێواشی کردەوەو بە ئەسپایی کەوتە ڕێ. دڵی بە حاڵی کورتەڵە دەسووتا کە دەبێ بەو لاقە چکۆلانەیەوە چەند ماندوو بووبێ، هەرچەندە بۆ تاقە جارێکیش گلەیی نەکردبوو کە ماندوو بووە، بە توندی دەستی جورمای گرتبوو و پێ بە پێی ئەو ڕێی کردبوو.

وەختایەک لە ڕێکردن وەستان، ئیدی دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو. خۆیان لەوبەری کێوەکەدا بینییەوە. تۆپۆگرافی ئێرە هەندێک تەختانی بوو، لێرەو لەوێ چڕە دارستانان هەبوو. هەراو هەنگامەی شەڕ دوور کەوتبووەوە، جورما خۆبەخو کەوتە ڕنینەوەی گیاو ڕووەکان، لە دەمی نان وهێدی هێدی کەوتە جوینیان و تامی دەمی بە شیلە ترشەکەیان خۆشدەکرد، تلّپەی جواوی ڕووەکەکانی تفاندەوە، چنگێ گیا وڕووەکی دی پەستایە دەمیەوە، بەو جۆرە تا ڕادەیەک تینوویەتی خۆی شکاند. کورتەڵەش، کە جوڵەی لەبەر براببوو، هەمان کاری جورمای کرد. بە جورمای گوت: "زۆرمان غار دا." بەڵام جورما گوێی لە دەنگی نەبوو، هەڵبەتە وای تەسەور کردووە کە کورتەڵەش لە ماندوویەتیدا تاقەتی قسەکردنی نییە. کورتەڵە لە رووی منەتباریەوە دەستی بە باسکی جورمادا هێناو دەستی گوشی. بە دوو قوڵی لەوێندەر ڕۆنیشتن تا پشوویەک بدەن، بەردەوام ڕووەکیان دەجوو و دەتفاندەوە، لەوێندەر مانەوە تا ستێران لە بەینی لقە شاشەکانی دەوەنەکانەوە هەڵهاتن. جورما کە چاوی بە ئەستێرەکان کەوت، روڤینو وگالی بیرکەوتەوە. بێگومان، بە درێژایی ئەو ڕۆژە کرم ومێروو و مارمێلکان سەریان ژەندووەتە جەندەکەیان، بێگومان، هەنووکە جەنازەکانیان خەریکە بۆگەن دەکەن. ئەو

جارێکی دی جەنازەی ئەو دووانەی، کە نها بە پاڵ یەکەوە یان بە دووری چەند هەنگاوێ لە یەکەوە لەو گۆڕە کەوتبوون، نەدەبینی. ڕێک لەو کاتەدا گوێی لە هەندێ دەنگی نزیک بوو، دەستی درێژ کرد، دەستە چکۆلە و لەرزۆکەکەی کورتەڵەی کەوتە دەست. یەکێک لە تارماییەکان کەوت بە سەر کورتەڵەدا، کورتەڵە هاوارێکی وەهای کرد لە تۆ وایە بەر خەنجەران درا.

دەنگێکی زۆر نیزک هاواریکرد: " تەقە مەکەن. مەمانکوژن. من باوکە یواکیمم، قەشەکەی کومبی، ئێمە خەڵکی بێوەین."

جورما، بێئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێت گوتی: " ئێمە دوو کەسین بابۆ، ئافرەتێک و کورتەڵەیەک، ئێمەش خەڵکی بێوەین. "

ئەمجارەیان هێندەی هێز تیابوو کە بە دەنگی بەرز قسان بکات.

***

هەڵوێستی ئانتونیو ڤیلانوڤا، دوای ئەوەی لەو شەوەدا گوێی لە گرمەی یەکەمین گوللە تۆپ بوو، ئەوە بوو کە خۆی بکات بە قەڵغانی مورشید. ئەبوت جواو، جواوە زلە، چکۆلەی موبارەک و یواکیم ماکامبیرا و، هونوریوی برای، هەر هەموویان هەمان هەڵوێستیان هەبوو، ئەوە بوو خۆی قۆڵ لە قۆڵی ئەواندا بینییەوە کە دەوری مورشیدیان دابوو. لە هەمان کاتدا بە مەزەندە حیسابی ئاراستە وبوردی گوللە تۆپەکەی دەکرد، کە بە ئەقڵی ئەو لە شوێنێکی (ساوکپریانو) کەوتبووەوە، کە ئەمە هەمان جادەی بچووک بوو،کە هەتوانفرۆشان، جادووگەران، و ئەوانەی بە دووکەڵ دەرمانی خەڵکیان دەکرد، دەگەڵ پزیشکانی گیا دەرمانی بیلومونتە، لەوێندەر دەژیان. هەر خودا دەزانێ کوختەی کێهە لەو پیرە ژنانەی کە بە شرووبی جوریما و مناقا چاوەزاریان بۆ خەڵکی دەکرد، یان ئەو جەڕاحانەی کە بە ڕاکێشانی لە ناکاوا شوێنی لە جێ چووی خەڵکیان دێنایەوە جێ، بەدەم تۆپبارانەوە چووبوو بە حەوادا؟ مورشید، هێوری کردنەوەو گوتی: " وەرن با بڕۆین بۆ پەرستگەکە."

لە کاتێکا، قۆڵ لە قۆڵی یەکدیدا، بە کامپوگراندەدا سەر دەکەوتن و بۆ کڵێساکان دەچوون، ئەبوت جواو جاڕی دا و داوای لە خەڵکەکە دەکرد کە چراکانیان بکوژێننەوە، چونکە ڕوناکی چرا نەوتییەکان و ئاگری ناو حەوشەکان، یارمەتی دژمنی دەدا، کە پەی بە شوێنەکانیان ببەن. فەرمانەکەیان دووبارە کردەوەو گەیەنرایە یەک بە یەکی ماڵەکان و هەمووان چرا و فانۆسەکانیان کوژاندەوە.

وەختایەک لە سپیرتوسانتو، سانتو ئاگوستینو، سانتو کریستو، ئوس پاپاس، و ماریا مادلینا، ڕەت بوون، ئەمانە هەموو کوچە وکۆڵانی تەنگەبەر بوون و لە کامپوگراندە دەبوونەوە، دنیا بەرە بەرە تاریک دەبوو وکوختە چکۆلەکان لە تاریکیدا نقووم دەبوون. وەختایەک گەیینە هەنبەر ئەو بەرزاییەی کە ناویان نابوو " گردی شەهیدان " ، ئانتونیو ڤیلانوڤا، لەوێندەر گوێی لە جواوە زلە بوو کە بە یارۆی داروغای دەگوت: " تۆ بڕۆ ڕێبەری شەڕەکە بکە، ئێمە مورشید بە ساغ و سەلامەتی دەگەیەنینە پەرستگەکە." بەڵام یارۆی ڕێگرو چەتەی جاران، هێشتا لەوان جیا نەبووەوە کە دووەمین گوللە تۆپ تەقییەوەو ئەوان بە ناچاری دەستی یەکیان بەردا، لەبەر ڕۆشناییە تیژەکەدا کە هەموو کانودوسی گرتبووەوە، دنیایەک تەختە و ئاسنەواڵە وقرمید وپارچەی بەدەنی حەیوانات و بەشەریان بینی کە بۆ چەند چرکەیەک چوون بە ئاسمانا و پاشان کەوتنەوە. پێدەچوو هەر دوو گوللە تۆپەکە، لە سانتائینس کەوتبنەوە، کە گەڕەکی ئەو وەرزێر وجووتیارانە بوو، کە چاودێر و سەرپەرشی باخی میوەیان

دەکرد، یان لە قەراخی شارا کەوتبێتەوە، کە ژمارەیەکی یەجگار زۆر لە کافوزیان و دوورەکان و قولە ڕەشەکان لەوێدا دەژیان، ژمارەیان هێندە زۆر بوو ناویان نابوو ئوموکامپو، واتە پەناگە ومەکۆی کۆیلەکان.

مورشید، لە بەر دەرگای کڵێسای مەسیحی موبارەک لە ئاپۆرای خەڵکەکە جیا بووەوە، دەگەڵ گروپێکا خۆی بە پەرستگەکەدا کرد. ئانتونیو ڤیلانوڤا، لە تاریکیەکەی دەرەوە، هەستیکرد، مەیدانی نێوانی کڵێساکان لە خەڵکیدا جمەی دێت، هەر هەموویان بە پای پیادە هاتبوون ولە ناو کڵێساکاندا جێگەیان نەبووبووەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " چییە دەترسم؟ " نا، ئەوەی هەستی پێدەکرد ترس نەبوو. لەو ساڵانەدا کە بازرگانی دەکرد و هەر هەموو ئەو بیابانە کاکی بە کاکییەی بەباری کاڵاو بە کیسەی پڕ لە پارەوە، دابووە ژێر پێوەو ملی بە جۆرەها مەترسییەوە نابوو و هەرگیز نەترسابوو.

لێرەش، لە کانودوس، وەکو مورشید فێری کردبوو، حیساب بۆ هەموو شتێک بکات و ئاکامی هەر هەڵوێست و کارێکی خۆی لە بەر چاو بگرێ. ئەمەش لەو ترسەی خەلەساندبوو، کە پێشتر، هەندێ شەوان، خەوی لێدەزڕاند و ئارەقەیەکی ساردی بە گازەڕای پشتیا دێنا. نا، ئەمە ترس نەبوو، بەڵکو خەم بوو.

دەستێک بە توندی تەکانی دا. ئەبوت جواو گوتی: " ئانتونیو ڤیلانوڤا، گوێت لێ نییە؟ مەگەر نابینی کە گەییونەتە ئێرە؟ مەگەر ئێمە خۆمان بۆ پێشوازی ئەوان ئامادە نەدەکرد؟ چاوەڕوانی چیت؟"

دەستێکی بە سەرە نیوە ڕووتاوەکەی خۆیدا هێنا و لە بن لێوانەوە گوتی: "بمبورە، گێژم، بەڵێ، هەر ئێستا دەڕۆم."

کۆنە چەتەکەی جاران، ڕای تەکاند: " پێویستە ئەو خەڵکە لێرە بەرینە دەرێ، دەنا هەر هەموویان دەکوژرێن."

ئانتونیو بەرسڤی دایەوە: "هەر ئێستا دەڕۆم، ئێستا دەڕۆم، خەمت نەبێ، هەموو شتێک بە گوێرەی ئەو نەخشەیە دەڕوات کە دامانناوە. دەستبەرداری کاری خۆم نابم." بە دەنگی بەرز بانگی براکەی کرد، ئەو بەدەم پاڵە پەستۆوە لە نێو ئاپۆراکەوە دەهات و دوای کەمێک وەڵامی ئانتونیوی دایەوە: " من لێرەم کاکۆ." لە کاتێکا ئەوان، خۆی و هونوریوی برای خەڵکەکەیان پاڵ دەنا بۆ ناو ئەو پەناگەیانەی کە لە ماڵەکانیاندا دروستیان کردبوون و بانگی ساقیەکانیان دەکرد، دەستەبەرەکان بێنن و پاشان لە ڕێگەی کامپوگراندەوە بۆ فرۆشگایەکەیان دەچوون، ئانتونیو هێشتا دادەگژایە سەر وگوێلاکی ئەو خەمەوە کە ڕۆحی دەکێڵا. چەند ساقیەک لەوێندەر، لەبەر فرۆشگاکەدا چاوەڕوانی ئەوان بوون. ئانتونیو ئەو دەستەبەرانەی، کە لە توێکڵەدار و ڕووەکان دروستکرابوون، بە سەریاندا دابەشکرد و هەندێکیانی بەو ئاراستە و سەمتەدا ڤڕێ کرد کە دەنگی تەقینەوەکانی لێوە دەهات، ئەمری بەوانی دی کرد لە هەمان شوێن چاوەڕوان بکەن، ژنەکەی وبرا ژنەکەی ڕۆیی بوون بۆ شفاخانەکە و منداڵەکانی هونوریو، لە خەندەک و سەنگەرەکانی ئاس ئەمپوراناس دا بوون. دەرگای فرۆشگاکەی، کە زەمانێک تەویلە بوو و ئێستا بووبوو بە جبەخانەی کانودوس، یارمەتیدەرەکانی، سەندوقە تەقەمەنی و فیشەکەکانیان بۆ ژوورەکەی پشتەوەی فرۆشگایەکە برد، ئانتونیو، ئاگاداری کردنەوە کە فیشەک و تەقەمەنیەکان تەنیا ڕادەستی ئەبوت جواو یان ئەو خەڵکانەی ئەو دەیناردن، بکەن. هونوریوی کرد بە بەرپرسی باروت وپاشان لە گەڵ سێیان لە یاریدەدەرەکانیا، بە پێچ و پەناکانی سانتوالوی، ساوپدرودا بەرەو کوورەکەی " فینو یسوع " کەوتنەڕێ کە لەوێ ئاسنگەرەکان لە سەر داوای ئەو یەک هەفتە بوو دەستبەرداری دروستکردنی ناڵ و پاچ و داس و بێڵ وکێرد بووبوون و شەو ڕۆژ کاریان دەکرد تا بزمارو تەنەکە وقولاپ وئاسنەواڵە وهەر شتیکی کانزایی بکەن بە گوللەی

شمخال و تاپڕان. کە گەییە ئەوێندەر بینی ئاسنگەرەکان تیا ماون، نازانن ئاخۆ ئەمری کوژاندنەوەی هەر چرا و ڕوناکییەک ئەوانیش دەگرێتەوە یان نا. ئانتونیو دوای ئەوەی یارمەتی دان تا درزی دیوارەکانی بەرانبەر گردەکان بگرن، داوای لێکردن دووبارە کوورەکە بخەنەوە کار. وەختایەک خەریک بوو بە سەندوقێک فیشەک و تەقەمەنییەوە کە بۆنی گۆگردی لێدەهات، بۆ فرۆشگایەکە دەزڤڕییەوە، دوو گوللە تۆپ بە ئاسمانا تێپەڕین ولە شوێنێکی دوور، لە دەوروبەری تەویلە و ئاغەڵی حەیواناتدا کەوتنەوە. لە دڵی خۆدا گوتی بێگومان چەند گوێرەکە و بزنێک کوژراون، ورگیان هەڵدڕاوەو لاقیان پەڕیوە، لەوەیە چەند شوانێکیش هەمان بەلایان بە سەر هاتبێ، هەڵبەتە مێگەلە بزنێک لە ترسا ڕەوینەتەوەو بەناو دروەستانان کەوتوون و لاق و لەتەریان بریندار بووە. لەو دەمەدا پەی بە نهێنی خەمبارییەکەی خۆی برد. لە فکران ڕاچوو: " هەموو شتێک دووبارە وێران دەبێت، لە دەست دەچێت." دەمی زۆر تاڵ بوو. دەبیرەوە چوو: "وەکو ئەو ساڵەی تاعوون لە ئاساری بڵاو بووەوە، وەکو وشکەساڵیەکەی جوازیرو، وەکو زەمانی لەهی ولافاوەکەی کاتینگا دومورا. بەڵام تۆپبارانەکەی ئەو شەوەی بیلومونتە لە هەموو بەلایەکی سروشتی خراپتر بوو، زۆر لە تاعوون وهەر کارەساتێکی سروشتی کوشندەتر بوو. کەوتە دوعا و نزا: "مەمنوونم کە کاریکت کرد بەم جۆرە لە بوونی سەگەکان دڵنیا ببم، مەمنوون کە لەم ڕێگەیەوە زانیم کە تۆ هەی خودایە." گوێی لە دەنگی زەنگان بوو، کە بە دەنگی بەرز لێیان دەدا. ئەم دەنگە سوکنایی بە دڵی دا.

ئەبوت جواو نزیکەی بیست کەس لە پیاوەکانی بینی کە تەقەمەنی و باروتیان دەگواستەوە. ئەمانە لە تارمایی بێ سەر وسیما دەچوون، کڕ وکپ بە بەر بارانەکەدا، کە دووبارە دەستی پێکردبووەوە، دەهاتن ودەچوون. بارانی چی! سەربانی عەمار و فرۆشگاکەی دەلەرانددەوە. بە سەرسامی پرسی: " هەموو شتەکان دەبەی؟ " ئاخر ئەبوت جواو هەمیشە ڕژد بوو لە سەر ئەوەی کە عەمار وفرۆشگاکە بکرێ بە مەڵبەندی دابەشکردنی چەک و تەقەمەنی. دارۆغای شار بردی بۆ ئەو مەیدانەی کە نها بووبوو بە یەکپارچە قوڕاو. ئاماژەی بۆ ئافانیلا و ئوکامپایو کرد وگوتی: " لە ئێرەوە تا ئەوێ بڵاو بوونەتەوە، بە نیازن لە دوو قوڵەوە هێرش بکەن. ئەگەر پیاوەکانی یواکیم ماکامبیرا، دەرەقەتیان نەیەن، ئێرە یەکەم شوێن دەبێ کە دەکەوێتە دەستی دژمن. بۆیە وا چاکە لە ئێستاوە چەک وتەقەمەنییەکان دابەش بکەین. ئانتونیو سەرێکی بۆ لەقاند وگوتی: " ئەدی تۆ خۆت لە کوێ دەبیت؟ " یارۆی کۆنە ڕێگر وچەتە بەرسڤی دایەوە: "لە هەموو شوێنێک."

زەلامەکان بە سەندووق وگونیەکانەوە چاوەڕوانیان دەکرد. ئانتونیو گوتی: "خودا یارو یاوەرت بێ جواو، من دەچم بۆ نەخۆشخانەکە (شفاخانە) هیچ پەیامێکت بۆ کاترینا نییە؟ " یارۆی چەتەی جاران، هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوسا بە ئەسپایی گوتی: " ئەگەر من مردم، حەزدەکەم ئەوە بزانێ هەرچەندە ئەو لە بویەرەکەی کوستودیا خۆش بوو، بەڵام من لە خۆم خۆش نەبووم." ئەوسا لە شەوە تاریکەکەدا، کە ڕێک لەم دەمەدا گوللە تۆپێک تەقییەوە، لە چاوی ئانتونیۆ ون بوو.

هونوریو پرسی: " داشۆ، لە پەیامەکەی جواو بۆ کاترینا حاڵی بووی؟

ئانتونیو، لە وەڵاما گوتی: " ئەمە چیرۆکێکی درێژ وکۆنەکاکۆ."

لەبەر ڕۆشنایی مۆمان، بە بێدەنگی و بەدەم گوێگرتنەوە لە دیالۆگی زەنگی کڵێسایان و شەپیوران وهەروەها گرمەی ناوبەناوی تۆپان، بە ئامادەکردنی تەقەمەنی و هێنانی سارغی و دەرمانەوە مژوول بوون. دوای ماوەیەکی کەم کوڕێژگەیەک لە لای ئانتونیا ساردلینیاوە هات تا ئاگاداریان بکاتەوە کە برینداریکی زۆریان بۆ

نەخۆشخانەکەی سانتا ئانا هێناوە. ئانتونیو، یەکێک لەو سەندوقانەی هەڵگرت کە یود و سبستراتی ئەلبزموت و کالومیلی تێدا بوو، و بابە یواکیم بۆی هێنابوون، ئەو سەندووقەی هەڵگرت و، دوای ئەوە بە براکەی گوت کەمێک پشوو بدات، چونکە سبەینێ بویەری خراتر دەقەومێ، ئەوسا یەکسەر بەرەو شیفاخانەکەی سانتا ئانا وەڕێکەوت.

شفاخانەکەی سانتا ئانا بووبوو بە شێتخانە. لە هەموو لایەکەوە هەر گریە وزاری، هەر ئاخین وناڵین بوو، ئیدی ئانتونیا ساردلینیا وکاترینا وهەموو ئەو ژنانەی دی کە بەردەوام بۆ ئەوێندەر دەچوون، تا بۆ دان عەمران و شەل وسەقەتان و نەخۆشان خواردن ئامادە بکەن، زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی بەنێو ئاپۆڕای خزم و کەس و کارو دۆست و ئاشنایانی نەخۆش و بریندارەکاندا ڕێی خۆ بکەنەوە، ئەو کەس وکارانەی داوایان لێدەکردن کە ئاگایان لە فلان بریندار وفیسار نەخۆش بێ. بریندارەکان لە سەر ئەرزەکە، بە سەر یەکا کەوتبوون، هەندێجار دەکەوتنە ژێر پێوە. ئانتونیو بە یارمەتی ساقی وئاوکێشەکان، توانی جەماوەری خەڵکەکە بکاتە دەرەوەو پاسەوانی لە بەر دەرگاکە دانا و بە خۆی گەڕایەوە تا لە دەرمانکردنی بریندارەکان و بەستنی برینەکانیاندا یارمەتیان بدات. گوللە تۆپ، دەست و پەنجەی پەڕاندبوون، شەبەقی برینی کردبووە جەستەیان. ژنێکی لێبوو لاقی پەڕی بوو. ئانتونیو پێی سەیر بوو کە ئەم ژنە چۆن بەو حاڵەوە مابوو، دەرمانێکی دایێ تا بۆنی بکات. ژنەکە بەدەم ئازارێکی ئەوتۆوە دەتلایەوە کە خۆزیات دەخواست، هەرچی زووە بمرێ و لەو عەزابە ڕزگار بێت. کابرای دەرمانساز هات، ژنەی تاین بە باوەشیەوە گیانی دەدا. دەیگوت لە خەستەخانەکەی دیکەوە دێ، ژمارەی بریندارانی ئەوێ لێرە زیاترە. ئەمری کرد کە جەنازەی مردووەکان، کە بە نیگایەک هەر هەموویانی دەستنیشان کرد، بگوازنەوە بۆ کولانە مریشکەکان.

ئەم پیاوە تاقە کەسێک بوو کە لە کانودوس دا، جۆرە شارەزایی و ئەزموونێکی لە دەرمانسازی و دەرمانگەریدا هەبوو، بۆیە حوزوری ئەو، جۆرە سوکناییەکی بە دڵی هەموان دا. ئانتونیو ڤیلانوڤا، کاترینای بینی کە هەنیەی کوڕێکی، کە بازووبەندی نیشانەی گاردی کاتولیکی بە قۆڵەوە بوو، بە پارچە ئیسفەنجێک دەسڕی. پارچەی گوللە تۆپ چاوێکی کوڕەکەی دەرهێنابوو وگۆنای تا سەر ئێسقان دادڕی بوو. وەکو منداڵ تووند خۆی بە کاتریناوە چەسپاندبوو. کاتریناش لە بن لێوانەوە، لای لایەی بۆ دەکرد.

ئانتونیو، بە کاترینای گوت: " جواو پەیامێکی بۆ ناردوویت " و ئەوسا بە دەمی پەیامەکەی کابرای کۆنە ڕێگری بۆ گێڕایەوە. کاترینا تەنیا بە ئارامی سەرێکی لەقاند و تەواو. ئەم ژنە باریک ولاوازە خەمگین و بێدەنگە بۆ ئەو ڕازێکی ئاڵۆز بوو. ئەم ژنە موریدێکی گوێڕایەڵ و دڵسۆز بوو، لە گەڵ ئەمەشا، خۆی لە هەموو شت و لە هەموو کەسێک دوور دەگرت. لە گەڵ ئەبوت جواودا، لە شەقامی دومنینو یەسوع، لە کوختەیەکی بچووکی نێوان دوو خانووی دارینبدا دەژیان وزیاتر حەزیان لە تەنیایی بوو. ئانتونیو زۆرجار دیتبوویانی، بە دوو قۆڵی بە کەنار، بێستانەکانی پشت ئوموکامپودا، پیاسەیان دەکرد، بە جۆرێ سەرگەرمی گفت و گۆیەک بوون، لە تۆ وایە لە کۆتایی نایەت. ژنەی تاین لێی پرسی: "جواو دەبینیتەوە؟" . " لەوانەیە هیچ ڕاسپاردەیەکت بۆی هەیە؟ " . " پێی بڵێ ئەگەر بەدەم عەزابی هەمیشەییەوە دەناڵێ، منیش هەمان شت بۆ خۆم بە ئاوات دەخوازم."

ئانتونیو، باقی شەوەکەی بە ئامادەکردنی دوو نەخۆشخانە لە دوو ماڵی کەنار جادەی جرموابو بەسەر برد، ڕۆنیشڤانانی ئەو دوو ماڵەی بۆ ماڵە دراوسێکانیان گواستەوە. وەختایەک لە گەڵ یاوەرەکانیا، لە کاری دانانی دۆلابی دارین، قەرەوێڵەی سەفەری، پەتۆ و سەتڵی ئاو و دەرمان بوونەوە، جارێکی دی خەمەکەی بۆ هاتەوە. ئاوەدان کردنەوەی ئەم زەویانە زۆر زەحمەت بوو، کاری دەویست نەک گاڵتە، وەرە جۆگای تازە بۆ ئاودێری

لێبده، ئەم بەردەڵانە بکێڵە، پەینی پێوە بکە و وای لێبکە بە کەڵکی داچاندنی گەنمەشامی و پاقلە و لۆبیا، قامیشی شەکر و کاڵەکی زەرد وسوور بێت. مەگەر هەر خوا بزانێ، تا هەندێ بزن وکاریان بۆ ئێرە هێناوە کە زاوزێ بکەن و زۆر بن، چ زەحمەتێکیان کێشابوو. بە فەزڵی هەوڵ و تێکۆشان و باوەڕداری و فیداکاری خەڵکانێکی یەجگار زۆر ئەم دیار و دەڤەرە، بەو ئاوایە ئاوەدان کرابووەوە. کەچی نها گوللە تۆپ خەریک بوو وێرانی دەکرد، داری بە سەر بەردییەوە نەدەهێشت وسەربازان خۆیان ئامادە دەکرد بچنە ناو کانودوسەوەو ئەو خەڵکە قەتڵوعام بکەن کە لێرە خڕ بووبوونەوە تا بە خۆشەویستی خواوە بژین و یارمەتی یەکدی بدەن و خۆیان فریای خۆیان بکەون و چاویان لە یارمەتی کەس نەبێت. . زۆری لە خۆی کرد کە ئەو بیرانە لە مێشکی خۆی وەدەربنێت – چونکە ئەو بیرانە ڕقێکی لە لا زندوو دەکردەوە کە مورشید زۆرجار لە وەعزەکانیا نەی لێکردبوو. یەکێک لە یاریدەدەرەکان هات و پێی ڕاگەیاند کە سەگەکان بەرەو قەدپاڵی شاخەکە بەڕێوەن.

تازە بەیانی دابوو. ناڵەی شەیپوران دەهاتە گوێ، قەدپاڵەکان لە یونیفۆرمی بەڵەکی سوورو شینا جمەی دەهات. ئانتونیو ڤیلانوڤا، دەمانچەکەی دەرهێنا و بە غار بەرەو فرۆشگاکەی لە کامپوگراندە ڕۆیی. هەرکە گەییە ئەوێندەر، لە دووری پەنجا مەترێکا، ڕیزێ سەربازی بینی کە لە ڕووبارەکە پەڕی بوونەوەو بەدەم دەستڕێژی گوللەوە پەلاماری خەندەکەکەی یواکیم ماکامبیرای پیرەمێردیان دەدا.

هونوریو وشەش کەس لە یاریدەدەرەکانی، لە ناو فرۆشگاکەدا، لە پشت بەرمیلان و پێشخوان و قەرەوێڵە و قەفەز وگونیە خۆڵەوە سەنگەریان گرتبوو، ئانتونیو و هاوڕێکانی بە چوار چنگوڵە بەم گونیە خۆڵانەدا سەردەکەوتن و هونوریو و ئەوانی دی دەستیان گرتن و یارمەتیان دەدان کە بیانبەنە ژوورەوە. ئانتونیو، بە هانکە هانک شوێنێکی بۆ خۆی دۆزییەوە کە بتوانێ بە ئاسانی لەوێندەرەوە نیشانە لە دەرەوە بگرێتەوە. ڕمب و هۆڕی تۆپان بە جۆرێ بوو کە نەیدەتوانی دەنگی برایەکەی، کە لە تەنیشتیەوە بوو، بژنەوێ.

لە پشت ئەم سەنگەرە جۆراوجۆرەوە تەمەشایەکی کرد: قۆڵی ساوخوزیە وسانتا ئانا یەکپارچە تەپ و تۆز بوو. دووکەڵ و ئاگر لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبووەوە. خەریک بوو ماڵەکانیان دەسووتا ودەیانویست هەمووان ببرژێنن. لە ناکاوا بیری کەوتەوە کە ژنەکەی و ژن خوشکەکەی لەوێندەر، لە سانتا ئانا بوون و نها لەوێندەر لە شفاخانەکە، لە گەڵ بریندارەکانا دەتاسێن ودەسووتێن. تووڕەیی دایگرت. چەند سەربازێک لەنێو چڕە دووکەڵ و تەپ وتۆزەکەوە بەدیارکەوتن، بە تووڕەیی دەیانڕوانیە ڕاست و چەپ. قەمەی تفەنگە درێژەکانیان دەبریقایەوە، قەمسەڵەی شین و پانتۆڵی سووریان لەبەر بوو. یەکێکیان مەشخەڵێکی بۆ سەنگەرەکە هەڵدا.

ئانتونیو هاواری لەو کوڕەی تەنیشتیەوە کرد کە بیکوژێنێتەوە، خۆشی لوولەی دەمانچەکەی کردە نزیکترین سەرباز. تەپ وتۆزێکی هێندە چڕ بوو چاوی نەدەبینی، بۆیە کوێرانە کەوتە تەقەکردن، خەریک بوو پەردەی گوێی دەدڕا، ئەنجام فیشەک لە دەمانچەکەیا نەما، لە کاتێکا پشتی بە بەرمیلێکەوە دابوو و خەریک بوو دووبارە فیشەکی دەخستە بەر دەمانچەکەی، چاوی بە پدریم، ئەو کوڕەی کە ڕایسپاردبوو مەشخەڵەکە بکوژێنێتەوە، کەوت، کوڕەی تاین لە سەر تەختەیەکی قیراوی کەوتبوو و خوێن لە پشتی دەڕۆیی. ئانتونیو نەیتوانی خۆی بگەیەنێتێ، چونکە سەنگەرەکە لە دەستە چەپی ئەوەوە کەلێنی تێکەوت و دوو سەرباز بە تۆپزی خۆیان لەو کەلێنەوە خزاندە ژوورەوە و لووتیان تەقی بە لووتی یەکدییەوە. ئانتونیو هاواری لەوانی دی کرد: " ئاگادار بن! ئاگاداربن! " بەردەوام تەقەی لە سەربازەکان دەکرد، تا دەمانچەکەی فیشەکی تیا نەما. هەردوو سەربازەکە لە عاردی کەوتبوون، تا ئەم بە کێردێکەوە خۆی گەیاندنێ، سێیان لە هاوڕێکانی بە کێرد دایان دوورین و لە گەڵ

داوەشاندنی هەر کێردێکا جنێوێکیشیان پێدەدان. تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، زۆر خۆشحاڵ بوو کە هونوریوی بە سەلامەتی و دەم بە خەندە بینی. لێی پرسی: " داشۆ، ساغ و سەلامەتی؟"

برایەکەی سەرێکی بۆ لەقاند. چوو تا تەمەشایەکی پدریم بکات، نەمردبوو، بەڵام جگە لە برینەکەی پشتی، هەر دوو دەستیشی سووتابوون. ئانتونیو بۆ ژوورەکەی تەنیشتیەوەی برد و لە سەر چەند پەتۆیەک ڕایکشاند. ڕوخساری لە فرمێسکا تەڕ بووبوو. پدریم، کوڕێکی سێوی بوو، ئیدی ئانتونیو و ئانتونیا، کەمێک پێش ئەوەی لە کانودوس بگیرسێنەوە گرتبوویانە خۆ و بەخێویان دەکرد. کە دووبارە و لە دەرێ ڕا دەنگی تەقە هاتە گوێ، کوڕێژگەکەی داپۆشی و بەدەم هەستانەوە گوتی: " پدریم، دێمەوە بۆ لات و پێترا دەگەم."

برایەکەی، لە پشت سەنگەرەکەوە، بە تفەنگی یەکێک لە سەربازەکان، مژوولی تەقەکردن بوو، یاریدەدەرەکانی کەلێنی سەنگەرەکەیان گرتبوو. ئانتونیو، دەراغێ فیشەکی خستەسەر دەمانچەکەی، لەلای براکەیەوە جێگیر بوو، هونوریو گوتی: " نزیکەی بیست کەسیان ئێستا بێرەدا تێ پەڕین." دەنگی تەقە و دەسترێژ لە هەموو لایەکەوە دەهات. ئانتونیو، تەمەشایەکی کرد تا بزانێ لە دەوروبەری سانتا ئانا، وەزع چۆنە، گوێی لە دەنگی هونوریو بوو کە دەیگوت: "داشۆ پێت وایە ئانتونیا و ئاسنسیاو هێشتا مابن؟ " لەم ساتەدا و لەبەردەم سەنگەرەکەدا چاوی بە سەربازێک کەوتبوو، لە قوڕ و سیانا چەقی بوو، بە دەستێک تفەنگەکەی هەڵگرتبوو و شمشێرێک بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو. گوتی: " ئێمە پێویستمان بەو چەکانەیە."

کەلێنێکیان لە سەنگەرەکە بۆ کردەوە، چالاک و چەلەنگ خۆی بە شەقامەکەدا کرد. کە دانەوییەوە تا تفەنگەکە لە سەربازەکە بسەنێت، سەربازەکە هەوڵیدا شمشێرەکەی بەرز بکاتەوە. ئانتونیو، بێ هیچ دوو دڵییەک، کێردەکەی بە ورگی یارۆی سەرباز دا کرد و، بە هەموو قورساییەکەوە خۆی دا بەسەریدا. سەربازەکە، لە ژێریا لە جووڵە کەوت، هێڵنجێکی دا و، نزگرەیەکی بەدوادا هات و ئیدی خاو بووەوە و جوڵەی لەبەر برا. کە کێردەکەی لە ورگی دەرکێشا، شمشێر و تفەنگ و کۆڵەپشتیەکەی لێ داماڵی. تەمەشای ڕەنگە زەردەکەی کرد، لەو ڕەنگانە بوو کە لە ناو جووتیاران وگاواناندا یەجگار زۆر بوو، بۆ ساتێک هەستی بە پەشیمانیەکی تاڵ کرد. هونوریوو هاوڕێکانیشی هاتبوونە سەر جادەکە وچەک و ئەسڵەحەیان لێ دادەماڵی. لەو دەمەدا ئانتونیو، دەنگی ئەبوت جواوی ناسییەوە. دارۆغای شار، وەکو بروسکە دەهات، دوو پیاوی دیکەی بە دواوە بوو. هەر سێکیان خڵتانی خوێن بوون.

لە کاتێکا ئاماژەی بۆ ڕووکاری بینایەکەی بەرانبەر دەکرد، پرسی: " ئێوە لێرەدا چەند کەسن؟ "

ئانتونیو بەرسڤی دایەوە: " نۆ نەفەرین... پدریمش لە ژوورەوەیە، بریندارە."

ئەبوت جواو، ئاوڕێکی دایەوەو گوتی: " خێرا بڕۆن. بەڵام ئاگادار بن، سەرباز لە زۆربەی ماڵەکانا خۆیان لە بۆسە ناوە."

بەڵام کابرای کۆنە چەتە، بەخۆی هیچ پارێزێکی نەدەکرد، بە هەنگاوی هەڕاوەوە، بێمنەت، قیت، بۆ ناوەڕاستی شەقامەکە ڕۆیی، بەدەم ڕێگاوە باسی ئەوەی دەکرد کە سەربازەکان چۆن لە سەمتی ڕووبارەکەوە هێرشیان بۆ سەر کڵێساکان وگۆڕستانەکە کردبوو، وگوتی دەبێ لەم قوڵەوە ڕێگە لە پێشڕەوی سەربازەکان بگیرێت. چونکە لەو حاڵەدا مورشید بە تاقی تەنیا لە گۆشەیەکدا گیر دەخوات. دەیویست شەقامی کامپوگراندە لە مارتیرسەوە، لە سیلەی کڵێسای سانتو ئانتونیوە بێتە گرتن و بەبەرد هەڵچنرێ.

لە کۆگاکەوە تا ئەوێندەر نزیکەی سەد مەترێک دەبوو. ئانتونیو، کە ئەو هەموو وێرانیەی بینی سەری سوڕما: ماڵ وخانووەکان وێران بووبوون، لە بن و بناخەوە هەڵتەکێنرابوون، کون کرابوون، دار و پەردووی بە سەر یەکدا ڕوخاو، قرمیدی شکاو، دیرەک و دەستەکی بە خەڵوز بوو، جەنازەی بێناز لە نێو دار و پەردوواندا کەوتبوو، تۆز و دووکەڵ، هەموو شتێکی کردبووە ژێرەوە. لێرە و لەوێ گڕی ئاگر لە بیناکانەوە بەرز دەبووەوە کە ئەمە نیشانەی پێشڕەوی سەربازەکان بوو. ئانتونیو، کە شان بە شانی ئەبوت جواو بەرەو مارتیرس دەڕۆیی پەیامەکەی کاترینای پێگەیاند. ئەبوت جواو بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە سەرێکی لەقاند. لە ناکاوا لە پێچی شەقامی ماریا مادلینادا تووشی دەورێیەکی سەربازان بوون. ئانتونیو، بینی کە ئەبوت جواو، بەدەم غاردان و بازدانەوە، کێردەکەی، وەکو ئەوەی لە پێشبڕکێی کێرد هاویشتندا بێ، کێردەکەی بەرەو ئەوان (سەربازەکان) هاوێشت. ئەویش بەدەم تەقەکردنەوە کەوتە غاردان. گولله بە گیزو هۆڕ بە پەنا گوێیدا ڕەت دەبوو، دوای تۆزێک سەرەسمێکی دا وکەوتە سەر ئەرزەکە. بەڵام زوو هەستایەوەو خۆی لەو قەمەیە بوارد کە بۆ ئەو داوەشێنرابوو. پەلاماری سەربازەکەی داو لە گەڵ خۆیا لە قوڕ و سیانەکەی وەردا. لەگەڵ سەربازەکەدا یەخانگیر بوو، نەیدەزانی قەمەکەی بە قەدەوەیە یان نا. لە ناکاوا بینی کە سەربازەکە داکەوت وخاو بووەوە. ئەبوت جواو یارمەتی ئانتونیوی داو هەڵیساندەوە.

لە هەمان کاتدا دەستووری دا: " چەک و تفاقەکانی ئەم سەگە کۆ بکەنەوە – فیشەک و قەمە و کۆڵەپشتیەکەی."

هونوریو و دووان لە هاوڕێکانی، بە سەر ئانستاسیودا دانەوی بوونەوە، دەیانویست بەرزی بکەنەوە.

ئەبوت جواو، نەیهێشت: "خۆتان ئەزیەت مەدەن، تازە مردووە، جەنازەکان لە گەڵ خۆتاندا ڕاکێشن. دەتوانین ڕێگەکەیان پێبگرین.

ئەوسا تا ببێ بە سەرمەشقی ئەوانی دی، لە لاقی جەنازەیەک نەوی و ڕاکێش ڕاکێش بەرەو مارتیرس کەوتەڕێ. لە سەرەتای جادەکەدا شەرڤانانێکی زۆر، سەرگەرمی کارکردن بوون، ئیدی هەرچیەکیان بەردەست دەکەوت دەیان کرد بە سەنگەر و مەتەرێز. ئانتونیو ڤیلانوڤا لە گەڵیاندا کەوتە کارکردن. دەنگی دەستڕێژی گولله و ڕمبەی تۆپان دەهات. دوای تۆزێک نۆلاوێکی سەر بە گاردی کاتولیک هات تا بە ئەبوت جواو، کە یارمەتی ئانتونیوی دەدا، تا تەگەری گالیسگەیەک بەرز بکەنەوە و بیکەن بە سەنگەر، بڵێت کە کافرەکان دووبارە خەریکە هێرش بۆ پەرستگەی مەسیحی موبارەک دێننەوە. ئەبوت جواو هاواری کرد: "هەمووان بۆ ئەوێندەر بگەڕێنەوە." شەرڤانەکان هەر هەمووان بە هەڵەداوان دووی کەوتن. ڕێک لەو کاتەدا گەیینە مەیدانەکە کە کۆمەڵێک سەرباز، بە فەرماندەیی گەنجێکی سوورە، کە شمشێرێکی ڕووتی بە دەستێکەوە بوو و بە دەستەکەی دیکەی بە دەمانچە تەقەی دەکرد، لە سەمتی گۆڕستانەکەوە ڕووبەڕوویان هاتن. دەستڕێژێکی خەست لە قۆڵی کڵێسا بچووک و لە بورج و سەربانی پەرستگە نیوە چڵەکەوە، سەربازەکانی لە پێشڕەوی وەستاند. ئانتونیو گوێی لە هاواری ئەبوت جواو بوو کە دەیگوت: "ڕاویان بنەن، دوایان بکەون." دەیان پیاو لە ناو کڵێساکانەوە دەرپەڕین تا بەگەڵ هێرشبەرەکان بکەون، بینی کە جواوە زلە، دێو ئاسا بە پێی پەتی خۆی گەیاندە یارۆی دارۆغا و بەدەم غاردانەوە قسەی دەگەڵدا دەکرد. سەربازەکان لە پشت گۆڕستانەکەوە سەنگەریان گرتبوو. شەرڤانەکان هەرکە پێیان نایە "ساوکیپریانو"وە، ڕووبەڕووی دەستڕێژی گولله بوونەوە. ئانتونیو، کە خۆی بە عاردیدا دابوو، ئەبوت جواوی بینی کە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستاوەو ئاماژە بۆ ئەوانە دەکات کە دوای کەوتبوون، کە لە ماڵەکاندا سەنگەر بگرن یان خۆیان بە عاردیدا بدەن. دەبیرەوە چوو: "ئەگەر وا بڕوات ئاقیبەت دەکوژرێ."

پاشان ئەبوت جواو خۆی گەیاندە لای ئانتونیو، بە چیچکانەوە لە لایەوە ڕۆنیشت، دەمی لە پەنا گوێی نا: " بگەڕێوە بۆ ناو سەنگەرەکە، هەوڵبدە بەری نەدەی. پێویستە ئەم سەربازانە لێرە دەرپەڕێنین و تەسیان بدەینە دواوە، بۆ ئەوەی پاجو دابڕوخێ بە سەریاندا. بگەڕێوە بۆ سەنگەرەکە و ئاگادار بە لە گۆشە و کەنارانەوە بۆی دەرنەچن."

ئانتونیو، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندو دوای تۆزێک بە غاردان بەرەو دوو ڕیانی مارتیرس وکامپوگراندە ڕۆیی، هونوریو ویاریدەدەرەکانی و دە شەڕڤانی دی دووی کەوتن، ئەنجام وەخۆ هاتەوەو بە خۆی گوت: " تۆ بەڵەدی هەموو شتێک ڕێک بخەیت، ئێستا ئەمە لە هەموو شتێک پێویست ترە، ئیستا وەختیەتی." ئەمری بە پیاوەکان کرد، کە جەنازەی کوژراوەکان وهەر چی دار وبەرد وخاک وخۆڵی مەیدانەکەیە، بگوازنەوە بۆ مەتەڕێزەکەو بە خۆیشی کەوتە یارمەتی دانیان تا لە هەڕەتی هەراو هەنگامەی هاتوچۆدا، لە ناو بینایەکانەوە گوێی لە دەنگی هاوار بوو. یەکەم کەس بوو کە خۆی گەیاندە ئەوێندەر، بە لەقەیەک کەلەبەرێکی خستە دیوارەکەوە، لەوێندەرەوە نیشانەی لەو سەربازە گرتەوە کە لە سەر چۆکان ڕۆنیشتبوو. بۆی دەرکەوت ئەم سەربازەی کە ئەم کوشتی خەریکی نانخواردن بوو، پارچەیە گۆشتی سوورەوەکراوی بە دەستەوە بوو، کە بێگومان ئەو کاتە لە مەنجەڵی سەر کوانگەکەی دەرهێنابوو. پیرەمێردی خاوەن ماڵ، لە لایەکەوە کەوتبوو و گیانی دەدا، قەمەیەک بە ورگیا کرابوو. سێ منداڵی بە دەورەوە بوو بە ترسەوە دەگریان. دەبیرەوە چوو: " ئاخۆ چەندی برسی بووە – کە هەموو شتێکی لە بیرکردووەو خۆی لە پێناوی پارووە نانێکدا بە کوشت داوە." دەگەڵ پێنج زەلامی دیکەدا هەر هەموو ماڵەکانی نێوان کۆتایی شەقامەکە ومەیدانەکەیان پشکنی. هەر هەموو ماڵەکان لە مەیدانی شەڕ دەچوون، داڕژاو و داپڵاو، سەقف داڕوخاو، ناوماڵ وێران کراو. ژنان و پیرەمێران و منداڵانی بێڵ وشەنە بە دەست، ئاهێکیان وەبەر هاتەوەو بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان کردن وهەندێکیان بە جۆش و خرۆشەوە کەوتنە قسان. لە ماڵێکا دوو سەتڵ ئاوی دۆزییەوە. دوای ئەوەی خۆی ودەستەکەی تێر ئاویان خواردەوە، سەتڵە ئاوەکانی بۆ سەنگەرەکە گواستەوە. دەیبینی کە هونوریو و ئەوانی دی بە چ تاسەیەکەوە ئاوەکەیان دەخواردەوە. سەرکەوتە سەرەوە بۆ سەنگەرەکە. لە درزی شتە کەڵەکە کراو و لە بەینی جەنازەکانەوە ڕوانیە دەرەوە. کامپوگراندە، تاقە ڕاستە شەقامەکەی هەموو کانودوس چۆڵ وهۆڵ بوو، لە دەستە ڕاستەوە، ماڵەکان تۆپبارانێکی خەست دەکران و ئاگر ودووکەڵیان لێبەرز دەبووەوە. هونوریو گوتی: "هاوڕێ، ڕەوشەکە لە ئومۆکامپو زۆر دژوارە." ڕوخساری سوور بووبووەوە و شەلاڵی ئارەقە بوو. ئانتونیو، بزەیەکی بە ڕوویا دا و گوتی:" ئەم سەگانە ناتوانن لێرە وەدەرمان بنەن، وانییە؟ " هونوریو بەرسڤی دایەوە: " هەڵبەتە نا."

ئانتونیو، لە سەر عارەبانەیەک دانیشت، لەو دەمەدا کە خەریک بوو فیشەکی دەخستە بەر دەمانچەکەی – ئیدی هیچ فیشەکێک لە ڕەختەکەی پشتیا نەمابوو – سەرنجی دا کە زۆربەی شەڕڤانەکان تفەنگیان پێیە، ئەو تفەنگانەی کە لە سەربازەکانیان گرتبوو. خەریک بوو شەڕەکەیان دەبردەوە.

لە ناکاوا خوشکانی ساردلینیای بیرکەوتەوە، کە لە خوارەوە لە سانتا ئانا بوون. بە براکەی گوت: " تۆ لێرە وەمێنە، بە جواو بڵێ من چووم سەرێکی شفاخانەکە بدەم تا بزانم ڕەوشەکە لەوێندەر چۆنە."

بە سەنگەرەکەدا سەرکەوت، پێی بەو جەنازانەدا دەنا، کە بووبوون بە مەکۆی مێش ومەگەزان، بە سەمتی خواردا داگەڕا. چوار شەڕڤان دووی کەوتن. هاواری بە سەردا کردن: "کێ پێی گوتن دوام بکەون؟"

یەکێکیان گوتی: " ئەبوت جواو." دەرفەتی گەنگەشەی نەبوو، هەرکە گەیینە ساوپدرو، لە هەرچوار نکاڵەوە بەر دەستڕێژی تفەنگ دران. ئیدی بە درێژایی شەقامەکە، بەر دەرگاکان، لە سەربانەکان و لە ناو ماڵەکانەوە شەڕ و پێکدادان بوو. بۆ شەقامی کامپوگراندە گەڕانەوە، ئیدی هەرچۆنێ بوو توانیان لەوێندەرەوە، بە بێئەوەی هیچ سەربازێک بێتە ڕێگایان بەرەو سانتا ئانا بڕۆن. بەڵام لە سانتا ئانا شەڕە تەقە بوو. خۆیان دایە پەنای خانوویەک کە دووکەڵی لێبەرز دەبووەوە. یارۆی دووکاندار چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا، لە پێشەوە، لە نزیکی شفاخانەکەدا، دووکەڵ بە ئاسمانەوە دیار بوو، گوللەکان لەوێندەرەوە دەهاتن. گوتی: " من دەچمە پێشترەوە، ئێوە لێرە بن." بەڵام هەرکە بە سینگە خشکێ چووە پێشەوە، سەیری کرد هەر چوار شەرڤانەکە، دووی کەوتوون. ئەنجام لە دووری چەند مەترێکەوە شەش حەوت سەربازی بەدی کرد، کە نەک ڕووەو ئەمان بەڵکو ڕووەو ماڵەکان تەقەیان دەکرد. هەستایە سەر پێ، تا هێز لە لاقیا بوو بەرەو لای ئەوان غاری دا، قامکی لە سەر پەلەپیتکەی دەمانچەکەی بوو، بەڵام قامکی پێوە نەنا تا یەکێک لە سەربازەکان ئاوڕی لێدایەوە، هەر شەش گوللەکەی پێوە نا، ئەوسا کێردەکەی گرتە ئەو سەربازەی کە بەرەو ڕووی ئەم دەهات. خۆی دا بە عاردیدا، لاقی ئەو سەربازەی کە هێرشی بۆ ئەم دێنا، یان سەربازێکی دی بوو، گرت و ڕایکێشا و لە ناکاوا خۆی لە حاڵێکا بینییەوە، کە بە هەموو هێز وتوانای خۆیەوە دەستی نابووە بینی ئەو سەربازەو خەریک بوو دەیخنکاند. یەکێک لە شەرڤانەکان گوتی: " ئانتونیو، تۆ دووان لەم سەگانەت کوشت." بەرسڤی دایەوە: " تفەنگ و فیشەکەکانیان... هەموو ببەن. " دەرگای ماڵەکان کرایەوە. خەڵکی دەم بە خەندە، بە کۆکە کۆک و بەدەم دەست هەڵتەکاندنەوە دەردەپەڕینە دەرەوە. ئانتونیای ژنی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا بوو، هەروەها ئەسنسیاو و، کاترینای ئەبوت جواویشیان تیابوو.

یەکێک لە شەرڤانەکان، دەستێکی دا بە شانیا وگوتی: " تەمەشا، تەمەشا خەریکن خۆ دەدەنە دەم ڕووبارەکەوە."

لەولاترەوە، لەسەر بانە تێک ڕژاوەکانەوە، لە داوێنی سانتا ئاناوە، بە دەستە ڕاست ودەستە چەپا، تارمایی و تاپۆیانی یونیفۆرم پۆش، بە پەلەپەل بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕان. هەندێکی دی تفەنگەکانیان توور دەدا و خۆیان هەڵدەدایە ڕووبارەکەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا، تاریکیە ڕوو لە زیادیەکە بوو. دەمێکی دی شەویان بە سەردا دەهات. بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواریکرد: "با بڕۆین تفەنگەکانیان لێ بسەنین، دەی کوڕینە ڕیش بوو بە ڕیشەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگری." هەندێ لە شەرڤانەکان، لە گەڵ ئەودا بەرەو ڕووبارەکە تاویان دا، یەکێکیان دەستی بە هوراکێشان کرد: "مردن بۆ کۆمار، بڕوخێ مەسیحی دەجال، بژی مورشید، بژی مەسیحی موبارەک."

***

لە نێوان نیمچە خەون وزندە خەونێکا، لە نێوان خەون و بێداریدا کە پیاو نازانێ کە خەوتووە یان بێدارە، لەو حاڵەتەدا یارۆی پەیامنێرە نزیکبینەکەی ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس)، هەندێ شەوانی پڕ نەشئەی تلیاکی، لە ماڵە بچووکە دارڕژاو و داپژاوەکەی خۆی لە سلڤادور بیردەکەوێتەوە. ئەم هەستەی لە لا دروست بووە کە نەخەوتووە، بەڵکو قسەی کردووەو گوێی لە قسان بووەو بەو خەڵکە بێ سەرو چاوەی، کە لەم بێشەیەدا بە برسیەتی و سەرگەردانی بووبوون بە شەریکی، گوتووە بە ڕای ئەو خراپترین بەشی بویەرەکە ئەمە نییە کە گوم بووەو هیچ وێنایەکی نییە کە سبەینێ وەختایەک کە ڕۆژ دەبێتەوە چ ڕوودەدات، بەڵکو کارەساتەکە ئەمەیە کە خورجە چەرمینە گەورەکەو تۆمارو کاغەزە نووسراوەکانی، کە خستبوونیە بەینی چەند پارچە جلێکی خاوێنی

خۆیەوە، ون کردووە. دڵنیایە هەندێ شتی بۆ گێڕاونەتەوە کە مایەی شەرمەزارییە، لەوانە: پیرێ کە مەرەکەبەکەی تەواو بووبوو، دوا پەڕە مووچی شکابوو، بەجۆرێ لە هوڕژنی گریانی دابوو وەکو ئەوەی ئازیزێکی مردبێ.

دڵنیا بوو، دڵنیا بوونێکی مەستانە وەکو چۆن لە دنیای نەشئەی ئەفیون وتلیاکدا هەموو شتێک ڕوودەدات، دەگوترێ ودەبیسترێ – کە بە درێژایی شەوەکە، بێهیچ قێز و بێزێک، چەپک چەپک گیا، گەڵا و چڵ وچێوی ناسک و لەوەیە مێروان و، شتی وشک و تەڕی نەرم و لینج، ڕەق و وشکی،جویوەو لە گەڵ هاوڕێکانیا دوایانە بە یەک، دڵنیا بوو کە وەکو چۆن ئەم ئیعترافی کردووە، ئەوانیش ڕاستگۆیانە ئیعترافیان بۆ ئەو کردووە. لە فکران ڕادەچێ: "جگە لەم ژنە هەر هەمووومان، زۆر دەترسین."

بابە یواکیم – کە پەیامنێرەکەی کردبوو بە سەرینی خۆی و لە هەمان کاتدا بووبوو بە سەرینی پەیامنێرەکە – ئیعترافی تەواوی کرد کە: ئەو ترسی ڕاستەقینەی جەڕباندووە، ڕۆژێ لەوە پێش، کە لەوێ بە دارێکیانەوە بەستبوو، چاوەڕوانی سەربازێکی دەکرد بێت ولە ملی بدات، گوێی لە دەنگی تەقە بوو. تەمەشای هاتوچۆی خەڵکی وگەیشتنی برینداراانی دەکرد، ترسەکەی لەوەدا بوو، بە عەمراتی هەستی بە ترسی وەها نەکردبوو، ترسێک بوو گەورەتر لە ترس لە هەر شتێک ولە هەر کەسێک، تەنانەت گەورەتر لە ترس لە دۆزەخ و لە شەیتان. ئایا یارۆی قەشە، کە دەگریا و داوای بووردنی لە خودا دەکرد، تەنیا لە پێناوی قسەدا ئەو قسانەی کردبوو؟ بەڵام ئەو کەسەی لە هەمووان زیاتر دەترسا، بە گوتەی ژنەکە یارۆی کورتەڵە بوو. چونکە ئەم بوونەوەرە بەو دەنگە زیقاوڵەو ناسازەیەوە، بۆ ساتێکیش دەمی تێک نەدەنا، بەردەوام باسی ژنە ڕدێندارەکە، قەرەجەکان، زەلامە تۆکمەکان، باسی ئەو زەلامە بێ ئێسقانەی کە دەیتوانی خۆی لوول بدات، دەکرد. ئەم کورتەڵەیە دەکاتە کێ؟ ئەو ژنە دایکیەتی؟ ئەم جووتە چ دەکەن لێرە؟ ئەم ژنە بۆچی ناترسێت؟ چ هەستێکی لە ترس خراتری لە لایە؟ پەیامنێرە نزیکبینەکە، شتێکی کارەساتبارتر، بە ئازارتر، لە ترسی، لە دەنگی ئارامی ژنەکەدا دەخوێندەوە، ئەویش ئەوە بوو قەت جارێ لە جاران، بەدەم ورتە ورتەکانیەوە ئاماژەی بە ترسە مانادارو گەورەکە نەکردبوو، ترس لە مردن، بەڵکو هەمیشە باسی سەرسەختی کەسێکی دەکرد کە جەنازەکەی لە عاردیدا کەوتبوو، مارو مێروو تێی دابوو. یانی تۆ بێژی ئەم ژنە شێت بێ، لەو کەسانە بێ، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، هێندە ترسابن، کە ئیدی ئەقڵیان لە دەست دابێت؟

هەستدەکات، کەسێک ڕایدەتەکێنێ. دەبیرەوە دەچێ: "چاویلکەکەم!" ڕوناکییەکی کزی ئامال سەوزو هەندێک تارمایی بزۆز دەبینێ. کە دەکەوێتە خۆ ودەست بە سەراپای خۆیدا دێنێت، گوێی لە دەنگی بابە یواکیم دەبێت دەڵێت: "رابە، دنیا ڕوناک بووەتەوە. با هەوڵێ بدەین، بەڵکو ڕێگایەک بۆ کومبی وەدۆزین."

ئەنجام چاویلکەکەی دەدۆزێتەوە، بە ساغی لە بەر پێیەکانیا کەوتبوو. چاویلکەکەی خاوێن دەکاتەوە، ئەوسا هەڵدەستێ وبە دەمەلاڵکیوە دەڵێت: "باشە، زۆر باشە." وەختایەک چاویلکەکەی لە چاو دەکات و بەرچاوی ڕوناک دەبێتەوە، کورتەڵە دەبینێ: کورتەڵە بەخۆی، بچووک هەر بە قەد منداڵێکی دە ساڵان دەبێت، بەڵام بە ڕوخسارێکی چرچ ولۆچەوە. دەستی ژنێکی گرتووە کە تەمەنی ڕاستەقینەی دیار نییە، قژەکەی بە سەر شان وملیا ڕژاوە، هێندە لاوازە، پێستی بە سەر ئێسقانیەوە وشک بووەتەوە. هەردووکیان لە قوڕا هەڵکشاون، جلەکانیان شڕو شەپرێوە. کابرای پەیامنێری نزیکبین، لە خۆی دەپرسێت ئاخۆ ئەمیش وەکو ئەو دووانە و یارۆی قەشە تۆکمە و گورج و گۆڵەکەیە کە بە هەنگاوی بتەوەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، ڕواڵەتێکی وەکو ئەو پەشێو وپەرێشانی هەیە؟ بابە یواکیم دەڵێت: " ئێمە لە پشت ئافافیلاوەین، ئەگەر لەم ڕێگایەوە بڕۆین، لە ڕێگای بندانگووە دەردەچین.

ئیدی خوا بکا سەربازان لەو ناوە نەبن..." پەیامنێرە نزیکبینەکە دەبیرەوە دەچێت: " بەڵام هەر لەوێ دەبن، ئەگەر ئەوانیشی لێبەبن، بێگومان شەڕڤانەکانی لێدەبن... ئێمە هیچ نین، نە سەر بەمانین نە سەر بەوان، ئەنجام دەکەوینە بەینی بەرداشی هەر دوو لایانەوەو دەمانکوژن." بە پێیان دەکەویتە ڕێ، سەری لە خۆی دەسوڕمێ کە ماندوو نییە. لە بەردەم خۆیەوە تاپۆی ژنە لاوازەکە دەبینێ کە کورتەڵە بە هەڵبەز هەڵبەز دووی کەوتووە تا لە کاروانەکە دوا نەکەوێت. بەو ئاوایە ماوەیەکی زۆر، بەبێ ئەوەی چ قسەیەک بکەن، ڕێدەکەن. لە بەرەبەیاندا گوێیان لە خوێندنی تەیر وتو، زیکەزیکی مێروان وهەندێ دەنگی جۆراوجۆری تێکەڵ وپێکەڵ دەبێ، کە سات بە سات بەرزتر دەبنەوە، دەنگی پچرپچڕی تەقە، زەنگ، ناڵەی شەیپوران، دەنگی تەقینەوەو هەراو هەنگامەی بەشەران، هەمووی تێکەڵ بووە. قەشە وردیلەکە نە بە ڕاستا لا دەدات و نە بە چەپا، وادیارە دەزانێ کێوە دەچێ. بێشەکە بەرەبەرە تەنک دەبێت و دەبێت بە بنچک و دڕوان، لە ئەنجاما دەگۆڕێ و دەبێ بە قەدپاڵێکی ڕووتەنی زۆر لێژ. شان بە شانی تیشەڵانێک دەڕۆن کە دیمەنەکانی دەستە ڕاستیان لە چاو ون دەکات، دوای نیو سەعاتە ڕێ، دەگەنە لوتکەی ئەم کەڵکە بەردەڵانە. لە هەمان کاتدا یارۆی پەیامنێری نزیکبین گوێی لە هاواری قەشەکە دەبێت، هەنگێ هۆی هاوارەکە دەبینێ: کۆمەڵێک سەرباز بە دیار سەریانەوەن. بەڵام پێش پاش و هەر دوولایان یەکپارچە پیاوانی شەڕڤانن. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە بەر خۆوە دەڵێت: " هەزارانن. " حەزدەکات دانیشێت و هەردوو چاوی بنووقێنێ و هەموو شتێک لە بیر بکات. کورتەڵە هاوار دەکات: " تەمەشا جورما، تەمەشا." قەشەکە بۆ ئەوەی کەمێک خۆی پەنا بدات دەکەویتە سەر چۆکان، هاوڕێکانیشی خۆ مات دەدەن. کورتەڵە لە بن لێوانەوە دەڵێت: " ڕێک کەوتووینەتە ناوجەرگەی شەڕەکەوە." ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە دەبیرەوە دەچێت: " ئەمە شەڕ نییە... شکستێکی حەیابەرەیە." کە چاوی بە دیمەنەکانی پاینی شاخەکە دەکەوێت، ترسەکەی دەڕەوێتەوە. کەواتە بە گوێی مێجەر کونیا ماتوس – یان نەکردووە؛ شەوێ پاشەکشەیان نەکردووە و نها لە سەر داوای عەقید تامارینڈو، ئەو کارە دەکەن، پاشەکشە دەکەن.

سەربازەکان، لە مەیدانە بەرینەکەی خوارەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ وبە بێهیچ تەرتیبێک، تێکرژاون، لە جێیەک زۆرن و لە جێیەکی دی پەراگەندە وتاک تاکن، ئیدی پاشا گەردانیەکە کەس بە کەس نییە. گالیسکەی نوژداری لە دووی خۆ ڕادەکێشن و دەستەبەرەکان لەگەڵ خۆدا دەبەن و تفەنگەکانیان سەروخوار داوە بە شانیاندا یان لە جیاتی دار عاسا بە کاری دەبەن. ئەمانە بە هیچ جۆرێ لە کەتیبەی حەوتەمی سەر بە عەقید موریرا سیزار، کە ئەو دیتبوونی و بیری مابوون، نەدەچوون. ئەوانە زۆر بە ڕەبت وزەبت بوون وبە جل وبەرگ ورەفتاری خۆدا ڕادەگەین. ئایا عەقیدیان لە دوای خۆ ولەو سەرەوە بە خاک سپاردبوو؟ یان خستبوویانە سەر دەستەبەرەیەک یان ناو عەرەبانەیەک و لە گەڵ خۆدا هێنابوویان؟

قەشەکە، کە لە لای ئەوەوە ڕۆنیشتبوو، لە بن لێوانەوە دەڵێت: "تۆ بڵێی سولحیان کردبێ؟ ئاگربەستیان ڕاگەیاندبێت؟"

هەڵبەتە بیرۆکەی سولح و ئاشتی لە نیوان ئەم دوو لایەنەدا، باوەڕنەکردەنی و مەحاڵ بوو. بەڵام گومان لەوەدا نەبوو کە لە خوارەوە شتێکی سەیر لە ئارادا هەبوو، شەڕ لە ئارادا نییە. سەربازەکان و شەڕڤانەکان لە یەکدییەوە نزیکن. هەندێجار زیاتر لە یەکدی نزیک دەبنەوە. نیگای تامەزرۆ ونزیکبینی ئەو وەکو ئەوەی لە خەونا بێ، لەم دەستە شەرڤانەوە، دەچێتە سەر ئەو دەستە، ئەو ئاپۆڕا بەشەرییە لە وەسف نەهاتگە، بەو جلکە سەیرو سەمەرانەیانەوە، بە چەکە جۆراوجۆرەکانیانەوە، تاپڕو ساچمەزەن، قەرەبینا، کوتەک، قەمە، داس و شەنە، تیرو

کەوان وبەرد، بەو پەڕۆیانەوە کە لە سەریان بەستبوو، ئەم ئاپۆڕایە ڕێک نموونەی پاشاگەردانی وبێ سەروبەری بوو، دروست وەکو ئەو سەربازانە بوون کە دوایان دەکەوتن یان بەڕێیان دەکرد.

بابە یواکیم دەڵێت: " یانی دەشێت سەربازەکان ڕادەست بووبن؟ تۆ بڵێی بە دیلی گیرابن؟ "

دەستەی شەڕڤانەکان، کە ژمارەیان یەجگار زۆر بوو، بە هەورازەکەدا، بەم بەرو بەوبەری دوو ڕیز سەربازەوە کە گێژو وێژ وەکو سەرخۆشان ڕێیان دەکرد، هەڵدەگەڕان و زیاتر گەمارۆی سەربازەکانیان دەدا. بە هیچ جۆرێ تەقە نەدەکرا. ئیدی چ هەواڵێک لەو تۆپبارانە تووندەوە نەبوو کە دوێنێ کانودوسی داگرتبووەوە، ئەو دەستڕێژ و تەق وتۆق وتەقینەوانەی دوێنێ نەمابوو. بەڵام ناوبەناو دەنگی تەقەی پچڕپچڕ وجنێودان ونەفرەت دەهاتە گوێ. ئەم هەرا و هەنگامە پچڕپچڕە چی بوو؟

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە ناکاوا تووشی نەقیب سالوماو داروشا دەبێت کە لە دوای ئەم تابوورە نەگبەتەوە ڕێی دەکرد. دەستەیەکی بچووکی سەربازان، کە بە خورتی خۆیان بکێش دەکرد، لەوانی دی دوا کەوتبوون، چوار تۆپیان لە قاتران بەستبوو، کە لە ژێر جەزرەبەی بێ ئامانی قامچی ئەواندا، ڕایان دەکێشان، لە ناکاوا خۆیان بە تەنێ دەبیننەوە، کۆمەڵێک شەڕڤان لە دوو قۆڵەوە، بە قەد پاڵەکەدا بۆیان دادەگەڕێن و لە باقی قۆشەنەکەیان دادەبڕن، یارۆی پەیامنێری نزیکبین دڵنیا دەبێت کە فەرماندەکەیان سالوماو داروشایە – ئەمە بە شمشێرو دەمانچەوە، بلەز بە سەر یەک بە یەکی پیاوەکانیا دەگەڕا، کە هەر هەموویان لە دەوری تۆپ وقاترەکان خڕ بووبوونەوە، بۆ ئەوەی ئەمریان پێبکات وهانیان بدات کە بەردەوام بن، هەڵبەتە شەڕڤانەکان زیاتر دەوریان دەگرن. سمێڵە بچووکەکەی یارۆی نەقیب وەبیر خۆی دێنێتەوە – هاوڕێ ئەفسەرەکانی ناویان نابوو کەشخە – هەروەها قسەکانی وەبیر خۆی دێنێتەوە کە بە بەردەوامی دەربارەی پێشکەوتنی تەکنیکی بڵاوکراوە لە پێڕست و کەتەلۆگی کامپولاینی وێنەدارا بڵاو دەکرایەوە، باسی وردی بەشەکانی تۆپی "کروپ"ی دەکرد، باسی ئەو تۆپانەی دەکرد کە بە خۆی ناو ونازناوی لێنابوون. پەیامنێرە نزیکبینەکە وەختایەک چاوی بە چەند پەڵە دووکەڵێکی بچووک دەکەوت یەکسەر دەیزانی کە ئەوانە لەو نزیکانە خەریکی شەڕە تەقەن، هەرچەندە لەبەر تووندی شەپۆلی بایەکە کە بە پێچەوانەی سەمتی ئەوانەوە دەڕۆیی، گوێی لە دەنگی دەستڕێژی گوللەکان نەدەبوو. دەبیرەوە دەچێت: " تومەز ئەمانە بە درێژایی ئەم ماوەیە تەقەیان لە یەکدی کردووە، یەکیان کوشتووە، جنێویان بە یەکدی داوەو ئێمە گوێمان لە هیچ نەبووە." لە ناکاوا هەودای بیرکردنەوەی دەپچڕێ، چونکە لە ناکاوا سەربازەکان وتۆپەکانیان، لەبەرچاو ون دەبن، لە هەمان کاتدا ئەو شەڕڤانانەی کە دەوریان دابوون، لەو سەرەوە پەلاماریان دەدەن. پەیامنێرە نزیکبینەکە چاوانی دەتروکێنێ، دەم و چاوی هەڵدەگلۆفێ، دەمی دادەچەقێنێ، تەمەشا دەکات کە ئەفسەرە شمشێر بە دەستەکە، ماوەیەکی کەم لە هەنبەر جەزرەبەی کوتەک و داس و شەنەدا و لە ژێر هەر شتێکی دیدا کە لە دوورەوە ڕەش دەچێتەوە، بەرەڤانی دەکات و پاشان لە بەرچاو ون دەبێت، وەکو چۆن سەربازەکانی، لە هەنبەر ئاپۆڕای هێرشبەرەکاندا، بەدەم هاواری نەبیستراویانەوە هەڵدێن ولە چاو ون دەبن، بەو ئاوایە لە چاو ون دەبێت. بەڵام ئەو گوێی لە حیلاندنی قاترەکان، هەرچەندە لە چاو ون بوون، دەبێت.

دەبینێ بە تاقی تەنیا لە سەر ترووپکی ئەم تیشەڵانە ماوەتەوە، کە لەوێندەرەوە، بەچاوی خۆی بینی بووی چۆن دەستەی تۆپچیانی کەتیبەی حەوتەم کەوتبوونە کەمینەوەو خۆیان و ئەفسەرەکەیان دووچاری مەرگی مسۆگەر بووبوون. قەشە وخوری کڵێسای کومبێ، بیست سێ شەقاوێک لە خوار ئەوەوە بە هەڵەداوان بە قەدپاڵەکەدا دادەگەرا، ژنەکە و کورتەڵە لە دوای ئەوەوە یەکڕاست بەرەو لای شەڕڤانەکان دادەگەڕێن. لەخۆ ڕۆچووە، زۆر

دوو دڵە. بەڵام زۆر لەوەش دەترسێت کە بە تاقی تەنیا لێرە بمێنێتەوە. هەرچۆنێ بووە بە چوار چنگۆڵە دەڕوات، لە ناکاوا هەڵدەستێ بە غار وبە قەدپاڵەکەدا دوای ئەوان دەکەوێ. سەرەسمێک دەدا، دادەخزێ، دەکەوێ، دووبارە هەڵدەستێتەوە، هەوڵدەدات هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت. زۆرێک لە شەڕڤانەکان ئەوان دەبینن.

زۆر کەس ئاوڕی داوە، بە سەمتی هەڵدێرەکەدا، دەدەنەوە، بە سەمتی ئەو هەڵدێرەدا کە ئەو پێیدا دەهاتە خوارەوە، بەدەم داگەڕانەوە دەکەوت و هەڵدەستایەوە، خۆی گاڵتەی بە خۆی دەهات. قەشەکەی کومبی کە هەر شەش حەوت شەقاوێک لە پێش ئەوەوە بوو، شتێک دەڵێت، هاوار دەکات و ئاماژە بۆ شەڕڤانەکان دەکات. ئایا دەویست خەبەر لەو بدات، لە عەلەیی بلێت؟ ئایا دەیویست خۆی لای ئەوان شیرین بکات و پێیان بلێ کە ئەو سەربازە، تۆ بلێی شتی وەها بکات؟ دووبارە بە قەد پاڵەکەدا دادەخزێ، بەجۆرێ دادەگەڕێ کە سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆ ڕادەکێشێت. دەکەوێ و وەکو بەرمیل غل دەبێتەوە، نە هەست بە ئازار دەکات نە بە شەرمەزاری. هەموو هۆش وگۆشی لای چاویلکەکەی بوو، کە قوت و قایم، بە شێوەیەکی پەرجوو ئاسا بە سەر گوێ وکەپوویەوە چەسپی بوو. ئەنجام لە پەلوپۆ دەکەوێت، هەوڵدەدات ڕابێ، بەڵام گیانی بە جۆرێ کوتراوەو بە ڕادەیەک مەنگ و هەراسان بووە کە توانای هەستانی نییە، تا چەند دەستێکی بە هاناوە دەبرێ و لە ئەرزەکەی هەڵدەستێنن. لە بن لێوانەوە دەڵێت: "سوپاس." بابە یواکیم دەبینێ، کە شەڕڤانەکان بە ڕووخۆشی بە پیریەوە دەچن و دەستی ماچ دەکەن. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "دیارە دەیناسن، ئەگەر شەفاعەتم بۆ بکات، نامکوژن."

بابە یواکیم، ڕوو دەکاتە پیاوێکی باڵا بەرزی تۆکمەی لە قوڕا هەڵکشاوی دەم و چاو چرچ و لۆچ، کە کۆمەڵێک زەلامی فیشەکدان لە پشت دەوریان داوەو، دەڵێت: " ئەبوت جواو، ئەوەتام، خۆمم، خۆ تاپۆ نیم. نەیانکوشتم... هەڵاتم. دەمەوێ بۆ کومبی بڕۆم. ئەبوت جواو دەمەوێ لێرە دەرباز بم. یارمەتیم بدە..."

کابرا بەرسڤی دەداتەوە: "مەحاڵە بابۆ. خەتەرە. نابینی لە هەر چوار نکاڵەوە تەقەیە؟ بڕۆ بۆ بیلومونتە تا شەڕەکە تەواو دەبێت."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە فکران ڕادەچێت: " ئەبوت جواو؟ ئەبوت جواویش لە کانودوسە؟ " لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەستڕێژی تفەنگان بەرز دەبێتەوە، تەزوویەکی سارد بە ئازای بەدەنیا دێت.

گوێی لە دەنگی ئەبوت جواو دەبێ کە بە دەم ئاماژەوە بۆ نک وی دەڵێت: "ئەدی ئەم کابرا چوار چاوە کێیە؟"

" ئا، بەڵێ. ئەوە ڕۆژنامەڤانە، ئەو یارمەتی دام تا هەڵێم، سەرباز نییە. ئەم ژنە وئەم..." لە بەر دەستڕێژی تفەنگان ناتوانێ ڕستەکەی تەواو بکات. ئەبوت جواو دەڵێت: " بابۆ بڕۆ بۆ بیلومونتە. ئەوێندەرمان لە شەڕی ئەوانە پاک کردووەتەوە." بە غاردان بە قەدپاڵەکەدا دادەگەڕێ و ئەو شەڕڤانانەی کە دەوریان دابوو، دووی دەکەون. پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە ناکاوا، لە دوورەوە عەقید تامارێندو دەبینێ، لە ناوجەرگەی کۆمەڵێک سەربازی پەراگەندەی هەڵاتووی ترساوا، دۆش داماوەو سەری ناوەتە ناو هەر دوو دەستی. هەراو هەنگامە وپاشا گەردانیەکی ئەوتۆیە کەس بە کەس نییە. وادیارە تابوورەکە بە هەموو لایەکا پەراگەندە بووە و شیرازەی پچڕاوە، سەربازان دەسەپاچە وهەراسان، بەدەم پاڵە پەستۆوە خۆ بێرەو بەوێدا دەکەن وئەوانەی ڕاویان دەنەن هەر یەک دوو هەنگاوێک لە دوایانەوەن.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لە ئەرزەکەدا کەوتووە، دەمی پڕ بووە لە خاک وخۆڵ، دەستە دەستە سەربازەکان دەبینێ کە وەکو پەڵە، بڵاو دەبنەوە، دابەش دەبن و تێکەڵ دەبن... خەڵکانێک بەر دەبنەوە، هەوڵدەدەن، لەم کاتەدا

نیگای بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە کە تامارێندوی پیری لێکەوتبوو. چەند شەڕڤانێک بە سەریا دانەوی بوونەوە – دەیانویست بیکوژن؟ بەڵام پێ ناچێت، چونکە زۆر خاوە خاو دەکەن، بە چیچکانەوە بە دیارییەوە دادەنیشن. ئەنجام یارۆی پەیامنێری نزیکبین، کە چاوەکانی لە ماندوویەتیدا دەکزێنەوەو ناتوانێ بە باشی ئەو دیمەنە بدینێ، بۆی بەدیار دەکەوێ کە خەریکن عەقید ڕووت دەکەنەوە.

لە ناکاوا هەست بە تامێکی تاڵ لە دەمیا دەکات، هێڵنجی دێ. بۆی دەردەکەوێ کە وەکو مرۆڤێکی ئامێر ئاسا، ئەو قوڕە دەجوێ کە وەختایەک خۆی بە عاردیدا دابوو، چووبووە دەمیەوە. تف دەکاتەوە، چاو لە هەڵاتن و شکستی ئەو سەربازانە ناگوازێتەوە کە بەدەم ئەو بایە توونەدەوە کە تازە هەڵی کردبوو، هەڵدەهاتن، شپرزەو سەرگەردان بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن– هەندێکیان تەقەیان دەکرد و هەندێکیان چەک و سەندووقە فیشەکەکان و دەستەبەرەکانیان تووڕ دەدا و هەڵدەهاتن. هەرچەندە زۆر دوور کەوتبوونەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش دەیتوانی بیانبینێ کە چۆن بەدەم ئەو هەڵاتنەوە، کڵاو وقەمسەڵە وفیشەکدانەکانیان تووڕ دەدا. ئەمە چییە؟ باشە بۆ خۆیان ڕووت دەکەنەوە، ئەمە چ شێتاتیەکە کە دەیبینێ؟ مەزەندەی بۆ ئەوە دەچێ کە سەربازەکان، دەیانەوێ لە هەر نیشانەیەکی سەربازی ڕزگار ببن، دەیانەوێ لە گەرمەی ئەم هەراو هەنگامەیەدا، وا خۆیان بنوێنن کە شەڕڤانن.

بابە یواکیم هەڵدەستێتە سەرپێیان، دووبارە پێ وەغارێوە دەنێ، ڕێک وەکو چەند ساتێ لەمە پێش پێ وەغارەوە دەنێ – ئەمجارەیان بە شێوەیەکی غەریب سەر دەجوڵێنێ، هەردوو دەستی تەکان دەدات، هەندێ شت بە هەڵاتووەکان وبەوانەش کە ڕاویان دەنەن دەڵێت و هاواردەکات. پەیامنێرە نزیکبینەکە لە فکران ڕادەچێ: " خەریکە بۆ ناو ئەو شەڕە تەقە وچەقۆکێشی و بەشەرکوژیە دەڕوات." چاوی بە چاوانی ژنەکە دەکەوێ. ژنەکە بە ترسەوە تەمەشای دەکات و بە بێدەنگی داوای شیرەتی ئەو دەکات. پاشان ئەویش، بە سەدەمێکی دەروونی هەڵدەستێ و هاوار بۆ ژنەکە دەکات: " پێویستە لە گەڵ قەشەکەدا بمێنین، تەنیا ئەو دەتوانێ فریامان بکەوێ." ژنەی تاین ڕادەبێ، دەست بە غاردان دەکات و کورتەڵەش لە دووی خۆی ڕادەکێشێت، چاوانی کورتەڵە ئەبڵەق بوون وڕوخساری لە خاک وخۆڵ هەڵکشاوە، بەدەم ڕاکردنەکەیانەوە هاواردەکات. دوای تۆزێک لە چاوی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە ون دەبن، ئیدی ترس زۆری بۆ دێنێ و سوود لە لاقە درێژەکانی دەبینێ و پێش ئەوان دەکەوێ. بە پەلە غاردەدات، پشتی کووڕ کردووەتەوە، هەر دوو سمتی بە شێوەیەکی کومیدی سەما دەکەن، سەری دانەواندووە، وەکو کەسێکی هیپنوتیزەکراو بیر لەوە دەکاتەوە کە ڕەنگە یەکێک لەو فیشەکە گڕدارانەی کە بە گیزو هوڕ بە لایا ڕەت دەبێ، ناوی ئەوی لە سەر بێ و ئەو ڕاستەوخۆ بەرەو پیری بچێت، یان یەکێک لەم کێرد و قەمە و سەرەنێزانەی کە دەبینرێن، چاوەڕوانی ئەو بن کە کۆتایی بەم هەڵاتنە شێتانەیەی ئەو بێنن. بەڵام لەسەر غاردانەکەی بەناو تەپ و تۆزەکەدا، بەردەوام دەبێ، ناو بە ناو بەدەم غاردانەوە، قەد و قەڵافەتە چکۆلە و تۆکمەکەی قەشەکەی (کومبی) لێ بەدیار دەکەوێ، کە دەست و لاقی وەکو پەروانەی ئاشەبا دەخولێنەوە و بەرەو پێش دەڕوات. هەندێجار لە چاوی ون دەبێ و پاشان دووبارە بەدیار دەکەوێتەوە. لەناکاوا بە یەکجارەکی لە چاو ون دەبێت. بەدەم جنێودان وتووڕە بوونەوە دەبیرەوە دەچێت: " بۆ کوێ دەڕوات؟ چما بەوجۆرە غار دەدات؟ چما دەیەوێ هەم خۆی بە کوشت بدات هەم ئێمەش؟ " هەرچەندە هەناسەی لەبەر بڕاوەو زمانی بستێ دەرهاتووەو لە گەڵ هەر هەناسەدانێکا تۆز و غوباری دنیا دەچێتە دەمیەوەو بە جۆرێ تۆز چاویلکەکەی دەگرێ کە بە باشی بەردەم خۆی نابینێ، وێڕای ئەوەش تا هێز لە لاقیا هەیە هەر غاردەدات. ئەو تۆزە هێزو توانایەی کە ماویەتی پێی دەڵێ کە ژیانی بە بابە یواکیمەوە بەندە.

که له ناکاوا پێی هەڵدەکەوێ یان لاقی له ماندوویەتیا له دووی نایەن ودەکەوێته سەر ئەرزەکە، هەست بە جۆره ئاسوودەییەکی سەیر دەکات. سەر دەنێته سەر بازووی، هەوڵدەدات هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشێت و گوێ له لێدانی دڵی بگرێت. مردن لەم ڕاکەڕاکە باشترە، بەرە بەرە وەخۆدێتەوەو لێدانی دەماری لا جانگەکانی ئارام تر دەبێتەوە. گەدەی تەواو نییە، هێڵنج دەدات و ناڕشێتەوە. چاویلکەکەی دادەکەنێ، خاوێنی دەکاتەوەو له چاوی دەکاتەوە. خەڵکانێک بە دەوریەوەن. ناترسێت و هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نییە، ماندوویەتیەکەی له ترس و گومان وخەیاڵی پووچ ڕزگاری کردووە. لەمەش بترازێ وادیارە کەس بە خەمییەوە نییە. پیاوەکان خەریکی کۆکردنەوەی تفەنگ و تەقەمەنی و قەمە بوون، بەڵام چاوەکانی بە سەهوی نابەن، له یەکەم ساتەوە دەزانێ کە گرووپی شەڕڤانەکان، لێرەو لەوێ، بەدەم کۆکردنەوەی چەکەوە، بە قەمە سەری کوژراوەکان دەبڕن، ڕێک وەکو ئەوەی گایەک یان بزنێک سەر ببڕن وسەرەکەی بخەنە گونیەکی گوشەوە، یان بیکەن بە سەری ئەو ڕم و سەرەنێزانەوە کە ئەم مردووانە بە قەستی کوشتنی شەڕڤانەکان هەڵیان گرتبوون. هەندێ لەو سەرانەیان بە قژەکانیان هەڵدەگرت و دەیان برد. هەندێکی دی ئاگریان دەکردەوە و ئەو جەنازە بێ سەرانەیان دەخستە سەری و چزە چز، بەرە بەرە دەبرژان، دەئاوسان، دەهاتنەوە یەک، گرژ دەبوون وله ناکاوا دەتەقین ودەبوون بە خەڵووز. یەکێک لەم ئاگرانە زۆر لەوەوە نزیک بوو، دەیتوانی ئەو پیاوانەی کە سەرو تیلماسکە پەڕۆی شینیان بە سەرەوە بەستبوو، بدینێ، کە پاشماوەی جەنازەکەی دیکەیان دەخستە سەر ئەو دوو جەستەیەی کە بە سەر ئاگرەکەوە بووبوون بە چزلیک. له دڵی خۆدا دەڵێت: " ئێستا نۆرەی منە. هەر ئێستا دەگەنە سەرم، سەرم دەبڕن و دەیکەن بە سەری دارێکەوەو جەنازەکەم دەخەنە ئەو ئاگرەوە." دەکەوێتە وەنەوزدان، ماندوویەتی هەموو شتێکی له بیر بردووەتەوە. شەڕڤانەکان قسان دەکەن، بەڵام ئەم تاقە یەک وشەیان لێحاڵی نابێت.

لەو کاتەدا چاوی بە بابە یواکیم دەکەوێ. یارۆی قەشە ئەمجارە ناڕوات، دوورناکەوێتەوە، بەڵکو دێت، غار نادات، هێدی هێدی دێت، بەکاوەخۆ هەنگاو دەنێت، بەناو ئەو تەپ و تۆزەدا دێ کە بایەکە هەڵیکردووەو ختووکەی کەپووی ڕۆژنامەڤانەکە دەدا و زەمینە بۆ پژمینی خۆش دەکات... یارۆی قەشە دەبینێ، بەدەم ئەدا و ئەتوارەوە، ڕێدەکات، سڵاو له هەمووان دەکات، تەنانەت ئاماژە بۆ ئەو مردووانەش دەکات کە بە سەر ئاگرەکەوە دەبرژێن. سەراپای له قوڕا هەڵکشاوە، جلەکانی شڕ و وڕ بوون، قژی شێواوە. یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین هەڵدەستێ، وەختایەک یارۆی قەشە بەلایا دەبورێ، دەڵێت: " مەڕۆ، لەگەڵ خۆتم ببە. مەیەڵە سەرم ببرن، مەیەڵە بم سووتێنن." ئایا قەشەکەی کومبی گوێی له دەنگی دەبێت؟ دەگەڵ خۆیا قسە دەکات، یان دەگەڵ تاپۆیاندا، شتی گۆنگ دووبارە دەکاتەوە، ناوی نەناسراو دەڵێتەوە، بە جۆرێ دەستەکانی دەجوڵێنێ وتەکان دەدات وەکو ئەوەی بیەوێ هەرچییەکی دێتە ڕێ ڕای بماڵێت. پەیامنێرەکە شانبەشانی ئەو دەکەوێتە ڕێ، نزیکییەکەی ئەو جۆرە ئاسوودەییەکی پێدەبەخشێت. کاتێ ئاوڕ دەداتەوە دەبینێ ژنە پێ پەتیەکە و یارۆی کورتەڵەش بە دەستە ڕاستی ئەواندا ڕێدەکەن. ئەو دووانە ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، مات وماندوو، له تۆزا هەڵکشاو، وەکو ئەوەی بەدەم خەوەوە ڕێ بکەن، ڕێدەکەن.

هیچ شتێک لەو شتانەی دەیان بینێ وگوێی لێیان دەبێت، سەرنجی ڕاناکێشن، نایترسێنن. ئایا ئەمە حاڵ لێهاتنە؟ جەزمەیە؟ دەبیرەوە دەچێ: " نا ، تەنانەت ئەفیون وتلیاکی سلفادورش..."

بەدەم ڕۆیشتنەوە دەبینێ شەڕڤانەکان، کڵاو، قەمسەڵە، زەمزەمی، پاڵتۆ، ڕەخت و فیشەکدان و پووتەکان، بە دارە دڕکاویەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکەوە هەڵدەواسن، وەکو ئەوەی داری کریسمس بڕازێننەوە، بەڵام ئەم

دیمەنە بە هیچ جۆرێ کاری تێناکات. کە بەناو کانودوس دا کە وێرانکاری شەڕی پێوە دیارە دەڕۆن، لەمبەرو لەوبەری ڕێگاکەوە، چاوی بە دوو ڕیز سەری سەربازانی مردوو دەکەوێ کە بە ڕیز دانراون و چاویان بڕیوەتە چاوی یەکدی ومێش و مەگەز تێی داون، بەڵام دڵی داناخورپێ و ناکەوێتە پەلەپەل، ترسی لێنانیشێت و خەیاڵی ناهوڕوژێ. تەنانەت وەختێ هەیکەلێکی غەریبیش، لەو داهۆڵانەی کە جووتیاران لە کێڵگە و مەزراکاندا دایدەنەن، دێتە ڕێگایان، ئەو تەمەشا دەکات و دەبینێ ئەو پەیکەرە ڕووت و قوتە قەڵەوەی کە لە سەر خازوقێک دانراوە، پەیکەری عەقید تامارێندویە، هەر بە خەیاڵیا نایەت. بەڵام دوای تۆزێک لە ڕێکردن دەوەستێ و، بە هەمان ویقار و ئارامیەوە کە لەسەری ڕاهاتبوو، لە نزیکەوە تەمەشای یەکێک لەو سەرانە دەکات کە مێش تێی وروکابوو. گومانی تیا نەبوو: کە سەری موریرا سیزارە.

نۆرە پژمینێکی ئەوتۆ دەیگرێ کە تەنانەت فریا ناکەوێ دەست بە دەم و کەپوویەوە بگرێت تا چاویلکەکەی نەکەوێ: چاویلکەکەی دەکەوێ، لەو کاتەدا کە بەدەم پژمینەوە دادەنەوێتەوە تا چاویلکەکەی هەڵگرێتەوە، گوێی لە دەنگی چاویلکەکەی دەبێت کە دەکەوێ بە بەردێکی بەر پێی دا. بە چیچکانەوە دادەنیشێت و بە لەپە کوتێ بۆ چاویلکەکەی دەگەڕێ، یەکسەر دەیدۆزێتەوە.

نها کە دەست بە چاویلکەکەیدا دێنێ، بۆی دەردەکەوێ کە شووشەی هەر دوو چاوەکەی درزیان بردووە، کابووسەکەی دوێشەو وسپێدەی ئەمڕۆ وتۆزێ لەمەبەری بۆ دێتەوە.

چاویلکەکە دەکاتەوە چاوی، دنیایەکی تێکشکاو وشێواوی دێتە بەرچاو، هاوار دەکات: "بوەستن! بوەستن! من هیچ نابینم تکایە. بوەستن."

هەست بە دەستێک لە ناو دەستی ڕاستیا دەکات، بە گوێرەی قەوارەو گوشاری دەستەکەدا، دەبێ دەستی ژنەکە بێ، ژنە پێ خاوسەکە. ژنەکە، بەبێ هیچ قسەیەک ئەو لە گەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت، لە دنیایەکدا، کە لە ناکاوا لەو بوو بە تاریکستان، نادیار، ڕێنوێنی دەکات.

***

تاقە شتێک کە ئیپامینوداس گونسالوڤسی، وەختایەک پێی نایە ماڵە شاریەکەی بارون دی کانا براڤا، کە هەرگیز پێشتر، پێی تێ نەنابوو، غافڵگیر کرد، بۆنی سرکە و گیا دەرمانی سەرانسەری ژوورەکانی پڕکردبوو، نها خزمەتکارێکی ڕەش بە چرایەکی نەوتیەوە پێشی کەوتبوو، بۆ ژوورێکی برد کە چوار دەوری دۆڵاب و ڕەفەی پڕ لە کتێبان بوو، لالەیەکی سەوزباوی تیابوو، شەقڵ وڕواڵەتێکی لێڵی بە مێزێکی هێلکەیی و کورسیەکان و ئەو تەپڵەکانە دەبەخشێ کە شتی عەنتیکە و توحفەیان بە سەرەوە بوو. سەرگەرمی تەمەشای نەخشەیەکی کۆن بوو کە توانی ناوی کالومبی لە سەر بخوێنێتەوە، ئەو ناوەی بە حەرفی گوتیک نووسرابوو. لەم کاتەدا بارون هاتە ژوورەوە. زۆربە ساردی، وەکو دوو کەس کە یەکدی نەناسن، تەوقەیان کرد.

بارۆن، کورسیەکی بۆ دانا وخوڵکی دانیشتنی کرد: "سوپاس کە هاتیت. دەبوا ئەم کۆبوونەوەیەمان لە ماڵی کەسێکی بێ لایەندا ئەنجام بدایە، بەڵام من بۆیە ماڵەکەی خۆم پێشنیاز کرد، چونکە ژنەکەم نەخۆشە و حەزدەکەم لە ماڵ نەچمە دەرێ."

ئیپامینوداس گونسالوڤس، ئەو پاکەتە جگەرەیەی دایە لاوە کە بارۆن بۆی ڕاگرتبوو وگوتی: "هیوادارم بە زووترین کات چاک ببێتەوە، بە کەماڵی سەلامەتی و بەم جوانیەی ئێستایەوە ببینرێتەوە."

بارۆن، زۆر لاوازتر و پیرتر دیار بوو، خاوەن ئیمتیاز و وەشانکاری ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس، لە دڵی خۆیدا دەیپرسی کە ئاخۆ ئەم چرچ و لۆچەی ڕوخساری بارۆن زادەی جەوری زەمانە بوو، یان زادەی ئەم بویەرانەی ئەم دواییەیە.

بارۆن، بلەز گوتی: " ئەلهەقی ئەستیلا لە رووی بەدەنیەوە چاک بووەتەوە، عەیبی نییە، بەڵام لە ڕووی دەرونیەوە باش نییە، شەواتەکەی کالومبی تووشی شۆکێکی خراپی کرد."

ئیپامینوداس لە بن لێوانەوە گوتی: " ئەم کارەساتە، هەموومان، هەموو خەڵکی باهیای گرتووەتەوە." سەری هەڵبڕی و تەمەشای بارونی کرد، کە هەستابووە سەر پێیان و کۆنیاکی دەکردە دوو پەرداخەوە. "من ئەمەم لە کۆمەڵەی تەشریعی ویلایەتی باهیا گوتووە و هەم لە ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس دا بڵاوم کردووەتەوە کە وێران کردنی موڵک و مەزرایان تاوانێکە کار لە هەموومان، بە دۆست ودژمنەوە دەکات."

بارۆن سەرێکی لەقاندو یەکێک لە پەرداخەکانی دایە ئیپامینوداس، بەر لەوەی دەست بە خواردنەوە بکەن، پەرداخەکانیان لێک دا. ئیپامینوداس پێکەکەی لە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمی دانا و بارۆن پێکەکەی بە دەستەوە گرت و مەشرووبە ئامال سوورەکەی لە نێو پەرداخەکەدا دەلەقاند وگەرمی دەکرد. بە ئەسپایی گوتی: " بیرم کردەوە ڕەنگە خراپ نەبێت، پێکەوە قسەیەک بکەین، سەرکەوتنی دانوستاندن لە نێوان حیزبی کۆماری و حیزبی خۆیبونخوازی دا وەستاوەتە سەر ئەمەی کە ئێمە بە دوو قۆڵی بگەینە ڕێکەوتنێک." ئیپامینوداس قسەکەی پێبڕی: " پێویستە ئەمەت پێ بڵێم کە هاوڕێ سیاسیەکانم، مۆڵەتی ئەوەیان نەدام کە ئەمشەو دەربارەی هیچ شتێک دان و ستاندن بکەم."

بارۆن، بە زەردەخەنەیەکی تەوسامێزەوە بەرسڤی دایەوە: " تۆ پێویستت بەوجۆرە مۆڵەتانە نییە، ئیپامینوداسی ئازیز، باشتر وایە ڕووبەڕو قسە بکەین، کات درەنگە، ڕەوشەکە زۆر خراپە و بەخۆت ئەمە چاک دەزانی. لە ریو و لە ساوپاولو هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامە سەڵتەنەتخوازەکان و لە خوت و خۆڕایی خاوەن ئیمتیازەکانیان دەکوژرێن. خانمانی بەرازیل جەواهیر و پەرچەمەکانیان دەخەنە بارمتەوە تا پارە بۆ ئەو قۆشەنە کۆبکەنەوە کە دەیەوێ بۆ باهیا بێت. واچاکە دەستەکانمان بۆ یەکدی بخەینە ڕوو. هیچ کارێکمان بۆ نەماوەتەوە جگە لە خۆکوژی." قومێکی دیکەی لە کۆنیاکەکە خواردەوە.

ئیپامینوداس، ملی داو گوتی: "چونکە دەتەوێ بە ڕاشکاوی قسان بکەین، دەبێ دان بەوەدا بنەم، ئەگەر لەبەر ئەو بەڵایە نەبوایە کە لە کانودوس بە سەر موریرا سیزار دا هاتووە، من بۆ ئێرە نەدەهاتم و هیچ گفت و گۆیەک لە نێوان هەر دوو حیزبەکەماندا ڕووی نەدەدا."

بارۆن گوتی: " کەواتە، لە سەر ئەو خاڵە هاوڕاین. من پێموایە دەتوانین لە سەر ئەم خاڵەش هاوڕابین، کە ئەم ئامادەکاریە سوپاییە گەورەیەی کە حکومەتی فیدراڵ لە سەرانسەری وڵاتدا ئەنجامی دەدات، لە ئاستی سیاسیدا بۆ باهیا چ مانایەک دەگەیەنێت."

ئیپامینوداس، پێکەکەی هەڵگرت وقومێکی خواردەوە، تاماوەکەی قووت دا و بە ڕاوێژێکی سارد لە سەری ڕۆیی: " من دڵنیا نیم کە لەم ڕووەوە یەک بۆچوونمان هەبێ. بەڵام ئەمە بۆ تۆ و بۆ دۆستەکانت کۆتاییە."

بارۆن، دۆستانە گوتی: " بۆ تۆ و بۆ باڵادەستەکانی تۆش کۆتاییە. نازانیت؟ یاقوبیەکان بە مردنی موریرا سیزار جەزرەبەیەکی کوشندەیان وێکەوتووە. ئەو پیاوە تاقە کەسێکی بە هەیبەت و ئیحتوبار بوو کە دەیانتوانی پشتی

پێ ببەستن. بەڵێ دۆستی ئازیز، شەڕڤانەکان، چاک بە فریای سەرۆک پرودانتە دی مورایس و پەرلەماندا کەوتن – هەمان ئەو حکومەتەی لە ریابازان وکوسموپولیتیان پێکهاتبوو – وئێوە دەتانویست کودەتای لێبکەن وکۆمارە دیکتاتۆریەکەی خۆتان لە جێگەی ئەو دابمەزرێنن. هەڵبەتە مورایس وسیاسەتوانانی ساوباولو، سوود لەم قەیرانە وەردەگرن وتا هەموو یاقوبیەکان لە سوپا و لە دام و دەزگا کارگێڕییەکان وەدەر بنەن. هەڵبەتە ئەمانە خەڵکانێکی زۆر کەمیان لەو شوێنانە هەبووە و نها سەرکردەکەیان تیاچووە. هەڵبەتە ئێوەش بەر ئەم پاکسازیە دەکەون و ڕاتان دەماڵن. من لە بەر ئەمە ناردم بە دووتا. ئەم قۆشەنە گەورەیەی کە بەرەو باهیا دێت، تووشی کێشە و ئاریشەی گەورەمان دەکات. حکومەتی فیدراڵی بە تەمایە سەرۆکێکی سوپایی و سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ویلایەتە دابنێ کە جێگەی متمانە و باوەڕی برودانتە دی مورایس بێ، هەنگێ ئەنجوومەن نەک هەر هیچ دەسەڵاتێکی نامێنێت وبەڵکو هەر داشدەخرێ، چونکە هیچ کارێکی نامێنێ و بە کەڵکی هیچ نایەت. هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی ولۆکاڵی لە باهیادا نامێنێ، هەنگێ دەبین بە پاشکۆی ڕیو. تۆش چەند داشداری لە سانترالیزم بکەی، پێم وانییە، ئەوەندە ملکەچ وسەرسپردەی بی، دەستە و ئەژنۆ دانیشیت و زەق زەق تەمەشا بکەی کە خەریکن لە ژیانی سیاسی دوورت دەخەنەوە."

ئیپامینوداس، بەبێ ئەوەی خۆی شلوێ بکات، لە بن لێوانەوە گوتی: " ئەمە یەکێکە لە نورینەکان بۆ مەسەلەکە. تۆ دەتوانی تێم بگەیەنی کە ئەو بەرە هاوبەشەی تۆ پێشنیازی دەکەیت، چۆن دەتوانێ ئەم مەترسییەمان لێ دوور بخاتەوە؟"

بارۆن بەرسڤی دایەوە: " یەکێتی هەر دوو حیزبەکەی مە مورایس ناچار دەکات دان وسانمان دەگەڵدا بکات و بگەینە ڕێکەوتنێک، بەو شێوەیە باهیا لەوە دەردەچێ کە بە دەست و پێ بەستراوی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەکی عەسکەری. ئەمە جگە لەوەی کە دەرفەت بە تۆ دەدات بگەیتە دەسەڵات."

ئیپامینوداس گونسالوڤس گوتی: "لە گەڵ... "

بارۆن، قسەکەی بۆ ڕاست کردەوە: " تەنیا خۆت... فەرمانداری ئەم ویلایەتە هی تۆیە. لویز ڤیانا، خۆی کاندید ناکاتەوە، تۆ دەبی بە کاندیدی ئێمەش. هەنگێ بە یەک لیست بۆ کاندیدانی ئەنجوومەن و شوراکانی شارەوانی دادەبەزین. مەگەر ئەمە هەمان ئەو شتە نییە کە بە درێژایی ئەم هەموو ماوەیە لە پێناویا دەخەبتیت؟"

دەم و چاوی ئیپامینوداس سوور بووەوە. ئەم سووربوونەوە لە ناکاوە هۆیەکەی کۆنیاک بوو یان گەرما، یان ئەو قسەیە بوو کە ئێستا گوێی لێ بووبوو، یان ئەو شتە بوو کە بە مێشکیا دەهات؟ بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو، لە فکران ڕاچوو. ئەنجام بە دەنگێکی نەوی گوتی: " باشە لایەنگرەکانت بەم قسانە ڕازین؟ "

بارۆن وەڵامی دایەوە: "هەرکاتێ بۆیان دەربکەوێ کە ناچارن، ڕازی دەبن. من ڕازیان دەکەم، بەڵێنت دەدەمێ کە قایلیان دەکەم. باشە، ڕازیت؟"

ئیپامینوداس گونسالوڤس وەڵامی دایەوە: " پێویستم بەوەیە کە بزانم تۆ لە هەنبەر ئەوەدا چیت لە من دەوێ."

بارۆن دی کانا براڤا، یەکسەر گوتی: " نابێ دەست بۆ موڵکێن تایبەتی و کاروباری بازرگانی شاری ببرێت. دۆستان ولایەنگرانی مە ودۆستان و لایەنگری ئەنگۆ هەر دوولایان دژی هەر هەوڵێکن بۆ دەست بەسەرا گرتن و باجی بێ ئینسافانەی سەر زەوی وزار وبازرگانی، ئەمە تاقە مەرجی ئێمەیە."

ئیپامینوداس، وەکو ئەوەی پێویستی بە هەوای زیاتر بێ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، پاشماوەی کونیاکەکەی بە کەڕەتێ هەڵدا: " ئەدی ئێوە بارۆن؟ "

بارۆن، وەکو ئەوەی باسی تاپۆیەک بکات گوتی: "من؟ من بە تەمام لە ژیانی سیاسی دووربکەومەوە. بە هیچ جۆرێ کێشەتان بۆ دروست ناکەم. بەخۆت دەزانی هەفتەی داهاتوو بۆ ئەوروپا دەڕۆم. هیچ خویا نییە کە تا کەی لەوێندەر دەمێنمەوە، ئەمەت بە دڵە؟"

ئیپامینوداس گونسالوڤس، لە جیاتی بەرسڤ بداتەوە هەستایە سەر پێ، هەردوو دەستی خستە پشتی وبە ژوورەکەدا کەوتە هات وچۆ. بارۆن خۆی لە گێلی دابوو. خاوەنی ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس هیچ هەوڵێکی نەدەدا ئەو هەستە لە وەسف نەهاتگە وەشێرێت، کە بە سەریدا زاڵ بووبوو. هەم لە خەیاڵەوە چووبوو هەم دەبیرەوە چووبوو. جۆرە بێتاقەتی وکونجکاویەک بە چاوانیەوە دیاربوو. چاوی لە دوڕ چاوانی بارۆن بڕی و بە تەحەداوە گوتی: "دروستە کە من بە ئەندازەی تۆ ئەزموونم نییە، بەڵام لەم ڕووەوە زۆریش غەشیم نیم. دەزانم دەتەوێ بمخەیتە داوەوەو ئەم پێشنیازەتان خۆی لە خۆیدا دان وداوە."

یارۆی خانەخوێ، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات. لە سەر کورسیەکەی هەستا تا تۆزێ کۆنیاکی دی بکاتە پەرداخەکانەوە. پیاڵە بەدەست بەناو ژوورەکە کەوت تا گەییە بەر ئەو پەنجەرەیەی کە دەیڕوانیە باخەکە: " لە ترسەکەت دەگەم، نەهەقت ناگرم. " پەنجەرەکەی کردەوە و شەپۆلێ هەوای فێنک خۆی بە ژووری کتێبخانەکەدا کرد، لە گەڵ هەواکەدا زیکەزیکی سیسارک ونەوای گیتارێکی دوور هاتە ژوورەوە.

" ئەمە ئاساییە. بەڵام دڵنیات دەکەم کە هیچ تەڵە و داوێک لە ئارادا نییە. ڕاستی مەسەلەکە ئەمەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەوش و بارودۆخەی ئێستادا، گەییومەتە ئەم قەناعەتەی کە لەم قۆناغەی ئێستادا گونجاوترین کەس بۆ فەرماندەیی سیاسی باهیا تۆیت."

ئیپامینوداس، بە ڕاوێژێکی تەوسامێز پرسی: " ئەمە بە مەدح و ستایش وەربگرم؟ "

بارۆن، وەکو ئەوەی گوێی لە پرسیارەکەی ئەو نەبووبێ، لە سەری ڕۆیی: " من پێموایە ئێمە بە چاوی خۆمان کۆتایی شێوازێکی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیمان بینی و تێپەڕاند. من دان بەوەدا دەنەم کە ئیدی پیر بووم. من لە ڕژێمی ڕابردوودا باشتر کارم دەکرد، ئەوسا مەسەلەکە ئاسان بوو، بریتی بوو لەوەی خەڵکی واداربکەی پەیڕەوی داب ونەریت بکەن وپابەندی یاسا وڕێسا چەسپاوەکان بن، ئەمە بە گفت و گۆ و لە ڕێگەی دبلوماسیەت و نەزاکەتەوە دەکرا. ئەو شتانە ئەمڕۆ باوی نەماوە، کەس پێی قاییل نابێت. ڕۆژ ڕۆژی کارکردن و گۆساخی و تەنانەت زەبرو زەنگ وتاوانیشە. ئەوەی ئەمڕۆ بۆ ئێمە پێویستە جیاکردنەوەی تەواوەتی سیاسەتە لە ئەخلاق. جا مادامێکی ئەمە ڕەوشەکەیە، باشترین کەس بۆ پاراستنی نەزم و نیزامی ویلایەتی باهیا تۆیت."

ئیپامینوداس، دووبارە لە سەر کورسییەکەی دانیشتەوەو گوتی: " من لە مەدح و ستایشەکەت بە گومان بووم."

بارۆن، لە لایەوە ڕۆنیشت. وێڕای زیکە زیکی سیسرکان و دەنگی تەگەری گالسیکە وفریادی حەسحەسان، حەپەی کسۆکانیش لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە.

بارۆن، بە دوو چاوی پرشنگدارەوە تەمەشای کرد: "من بۆیە ستایشی تۆ دەکەم، چونکە، بەچاوی خۆم بێ باکی و خوێن ساردەکەی تۆ لە مانۆڕە سیاسییەکانتا دەبینم. بەڵێ هیچ کەسێک لە باهیادا، ئەو بەهرەو توانایەی تۆی نییە کە ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشە ببێتەوە، کە بەو زووانە بەرۆکی هەر هەمووومان دەگرێت."

سەرۆکی حیزبی کۆماری، بە ڕاوێژێکی نمایشیەوە گوتی: " دەکرێ ڕێک و ڕەوان بڵێی چیت لە من دەوێت؟ "

بارۆن، گوتی: "وەرە جێگاکەی من. ئەگەر بڵێم هەست دەکەم لە هەنبەر تۆدا شکستم هێناوە، ئیدی گومان و دوو دڵییەکەت دەرەوێتەوە؟ ئەمەی دەیڵێم شکستی واقیعی وپراکتیکی نییە، چونکە حیزبی خۆیبونخواز، ئیمکاناتی زۆر لە یاقوبیەکانی باهیا زیاترە بۆ ئەوەی دەگەڵ مورایس وکاربەدەستانی حکومەتا، بگەنە جۆرە لێک تێگەیشتنێک، بەڵام لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، با ئیپامینوداس."

قومیٰ کونیاکی خواردەوەو چاوی بڕییە دوور. گوتی: " شتانی وەها ڕوویان داوە کە من بە خەویش نەمدەبینی... باشترین کەتیبەی بەرازیل، لە هەنبەر کۆمەڵێک گەجەر و گوجەری یاخی شکستی هێناوە. چۆن ئەمە لێک بدەینەوە؟ بابایەکی ستراتیژیستی سوپایی، لە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا تیا دەچێت..."

ئیپامینوداس گونسالوڤس گوتی: " منیش لە گەڵتام، بەڕاستی نایەتە شیکردنەوە. من ئەم عەسرە دەگەڵ مێجەر کونیا ماتوس دا بووم. ماجەرا و بویەرەکە زۆر لەوە خراپترە کە بە فەرمی ڕاگەیەنراوە. تۆ ئاگات لە ژمارەکان هەیە؟ باوەڕ نەکردەنیە: ژمارەی کوژراو لە نێوان سێ سەد چوار سەد کەسدایە: واتە سێ چارەکی قۆشەنەکە تیا چووە. دەیان ئەفسەر کوژراون. هەموو چەکەکان لە دەست چوون، لە تۆپەوە بیگرە تا دەگاتە کێرد و قەمە. ئەوانەی کە ماون، خەریکە بەرەبەرە دەگەنە مونتە سانتو، هەموو ڕووت وقووت، بە فانیلە و دەرپێ قوتەوە، هەموو گێژ ومەنگ وڕاوە دەکەن. کەتیبەی حەوتەم! تۆ لە کالومبی بوویت، زۆر لێیانەوە نزیک بووی، بەچاوی خۆت دیتیانیت. بارۆن لە کانودوس چ باسە؟"

بارۆن بە خەمبارییەوە گوتی: "نە ئاگادارم و نە سەری لێدەردەکەم. لە تەسەور وخەیاڵ بە دەرە. گێلییەکەی من لەوەدایە وام دەزانی ئەو خەڵکە وئەو دیار ودەڤەرە دەناسم. هەواو هەوەسی چەند ناکەس بەچەیەکی لە برسا مردوو، بەڵگەی تەواو نییە بۆ ئەم نسکۆیە. دەبێ شتێکی دیکە لە پشت ئەم بویەرەوە هەبێ."

جارێکی دی حایر وحەیران ڕوانییە میوانەکەی: " خەریکە دەگەمە ئەو باوەڕەی کە ئەو درۆ شاخدارانەی کە جەماعەتی ئێوە بڵاوتان دەکردەوە دەربارەی هەبوونی ئەفسەرانی ئینگلیزی لەوێندەرو کە سەڵتەنەتخوازان چەکیان پێ دەگەیاندنێ، ڕەنگە تۆزقاڵێ حەقیقەتی تیا هەبووبێ. نا، بە هیچ جۆرێ نامەوێ داخڵی ئەو بابەتە ببم. ئەوەی چوو چوو، ئەمەت لە بەر ئەوە بۆ دەگێڕمەوە تا بزانی ئەوەی بە سەر موریرا سیزار هات، چەندی حەپەساندبووم."

ئیپامینوداس گوتی: "من زیاتر ترسم لێهاتووە. ئەگەر ئەو جەماعەتە ئەوەندە بەهێز بن کە باشترین قۆشەنی بەرازیل تەفرو تونا بکەن، بێگومان دەشتوانن لە سەرانسەری ویلایەتەکەو هەرهەموو ویلایەتەکانی دەروربەریشا ئاشووب و ئاژاوە بنەنەوەو تا سلڤادورش برۆن..." هەر دوو شانی هەڵتەکاندن و بە نائومێدییەوە دەستی تەکان دا.

بارۆن گوتی: " تاقە هۆی ئەمە ئەوەیە کە هەزاران جووتیار، بە هی ناوچەکانی دیکەشەوە، پەیوەندییان بە ڕیزی دار ودەستەی سباستیانەکانەوە کردووە، بیانووشیان بۆ ئەم کارە برسیەتی و خورافات و جەهل و نەزانی

بووه. چونکه لەم ڕۆژگارەدا هیچ کۆسپ و لەمپەڕێک نییە کە وەکو جاران جڵەوی ئەم شێتاتیە بگرێ. ئەمەش دەکاتە شەڕ. واتە سوپای بەرازیل دێت لێرە ئۆردوبەز دەکات وباهیا دەبێ بە وێرانە." باسکی ئیپامنیوداس گونسالوڤسی گرت وگوتی: " لەبەر ئەمەیە کە دەبێ تۆ جێگای من بگریتەوە، ئیدی لەم بارودۆخەدا، پێویستمان بە کەسێکی بە توانای وەکو تۆیە، کە خەڵکانی لەبار کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی لەم فەرتەنەیەدا، لەم پاشاگەردانیەدا بەرگری لە باهیا بکەن. لە هەموو قوڵێکی بەرازیلەوە خەڵکی بە هۆی ئەو بەڵایەوە کە بەسەر موریرا سیزاردا هاتووە، لە باهیا پەست وتووڕەن. دەڵێن ئەو جەماعەتەی کە پەلاماری ڕۆژنامە سەڵتەنەتخوازەکانیان لە ریو دابوو، هاواریان دەکرد: "بڕوخێ باهیا."

ماوەیەکی زۆر وەستا، بە تووڕەیی کونیاکی لە پەرداخەکەی کردو، گوتی: "خەڵکانێکی زۆر، بە ئێستاشەوە، لە دەڤەرە دوورە دەستەکانا، لە قوڕی ڕەش نیشتوون،ماڵیان وێران بووە. من بەش بە حاڵی خۆم دوو موڵک و مەزرام لە دەست داوە. دیارە خەڵکانێکی زۆری دیکە لەم شەڕی ناوخۆیەدا ئاوارە دەبن ودەکوژرێن. ئەگەر لایەنگرانی تۆ ولایەنگرانی من بەم جۆرە لە یەکدی کوژی بەردەوام بن، ئەنجام چ دەبێ؟ هەموو شتێک لە دەست دەدەین. خەڵکێکی زۆر بەرەو باشوور ومارانیاو ڕەو دەکەن. هەنگێ ڕۆژی باهیا بە چ ڕۆژگارێک دەگات؟ ئیپامینوداس، چار نییە دەبێ ئاشتەوایی بکەین. دەستبەرداری ئەم گوتارە تووند و تیژە یاقوبیانەت ببە، دەست لە هێرش کردنە سەر پرتوگالییە داماوەکان هەڵگرە، واز لە داوای خۆماڵی کردنی کارو باری بازرگانی بێنە، بیر لە شتێ عەمەلی بکەوە. یاقوبیزم لەگەڵ موریرا سیزاردا مرد. پۆستی فەرمانداری شار وەربگرە با پێکەوە، لە گەرمەی ئەم ئاشووب و ئاژاوەیەدا، بەرگری لە سیستەمی مەدەنی خۆمان بکەین. با فریای کۆمارەکەمان بکەوین و نەیەڵین بە دەردی کۆمارەکانی دیکەی ئەمریکای لاتین بچێت: نەیەڵین ئێرەش ببێت بە مەکۆ و بازاڕی دزێوی جادووگەران، ببێ بە مەڵبەندی پاشاگەردانی وکودەتای سوپایی وگەندەڵی ودیماگۆگی وعەوام خەڵەتێنی..."

ماوەیەک، پێک بەدەست بە بێدەنگی دانیشتن، گوێیان دەگرت یان لە خەیاڵەوە دەچوون. ناو بە ناو دەنگی خەڵک و پێ لە ماڵەکەوە دەهات، سەعاتێک نۆ چەلان لێی دا. ئیپامینوداس هەستایە سەر پێ وگوتی: "سوپاست دەکەم کە بۆ ئێرەت دەعوەت کردم، ئەو شتانەی کە پێت گوتم، بە یادگە دەسپێرم و بیریان لێدەکەمەوە. جارێ ناتوانم وەڵامت بدەمەوە."

بارۆن، بەدەم هەستانەوە گوتی: "دیارە کە ناتوانی، باش بیری لێبکەوەو دووبارە قسەیان لە بارەوە دەکەین. هەڵبەتە حەز دەکەم بەر لە سەفەرەکەم بتبینم."

ئیپامینوداس بەرەو دەرگاکە ڕۆیی وگوتی: " دوو سبەی وەڵامت دەدەمەوە." لەو کاتەدا کە بە ژووری میوانا تێ دەپەڕین، خزمەتکارە ڕەشەکە بە خۆی و چرا نەوتیەکەیەوە پەیدا بوو. بارۆن، ئیپامینوداسی تا سەر جادەکە بەڕێکرد. لە بەر دەرگای دەرەوە پرسی:"هەواڵی ڕۆژنامەڤانەکەت، ئەوەی دەگەڵ موریرا سیزاردا بوو، دەزانی؟"

ئیپامینوداس گوتی: " کابرا بێ سەروبەرەکە دەڵێی؟ هێشتا سەر و سۆراخی نییە. پێموایە ڕەنگە کوژرابێ، تۆ بەخۆت دەزانی کە ئەهلی کار نەبوو."

سەریان بۆ یەکدی دانەواندو خاترخوازیان کرد.

## بەشی چوارەم

## ( ١ )

وەختایەک خزمەتکارەکە خەبەری دایە کە چ کەسێک دەخوازێ بیدینێ، بارون دی کانا براڤا، لە جیاتی وەکو هەمیشە خزمەتکارەکە بنێرێ بۆ لای ئەو کەسەی هاتبووە بەر دەرگا و پێی بڵێ کە ئەو بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوەختە نەدەچێتە سەردانی کەس و نە پێشوازی کەس دەکات، بە هەشتاو بۆ نهۆمی خوارەوە ڕۆیی، بە ژووری گەورەکانی خوارەوەدا کە هەتاوی بەیانی زێڕوەشانی کردبوون، تێپەڕی و بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیی، تا بزانێ ئەوەی گوێی لێبوو دروستە یان نا: بەڵێ، بەڕاستی خۆی بوو، هیچ گومانێک لە ئارادا نەبوو، بێهیچ قسەیەک تەوقەی دەگەڵ کرد وخولکی کرد کە وەژوور بکەوێ. لەو دەمەدا ئەو شتەی بیرکەوتەوە کە چەندین مانگ بوو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لە بیر خۆیی بەرێتەوە: " شەواتی کالومبی و کانودوس و قەیرانی دەروونی ئەستیلا و دوور کەوتنەوەی لە ژیانی جڤاکی.

کە بە سەر سپرایزی ئەم دیدارە کوت و پڕە وشۆکی زندوو بوونەوەی خەمی ڕابردوو زاڵ بوو، بە کاوەخۆ میوانەکەی بۆ ژووری کتێبخانەکەی برد، ئەو ژوورەی کە هەرجارێ لە شار بوایە، هەموو گفت و گۆیە گرینگ و هەستیارەکانی لەوێندەر ئەنجام دەدا. هەرچەندە هێشتا هەوەڵی ڕۆژ بوو، بەڵام دنیا زۆر گەرم بوو. لە دوورەوە بە سەر ترۆپکی لق و پۆی دار و درەختانی کروتون، مانگو، فایکوس و جەوافە و درەختی بتانگیرای ناو باخەکەوە، هەتاو تیشکێکی ئەوتۆی بەسەر دەریاکەدا پەخش کردبووەوە، وەکو ئەوەی پلێتێکی پۆڵا بێ ، تیشکێکی ئەوتۆی دەدایەوە کە چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە. بارۆن پەردەکانی دادایەوەو ژوورەکە تاریک بوو.

میوانەکە گوتی: " دەمزانی ئەم سەردانە کوت و پڕەم غافڵگیرت دەکات." بارۆن، ئەو دەنگە نزمەی ناسییەوە کە لە گوێی ئەودا، هەمیشە لە دەنگی ئەکتەرێکی کومیدی دەچوو، کە بە ئانقەست دەنگی خۆی زیقن و بەرز دەکردەوە. " بیستم کە لە ئەوروپا گەڕاویتەوە، ئیدی ئەم دیدارەم هات بە مێشکا... ڕێک وڕاست پێتان بڵێم کە بۆ کارێک هاتووم."

بارۆن گوتی: " دانیشە. "

وەکو ئەوە بوو ئەو دەنگە لە خەودا بژنەوێ. وشەکانی بەلاوە گرینگ نەبوو. بە وردی کەوتە تەمەشاکردنی بەژن و باڵا سەرو سیمای کابراو دەگەڵ ئەو وێنەیەدا بەراوردی دەکرد کە لە دوا دیدارا لە زەینیا مابووەوە، هەمان ئەو داهۆڵە بوو کە ئەو بەیانیە دەگەڵ عەقید موریرا سیزارو گاردە تایبەتیەکانیا، لە کالومبی وەدەر کەوتبوو. دەبیرەوە چوو: " هەم ئەو کەسەیە و هەم خۆی نییە، هەوەو هەو نییە." ئاخر ئەو ڕۆژنامەڤانەی کە لە ڕۆژنامەی (دیاریودا باهیا) کاری کردبوو وپاشان چووبووە ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس) زۆر گەنج بوو، بەڵام ئەم پیاوە عەینەک ئەستوورە، وەختایەک دانیشت، لە تۆ وایە بێشکەی شکاوە، کابرایەکی پیر بوو. روخساری یەکپارچە چرچ ولۆچ بوو، داوی سپی کەوتبووە سەری وقژەکەی بۆز بووبوو، جەستەی داڕوخابوو. کراسێکی لەبەر بوو دوگمەکانی دانەخرابوو، قەمسەڵەیەکی بێ قۆڵی لەبەر بوو، لە شەش شوێنەوە دڕابوو و کۆنە پەڵەی گریسی پێوە بوو، پانتۆڵێکی لەبەر بوو لە هەر دوو لاوە هەڵتەقی بوو، جووتێ پێڵاوی خوارو خێچی، قەبە و ئەستووری کاوبۆیانەی لە پێ بوو.

بارۆن گوتی: " ئێستا بیرم دەکەوێتەوە، کە لە ئەوروپا بووم نامەیەکم پێگەیی، بۆیان نووسی بووم کە تۆ هێشتا زندووی. نووسی بووی: " یارۆی تاپۆ پەیدا بووەتەوە. " وێڕای ئەمەش وام وێنا دەکرد کە تۆ نەمابی، مردبیت."

دەنگە نزمە منگنەکە، بە بێ مگێزی وبە بێتاقەتی گوتی: "من نە مردبووم و نە ون بووبووم. دوای ئەوەی هەزار جار گوێم لە هەمان ئەو شتانە بوو کە ئێستا تۆ گوتت، گەییمە ئەم ئەنجامگیریەی کە خەڵکی پێیان ناخۆشە من هێشتا لەم دنیایەدام."

بارۆن گوێی لە دەنگی خۆی بوو، سەری لە بێئەدەبی خۆی سوڕما: " ئەوەی ڕاستی بێ، بەلامەوە گرینگ نییە کە تۆ زندوو بی یان مردوو بیت، بگرە حەزم دەکرد مردبی. من ڕقم لە هەر شتێکە کە کانودوسم وەبیر دێنێتەوە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: " ئاگام لە حاڵی خێزانەکەت هەیە." بارۆن هەستیکرد، کە بێگومان ئاماژەیەکی گوساخانە لە دوای ئەو قسەیەوە دێت. "بیستوومە کە عەقڵی لە دەست داوە و بووە بە بەڵایەکی گەورە بە سەر تۆوە."

بارۆن خێسەیەکی لێکرد کە ترساو ئیدی دەمی داخست. کۆکەیەکی کرد، چەند جارێک چاوانی تروکاند و ئەوسا چاویلکەکەی داکەند تا بە داوێنێ کراسەکەی بیسڕێ وخاوێنی بکاتەوە.

بارۆن خۆشحاڵ بوو بەوەی خۆی کۆنترۆڵ کردو ئەم کابرایەی دەرنەکردە دەرەوە. ئەوسا بە ڕاوێژێکی دۆستانە گوتی: " ئێستا خەریکە هەموو شتەکانم بیر دەکەوێتەوە. نامەکە لە ئیپامینوداسەوە بوو، دوو سێ هەیڤ لەمە پێش بوو. من لەوەوە زانیم کە تۆ بۆ سلڤادور گەڕاویتەوە."

دەنگە نزمە منگنەکە گوتی: " تۆ لە گەڵ ئەو کلۆڵەدا نامەتان لە بەینا هەیە؟ ئا بەڕاست بیرم کەوتەوە کە نها دۆستن موو بە بەینتانەوە ناچێت."

بارۆن، بەدەم زەردە خەنەوە گوتی: " ئەمە چ قسەیەکە، ئاوا باسی فەرمانداری باهیا دەکەی؟ ناکا قەبووڵی نەکردبێ کە دووبارە بگەڕێیتەوە بۆ ڕۆژنامەی (جورنال دی نوتیسیاس؟"

پەیامنێرە نزیکبینەکە بەرسڤی دایەوە: " بە پێچەوانەوە، تەنانەت پێشنیازی کرد کە مووچەکەم بۆ زیاد بکات بەو مەرجەی هەموو شتێکی چیرۆک و بە سەرهاتەکەی کانودوس لە بیربەرمەوە."

بزەیەکی بۆ کرد، وەکو تەیرێکی غەریب، بارۆن بینی زەردە خەنەکە گۆڕا بۆ شەپۆلە پژمینێکی ئەوتۆ کە کردیە کارێک لە سەر کورسییەکەی بکەوێتە هەڵبەزو دابەز.

بارۆن بە تەوسەوە گوتی: "بە گوتەیەکی دی، کانودوس تۆی کرد بە ڕۆژنامەڤانێکی ڕاستەقینە. یان بە تەواوەتی گۆڕاوی. چونکە ئەم هاوپەیمانەی من، واتە ئیپامینوداس، هەمان پیاوەکەی جارانە، بەقەد نووکە دەرزییەک نەگۆڕاوە."

چاوەڕوانی کرد تا ڕۆژنامەڤانەکە، فنگ بکاتە ناو ئەو پارچە پەڕۆ شینەوە کە بەپەلە لە گیرفانی دەریهێنابوو. " ئیپامینوداس لەو نامەیەدا گوتبووی تۆیان دەگەڵ بنیادەمێکی سەیرو سەمەرەدا، دەگەڵ کورتەڵەیەکدا دیتووە. ئەمە ڕاستە؟

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە سەرێکی بۆ لەقاند: " ئەوە هاوڕێمە. من قەرزارباری ئەوم، ئەو ڕزگاری کردم. بۆتی بگێڕمەوە چۆن فریام کەوت؟ بە گێڕانەوەی چیرۆکی شارلمان و دوازدە لۆردەکەی فەرەنسا و شاژنە ماگولون، هەروەها بە گێڕانەوەی چیرۆکە ترسناک وعیبرەت ئامێزەکەی روبەرتی شەیتان سیفەت."

بەپەلە قسەی دەکرد، دەستەکانی هەڵدەگلۆفت، لە سەر کورسیەکەی دەجولا. بارۆن مامۆستا " تالس دی ئازڤیدو "ی دۆستی خۆی بیرکەوتەوە کە چەند ساڵێک لەوە پێش، لە کالومبی سەری دابوو. مامۆستاو پروفیسوری ناڤبری، بە سەعاتان، بە تاسە وتامەزرۆییەوە گوێی لە بەیت بێژان وشایەرانی گەڕۆک دەگرت و داوای لێدەکردن تا ئەو بەیت و چیرۆک وگۆرانیانەی کە دەیانگوت، بۆ دووبارە بکەنەوە، تا بیان نووسێتەوەو تۆماریا بکات. ئیدی بە بارۆنی دەگوت ئەمانە بەیتی ئاشقێنی سەدەکانی ناڤینن ویەکەمجار پرتوگالیەکان بۆ دنیای تازەیان هێناوەو بە گوێرەی داب ونەریتی فولکلوری لەو دەشت ودەرە دوورە دەستەدا پارێزراوە. نیشانەی نیگەرانی بە ڕوخساری میوانەکەیەوە دیاربوو.

گوێی لێبوو کە دەڵێت: " ئێستاش دەکرێ ژیانی ڕزگار بکرێ..."

نیگایەکی پاڕانەوە ئامێز بە چاویەوە دیار بوو: "... توشی دەردە باریکە بووە، بەڵام دەکرێ نەشتەرگەری بۆ بکرێت. دکتۆر مارگالایس، کە لە خەستەخانەی پرتوگالیەکان کاردەکات، گیانی زۆر کەسی ڕزگارکردووە. دەمەوێ ئەوەی بۆ بکەم. هەر لە بەر ئەمەشە عەوداڵی کارم. بەڵام لە هەموو ئەمەش گرینگتر، بۆ ئەوەی شتێک بۆ خواردن پەیدا بکەم."

بارۆن، بینی شەرم نیشتە سەر ڕوخساری کابرا، وەکو ئەوەی ئیعترافی بە گوناحێکی حەیابەرە کردبێ.

بارۆن لەبن لێوانەوە گوتی: "هیچ بە پێویستی نازانم یارمەتی ئەو کورتەڵەیە بدەم، هەروەها یارمەتیدانی تۆش بە پێویست نازانم."

میوانە نزیکبینەکەی، بەدەم تەقاندنی قامکەکانیەوە گوتی: " هەڵبەتە هیچ بیانوویەک بۆ ئەو داوایەی من نییە، تەنیا هەوڵێک بوو بۆ تاقیکردنەوەی بەختی خۆم. لە دڵی خۆدا گوتم ئێ بەڵکو بتوانم دڵت نەرم بکەم. چونکە جاران بە جوامێری وبەخشندەیی بەنێوبانگ بوویت."

بارۆن گوتی: " تاکتیکێکی بازاڕی وجەڵەبی پیاوێکی سیاسی بوو. نها کە دەستبەرداری سیاسەت بووم، چیتر پێویستم پێی نییە."

لەو کاتەدا لەو پەنجەرەیەوە کە دەیڕوانیە سەر باخەکە، چاوی بۆ ئەو تیڕتیڕەیە(مارمێلکە،حەربا) دەگێڕا کە ئەمبەر وئەوبەری دەکرد. زۆر بە دەگمەن ئەو مارمێلکەیەی دەبینی، چونکە بە تەواوەتی ڕەنگی بەردو دارو درەختەکانی ناو باخەکەی وەردەگرت وزۆرجار لەزگ بوو پێی پێدا بنات. دوێشەو ئەستیلای لە گەڵ سباستیانادا هێنابووە دەرێ، تا هەوایەکی پاک هەڵمژێ وبایەکی باڵی بدات، چووبوونە ژێر دارمانگۆ وفایکوسەکان و مارمێلکەکە، خانمی بە تەواوەتی سەرگەرم کردبوو، لە سەر کورسیە بزۆزەکەی دانیشتبوو، هەوڵیدەدا جێگای

مارمێلکەکەیان نیشانبدات. وەکو جاری جاران بە ئاسانی جێگای مارمێکەکەی لە نێو دەوەنەکان و لە سەر درەختەکان دیاری کردبوو. بارۆن وسباستیانا، دیتبوویان کە وەختێ مارمێلکەکە بە نزیک بوونەوەی ئەوان هەڵاتبوو وخانم دەیویست جێگاکەی بدۆزێتەوە، بزەیەکی کەوتە سەر لێوان. مارمێلکەکە نها لەوێ بوو، لە ژێر دار مەنگۆیەکە بوو، ڕەنگی قاوەییەکی ئامال سەوز بوو، بە ئاسانی لە گیایەکە جیا نەدەکرایەوە، گەرووی بەرز و نزم دەبووەوە. بە خەیاڵ لە گەڵیا کەوتە قسان: " ئەی مارمێلکەی نازەنین، ئەی چکۆلەی بزێو، هاوڕێ باشەکەم. لە کانگەی دڵەوە مەمنوونتم، کە بزەت خستە سەر لێوی خێزانەکەم."

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: " دار و نەداری من ئەم جلانەی بەرمە. وەختایەک لە کانودوس گەڕامەوە، سەیرم کرد ژنەی خاوەن خانوو  هەر چیەکم هەبوو بوو فرۆشتبووی ولە بری کرێ خانوو بۆ خۆی هەڵیگرتووە. ڕۆژنامەی جورنال دی نوتیسیاس ئامادە نەبووبوو، کرێیەکەم بۆ بدات تا دەگەڕێمەوە." هەڵوەستەیەکی کرد و دووبارە دەستی بە قسان کردەوە: " کتێبەکانیشی فرۆشتبووم. جار جار یەک دووانێکیان لە بازاڕی سانتاباربارا دا دەناسمەوە."

بارۆن دەبیرەوە چوو، بێگومان لە دەستدانی کتێبەکان بۆ ئەم کابرایە کارەساتێکی گەورەیە، چونکە دە دوازدە ساڵ لەوە پێش، لەلای ئەم گوتبووی، ڕۆژێ دێ کە دەبێت بە ئوسکار وایلدی بەرازیل. گوتی: "دەی باشە دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر کارەکەی جارانت لە (دیاریودا باهیا)، پیاو هەق بڵێ نووسەرێکی خراپ نەبوویت."

پەیامنێرە نزیکبینەکە چاویلکەکەی داکەند و چەند جارێک سەری لەقاند، ڕەنگی زەرد زەرد بووبوو، نەیدەتوانی بە هیچ ڕێگەیەکی دی، گوزارشت لە سوپاسگوزاری ومنەتباری خۆی بکات.

بارۆن دەبیرەوە چوو: " ئەمە شتێکی بچووکە، گرینگ نییە ئەم کارە لەبەر خاتری ئەم دەکەم یان لەبەر خاتری ئەو کورتەڵەیە؟ لەبەر خاتری مارمێلکەکەی دەکەم." لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە دەرێ، چاوی بۆ گێڕا، هەستی بە نائومێدی کرد: لەوێندەر نەمابوو. یان ڕەنگە هەستی کردبێ کە تاقیبی دەکەن، بۆیە خۆی گۆڕیوەو ڕەنگی ئەو شتانەی دەوروبەری خۆی وەرگرتووە.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لە کاتێکا چاویلکەکەی لە چاو دەکردەوە، لە بن لێوانەوە گوتی: " کەسێکە لە بیرۆکەی مردن دەترسێت. تۆ دەزانی ئەمەی لە خۆشەویستی ژیان نییە، ژیانێکی ناخۆشی بەسەر بردووە: هەر بە منداڵی بە کابرایەکی قەرەجیان فرۆشتووە کە بۆ سێرک وسێرکبازی پێویستی پێی بووە، وەکو عاجباتیەک پیشانی خەڵکی بدات، بەڵام بە جۆرێ لە مردن ترساوە کە بووەتە مایەی ئەوەی لە ژیاندا بمێنێ. بە ڕێکەوت منیش وام."

بارۆن، لە ناکاوا هەستی بە پەشیمانی کرد کە کاری پێی داوە، چونکە ئەم کارە جۆرە پەیوەندییەکی نادیاری لە نێوان ئەو وئەم کەسەدا دەهێنایە ئاراوە. نەیدەویست پەیوەندی دەگەڵ کەسێکدا هەبێ، کە ئەو بیرەوەرییە نزیکەی لە مەڕ کانودوس هەبوو. لە جیاتی ئەوەی میوانەکەی تێبگەیەنێ کە گفت وگۆیەکەیان تەواو بوو، لە ناکاوا ئەم قسەیەی بە دەما هات: "هەڵبەتە شتێن زۆر ترسناکت بە چاوی خۆت دیتووە." کۆکەیەکی بۆ کرد، گەرووی ساف کرد، هەرچەندە ئەم فزولیەتەی خۆی پێناخۆش بوو، بەڵام لەسەری ڕۆیی و گوتی: " وەختایەک لەوێندەر، لە کانودوس بوویت."

ئەو هەیکەلە داتەپیوە، خۆی دانەواندەوەو خۆی ڕاست کردەوەو گوتی: " ڕاستت دەوێ هیچم نەبینی. ئەو ڕۆژەی ئەوان کەتیبەی حەوتەمیان تەفر و تونا کرد، من عەینەکەکەم شکاند. چوار هەیڤ لەوێندەر مامەوە، جگە لە تاپۆ وتارمایی هیچی دیکەم نەدەبینی."

دەنگی هێندە تەوسامێز بوو کە بارۆن تیا مابوو ئایا ئەو قسانەی بۆیە دەکرد تا ئەو توورە بکات یان بۆیە بەو ڕووداری و بێ ئەدەبییەوە قسەی دەکرد، تا تێی بگەیەنێ کە حەز ناکات باسی ئەو بویەر و ماجەرایە بکات.

گوێی لێبوو بە ڕاوێژێکی توندتر دەڵێت: " نازانم بۆچی بە من پێناکەنیت. هەموو ئەوانەی کە بۆیان دەگێڕمەوە من لە کانودوس هیچ شتێکم نەبینی، چونکە چاویلکەکەم شکاندبوو، پێم پێدەکەنن. ئەلهەقی مایەی پێکەنینە، بەخۆم ئەمە دەزانم."

بارۆن هەستایە سەر پێیان وگوتی: " ڕاستە مایەی پێکەنینە. بەڵام شتێکە پەیوەندی بە منەوە نییە... بۆیە..."

ڕۆژنامەڤانەکە، کە لە پشت چاویلکەکەیەوە تەمەشای بارۆنی دەکرد گوتی: "هەرچەندە بویەرەکانم نەبینی، بەڵام هەستم پێیان کرد، بیستمن، بۆنم کردن... هەستم بە شتەکانی دیکەش کرد."

بارۆن گوێی لێبوو دووبارە پێکەنی، پێکەنینەکەی ئەمجارەی جۆرە شەیتەنەتێکی پێوە دیار بوو، ڕێک دەیڕوانیە چاوانی ئەو. دووبارە دانیشتەوەو گوتی: " بۆ ئەوە بۆ ئێرە هاتی کە داوای کارێک لە من بکەی و باسی یارۆی کورتەڵە بکەی؟ ئەو کورتەڵەیەی کە گوایە خەریکە بە نەخۆشی دەردە باریکە دەمرێ، بوونی هەیە؟"

میوانەکە گوتی: "خوێن هەڵدێنێ و من دەمەوێ یارمەتی بدەم. بەڵام هاتنم بۆ ئێرە، هۆی دیکەشی هەیە."

سەری داخست، بارۆن وەختایەک چاوی بە قژە ماش و برنجەیە بەقرێژەکەی ئەو کەوت، بە خەیاڵ چاوە بە ڕوندکەکانی ئەوی، کە بڕی بوونیە ئەرزەکە، هێنایە بەرچاوی خۆی. دڵی خەبەری دا کە پێدەچێ کابرای میوان پەیامێکی گالیلیو گالی بۆ هێنابێ.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە ڕاوێژێک وەک ئەوەی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێت گوتی: " خەڵکی خەریکە کانودوس لە بیردەکەن. ئەو بیرەوەریانەشی کە تا ئێستا ماونەتەوە، بەرەبەرە لە هەوادا مەحو دەبنەوەو تێکەڵ بە موزیقا وئاهەنگی کەرنەڤاڵی دواتری شانۆی پولیتاما دەبێت."

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: " کانودوس؟ هەق بە ئیپامینوداسە کە نایەوێ خەڵکی باسی بویەر و پێشهاتەکانی ئەوێندەر بکەن. باشتر وایە لە بیر بچێتەوە، بویەرێکی شووم و ناخۆشە، بە کەڵکی هیچ نایەت... دەبێ پەند لە مێژوو وەربگیرێ. کەس لەم شەڕدا براوە نەبوو. کەس نەیزانی چ بوو و چ ڕووی دا. بۆیە خەڵکی بڕیاریان داوە پەردەیەکی پێدا بدەن و بەردێکی بخەنە سەر. ئەمە کاردانەوەیەکی دروست و عاقڵانەیە."

ڕۆژنامەڤانەکە، چاوە کزەکانی بڕی بوونە ئەو وگوتی: "من نایەڵم لە بیر بچێتەوە. ئەمە بەڵێنێکە وبە خۆمم داوە."

بارۆن، بزەیەکی کرد، بزەکەی لە بەر جدی بوونە لە ناکاوەکەی میوانەکەی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە تیرتیرەکە(حەربا) لە هەمان دەمدا پەیدا بووەوە، لەو دیو مێزی نووسینەکە و پەردەکانەوە، لە نێو سەوزایی

گەشی درەختانی باخەکەوە، لە ژێر لقە ئاڵۆزەکانی دار "پیتانگیرا " کەوە، درێژ و بێ جووڵە، سەوز وەکو یاقووت و زمروت دەبریسکایەوە، درێژییەکەی توپوگرافی لوتکە و زناری تیژی زنجیرە چیاکانی وەبیر مرۆڤ دێنایەوە.

بارۆن لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەخێر هاتی دۆستی ئازیزم."

هەر لە خۆوەو تەنیا بۆ ئەوەی بێدەنگیەکە بشڵەقێنێ گوتی: " چۆن ئەوە دەکەی؟ "

گوێی لە میوانەکەی بوو کە لە بن لێوانەوە دەیگوت: " بەهەمان شێوەی کە شتەکانی دی پێ دێتە پاراستن.... دەی نووسمەوە."

بارۆن، سەرێکی لەقاند: " ئەمەشم لەبیرە کە تۆ دەتویست ببی بە شاعیرێکی شانۆنامە نووس و، نها دەتەوێ چیرۆکی، واریقاتەکانی کانودوس، ئەو واریقاتانەی کە نەت دیتوون، بنووسیتەوە؟ "

بارۆن دەبیرەوە چوو: "نەگبەتی ئەم کابرا کلۆڵ و داماوەیە کە ئەستیلا، ژنە شاد و بە کەیف و زرینگەکەی جاران نییە؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: " هەرکە خۆم لەو غەوارە کونجکاوانەی دەوریان دابووم، دەدزییەوە، هەموو ڕۆژێ بۆ ژووری خوێندنەوەی ئەکادیمیای مێژوو دەچووم، تا چاوێک بەو ڕۆژنامە و هەواڵنامانەدا بگێرم کە بابەت وهەواڵیان دەربارەی کانودوس بڵاودەکردەوە. ژورنال دی نوتیسیاس، دیاریو دی باهیا و ئورپوبلیکانو و هەر بڵاڤۆکێکی دیکەم بەدەست دەکەوت، دەمخوێندەوە. ئەمە شتێکە زۆر بە زەحمەت دێتە نووسین. زۆر ناواقیعیە... لە مەبەستم حاڵی دەبیت؟ ڕێک لە پیلان و سیناریۆیەک دەچێ کە هەرکەسە و ڕۆڵێکی تیای هەبووە... لە هەوەڵەوە تا کۆتایی کەس لە کەس حاڵی نەبووە."

-" تێناگەم ". بارۆن ئیدی مارمێلکەکە و تەنانەت ئەستێلاشی لە بیر چووەوە، غەرقی تەمەشای ئەم پیاوە بوو کە دوو لۆ لە سەر کورسییەکەی کۆمابووەوە و چەناگەی گەیی بووە سەر ئەژنۆکانی، لە تۆ وایە زۆر لە خۆی دەکات تا وشە و پەیڤان لە کانگای دڵییەوە هەڵێنجێنێ.

میوانەکە، بە پچڕپچڕی کەوتە وشە ڕێزکردن: "دار ودەستەی توندڕەوان، پیاوکوژانی خوێنمژ، پیاو خۆرانی دەشت و بیابان، دووڕەگانی بێ ئەسڵ وفەسڵ، دڕندەێن هیچ و پووچ، گەجەر وگوجەر، منداڵکوژ، نەخۆشانی دەروونی، هەندێ لەم زاراوانە لە داهێنانی خۆم بوون. نەک هەر دەمنووسین، بەڵکو باوەڕیشم پێیان هەبوو."

بارۆن پرسی: " یانی دەتەوێ شتێک، پاساوێک بۆ کانودوس بێنیتەوە؟ من دەمزانی کە دەمارێکی شێتاتیت تیایە. بەڵام هەرگیز باوەڕ ناکەم بەو ڕادەیە شێت بی کە بۆ ئەم کارە داوای یارمەتی لە من بکەی. تۆ بەخۆت دەزانی کە کانودوس چەند لە سەر من کەوتووە، وانییە؟ بەخۆت دەزانی کە نیوەی موڵکەکانم لەدەست داوە؟ بەهۆی کانودوسەوە گرفتاری خراپترین کارەسات بووم، چونکە ئەستیلا..."

هەستی بە لەرزینی دەنگی خۆی کردو بێدەنگ بوو. لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە دەرەوە، وەکو ئەوە بوو داوای یارمەتی بکات، دۆزییەوە: مارمێلکەکە هێشتا لەوێ بوو، مات و بێدەنگ، لە بوونەوەرانی پێش مێژوو دەچوو، نەمر، شتێک بوو لە نێوان حەیوان و ڕووەک، ئارام و بە ویقار لە بەر ڕوناکی درەخشانی بەیانیدا دەدرەوشایەوە.

ڕۆژنامەڤانەکە وەکو ئەوەی گوێی لەو نەبووبێ لە سەری ڕۆیی: " بەڵام ئەو زاراوانە لەم حاڵە باشتر بوو، بەلای کەمەوە وای لە خەڵکەکە دەکرد بیر لە کانودوس بکەنەوە. بەڵام ئێستا تاقە وشەیەکیش ناگوترێ. لە کافەکانی شەقامی چیلی، لە بازاڕ، لە مەیخانەکاندا، کەس بە حەرفێ باسی کانودوس دەکات؟ نەخێر، خەڵکی لە جیاتی ئەوە، باسی ئەو کیژە هەتیوانە دەکەن کە بەڕێوەبەری پەناگەی (سانتا ریتادی کاسیا) دەستدرێژی سێکسی کردوونەتە سەر. یان باسی حەبەکانی دکتۆر سیلفالیما، حەبی سیفلیس، دەکەن. یان باسی تازەترین باری سابوونی ڕووسی و قۆندەرەی ئینگلیزی دەکەن کە تازە گەییوەتە فرۆشگا ناوەندییەکانی کلارک." چاوی لە دوڕ چاوانی بارۆن بڕی بوو. بارۆن تووڕەیی و ترسی لەو چاوە نزیکبینانەدا بەدی دەکرد. "دوا هەواڵ دەربارەی کانودوس، پێرێ لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووبووەوە. دەزانی باسی چییان دەکرد؟ "

بارۆن گوتی: " لەوەتای وازم لە سیاسەت هێناوە، ڕۆژنامە ناخوێنمەوە. تەنانەت ڕۆژنامە تایبەتیەکەی خۆیشم ناخوێنمەوە."

-" گەڕانەوەی ئەو کومیتەیەی کە ناوەندی تەحزیری روحی پایتەخت بۆ ریو دی جانیروی ناردبوو، تا لە ڕێگەی تەحزیری روحەوە یارمەتی مامورانی حکومەت بدەن کە دووبارە نەزم و نیزام بەرقەرار بکەن وشەڕڤان و یاخییەکان تەفر وتونا بکەن. ئیدی ئەم کومیتەیە گەڕاوەتەوە بۆ ڕیو، بە کەشتی " ریو فرمیلیو " گەڕاوەتەوە، بە جۆرەها لەوحێن تەحزیری روح، تۆپە شووشەییەکان و ئەو شتانەوە، گەڕاوەتەوە. لە دوای ئەوەوە تەنانەت یەک دێڕیش لەو بارەیەوە بەرچاو ناکەوێ، هەرچەندە هێشتا سێ هەیڤان بە سەر ئەو بویەرەدا تێنەپەڕیوە."

بارۆن گوتی: "حەز ناکەم گوێم لەم قسانە ببێت. پێمگوتی کانودوس بۆ من بابەتێکی بە ژان وکول وکۆڤانە." پەیامنێرەکە بلەز قسەکەی پێبڕی: "من حەز دەکەم بزانم تۆ چیت لەلایە. تۆ زۆر شت دەزانی. تۆ ئارد و حەیوان و بزن و مەڕت بۆ دەناردن. پەیوەندیت لە گەڵیاندا هەبوو. قسەت لە گەڵ پاجودا کرد.

بیانووە؟ ئایا ئەم پیاوە هاتووە هەڕەشەی لێبکات، پارەی لێ بکێشێتەوە؟ بارۆن، زۆری لەبەر گران بوو کە دەیبینی هۆی ئەو هەموو چەنە بازیە مەتەڵ ئاسا بۆش و بەتاڵە ئەو شتە بازاڕی و جەڵەبییەیە.

***

ئەبوت جواو، لەو وەنەوزە خۆشەی ژێر دەستی کاترینا، کە بە قامکە باریک ودرێژەکانی، سەرە قژنەکەی دەدۆزی وڕشکی لێدەردێنا، بێدار بووەوەو پرسی: " تۆ بەڕاستی ئەو پەیامەت بە ئانتونیو ڤیلانوڤادا بۆ ناردبووم؟"

کاترینا، بەدەم دۆزینی سەری ئەبوت جواوەوە وەڵام دەداتەوە: " من نازانم ئەو چ پەیامێکی بە تۆ گەیاندووە؟"

ئەبوت جواو دەبیرەوە دەچێت: "وادیارە خۆشحاڵە." هێندە ژنەکەی دەناسێت کە بە لەرەی دەنگیا یان بە پرشنگی چاوە ڕەشەکانیا بزانێت، کە کەنگێ خەم دایدەگرێت. ئاگاداری ئەوەیە کە خەڵکی باسی خەم و خەمباری کوشندەی کاترینا دەکات، چونکە هیچ کەسێک پێکەنینی بە ڕوویەوە نەبینیوە. خەڵکانێکی زۆر کەم گوێیان لە قسەکردنی بووە. باشە بۆ کارێک ناکات کە ئەوەیان پێنیشان بدات، کە ئەوان هەڵەن؟ ئەو دەزانێ، چونکە بە چاوی خۆی بزەو پێکەنینی کاتارینای دیتووە، هەرچەندە هەمیشە بە پەنهانی بووە.

لەبن لێوانەوە دەڵێت: " ئەگەر من گرفتاری لەعنەتی ئەبەدی ببم، تۆش دەتەوێ، گیرۆدەی هەمان کێشە ببیت." قامکەکانی ژنەکەی لە جووڵە دەکەون، وەکو چۆن هەرکاتێ ئەسپێیەک لە قژیا دەدۆزێتەوە، هەمان هەڵوەستە دەکات وبە گوشاری نینۆکەکانی دەیکوژێت، دوای کەمێک قامکەکانی هەمان کار دووبارە دەکەنەوەو جواو دووبارە لە ماڵەکەی خۆیدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات، پێڵاوەکانی داکەندووە، لە سەر دۆشەکە پووش ئاخنەکەی لە کولبە بچووکەکەیا ڕاکشاوە، کولبەی چی، چەند لەوحێکە بە مەلاتی قوڕ نراون بەیەکەوەو کەوتووەتە شەقامی ( منینو یسوع ) وە. ژنەکەی لە پشتیەوە چۆکی داداوەو سەری دەدۆزێ. دڵی بە حاڵی ئەوانە دەسووتێ کە کوێرو نابینان، هەست دەکات ئەو وکاترینا بێئەوەی پێویستیان بە قسەکردن بێ، لە چەنەباز ترین خەڵکی کانودوس پتر شت بۆ یەکدی دەگێڕنەوە. کات چێشتەنگاوە، تیشکی هەتاو لە درزی لەوحەکانەوە و لە کونی ئەو قوماشە شین باوە کون کونەوە، کە تاقە پەنجەرەی تاقە ژوورەکەی داپۆشیوە، دێتە ژوورەوە، ژوورەکە ڕوناک دەکاتەوە.

لە دەرێ ڕا دەنگ دێ، دەنگی منداڵ کە خەریکی گەمە و ڕاکەڕاکن، هەمهەمە و هەنگامەی ئەو خەڵکانە دێ کە بۆ سەر کار دەڕۆن، وەکو ئەوەی ئێرە دنیایەکی ئارام بووبێ، وەکو ئەوەی لێرە خەڵکانێکی زۆر نەکوژرابن، کە خەڵکی کانودوس ناچار نەبووبن، یەک هەفتەی تەواو بە ناشتنی کوژراوەکانەوە نەبەنە سەرو ناچار نەبووبن جەنازەی سەربازەکان بۆ دەرەوەی شار بەرن تا قەل وداڵ بیانخوات.

کاترینا، دەم لە پەنا گوێی دەنێ ودەڵێت: "دروستە، ئەگەر تۆ بچیتە دۆزەخ، منیش حەزدەکەم لە گەڵت بم." هەناسەی کاترینا ختووکەی دەدات.

جواو دەست دەبات، کەمەری کاترینا دەگرێ ولە سەر ئەژنۆکانی خۆی دایدەنێت. زۆر بە ئارامی ئەو کارە دەکات، وەکو هەموو جارێکی دی کە دەست بۆ ئەم ژنە دەبات، لە بەر لاوازییەکەی یان لەبەر ئەوەی نەبا ئەزیەتی بدات، جۆرە هەستێکی پەشیمانی دایدەگرێت و ئەوەی بەبیرا دێت کە دەبێ دەم و دەست ئەم ژنە ڕەها بکات، چونکە ڕێک لەو دەمەدا کە دەیەوێ لە ئامێزی بکات، ڕووبەڕووی مقاوەمەتی بەدەنی ژنەکە دەبێتەوەو دەزانێ کە تواناى پەیوەندی بەدەنی نییە، ئیدی فێری ئەوە بووبوو کە ڕێزی هەستەکانی ژنەکە بگرێ و ئارەزووی خۆی جڵەو بکات، چونکە ئەو ژنەی خۆش دەویست. هەرچەندە سالانێکی زۆر پێکەوە ژیابوون، بەلام بە دەگمەن مومارەسەی عاشقێنیان کردبوو، ئەبوت جواو دەبیرەوە دەچێت، زۆرجار عەشقبازیان بەوە کۆتایی هاتووە کە کاترینا کشاوەتەوەو ئەوی بە هانکە هانک و دڵە کوتە و شەلاڵی ئارەقەوە بەجێ هێشتووە. بەلام ئەم بەیانیە زۆری پێ سەیرە کە کاترینا ئەو لە خۆی دوور ناخاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە باوەشیا مت دەبێ، جواو، هەست بە جەستە لاوازەکەی، بە پەراسووە ڕەق و تەقەکانی دەکات و بە سینگ و بەرۆکە نیمچە سافەکەی لە سەر بەدەنی خۆی دەکات.

کاترینا دەڵێت: " لە شفاخانەکە، هەر خەمی تۆم بوو، زۆر بۆت نیگەران بووم. لەو کاتەدا کە بە برینداەکان ڕا دەگەیشتین، کە سەربازەکانمان دەبینی کە بەدەم تەقە کردنەوە، یان مەشخەڵ هەڵدانەوە تێدەپەڕین. خەمی تۆ دایدەگرتم."

ئەو قسانەی بە جۆش وخرۆشەوە نەدەکرد، دەم وڕاوێژی سارد وسڕ بوو، دەتگوت باسی خەڵکانی نەناس دەکات. بەلام ئەبوت جواو هەستی بە سۆز وگودازێکی زۆر دەکردو ئەوسا لە ناکاوا ئارەزووی ژنی دەکرد. دەستی دەخستە ژێر جلەکانی کاتریناوەو نەوازشی پشتی دەکرد، دەستی بەناوچەوانیا دێنا، گۆی مەمکە زۆر

بچووکەکانی نەوازش دەکرد، دەمی، کە هەموو ددانەکانی پێشەوەی کەوتبوو، لە گەردن و گۆناکانی، لە لێوەکانی هەڵدەسوو. کاترینا ڕێگەی دەدا ماچی بکات، بەڵام دەمی نەدەکردەوە. بەڵام کە جواو هەوڵیدەدا لە سەر دۆشەکە پووشەکە پاڵی بخات، جەستەی ژنە ڕەق وگرژ دەبوو، جواو سارد دەبووەوە، ڕێگەی دەدا کە لە باوەشی وەدەربکەوێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشاو چاوەکانی دەنوقاندن. کاترینا هەڵدەستێ، جلەکانی دادەداتەوەو خۆی دەپێچێتەوەو ئەو قوماشە شینەی کە کەوتبووە سەر ئەرزەکە، هەڵدەگرێتەوەو دووبارە لە سەری دەبەستێتەوە. میچی کوختەکەیان ئەوەندە نزمە، ناچارە، لەو گۆشەیەدا کە بۆ ئازووقەیان تەرخان کردووە – ئەگەر ئازووقەیەک لە گۆڕێ بێ – بە پێوە سەر دابنەوێنێ. ئازووقەی چی، بریتی بوو لە تۆزێ قاورمەی گۆشت، ئاردی مانیوک. شەکری بۆر وفاسولیا. جواو تەمەشای ژنەکە دەکات کە خەریکی ئامادە کردنی خواردنە، لە دڵی خۆدا حیسابی ئەوە دەکات کە چەند ڕۆژ یان هەفتەیە، ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە بەم جۆرە دەگەڵ ژنەکەیدا بە تەنیا بن ونە بیر لە شەڕ بکەنەوەو نە باسی مەسیحی دەجال بکەن.

دوای ماوەیەکی کورت کاترینا دێت ولە لایەوەو لە سەر دۆشەکەکە دادەنیشێت، کاسەیەکی دارینی پڕ لە فاسولیا و ئاردی مانیوک ومراکێکی دارینی بەدەستەوەیە. هەردووکیان هەمان مراک بە نۆرە بەکار دێنن، بەڵام کاترینا لە هەنبەر هەر دوو یان سێ کەوچکی جواو دا یەک مراک لە خواردنەکە دەخوات.

کاترینا، لەبن لێوانەوە دەڵێت: "ڕاستە دەڵێن کە سوور پێستەکانی میراندیلا، بیلومونتەیان لە دەست یارۆی سەربڕ ڕزگار کردووە؟ یواکیم ماکامبیرا وا دەڵێت."

ئەبوت جواو بەرسڤی دەداتەوە: "ڕەش پێستەکانی موکامپو وخەڵکی دیکەشیان لەگەڵدا بوون. بەڵام ئەمە ڕاستە کە هیندییە سوورەکانی میراندیلا بە ڕاستی ئازا بوون. نە قەرەبینایان هەبوو نە تفەنگ."

بە خۆیان چەکیان نەدەویست، ئیدی لەبەر سەرەڕۆیی یان خورافە یان گومان یان لەبەر هەر شتێکی نادیاری دی بوو. چونکە ئەبوت جواو وبرایانی ڤیلانوڤا وپدراو، جواوە زلە و ماکامبیرا زۆرجار هەوڵیان دابوو چەکی گەرم و تەقەمەنیان بدەنێ، بەڵام سەرکردەی سوور پێستەکان، سەری بەملا و بەولادا بادابوو و ڕەفزی کردبوو. تۆزێک بەر لە هاتنی یارۆی سەربڕ، ئەبوت جواو بە خۆی قەولی دابوونێ کە چۆنیەتی بەکارهێنان و خاوێنکردنەوەی شمخاڵ وتاپڕ وساچمەزەنیان فێر بکات. ڕەفزیان کردبوو. ئیدی ئەبوت جواو لەمەوە گەیی بووە ئەم ئەنجامگیرییەی کە هندە سوورەکانی کاریری ئەمجارەش نیازی شەڕکردنیان نییە. ئەوان لە شەڕەکەی ئەواوادا، نەچووبوونە شەڕی سەگەکان وکە سەربازو قۆشەنی عەسکەری لە ڕێگای ئوکامبایو هێرشیان هێنابوو، ئەمان تەنانەت لە کوختەکانیشیان نەهاتبوونە دەرەوە، وەکو ئەوەی ئەم شەڕە کەم و زۆر پەیوەندی بەمانەوە نەبووبێ. ئەبوت جواو گوتبووی: "بیلومونتە لەو قۆڵەوە، بێ بەرگری دەمێنێتەوە. با لە مەسیحی موبارەک بپارێینەوە کە سەربازەکان لەو قۆڵەوە هێرش نەیەنن." لێ دژمن لەو قۆڵەشەوە هێرشی هێنابوو. ئەبوت جواو بیر دەکاتەوە: " ئەو بەرەیە تاقە بەرەیەک بوو کە دژمن نەیتوانی درزی تێبخات." ئەوانەی بەرەنگاریان بوونەوە و ڕێگەیان پێگرتن، ئەو خەڵکە سەرسەخت و خۆڕاگرە بوون، کە تەنیا بە تیر وکەوان و ڕم و کێردان بەرەنگاری دژمن بووبوونەوە. شتێک بوو لە پەڕجوو دەچوو؟

ئەبوت جواو، کە چاوی لە چاوی ژنەکەیەتی، دەپرسێت: " لە بیرت دێ کە یەکەمجار لە گەڵ مورشیدا چووین بۆ میراندیلا؟"

کاترینا سەر دەلەقێنێ. پاش ئەوەی لە نانخواردن دەبنەوە، کاسە و مراکەکە دەبات و لە سووچێکی وجاخەکەی دادەنێ. پاشان جواو دەبینێ کە بۆ لای ئەم دەگەڕێتەوە – زۆر لاوازە، خەمبارە، پێی پەتیە، سەری لە میچە تەنی گرتووەکە دەسوێت – لە تەنیشت ئەوەوەو لە سەر دۆشەکەکە پاڵدەکەوێ. جواو باسکی وەبن سەری ئەو دەدات و بە ئەسپایی جێگای دەکاتەوە تا بە ئاسوودەیی پاڵبکەوێ. بەبێدەنگی پاڵ دەکەون، گوێ بۆ دەنگە نزیک و دوورەکانی کانودوس دەگرن. دەتوانن بە سەعاتان بەوجۆرە پاڵ بکەون، ڕەنگە ئەمە ماقووڵترین ساتێن ژیانی هاوبەشی ئەوان بێ.

کاترینا لە بن لێوانەوە دەڵێت: " ئەو کاتانە چەند تۆ ڕقت لە کوستودیا بوو، منیش ئەوەندە ڕقم لە تۆ بوو."

میراندیلای گوندی هندیە سوورەکان، کە لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەنجوومەنانی مەزەبی کاپوسینەکانی مژدەبەرانی ماساکارا بۆ ئەوێندەریان هێنابوون، ئەمە گوندێکی تاک وتەریکی دابڕاوی دەشت و بیابانی کانودوس بوو، چوار فرسەخە ڕێگەی لمەلان لە پومبالەوە دوور بوو، ڕێگەیەکی پڕ درک ودالّ وزەردەسیری بوو، لە هەندێ شوێنا بە ڕادەیەک چڕ وچغورد بوو، نەتدەتوانرا لێی بپەڕیتەوە. هەواکەی هێندە گەرم بوو دەمو لێوەی خەڵکی دەقەڵەشاندو، پێستی دەسووتاندن. کاتی خۆی، لە ڕۆژگارو زەمانی دوورا، گوندی سوور پێستانی کاریری کە کەوتبووە سەر لوتکەی شاخێکی سەخت وعاسی و لە بەر هەتاوا دەسووتا، مەیدانی شەڕێن خوێناوی بوو، کە هەندێجار – دەبوو بە شەڕ وقەتڵ وعامی ترسناک – شەڕ لە نێوان سوور پێستەکان و سپی پێستەکانی ناوچەکە، شەڕ لە سەر زەوی و زار و باشترین موڵک. سوور پێستەکان بە کۆمەڵ لە گوندەکەداو لەو کوختانەی دەوری (کڵێسای عروجی مەسیح) دەژیان. ئەمە بینایەکی بەردین بوو، عەمری دووسەد ساڵ بوو، سەرەکەی بە هەژگ وبژاڵ وحەسیر گیرابوو، دەرگاو پەنجەرەکانی شین بوون، زەویەکی کراوە لە بەردەمیا بوو کە بە مەیدانی گوندەکە دەژمێردرا. هیچ شتێک لەم مەیدانەدا نەبوو جگە لە چەند درەختێکی نەرگیل وخاچێکی دارین. سپی پێستەکان لە مەزراکانی خۆیانا، لە دەوروبەری گوندەکە دەژیان، دراوسێتیان خۆش نەبوو، زیاتر لە دژمنایەتی و نەیارییەکی پەنهان دەچوو، ناوبەناو شەبیخونیان دەکردە سەر یەک، تالان وبرۆ وکوشت وکوشتاریان دەکەوتە بەینەوە، سوور پێستانی میراندیلا کە ژمارەیان چەند کەسێک دەبوو، بە نیمچە ڕووتی دەسووڕانەوە، کە قسەیان دەکرد پرژەی تف ولیک لە دەمیان دەبووەوە، بە کەوان و تیری ژەهراوی ڕاویان دەکرد. هەڵبەتە ئەمانە نموونەی خەڵکانێکی بەلەنگازو داماو بوون، کە دوور وتەریک لە خەڵکی، لە ناو کوختە پەرپووتەکانی خۆیاندا، کە بە چڵ و چێو وگەڵای ئیکو سەرەکانیان گرتبوو دەژیان، مەزرای گەنمەشامیەکانیشیان کەوتبوونە بەینی ئەم کوختانەوە. ئەمانە هێندە هەژارو نەدارو دەستکورت بوون کە نە چەتە و ڕێگران و نە دەورێیانی گەڕۆکی گوندەواران بیریان لە تاڵانکردنی میراندیلا نەدەکردەوە. دووبارە گەڕابوونەوە سەر مەزەبی کافرانەی خۆیان. ساڵانێکی زۆری پێچوو بوو تا کاپوسین ولازاریستەکان توانی بوویان لەم گوندەدا نوێنەرایەتیەکی مژدەبەری دروستبکەن، چونکە هەرکە سەرو سەکوتی قەشەکان لەو دەوروبەرەدا پەیدا دەبوو، هندیە سوورەکان بە ژن ومنداڵەکانیانەوە، هەڵدەهاتن وبۆ ناو لێرەوارو بێشەکان ولەوێندەر خۆیان دەشاردەوە، تا سەرەنجام قەشەکان کۆڵیان داو بڕیاریان دا، کە تەنیا بۆ سپی پێستەکان وەعز بخوێنن. ئەبوت جواو بیری نایەت کە مورشید کەنگێ بڕیاری دابوو کە بۆ میراندیلا بڕوات.

گەڕانی موریدەکان بە لای ئەوەوە، خەتێکی ڕاستەوڕاستی نەبوو، کە بە پێش وپاشی ئەم وەخت وئەو وەختەوە دیاری بکرێ، بەڵکو مەسیرەیەکی بازنەیی بوو – دووبارە بوونەوەی ڕۆژەکان و بویەرەکان یەکسان بوون.

بەڵام بیریشی نایە ئەو بویەرە چۆن ڕووی دا. مورشید، دوای نوێژەنکردنەوەی کڵێسا بچووکەکەی پومبال، بەیانییەکی زوو بەرەو باکوور کەوتەڕێ، ڕێگاکەی بە زنجیرە گردۆڵکەیەکی ڕک و سەختا تێدەپەڕی کە یەکسەر دەچووە مەکۆ ومەڵبەندی هندە سوورەکان، کە چەند ڕۆژێک بوو، ماڵباتێکی سپی پێست لەوێندەر قەتڵ وعام کرابوو. کەس هیچی پێ نەگوت، چونکە کەس چەند وچوونی لە مەڕ بڕیارەکانی مورشید نەدەکرد. بەڵام بە درێژایی ئەو ڕۆژە درێژەو لە ژێر ئەو هەتاوە گەرمەدا کە مێشکی بەشەری دەکولاند، گەلێک لە موریدو یاوەرەکان، بە ئەبوت جواوەوە، پێیان وابوو، لە کۆتاییدا یان دەگەنە گوندێکی چۆڵ وهۆڵ، یان ڕووبەڕووی دەستڕێژی تیران دەبنەوە.

بەڵام نە ئەمیان ونە ئەویان ڕووی نەدا. مورشید و موریدەکانی بە قەدپاڵی شاخەکەدا سەرکەوتن و ئێوارەیەکی درەنگ بەدەم خوێندنی سروودی ستایشی مریەمەوە خۆیان بە گوندەکەدا کرد. هندە سوورەکان بێهیچ ترس و دژمنایەتیەک، زۆر ئاسایی پێشوازیان کردن. سەیریان کرد زیارەتکارەکان، لە گۆڕەپانە کراوەکەی بەردەم ماڵەکانی ئەواندا جێگەیان خۆشکرد و ئاگرێکیان کردەوەو دەوریان دا. پاش ئەوە دیتیان کە خۆیان بە کڵێسای عروجی مەسیح دا کرد ولە هەنبەر خاچەکەدا دەستیان بە نوێژ ونزا کرد. ئەوسا سەیریان کرد ئەو پیاوانەی کە سەروچاویان یەکپارچە زیپکەی عیبادەتکاری بوو وهێڵی سەوزو سپی بە دەم وچاویانەوە بوو، بە دڵ وبەگیان گوێ لە شەو وەعزەکانی مورشید دەگرن. گوێیان لێبوو باسی روحل قودسی ، کە دەکاتە ئازادی، باسی خەمی مریەمی دەکرد، ستایشی دەروێشی وهەژاری و لە خۆ بوردەیی و قوربانی دانی دەکرد و ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە هەر عەزابێ لە ڕای خوادا بێ بە فیڕۆ ناچێ و لەو دنیا پاداشتی خۆی هەیە. ئەوسا گوێیان لێبوو، حاجیانی مەسیحی موبارەک، سەلاواتیان لە دیداری داکی مەسیح لێدەدا. بەیانی ڕۆژی دواتر هندە سوورەکان بە بێئەوەی لەوان نزیک ببنەوە، یان تەنانەت بزەیەکیان بە ڕووا بدەن، یان ئاماژەیەکی دۆستانەیان بۆ بکەن، بینیانن کە ڕێگەی گۆڕستانەکەیان گرتەبەرو لەوێندەر کەوتنە پاک کردنەوەی گۆڕەکان لە گیا وڕووەکان.

ئەبوت جواو دەڵێت: "مورشید ئەوجار سروش وئیلهامی لە خواوە وەرگرت کە بۆ ئەوێندەر بڕوات و تۆوێکی داچاند کە ئەنجام بەری گرت."

کاترینا هیچ شتێک ناڵێت. بەڵام جواو دەزانێ کە کاتریناش وەکو ئەو خەریکە بیری دەکەوێتەوە کە چۆن ڕۆژێک نزیکەی سەد هندە سوور، لە ناکاوا لە بیلومونتە پەیدا بوون. لە ڕێگەی بندنگووەوە دەهاتن، دار ونەداری خۆیان، ژن ومنداڵەکانیان ودان عەمرو پیرەکانیان، کە هەندێکیان خستبوونە سەردەستەبەرە لە گەڵ خۆدا هێنابوو. ساڵانێک بەسەر ئەو بویەرەدا تێپەڕی بوو. بەڵام کەس گومانی لەوە نەبوو کە پەیدا بوونی لە ناکاوی ئەو خەڵکە، نیمچە ڕووت و لە بۆیەدا هەڵکشاوە، مانای ئەوەبوو کە هاتوونەتە سەردانی مورشید. سوور پێستانی کاریری دەگەڵ کابرایەکی سپی پێستی خەڵکی میراندیلا کە ناوی ئانتونیوی فشفشەساز بوو، بە جۆری خۆیان بە کانودوس دا کرد، وەکو ئەوەی بۆ ماڵی خۆیان بگەڕێنەوە، لە مەیدانە کراوەکەی تەنیشت ماکامپودا کە ئانتونیو ڤیلانوڤا بۆ ئەوانی تەرخان کردبوو، ئاکنجی بوون. لەوێندەر کوختەکانیان قوت کردەوەو مەودای نێوان کوختەکانیان بە دانەوێڵە داچاند. لە کۆڕی وەعزەکاندا ئامادە دەبوون، بە پرتوگالیەکی سەرو گوێ شکاو، بایی ئەوەی مەبەستی خۆیان لە خەڵکی بگەیەنن قسەیان دەکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش هەر تەریک وگۆشەگیر بوون. مورشید زوو زوو سەری دەدان، ئەوان تێکڕا پێیان بە عاریددا دەدا – ئەوە شێوازی ڕەقسی ئەوان بوو – بەو ئاوایە پێشوازیان دەکرد. برایانی ڤیلانوڤاش کە سەواو مامەڵەیان لە گەڵیاندا هەبوو وپێداویستیەکانیان بۆ

جێبەجێ دەکردن، سەریان دەدان. ئەبوت جواو هەمیشە ئەوانەی بە غەوارە دەژمارد، بەڵام نها واهی نەمابوو. چونکە لە هێرشەکانی سەربڕدا دیتبوویانی کە سێ چەلان ڕووبەڕووی هێرشی هێزی پیادە بۆ سەر گەڕەکی وان بووبوونەوە، دووانیان لە قۆڵی فازا پاریس و ئەویتریان لە ڕێگای جراموابووە بووبوو. وەختایەک ئەو و بیست کەس لە گاردی کاتولیکی، چووبوونە هیمدادی ئەوان، ئەو سەری لەو هەموو هێرشبەرەی دەوری کوختەکانی وان و لە مقاوەمەتی سەرسەختانەی ئەوان سوڕمابوو، جا چتۆ مقاوەمەتێک! لە سەربانەکانەوە بە بەرد، بە تیر، بە قۆچەقانی بەرگریان دەکرد، لە سەربانەکانەوە بە تەور وتۆخماخەوە، بە ڕمە دارینەکانیانەوە خۆیان بە سەردا دەدان. کاریرییەکان، شەڕی دەستەویەخەیان دەگەڵ داگیرکەراندا دەکرد، تەنانەت ژنەکانیشیان پەلاماری دژمنانیان دەدا، بە چنگ وبە دان تێیان بەر دەبوون و هەوڵیان دەدا تفەنگ و قەمەکانیان لێبرفێنن و لە هەمان کاتدا جنێوبارانیان دەکردن. وەختایەک شەڕەکە تەواو بوو بوو بە کێمانی(بەلای کەمەوە) سێ چارەکی سەربازە پیادەکان کوژرابوون و بریندار بووبوون.

لە تەقەی دەرگا دەدرێ، خەیاڵ وبیرکردنەوەکەی ئەبوت جواو، پچڕا. کاترینا ئەو تەختەیەی کە لە جیاتی پشتکۆڵ بە دەرگاکەوە نرابوو وبە تەلێک تووند قایم کرابوو لادەبات، یەکێک لە کوڕەکانی هونوریو ڤیلانوڤا، لە نێوان تەپ و تۆزێک وڕوناکیەکی سپیواژەوە بەدیار دەکەوێ. دەڵێت: " هاپو ئانتونیو دەیەوێ داروغا بدینێ."

ئەبوت جواو دەڵێت: "پێی بڵێ هەر ئێستا دێم."

لە دڵی خۆدا دەڵێت باوەڕ ناکەم ئەم شادمانیە زۆر بخایەنێت، بە سیمای ژنەکەیا بۆی دەردەکەوێ کە ئەویش هەمان قەناعەتی هەیە. پانتۆڵە زبرە جاوەکەی لە پێ دەکات، پاتاوە جەڵەبییەکانی لە پێ دەکات، کراسەکەی لەبەر دەکات ودەچێتە دەرەوە. ڕۆشنایییە تیژەکەی دەرەوە، چاوی دەخاتە ڕێشکە وپێشکە. وەکو هەمیشە ئەو ژن و منداڵ وپیرە پیاوانەی لە بەر دەرگای ماڵەکەیان دانیشتوون سڵاوی لێدەکەن و ئەویش بە دەست سڵاوەکەیان دەسەنێتەوە. بەناو ئەو ژنانەدا کە پۆل پۆل دانیشتوون و گەنمەشامی لە دەنگ و دەسکاوەنەکانیاندا دەکوتن و بەناو ئەو پیاوانەدا ڕەت دەبن کە بەدەم قسانەوە قامیشان لە عاردی دەچەقێنن و بە قوڕ درزەکانی بەینیان سواخ دەدەن وتا دیوارە ڕوخاوەکانی پێ نۆژەن بکەنەوە. لە شوێنێکەوە گوێی لە دەنگی گیتار دەبێ. پێویستی بە دیتن نییە تا دڵنیا بێت کە لەو ساتەدا سەدان کەس لە کەناری (فازا – پاریس) و دەروازەی (جراموابو) بە چیچکانەوە دانیشتوون و ئەرزەکە تەخت دەکەن و باخەکان ڕێک دەخەن و پەینی ناو ئاغەڵەکان دەماڵن، هیچ دار و پەردوویەک لە سەر جادەکان نابینرێ، زۆربەی کوختە سووتاوەکان لە نوێ بونیاد نراونەتەوە. دەبیرەوە دەچێت: " ئەمە کاری ئانتونیو ڤیلانوڤایە. " لەو ساتەدا کە ڕێ و ڕەسم و ئاهەنگی سەرکەوتنی بیلومونتە بەسەر کافرانی کۆماری دا تەواو بووبوو، ئانتونیو ڤیلانوڤا، سەرۆکایەتی دەستەی داوخوازان وگاردی کاتولیکی گرتبووە ئەستۆ. ئیدی سەرگەرم و مژوولی کاروباری بە خاک سپاردنی مردووەکان و پاک کردنەوەی دارو پەردوو و بونیادنانەوەی کوختەکان و کارگەکان و کۆکردنەوەی ئەو گا و گوتاڵ و پەز و ماڵاتە بوو کە لە ترسا پەراگەندە بووبوون. ئەبوت جواو لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "ئەمەش کاری ئەوانە، هەر لەوان دەوەشێتەوە، ڕەوشەکەیان وەکو خۆی قەبووڵ کردووە، بەڕاستی قارەمانن." بە چاوی خۆی دەیانبینێ، ڕازی و ئاسوودەن، بە ڕووخۆش ودەم بە خەندە پێشوازی لێدەکەن. شەوێ بەپەلە بۆ پەرستگەکەی مەسیح دەچن وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، تا گوێ لە مورشید بگرن، وەکو ئەوەی هیچ کەسێکی ئەم ماڵباتە نەکوژرابێ، بە

سەرەنێزە بریندار نەبووبێ، یان لەم شەڕەدا نەبووبێ بە خەڵوز، یان هیچ برینداریکیان بەدەم ئاخین ونالینەوە لە شفاخانە و کڵێساکەی سانتو ئانتونیودا نەکەوتبێ کە ئێستا بووبوو بە خەستەخانە.

لەم کاتەدا شتێک لە ڕێکردن ڕایدەگرێت. هەردوو چاوی دەنوقێنێ وگوێ هەڵدەخات. نە بە هەڵە چووە، نە خەون دەبینێ، دەنگێکی نەرم و خۆش بەردەوام دەبێت. لە قوڵایی یادگەیدا شوڕە شوڕی ئاوێک پەیدا دەبێت، لە ناکاوا گەورە دەبێ ودەبێت بە ڕووبار، شتێکی سەیر دروست دەبێ، لە شێوەی بریق و باقی شمشێران وشکۆ و جەلالی کۆشک و تەلارێن ناوازەدا بەرجەستە دەبێت. بیردەکاتەوە: " شەڕی سێر ئولیفیە دەگەڵ فیرابراس دا." یەکێکە لە چیرۆک وحیکایەتەکانی (دوازدە نەجیمزادەکەی فەرەنسا) کە زۆری لە لا خۆش و شیرینە؛ شەڕێکە کە ساڵانێکی زۆرە گوێی لە کەس نەبوو، بیگێڕێتەوە. دەنگی بەندبێژەکە لە دووڕیانی کامپوگراندەو دیڤینووە دێت، کە ئاپۆڕایەکی زۆر لەوێندەر خڕبوونەتەوە. دەچێتە پێشترەوە، کە خەڵکەکە دەیناسنەوە، ڕێگەی بۆ دەکەنەوە. ئەوەی کە بە دەنگ و ئاوازەوە بویەرو بەیتی زندانی کردنی ئولیفیە و شەڕی تەن بە تەنی ئەو دەگەڵ فیرابراس دا، دەگێڕێتەوە، منداڵێکە… نەک کورتەڵەیەک. زۆر وردیلەیە، لاواز و بێ نموودە، لاسایی گیتار ژەنین دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا، ڕینگ و هۆڕی شمشێران و جریدبازی و هەڤڕکی سوارچاکان و ئیکلامکردنیان بۆ حەزرەتی شارلمانی گەورە، نمایش دەکات. ژنێکی قژ درێژ لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشتووە، قوتوویەکی لە کۆشیا داناوە و بوونەوەرێکی زۆر لاوازی بە تەنیشتەوەیە، سەراپای لە خاک و خۆڵایە، نیگا و نۆڕینی نابینایانی کوێری هەیە. ئەبوت جواو دەیانناسێتەوە: هەمان ئەو سێ کەسەن کە دەگەڵ بابە یواکیم دا دیتبوویانی، هەمان ئەو سێیانەی کە ئانتونیو ڤیلانوڤا جێگەی کردبوونەوە، ڕێگەی دابوون لە عەمار و فرۆشگاکەدا بخەون. دەست درێژ دەکات و دەیخاتە سەر شانی کابرا بچووکەکەو، کابرا دەم و دەست بێدەنگ دەبێت.

لێی دەپرسێت: " بەیتی ترسناک و پەند ئامێزی روبەرەتی شەیتان سیفەت دەزانی؟ "

کورتەڵە، دوای هەڵوەستەیەک سەری ئەرێ دەلەقێنێ.

داروغا، بە ڕاوێژێکی میهرەبان دەڵێت: "حەزدەکەم، جارێک لە جاران بۆمی بگێڕیتەوە."ئەوسا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو وەختەی کە لە دەستی دابوو، بە غاردان دەکەوێتە ڕێ. دەوروبەری ڕێگای کامپوگراندە، یەکپارچە چاڵ وقۆرتی گوللە تۆپانە. ڕووکاری ماڵەکەی پێشکارەکەی جارانی کانودوس، بە گوللە دابێژراوە. ئەبوت جواو لە بن لێوانەوە دەڵێت: "سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک"، لە سەر بەرمیلێک ولە هەنبەر پاجودا دادەنیشێت. هیچ شتێک لە سیمای پاجودا نایەتە فامکرن، بەڵام دەبینێ کە ئانتونیو و هونوریو ڤیلانوڤا، ماکامبیرا پیر، جواوە زلە و پدراو هەموو خڕ بوونەتەوە و بابە یواکیم لە ناوەندیاندا ڕاوەستاوەو سەراپای لە قوڕا هەڵکشاوە و قژی بژ بووەتەوەو ڕدێنی بەرداوەتەوە. ئەبوت جواو لێی دەپرسێت: " بابۆ، لە جوازیرو هیچتان بۆ کەشف بوو؟ هێشتاش قۆشەن و لەشکر بەڕێوەن بۆ ئەوێ؟ " بابە یواکیم، بە ڕاوێژێکی گڕ بەرسڤ دەداتەوە:

" بابە ماکسیمیلیانو، وەکو چۆن بەڵێنی دابوو لە کیماداسەوە هاتووە و لیستێکی تەواوی بۆ هێناوم." کاغەزێک لە گیرفانی دەردێنێ وبە دەنگی بەرزو بە هانکەهانک دەکەوێتە خوێندنەوەی: "لیوای یەکەم: فەوجێن پیادەی حەوتەم و چواردەیەم و سێیەم بە فەرماندەیی عەقید یواکیم مانوویل دی میدروس، لیوای دووەم: فەوجێن پیادەی شازدەیەم و بیست و پێنجەم بە فەرماندەیی عەقید ئاناسیو ماربا گوفیا. لیوای سێیەم: کەتیبەی پێنجەمی تۆپخانە و هەردوو فەوجی پیادەی پێنجەم و نۆیەم بە فەرماندەیی عەقید ئولیمپیو سیلفیرا. فەرماندەی گشتی سوپا، جەنەراڵ جواو سیلفا باربوسا. فەرماندەی گشتی ئوپەراسیۆنەکان جەنەڕاڵ ئارتور ئوسکار."

هەناسە برکێی پێدەکەوێت، واز لە خوێندنەوە دێنێ، گێژ و مەنگ دەڕوانێتە ئەبوت جواو. ئەبوت جواو دەپرسێت: " بابۆ، ئەم حەشاماتە هەر هەمووی چەند سەرباز دەبن؟"

قەشە وردیلەکە دەکەوێتە مینگە مینگ: "پێدەچێ، نزیکەی پێنج هەزار کەسێک ببن. بەڵام ئەمانە تەنیا ئەو سەربازانەن کە لە کیماداس و مونتەسانتو هەڵیان داوە. هێزێن دیکەش لە باکوورەوە لە ڕێگەی سرگییەوە بەڕێوەن." بە دەنگێکی لەرزۆک دووبارە دەست بە خوێندنەوە دەکاتەوە: "تابوورێکی دیکەش بە فەرماندەیی جەنەرال لودیودا ئەمرال ساڤاگیت بەڕێوەیە. لە لیوای سێیەمیش، فەوجێن چوارۆپێنج وشەش بەڕێوەیە. لەشکرێکیش کە پێکهاتووە لە فەوجێن پیادەی دوازدەیەم، سی ویەکەم و سی وسێیەم وفیرقەی تۆپخانەو فەوجێن سی و چوارەم و سی و پێنجەم و چواردەیەم و بیست و شەشەم و سی و دووەم و لەشکرێکی دیکەی تۆپخانە. ئەمانەش نزیکەی چوار هەزار کەس دەبن. ئەمانە لە ئاراکاجو دابەزیون و خەریکە بەرەو جراموابو پێشڕەوی دەکەن.

بابە ماکیسمیلیانو، نەیتوانیوە ناوی ئەفسەرانی فەرماندەی ئەمانە بە دەست بێنێت. پێمگوت ئەوە گرینگ نییە. بەڕاستیش گرینگ نییە، وانییە جواو؟"

ئەبوت جواو بەرسڤ دەداتەوە: "نا، گرینگ نییە، بابە یواکیم بەڕاستی زانیاری زۆر چاکت بەدەست هێناوە، خوا خێرت بنووسێ."

قەشە وردیلەکە، لە بن لێوانەوە دەڵێت: "بابە ماکیسمیلیانو، پیاوێکی باوەڕدارە. بۆی باسکردم کە ئەو کارەی لەوێندەر زۆر خەتەرو بە تالوکە بووە، زۆر ترساوە. پێمگوت من زۆر لەو پتر ترساوم." بەدەم پێکەنینێکی دەستکردەوە، یەکسەر لە سەری دەڕوات: "قۆشەنەکە لەوێ، لە کیماداس کێشە وئاریشەی گەورەی هەیە. ئەو هەموو خەڵکە خواردنیان دەوێ. هێشتا قافڵەکەیان ئامادە نەکردووە، نە عەرەبانەی پێویستیان هەیە نە قاترێن پێویست بۆ گوێزانەوەی ئەو هەموو چەک و تەقەمەنی و تفاقی شەڕەی کە پێیانە. دەڵێت ڕەنگە چەند هەفتەیەکیان پێ بچێت تا خۆیان ئامادە دەکەن."

ئەبوت جواو سەرێک دەلەقێنێ. کەس قسە ناکات، هەموو نوقمی ویزە ویزی پێشکەو پاڵەوانبازی ئەو زەردەواڵەیەن کە سەرەنجام لە سەر ئەژنۆی جواوە زلە دەنیشێتەوە. کابرای قولە ڕەش (جواوە زلە) بە پەلەپیتکەیەک تووڕی دەدات.

ئەبوت جواو سەری لە چەنە چەنی لە ناکاوی توتیەکەی برایانی ڤیلانوڤا دەسوڕمێ.

بابە یواکیم دەڵێت: " دکتۆر ئاگیار دوناسیمنتوم بینی، پێی گوتم کە پێتان بڵێم تاقە کارێ کە تۆ بتوانی بیکەی ئەوەیە، کە ئەم خەڵکە، پێش ئەوەی ئەم قۆشەنە بگاتە جێ، بۆ گوندەوارەکانی خۆیان بنێریتەوە." هەڵوەستەیەک دەکات و ژێراوژێر نیگایەکی ترس ئامێزی ئەو حەوت پیاوە دەکات کە بە ڕێز ودیقەتەوە تەمەشای ئەو دەکەن و گوێ لە قسەکانی دەگرن. "بەڵام ئەگەر بە نیازی ئەوە بی تا سەر شەڕی سەربازەکان بکەیت، هەنگێ عەرزێکی تری بۆتان هەیە." سەری دادەنەوێنێ، لەوە دەچێ شەکەتی و ترس دەرفەتی ئەوەی نەدەن، لەوەی زیاتر بڵێ.

ئانتونیو ڤیلانوڤا دەڵێت: " سەد تفەنگی جۆری کومبلی و بیست و پێنج سەندووق فیشەک، هی سوپایە نفت و نوێن، لە سەندووقی کارخانەدان، دەکرێ لە ڕێگای ئواوا و بندنگووە بهێنرێ، ڕێگاکە ئەمینی ئەمینە." دەست

دەست ئارەقە دەکاتەوە، بەدەم قسانەوە هەنیەی دەسڕێت. "بەڵام لە کانودوس دا هێندەمان پێستە وگا وگوتاڵ و مەڕ و بزن نییە، کە ئەو پارەیەی بدەینێ کە داوای دەکات."

ئەبوت جواو، لە چاوی کابرای بازرگاندا، ئەوە دەخوێنێتەوە کە وتویەتی یان پێش هاتنی ئەم لە بیریا بووە، دەڵێت: "خۆ جواهیر و ئاڵتوون و زیومان هەیە."

بابە یواکیم، بە دەنگێکی نەوی کە بە ئەستەم دەبیسترێ دەڵێت: "ئەوانە هی مریەمی پاکیزەو کوڕەکەیەتی. باشە ئەمە ناکاتە بێ حورمەتی بەوان؟"

ئەبوت جواو دەڵێت: "مورشید دەزانێ ئاخۆ بێ حورمەتیە یان نا. پێویستە لەو بپرسین."

***

پەیامنێرە نزیکبینەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: " هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە پیاو لەمەش پتر بترسێت." ئەمە دەرسێکی گەورەی ئەو ڕۆژگارە بێ سەعاتە بووە، دەرسێکی گەورەی تاپۆ وتارماییە بێ شێوەو شکڵەکان بوو، بۆ ئەو ڕوناکیە لێڵ وتەماویەی کە چاوانی ئەو هەوڵیدەدا ئەو دیوی بدینێ، تا چاوانی بە ڕادەیەک کەوتنە سووتاندنەوە و کزانەوە کە ناچار بوو بیانوقێنێ و ماوەیەک لە تاریکیدا وەمێنێ و نائومێدی بەسەریا زاڵ ببێت: هەنگێ تێدەگەیی کە چ بەشەرێکی ترسنۆکە. ئەگەر هاوکارەکانی لە جورنال دی نوتیسیاس و دیاریودا باهیا و ئورپو بلیکانو، بەمەیان زانیبا چییان دەگوت؟ لە نێو هاوکارەکانیا بە پەیامنێرێکی بوێر وئازا نێوی دەرکردبوو کە هەمیشە عەوداڵی ئەزموونی تازەیە: یەکەم کەس بوو کە سرووتی فودودا (سرووتی فودو: سرووت و ئاهەنگێکی تایبەتە بە موریدانی ئاینی فودوی زنجییەکان، کە لە بنەڕەتا سرووتێکی ئەفریقییە، کە لە بنچینەدا پشت بە ئەفسوون و خێفزانکی دەبەستێ. ) کە لە کوچە و کۆڵانە تەریکەکان یان گوندە بچووکەکاندا دەگێڕدرا، بەشداری کردبوو، ئەوەش لە سەردەمانێکا بوو کە ڕێ و ڕەسمی مەزەبی ڕەش پێستەکان، مایەی ترس یان بێزاری سپی پێستەکانی باهیا بوو. یەکێک بوو لە مشتەریە جدی و بەردەوامەکانی کۆڕی جادووگەران. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە خوویان دابووە تلیاک کێشان. باشە هەر ئەم گیانی سەرەڕۆییە نەبوو کە وای لێکرد خۆبەخشانە بۆ جوازیر بڕوات تا دیمانە لە گەڵ دەربازبووانی هێرشە سوپاییەکەی ملازم پیرس فیریرا دا بکات؟ مەگەر هەر خۆی داوای لە ئیپامینوداس نەکردبوو، کە ڕێگەی بدات دەگەڵ موریرا سیزار دا بڕوات؟ لە دڵی خۆیدا گوتی: "من ترسنۆکترین ترسنۆکەکانی دنیام." یارۆی کورتەڵە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی سەرەڕۆیی و بەسەرهات و کارەساتە پاڵەوانبازیەکانی ئولیفیە وفیراپراس. تاپۆ وتارماییە گونگ ولێڵ وبێ شێوە و شەکڵەکان هەر لە جێی خۆدا بوون، ژن و پیاوانی پێ لێکدی جودا نەدەکرایەوە، لە جێی خۆ جوڵەیان نەدەکرد. دیار بوو کە چیرۆک و حیکایەتەکانی کورتەڵە تەواو ئەفسوونی کردبوون، لە زەمان و لە کانودوس وەدەر کەوتبوون.

چۆن بوو لێرەدا، لەم کۆتایی دنیایەدا، لە زمانی کورتەڵەیەکەوە کە بێگومان خوێنەواری بەڵەد نەبوو بەیت و ڕۆمانسێکی (چیرۆکی ڕیسکی ئاشقێنی) سەردەمانی کۆنی دەژنەوت، کە سەدان ساڵ لەوە پێش دەریاوانێک یان خوێنکارێکی گەنج لە کویمبراوە بۆئێرەیان هێنابوو؟ ئەم بیابانە (سیرتاو) چ سپرایزێکی دیکەی لە هەگبەدا بوو؟

سکی کەوتە قۆڕە قۆڕو لە دڵی خۆدا گوتی تۆ بڵێی ئەم جەماعەتە پارەی ژەمە خواردنێکی نەدەنێ. ئەمە یەکێک بوو لەو شتانەی کە لەم ڕۆژگارە پڕ پەند و عیبرەتەدا کەشفی کردبوو: ئەمەی کە دەشێت خواردن ببێ بە یەکێک لەو خەمە بنەڕەتیانەی کە بە سەعاتان، مێشکی بەشەر بە خۆیەوە مژوول بکات و هەندێجار پتر لەو حاڵەتی

نیمچە کوێریەی کە شکانی چاویلکەکەی تووشی کردبوو، نیگەرانی بکات – ئەو حاڵەتەی کە خۆی بە هەر شتێک و بە هەر کەسێکا دەکێشا و ئەوەندە خۆی  بە دار وبەردا کێشابوو هەموو گیانی شین بووبووەوە، خۆی بە خەڵکیدا دەکێشا وبەردەوام تەوازی بێنێتەوەو بەم بەو بڵێت: " ببورە، نابینم، داوای بوردن دەکەم" تا ئەو خەڵکە ئارام بکاتەوە کە لەگین بوو بە گژیا بچن.

کورتەڵە، لە ناکاوا نەقڵەکەی بڕی و بە جەماعەتی گوت کە برسیەتی و بۆ ئەوەی درێژە بە حیکایەتەکەی بدات، دەبێ شتێک بخوات. یارۆی ڕۆژنامەڤان، بە خەیاڵ ڕوخساری پاڕانەوە ئامێز و سیمای سواڵکەرانەی ئەوی هێنایە بەرچاوی خۆی. ئازای بەدەنی پەیامنێرەکە کەوتە جوڵە. دەستی ڕاستی بەرەو لای جورما جوڵا وگرتی. لە ڕۆژێکا چەند جارێک ئەم کارەی دووبارە دەکردەوە. هەرجارێ شتێکی تازە ڕوویدابا ترس – کە لە ناخیا خۆی مەڵاس دابوو – دایدەگرت، بۆیە هەر بە ئاستەمێک سەری پەنجەکانی بەر ئەو ژنە بکەوتبا، ئیدی دڵنیا هێور دەبووەوە. چونکە دوای ئەوەی بابە یواکیم ڕۆیی بوو، ئەم ژنە بووبوو بە تاقە هیوا و ئومێدی ئەو، چونکە ئەو ژنە پێی ڕادەگەیی و ورەی وەبەر دەنا و ترسی دەڕەواندەوە. ئەو و کورتەڵە باربوون بە سەر شانی جورماوە. بۆچی نەدەڕۆیی و خۆی لە شەڕی ئەوان ڕزگار نەدەکرد؟ لە ڕووی بەخشندەییەوە بوو؟ نەخێر، بێگومان لە ڕووی بێموبالاتی وخەمساردیەوە بوو، لەبەر ئەو ماندوویەتی وتەمەڵیە بوو، کە لە سەراپای نیشتبوو. بەڵام کورتەڵە، بەو لێبۆکبازیانەی خۆی بە کێمانی چنگێ ئاردی گەنمۆک (گەنمەشامی) یان چەند پارچە گۆشتێکی وشکەوە بووی بەر هەتاوی بۆ پەیدا دەکردن تا لە برسا نەمرن. بەڵام ئەو (ڕۆژنامەڤانەکە) هیچ کارێکی نەبوو، بۆیە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم ژنە درەنگ یان زوو لە کۆڵ خۆی بکاتەوە.

کورتەڵە دوای چەند نوکتەیەک کە کەسی نەهێنایە پێکەنین، گەڕایەوە سەر گێڕانەوەی چیرۆک وحیکایەتی ئولیفییە. پەیامنێرە نزیکبینەکە هەستی بە تەماسی دەستی جورما کردو دەستی خۆی بۆ کردەوە. یەکسەر ئەو شتە نادیارەی نێو دەستی، کە پێدەچوو پارووە نانێکی وشک بێت، خستە دەمیەوە. بە ڕژدی کەوتە جوینی، هەموو هۆش وگۆشی لە لای ئەو پارووە بوو کە لە دەمیا دەیگلاند و بە زەحمەت، بەڵام بە دڵخۆشیەوە قووتی دەدا. لە دڵی خۆدا گوتی: " ئەگەر نەمردم ومام، تا ماوم دژایەتی ئەم ژنە دەکەم، ئەو گوڵانەش دەکورهێنم کە هاوناوی ئەون." هۆکەی ئەمە بوو کە جورما بە ترسنۆکیەکەی ئەمی دەزانی و دەیزانی کە ئەم ترسنۆکییە بە چ ڕۆژو ڕۆژگارێکی دەگەیەنێ. لە کاتێکا هێدی هێدی، بە تامەزرۆیی و ترسەوە پارووەکەی دەگلاند، یەکەم شەوی کانودوسی بیرکەوتەوە، کە بە نیمچە کوێری، شەکەت وماندوو، بە لاقی سستەوە هەنگاوی دەنا، پێی هەڵدەکەوت، دەکەوت، هاوارو هورای "با بژی مورشید" گێژی کردبوو، لە ناکاوا خۆی لە نێو گێژاوی ئاپۆڕایەکی سەیرا بینی یەوە، کە بە کۆمەڵ وێرد وسەڵاواتیان دەخوێند. لە ناکاوا بێدەنگیەکی تەواو باڵی بەسەر هەموو لایەکا کێشا. بە ڕادەیەک ئەو دەستەی گوشی کە بە درێژایی ڕۆژەکە بەری نەدابوو، بە جۆرێ کە ژنەکە هاواریکرد: " دەستم بەربدە. دەستم بەربدە." دوای ئەوە هەراو هەنگامەکە نیشتەوە، خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، ئەو وجورما وکورتەڵە، هیلاک وماندوو لە مەیدانە بەرینەکەی نێوان کڵێساکاندا مانەوە. قەشەکەی "کومبێ" یان، کە جەماوەری خەڵکەکە لە خۆشی ئەوەی گەیی بوونە کانودوس، دەگەڵ خۆدا ڕایانماڵی بوو، لێ ون بووبوو. مورشید لە وەعزەکەی خۆیدا سوپاسی خودای کرد کە بۆ کانودوسی گەڕاندبووەوە. پەیامنێرە نزیکبینەکە بە خەیاڵ وای وێنا کردبوو کە بابە یواکیم، لە سەر سەکۆیەکە یان لە سەر بورجەکە، لە لای مورشیدەوە وەستاوە. موریرا سیزار هەقی بوو کە دەیگوت: ئەم قەشە وردیلەیە لە هەوادارانی شەڕڤانەکانە، یەکێک بوو لەوان. لەو کاتەدا یارۆی پەیامنێر دەستی بە گریان کردبوو، خەریک بوو بە دەم هەنسکانەوە سەری هەڵدەکەنراو کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت.

وەکو منداڵ لە ژنەی تاین دەپاڕایەوە کە لە کانودوس دەربازی بکات. بەڵێنی جل وبەرگ، خانوو وجێگە و هەموو شتێکی بە ژنە دەدا، بەو مەرجەی بەو نیمچە کوێری و برسیەتیە بەڕەڵلای نەکات. بەڵێ ئەم ژنە دەیزانی کە ترس زیرەی بەم پیاوە کردووەو ئامادەیە بۆ وەدەست هێنانی سۆزی ئەو، هەر مەراییەک بکات.

کورتەڵە حیکایەتەکەی تەواو کرد. یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین، لێرەو لەوێ گوێی لە هەندێ چەپڵەی پەراگەندە بوو. ئەوسا حەشاماتەکە بڵاوەیان لێکرد وچوون بەلای کاری خۆیانەوە. هەوڵیدا بزانێ ئاخۆ خەڵکەکە بەرلەوەی بڕۆن، دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردوون یان نا. بەڵام خەمین ونائومێد هەستی کرد کەس ئەو کارەی نەکردووە. کە هەستی کرد، بە تەنیا و هەر خۆیان لەوێندەر ماونەتەوە لە بن لێوانەوە گوتی: "هیچ؟"

ژنەی تاین، بە هەمان ڕاوێژی بێموبالاتەوە گوتی: "هیچ" وهەستا.

پەیامنێرە نزیکبینەکەش هەستا، کە دیتی ژنەکە، بە بەژن و باڵای ورد و قژی پەرێشان و کراسە دڕاوەکەیەوە، کەوتە ڕێ — دوای کەوت. کورتەڵەش بە خنەخن دوای کەوت، سەری بە ئاستەم دەگەییە ئانیشکی پەیامنێرەکە. گوێی لێبوو کە کورتەڵە گوتی: " ئەمانە لە ئێمەش مردەلۆخترن. جورما "کیپو"ت لە بیرە؟ ئێرە خەڵکی کەمئەندانی لەوێش زیاترە. بە عەمراتت ئەم هەموو خەڵکە یەک دەست، کوێر، شەل و سەقەت، گەڕ وگول، بێ لووت و بێ گوێ و کەچەڵ و بەڵەکەت دیتووە؟ جورما تۆ باش سەیرت نەکردن، من باش سەیرم کردن، چونکە من لە ناو ئەمانەدا هەست دەکەم ساغم، یەکەڵە چاو لە ناو کوێرانا پاشایە."

لە پێکەنینێکی شادی دا. ڕۆژنامەڤانەکە، گوێی لێبوو کە بەدەم ڕێوە، فیکەی شادی لێدەدا.

لە ناکاوا بە ڕاوێژێکی پڕتاسەوە پرسی: " تۆ بڵێی ئەمڕۆش ئاردی گەنمۆکمان بدەنێ؟ " بەڵام بیری لە شتێکی دی دەکردەوە، بە ڕاوێژێکی تاڵ لە سەری ڕۆیی: ئەگەر ڕاست بێ کە بابە یواکیم بۆ جێیەکی دی ڕۆیی بێ، ئیدی کەس نابێ بە دادماندا بگات. بۆ ئەمەی لە گەڵدا کردین؟ بۆچی دەستبەردارمان بوو و بە جێی هێشتین؟"

کورتەڵە گوتی: "چما دەستبەردارمان نەبێت؟ ئێمە بۆ ئەو دەکەینە چی؟ دەماننناسێت، دەیناسین؟ مەمنوونی خوا بە لە سایەی سەری ئەوەوە، میچێک هەیە لە ژێریدا بخەوین."

ڕاستی دەکرد، یارۆی قەشە یارمەتی دابوون. لە سایەی سەری ئەوەوە سەقفێ هەبوو لە سێبەریا بحەوێنەوە، هەڵبەتە بەهۆی ئەوەوەو لە سەر ڕاسپاردەی ئەو، کە ئەو بەیانیە، کابرایەکی دەنگ گەورەی ڕیشن، هاتبووە دیاریان وپێی گوتبوون: " ڕابن، دەتوانن لە نێو عەمار و فرۆشگایەکە بخەون. بەڵام لە بیلومونتە مەچنە دەرێ. " ئەو ڕۆژە، شەوەکەی لە دەشت ودەر نووستبوون، کە لە خەو ڕابووبوون، ئازای لەشیان ڕەق بووبوو.

ئایا ئەمانە زندانی بوون؟ نە ئەو و نە جورما و نە کورتەڵە شتاقیان، هیچ پرسیارێکی لەو بابەتەیان لەو کابرایە نەکرد کە هەیبەتی فەرماندەی هەبوو و لە خۆیەوە خۆی لەوان کردبوو بە خاوەن. کابرا بێهیچ قسەیەکی دی، ئەوانی برد بۆ شوێنێ کە یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین وای وێنا دەکرد، شوێنێکی بەرین، تاریک وجەنجاڵ وپڕ لە شتومەکە. بەڵام بەرلەوەی بڕوات — بەبێ ئەوەی لێیان بپرسێت کە کێن، یان چ دەکەن لەوێندەر، یان دەیانەوێ چ بکەن — جارێکی دی لێی دووبارە کردنەوە کە بۆیان نییە وناتوانن لە کانودوس وەدەربکەون ورای سپاردن کە دەست بۆ چەکەکان نەبەن. کورتەڵە وجورما بۆیان ڕوونکردنەوە کە هەر چوار دەوریان پڕە لە تفەنگ و باڕووت وهاوەن و لوولە دینامیت. یەکسەر زانی کە ئەو چەکانە، ئەوانەن کە لە کەتیبەی حەوتەم گیرابوون. یانی شتێکی سەیر نەبوو، کە بە ناچاری لە نێو ئەم هەموو دەسکەوتە جەنگیەدا بخەون؟ نەخێر، لە مێژبوو ژیان

هیچ لۆجیکێکی تیا نەمابوو، لە غیابی لۆجیکا هیچ شتێک سەیرو نائاسایی نییە. ئیدی ئەوە ژیان بوو: پیاو دەبوا وەکو خۆی قەبووڵی بکات یان خۆی بکوشتبایە.

هەستیکرد، لێرەدا شتێکی ناماقووڵ، نا عەقڵانی بە سەر شتەکان و بە سەر خەڵکی و بەسەر مەرگا زاڵە، شتێکە بێ ئینسافیە ناوی بنەی شێتی، ناشکرێ ناوی بنەی ئیمان یان خورافە. شتێک بوو ئەو شەوەی ئاپۆڕای خەڵکەکە دەوری مورشیدیان دابوو، هەستی پێکردبوو، خەڵکەکە ڕەق ڕاوەستابوون، جووڵەیان لێوە نەدەهات. گوێیان بۆ ئەو دەنگە دلێر وغەریبە دەگرت کە لە بێدەنگیەکەدا، دەنگی دەدایەوە. یارۆی پەیامنێری نزیکبین، ئەوەندەی حەپەساوی بێدەنگی حەشاماتەکە بوو، سەرسامی قسە و ڕاوێژە شکۆدارەکەی ئەو پیاوە نەبوو. ئەو بێدەنگیەی کە باڵی بەسەردا کێشابوون و هەموو کڕ وکپ گوێیان ڕادەدێرا، وەکو... وەکو... نائومێدانە هەوڵیدەدا بە شتێکی بچووێنێ، شتێکە لە قووڵایی یادگەیدا پەنگاوەتەوە، هەرچی دەکرد بۆی نەدەهاتە دەربڕین، دڵنیا بوو، هەرکاتێ لە یادگەیەوە سەربکات، دەیتوانی هەستی ئەو ساتەی خۆی دەرببڕێ.

بەڵێ "کاندومبلەیە" هەندێجار لەو کوختە پەڕپووتانەی زنجیانی شاری سلڤادور یان لە کوچە وکۆڵانە تەنگەکانی پشت وێستگەی " کالسادا "، کە لە هەندێ سرووتی گەرم وگوڕی ئەو تیرەو تایفانەدا ئامادە دەبوو کە بە زمانانی ئەفریقایی لە بیرکراو دەخوێنران. جۆرە سیستەمێکی ژیانی دەبینی، سازش لە نێو خەڵکیدا، زەمان، شوێن، جۆرە ئەزموونێکی بەشەری دەبینی، بەدەر لە هەر لۆژیک وهەستێکی ساغڵەم وئەقڵانی، ڕێک وەکو ئەو شتە بوو- کە لێرەدا، لەم تاریکیەدا، سەروسیما و تاپۆی خەڵکەکەی تاریکتر دەکرد – لەو بوونەوەرانەدا ئەوەی کەشف دەکرد، کە هەموو ئاسایش وتەناهی وتوانایەکی خۆیان لە بیستنی ئەو دەنگە گڕ، قووڵەدا دەبینییەوە، کە هەموو پێداویستیە مادیەکانی بەکەم دەگرت و تەکەزی لە سەر شتە روحیەکان دەکرد، لە سەر ئەو شتانەی نە دەخوران و نە لەبەر دەکران و نە دەسوان: لە سەر بیر، سۆز، هەست و فەزیلەت دەکرد. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بەدەم گوێگرتنەوە لەو دەنگە، هەستی کرد لە ناکاوا سەدەمەکانی ئەو حاڵەتەی کانودوسی، بەردەوامی ئەو هەراو هەنگامەیەی کانودوسی بۆ ساغ بووەتەوە. بەڵام وەختایەک قسەکانی مورشید تەواو بوون وخەڵک و حەشاماتەکە جەزمە بەری دان و وەخۆ هاتنەوە، هێشتا لە هەمان حیرەت وحەپەسانی پێش کۆڕی وەعزەکەدا بوو.

گوێی لە دەنگی ژنەکەی ئانتونیو یان هونوریو ڤیلانوڤا بوو، ئاخر دەنگی ئەو دوو ژنە وەکو یەک بوو، دەیگوت: " وەرە ئەم تۆزە ئارد وشیرەش بۆ هەنگو."

دەستی لە بیرکردنەوە هەڵگرت، جڵەوی بۆ خەیاڵ بەردا، ئێستا جگەلە بوونەوەرێکی تامەزرۆ، کە پارووی بچووکی گەنمۆکی بە سەری قامکەکانی دەپەستایە دەمیەوە هیچی دی نەبوو، بە لیکەکەی دەمی تەڕی دەکرد، ماوەیەک لە دەمیا ڕایدەگرت وپاشان قووتی دەدا. بوونەوەرێک کە لە گەڵ هەر قومە شیرێکا سووکە ئاسوودەییەکی بە خۆوە دەبینی و ئاهێکی پێدا دەهاتەوە، هەستی بە جۆرە منەتباری و سوپاسگوزاریەک دەکرد. کە لە نانخواردن بوونەوە کورتەڵە قرقێنەیەکی دایەوە، ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوێی لە پێکەنینە پڕ شادیەکەی بوو. دەبیرەوە چوو: "ئەگەر تێر بێ خۆشحاڵە وئەگەر برسی بێ غەمبارە." بە خۆیشی هەر وابوو. ئیدی خۆشحاڵی یان خەمباری ئەو زیاتر پەیوەندی بە ورگیەوە هەبوو. ئەم حەقیقەتە سادەیە بەسەر کانودوس دا زاڵ بوو، حوکمی کانودوسی دەکرد. بەڵام دەکرا ئەم خەڵکە بە مادی بزانرێن؟ ئاخر بیرێکی دیکە لەم ڕۆژانەی دوایی دا، بەسەریا زاڵ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕێگەیەکی گۆنگ و نادیارەوە، یان لەوەیە

بە ڕێکەوت خۆی لە پێداویستیە فیسیولۆجیەکان، لە ئابووری، لە ژیانی ڕۆژانە وهەر شتێکی دیکە لە دنیای ئەودا بە بنەڕەتی و ئەزەلی دەژمێردرا، ڕزگار کردبێ. ئایا ئەم بەهەشتی روحانیەت وکلۆڵی و کوێرەوەریە مەعنەویە دەبێ بە دوا گۆڕی؟ لە هەوەڵین ڕۆژەکانیا لە کانودوس، کۆمەڵێک وەهم و گومانی لە لا بوو، تەسەوری دەکرد کە قەشە وردیلەکەی کومبی ئەو لە بیر ناکات، بەڵەد و ئەسپێکی بۆ پەیدا دەکات تا بتوانێ بۆ سلڤادور بگەڕێتەوە.

بەڵام بابە یواکیم نەهاتەوە بە لایانەوەو خەڵکی دەیانگوت سەفەری کردووە. ئیدی ئێواران لە سەر داربەست و ئەسکەلەی پەرستگە و خەڵوەتخانە نیوەچڵەکە دەرنەدەکەوت، بەیانیانیش پێش نوێژی ونوێژ ونزای نەدەکرد. هیچ کاتێ نەیتوانی بوو لە یارۆی قەشە نزیک ببێتەوەو نەیتوانی بوو، لە ناو ئاپۆڕای ئەو پیاو و ژنە چەکدارانەی کە سەرو تیلماسکی شینیان لە سەریان بەستبوو و شان بە شانی یەکدی وەستابوون و پاسەوانی مورشید و یاوەرە نزیکەکانی ئەویان دەکرد. نها کەس نەیدەزانی کە یارۆی قەشە گەڕاوەتەوە یان نا. ئایا ئەگەر توانیبای قسەی دەگەڵدا بکات، ڕەوشی دەگۆڕا؟ ئەگەر دیتبوای دەبوایە چی پێ بڵێت؟ "بابە یواکیم، من دەترسم لێرە، لە ناو شەڕڤانەکاندا بمێنمەوە، لێرە دەربازم بکە، بمگەیەنە جێیەک کە سەرباز و پۆلیسی لێبێت تا بمپارێزن." کەم دابێژێک تەسەوری وەڵامەکەی یارۆی قەشەی دەکرد: " دەی جەنابی پەیامنێر، ئەوانە چ ئەمانێک بۆ من دابین دەکەن؟ مەگەر لە بیرت چووە کە من بە پەڕجوو لە دەستی یارۆی سەربڕ زگار بووم؟ یانی تۆ بە ڕاستی قەناعەتت وایە کە من دەتوانم بۆ شوێنێ بگەڕێمەوە کە سەرباز و پۆلیسی لێبن؟ " زۆر بە توندی و تووڕەیی لە قاقای پێکەنینی دا. گوێی لە پێکەنینەکەی خۆی بوو. ترسا لەوەی بەو کارەی ئەو خەڵکە تارمایی ئاسایانەی بێزار کردبێ کە لەوێندەر دەژیان. کورتەڵەش کە بینی پێکەنینەکەی گیرۆیە، دووبارە لە قاقای پێکەنینی دا. پەیامنێرەکە ئەوی لە زەینی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، بوونەوەرێکی بچکۆلەی شێواو بوو، بەدەم پێکەنینەوە هەڵدەبەزییەوە. لەوە پەست بوو کە دەیبینی جورما وەکو هەمیشە پەست وگرژ ومۆنە.

دەنگێکی نێرانەی ناساز گوتی: " بەڕاستی دنیایەکی بچووکە. نەمردین، دووبارە یەکترمان بینییەوە." پەیامنێرە نزیکبینەکە هەستی بە دوو تارمایی کرد کە نزیک دەبوونەوە. یەکێکیان لەوی تریان کورت تر بوو، پەڵەیەکی سووری بە ملەوە بوو، دیار بوو دەستەسرەکەی بوو، هات و ڕێک لە بەردەم جورمادا ڕاوەستا. "وام دەزانی سەگەکان، لەوێندەر، لە سەر شاخەکە، کوشتوویانیت."

جورما بەرسڤی دایەوە: "نا، نەیان کوشتم."

کابرا گوتی: "پێم خۆشە. ئەگەر بیانکوشتبای زۆر ناخۆش دەبوو." ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، یەکسەر لە فکران ڕاچوو: "دیارە تەماحی لەم ژنە کردووە، هاتووە لە گەڵ خۆیی ببات." ناو لەپی کەوتنە ئارەقە کردن. ژنە لە گەڵ خۆیدا دەبات وکورتەڵەش دوایان دەکەوێ. کەوتە لەرزین: ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدا وێنا دەکرد کە چۆن بە تاقی تەنیا دەمێنێتەوە، دەسەوەستان و داماو بە چاوی پروشەوە، لەم تاریکستانەدا خۆی بە دار و بەردا دەکێشێت، لە برسا ، یان لە ترسا دەمرێت.

گوێی لە پیاوەکە بوو بە دەنگێکی نیمچە مەرایی ئامێز و بە تەوس و توانجەوە دەڵێت: "چیە، جگە لە کورتەڵە، یاوەرێکی دیکەشت بۆ خۆ پەیدا کردووە. دەی باشە، دوایی دەتبینم. جارێ خودا حافیز. سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک."

جورما، وەڵامی نەدایەوە، پەیامنێرە نزیکبینەکە هەر لەوێ وەستابوو، ئازای هاتبووەوە یەک، چاوەڕوانی – خۆیشی نەیدەزانی بۆ – شەقێک، زللەیەک، تفێک بوو.

دەنگێکی جیاوازتر، لە دەنگەکەی یەکەم، لە گوێیدا زرینگایەوە: "ئەمە هەموو شتەکە نییە." دوای تۆزێک زانی کە ئەمە ئەبوت جواوە. "زۆر شتی دی هەیە، لە عەمارەکەی پشتەوە، لەو عەمارەی پێستەکانی تیایە، هەڵمان گرتوون."

پیاوی یەکەم، کە نها ڕاوێژەکەی کەمێ نەرم و بێ لایەنانە بوو، گوتی: " ئەوەندە باشە، بەش دەکات."

ئەبوت جواو بەرسڤی دایەوە: " نا، بەش ناکات، ئەگەر هەشت نۆ هەزار سەرباز بەڕێوەبن بەش ناکات. دوو ئەوەندە وسێ ئەوەندەش بەش ناکات."

دەنگی یەکەم گوتی: "ئەرێ، ڕاستە."

گوێی لێبوو کە بە بەردەم و بە پشتیاندا دێن و دەڕۆن، پێی وابوو تفەنگەکانیان خاوێن دەکردەوە، سەحیان دەکردەوە کە ئاخۆ بە کەڵک دێن یان نا، قەرەوڵەکانیان ساغە یان نا، میلەکانیان دێنەوە یان نا، پێویستان بە حەبل لێدان هەیە یان نا. هەشت نۆ هەزار سەرباز بەڕێوەن؟

ئەبوت جواو گوتی: "هەندێ لەمانە بە کەڵکی بە کارهێنان نایەن. پاجو سەیری ئەمەیان بکە، لوولەکەی هەڵزڕاوە، پەلە پیتکەکەی شکاوە، قۆناخەکەی درزی بردووە."

پاجۆ؟ کەواتە ئەو پیاوەی دەهات ودەچوو، قسەی دەگەڵ ئەبوت جواو دا دەکرد، دەگەڵ جورمادا دەپەیڤی، پاجو بوو؟ ئەم دوو پیاوە باسی جەواهیراتەکەی پاکیزەیان دەکرد، باسی یەکێکیان دەکرد کە نێوی دکتۆر ئاگیار دوناسیمنتو بوو، دەنگیان دەگەڵ هەنگاوەکانیاندا تێکی دەکردەوە. هەموو چەتەکانی بیابان لەوێندەر بوون، هەر هەموویان بووبوون بە باوەڕدارانی تەواو عەیار. ئەمە چۆن ڕاڤە و شرۆڤە دەکرا؟ هۆیەکەی چی بوو؟ بەلای ئەودا ڕەت بوون، ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە توانی دوو لاق لە نزیکی خۆیەوە بەدی بکات.

گوێی لە کورتەڵە بوو کە پرسی: "دەتەوێ حیکایەتی ترسناک و پەند ئامێزی روبەرتی شەیتانت بۆ بگێڕمەوە؟ دەیزانم، هەزار جارم گێڕاوەتەوە. بۆتی بگێڕمەوە ئەزبەنی؟"

ئەبوت جواو، بەرسڤی دایەوە: " ئێستا نا. بەڵام حەزدەکەم لە ڕۆژێکی دیدا گوێم لێی بێ. بەڕاست ئەوە بۆچی پێم دەڵێی ئەزبەنی؟ مەگەر ناوم نازانی؟

کورتەڵە، لەبن لێوانەوە گوتی: "با، دەیزانم. داوای بوردن دەکەم..."

دەنگی پێی پیاوەکان دوورکەوتەوە. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، دووبارە دەبیرەوە چوو: " ئەو پیاوەی کە گوێچکە و کەپووی دەبڕی، دژمنەکانی دەخەساند، حەرفی یەکەمی ناوی خۆی بە لەشیانەوە دەنا، ئەو پیاوەی کە هەموو خەڵکی گوندێکی کوشتبوو، تا بیسەلمێنێ کە شەیتانە وپاجو، پاجوی قەساب، دزی پەزان، پیاوکوژی خوێڕی." ڕێک لە نزیکی ئەوەوە وەستابوون. حایرو حەپەسا بوو، حەزی دەکرد دەست بە نووسین بکات.

گوێی لێبوو کە کورتەڵە دەڵێت: " بینیت چۆن قسەی دەگەڵ دەکردی؟ چۆن تەمەشای دەکردیت؟ خەنی لە خۆت جورما. لە گەڵ خۆیدا دەتبات، دەبی بە خاوەن ماڵ، لە سەرمێز وکورسی نان دەخۆیت. ئاخر پاجو، لە بەرپرسە گەورەکانی ئێرەیە."

بەڵام چی لە ڕێ بوو؟

***

ملازم پیرس فیریرا، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " لێرەدا، هەر نەفەرەو دە مێشی بەر ناکەوێ، هەزارانی بەر دەکەوێ. بۆیە خەیاڵیان ئاسوودەیە کە کەس دەرەقەتیان نایەت. هەر بۆیەش وەختایەک کەسێکی تازە دێت وکشیان لێدەکات تا بیانترسێنێ و بتارێن، لە جێی خۆ ناجولێن. ئەمانە تاقە مێشی عالەم بوون، کە وەختایەک لە نزیکی نزیکەوە بە لایاندا ڕەت دەبوو ودەیویست بیان تارێنێ لە جێی خۆ نەدەجولان. بە چاوە ئاویتەکانیان و بە تەوسەوە دەیانڕوانیە ئەو کلۆڵە بەستەزمانە کە دەیتوانی زۆر بە ئاسانی بی پلیشێنێتەوە، بەڵام ئەو کارە قێزەونە چ سوودێکی هەبوو؟ دە دانە مێشی دی جێگەی ئەو یەکەیان دەگرتەوە کە پلیشێنرابووەوە. کەواتە باشترین کار ئەوە بوو دەگەڵیاندا بگونجێی وەکو چۆن سیرتاویەکان (سارانشینان) ئەو کارەیان دەکرد. ڕێگەیان پێدەدان، بەسەر جلەکان و خۆراکەکانیاندا بڕۆن، گو بە دەرو دیواری خانووەکان و خۆراکەکانیاندا بکەن. خوێنی منداڵە نەوزاکانیان بمژن وهەموو کار وکاردانەوەیەکیان ئەوە بوو، لە سەر ئەو کلۆ شەکرە بۆرەیان هەڵفڕێنن کە دەیانویست بیخەنە دەمیانەوە، یان کە مێشێک دەچووە دەمیانەوە بیتفێننەوە. ئەمانە لە مێش و مەگەزێن سلڤادور گەورەتر بوون. ئەمانە تاقە بوونەوەری قەڵەوی ئەم دیارو دەڤەرە بوون، کە خەڵکەکەی وگیانەوەرەکانی، بچووکی بچووک بووبوونەوە.

لە ئوتێلی کونتینانتال دا، بە ڕووتی لە سەر جێگاکەی ڕاکشابوو. دەیتوانی لە پەنجەرەکەوە وێستگەی قیتارەکە و ئەو تابلۆیە بدینێت: " فیلابلادی سانتو ئانتونیوداس کیماداس ." زیاتر ڕقی لە کامیان بوو: لە مێشەکان یان کیماداس؛ ئەم شارەی کە وا هەست دەکات دەبێ باقی تەمەنی، بە بێزاری وبێتاقەتی ونائومێدی تیا بە سەر بەرێت و فەلسەفە ڕێسی سەبارەت بە مێش و مەگەزان بکات؟ ئەمە یەکێکە لەو ساتە تاڵانەی کە ملازم لە بیری بچێت کە پیاوێکی پایەدارە. چونکە ژوورێکی بچووکی تەنیای لە هوتێلی کونتینانتال دا هەیە کە هەزاران ئەفسەر و سەربازان کە دوو دوو یان چوار چوار، لەو ماڵانەدا بە سەر یەکدا تەپیون کە سوپا دەستی بە سەرا گرتوون یان بە کرێی گرتوون وهەروەها ئەوانەشی – واتە زۆرینە – کە لە کوختەکانی کەناری ئیتاپیکورو، ئاکنجی بوون. ئیدی خۆی و بەختی، بە حوکمی ئەو پایەیەی هەیبوو، لەم ئوتێلەدا ژوورێکیان دابوویە. دەمێکە لێرەیە، لەو کاتەوە کە کەتیبەی حەوتەم بە کیماداس دا تێپەڕی بوو وعەقید موریرا سیزار، ئەرکی حەقارەت ئامێزی سەرپەرشتی نەخۆشانی بەرەی دواوەی سوپای پێ سپاردبوو. لەم پەنجەرەیەوە، ئەو بویەرانەی دەبینی کە لە سێ هەیڤەی دواییدا، لە دەشت ودەرەکانی باهیا وبەرازیل دا ڕووی دابوو: حەرەکەتی موریرا سیزار بەرەو مونتە سانتو، گەڕانەوەی لە ناکاوی ڕزگار بووانی ئەو کارەساتە، کە هێشتا لە سەرسامی یان لە ترسا ئەبڵەق بووبوون و چاویان پەڕی بووە تۆقی سەریان. لەوە بە دواوە ئەو قیتارانەی بینی بوو کە لە سلڤادورەوە دەهاتن و هەفتە لە دوای هەفتە سەربازانی پیشەیی و فەوجێن پۆلیس و کەتیبەێن خۆبەخشیان لە سەرانسەری وڵاتەوە دێنا و لەم شارەدا، لەم شارەدا کە مێش و مەگەز داگیریان کردبوو، هەڵیان دەڕشتن تا تۆڵەی نیشتمانپەروەرانی کوژراو بکەنەوە، ئابڕوی ڕژاوی دام و دەزگا تەوهین کراوەکان بکڕنەوەو دەسەڵات و سەروەری کۆماری

بگێڕنەوە. ملازم پیرس فریرا، لە هەمان پەنجەرەوە بە چاوی خۆی بینی بووی کە چۆن دەیان و دەیان یەکە و فەوجێن زۆر ورە بەرز و تامەزرۆی جەنگ و شەڕ، گیرۆدەی ئەو داوە جاڵجاڵۆکانە دەبوون، کە لە جێی خۆدا دەی چەقاندن و وێڵ و سەرگەردان گرفتاری کۆمەڵێک کێشە وئاریشە دەبوون کە هیچ پەیوەندییەکی بەو ئارمانە ئایدیالیانەوە نەبوو، کە ئەوانی کێشابووە ئێرە: پێکادانی بێهودە، دزی، کەمی جێگا، خواردن، وەسیلەی گواستنەوە، دژمن و ژن. ملازم پیرس فیریرا، شەوی پێشوو، لە کۆبوونەوەی ئەفسەرانی ئەرکانی فەوجی سێی پیادەدا بەشداری کردبوو، کە کۆبوونەوەکە بە سەدەمی حەیاچوونێکی سەیرەوە کرابوو – دیار نەمانی سەد تفەنگی جۆری کومبلی و بیست و پێنج سەندوق فیشەک – دوای ئەوەی عەقید یواکیم مانویل دی مدیروس، ئەو ئەمرەی خوێندەوە کە ئەگەر ئەو چەکانە یەکسەر و بێ دواکەوتن، نەگێڕدرێنەوە، ئەوا بەرپرسیارن لەو دزیە، یەکسەر دادگایی وگوللەباران دەکرێن. ئاگاداری کردبوونەوە کە کێشەی گەورە ئەمەیە کە گوێزانەوەی ئەم هەموو تەقەمەنیەی لە گەڵ لەشکرەکەدا هێنراوە بۆ کانودوس – هێشتا ئەنجام نەدراوەو لە بەر ئەمە هێشتا وەختی حەرەکەتی یەکجارەکی دیاری نەکراوە.

لە تەقەی دەرگا دەدرێت، ملازم پیرس فیریرا دەڵێت: "وەرە ژووری." موراسیلەکەی خۆیەتی، هاتووە تا بیری بخاتەوە کە سەرباز ( کولوز ) ئامادەیە بۆ سزا. لەو کاتەدا کە بەدەم باوێشک دانەوە خۆی دەگۆڕی هەوڵیدەدا ڕوخساری ئەو سەربازە پیادەیە بێنێتەوە بەرچاوی خۆی کە بەر لە مانگێک یان هەفتەیەک بە هەمان سەرپێچی شەلاق کاری کرابوو. کێهە سەرپێچی؟ هەموو سەرپێچییەکانی لە بیر بوو: دەڵە دزی لە کەتیبەکە، یان لەو ماڵباتانەی کە هێشتا لە کیماداس نەڕۆیی بوون، شەڕکردن لە گەڵ سەربازانی فەوجەکانی دیکەدا و هەوڵی فیرار کردن و هەڵاتن. زۆرجار نەقیبی سریەکە ئەوی ڕادەسپارد کە سەرپەرشتی ئەنجامدانی شەلاق کاریەکە بکات، کە دەیویست بەو کار وسزایانە زەبت و ڕەبت وزاکونی هێز ویەکەکان، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بە سەدەمی بێزاری و بێتاقەتی سەربازەکانەوە خراپتر دەبوو، دابین بکات. شەلاقکاری و جەڵدە کارێک نەبوو کە ملازم پیرس فریرا، لە حاڵەتی ئاساییدا، حەزی لێبکات و پێی خۆش بێت. بەڵام لەم ڕەوشەی ئێستادا کارێک نەبوو حەزی لێنەکات. ئیدی لێرەدا، لە کیماداس دا بووبوو بە بەشێک لە کاری ڕۆژانە، وەکو خەوتن، جل لەبەرکردن و داکەندن، خواردن، تەعلیم دانی سەربازان بە زاراوە تایبەتیەکانی تفەنگەکانی کومبلی ومانلیچر، ڕوونکردنەوەی مانای هێرش و بەرگری، یان فەلسەفە ڕێسی دەربارەی مێش ومەگەزان. ملازم پیرس فریرا کە لە ئوتێلی کونتینانتال وەدەر دەکەوێ ورێگەی (منیدادی ئیتابیکور) دەگرێتەبەر، ئەمە ناوی ئەو هەورازە بەردەڵانەیە کە بۆ کڵێسای سانتو ئانتونیو دەڕوات.

بەدەم ڕێگاوە سەربانی ئەو کوختە بچووک و پەڕپووتانە دەبینێ کە بە بۆیەی سپی وسەوز وشین بۆیە کراون، لەوێندەرەوە، قەدپاڵی گردەکانی دەوروبەری کیماداس دەبینێ کە یەکپارچە بنچک و دەوەنی وشکن، دڵی بە حاڵی ئەو فەوجە پیادانە دەسووتێ، کە لەو قەدپاڵە سەخت وگەرمانەدا مەشقیان پێدەکرا. هەزاران جار سەربازانی تازەی بۆ ئەوێندەر بردبوو، تا ڕاهێنان و مەشق لە سەر سەنگەر لێدان بکەن و دیتبوویانی کە چۆن شەلاڵی ئارەقە دەبوون و هەندێجار دەبوورانەوە. زۆرجار ئەو سەربازانەی لە دیار و دەڤەرە فێنک و کوێستانیەکانەوە دەهاتن دوای چەند سەعاتە ڕێیەک لەم دەشت و بیابانە کاکی بە کاکیەدا، بە کۆڵەپشتی و تفەنگەکانیانەوە وەکو فەردە کا لەو گۆڕە دەکەوتن.

لەم کاتانەی ڕۆژا، شەقامەکانی کیماداس، هێشتا پڕ نەدەبوون لە یونیفۆرم پۆشان، لەو لەهجە جۆراوجۆرانەی بەرازیل، کە شەوان، لە هەموو لایەکەوە هەڵدەقولان، ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە دەهاتنە دەرەوە لە گەڵ خۆدا دەیانهێنان، تا پێکەوە قسان بکەن، یان گیتار لێبدەن، گوێ لە گۆرانی و ئاوازی گوندەکانی خۆیان بگرن و، چەند دڵۆپە بیرانددییەک، کە بە نرخێکی زۆر گران بە دەستیان دێنا بخۆنەوە. لێرەو لەوێ سەربازانێ دەبینێ کە قوپچەی کراسەکانیان کردووەتەوە. بەڵام بەدەم ڕێگاوە بۆ مەیدانی شار، کە دار خورماکانی هەمیشە پڕە لە تەیر و تو، تاقە یەک کەسی خەڵکی شار نابینێ. جگە لە هەندێ گاوانی پیر و داماو، نەخۆش و، مەلوول و خەمبار لەوانەی کە لە شار مابوونەوەو لە بەر دەرگای ماڵەکانی خۆیانەوە، کە بە ناچاری دەگەڵ ئەم غەوارانەدا دابەشیان کردبوو، بە نەفرەتی ئاشکراوە تەمەشای ئەم و ئەویان دەکرد. ئیدی هەموو خەڵکی کیماداس بەرەبەرە شاریان چۆڵ کردبوو.

لە گۆشەیەکی مەیدانی پانسیونەکەی (خاتوونی شکۆداری مە) دا کە ئەم تابلۆیە بەسەر دەرگاکەیەوە هەڵواسرابوو " هاتنە ژوورەوە بە بێ کراس قەدەغەیە. " ملازم پیرس فریرا، چاوی بە ملازم پینتو سوزا دەکەوێ کە بەرەو لای ئەم دەهات و دەم و چاوی لە بەر پرشنگی تیژی هەتاوەکەدا، لێڵ و تاریک دەینواند. ئەفسەرێک بوو کە بۆ فەوجەکەی ئەوان نەقڵ بووبوو، هەمووی یەک هەفتە بوو گەیی بووە ئێرە، هێشتا هەمان گەرم و گوڕی و ورەبەرزی ئەوانەی پێوە دیار بوو کە تازە دەگەیینە شار. ئەمانە جۆرە دۆستایەتیەکیان پەیدا کردبوو و شەوانیان بەیەکەوە دەبردە سەر.

پینتو سوزا، دەکەوێتە شان بە شانی و بەدەم ڕێگاوە بۆ ئوردوگایەکە، دەڵێت: " ئەو ڕاپۆرەم خوێندەوە کە سەبارەت بە ئواوا نووسی بووت. کە ئەزموونێکی ترسناکە."

ملازم پیرس فریرا، دەستی دەکات بە سێبەر بۆ چاوەکانی و تەمەشای دەکات: " بۆ ئێمە مانان کە بە سەلامەتی دەرچووین، بێگومان وایە؛ بەڕاستی ترسناک بوو، بە تایبەتی بۆ دکتۆر ئانتونیو ئالفوس دوس سانتوسی بەلەنگاز. بەڵام کارەساتەکەی ئەواوا، لە چاو ئەو بەڵایەی کە بە سەر مێجەر فیبرونو و عەقید موریرا سیزار دا هات، هیچ نەبوو."

ملازم پینتو سوزا، دەلێت: " مەبەستم کوژراوەکان نییە، ئەو بەشەی ڕاپۆرتەکەت دەڵێم کە تایبەتە بە جل و بەرگە عەسکەری و چەکەکانەوە."

ملازم پیرس فریرا لە بن لێوانەوە دەڵێت: "ئەها، تێگەیشتم."

دۆستەکەی بە ڕاوێژێکی گوماناویەوەو بەدەنگی بەرز دەڵێت: "سەر لەوە دەرناکەم یانی ئەفسەرانی ئەرکانی گشتی هیچیان نەکرد؟"

پیرس فریرا دەڵێت: "هەمان ئەو بەڵایەی بە سەر هێزەکانی هەردوو هێرشی دووەم و سێیەمدا هات، بەسەر ئێمەشدا هات. ئەوەی شکستی بەوانیش هێنا، زیاتر ئاکامی گەرماو دڕک و داڵ و گەرد و تۆز بوو، تا شەڕڤانەکان."

شانەکانی هەڵدەتەکێنێ. ڕاپۆرتەکەی پاش شکستەکە و دوای ئەوەی گەیی بووە جوازیرو، بە چاوانی تەڕی ڕوندکەوە نووسی بوو، بەو ئومێدەی گێڕانەوەی ئەزموونەکانی سوودێک بە هاو قەتارەکانی بگەیەنێت. بە دوور و درێژی باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن جل وبەرگەکان، لە بەر هەتاو وباران ولە ناو خاک وخۆڵا ڕزی بوون.

چۆن قەمسەڵە لۆکەو پانتۆڵە سوفەکانیان بووبوو بە پەڕۆ ڕزیو، بە سەر چڵ وچێوی دارو دەوەنەکانەوە دادڕابوون. باسی ئەوەی کردبوو کە سەربازەکان چۆن کڵاو وپۆستاڵەکانیان لە دەست دابوو و بە ناچاری زۆربەی کات بە پێ خاوسی ڕێیان دەکرد. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوە بوو کە زۆر بە ڕوونی و بە وردی باسی چەکەکانی کردبوو: " تفەنگی مانلیچر، هەرچەندە زۆر چاکن، بەڵام زۆرجار دەنووسێن. هەرتۆزێ لم بچێتە مەخزەنەکەیەوە، ئیدی میلەکەی نایەتەوەو گیر دەبێت. سەرباری ئەمەش، هەرکە ژمارەیەک دەستڕێژت پێکرد، گەرم دەبێ و لوولەکەی دەشکێ و خەشابە شەش فیشەکیەکەی ناچێتە سەر. ئەمە جگە لەوەی قۆناغەکەی هێندە ناسکە، بە ئاستەم زەربەیەکی پێبکەوێ دەشکێت." ئەمانەی تەنیا بە نووسین تۆمار نەکردبوو، بەڵکو بە وردی بۆ ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیەشی، کە بە دزییەوە لێ پێچینەوەیان لە گەڵیا کردبوو، گێڕابووەوە، لە دەیان کۆڕو مەجلیسی تایبەتیدا باسی کردبوون. بەڵام فایدەی چی بوو؟

دەڵێت: " لە سەرتاوە وامدەزانی باوەڕم پێناکەن و لە دڵی خۆدا قەناعەتیان وایە، هەموو ئەمانە پاساون بۆ شکستەکەی خۆم. بەڵام ئێستا بۆم بە دیارکەوتووە بۆچی ئەفسەرانی ئەرکانی گشتی هیچ کارێک ناکەن."

ملازم پینتو سوزا دەپرسێت: "بۆچی؟"

"مەگەر دەتوانن یونیفۆرمی ئەم هەموو سەربازانەی سوپای بەرازیل بگۆڕن؟ هەر هەمووی لە کەتان وسوف دروست نەکراوە؟ باشە ئەم هەموو پۆستاڵە فڕێ دەدەنە سەر زبڵدانان؟ یان هەموو تفەنگە مانلیچرەکان تووڕ دەدەنە دەریاوە؟ ئیدی بە کەڵک بێن یان نا، دەبێ بە کار بهێنرێنەوە."

گەیشتنە ئوردوگای فەوجی سێیەمی پیادە کە لە کەناری ڕۆژئاوای ئیتاپیکور هەڵیاندابوو. ئەم فەوجە لە شارەوە نزیک بوو، بەڵام فەوجەکانی دی زۆر لە کیماداسەوە دوور بوون، کەوتوونەتە سەروو ڕوبارەکەوە. کوختەکان، لە هەنبەر قەدپاڵی گردە سووربۆوە گڵێنەکەدا قوت بوونەتەوە، کەناری روبارەکە یەکپارچە تاتی بۆرەقنەیە، ئاوە سەوزە تۆخەکەی ڕوبارەکە بە بنیا دەڕوات. سەربازانی فەوجەکە چاوەڕوانی ئەون. جەڵدەو شەلاقکاری، یەکێکە لە بۆنە پڕ بینەرەکان، چونکە فەوجەکە جگە لەو بۆنە کەمانە، هیچ جۆرە سەرگەرمییەکی دیکەی نییە. کولوزی سەرباز، ئامادەی سزایەکەیە، بە پشتی ڕووتەوە لە ناو بازنەی ئەو سەربازانەدا وەستاوە کە سەر دەکەنە سەری، بە پێکەنینەوە وەڵامی تەشەر وسوعبەتی هاوڕێکانی دەداتەوە. وەختایەک جووتە ئەفسەرەکە لێیان نزیک دەبنەوە، سەربازەکان ڕوویان گرژ دەبێت. ملازم پیرس فریرا، ترسێکی لە ناکاو بە سیمای ئەو سەربازەوە کە ئامادەی سزایەکەیە بەدی دەکات. کە هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە کار، بە گۆساخی و بێعاری و بە ڕەفتاری تەوسامێز ترسەکەی بشارێتەوە.

ملازم ڕاپۆرە ڕۆژانەکە دەخوێنێتەوە: "سی جەڵدە. ئەمە زۆر زۆرە. کێ ناوی خستوویتە ئەم ڕاپۆرەوە؟ "

کولوز، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " جەنابی عەقید یواکیم مانویل مدیروس، ئەزبەنی."

پیرس فیریرا دەپرسێت: " چیت کردووە؟ " دەکەوێتە لە دەست کردنی دەسکێشی چەرمی، تا لە کاتی وەشاندنی جەڵدەکاندا، تەڵزمی دەسکە دارینەکەی جەڵدەکە، نەچێت بە ناو لەپیا. کولوز، پەشیو وپەریشان، ژێراوژێر بە تیلەی چاو دەڕوانێتە ئەملاو ئەو لا، ئەو سەد سەربازەی کە بە پێوە لە دەوری وەستاون، بەدەم پۆزخەنەوە، لە بن لێوانەوە ورتە ورت دەکەن. سەربازەکە، بە زەحمەت تفەکەی دەمی قووت دەدات و دەڵێت: " هیچ، ئەزبەنی."

پیرس فریرا، نیگایەکی پرسیار ئامێزی تەمەشاڤانەکان دەکات.

ملازم پینتو سوزا، بە قێزو بێزەوە دەڵێت: " ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر شەیپورچیەکی کەتیبەی پێنجەم. منداڵێکە کە هێشتا پازدە ساڵی تەواو نەکردووە. جەنابی عەقید بە خۆی گرتوویەتی، کولوز، تۆ کەسێکی کەچڕەوی."

سەربازەکە، سەری بەملا و بەولادا بادەدات ودەڵێت: " درۆیە قوربان. شتی وانییە. جەنابی عەقید لە مەبەستم حاڵی نەبووە. ئێمە تەنیا لە ڕوبارەکەدا مەلەمان دەکرد. سوێند دەخۆم قوربان."

پینتو سوزا دەڵێت: " کەواتە یارۆی شەیپورچی لە بەر ئەوە هاواری فریاڕەسی دەکرد؟ کە بێ ئەدەبی!"

سەربازەکە، وەکو بێ خەتایەک دەڵێت: " لە ڕاستیدا، یارۆی شەیپورچیش خراپ لە نیازی من حاڵی بووبوو، ئەزبەنی." بەڵام کە بینی ئەو قسانەی بوونە مایەی پێکەنینی ئاپۆڕاکە، خۆیشی دەکەوێتە پێکەنین.

ملازم پیرس فریرا یەکێک لەو حەیزەرانانە، کە موراسیلەکەی بۆی ڕاگرتوون، هەڵدەگرێت و چەند جارێک لە حەوادا ڕای دەوەشێنێ ودەڵێت: "تا زووتر دەست پێبکەین، زووتر تەواو دەبین." هەرکە فیشکەی دار حەیزەرانەکە بەرز دەبێتەوە، سەربازە ڕاوەستاوەکان هەنگاوێک دەچنە دواوە. "دەتەوێ چوار پەلت ببەستن، یان وەکو پیاوان بەمجۆرە بەرگە دەگری؟"

کولوز، کە ڕەنگی زەرد بووبوو، دەڵێت: " وەکو پیاوان، ئەزبەنی."

یەکێک لە لاوە دەڵێت: " وەکو هەر پیاوێ کە تەماح بکاتە مێرمنداڵێکی شەیپورچی." دووبارە قاقای پێکەنین بەرز دەبێتەوە.

ملازم پیرس فریرا، دەڵێت: " کەواتە وەرچەرخە و دەست بە گونتەوە بگرە."

جەزرەبەکانی سەرەتا زۆر توووند بوون، لە کاتێکا حەیزەرانەکە پشتی سوور دەکردەوە، سەربازەکە کووڕ دەبووەوە، دەلەرزی، بۆ خۆیشی، واتە ئەفسەرەکە لە ئەنجامی تەقەلای خۆیەوە لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، بۆیە لە جەزرەبەکانی دواتردا هەندێ دەستی سووک دەکات. سەربازەکان، بە دەنگی بەرز جەزرەبەکان دەژمێرن. پێش ئەوەی بگەنە ژمارە بیست، جێگە حەیزەرانەکانی سەر پشتی کولوز خوێن دەدەڵێنن و پشتی شەلاڵی خوێن دەبێ. لە گەڵ دوا جەزرەبەدا، سەربازەکە دەکەوێتە سەر چۆکان، بەڵام یەکسەر هەڵدەستێتەوە سەر پێیان و بە لارە لار ئاوڕی لای ئەفسەرەکە دەداتەوە و لە کاتێکا سەر و چاوی لە ئارەقەدا هەڵکشاوەو چاوەکانی بوون بە کاسەی خوێن، لە بن لێوانەوە دەڵێت: "زۆر سوپاس، ئەزبەنی."

پیرس فریرا، بە دەم هانکە هانکەوە دەڵێت: " مەمنوونی بەختی خۆت بە کە منیش وەکو تۆ ماندوو بووم. بڕۆ بۆ خەستەخانەکە با پشتت تیمار بکەن، پێیان بڵێ با سپرتۆ و تەنترۆکی لێبدەن. لە ئێستا بە دواوە، دەورو خولی شەیپورچیان مەدە."

سەربازەکان بڵاوەی لێدەکەن، چەند سەربازێک لە گەڵ کولوزا دەڕۆن، یەکێکیان خاولیەک بە پشتی ئەوا دەدا و ئەوانی دی بە کەناری ڕووبارەکەدا نشێو دەبنەوە. تا لە ئیتا پیکوردا، ئاوێ بە خۆدا بکەن و خۆیان فێنک بکەنەوە.

پیرس فریرا، سەروچاوی لەو سەتڵە ئاوەدا دەشوات کە موراسیلەکەی بۆی هێنابوو، ئەوسا ڕاپۆرتی ئەنجامدانی سزایەکە ئیمزا دەکات. لە هەمان کاتدا، وەڵامی پرسیارەکانی ملازم پینتو سوزا دەداتەوە کە هێشتا هەر مژوولی ڕاپۆرتەکەی ئەو بوو دەربارەی واریقاتەکەی ئواوا: " ئەو تفەنگانە کۆن بوون یان لەوانە بوون کە تازە کڕدرابوون؟"

پیرس فریرا دەڵێت: " تازە نەبوون، لە ساڵی ١٨٨٤ دا لە ساوپاولو و لە شەڕی پاراتادا بەکار هاتبوون. بەڵام عەیب و ئیرادەکەیان لە کۆنیەکەیاندا نەبوو، کێشە لە چۆنیەتی دروستکردنی ئەم مانلیچرانەدایە، ئەمە لە ئەوروپادا و بۆ کەش و هەوا و زروفێکی جیاواز لە هی ئێرە دیزاین و دروستکراوە، بۆ سوپایەک دروست کراوە، کە بزانێ سیانەی بکات کە ئەمە لە لای سوپای ئێمە نییە.

دەنگی شەیپوران لە هەموو ئوردوگاکانەوە و لە یەک کاتدا بەرز دەبێتەوە و قسەکەی پێدەبڕێت.

پینتو سوزا دەڵێت: " کۆبوونەوەی ئەفسەرانە. ئەمە لە بەرنامەی ڕۆژدا تۆمار نەکراوە."

پیرس فریرا دەڵێت: " دیارە سەبارەت بەو سەد تفەنگەیە کە دزراوە. خەریکە ئەفسەرە گەورەکان شێت دەکات. لەوەیە دزەکانیان دۆزی بێتەوە و بیانەوێ گوللەبارانیان بکەن."

پینتو سوزا دەڵێت: " یان لەگینە وەزیری بەرگری بۆ سەردان هاتبێ. خۆ ڕایانگەیاندبوو کە دێت. ."

بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکانی فەوجی سێ دەکەونەڕێ. بەڵام کە دەگەنە ئەوێندەر ئاگاداریان دەکەنەوە کە دەگەڵ ئەفسەرانی هەردوو فەوجی حەوتەم و چواردەیەمیشدا کۆبوونەوەیان هەیە، واتە کۆبوونەوەی هەموو لیوای یەکەمە. بەپەلە بۆ بارەگای فەرماندەیی لیوا دەڕۆن، کە لە کارگەیەکی دەباغخانەیەکی کەناری سیتاپیکور و بە نیو فرسەخێک لە سەرووی ڕوبارەکەوە ئوردوبەزی کردووە.

بەدەم ڕێگاوە بۆ ئەوێندەر، هەرا وزەنا و جم و جوڵێکی نائاسایی لە هەموو سەربازگەکاندا بەدی دەکەن. شەیپورەکان هەراو هەنگامەیەکی ئەوتۆیان نابووەوە، کە کەس لە مانای بانگەوازەکانیان حاڵی نەدەبوو. لە دەباغخانەکەدا چەند ئەفسەرێک دەبینن کە لە پێش ئەماندا لەوێندەر کۆ بووبوونەوە. پێدەچوو هەندێکیان تازە لە عەسرە خەو ڕابووبن، چونکە هێشتا هەر سەرگەرمی داخستنی دوگمەی کراس وچاکەتەکانیان بوون. فەرماندەی لیوای یەکەم، عەقید یواکیم مانویل دی مدیروس، لە سەر تەختێک وەستابوو و بەدەم دەست بادانەوە وتاری دەدا. بەڵام پیرس فریرا و پینتو سوزا بە باشی گوێیان لە قسەکانی نابێت، چونکە دەوروبەریان یەکپارچە هاوار وهورایە: "بژی بەرازیل" و " درووود لە کۆمار. " هەندێ لە ئەفسەرەکان لە خۆشیا کڵاوەکانیان بۆ ئاسمان هەڵدەدەن.

ملازم پینتو سوزا دەپرسێت: " ئەمە چییە؟ چی ڕوویداوە؟ "

نەقیبێکی تۆپخانە بە خۆشی و شادییەوە هاوار دەکات: " لە زەرفی دوو سەعاتی دیدا بەرەو کانودوس وەڕێدەکەوین."

بارۆن دی کانا براڤا لە بن لێوانەوە دەڵێت: " ئەمە شێتیەتیە؟ بەد حاڵی بوونە؟ ئەمانە کافی نییە، بویەرەکە ڕوون ناکەنەوە. دەبێ حەماقەت وزەبر وزەنگیش لە ئارادا هەبووبێ."

لە ناکاوا، ڕوخساری "جەنتیل دی کاسترو"ی ، بە گۆنا ئاڵ ولا جانگە زەردەکانیەوە هاتە بەرچاو، لە یەکێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانی کۆشکا دانەوییەوەو دەستی ئەستیلای ماچکرد. ئەمە زەمانێ بوو کە بارۆن ئەندامی کابینەی وەزیرانی ئیمپراتۆر بوو. کاسترۆ ناسک وەکو ژنان و دڵپاک وەکو منداڵ بوو، ئاخر جگە لە گەوجاتی و خوڕیاتی چ شتێک پاکانەی بۆ ئەو ڕەفتارەی جەنتیل دی کاسترو دەکرد؟

بە دەنگی بەرزو بە سەرو ڕوخساری توورەوە گوتی: " بە قەناعەت و بۆچوونی من ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لە پشت ڕووداوەکەی کانودوس ولە پشت هەموو مێژووەوەیە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە قسەکەی پێبرێ: " مەگەر ئەمەی کە بەشەر باوەڕی بە خوا هەبێ..." دەنگە گڕەکەی بارۆنی لە بوونی ئەو ئاگادار کردەوە: "وەکو خەڵکی ئەوێندەر. هەموو شتێک بەلای ئەوانەوە ڕوون و خۆیا بوو... گرانی وقات وقڕی، گوللەباران، ئەو پیاوانەی ورگیان سفرە تلیش کرابوو، ئەوانەی لە برسا مردبوون. خوا یان سەگ، مەسیحی موبارەک یان مەسیحی دەجال، یەکسەر دەیانزانی کە کێ لەم دووانە، بەرپرسە لە هەر بویەرێکی چاک یان خراپ. حەسوودیان پێنابەیت؟ ئەگەر مرۆڤ بتوانێ خێرو شەڕی هەر بویەرو شتێک دیاری بکات، هەموو شتەکانی بەلاوە ئاسان دەبێت."

بارۆن دی کانا براڤا، لەبن لێوانەوە گوتی: " لە ناکاواو ئێستا جەنتیل دی کاستروم بیرکەوتەوە. ئاخۆ دوای ئەوەی کە زانیویەتی چما نووسینگەی ڕۆژنامەکەیان سووتاندووەو بۆچی ئاگریان لەماڵەکەی بەرداوە، چەند حەپەساوە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، سەری بردە پێشەوە. بە دوو قۆڵی، ڕووبەڕووی یەکدی لە سەر دوو کورسی چەرمی دەسکدار ڕۆنیشتبوون، تەپڵەکێکی بچکۆلە کە سوراحیەکی پڕ لە مەشرووبی تێکەڵ بە (پاپایا و موز) لە سەر بوو، لێکدی هاوێر دەکردن. کاتێ بەیانی زۆر بە خێرایی دەڕۆیی و ئەو ڕوناکی و تیشکەی کە لە باخەکەی دەدا لە هی نیوەڕۆ دەچوو، هاوار و بانگی فرۆشیارە گەنج و گەڕۆکەکان کە خۆراک و تووتی و کتێبی وێرد ونزا و پێداویستی ماڵانیان دەفرۆشت، لە سەر دیوارەکانەوە دەگەییە ناو ژوورەکە.

پەیامنێرە نیزکبین وشل وشێواوەکە بە دەنگە زیقاوڵەکەی گوتی: "دەکرێ ئەم بەشەی بویەرەکە ڕوون بکرێتەوە و پاساوی خۆی بۆ بهێنرێتەوە. ئەوەی لە ریودی جانیرۆ ولە ساوپالو ڕوویدا لۆژیکی وعەقڵانی بوو."

-"ئەمە لۆژیکی وعەقڵانییە، کۆمەڵێک گەجەر و گوجەر و چەتە برژێنە ناو شەقامەکانەوەو نووسینگەی ڕۆژنامان بسووتێنن و پەلاماری ماڵی تایبەتی خەڵکی بدەن و خەڵکانێک بکوژن کە لە سەر نەخشەش نازانن کانودوس لە کوێیە، لەبەر ئەوەی چەند چەتەو ڕێگرێکی سەرەڕۆ، لە دووری هەزاران کیلومەتر، پەلاماری قۆشەنێکی سوپاییان داوەو تێکیان شکاندووە؟ ئاخر ئەمە لۆژیکی وعەقڵانییە؟ "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، گوتی: " بانگەشە و پروپاگەندە خوێنی ئەو جەماعەتەی هێنابووە جۆش. بارۆن، تۆ ڕۆژنامەکانت نەخوێندووەتەوە؟"

بارۆن بەرسڤی دایەوە: "من واریقاتەکەی ریوم لە یەکێک لە قوربانیەکانی ئەوێندەرەوە بیست. کە بە گوێ پچڕ گوێ پچڕ لە مردن خەلەسی بوو."

بارۆن، لە لەندەن فیکونت "دی ئورو بریتو "ی بینی بوو. دوا نیوەڕۆیەکی تەواوی بە گفت و گۆ دەگەڵ ئەم کۆنە ڕابەرە سەڵتەنەتخوازە بردبووە سەر، ئەم ڕابەرەی کە لە دوای ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە ترسناکەکانی ڕیودی جانیرۆ و دوای بڵاوبوونەوەی شکستی کەتیبەی حەوتەم و کوژرانی موریرا سیزار، خۆی نەجات دابوو و پەنای بۆ پرتوگال بردبوو. ئەم پیرە پیاوماقولە دەربارییەی جاران، حایرو حەپەساو، هەراسان ولە ترسا تۆقیو، لە بەلەکۆنە و بانێژەی خانووە شارییەکەی بارۆنس (دی گوانابارا) وە کە بە ڕێکەوت بە سەردان بۆ ئەوێندەر چووبوو، جەماعەتێکی تووڕە و هاڕوژاوی بینی بوو کە لە شەقامی مارکیزەوە و لە یانەی ئەفسەرانەوە بە ڕێکەوتبوون و هەندێ ئارمیان بەرز کردبووەوەو داوای کوشتنی ئەویان دەکرد، کە گوایە ئەو سەبەبکاری شکستی کۆمار بوو لە کانودوس. دوای کەمێک قاسیدێک هاتبوو و خەبەری دابوویە کە ماڵەکەی ئەو وماڵی هەندێ لە سەڵتەنەتخوازە ناسراوەکان تالان کراوەو  ونووسینگەی هەر دوو ڕۆژنامەی " گازتادی نوتیسیاس" و  "ئالیبرتاد" ش سووتێنراوە.

-" ئەو جاسووسە ئینگلیزەی لە ئیپوپیارا بوو، ئەو تفەنگانەی کە بۆ کانودوس ڤڕێ کرابوون، لە بیابانە دوورە دەستەکاندا کەشف کرابوون. ئەو موشەکە کروپاجیکانەی کە شەرڤانان بەکاریان بردبوون و تەنیا بە کەشتیانی ئینگلیزی دەکرا بگەیەنرێنە ئەم وڵاتە، هەروەها تەقەمەنیەکانی دی. ئەو درۆیانەی کە شەو و ڕۆژ بڵاو دەبوونەوە، هەر هەمووی ڕاست دەرچوو."

بارۆن دی کانا براڤا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی: " تۆ زۆر موبالەغە بە خوێنەرانی " جورنال دی نوتیسیاس" وە دەکەیت. "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە سەری ڕۆیی: " هاوتای ئیپامینونداس گونسالوڤس لە ریودی جانیرو ناوی ئالسیندو گوانا بارایەو ڕۆژنامەکەشی ناوی ( ئارپوبلیکا ) یە. لە زەمانی شکستی فبرونیووە، ئارپوبلیکا ڕۆژ نەبووە بەڵگەی بنجبڕ سەبارەت بە هاودەستی حیزبی سەڵتەنەتخوازان دەگەڵ کانودوسدا بڵاونەکاتەوە."

بارۆن گوێی لە دەنگی ئەو نەبوو، چونکە لە خەیاڵی خۆیا بیری لای ئەو قسانە بوو، کە فیکۆنت ( دی ئورو پریتو )، لە ژێر پەتۆکەیەوە کە بە ئاستەم دەمی بە دەرەوە بوو، بۆی کردبوو: " ئەوەی کە عەزابم دەدات ئەمەیە کە ئێمە قەت حیسابی جدیمان بۆ (جەنتیل دی کاسترو) نەدەکرد. ئەو لە سەردەمانی ئیمپراتۆریەتدا هیچ نەبوو، لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. نە لەقەب وعینوانێکی وەرگرت، نە میداڵ ونیشانێک، نە کارێکی فەرمی. سەڵتەنەتخوازی ئەو، تەنیا عاتیفە و قسەی ڕووت بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نەبوو."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لە سەری ڕۆیی: " بۆ نموونە یەکێک لە بەڵگە بنجبڕو بێ چەندو چوونەکانی ئەو ماڵات و پەزو ، چەکانە بوو کە لە (سیت لاگوس)ی دەڤەرو محاڵی (میناس گیریاس) بوو. مەگەر قەرار نەبوو ئەوانە بۆ کانودوس ڤڕێ بکەن؟ مەگەر قەرار نەبوو (مانویل جواو برانداو) ی چەتە و ڕێگری بەنێوبانگ، کە کەللە زلە سەڵتەنەتخوازەکان بە کرێیان گرتبوو، ئەو شتانە بۆ ئەوێندەر بەرێت؟ مەگەر ئەم برانداوە لە خزمەتی ( یواکیم نابوکو) و فیکونت (دی ئورو پریتو) دا نەبوو؟ ئالسیندو، ناوی ئەو پولیسانەی بردووە کە براندویان دەستگیر کردبوو و هەروەها وشە بە وشەی ئیفادەکەی ئەوی، کە دان بە هەموو شتێکا دەنێت، بڵاوکردووەتەوە. یانی

ئەگەر ئەم براندارەوە لە بنی نەبوایە، یان ئەو وەجبە چەکە لە بنی کەشف نەبوایە، چ دەبوو؟ ئەمانە هەمووی لە ڕۆژنامەدا بڵاو بوونەتەوە، کەواتە ڕاستە. سەربهورد و ماجەرای جاسووسەکەی ئیپیپیاراش، دووبارە وەکو خۆی بڵاوکراوەتەوە، نها دەبینی کە هەموو ئەمانە چەند لۆژیکی و عەقڵانییە؟ ئیدی نە کوشتن و تیانەچوونی تۆ ڕێکەوت نەبووە جەنابی بارۆن، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە لە سلڤادور یاقوبیانی توندڕەو نەبووە. تاقە شتێک کە خەڵکی باهیا دەهاڕوژێنێ، کەڕنەڤاڵانە، ئەمانە هەقیان بەسەر سیاسەتەوە نییە."

بارۆن بە سوعبەتەوە گوتی: "چاکە، هەستدەکەم ئامادەی کار بۆ ڕۆژنامەی (دیاریودا باهیا) بکەی، تۆ لە ئێستاوە ئاگات لە هەموو گەندەڵکاری نەیارەکانمان هەیە."

ڕۆژنامەڤانەکە لە بن لێوانەوە گوتی: " تۆش لەوان باشتر نیت. بیرت چووە کە ئیپامینوداس هاوپەیمانی تۆیە و هاوڕێکانی جارانت هەر هەموویان ئەندامی حکومەتن؟ "

بارۆن گوتی: " زۆر درەنگ ئەو حەقیقەتەت کەشف کرد کە سیاسەت کارێکی پیس و قێزەوەنە."

ڕۆژنامەڤانەکە وەڵامی دایەوە: "سەبارەت بە مورشید نا. سیاسەت بەلای ئەوەوە کارێکی خاوێن وپاک و ڕوونە."

بارۆن ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " بۆ جەنتیل دی کاستروی بەلەنگازیش وابوو.

کە لە ئەورووپا زڤڕی بووبووە، لە سەر مێزەکەی نامەیەکی بینی بوو کە چەند مانگێک لەوە پێش لە ریووە بۆی نێردرابوو، جەنتیل دی کاسترو، بە خۆی، بەو خەتە وردەی خۆی لێی پرسی بوو: " بارۆنی ئازیز، ئەم سەربوردەو واریقاتەی کانودوس لە سەر چییە؟ لەو ویلایەتە ئازیزەی ئێوەدا، لە باکووری ڕۆژهەڵاتدا چ دەگوزەرێ؟ جۆرە کەند و کۆسپی پیلانگێڕیمان دەخەنە بەردەم کە تەنانەت نەتوانین بەرگری لە خۆشمان بکەین، چونکە هیچ وێنایەکمان دەربارەی ئەو واریقاتانە نییە کە ڕوویان داوە و ڕوودەدەن. ئەم ئانتونیو کونسلیرویە کێیە؟ یانی ئەم ناوە هەیە یان نا؟ ئەو سباستیانیستە چەتە و تاڵانچییانە کێن کە یاقوبییەکان سوورن لە سەر ئەوەی ئێمە بەوانەوە ببەستنەوە؟ زۆر مەمنوون و منەتبارتان دەبم ئەگەر ئەو بابەتەم بۆ ڕوون بکەیتەوە..." نها ئەو پیرە پیاوەی کە ناوی جەنتل (بە ئەدەب، بەڕێز)ی پڕ بە پێست بوو، مردبوو، بەوە تۆمەتبار بوو کە شۆڕشێکی بەرپا کردبوو و لە ڕووی داراییەوە پشتیوانی دەکرد، بەو نیازەی کە دەسەڵاتی پاشایەتی بگێڕێتەوە سەرحوکم و بەرازیل بخاتەوە ژێر دەستی ئینگلیستان. چەندین ساڵ لەوە پێش، بارۆن وەختایەک هەوەڵین ژمارەکانی گازەتا نوتیسیاس و ئالیبرتا دی، وەرگرتبوو، نامەیەکی بۆ فیکونت دی ئورو بریتو ناردبوو و پرسی بووی کە مەبەست لەم کارە سەخیفە چییە کە دوو ڕۆژنامە دەربکەن و بە تاسەوە بانگەشە بۆ گەڕانەوەی ڕۆژانی خۆشی پاشایەتی بکەن. ئەمەش لە کاتێکا کە لە لای هەمووان وەکو ڕۆژی ڕوناک عەیان بوو، کە پاشایەتی بۆ هەتاهەتایە لە بەرازیل دا مردبوو و بە خاک سپێردرابوو "دۆستی ئازیز نازانم چیت پێ بڵێم؟... ئەم بیرۆکەیە نە هی من بوو نە هی جواو ئالفریدو و نە هی هیچ دۆستێکی ئێرەی تۆ. بە پێچەوانەوە هەر هەمووی بیرۆکەی عەقید جەنتیل دی کاسترو بوو. ئیدی قەراری دابوو بە دەرکردنی ئەو دوو ڕۆژنامەیە پارەکەی خۆی بە فیڕۆ بدات، تا بە خەیاڵی خۆی بەرگری لە ئێمەمانان، واتە لەوانەی کە خزمەتی ڕژێمی ئیمپراتوریمان کردبوو، بکات، تا ئەو بوختانە بسڕێتەوە کە پێماندا دەکرا. هەر هەموومان دەمانزانی کە ئێستا کاتێکی لەبار نییە، بۆ

گێڕانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی. بەڵام چۆن جەنتیل دی کاستروی بەلەنگاز ژێوان بکەینەوە؟ من نازانم تۆ ئەوت لە بیرە یان نا؟ پیاوێکی باشە، بەڵام هەرگیز کەسایەتیەکی دیار نەبوو..."

فیکونت گوتی: " کە هەواڵەکان گەیینە پایتەخت ئەو لە ریو نەبوو، بەڵکو بۆ پترو پولیس ڕۆیی بوو. من لە ڕێگەی " ئەلفونسوسلو " ی کوڕمەوە، جوابم بۆ نارد کە بە هیچ جۆرێ بیر لەوە نەکاتەوە کە بۆ ریو بگەڕێتەوە و نووسینگەی ڕۆژنامەکەی سووتاوەو خانووەکەشی تەخت کراوە، خەڵکانێکی گەجەروگوجەریش لە ( روا ئوفیدور ) و ( لاگودی ساوفرانسیسکو ) هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن. ئیدی ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی جەنتیل دی کاسترو بڕیاری گەڕانەوە بدات."

بارۆن، هێنایەوە بەرچاوی خۆی، بە گۆنا ئاڵەکانیەوە، جانتا گەورەکەی هەڵگرتووەو بە هەشتاو بەرەو وێستگەی قیتار دەڕوات، لە کاتێکا لە ڕیو، لە یانەی ئەفسەران، نزیکەی بیست ئەفسەرێک، خوێنی خۆیان لە بەردەم نیشانێکی چوار گۆشەدا تێکەڵ دەکەن و سوێند دەخۆن کە تۆڵەی موریرا سیزار بکەنەوەو نەیەڵن خوێنی بە فیرۆ بڕوات، ئیدی لیستێک بە ناوی ئەو خاینانە دروستدەکەن کە پێویستە بکوژرێن، یەکەم ناوی ئەو لیستە، ناوی جەنتیل دی کاسترو دەبێ.

فیکونت دی ئورو پریتو، لە سەری دەڕوات: "ئالفونسو سلسو" لە وێستگەی (مریتی) ڕۆژنامەکانی بۆ دەکڕێ و بۆی دەبات. ئیدی جەنتیل دی کاسترو، توانی بووی هەموو ئەو شتانە بخوێنێتەوە کە ڕۆژی پێشوو لە پایتەختی فیدراڵی دا ڕووی دابوو – خۆپیشاندان، داخستنی دووکانان و شانۆیان، ئاڵای نیوە داگیراو، لافیتەی ڕەشی سەر بانێژەکان، پەلاماردانی نووسینگەی ڕۆژنامەکان، هێرش بۆ سەر خەڵکی. هەروەها ئەم هەواڵە سەرنج ڕاکێش وباڵکێشەی ڕۆژنامەی (ئارپوبلیکا) شی خوێندبووەوە کە "ئەو تفەنگانەی کە لە هەردوو ڕۆژنامەی ( گازەتا دی نوتیسیاس) و (ئالیبردادە) باس کرابوون هەمان مارکەی تفەنگەکانی ( کانودوس) یان هەیە." بە عەقڵی تۆ دی کاسترو چ کاردانەوەیەکی هەبووە؟"

عەقید جەنتیل دی کاسترو، دەستی بە سمێڵە سپیەکەیدا دێنێت و لە بن لێوانەوە دەڵێت: " هیچ چارێکم نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە شایەدەکانم بۆ لای ئالسیندو گواناپار بنێرم، ئەم بۆرە پیاوە، بە ڕاستی شولی لێهەڵکێشاوە و پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە."

بارۆن لە قاقای پێکەنین دەدات. دەبیرەوە دەچێت: " ویستوویەتی دوئێل بکات. تاقە شتێ کە بیری لێکردووەتەوە ئەوە بووە کە لە ریووە تەحەدای ئیپامینوداس گونسالوڤس بکات و داوای دوئێل و مەیدانداری لێبکات. ڕێک لەو کاتەدا گەجەرو گوجەران تاقیبیان دەکرد تا بیکوژن. بیری لە شایەدانی ڕەشپۆش ولە شمشێرو لەو دوئێلە دەکردەوە، ئەو دوئێلەی کە تەنیا بە ڕشتنی خوێن یان مردنی یەکێک لە دوئێلچیەکان تەواو دەبوو."

هێندە پێکەنی تا فرمێسک زاییە چاوانی، ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە حایرو حەپەساو تەمەشای دەکرد. کە ئەم بویەرانە ڕوویان دەدا، بارۆن بە ڕێوە بوو بۆ سلڤادور، هەڵبەتە کوشتنی موریرا سیزار حەپەساندبووی، بەڵام تاقە شتێ کە بیری لێدەکردەوە ئەستیلا بوو، سەعات ژمێری دەکرد کە ئاخۆ کەنگێ پزیشکانی خەستەخانەی پرتوگالی یان پزیشکانی کولێژی پزیشکی، مژدەی ئەوەی دەدەنێ، کە ئەم قەیرانە تێدەپەڕێ و بارۆنس دەبێتەوە بە ژنە شەنگوڵ و شادەکەی جاران و ژیانی لێ هەڵدەقوڵێ. ئەوەی بەسەر ژنەکەی هاتبوو، بەڕادەیەک بیری مژوول کردبوو، کە بیرەوەری بویەرەکانی ئەم چەند هەیڤەی دوایی وەکو خەو دەهاتە بەرچاوی: گفت و

گۆیەکانی دەگەڵ ئیپامینوداس گونسالوڤس و هەست و نەستی سەبارەت بەو مقۆمقۆیەی کە جاڕی نەفیر عامێکی نیشتمانی فراوان دژی شەڕڤانەکان دراوە. ناردنی هێز لە هەرچوار نکاڵی وڵاتەوە، دروستکردنی یەکەێن خۆبەخش، کردنەوەی پێشەنگا کە خانمان خشڵ و جەواهیراتەکانی خۆیان، وتەنانەت چەپکە قژی خۆیان دەخستە مەزادەوە تا پارە بۆ ئەو یەکە تازانە دابین بکەن کە بەڕێوە بوون بۆ بەرگری لە کۆمار.

دووبارە هەستی بە هەمان سەرگێژکە کردەوە کە لە کاتی ڕووداوە گەورەکانا، لە کاتی هەڵە گەورەکانا، لە کاتی هەڵوێست و ڕەفتارە شێتانە و هۆڤیانەکاندا، بەسەریا زاڵ بووبوو.

فیکونت دی ئورو بریتو لە سەری ڕۆیی: " کە جەنتیل دی کاسترو و ئالفونسو سلسو دەگەنە ڕیو، بە دزییەوە، لە نزیکی وێستگەی ساوفرانسیسکو زافیر، خۆ بە ماڵی یەکێک لە دۆستەکاندا دەکەن. هاوڕێکانم دوور لە چاوی ئەو گەجەر و گوجەرانەی کە هێشتا بە سەر جادەکانەوە بوون، بۆ ئەوێندەریان بردم. دوای گەنگەشەیەکی زۆر ئەوسا توانیمان قەناعەت بە جەنتیل کاسترو بکەین کە تاقە کارێک بتوانین بیکەین ئەوەیە لە نزیکترین کاتدا ڕیو و بەرازیل بەجێ بهێڵین."

بڕیار درا، گروپێک لە دۆستان ،فیکونت و عەقید، دوای ئەوەی دەماغ بکەن، بە چەند خولەکێک پێش سەعات شەش و نیوی ئێوارە بگەیەننە وێستگەی قیتارەکە، قیتاری پتروپولیس، سەعات شەش و نیو دەکەوتە ڕێ. دەبوایە دوای ئەوەی دەگەشتنە ئەوێ، لە مەزرایەکدا، خۆ پەنا بدەن، تا ڕێگەی هەڵاتن بۆ هەندەرانیان بۆ تەرتیب بکرێ.

فیکونت لە بن لێوانەوە دەڵێت: "بەڵام قەزاو قەدەر یاری بکوژەکان بوو. قیتارەکە نیو سەعاتێک دوا کەوت. هەڵبەتە ئەو ماوەیە کافی بوو، جەماعەتی مە کە دەماغیان کردبوو، سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشن. خۆپیشاندەرەکان، بەدەم هاوار و هورای " بژی مارشال، فلوریانو، مردن بۆ فیکونت دی ئورو بریتو " بەرەولای ئێمە دایانکێشا. ئێمە تازە سەرکەوتبووینە ناو قیتارەکە، کە کۆمەڵێک ئەنارشیستی خەنجەر و دەمانچە بەدەست دەوریان گرتین. هەرکە قیتارەکە جوڵا، چەند تەقەیەک کرا، هەموو گوللەکان بەر جەنتل دی کاسترو کەوت. ئیدی نازانم چۆن لەو فەرتەنەیە دەرباز بووم."

بارۆن، ئەو پیرە پیاوە گۆنا ئالە دێنێتە بەرچاوی خۆی کە سەر وسینگی بە گوللە دابێژراوەو بەو حاڵەوە هەوڵدەدا نیشانەی خاچ بکێشێت. ڕەنگە ئەو جۆرە مەرگەی پێناخۆش نەبووبێ. چونکە ئەمە مەرگێ بوو شایەن بە خەڵکانی خانەدان و ئەسڵزادە، وانییە؟

فیکونت دی ئورو پریتو گوتی: " ڕەنگە وابێ. بەڵام دڵنیام کە ڕێ و ڕەسمی ناشتنەکەی بەدڵ نەبووە."

لە سەر داوای دەسەڵاتدارانی شار، بە دزییەوە بە خاکیان سپاردبوو. وەزیر " ئاماروکافالکانتی " بنەماڵەکەیانی ئاگادار کردبووەوە، کە بە هۆی ئەو ئاشووبەوە کە لە جادەکاندا هەیە، ناتوانێ، ئەگەر درێژە بە ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردنەکەی بدەن، سەلامەتیان بپارێزێ. هیچ سەڵتەنەتخوازێک بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی ناشتنەکەیدا نەکرد. جەنازەکەی جەنتل دی کاسترو بە عەرەبانەیەکی ئاسایی بۆ سەرقەبران برا، تەنیا یەک عەرەبانەی دیکەی بە دواوە بوو، کە دووان لە باخەوانەکانی خۆی و دوو خوشکەزای تیابوو. ئەمانە لە ترسی ئەوەی نەبا یاقوبیەکان لە ناکاوا پەیدا بن و بگەنە سەریان، تەنانەت نەیانهێشت قەشەکەش دوعا ونزاکانی تەواو بکات.

دەنگی پەیامنێرە نزیکبینەکە، دووبارە لە خەیاڵی دا: " وا هەست دەکەم کوشتنی ئەو پیاوە لە ڕیو زۆر ناڕەحەتی کردووی و زۆری بۆ پەرۆشی، کەچی بۆ مردنی خەڵکانی دی وانیت، خۆ خەڵکانی دیکەش لەوێ، لە کانودوس مردوون."

میوانەکەی، کەی هەستابووە سەر پێیان؟ نها لە بەردەم ڕەفەی کتێبەکاندا وەستابوو، دوو لۆ کۆمابووەوە، لە نیشانەی پرسیار دەچوو، خەریک بوو لە پشت شووشە ئەستوورەکەی عەینەکەکەیەوە — بە تووڕەیی؟ - سەیری ئەوی دەکرد.

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: " تەسەوری مردنی یەک کەس ئاسانترە لە تەسەوری مردنی سەد یان هەزار کەس، کول وکۆڤان کە زۆر بوو دەبێ بە شتێکی ئاسایی، ئینسان کەمتر بە شتی ئاسایی ناڕەحەت دەبێت."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: "مەگەر ئینسان بەچاوی خۆی عەزابی یەکێک، پاشان دە، سەد، هەزار و بگرە هەزارانی بینی بێت. ئەگەر مردنەکەی جەنتل دی کاسترو بێهودە و بێ مانا بووبێ، ئەوا مردنی زۆرێک لەوانەی کە لە کانودوس کوژران، هەر بێهودەو بێ مانا بووە."

بارۆن بە دەنگێکی نەوی پرسی: " ژمارەیان چەند کەسە؟ " دەیزانی کە ژمارەی ڕاستەقینەیان هەرگیز نازانرێ. دەیزانی کە ئەمەش، وەکو هەموو بویەرەکانی مێژوو، دیرۆکنووسان و سیاسەتوانان، بەگوێرەی بەرژەوەندی و مەرامی خۆیان زیاد و کەمی دەکەن. وێڕای ئەوەش نەیدەتوانی جڵەوی کونجکاوی خۆی بگرێت و ئەو پرسیارە نەکات.

ڕۆژنامەڤانەکە، لە کاتێکا بە لارە لار و بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بەرەو لای ئەم دەهات و بەدەم هەنگاونانەوە خۆی دا بە کۆڵی کورسیەکی دەسکدارەوە گوتی: " زۆرم هەوڵدا، ئەو ژمارەیە بزانم، بەڵام ژمارەی ڕاستەقینە لە بەردەستدا نییە."

بارۆن، چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی و پرسی: " سێ هەزار... پێنج هەزار کوژراو دەبوون؟ "

-" نزیکەی بیست و پێنج تا سی هەزار کەس دەبوون."

بارۆن، بە نەباوەڕییەوە پرسی: " بریندارو نەخۆشەکانیشت لە گەڵ ئەمانەدا حیساب کردووە؟ "

ڕۆژنامەڤانەکە پرسی: " هەقم بە سەر کوژراوانی سوپاوە نییە. ئەوان ژمارەیان دیارە، هەشت سەد و بیست و سێ نەفەرن، بەوانەشەوە کە بە نەخۆشی یان بە ڕووداو مردوون."

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان، بارۆن چاوی بڕی بوونە ئەرزەکە، تۆزێک شەربەتی میوەی بۆ خۆی تێکرد، بەڵام بە ئاستەم دەمی تێوە دا، گەرم بووبوو، تامی شۆربای ساردەوە بووی دەدا.

گوتی: " بە هیچ جۆرێ ناچێتە عەقڵەوە سی هەزار کەس لە کانودوس هەبووبن، چونکە هیچ ئاوەدانیەکی سیرتاو ( بیابان ) نییە، جێگەی ئەو هەموو خەڵکەی تیا ببێتەوە."

پەیامنێرەکە بەرسڤی دایەوە: " ژماردنیان ئاسانە. جەنەڕال ئوسکار، ماڵەکانی ژماردبوو. بەوەت نەدەزانی؟ ژمارەکەیان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردەوە: پێنج هەزار و حەوت سەد و هەشتا و سێ ماڵ بوو. لە هەر خانوویەکدا چەند کەس دەژیان؟ بە کێمانی پێنج شەش کەس. بە مانایەکی دی بیست و پێنج تا سی هەزار کەس کوژراون."

بێدەنگیەکی دی باڵی بەسەردا کێشان، بێدەنگیەکی دوورو درێژ کە تەنیا گیزە گیزی مێش ومەگەزان دەیشڵەقاند.

ڕۆژنامەڤانەکە گوتی: " هیچ برینداریک لە کانودوس دا نەبوو. ئەوانەی بە ناو ڕزگار بووبوون، تەنیا ئەو ژن و منداڵانە بوون کە کومیتەی نیشتمانی، ئەوەی ( لیلس پیاداداس) ی برادەری تۆ دایمەزراندبوو، بە سەرانسەری بەرازیل دا بڵاوی کردبوونەوە، ئەوانە لە کانودوس نەدەژیان، خەڵکی دەوروبەرو گوندەواری کانودوس بوون. تەنیا حەوت کەس لە ئابلۆقەکە دەرباز بوون."

بارۆن سەری هەڵبڕی وپرسی: " لەمەش دڵنیایت؟ "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: " خۆم یەکێک بووم لەو حەوت نەفەرە." وەکو ئەوەی گەرەکی بێ جڵەوی پرسیارێکی دی بگرێت، بلەز لەسەری ڕۆیی: " شەڕڤانەکان، ئامارێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، چەندیان بە گولله دەکوژران وچەندیان بە کێرد."

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو، سەرێکی تەکان دا و مێروویەکی لە خۆی پاسکرد. بەدەم دەست هەڵگلۆفتنەوە لە سەری ڕۆیی: " دیارە وەدەست هێنانی ئەم ژمارەیە مەحاڵە. بەڵام یەکێک هەیە دەتوانێ سەرەداوێکمان بداتێ، جەبنابی بارۆن ئەو یەکە، کەسێکی باوەڕ پێکراوە. لە قۆشەنەکەی موریرا سیزاردا بووە، پاشان وەکو فەرماندەی سریە یەکی "ریو گراندە دوسول" دەگەڵ هێزی چوارەما بۆ کانودوس گەڕاوەتەوە. ئەو پیاوە ملازمی دووەم ماراناوە."

بارۆن نیگایەکی ڕۆژنامەڤانەکەی کرد، کەم دابێژێک بە مەزەندە دەیزانی دەیەوێ چ بڵێت.

-" تۆ دەتزانی کە سەربڕین، خەسڵەت وخوو وخدەی کاوبۆیە دوو ڕەگەکانە؟ ملازمی دووەم ماراناو و پیاوەکانی پسپۆڕی ئەم بوارە بوون. یانی سەرژێکرن شتێک بوو کە ئەم ملازمە هەم تیایدا مەعلان و شارەزا بوو و هەم لەزەتی لێئەبینی. بە دەستی چەپ لووتی کابرای شەڕڤانی دەگرت، سەری بەرز دەکردەوە و ئەو کێردەی لە ملی دەنا، ڕەگی ملی بە درێژایی پازدە ئینج هەڵدەدڕی و هەنگێ سەری کابرا وەکو سەری بووکەڵەیەکی لە پەڕۆ دروستکراو دەکەوتە ئەو گۆڕە."

بارۆن پرسی: "دەتەوێ بەم قسانە ختووکەی سۆزم بدەیت؟ "

پەیامنێرەکە پژمەیەکی کرد و لەسەری ڕۆیی: " ئەگەر ملازم ماراناو پێی گوتباین بە خۆی و پیاوەکانی سەری چەند کەسیان بڕیوە، هەنگێ دەمانزانی چەند کەس لە شەڕڤانەکان چوونەتە بەهەشت وچەندیان چوونەتە دۆزەخ. ئاخر یەکێک لە ترسەکانیان ئەوە بوو کە دژمن سەریان ببڕێت. وادیارە ڕوحی ئەو کەسەی بەوجۆرە تیاچووە، یەکسەر بۆ دۆزەخ دەچوو."

***

ئەمشەو، پاجو بە فەرماندەیی سێ سەد چەکدار لە کانودوسەوە دەکەوێتە ڕێ – ئەمە گەورەترین هێز بوو کە تا ئێستا بەو سپێردرا بوو – بەڵێن بە خۆی دەدات کە چیتر بیر لەو ژنە نەکاتەوە، دەزانێ ئەو ئەرکەی بەم سپێردراوە، چەند ئەرکێکی هەستیارو گرینگە، پیاوەکانیشی ئەمە دەزانن، ئەمانە لە نێوان قۆچاغترین( لەش سووک، چالاک، خێرا لە ڕێکردنا) پیاوانی کانودوس دا هەڵبژێردرا بوون، چۆن دەبوایە ڕێگەیەکی زۆر درێژ بە پێیان ببڕن. وەختایەک بە قەد پاڵی کێوی ئانافیلادا تێدەپەڕن، بۆ ماوەیەکی کورت دەوەستن. پاجۆ، ئاماژە بۆ

زنارو ڕەوەز و هەوراز و نشێوە چیاییەکان دەکات کە بە ئاستەم لە تاریکییەکەدا دەبینرێ و بێدەنگیەکی بە سام باڵی بە سەردا کێشاوەو تەنیا دەنگی زیک زیکە و قورباقە جارجارێ بێدەنگیەکە دەشڵەقێنێ. بە پیاوەکانی دەڵێت دەبێ سەربازەکان بۆ ئەوێندەر بکێش بکرێن و لەوێ ئابلۆقە بدرێن تا ئەبوت جواو، جواوە زلە و هەموو ئەوانەی لە گەڵ پدراو و برایانی ڤیلانوڤادا، لە قۆڵی جرموابووە دێن، بتوانن لە سەر گرد و بەرزاییەکانی دەوروبەرەوە، سەربازەکان بەر دەستڕێژی گوللە بدەن، شەڕڤانەکان پێشتر چوونەتە ئەو شوێنەو سەنگەریان گرتووەو تەقەمەنی وچەکی زۆریان پێیە.

ئەبوت جواو نەهەقی نەبوو، چونکە تاقە ڕێگە بۆ زەربەیەکی کوشندە لەم سەربازە مەلعوونانە، هەر ئەوە بوو: دەبێ بۆ ئەم هەڵدێرە ڕووتەنە بکێش بکرێن. داروغای شار گوتی: "یا سەربازەکان دەکەونە ئەم تەڵەیەوە و تەفر و تونایان دەکەین، یان خۆمان دەکەوینە تەڵەکەوە. چونکە ئەگەر بیلومونتە گەمارۆ بدەن، نە شەڕڤانی پێویستمان هەیە نە چەک تا پێشیان پێبگرین و نەیەڵین بێنە ناو شارەکەوە – ئیدی کوڕینە چاومان لە هیمەتی ئێوەیە." پاجو، ئامۆژگاری پیاوەکانی دەکات کە دەست بە تەقەمەنیەوە بگرن، تەنیا نیشانە لەو سەگانە بگرنەوە، نەواریان لە قۆڵیان بەستووە یان شمشێریان پێیە و سواری ئەسپ بوون، تا دەتوانن خۆیان دەرنەخەن. شەڕڤانەکان بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکات و قەرار دادەنێ کە هەر چوار دەستەکە سبەینێ لە هەوەڵی شەوا لە (لاگوادالاج) کە لە (سیرادی ئاراکاتی) یەوە دوور نییە، یەک بگرنەوە، کە بە حیساب ئەو پێشقەرەوڵانەی کە دوێنێ لە مونتە سانتووە کەوتبوونە ڕێ، تەقریبەن لە هەمان کاتدا دەگەنە ئەوێندەر، هیچ دەستەیەک، بۆی نییە ئەگەر تووشی دەورێکانی دژمن بوو، ڕووبەڕوویان ببنەوەو دەگەڵیاندا بەشەڕ بێن، دەبێ خۆیان وەشێرن، ڕێگەیان بدەن تێپەڕن و بڕۆن، زۆر زوو بەڵەد وشوون هەڵگرێکیان لە دوو بنێرن، کە دوور و نزیک تاقیبیان بکات. نابێ بە هیچ بیانوویەک ئەرکی خۆیان لە بیربکەن، کە بریتیە لە کێشکردنی ئەو سەگانە بۆ کێوی ( ئافافیلا.)

ئەو گروپە هەشتا نەفەرییەی کە لەگەڵ ئەودا ماونەتەوە، دوا گروپ دەبن کە بەرەو شەڕ دەڕۆن. لەوەتای فامی کردبووەوە، هێندە شەوڕۆیی کردبوو و خۆی لە کەمینان نابوو تا پەلاماربدات وخۆی لە پەلاماردان بپارێزێ، کە ئەمجارەش لە جارەکانی پێشوو پتر بە خەمەوە نەبوو و نەدەترسا. ئیدی ژیان بەلای پاجووە بەوجۆرە بوو. هەڵاتن لە دەستی دژمن یان ڕووبەڕوو بوونەوەی دژمن، چاک دەیزانی، کە دەرهاویشتەی شەڕ، هەموو کاتێ، لە ڕابردوو و لە داهاتوودا، لە هەموو شوێن و کاتێکا، فیشەک و بریندارو کوژراوە.

جارێکی دی، سەر و سیمای ئەو ژنە – بە ڕژدی و مکوڕییەوە – زەینی فەتح دەکات. پاجو، هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە کار تا وێنەی گۆنا زەردەکانی، چاوە خەواڵوەکانی وقژە داڕژاوەکەی بە سەر شان وملیا، لە زەینی خۆ بسڕێتەوەو پەشێو و پەرێشان لە شتێکی دی دەگەڕێت کە بیر وخەیاڵی خۆی پێوە مژوول بکات.

تاراميلا، شان بە شانی ئەو ڕێدەکات، پیاوێکی کورتەباڵای چالاک و چەلەنگ و زیت و زیتەڵەیە، شتێکی لە دەمایە و دەیجوێ، خۆشحالە کە دەگەڵ ئەودایە، ڕێک وەکو سەردەمانی چەتەیی و ڕێگرییەکەیان. لە ناکاوا لە تاراميلا دەپرسێت ئەو دەرمانەی لە گەڵ خۆدا هێناوە کە لە زەردێنەی هێلکە دروست دەکرێ و باشترین دەرمانی ماران گەزییە. تاراميلا، بیری دەخاتەوە کە وەختایەک لە جەماعەت جیا بووبوونەوە بە خۆی هەندێک لەو دەرمانەی دابوو بە یواکیم ماکامبیرا، بە مانیە کوادرادو و بە فلیسیو. پاجۆ دەڵێت: " ڕاست دەکەی بە خۆم دامنێ." لە کاتێکا تاراميلا بە بێدەنگی تەمەشای ئەوی دەکرد، پاجو بە دەنگی بەرز بەخۆی دەڵێت ئاخۆ دەستەکانی

دی لەو چرا بچووکانەیان پێیە، کە بۆ دووره ئیشارەت لە شەوانا پێویستن. تاراميلا، پێدەکەنێ و بیری دەخاتەوە کە بە خۆی لە دووکانەکەی ڤیلانوڤادا سەرپەرشتی دابەشکردنی ئەو چرایانەی کردبوو.

پاجۆ، لە بەرخۆیەوە دەڵێت کە ئەم بیر چوونەوەیە نیشانەی پیرییە. تاراميلا سەر دەخاتە سەری: " یان نیشانەی عاشق بوونە؟ " پاجۆ هەستدەکا گۆنای گڕ دەگرێت، ڕوخساری ژنەکە، کە لە خەیاڵی خۆیی وەدەر نابوو، دووبارە لە زەینیا زندوو دەبێتەوە. ئیدی پەشێو وپەرێشان دەبیرەوە دەچێت: "نە ناوی دەزانم، نە دەزانم کوێندەرییە. " کە لە بیلومونتە زڤرییەوە لێی دەپرسێت.

هەشتا شەڕڤان دوای ئەو و تاراميلا کەوتوون، زۆربەیان کڕ وکپ وبێدەنگن یان بە ئەسپایی قسان دەگەڵ یەکدیدا دەکەن، کە دەنگیان لە نێو ترپەی پێیان و هەنگاوەکاندا ون دەبوو. هەندێک لەو هەشتا نەفەرە، لە سەردەمانی چەتەیی وڕێگرییەکەیەوە لەگەڵ ئەودا بوون. هەندێکی دیکەیان لە باندەکانی ئەبوت جواو یان باندەکەی بدراو بوون، هەندێکی دیکەیان هاوڕێی کۆن بوون لە لیوای پۆلیسی گەڕۆک یان گاردی گوندەوار، یان ئەو سەربازە پیادانە بوون کە لە عەسکەری هەڵاتبوون. ئەگەر ئەمانە سەردەمانێک دژمنی سێبەری یەکدی بووبوون، هەنووکە، کۆک و تەبا بەیەکەوە ڕێیان دەکرد، هەڵبەتە ئەمە پەرجووی خوایی و فەزڵی مورشید بوو. پەرجوویەک کە ئەم برا کوژانەی کردبوو بە برا و ، ئەو ڕق و کینەیەی، کە بەسەر ئەم بیابانەدا زاڵ بوو، گۆڕی بوو بە برایەتی.

پاجو، پێ هەڵدەگرێ و بە درێژایی شەوەکە بەو خێراییە ڕێ دەکات. سپێدە کە دەگەنە (سیرادی کاکسا مانگو ) لە پەنا چڕە دارستانێکا دەوەستن تا شتێک بخۆن، هەر هەموویان شەکەت وماندوون.

تاراميلا، دوای چوا سەعات، پاجو بێدار دەکاتەوە. دوو بەڵەد تازە لە ڕێگەوە گەیشتوون، هەردووکیان منداڵکارن، کە قسان دەکەن، دەنگیان لە گەرویاندا دەگیرێت، یەکێکیان یەکسەر دەکەوێتە سەر لاقە ئاوساوەکانی و لە هەمان کاتدا بۆ پاجوی دەگێڕێتەوە کە چۆن بە درێژایی ڕێگاکە لە مونتە سانتوە، تاقیبی هێزەکانی سوپایان کردووە. ڕاستی مەسەلەکە ئەمەیە: هەزاران سەربازن، بە سەر نۆ ڕەتڵ دا دابەشبوون، هێواش هێواش پێشڕەوی دەکەن، چونکە باریان قورسە، جۆرەها چەک و عەرەبانە و کابینە وچادری مەیدانیان پێیە، لە هەموو ئەمانە خراتر، تۆپێکیان پێیە لوولەکەی زۆر درێژە، بەردەوام لە خۆڵ و لمەلانەکەدا دەچەقێ وناچارن بەدەم ڕێوە ڕێگاکەی بۆ پانتر بکەن. نزیکەی چل گایان پێیە. ئەوپەڕی ڕۆژی پێنج فرسەخان ڕێ دەبڕن. پاجو، قسەکەیان پێدەبڕێ: ئەوەی گرینگە ژمارەیان نییە، بەڵکو جێگاکەیانە. ئەو نۆ لاوەی لاقی دەشێلێت دەڵێت جارێک لە ( ریکوپکینو) لایانداو پاشان لە (کالدیراو گراندە) بە شێوەیەکی کاتی هەڵیاندا. پاشان بەرەو ( گیتیرانا ) کەوتنەڕێ، لەوێندەر لایاندا. ئەنجام گەیشتنە یوا، لەوێ هەڵیاندا و شەویان لە چادردا بەسەر برد.

ئەو ڕێگەیەی کە سەگەکان گرتوویانەتەبەر، پاجوی حەپەساندووە. هیچ هێزێکی پێشووتر، بەم ڕێیەدا نەهاتبوو. یانی بە نیازن، لە جیاتی لە ڕێگای بندنگو یان ئوکامبایو یان سیرادی کانابراڤاوە بێن، لە ڕێگەی (روزاریو) وە خۆ بگەیەننە کانودوس؟ ئەگەر ئەمە نەخشەکەیان بێ، کارەکە زۆر ئاسانتر دەبێت، چونکە ئەم ڕێگەیە، بەچەند سووکە پەلامار وشەبەیخوونی شەڕڤانەکان، ڕێک بەرەو (ئافافیلا)یان دەکێشێت.

یەکێک لە بەڵەدەکان بۆ بیلومونتە دەنێرێ تا ئەم قسانەی بۆ ئەمیان گێڕاوەتەوە، بۆ ئەبوت جواوش، لە سیری تا پیازی، بگێڕێتەوە. پاشان دووبارە دەکەونەوە ڕێ. تا شەوێ یەک نەفەس وبێوچان ڕێگە دەکوتنەوە، زۆربەی

کات بە نێو دەوەنەجاڕی پنجە مانگابیرا، کیپوس و ماکامبیرا دا ڕێ دەکەن. مانیە کوادرادو، ماکامبیرا و فلیسیو، پێش ئەو بە خۆ وهێزەکانیانەوە گەیی بوونە لاگودالاج. ئیدی هێزەکەی مانیە کوادرادو، تووشی دەورێیەکی سوارە دەبن کە ڕێگەی ئاراکاتی بۆ جویتیەیان دەپشکنی، ئەوە مانای ئەوە بوو کە ڕێگای "روزاریو"یان هەڵبژاردبوو. ئیدی ئەوان خۆیان دەدەنە پاڵ دیوارێکی کاکتوسان و دەورێیەکە دەبینن کە ڕەت دەبێت و دوای دوو سەعاتان بە هەمان ڕێگادا دەگەڕێنەوە. ماکامبیرای دان عەمر، سەری هەڵدەکرێنێ: باشە بۆچی ئەم ڕێگە درێژ و بە پێچ و دەورەیەیان هەڵبژاردووە؟ بۆچی ئەم ڕێگە ناڕاستەوخۆیەیان گرتووەتە بەر کە چواردە پازدە فرسەخ دوورترە؟

تارامیلا دەڵێت: " چونکە ئەم ڕێگایە هەموارترە، هەوراز و نشێوی زۆر کەمە و ئەگەر ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر، بۆ بردنی تۆپ وعەرەبانەکانیان ئاسانترە." ئیدی دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە هۆی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیە، ئەمەیە. لەو کاتەدا کە ئەوانی دی پشوو دەدەن، پاجو، ترامیلا و مانیە کوادرادو و ماکامبیرا و فلیسیو، خەریکی گەنگەشە و تەگبیر دەبن. نها کە تەقریبەن لەوە دڵنیابوون کە قۆشەنەکە لە ڕێگەی (روزاریو) وە دێت، بڕیار دەدەن مانیە کوادرادو و ماکامبیرا بڕۆن و لەوێندەر خۆ لە بۆسە بنەن. بەڵام پاجو و فلیسیو لە ڕێگەی (سیرادی ئاکاراتی) وهێوە دوای دژمن دەکەون.

ماکامبیراو مانیە کوادرادو بەیانی زوو نیوەی هێزەکە لە گەڵ خۆدا دەبەن و دەکەونە ڕێ. پاجو، داوا لە فلیسیو دەکات بە خۆ و هەفتا شەڕڤانەوە لە پێش ئەوەوە بۆ ئاکاراتی بڕوات و بە درێژایی نیو فرسەخێک چاودێری ڕێگەکە بکەن تا لە هەر جم و جوڵێکی دژمن ئاگادار بن. پاجوش لە جێی خۆ دەمێنێتەوە.

(لاگوادالاج) مرداو ( قۆپی ) نییە، ڕەنگە لە ڕابردووی دووردا مرداو وقۆپی بووبێ – بەڵکو زەوییەکی نمسار بوو، گەنمۆک ودانەوێڵە وپاقلەمەنی لێدەڕوا. پاجو، زۆر چاکی لە بیرە کە زۆر جار شەوی، لە کوختە و کولبەی بچووکی ئەم جووتیار و ئەو جووتیار، کە نها پاکی سووتابوون، ڕۆژ کردبووەوە. تەنیا یەک کوختەی بچووک بە سەلامەتی مابووەوە. یەکێک لە شەڕڤانەکان کە بە سەرو سیما لە هندە سوورەکان دەچوو، ئاماژە بۆ ئەو کوختەیە دەکات و دەڵێت دەکرێ قرمیدی سەربانەکەی بۆ سەقفی پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک بەکار بێت. لەم ڕۆژانەدا و لە بیلومونتەدا هیچ قرمید و خشتێک بەرهەم نەدەهێنرا، چونکە هەموو کوورەکان بۆ دروستکردنی گوللە بەکار دەهێنران. پاجو، قاییل دەبێت و فرمان دەدات کە خشت و قرمیدی سەربانەکە هەڵبکەنن و بیهێننە خوارەوە. پیاوەکانی لە چوار دەوری خانووەکە دادەمەزرێنێ. خەریک بوو ئامۆژگاری بەڵەدێکی دەکرد کە بە تەما بوو بۆ کانودوسی ڤڕێ بکات، لە ناکاوا دەنگی سم و حیلەی ئەسپێکی هاتە گوێ. خۆی بە عاردیدا دەدات و بە سینگە خشکێ دوور دەکەوێتەوە و خۆی بەنێو تاوێر و ڕەوەزەکاندا دەکات. لە پەناگەکەی خۆیەوە تەمەشا دەکات ودەبینێ هەموو پیاوەکانی توانیویانە بەرلەوەی دەورێیەکە بگاتەجێ، خۆ بشارنەوە، هەموویان جگە لەو چوار نەفەرەی کە خەریک بوون قرمیدی سەربانی خانووە چکۆلەکەیان هەڵدەکەند، دەبینێ دەستەیەک سەبازی دوازدە نەفەری، چنگ لە سەر شان دوای سێ شەڕڤان کەوتوون، کە هەریەکەیان بە زیک زاک بەلایەکدا غار دەدەن. خۆ دەگەیەننە ناو تاوێرەکان، وادیارە هەرسێکیان ساغ و سەلامەتن و بریندار نەبوون. بەڵام چوارەمیان فریا نەکەوتووە، لە سەربانەکەوە خۆی هەڵداتە خوارەوەو بۆی دەربچێت. پاجو، هەوڵدەدات بیناسێتەوە و بزانێ کێیە. نا. لەم دوورەوە بە باشی فەرقی ناکات. کابرا کە بۆ چەند ساتێک لە سەرێ ڕا دەڕوانێتە ئەو سوارانەی کە نیشانەیان لەو گرتووەتەوە، هەردوو دەستی دەخاتە سەر سەری و وا دەنوێنێ دەیەوێ ڕادەست بێت. بەڵام

لە ناکاوا لەو سەرەوە خۆی هەڵدەداتە سەر یەکێک لە سوارەکان. یانی دەیویست ئەسپەکە لە کابرا بسەنێ و بە چوارناڵە بۆی دەربچێت وخۆی ڕزگار بکات؟ ئەگەر بەو نیازە بووبێ ئەوا خەیاڵی خاوە، چونکە سوارەکە دەگەڵ خۆیدا دەیخاتە خوارەوە، یارۆی شەڕڤان ئالکاوی سوارەکە دەبێ، بەملا و بەولادا دەیهێنێ و دەیبات، فەرماندەی دەستەکە، لە نزیکەوە تەقەی لێدەکات. ئاشکرایە کە کابرا حەز ناکات شەڕڤانەکە بکوژێت، بەڵکو حەزیدەکرد بە زندوویەتی بیگرێت وبیکاتە دیاری دەستی خۆی بۆ فەرماندەکانی. دەورێیەکە بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات، شەڕڤانەکان لە پەناگەکانی خۆیانەوە تەمەشایان دەکەن. پاجو، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشێت و پێی خۆشە کە پیاوەکانی توانی بوویان، خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و دەستبەرداری کوشتنی ئەو دەستە سەگە ببن.

تارامیلا، لە (گودالاج) بەجێدێڵێت تا کوژراوەکەیان بە خاک بسپێرێت و بەخۆی دەڕوات تا لە بەرزاییەکانی نیوەی ڕێگەی ئاراکاتیدا کەمین بنێتەوە. ئیدی ڕێگەی نەدەدا پیاوەکانی بە کۆمەڵ حەرەکە بکەن، دەبوایە مەسافە وەربگرن، دوور لە ڕێگا وبانەکان ڕێبکەن. بە ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی دەگاتە ڕەوەزەکانی ناوقەدی شاخەکە – کە شوێنێکی زۆر لەباربوو بۆ دیدەوانی – پێشقەرەوڵانی سوپا دەبینێ کە بەرەبەرە نزیک دەبنەوە. پاجو، هەست بەوە دەکات کە جێگەی کۆنە زامەکەی گرژ دەبێت، وەکو ئەوەی دووبارە بکولێتەوە. هەرکاتێ هەستی بە مەترسیەک کردبا ئەو حاڵەی لێدەهات. سەربازان بە بێڵ وقولنگ وقەمە ومشارێن دەستی ڕێگاکە پاک دەکەنەوە، درەختەکان دەبڕنەوەو تاوێرەکان لادەبەن. بێگومان لە (سیرادی ئاراکاتی) دا زۆر ماندوو بوون؛ چونکە هەورازێکی زۆر سەخت و تیشەلانە. سەربازەکان سێ سێ ڕێدەکەن، چاکەت و قەمسەڵەکانیان داکەند و کراس و بلوزەکانیان لە ناو قەدیان بەستووە، چەند ئەفسەرێک بە سواری ئەسپان پێش هێزەکە کەوتوون. ئەگەر دوو سەد سەربازیان لە پێشەوە بۆ پاک کردنەوەی ڕێگاکە ناردبێ، مانای وایە سەگەلێکی یەجگار زۆر بەڕێوەن. پاجو، لەو بەرزاییەوە، یەکێک لە بەڵەدەکانی سەر بە فلیسیو دەبینێ کە دوورو نزیک دوای ئەم یەکە ئەندازەییە کەوتووەو تاقیبی دەکات.

کات، هەوەڵی عەسرە. یەکەم تابووری نۆ تابوورەکە تێدەپەڕێت. کە دوا تابوور تێدەپەڕێت دنیا شەوە، ئاسمان ئەستێرە بارانە، ئێژی بە بار ئەستێرەی پێوەرکراوە، ئەستێرە دەوری مانگێکیان داوە کە دەڤەرو هەرێمی ( سیرتاو = دەشت و بیابان)ی ڕوناک کردووەتەوە. ئەم قۆشەنە هەندێجار بە کۆمەڵ و هەندێجار بە دووری چەند کیلۆمەترێک لە یەکدییەوە ڕێیان دەکرد، جل و بەرگی ڕەنگ ومۆد جیاوازیان لەبەر بوو: خاکی، سەوز، شینی نەوار سوور، خاکی قوپچە زەرد، ڕەخت و نیتاقی چەرمین، کاسکێتی عەسکەری فەرەنسی، شەپقەی کاوبۆیان، پاتاوە و سەندەلی جەوەڵی، پیادە یان سوارە. لە ناوەندی هەر تابوورێکا تۆپێک هەبوو کە لە گاجووتان بەسترابوون.

پاجو، کە بە نیو نەخت لە گرژ بوون و خاو بوونەوەی جێگەی کۆنە برینەکەی غافڵ نەبوو، بە سەرپێی کەوتە ژماردنی کاروانی ئازووقە و تەقەمەنیەکان: حەوت عەرەبانەی لە گاجووتان بەستراو، سی و چوار عەرەبانە کە گوێدرێژان ڕایان دەکێشا و نزیکەی دوو سەد کۆڵبەرو حەماڵ کە (زۆربەیان لە شەڕڤانان) بوون ولە ژێر کۆڵەکانیاندا دوو لۆ کۆمابوونەوە. دەیزانی ئەم سەندووقە دارینانە، پڕن لە فیشەکی تفەنگان، کە دەیەوێ ئەوە حیساب بکات کە هەر کەسێکی خەڵکی بیلومونتە چەند فیشەکی لەو فیشەکانە بەردەکەوێ، سەری بە گێژەوە دەچێت.

پیاوەکانی جوڵە ناکەن: لە تۆ وایە هەناسەدان وچاو تروکانیان لە بیرچووەتەوە، شتاقیان دەم ناکەنەوە. خامۆش و بێ جووڵە وەکو مردووان، لە تۆ وایە بوون بە بەشێک لەو تاوێر ودڕک وداڵ و بێشەیەی کە خۆیان تێدا حەشار داوە. گوێ لە دەنگی ئەو شەیپورانە دەگرن کە فرمانان لە فەوجێکەوە دەگەیەننە فەوجێکی دی، بەیداخی ئەو پێشقەرەوڵانە کە دەشەکێنەوە، گوێیان لە دەنگ و هاواری تۆپچیەکانە کە دەی لە گاجووت وقاتر وکەرەکان دەکەن تا خێراتر بڕۆن. هەر تابوورێک بریتیە لە سێ یەکەی جیاواز، یەکەی ناوەڕاست چاوەڕوانی پێشڕەوی دوو یەکەکەی ئەم لا و ئەو لای خۆی دەکات، پاش ئەوەی ئەو دوو یەکەیە دەجوڵێن ئەوسا نۆرەی جوڵان و پێشڕەوی یەکەی ناوەڕاست دێت. باشە بۆ ئەم مانۆڕە دەکەن کە هەم وەختێکی زۆریان لێدەبات و هەم وا دێتە بەرچاو لە جیاتی پێشڕەوی بکەن، پاشەکشە دەکەن؟ پاجو، دەزانێ کە ئەم مانۆڕەیان لەبەر ئەوەیە، نەبا لە هەر دوو قۆڵی ڕاست و چەپەوە و لە ناخافڵا هێرشیان بکرێتە سەرو بە هەمان مەرەدی پیاوانی یارۆی سەربڕ بچن، کە شەڕڤانەکان لەم بەر و لەوبەری ڕێگاکەوە پەلاماریان دابوون وکارێکیان پێکردبوون کە با بە دەواری شڕی نەکردبێ. لەو کاتەدا کە گوێی بە هەرا و زەنایەکی بەترەف دەزرینگایەوەو، تەمەشای ئەو دیمەنە جۆراوجۆرانەی خوارەوەی خۆی دەکرد، لە خۆی دەپرسی: ئەمانە بە تەمان لە چ ڕێگەیەکەوە بۆ کانودوس بڕۆن؟ تۆ بڵێی بیانەوێ دابەش ببن و بە جارێ لە دە قۆڵەوە هێرش بۆ بیلومونتە بێنن؟

پاش ئەوەی پاشکۆی سوپاکە ڕەت دەبێت، پاجو، چنگێ ئارد بە شەکری بۆرەوە دەخوات و دەگەڵ بە پیاوەکانیا بەرەو جویتیە دەکەوێتە ڕێ کە دوو فرسەخێک لەوێندەرەوە دوورەو دوو سەعاتە ڕێ دەبێت. پاجو بەدەم ڕێگاوە گوێی لە پیاوەکانی دەبێت کە بە ترسەوە باسی ئەو تۆپە گەورەیە دەکەن کە ناویان ناوە ئاماتادیرا ( واتە بکوژ )، بێدەنگیان دەکات. نەهەقیان نییە، زۆر گەورەیە، بەڕاستی دێوێکە لەو گۆڕە، دەتوانێ بە هەر گوللە تۆپێک چەندین خانوو بە جارێ تەخت و وێران بکات، لەوەیە دیوارەکانی پەرستگە نیوە چڵەکەش ببڕێت. پێویستە ئەبوت جواو لەم (ئاماتادیرا) ئاگادار بکاتەوە.

بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، سەربازەکان لە (لاگوادالاج) لایان دەدا و ئۆردوبەزیان دەکرد. پاجو و پیاوەکانی بە ڕادەیەک بە نزیکی چادرەکاندا دەڕۆن، کە گوێیان لە گوت و بێژی پاسەوانەکان دەبێ. بەرلە نیوەشەو، لە جوینیە، دەگەنە تارامیلا. لەوێ ئەو تەتەرە دەبینن کە مانیە کوادرادو و ماکامبیرا، کە نها گەیی بوونە روزاریو، بۆ لای ئەویان ناردبوو. ئەو دووانە لە ڕێگەی روزاریودا، دەورێی سوارەیان بینی بوو. وەختایەک پیاوەکان، لە مرداوەکەی جوینیە دا، کە جاران شوانانی دەڤەرەکە مەڕ و پەزەکانیان لەوێندەر ئاو دەدا، لەبەر هەیڤە شەوەکەدا دەکەونە ئاو خواردنەوەو دەم و چاو شۆردن، پاجو بەڵەدو تەتەرێک بۆ نک ئەبوت جواو دەنێرێت و بە خۆی لە بەینی تارامیلا و شەڕڤانێکا کە بەردەوام باسی (ئاماتادیرا) کەی دەکرد، لە ئەرزەکەدا ڕادەکێشێت تا چاوێ گەرم بکات. خۆزگە سەگەکان، یەکێک لە شەڕڤانەکانیان بە دیل دەگرت وپێی دەگوتن کە هەموو ڕێگاکانی بیلومونتە بە شەڕڤانان گیراوە، تەنیا ڕێگە سەخت و هەڵدێرەکەی ئافافیلا نەبێت. پاجو، ئەو بیرۆکەیە هێندە لە زەینی خۆیدا ورد دەکاتەوە تا خەو دەیباتەوە. ژنەکە دێتە خەوی.

لەگەڵ ڕوناک بوونەوەی دنیادا، دەستەکەی فلیسیو دەگەنە جێ. ئەم دەستەیە لە ڕێگادا تووشی دەورێیەکی سەربازان دەبن کە پاسەوانی قافڵەی ئەو مەڕو ماڵاتەیان دەکرد کە لە دوای تابوورەکەوە دەڕۆیی. دەستەکەی فلیسیو، بڵاودەبنەوەو هیچ خەسارەیەک نادەن. بەڵام کۆبوونەوەی دووبارەیان وەختێکی زۆری پێدەچێت و هێشتا سێ نەفەریان دیار نین. وەختایەک دەزانن لە (لاگوادالاج) چی ڕوویداوە، کوڕێژگەیەکی سوور پێست کە

تەمەنی هەر سیازدە ساڵ دەبێت و زۆر جار کاری تەتەری بۆ پاجو دەکرد، لە هوڕژنی گریان دەدا. ئەمە کوڕی ئەو شەڕڤانە بوو کە قرمید و خشتەکانی سەربانی خانووە بچووکەکەی هەڵدەتەکاند و سەگەکان غافڵگیریان کردبوو وکوشتبوویان.

پاجو، کە بەرەو روزاریو دەکەونە ڕێ، هێزەکەی دابەش دەکات بە سەر گرووپێن زۆر بچووکدا، ئەوسا بەرەو لای کوڕێژگەکە دەڕوات کە هەرچەندە هەوڵدەدا بە خورتی جڵەوی گریانی خۆی بگرێت، بەڵام هێشتاش ناوبەناو، لە ناکاوا هەنسک بەرۆکی دەگرێت.

پاجو، بێ هیچ پێشەکییەک، لە کوڕێژگەکە دەپرسێت ئایا ئامادەیە هەم خزمەتێک بە مورشید بکات وهەم تۆڵەی کوشتنی بابی خۆیشی بکاتەوە. کوڕێژگەکە بە عەزمێکی هێندە جەزمەوە تەمەشای دەکات کە پاجو پێویستی بە وەڵام نامێنێت. بۆی ڕوون دەکاتەوە کە چ کارێکی لەو دەوێت. شەڕڤانەکان لە دەوریان خڕدەبنەوە، بەدەم گوێگرتنەوە لە قسەکانی وان، جارێ سەیری پاجو دەکەن و جارێ تەمەشای کوڕێژگەکە.

پاجو دەڵێت: "مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە کارێ بکەی ئەوانە دەستگیرت بکەن، بەڵکو دەبێ کارێ بکەیت کە لایان وابێ هەرگیز حەزت نەکردووە بکەویتە داوی ئەوانەوە. نابێ هەر لە خۆتەوە بکەویتە قسە کردن و چەنەبازی. دەبێ کارێ بکەی وا تەسەوربکەن کە ئەوان هێناویانیتە قسان. بە کورتیەکەی دەبێ کارێ بکەی خۆت بە لێدان بدەیت و دەست بدەنە چەقۆ و کێرد لێت. دەبێ وا بنوێنی زۆریان لێدەترسیت. تەنیا بەو شێوەیە باوەڕ بە قسەکانت دەکەن. دەتوانی ئەو کارە بکەیت؟"

کوڕێژگەکە چاوانی سڕی، نیگای بوو بە نیگای پیاوێکی تەواو، لە تۆ وایە لە زەرفی پێنج خولەکدا، پێنج ساڵ گەورە بوو: " بەڵێ پاجو دەتوانم ئەو کارە بکەم."

لە دەوروبەری روزاریودا تووشی مانیە کوادرادو وماکامبیرا دەبن. ئێرە نها وێرانەیە. هەرچەندە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەڕەکی کۆیلەکان و کۆشکی ئاغای ئەم موڵک و مەزرایە بوو. پاجو زەلامەکانی، لە دۆڵێکی نزیکی ڕێگاکە دادەمەزرێنێ و ئەمریان پێدەکات، تەنیا ئەوەندە تەقە بکەن کە سەربازەکان هەستیان پێبکەن وبیان بینن کە خەریکن بەرەو بندنگو پاشەکشە دەکەن. کوڕێژگەکە لە تەنیشت ئەوەوە وەستاوە، تفەنگێکی بە دەستەوەیە کە بە قەد خۆیەتی. مەفرەزەی ئەندازە بێئەوەی ئەوان بدینن بەلایاندا ڕەت دەبن، دوای ماوەیەک فەوجی یەکەم دەگەنە جێ، تەقە دەست پێدەکات، دووکەڵی باroوت دەچێ بە ئاسمانا. پاجو، چاوەڕوان دەکات تا دووکەڵەکە کەمێک دەڕەوێتەوەو ئەوسا تەقە دەکات. زۆر بە ئارامی وکاوەخۆ تەقە دەکات. دەنگی شاورو شەیپوران و هەرا و زەنا بەرزدەبێتەوە، دەبینێ سەربازەکان شپرزەو پەشێو دەبن. کە سەربازەکان وەخۆ دێنەوەو هێور دەبنەوە، دەکەونە سەر چۆکان وبەرپەرچی تەقەکان دەدەنەوە، ئەفسەرەکان هانیان دەدەن. دەنگی شەیپوران نابڕێنەوە، هێزی پشتیوانی خێرا دێتە هیمدادیان. گوێی لە دەنگی ئەفسەرەکانە کە سەربازەکان هاندەدەن خۆ بە بێشەکەدا بکەون ودژمنەکانیان ڕاوبنەن.

پاجو، دووبارە تفەنگەکەی سوار دەکاتەوە، هەڵدەستێتە سەر پێیان و شەڕڤانەکان دووی دەکەون وخۆی دەگەیەنێتە ناوەندی ڕێگا، لە مەودای چل پەنجا مەترێکەوەو ڕێک ڕووبەڕووی سەربازەکان دەست بە تەقە دەکات. زەلامەکانیشی کە سەنگەریان گرتووە، گوێ بە گوێی ئەو دەکەونە تەقە کردن. زۆر شەڕڤانی دیکەش لە نێو دەوەنەجاڕو پەنا بنچکەکانەوە سەردەردێنن. ئەنجام سەربازەکان بەرەو ئەمان پێشڕەوی دەکەن، کوڕێژگەکە

که هێشتا لە لای پاجووە وەستاوە، تفەنگەکە بە شانیەوە دەنێ و چاو دەنوقێنێ و دەست بە تەقە کردن دەکات. گوللەکە دەتەقێتەوە و هەموو دەم و چاوی لە خوێنا هەڵدەکشێت.

کورپێژگەکە، تفەنگەکەی دەداتە پاجو ودەڵێت: " پاجو با ئەمە لەلای تۆ بێ، بۆمی هەڵگرە، من هەڵدێم و بۆ بیلومونتە دەڕۆمەوە."

خۆی بە عاردیدا دەدات ودەست بە ناڵین وئاخین دەکات، هەردوو دەستی بە دەم وچاویەوە دەگرێت. گیزو هوڕی گوللە لە هەرچوار لاوە دێت، پاجو لە ناکاوا پێ وەغارێوە دەنێ و خۆی بە بێشەکەدا دەکات، شەڕڤان و گەریلاکان دووی دەکەون. کۆمەڵێک سەرباز دوویان دەکەون وخۆ بە بێشەکەدا دەکەن، پاجو وشەڕڤانەکان ڕێگە بە سەربازەکان دەدەن کە ماوەیەک دوویان بکەون، بکێشیان دەکەن تا لە نێو دار (زیک زیک) وچڵ و چێوی (مانداکاروس) کاندا گومڕا ببن و سەریان لێ بشێوێت، ئەنجام سەربازەکان وەختێک وەخۆ دێنەوە، کە ماکامبیراو زەلامەکانی لە پشتەوە هێرشیان بۆ دێنن. سەربازەکان بڕیاری پاشەکشە دەدەن. پاجوش لە گەڵ شەڕڤانەکانیا پاشەکشە دەکات. شەڕڤانەکانی وەکو پێشتر بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکات، ئەمریان پێدەکات کە پێشی سەربازەکان بدەنەوە و لە (بایکساس) ی نیو فرسەخی روزاریو خۆ لە بۆسە بنەن و چاوەڕوانیان بکەن. بەدەم ڕێگاوە بۆ ئەوێندەر ،هەمووان هەر باس وستایشی قارەمانیەتی کورپێژگەکە دەکەن: " تۆ بڵێی پروتستانەکان باوەڕ بکەن کە خۆیان کورپێژگەکەیان بریندار کردووە؟ تۆ بێژی بیگرنە ژێر پرس و جۆیان؟ یان بە ڕادەیەک لەم تێکەوتن و شکستەی خۆیان تووڕە بووبن، کە بە قەمە وشمشێران تێی بەربووبن و پارچە پارچەیان کردبێت؟

دوای چەند سەعاتێک، پاش ئەوەی نان دەخۆن وئیسراحەت دەکەن و هێزەکانیان سەرژمێر دەکەن، بۆیان دەردەکەوێ دوو کەسیان دیار نین و یازدە کەسیان بریندارن، پاجو وتارامیلا لە نێو چڕە دەوەنەجاڕەکەی دەشتی (بایکساس) وە پێشقەرەوڵانی سوپاکە بەدی دەکەن کە دێنە پێشێ. لە پێشی تابوورەکەوە و لە ناوەڕاستی کۆمەڵێک سەربازا، کورپێژگەکە دەبینن کە پەتێکی لە مل کراوە و بەدەم کەوتن و هەستانەوە، لە دوای سوارێکەوە ڕێدەکات. سەری، کە شاشێکی تێوە ئاڵێنراوە، داخستووە. پاجو لە دڵی خۆدا دەڵێت: "باوەڕیان پێکردووە. کە خستوویانەتە پێشی تابوورەکەوە مانای وایە کردوویانە بە دەلیل و بەڵەدی خۆیان."

لە ناکاوا مەحەبەتی ئەم کورپێژگە دووڕەگەی دەچێتە دڵەوە. تارامیلا، سیخوڕمەیەکی تێوە دەژەنێ و لە بن لێوانەوە دەڵێت سەربازەکان، لە ڕێکردنا هەمان ئاڕایشی جارانی (روزاریو)ی نەماوە. ڕاست دەکات، بەیداخی عەلەمدارەکانی ڕیزی پێشەوە لە جیاتی شین بن، سوور و زێڕینن و، تۆپەکان – بە ئاماتادیراکەشەوە کە یەک دانەیە – لە پێشی تابوورەکەوەن. چەند مەفرەزەیەکی سەرباز، بەناو بێشەکە کەوتوون، تا گوایە پاسەوانییان بکەن. خۆ ئەگەر شەڕڤان و گەریلاکان، لە هەمان جێگەی خۆیان بمێننەوە زۆری پێناچێت ڕوو بەڕووی یەکێک لەو مەفرەزانە دەبنەوە.

پاجو، بە ماکامبیرا و فلیسیو دەڵێت کە بڕۆن بۆ (رانشو دو گیگاریو) واتە بۆ هەمان ئەو جێیەی کە بێگومان سەربازەکان بە شێوەیەکی کاتی و بۆ پشوودان لەوێندەر لادەدەن. شەڕڤان وگەریلاکانی فلیسیو وماکامبیرای پیرەمێر، بە ماتە مات و بە چوار چنگۆڵە، بە بێدەنگی، بەبێئەوەی بێڵن خشە لە گەڵا دارێکەوە بێت، دەکەونەڕێ و هەر زوو دەکەونە نەدیوی. دوای ماوەیەکی کەم دەنگی تەقە بەرزدەبێتەوە. ئایا دژمن بەدی کردوون؟ پاجو، جوڵە ناکات. لە میانی دەوەنەکانەوە، چەند مەترێک لەولاترەوە پۆلە سوارێکی ماسۆنی بەدی دەکات، کە سەرو

نێزەی نووک ئاسنینیان پێیە. سوارەکان هەرکە گوێیان لە دەنگی تەقە دەبێت، هەڵوەستەیەک دەکەن و دەسڵەمنەوە. ئەو دەنگی سمی ئەسپان و نەوای شەیپوران دەژنەوێت. دەستڕێژی گولله توندتر دەبێت. پاجو، نە تەمەشای تارامیلا و نە سەیری ئەو شەڕڤانانە دەکات کە خۆیان لە پەنا دارودەوەنەکان گرمۆڵە کردووە یان بە عاردیدا داوە. زۆرچاک دەزانێ کە ئەو سەد و پەنجا شەڕڤانەی لە دەوری ئەودان، ڕێک وەکو ئەو هەناسە و جوڵەیان لە خۆ بڕیوە، بیر لەوە دەکەنەوە کە لەگینە ماکامبیرا و فلیسیو، نها کاریان کرابێ و تیا چووبن... ڕمبەی لە ناکاوی تۆپ، کە گوێی بەشەر کەڕ دەکات، سەراپای دێنێتە لەرزە. بەڵام ئەوەی لە ڕمبەی تۆپەکە پتری ترساند، ئەو سووکە هاوارە بوو کە لە یەکێک لە شەڕڤان و گەریلاکانی پشت ئەوەوە بەرز بووەوە. پاجو، ئاوڕ ناداتەوە تا ئەو پیاوە سەرزەنشت بکات، چونکە زەحمەتە لە گەرمەی ئەو هەراو هەنگامە و لە ناو جەرگەی حیلەی ئەسپان و هاواری سەربازێن سوارەوە کەس گوێی لەو سووکە هاوارە بووبێ. دوای ڕمبەی تۆپەکە، ئیدی تەقەش دەوەستێ.

لە سەعاتەکانی دواترا، جێ برینەکەی سەر دەم و چاوی پاجو، سوور دەبێتەوە و شەپۆلە سۆزناکەکانی دەگاتە مێشکی. جێگەیەکی خراپی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە هەڵبژاردبوو. دەوریێیەکانی قۆشەنەکە دوو جاران بە پشتیا تێپەڕی بوون، و کۆمەڵێک پیاویان بە جل و بەرگی جووتیاری و تەورداس بە دەستەوە، لە گەڵیاندا ( لە گەڵ دەوریێیەکانا ) بوون، کە دەوەنەکانیان دەبڕییەوە. ئیدی ئەمە ڕێکەوت بوو یان پەرجوو، کە پیاوانی دەوریێیەکان، ئەگەرچی زۆر لە نزیکی ئەمانەوە تێپەڕی بوون، شەڕڤانەکانیان بەدی نەکردبوو؟ یان ئەو تەورداس بە دەستانە پیاوچاک و ئەولیای مەسیحی موبارەک بوون؟ خۆ ئەگەر پیاوەکانی کەشف بوایەن، بە ئاسانی دەرباز نەدەبوون، باڵیشیان بگرتایە لە گەمارۆی ئەو هەزاران سەربازە، دەرباز نەدەبوون. ئاخر ئەم ترسە کەم نەبوو، بە چاوی خۆی تیاچوونی زۆرێک لە شەڕڤانەکانی بدینێ و ئەرکەکەشی جێبەجێ نەکردبێ! ئەمە کردبوویە کارێک جێ زامەکەی دەم و چاوی بکولێتەوەو هێندەی دی سوور ببێتەوە. بەڵام جێ گۆڕکێش لەم کاتەدا شێتایەتی بوو.

بە گوێرەی حیساباتی ئەو (پاجو) تا هەوەڵی شەوێ، بیست و پێنج کەرو عەرەبانە ڕەت بووبوو وهێشتا نیوەی لەشکرەکە بەڕێوە بوو. پێنج دانە سەعاتە، سەربازان و تۆپ و حەیوانات بەبەر چاویەوە ڕەت دەبن، بە خەونیش باوەڕی نەدەکرد ئەم هەموو سەربازە لە دنیادا هەبێ. تۆپە سوورەکەی ئاسمان بەرەبەرە ئاوا دەبێت و دوای نیو سەعاتێکی دی دنیا تاریک تاریک دەبێت. داوا لە تارامیلا دەکات، نیوەی شەڕڤانەکان لە گەڵ خۆیدا ببات و بۆ (ڕانشو دو فیگاریو) بڕوات و قەرار دەکەن کە لەو ئەشکەوتانەدا کە چەکەکانیان تیا عەمار کردووە، یەک بگرنەوە. پاجو، باسکی دەگوشێت و دەڵێت: " ئاگات لە خۆ بێ." شەڕڤانەکان سێ سێ و چوار چوار، بە ماتە مات و کۆمە کۆم دەکەونەڕێ.

پاجو، تا ستێران هەڵدێن هەر لە جێی خۆی دەمێنێتەوە. دە عەرەبانەی دی دەژمێرێت. نها ئیدی هیچ گومانێک لەوە نییە کە هیچ فەوجێکی دی لە ڕێگەیەکی دییەوە ڕۆیی بێت. فیقەنە زەلەکەی بە دەمەوە دەنێ و فوویەکی کورتی پێدا دەکات. هێندە دەمێکە بە بێ جوڵە ماوەتەوە کە ئازای بەدەنی دەیەشێت. پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ هەر دوو بەلەکی باش باش دەشێلێت. کە دەست دەبات تا شەپقە مەکسیکیەکەی بێنێتە سەر گوێچکەکانی بۆی دەردەکەوێ کە سەری ڕووتە. ئیدی بیری دەکەوێتەوە کە لە روزاریو، شەپقەکەی ون کردبوو، گوللەیەک شەپقەکەی لە سەری پەڕاندبوو، گوللەیەک بە سەریا تێپەڕی بوو، ئەم هەستی بە گەرمیەکەی کردبوو.

ئەم پیادە ڕۆییە بۆ (رانشو دو فیگاریو) کە دوو فرسەخان لە (بایکساس) ەوە دوور بوو، زۆر خاو وناخۆش بوو. بەیەک ڕیز بە قەراخ ڕێگاکەدا دەڕۆن، جار جار خۆ بە عاردیدا دەدەن، تا لە شوێنە ڕووتەنەکاندا بە سینگە خشکێ وەکو کرم بڕۆن. کە دەگەنە ئەوێندەر، شەو لە نیوە تێپەڕیوە. پاجو، بە دەوری ئەو دێرەدا، کە ئەم دەڤەرەی بە ناوەوە ناو نراوە، پێچ دەکاتەوە و بە دەستی ڕۆژئاوادا ڕوودەکاتە ئەو دۆڵە بەردەلانەی کە دەچێت بۆ ئەو هەڵەتانەی پڕن لە غار و شکەفتان. ئێرە جێگەی یەکانگیری هەموو یەکەکان بوو. لەوێ نەک هەر یواکیم ماکامبیرا وفلیسیو، کە تەنیا سێ کەسیان لە سووکە شەڕێکی سەربازەکاندا لە دەست دابوو، چاوەڕوانیان دەکردن، بەڵکو (ئەبوت جواو) ش بە پیریانەوە هاتبوو.

پاجو، لە کاتێکا لە گەڵ ئەوانی دیدا، لە ئەرزەکە و لەناو شکەفتێکا لە دەوری چرایەکی بچووک دانیشتبوون، لە جەوەنەیەکی (جەوەنە: جەوەندە، توورەکەی چەرمین بۆ هەڵگرتنی ئاوی خواردنەوە.) پڕ لە ئاوی سوێرا، ئاو دەخواتەوە و چەند پاروەوە فاسولیایەکی ڕۆناوی هەڵمەقووت دەکات. پاجو، باسی نۆڕین و هەڵوێستەکانی خۆی، باسی کردەوە و ترسەکانی خۆی، لەو ساوە کە لە کانودوسەوە دەرچووبوو بۆ ئەبوت جواو دەکات. جواو بەبێئەوەی قسەکەی پێ ببڕێ گوێی لێدەگرێت و چاوەڕوان دەکات تا لە ئاو خواردنەوەو نانخواردن ببێتەوە، ئەوجا پرسیاری لێبکات.

تارامیلا ومانیەکوادرادو و ماکامبیرای پیر لە دەوری دانیشتوون چەند قسەیەک لە مەڕ ترسناکی ئاماتادیرا دەکەن. شەڕڤان و گەریلاکان لە دەرێی ئەشکەوتەکە و لە سەر ئەرزەکە ڕاکشاون و خەوتوون. شەوێکی ساف و ڕوناکە، زیکە زیکی سیسرکان دنیای پڕ کردووە. ئەبوت جواو پێیان ڕادەگەیەنێ کە ئەو تابوورەی لە قۆڵی سرگیپە و جرموابووە بەڕێوەیە، نیوەی ئەم قۆشەنەی ئەم قۆڵەیە، واتە دوو هەزار سەربازن. پدراو و برایانی فیلانوڤا لە (کوکوروبو) سەنگەریان گرتووەو چاوەڕوانی ئەم قۆشەنەن. دەڵێت: " ئێرە باشترین شوێنە بۆ غافڵگیرکردن و پەلاماردانیان." و پاشان دەگەڕێتەوە سەر باسی ئەو بابەتەی کە مێشکی هەمووانی مژوول کردووە. هەمان بۆچوونی ئەوانی هەیە کە: ئەگەر هێزەکەی سوپا، گەیی بێتە (رانشو فیگاریو)، ئەوا مانای وایە سبەینێ بە ( سیرادا ئانجیکو) دا ڕەت دەبێت. چونکە ئەگەر ئەم کارە نەکات، ناچارە بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بۆ پەڕاندنەوەی تۆپەکانی بدۆزێتەوە، دە فرسەخێکی زیادە، بە دەستی ڕۆژئاوادا، پێچ بکاتەوە.

پاجو، لەبن لێوانەوە دەڵێت: " لە دوای ئانجیکوە دەکەوینە تالوکەوە."

جواو، وەکو خووی هەمیشە، بە نووکی کێردەکەی هێڵێک لە سەر ئەرزەکە دەکێشێت: " ئەگەر ڕێگایان بەرەو توتابولینیرو بگۆڕن، ئەوا هەموو نەخشەکەمان پووچەڵ دەبێتەوە، ڕیسەکەمان لێدەبێتەوە بە خوری. پیاوەکانی مە بە تەمان لە ڕێگای ئافیلادا ڕوو بەڕوویان ببنەوە."

پاجو، لە زەینی خۆیدا، ئەوە وێنا دەکات چۆن ڕێگاکە پاش ئەو هەورازە سەخت و بەردەلان و، پڕ دڕک و داڵەی دەگاتە ئانجیکو، دەبێ بە دوو لقەوە. ئەگەر قۆشەنەکە، ئەو لقەی کە بۆ پیتومباس دەڕوات، نەگرێتەبەر، مانای وایە بە ئافافیلادا تێناپەڕێ. باشە بۆ دەبێ ڕێگەی پیتومباس بگرنەبەر؟ ئەگەری ئەوە هەیە ڕێگەکەی دی، ئەوەی بەرەو دۆڵەکانی ئوکامبایو و ئوتابولینیرو دەڕوات هەڵبژێرن.

ئەبوت جواو، چراکە هەڵدەبڕێت تا تیشک بخاتە سەر ئەو خەت خەتۆکانەی کە لە سەر ئەرزەکەی کێشاون و دەڵێت: " ئەگەر ئەم ڕێگایە بگرنەبەر، بە تەواوەتی دەکەونە بەر ڕێژنەی گوللەباران، خۆ ئەگەر نەتوانن لەم ڕێگەیەوە بێن، ئەوا چاریان ناچارە لە ڕێگەی پیتومباس و ئاس ئومبوراناسەوە بێن."

پاجو، دەستی بۆ لە ملی دەدا: " کەواتە، هەرکاتێ لە ملەی ئانجیکووە داگەڕان، بۆیان دادەنیشین و لە شانی ڕاستەوە سەرانسەری ڕێگاکە بەر دەستڕێژی گوللە دەدەین، هەنگێ بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێگەیەیان لێگیراوە."

ئەبوت جواو دەڵێت: " مەسەلەکە تەنیا ئەمە نییە. دەبێ دوای ئەوە دەرفەتی تەواو بۆ خۆتان بدۆزنەوە تا بڕۆن بە فریای جواوە زلەوە لە ئوریاشو. لەو بەرەوە زەلامی زۆرمان هەیە، بەڵام لە ئوریاشو، خەڵکمان کەمە."

لە ناکاوا ماندوویەتی ونیگەرانی بەسەر پاجودا زاڵ دەبێت وئەبوت جواو دەبینێ کە خۆی بەسەر شانی تارامیلادا دەدات و دەم و دەست خەو دەیباتەوە. تارامیلا، بە ئەسپایی سەری لە سەر شانی خۆی لادەدات و لە سەر ئەرزەکە پاڵی دەخات و تفەنگەکەی خۆی و تفەنگەکەی کورڕێژگە دوو ڕەگەکە، کە بە باوەشی پاجووە بوو، لە لایەکەوە دادەنێت. ئەبوت جواو، لە بن لێوانەوە و بە هەشتاو خاترخوازی لە هاوڕێکانی دەکات: " دروود لە مەسیحی موبارەک، مورشید."

وەختایەک پاجو، خەبەری دەبێتەوە، هەتاو تازە لە سەرووی دۆڵەکەوە گزنگی داوە، بەڵام دەوروبەری ئەو نوقمی تاریکییە. هەڵدەستێ، تارامیلاو فلیسیو و مانیەکوادرادو وماکامبیرا کە وەکو ئەو لە ئەشکەوتەکەدا خەوتبوون، تەکان دەدات. کە پرتەوێکی شینباو گردەکان ڕوناک دەکاتەوە، ئەوان خەریکی ئەوە دەبن مەخزەنی فیشەکەکانیان بگۆڕن و لە جیاتی ئەو فیشەکانەی دوێنێ لە شەڕی روزاریو بەکاریان بردبوو، فیشەکی تازە هەڵگرن. گاردی کاتولیک سەندووقە فیشەکەکانیان لە شکەفتەکاندا تاقەت کردبوو. هەر شەڕڤان و گەریلایەک سێ سەد فیشەک هەڵدەگرێ. پاجو داوایان لێدەکات یەک بە یەک ئەرکی خۆ بلێنەوە. ئیدی چوار گروپەکە یەک یەک لە شکەفتەکە وەدەردەکەون و بەڕێ دەکەون.

گروپەکەی پاجو، لە کاتێکا بە هەورازە بەردەڵانە ڕووتەنەکەی سیرادو ئانجیکودا سەردەکەون، لە دوورەوە گوێیان لە دەنگی شەیپوران دەبێت. ئەم گروپە یەکەمین گروپە کە هێرش دەکات و قەرارە کارێک بکات کە سەربازەکان لەم هەڵەتانەوە بۆ پیتومباس بکێش بکات، کە شەڕڤانەکانی دی لەوێندەر چاوەڕوان دەکەن. قۆشەنەکە بەڕێوەیە. پاجو، دوو شەڕڤان لە سەر لوتکەی شاخەکە بەجێدێڵێت و بەخۆی و باقی شەڕڤانەکانەوە، بە قەدپاڵە تەقتەقان و بەردەڵانەکەدا دادەگەڕێ، ئەم ڕێگەیە دروست بەرانبەر سەرەو لێژگەیەکە کە قۆشەنەکە ناچارە لەوێندەرەوە داگەڕێ، چونکە تاقە ڕێگەیە کە بشێت عەرەبانەکانیانی پیدا بڕوات. پاجو، شەڕڤانەکان، لێرە و لەوێ، لەناو دەوەنە جاڕەکەدا دادەمەزرێنێ، ئەو ڕێگەیە دەگرێت کە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و ئەوەیان لێ دووپات دەکاتەوە کە ئەمجارە نابێت یەکسەر دوای تەقەکردنەکە هەڵێن... پێویستە کەمێک خۆ ماتەڵ بکەن. دەبێ هەوەڵجار خۆ لە سەنگەرەکاندا قایم بکەن و لە هەنبەر دژمنا بە ڕادەیەک بەرەڤانی بکەن کە ( مەسیحی دەجال ) وا هەستبکات کە سەدان شەڕڤان ڕووبەڕوویان بوونەتەوە. دوای ئەوە خۆیان بۆ دژمن بەدیار بخەن و بەرە بەرە دەست بە هەڵاتن بکەن و دژمن تەماح بیگرێ و تا پیتومباس لە دوویان بێت. یەکێک لەو شەڕڤانانەی کە لە سەر شاخەکە دانرابوون، دێتە خوارەوەو خەبەر دەدات کە پێشقەڕەوڵانی قۆشەنەکە دیارن و ژمارەیان شەش کەسە. پێیان دەڵێت تەقەیان لێمەکەن، لێیان گەڕن با ڕەت بن. یەکێک لە سوارەکان لە ئەسپەکەی بەر دەبێتەوە،

چونکە ڕێگایەکە بەردەڵان و خزە، بە تایبەتی کە شەوێ ئاونگی نیشتبووە سەر. دوای ئەمە دوو دەورێی دی تێدەپەڕن، مەفرەزەیەکی ئەندازە بە بێڵ و قوڵنگ و هەڕەوە لە دوویانەوە دێن. دەورێی دووەم ڕوودەکاتە قۆڵی ئوکامبایو. ئەمە نیشانەیەکی باش نییە. ناکا بیانەوێ لێرە لابدەن و دابمەزرێن؟ ڕێک لە دوای مەفرەزەی ئەندازەوە پێشقەڕەوڵانی قۆشەنەکە دێن. ئایا هەر نۆ قوەتەکە بەو ئاوایە و لە نزیکی یەکەوە حەرەکەت دەکەن؟

پاجو، کە تازە تفەنگەکەی لە شان کردبوو، خێرا نیشانە لەو سوارە بە تەمەنە دەگرێتەوە کە وادیار بوو فەرماندەی ئەو دەستەیە بێ، لە ناکاوا گوللەیەک ناڵە دەکات و یەکێکی دی بە دوادا دێ و پاشان چەن گوللەیەکی دوابەدوای یەک. تەمەشا دەکات کە چۆن پروتستانەکان، دەشڵەژێن و قوشقی دەبن و دەکەون بەسەر یەکدا و، دەست بە پەرچدانەوە دەکات و لەو کاتەدا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاخۆ کێ بەر لەم یەکەم تەقەی کردووە. یەکەم خەشاب دەتەقێنێ و زۆر بە وردی نیشانە دەگرێتەوەو لە دڵی خۆیدا دەڵێت، لە ئەنجامی هەڵەی ئەو پیاوەوە کە دەستی بە تەقە کرد، سەگەکان توانیان پاشەکشە بکەن و خۆ لە بەرزاییەکانی کێوەکەدا پەنا بدەن.

کە قەدپاڵەکە لە سەربازەکان خاڵی دەبێت، تەقە دەوەستێ. لە سەر شاخەکەوە کاسکێتی سووری شینباو و بریقەی سەرەنێزان بەدی دەکرێت. سەربازەکانی پەنا تاوێرەکان جم وجوڵیان تێدەکەوێت. دەنگی چەک و زەلام و حەیوانات و هەندێجار دەنگی جنێویش دێتە گوێ. لە ناکاوا پۆلێک سوارە، بە فەرماندەیی ئەفسەرێک کە بە شمشێرەکەی ئاماژە بەرەو لێرەوارەکە دەکات، بەتاو لە هەڵدێرەکەوە بەرەو خوار دێن. پاجو، دەبینێ کە چۆن بێ ڕەحمانە، ئەسپەکەی بەر مامێزان دەدات. هیچ سوارێک لە سوارەکان، لە قەدپاڵەکەدا ناگلێ، وێڕای ئەو هەموو ڕێژنەی گوللەیەش، بە سەلامەتی دەگەنە خوارەوە. بەڵام هەرکە پێ دەنێنە ناو بێشەکە، بەر دەستڕێژی گوللە دەدرێن و لە ئەسپەکانیان دەکەونە خوارەوە. ئەفسەرە شمیشێر بەدەستەکە، کە چەند گوللەیەکی بەرکەوتووە، هاوار دەکات: " ئەگەر پیاون سەر لە کونان بێننە دەرێ هەی ترسنۆکینە " پاجو لە دڵی خۆدا دەڵێت: " سەرمان بێنینە دەرێ تا بمانکوژی، نەیخۆی تاڵە؟ کافران بەمە دەڵێن ئازایەتی؟ " بەڕاستی ئەمە بیر و بۆچوونێکی سەیرە: شەیتان هەر ناڕەسەن و موزیڕ نییە، بەڵکو کەودەنیشە. هەرچەندە تفەنگەکەی وەکو ئاگر گەرم بووە، دووبارە فیشەکی دەخاتەوەبەر. قەدپاڵەکە نها پڕە لە سەربازو دەستە دەستە هێرش بۆ قەدپاڵە بەردەڵانەکە دەهێنن. پاجو، بە کاوەخۆ نیشانە دەگرێتەوە، ژمارەی سەربازەکان بە سەد تا سەد و پەنجا کەس دەخەمڵێنێ.

بە تیلەی چاو یەکێک لە شەڕڤانەکان دەبینێ کە ئالکاوی سەربازێک بووە، لە دڵی خۆدا پێی سەیرە کە ئەم سەگە چۆن گەییوەتە ئەوێندەر. کێردەکەی بە دەمیەوە دەگرێت. ئەمە لە سەردەمانی چەتەگەریەوە عادەتی بوو، کە خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، چەقۆکەی بەدەمیەوە دەگرت. کۆنە زامەکەی سەر گۆنای دێتەوە سوێ، دەنگی هاوار لە نزیکەوە دێت: "بژی کۆمار"، "بژی مارشال فلوریانو!" ، "مردن بۆ ئینگلیزان!" شەڕڤانەکان وەڵام دەدەنەوە: "مردن بۆ مەسیحی دەجال!" ، "بژی مورشید!"، "بژی بیلومونتە."

تارامیلا دەڵێت: " پاجو، ناکرێ لێرە وەمێنین." نها ئاپۆڕایەکی فرە لە قەدپاڵی شاخەکەوە دادەگەڕێ: سەربازان، گاجووت وعەرەبانە وتۆپ وسوارە، بە پشتیوانی دوو سریەی پیادە، کە بەدەم دەستڕێژەوە هێرش بۆ ناو بێشەکە دەکەن، خۆیان بە دەوەنەکاندا دەدەن، نێزەکانیان بە بنچکەکاندا دەکەن بەو ئومێدەی کە بچێ بە گیانی دژمنەکانیاندا. تارامیلا، بێئەوەی هیچ ترس و لەرزێک بە دەنگیەوە دیاربێ، دووبارە دەڵێت: "پاجو، یان دەبێ ئێستا بڕۆین، یان قەت نەڕۆین." پاجو دەیەوێ لەوە دڵنیابێت کە ئاخۆ سەربازەکان بەڕاستی بەرەو پیتومباس دەڕۆن. بەڵێ گومان لەوەدا نییە، ڕوبارێک لە یونیفۆرمی سوپایی بەرەو باکوور بەڕێوەیە. هیچ کەسێک جگە

لەوانەی کە دەوەنەکان دەدورنەوە، ڕووەو ڕۆژئاوا ناڕوات. بەردەوام دەبێ لە تەقەکردن تا فیشەکی پێ نامێنێت، ئەوسا کێردەکەی لە دەمی دەردێنێ و بە هەموو هێز و توانایەکیەوە لە فیتۆکە زەلەکەی دەتورێنێ. ئیدی شەڕڤانان لە هەر گۆشە وکەنارێکەوە هەڵدەقولێن، بە ماتە مات، بە سینگە خشکێ، بە چوار چنگوڵە، لەم سەنگەرەوە بۆ ئەو سەنگەر دەڕۆن، تەنانەت هەندێکیان لە ژێر دەست و پێی سەربازەکانەوە دەردەپەڕن و بلەز پێ وەغارەوە دەنەن و ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵن. پاجو، دووبارە فوو بە فیتۆکە زەلەکەیدا دەکاتەوەو بلەز هەڵدێ. تارامیلاش دووی دەکەوێ. ناکا زیاد لە پێویست ماتەڵ بووبێ؟ ڕاستەوڕاست غار نادات، بە زیک زاک و قیروقاج غاردەدات، تا نەبێت بە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتە بۆ دژمن، دژمن نەتوانێ بە ئاسانی نیشانەی لێبگرێتەوە، ژێراوژێر چاوێک بە دەوربەری خۆیدا دەگێڕێت – سەربازان تفەنگەکانیان لە شان توونڕ کردووە یان بە سەرەنێزەی ڕووتەوە سەریان لە دوو شەڕڤانەکان ناوە. لەو کاتەدا کە بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە بۆ ناو بێشەکە غار دەدات، دووبارە ئەو ژنەی بیردەکەوێتەوە، بیر لەو دوو پیاوە دەکاتەوە کە لە سەر ئەو ژنە یەکیان کوشتبوو – ناکا لەو ژنە شومانە بێ کە نەگبەتییان بەدووودا دێ؟

هەست بە ماندوویەتیەکی زۆر دەکات، خەریکە دڵی بتەقێ. تارامیلاش هانکە هانکی پێکەوتووە. بەختی هەیە کە ئەم هاوڕێ بە ئەمەکەی هەیە. هاوڕێی ساڵەهای ساڵن، قەت لە یەکدی زویر نەبوون، کەمترین دەم بۆڵەشیان نەبووە. لەو کاتەدا چوار سەرباز، بە چوار تفەنگەوە لە بەردەمیا قوت دەبنەوە. تارامیلا هاوار دەکات: " خۆت بە عاردیدا بدە، خۆت بە عاردیدا بدە." خۆی بە عاردیدا دەدات وخۆی غل دەکاتەوە، گوێی لێدەبێ کە بە لای کەمەوە دووانیان دەست بە تەقان دەکەن. هەرکە خۆی جەم جۆر دەکاتەوەو فریا دەکەوێ بکەوێتە سەر چۆکان، لوولەی تفەنگەکەی دەکاتە ئەو سەربازە پیادەیەی کە بەرەو ڕووی ئەم دێت. تفەنگە مانلیچرەکەی وەستاوە، دەرزییەکەی وەبنی فیشەکەکە دەکەوێ، بەڵام ناتەقێ. پاجو، گوێی لە دەنگی تەقەیەک دەبێت، یەکێک لە پروتستانەکان دەست بە سکیەوە دەگرێت و دەکەوێتە سەر ئەرزەکە. دەبیرەوە دەچێ: " ئافەرین تارامیلا. تۆ فریا ڕەسی منیت." خۆی بەو سێ سەربازەدا دەدات کە دیتیان هاوڕێکەیان کەوتە سەر ئەرزەکە. بە جارێ حەپەسان، تفەنگەکەی وەکو تێڵا بەکاردەبرد. لە یەکێکیان دەدات، بەلادا دێت و دەکەوێتە سەر ئەرزەکە، بەڵام دووانەکەی دی پەلاماری دەدەن. هەست بە چزەیەکی پڕ ئازار دەکات. لە ناکاوا خوێن لە سەرو چاوی یەکێک لە سەربازەکانەوە فیچقە دەکات وپاجو، گوێی لە ناڵە پڕ ئازارەکەی ئەو دەبێت. تارامیلا دێت، وەکو نەیزەک خۆی بەناو شەڕەکەدا دەکات. ئەو دژمنەی بەر پاجو کەوتووە، حەریفێکی هاوتای ئەو نییە، کوڕێکی گەنجە، سەراپای لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، ئەو جلانەی کە وەکو جەواڵ لە بەری هەڵکێشراوە، تەواو لە جوڵەی خستووە. ماوەیەک بەرخودان دەکات تا پاجو تفەنگەکەی لە دەست دەردێنێ. هەنگێ هەڵدێ. بەڵام تارامیلا و سەربازەکەی دی بە هانکە هانک کەوتوونەتە گیانی یەکدی. پاجو، خۆی دەگەیەنێتە ئەوان، هەڵدەکێشێتە خەنجەرەکەی وتا مشتووەکەی لە گەردنی سەربازەکەدا ختم دەکات. سەربازەکە خنکە خنکێک دەکات، دەلەرزێ و لە جوڵە دەکەوێ. تارامیلا چەند سووکە برینێکی پێوەیە و شانی پاجو خوێنی لێدێت. تارامیلا، هێلکەیەک دەشڵەقێنێ و لە برینەکەی دەماڵێ و بە کراسی یەکێک لە سەربازە کوژراوەکان دەیبەستێت. پاجو دەڵێت: " تارامیلا، تۆ فریاڕەسی منی." تارامیلا بەرسڤ دەداتەوە: "بەڵێ، وایە." شتاقیان توانای ڕاکردنی نییە، چونکە هەر یەکێکیان جگە لە تفەنگ و کۆڵەپشتیەکەی خۆی، چەک و کۆڵەپشتی یەکێک لە سەربازەکانیشی بەکۆڵەوەیە.

دوای کەمێک گوێیان لە تەقەی تفەنگان دەبێت. تەقەکان لە هەوەڵەوە پچڕپچڕن، پاشان زیاتر دەبن. پێشقەرەوڵەکان گەییوونەتە پیتومباس، فلیسیو و شەڕڤانەکانی بە دەستڕێژی گوللە دایان دەگرنەوە. پاجو، لە

زەینی خۆیدا تووڕەیی ئەو سەربازانە بەرجەستە دەکات کە بە سەر ڕێگاوە یونیفورم، پۆستاڵ، کاسکێت و حەمایلی قۆشەنەکەی (سەربڕ) دەبینن کە بە دار و درەختەکانەوە هەڵواسراون، تووشی ئەو ئێسکە پەیکەرانە دەبن کە داڵاش پاکیان کردوونەتەوەو دەبریسکێنەوە. بە درێژایی ڕێگاکە تا پتیومباس دەنگی تەقە نابڕێتەوە. تارامیلا دەڵێت: "هەر کەسێک وەکو ئەم سەربازانە ئەو هەموو فیشەکەی لە بەردەستدا بێت، دەتوانێ هەر لۆ فشەی تەقە بکات." لە ناکاوا تەقە دەوەستێ. وادیارە فلیسیو، دەیەوێ پاشەکشە بکات تا تەماح بخاتە بەر سەربازەکان وبە ڕێگاکەدا دوای ئەو بکەون و بەرەو ئاس ئومبراناس بڕۆن، تا لەوێندەر ماکامبیرای پیر ومانیە کوادرادو، بە دەستڕێژی گوللە پێشوازیان بکەن.

وەختایەک پاجو وتارامیلا، ئەنجام دەگەنە دەوەنەجارەکەی پیتومباس – پێویستە ماوەیەک پشوو بدەن، چونکە جگە لە تفەنگ و کۆڵەپشتیەکانی خۆیان، تفەنگ و کۆڵەپشتی سەربازەکانیشیان بە کۆڵەوە بوو و، زۆر ماندوو بوون – دەبینن هەندێک شەڕڤان لێرە و لەوێ دامەزراون، ناوبەناو، بە پچڕ پچڕی تەقە لە قۆشەنەکە دەکەن، بەڵام سەربازەکان گوێیان نادەنێ و بە ناو غوبارێکی زەردباوا، بەرەو گەلیەکی قووڵ نیشۆ دەبنەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕوبار بووەو (سیرتانیوەکان) پێیان دەگوت ڕێگای (ئاس ئومبراناس).

تارامیلا دەڵێت: " پاجو، وادیارە دڵت زۆر خۆشە کە بەوجۆرە پێدەکەنی."

پاجو، لە فیتۆکە زەلەکەی دەتورێنێ، تا گەریلا و شەڕڤانەکان لە هاتنی خۆی ئاگادار بکاتەوە، وا هەستدەکات هەقی خۆیەتی پێبکەنێ. مەگەر ئەم سەگانە، فەوج بە فەوج، لەم دۆڵەوە بەرەو (ئاس ئومبراناس) ناڕۆن؟ مەگەر ئەم ڕێگەیە ناچێتەوە بۆ ئافافیلا؟"

خۆی و تارامیلا، لە سەر کەپکێکی چڕە درەخت ڕاوەستاون و دەڕواننە دۆڵە ڕووتەنەکەی بەردەمیان. پێویستیان بە خۆ شاردنەوە نییە. چونکە لە جێگایەکی پەنا ونەدیوا وەستاون وئەمە جگە لەوەی کە تیشکی هەتاوەکە هێندە بەهێزە کە ئەگەر سەربازەکان سەیری ئێرە بکەن نەک هەر هیچ نابینن، بەڵکو چاویان دەکەوێتە ڕێشکە وپێشکە. لە جێی خۆیانەوە، لە خواری خوارەوە تابوورەکە بەدەم ڕێکردنەوە دەبینن، کە ڕێگا قاوەییەکە، لە ژێر پێیاندا سوور هەڵدەگەڕێ. هێشتاش ناوبەناو دەنگی تەقەیان دێتە گوێ. سەرو سەکوتی شەڕڤانەکان پەیدا دەبێت، ئیدی لە ئەشکەوتەکانەوە وەدەردەکەون، بە ماتە مات لە پەنا دارو درەختەکانەوە دێنە دەرو خۆ دەگەیەننە پاجو ولە دەوری ئەو خڕ دەبنەوە، یەکێکیان جەوەندۆکەیەکی پڕ لە شیری دەداتێ، قوم قوم دەیخواتەوەو چۆڕاوگەی شیر بە هەر دوو لا لغاوەیدا دێتە خوارەوە. کەس پرسیاری برینەکەی لێناکات، لە ڕاستیا تەمەشای ناکەن، وەکو ئەوەی بە شەرم و شوورەیی بزانن. پاشان هەندێ میوە دەدەنە پاجو وەک: ( کاکاباس، ئالامبو، نیاس ). ئەوسا گوێ لە قسەی ئەو دوو نەفەرە دەگرێ، کە فلیسیو، وەختایەک چوو بوو بە فریای هێزەکانی یواکیم ماکامبیراو مانیە کوادرادو وە لە ئاس ئومبراناس، لەوێی جێ هێشتبوون. ئەو جووتە، کە پەیتا پەیتا قسان بە یەکدی دەبڕن، بۆی دەگێڕنەوە کە سەگەکان چۆن لە کاتێکا، شەڕڤانەکان لە سەرێ ڕا بەر دەستڕێژی گوللەیان دەدان، هیچ کاردانەوەیەکی لەزگینیان نەنواندبوو، ئیدی لەوە دەچوو نەیانەوێ بەو هەورازەدا هەڵگەڕێن و بکەونە بەر سێرەی تفەنگی شەڕڤانەکان و بە ئاسانی بێنە کوشتن یان لە بەر ئەوە بوو بە ژمارەیەکی کەمیان دەزانین کە هیچ مەترسیەکیان نابێت، زەرەریان بۆ پەزی وان نابێت. بەڵام وەختایەک فلیسیو و پیاوەکانی خۆیان گەیاندبووە قەراخ کەندەکە و، سەربازەکان کە چاویان بەو هەموو کوشتارەی خۆیان دەکەوێ، چەند سریەیەک بۆ سەر شەڕڤانەکان دەنێرن، کە ڕووبەڕووی مقاوەمەتی شەڕڤانەکان دەبنەوە، بە

پەلە پروزێ خۆیان بە دەوەنە جاڕەکەدا کردبوو، گوڕیان گوم کردبوو، ئیدی فلیسیو دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، کەوتبووە ڕێ و دەرچووبوو.

یەکێک لەو دووانە دەڵێت: " تا تۆزێ لەمە پێش ئێرە لە سەربازا جمەی دەهات."

تارامیلا، کە مژوولی سەرژمێری شەڕڤانەکان بوو، بە پاجو دەڵێ تەنیا سی وپێنج نەفەرمان ئامادەن. چاوەڕوانی ئەوانی دی بکەین؟ پاجو وەڵام دەداتەوە: " وەختمان بەدەستەوە نییە، لەوێ پێویستیان بە ئێمەیە."

ئەو دوو نەفەرە لەوێندەر بەجێ دێڵێت تا بەوانی دی بڵێن کە لە کوێوە ڕۆیشتوون، تفەنگ و کۆڵەپشتیەکانیش بەوان دەسپێرێت و ئەوسا بەرەو دۆڵەکە، بۆ لای مانیە کوادرادو و فلیسیو و ماکامبیرا، دەکەوێتە ڕێ. کە ئەو تۆزە ئیسراحەتەی کرد و ئەو تۆزە نان و شیرەی خوارد، وەخۆ هاتەوەو، ئازاری برینەکەی کەم بووەوە. بە هەشتاو دەڕوات، پێویست بە خۆ شاردنەوە و ماتە مات ناکات، ڕێگاکە بە خۆی قیروقاج و پڕ پێچاوپێچە. لە خوار ئەوەوە قۆشەنەکە پێشڕەوی دەکات، پێشینەی قۆشەنەکە تەواو دوور کەوتووەتەوە، مەسافەیەکی زۆری بڕیوە. لەگینە نها خەریکی ئەوە بێ بە ئافافیلادا سەر بکەوێ. بەڵام لەو شوێنانەشەوە کە هیچ لەمپەڕێک لە ئارادا نییە، ناتوانێ پێشینەی قۆشەنەکە ببینێت. ڕووباری سەربازان، ئەسپان، و تۆپان و عەرەبانە کۆتایی نییە. پاجو دەبیرەوە دەچێ: " عەینی ماری زەنگوڵدارە. " هەر فەوجێ ئەڵقەیەکیەتی، یونیفۆرمەکان کاژەکەیەتی، باڕووتی تۆپەکان ژەهرەکەیەتی و دەچێتە گیانی قوربانیەکانیەوەو دەیانکوژێت. لە کانگای دڵەوە حەزدەکات سەربهورد و ماجەراکەی بۆ ئەو ژنە بگێڕێتەوە.

لەو کاتەدا، دەنگی تەقەی تفەنگان بەرزدەبێتەوە. هەموو شتەکان بە گوێرەی نەخشەکانی ئەبوت جواو بە ڕێوە چووە. ئەوان لە سەر شاخەکانی (ئاس ئومبراناس)وە، ئەم مارەیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە، تا ناچار ببێت ڕووبکاتە ئافافیلا. لە پێچی گردێکا، دەستەیەک سەربازی سوارە دەبینێ کە بەرەو سەرێ دێن. پاجو، نیشانە لە ئەسپەکان دەگرێتەوە تا بەرەو دۆڵەکە هەڵدێرن. بە ڕاستی ئەسپن نە گاڵتە! چەند ئاسان و خۆشبەز بەم قەدپاڵە دژوارەدا سەردەکەون! دووان لە ئەسپەکان بەر دەکەون و پەلە خوار دەبنەوە، بەڵام ئەوانی دی خۆیان دەگەیەننە سەرەوە. پاجو فەرمانی پاشەکشە دەدات، بەدەم پاشەکشەوە دەبیرەوە دەچێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێت، بێگومان شەڕڤانەکان گلەیی و گازنی ئەوە دەکەن کە دەرفەتی سەرکەوتنێکی هاسانی لە کیس داون.

وەختێک دەگەنە قوڵایی دۆڵەکە، کە شەڕڤانەکان لەوێ سەنگەریان گرتووە، پاجو هەست دەکات کە هاوڕێکانی لە تەنگانەیەکی خراپدان. ماکامبیرای پیر، کە پاجو پاش ماوەیەک بە جێگاکەی زانی، بۆی ڕوون دەکاتەوە کە سەربازەکان خەریکن بەرزاییەکان تۆپباران دەکەن ،ئەمەش دەبێتە مایەی داڕوخان وداپژانی تاوێر و ڕەوەزەکان، هەر هێزێک کە ڕەت دەبێ، سرییەک بۆ خوارەوە دەنێرێ تا بە گژیاندا بچنەوە. پیرەمێرد، لە کاتێکا بە تەڕدەستی حەبل لە تفەنگەکەی دەدات و پڕی دەکات لە باروت، دەڵێت: " خەڵکێکی زۆرمان لە دەست داوە. بە کێمانی بیست کەسێک دەبن، نازانم بەرگەی هێرشی دی دەگرین یا نا. چ کارێکمان لە دەست دێ؟"

پاجو، لەو شوێنەوە کە وەستاوە، زنجیرە شاخەکانی ئافافیلاو، مونتە ماریوکی پشت ئافافیلا دەبینێ، ئەو هەڵەتە قاوەییە ئامال زەردە، نها بە زۆر ڕەنگی شین، سوور، سەوز خۆی دەنواند و کەوتبووە جوڵە و دەتگوت جۆرەها کرم تێی داوە.

ماکامبیرای پیر دەڵێت: " نزیکەی چوار سەعاتە لە یەکبینە لەوێندەرەوە سەردەکەون. تۆپەکانیشیان سەر خستووە. ئاماتادیرا زەبەلاحەکەشیان بردووەتە سەرەوە."

پاجو دەڵێت: "بەهەرحاڵ ئەوەی لە سەرمان بوو، بە زیادەوە کردوومانە. نها با بڕۆین، بەرەی ئوریاشو، توند بکەین."

***

وەختایەک خوشکانی ساردلینیا، لە جورمایان پرسی ئایا مەیلی لێیە دەگەڵ ئەواندا بڕوات وخواردن بۆ ئەو شەڕڤانانە لێبنەن، کە لە ترابوبو و لە کوکوروبو، بۆ دژمن دانیشتوون، قاییل بوو وگوتی بەڵێ. هەڵبەتە بەڵێ و قاییل بوونەکەی وەکو هەر قسەو کارێکی دیکەی زۆر میکانیکی بوو. کورتەڵە لە سەر ئەو کارە لۆمەی کرد و یارۆی نزیکبین، خوتە و بۆڵەیەکی لێوە هات، شتێک بوو لە نێوان ناڵە وبۆڵە، هەرجارێ ترسێکی لێ بنیشتبایە ئەو دەنگەی لێوە دەهات. دوو مانگێک دەبوو کە لە کانودوس بوون و هەرگیز لە یەکدی هاوێر نەبووبوون.

جورما، وایزانی کورتەڵە وپیاوە نزیکبینەکە لە شار دەمێننەوە. بەڵام وەختایەک قافڵەیەکی چوار قاتری و بیست و چار بارەبەر ودوازدە ژن ئامادەی حەرەکەت بوو، ئەو دووانە شانبەشانی ئەو کەوتنە ڕێ. ڕێگەی (جرموابو ) یان گرتەبەر. بەڵام هیچ کەسێک گوێی بەم دوو غەوارەیە نەدا کە نە چەکیان پێ بوو و نە بێڵ وقولنگ تا سەنگەری پێ لێبدەن. وەختێک بەلای ئەو ئاغەڵانەدا، کە نۆژەن کرابوونەوە و دووبارە پڕ بووبوونەوە لە پەزو مەڕ وماڵات، هەموو دەستیان بە خوێندنی ئەو سروودانە کرد کە خەڵکی دەیانگوت (چکۆلەی پیرۆز) دایناون.

جورما، بە بێدەنگی دەڕۆیی، بەردی ڕێگا لە ژێر پێڵاوەکانیەوە لە پێی دەچەقی، کورتەڵەش لە گەڵ ئەوانی دیدا سروودی دەخوێند. کابرای نزیکبین هەموو هۆش وگۆشی لای ئەوە بوو پێی لە کوێ دابنێت، چوارچێوەی چاویلکەکەی، کە لە سەدەفی کیسەڵ دروستکرابوو وهەر دوو شووشە درز بردووەکانی بە کەتیرە پێوە لکاندبوو، لە بەرچاوی ڕاستیا گرتبوو. ئەم پیاوەی، کە پێدەچوو، ئێسکی لە خەڵکانی دی زیاتر بێ، گێژو وێژ ڕێی دەکرد، هەرجارەی بە لایەکا سەرەسمی دەدا و عەینەکە شکاوەکەی بە چاویەوە گرتبوو، ئەم پیاوە لە هەرکەس وهەر شتێک نزیک دەبووەوە، لە تۆ وایە هاکا خۆی پێدا کێشا، جارجار جورمای لەوە دوور دەخستەوە کە بیر لە بەختی شوومی خۆی بکاتەوە. بەدرێژایی ئەم چەند هەفتەیەی کە جورما بووبوو بە چاو ودار عاسا و سەلوای ئەم پیاوە، بە چاوی کوڕی خۆیەوە تەمەشای دەکرد. بیرکردنەوە لەوەی کە ئەم پیاوە بە کوڕی خۆی بزانێ، گەمە پەنهانەکەی جورما بوو، هەندێجار ئەم بیرۆکەیە دەیهێنایە پێکەنین. خواوەند چ خەڵکانێکی سەیری تووشی ئەو کردبوو، خەڵکانێک بە خەونیش دیتبانی باوەڕی نەدەکرد. وەک: گالیلیو گال، سێرکەوانەکان و ئەو بوونەوەرە داماوەی کە بە هەڵتەک هەڵتەک بەگەڵی کەوتبوو، مرۆڤ بەزەیی بە حاڵیا دەهاتەوە، تازە کەوت و درێژاودرێژ تەختی ئەرزەکە بوو.

لە ڕێگادا ناوبەناو تووشی دەستە چەکدارەکانی گاردی کاتولیک دەبوون و ئاردو میوەو شەکری بۆر و قاورمە و ئازوقەیان دەدانێ. ناوبەناو تەتەر و بەڵەدان پەیدا دەبوون، کە ئەمانیان دەبینی ڕادەوەستان و قسەیان دەگەڵ ئانتونیو ڤیلانوڤادا دەکرد. دوای ڕۆیشتنی تەتەرەکان، مقۆمقۆ لە ناو قافڵەکەدا بڵاودەبووەوە، ئەم مقۆمقۆیانە هەمیشە دەربارەی یەک شت بوو: شەڕو ئەوەی سەگەکان بەڕێوەن. جورما، ئەنجام توانی ئەم مقۆمقۆ پەراگەندانە لێک بدات – دوو قۆشەن بەڕێوە بوون، یەکێکیان لە ڕێگەی کیماداس و مونتە سانتووە دەهات و

ئەوی دی لە ڕێگەی سرگیپە وجرموابووە دەهات. لەم ڕۆژانەی دواییدا سەدان شەڕڤان لەم دوو قوڵەوە کەوتبوونە ڕێ.

مورشید، عەسرانی هەموو ڕۆژێ لە کاتی وەعزەکانیا، کە جورما بە بەردەوامی ئامادەیان دەبوو، موریدەکانی هاندەدا کە دوعای خێریان بۆ بکەن. جورما، بە چاوی خۆی ئەو نیگەرانیانەی دەبینی، کە لە ترسی شەڕێکی نزیک خەڵکەکەی داگرتبوو، هەموو هۆش وبیری لەلای ئەوە بوو کە ئەگەر ئەم شەڕە هەڵگیرسێت، ئەوا ئەم پیاوە ڕوخسار بەزامە (پاجو)، چاو چکۆلەیەی کە ئەم لە نیگای دەترسا، بەو زووانە دەگەڕایەوە.

قافڵەکە، سەری شەوێ گەییە ترابوبو. خواردنیان بە سەر شەڕڤانەکاندا، کە لە نێو تاوێرەکاندا سەنگەریان گرتبوو، دابەشکرد. سیان لە ژنەکانی ناو قافڵەکە لە نک وان مانەوە. ئەوسا ئانتونیو ڤیلانوڤا فەرمانی دا، باقی قافڵەکە بەرەو (کوکوروبو) بکەونە ڕێ. دوا قۆناغی ڕێگاکەیان بە تاریکی تەی کرد. جورما، دەستی کابرای نزیکبینی گرتبوو و هەرچەندە دەستی بە دەستی جورماوە بوو، دوو سێ جاران نووچی دا وکەوت وئانتونیو فیلانوڤا ناچار بوو، لە سەرووی بارە گەنمۆکەکانەوە (گەنمەشامی، گوڵەکابە) بیخاتە سەر یەکێک لە قاترەکان. وەختایەک گەیشتنە سەرەتای ئەو هەڵدێرە زۆر لێژەی بۆ (کوکوروبو) دەچوو، پدراو هات بە پیریانەوە. کابرایەکی زۆر زەبەلاح بوو، بە قەد جواوە زلە پان و درێژ بوو. کابرایەکی دووڕەگی ڕەنگ ئاچوخ (کراوە)، بە تەمەن بوو. قەرەبینایەکی کۆنی بە شانەوە بوو، کە هیچ کاتێ، تەنانەت لە خەویشا داینەدەنا و هەر پێی بوو. پێی پەتی بوو، پانتۆڵێکی کورتی لە پێ بوو بە جرەجرِ دەگەییە گۆزینگی پێی. چاکەتێکی بێ قۆڵی لەبەردا بوو، کە باسکە قەویەکانی لێوە هاتبووە دەرێ. ورگێکی خڕو زەلامی هەبوو، کە عادەتی وابوو لە کاتی قسە کردنا دەستی پێدا دێنا. جورما هەرکە ئەو پیاوەی بینی ترسی لێنیشت، چونکە زۆر چیرۆکی ترسناک لە مەڕ ئەو پیاوە لە ( فارزیادایما ) دەگێڕدرایەوە و دەگوترا زۆر کاری خوێنڕێژی و پیاوکوژی، بە هاوکاری باندەکەی، کە قەت لێی هاوێر نەدەبوون، ئەنجام دابوو، ئیدی ئەمانە خەڵکانی یاخی ویاسا شکێن وچەتە ورێگر و ڕەزا قورس بوون.

جورما هەستی دەکرد مانەوە لە گەڵ خەڵکانی وەکو پدراو، ئەبوت جواو، یان پاجودا، کارێکی زۆر بە تالوکەیە، ئەگەرچی ئەمانە هەموو تۆبەیان کردبوو و بووبوون بە وەلی و پیاو چاکان. ژیان لە گەڵ ئەوانەدا، وەکو ئەوە بوو لە گەڵ پڵنگێکی ئەمریکی یان مارێکی کوبرا یان مڵەیەکی ژەهراویدا هەڵبکەی، چونکە هەر یەکێ لەو حەیوانانە، بە حوکمی غەریزەی شەڕانی خۆ، لەگین بوو، لە هەر ئان و ساتێکا وەزەنی (ئازار) خۆ لە بەشەر بکەن.

بەڵێ، پدراو، حاڵی حازر بێوەی دەهاتە بەرچاو، خەیاڵاوی سەرگەرمی قسان بوو لە گەڵ ئانتونیو و هونوریو ڤیلانوڤای برایدا. هونوریو، لە ناکاوا وەکو تاپۆ لە پشت تاوێرەکانەوە قوت بووبووەوە. لە دوای ئەوەوە، لە ناکاوا تاپۆ و تارمایی خەڵکانێک لە پەنا تاوێرو لە بەینی دەوەنەکانەوە دەهاتنە دەرێ، دەچوون بە لای ئەو کۆڵبەرانەوە کە سەر وکۆڵی قورسیان بەسەر شانەوە بوو، تا کۆڵەکانیان لێوەربگرن. جورما یارمەتی پیاوەکانی دا تا ئاگردانەکان هەڵبکەن، پیاوەکان سەرگەرمی هەڵپچڕینی سەندوقی فیشەکەکان وکیسە بارووتەکان و دابەشکردنی تەرەقەکان بوون. جورما و ژنەکانی دی کەوتنە ئامادەکردنی خواردن. شەڕڤانەکان هێندە برسی بوون، بە زەحمەت خۆیان دەگرت کە چاوەڕوانی کولانی خواردنەکە بکەن. هەموویان لە دەوری ئاسانسیاو و ساردلینیا خڕبوونەوە، کە کاسە و قوتوو و مەتارەکانیان بۆ پڕ لە ئاو دەکرد، ژنەکانی دی چنگ چنگ(مانیوک)

یان بە سەردا دابەش دەکرد. کە قەرەباڵغی و بێ سەروبەری لە ڕادە دەرچووو، پدراو هات بە سەرا و داوای لە شەڕڤانەکان کرد کە پابەندی ئارامی بین.

جورما، بە درێژایی شەوەکە، کاری دەکرد، مەنجەڵە چێشتەکانی دەنایە سەر ئاگر، گۆشتی دەکوڵاند، شلەی فاسۆلیای گەرم دەکردەوە. پیاوەکان دە دە و پازدە پازدە دەهاتنە پێشەوە. خۆ ئەگەر یەکێکیان ژنەکەی خۆی لە نیو خێڵی ژنانی کەیبانۆدا بدیبایە، دەستی دەگرت و بە دوو قۆڵی بەدەم پیاسەوە دوور دەکەوتنەوە، تا بە دوو قۆڵی ڕازو نیازی خۆ بکەن. باشە چما روڤینو، وەکو هەموو ئەم سارانشینانە، بیری لەوە نەکردبووەوە کە بۆ کانودوس بێت؟ ئەگەر وای کردبا، ئێستا ئەویش لە ژیانا دەبوو.

لە ناکاوا دەنگی بروسکەیەک بەرز بووەوە. بەڵام ئاسمان ساماڵ بوو، کەواتە ئەم بروسکەیە نیشانەی باران نەبوو. بەڵام جورما یەکسەر هەستی کرد ئەمە گرمە و دەنگی تۆپە. پدراو و برایانی ڤیلانوڤا، ئەمریان کرد کە ئاگرەکان وەکوژێنن و ئەو شەڕڤانانەی کە نانیان دەخوارد، بەپەلە و بێ دواکەوتن بچنە سەر شاخەکان. هەرکە شەڕڤانەکان چوونەوە بۆ سەنگەرەکانی خۆیان، ئەمان بەدەم قسانەوەو بە سێ قۆڵی مانەوە. پدراو گوتی سەربازەکان لە دەوربەری (کانجە) ن و ماوەیەکی زۆریان پێدەچێ تا دەگەنە ئەوێ، چونکە بە شەو پێشڕەوی ناکەن، ئەو لە (سیماودیاس) وە تا کانجە دوایان کەوتبوو و پەی بە بەرنامە و نەخشەکانیان بردبوو. هەرکە دنیا تاریک دەبوو، چادریان هەڵدەدا و پاسەوان و خەفەریان دادەنا و تا بەیانی لە هەمان شوێن دەمانەوە. بەیانی سەحەری، بەرلەوەی بکەونە ڕێ، تۆپێکیان بە ئاسماندا دەتەقاند. دەنگی تۆپەکە نیشانەی ئەوە بوو کە خەریکە لە (کانجە) وە وەڕێدەکەون.

-" ژمارەیان زۆرە؟ " دەنگێک لە قوڵاییەوە، کە زیاتر لە جیکە جیکی تەیرێک دەچوو، قسەکەی پێبڕی: " چەند کەس دەبن؟ "

جورما، ئەو پیاوەی بینی کە هەستایە سەر پێ و، باریک و درێژ داهۆڵ لە نێوان جورما و پیاوەکاندا وەستا، هەوڵیدەدا لە چاویلکە تاک چاوەکەیەوە، تەمەشای ئەوان بکات. پدراو و برایانی ڤیلانوڤا لە قاقای پێکەنینیان دا. دوای بە دوای ئەوان ژنەکانیش، کە خەریک بوون مەنجەڵ وقاپەکان و پاشماوەی خواردنەکەیان کۆ دەکردەوە، لە قاقای پێکەنینیان دا. جورما، جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی گرت. دڵی بە حاڵی یارۆی نزیکبین سووتا. لە ناو ئەم ئاپۆڕای خەڵکەدا کەسێکی دی هەبوو کە لە کوڕەکەی ئەو پتر بترسێت و شپرزەتر بێ؟ لە هەموو شتێک دەترسا: ئەو خەڵکانەی کە بە پەلە ڕەت دەبوون، پیاوانی ئیفلیج، شێتان، ئەو گولانەی کە سواڵیان دەکرد یان مشکێ کە بە نێو دووکانەکەدا دەردەفرتا. هەموو شتێک دەبووە مایەی ئەوە کە ئەو هاوارە نزمەی لێبەرزببێتەوە، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، ڕەنگی مردووی لێدەنیشت و دەکەوتە دەست کوتان تا جورما بدۆزێتەوە.

پدراو، بەدەم پێکەنینێکی خەفەوە گوتی: " نەم ژماردن، کە قەرار بێ هەموویان بکوژین،. چ پێویست بە ژماردنیان هەیە؟"

جارێکی دی دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە. دنیا لە سەر شاخەکان خەریک بوو بەرەبەرە ڕوناک دەبووەوە.

هونوریو ڤیلانوڤا گوتی: " باشتر وایە ژنەکان لێرە برۆن. "

ئەویش وەکو برایەکەی پۆستاڵی لە پێ و جگە لە تفەنگەکەی دەمانچەشی خۆ بەستبوو. جل و بەرگ، قسەکردن و تەنانەت سەر وسیمای ئەم جووتە برایە لە چاوی جورماوە، لە هەموو خەڵکەکەی دیکەی کانودوس جیاواز بوو. بەڵام هیچ کەسێک بەو جۆرە ڕەفتاری دەگەڵدا نەدەکردن کە ئەو جیاوازییەیان بەڕوودا بداتەوە.

پدراو، کە کابرای نزیکبینی لە بیر چووبووەوە، ئاماژەی بۆ ژنەکان کرد کە دووی بکەون. نیوەی کۆڵبەرەکان تا ئەو کاتە چووبوون بۆ سەر شاخەکە، بەڵام ئەوانی دی بە کۆڵەکانیانەوە هێشتا هەر لەوێ بوون. کەوانەیەکی سووورباو بە سەر شاخەکانی (کوکوروبو) وە بەرزدەبووەوە. وەختایەک قافڵەکە کەوتە ڕێ، تا لە نێو تاوێرەکاندا، لە پشت شەرڤانەکانەوە، پەنایەک بۆ خۆ بدۆزنەوە، کابرای نزیکبین لە جێی خۆی وەستابوو و سەری دەلەقاند و نیگا پاڕانەوە ئامێزەکانی بڕی بووە جورما.

جورما، سیخورمەیەکی تێوەژەند، دەستە ئارەقاویەکانی گرت، چاوە چکۆلەکانی یارۆی نزیکبین کە بە ئاستەم بەرپێی خۆی دەبینی، بە منەتباریەوە لە جورما بوو، جورما، دەستی گرت وگوتی: "با بڕۆین، ئەگەر وا بڕوا بە جێمان دێڵن." دەبوایە کورتەڵەش کە لە غورابی خەوا بوو، بێدار بکەنەوە.

وەختایەک گەیینە گردێکی چڕە دەوەنی نزیکی لوتکەکە پێشقەرەوڵانی سوپا خەریک بوون خۆیان بە ڕاڕەوە چیاییەکەدا دەکرد و شەڕ دەستی پێکردبوو. پدراو وبرایانی ڤیلانوڤا، لە چاو ون بوون و ژنەکان، کابرای نزیکبین و کورتەڵە خۆیان دایە پەنا تاوێرە ڕووتەنەکان و گوێیان لە دەنگی تەقە و دەستڕێژی تفەنگان دەگرت. دەنگی تەقە پچڕپچڕ و دوور بوو. جورما، لە چەپ و ڕاستی خۆیەوە دەنگی تەقەی دەژنەوت و لە دڵی خۆیدا دەیگوت دیارە بایەکە ئەم دەنگانە لە گەڵ خۆیدا دێنێت، چونکە دەنگەکان کزو کپ بوو. هیچی لێوە دیار نەبوو، چونکە دیوارێکی بەردین، تەقەکەرەکانی لە چاوی پەنهان دەکرد. هەرچەندە شەڕەکە نزیک بوو بەڵام زۆر دوور دیار بوو. کابرای نزیکبین دەمی تێک ئاڵابوو: " ژمارەیان زۆرە؟ " هێشتا توووند دەستی جورمای گرتبوو. جورما لە وەڵامی ئەوا گوتی کە نازانێ و، ڕۆیی تا یارمەتی خوشکانی ساردلینیا بدات، باری قاترەکانیان لەگەڵدا دابگرێ و شەربەو گۆزە ئاوەکان ڕیز بکات و خواردن لە مەنجەڵەکان بکات، پەڕۆ و شاش و دەرمان، کە دەرمانسازەکەی کانودوس لە سەندووقی دارینی نابوون، ئامادە بکات. لێرەدا کورتەڵەی بینی کە خەریک بوو بەرەو زنارو لوتکەکە هەڵدەگەڕا. بەڵام یارۆی نزیکبین لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشتبوو، سەری لە نێو هەر دوو دەستی نابوو، پێدەچوو بگری. لێ وەختایەک یەکێ لە ژنەکان هاواری لێکرد کە هەستێ و هەندێک چڵ وچێو وهەژگ وبژاڵ کۆ بکاتەوەو پەناگەکەی خۆیانی پێ داپۆشێت، بلەز هەستایە سەر پێیان، جورما بینی کە زۆر بە جدی کەوتە کارکردن، چڵ و چێو و هەژگ و بژاڵی لێرەو لەوێ کۆدەکردەوە. بە لەقە لەقە دەیگەیاندە دەستی ژنەکان. بەو لەش ولارە لاوازەوە، دەهات ودەچوو، سەرە سمی دەدا، دەکەوت، هەڵدەستایەوە، خۆی بەرزدەکردەوە، بە چاویلکە تاک چاویەکەیەوە، دەیڕوانیە دەوروبەرو بەرپێی خۆی، دیمەن و نموودێکی هێندە کۆمیدی هەبوو کە ژنەکان کەوتنە پێکەنین و بە ئاماژەی سەر بەیەکیان نیشاندەدا و سەریان دەکردە سەری. بەڵام کورتەڵە لە نێو تاوێرەکاندا دیار نەما.

لە ناکاوا دەنگی تەقە زیاتر بوو، پێدەچوو نزیکتر بووبێتەوە. ژنەکان بە بێدەنگی وەستان و گوێیان هەڵخست. جورما بینی کە دەنگی تەق و تۆق و ڕمبەی تۆپان، هەر هەموویانی گوێ قوڵاخ کردەوە، ئیدی کابرای نزیکبینیان لە بیر چوو، هەموو بیرو خەیاڵیان لە لای مێرد و باب و کوڕەکانیان بوو، کە لە قەدپاڵەکەی ئەو بەرەوە، تۆپباران دەکران و بەر دەستڕێژی تفەنگان دەدران. دەنگی تەق و تۆق وتەقینەوە جورمای گێژ کرد، بەڵام نەیترساند.

هەستی دەکرد، هیچ پەیوەندییەکی بەو شەڕەوە نییە و گوللەکانیش بەو یاسایە حورمەتی دەگرن. خەو دایگرتبوو، هەر لەوێ و لە لای خوشکانی ساردلینیاوە خۆی کرمۆڵە کردو پشتی بە تاوێرەکانەوە دا. چاوی لێک نا، بەڵام خەوی لێنەکەوت، لە نێوان خەو و بێداریدا هەستی بە ڕمبەی تۆپان دەکرد کە قەدپاڵی کێوی (کوکوروبو) ی دەلەراندەوە. دوو جاران خەوی بە دەنگی تەق و تۆق ودەستڕێژەوە بینی، بەو تەقانەوە، کە ئەو بەیانیە لە کیماداس، کە خەریک بوو بەو سپێدەیە لە لایەن بە کرێگیراوانەوە، لە لایەن ئەو غەوارەیەوە کە بە زمانێکی بیانی سەیر قسەی دەکرد و دەستدرێژی کردبووە سەر ئەم، بکوژرێت. وەکو خەو بیری کەوتەوە، چونکە دەیزانی ئاکامی ئەو کارە چ دەبێت، لەو کابرایە پاڕابووەوە کە ئەو کارەی لە گەڵدا نەکات، چونکە ئەو کارە دەبووە مایەی تیاچوونی ئەم و ڕڤینو وکابرای غەوارە خۆیشی، بەڵام کابرای غەوارە لە زمانی جورما حاڵی نەبووبوو، گوێی پێنەدابوو.

وەختایەک جورما بێدار بووەوە، کابرای نزیکبین لە بەر پێی دا ڕۆنیشتبوو، بە هەمان شێوازی لێبۆکەکەی سێرکەکە تەمەشای دەکرد. دووان لە شەڕڤانەکان، کە ژنەکان دەوریان دابوون خەریک بوو لە یەکێک لە شەربە ئاوەکان، ئاویان دەخواردەوە. جورما هەستایە سەر پێیان و چووە پێشێ تا بزانێ چ باسە. کورتەڵە نەگەڕابووەوە. دەنگ و ڕمبەی تۆپان گوێی کەڕ دەکرد. شەڕڤانەکان هاتبوون ، تا فیشەک و تەقەمەنی ببەن، هێندە شەکەت و ماندوو بوون، بەحاڵ قسەیان پێدەکرا: ڕاڕەوە چیایەکە لە کافرانا جمەی دەهات. هەرجارێ کە هەوڵیان دەدا بە قەد پاڵەکەدا سەر بکەون، وەکو گەڵای دار هەڵدەوەرین. دووجار هێرشیان بردبوو، هەردوو جارەکە پێش ئەوەی بگەنە نیوەی ڕێگای قەدپاڵەکە، تێکشکێنرابوون و پاشەکشەیان پێکرابوو. ئەو کەسەی قسەی دەکرد، پیاوێکی کورتە باڵا، وردیلە وتەنکە ڕدێنێکی ماش وبرنجی بەردابووەوە. شانەکانی هەڵتەکاند: کێشەکە ئەمەیە کە ژمارەیان هێندە زۆرە، کە بە هیچ جۆرێ ناکرێ پاشەکشەیان پێبکرێ، لەوەش خراتر، ئەوەیە کە فیشەک وتەقەمەنی شەڕڤانەکان دوایەتە کەمی.

جورما گوێی لە یارۆی نزیکبین بوو کە لە بن لێوانەوە پرسی: " باشە ئەگەر بنارو قەدپاڵی شاخەکە بگرن چ دەبێت؟ "

شەڕڤانەکەی دی، بە دەنگێکی گڕ گوتی: " ئەوسا ناتوانرێ لە ترابوبو، پێشیان لێبگیرێت، چونکە هیچ شەڕڤانێک لەوێندەر نەماوە، هەموویان هاتوون بۆ ئێرە تا یارمەتی ئێمە بدەن."

ئەو قسانە وەکو ئاگادار کردنەوەیەک وابوو کە بە پەلە و بێ دواکەوتن لەوێندەر بڕۆن. هەر دوو پیاوەکە هەستان لەبەر خۆوە گوتیان: " سوپاس و ستایش بۆ مەسیحی موبارەک. " جورما دیتیانی کە هەردووکیان بە تاوێرەکاندا هەڵگەڕان ولە چاو ون بوون. خوشکانی ساردلینیا، گوتیان دەبێ دووبارە خواردنەکان گەرم بکەنەوە، چونکە شەڕڤانانی دیکەش بەڕێوەن و لە هەر ئان و ساتێکا پەیدا دەبن. جورما لە کاتێکا خەریکی یارمەتیدانی ئەو دوو ژنە بوو، هەستیکرد کابرای نزیکبین، دەستی بە تەنوورەکەی ئەوەوە گرتووەو دەلەرزێ. هەستیکرد، تەسەوری ئەوەی کە سەربازان لە ناکاوا لە بەینی تاوێرەکانەوە بێنە دەرێ و شەلم کوێرم کەس نابوێرم، دەست بە تەقان بکەن و هەرکەسێک بێتە ڕێگەیان بە قەمە دایدورن و بە گوللە دایبێژن، چەندی ترس خستبووە دڵی ئەم پیاوەوە ( کابرای نزیکبین. ) جگە لە دەنگی دەستڕێژی تفەنگان، ڕمبەی تۆپیش دەهات، هەرکاتێ گوللە تۆپێک بکەوتایە سەر ئەرزەکە، بەرد و پارچە تاوێری دنیا بە قەدپاڵەکەدا غل دەبوونەوەو، لە دۆڵ و شێوەڵەکاندا دەنگی دەدایەوە. جورما، حیرەت و حەپەسانی ئەم کوڕە داماوەی وەبیر هاتەوە، کە چۆن لەو چەند هەفتەیەدا تیا مابوو

و نەیدەزانی چ لە خۆی بکات، لێرە وەمێنێ یان هەرچۆنێ بووە لێرە بڕوات، حەزیدەکرد بڕوات، هەموو ئاواتێکی هاتبووە سەر ڕۆیشتن، کە شەوێ لە دووکان و کۆگاکەدا، لە سەر ئەرزەکە ڕاکشابوون و گوێیان لە پرخ و هۆڕی ماڵباتی ڤیلانوڤا دەگرت، لە کاتێکا ئازای جەستەی دەلەرزی بە جورمای گوتبوو: حەز دەکات لەوێ دەرباز بێ، سەری خۆی هەڵگرێت، بڕوات بۆ سلڤادور، بۆ کومبی، مونتە سانتو، بۆ جرموابو، بۆ شوێنێ کە کەسێک بە دادیا بگات، بۆ شوێنێ کە بتوانێ لەوێندەرەوە، پەیامێک بۆ دۆستەکانی ڤرێ بکات و پێیان بڵێ کە هێشتا ماوە. بەڵام نها کە دەرچوون لە کانودوس قەدەغە کرابوو، چۆن دەیتوانی هەڵێت؟ چۆن بە تاقی تەنیا و بەو نیوە چاوانەوە دەیتوانی بڕوات؟ دەیانگرت و دەیانکوشت. بەدەم ئەم شەوچپانەوە، هەندێجار هەوڵیدەدا قەناعەت بە جورما بکات کە بیگەیەنێتە شوێنێکی ئەمین و ئاوەدانیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ دەلیل و بەڵەدێک بەکرێ بگرێت. جۆرەها پاداشتی بۆ جورما پێشنیاز دەکرد ئەگەر یارمەتی بدات. بەڵام دوای تۆزێک لە قسەکانی خۆی ژێوان دەبووەوە، پەی بە هەڵەکانی خۆی دەبرد و دەیگوت هەوڵی هەڵاتن شێتایەتیە، چونکە زوو بە زوو دەیاندۆزنەوە و دەیانکوژن. سەردەمانێ کە ناوی شەرڤانەکان هاتبا لە ترسا لەرزی لێدەهات، نها لە ترسی سەربازەکان زارەتەرەک بووبوو. جورما لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " کوڕە داماوەکەم. " جورما هەستی بە خەمباری و ورە داڕوخان دەکرد. ئاخۆ سەربازەکان دەیانکوشت؟ ئەمە گرینگ نەبوو، ئایا ئەم قسەیە ڕاست بوو کە هەر ژنێ یان پیاوێک لە (بیلومونتە) دا مردبا، خێڵی فریشتە دەهاتن تا روحی دەگەڵ خۆدا ببەن؟ ئیدی ئەوە ڕاست بووبێ یان درۆ، مردن ئارامی و ئاسوودەییەکی هەمیشەیی بوو، خەونێک بوو دور لە هەر خەونێکی خەمناک، شتێک بوو، لەو ژیانە خراتر نەبوو، کە دوای سەربهورد و ماجەراکەی کیماداس بەسەری بردبوو.

هەموو ژنەکان لە ناکاوا سەریان هەڵبڕی. جورماش چاوانی هەڵبڕی تا بزانێ ئەوان تەمەشای چی دەکەن. دە دوازدە شەرڤان لە لوتکە و زنارەکەوە بلەز دادەگەڕان. تۆپبارانەکە هێندە خەست بوو کە جورما وای هەست دەکرد گوللە تۆپەکان لە ناو سەری ئەودا دەتەقنەوە. ئەویش وەکو ژنەکانی دی بە هەشتاو بەرەو پیری شەرڤانەکان چوو و گوێی لێیان بوو کە بۆ فیشەک و تەقەمەنی هاتبوون. ئیدی فیشەکیان پێ نەمابوو تا بەرەڤانی بکەن، لە تووڕەییا خوایان نەمابوو. وەختایەک خوشکانی ساردلینیا گوتیان: " تەقەمەنی چی؟ " — دوا سەندووقە فیشەک، تۆزێ لەوە پێش دوو شەرڤانی دی بردبوویان — دوو شەرڤانەکە حایر و حەپەساو تەمەشای یەکدییان کرد، یەکێکیان تفێکی ڕۆ کردە سەر ئەرزەکە و بە تووڕەییەوە لاقی بە عاردیدا کوتا. ژنەکان چەند پارووە خواردنێکیان بۆ هێنان، بەڵام تەنیا چەند قومێک ئاویان خواردەوە، دوای ئەوە بە هەشتاو بەرەو زناری شاخەکە کەوتنەوە ڕێ. ژنەکان تەمەشای ئاو خواردنەوەکەی ئەوانیان دەکرد، سەراپای شەرڤانەکان شەلاڵی ئارەقە بوو، چارەیان دابوو بە یەکدا، ڕەگە شینەکانی لاجانگەکانیان، وەکو ئەنگوستی دەست هەڵدەئاوسان و خوێن بەرچاوی گرتبوون. ژنەکان هیچیان لێیان نەپرسی.

وەختێ پیاوەکان کەوتنەڕێ، نەفەرەکەی دوای دواوە ئاوڕێکی لە خوشکانی ساردلینیا دایەوەو گوتی: " ئێوە باشتر وایە بۆ بیلومونتە بگەڕێنەوە. ئێمە ناتوانین ماوەیەکی زۆر بەرەڤانی بکەین، ژمارەیان یەجگار زۆرەو فیشەکمان لە تەواو بووندایە."

دوای کەمێک ژنەکان لە جیاتی بچن بە سۆراغی قاترەکانەوە، بە پێیان بە قەد پاڵەکەدا کەوتنەڕێ. جورما سەری لەمە دەرنەدەکرد. ئەمانە بۆ شەڕ نەدەچوون، خۆ شێت نەبوون تا بچنە شەڕ، بۆیە دەچوون بۆ سەرەوە،

چونکە پیاوەکانیان لە سەرەوە بوون، دەچوون تا بزانن ماون یان نا. جورما بێهیچ بیرکردنەوەیەک دوایان کەوت. هاواری لە پیاوە نزیکبینەکە کرد کە حایر وحەپەساو لەوێندەر وەستابوو، کە چاوەڕوانی بکات.

بەدەم سەرکەوتنەوە هەموو دەست و پێی ڕوشا، دووجاران خزی و کەوت. قەدپاڵەکە زۆر ڕک ( ڕژد، دژوار ) بوو، دڵی زۆر بە توندی لێی دەدا، هەستی دەکرد هەناسەی تەنگ بووە. ئاسمان لێڵ بوو، پەڵە هەورێن کەوەیی ئامال سوور بەری ئاسمانی گرتبوو، بایەکە ڕایدەماڵین، جارێ کۆی دەکردنەوە، جارێ بڵاوی دەکردنەوە، جورما جگە لە دەنگی پچرپچڕی تەق و تۆق، هەندێ دەنگی نامەفهومیشی دەژنەوت. بە سینگە خشکێ خۆی گەیاندە سەرەو لێژگەیەکی نەرمان تا بزانێ ئەو دەنگە چییە. خۆی گەیاندە دوو تاوێران کە پاڵیان دابوو بە یەکەوە، لە پشت تاوێرەکانەوە چاوی بڕییە غوبارو تەپ و تۆزێک. بەرە بەرە توانی هەندێ شت بدینێت، یان بێنێتەبەر مەزەندە. شەڕڤانەکان زۆر دوور نەبوون، بەڵام بە زەحمەت جیا دەکرانەوەو دەبینران، چونکە تێکەڵی غوبارەکە و قەدپاڵەکە بووبوون. بەڵام بەرەبەرە بەدی کردن، بەجۆرێ خۆیان دابووە پاڵ ڕەوەزو تاوێرەکان یان بنچک ودەوەنەکان، یان چاڵ وقۆرتەکان کە تەنیا سەریان بە دەرەوە بوو. لە قەدپاڵ و هەڵدێرەکانی بەرانبەردا کە  جورما، لە ناو تەپ و تۆزەکەدا، بە باشی دەیبینی، ژمارەیەکی زۆری شەڕڤان، خۆیان بە عاردیدا دابوو و تەقەیان دەکرد. هەستی دەکرد، ئەگەر وا بڕوات لەوەیە کەڕ ببێت، ئیدی ڕمبەی تۆپان گوێی کەڕ دەکرد.

لە هەمان کاتدا بۆی دەرکەوت کە ئەو پەڵە ڕەشەی، لە بناری کێوەکەدا، بە دووری چل پەنجا مەترێک ڕەش دەچووەوەو لە بێشە دەچوو، سەربازن. بەڵێ سەرباز بوون. پەڵەکە بەرەبەرە زیاتر سەردەکەوت، بریسکە بریسکی لێبەرز دەبووەوە، پرتەوی پرشنگدار، وەکو ئەستێرەی بچووک بچووک دەبریقایەوە، دیاربوو کە فیشەکی گڕدار، بریقەی قەمە و شمشێران بوو، هەندێ ڕوخسار لە ناکاوا دەردەکەوتن و لە پڕ ون دەبوون. جورما، چاوی بە هەردوو لادا گێڕا: لە دەستە ڕاستەوە پەڵەکە بە ڕادەیەک سەرکەوتبوو کە گەیی بووە ئاست ئەو شوێنەی کە ئەو خۆی لێ پەنا دابوو. هەستی کرد پێچ بە سکیا دێت، دڵی تێک هەڵدێت و خەریکە دەڕشێتەوە، ئاخری هێڵەنجێکی داو ، بە سەر دەستەکانی خۆیدا ڕشایەوە. بە تاقی تەنیا  لە ناو قەدی هەورازەکەدا مابووەوە، خۆ ئەگەر وا بڕوات تۆزێکی دی شەپۆلی جل و بەرگی عەسکەری ڕایدەماڵێ. بێئەوەی بیربکاتەوە، دانیشت و خۆی بە قەدپاڵەکەدا غل کردەوە، هەر ڕۆیی ڕۆیی تا بگاتە نزیکترین سەنگەر و پەنای شەڕڤانەکان. سێ شەپقەی گەورە، دووانی چەرمین ویەکێکی حەسیر، لە یەک چاڵدا سەنگەریان گرتبوو. جورما، بەدەم غل بوونەوەوە هاواری دەکرد: "تەقە مەکەن، تەقە مەکەن ." بەڵام کە گەییە ناو مەتەرێزەکە، کە هەر چوار دەوری بە تاوێران گیرابوو، شتاقیان ئاوڕیان نەدایەوە تا تەمەشایەکی بکەن. هەنگێ بۆی بە دیارکەوت کە دووان لە پیاوەکانی ناو سەنگەرەکە مردوون. یەکێکیان پارچە تۆپی بەرکەوتبوو و دەم و چاوی بردبوو و بووبوو بە پەڵەیەکی سوور. ئەم پیاوە کەوتبووە باوەشی پیاوێکی دیکەوە کە خۆیشی مردبوو و مێشی دنیا چووبووە دەمیەوە. ئەم دووانە بە جۆرێ باوەشیان بەیەکدا کردبوو، ڕێک وەکو ئەو دوو تاوێرەی کە جورما خۆی لە پەنا نابوون. دوای تۆزێک یەکێک لەو شەڕڤانانەی کە هێشتا زندوو بوو، لا چاوێکی تێکرد، چاوەکەی تری نوقاندبوو و نیشانەی دەگرتەوە و تەقەی دەکرد. لەگەڵ هەر تەقەیەکدا، قۆناغی تفەنگەکە تەکانێکی توندی بە شانی شەڕڤانەکە دەدا. بەبێئەوەی لە تەقەکردن بوەستێ، شتێکی گوت کە جورما لێی حاڵی نەبوو چی گوت. خۆی بەرەولای زەلامەکە بکێش کرد بەڵام بێهودە. تەنیا دەنگی وژە وژێکی دەژنەوت. شەڕڤانەکە ئاماژەی بۆ کرد، ئەنجام جورما زانی کە کابرا ئەو کۆڵەپشتیەی دەوێ کە لە لای کابرا کوژراوەکەوە، ئەوەی پارچە دەم و چاوی بردبوو، کەوتبوو. کۆڵەپشتیەکەی

هەڵگرت و دای بە شەڕڤانەکە. کابرای شەڕڤانی بینی چوار مشقی لێی دانیشت و بە کاوەخۆ کەوتە پاککردنەوەی لوولەی تفەنگەکەی و سوارکردنی، لەتۆ وایە هیچ پەلەی نییە و وەختێکی یەجگار زۆری بەدەستەوەیە.

جورما هاواری کرد: "سەربازەکان بە دیار سەرمانەوەن. خوا فریامان بکەویٚ، چ بەڵایەکمان بە سەردێ؟"

یارۆی شەڕڤان، شانەکانی هەڵتەکاند، دووبارە خۆی گەیاندە پەنا تاوێرەکە. هەق نەبوو جورما، خۆی لەم سەنگەرە دەرباز بکات و خۆی بگەیەنێتە دیوەکەی تری هەڵدێرەکە و لەوێندەرەوە بۆ کانودوس هەڵبێت؟ توانای لەبەر براببوو، هەردوو لاقی بووبوون بە پەڕۆ، ئەگەر هەستابایە دووبارە دەکەوت. باشە سەربازەکان بۆ بە خۆ و سەرەنێزەکانیانەوە دیار نەبوون؟ کە گەیی بوونە چەند مەتری ئەمان، ئیدی چاوەڕوانی چیان دەکرد؟ یارۆی شەڕڤان، دووبارە لێوی جوڵاند، بەڵام جورما تەنیا وژەوژێکی گویٚ لێبوو. نها هەندێ دەنگی زەنگداریشی هاتبووە سەر. دەنگی شەیپووران بوو؟

پڕ بەزار هاواریکرد: " گوێم لە هیچی هێچ نییە، گوێم کەڕ بووە."

شەڕڤانەکە سەرێکی لەقاند، ئاماژەیەکی بۆ ئەو کرد، وەکو ئەوەی بیەوێ تێی بگەیەنێ کە یەکێک دەیەوێ دوور بکەوێتەوە. گەنجێکی قژ درێژ بوو، قژەکەی لە ژێر کاسکێتە چەرمیە ئاماڵ سەوزەکەیەوە ڕژابووە دەرەوە، بازووبەندی تایبەت بە (گاردی کاتولیک)ی لە قۆڵ بەستبوو. جورما هاواریکرد: "چی؟ " شەڕڤانەکە ئاماژەی کردێ کە لە سەرووی دیواری سەنگەرەکەوە تەمەشا بکات. جورما، دوو جەنازەکەی دایە لاوە، لە درزی بەینی تاوێرەکانەوە تەمەشای دەرێی کرد. سەربازەکان لە قەدپاڵەکەوە چووبوونە خوارەوە، کەواتە ئەوان بوون کە دوور دەکەوتنەوە. جورما، حایر مابوو، تەمەشای ئەو تۆز و غوبارەی دەکرد کە قووتی دەدان: " باشە ئەمانە کە سەرکەوتوون، بۆچی دەڕۆن؟ " بۆچی لە جیاتی ئەوەی بە قەدپاڵەکەدا سەرکەون و هەموو ئەمانەی کە ماون بکوژن، بەرەو خوار نشێو دەبنەوە؟"

***

عەریف فروتوسو مدرادۆ – لە سریەی یەک، فەوجی دوازدە – وەختایەک گوێی لە شەیپوری پاشەکشە دەبێت، هەست دەکات خەریکە شێت دەبێت. دەستەکەی ئەو لە پێش سریەکەوە، سریەکە لە پێش فەوجەکەوە، ئەمە جاری پێنجەمیان بوو، لە یەک ڕۆژا، هێرش بۆ داوێنی ڕۆژئاوای (کوکوروبو) بەرن و شەڕی سونگی و قەمان بکەن. ئەمجارەیان لە کاتێکا توانی بوویان سێ چارەکی قەدپاڵی کێوەکە بگرن و بە زەبری سونگی و شمشێران، بە کرێگیراوانی ئینگلیز، لە کونەکانیان، لەو کون و سەنگەرانەوە کە تەقەیان لە نیشتمانپەروەرەکان دەکرد، بێننە دەرەوە، ئا لەو کاتە هەستیارەدا گوێی لە فرمانی پاشەکشە بێت. ئەمە بەلای عەریف (مدرادو) وە، هەرچەندە لەو ڕووانەوە کەسێکی بە ئەزموون وژیر بوو، جێگەی باوەڕ نەبوو. بەڵام گومانی تیا نەبوو، نها هەموو شەیپورەکان نەوای پاشەکشەیان لێدەدا. دەستە یازدە نەفەریەکەی، حازر و ئامادە، سەیری ئەو دەکەن. عەریف مدرادو لە نێو گەرد و تۆزەکەوە تەمەشا دەکات، دەبینێ دەستەکەشی وەکو خۆی تووشی شۆک بوون. ناکا فەرماندەی ئوپەراسیۆنەکە عەقڵی لە دەست دابێ، نها تەنیا زناری کێوەکە ماوە لە دژمن پاک بکرێتەوە، بۆچی ئەو سەرکەوتنەیان لە کیس دەدات؟ ئینگلیزەکان ژمارەیان کەمە و فیشەکیان تەقریبەن تەواو بووە. عەریف مدرادو تەمەشایەکی لوتکەکە دەکات، ئەو خەڵکانە دەبینێ کە لە شەپۆلی هێرشی سەربازەکان خەلەسی بوون،

دەبینێ هیچ تەقەیەک ناکەن، تەنیا بە سونگی و خەنجەران هەڕەشە دەکەن و بەردیان تێ دەسرەوێنن. فروتوسو، لە دڵی خۆدا دەڵێت: " حەیفی ئینگلیزێکم بۆ خۆ ڕاو نەکرد."

نەقیب ئالمیدا، فەرماندەی سریەکە، کە لە ناکاوا لە لایەوە پەیدا بوو هاواری لێدەکات: "عەسکەرەکانت چاوەڕوانی چین، چما ئەمرەکە جێبەجێ ناکەن؟"

عەریف مدرادو یەکسەر هاوار دەکات: "دەستەی هجوم، پاشەکشە! " هەر یازدە سەربازەکەی بە هەشتاو بەرەو داوێنی شاخەکە شۆڕدەبنەوە.

بەڵام عەریفەکە بە خۆی پەلەی نییە، گوێ بە گوێی نەقیب ئالمیدا بەرەو خوار نشێو دەبێتەوە. خۆی دەگەیەنێتە لای ڕاستی ئەفسەرەکە و بەگوێیدا دەچپێنێ: " ئەم ئەمرە غافڵگیری کردم ئەزبەنی. ئاخر ئەم پاشەکشەیە، لەم کاتەدا چ مانایەکی هەیە؟!"

نەقیب ئالمیدا، لەسەر پاژنەی پێ دێتە خوارەوەو وەکو گۆپاڵ خۆی بەسەر شمشێرەکەیدا داوەو دەڵێت: " ئەرکی ئێمە ئەوە نییە لە ئەمرو دەستوران تێبگەین، بەڵکو ئەوەیە کە جێبەجێی بکەین."

دوای تۆزێک، بێئەوەی تووڕەیی خۆی بشارێتەوە دەڵێت: "منیش سەر لەمە دەرناکەم. لە ئان وساتابوو، دوایان ببڕینەوە، لە ئاو خواردنەوەش ئاسانتر بوو – گاڵتەی منداڵانە."

فروتوسو مداردو، لە دڵی خۆیدا دەڵێت یەکێک لە ئیراد وعەیبەکانی ژیانی عەسکەری، کە بە ڕاستی زۆری حەز لێبوو، گۆنگی و سڕ ئامێزی هەندێک لە بڕیارەکانی فەرماندەییە. لە پێنج هێرشا بۆ بەرزاییەکانی(کوکوروبو ) دا بەشداری کردبوو و، هێشتاش هەستی بە ماندوویەتی نەدەکرد. لە بەیانی زووەوە، کە سریەکەی لە پێش هەموو سریەکانی ترەوە، لە زارکی ڕاڕەوە چیاییەکە ڕووبەڕووی مقاوەمەتی دژمن بووبووە، تا نها شەش دانە سەعات شەڕی کردبوو. عەریف مدرادو، لە هێرشی یەکەما لە پشت سریەی سێیەمەوە بوو و دەیبینی کە چۆن دەستەی پێشەنگی مولازمی دووەم سپولفیدا، بە دەستڕێژی گوللە، کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت، دێنە دروێنە. لە هێرشی دووەمدا ژمارەی کوژراو هێندە زۆر بوو، کە بە ناچاری پاشەکشەیان کردبوو. هێرشی سێیەم لە لایەن دوو فەوجی لیوای شەشەمەوە کرا – فەوجی بیست و شەشەم و سی و دووەم – بەڵام عەقید کارلوس ماریا داسیلفاتیلیس، فرمانی بە سریەکەی نەقیب ئالمیدا، دا کە لە گەڵیاندا بڕوات و پشتیوانیان لێبکات. ئەم هێرشە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چونکە کە گەیی بوونە ناو قەدی شاخەکە، کەوتبوونە ناو دروەستانێکەوە کە هەموو لاق و لەتەریانی خواردبوو. عەریفەکە وەختێک بە قەدپاڵەکەدا دەهاتە خوارەوە، هەستی کرد جزەیەک لە دەستی چەپی هەستا، گوللەیەک سەری پەنجە تووتەی بردبوو. برینەکەی ئازارێکی ئەوتۆی نەبوو، هەرکە گەیشتەوە بەرەی دواوە، پزیشکی فەوجەکە، تۆزێ تەنترۆکی بۆ لێدا و، عەریفەکە کەوتە گێڕانەوەی نوکتەی خۆش، تا ورەی ئەو بریندارانە بەرز بکاتەوە کە بە دەستەبەرە دەیان هێنان. خۆبەخشانە لە هێرشی چوارەمدا بەشداری کرد و بەو هەنجەتەی کە دەیەوێ تۆڵەی سەری پەنجە تووتەی بکاتەوەو یەکێک لەو ئینگلیزانە بکوژێت، گەیی بوونە ناو قەدی شاخەکە، بەڵام زیانی گیانی و کوشتاریان هێندە زۆر بوو، ناچار بوون پاشەکشە بکەن، بەڵام لەم هێرشەی دواییاندا، لە سەرانسەری هێڵی بەرگرییەکەدا شکستیان بە دژمن هێنابوو. ئەدی ئەم پاشەکشەیان لەپای چی بوو؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە لیوای حەوتەم پێشڕەوی بکات و مقاوەمەتچییەکان

لە ناو بەرێت و بەمجۆرە عەقید دونانسیانودی ئاروجوپانتوجا – ئەفسەرە نازدارەکەی جەنەڕاڵ ساڤاگیت – ئەم سەرکەوتنە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات. نەقیب ئالمیدا لەبن لێوانەوە دەڵێت: " ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێ."

لە داوێنی شاخەکەدا، هێزی پیادەی سریە جیاوازەکان، کۆبوونەتەوەو هەوڵدەدەن دووبارە یەکەکان ڕێک بخەنەوە، ئیدی دەکەونە پاڵەپەستۆ و دەڵەکدانی (پاڵنان) یەکدی، گروپێک سەرقاڵی ئەوەن حەیوانەکان لە تۆپە قورسەکان ولە عەرەبانەی نوژداری ببەستن، شەپپورەکان، هەریەکەیان بە نیشانەیەکی جیا لێدەدرێ، برینداەکان ئاە و ناڵەیان بەرز دەبێتەوە. لەم کاتەدا عەریف فروتوسو مدرادو، سەدەمی پاشەکشە کوت و پڕەکە کەشف دەکات: ئەو تابوورەی لە کیماداس و لە مونتە سانتووە هاتبوو، کەوتبووە تەڵەوە، تابووری دووەم، لە جیاتی ئەوەی لە باکوورەوە هێرش بۆ کانودوس ببات، دەبوایە بە ناچاری پێچ بکاتەوە و بەپەلە و بێ دواکەوتن فریای ئەوان بکەوێ و لەو تەڵەیەیان دەربازبکات.

عەریفەکە، کە لە تەمەنی چواردەساڵیدا پەیوەندی بە سوپاوە کردبوو و لە شەڕی (پاراگوای) دا بەشداری کردبوو، لەو هێرشانەدا، کە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی باشوور، دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، بەشداری کردبوو، بە هیچ جۆرێ بەو پاشەکشەیە و لەو دەڤەرە نەناسراوەدا و دوای یەک ڕۆژ شەڕی تەواو، قایبل نەبوو. جا چتۆ شەڕێک! دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەو چەتەو ڕێگرانە خەڵکانێکی زۆر ئازان، چەندین هێرشی تۆپخانەیان تەحەمول کرد بێئەوەی یەک بست پاشەکشە بکەن، سەربازەکانیان ناچار بە شەڕی سونگی و دەستەویەخە کرد: ئەم زۆڵانە بەقەد پاراگوایەکان ئازا و ورە بەرزن. بەڵام دەستەکەی بە پێچەوانەی خۆیەوە، دوای ئەوەی یەک دوو قوم ئاو دەخواتەوە و پارووە خوراکێک دەخوات، دەبوژێتەوەو ئامادەی هەر شەڕێک دەبێت، زۆر ماندوو و شەکەت دێنە بەرچاو. ئەمانە سەربازی کەم ئەزموونن، هەموو شەش مانگە، بوون بە سەرباز، ئەمە یەکەم شەڕیان بوو، کەچی بەو حاڵەشەوە ڕەفتار وهەڵوێستیان باش بوو. کەسیانی نەبینی لە ترسا هەڵبێ. یانی زیاتر لە عەریفەکەیان دەترسن تا لە ئینگلیزان؟ عەریفەکە، بابایەکی عەسکەری زۆر بە زەبر و زاکونە، چاوپۆشی لە هیچ سەرپێچییەک ناکات، هەر سەربازێک کەمترین سەرپێچی بکات، لە جیاتی سزای ئاسایی وەک، هەڵوەشاندنەوەی مادونی (مۆڵەت)، یان لێدانی شەلاق، یان کۆت و زنجیر کردن، بەخۆی بەردەبووە سەر و گوێلاکیان، گوێی ڕادەکێشان، یان سەگمە حەساریی ناو ئاغەڵێکی قوڕاوی بەرازانی پێدەکردن، یان بەر شەپانی دەدان. سەربازەکانی، ئەمڕۆ سەلماندیان کە سوودی باشیان لە ڕاهێنان و مەشقەکانیان وەرگرتبوو، هەر هەموو ساغ و سەلامەتن، تەنیا (کورینتیو) نەبێ کە پێی لە سەر تاوێران خزی بوو و هەنووکە دەلەنگی. کورینتیو، سەربازێکی لاوازی مردەلۆخە، نها لە ژێر کۆڵەپشتیەکەیدا کۆماوەتەوەو ڕێدەکات. ئەم سەربازە مرۆڤێکی باشە، شەرمن و کەم دووە، گوێڕایەڵ و مرۆڤ دۆستە. فروتوسو مدرادو، جۆرە خۆشەویستیەکی بەرانبەری هەیە، بەتایبەتی لە بەر ئەوەی مێردی (فلوریسا) یە. عەریفەکە هەست بە جۆرە شەهوەتێک دەکات، لە دڵی خۆیدا پێدەکەنێ و لەبەر خۆیەوە دەیدوێنێ: " فلوریسا، چ داوێن تەڕێکی بە ئالۆشی تۆ – من هام لێرە، لەم سەری دنیام، لە توونی شەڕدام، کەچی دەعبایەکەم بە یادی تۆوە هەڵدەستێ." بەجۆرێ بەو بیر و خەیاڵە گەوجانەیەی خۆی دەکەوێتە پێکەنین خەریکە دەخنکێ. دەڕوانێتە کورینتیو، کە تەواو کۆماوەتەوەو و بە شەلە شەل ڕێدەکات، ئەو ڕۆژەی بیر دەکەوێتەوە، کە یەکەمجار، بەوپەڕی ئارامی، چوو بووە بەر دەرگای کوختەکەی ژنە جلشۆرەکە و: " فلوریسا، یان لە گەڵما دەخەوی، یان لە پشووی سەری هەر هەفتەیەکدا، کورینتیو، لە سەربازگەدا، تەوقیف دەکەم و نایەڵم مواجەهەشی هەبێت. " فلوریسا، یەک مانگی تەواو بەرگری کردبوو و خۆی ڕادەست نەکردبوو، بەڵام دواتر بۆ ئەوەی کورینتیو بدینێ، ملی دابوو. بەڵام نها فروتوسو، باوەڕی وابوو بۆیە لە گەڵیا دەخەوێ

چونکە حەزی لێیە. کاری خۆیان لە ناو کوختەکەدا دەکەن، یان لە پێچی ئەو ڕووبارەدا دەیانکرد کە ژنەی تاین بۆ جلشۆردن بۆ ئەوێندەر دەچوو. عەریفەکە، کە سەرخۆش دەبوو، لە سۆنگەی ئەم پەیوەندییەوە، وەکو تاوس خۆی فش دەکردەوەو کەش و فشی بەسەر زەمین و زەماندا دەکرد.

ئایا کورینتیو، هیچ شتێک لەمبارەیەوە دەزانیٚ؟ نەخێر، هەرگیز، یان لەوەشە خۆی لە گێلی بدات، ئاخر دەتوانیٚ لە گەڵ کابرایەکی وەکو عەریف دا، کە پێش هەموو شتێک بەرپرسی ئەوە، چ بکات؟

لە دەستە ڕاستەوە دەنگی تەقە دێت، دەڕوات تا نەقیب ئالمیدا بدۆزێتەوە. ئەمرەکە وایە لە پێشڕەوی بەردەوام بن و نەیەڵن، کۆنەپەرستەکان، ڕەتڵی یەکەم تەفر و تونا بکەن. ئەو تەقانە بۆ ڕێ گومکیٚ بووە. چەتەکان، دووبارە لە (ترابوبو) کۆبوونەتەوەو لە هەوڵی ئەوەدان ڕێگە لەم تابووره بگرن و بیانخەنە تەڵەوە. جەنەڕاڵ ساڤاگیت دوو فەوجی لیوای پێنجی ناردووە، تا پێش بەوان بگرن، ئەوانی دی بە هەشتاو دەڕۆن تا جەنەراڵ ئوسکار لەو تەڵەیە ڕزگار بکەن کە تێی کەوتووە. نەقیب ئالمیدا بە جۆریٚ چارەی داوە بە یەکا، کە فرتوسو تەواو نیگەران بووە و لێی دەپرسێت کە چی قەوماوە.

نەقیبەکە، بەدەنگێکی نەوی دەڵێت: " زیانمان یەجگار زۆرە. پتر لە دووسەد بریندار وهەفتا کوژراومان هەیە. یەکێک لە کوژراوەکان مێجەر تریستاو سوکوپیرایە. تەنانەت جەنەڕاڵ ساڤاگیت – ش بریندار بووە."

عەریفەکە دەڵێت: " جەنەڕاڵ ساڤاگیت؟ خۆ من تۆزیٚ لەمەپێش بە سواری ئەسپێکەوە دیتم ئەزبەنی." نەقیبەکە دەڵێت: " چونکە پیاوێکی ئازایە. دەنا زامێکی گەورە بووەتە سکی."

فروتوسو، بە هەشتاو بۆلای دەستەکەی خۆی دەزڤڕێتەوە. ئەمان لە چاو ئەو هەموو بریندارو کوژراوەوە کە هەبوو، زۆر بە شانس بوون. جگە لە بریندار بوونی پاژنەی کورینتیو و پەڕینی نووکی پەنجە تووتەی عەریفەکە، کەسی دی هیچی لێنەهاتبوو. تەمەشایەکی قامکی خۆی دەکات، ئازاری نییە، بەڵام خوێنی لێدیت. سارغییەکەی سەری لە خوێنا سوورهەڵگەڕاوە. کە عەریفەکە، لە پزیشکەکەی، واتە لە مێجەر نیری پرسی بوو، ئایا لە سۆنگەی ئەمەوە لە سوپا دەرناکریٚ، مێجەرەکە پێکەنی بوو وگوتبووی: "مەگەر نابینی چەند ئەفسەرو سەربازی نوقسانمان لە سوپادا هەن؟ " با، بینی بووی. کە بیری لەوە دەکردەوە لەگینە لە سوپا دەربکریٚ، مووی سەری گرژ دەبوون و ئازای دەکەوتە لەرزین. گەر دەرکرابا، دەبوا چ خاکیٚ بە سەری خۆدا بکات؟ نە ژنی هەبوو، نە منداڵ و نە داک و باب، ئیدی سوپا هەموو کەسی ئەو بوو.

لە کاتی پێشڕەویدا، وەختایەک کێوەکانی کانودوسیان دەدایە ژێر پێوەو تەی دەکرد، هێزی پیادەو تۆپخانە و هێزی سوارەی سەر بە ڕەتڵی دووەم، چەند جارێک گوێیان لە دەنگی تەقە دەبیٚ کە لە قوڵی بێشەکەوە دێت. ناوبەناو ئەم سریە یان ئەو سریە دەوەستا و چەند دەستڕێژێکی بەناو بێشەکەدا دەکرد. کە شەو داهات فەوجی دوازدەیەم بە یەکجارەکی وەستا. هەرسیٚ سەد سەربازەکەی فەوجەکە کۆڵەپشتی وقایش وقروش و تفەنگەکانیان لە خۆ دادەماڵن. هەموو شەکەت و ماندوون، ئەمشەو وەکو ئەو شەوانە نییە کە لە ئاراکاجووە، بە ڕێگای ساوکرستوفاو، لاگارتو، ئیتاپورانگا، سیماودیاس، جراموابو و کانجەدا بۆ ئێرە هاتبوون. لە هەموو ئەو شەوانەدا، لە هەر جێیەکدا هەڵیان بدایە، چەند گایەکیان دەکوشتەوەو لە ئاو وئیزینگ و چڵ و چێو دەگەڕان، کە دنیا تاریک دەبوو، نەوای گیتار وستران و گفت وگۆ بەرزدەبووەوە. بەڵام ئەمشەو ورتە لە کەسەوە نایەت. تەنانەت عەریفەکەش شەکەتە.

پشووەکەیان زۆر ناخایەنێت. نەقیب ئالمیدا، فەرماندەی دەستەکان بانگ دەکات تا بزانێ چەندیان فیشەک پێ ماوە و لە بری ئەو فیشەکانەی تەقاندوویانە، فیشەکی تازەیان بداتێ. بەوجۆرە دوای ئەوەی سەر و دووسەد فیشەک بە سەر هەر سەربازێکا دابەش دەکرێت، ئیزنیان دەدات کە بڕۆن و پێیان دەڵێت کە فەوجەکەی وان، واتە فەوجی چوار، نها لە پێشی لیوای چوارەوەیە و سریەکەی وانیش پێشقەرەوڵی فەوجەکەیە. ئەم هەواڵانە دڵی فروتوسو خۆشدەکات، بەڵام ئەم هەواڵەی کە قەرارە دەستەکەی ئەو لە ڕیزی پێشەوە بێ، باندۆرێکی ئەوتۆ لە سەربازەکانی ناکات. ئیدی بەدەم باوێشک دانەوەو بێئەوەی چ قسەیەک بکەن دەکەونەڕێ.

نەقیب ئالمیدا، گوتوویەتی سبەی بەیانی زوو دەگەنە ڕەتڵی یەکەم. بەڵام پێش سەعات دووی پاش نیوە شەو، یەکەکانی پێشەوەی تیپی چوارەم، تارامایی و تاپۆی کێوی ئافافیلایان لێ بەدیار دەکەوێ. واتە ئەو شوێنەی کە بە گوتەی موراسیلەکانی جەنەرال ئوسکار، لە لایەن چەتەکانەوە گەمارۆ درابوو. دەنگی شەیپوران، بێدەنگیە گەرمەکەی شەو، کە سروەی بای نەدەهات، دەشڵەقێنێ، دوای کەمێک شەیپورانی دی لە دووری دوورەوە، وەڵامی شەیپورەکانی ئێرە دەدەنەوە. دەنگی هورای شادی لە فەوجی چوارەم بەرزدەبێتەوە، هاوڕێکانیان، ئەندامانی ڕەتڵی یەکەم لەوێندەرن. عەریف فروتوسو، دەبینێ دەستەکەی ئەویش هاتووەتە جۆش وخرۆش و کڵاوە عەسکەریەکانیان هەڵدەدەنە حەواو هاوار دەکەن: " بژی کۆمار، بژی مارشال فلوریانو!"

عەقید سیلفاتلیس فەرمانی پێشڕەوی بەرەو ئافافیلا دەدات. نەقیب ئالمیدا، وەختایەک ڕێنمایی یەکجارەکی بە ملازم و عەریفەکان دەدات، لەبن لێوانەوە دەڵێت: " ئەمە پێچەوانەی تەکتیکانی سوپاییە، بەوجۆرە خۆت هەڵدەیتە گەرووی شێرەوەو لە دەڤەرێکی نەناسراودا، ئەمە ڕیسکێکی ترسناکە. وەکو دووپشک هەڕنە پێش، هەوەڵجار یەک هەنگاوی بچووک، ئەوسا هەنگاوی دیکە و دیکە بنەن. مەسافەی تەواو وەربگرن، ئاگاتان لە سپرایز بێ، غافڵگیر نەکرێن." بە یاوەری عەریف فروتوسو، ئەو جۆرە پێشڕەوییە و بەو تاریکە شەوە، کارێکی ئاقڵانە نییە، چونکە وەکو ڕۆژی ڕوناک لە لایان عەیانە کە دژمن لە جێیەکدا، لە نێوان ڕەتڵی یەکەم و ڕەتڵەکەی ئەماندا خۆی لە بۆسە ناوە. لە ناکاوا مەترسی، هەموو هۆش و گۆشی مژوول دەکات، لە پێشی دەستەکەی خۆیەوە دەڕوات و ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگە بەردەڵانەکە دەداتە بەرچاو.

لە ناکاوا دەستڕێژی گوللە دەست پێدەکات، دەستڕێژەکە زۆر چڕ و نزیکە، دەنگی شەیپورەکان، کە لە ئافافیلاوە دەهات و تا ئێرە ڕێنوێنی دەکردن، دەکەوێتە ژێر دەنگی دەستڕێژی گوللەکانەوە. عەریفەکە هاوار دەکات: " خۆ بە عاردیدا بدەن، خۆ بە عاردیدا بدەن! " خۆی بە دەما بەسەر تاوێرە تیژەکاندا دەدات. بە وردی گوێ هەڵدەخات، گوللەکان لە لای ڕاستەوە دێن؟ بەڵێ، لە ڕاستەوەیە. دیسان هاوار دەکات: " لە قۆڵی ڕاستتانەوەن. کوڕینە تەقە بکەن." لە کاتێکا خۆی داوە بە سەر ئانیشکی چەپیا، دەبیرەوە دەچێت، بە هۆی ئەم یاخییە ئینگلیزانەوە، شتی زۆر غەریبی دیتووە، بۆ نموونە وەکو پاشەکشە لە شەڕ، لە گەرمەی سەرکەوتنا، یان شەڕکردن لە تاریکە شەوا، بەو ئومێدەی ئەو گوللانەی ئەمان دەیتەقێنن، خوا بەختەکی بەر دوژمن بکەوێ. ئەگەر وا بڕوات هیچ دوور نییە، لە یەکەکانی خۆیان بدەن! هەندێ پرەنسیپانی بیر دەکەونەوە کە جارەهای جار بۆ سەربازەکانی خۆی دووبارە کردبووەوە: " هەر گوللەیەک نیشانە نەپێکێ و بە خەسار بچێ، نیشانەی لاوازی تیرەندازەکەیە. تەنیا ئەو کاتە تەقە بکەن کە نیشانەکەتان لێ دیار بێت." هەڵبەتە هەنووکە پیاوەکانی بەو قسانە پێدەکەنن، گاڵتەیان پێدێت، ناو بەناو لە گەرمەی تۆپباراندا، دەنگی نەفرەت و جنێوان و خوتە و بۆڵە دێنە گوێ. ئەنجام فەرمانی تەقە ڕاگرتن دێ و دەنگی شەیپورەکان دووبارە لە ئافافیلاوە بەرز دەبێتەوەو داوای پێشڕەویان لێدەکات. نەقیب ئالمیدا، داوا

له ڕەتڵەکە دەکات هەر بەو دەقەوە خۆ لە عاردی مت بکەن تا ئەو کاتەی کە دڵنیا دەبێ کە چەتە و ڕێگرەکان پاشەکشەیان کردووە. دەستەکەی عەریف فروتوسو مدرادو، لە پێشی فەوجەکەوە دەکەونە ڕێ.

-" هەر سرییەک بە فاسیلەی هەشت مەتر، هەر فەوجێک بە فاسیلەی شازدە مەتر، هەر تیپێک بە فاسیلەی پەنجا مەتر " کێ بەم تاریکیە ئەو مەسافانە ڕەچاو بکات؟ ( کتێبی پرەنسیپەکانی تاکتیکی سوپایی) دەڵێت فەرماندەی دەستە دەبێت لە کاتی پێشڕەویدا، بچێتە پاشی یەکەکەوەو لە کاتی هێرش دا لە پێشی یەکەکەوە بێ و کە یەکەکە ئاڕایشی چوار گۆشەی وەرگرت لە ناوەڕاست دا بێت. وێڕای ئەوەش عەریفەکە دەچێتە پێشی یەکەکەوەو پێی وایە ئەگەر بچێتە پاشی یەکەکەوە، ئەوا سەربازەکان ورەیان دەڕوخێ، بەتایبەتی کە زۆر لەم شەوڕەویە بێزار و پەست بوون، زۆرجار هەر نیو سەعات جارێ، هەر سەعاتێ جارێک، یا هەر دە خولەک جارێ تەقە دەستی پێدەکردەوە – هیچ خویا نەبوو ئەو تەقانە لە کوێوە دەکران – ئیدی ئەم هێرشە بروسکەییانە، کە زۆری درێژە نەدەکێشا، زیاتر کاری لە مێشکیان دەکرد تا لە جەستەیان. وایان لێکرد زەمانی لێ تێک بچێت – دەستڕێژێکی گولله ناچاریان دەکات، خۆ بە عاردیدا بدەن و بە دەستڕێژێک وەڵامی ئەو دەستڕێژە بدەنەوە، بەڵام ئەم وەڵامدانەوەیە زیاتر بۆ پاراستنی کەرامەت و ئیحتوباری خۆیان بوو، تا زیان گەیاندن بە دژمن. وا مەزەندە دەکات کە ژمارەی هێرشکارەکان کەمە، ڕەنکە دوو یان سێ کەس بن. بەڵام تاریکیەکە بە قازانجی ئینگلیزیەکان بوو، چونکە ئەوان دەیانتوانی سەربازە نیشتمانپەروەرەکان بدینن، بەڵام سەربازەکان، ئینگلیزیەکانیان لێوە دیار نەبوو، ئەم دۆخە عەریفەکەی زۆر پەست و ماندوو کردووە. باشە ئەگەر ئەو بە هەموو ئەزموونی خۆیەوە ئەمە حاڵی بێ، دەبێ حاڵی سەربازەکانی چۆن بێت؟

هەندێجار دەنگی ئەو شەیپورانەی لە ئافافیلاوە دەهات، لەوە دەچوو لە جێیەکی دوورترەوە بێت. ئیدی پێدەچوو ئەو دەنگانەو وەڵامی ئەو دەنگانە، ڕیتمی، ڕێ پەیماییەکە دیاری بکات. بە درێژایی ڕێگەکە، دوو کورتە وەستان هەبوو، تا سەربازەکان بتوانن ئاوێ بخۆنەوەو سەرژمێریەکی خۆیان بکەن و بزانن کێهەیان زایە بووە. سریەکەی نەقیب ئالمیدا، هیچ زیانێکیان نەبوو، بەڵام سریەکەی نەقیب نورونیا سێ بریندارییان هەبوو.

عەریفەکە، بۆ ئەوەی ورەی سەربازەکانی بەرزبکاتەوە، بە سوعبەتەوە پێیان دەڵێت: " هەی زۆڵینەی خۆش یەغباڵ، لێتان داوە، بۆ خۆتان خۆش دەژین."

بەرەبەرە ڕوناکی ڕۆژ دەردەکەوێ، لەم تاریک و ڕوونەی بەری بەیانەدا، بزەیەک دەکەوێتە سەرلیوی و هەست دەکات ڕموزنی تەق و تۆق و تاریکستانەکەی لە کۆڵ بووەو نها دەتوانن بەرپێی خۆ بدینن و بزانن لە کوێندەرەوە هێرشیان دەکرێتە سەر. ئەم بەشەی کۆتایی ڕێگاکە، لە چاو ئەوەدا کە تا ئێستا بڕی بوویان ئاو خواردنەوە بوو. ڕەوەز و زنارەکانی ئافافیلا زۆر نزیکن و، عەریفەکە دەتوانێ لە بەر تیشکی خۆرەکەدا، ڕەتڵی یەکەم بدینێ.... چەند تاپۆ و پەڵەیەکی شینباو، هەندێ خاڵی بچووک، بەرە بەرە دەگۆڕێن بۆ شکڵ و شێوەی بەشەرو حەیوان وعەرەبانە. هەموو شتێک تێکەڵ و پێکەڵە، بێ سەر وبەرە. پاشاگەردانیە. فروتوسو مدرادو کە ئەو بێ سەروبەریە دەبینێ لە دڵی خۆیدا دەڵێت زۆر زەحمەتە ئەم پاشاگەردانی و بێ سەرو بەری و کەڵەکە بوون و داڕژانی ئەم هەموو عەسکەرە بە سەر یەکا، لە ( کتێبی فەرمی ڕێسای تاکتیکی عەسکەریدا ) هاتبێت. ڕێک لەو کاتەدا کە دەستەکان خۆ ڕێک دەخەنەوە و چوار چوار ڕیز دەبن و دەکەونە پێش فەوجەکەوە، عەریفەکە بە نەقیب ئالمیدا دەڵێت – لەوە دەچێ دژمن بووبێ بە هەڵم و چووبێ بە ئاسماندا، هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە چەند مەترێک لەولاترەوە، لە ناکاوا، لە نێو دارو درەخت و دەوەنەجاڕەکانەوە، دەیان سەری بەشەر

و چەک و لوولەی تفەنگ بەدیار دەکەوێ و ئەمان بەر گوللە دەدەن. نەقیب ئالمیدا دەست دەبات کە دەمانچەکەی لە کیفەکەی دەربێنێ وبادەنەوێتەوە، دەمی دادەچەقێ، وەکو ئەوەی هەناسەی تەنگ بووبێ، بەڵام عەریف فروتوسو، لە پڕ کەللە زلەکەی دەکەوێتەوە کار و ڕێک لەو کاتەدا بۆی دەردەکەوێ، کە خۆ بە ئەرزا دان دەکاتە خۆکوژی، چونکە دژمن زۆر لێوەی نزیکە، هەروەها هەڵاتنیشی بەلاوە خۆکوژیە، چونکە لەو حاڵەدا دەبێت بە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتە بۆ دژمن. ئیدی تفەنگ بەدەست، تا زاری دەیگرێ هاوار لە سەربازەکانی دەکات: " هێرش، هێرش! پەلامار بدەن!" خۆی لە پێشی پێشەوە، بەرەو سەنگەری ئینگلیزییەکان، کەوتووەتە پشت مەتەرێزێکی نزمەوە، تەکان دەدات، خۆی هەڵدەداتە سەنگەرێکەوە، هەست دەکات تفەنگەکەی نووساوە، بەڵام دڵنیایە کە نووکی سونگیەکەی (قەمە) چووە بە بەدەنی کەسێکدا و گیر بووە و نایەتە دەرەوە. تفەنگەکە تووڕ دەداتە لاوەو، خۆی دەدات بە سەر کەسێکی نزیکی خۆیدا و دەست بۆ گەردنی کەسەکە دەگێڕێت. لەسەر هاوارکردنی بەردەوام دەبێت: " هێرش، هێرش، تەقە بکەن." ئیدی دەست دەوەشێنی، کەللە دەهاوێ، گاز دەگرێت، خۆی لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێکدا دەبینێتەوە، کە یەکێکیان لەبەر پرەنسیپێکی کتێبی پرەنسیپەکانی تاکتیکێن عەسکەری سەبارەت بە هێرشێکی دروست و بێ عەیب دەخوێنێتەوە: هێزی کۆمەکی، پشتیوانی، ئامادەسازی، گەمارۆ.

وەختایەک دوای خولەکێک، کە بە ئەندازەی سەدەیەک درێژ بوو، چاو دەکاتەوە، هەمان ئەو وشانە دووبارە دەکاتەوە: هێزی کۆمەکی، پشتیوانی، ئامادەسازی، گەمارۆ.

حیز داکینە ئەوە هێرشی ئاوێتەیە. ئەمانە باسی چ کاروانێک دەکەن؟ نها هۆش و گۆشی کۆکە، لەناو سەنگەردا نییە. بەڵکو لە ڕاڕەوێکی تەنگ و وشک و برینگدا کەوتووە، بەردەمی دۆڵێکی هەزار بە هەزاری پڕ دارو دەوەن و دڕوەستانە، ئاسمانێکی ئامال شینی سووورباو بە سەر سەرییەوەیە. باشە چ دەکا لێرە؟ کەی لە سەنگەرەکە هاتووەتە دەرێ، چۆن گەییوەتە ئێرە؟ دووبارە شتێک دەربارەی کاروانی کۆمەکی، کە بە ڕاوێژێکی گریان ئامێز دووبارە دەکرێتەوە لە گوێیدا دەزرینگێتەوە. بە هەر گیانەسەریەک سەری وەردەگێڕیت. دوای ئەوە چاوی بە سەربازێکی وردیلە دەکەوێ. هەست بە ئاسوودەیی دەکات. ترسی لێنیشتبوو کە نەبادا لە ئینگلیزەکان بێ، سەربازە وردیلەکە هەنگاوێک هێوەتر، بە دەما لە ئەرزەکەدا کەوتبوو، گێژ و وێژ وڕینە دەکات، عەریفەکە هیچی لێ حاڵی نابێت، چونکە دەمی ناوە بە ئەرزەکەوە. لێی دەپرسێت: " ئاوت لە لایە؟ " ئازار وەکو ئاسنی سوورەوە بوو، بە مێشکی عەریفەکەدا دەچزێت. چاوەکانی دەنوقێنێت و هەوڵدەدا بە سەر ترسەکەی خۆیدا زاڵ ببێت. یانی گوللەی بەرکەوتووە؟ لە کوێ؟ بە هەوڵێکی زۆر چاوێک بە سەراپای خۆیدا دەگێڕێت: شتێکی تیژ لە سکیەوە دەرچووە. دوای ماوەیەکی زۆر ئەوجا بۆی دەردەکەوێ کە ئەو سەرنێزە خوارە نەک هەر بە سکیا چووە بەڵکو بە ئەرزەکەشیەوە چەسپاندووە. دەبیرەوە دەچێت: " تەواو تیاچووم. لێبوومەتەوە." لە دڵی خۆدا دەڵێت: " بێگومان میداڵم دەدەنێ." باشە بۆ ناتوانێ دەستەکانی بجوڵێنێ، لاقی تەکان بدات؟ چۆن توانیویانە بەبێ ئەوەی بەخۆی هیچ ببینێ یان گوێی لە هیچ بێ بەو ئاوایە کوڵەواری بکەن؟ ئاخۆ خوێنی زۆری لەبەر ڕۆییوە؟ نایەوێ دووبارە سەیری سکی بکات. ئاوڕی لای سەربازە وردیلەکە دەداتەوە. هەست دەکات خەریکە سەری دەتەقێ، بەدەم پاڕانەوەوە دەڵێت: " یارمەتیم بدە. فریام بکەوە. ئەم شتە لە ورگم دەربێنە. ڕزگارم بکە. دەبێ لەو هەورازەوە سەربکەوین، دەبێ یارمەتی یەکدی بدەین."

له ناکاوا بۆی دەردەکەوێ کە باسی سەرکەوتن بە هەورازەکەدا بۆ ئەوێک کە ناتوانێ قامکێکی (پەنجە، تل، ئەنگوست، کلک ) بجولێنێ ئەوپەڕی گەوجاتیە.

سەربازە وردیلەکە، بە پەلەمەگریانەوە دەڵێت: "هەرچی ئازووقە وهەرچی تەقەمەنیمان هەیە هەر هەموویان بردووە. خەتای من نەبوو قوربان. خەتای عەقید کامپیلو بوو."

عەریفەکە، گوێی لە سەربازەکەیە کە وەکو منداڵی ساوا دەگری، وا خەیاڵ دەکات کە سەرخۆش بێت. هەست بە ڕق وتووڕەیی لە هەنبەر ئەم حەرامزادەیەدا دەکات، کە لەجیاتی غیرەت وەبەرخۆبنێ وبڕوات وداوای یارمەتی بکات، کەوتووەتە فینگە فینگ. سەربازە وردیلەکە سەر هەڵدەبڕێ وتەمەشای دەکات.

عەریفەکە، کە دەمی وشک بووەو زمانی بە زەحمەت گۆدەکات لێی دەپرسێت: " تۆ هی فەوجی دووەمی پیادەی، سەر بە لیوایەکەی عەقید سیلفاتیلیسی؟"

سەربازەکە چارەی بە یەکدا دەدات وبەدەم گریانەوە دەڵێت: "نەخێر قوربان، هێ سریەی سێیەمی پیادەم، سەر بە لیواکەی عەقید ئۆلمپیود داسلفیرا."

عەریفەکە دەڵێت: "مەگری هەی خوێڕی، خێرا وەرە بۆ ئێرە یارمەتیم بدە با ئەم شتە نەحلەتیە لە ورگم دەربێنم. وەرە بۆ ئێرە هەی قەحپە دایک. "

بەڵام سەربازە وردیلەکە سەر دەنێتەوەو دەست بە گریان دەکاتەوە.

عەریفەکە دەڵێت: "تۆ یەکێکی لەوانەی کە هاتووین لە دەست ئینگلیزییەکان ڕزگاریان بکەین. ڕابە هەی قەلپیاو، وەرە فریام بکەوە."

سەربازە وردیلەکە بەدەم هەنسکانەوە دەڵێت: " هەرچیەکمان هەبوو بردیان، هەر هەموویان دزی! من بە عەقید کامپیلوم گوت کاروانی کۆمەک و ئازووقە نابێ زۆر دوا بکەوێ، گوتم لەگینە لە ڕەتڵەکە داببڕێین! ئێستا ئەوە قەوماوە کە بە چاوی خۆت دەیبینی ئەزبەنی! قوربان تەنانەت ئەسپەکەشیان دزیم!"

فروتوسو، هاواردەکات: "واز لە کاروانەکە بێنە، لە بیری خۆتی ببەوە! وەرە ئەم شتە لە ورگی من دەربێنە! دەتەوێ لێرە سەگ تۆپ بکەین؟ خۆت کەر مەکە، تۆزێ بیر بکەوە."

سەربازەکە بە پەلەمە گریانەوە دەڵێت: " کۆڵبەرەکان هەڵیان خەڵەتاندین، بەڵەدەکان دەسخەڕۆیان کردین! هەر هەموویان سیخۆڕ بوون ئەزبەنی، ئەوانیش بە تاپڕ تەقەیان لێدەکردین. ئیدی بە خۆت حیسابی شتەکە بکە. دوازدە عەرەبانەی پڕ لە تەقەمەنی، حەوت عەرەبانە خوێ و ئاردو شەکرو بیراندی، چل فەردە گەنمۆک ( گەنمەشامی، گوڵەکابە). هەروەها پتر لە چل سەر مەڕو ماڵاتیان بەتاڵان برد ئەزبەنی! ئەو کەرێتیە دەبینی کە عەقید کامپیلو کردی؟ خۆ ئاگادارم کردەوە. من نەقیب "مانویل"م. من کابرایەکی درۆزن نیم ئەزبەنی، بوختانی بۆ ناکەم ، خەتا خەتای ئەو بوو."

فروتوسو مدرادو، کەوتە زمانە لاڵکێ: " تۆ نەقیبی؟ هەزار جار داوای بوردن دەکەم ئەزبەنی. قەیتانە زێڕینەکەت دیار نییە."

جوابەکەی وڕاوەی سەرەمەرگە. دراوسێکەی خامۆش و بێ جوڵەیە. فروتوسو مدرادو دەبیرەوە دەچێت: " مرد." تەزوویەک بە مۆرەغەی پشتیا دێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " نەقیب! وامزانی سەربازێکی سادەیە." ئەویش کەوتووەتە ئاویلکە، چەند خولەکێ زووتر یان درەنگتر لێدەبێتەوە. فروتوسو، ئینگلیزەکان چاک بەرهەقیان کردیت، داریان بە ڕوحتا دا، ئەو حەرامزادە غەوارانە ئاخری کوشتیانیت. ڕێک لەو کاتەدا تارمایی لێڵی دوو کەس بە ڕەخی هەڵدێرەکەوە بەدی دەکات. ئەو ئارەقەیەی بە هەنیەیدا دێتە خوارەوە دەچێتە چاویەوەو نایەڵێ بزانێ کە ئاخۆ جلکی فەرمی سەربازییان لە بەرە یان نا، بەڵام وێڕای ئەوەش هاوار دەکات: " فریام کەون، فریام کەون!" هەوڵدەدا تەکانێک بەخۆی بدات، خۆی وەرسوڕێنێ، تا بیدینن و بزانن زندووە و بە هانایەوە بێن. کەللە زلەکەی بووە بە مەقەڵیەکی پڕ لە پشکۆ. تارماییەکان، دێنە خوارەوە، عەریفەکە کە دەبینێ جلکی شینی کاڵیان لەبەرە، پوستاڵی عەسکەرییان لە پێیە، گریان ئەوکی دەگرێت ولە ئان و ساتدایە لە هوڕژنی گریان بدات. بە هەر گیانە سەرییەک بێ، هاوار دەکات: " کوڕینە، ئەم خێو مردووە لە ورگم دەربێنن."

یەکێک لە سەربازەکان، لە جیاتی ئەوەی دانیشێت و قەمەکە لە ورگی عەریفەکە دەربێنێ، شێت ئاسا لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستاوە و نووکی سەرەنێزەکەی خۆی دەخاتە سەر ملی عەریفەکەو دەپرسێت: "عەریف، تۆ من دەناسیت؟ دەزانی کێم؟"

عەریفەکە دەبۆڵێنێ: "ئەی مەعنای چی، کورینیتوی، ئەدی چۆن ناتناسم قەلپیاو؟ وەرە ئەم دەعبایە لە ورگم دەربێنە. بە تەمای چ بکەی کورینیتو؟ کورینیتو؟"

مێردەکەی فلوریسا، بە بەرچاوی ئەبڵەق وحەپەساوی سەربازەکەی دیکەوە، کە فروتوسو مدرادو ئەویش دەناسێتەوەو دەزانێ ناوی " ئارگیمیرو" یە. سەرەنێزەکەی بە ملی عەریفەکەدا دەکات و، عەریفەکە تەنیا فریای ئەوە دەکەوێ لە دڵی خۆیدا بڵێت تومەز کورینیتو بە مەسەلەکەی زانیوە.

( ٣ )

پەیامنێرە نزیکبینەکە پرسی: "چما ئەوانەی کە لە کانودوس بوون و بەچاوی خۆ حەقیقەتەکەیان دەبینی باوەڕیان پێدەکرد، کەچی ئەوانەی ڕژابوونە ناو شەقامەکان تا سەڵتەنەتخوازەکان لە سێدارە بدەن، لە ڕیو، لە ساوپاولو باوەڕیان بە مەسەلەکە نەدەکرد؟"

نها لەسەر موبیلە چەرمیەکە داخزابوو ولە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشتبوو، هەردوو زرانی هەڵکێشابوون و چەناگەی نابووە سەر یەکێکیان، بەجۆرێ قسەی دەکرد وەکو ئەوەی بارۆن لەوێ نەبێ. کات پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، هەتاو لە ناو نووسینگەکەی دەدا، دنیا هێندە گەرم بوو پیاو خەوی دەهات، تیشکی هەتاوەکە لە پشت پەردەی پەنجەرەی سەرباخەکەوە لە ژوورەکەی دەدا. بارۆن لەگەڵ ئەو خولق وخوو ومجێزەی ڕۆژنامەڤانەکەدا ڕاهاتبوو کە لە ناکاوا، بێهیچ پێشەکییەک، بابەتی قسەکانی بە کەیفی دڵی خۆی دەگۆڕی. بۆیە بەوە نارەحەت نەدەبوو کە لەگەڵ ئەوا دانیشێت وهەندێجار گفتوگۆیەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ بکات و هەندێجار بۆ ماوەیەکی زۆر دەمی دەچووە کلیلە ولەو ماوەیەدا ئەو یان ڕۆژنامەڤانەکە یان هەردووکیان لە فکران ڕادەچوون و بیرەوەریانیان کاوێژ دەکردەوە.

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە ناکاوا کێشمانێکی چاوەڕوان نەکراوی ئەوتۆی خۆیدا، کە سەراپای جەستە ڕەق و تەقەکەی هەژاو، هەموو مۆرەغەی پشتی هاتنە قرچە قرچ، چاوەکانی لە پشت عەینەکەکەیەوە، لێکدا لێکدا

دەتروکان. بەو حاڵەوە بە بارۆنی گوت: " پەیامنێری ڕۆژنامەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبوو ببینن وکەچی نەیان بینی. تەنیا ئەو شتەیان بینی کە بۆ دیتنی هاتبوون. تەنانەت ئەگەر ئەو شتە لەوێش نەبایە. تەنیا یەکێ دووانیان وا نەبوون. هەر هەموویان بەڵگەی بنجبڕیان سەبارەت بە هەبوونی پیلانێکی بەریتانی – پاشایەتی پەیدا کرد. ئەمە چۆن لێکدەدرێتەوە؟"

بارۆن گوتی: "ساویلکەیی خەڵکی، تامەزرۆییان بۆ خەیاڵ و وەهم. دەبوایە بیانوویەک بۆ ئەم حەقیقەتە باوەڕ نەکردەنییە بهێنرێتەوە، ئەم حەقیقەتەی کە کۆمەڵێک مسکێن (ڕەعیەت)ی گەجەرو گوجەری لە برسا مردوو، سێ هێرشی قۆشەن تێکبشکێنن ولەناوی بەرن، سێ دانە هەیڤ بەرەنگاری هێزی چەکداری ئەم مەملەکەتە ببنەوە. بۆیە دەبوایە پیلانێک ئیجاد بکرێ: بۆیە کۆمەڵێک ئەو زاراوەیەیان داهێناو ژمارەیەکیش باوەڕیان پێکرد."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: " تۆ پێویستە ئەو هەواڵانە بخوێنیتەوە کە بریکارەکەی (بدیل) من لەوێندەرەوە بۆ جورنال دی نوتیسیاسی ناردووە. هەمان ئەو پەیامنێرەی کە ئێپامینوداس گونسالوڤس وەختایەک وای زانی بوو من مردووم، بۆ ئەوێندەری ناردبوو. کابرایەکی باش، ڕاستگۆ، خەیاڵسز، نە بۆچوونی ڕادیکاڵانەی هەیە، نە قەناعەت وباوەڕ. پیاوێکی نموونەیی بوو بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرێکی واقیعبینانەو بێ لایانانە سەبارەت بەو بویەرانەی لەوێندەر ڕوویان داوە.

بارۆن، نیگایەکی بەزەیی ئامێزی پەیامنێرەکەی کرد ولەبن لێوانەوە گوتی: "هەر دوولا یەکدیان دەکوشت و لێیان دەکوژرا، مەگەر لە شەڕا شتێک هەیە بەناوی واقیعبینی و بێ لایەنی؟"

پەیامنێرە نزیکبینەکە بەکاوەخۆ گوتی: " لە یەکەم هەواڵی ڕۆژنامەڤانی خۆیدا، ئەفسەرانی جەنەرال ئوسکار تووشی چوار کەسی قژ زەردی پۆشتە و پەرداخ دەبن کە دەستیان لەگەڵ شەڕڤانەکاندا هەبووە. لە هەواڵی دووەمدا ڕەتڵەکەی جەنەڕاڵ سافاگیت لە ناو کوژراوەکانا جەنازەی کەسێکی سپیکەلەی قژ زەرد دەبینێتەوە، کە قەیتانێکی ئەفسەری لە شان وکڵاوێکی دەستچنی لە سەر دەبێت. کەس یونیفۆرمەکە ناناسێتەوە، چونکە ئەو جۆرە جلکە لە بەری هیچ یەکەیەکی سوپایی ئەم وڵاتەدا نابینرێ."

بارۆن، بە زەردەخەنەوە دەڵێت: "دیارە ئەفسەرانی پایەبەرز، شابانو بووە."

ڕۆژنامەڤانەکە، وەکو ئەوەی گوێی لە قسەکانی بارۆن نەبووبێ، لە سەری ڕۆیی: " لە هەواڵی سێیەمدا، دەقی نامەیەک دەگوازێتەوە کە لە بەرکی شەڕڤانێکی دیل دا دەدۆزرێتەوە، نامەیەک کە ناو و ئیمزای پێوە نییە، بەڵام داڕشتنەکەی هێندە ئەشرافیانەیە کە هیچ گومانێک هەڵناگرێت. نامەکە بۆ مورشیدە وباسی ئەوە دەکات کە چما بەرقەراری دامەزراندنەوەی سیستەمێکی پاشایەتی محافەزەکارانەی لە خودا ترس، پێویست و زەرووریە. هەموو ئەو قەرینانەی لەو نامەیەدا هەن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە نووسەری ئەو نامەیە جگە لە تۆ کەسی دی نییە."

بارۆن پرسی: "یانی تۆ ئەوەندە ساویلکە بووی، هەر شتێ لە ڕۆژناماندا بڵاو دەبووەوە، باوەڕت پێدەکرد، لای خۆت ڕۆژنامەڤانی؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە بێئەوەی بەرسڤی بارۆن بداتەوە لە سەری دەڕوات: "هەواڵێکیشی سەبارەت بە ئاماژەدان بە ڕوناکی بڵاوکردووەتەوە. شەڕڤانەکان بە هۆی ئەو ئاماژانەوە، توانیان لە دووری دوورەوەو بە شەو پەیوەندی بە یەکەوە بکەن و ئاگایان لە یەک هەبێت. ئەم ئاماژانە هەڵدەبوون و دەکوژانەوە، بەو شێوەیە جفرەی هێندە زیرەکانەیان بۆ یەکدی دەنارد کە پسپۆڕانی ڕەمز وجفرە خوانیش، بۆیان هەڵنەدەهات."

بەڵێ هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو. ئەم کابرایە وێڕای ڕەفتاری لێبۆکانەی، وێڕای تلیاک وشتی دی، جۆرە پاکی و فریشتەییەکی تیابوو. ئەمە شتێکی سەیر نەبوو، زۆربەی ڕۆشنبیرو هونەرمەندەکان وان. هەڵبەتە ئاساییە کە کانودوس گۆڕی بووی. بۆ چی گۆڕی بوو؟ بۆ پیاوێکی نیگەران؟ بەگومان؟ یان توونددڕەو؟ لەپشت شووشەی ئەستووری عەینەکەیەکەوە چاوی بڕی بووە ئەو.

دەنگە بنجبڕو زیقاوڵەکە دووبارە لە گوێی بارۆن دا زرینگایەوە: " ئەوەی لەم پەیام و هەواڵە ڕۆژنامەوانیانەدا گرینگە، جەوهەرو کرۆکە، پشتی وشەکانە... ئەوە نییە کە دەیڵێت، باندۆرەکەیەتی، ئەوەیە کە لە خەیاڵی خوێنەردا دروستی دەکات. ئەوانە چوون بۆ کانودوس تا ئەفسەرانی ئینگلیز بدینن و دیتیانن. من دانی ئێوارەیەکی تەواوم بە قسەکردن دەگەڵ بریکارەکەمدا بەسەربرد.

بە ئانقەست درۆی نەدەکرد... بە خۆیشی نەیدەزانی کە درۆدەکات. مەسەلەکەش زۆر سادەیە، ئەو شتانەی تۆمار نەکردبوو کە بە چاوی خۆی دیتبوونی، ئەو شتانەی تۆمارکردبوو کە هەستی پێکردبوون، باوەڕی پێیان هەبوو... ئەوەی تۆمارکردبوو کە خەڵکەکەی دەوروبەری هەستیان پێکردبوو، باوەڕیان پێکردبوو. ئەمە بوو چۆنیەتی هۆنینەوەو داڕشتنی تۆڕی ئاڵۆزی هەموو ئەو چیرۆکە بۆش و بەتاڵانە، کە بە جۆرێ تێک ئاڵابوون، کە ئیدی لێک نەدەکرانەوە. ئیدی پیاو چۆن چۆنی بچێتە بنج و بناوانی چیرۆک وسەربهوردەکەی کانودوس؟"

بارۆن گوتی: " وەکو خۆت دەبینی، باشترین کار ئەوەیە فەرامۆشی بکەی. ئەوە نایەنێ وەختی خۆتی پێوە بکوژیت."

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: "کینەکێشی و تەوس و توانجیش چارەسەر نییە. ئەوەی ڕاستی بێ من باوەڕ ناکەم ئەم خوێندنەوەیەی تۆ، ئەم هەڵوێستە پڕ غرورەی تۆ، لە هەنبەر ئەو بویەرەدا کە ڕووی داوە، ڕاستگۆیانە بێت."

بارۆن بۆی ڕاستکردەوە: " ئەمە بێموبالاتیە نەک نەفرەت و غروور"

ماوەیەک، ئەستیلاو خەمی ئەستیلای بیر چووبووەوە. بەڵام نها ئەو خەمەی بۆ هاتبووەوە، ئەمە زۆر کاری تێکرد، بە تەواوەتی تەپاندی، تەواو خەمی لێنیشتبوو. "پێشتریش پێم گوتبووی کە واریقاتەکانی کانودوسم بەلاوە گرینگ نییە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە هەڵیدایە: "با بارۆن بەلاتەوە گرینگە و هێوەتریش. وەکو چۆن بۆ من گرینگە، بەو ئاوایە بۆ تۆش گرینگە. بەڵگەشم ئەمەیە کە کانودوس ژیانی تۆی گۆڕی. خێزانەکەت لە سوێی کانودوس عەقڵی لەدەست دا. لە سۆنگەی کانودوسەوە بەشێکی زۆری سەروەت وسامان ودەسەڵات وهەیبەتی خۆت لە دەستداوە. بێگومان بەلاتەوە گرینگە، هەر لەبەر ئەمەش لە ماڵەکەی خۆت وەدەرت نەنام، هەر لەبەر ئەمەشە کە چەندین سەعاتە ئەم قسانە پێکەوە دەکەین..."

بەڵێ، لەوەیە هەق بەو بووبێ، بارۆن کانابراڤا لە ناکاوا هەستی بە تامێکی تاڵ لە دەمیا کرد. هەرچەندە بە تەواوی لە دەست ئەم کابرایە وەڕەز بووبوو و هیچ بیانوویەکی بەدەستەوە نەبوو کە درێژە بەو گفت وگۆیە بدات، کەچی هەستی دەکرد ناتوانێ لە کۆڵ خۆیی بکاتەوە. چما نەیدەتوانی ئەمە بکات؟ ئەنجام ئیعترافی بۆ خۆی کرد: خەمی ئەوەی بوو بە تەنیا لە گەڵ ئەستیلادا بمێنێ، بە تەنیا لەگەڵ ئەو کارەساتە گەورەیەدا بمێنێتەوە.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لەسەری ڕۆیی: "بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئەمە نییە کە ئەوان شتانێکیان دەبینی کە ئەسڵەن بوونی نەبوو، شتاقیان ئەو شتانەیان نەدەبینی کە لەوێدا هەبوون."

بارۆن مینگە مینگێکی لێوە هات: "کاژەڵەناسەکان؟ ئەنارشیستە سکوتلاندییەکان؟"

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: "قەشەکان. کەس ناویان نابات. ئەوان لەوێندەر بوون، لە مەیدانەکەدا بوون، جاسووسییان بۆ شەرڤانەکان دەکرد، یان شانبەشانی ئەوان شەڕیان دەکرد... زانیارییان بۆ ئێرەو ئەوێ دەبرد، یان دەواو دەرمانیان دەهێنا، نەتەراتی پۆتاسیوم وگۆگردیان بە قاچاغ بۆ دێنان تا کەرەستەی تەقینەوەی پێ دروست بکەن. ئەمە سەیر نییە؟ ئەمە هیچ بایەخێکی نییە؟"

بارۆن، گوێی قوت کردەوەو پرسی: "تۆ لەوە دڵنیایت؟ "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە سەرێکی لەقاندو گوتی: "ناسراویم لە گەڵ یەکێک لەو قەشانەدا پەیدا کرد. دەتوانم بڵێم بووین بە هاوڕێ. قەشە یواکیم، قەشەی کڵێسای کومبی."

بارۆن، بە وردی دیقەتی میوانەکەی خۆی دا: " ئەو قەشە بچووکە دەڵێی کە دەرزەنێ منداڵی خستووەتەوە؟ ئەو ئاگری ژێر کایەی کە هەر حەوت گوناحە گەورەکە دەکات و بە خەیاڵیا نایەت... ئەوە لە کانودوس بوو؟"

ڕۆژنامەڤانەکە، دووبارە سەری لەقاندو گوتی: " ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە یارۆی مورشید چ توانایەکی ئیقناعی هەیە. نەک هەر چەتە و پیاوکوژەکانی کردوون بە وەلی و پیاوی خوا بەڵکو کەشیشە هەڵە و هەرزەکانی سیرتاو (سارا، بیابان) یشی هێناوەتە سەر ڕێگای ڕاست، ئەوانە کە مامەڵە و سەودا بە پایە و پۆستی ڕوحانیەتەوە دەکەن. بە بۆچوونی تۆ کەسێکی واهی، مایەی نیگەرانی نییە؟"

ئەو بویەرەی چەندین ساڵ لەوە پێش ڕوویدابوو، لەوە دەچوو لە قوڵایی زەمانەوە دووبارە هەڵقوڵابێتەوەو لە زەینی بارۆن دا زندوو بووبێتەوە. ئەو و ئەستیلا و دەستەیەک لە پیاوەکانی بارۆن، تازە گەیی بوونە کومبی، کە گوێیان لە زەنگی کڵێسا بووبوو، کە خەڵکی بۆ نوێژ و نزای یەک شەممە بانگ دەکرد، یەکسەر چووبوون بۆ کڵێساکە. باوکە یواکیم، ئەم قەشە بەدناوە، بە هەموو تواناو هەوڵێکی خۆیەوە نەیتوانی بوو نیشانەکانی ڕابواردنی شەوی پێشوو – گیتار، عارەقی نەیشکەر، مێبازی – شەونخوونی پەردەپۆش بکات. بارۆن بیری دەکەوتەوە کە چۆن ژنەکەی، وەختایەک بینی بووی کە قەشە بەدەم نوێژ ونزاوە بەم لا وبەولادا هاتبوو، تووڕە بووبوو، یارۆی قەشە لە ناوەڕاستی نوێژەکەدا بە دەنگی بەرز قرقێنەی لێدەدا، بە پەلەپەل لە نێو میحرابەکەوە دەچوو بۆ دەرەوە تا بڕشێتەوە. بارۆن، تەنانەت دەیتوانی زۆر بە دیقەت سەروسیمای قەپاتمەکەی یارۆی قەشە بێنێتە بەرچاوی خۆی، هەمان ئەو ژنە گەنجە نەبوو کە خەڵکەکە بە ئاودۆز ناویان دەبرد، چونکە توانا و بەهرەی ئەوەی هەبوو بزانێ ئاوی ژێر زەوی لە کوێ هەیە و لە کوێ نییە؟ یانی ئەو قەشە هەرزەو داوێن پیسەش بووە بە یەکێک لە موریدە وەفادارەکانی مورشید، ئەمە وایە؟

ڕۆژنامەڤانەکە گوتی: "بەڵێ، یەکێکە لە موریدە وەفادارەکانی، بووە بە نیمچە قارەمانێک لەو گۆڕە." ئەوسا لە قاقای پێکەنینی دا لە تۆ وایە شەربەی ئاو قڵپ دەکەنەوە. پاشان ئەم پێکەنینە، بوو بە نۆرە پژمینێکی بەردەوام.

بارۆن، بە ڕاوێژێکی جدی گوتی: "قەشەیەکی خوێڕی بوو، بەڵام پیاوێکی گەوج نەبوو. ئەگەر مەست و سەرخۆش نەبا، دەکرا قسە و گەنگەشەی جدی دەگەڵ بکرایە... کابرایەکی زۆر زەین ڕوون و بەرزە خەیاڵ و

فره خوێندنەوە بوو. لەبەر ئەوە زۆرم بەلاوە زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەم، کە ئەویش وەکو ئەو خەڵکە نەخوێنەوارانەی لە ساراوە هاتبوون، بکەوێتە داوی ئەو بۆرە پیاوە دەجالەوە..."

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: "ڕۆشنبیریی، زیرەکی، کتێبان، هیچ پەیوەندییەکیان بە ماجەرای مورشیدەوە نییە. ئەو شتانە کەمترین حیسابیان بۆ دەکرێ. بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە، ئەمەیە کە مورشید نەک هەر کردبووی بە شەڕڤان، بەڵکو کردبووی بە پیاوێکی زۆر ئازا، لە کاتێکا جاران ترسنۆک و قەلەزراوی وەکو خۆی نەبوو."

حایر و حەیران چەند جارێ چاوی تروکاند "ئەم گۆڕانە زەحمەت ترین گۆڕانە، پەرجوویەکە لەو گۆڕە. من دەتوانم شایەدی لە سەر ئەو گۆڕانە بدەم، چونکە دەزانم کە ترس چییە. قەشەکەی کومبی، بەهرەیەکی خەیاڵی ئەوتۆی هەبوو کە بزانێ ترس و ژیانی ترسنۆکانە چییە ودەکاتە چی. وێڕای ئەوەش..."

لە پڕ دەنگی خاو بووەوەو پوچەڵ بووەوە، چارەی گرژ بوو و درا بەیەکدا. چ بەڵایەکی بەسەر هاتبوو؟ بارۆن، بینی میوانەکەی هەوڵدەدات کە خۆی کۆنترۆڵ بکات. زاڵ بێ بەسەر ئەو شتەدا کە زمانی گرتبوو. ویستی یارمەتی بدات، بۆیە گوتی: "وێڕای ئەوەش... ؟"

"وێڕای ئەوەش، مانگان و بگرە ساڵانی بەمە بەسەر برد کە بە گوندەوارو مەزراکاندا بسوڕێتەوەو باروت و دینامیت وتەرەقە بکڕێت. درۆیانی بە جێی بۆ کڕینی ئەم جۆرە شتانە دێنایەوە، کە بێگومان مایەی سەرنجی خەڵکی بوو. وەختایەک سیرتاو(بیابان) پڕ بوو لە سەرباز، دەزانی چۆن گیانی خۆی خستە تالوکەوە؟... پاکەتە باروتەکانی لەو سەندووقەدا تاقەت دەکرد کە بابەتی موفەڕکی عیبادەتی تیابوو، واتە ئەو سەندووقەی چادری موبارەک، نانی موفەڕک، پەیکەری مەسیحی لە خاچدراو، جبە و کەوای ڕوحانیەتی تیابوو و هەرچەند چووبا بۆ نوێژ و نزا لە گەڵ خۆیدا دەیبرد... ئیدی ئەو شتانەی بە بەردەم گاردی نیشتمانی و سوپادا، بە قاچاغ دەگەیاندە کانودوس. دەتوانی تەسەوری ئەوە بکەیت کە ئەو کارە بۆ کابرایەکی ترسنۆکی قەلەزراو، کە لە هیچی نەبوو، سەراپای دەلەرزی و لە ترسا هەموو گیانی دەکەوتە سەر ئاو، دەکاتە چی و چ دەگەیەنێت؟ دەزانی ئەم کارە چ قەناعەت و باوەڕێکی بتەوی گەرەکە؟

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: "دۆستی ئازیز، کتێبانی تەڵقینی ئۆلی پڕن لەو جۆرە چیرۆکانە... شەهیدانێ کە جەستەیان بە تیر دابێژراوە، شێر خواردوونی، لە خاچ دراون... بەڵام با ئەمەت پێ بڵێم کە زۆر زەحمەتە تەسەوری ئەوە بکەم کە بابە یواکیم، ئەو کارانە لە پێناوی مورشیدا بکات."

پەیامنێرەکە دووبارەی کردەوە: "ئەم جۆرە کارانە ئیمانی ڕەهای دەوێ. قەناعەتێکی قووڵ و تەواوی دەوێ... ئیمانێ کە باوەڕ ناکەم، نە تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستت پێکردبێ نە من..."

دیسان، وەکو مریشکێکی لاسار سەری لەقاند و خۆی دا بە کۆڵ کورسیە دەسکدارەکەدا وباسکە درێژو لاوازەکانی خستنە سەر دەسکەکانی. چەند چرکەیەک یاری بە دەستەکانی کرد، هەموو هۆش وگۆشی لای دەستەکانی بوو، ئەوسا لە سەری ڕۆیی: " کڵێسا کاتی خۆی مورشیدی بە بیدعەت، خورافات باوەڕ، ئاژاوەگێڕ، شێواندنی ئارامی ویژدانی باوەڕدارانی دڵسۆز مەحکووم کردووە. سەرۆکی قەشەکانی باهیا، بە قەشەکانی شاری ڕاگەیاندبوو، نابێ ڕێگەی بدەن، لە مینبەرەکانی ئەوانەوە وەعز بدات. مرۆڤ ئەگەر قەشە بێ و لە بەر خاتری مورشید لە کڵێسە و لە قەشەباشی یاخی بێ، مانای وایە دەبێ باوەڕی ڕەهای بە مورشید هەبێت."

بارۆن پرسی: "بە بۆچوونی تۆ چ شتێکی ئەم بویەرە بەو ڕادەیە خەمناکە؟ ئەم وێنانە کە مورشید مەسیحێکی دیکە بوو کە بۆ جاری دووەم هاتبوو تا ئینسان ڕزگار بکات."

ئەو قسانەی بێهیچ بیرکردنەوەیەک لە زار دەرچوو، هەرکە وشەکانی لە زار دەرچوون، ژێوان بووەوە. دەیویست بیکات بە سوعبەت؟ بەڵام نە ئەو ونە ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بزەیەکیان نەهاتێ. بینی میوانەکەی سەری بادەدات، کە دەکرا هەم بە نیشانەی ڕەتکردنەوە بزانرێ و هەم بە هەوڵی پاسکردنی مێشێک.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: "بیرم لەوەش کردووەتەوە. ئەگەر کاری خوا بووبێ، ئەگەر خوا ئەوی ناردبێ، ئەگەر خودا هەبێ... من نازانم. بەڵام ئەمجارەیان یاوەرانێ نەبوون کە بە دنیادا بسوڕێنەوەو مژدە بە بت پەرستان و کافران بدەن. ئەوەندەی من بزانم تەنیا یەک یاوەر لە ئارادایە، باوەڕ ناکەم یەک نەفەر بەس بێت.."

دووبارە لە قاقای پێکەنینی دا، نۆرە پژمینێکی بەدوودا هات، ماوەیەک مژوولی کرد، کە لە پێکەنین و پژمین بووەوە، چاو وکەپووی سوور بووبوونەوە.

هەنگێ ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە بە کەسەرەوە گوتی: "بەڵام من زۆر بیر لە لایەنە ئولوهیەتەکەی ناکەمەوە، زیاتر بیر لەو گیانی دۆستایەتی، برایەتی و پەیوەندییە بتەوە دەکەمەوە کە توانیویەتی لە نێو خەڵکیدا دروستی بکات... بە ڕاستی سەیرە، باڵکێشە (مایەی سەرنج). لە دوای هەژدەی تەمووزەوە تەنیا دوو ڕێگە بۆ کوروشور یاشوسکو هەبوو، باشە لەو ڕەوش و کاودانەدا کاری لۆژیکی چی بوو؟ دەبوا خەڵکەکە هەڵێن، دەبوایە بەو دوو ڕێگایەدا بڕۆن، دروستە؟ بەڵام ئەوەی ڕوویدا ڕێک بە پێچەوانەی ئەمە بوو. خەڵکەکە هەوڵیان دا خۆ بگەیەننە کانودوس، خەڵکەکە پۆل پۆل، لە هەموو لایەکەوە ڕوویان دەکردە ئەوێ، پەلەیان بوو، بەر لەوەی سەربازەکان بە تەواوی کانودوس گەمارۆ بدەن، خۆیان بخەنە ئەو تەڵەیەوە، خۆ بەو دۆزەخەدا بکەن! حاڵی هەی؟ ئەم کارە بە هیچ جۆرێ ئاسایی نەبوو..."

بارۆن قسەکەی پێبڕی: "تۆ باسی هەموو قەشەکانت کرد، کەسیانت نەبوارد." ئەم بابەتە، هەڤاڵبەندی شەڕڤانەکان و ویستی بە کۆمەڵیان بۆ قوربانی دان بە خۆ، بەرەبەرە نیگەرانی دەکرد. لە کاتی گفتوگۆیەکەدا چەند جارێک هەستی بەمە کردبوو، ئیدی هەموو جارێ وەکو ئێستا، هەوڵی دابوو خۆی لەو مەسەلەیە ببوێرێ.

ڕۆژنامەڤانەکە، وەکو ئەوەی پێی خۆشبێ بابەتەکە بگۆڕێ و ئەم بارە لە سەر شانی خۆی لابدات گوتی: " من ئاگام لە قەشەکانی دی نییە، بەڵام هەبوون. بابە یواکیم هەواڵ و کۆمەکی لەوان وەردەگرت. ئەگەری ئەوە هەیە کە لە دوا ئەنجاما خۆی گەیاندبێتە ئەوێندەر و لە ناو ئاپۆرای گەریلا و شەڕڤانەکاندا ون بووبن. یەکێک باسی قەشەیەکی بۆ کردم بە نێوی (ماریتنز). دەزانی ئەو کەسە کێ بوو؟ کەسێک بوو تۆ جاران، ساڵانێک لەوە پێش دەتناسی. ژنە منداڵ کوژەکەی سلڤادور بوو، دێتەوە بیرت؟

بارۆن گوتی: " ژنە منداڵکوژەکەی سلڤادور؟ "

-"من لە دادگاییەکەیدا ئامادە بووم، هەڵبەتە زۆر منداڵ بووم، هێشتا پانتۆڵی کورتم لەبەر دەکرد. بابم داکۆکیکاری گشتی بوو، پارێزەری هەژاران بوو، بەرگری و داکۆکی لەو ژنەش دەکرد. من هەرچەندە ئەو کاتانە بە دروستیش نەمدیتبوو و هەرچەندە بیست، بیست و پێنج ساڵ بە سەر ئەو بویەرەدا بووری بوو، بەڵام ناسیمەوە. دیارە تۆ ئەو ڕۆژگارە ڕۆژنامەت دەخوێندەوە، مەگەر نا؟ سەرانسەری دەڤەری باکووری ڕۆژهەڵات، بە تاسەوە پەیجۆری بویەرەکەی ماریا کوادرادویان دەکرد، ژنە منداڵکوژەکەی سلڤادور. ئیمپراتۆر، حوکمی مەرگەکەی بۆ سووک

کرد کردی بە حەپسی هەتا هەتایی. بیرت نایەتەوە؟ ئەم ژنەش لە کانودوس بوو. دەبینی مەسەلەکە چۆنە. لە تۆ وایە چیرۆکێکی بێ کۆتاییە."

بارۆن گوتی: " من ئەوەم دەزانی. هەموو ئەوانەی کە وردە کێشەیان لە گەڵ قانوون دا هەبوو، لە گەڵ ویژدانی خۆدا هەیان بوو، یان لە گەڵ خوادا هەیان بوو و دەیانەویست حیسابی خۆ پاکبکەنەوە، کانودوسیان بە پەناگەیەکی چاک دەزانی... ئەمەش کارێکی ئاسایی بوو."

-" ئەمەی کە پەنا بۆ ئەوێ بەرن، بەڵێ ئاسایی بوو... منیش لە گەڵتام، بەڵام ئەمەی کە بگۆڕێن وببن بە خەڵکانێکی زۆر جیاواز لە جاران، هەرگیز ئاسایی نەبوو." ڕۆژنامەڤانەکە وەکو ئەوەی گیری خواردبێ و نەزانێ چ لە خۆی بکات، کێشمانێکی خۆی دا ولاقە درێژەکانی ڕاکێشا و دووبارە لە سەر قەنەفەکە دابەزی تا لە ئەرزەکە دانیشێت. " ئەو ژنە بووبوو بە قەدیسە، بە داکی پیاوان، سەرۆک و سەرپەرشتیاری کۆمەڵە ژنێکی لە خوا ترس، کە بە کاروبارەکانی مورشیدا ڕادەگەییشتن. خەڵکی جۆرەها پەرجوویان دەدایە پاڵی، دەیانگوت، مورشید بۆ هەر کوێ چووبا، ئەو لە گەڵیا دەچوو."

ئەو چیرۆکە بەرەبەرە لە زەینی بارۆن دا زندوو بووەوە. بویەرێکی باو وبڵاو بوو، ئیدی بووبوو بە داستان و کەوتبووە سەر زاران، ئەو ژنە فەڕاش و پێشخزمەتی نووسینگەی یەکێک لە کاتب عەدلەکان بوو، منداڵە ساواکەی خۆی خنکاندبوو، هەڵسابوو گلۆڵە دەزوویەکی تەپاندبووە دەمیەوە تا خنکا بوو، بۆیە ئەم کارەی کردبوو، چونکە منداڵە زۆر دەگریا و ژنەش لەوە ترسابوو لە کارەکەی دەری بکەن و بێکار بمێنێتەوە. چەندەکی منداڵەکەی بۆ چەند ڕۆژێک لە ژێر تەختە خەوەکەی خۆدا شاردبووەوە تا ئەنجام خانمی خاوەن ماڵەکە بە بۆن بۆگەنیا پەی بە بویەرەکە بردبوو. ژنەی گەنج بێ چەند وچوون دانی بە هەموو شتێکا نابوو. بە درێژایی دادگاکە، گوێڕایەڵ وملکەچ، ڕاستگۆیانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە لێی دەکران. بارۆن هەموو ئەو گەنگەشانەی وەبیر هێنایەوە کە دەربارەی کەسایەتی ژنەی منداڵکوژ دەکران، هەندێک دەیانگوت لە باری دەروونیەوە نەخۆشە، بۆیە هیچ مەسئولیەتێکی ناکەوێتە ئەستۆ." هەندێکی دی دەیانگوت نەخێر غەریزەیەکی ئەهریمەنی بەسەرا زاڵ بووە. کەواتە لە زیندان هەڵاتبوو؟

پەیامنێرەکە دووبارە بابەتەکەی گۆڕی: "بەر لە هەژدەی تەمووز پیاو هەق بڵێ هەموو شتێک دزێو و کارەساتبار بوو، بەڵام ڕاستت دەوێ کارەساتی ڕاستەقینە ئەو ڕۆژە دەستی پێکرد کە من ترسم جەڕباند، کە بۆنم کرد، قووتم دا، لە قوڵایی هەناوما هەستم پێکرد." بارۆن ڕۆژنامەڤانەکەی بینی کە بە دەست دەیکێشا بە ورگی خۆیدا. " ئەو ژنەم هەمان ڕۆژ بینی، قسەم لە گەڵیدا کرد، ئیدی بۆم دەرکەوت کە هەمان منداڵکوژە کە بە منداڵی دەیان جار هاتبووە خەونم. یارمەتی دام، چونکە لەو کاتەدا بە تاقی تەنیا بووم و کەسم بە دەورەوە نەمابوو."

بارۆن گوتی: "من لە هەژدەی تەمووزا لە لەندەن بووم. ئاگام لە وردەکاریەکانی شەڕ نەبوو. ئەو ڕۆژە چ پێشهاتێک ڕووی دا؟"

ئەبوت جواو کە بە ڕاکە ڕاک هاتبوو، بەدەم هانکە هانکەوە گوتی: "بەنیازن سبەی هێرش بکەن." ئەوسا شتێکی گرینگی وەبیر هاتەوە: "سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک ."

سەربازەکان، یەک مانگ بوو بە قەدپاڵەکانی شاخی ئافافیلاوە بوون، شەڕ بەردەوام بوو. دەنگی تەق و تۆق و ڕمبەی پچڕ پچڕی تۆپ و مەترەلۆزان تەنیا لە کاتی لێدانی زەنگەکان بەرز دەبووەوە. خەڵکی بەیانیانی زوو و نیوەڕۆیان و ئێواران، بە هەندێ شوێنی تایبەتیدا هات و چۆیان دەکرد. مرۆڤ بەرەبەرە لە گەڵ هەموو شتێکا ڕادێن ورێگایەک بۆ ژیان دەدۆزنەوە، نەوسایە؟ هەموو ڕۆژو گشت شەوێک ژمارەیەک دەمردن، هەموو شەوێک ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردن بەرپا دەکرا. تۆپبارانی کوێرانە زۆر ماڵی دەڕوخاند، ورگی دان عەمران (پیر، عەمەلمەندە) و منداڵانی سفرە تلیش دەکرد و ئەمانە لەو کەسانە بوون کە نەیان توانی بوو خۆ بگەیەننە سەنگەر و پەنا وپەسێران. پێدەچوو ئەم ڕەوشە هەتا هەتایە بەو دەقەوە بەردەوام بێت. نا، داروغای شار تازە پێی گوتبوون کە ڕەوشەکە خراتر دەبێت.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە تاقی تەنیا مابووەوە، چونکە جورما و کورتەڵە ڕۆیی بوون تا خواردن بۆ پاجو ببەن. فەرماندەکان — هونوریو فیلانوفا، جواوە زلە، پدراو و پاجۆ، لە کۆگاکەدا لە کۆبوونەوەدا بوون. ڕەوشەکە نائاسایی بوو، نیگەرانی باڵی بەسەر جەوەکەدا کێشابوو. وێرای ئەمەش وەختایەک ئەبوت جواو ڕایگەیاند کە دژمن بە تەمایە سبەینێ هێرش بکات، کەس تەعەجوبی نەکرد. ئەو ئاگای لە هەموو شتێک هەبوو. بەنیاز بوون بە درێژایی شەو کانودوس تۆپباران بکەن، تا سەنگەر و مەتەرێزەکانی بڕوخێنن و سەعات پێنجی سپێدە دەست بە هێرش بکەن. ئەبوت جواو دەیزانی لە کێهە سەمتەوە هێرش دێنن. سەرانی شەڕڤانان بە ئەسپایی قسانیان دەکرد، باشترین سەنگەریان بۆ هەر یەکێکیان دەست نیشان دەکرد... تۆ لێرە چاوەڕوانیان بکە، دەبێ ئەو ڕێگایە ببڕین... لێرەدا سەنگەر دابنەین، باشترە من جێگاکەم بگۆڕم. نەبا هێزەکانیان لێرەوە، لەم ڕێگەیەوە بنێرن. ئایا بارۆن، کە گوێی لەو قسانە دەگرت دەیتوانی وێنای ئەوە بکات کە ئەو لە چ حاڵێکدایە؟ لەو قۆناغەدا مەسەلەی کاغەزەکە هاتبووە ئاراوە. کام کاغەزە؟ ئەو کاغەزەی کە یەکێک لە نۆلاوەکانی پاجو، بە هەڵەداوان بۆی هێنابوون. هەر هەموویان سەریان کرد بە یەکدا و پاشان لێیان پرسی ئایا خوێنەواری هەیە؛ دەتوانێ بۆیان بخوێنێتەوە. هەموو هەوڵی خۆی خستە کار، لە پشت شووشە درز بردووەکەی چاویلکە تاک چاوییەکەیەوەو لەبەر تیشکی مۆم دا کەوتە تەمەشاکردنی کاغەزەکە تا ڕەمزەکانی هەڵێنێت. بەڵام بۆی هەڵنەهات. ئیدی ئەبوت جواو کەسێکی لە دووی شێرۆی ناتوبا نارد.

بارۆن پرسی: "باشە هیچ کەسێک لە سەرانی مورشید خوێنەواریان نەبوو؟

ڕۆژنامەڤانەکە بەرسڤی دایەوە: "ئانتونیو فیلانوڤا، خوێنەواری هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا لە کانودوس نەبوو. هەروەها ئەو کەسەش کە ناردبوویان بە شوێنیا... واتە شێرۆی ناتوبا، خوێنەواری هەبوو... یەکێک بوو لە یارانی دڵسۆزی مورشید، خوێندن و نووسین بەڵەد بوو، ئەمە تاقە خوێنەواری ڕۆشنبیری کانودوس بوو."

بێدەنگ بوو، ئیدی نۆرە پژمینێک گرتی، کردیە کارێک دابنەوێتەوەو دەست بە زگیەوە بگرێت. دوای ئەوەی وەخۆهاتەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا گوتی: "من نەمدەزانی شکڵی چۆنە، تەنیا هەندێ هێڵی ڕواڵەتیم دەبینی. ڕاستت دەوێ شەکڵی هەر نەبوو. بەڵام ئەو ڕواڵەتەی کافی بوو، تا بە مەزەندە بیرۆکەیەکی لە سەر پەیدا بکەم. بە چوار چنگۆڵە ڕێی دەکرد، کەللەیەکی زەلامی هەبوو، قەمووریش بوو. یەکێک ڕۆیی بە دوایا. ئەوسا لە گەڵ ماریا کوادرادودا هات. کاغەزەکەی بۆ خوێندنەوە: نەخشە وبەرنامەی فەرماندەیی باڵا بوو، سەبارەت بە هێرشەکەی سپێدە."

دەنگێکی روون و ڕەوان نەخشەی شەڕەکەی خوێندەوە، چۆنیەتی دابەشکردنی یەکەکان، مەسافەی نێوان سریەکان، نێوان پیاوەکان، نیشانەکان، ئەو عازانەی لە ڕێگەی شەیپورانەوە دەدران. ئەو لەو کاتەدا سات بە سات زیاتر ترسی لێدەنیشت و نیگەرانی گەڕانەوەی جورما و کورتەڵە بوو. پێش ئەوەی شێرۆی ناتوبا، لە خوێندنەوەی کاغەزەکە ببێتەوە، بەشی یەکەمی نەخشەی شەڕەکە جێبەجێ کرا: تۆپبارانی سەنگەرو مەتەرێزەکانیان، بە مەبەستی ڕوخانیان و ترساندنی خەڵکەکە دەستی پێکرد.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: " ئێستا دەزانم کە ئەوسا تەنیا نۆ تۆپ کانودوسی تۆپباران دەکرد، لە هەر نۆرە تۆپبارانێکا تەنیا شازدە گوللە تۆپ دەتەقێنرا، بەڵام ئەو شەوە، لە تۆ وایە هەزار گوللە تۆپ بە کەڕەتێ دەتەقێنرێ، دەتگوت هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان تۆپبارانمان دەکەن."

ڕمبەی تۆپەکان، جەمەلۆنی سەر دووکان و کۆگاکەی هێنابووە تەق و هوڕ، ڕەفەکان و پێشخوانی کۆگایەکە دەلەرینەوە، هەموو دەنگی داڕوخانی ماڵەکان و هاوار و فریاد و ڕاکردن وهەڵاتنی خەڵکەکەیان دەژنەوت. لە ماوەی نێوان تۆپەکاندا، گریە و زاری منداڵان دەهاتە گوێ. یەکێک لە شەڕڤانەکان گوتی: " قلێشایەوە، دەستی پێکرد. " چونە دەرەوە تا تەمەشایەک بکەن، ئەوسا هاتنەوە ژوورێ و بە ماریا کوادرادو و شێرۆی ناتوبایان گوت کە ناتوانن بۆ پەرستگەکە بگەڕێنەوە، چونکە تۆپبارانەکە لە سەر تاقە ڕێگاکەی ئەوێندەرە. پەیامنێرەکە گوێی لێبوو کە ژنەی تاین ڕژدە لە سەر گەڕانەوە. سەرەنجام جواوە زلە قەناعەتی پێکردو سوێندی بۆ خوارد، هەرکاتێ تۆپبارانەکە تەواو بوو بە خۆی بۆ خەلوەتخانەکەیان دەباتەوە. شەڕڤانەکان ڕۆیشتن وئەو بۆی دەرکەوت کە جورما وکورتەڵەش – ئەگەر تا نها مابن – ئیدی ناتوانن لە رانشودو فیگاریووە بۆ ئەو شوێنە بگەڕێنەوە کە ئەوی لێبوو. بە ترس ولەرزێکی زۆرەوە بۆی بەدیارکەوت کە ناچارە بەتەنیا، بەبێ ژنە موبارەکەکە و بەبێ دێوە چوار چنگوڵەکەی کانودوس خۆی لە هێرشی دژمن دەربازبکات.

بارۆن دی کانا براڤا پرسی: " ئێستا بە چی پێکەنینت دێ؟ " ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە بن لێوانەوە گوتی: " بە شتێک کە شەرم دەکەم ڕێک و ڕاست دانی پێدا بنەم." لە جێی خۆی دانیشتبوو، لە خەیاڵەوە چووبوو، لە ناکاوا سەری هەڵبڕی وبە دەنگی بەرزگوتی: " کانودوس، بیرکردنەوەی منی لە مەڕ دیرۆک، بەرازیل و، بەشەر گۆڕی... بەڵام لە هەموو ئەوەش گرینگتر، هزرینی لە مەڕ خۆیشم گۆڕی."

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: "بە تۆنی دەنگتا دیارە بەرەو باشتری نەگۆڕیوی."

ڕۆژنامەڤانەکە بە دەنگێکی زۆر نەوی گوتی: "لەم خاڵەدا هەق بە تۆیە. بەهۆی کانودوسەوە، من نها بۆچوونێکی زۆر سەقەتم سەبارەت بە خۆم هەیە." ئایا ئەمە تا ڕادەیەک حاڵی ئەمیش نەبوو؟ ئایا کانودوس ژیانی، بیرەکانی، خوو خدەکانی ئەوی نەگۆڕی بوو، وەکو گەردەلوول ژێر و بانی نەکردبوو؟ ئایا هەموو قەناعەت و خەیاڵەکانی لە گرێژەنە نەبردبوو؟ کە ئەستێلای هێنایە بەرچاوی خۆی دڵی پڕ بوو لە ژان، ئەستیلا لە ژوورەکەی خۆیا، لە نهۆمی سەرەوە، لە سەر کورسیە خولاوەکەی دانیشتبوو، سپاستیانا، فەسڵی یەکێک لەو ڕۆمانانەی بۆ دەخوێندەوە کە حەزی لێدەکرد، یان قژی بۆ دادێنا، یان گرامافون و قەوانی نەمساوی بۆ دەخستە کار... سیمای مات و مەندی ژنێک کە گەورەترین عەشقی ژیانی ئەو بوو – ژنێ کە هەمیشە بۆ ئەو ڕەمزی شادی و شەنگوڵی ژیان، جوانی و شیکی و ویقار بوو، جارێکی دی دڵی گوشی.

شتێکی بیرکەوتەوە، خێرا گوتی: " گوتت ئانتونیو فیلانوڤا؟... کابرای کاسب، وانا؟ وەکو هەموو کاسبێکی دی پولەکی وپارە خۆشەویست بوو، حیسابی فلسی دەکرد. ئەوسا زۆرجار خۆی و براکەیم دەبینی. هەموو کەل و پەلێکیان بۆ کالومبی دێنا. ئەویش بووە بە مورید؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، کە تازە لە تەوسخەنەکەی بووبووەوە، گوتی: "بۆ کار وکاسبی بۆ ئەوێندەر نەهاتبوو. کاسبی لە کانودوس زەحمەت بوو. پارەی کۆماری لەوێندەر قەدەغە بوو. دەیانگوت ئەمە پارەی سەگان، شەیتانان، خوانەناسان، پروتستانان، ماسۆنیانە. حاڵی هەی؟ بە مەزەندەی تۆ چما شەڕڤانەکان چەکەکانی سەربازەکانیان دەبرد، بەڵام دەستیان بۆ جزدانی پارەکانیان نەدەبرد؟"

بارۆن لە دڵی خۆدا گوتی: "کەواتە، یارۆی کاژەڵەناس ئەو گێلە نەبوو. بە کورتی دەکرێ بگوترێ کە گال، بە هەموو شێتاتی خۆیەوە، توانی بووی پەی بە هەندێک لەو شێتاتیە بەرێ کە باڵی بەسەر کانودوس دا کێشابوو.

پەیامنێرە نزیکبینەکە لە سەری ڕۆیی: " ئانتونیو فیلانوڤا لەو پیاوانە نەبوو ڕۆژ تا ئێوارێ بە کێشانی نیشانەی خاچەوە بەسەر بەرێ و لەبەر ئەو هەڵانەی کردبوونی، سینگ بکوتێ. کابرایەکی پراکتیکی بوو، ئەهلی کاربوو، ئەنجامی واقیعی و مەلموسی دەویست. کرداری بەلاوە شەرت بوو. بەردەوام خەریکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباران بوو – دەتگوت مەکینەیە، وەستانی بۆ نەبوو. بە درێژایی ئەو پێنج مانگە، کە لە تۆ وایە تەواو نابێت، لە خەمی ئەودا بوو خۆراکی تەواو بۆ کانودوس دابین بکات.

چما دەبوا لە ناو جەرگەی ئەو گوللەباران و کوشت و کوشتارەدا ئەو کارانە بکات؟ هیچ تەفسیرێکی بۆ نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە هەبێ و نەبێ، مورشید دەستی خستبووە سەر ژێیەکی هەستیاری ناخی."

بارۆن گوتی: "ڕێک وەکو ئەوەی لە گەڵ تۆدا کردبووی. چیوای نەمابوو تۆش بکات بە موریدی خۆی، بەڵام فریا نەکەوتبوو."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بێئەوەی گوێ بە قسەکانی بارۆن بدات، لەسەری ڕۆیی: " تا ئەوپەڕی توانای خۆی هەر لە خەمی ئەوەدا بوو کە خۆراک بگەیەنێتە خەڵکی. بە دزییەوە دەڕۆیی، چەند زەلامێکی کەمی لە گەڵ خۆیدا دەبرد. دزەیان دەکردە پشت هێزەکانی دژمنەوە، پەلاماری کاروانی ئازووقەیان دەدا. من دەزانم چۆن ئەو کارەیان دەکرد. فشفشەیەکیان بەناو حەیوانەکاندا دەکرد، حەیوانەکان دەرەوینەوەو ئیدی لەو هەرا و فەرتەنەیەدا، دە پازدە گایان وەپێش دەدا و بۆ کانودوسیان دەبرد... هەموو مەبەستی ئەوە بوو کە ئەوانەی قەرار بوو گیانی خۆیان لە ڕای مەسیحی موبارەکدا بەخت بکەن بتوانن زیاتر بەرگە بگرن وماوەیەکی زۆرتر بەرەڤانی بکەن."

بارۆن قسەکەی پێبڕی: "دەزانی ئەو حەیوانانە لە کوێوە دەهاتن؟ "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: " لەو قافڵە وکاروانانە دەگیران کە سوپا لە مونتە سانتووە بۆ ئاڤاڤیلای دەنارد. چەک و تەقەمەنی شەڕڤانەکانیش هەر لەو ڕێگایەوە پەیدا دەکرا. ئەمە یەکێک بوو لە دیاردە عەجایەبەکانی ئەو شەڕە. سوپا هەم چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی خۆی و هەم بۆ دژمنەکانی خۆی دەنارد."

بارۆن، ئاهێکی هەڵکێشا: "ئەو شتەی کە شەڕڤانەکان دەیاندزی، خۆی ماڵی دزی بوو. بەشێکی زۆری ئەو ماڵات و پەزانە، سەردەمانێک هی من بوون. ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێکڕی بووم. تەقریبەن هەموو ڕۆژێ ئەو گاوانە دوو ڕەگانەی سوپا بە کرێی گرتبون، ئەو حەیوانانەیان لە پەز و گاگەلەکانی من دەدزی. دۆستێکی پیرم

هەیە بە ناوی موراو شکاتی لە حکومەت کردووە و داوای قەرەبووی ئەو گا وگوتاڵ ومەڕ وپەزانە دەکات کە سوپا خواردوویانە. داوا دەکات بەلای کەمەوە بە حەفتا کانتو قەرەبووی بکەنەوە.

***

جواوە زلە بەدەم خەو و بێدارییەوە بۆنی دەریا دەکات. هەستێکی گەرم وگوڕ ودڵگیر دایدەگرێت، هەستێک کە زیاتر لە هەستی شادمانی دەچێت. لەوەتای مورشیدی ناسی بوو، ئیدی لەو نیگەرانیە ڕوحیە ڕزگار بووبوو کە زادەی ئەو ڕۆژگارە بوو کە لە خزمەتی شەیتاندا بوو... تا نها چەند ساڵ تێپەڕیوە کە نە دەریای دیوە، نە بۆنی کردووەو نە گوێی لە دەنگی بووە؟ نایزانێ، بەڵام دەزانێ کە زۆر لە مێژە دەریای نەدیوە، لەوساوە کە لە سەر ئەو کەپکە (لووتە) بەرزەی نێوان مەزرا قامیشە شەکرەکانەوە، کە خانم ئادلینیا ئیزابیل دی گوموسیو، زۆرجار دەچوو بۆ ئەوێندەر تا خۆی بداتە بەر هەتاو و، تەمەشای زەردەپەڕ وبولێڵی ئێوارە بکات، تەمەشای دەریای کردبوو، ماوەیەکی زۆر زۆر تێپەڕی بوو. چەند دەستڕێژێکی پەراگەندە بیری دەخاتەوە کە شەڕەکە هێشتا تەواو نەبووە، بەڵام خۆی شلوێ ناکات: چونکە دەزانێ کە ئەگەر هۆشیارو بێداریش بوایە فەرقی نەدەکرد، چونکە نە ئەو ونە هیچ یەکێک لە پیاوانی گاردی کاتولیک کە لە دەوروبەری ئەودا سەنگەریان گرتبوو نە یەک فیشەکی تفەنگی مانلیچریان پێیە و نە تاقە حەشوەیەکی ساچمەزەنیان پێیە نە زەڕەیەک باروتیان پێیە بۆ ئەو ئامێرانەی کە ئاسنگەرانی کانودوس بە حوکمی زەرورەت، بووبوون بە چەخماخ ساز و بۆ ئەوانیان دروست کردبوو.

کەواتە مانیان لێرە، لەم ئەشکەوت و دۆڵانەی بنار و قەدپاڵی ئافافیلا لە پای چیدایە، لێرەدا کە سەگەکان کەڵەکە و خڕ بوونەتەوەو چاوەڕوانی ئەوان دەکەن؟ ئەمانە پەیڕەوی دەستوورو ئەمری ئەبوت جواو دەکەن. ئەبوت جواو وەختایەک دڵنیابوو کە هەموو یەکەکانی ڕەتڵی یەکەم گەییوەتە ئافافیلاو ڕووبەڕووی سەگڤانانی شەڕڤانەکان بوونەتەوەو لە سەنگەرەکانیانەوە دژمن گوللەباران دەکەن ودژمن لە پێشڕەوی وەستاوەو لە جێی خۆی چەقیوە، ئەبوت جواو چوو بوو، دەست بەسەر قافڵەی ئازووقەو تەقەمەنی وپەز وگاو گۆتاڵی دژمندا بگرێت کە بە هۆی تۆپۆگرافیای دەڤەرەکە وئەو لەمپەڕانەوە کە پاجو وپیاوەکانی بۆیان دروست کردبوون، مەسافەیەکی زۆر لە باقی ڕەتڵەکە دوا کەوتبوون. ئیدی ئەبوت جواو بە ئومێدی ئەوەی لە ئاس ئومبوراناس هێرشێکی کوت وپڕ بکاتە سەر قافڵەکە و بەرەو کانودوسی بکێش بکات، داوای لە جواوە زلە کردبوو، کە کارێک بکات گاردی کاتولیک بە هەر نرخێ بووە، ڕێگە لە پاشەکشەی یەکەکانی سەر ئافافیلا بگرێت. کۆنە کۆیلەکەی جاران بەدەم خەون و خەیاڵەوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت سەگەکان (مەبەست دژمنە) یان زۆر گەوج و گەمژەن، یان خەسارەیەکی زۆریان داوە، چونکە تا نها تەنانەت تاقە یەک دەوریەشیان بەرەو ئاس ئومبوراناس نەناردووە تا بزانێ چی بەسەر قافڵەکە هاتووە. گاردی کاتولیک زۆر چاک دەزانن کە ئەگەر سەربازەکان بیانەوێ کەمترین جوڵە بکەن تاقە یەک هەنگاو لە ئافافیلا دوور بکەونەوە، ئەوا بۆ ئەوەی ڕێیان لێبگرن، دەبێ بە خەنجەرو قەمە و سەرەنێزەو ددان ونینۆک تێیان بەربن و ڕێگەیان لێببەستنەوە.

یواکیم ماکامبیرای پیریش، کە لەوبەری ئەو ڕێگایەوە خۆی لە بۆسە نابوو، کە بۆ پەڕینەوەی هێزی سوارەو عەرەبانە و تۆپ لە دار و درەخت و دەوەنان، پاک کرابووەوە تا بەرەو ئافافیلا پێشڕەوی بکەن، یواکیم دەبوایە هەمان کاربکات. بەڵام سەربازەکان خەیاڵی پاشەکشەیان نییە، زۆر ڕژدن لە سەر بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێک کە لە پێشەوەو لەم لاو لەولاوە بکرێتە سەریان، بەڕادەیەک سەرقاڵی تۆپبارانی کانودوسن فریا ناکەون

ئاورێکی پاشەوە بدەنەوە تا بزانیَ چ شتێک ڕووی داوە. جواوە زلە بەدەم خەو و بێدارییەوە لە دڵی خۆدا دەڵێت: " ئەبوت جواو لەوان زیرەکترە، مەگەر ئەمە بیرۆکەی ئەو نەبوو، کە دژمن بەرەو ئافافیلا بکێش بکەن؟ مەگەر هەر بیرۆکەی ئەو نەبوو کە پدراو و برایانی ڤیلانوڤا بچن بۆ بەرتەنگەکەی کوکوروبو و لەوێندەر چاوەڕوانی چاوەڕوانی باقی شەیتانەکان بکەن؟ کە بێگومان شەڕڤانەکان لەوێندەرش سەربازەکانیان پاکو داوە. کە هەناسە هەڵدەکێشێت بۆنی دەریا سەرمەستی دەکات، لە شەڕو دنیای شەڕ دووری دەخاتەوە، شەپۆلەکان دەبینیَ، هەست بە ئاوە کەفاویەکە دەکات کە ختووکەی لەشی دەدات. ئەمە یەکەمجارە دوای چل و هەشت سەعات شەڕ، کە چاوێک بناتە سەر یەک.

سەعات دووی بەرەبەیان، تەتەرێکی یواکیم ماکامبیرا، بێداری دەکاتەوە. یەکێکە لە کوڕەکانی یواکیم، کوڕێکی منداڵکاری باریکەلەیە، قژێکی درێژی هەیە، بە ئەسپایی خۆی بە سەنگەرەکەدا دەکات و چاوەڕوانە جواوە زلە وەخەبەر بێتەوە. بابی پێویستی بە ئازووقەو تەقەمەنی هەیە، پیاوەکانی نە فیشەکیان پیَ ماوە نە بارووت. جواوە زلە، کە هێشتا زمانی خەواڵوە، بە کوڕیژگەکە دەڵێت کە ئەمانیش فیشەک و تەقەمەنیان نەماوە. هیچ هەواڵێکی ئەبوت جواو دەزانن؟ نەخێر، هیچ هەواڵێکی نییە. ئەدی پدراو؟ کوڕیژگەکە سەرێک دەلەقێنیَ. ئەو وشەڕڤانەکانی ناچار بوون لە کوکوروبو پاشەکشە بکەن.

فیشەکیان تەواو بووە و خەسارەتێکی زۆریان داوە. هەروەها نەیانتوانیوە لە ترابوبو پێش بە پێشڕەوی سەگەکان بگرن.

جواوە زلە ئەنجام بێدار دەبێتەوە. یانی ئەو قۆشەنەی کە لە ڕێگەی جرموابووە هاتبوو، بەتەمایە بەرەو ئێرە بێت؟

کوڕەکەی یواکیم ماکامبیرا دەڵێت: "بەڵیَ. پدراو وهەموو ئەو شەڕڤانانەی بە سەلامەتی دەربازبوون، گەڕاونەتەوە بۆ بیلومونتە."

ڕەنگە گاردی کاتولیکش، دەبیَ هەمان کار بکەن: بۆ کانودوس بگەڕێنەوە تا بەرەڤانی لە مورشید بکات، چونکە نها قۆشەنەکە بەتەمایە لەم ڕێگایەوە بێت، ئیدی هێرشەکە مسۆگەرە.

یواکیم ماکامبیرا بەتەمایە چ بکات؟ کوڕیژگەکە نازانیَ. جواوە زلە لێدەبڕیَ کە بڕوات تا ڕاوێژو تەگبیر لە گەڵ بابی کوڕیژگەکەدا (مێرد منداڵ، نۆلاو) بکات.

شەو لە دوا دواییدایە، ئاسمان ئەستێرە بارانە. کۆیلەکەی جاران دوای ئەوەی ئامۆژگاری شەڕڤانەکانی دەکات کە جێگای خۆ بەرنەدەن، گورج وگۆڵ شانبەشانی ماکامبیرای کوڕدا، بە هەڵدێرە سەخت وبەردەلانەکەدا دادەگەڕیَ. مخابن، لە بەر ڕۆشنایی ئەو هەموو ئەستێرەیەدا، دەتوانیَ کەلاکی ئەو ئەسپە کوژراوانەی کە ورگیان هەڵدڕاوەو ڕەشە دالاش تێیان وروکاوە بدینیَ. جەندەکی پیرەژنێکیش دەبینیَ. بە درێژایی ڕۆژی ڕابردوو و بەتڵێکی شەو، بەلای کەلاکی ئەم ئەسپانەدا، ئەسپی ئەفسەرەکانا، ئەو ئەسپانەی کە یەکەمین قوربانی گوللەباران بوون، ڕەت بووبوو، دڵنیا بوو، کە هەندێکیان بە دەستی ئەو کوژراون. ناچار بووە ئەو کارە بکات، لە پێناوی خوا، مەسیحی موبارەک، مورشید و بیلومونتەدا کە ئازیزترین شتی ژیانی ئەوە، ئەم کارە بکات. خۆ ئەگەر ناچار بیَ وپێویست بکات، ئامادەیە هەمان کار بکاتەوە. بەڵام کە دەبینیَ ئەم حەیوانانە بەدەم حیلاندنەوە دەکەونە سەر ئەرزەکە و بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوە، ورگ و ڕیخۆڵەیان دەڕژێتە ئەو گۆڕە و دنیا پڕ دەبیَ لە بۆن بۆگەنی،

شتێک لە دەروونیا دەهاڕوژێ و گیرۆدەی عەزابی دەکات، دەزانێ ئەم هەستی گوناحباریە، کە هەموو جارێ لە گەڵ کوشتنی هەر ئەسپێکی ئەفسەرەکاندا، بەرۆکی دەگرێ، لە کوێوە هەڵدەقوڵێت. ئەمە زادەی ئەو بایەخە لە ڕادەبەدەرە بوو کە لە موڵک ومەزراکەی ئەدلبرتو دی گوموسیو بە ئەسپان دەدرا، ئەدلبرتو، خۆشەویستی و پەرستنی ئەسپانی لە دڵ و دەروونی کەس و کار و خێزانەکە، لە دڵ و دەروونی کرێکار و کۆیلەکانیا ڕیشاژۆ کردبوو. لە کاتێکا سەری داخستبوو، شانبەشانی ماکامبیرای کوڕ ڕێی دەکرد وچاوی بە کەلاکی پەراگەندەی ئەسپەکان دەکەوت لە دڵی خۆیدا دەیپرسی ئایا ئەمە کاری باوکە (خواوەند) کە هەندێ شتی سەردەمانی گوناحکاری و گومڕاییەکانی – وەکو نوستالیژا بۆ دەریاو خۆشەویستی بۆ ئەسپان – بەو درێژاو بەو زندوویەتیە، لە خەیاڵ و خەیاڵدانیا بمێنێتەوە.

لە هەمان کاتدا جەندەکی پیرەژنەکە دەبینێ و دڵی دێتە ژان. تەنیا بۆ چەند چرکەیەک لە تەمەشاکردنی بەردەوام دەبێت، ڕوخساری لە تریفەی هەیڤەکەدا نقوم بووبوو، چاوەکانی بە ترسێکی شێتانەوە ئەبڵەق بووبوون، تەنیا دوو دانی لە دەما مابوون کە ئەوانیش لە لێوەکانیەوە هاتبوونە دەرەوە، قژی گڤ بووەتەوە، هەنیەی درابوو بە یەکدا. ناوی ئەم ژنە نازانێت، بەڵام زۆر چاکی دەناسێت. زۆر لە مێژ بوو بۆ بیلومونتە هاتبوو، ئیدی هەموو کەس و کارەکەی، لە کوڕ وکچ ونەڤی (نەوە) و خوشکەزا و برازاکانی و ژنانی سەرگەردان و بێ جێگای لە گەڵ خۆدا هێنابوو و لە ماڵە چکۆلەکەی خۆیا لە شەقامی ( کواراسا یەسوع ) دا جێگای کردبوونەوە. ئەم کولبەیە یەکەم خانوو بوو کە تۆپەکانی سەربڕ بردبووی بە ئاسماندا. پیرەژن لە نوێژ و نزایان دەبێت، کە بۆ ماڵەکەی گەڕابووەوە، بریتی بوو لە کۆمایەک دار و پەردوو، سیان لە کیژەکانی و هەموو برازا و خوشکەزاکانی کەوتبوونە ژێریەوە، لە گەڵ دە دوازدە گەنجا کە لە سەر ئەرزەکە یان لە سەر یەک دوو جۆلانەدا دەنووستن. پیرەژن، سێ ڕۆژ لەوە پێش لە گەڵ گاردی کاتولیکدا بۆ بەرزاییەکانی ئاس ئامبوراناس چووبوو، کە لەوێ خۆیان لە بۆسە دابوو و چاوەروانی هاتنی سەربازان بوو. لەوێ، لە گەڵ ژنانی دیدا خواردنی بۆ گەریلا و شەڕڤانەکان لێدەنا و لە کانیاوێکی ئەو نزیکانەوە ئاوی بۆ دێنان. بەڵام وەختایەک شەڕ دەستی پێکرد، جواوە زلە و شەڕڤانەکانی بە چاوی خۆیان دیتیان کە پیرەژن، بەناو تەپ و تۆزی شەڕا کەوتەڕێ، بە قەدپاڵە سەخت و بەردەڵانەکەدا داگەڕا، کە گەییە بنارەکە، لەوێ بە بێپەروا، بەناو سەربازە بریندارەکان کەوت، یەک یەک بە سەری دەکردنەوەو خەنجەرێکی ڕەحمەتی لێدەدان. دیتبوویان بە نێو جەستە یونیفۆرم پۆشەکاندا دەگەڕا، بەرلەوەی گوللە دای بێژێ و بیکات بە سەرەند وبێژنگ، فریا کەوتبوو چەند جەنازەیەک ڕووت بکاتەوە، عەورەتیان ببڕێ وبیخاتە دەمیانەوە. لە هەموو ماوەکەی شەڕەکەدا، کاتێ جواوە زلە تەمەشای سەربازانی پیادە و تۆپخانەی دەکرد، دەیبینی چۆن تفەنگەکانیان بەکار دێنا، بەسەر یەکدا دەکەوتن، پێیان بە سەر جەنازەی کوژراو وجەستەی بریندارەکانی خۆیاندا دەنا، خۆیان لە دەستڕێژی گوللە دەبوارد و بە کەند و لەند و قەدپاڵەکانی ئافاڤیلادا، کە تاقە ڕێگای کراوە بوو، هەڵدەهاتن. جواوە زلە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئاوڕی دەدایەوەو تەمەشای جەنازەی ئەو پیرەژنەی دەکرد کە تازە بە جێی هێشتبوو.

وەختایەک لە مرداوێک (قۆپی، تاڵاو) نزیک دەبنەوە، کە هەر چوار دەوری دڕک و داڵ و چەند پنجە ( ئەمبوزیرو ) یەک بوو، ، ماکامبیرای جەوان فیت فیتۆکە زەلەکەی(قامیش) دەنێ بە دەمیەوەو تێی دەتورێنێ، دەنگێکی لێوە دەردەچێ، کە لە دەنگی تووتی دەچێ، دەنگێکی هاوشێوە وەڵامی دەداتەوە. کوڕێژگەکە دەستی جواو دەگرێت و لە مرداوەکەی دەپەڕێنێتەوە، تا گوزینگی پێیان لە قوڕاوەکە ڕۆدەچێت، دوای ماوەیەکی کەم کۆیلەکەی جاران

خۆی لە لای یواکیم ماکامبیر دەبینێتەوە کە لە ژێر کەپرێکا دانیشتووە، جەوەندە ئاوێکی لاوەیە، جواو دەست بە ئاو خواردنەوە دەکات، چەندین چاو لە دوایانەوە بسکە بسک تەمەشایان دەکردن.

پیرەمێرد، تەواو نیگەران بوو، بەلام جواوە زلە زۆری پێ سەیر دەبێ کە بۆی دەردەکەوێ هەموو نیگەرانیەکەی پیرەمێر بە هۆی ئەو تۆپە گەورە، لوولە درێژە ڕەخشانەوەیە کە چل گا ڕایدەکێشن و کە بە خۆی لە جادەی جویتیە دیتبووی. ماکامبیرا بەدەم خوتە و بۆڵەوە دەڵێت: " ئەگەر ئاماتادیرا بکەوێتە کار، ئەم سەگانە بورج و دیواری پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک تەفر وتونا دەکەن، هەنگێ بیلومونتە لە سەر عاردی دەسڕدرێتەوە."

جواوە زلە گوێی هەڵخستووەو بە دڵ گوێ لە قسەکانی ئەو دەگرێت. زۆر ڕێزی یواکیم ماکامبیرا دەگرێ، ئەم پیاوە سام و هەیبەتی پەتریارکێکی شکۆداری هەیە. زۆر بەتەمەنە، قژە سپیە درێژەکەی چین چین بە سەر شان و ملیا ڕژاوە، ڕدێنە سپیە بەفر ئاساکەی بە سەر ڕوخسارە تاریکە تاوە گازەکەیەوە، جوانیەکی تایبەتی پێ بەخشیوە، کەپووی لە چرۆی مێوی گرێ گرێ دەچێ. چاوەکانی لە قولایی چرچ و لۆچەکانی دەم و چاویەوە کسکە کسک دەبریسکێنەوە. ئەم پیاوە سەردەمانێ خودانی پارچە زەویەکی گەورە بوو، لە نێوان کوکوروبو و ترابوبو، کە بە مانیوک وگوڵەکابەی دادەچاند. خەڵکی بەو دەڤەرەیان دەگوت ماکامبیرا، لە گەڵ هەر یازدە کوڕەکەیدا کاری لە سەر ئەو مەزرایە دەکرد، زۆرجار لە سەر سنووری موڵکەکەی، دەگەڵ دراوسێکانیا بە شەڕ هاتبوو. بەلام ڕۆژێک پیرەمێر دەستبەرداری هەموو شتێک بوو و بە خێزانە گەورەکەیەوە بۆ کانودوس باری کرد، دوازدە کوختەی لە هەنبەر گۆڕستانەکەدا دروستکرد و لەوێندەر جێگیر بوون. لە بیلومونتە هەموو کەس مدارای ماکامبیریان دەکرد، چونکە پیاوێکی زۆر هەستیار و دڵناسک بوو و زۆر بەخۆیەوە دەنازی.

یواکیم ماکامبیرا، تەتەرانی بۆ نک ئەبوت جواو ناردبوو تا لێی بپرسن، سەبارەت بەو ڕەوشەی کە لە ئارادا بوو، چ بکات، لە هەمان شوێنا، لە ئاس ئومبوراناس، بەردەوام بێ لە سەر پاسەوانی یان بۆ کانودوس پاشەکشە بکات. هیشتا هیچ وەلامێکی بۆ نەهاتبووەوە. جواوە زلە چ دەڵێ؟ جواو بە کەسەرەوە سەر بادەدات: نازانێ چ بکەن. لە لایەکەوە ئەوەی زەرووری دێتە بەرچاو، ئەوەیە بەپەلە بۆ بیلومونتە بزڤڕنەوە تا ئەگەر لە باکوورەوە هێرش کرا، بەرگری لە مورشید بکەن. لە لایەکی دیکەوە مەگەر ئەبوت جواو نەی گوتبوو کە بەرگری کردن لە سەنگەرەکانی دواوە زۆر پێویستە؟

ماکامبیرا، دەنەڕێنێ: "بەرگری! بەچی بەرگری بکەین؟ بەدەستی بەتاڵ؟ "

جواوە زلە دەڵێت: "بەڵێ، ئەگەر وا بڕوات، ناچارین."

بڕیار دەدەن تا جوابێک لە داروغاوە دێت هەر لە ئاس ئومبوراتاس بمێننەوە. هەر دووکیان بە یەکدەنگ و لە یەک کاتدا دەڵێن: "سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک مورشید" و هەنگێ خاترخوازی(خواحافیزی) لێکدی دەکەن. جواوە زلە کە ئەمجارە بە تەنیا لە مرداوەکە دەپەڕێتەوە گوێی لەو فیتفیتۆکەیە دەبێت کە لە جووکە جووکی تووتیان دەچێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ شەرڤانەکان کە ڕێگەی پەڕینەوەی بۆ دابین بکەن. لە کاتێکا بە شڵپە شڵپ بەناو مرداو و زەلکاوەکەدا دەڕوات و مێشوولە بە سەرو چاو وباسکەکانیەوە دەدات، هەوڵدەدات بە خەیاڵ (ئاماتادیرا) کە بێنێتە بەرچاوی خۆی، ئەو ئامێرە جەنگیەی کە ماکامبیرای پیری بەو ڕادەیە نیگەران کردبوو.

هەڵبەتە دەبێ زۆر زەلام، کوشندە، ئەژدیهایەکی ئاسنینی ترسناک بێ، کە شێرە پیاوێکی وەکو ماکامبیرای پیری بەو ڕادەیە نیگەران کردبوو. ئەم شەڕەنگێزە، ئەم ئەژدیهایە، ئەم سەگە ( شەڕەنگێز، ئەژدیها، سەگ: هەر هەمووی کینایەیە بۆ شەیتان ) لە ڕاستیا زۆر بەهێزە، سەرچاوەکانی لە بن نایەن، دەنا نەیدەتوانی هەموو ڕۆژێ خەڵکی زیاتر و بە چەکی باشترەوە بنێرێتە مەیدانی ئەو شەڕەوە کە دژی کانودوس دەکرێ. باشە خوا تا کەی باوەڕ و ئیمانی خەڵکی بیلومونتە تاقی دەکاتەوە؟ مەگەر بەشی خۆیان عەزابیان نەکێشاوە؟ ئەو هەموو برسیەتی و مردن وکول وکۆڤانەی کە چەشتوویانە بەس نییە؟ نەخێر، هێشتا ماویەتی. مورشید ئەوەی پێگوتوون: سزاکانمان، بە ئەندازەی گوناحەکانمان دەبێت. جا بەو پێیەی باری گوناحەکانی جواوە زلە، لە هی خەڵکی دی قورسترە، بێگومان دەبێ سزای زیاتر بدات. بەڵام ئەمەش مایەی دڵخۆشیە کە مرۆڤ لە پێناوی هەقا، لە بەرەی جورجی قەدیس دا بجەنگێ، نەک لە بەرەی لەشکری ئەژدیهادا.

وەختایەک دەگاتەوە سەنگەرەکانی خۆی، ئیدی ڕۆژ بووەتەوە، پاسەوانەکان، لە ڕەوەزو زنارەکاندا خەریکی ئێشک گرتنی خۆیانن، بەڵام باقی شەرڤانەکان هەموو لە ئەرزە لێژەکەدا ڕاکشاون وهێشتا لە خەودان. جواوە زلە خۆی گرمۆڵە دەکات و خەو دایدەگرێ، لە ناکاوا لە دەنگی سمی ئەسپان، ڕادەپەڕێ و هەڵدەستێتە سەر پێیان. هەشت نۆ سوارێک بە ناو تەپ و تۆزا بە تاو دێن. تۆ بڵێی پێشقەرۆڵانی لەشکر بن و بۆ پاراستنی قافڵەی تەقەمەنیەکان هاتبن؟ لەبەر ڕۆشنایيە هێشتا کزەکەی بەیانیدا لە هەر چوار نکاڵی شاخەکەوە بارانی تیرو بەرد و ڕم بەسەر دەورێیەکەدا دەبارێت، دەنگی تەقە لەو مرداو و قۆپیەوە بەرزدەبێتەوە کە ماکامبیرا، خۆی تیا لە بۆسە داوە. سوارەکان سەری ئەسپەکانیان وەردەگێڕن وبە چوارناڵەوە بەرەو ئافافیلا دەڕۆن. بەڵێ نها دڵنیا بوو کە ئەو هێزەی بە تەمایە بێتە پشتیوانی قافڵەکە، لە ئان و ساتایە بگاتە جێ. هێزەکەش ئەوەندە زۆر دەبێت، کە زۆر زەحمەتە لە لایەن شەرڤانانێکەوە کە تاقە چەکی دەستیان تیروکەوان ورم وسەرەنێزەیە، پێشیان لێبگیرێ، جواوە زلە لە قاپی خوا دەپاڕێتەوە کە هێندە دەستی ئەبوت جواو بدات، کە نەخشەکەی جێبەجێ بکات.

دوای سەعاتێک سەرو سەکوتیان پەیدا دەبێت. تا ئەو کاتە گاردی کاتولیکی فریا کەوتبوون، بە کەلاکی ئەسپەکان و جەندەکی سەربازەکان، بە تاوێرانی لووس و دار و درەختانەوە، کە لە قەدپاڵەکانەوە غلیان کردبووە، بەر تەنگەکە بگرن، ڕێگەکەیان هێندە مکوم گرتبوو، کە دەبوا دوو سریەی ئەندازە، بکەونە خۆ تا دووبارە ڕێگاکە بکەنەوە. ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە یواکیم و جەماعەتەکەی، بەر دەستڕێژی گوللەیان دەدەن، بایی ئەوە فیشەکیان پێ مابوو. چەند جارێک سەربازەکان ناچار بە پاشەکشە دەکەن، ئەمەش لە کاتێکا بوو کە مەفرەزەکانی ئەندازە خەریکی ئەوە بوون کە بە دینامیت ڕێگاکە بکەنەوە، ئیدی جواوە زلە ونزیکەی سەد شەرڤان بە چوار چنگۆڵە بۆیان دادەگەڕێن و کار دەگاتە شەڕی تەن بە تەن ودەستەویەخە. پێش ئەوەی سەربازانی زیاتر بگەنە جێ، جواوە زلە و یاوەرەکانی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان دەکوژن و بریندار دەکەن، دەست بەسەر تفەنگ و فیشەک و کۆڵەپشتیەکانیاندا کە پڕ بوون لە فیشەک، دەگرن و دەبن بە خاوەنی چەک و فیشەک. وەختایەک جواوە زلە لە شاوری پاشەکشە دەتورێنێ، ژمارەیەک شەرڤان لە عاردی کەوتوون کە هەندێکیان مردوون و هەندێکیان لە گیانەڵادان. وەختایەک کۆنە کۆیلەکەی جاران خۆی دەگەیەنێتەوە سەرووی هەڵدێرە هەزار بە هەزارەکە و خۆی دەداتە پەنا تاوێرەکان و لەو دەستڕێژانە دەخەلەسێ کە لە خوارەوە لێی دەکرێ، دەرفەتی ئەوە پەیدا دەکات کە چاوێ بە جەستەی خۆیا بگێرێ تا بزانێ بریندار بووە یان نا، سەیر دەکات ساغ و سەلامەتە، ڕاستە سەراپای لە خوێنا بوو، بەڵام ئەم خوێنە خوێنی خۆی نەبوو. بە چنگێ لم و زیخ خوێنەکە لە خۆی پاک دەکاتەوە. ئایا ئەمە مەشیەتی خوایی بووە کە بە درێژایی ئەم سێ ڕۆژە شەڕە، هیچ

شوێنێکی تەنانەت نەڕوشێت؟ لە سەر ئەرزەکە ڕادەکشێ، هانکە هانکی پێکەوتووە، بەچاوی خۆی سەربازەکان دەبینێ کە چوار چوار، بە بەر تەنگەکەدا، پاش ئەوەی پاک کرایەوە، تێدەپەڕن و ڕێک بەرەو ئەو سەنگەرو مەتەڕێزە دەڕۆن کە ئەبوت جواو بۆیان دانیشتبوو. دەیان، سەدان سەرباز بە تەنگەکەدا تێدەپەڕن، هیچ گومانێکی تیا نییە، بە ڕێگاوەن تا فریای قافڵەکەیان بکەون و پشتیوانی لێبکەن، وێرای ئەو هەموو کۆسپ و لەمپەڕانەی کە گاردی کاتولیک خستبوویە ڕێگەیان و وێڕای مقاوەمەتی ماکامبیراو یاوەرەکانی دژ بە سەربازەکان، سەربازەکان ئەو زەحمەتە بەخۆیان نادەن کە لە داوێنی کێوەکە هێوەتر بڕۆن، یان بەرەو مرداو و قۆپیەکە پێشڕەوی بکەن. تەنیا ئەم بەرو ئەوبەری شاخەکە، بەر دەستڕێژی گوللە دەدەن و دوای تۆزێک هەڵدەستن و دەکەونەوە ڕێ. جواوە زلە لەوەی پتر ماتەڵ نابێت. چونکە ناتوانێ لەوە زیاتر هیچ کۆمەکێکی دی بە داروغا بکات. کە دڵنیا بوو فەرمانی پاشەکشەکە بە هەمووان گەیشتووە، بە پەنای ئەم تاوێر و ئەو تاوێرا، لەم خەندەکەوە بۆ ئەو خەندەکە، لەم سەنگەرەوە بۆ ئەو سەنگەر دەڕوات و خۆی دەگەیەنێتە ترووپکی شاخەکە و لەوێوە بە هەڵدێرەکەی پشت شاخەکەدا دادەگەڕێ تا دڵنیا بێ کە ئەو ژنانەی هاتبوون بۆ ئەوەی خواردن بۆ شەڕڤانەکان لێبنەن ڕۆییون یان نا. ژنەکان لەوێندەر نەمابوون. ئەویش بلەز بەرەو بیلومونتە دەڕوات.

لە گەڕانەوەدا، لقێکی پێچاوپێچی ڕوباری (فازا – پاریس) دەگرێتەبەر، کە تەنیا لە کاتی لەهی ولافاوی گەورەدا تەژی ئاو دەبوو. لە کاتێکا جواو بە ناو بەستێن و بەستۆرەی ڕوبارەکە کە چۆرە ئاوێکی کەمی پێدا دەڕۆیی، کەوتبوو وڕیی دەکرد، هەستی دەکرد، هەواکە بەرەبەرە گەرم و گەرمتر دەبێ. بەرەو پشتی شەڕگەکە پێچ دەکاتەوە، دەیەوێ ژمارەی کوژراوەکان بزانێ، چاک دەزانێ وەختایەک مورشیدو چکۆلەی موبارەک وداکی پیاوان ببیستن کە جەستە وجەندەکی برایەکانیان لەو گۆڕە کەوتوون و لە بەر هەتاودا بۆگەن دەکەن زۆر خەمبار دەبن. کە ئەو گەنجانەی بیر دەکەوتەوە کە خۆی فێری تەقەکردنی کردبوون و نها لەو گۆڕە کەوتبوون و بێ هیچ نوێژ و نزایەک، دەبنە خۆراکی قەل و داڵ، دڵی دەهاتە ژان. بەڵام دەیتوانی چ بکات تا جەنازەکانیان ڕزگار بکات؟ بە درێژایی ڕێگای گەڕانەوە، دەنگی تەقەی دەژنەوت کە لە قوڵی ئافافیلاوە دێت. یەکێک لە شەڕڤانەکان دەڵێت: "سەیرە کە پاجو، مانیە کوادرادو و تارامیلا، لەو شەڕگەیەوە ڕووبەڕووی سەگەکان بوونەتەوەو ئەو هەموو تەقەیە دەکەن، ئەو هەموو فیشەکەیان لە کوێ بوو. جواوە زلە وەڵامی دەداتەوە کە کاتی خۆی فیشەکیان دابەشکرد، زۆربەی فیشەکەکان بەسەر ئەو شەڕڤانانەدا دابەشکرا کە لەو سەنگەرانە دامەزران کە دیوارێکی مەحکەمیان لەنێوان بیلومونتە و ئافافیلا دا پێک هێنابوو، تەنانەت ئاسنگەرەکانیش بە خۆ و چەکوش وسندان و مووشەدەمەکانیانەوە بۆ ئەوێندەر چووبوون، تا ئاسنەواڵە و قەوانان و قورقوشم بتوێننەوە و فیشەک بۆ شەڕڤانەکان دروستبکەن.

نها کە کانودوسیان دەبینی دووکەڵی لێبەرز دەبووەوە، دیاربوو دووکەڵی نارنجۆکە – نها هەتاو بەناوەندی ئاسمانەوە بوو، بورجەکانی پەرستگەکەو خانووە تەڕاوکراوەکانی (سواغی ماڵ بە گڵە سپی) بریقەیەکی وەهایان دەدایەوە کە چاوی دەخستە ڕێشکەو پێشکە – جواوە زلە لە ناکاوا پێشبینی خەبەرو هەواڵی خۆش دەکات. چەند جارێک چاو دەتروکێن. تەمەشا دەکات، حیساب دەکات، بەراورد دەکات. بەڵێ، خەریکە یەک نەفەس لە بورجەکانی پەرستگەی مەسیحی موبارەکەوە تەقە دەکەن، هەروەها لە کڵێسای سانتو ئانتونیوە، لە سەنگەرەکانی ناو گۆڕستانەکەوە، هەروەها لە کەند و لەندەکانی فازا پاریس و فازندا فلیاشەوە تەقە دەکەن. ئەم هەموو فیشەکە لە کوێوە هاتووە؟ دوای چەند خولەکێک کورژگەیەک پەیامێک لە لای ئەبوت جواوەوە دێنێت.

کۆیلەکەی جاران، بەدەنگی بەرز دەڵێت: "یانی ئەو گەییوەتەوە کانودوس!"

کوڕێژگەکە بەجۆش وخرۆشەوە دەڵێت: "بە سەد سەر حەیوان و چەندین بارە تفەنگ ودنیایەک سەندووقە فیشەک و نارنجۆک و بەرمیلە بارووتەوە، هەر هەمووی لە سەگەکان گرتووە، حاڵی حازر هەر هەموو ئەوانەی لە بیلومونتەن، خەریکی گۆشت خواردنن."

جواوە زلە، دەستە زەلامەکەی بە سەر مێردمنداڵەکەدا دێنێت و هێوری دەکاتەوە. ئەبوت جواو داوای لە گاردی کاتولیک کردووە کە بۆ (فازندافلیا) بڕوات و پشتیوانی لە پاجو بکات، هەروەها داوای کردووە کۆیلەکەی جاران بێت بۆ فرۆشگاکەی ڤیلانوڤا و، ئەو بدینێت. جواوە زلە شەڕڤان و یاوەرەکانی بە پشت ڕیزە کوختەکەی کەناری فازا – پاریس دا دەبات، ئێرە پەنایە، ئەو گوللە تۆپانە نایگرێتەوە کە لە ئافافیلاوە دێن. لەوێوە دەگەنە فازندافلیا، کە بە درێژایی یەک کیلومەتر، کەندو لەند وپێچ وپەنای خۆڕسکی توبوگرافیە، ئێرە هێڵی پێشەوەی بەرەڤانیە لە بیلومونتە وتەنیا چل پەنجا مەترێک لە سەربازەکانەوە دوورە. پاجو، لەوەتای گەڕابووەوە، بووە بە فەرماندەی ئەم بەرەیە.

جواوە زلە وەختایەک دەگاتە بیلومونتە، بە هۆی ئەو تەپ و تۆز وگەردە لوولەوە کە دنیای تاریک کردووە، هیچ شتێکی ئەوتۆ نابینێت. تۆپبارانەکە لە مەزەندەدا نییە، گیزو هوڕی گوللە تفەنگ پیاو کەڕدەکات، لە دەنگی ڕوخانی سەربانە قرمیدیەکان وداڕوخانی دیوارەکان وتەق وهوڕی جەمەلۆنان زیاتر هیچی دی ناژنەوێ. کوڕێژگەکە دەستی جواوە زلە دەگرێ، دەزانێ کوێ گوللە تۆپ نایگرێتەوە. لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژە شەڕو تۆپبارانەدا خەڵکەکە، فێری ئەوە بوون کە کوێ گوللە و تۆپباران نایگرێتەوەو کوێ ئەمین وسەلامەتە، بۆیە تەنیا بەهەندێ ڕێگا و پەناو پەسێری تایبەتدا هات وچۆ دەکەن. ئەو پەزو گاو گۆتاڵەی کە ئەبوت جواو هێنابووی، نها لە شەقامە تەنگەکەی دوئەسپریتوسانتودا، کە کرابوو بە مەیدانی حەیوان و قەسابخانە، دەکوژرانەوە، ڕیزێکی درێژ لە پیرەمێرو ژنان ومنداڵان ڕاوەستاون و چاوەڕوانی وەرگرتنی بەشی خۆیانن؛ بەڵام شەقامی کامپوگراندە زیاتر لە سەربازگە دەچێ، پڕە لە سەندووقە عیتاد وبەرمیلی گەورەو بچووکی پڕ لە بارووت و شەڕڤانەکان بە بەینیاندا دێن ودەچن. ئەو قاترانەی کە ئەم باروبنانەیان هێناوە، هەر هەموویان داغمەی یەکە سوپاییەکانیان پێوەیەو جێگەی قامچی بە لەشیانەوە دیارە. لە ناوجەرگەی ئەم هەراو زەنایەدا سمکۆڵان دەکەن و دەحیلێنن. جواوە زلە چاوی بە کەرێکی چکۆلەی تۆپیو دەکەوێ، کە سەگانی برسی، لە نێو ئاپۆڕای مێش ومەگەزانەوە، سەریان تێژەندووە. چاوی بە ئانتونیو وهونوریە ڤیلانوڤا دەکەوێ کە لە سەر تەختێکی دارین وەستاون وبە هاوار وجوڵەی دەست سەرپەرشتی دابەشکردنی سەندووقە فیشەکەکان دەکەن. شەڕڤانە گەنجەکان دوو دوو سەندووقەکان هەڵدەگرن و بە هەشتاو بە پەنای دیواری ئەو خانووانەی ڕوو لە باشوورن، دەڕۆن. هەندێکیان هێشتا هەر منداڵن. ڕێک لە تەمەنی ئەو کوڕێژگەیەدا کە لە گەڵ ئەودایە و نایەڵێ بڕوات بۆ دیتنی برایانی ڤیلانوڤا، بەڵکو توووند دەستی دەگرێ وبە پێچ ودەورە بەرەو ماڵی پێشکارەکەی جارانی کانودوسی دەبات، وپێی دەڵێت دارۆغە لەوێ چاوەڕوانی ئەو دەکات. بیرۆکەی سوود وەرگرتن لە منداڵانی کانودوس، بۆ کاری تەتەری بیرۆکەی پاجو بوو، کە نها بە ناوی (نەوجەوانان) ناودەبران. وەختایەک پاجو، ئەم پێشنیازەی لێرەدا، لە دووکانەکەی ماڵباتی ڤیلانوڤادا کردبوو، ئەبوت جواو گوتبووی ئەوە کارێکی پڕ مەترسییە، ئەوانە هێشتا لە ئاستی مەسئولیەتدا نین و متمانە بە عەقڵ و یادگەیان ناکرێت. کەچی پاجو پێداگری کردبوو، گوتبووی: کە بە ئەزموونی شەخسی خۆیدا دەزانێ کە منداڵ و مێردمنداڵان چاپوکتر، خۆڕاگرتر ودڵسۆزترن. کۆیلەکەی جاران

دەبیرەوە دەچیٚ: "هەق بە پاجو بووە." بەڵگەشی هەمان ئەو دەستە چکۆلەیەیە، کە دەستی ئەو بەرنادات. تا نەیگەیەنێتە لای ئەبوت جواو کە نها شانی داداوەتە سەر پێشخوانی فرۆشگایەکە و هێدی هێدی نان دەخوات و گویٚ لە پدراو دەگرێت. دوازدە شەڕڤان دەوریان داوە . هەرکە چاوی بە جواوە زلە دەکەویٚ، گازی دەکات و بە گەرمی دەست ومشتاقی لە گەڵ دەکات. جواوە زلە دەیەویٚ هەستی خۆی بۆ دەرببڕێت، سوپاسی بکات، پیرۆزبایی لێبکات کە ئەو هەموو چەک و ئازووقەیەی بە دەست هێناوە. بەڵام دیسان وەکو هەمیشە شتێک زمانی دەگریٚ، دەیترسێنیٚ و نایەڵی هەستی خۆی دەرببڕێت. تەنیا مورشید دەتوانیٚ ئەو کۆت وبەندە بشکێنیٚ کە لە منداڵییەوەو تا ئێستا زمانی لە کۆت و زنجیر داوەو نایەڵیٚ هەستی خۆی بۆ خەڵکی دەرببڕێت. سڵاو لە خەڵکی بکات، سەریان بۆ بلەقێنیٚ یان دەست بە پشتیاندا بدات. لە ناکاوا هەست بە ماندوویەتی دەکات، بە چیچکانەوە دادەنیشێت. ئاسانسیا وساردلینیا کاسەیەکی پڕ لە گۆشتی کوڵاو ومانیوک و شەربەیەک ئاوی دەداتە دەست. بۆ ماوەیەکی کورت شەڕ لە بیر دەکات، خۆی لە بیر دەچێتەوە، بە ئیشتیا و تامەزرۆییەکی سەیرەوە دەکەوێتە خواردن. کە لە نان خواردن دەبێتەوە، دەبینیٚ ئەبوت جواو وپدراو وئەوانی دی بە بێدەنگی بە دیارییەوە وەستاون و چاوەڕوانن تا ئەو لیٚ ببێتەوە، هەست بە شەرمەزاری دەکات. لەبن لێوانەوە عوزرخوایی دەکات.

وەختایەک دەکەوێتە گێڕانەوەی ئەوەی لە ئاس ئومبوراناس دا ڕووی دابوو ودەگاتە نیوەی گێڕانەوەکە، لە ناکاوا ڕمبەیەکی ترسناک و بەترەف لە ئەرزەکە بەرزی دەکاتەوەو هەموو ئازای بەدەنی دەهەژێنیٚ. بۆ چەند ساتێک هەمووان دەحەپەسێن و بێدەنگ دەبن، خۆیان دانەواندووەتەوە و دەستیان بە گوێیانەوە گرتووە. هەست دەکەن ساپیتەی فرۆشگایەکە، تاوێرەکان و کەل و پەل و کارتۆنەکانی سەر ڕەفەکان، هەر هەمووی دەلەرێتەوە و خەریکە لەگەڵ لەرینەوەی دوای تەقینەوەکەدا، پارچە پارچە دەبن.

یواکیم ماکامبیرا، بە جۆریٚ لە تەپ و تۆز و خۆڵا نقوم بووە کە بە ئەستەم دەناسرێتەوە، خۆی بە دووکانەکەدا دەکات و دەبۆڵێنیٚ: " گویٚ بگرن، ئەبوت جواو، نها بۆت بەدیار کەوت ئەم ئاماتادیرایە چ دێوێکە، چ بەڵایەکە؟"

ئەبوت جواو، لە جیاتی ئەوەی بەرسڤی ئەو بداتەوە، بە مێرد منداڵەی، کە جواوە زلەی بۆ ئەوێندەر هێنابوو – بای تەقینەوەکە هەڵیدابووە باوەشی پدراوەوەو نها بە ترس و لەرزەوە هەڵدەستایەوە – دەڵێت بڕوات تا بزانیٚ گولله تۆپەکە هیچ ئاسیوێکی بە پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک یان خەڵوەتخانەکە گەیاندووە یان نا. هەنگیٚ ئاماژە بۆ ماکامبیرا دەکات کە دانیشێت و شتێک بخوات. بەڵام پیرەمێرد تەواو پەشۆکاوە لە کاتێکا بە نەبەدڵی ئەو پارچە گۆشتەی دەخوارد کە ئانتونیا ساردلینیا بۆی هێنابوو، بە ترس ونەفرەتەوە لە سەر باسی ئاماتادیرا دەڕوات. جواوە زلە گوێی لێیەتی کە لەبن لێوانەوە دەڵێت: "ئەگەر شتێک نەکەین هەر هەموومان لێرەدا لە چاڵ دەنیٚ."

جواوە زلە، لە ناکاوا، بەدەم خەون و خەیاڵێکی ئارام و خۆشەوە ڕەوە ئەسپێکی قاوەیی چالاک و چەلەنگ دەبینیٚ کە بە کەناراوێکی لمەڵاندا غاردەدەن و خۆ بە دەریایەکی کەفاویدا دەکەن. بۆن و بەرامەی مەزرایانی نەیشەکەر وبۆنی شیلەی شەکرو قامیشی وردکراو دنیای پڕکردووە. بەڵام شادمانی دیتنی ئەم ئەسپانە، بە زینە جوانەکانیانەوە، کە بەدەم حیلاندنەوە خۆ بە شەپۆلێن ساردی دەریاکە دەسپێرن، زۆر ناخایەنیٚ، لە ناکاوا لە بنی دەریاکەوە، دەم و قەپۆزی ئەو دێوە بیٚ ڕەزا و ئامێرە جەنگیە کوشندەیە بەرزدەبێتەوە. ڕێک وەکو ئەو ئەژدیهایەی (ئوکسوسی) بە شمشێرێکی بریقەدار لە سرووتی (موکامبو)ی ئەفسووناویدا دەیکوژیٚ، ئاگر بە هەر

چوار دەوری خۆیا دەبارێنێ. لە ناکاوا یەکێک دەڵێت: "سەرکەوتن بۆ شەیتانە." بە ترس و لەرزەوە لە خەو ڕادەپەڕێ.

بە چاوانی خەواڵووەوە، لەبەر ڕۆشنایی چرایەکی چکۆلەی پرتە پرت کەردا، سێ کەس دەبینێ کە خەریکی نانخواردنن: ژنێک، کورتەڵە، نابینایەک کە دەگەڵ بابا یواکیم دا بۆ بیلومونتە هاتبوو. شەو داهاتووە، کەس لە فرۆشگاکەدا نییە. ئەو چەند سەعاتێک خەوتبوو. هەست بە پەشیمانیەکی ئەوتۆ دەکات کە خەوی دەزڕێ و بە تەواوەتی بێدار دەبێتەوە. هەڵدەستێتە سر پێیان وهاوار دەکات: "چی بووە؟" پارویەک لە دەستی کابرای نابینا دەکەوێتە سەر ئەرزەکەو دەیبینێ کە بە کوێرە کوێر دەستی بۆ دەگێڕێ.

گوێی لە دەنگی ئەبوت جواو دەبێ کە دەڵێت: " پێم گوتبوون کە لێگەڕێن باش بخەوێ." تارماییەکەی ئەو دەبینێ کە لە تاریکیەکەوە دێتەدەرێ. جواوە زلە لە بن لێوانەوە دەڵێت: " سوپاس، سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک، مورشید." و دەیەوێ تەوازی بێنێتەوە، بەڵام داروغە قسەکەی پێدەبڕێت: "تۆ پێویستت بە خەو بوو جواوە زلە – ئاخر کەس بە بێ خەو ناژی."

پاشان لە قەراخی بەرمیلێکی نزیکی چرا نەوتیەکە دادەنیشێت و جواوە زلە دەیبینێ کە زۆر ماندووە، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەماوەو ڕەنگی مردووی لێنیشتووە، چاوەکانی بە قوڵا چوون، چرچ ولۆچی قووڵ نیشتووەتە سەر تەوێڵی ( ناوچەوان، هەنیە). دەبیرەوە دەچێ، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "کە من خەونم بە ئەسپانەوە دەبینی، تۆ خەریکی شەڕ بوویت، ئەملا و ئەولات دەکرد، بەم و بەو ڕادەگەیشتی." هێندە شەرمەزاری خۆیەتی و هەست بە عەزاب دەکات، هەست بەوە ناکا کە کورتەڵە بە خۆ و سەتڵێ ئاوەوە بۆ لای ئەوان دێت. ئەبوت جواو دوای ئەوەی ئاو دەخواتەوە، سەتڵەکە بۆ لای ئەو ڕەت دەکات.

مورشید ساغ وسەلامەت لە خەڵوەتخانەکەدایە وکافرەکان یەک بست لە ئافافیلا نەجوڵاون. تەنیا ناوبەناو دەنگی دەستڕێژی تەقە دێ. نیگەرانیەکی ئاشکرا دەنیشێتە سەر ڕوخساری ماندووی ئەبوت جواو "جواو، چ بووە؟ هیچ کارێک هەیە من بیکەم؟" داروغە نیگایەکی پڕ میهری دەکات. هەرچەندە ئەم دووانە زۆر بە کەمی قسان دەگەڵ یەکدیدا دەکەن، جواوە زلە لەو ڕۆژانەوە کە بە دوو قۆڵی دەگەڵ مورشیدا بەم لاو بەولادا دەڕۆیشتن، دەیزانی ئەم کۆنە چەتەو ڕێگرە، ڕێزی دەگرێت: زۆرجار بە کردەوە ئەم ڕێزو حورمەتەی، بەرانبەری نواندبوو.

داروغە پێی دەڵێت: "یواکیم ماکامبیراو کوڕەکانی دەڕۆن بۆ سەر شاخی ئافافیلا، تا ( ئاماتادیرا ) بێدەنگ بکەن." ئەو سێ نەفەرەی کە خەریک بوون نانیان دەخوارد، دەست لە خواردن هەڵدەگرن و کابرا کوێرە موشە ( چاو پڕووش ) مل قوت دەکاتەوە، عەینەکە تاک چاوییەکەی، کە لە ڕاستیا چەند پارچە چووشەیەکی پێکەوە چەسپێنراو بوو، دەکاتە چاوی ڕاستی. " خۆ ئەمانە تا دەگەنە ئەو سەرە بە هیلاک دەچن. بەڵام ئەگەر لە عۆیەی ئەم کارە بێن، دەتوانن تۆپەکە لە کار بخەن. هەر ئەوەندەیان زەحمەتە ئامێری نیشانەگیرییەکەی بشکێنن."

جواوە زلە دەڵێت: " با منیش لە گەڵیاندا بچم، لوولەی تۆپەکە پڕدەکەم لە بارووت و ڕێک دەیتەقێنمەوە."

ئەبوت جواو دەڵێت: "تۆ دەتوانی لە سەرکەوتنا یارمەتی ماکامبیرا بدەیت، بەڵام نابێ تا سەری سەرەوە لە گەڵیاندا بڕۆیت. تەنیا یارمەتیمان بدە تا دەگەنە سەرەوە. ئەمە نەخشەی خۆیانە، بڕیار بڕیاری ئەوانە. هەستە با بڕۆین."

له دووکانەکە وەدەردەکەون، کورتەڵە، دەچێتە پێشیان و بە ڕاوێژێکی شیرین وەمەرایی ئامێزەوە بە ئەبوت جواو دەڵێت: "هەر کاتێ مەیلت لێبێ چیرۆک و حەکایەتی ترسناک و پڕ عیبرەتی ڕوبەرتی شەیتان سیفەتت بۆ دەگێڕمەوە." کۆنە چەتە و ڕێگرەکەی جاران، بێئەوەی هیچ وەڵامێکی بداتەوە، دەیخاتە لاوە.

دەرەوە تاریکستانێکی بە مژو دوومانە. تاقە ئەستێرەیەک بە ئاسمانەوە نییە. تەقەی تفەنگ و ڕمبەی تۆپ لە هیچ شوێنێکەوە نایەت. تاقە نەفەرێک بە شەقامی کامپوگراندەوە نابینرێ. تروسکەی ڕوناکی لە هیچ ماڵێکەوە بەدی ناکرێ. حەیوان ومالآتە تالآنیەکان، شەوێ، بە تاریکی، بۆ ئاغەڵەکانی پشت موکامبو برابوون. لە جادە تەنگەکەی (ئەسپیریتو سانتو) وە بۆنی گۆشت و خوێنی وشکەوە بوو دەهات. جواوە زلە کە گوێ لە نەخشەکەی ماڵباتی ماکامبیرا دەگرێت، هەست بەو هەموو مێش ومەگەزە دەکات، کە لە پاشماوەی جەندەکی ئەو حەیوانە سەربڕاوانە، وڕوکاون، سەگانی برسی سەریان تێژەندوون و بە دەوریاندا دەسوڕێنەوە. بە شەقامی کامپوگراندە دا هەوراز دەبنەوە، بەرەو مەیدانە کراوەکەی نێوان کڵێساکان، کە هەرچوار دەوریان بە بەرد و خشت وتاوێر و سەندووقی دارینی گەورەی پڕ لە خۆڵ و عەرەبانەی وەرگەڕاو و بەرمیل و دەرگا و لەوح گیراوەو لە پشت ئەم سەنگەرانەوە، دەستە دەستە شەرڤانی حازرو ئامادە خۆیان لە بۆسە ناوە. هەندێکیان لە سەر ئەرزەکە ڕاکشاون وئیسراحەت دەکەن، هەندێکی دیکەیان لە دەوری ئاگردانانی بچووک خڕبوونەتەوە، خەریکی دەمەتەقێن، هەندێکی دی لە گۆشەی شەقامێکا خڕبوونەتەوەو بەدەم نەوای گیتارەوە گۆرانی دەڵێن. جواوە زلە، بەدەم عەزابی دەروونەوە، لە فکران ڕادەچێ: "بۆچی مرۆڤ ناتوانێ بە بێ خەو، شەو ڕۆژ بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر مەسەلەی ڕزگارکردنی ڕوحیشیان لە ئارادا بێ یان ئاگری هەمیشەیی دۆزەخ بۆیان لە کارا بێ؟"

لەبەر دەرگای خەڵوەتخانەکەدا (جێگەی چلە کێشی) کە لە پشت دیواری گونیە لم وسەندوقێن پڕ لە خۆڵەوە ون بووە، بەدەم چاوەڕوانکرنی ماڵباتی ماکامبیراوە، دەگەڵ پیاوانی گاردی کاتولیکدا قسە دەکەن. پیرەمێر بە خۆی وهەر یازدە کوڕەکەی و هاو سەنگەرەکانیانەوە، لەلای مورشیدن. جواوە زلە لە دڵی خۆدا خۆزی دەخوازێ بزانێ کە پیرەمێرد لە یازدە کوڕەکەی کێهەیان لە گەڵ خۆیدا دەبات، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لەوێندەر بوایە و گوێی لێ بوایە کە مورشید دەربارەی ئەم فیداکاریە لە ڕای بیلومونتە، چی بەم ماڵباتە دەڵێت. وەختایەک لەوێ دێنە دەرەوە چاوانی پیرەمێرد کسکە کسک دەبریسکێتەوە. چکۆلەی موبارەک و دایکە ماریا کوادرادو، تا دیواری سەنگەرەکان بە گەڵیان دەکەون و پیرۆزباییان لێدەکەن. کوڕەکان دەست لە ملی هاوسەرەکانیان، کە لە هوڕژنی گریان دەدەن، دەدەن. بەڵام ماکامبیرا، ئاگاداریان دەکاتەوە کە وەختی ڕۆیشتنیان هاتووە و، بەو ئاوایە کۆتایی بەو دیمەنە دێنێت. ژنەکان دەگەڵ چکۆلەی موبارەکدا دەچن بۆ پەرستگەکە تا نوێژو نزا بکەن.

بەرەو سەنگەرەکانی فازندافیلا دەکەونەڕێ. ئەو چەک و عیتادانە هەڵدەگرنەوە کە ئەبوت جواو داوای کردبوو: لوولەێن ئاسنین، مەنجەنیقان، تەور زین، چەکوش. پیرەمێردو کوڕەکانی بێهیچ چەند و چوونێک ئەو ئامێرانە هەڵدەگرن و لە هەمان کاتدا ئەبوت جواو بۆیان ڕوون دەکاتەوە، وەختایەک ئەوان بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێن بەرەولای ( ئاماتادیرا )کە دەڕۆن، گاردی کاتولیک، لە ڕێگەی هێرشێکی درۆینەوە، دژمن مژوول دەکەن. ئەوسا دەڵێت: "با بزانین نەوجەوانەکان شوێنی تۆپەکەیان دۆزیوەتەوە یان نا."

بەڵێ، شوێنی تۆپەکەیان دەستنیشان کردووە. پاجو کە لە فازندافلیا جواو وشەرڤانەکانی دەبینێ، پێیان دەڵێ ( ئاماتادیرا) کە لە سەر بەرزاییەکە، ڕێک لە پشت (مونتە ماریو) یە، شانبەشانی باقی تۆپەکانی ڕەتڵی یەکەمە. تۆپەکان بە ڕیزی یەکەوە، لە بەینی گونیە لم و بەردەکاندا دانراون. دووان لە نەوجەوانەکان، بە سینگە خشکێ

خۆیان گەیاندووەتە ئەوێندەرو دوای ئەوەی مەیدانی حەرامیان بڕیوە، توانیویانە سێ پۆستی (پۆست: بنکەی پاسەوانی) لە قەدپاڵە ڕژدەکانی ئافافیلا، شناسایی بکەن.

جواوە زلە، ئەبوت جواو، خێڵی ماکامبیرا دەگەڵ پاجودا بە جێدێڵێت و بە خۆی بەناو ئەو خەندەکە دوور و درێژە دەکەوێ کە لەم ڕێگایەوە تا فازا – پاریس هەڵکەندراوە، شەڕڤانەکان لە ناو ئەم تونێل وخەندەکانەوە، تووندترین جەزرەبەیان لەو سەربازانەی دژمن دابوو، هەرکە گەیی بوونە بەرزاییەکان و لەوێندەرەوە چاویان بە کانودوس کەوتبوو، ئیدی بە هەشتاو، بە قەدپاڵەکاندا، بەرەو شارەکەی خۆاریانەوە (کانودوس) داگەڕابوون.

ئیدی دەستڕێژی گوللە لە جێی خۆیان چەقاندبوویانی، ناچار بووبوون، پاشەکشە بکەن، شپرزەو سەر لێشێواو، پۆل پۆل، بە پاڵەپەستۆ بگەڕێنەوەو خۆ بەیەکدا بدەن، بکەون و پێ بەیەکدیدا بنەن، ئیدی نە دەیانتوانی پاشەکشە بکەن نە دەیانتوانی لەمبەرو لەوبەری شاخەکەوە هەڵبێن، تاقە چارەیان هەر ئەوە بوو خۆ بە عاردیدا بدەن و ئەوەندەی بتوانن خۆ پەنا بدەن وبەرەڤانی لە خۆ بکەن. جواوە زلە، بەناو شەڕڤانە نووستووەکاندا تێدەپەڕێ. زۆرجار، پاسەوانێک لە سەنگەرەکانەوە دەردەپەڕی تا قسەی دەگەڵدا بکات. چل شەڕڤانی گاردی کاتولیک بێدار دەکاتەوەو بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە بە تەمان چ بکەن و نەخشەیان چییە. کە دەبیستێ گاردی کاتولیک، لە نێو ئەم سەنگەرانە هیچ زیانێکی گیانیان نەبووە، سەری ناسوڕمێ، چونکە ئەبوت جواو شوێنێکی باشی بۆ هەڵبژاردبوون و پێشبینی ئەوەی کردبوو کە توپوگرافیای ئەم شوێنە، سەبارەت بە شەڕڤانەکان، لە هەموو شوێنێکی دیکە ئەمینترە.

وەختایەک بە هەر چل نەفەرەکەی گاردی کاتولیکەوە بۆ فازندا فلیا دەزڤڕیتەوە، دەبینێ ئەبوت جواو و ماکامبیرا لە چەند وچوون وگەنگەشەیەکی زۆر گەرم و گوڕدان. ئەبوت جواو (داروغە) سوورە لە سەر ئەوەی ماکامبیراو کوڕەکانی جلکی سەربازی لەبەربکەن و باوەڕی وایە کە بەو جۆرە دەرفەتی باشتریان بۆ دەڕەخسێت کە بگەنە تۆپە زەبەلاحەکە، بەڵام یواکیم ماکامبیرا بەوە ڕازی نابێت، بەدەم خوتە و بۆڵەوە دەڵێت: " نامەوێ بەوکارە دۆزەخ بۆ خۆ حەڵاڵ بکەم."

-" دۆزەخی چی! تۆ بەو کارە ژیانی خۆت و کوڕەکانت دەکڕیتەوەو بەسەلامەتی دەگەڕێنەوە."

پیرەمێرد دەبۆڵێنێ: "سەلامەتی و ژیان ومانی من وکوڕەکانم پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە."

ئەبوت جواو، ئاخری کۆڵ دەدات ودەڵێت: "بە دڵی خۆت بکە، خوا پشت و پەنات بێ."

پیرەمێر خاترخوازی دەکات: "سوپاس و ستایش بۆ مەسیحی موبارەک، مورشید."

وەختایەک دەگەنە زەوی حەرام، مانگ هەڵدێت، جواوە زلە لەبەر خۆیەوە جنێوێک دەدات وگوێی لێیە یاوەرەکانیشی لەبەر خۆوەو لە بن لێوانەوە دووبارەی دەکەنەوە، مانگێکی زەردی گەورە، تریفە زەرد باوەکەی، تاریکی شەوەکە دەتارێنێ، ئەم پانتاییە کاکی بە کاکی و ڕووتەنەی کە کەوتووەتە بەرتاریکی قیرئاسای شاخەکانی ئافافیلا، ڕوناک دەکاتەوە. پاجو تا بناری شاخەکە لە گەڵیاندا دەڕوات. جواوە زلە هێشتا لە بیری ئەمەدایە: چۆن توانیویەتی بخەوێ، لە کاتێکا هەموو ئەوانی دی بەخەبەر بوون؟ ژێراوژێر تەمەشایەکی پاجو دەکات. چەند ڕۆژە خەو نەچووەتە چاوانی – سێ یان چوار؟ ئەم پیاوە سەگەکانی لە مونتە سانتو وەدەرناوە، لە ئانجیکو و ئاس ئومبوراناس شەبەیخونی کردووەتە سەریان، بۆ کانودوس گەڕاوەتەوە، تا دوژمن لەوێندەریش بتارێنێ، دوو دانە ڕۆژە ئیش وکاری بووە بەمە. هێشتاش هەر چالاک وسەرحاڵە، ئارام وهێدی ئەو و

شەڕڤانەکانی ڕێنوێنی دەکات، ئەمە جگە لەو دوو نەوجەوانەی، کە قەرارە هەرکە ئەو گەڕایەوە، ئەمان بەرەو شاخەکە ڕێنوێنی بکەن. جواوە زلە لە فکران ڕادەچێ: " ئەگەر ئەو لە جێگای من بوایە هەرگیز خەوی لێنەدەکەوت. شەیتان خەوی لێ خستم." لە ناکاوا ڕادەچڵەکێ، وێڕای ئەو هەموو ساڵەی بووریوە و وێڕای ئەو دڵنیایی و ئاسوودەییەی کە مورشید پێی بەخشیوە، ناوبەناو ئەم خەیاڵە عەزابی دەدات کە گوایە ئەو شەیتانەی، کە ساڵانێ لەوە پێش، عەسری ئەو ڕۆژەی کە (ئادلینیا دی گوموسیو)ی کوشت، چووبووە بەدەنیەوە، هێشتا لە گۆشە تاریک و ڕەشەکانی ڕوحیا دەسوڕێتەوەو چاوەڕوانی دەرفەتێکە تا دووبارە گرفتاری نەفرەتی بکات.

لە ناکاوا ڕووکارە ڕژدو نیمچە ئەستوونیەکەی شاخە سەختەکە لە بەردەمیاندا دەردەکەوێ. جواو لە بیری ئەمەدایە کە ئاخۆ ماکامبیرای پیر دەتوانێ بەم هەورازە ڕکەدا سەربکەوێ. پاجو ئاماژە بۆ ڕیزێک چەکداری کوژراو دەکات کە بە ڕوونی لە بەر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا دیارن. ژمارەیان زۆرە، ئەمانە پێشقەرەوڵانی قۆشەنەکە بوون، دوای ئەوەی کەوتبوونە کەمینی شەڕڤانەکانەوە هەموویان کوژرابوون و جەندەکەکانیان لەوێ، لەو بەرزاییە کەوتبوو. جواوە زلە، دەتوانێ تەرقەی سەر حەمایلەکانیان و نیشانەی زێڕینی کڵاوەکانیان کە لە بەر ئەم نیمچە ڕوناکیەدا، دەدرەوشانەوە بدینێ. پاجۆ، بە تەکانی سەر، تەکانێک هەستی پێدەکرێ و ناکرێ، خاترخوازی لە جەماعەت دەکات، دوو نەوجەوانەکە بە چوار چنگۆڵە دەست بە سەرکەوتن دەکەن و بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕن. جواوە زلەو یواکیم ماکامبیرا، لە دوای ئەوانەوە بە چنگەکرێ سەر دەکەون، دوای ئەوان گاردی کاتولیک سەر دەکەون. هێندە بە پارێزەوە سەردەکەون کە تەنانەت جواو گوێی لە دەنگیان نابێت. تەنانەت ئەگەر دەنگێکی زۆر کەمیانیش لێوە بێت زیاتر لە خشەخشی گل بوونەوەی زیخ وچەو بە قەدپاڵەکەداو بەدەم باوە دەچێت. لە خوارەوە، دەنگی ژاوە ژاوێکی بەردەوام لە بیلومونتەوە بەرزدەبێتەوە. تۆ بڵێی لە مەیدانی کڵێساکەدا خەریکی خوێندنی وێرد وسەڵاوات بن؟ یان دەنگی ئەو سروودانە بێ، کە کانودوس هەموو شەوێ بە بۆنەی ناشتنی مردووانی ڕۆژەوە، دەیخوێنن؟

نها لەو بەرزاییەوە، کۆمەڵێک تارمایی خەڵک وڕوناکی چرایان دەبینێ، دەنگی بەشەری دەژنەوێ، هەموو ئازای گرژ دەبێ، ئامادەیە بۆ هەر بویەرێک کە بێتە پێشێ.

نەوجەوانەکان، ئاماژەیان بۆ دەکەن کە بوەستن. گەییوونەتە نزیک بنکەیەکی پاسەوانی. چوار سەرباز لەوێ وەستاون، لە پشت ئەوانەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئاگری سەربازگەکەدا، تارمایی ژمارەیەک سەرباز دیارە. ماکامبیرای پیر بە سینگە خشکێ خۆی دەگەیەنێتە نزیکی جواوە زلە، جواو گوێی لە هانکە هانک وقسە پچڕپچڕەکانی ئەو دەبێ: "هەرکاتێ گوێتان لە دەنگی شاور بوو، تەقە بکەن." جواو سەر دەلەقێنێ: "مەسیحی موبارەک یار ویاوەرتان بێ یواکیم."

هەر دوازدە نەفەرەکەی ماڵباتی یواکیم، بە خۆ وتەورزین و نوێڵ و تەورەکانیانەوە ، بە ڕابەری نەوجەوانەکەی دەلیلیانەوە، لە تاریکیەکەدا ون دەبن. بەڵام نەوجەوانی دووەم لە گەڵ جواوە زلە و شەڕڤانەکانیا دەمێنێتەوە.

جواوە زلە، بە نیگەرانییەوە لەوێ دەوەستێ، چاوەڕوانی دەنگی فیت فیتۆکەکەی ماکامبیرایە کە نیشانەی ئەوەیە گەییوونەتە ( ئاماتادیرا) کە. ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕێ، ئەوەندە زۆر کە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە هەرگیز دەنگی ئەو فیتفیتۆکەیەی نایەتە گوێ. لە ناکاوا ناڵەی دوورو درێژی فیتفیتۆکەیەک بەرزدەبێتەوە کە هەموو دەنگەکانی دی دەکاتە ژێرەوە. جواوە زلە و یاوەرەکانی، پاسەوانەکان بەر دەستڕێژی گوللە دەدەن. ئیدی دەنگی دەستڕێژی گوللە لە هەموو لایەکەوە بەرزدەبێتەوە. ئیدی دەبێ بە هەراو هەنگامەیە، سەگ ساحیبی خۆی ناناسێت،

سەربازەکان ئاگری سەربازگەکە دەکوژێننەوە. لە بەرزاییەکەوە دەکەونە تەقەکردن. بەڵام هێشتا جێگاکەی ئەمانیان کەشف نەکردووە، ئاراستەی فیشەکەکان لەمان نییە.

جواوە زلە، فەرمانی پێشڕەوی بە زەلامەکانی دەدات. دوای ماوەیەک بەدەم تەقەکردنەوە هێرش دەبەن، لوولە دینامیتەکان هەڵدەدەنە ناو سەربازگەکەوە. وەختایەک جواو هەموو فیشەکەکانی دەتەقێنێ، دادەنەوێتەوەو گوێ هەڵدەخات، گوێی لە دەنگی پێی هەڵاتوان و دەنگ و فەرمانی شپرزەو شێواو دەبێ. وادیارە لەو سەرەوەو بە سەمتی (مونتە ماریو) دا تەقە دەکرێ.

ئایا خێڵی ماکامبیرا، لە گەڵ تۆپچیەکاندا تێک گیراون؟ بە هەرحاڵ سەرکەوتن بۆ سەرێ فایدەی نییە، ئەمە جگە لەوەی کە شەڕڤانەکانی فیشەکیان پێ نەماوە. بە فیقەنەکەی فەرمانی پاشەکشە دەدات.

لە نیوەی ڕێگای گەڕانەوەدا، تارماییەکی بەلە باریکە بە ڕاکە ڕاک خۆی پێیان دەگەیەنێ، جواوە زلە، دەست بە قژە درێژ و ئاڵۆزکاوەکەی نەوجەوانەکەدا دێنێ. لە نەوجەوانەکە دەپرسێ: " ها، گەیاندنتە ئاماتادیرا؟ "

نەوجەوانەکە بەرسڤ دەداتەوە: "بەڵێ، گەیاندمن."

لە پشتیانەوە تەقە دەست پێدەکات، پێدەچێ شەڕ لە هەر چوار نکاڵی ئافافیلاوە دەستی پێکردبێ. نەوجەوانەکە (کوڕێژگە) هیچی دی ناڵێت. جواوە زلە بیر لەو عادەتە سەیرەی سارانشینەکان دەکاتەوە کە بێدەنگی بەسەر قسەکردنا پەسند دەدەن.

ئەنجام دەپرسێت: " ئەدی خێڵی ماکامبیرا چیان بەسەر هات؟

نەوجەوانەکە بە ئارامی دەڵێ: " کوژران. "

-هەر هەموویان؟

- پێموایە هەر هەموویان کوژران.

تازە گەیی بوونە نیوەی ئەو ڕێگایەی کە بۆ سەنگەرەکان دەهاتەوە.

***

کاتێک پیاوەکانی پدراو سەرگەرمی پاشەکشە بوون، کورتەڵە، کابرای نزیکبینی لە (کوکوروبو) دا بینی، کە لە کەلێنێکا خۆی گرمۆڵە کردبوو و دەگریا. دەستی گرت و بەنێو ئەو گەریلاو شەڕڤانانەدا بردی کە بە هەڵەداوان بۆ بیلومونتە دەگەڕانەوە، ئەو شەڕڤانانە لەو باوەڕەدا بوون کە ڕەتڵی دووەم، هەرکە مەتەرێزو لەمپەرەکانی ترابوبو ببەزێنن، ئیدی بێ چەند وچوون پەلاماری شار دەدەن. بەیانی ڕۆژی دوایی، وەختایەک بە پشت مەتەرێزەکانی بەرانبەر ئاغەڵی پەزەکاندا دەڕۆیشتن، چاویان بە جورما کەوت کە لە ناو ئاپۆڕایەکی قەوغای خەڵکیدا بوو: کە لە بەینی خوشکانی ساردلینیادا ڕێی دەکرد و کەرێکی لێدەخوڕی کە چەند هەگبە و سەلەیەکی لێبار کرابوو. هەر سێکیان بە جۆش و خرۆشەوە باوەشیان بەیەکدا کرد، کورتەڵە هەستی بە ماچەکەی جورما لە سەر گۆنای خۆی کرد. ئەو شەوە، لە کاتێکا لە ناو کۆگاکە و لە پشت بەرمیل و سەندووقەکانەوە ڕاکشابوون، کورتەڵە پێی گوتن، ئەوەندەی لە بیری بێ و زەین وەهانای بێ، ئەوە یەکەمجار بوو لە ژیانیا، لە لایەن کەسێکەوە ماچ بکرێ.

چەند ڕۆژ بوو گرمە و ڕمبەی تۆپان خۆشی نەدەکردەوە، دەنگی دەستڕێژی تفەنگان نەدەبڕایەوە، نارنجۆکان دەتەقینەوەو، دنیای تاریک دەکردو بورجەکانی پەرستگەکەیان دەڕوشان؟ سێ ڕۆژ، چوار، پێنج؟ بەناو فرۆشگاکەدا دەهاتن و دەچوون، برایانی فیلانوڤا و خەڵکی دیکەیان دەبینی کە بە شەو وبە ڕۆژ دەهاتن، دەچوون، گوێیان لێیان دەبوو کە پێکەوە قسانیان دەکرد، عازیان دەدا، نەیدەزانی لە دەرەوە چ باسە. دوا نیوەڕۆیەک لە کاتێکا کورتەڵە خەریک بوو کیسەی بچووک و شاختێزی (باروت دان) بۆ شمخاڵ (تفەنگی شینکی) وتاپڕان، پڕ لە باروت دەکرد، گوێی لە شەڕڤانێک بوو، بەدەم ئاماژەوە بۆ دینامیتەکان دەڵێت: " ئانتونیو فیلانوفا، هیوادارم دیوارەکانت قایم بن. تەنیا یەک گوللە بەسە، هەموو ئەمانە بتەقێنێتەوە و هەموو ئەم دەوروبەرە بە ئاسمانا ببات." کورتەڵە ئەو قسەیەی بۆ هەر دوو هاوڕێکەی نەگێڕایەوە. بۆچی کابرای نزیکبین کە خۆی لە خۆیدا نەبوو، هێندەی دی بترسێنێ؟ بە هۆی ئەو بەسەرهات و ڕۆژە تاڵانەی لە گەڵ ئەو دووەدا بەسەری بردبوو، خۆشەویستی ومەحەبەتێکی ئەوتۆی سەبارەت بەو دووانە لە لا دروست کردبوو، کە ئەو میهرو سۆزەی بەرانبەر بە خێڵی سێرکەوانەکان، کە چەندین ساڵ، دۆستانە لە گەڵیان ژیا بوو، نەبوو.

لە کاتی تۆپبارانەکەدا دووجار بۆ پەیدا کردنی خواردن چوو بووە دەرەوە. وەکو هەر کەسێکی دی بە پەنا دیوارەکاندا ڕۆیی بوو، تەپ و تۆز بەرچاوی دەگرت و ڕمبەی تۆپان گوێی کەڕ دەکرد. ماڵ بە ماڵ سواڵی پارووە خۆراکێکی دەکرد. لە شەقامی (دامادرە ئیگریا) دا، بە چاوی خۆی مردنی منداڵێک دەبینێ، منداڵە چکۆلەکە دووی مریشکێک کەوتبوو کە لە ماڵ دەرچووبوو، هەمووی چەند هەنگاوێ نەڕۆیی بوو کە چاوانی ئەبڵەق بووبوون و پێیەکانی لە عاردی بڕابوو، وەکو ئەوەی دەستێ لە قژی نەوی بێ و بۆ سەرەوە بەرزی کردبێتەوە، گوللە بەر سکی کەوتبوو و یەکسەر کوشتبووی. کورتەڵە جەندەکی منداڵەکەی هەڵگرتبوو، دەیباتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە بینیبووی لێوەی هاتبووە دەرێ. چونکە کەس لە ماڵەوە نابێ، جەنازەکە لە سەر جۆلانەیەکی تۆڕین دادەنێ و بەجێی دێڵێت. نەیتوانی مریشکەکە بگرێت. بەڵام وێڕای ئەوەی چارەنووسیان نادیار بوو و مردن زۆر لێیانەوە نزیک بوو، بەڵام لە سایەی ئەو پەز و ماڵاتەوە کە ئەبوت جواو لە گەڕانەوەدا بۆ بیلومونتەی هێنابوو، خواردنیان مسۆگەر بوو، هەرسێکیان ورەیان بەرز بووەوە.

شەو داهاتبوو، تۆپباران بە شێوەیەکی کاتی وەستابوو، هەراو هەنگامەی نوێژو نزا لە مەیدانی کڵێساکەدا نیشتبووەوە، ئەمان لە ناو دووکانەکەداو لە سەر ئەرزەکە ڕاکشابوون وقسانیان دەکرد. لە ناکاوا تارمایی کەسێک لە بەر دەرگا پەیدا بوو، چرایەکی چکۆلەی گڵینی بەدەستەوە بوو. کورتەڵە، بە جێ زامەکەی دەم و چاویاو بە چاوە پۆڵایینەکانیا ناسییەوە کە پاجویە. تاپڕێکی بە شانەوە بوو، قەمە و خەنجەرێکی بە قەدەوە بوو، دوو قەتار فیشەکی ڕاست وچەپ لە خۆ دابوو.

لەبن لێوانەوە گوتی: "بە هەموو ڕێزێکەوە حەزدەکەم شووم پێبکەی."

کورتەڵە گوێی لە ناڵەیەکی کابرای نزیکبین بوو. پێی سەیربوو کە ئەو قسەیە لە زاری کابرایەکی وا کەمدوو، خەمبار، گرژو مۆن، کەم سۆزەوە دەربچێ. لە پشت ئەو کۆنە زامەوە کە پێستی ڕوخساری کشاندبوو، هەستی بە نیگەرانیەکی زۆری کابرا کرد. نە دەنگی تەقە، نە حەپەی سەگ ونە دەنگی نوێژو نزا نەدەهات... تەنیا وزە وزی زەردەواڵەیەکی گەورە دەهات کە خۆی بە دیوارەکەدا دەکێشا: دڵی کورتەڵە بە توندی لێی دەدا... ئەمە لە ترسا نەبوو، بەڵکو جۆرە هاوسۆزی و بەزەییەک بوو بەرانبەر بەو پیاوە ڕوخسار شێواوە، کە پڕ بەدڵ، لە بەر ڕۆشنایی چرا چکۆلەکەدا بەدەم چاوەڕوانییەوە دەیڕوانییە جورما. کورتەڵە، گوێی لە هانکە هانکە نیگەرانی

ئامێزەکانی کابرای نزیکبین بوو. جورما ورتەی لێوە نەهات. پاجو دووبارە دەستی بە قسان کردەوە، وشەکانی زۆر بە ئەسپایی وبە ڕوونی دەدرکاند. پێشتر ژنی نەهێنابوو، واتە بەو شێوازەی کە خواو کڵێسا ومورشید داوایان دەکرد، ژنی نەهێنا بوو. بە هیچ جۆرێ چاوانی لە جورما نەدەگواستەوە، تەنانەت نەشی دەتروکاندن، کورتەڵە لە دڵی خۆیدا گوتی بە ڕاستی بێ مانایە بەزەیی بە کابرایەکدا بێتەوە کە سەرچاوەی ترسێکی گەورەیە. بەڵام لەو دەمەدا پاجو زۆر تەنیا وداماو دەهاتە بەرچاو. هەندێ ماجەرای ئەڤینداری، لەو بابەتە ئەڤیندارییە ڕەوتەنیانەی کە هیچ شوێنەوارێک بەجێ ناهێڵن، جەڕباندبوو، بەڵام نە خێزانی هەبوو، نە منداڵ. ژیانی بەجۆرێ بوو کە دەرفەتی ئەو شتانەی نەبوو: هەمیشە بەڕێوە، یان شەڕی دەکرد، یان هەڵدەهات. لەبەر ئەوە بوو کە زۆر چاک لە قسەی مورشید حاڵی بووبوو کە دەیگوت زەوی لەوە ماندوو و بێتاقەت بووە کە ناچارە هەمان بویەرو دیاردان تەحەمول بکات، ڕۆژێ دێ هاواری لێبەرزببێتەوەو داوای ئەوە بکات کە کەمێ بهێورێ. بیلومونتە بۆ پاجو شتێک بوو لەو بابەتە... جێگەی حەواندنەوەی زەوی بوو. ژیانی لە ئەڤین و ئەڤینداری خاڵی بوو. بەڵام ئێستا... کورتەڵە هەستی دەکرد کابرا بە زەحمەت تفەکەی دەمی قوت دەدات و هەستیکرد خوشکانی ساردلینیا، خەبەریان بووەتەوەو لە تاریکیەکەدا ڕاکشاون و گوێ لە قسەکانی پاجو دەگرن. بەمە نیگەران و ناڕەحەت بوو، ئەم ناڕەحەتیە نەیدەهێشت شەوان بخەوێ: ناکا دڵی لە بێ عەشقیدا بووبێ بە بەرد؟ کورتەڵە لە فکران ڕاچوو: " نە گوێ بە کابرای کوێرە موشە دەدات و نە بە من. لە چاوی ئەوا ناکەینە هیچ." نا، دڵی نەبووە بە بەرد. کە لە بێشەکەدا جورمای بینی بوو، تەواو دڵنیا بووبوو. جێ زامەکەی سەر ڕوخساری زۆر گۆڕا. ڕۆشنایی چرا چکۆلەکە کردبوویە کارێ کە دەم و چاوی درێوترو ناحەزتر بێتە بەرچاو، کورتەڵە، بە حیرەتەوە لە فکران ڕاچوو: "دەستی دەلەرزن." ئەو ڕۆژە دڵی، هەستی و ڕوحی هاتبوونە زمان. بەهۆی جورماوە، بۆی دەرکەوتبوو کە هێشتا ناخی نەبووە بە بەرد، بۆ هەر کوێیەک دەڕۆیی، ڕوخساری جورما، جەستە ودەنگی ئەوی لە گەڵدا بوو. بە توندی دەستێکی بە سەرو سینگی خۆیدا هێنا، گڕی لەرزۆکی چراکە بەرزو نزم بووەوە. دووبارە بێدەنگ بوو، بەدەم چاوەڕوانیەوە وەستا. دووبارە ویزە ویزی ژەنگە سوورەکە کە خۆی بە دیوارەکاندا دەکێشا بەرزبووەوە.

جورما، بێدەنگ، ورتەی نەدەکرد. کورتەڵە بە تیلەی چاو تەمەشای دەکرد: لە جێی خۆی هەڵکوڕمابوو، لە تۆ وایە دەیەوێ بەرەڤانی لە خۆی بکات، بە خەمینی چاوی لە دوڕ چاوی پاجو بڕی بوو.

پاجو، وەکو ئەوەی بیەوێ تەوازی بێنێتەوە لە سەری ڕۆیی: " خۆ حاڵی حازر ناتوانین زەماوەند بکەین، من ئێستا کاری دیکەم بەدەستەوەیە. وەختایەک ئەمە دەبێت کە ئەم سەگانە ملی خۆ بشکێنن و لێرە بڕۆن."

کورتەڵە، گوێی لە یارۆی کوێرەموشە بوو کە ناڵەیەکی دی کرد. ئەم جارەش پاجو، چاوی لە جورما نەگواستەوە تا سەیری ئەو کابرایە بکات. بەڵام دەیویست شتێک بڵێت... شتێک کە لەم ڕۆژانەدا، بەدەم ڕاونان و کوشتنی کافرەکانەوە زۆری بیر لێکردبووەوە... شتێک کە دڵی شاد دەکرد. بێدەنگ بوو، زمانی لە شەرمەزاریا بەسترابوو. هەوڵیدەدا قسەکەی تەواو بکات: یانی دەشیا کە جورما ئاو وخواردنی بۆ بەرێت بۆ فازندافلیا؟ چونکە لەو ڕووەوە بەغیلی بە خەڵکانی دی دەبرد، بۆیە حەزی دەکرد ئەویش وەکو خەڵکانی دی بێ... ئایا جورما ئەو کارەی بۆ دەکرد؟

کورتەڵە، بە واقی وڕەوە گوێی لە یارۆی نزیکبین بوو کە گوتی: " بەڵێ، بەڵێ دەیکات، بێگومان ئاو وخواردنت بۆ دێنێ."

بەڵام ئەمجارەش پاجو، ئاوڕی لە کابرای نزیکبین نەدایەوە. کورتەڵە، گوێی لە (کابوکلو = پاجو) بوو کە بە ڕاوێژێکی تیژ وبنجبڕ لە جورمای پرسی: " ئەمە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟ خۆ مێردت نییە، وانییە؟"

جورما، زۆر بە هێمنی بەرسڤی دایەوە: "نەخێر. وەکو کوڕم وایە."

دەنگی دەستڕێژی گولله، تاریکە شەوەکەی لەراندەوە. لە سەرەتاوە یەک دەستڕێژ بوو، یەکێکی دی بە دوودا هات، ئەوسا بوو بە ئاگر باران. دەنگی فریاد وهاوار بەرز بووەوە، ئەوسا دەنگی ڕاکردن و ئەوسا تەقینەوەیەکی گەورە هاتە گوێ.

پاجو گوتی: "خۆشحاڵم کە هاتم وقسەم لەگەڵ کردیت. ئێستا دەبێ بڕۆم، سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک."

دوای ماوەیەکی کەم دووکانەکە غەرقی تاریکی بوو. نها لە جیاتی وزە وزی زەردەواڵە، دەنگی دووره تەقەیان دەژنەوت، هەوەڵجار تەقەکان دوور بوون، پاشان نزیکتر بوونەوە. برایانی فیلانوڤا لە سەنگەرەکانا بوون و تەنیا بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەبوت جواو دەهاتنەوە، خوشکانی ساردلینیا زۆربەی کاتی ڕۆژیان لە خەستەخانەکەدا بەسەر دەبرد و خواردنیان بۆ شەڕڤانەکان دەبرد. جورما، کورتەڵە و، کابرای کوێرە مووشە، تەنیا خەڵکانێ بوون کە بە بەردەوامی لە دووکانەکەدا دەمانەوە. کۆگا و دووکانەکە دووبارە پڕ بووە لەو ئازووقە و تەقەمەنیانەی کە ئەبوت جواو لە قافڵەکەی گرتبوو و بۆ ئێرەی هێنابوو، گونیە لم و چەویان لە بەر دووکانەکەدا هەڵچنی بوو، تا لە گولله پارێزراو بێت.

کورتەڵە، گوێی لە کابرای نزیکبین بوو کە بە ڕاوێژێکی پڕ هەڵچوونەوە لە جورمای دەپرسی: " چما وەڵامت نەدایەوە؟ تەواو شپرزە بووبوو، زۆری لە خۆی دەکرد تا ئەو قسانە لە گەڵ تۆدا بکات. چما بەرسڤت نەدایەوە؟ لە ڕەوش وحاڵێکا بوو، لەگین بوو خۆشەویستی و عەشقەکەی ببێت بە نەفرەت، دوو نەبوو لێت بدات، بتکوژێ، ئێمەش بکوژێ – هەستت پێنەکرد؟"

لە ناکاوا بێدەنگ بوو تا بپژمێ، جارێ، دووجار، دە جار لە گەڵ تەواو بوونی پژمینەکەی ئەودا، تەقەش تەواو بوو. مێشووله بەسەر سەریانەوە، بە گیزە گیز دەسوڕانەوە.

جورما، بە ڕاوێژێ، وەکو ئەوەی ڕووی دەمی لەو دووانە نەبێ، گوتی: " من نامەوێ مێردی بە پاجو بکەم، ئەگەر بە خورتی ناچارم بکات خۆم دەکوژم. بە هەمان شێوازی ئەو ژنەی کە لە کالومبی خۆی کوشت، کە بە دڕکی درەختی زیک زیکە خۆی کوشت. هەرگیز شووی پێناکەم."

کابرای نزیکبین دووبارە گرفتاری نۆرە پژمینێکی دیکە بوو، بەڵام کورتەڵە ترسی لێنیشت: " باشە ئەگەر جورما بمردایە، ئەم چ قوڕێکی بە سەرا دەکرا؟"

گوێی لە کابرای کوێرە مووشە(نزیکبین) بوو کە بەدەم ناڵین و ئاخینەوە دەڵێت: " دەبوایە ئەوسا کە دەرفەتمان هەبوو هەڵاتباین. نها ئیدی نەجات بوونمان لێرە مەحاڵە. هەر سێکمان وەکو سەگ دەتۆپین."

کورتەڵە بە نەرمی گوتی: " پاجو گوتی سەربازەکان دەڕۆن، بە قەناعەتی تەواوەوە ئەو قسانەی دەکرد، بە تۆنی دەنگیا دیار بوو. ئەو کابرایە دەزانێ چ دەڵێت، کابرایەکی شەڕڤانە، دەزانێ ڕەوشی شەڕەکە چۆنە، بەرەو کوێ دەڕوات."

جاران یارۆی کوێرە مووشە، هەندێجار گەنگەشەی لەو بارەیەوە لەگەڵ کورتەڵەدا دەکرد: ئایا ئەویش وەکو خەڵکانی خەیاڵی بەلەنگاز شێت بووبوو، ئایا ئەویش پێی وابوو ئەمانە دەرەقەتی سوپای بەرازیل دێن؟ ئایا ئەویش لەو باوەڕەدا بوو کە شا "دون سباستیاو " پەیدا دەبێ و شان بە شانی ئەوان دەجەنگێ؟ بەڵام ئەمڕۆ چ قسەیەکی نەکرد.

کورتەڵە بە ئەندازەی یارۆی نزیکبین باوەڕی بە کۆڵنەدەری سەربازەکان نەبوو. باشە بۆ نەیانتوانی بوو پێ بنەنە خاکی کانودوس؟ مەگەر ئەبوت جواو چەک و پەزەکانیانی تالان نەکردبوو؟ خەڵکی دەیانگوت، لەو سەرەوە، لە ئافافیلادا وەکو گەڵای دار هەڵدەوەرین. لە هەر چوار لاوە گوللەیان بە سەرا دادەباری، هەموو برسی وبێ خواردن، دوا فیشەکیان تەقاندبوو؟

وێڕای ئەوەش کورتەڵە بە حوکمی ڕابردووی قەرەجانەی خۆی، کە نەیدەتوانی لە ژوورەوە بەند بێ، وێڕای گولله بارانەکەش هەر چووە دەرێ و لەو ڕۆژانەی دواییدا بۆی دەرکەوتبوو کە کانودوس، سیمای شاری سەرکەوتووی پێوە دیار نییە. زۆرجار خەڵکی کوژراو  و بریندراوی لێرە و لەوێ، بە سەر جادەکانەوە بینی بوو، کە گوللەباران چڕ بوایە، بە سەعاتان لەو گۆڕە دەکەوتن، ئەوسا دەگوێزرانەوە بۆ ئەو خەستەخانانەی کە نها هەموویان کەوتبوونە (سانتاتینس) ی نزیکی موکامبووە.

کورتەڵە جگە لەو کاتانەی کە یارمەتی پەرستارەکانی دەدا تا بریندارەکان بگەیەننە نەخۆشخانە تازەکان، هیچ کاتێکی دی بۆ ئەو گەڕەکەی شار نەدەچوو – چونکە بە ڕۆژەوە دەرفەتی ئەوە نەبوو جەنازەکان بە خاک بسپێردرێن، چونکە گۆڕستانەکە لە بەرەی شەڕەوە نزیک بوو، تەنیا بە شەو جەنازەکانیان دەناشت – بۆنی جەندەکەکان زاڵ بوو، ئەمە جگە لە ناڵەی بریندااران لە نەخۆشخانەکە و دیمەنی خەمناکی پیرەمێران، خەڵکانی نوقستان، کە ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرابوو سەگ ودالاشان لەو جەنازانە پاسبکەن کە مێشی دنیا تێی وڕوکابوو. ڕێ وڕەسمی ناشتنی جەنازەکان، دوای نوێژو نزایەکانی مورشید ئەنجام دەدرا، کە هەموو ئێوارەیەک لە هەمان کاتدا وکاتێ کە زەنگی پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک لێی دەداو باوەڕدارانی بۆ کۆبوونەوە بانگ دەکرد. کەچی نها ئەو بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێش جەنگەوە ئەو ڕێ و ڕەسمە لە تاریکیدا و بە بێ هەڵکردنی مۆمەوە ئەنجام دەدرا. جورما و پیاوە نزیکبینەکە هەمیشە لە گەڵیا دەچوون بۆ کۆڕی وەعزەکان. بەڵام بە پێچەوانەی کورتەڵەوە، کە دوای وەعزەکان دەگەڵ ئاپۆرای خەڵکیدا دەڕۆیی بۆ گۆڕستان ولە ڕێ وڕەسمی ناشتنی جەنازەکاندا بەشداری دەکرد، ئەم دووانە وەختایەک مورشید لە وەعزدان دەبووەوە، یەکسەر بۆ کۆگا و فرۆشگایەکە دەزڤڕینەوە. کورتەڵە مەفتوونی ئەو ڕێ وڕەسمی بەخاک سپاردنە بوو، سەری لە پێداگری کەس و کاری مردووەکە دەسوڕما کە دەیانویست پارچە دارێک لە سەر گۆڕی ئازیزەکەیان بچەقێنرێ. جا چونکە کەس نەمابوو تابووتان دروست بکات و شەڕ هەمووانی مژوول کردبوو، ئیدی تەرمەکانیان لە جۆلانەی تۆڕ دەنا وبە خاکیان دەسپاردن، هەندێجار دوو سێ تەرمیان دەخستە ناو یەک جۆلانەوە. ئیدی خزم و خوێشی مردووەکان تەختە دارێک، یان لقە درەختێک، یان هەر شتێکی دارینیان دەخستە ناو جۆلانەکەوە، تا ئەوە بە خودا نیشان بدەن چەند بە پەرۆشەوەن کە مردووەکانیان بە ڕێ و ڕەسمی تەواو، واتا لە تابووتا بنێژرێن، بەڵام ڕۆژگاری چەپگەرد دەرفەتی ئەو کارەیان نادات.

ڕۆژێ کورتەڵە، کە لە گەشت و گەڕان دەگەڕێتەوە، دەبینێ جورما و کابرای کوێرە مووشە، دەگەڵ بابە یواکیم دا قسان دەکەن. لەوەتای هاتبوونە ئێرە، کە چەند مانگێک دەبوو، هیچ کاتێ ڕێک نەکەوتبوو بە تەنیا یارۆی

قەشە بدینن، زۆربەی کات دەیانبینی لە سەر مینبەری پەرستگەکە و لە دەستە ڕاستی مورشیدەوە وەستاوە و سرووتی عەشای ڕەبانی ئەنجام دەدا، لە مەیدانی کڵێساکەدا و لە دوعا خوانیا ڕابەری جەماوەری خەڵکی دەکرد، لە ڕێ پەیماییەکاندا و بە پاسەوانی مەفرەزەکانی گاردی کاتولیک، بەشداری دەکرد، یان لە گۆڕستاندا، نوێژی مردووی بە زمانی لاتینی لە سەر مردووان دەخوێند. بیستبوویان کە وەختایەک دەچووە سەفەر، هەموو دیار و دەڤەری سارای تەی دەکرد، کاری بۆ شەڕڤانەکان دەکرد، هەموو پێویستیەکی بۆ دێنان. کە شەڕ دەستی پێکرد زۆرجار لە کانودوس دا دەبینرا، بە تایبەتی لە تاخی (گەڕەک) سانتائینس. دەچوو تا گوێ لە ئیعترافان بگرێت و قوربانی موقەدەس بەوانە ببەخشێ کە لە خەستەخانەدا، کەوتبوون و لە سەرە مەرگا بوون. کورتەڵە، هەرچەندە چەند جارێک ڕێکەوتی قەشەی کردبوو، بەڵام قەت قسەی دەگەڵدا نەکردبوو. بەڵام ئەمجارەیان وەختایەک قەشەی ئەندام وردیلە، کورتەڵە دەبینێ کە خۆی بە فرۆشگاکەدا دەکات، دەستی بۆ ڕادەکێشێت و چەند قسەیەکی میهرئامێزی لە گەڵدا دەکات. یارۆی قەشە لەو کاتەدا لە سەر تەپڵەکێک ولە هەنبەر جورماو کابرای نزیکبین دا، کە هەر دووکیان چوارمشقی دانیشتبوون، ڕۆنیشتبوو.

بابە یواکیم، لە کاتێکا زمانی بە لێوە قڵێشاوەکەیا دێنا، بەڕاوێژێکی نائومێدانەوە بە جورمای گوت: " لەم دنیایەدا هیچ شتێک ئاسان نییە، تەنانەت ئەو شتانەش کە زۆر ئاسان دێنە بەرچاو، ئاسان نییە. من وام وێنا دەکرد، دەتوانم ببمە مایەی شادی تۆ... ڕوو بکەمە هەر ماڵێک مژدەی خۆشیان بۆ بەرم." هەڵوەستەیەکی کرد، زمانێکی بە لێویا هێنا. "نها هەموو کاری من بووە بەوەی کە بە زەیتی موبارەکەوە ماڵ بە ماڵ بگەڕێم، چاوی مردووان بنوقێنم و تەمەشای عەزابی خەڵکی بکەم."

کورتەڵە لە دڵی خۆیدا گوتی قەشە لەم چەند مانگەی دواییدا زۆر پیربووە، بووە بە پیرەمێرێکی وردیلە. قژ بە سەریەوە نەمابوو، بێخی تاوەگازی سەری، لە بەینی داوە سپیە تەنکەکانی قژەکەیەوە دیاربوو. زۆر لاواز بووبوو، ئێسکە ڕەق وتەقەکانی شانی لە یەخەی جبە تاڵکێشەکەی، کە ڕەنگەکەی کاڵ بووبووەوەو شین دەچووە، زەق زەق دیار بوو. چرچ و لۆچ کەوتبووە ڕوخساری، ڕدێنی سپی دەتگوت چۆڕی شیرە، نەک هەر برسیەتی و پیری، بەڵکو ماندوویەتیەکی لە ڕادە بەدەر بە چاوانیەوە دیاربوو.

جورما گوتی: "بابە، من شووی پێناکەم. ئەگەر ناچارم بکات خۆم دەکوژم."

جورما، بە هێمنی قسەی دەکرد، بە هەمان ئارامی ئەو شەوەوە کە قسەی لە گەڵ ئەو دووانەدا کردبوو. کورتەڵە بۆی دەرکەوت کە قەشەکەی کومبی، هەمان ئەو قسانەی، پێشتریش بیستبوو، بۆیە هیچ بەلایەوە سەیر نەبوو.

قەشەکە، لە بن لێوانەوە گوتی: " نا، بە نیاز نییە ناچارت بکات. ئەسڵەن باوەڕی نەدەکرد کە تۆ ڕەفزی بکەیت. ئەو وەکو هەر کەسێکی کانودوس دەزانێ کە هەر ژنێک مەمنوونە پاجو داخوازی بکات وخێزانی لە گەڵدا پێکبێنێ. دەزانی پاجو کێیە، کچەکەم؟ هەڵبەتە ئەوحیکایەت وچیرۆکانە دەزانی کە خەڵکی لە بارەیەوە دەیگێڕنەوە؟

بە سیمایەکی خەمبارەوە دانیشتبوو وچاوی بڕی بووە زەمینەی دووکانەکە. هەزارپێیەکی بچکۆلە بە بەینی سەندەڵەکانیا، کە پەنجە کەڵە زەرد و نینۆکە ڕەش ودرێژەکانی لێوە دەرهاتبوو، ڕەت بوو. لە جیاتی پێیەک بەو مێرووەدا بنێت، وازی لێهێنا درێژە بە ڕێی خۆی بدات، تا دوورکەوتەوەو لە بەینی تفەنگە ڕیزکراوەکاندا ون بوو.

به ڕاوێژێکی نائومێدانەوە لە سەری ڕۆیی: "هەر هەموو ئەو چیرۆکانە ڕاستن، ئەوەی باسدەکرێ هێشتا قەترە لە دەریایە، لەو هەموو تاوانە دڕندانەیە، پیاوکوژی، دزی وتالانی، تۆڵە ئەستێنی خوێناوی، کارێن ناڕەواو نا پێویستی وەکو گوێ و لووت بڕینی خەڵکی، هەرمەپرسە... سەرانسەری ژیانی شەڕەنگێزی وشێتایەتی بووە. بەڵام ئێستا ئەوەیە کە بە خۆت دەیبینی، ئەویش وەکو ئەبوت جواو، تارامیلا، پدراو وئەوانی دی مورشید کردوونی بە ماستی مەییو، گورگی کردووە بە مەڕ، کردوویەتی بە وەلی وخواناس. جا چونکە مورشید، ئەو گورگانەی کردوون بە مەڕ، خەڵکانێکی، کە کار و پیشەیان تەنیا ترساندنی خەڵکی وتاوان و ڕاو ڕووت و تاڵان و بڕۆ بووە، ناچارکردووە ژیانی خۆ بگۆڕن وگیانی ڕوحانیەتی لە جیاتی قەساوەت و دڵڕەقی، بە بەردا کردوون، بۆیە لەشکر لە دووی لەشکر بۆ ئەم مەرزو بۆ ومحاڵە ڤڕێ دەکرێ، تا ئەم خەڵکە لە ناو ببەن. ئاخر بەرازیل و هەموو دنیا بە چ عەقڵێکەوە، دەستیان داوەتە ئەم کار وتاوانە دزێوە؟ باشە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگە و نیشانەی ئەوە نییە کە مورشید لە سەر هەقە وشەیتان بەرازیلی داگیر کردووەو ئەم کۆمارە دژبەری مەسیحی موبارەکە؟"

بە پەلە قسەی نەدەکرد، دەنگی بەرز نەدەکردەوە، نە شپرزە بوو نە خەمبار... تەنیا کەمێک نیگەران بوو.

کورتەڵە گوێی لە جورما بوو، کە بە هەمان ڕاوێژی ئارامی جارانەوە دەیگوت: "مەسەلەکە ئەوە نییە کە بمەوێ سەرسەختی بنوێنم، یان ڕقم لەو بێ، حەز لە چارەی نەکەم. ئەگەر کەسێکی دیکەش خوازبێنی کردبام، هەر قاییل نەدەبووم. من نامەوێ دووبارە شوو بکەمەوە بابە."

قەشەکەی کومبی ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " زۆر چاکە. لێت تێدەگەم. سەبر دەکەین با بزانین ڕەوشەکە بەرەو کوێ دەڕوات، ئاخری خێر بێ. کە خۆت حەزناکەیت مەجبوور نیت شووی پێبکەیت، پێویست بەوەش ناکا خۆت بکوژی. لێرە، لە بیلومونتە من مارەی خەڵکی لە یەکدی دەبڕم، لێرەدا شتێک نییە بەناوی زەماوەندی مەدەنی." سووکە بزەیەکی ڕەوتەنی کەوتە سەر لێوی، پرشنگێکی لەزگین لە چاوی بووەوە. "بەڵام ناکرێ، یەکسەر ئەو خەبەرەی بدەینێ. نابێ هەستی بریندار بکەین. خەڵکانی وەکو پاجو هێندە هەستیارن، هەندێجار لە شێت دەچن. خوویەکی دیکەشیان هەیە کە من زۆرم پێ سەیرە، ئەویش هەستی غروور وکبریایە، کە لە غرووریان بدرێ، وەکو ئەوەیە برینیان بکولێنیتەوە. دارو نەداریان ئەو غروورەیە. کەواتە جارێ پێی دەڵێین کە تۆ تازە بێوەژن کەوتووی، هێشتا وەختی ئەوەت نەهاتووە شووبکەیتەوە. با بۆ خۆی چاوەڕێ بکات. بەڵام تۆ دەتوانی شتێک بکەی کە دڵی پێخۆش بێت، خواردنی بۆ ببە بۆ فازنداڤلیا، ئەمەی زۆر پێخۆش دەبێ، چونکە بۆ منی باسکردووە کە چەند حەزدەکات ژنێک هەبێ بە خەمیەوە بێت، ئەم کارە بۆ تۆ هیچی تێناچێت وئەویش دڵی پێی خۆشدەبێ. پاشان بەرەبەرە ئەم مەسەلەیەی لە بیر دەبەینەوە."

بەیانی تا ئەوکاتە، دنیا کڕوکپ بوو. بەڵام بەرەبەرە دەنگی تەق و تۆقی پچڕپچڕی تفەنگان و ڕمبەی تۆپێن دوورە دەست دەستی پێکرد.

بابە یواکیم دووبارە گوتی: "ئاگرێکی سەیرت ناوەتەوە... پیس عاشقی تۆ بووە، بە جۆرێ کەوتووەتە داوی تۆوە کە دوێشەو هاتبوو بۆ خەڵوەتخانەکە تا ڕەزامەندی مورشید بەدەست بێنێ. وتیشی ئامادەیە ئەو دوو زەلامەش، بەو حیسابەی کەس و کاری تۆن، قەبووڵ دەکات و ئامادەیە لە ماڵەکەی خۆیدا بەخێویان بکات..." ئەوسا لە پڕ هەستایە سەر پێیان.

کابرای نزیکبین دووچاری نۆرە پژمینێکی ئەوتۆ بوو، کە سەراپای بەدەم پژمینەکەیەوە دەهەژی وکورتەڵە لە قاقای پێکەنینی دا، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە ببێ بە زڕکوڕی پاجو، ئیدی خەمی خورد وخەوی نەدەما.

جورما، بە هەمان مکوڕیەوە گوتی: "من نە لەبەر ئەمە و نە لەبەر هیچ شتێکی دیکە، شووی پێناکەم." بەڵام چاوی داخست و لەسەری ڕۆیی: " بەڵام ئەگەر ئێوە بە پێویستی دەزانن، من ئامادەم خواردنی بۆ ببەم."

بابە یواکیم سەرێکی لەقاند، سوڕایەوە تا بکەوێتە ڕێ کە لە ناکاوا یارۆی کوێرە مووشە، لە جێی خۆی ڕاپەڕی و قۆڵی گرت. کورتەڵە کە سەرو سیمای نیگەرانی ئەوی بینی، پێشبینی ئەوەی کرد دەیەوێ چ بڵێت.

کابرا، بە دوو دڵییەوە، چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو لەبن لێوانەوە گوتی: "تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەیت. بابە، تۆ بی تۆ ئەو خوایەی کە باوەڕت پێیەتی ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە. من پەیوەندیم بەم شتانەوە نییە کە لێرەدا ڕوو دەدەن. من بە ڕێکەوت کەوتوومەتە کانودوس. بەخۆت دەزانی من نە سەربازم و نە سیخوڕم، هیچ کارەم. تکات لێدەکەم یارمەتیم بدە."

قەشەکەی کومبی بە دلۆڤانیەوە تەمەشایەکی کرد ولەبن لێوانەوە گوتی: "تا لێرە دەرباز ببیت؟"

کابرای نزیکبین، بەدەم سەر لەقاندن وزمانە لاڵکێوە گوتی: "بەڵێ، بەڵێ، نایەڵن لێرە بڕۆم و ئەمەش کارێکی ڕەوا نییە."

بابە یواکیم لەبن لێوانەوە گوتی: "تۆ دەبوایە ئەو کاتەی دەرفەت هەبوو خۆت دەربازبکردایە، ئەوکاتەی کە هێشتا سەربازەکان هەموو جێیەکیان نەتەنی بوو."

پیاوە کوێرە مووشەکە، بەدەم گلەیی و پەڵمە گریانەوە، ئاماژەی بۆ چاوە سوورە ئاوساوە دەرپۆقیوەکانی خۆی کرد وگوتی: "مەگەر حاڵم نابینی؟ بە بێ چاویلکە هەر زۆر کۆڵەوارم، کوێری تەواوم. مەگەر دەکرا بە تاقی تەنیا و بەم حاڵەوە هەڵێم؟ ئاخر چۆن لەم دەشت و بیابانە کاکی بە کاکیە ڕێم دەردەکرد؟"

بەڕادەیەک هەڵچووبوو، دەنگی بووبوو بە زیقە زیق: "من نامەوێ لێرەدا وەکو مشکی ناو تەڵە بمرم!"

یارۆی قەشە چەند جارێک چاوی تروکاند. کورتەڵە هەستی کرد تەزوویەکی سارد بە مۆرەغەی پشتیا هات. هەر کاتێ کابرای چاو پرووش، پێشبینی مەرگی هەموویانی کردبا، کورتەڵە هەمان حاڵی لێدەهات.

قەشە وردیلەکە گوتی: "منیش نامەوێ وەکو مشکی گیرۆدەی تەڵە بمرم." زۆر بە ئەسپایی قسەی دەکرد: " منیش هیچ پەیوەندییەکم بەم شەڕەوە نییە و کەچی..." سەری با دا وەکو ئەوەی بیەوێ وێنەیەک لە خەیاڵدانی بتارێنێ "من حەزدەکەم یارمەتیت بدەم، بەڵام ناتوانم. تەنیا ئەو چەکدارانە دەتوانن لە کانودوس وەدەربکەون کە دەچنە شەڕ. باوەڕناکەم تۆ لەو قەناعەتەدا بی کە من بتوانم بە گەڵ ئەوانە بکەوم؟ " دەستێکی تەکان دا و" ئەگەر باوەڕت بە خودا هەیە خۆت بەو بسپێرە. حاڵی حازر تەنیا ئەو دەتوانێ فریامان بکەوێ. خۆ ئەگەر باوەڕت پێی نییە، مخابن کەس نییە یارمەتیت بدات، دۆستی ئازیز."

وەدەرکەوت، لاقی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، شانەکانی داکەوتبوو، خەمبار بوو. ئەو سێ نەفەرە فریا نەکەوتن، گەنگەشەی ئەم دیدارەی ئەو بکەن، چونکە برایانی ڤیلانوڤا، لەو کاتەدا لە گەڵ چەند کەسێکی دیدا خۆیان بە فرۆشگایەکەدا کرد. کورتەڵە لە قسەکانی ئەوانا، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە شەڕڤانەکان خەریکی لێدانی زنجیرە

سەنگەرێکی دیکەن لە ڕۆژئاوای ( فازندافلیا ) ڕێک لە پێچەکانی ڕوباری فازا – پاریس، بەرانبەر ئوتابولیرینیو، لە بەر ئەوەی گوایە بەشێک لە قۆشەنی دژمن لە ئافافیلا پاشەکشەی کردبوو وبەنیاز بوو بەرەبەرە دەوری ئوکامبایو بگرێ، و لەم دەڤەرەدا سەنگەر بگرێ. وەختایەک برایانی ڤیلانوڤا، بە چەک و تەقەمەنییەوە لە کۆگا و فرۆشگایەکە وەدەرکەوتن و ڕۆیشتن، کورتەڵە و جورما کەوتنە دڵدانەوەی کابرای نزیکبین، کە دوای دیدارەکەی لە گەڵ بابە یواکیم دا، هێندە نیگەران ونائومێد بووبوو کە ڕوندک بە چاوانیا دەهاتە خوارێ و ددانە چۆقەی پێکەوتبوو.

ئەو ئێوارەیە، کورتەڵە بەگەڵ جورما کەوت کە دەچوو بۆ فازندا فلیا تا خواردن بۆ پاجو بەرێت. جورما، داوای لە یارۆی نزیکبین کرد کە ئەویش لە گەڵیاندا بڕوات، بەڵام ئەو هێندە لە پاجو ترسا بوو وهێندە لەوە دەترسا بە کانودوس دا بسوڕێتەوە، نەوێرا لە گەڵیاندا بڕوات. خواردنی شەڕڤانەکان لە شەقامە بچووکەکەی ساوکپریانودا ئامادە دەکرا. لەوێندەر باقی ئەو حەیوانانەیان، کە پاجو تالانی کردبوون، سەر دەبڕی. کورتەڵە و جورما چوونە ڕیزێکی دوورو درێژەوە، تا ئەنجام گەیینە لای کاتارینای، ژنە لاوازەکەی ئەبوت جواو کە لە گەڵ ژنانی دیدا، گۆشت و نان، ئاوی ئەو جەوەندە و کوندانەیان کە نەوجەوانەکان لە سەرچاوەی ساوپدرو پڕیان دەکرد، دابەش دەکرد. ژنەکەی داروغا، سەلەیەکی پڕ لە خواردنی دایە ئەو دووانەو چوونە ڕیزی ئەوانەوە کە بەرەو سەنگەرەکان دەڕۆیشتن.

دەبوایە بە جادەی ساوکریسپیمدا تێبپەڕن و پاشان بە ماتە مات و چوار چنگۆڵە، بە شێوەکانی کەناری ڕوباری فازا – پاریس دا بڕۆن، ئەم کەند ولەند وپێچ و پەنایانە لە گوللەی دژمن دەیپاراستن. لە روبارەکە بەولاوە ئیدی ژنان نەیاندەتوانی بە کۆمەڵ ڕێبکەن، بە تاک تاک، بە ڕاکە ڕاک، بە زیکزاک ڕێیان دەکردو – خۆ ئەوانەی زۆر سڵ وسرک بوون – بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیشتن. مەودای نێوان دۆڵەکانی کەنار ڕوبارەکەو سەنگەرەکان دوو سەد سێ سەد مەترێک دەبوو. کورتەڵە کە چمکی کراسەکەی جورمای گرتبوو وغاری دەدا، دەیتوانی بورجەکانی پەرستگەی مەسیحی موبارەک بدینێ کە پڕبوو لە شەڕڤانێن سەگڤان، بە دەستە چەپا قەدپاڵەکانی ئافافیلا بوو، کە دڵنیا بوو لەوێندەرەوە لوولەی هەزاران تفەنگ ڕوو لەوان بوو. گەیینە دیار سەنگەرەکە، شەلاڵی ئارەقە بوو. دوو دەست بەرزی کردەوەو لە ناو سەنگەرەکە داینا. چاوی بە چارەی دزێو و شێواوی پاجو کەوت.

کابرای چەتەو ڕێگری جاران، سەری لە دیتنی ئەوان لەوێ نەسوڕما. یارمەتی جورمای دا کە دابەزێتە ناو سەنگەرەکە، وەکوو پووش بەرزی کردەوە، بە ئاماژەی سەرو بێهیچ بزەیەک خێرهانینی کرد. ڕەفتاری هێندە ئاسایی بوو، کە هەر کەسێک دیتبای وای دەزانی ئەم ژنە زۆر ڕۆژی تریش بۆ ئێرە هاتووە. سەلە خۆراکەکەی لێیان وەرگرت. ئاماژەی بۆ کردن کە تۆزێک لا کەون، چونکە ڕێگەی ئەو ژنانەیان گرتبوو کە کاریان دەکرد. کورتەڵە بەناو ئەو شەڕڤانانەدا دەسوڕایەوە کە بە چیچکانەوە دانیشتبوون و نانیان دەخوارد یان قسەیان دەگەڵ ئەو ژنانەدا دەکرد کە تازە گەیی بوونە جێ، یان لە بەینی ئەو دارە کلۆرەوە، کە دەیانتوانی، لەوێندەرەوەو بە بێئەوەی بدینرێن، تەقە لە دژمن بکەن، تەمەشای دەرێیان دەکرد. کۆتایی سەنگەرەکە دەگەییە فەزایەکی نیمچە بازنەیی، هەندێ بەرینتر بوو و جێگەی خەڵکانێکی زیاتری تیا دەبووەوە. پاجو لە سوچێکا ڕۆنیشت. ئاماژەی بۆ جورما کرد کە بڕوات لە لایەوە دانیشێت. کە بینی کورتەڵە دوو دڵە و نازانێ چ بکات، ئاماژەی بۆ قاپە خۆراکەکە کرد، ئیدی کورتەڵەش چووە پێشەوەو بوو بە هاوسفرەی پاجو وجورما.

ماوەیەک بووری، پاجو ورتەی نەکرد، بە بێئەوەی سەیری ئەوان بکات، سەرگەرم و مژوولی نانخواردن بوو. جورماش تەمەشای پاجوی نەکرد. کورتەڵە لە دڵی خۆیدا گوتی جورما بێ عەقڵە شوو بەم پیاوە ناکات کە دەتوانێ هەموو کێشە و ئاریشەکانی بۆ چارەسەر بکات. بۆچی دەبێ ئەوەندە بیر لە ناحەزی (ناشیرینی) ئەم پیاوە بکاتەوە؟

ناوبەناو دزە نیگایەکی پاجوی دەکرد. باوەڕی نەدەکرد، ئەم پیاوەی کە بەم جۆرە خوێنساردانە دانیشتبوو و نانی دەخوارد و زۆر بێموبالات دیاربوو – کە تفەنگەکەی بە قەد دیواری سەنگەرەکەوە هەڵپەساردبوو، بەڵام خەنجەر وقەمەکەی هەر بەقەدەوە بوو وڕەخت وفیشەکدانەکەی نەکردبووەوە – هەمان ئەو پیاوە بێ – کە بە دەنگی لەرزۆکەوە، خوازبێنی لە جورما کردبوو. لەو کاتەدا دەنگی تەقە و تۆپباران بەردەوام نەبوو.

دەنگی دوورە تەقەی  پچڕپچڕ دەهات، گوێی کورتەڵە بەو شتانە ڕاهاتبوو. ئەوەی کورتەڵە پێی ڕانەدەهات، ڕمبە و تەقینەوەی گوللە تۆپان بوو، ئەو تەقینەوانەی گوێیان کەڕ دەکرد، گەرد و تۆزی دنیای دەکرد بە ئاسمانا، خانوو و ئاوەدانیانی دادەڕوخاند وچاڵی گەورەی دەکردە عاردی، فریادو هاواری منداڵانی ترساوی بە دوادا دەهات و زۆرجار جەنازەی لەت و پەتی بە ئاسمانا دەبرد. هەرکە دەنگی تەقینی تۆپێک دەهات، ئەو یەکەم کەس بوو خۆی بە عاردیدا دەدا، چاوی دەنوقاند، لە ئارەقەدا هەڵدەکشا، ئەگەر جورما وکابرای نزیکبین لەو نزیکە بوایەن خۆی بەوانەوە دەقرساند و هەوڵیدەدا وێرد ودوعایان بخوێنێت.

بۆ ئەوەی بێدەنگیەکە بشڵەقێنێ، بە شەرمێکەوە پرسی ئایا ڕاستە یواکیم ماکامبیرا وکوڕەکانی، پێش ئەوەی بکوژرێن، (ئاماتادیرا) کەیان لە کار خستبوو. پاجو، بەرسڤی دایەوە نەخێر. بەڵام ئاماتادیراکە، چەند ڕۆژێک دواتر، بە ماسۆنیەکاندا تەقی بووەوە و سێ چوار نەفەری تۆپخانەکەی بردبوو بە حەوادا. لەوە دەچێ خوا ئەوەی لە تۆڵەی شەهید بوونی ماڵباتی ماکامبیرادا کردبێ؛ تا خوێنیان بە فیڕۆ نەچێ. چاوانی کۆنە ڕێگرەکە، خۆیان لە چاوانی جورما دەدزییەوە، جورماش وەکو ئەوە بوو گوێی لە قسەکانی کابرا نەبێت. پاجو، کە هێشتا ڕووی دەمی لە کورتەڵە بوو، لە سەری ڕۆیی کە ڕەوشی ماسۆنی و کافرەکان لە ئافافیلا، ڕۆژ  بە ڕۆژ خراتر دەبێت: خەریکە لە برسانا و لە تینواندا دەمرن، گاردی کاتولیک تەنگیان پێ هەڵچنیون، ئەوەندەیان لێکوشتوون، کە بە تەواوەتی نەترەیان بەرداوە. تەنانەت شەوناڵە وگریانیان دەگاتە ئێرەش. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە بەو زووانە لێرە دەڕۆیشتن؟

پاجو، دوو دڵ دیار بوو. چەناگەی بەرەو باشوور درێژ کرد و لە بن لێوانەوە گوتی: " کێشەکەمان لەوێندەرە... لە کیماداس و مونتە سانتو... ماسۆنیان، تفەنگ، تۆپ، مەڕو ماڵات، ئازووقەیان بە لێشاو دەگاتێ، حاڵی حازر یەک قافڵەی خۆراکی دیکە بەڕێوەیە... بەڵام ئێمە هەموو شتێکمان لە تەواوبووندایە."

جێگەی کۆنە برینەکەی بە سەر ڕوخسارە زەردەکەیەوە گرژ بوو. ئاوڕی لای جورمای دایەوەو گوتی: " ئەمجارە دەبێ من ڕێ لەم قافڵەیە بگرم." کورتەڵە هەستیکرد پاجو ئەمی فەرامۆش کردووە، بە فرسەخان لە خۆیی دوور خستووەتەوە. "حەیفێ دەبێ لەو کاتە هەستیارەدا بڕۆم."

جورما، بە ئارامی و بە حەواس پەرتی تەمەشایەکی ڕوخساری یارۆی کۆنە چەتەی کرد و هیچی نەگوت.

"مەعلوم نییە، چەند ڕۆژ لەوێ دەمێنمەوە، بە نیازین لە دەوروبەری جویتیە غافڵگیریان بکەین. بە کێمانی (بە لای کەمەوە) سێ چوار ڕۆژمان پێدەچێ."

لێوی جورما، لەبەر یەک ترازان، بەڵام هیچی نەگوت. لەوەتای هاتبوو تاقە قسەیەکی لە دەم دەرنەچووبوو.

لەو دەمەدا هەمهەمەیەک لە سەنگەرەکانەوە بەرزبووەوە، کورتەڵە بینی کۆمەڵێک شەڕڤان، بەدەم هەراو زەناوە بەرەو لای ئەمان دێن. پاجو هەستایە سەر پێیان ودەستی دایە تفەنگەکەی. ژمارەیەک شەڕڤان بە هەڵەداوان دەهاتن و خۆیان بەوانەدا دەکێشا کە دانیشتبوون. تا گەیینە لای ئەمان. لە دەوری پاجو خڕبوونەوە، ماوەیەک لێی ڕامان بە بێئەوەی کەسیان قسەیەک بکات.

ئەنجام پیرەمێردێک کە خاڵێکی تووکن بە ملیەوە بوو گوتی: " تارامیلا مردووە. کە خەریکی نان خواردن بوو گوللەیەک بە گوێی کەوت."

تفێکی ڕۆ کردە ئەرزەکە و لە بن لێوانەوە گوتی: "پاجو بەختت سوتا."

***

تیوتونیولیل کافالاکانتی جەوان بە دەنگی بەرز دەڵێت: " ئەمانە پێش ئەوەی بمرن بۆگەن دەکەن." بە خەیاڵی خۆی ئەو قسانەی لە دڵی خۆیدا کردبوو. کەس گوێی لێنەبووبوو. بەڵام ترسی ئەوە لە ئارادا نەبوو کە قسەکەی گەیی بێتە گوێی بریندارەکان. هەرچەندە خەستەخانە مەیدانیەکەی ڕەتڵی یەکەم لە کەلێنێکی نێوان ئافافیلا و مونتە ماریو دامەزرابوو، جێگاکەی ئەمین بوو. گوللەی تفەنگان نەیدەگرتەوە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی و بێزاری بریندارەکان بوو، گرمەو زرمەو ڕمبەی تۆپان لێرەدا بە ڕادەیەک دەنگی دەدایەوە، ناچار دەکەوتنە هاوار و فریاد بۆ ئەوەی دەنگیان بگاتە کەسێک. نەخێر، کەس گوێی لێیان نەدەبوو.

بیرۆکەو وێنای گەنین وبۆگەن کردن تیوتونیولیل کافالاکانتی عەزاب دەدا. ئەم کوڕە خوێندکاری دوا ساڵی کولێژی پزیشکی زانکۆی ساوپاولو بوو، کە لە خۆشەویستیەوە بۆ کۆمار، خۆبەخشانە ناوی خۆی لەو قۆشەنەدا نووسی کە بە ناوی بەرگری لە کۆمار، کەوتبووە ڕێ تا پەلاماری کانودوس بدات. کەواتە ئاساییە ئەمە یەکەمجاری نەبوو کە خەڵکانی بریندار یان خەڵکانێ لە گیانەڵڵا، یان مردوو بدینێت. بەڵام ئەو محازەرانەی زانستی توێکاری، کردەی توێکاری جەنازە لە هۆڵەکانی توێکاری لە کۆلێژی پزیشکی و، بریندارانی خەستەخانەکانی فێرکاری، لە کوێ و ئەم دۆزەخەی ئافافیلا کە بووبوو بە تەڵەی مشکان لە کوێ؟ ئەوەی کە گێژی کردبوو، ئەوە بوو کە جەنازەکان زۆر زوو دەلەوتان، برینەکان زۆر خێرا هەویان دەکرد، کرمێ دەبوون و چڵکیان دەکرد و یەکسەر بۆگەن دەبوون.

بابی لەو کاتەدا کە لە وێستگەی قیتاری ساوباولو بەڕێی دەکات پێی دەڵێت: " ئەمە بۆ کارەکەت بەسوودە، ئەمە بۆ خۆی دەبێتە جۆرە ڕاهێنان ومەشقێکی سەرەتایی." بەڵام ئەوەی لێرەداو لە هەرشتێکی دی پتر مومارەسەی دەکرد و ڕاهێنانی لە سەر دەکرد، برینەوە بوو. بەهەرحاڵ تاقە شتێک کە لەم سێ هەفتەیەدا فێری بووبوو ئەمە بوو کە: " ژمارەی ئەو سەربازانەی کە بە گانگرین دەمردن زۆر زیاتر بوون لەوانەی کە بە برینی گوللە دەمردن، ئەوانەی کە شانسی نەجات بوونیان هەبوو، زیاتر ئەوانە بوون کە گوللە یان قەمە بەرلاق و دەستیان کەوتبوو، واتە بەر ئەو ئەندامانەی کە بنیادەم بەبێ ئەوانەش دەژی – کەوتبوو، بە مەرجێ ئەو ئەندامانە خێرا بهاتبانە بڕینەوە. تەنیا لە سێ ڕۆژی یەکەم دا، ئەوەندەیان کلوروفورم (بەنج) هەبوو کە بەشی ئەوە بکات بە شێوەیەکی ئینسانی نەشتەرگەری بڕینەوەی ئەندامەکەی لەش بکەن، ئەو ڕۆژانە تیوتونیو، شرینقەکانی کلوروفورمەکانی دەشکاند، پارچەیەک لۆکەی پێ تەڕ دەکردو ، دەیخستە سەر هەردوو کونە لووتی کابرای

بریندار و، جەڕاحەکەی لەشکر، ئالفریدو گاما، کە پزیشکێک بوو بە پلەی نەقیب، بە هانکە هانک بە هەڕە (مشار) دەکەوتە بڕینەوەی دەست ولاقە برینەکان. کە کلوروفورمیان تەواو بوو، ئیدی لە جیاتی کلوروفورم، پێکێ عارەقی نەیشەکەریان دەرخواردی کابرای بریندار دەدا، کە عارەقیش تەواوبوو، ئیدی بە بێ بەنج نەشتەرگەرییەکەیان بۆ دەکرد بەو ئومێدەی کە کابرای بریندار لە هۆش خۆی بچێت و بەدەم نالین و هاوارەوە سەر لە جەڕاحەکە نەشێوێنێ. بەڵام نها تیوتونیولیل کافالانتی، ئەو لاق و دەست و پێ وباسکانەی دەبرییەوە کە تووشی گانگرین بووبوون، بە دوو یاریدەدەری دکتۆران، برینەکەیان توند دەگرت، تا لە هۆش خۆی بچێ و نەجوڵێتەوە. دوای بڕینەوەی ئەندامەکە ئیدی باروتی بە جێگای برینەکەدا دەکرد و ئاگری تێ بەردەدا یان ڕۆنی داغی پێوە دەکرد تا ببرژێتەوە. ئەمە ئەو شێوازە بوو کە نەقیب ئالفرید گاما، بەر لەو بویەرە سەخیفە، فێری کردبوو.

بەڵێ، سەخیف وشەیەکی گونجاوە بۆ ئەم حاڵەتە. چونکە نەقیب ئالفرید گاما دەیزانی، ژمارەی تۆپچیان زۆرن، بەڵام ژمارەی پزیشکان کەمن و بەشی ئەم هەموو بریندارانە ناکەن، لەوەش گرینگتر ئەوە بوو کە پزیشکانی کارامە وبە ئەزموون لە کاری نەشتەرگەری مەیدانیدا کەم بوون، ئەو ئەم کارە لە جەنگەڵەکانی پاراگواوە فێر بووبوو، وەختایەک خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی دەبێت، خۆبەخشانە لەوێندەر خزمەتی سوپایی کردبوو، ڕێک وەکو ئێستای تیوتونیو کە خۆبەخشانە هاتبوو بۆ ئەوەی لە کانودوس خزمەتی عەسکەری بکات. بەڵام دکتۆر ئالفرید گاما لە شەڕی پاراگوایدا، خۆی گوتەنی دووچاری (ڤایرۆسی تۆپخانە) بووبوو. ئەمە ڤایرۆسێ بوو کە هەفتەیەک لەوە پێش ئەوی کوشتبوو، ئیدی یاریدەدەرە گەنجەکەی بە جێ هێشتبوو بە تاقی تەنیا بە نزیکەی دوو سەد نەخۆش و بریندار و نیمچە مردوو، ڕابگات کە هەموو بە سەر یەکا، لە خەستەخانە مەیدانیەکە، کەوتبوون. هەموو نیمچە ڕووت و قووت، بۆنی بۆگەنیان سەرداری بێ سەر دەکرد، کرم دابوویە برینەکانیان، لەو گۆڕە کەوتبوون، بە دەگمەن یەکێک هەبوو حەسیرێ یان بەتانیەکی بەر کەوتبێ. دەستەی پزیشکانی سەر بە ڕەتلی یەکەم، دابەش کرا بە سەر پێنج دەستەدا. دەستەکەی نەقیب ئالفرید گاماو، تیوتونیو، بەر بەشی باکووری خەستەخانەکە کەوت، یانی لەو بەشە مەسئوول بوون.

ڤایرۆسی تۆپخانە کردبوویە کارێک کە دکتۆر وەکو پێویست بە نەخۆشەکانیا ڕانەگات. زۆرجار ڕێکدەکەوت لە گەرمەی کارکردنا، دەستبەرداری نەخۆشەکانی دەبوو، بە هەشتاو بە چیایەکەدا هەڵدەگەڕا و خۆی دەگەیاندە (ئالتودوماریو) کە تۆپەکانی ڕەتلی یەکەم بە ڕیز لەو بەرزاییە دامەزرێنرابوون، ئیدی لەوێ تۆپچییەکان ڕێگەیان دەدا تۆپی کروپ و تەنانەت ئاماتادیراش بتەقێنێ. تیوتونیو، گوتەی مامۆستایەکەی بیر دەکەوێتەوە کە لافی ئەوەی لێدەدا کە بورج و قەلایەکانی کانودوس بە دەستی جەڕاحێک وێران دەکرێن." نەقیب دوای تۆپبارانەکە، ئیدی دڵی ئیسراحەتی دەکرد، خۆی دەگەیاندە سەنگەر و کەلێنەکەی سەر لوتکەی شاخەکە. ئەمە پیاوێکی بتەو، سوورە، سەرحاڵ و چالاک و دڵسۆز، خۆی وەقفی ئەرک و کارەکەی کردبوو. لە هەوەڵ ڕۆژەوە کە تیوتونیو پێی نابووە ناو سەربازخانەکە، نەقیب ئەوی بەگەن کردبوو وچوو بووە دڵییەوە. ئیدی کەسایەتی کراوەی نەقیب، ژیانی پڕ ماجەرای، حیکایەت و نوکتە خۆشەکانی بە جۆرێ یارۆی خوێندکاری ئەفسوون کردبوو، کە بڕیاری دا دوای تەواو کردنی خوێندن و وەرگرتنی شادەتنامە، وەکو مامۆستاکەی لە سوپادا بمێنێتەوە. دوای ئەوەی کەتیبەکە بۆ ماوەیەکی کەم لە سلفادور لایدا، دکتور گاما، تیوتونیوی لە گەڵ خۆدا بردبوو، پیاسەیەکی کولیژی پزیشکی زانکۆی باهیا و کاتەدرای (پراسا دا باسیلیکا)ی پێکردبوو، بەرانبەر چەند بینایەکی ڕوکار زەردی، بە پەنجەرەی درێژی تاق و کەوانە گۆتیکی... دکتۆر و شاگردەکەی لە ژێر دار نەرگیل و گوێز هیندیەکان، بەرانبەر

بەو دەکەو کوشکانەی لە سەر شۆستەکان دروست کرابوون، شۆستەکان کاشی ڕەش و سپی کرابوون، لە ناو ئەو دەستفرۆشانەی کە بانگەوازیان بۆ شتەکانی خۆ دەکرد و ئەو ژنانەی کە خواردنی کوڵاوی سەر ئاگردانیان دەفرۆشت، دکتۆر وقوتابیەکەی بەدەم بیراندی خواردنەوە تا بەرەبەیان دانیشتبوون وئەوسا سەرحاڵ و شەنگوڵ سەری قەحپەخانەکەی ژنانی دوو ڕەگیان دابوو. وەختایەک سواری قیتاری کیماداس بووبوون، دکتۆر گاما، مورید و قوتابیەکەی ناچار کردبوو کە قومێ دەرمانی ڕشانەوە بخواتەوە بۆ ئەوەی تووشی "سفلسی ئەفریقایی " نەبێت.

تیوتونیو، کە خەریک بوو دەرمانی کنین و ئاوی بە نەخۆشێکی ئاوڵە گرتوو دەدا، کە بەدەم تایەکی گەرمەوە کەوتبووە وڕێنە، ئارەقەکەی سەر هەنیەی دەسرڕێ.

لە لایەکیەوە سەربازێک کەوتبوو کە ئانیشکی بڕابوو، لە لایەکی دیکەوە، سەربازێک کەوتبوو کە گوللە بەر پاشەڵی کەوتبوو، کشتەکی کۆمی پچڕی بوو و پیسایی ڕاناگرت، بۆنی بۆگەنی پیسایی و بۆنی گۆشتی ئەو جەستانەی لە دووری خەستەخانەکە دەسووتێنران تێکەڵ بووە. تاقە دەرمانێ کە لە خەستەخانە مەیدانیەکەدا مابوو تەنیا کنین وئەسیدی کاربولیک بوو. یودوفورم و کلوروفورم تەواو بووبوو. ئیدی دکتۆرەکان ناچار بوون لە جیاتی بەنج و دەرمانی بێ هۆشکرن، بیسموت و کالومیل بەکار بێنن. بەڵام نها ئەوەش تەواو بووبوو. ئیدی تیوتونیو، برینەکانی بە ئاو وئەسیدی کاربولیک پاک دەکردەوە. دادەنیشت و بەدەستی خۆی ئاو و ئەسیدی کاربولیکەکەی تێکەڵ دەکرد. ئیدی " کنین"ی تێکەڵ بە نیو پەرداخ ئاو دەکرد دەیدا بە نخۆشەکانی دی"کنین" یان زۆر بوو؛ ئەگەری بڵاوبوونەوەی مالاڕیا زۆر بوو... دکتور گاما گوتبووی مالاریا " گەورەترین فاکتەری کوشتار بووە لە شەڕی پاراگوادا ". لەوێ ژمارەیەکی زۆری لە سەربازیان کوشتبوو. بەڵام لەم هەرێمە وشک و برینگەدا، کە پێشکە تەنیا لە زونگاوە زۆر کەمەکاندا زاوزێ دەکەن، مالاریا نییە.

تیوتونیو، دەزانێ کە کنین هیچ سوودێکی بۆ بریندارن نییە، بەڵام بەلای کەمەوە دڵخۆشی ئەوەیان دەداتێ، کە دەرمان دەکرێن. ئیدی نەقیب گاما، لە بەر نەبوونی دەرمانی دی، لە ڕۆژی بویەرەکەوە دەستی بە بەکار هێنانی کنین کرد.

تیوتونیو، بیر لە چۆنیەتی ڕوودانی بویەرەکە دەکاتەوە... چۆن ڕووی دابوو. خۆی لەوێندەر نەبووبوو. بۆیان گێڕابووەوە. لەوە بە دواوە، ئەو بویەرەو خەون بینینی بە جەنازەێن بۆگەنەوە، بووبووە مۆتەکە وئەو چەند سەعاتە خەوە کەمەی بە هەزار زەحمەت بە دەستی دێنا، لێ حەرام دەکرد. لەو خەونە ئاجر و باجرەیدا پزیشکە ڕوو خۆشە، چالاکەکە، حەشوەی تۆپە کروپە سی و چوارەکە ئاگر دەدا. لە پەلە پەلی خۆیا، بە باشی قەپاخی تۆپەکە داناخاتەوە، ئیدی لە کاتی تەقاندنی تۆپەکەدا، ئاگر لە قەپاخە نیمچە کراوەکەی تۆپەکەوە، دەردەچێ و بەرمیلێکی پڕ لە باروت و تەقەمەنی لەو نزیکانە دەبێ و گڕ دەگرێت. لە تۆپچیەکانی بیستبوو، کە گێڕابوویانەوە، چۆن دکتور گاما چوو بوو بە حەوادا و بیست سی مەتر لەولاترەوە وەکو تۆپەڵە گۆشتێکی شێواو، کەوتبووە سەر ئەرزەکە. لەو بویەرەدا ملازمی یەکەم ئودیلون کوریولانودی ئەزیفیدو و ملازمی دووەم جوزیە دو ئامارال و سیان لە دەستەی تۆپخانەکە کوژرابوون و پێنج سەربازی دیکەش دووچاری سووتان بووبوون. وەختێ تیوتونیو، گەیبووە بەرزاییەکانی ئالتودوماریو، خەریک بوون جەنازەکانیان دەسووتاند، ئەمە ڕێنمایی ئەنجوومەنی پزیشکان بوو؛ چونکە جەنازەکان بە ئاسانی نەدەنێژران: چونکە هەڵکەندنی ئەرزەکە لەو تەق تەقانەدا زۆر زەحمەت بوو و وەختی زۆری لێ بە فیڕۆ دەدان، چونکە قولنگ وبێڵ، کاریان لەو تاوێرانە نەدەکرد.

ئیدی دەستووری سووتاندنی جەنازەکان قەرقەشەیەکی توندی لە نێوان جەنەراڵ ئۆسکارو قەشەکەی ڕەتڵی یەکەم بابە لیزار نایەوە کە سەر بە فیرقەی کاپوسینی بوو، قەشەی ناقبری ئەم کارەی بە "کەچڕەویەکی ماسۆنی" دەزانی.

تیوتونیو، یادگارییەکی دکتۆر ئالفریدو گامای لە لا بوو کە زۆر شانازی پێوە دەکرد: شریتێکی چاوەزاری ( سەید بونفیم ) ی داهێنەری پەڕجوان بوو، کە عەسری ئەو ڕۆژە، لە باهیا، ئاکروباتانی پەتباز، لە کاتەدرای ( پراسادا باسیلیکا) پێیان فرۆشتبوو. بە تەمایە ئەگەر جارێکی دی ڕێی کەوتەوە ساوپاولو، بیداتەوە بە بێوەژنەکەی دکتور. بەڵام تیوتونیو، لەو باوەڕەدا نەبوو، چاوی بەو شارە ڕوون ببێتەوە کە تیایدا لە دایک بووبوو، چوو بووە قوتابخانە وبە هەوای ئارمانێکی رۆمانتیکی، واتە خزمەتی نیشتمان و شارستانیەت، پەیوەندی بە سوپاوە کردبوو.

لە زەرفی ئەم چەند مانگەدا، هەندێ لەو بیرو باوەڕانەی کە بەلای خۆیەوە لە کێو قایم تر بوون، تەواو لەق بووبوو، بۆ نموونە هەستی نیشتمانپەروەری، ئەو هەستەی کە لەو ڕۆژەوە خۆبەخشانە پەیوەندی بە ڕیزەکانی سوپاوە کردبوو، پێی وابوو تێکەڵ بە خوێنی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە هەر چوار نکاڵی بەرازیلەوە بۆ ئێرە هاتبوون تا لە هەنبەر هۆڤیاتی و پیلانی خیانەتکارانەی هێزێن تاریکیدا، بەرگری لە کۆمار بکەن. یەکەم نائومێدی لە کیماداس دا تووش بووبوو، لە ماوەی دوو مانگ چاوەڕوانیدا، لەو هەراو فەرتەنەیەدا، کە ئەو گوندە چکۆلەیەی ئەو بیابانە کرابوو بە بارەگای گشتی فەرماندەیی ڕەتڵی یەکەم، لە بەشی نوژداریدا کە لە گەڵ دکتور ئالفریدو گامادا کاری دەکرد، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە ژمارەیەکی زۆری سەرباز بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕ بدزنەوە، بە درۆوە خۆیان نەخۆش دەخست. بە چاوی خۆی دەیبینین کە چۆن ئەداو ئەتواری نەخۆشانیان دەنواند، وەکو ئەکتەرێن سەر شانۆ، هەموو نیشانەکانی نەخۆشیەکەیان ئەزبەر دەکرد، تا نەبرێن بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ. دکتۆر گاما فێری کردبوو کە چۆن لەرز وتا، ڕشانەوەو سکچوونە ساختە و درۆینەکانیان کەشف بکات. ئیدی ئەم فرو فێڵ وساختەچیاتیانە تەنیا لە لایەن سەربازانی ساویلکەو نەخوێنەوارو بێ سیواتەوە نەدەکران، تەنانەت هەندێ لە ئەفسەرەکانیش، پەنایان دەبردە بەر ئەم فێڵ وتەڵەکەبازیانە، تیوتونیو، بەمە خوای نەدەما. نیشتمانپەروەری بەو ڕادەیەی ئەو وێنای دەکرد، بڵاو وهەمەگیر نەبوو. ئەم قەناعەتەی لەم دوو سێ هەفتەیەدا بۆ دەرکەوتبوو، کە لەم کونە مشکەدا بەسەری بردبوو. مەسەلەکە ئەمە نەبوو کە سەربازەکان شەڕیان نەدەکرد، نا شەڕیان کردبوو، ئێستاش دەیانکرد. بەچاوی خۆی بوێری و خۆڕاگری ئەوانی لە هەنبەر هێرشەکانی ئەو دژمنە فێڵبازو ترسنۆکە بینی بوو، ئەو دژمنەی کە بە ئاستەمیش خۆی نیشان نەدەدا، کە هیچ یاسا ورێسایەکی شەڕی نەدەزانی، کەمینی دەنایەوە، لە گۆشەو کەناری ئەوتۆوە هێرشی دەکرد کە شەیتانیش پەی پێنەدەبرد، وەختایەک سەربازەکان دەچوونە شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوەیان، وەکو جنۆکەیەک بیسمیلای لێکرابێ، دیار نەدەمان، دەبوون بە هەڵم و دەچوون بە ئاسماندا. لەم سێ هەفتەیەدا ئەگەرچی چواریەکی هێزە سەربازیەکە کوژرابوون یان بریندار بووبوون، ئەگەرچی ئازووقەیان دابوویە کزی، ئەگەرچی هەموویان دەستیان لەوە شتبوو کە هێزی پشتیوان فریایان بکەوێ، سەربازەکان هێشتا هەر شەڕیان دەکرد.

بەڵام نیشتمانپەروەری و، ئەم مامەڵە و سەوداو کاسبکاریە کوجا مەرحەبا! باشە ئەم خۆشەویستیەی بەرازیل چ جۆرە خۆشەویستیەکە کە ڕێگە دەدات، ئەوانەی کە بەرگری لە شەریفترین ئارمانج و دۆز، دۆزی نیشتمان و شارستانیەت دەکەن، لە بەینی خۆدا ئەم سەوداو مامەڵە نەنگینە بکەن؟ حەقیقەتێکی دیکە هەبوو کە " تیوتونیو

" ی زۆر پەست و بێزاردەکرد، ئەویش ئەوە بوو کە هەرکەسە، هەر شتێکی دەستکەوتبا، بە بیانووی کەمی و دەستنەکەوتنی ئەو شتەوە مامەڵەی پێوە دەکرد. لە هەوەڵەوە تەنیا مامەڵەیان بە توتنەوە دەکرد، کە بە نرخی زۆر خەیاڵی کڕین وفرۆشتنی پێوە دەکرا. ئەم بەیانییە ڕائیدێکی سوارەی بینی بوو، چنگێ توتنی بە دوازدە میلری کڕی بوو... دوازدە میلری! دەکاتە پێنج قاتی نرخی یەک قوتووە توتنی دەرەجە یەک لە شارا. لە یەکەم ڕۆژەکانەوە نرخی هەموو شتێک بە شێوەیەکی باوەڕنەکردەنی فڕی بوو، ئیدی هەموو شتێکیان دەخستە مەزادەوە، کێ زۆرترین نرخی بدابایە، ئەو شتەکەی دەبرد. جا چونکە جیرەی خۆراک نەمابوو – زوڕاتی سەوزی بێ خوێیان دەدا بە ئەفسەرەکان وئالیکی ئەسپەکانیان دەدا بە سەربازەکان – نرخی خۆراک بە شێوەیەکی خەیاڵی بەرز بووبووەوە: چارەکە کیلۆیەک گۆشتی بزن بە سی چل میلری بوو، پارچەیەک قەندی بۆر بە بیست میلری بوو، کوپێک ئاردی مانیوک بە پێنج میلری بوو. ڕەگی ئیمبوزیرو یان کاکتوس بە یەک دوو میلری بوو. خراپترین جگەرەی فوزیلیروس بە یەک میلری دەفرۆشرا، یەک فینجان قاوە بە پێنج میلری بوو. لە هەموو ئەمانە خراتر ئەوە کە کە ئەویش لەو کاسبیەوە گلابوو. ئیدی برسیەتی، ئالوودە بوون بە جگەرە، وای لێکردبوو، هەرچی پارەیەکی هەبوو، خەرجی ئەو شتانەی بکات. بۆ نموونە یەک کەوچک خوێ بە پێنج میلری کڕی بوو، ئاخر خوێ چییە کە بەشەر بەو ڕادەیە تامەزرۆی ببێت . ئەوەی خوای نەهێشتبوو، ئەمە بوو کە دەیزانی زۆربەی ئەم شتانە بە فڕو فێڵ پەیدا دەکران و دەخرانە بازاڕەوە، یان لە کۆگاکانی ڕەتڵەکە دەدزران، یان ئەم دز لەو دزی، دزی بوو.

باشە سەیر نییە لە کاتێکی وادا کە ژیانیان هەموو ساتێک بە موویەکەوە بەندە، کە پێویستە لەم ساتانەدا پاکی پاک ببنەوەو شەریفترین هەست لە بوونیاندا ڕیشاژۆ ببێت... ئەم هەموو چاو چنۆکی و تەماعکاری و کاسبکاریە بە ڕۆژی ڕوناک و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە بکەن؟ تیوتونیو، لە دڵی خۆدا دەڵێت: " ئەو شتەی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەرگا خۆی دەنوێنێ باڵاترین هەستی مرۆڤانی نییە بەڵکو نزمترین ودزێوترن غەریزەو پارە پەرستی و تەماعکارییە." لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا، وێنای بۆ مرۆڤ تەواو گۆڕا، تاریکی تاریک بوو.

لە ناکاوا گریانی کەسێک لە بەرپێی دا، وەئاگای دێنێتەوە. ئەم کەسە بە پێچەوانەی ئەوانی دییەوە کە بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەمووانەوە دەگرین، بە بێدەنگی و پەنهانی دەگری، لەوە دەچێ شەرم لە گریانەکەی خۆی بکات. لە لایەوە دەکەوێتە سەر چۆکان. کابرا سەربازێکی پیرە، خرووی لەش حەوانەوەی لێهەڵگرتووە. لەبن لێوانەوە دەڵێت: " قوربان، خۆم دەخوراند، برینەکانم چڵک دەکەن، با چڵک بکەن... بە قیروسیا دکتۆر."

ئەم پیاوە یەکێک بوو لە قوربانیەکانی ئەو چەکە شەیتانیەی ئەم بەشەر خۆرانەیە کە وەکو خۆرە کەوتووەتە گیانی ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەرەکان: لەو میروەوانەیە کە پێی دەڵێن کاکارماس. لە هەوەڵەوە بەشتێکی ئاساییان وەرگرتبوو، نەگبەتیەکە لەوەدا بوو، ئەم مێرووە موزیرە، پێستی کون دەکرد، دەبوو بە تلۆق و دەیدایە خورووییەکی سەیر، ئیدی بە فێنکی شەو لە لانە دەهاتنە دەرێ و دەکەوتنە گیانی خەڵکە نوستووەکە. بەڵام پاشان بۆیان دەرکەوتبوو، کە شەڤانەکان لانەی ئەم مێروانەیان کە لولەیەکی پێچاوپێچی گڵی بوو دەهێنا و لە ناو ئوردوگاکەدا دەیان شکاند و ئیدی ئەم مێروانە بەرەڵڵا دەبوون و بەردەبوونە گیانی نیشتمانپەروەران و خەویان لێ حەرام دەکردن. سەیر لەوەدا بوو ئەو خەڵکانەی کە بەشەرخۆر وهۆڤیەکان بە دزییەوە دەیان ناردن بۆ ناو سەربازگەکە، تا ئەو هێلانە مێروانە بڵاوبکەنەوە، زۆر منداڵکار بوون! یەکێکیان بە دیلی گرتبوو: بۆ

تیوتونیویان گێڕابووەوە کە ئەو شەڕڤانە بچکۆلەیە وەکو ورچی هۆڤی بە گژ پاسەوانەکاندا چووبووەوە، جنێوی وای پێدابوون کە لە قوتووی هیچ دەم پیس و جنێو فرۆشێکی خوێڕی و بازاڕیدا نەبوو...

تیوتونیو، کە بە مەبەستی معایەنە کراسەکەی کابرای پیرەمێرد هەڵدەداتەوە، دەبینی زیپکە ڕەش و شینەکانی دوێنێ، گۆڕاون بۆ پەڵەی سووری گەورە و مێروو تێی داوە، بەڵێ مێرووەکە سەری ژەندەووەتە پێستەکەی، کونی دەکات و لە ژێرەوە گاز لەو داماوە دەگرن. تیوتونیو، فێری ئەوە بووبوو چۆن درۆبکات، بە درۆوە پێبکەنێت. بە سەربازەکە دەڵێت، جێی پێوەدانی مێرووەکان باشتر بووە، دەبێ خۆی بگرێ و خۆی نەخورێنێ. نیو کووپ ئاو و کینینی دەداتێ تا بیخواتەوە، دڵنیای دەکاتەوە کە بەوە خورووەکەی کەمتر دەبێتەوە.

لە سەردانی نەخۆشەکان بەردەوام دەبێت، بیر لەو منداڵانە دەکاتەوە، کە ئەو تاوانبارانە بە شەوان و بە هێلانە مێروولەکانەوە بۆ ناو سەربازگەکەیان دەنێرن. وادارکردنی مێردمنداڵانی بێتاوان بەو جۆرە کارانە، تەنیا لە خەڵکانی هۆڤی و بێویژدان و دڵڕەق دەوەشێتەوە. بەڵام بیرو بۆچوونی تیوتونیوی گەنج دەربارەی (کانودوس ) ش گۆڕاوە. ئایا ئەمانە بە ڕاستی سەڵتەنەتخوازن و گەرەکیانە ڕژێمی پاشایەتی بگێڕنەوە؟ ئایا ئەمانە بە ڕاستی هاودەستی (براگانسیا) کان وکۆلەدارەکانی جارانن؟ (براگانسیا: ماڵباتی پاشایەتی پرتوگال بوون لە ساڵی ١٦٤٠ وە تا ١٩١٠ فەرمانڕەوایی بەرازیلیشیان دەکرد.) ئایا ڕاستە ئەم هۆڤی و کێویانە تەنیا ئالەت و داردەستی " ئینگلیزە خاپینۆکەکانن؟ " تیوتونیو، هەرچەندە گوێی لێیان دەبوو هاواریان دەکرد: "مردن بۆ کۆمار" بەڵام زۆریش باوەڕی بەو دروشمەیان نەبوو. هەموو شتێک لە هزریا تێکەڵ وپێکەڵ بووبوو. بە تەمای ئەوە بوو، ئەفسەرانی ئینگلیز لێرە بدینێ کە مەشق بە شەڕڤانەکان بکەن، فێری چۆنیەتی بە کارهێنانی ئەو چەکە تازەو پێشکەوتووانەیان بکەن کە دەگوترا بە قاچاغ لە کەنارەکانی باهیاوە هێنرابوو. بەڵام لە ناو ئەو بریندارانەدا کە ئەو معایەنەی دەکردن خەڵکانێک هەن کە قوربانی مێروولەن یان بەرکەوتەی تیری ژەهراوین، یان بەرکەوتەی ئەو بەردە نووک تیژانەن کە بە قۆچەقانی تێیان سرەوێنراوە، یانی هەمان چەکی غارنشینان! بۆیە مەسەلەی بوونی سوپای سەڵتەنەتخواز بە پشتیوانی ئەفسەرانی ئینگلیز، نها لە لای ئەو بووبوو بە چیرۆکێکی خەیاڵی و کە خەڵکانێک لە خۆیانەوە دروستیان کردبوو. دەبیرەوە دەچێ: " ئەوانەی ئێمە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، کۆمەڵە بەشەر خۆرێکی سەرەتایین. کەچی خەریکە لە هەنبەریاندا دەدۆڕێین. خۆ ئەگەر ئەوسای لەم هەڵاتنەدا خستیانینە کەمینەوە، ڕەتڵی دووەم بە هانامانەوە نەهاتبان ئێستا لێ بووبووینەوە." ئەم مەتەڵە چۆن هەڵبهێنرێ؟

دەنگێک هەودای بیرکردنەوەی دەپچڕێ: " تیوتونیو؟" ئەمە ملازمێکی یەکەم بوو، کە یونیفۆرمە دڕاوەکەی هێشتا پلەکە ویەکەکەی پێوە بوو: "فەوجی نۆیەمی پیادە، سلفادور." ئەم ملازمە لەوەتای ڕەتڵی یەکەم گەییووەتە ئافافیلا، هێشتا هەر لە خەستەخانە مەیدانیەکەدایە. یەکێک بووە لە پێشقەڕەوڵانی لیوای یەکەم کە عەقید یواکیم دی مدیروس، لە هێرشە شێتانەکەی قەدپاڵی ئافافیلاوە بۆ سەر کانودوس فەرماندەیی کردبوون. ئەو کوشتارەی شەڕڤانەکان لە سەنگەرە نادیارەکانی خۆیانەوە لەمان (سەربازەکان) کردبوویان، بەڕاستی ترسناک بوو... قەسابخانەیەک بوو لەو گۆڕە... هێشتا جەندەکی ڕیزی یەکەمی ئەو سەربازانەی کە لە نیوەی هەورازە ڕکەکەدا، درەو کرابوون، لە قەدپاڵەکەدا دەبینرا. ملازمی یەکەم پیرس فریرا، لەوێندەر پارچەیەک بەر دەم و چاوی کەوت، کە لە کاتی تەقینەوەکەدا هەردوو دەستی بەرزکردبووەوە، پارچەکە هەر دوو دەستی بردبوو و چاوی کوێر کردبوون. چونکە ئەوە ڕۆژی یەکەمیان بوو کە گەیی بوونە ئافافیلا، دکتۆر ئالفریدو گاما توانی بووی بە مورفین بەنجی بکات و برینەکانی سەروچاوی بدورێتەوەو تەعقیمی بکات. ملازم پیرس فریرا، بەختی هەبوو، چونکە

برینەکانی بە سارغی پێچرابوو، لە تەپ وتۆز ومێش ومەگەزان پارێزراو بوو. نەخۆشێکی نموونەیی بوو، نیوتونیو، قەت گوێی لێ نەبووبوو بگری یان گازندە بکات.

هەموو ڕۆژێ لێی دەپرسی حاڵت چۆنە، وەڵامی دەدایەوە: "باشم."

کە لێی دەپرسی هیچت پێویست نییە، لە وەڵاما دەیگوت: "نەخێر."

تیوتونیو، کردبووی بە عادەت کە شەوان بێ بۆ لای ئەو، لە نزیک ئەوەوە و لە سەر ئەرزە بەردەڵانەکەدا، لە سەر پشت ڕاکشێت وچاو ببڕێتە ئەو هەزاران ئەستێرەیەی کە بەردەوام ئاسمانی کانودوسیان ڕوناک دەکردەوە و بە کاوە خۆ قسەی دەگەڵ بکات. ئیدی تیوتونیو، لەم ڕێگەیەوە زانی کە ملازم پیرس فیریرا یەکێکە لە بەشدارە کارامەکانی ئەم شەڕە، لەو خەڵکە کەمانە بوو کە لە هەرچوار هێرشەکەی قۆشەنی کۆماری، بۆ سەر شەڕڤانەکان بەشداری کردبوو. ئیدی لێرەوە بۆی دەرکەوت کە ئەو کارەساتەی بەسەر ئەو ئەفسەرە قەرەبەختەدا هاتبوو، مشتێکە لە خەرواری ئەو هەموو شکست و شەرمەزارییەی کە بەسەر سوپادا هاتبوو. بەوجۆرە هۆی کول و کۆڤانە فکریەکانی ئەو ملازمەی بۆ دەرکەوت، دەیزانی بۆچی تەحەمولی ئەو هەموو عەزابە دەکات. کە خەڵکانی دی بەرگەیان نەدەگرت و نەترەیان بەردەدا. بۆ ئەم ملازمە زامی بەدەنی گرینگ نەبوو.

پیرس فیریرا، دووبارە دەڵێت: "تیوتونیو؟" نیوەی سەرچاوی بە سارغی پێچراوە، بەڵام دەمی وچەناگەی بەدەرەوەن.

خوێندکارەکەی کولیژی پزیشکی، لەلایەوە دادەنیشێت و وەڵامی دەداتەوە: "بەڵێ" ئاماژە بۆ دوو یاریدەدەرەکەی خۆی کە جانتای دەوا و دەرمانەکە و سەتڵێ ئاویان پێیە، دەکات کە دانیشن.

چەند هەنگاوێ لەولاترەوە، هیلاک وماندوو، لە سەر ئەرزەکە دادەنیشن. "کەمێک لە لات دەمێنمەوە مانیویل داسیلفا. هیچت دەوێ؟ " (ناوی ملازمە بریندارەکە پیرس فیریرایە کە چی لێرەدا تیوتونیو بە مانیول داسیلفا ناوی دەبات!!)

ئەفسەرە سەرو گوێ بەستراوەکە بە دەنگێکی نەوی دەڵێت: " ئەوانە گوێیان لە قسەکانمان دەبێت؟ ئەمە نهێنی یەکەو بە تۆی دەڵێم تیوتونیو گیان."

لەم کاتەدا، دەنگی زەنگان، لە قەدپاڵی گردەکانی بەرانبەرەوە بەرزدەبێتەوە. " تیوتونیو " ی گەنج سەر هەڵدەبڕێ و تەمەشای ئاسمان دەکات: بەڵێ، دنیا خەریکە تاریک دەبێت. لە کانودوس کاتی نێوێژی ئێوارەیە، ، ئەم زەنگانە هەموو ئێوارەیەک ڕێک لەم کاتەدا لێدەدرێن، دوای توزێکی دی – ئەگەر دەسترێژ و تۆپباران لە ئارادا نەبێت – دەنگی سروودی سەڵاوات لە مریەم بەرزدەبێتەوە (سەڵاوات لە مریەم: سڵاوی جبرائیلە لە مریەمی پاکیزە)، تەنانەت خەڵکە موتەعەسیبەکان لە سەربازگەکانی سەر چیای ئافافیلاو لە مونتە ماریوش، ئەم سرووده دەخوێنن. لەم کاتەدا هەموو چالاکییەکان لە نەخۆشخانە مەیدانیەکەدا، وەکو ڕێزێک لەو ڕێ و ڕەسمە، ڕادەگیرێت.

زۆرێک لە برینداران و نەخۆشەکان، هەرکە گوێیان لە دەنگی زەنگەکان دەبێ، نیشانەی خاچ دەکێشن ولە بن لێوانەوە وێردو دوعایان دەخوێنن، هاوزەمان لە گەڵ دژمنەکانیان دوعا ونزاکانیان دەخوێنن. تەنانەت تیوتونیوش کە کاتولیکێکی تەواو عەیارو تۆخ نەبوو، نەیدەتوانی خۆی لەو هەستە غەریبە ببوێرێ، ئەو هەستەی، دەنگدانەوەی دوعا و زەنگەکە لەوا زندووی دەکردەوە، ئەگەر ئەمە ئیمان نەبوایە، تاسە بوو بۆ ئیمان.

بێئەوەی بەرسڤی قسەکەی پیرس فیریرا بداتەوە، لە بن لێوانەوە دەڵێت: "دیارە زەنگەوانەکە هێشتا زندووە. هێشتا نەیانتوانیوە لە نێوی ببەن."

نەقیب ئالفریدو گاما زۆر باسی زەنگەوانەکەی دەکرد. زۆرجار دیتبووی کە بە بورجی زەنگی کلێسا چکۆلەکەدا سەر دەکەوت. دەیگوت پیرەمێرێکی چکۆلەی ئازاو ورە بەرزە، بە لەقە لەق دەچوو، زەنگەکەی لێدەدا، بێئەوەی گوێ بە دەستڕێژی گوللەی ئەو سەربازانە بدات، کە بەرپەرچی زەنگەکەیان پێدەدایەوە.

دکتۆر گاما پێی گوتبوو کە خستنە خوارەوەی ئەو پیرەمێردە لە سەر بورجەکەوەو خەفە کردنی ئەو دەنگە ناخۆش و ناسازە، ئارەزووی دێرینی هەموو تۆپچیەکانی سەر بەرزاییەکانی (ئالتودو ماریو) یە. هەر هەموویان کە گوێیان لە دەنگی زەنگی مژدە ( زەنگی مژدە: جۆرە زەنگێکە دەکاتە بانگەواز بۆ کاتولیکەکان تا بچنە نوێژی مژدە کە زیاتر بۆ بەرجەستە کردنی یادی مەسیحە." و هەر هەموویان دەست دەدەنە تفەنگەکانیان و نیشانە لە زەنگەکە دەگرنەوە، یانی تا نها نەیانتوانی بوو ئەو پیرەمێردە بکوژن یان ئەمە زەنگەوانێکی تازەیە؟

ملازم پیرس فیریرا دەڵێت: "ئەوەی لە تۆم دەوێ لە نائومێدیەوە نییە. ڕجاو تکای پیاوێک نییە کە عەقڵی لە دەست دابێت."

دەنگی بتەو و ئارامە. بە بێ جوڵە لە سەر ئەو پەتۆیە ڕاکشاوە کە لە سەر ئەرزە تەق تەقانەکە ڕاخراوە، سەری لە سەر سەرینێکی کا ئاخن داناوە، بازووە پێچراوەکانی لە سەر سکی داناون.

تیوتونیو دەڵێت: "نائومێد مەبە. تۆ لە پێش هەمووانەوە لێرە دەگوازرێیتەوە. هەرکە هێزی پشتیوان بگاتە ئێرە، یەکسەر دەتخەنە گالیسکەی نوژدارییەوەو بۆ مونتە سانتو، یان کیماداس یان ماڵی خۆت ڕەوانت دەکەنەوە. لیوا ئوسکار ئەو ڕۆژەی کە سەری خەستەخانە مەیدانیەکەی دا، ئەو بەڵێنەی دا. نائومێد مەبە مانویل داسیلفا."

پیرس فیریرا دەڵێت: "بە هەرچی شتێک کە لەم دنیایەدا بە پیرۆزی دەزانی... بە خودا، بە باوکت، بە ویژدانت، بە پیشەکەت... بە گیانی ئەو دەزگیرانەت کە شیعری بۆ دەنووسیت، سوێندت دەدەم تیوتونیو گیان."

خوێندکارە پزیشکیەکەی خەڵکی (ساوپاولو )، چاو لە برینداڕەکە دەدزێتەوە، لە کانگای دڵەوە خەمبارە، دڵنیایە لە ناوەڕۆکی ئەو وشانەی کە چاوەڕوانە بیان بیستێ، دەڵێت: "مانویل داسیلفا چیت دەوێ؟"

دەنگە بتەو و ئارامەکە دەڵێت: "لە دڵەوە تکات لێدەکەم یەک گوللە بنە بە تەپڵی سەرمەوە."

یەکەم کەس نەبوو، کە ئەو داوایەی لێبکات، تیوتونیو، دەزانێ کە دوا کەسیش نابێت. بەڵام یەکەم کەسە، بەو ڕاستگۆییە ئەو داوایەی لێدەکات.

یارۆی بریندار بۆی ڕوون دەکاتەوە: " بەخۆم ئەو کارەم پێناکرێ، من دەستم نییە، تۆ ئەم کارەم بۆ بکە."

تیوتونیو، کە سۆزو هەڵچوون بە دەنگیەوە دیارە دەڵێت: " مانویل داسیلفا، تۆزێ غیرەت وەبەر خۆ بنە. داوای کارێکم لێ مەکە دەگەڵ بیر و باوەڕما تێکنەکاتەوە، دژی ئەو سوێندە بێ کە بۆ پیشەکەم خواردوومە."

ملازم پیرس فیریرا دەڵێت: "کەواتە با یەکێک لە یاریدەدەرەکانت ئەم کارە بکات، بەڵێنی ئەوەی بدەیە کە جزدانەکەمی، کە نزیکەی پەنجا میلری تیایە دەدەمێ، پۆستاڵەکانمیشی کە هیچ کونێکیان تێ نەبووە دەدەمێ."

تیوتونیو دەڵێت: " ڕەنگە مردن لە هەموو ئەم بەڵایانە خراتر بێ کە تا نها بە سەرت هاتووە. لێرە دەتگوازنەوە. چاک دەبیتەوە، دووبارە ژیانت لە لا شیرین دەبێت."

ملازم بە کاوەخۆ دەپرسێت: "بەبێ چاو و بە بێ دەست؟ " تیوتونیو شەرمەزار دەبێ، دەمی ملازمەکە نیوە کراوەیە. " بەڵا خراپەکە ئەمانە نییە تیوتونیو. مێشە مێش. هەمیشە ڕقم لێیان بووە، دڵم لێیان تێک هەڵاتووە، ئێستا گیرۆدەی ئەوان بووم. بەسەر دەم چاوما دەڕۆن، دەچنە دەممەوە، خۆ بە ژێر سارغیەکانا دەکەن تا بگەنە برینەکانم." بێدەنگ دەبێت.

تیوتونیو، دەبینێ کە زمان بە لێوەکانیا دێنێت، بە ڕادەیەک قسەکانی ئەم نەخۆشە نموونەییە کاری تێدەکات کە بیری دەچێتەوە کە یاریدەدەرەکانی ڕاسپێرێت ئاو بێنن بۆ ئەم نەخۆشە تا تینویەتیەکەی بشکێت.

پیرس فیریرا دەڵێت: "کێشەی من و ئەم چەتە و ڕێگرانە بووە بە کێشەیەکی شەخسی، من نامەوێ ئەوانە سەرکەون. قابیل نیم ئەو کەسە بم کە بە بەرچاوی تۆوە، بێ دەسەڵات کەوتووە، نامەوێ کەسێکی داماو و بێ کەڵک بم. لە دوای شەڕەکەی ئواواوە زانیم کە کارەساتێک خۆی بۆ ناومەتەوە، نەفرەت و چارەنووسێکی شووم بۆم لە کەمیندایە."

تیوتونیو، بە میهرەبانیەوە دەڵێت: " تۆزێ ئاو ناخۆیتەوە؟ "

پیرس فیریرا لە سەری دەڕوات: " پیاو کە نە چاوی هەبێ و نە دەست خۆکوژی کارێکی ئاسان نییە. چەند جارێک هەوڵم دا سەری خۆم بە تاوێرا بکێشم، فایدەی نەبوو. خۆ لستنەوەی ئەرزیش فایدەی نییە، چونکە بەردێکی پڕ بە دەم نییە کە پیاو قووتی بدات."

تیوتونیو، دست دەخاتە سەر شانی ملازمەکە ودەڵێت: "مانویل داسیلفا هێدی بە " بەڵام هەست دەکات کە هێدی کردنەوەی پیاوێک کە هێدی ترین پیاوی دنیایە، پیاوێک کە قەت بە دەنگی بەرز نەدواوە، بە جۆری باسی خۆی دەکات کە وەکو ئەوە وایە باسی یەکێکی دی بکات، کارێکی گەوجانە و بێهودەیە.

-" یارمەتیم دەدەیت؟ تۆ گیانی دۆستایەتیمان. دۆستایەتیەک لێرەدا دروست ببێت شتێکی پیرۆزە. یارمەتیم دەدەیت؟ "

تیوتونیو لە بن لێوانەوە دەڵێت: "بەڵێ، یارمەتیت دەدەم مانویل داسیلفا."

( ٤ )

بارۆن کانا براڤا دووبارەی کردەوە: "سەری؟ " لە بەر ئەو پەنجەرەیە وەستابوو کە دەیڕوانیە باخەکە. بەو بیانووە هاتبووە ئێرە تا پەنجەرەکە بکاتەوە، چونکە جەوی نووسینگەکە زۆر گەرم بووبوو، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەوە هاتبوو جێگەی تیرتیرەکە (حرباء) کەشف بکات، کە دیار نەمانەکانی نیگەرانی کردبوو. چاوی بە سەرانسەری باخەکەدا دەگێڕا تا بیدۆزێتەوە. دووبارە لە چاو ون بووبوو، لە تۆ وایە سەردەخاتە سەر بارۆن و گەمەی لە گەڵدا دەکات. "سەریان بڕی بوو. لە ڕۆژنامەی تایمزدا، وتارێک لەو بارەیەوە نووسرابوو، لە لەندەن خوێندمەوە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، قسەکەی بارۆنی ڕاستکردەوە: "سەری جەندەکەکەیان بڕی بوو."

بارۆن گەڕایەوە جێگاکەی خۆی، لە سەر قەنەفەکە ڕۆنیشت. دڵی گیرابوو، بەڵام هەستی دەکرد ئەوەی میوانەکەی بۆی دەگێڕایەوە، دووبارە سەرنجی ڕاکێشاوە. ئایا ئەم پیاوە مازوخیست بوو؟ ئەمە تەپ و تۆزی بیرەوەرییەکانی ڕەواندەوە، برینەکانی کولاندەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش حەزی دەکرد گوێی لەو بیرەوەریانە بێ.

چاوی لە دوڕ چاوی ڕۆژنامەڤانەکە بڕی وپرسی: "قەت بە تەنیا قسەت لە گەڵیا کردووە؟ یانی هیچ خوێندنەوەیەکت لا دروست بوو کە چتۆ پیاوێکە؟ "

گۆڕەکەیان، دوای دوو ڕۆژ لە ڕوخانی دوا سەنگەر، دۆزیبووەوە. بە هەر زەحمەتێ بوو، چکۆلەی موبارەکیان هێنابووە قسان تا شوێنی لە گۆڕنانەکەیان پێ بڵێت. هەڵبەتە لە ژێر ئەشکەنجەدا. بەڵام ئەشکەنجەی ئاسایی نا. چکۆلەی موبارەک بە زکماک شەهید بوو، بە ئەشکەنجەی ئاسایی وەکو تێهەڵدان یان داغ کردن یان خەساندن، یان زمان بڕین، یان چاو لە میل دان و ئەو شتانە نەدەهاتە قسان – چونکە ئەوان هەندێک لە شەرڤانە دیلەکانیان بەو جۆرە، بە کوێری، بە زمان بڕاوی و بە کێر و گون بڕاوی دەناردەوە، تا ورەی ئەوانەی بەرەڤانیان دەکرد، بڕوخێنن. هەڵبەتە ئەم کارە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو. بەڵام سەبارەت بە چکۆلەی موبارەک، بە ڕێکەوت ئەو تاقە ئەشکەنجەیەیان کەشف کردبوو کە بەرگەی نەدەگرت: ئەویش سەگەکان بوو.

بارۆن گوتی: "من سەر دەستە وفەرماندەی ئەو خوێڕی و تۆڕیانەم دەناسی: پاجو، ئەبوت جواو، جواوە زلە، تارامیلا، پدراو، ماکامبیرا. ئەدی ئەم چکۆلەی موبارەکە کێ بوو؟

سەگەکان شتێکی دیکە بوون. گۆشتێکی زۆر، گۆشتی بەشەران و ئەو هەموو جەنازەیەی لەو گۆڕە کەوتبوون، لە بەر ئابلۆقەی دوور و درێژ کەس نەبوو بیانخاتە ژێر گڵەوە، ئەم سەگانەی هارکردبوو، هەمان خووی گورگ و کەمتیاریان گرتبوو، ئیدی سەگانی تینووی خوێن، بڕبڕ بە نیازی پەیدا کردنی گۆشتی بەشەر هێرشیان بۆ کانودوس دەبرد وهەڵبەتە ئاسایی بوو خۆیان بە ئۆردووی ئابلۆقەدەرەکانیشدا بکەن.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، کە توووند دەستی بە سکیەوە گرتبوو، گوتی: " باشە ئەم هەموو سەگە، خۆی لە خۆیا هاتنە دی ئەو پێشبینی و پێش گۆییانە نەبوو... هەمان سەگە دۆزەخیەکانی سفری(سفر: کتێبی گەورە، پاژێکی تەورات) خەونان نەبوو؟ دیارە کەسێک خەبەری داونەتێ کە چکۆلەی موبارەک، زۆر لە سەگان دەترسێت، یان لە سەگە گەورەکە؛ سەرچاوەی شەڕ، واتە شەیتان دەترسێت. بێگومان بردوویانەتە بەردەم کۆمەڵێک سەگی هارو ئەویش لە ترسی ئەوەی ئەم سەگانە، ئەم نوێنەرانەی شەیتان پارچە پارچەی بکەن و هەواڵەی دۆزەخی بکەن، ئەوانی بردووەتە سەر گۆڕەکەی."

بارۆن تیرتیرەکە وباروس ئەستیلای لە بیر چووبووەوە. بە خەیاڵ ئەو گەلە سەگە هارانەی دەبینی کە چنگیان لە جەندەکەکان گیردەکرد وسەریان دەژەنە ورگە کرم تێداوەکانیانەوە و لە سەر لولاق و پشتە مەغزە و کاژەڵان، دادەگژانە سەرو گوێلاکی یەکدی. گەلە سەگانی دی لە ناکاوا بۆ گوندەکانی دی نشێو دەبوونەوە، خۆیان بە گاگەل و مەڕو پەزان و ژنانی جلشۆردا دەدا، لە گۆشت و ئێسقانی تەڕو تازە دەگەڕان.

دیارە هەستیان بەوە کردبوو کە لە خەڵوەتخانەکەدا بە خاکیان سپاردووە. جگە لەو شوێنە کوێی دیکەیان هەبوو؟ ئەو شوێنەیان هەڵکەند کە چکۆلەی موبارەک نیشانی دابوون، بە هەرحاڵ لە قولاییەکی سێ چوار مەتریدا، چاویان پێکەوت – بە جبە ئەرخەوانیە تۆخ و پاتاوە چەرمینەکانیەوە، لە پارچە حەسیرێکەوە پێچڕابوو، دۆزیانەوە. قژی درێژ بووبوو، قژێکی لوول: ئەمە لە زمانی ئەوانەوە کە جەنازەکەیان لە گۆڕەکە دەرهێنابوو، لە

کاتب عەدلا تۆمار کرابوو. ئەفسەرە گەورەکان هەموویان لەوێندەر بوون، لەوانە جەنەڕاڵ ئارتور ئۆسکار، کە ئەمری بە فۆتۆگرافەری ڕەتڵی یەکەم، سینور فلافیودی باروس کرد، کە وێنەی جەندەکەکە بگرێت. ئەم ڕێ و ڕەسمی وێنەکێشانە نیو سەعاتێکی خایاند، لەو ماوەیەدا هەر هەموویان، وێڕای بۆنی بۆگەنی، لە خەڵوەتخانەکەدا مانەوە.

-" تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئاخۆ ئەو هەموو جەنەڕاڵ و عەقیدانەی، دوای ئەو هەموو ماوەیە، وەختایەک چاویان بە تەرمی دژمنە سەر سەختەکەی کۆمار کەوتبوو، چ هەستێکیان لە لا دروست بووبوو؟ ئەو دژمنەی سێ قۆشەنی سوپای، قەتڵ و عام کردبوو، پایەکانی دەوڵەتی لە بناخەوە لەق کردبوو، هاودەست و هاوپەیمانی ئینگلستان و هەواداری ماڵباتی براگانسا؟"

بارۆن گوتی: "من دیتبووم." میوانەکە بێدەنگ وچاو بە ڕوندک، کونجکاوانە چاوی بڕی بووە ئەو. " بەڵام منیش تەقریبەن گرفتاری هەمان کێشە بووم کە تۆ بە هۆی عەینەکەکەتەوە لە کانودوس تووشی بووبووی. بە جوانی نایەتەوە بیرم، ئەو وێنایەی لە زەینمدایە هەندێک کاڵ و لێڵە. دەمێکە، پازدە بیست ساڵ دەبێت. جارێک سەری کالومبی دا، چەند موریدێکی کەمی لە گەڵدا بوو، وابزانم ئێمە خواردن و هەندێک جلە کۆنمان دانێ، چونکە گۆڕەکانیان نۆژەن کردەوەو کڵێسا بچووکەکەیان خاوێن کردەوە، ئەوەندەی لە بیرم مابێ، کۆمەڵێک لات و لەوێڕ بوون نەک کۆمەڵێک ژن و پیاو. خەڵکانێکی زۆر لەوانەی، خۆیان بە وەلی و پیاوی خودا دەزانی دەهاتن بۆ کالومبی. چۆن دەکرا بزانم ئەم یەکەیان لە هەموو ئەوانی دی گرینگترە، کەسایەتیەکە کارێکی وەها دەکات، خەڵکی ئەوانی دی فەرامۆش بکەن، پیاوێکە کە هەزاران هەزار نەفەر لە سارانشینان لە دەوری خۆی خڕ دەکاتەوە؟

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: سەرزەمین و مەڵبەندی کتێبی پیرۆزیش، پڕ بوو لە ئیدیعاچیانی وەحی، لە خەڵکانی بیدعەتچی. لەبەر ئەوە بوو کە خەڵکی هەر یەکێ لەوانەیان بە مەسیح دەزانی. ئیدی تۆ نە هیچ حاڵی بووی و نە هیچت بینی کە..."

بارۆن، سەری هێنایە پێشەوەو گوتی: " ئەوە بە ڕاستتە؟ یانی تۆ بە هەموو ئەقڵێکەوە باوەڕت وایە کە مورشید نێردراوی خوایە؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە دەنگە گیراوەکەی خۆی بەردەوام بوو.

بەیاننامەیەکی فەرمی سەبارەت بە وەسفی جەنازە لە گۆڕ دەرهێنراوەکە دەرکرا. جەنازەکە بە ڕادەیەک بۆگەنی کردبوو، کە هەمووان دڵیان تێک هەڵدەهات وناچار دەستەسڕەکانیان بە دەم ولووتیانەوە گرت. ئەو چوار دکتۆرەی لەوێ بوون ئەندازەیان گرت، باڵای یەک مەترو هەفتاو هەشت سانتیم بوو، هەموو ددانەکانی کەوتبوون، بە گوللە نەکوژرابوو، هیچ برینێک بە جەستە لاوازەکەیەوە کە لە ئێسکە پەیکەر دەچوو، نەبوو. تەنیا پەڵەیەکی شینەوەبوو بە لاقی چەپیەوە بوو کە زادەی بەرکەوتنی بەرد یان شتێکی نووک تیژ بوو. دوای شیرەت و ڕاوێژێکی کورت، بڕیاریان دا سەری ببڕن تا زانایان بتوانن کاژەڵەی بخوێننەوە. پاشان سەرەکەیان بۆ کولیژی پزیشکی زانکۆی باهیا ڤڕێ کرد تا دکتۆر نیناورودریگس، بیخاتە بەر زەڕەبینی لێکۆڵینەوەوە. بەڵام بەرلەوەی سەری ئەو بە هەڕە (مشار) ببڕنەوە، سەری چکۆلەی موبارەکیان بڕی. ئەم کارەشیان لە ناو خەڵوەتخانەکەدا

کرد و ڕەسم چیە – هونەرمەندەکەی لەشکر، فلافیودی بارۆس وێنەی گرت، ئەوسا تەرمەکەیان خستە چاڵێکەوە کە هەر لە خەڵوەتخانەکە و لە تەنیشت مورشیدە سەر بڕاوەکەوە بۆیان هەڵکەند.

دیارە ئەمە بۆ چکۆلەی موبارەک ئاقیبەتێکی بەخێر بوو: لەلای کەسێکەوە بە خاک بسپێردرێ کە زۆری خۆشدەویست و بە دڵ و بەگیان خزمەتی کردبوو، بەڵام شتێک هەبوو کە لەو دوا ساتانەی ژیاندا ترساندبووی: کە وەکو ئاژەڵ بنێژرێ و بێئەوەی تەختە دارێکی بە سەرەوە بنرێ. چونکە خەم و خولیای خەڵکی ئەو دەڤەرانە، ئەو شتانە بوو.

دیسان نۆرە پژمینێک، قسەکەی پێبڕی. بەڵام هەرکە وەخۆ هاتەوەو پژمینەکە بەریدا، بە هەڵچوونێکی پترەوە کەوتەوە قسان. بە ڕادەیەک بە پەلە قسانی دەکرد کە بە باشی وشەکانی نەدەدرکاندو چاوەکانی ماندوو و شەکەت، بە نائومێدی لە پشت عەینەکەکەیەوە، دەتروکان.

گەنگەشەیەکی گەرم لە سەر ئەوە ڕوویدا کە کێهە دکتۆر لەو چوارە ئەم کارە بکات. ئەنجام ڕائید میراندا کوریو، سەرۆکی خەستەخانە مەیدانیەکەی لەشکر، دەستی دایە هەڕەکە (مشار) و سیانەکەی دی جەستەکەیان تووند گرت. هەوڵیاندا، سەرەکە بخەنە ناو پەقرەجێکی پڕ لە ئەلکولەوە، بەڵام چونکە پاشماوەی قژەکەی و ئەو گۆشتەی بە سەریەوە مابوو، خەریک بوو هەڵدەوەری، ناچار بوون بیخەنە ناو کیسەیەکی پڕ لە قسڵ و ئاهەکەوە. بەمجۆرە سەرەکەیان بۆ سلڤادور نارد. ئەم ئەرکەیان، ئەرکی گوێزانەوەی سەرەکە، بە ملازم یەکەم پینتو سوزا، قارەمانی فەوجی سێی پیادە سپارد کە یەکێک بوو لەو ئەفسەرە کەمانەی لە شەڕ ڕزگاری بووبوو، یەکەکەیان لە یەکەم شەڕا کە ڕووبەڕووی پاجو بووبوونەوە، ئیبادە بووبوو. ملازم پینتو، سەرەکەی ڕادەستی کولیژی پزیشکی کردو چەند زانایەک بە سەرۆکایەتی دکتۆر نینا ڕودریگس معایەنەی کرد، ئەندازەیان گرت، کێشایان. هیچ هەواڵێکی دروست وتەواو، سەبارەت بە معایەنەکە، لە ژووری توێکاریەوە، دزەی نەکردووە. داخۆیانە فەرمیەکە زۆر کورت بوو. هەڵبەتە دکتۆر نینا رودریگس، ئەم داخۆیانەی داڕشتبوو، کە جەماوەری خەڵکەکەی تەواو پەست کرد، تاقە شتێک کە لە داخۆیانەکە (ڕوونکردنەوە)دا هاتبوو ئەمە بوو کە زانایان هیچ شتێکی نائاساییان لە پێکهاتەی کاژەڵەی ئانتونیو کونسولیرو دا، نەدیتووە.

بارۆن، کە بە تاسەیەکی پڕ ئومێدەوە دەیڕوانیە باخەکە گوتی: " هەموو ئەم بویەرانە "گالیلیو گال"م وەبیر دێنێتەوە. ئەویش باوەڕێکی شێتانەی هەبوو کە کاسە سەر و کاژەڵە، گوزارشت لە کەسایەتی دەکات، کەسایەتی ئینسانی پێ دەناسرێتەوە."

بەڵام هەموو هاوکارەکانی دکتۆر رودریکس، لە سلفادورا، هاوڕەئی ئەو نەبوون. بۆ نموونە دکتۆر( هونوراتودی ئالبوکرک) بە نیاز بوو لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئەو ئەنجامگیرییە بڵاوبکاتەوە کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکە زاناکانا هاتبوو. ئەو قەناعەتی وابوو کە بە گوێرەی پۆلێن و لێکۆڵینەوەکانی زانای سوێدی (رتزیوس) کاژەڵەی تەنگ، نیشانەی کەللە ڕەقی و تاکڕەهەندی وەکو (تاسوبی مەزەبی) خاوەنەکەیەتی.

ئەمە جگە لەوەی کە کاژەڵەی کەوانەیی، بە گوێرەی بۆچوونی (بنیدکت) نیشانەی پەرکەمداری خاوەنەکەیەتی، تایبەتە بەو کەسانەی کە بە گوتەی سامت، کتێبی دوعا ونزایان بەدەستەوە دەگرن، بەدەمی ناوی خودا دێنن و پەڵەی ڕەشی تاوان و دزیەتیان لە دڵدایە.

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: "دەبینی؟ کانودوس یەک چیرۆک نییە،... بەڵکو درەختی چیرۆکانە."

بارۆن بە ڕاوێژێکی ساردەوە پرسی: " حاڵت باش نییە؟ وادیارە قسەکردن لەو بارەیەوە بۆ تۆ باش نییە. یانی سەری هەموو ئەو دکتۆرانەت دەدا؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، وەکو کرم دوو لا کۆمابووەوە و بە جۆرێ دەیڕوانی لە تۆ وایە لە جێی خۆی ڕەق بووەتەوە. هەرکە معایەنەی پزیشکەکان تەواو بووبوو، کێشەیەک هاتبووە پێشێ. چی لە کاژەڵەکە بکەن ( کاژەڵە: قەحف، کاژەلاک، کاسە سەر، جومجومە)؟ یەکێکیان پێشنیازی کرد، کە وەکو شتێکی دەگمەنی دیرۆکی بۆ ( مۆزەخانەی نیشتمانی ) بنێرن. بەلام ئەم پێشنیازە بە توندی ڕەفزکرایەوە. لە لایەن کێوە ڕەفز کرا؟ لە لایەن ماسۆنیەکانەوە. دەیانگوت خەڵکی حاڵی حازر (سەید بون فیم) یان هەیە و ئەوەیان بەسە ( پێدەچێت سەید بون فیم، وەلی و شەخس بووبێ و گۆڕەکەی بوو بوو بە مەزارگەی خەڵکانێکی ئەو ڕۆژگارە.) ئەگەر کاژەڵەکەیان لە سەندووقێکی شووشەیی نابا و لە مۆزەخانەی نیشتمانیان دانابا، ئەویش دەبوو بە زیارەتگای دووەم، هەڵبەتە زیارەتگای هەرتوقیەکان (بیدعەتچی، مورتەدان). سوپا لە گەڵ ئەو بۆچوونەدا بوو: دەبوایە کارێ بکرێ ئەم کاژەڵەیە نەبێت بە شتێکی موبارەک و تۆوی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێن ئایندە. دەبوایە لە نێوی ببەن. بەلام چۆن؟ چۆن؟

بارۆن، لە بن لێوانەوە گوتی: "هەڵبەتە چاری لە گۆڕنان نەبوو."

هەڵبەتە وایە، چونکە خەڵکانی وشکە دیندار، درەنگ یان زوو، شوێنی ناشتنی سەرەکەیان دەدۆزییەوە. چ جێگەیەک لە بنی دەریا دوورتر وئەمینتر بوو بۆ ئەم کارە؟ کاژەڵەکەیان خستە ناو گونیەک و پڕیان کرد لە بەرد، دەمەکەیان درو، ئەفسەرێکی سوپا، شەوێ بە سواری بەلەمێک بردی بۆ جێیەک لە ئوقیانووسی ئەتڵەسی، جێیەکە کەوتبووە نێوان قەلای ساومارسیلو و دورگەی ئیتاباریکا، هەڵیدایە دەریاکەوە، تا بکەوێتە بنی دەریاکە و پاشان مەرجان لە سەری بڕوێت. ئەو کەسەی ئەم کارەی کرد ملازم پینتو سوزا بوو، ئەمەش کۆتایی چیرۆکەکە بوو.

پەیامنێرەکە دەست دەست ئارەقەی دەکردەوە، بە جۆرێ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، کە بارۆن لە دڵی خۆیدا گوتی: " هاکا لە هۆش خۆی چوو." ئەم داهۆڵە مردەلۆخە چ هەستێکی بەرانبەر بە مورشید هەیە؟ ئایا جۆرە نەخۆشیەکە؟ یان هەر جۆرە کونجکاویەکی سادە و ئاسایی ڕۆژنامەوانێکی ڕموودەی گۆتەگۆتانە؟ ئایا بە ڕاستی گەیی بووە ئەو قەناعەتەی کە مورشید پەیامبەری ئاسمانی بوو؟ چما بەو ڕادەیە خۆی بۆ کانودوس خستبووە عەزابەوە؟ چما وەکو هەر کەسێکی دی هەوڵی نەدەدا، بویەرەکە فەرامۆش بکات؟

گوێی لێبوو دەڵێت: " گوتت گالیلیو گال؟ "

بارۆن، سەری ئەرێی بۆ لەقاند، نیگای لەو چاوە بێ قەرارو سەرە تاشراوە بوو وگوێی لە قسە شووم و کارەساتبارەکانی ئەو بوو. " گال باوەڕی بەو شتانە هەبوو. باوەڕی وابوو ڕەمزو ڕازی هەرکەسێک لە ئێسقانەکان سەریا پەنهانە. من لە خەیاڵی ئەوەدام ئاخۆ ئاخری گەییە کانودوس یان نا؟ ئەگەر گەیی بووبێ، بێگومان زۆری بەلاوە زەحمەت و ناخۆش بووە، کە بە چاوی خۆی دیتوویەتی ئەو فەڕتەنەیەی ئەوێندەر ئەو شۆڕشە نەبووە کە ئەو خەوی پێوە بینیوە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە گوتی: " هەم هەو بووە و هەم هەو نەبووە. ئەوێندەر هەم قەڵەمڕەوی تاریک ئەندێشی بوو و هەم جیهانی برایەتی، دنیایەکی ئازادی زۆر تایبەتی، لەوەیە هەرگیز تووشی ئەو هەموو نائومێدیە نەبوایە."

- باشە زانیت چی بەسەر هات؟

ڕۆژنامەڤانەکە بەرسڤی دایەوە: " لە شوێنێکی نزیک کانودوسدا مرد. بەر لەو بویەرە زۆرجار دەمبینی. لە قەلا، کە خانێک بوو لە دووری شار. کەسێکی دەماوەر (قسەزان، زمان پاراو) بوو، شەخسیەتێکی باڵکێشی هەبوو. دەمارێکی شێتاتی تیابوو. دەستی لە کاژەڵەی خەڵکی دەدا و پێشبینی شۆڕشی گەورەی دەکرد. من بە کەسێکی فریبۆکم (خاپینۆک) دەزانی. کەس باوەڕی نەدەکرد کە ئەم پیاوە ببێت بە کەسایەتیەکی تراجیکی."

بارۆن گوتی: " هەندێک دەستنووسی ئەوم لایە... جۆرە بیرەوەرییەک یان وەسێتنامەیەکە لە ماڵی من، لە کالومبی نووسیویەتی. قەرار بوو من بیگەینمە دەست یەکێک لە هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی. بەڵام من نەمتوانی ئەو کارە بکەم، نەک لەبەر ئەوەی نەمدەویست ئەو کارە بکەم، تەنانەت لە بەر ئەو کارە تا (لیون)ش چووم.

چما زەحمەتی ئەو سەفەرەی لە لەندەنەوە بۆ لیون دابووە بەر خۆی تا بە دەستی خۆی ئەو نووسینەی گال بگەیەنێتە دەستەی نووسەرانی (پزیسکی شۆڕش)؟ بە هەرحاڵ ئەمەی لەبەر خۆشەویستی کابرای کاژەڵەناس نەکردبوو. ئەو هەستەی بەرانبەر ئەو کابرایە هەیبوو، جۆرە کونجکاوی و فزولێک بوو، جۆرە بایەخدانێکی زانستی بوو بە جیاوازی حەتمی تیرەی بەشەر. بۆیە زەحمەتی سەفەری بۆ لیۆن کێشابوو، تا بزانێ هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی ئەو پیاوە چتۆ خەڵکانێکن، گوێی لە دەم و دوویان بێ، ئەوە کەشف بکات کە ئاخۆ ئەوانیش هەمان قسەکانی ئەو دەکەن و باوەڕیان بە هەمان شتەکانی ئەو بوو. بەڵام ئەو سەفەرە بێهودە بوو، تەنیا کات بە فیڕۆدان بوو. تاقە شتێک کە دەستی کەوتبوو، ئەوە بوو کە (پزیسکی شۆڕش) کە ڕۆژنامەیەک بوو، ناو بە ناو دەردەچوو، ماوەیەک لەوە پێش بە تەواوی داخرابوو. ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانەیەکی بچووکی لاکۆڵان چاپ دەبوو کە خاوەنەکەی کابرایەکی قەڵبەزەن (کەسێ پارەی ساختە دروستدەکات) دەبێ و لە سەر دروستکردنی ئەسکەناسی ساختە، گیرابوو وحوکمی چوار ساڵ زندانی درابوو. ئەم سەربورە، ڕێک پڕ بە پێستی چارەنووسی گال بوو کە وتارەکانی بۆ کەسانێکی تاپۆ ئاسا دەنارد و بەجۆرێ بمرێ کە هیچ یەکێک لە ئاشنا و بناژۆکانی ئەوروپای هەرگیز نەزانن لە کوێ، چۆن و، بۆ مرد...

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە بن لێوانەوە گوتی: "چیرۆکی پیاوە شێتەکان؛ مورشید، موریرا سیزار، گال، کانودوس گەر هەموو ئەوانەی بەرەو شێتی برد، هەڵبەتە بە تۆشەوە."

بەڵام لە ناکاوا بیرۆکەیەکی بە مێشکا هات، یەکسەر دەمی دادەخات و یەک قسەی دی ناکات.

-" نەخێر ئەوانە لە پێش ئەم بویەرەدا شێت نەبوون. تەنیا ئەستیلا بە هۆی کانودوسەوە عەقڵی لە دەست دابوو." دەبوایە خۆی کۆنترۆڵ بکات تا لە هوڕژنی گریان نەدات. بیری نەدەهات بە منداڵی یان گەنجی گریابێت. بەڵام دوای ئەو بویەرەی کە بۆ بارۆنس پێش هاتبوو، جارەهای جار لە نووسینگەکەی خۆیا، لەو شەوانەدا کە خەوی زڕا بوو، گریا بوو.

پەیامنێرە کوێرەمووشەکە دیسان قسەکەی بۆ ڕاستکردەوە: " ئەمە زیاتر چیرۆکی بەدحاڵی بوون بوو تا چیرۆک وبە سەرهاتی شێتان. بارۆن حەزدەکەم یەک شت بزانم. تکا دەکەم ڕاستیم پێ بڵێی."

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: " لەوەتای وازم لە سیاسەت هێناوە، تەقریبەن هەمیشە هەر ڕاستم گوتووە. دەتەوێ چی بزانی؟"

ڕۆژنامەڤانەکە پرسی: "پەیوەندی لە نێوان مورشیدو سەڵتەنەتخوازەکاندا هەبوو یان نا." وچاوەڕوانی کاردانەوەی بارۆنی کرد. "مەبەستم ئەو گروپە بچووکە نییە، کە زۆر بە خەمی نەمانی ئیمپراتوریەتەوە بوون و هێندە ساویلکە و دڵساف بوون، کە بە ئاشکرا ئەوەیان لە ناو خەڵکیدا باسدەکرد... خەڵکانی وەکو جەنتیل دی کاسترو. من مەبەستم خەڵکانی وەکو تۆ و وەکو حیزبەکەی تۆیە، حیزبی خۆیبوونخوازی باهیا، سەڵتەنەتخوازە تەواو عەیارەکان کە بیروباوەڕی خۆیان دەشاردەوە. ئایا ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە مورشیدەوە هەبوو؟ هانیان دەدا؟

بارۆن، کە بە خۆشیەوە تەمەشای ئەوی دەکرد، لە ناکاوا لە قاقای پێکەنینی دا: "باشە لەو هەموو ماوەیەدا کە لە کانودوس بووی، وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدۆزییەوە؟ باشە تۆ هیچ سیاسەتوانێکی خەڵکی باهیا، ساوپاولو، ریوت لە نێو گەریلا وشەڕڤانەکاندا بینی؟"

دەنگە ناسازەکە بەرسڤی دایەوە: " پێشتر پێم گوتیت کە من زۆر شتم نەدەبینی. بەڵام ئەوەم بۆ بەدیارکەوت کە تۆ لە کالومبییەوە گەنمۆک (گەنمەشامی)  و شەکر و پەزت بۆ دەناردن."

بارۆن گوتی: "دەی باشە، هەڵبەتە ئەوەش دەزانی کە بە ناچاری ئەو شتانەم دەنارد، دەبوایە بینێرین، ئێمەی موڵکداران وئاغایانی ئەو دەڤەرە، هەموومان ناچار بووین ئەو کارە بکەین تا ئەوانە موڵک و مەزراکانمان نەسووتێنن. مەگەر ناچار نەبووین بەو جۆرە مەرایی چەتە و ڕێگرەکانی سیرتاو ( سارا، بیابان، دەشت ) بکەین؟ دەستێ نەتوانی بیبڕی دەبێ ماچی بکەی، ئەگەر نەتوانی بیانکوژی، دەبێ بیانکڕی. خۆ ئەگەر کەمترین پەیوەندیم لە گەڵیاندا هەبوایە، بە بەرچاوی هەموو دنیاوە (کالومبی) یان کاول نەدەکرد وژنەکەم عەقڵی لە دەست نادا. ئەو خەڵکە تووندڕەو وڕادیکاڵانە سەڵتەنەتخواز نەبوون، هەر نەیاندەزانی ئیمپراتۆریەت چییە. بەڕاستی ناچێتە عەقڵەوە کە تۆ ئەمەت نەبینی بێ، هەستت پێ نەکردبێ، هەرچەندە..."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، ئەمجارەش ڕێگەی بارۆنی نەدا کە قسەکەی تەواو بکات. بەدەم چاو تروکاندنەوە و بە بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە چ دەڵێت گوتی: "ڕاستە کە نەیاندەزانی ئیمپراتۆریەت چییە، بەڵام وێڕای ئەوەش سەڵتەنەتخواز بوون... هەڵبەتە بە شێوازی تایبەتی خۆیان، شێوازێک هیچ سەڵتەنەتخوازێک سەری لێ دەرنەدەکرد. دەیانزانی کە سەڵتەنەت کۆلەداری هەڵوەشاندووەتەوە. مورشید، ستاریشی دۆتمیر ئیزابیلی دەکرد کە ئازادی بە کۆیلەکان دابوو. پێدەچوو قەناعەتی وابێ کە هۆی ڕوخانی سەڵتەنەت، ئازادکرنی کۆیلەکان بوو، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆلەداری بوو. لە کانودوس دا هەمووان باوەڕیان وابوو کە ڕژێمی کۆماری دژی هەڵوەشاندنەوەی کۆلەداریە و دەیەوێ سیستەمی کۆلەداری بگەڕێنێتەوە."

بارۆن، دووبارە بزەیەکی کرد وگوتی: " یانی تۆ لەو باوەڕەدای کە من و دۆستەکانم ئەم بیرەمان خستووەتە مێشکی مورشیدەوە؟ ئەگەر هەر کەسێک ئەو پێشنیازەی بۆ ئێمە کردبا دەمانگوت یارۆ شێت بووە، عەقڵی لە دەست داوە."

ڕۆژنامەڤانەکە، بە ڕاوێژێکی بەرز گوتی: " وێڕای ئەوەش، ئەو داوایە زۆر شتان ڕوون دەکاتەوە. وەکو دژایەتی سەرژمێری، زۆرم بیر لەو دژایەتیە کردەوە تا هۆیەکەیم دۆزییەوە. پێموایە هۆیەکەی ئەمانەیە، نەژاد، ڕەنگ، ئاین. ئەگەر ڕژێمی کۆماری بە نیاز نییە، دووبارە قولە ڕەشەکان بکاتەوە بە کۆیلە، چی داوە لە نەژاد و

ڕەنگی خەڵکی؟ چما لە ئاین و ئۆلی خەڵکی دەپرسێت، ئەگەر نایەوێ ئیمانداران بناسێت بەرلەوەی قەتڵ و عامیان بکات؟"

بارۆن پرسی: " ئایا ئەوە ئەو بەد حالی بوونەیە کە کانودوسی بەم ڕۆژگارە گەیاندووە؟ "

ڕۆژنامەڤانە چاو پڕوشەکە بە هانکە هانکەوە گوتی: " ئەمە یەکێکە لە هۆی بەدحاڵی بوونەکان. دەمزانی کە گەریلاو شەڕڤانەکان، بە هیچ خوردە سیاسەتڤانێک نەدەخەڵەتان. من حەزم دەکرد ئەمە لە زمانی خۆتەوە ببیستم."

بارۆن گوتی: " دەی باشە، ئێستا بیستت " دۆستەکانی ئەگەر بیانتوانیبا پێشبینی ئەو شتانە بکەن چیان دەگوت؟ کۆمەڵێ ژن و پیاوی بێ سەروبەری سارانشین دەست بدەنە چەک و پەلاماری کۆمار بدەن و ناوی ئینفادونا ئیزابیل ببێ بە وێردی سەر زمانیان! نا، شتی وا ئەوەندە دوور و باوەڕنەکردەنی بوو، هیچ سەڵتەنەتخوازێکی بەرازیلی لە خەونیشدا بە بیریا نەدەهات.

***

تەتەرەکەی ئەبوت جواو، لە دەوروبەری جویتیە دەگاتە ئانتونیو ڤیلانوڤا، دووکاندارەکەی جاران، لێرەدا، لە گەڵ چواردە شەڕڤاندا، خۆیان لە کەمین ناوەو چاوەڕوانی گەیشتنی قافڵەیەکی ماڵات وپەزن. ئەو هەواڵانەی ئەم تەتەرە هێناویەتی ئەوەندە جدی و هەستیار و خەتەرە کە ئانتونیو بڕیار دەدا پێش ئەوەی ئەو ئەرکەی لە پێناویا بۆ ئێرە هاتبوو، تەواو بکات، بۆ کانودوس بگەڕێتەوە. ئەرکەکەی دابینکردنی ئازووقە وخواردن بوو. لەوەتای سەربازەکان هاتبوون بۆ ئێرە، سێ جار ئەو ئەرکەی پێ سپێردرابوو، لە هەر سێکیاندا سەرکەوتوو بووبوو: جاری یەکەم بیست و پێنج سەر گا و گوتاڵ و دەیان سەر کار و بزن بوو، جاری دووەم هەشت سەرو جاری سێیەم دوازدە سەر گا وگۆتاڵ بوو. ئەمە جگە لە یەک عەرەبانە ئاردی مانیوک وقاوەو شەکرو خوێ.

خۆی لە سەر ئەم کارە مکووڕ بوو تا خۆراک و ئازووقە بۆ گەریلاو شەڕڤانەکان دابین بکات، بیانووشی بۆ ئەم کارە ئەوە بوو کە بوونی ئەبوت جواو، پاجو، پدراو و، جواوە زلە لە کانودوس دا پێویستە. سێ دانە هەفتەیە، ئەو پەلاماری ئەو قافڵانە دەدات کە لە کیماداس و مونتە سانتووە، بە ڕێگای روساریودا ئازووقە بۆ ئافیلا دەبەن.

ئەمە کارێکی هەندێک ئاسان وسادە بوو، بەڵام یارۆی دووکانداری جاران، بە کارامەیی و وردی ولێزانی خۆی لە کاروباری کارگێڕیدا شەقڵێکی تەواو زانستیانەی پێدابوو. لە سەرکەوتنەکەشیا زیاتر قەرزاربای ئەو زانیاریانە بوو کە پێی دەگەیەنرا، یانی قەرزاربای ئەو خەڵکانە بوو کە ڕێنوێنی وکۆڵبەریان بۆ سوپا دەکرد، بەڵام زۆربەیان ژێراوژێر لەو شەڕڤانانە بوون کە بە کرێ کاریان بۆ سوپا دەکرد یان لە شارە جۆراوجۆرەکانا؛ لە توکانووە تا ئیتاپیکورو، بە درۆوە ناوی خۆیان لە سوپادا نووسی بوو. ئەم خەڵکانە، لە هەر جم و جوڵێکی قافڵەکان ئاگاداریان دەکردەوە، لە شوێنی سەربازەکان ئاگاداریان دەکردەوەو پێیان دەگوت لە چ خڕو دۆڵێک، یان قەدپاڵ و بێشەیەکدا هێرش بکات. ئیدی ئانتونیو ودارو دەستەکەی خۆیان لە دۆڵێکا یان لە قەدپاڵێکا، یان لە بێشەیەکدا، بە تایبەتی بە شەو، مەڵاس دەدا تا قافڵەکە پەیدا دەبوو، هەنگێ لە ناکاوا پەلاماری قافڵەکەیان دەدا، دەستیان بە تەقە دەکرد، فشفشەیان بە ئاسماندا دەتەقاند، جوزەلەیان لێدەدا، حەیوانەکان لە ترسا سەریان لێدەشێواو ملیان بە بێشەکەوە دەنا. ئیدی لەو کاتەدا کە ئانتونیو و دەستەکەی سەربازەکانیان بە دوورە تەقەوە

مژوول دەکرد، بەڵەدو کۆڵبەرەکان، هەموو ئاژەڵ وحەیوانەکانیان خڕدەکردەوە، لە نزیکترین ڕێگاوە، کە پێشوەختە دیاریان کردبوو، ماڵاتەکەیان بۆ کانودوس ڕادەدا – نزیکترین و ئەمین ترین ڕێگا بە کالومبی دا ڕەت دەبوو کە هێشتا سەربازەکان پەیان پێ نەبردبوو – ئانتونیو و دەستەکەی دواتر خۆیان دەگەیاندنێ.

ئەمجارەش قەرار بوو هەمان کار دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر تەتەرەکە ئەم هەواڵەی نەهێنابایە کە: سەگەکان، لەگینە لە هەر ئان و ساتێکا پەلاماری کانودوس بدەن. ئانتونیو و دەستە چواردە کەسیەکەی کە دانیان دەکرۆشت و چارەیان بەیەکدا دابوو، بە هەشتاو بەرەو کانودوس دەڕۆن. هەموو هۆش وگۆشیان لای ئەوە بوو بگەنەوە بیلومونتە و شانبەشانی ئەوانی دی، دەوری مورشید بگرن و لە هێرشی خوانەناسەکانی بپارێزن. داروغا لە کوێ زانیویەتی، کە سەگەکان بە تەمای هێرشن؟ تەتەرەکە، کە شانبەشانی ئەو بەڵەدە پیرە دەڕوات، دەڵێت، دوو شەڕڤان کە بە جلکی سەربازیەوە، بە دەوروبەری ئافافیلادا دەگەڕێن، هەواڵەکەیان هێناوە. هێندە سادە و ساکارانە و ڕاستەوخۆ قسە دەکات وەکو ئەوەی زۆر ئاسایی بێ کە ڕۆڵەکانی مەسیحی موبارەک لە بەرگی شەیتاندا، بچنە تاقیب و سۆراغی شەیتانان.

ئانتونیو ڤیلانوڤا لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "ئیدی لە گەڵ ئەم بیرکردنەوەیەدا ڕاهاتوون، تەنانەت خۆشیان هەستی پێناکەن."

بەڵام جاری یەکەم وەختایەک ئەبوت جواو هەوڵیدابوو قەناعەت بە شەڕڤانەکان بکات کە بۆ ڕێ گومکێ جلکی عەسکەری لەبەر بکەن، چیوای نەمابوو لێی هەڵگەڕێنەوە. ئەم پێشنیازە بۆ خودی ئانتونیوش بە ئاسانی قووت نەدەچوو. بیرۆکەی ئەوەی کە جلکێک لەبەر بکات کە ڕەمزو نیشانەی ئەوپەڕی دزێوی و شەڕئەنگێزی و دژمنایەتی ئەم دنیا بوو، زۆری پەست دەکرد و چاک دەیزانی کە بۆچی پیاوانی کانودوس، بە تووڕەیی مردنیان بە جل وبەرگی سەگانەوە ڕەفز دەکرد. دەبیرەوە دەچێت: " بەڵام وێرای ئەوەش ئێمە هەڵە بووین، هەق بە ئەبوت جواو بوو." چونکە زانیاری ئەو نەوجەوانە ئازایانەی کە بە دزییەوە خۆیان بە سەربازگەکاندا دەکرد تا مێروڵە و مارو دووپشک لەوێندەر بڵاوبکەنەوە یان ژەهر بکەنە جەونە ئاوی سەربازەکانەوە، هەرگیز نەدەگەییە وردی و دروستی ئەو هەواڵانەی کە خەڵکانی کاملێ، دەرکراو یان هەڵاتوو لە سوپا، دەیان هێنا. پاجو یەکەم کەس بوو کە ئەم کێشەیەی یەک لایی کردەوە. شەوێک لە سەنگەرەکانی (رانشو دوفیگارو) کە سەرگەرمی گەنگەشەیەکی گەرم بوون لەو بارەیەوە، ئەو ( پاجو ) بە جلکی عەریفییەوە هات و گوتی بە نیازە بە دزییەوە خۆی بەناو دژمن دا بکات. هەمووان دەیانزانی ئەو کارە، ئەگەر کاری هەر کەسێک بێ، کاری پاجو نییە، چونکە وەکو گای قەشانە و یەکسەر کەشف دەبێت. ئەوسا ئەبوت جواو لە شەڕڤانەکانی پرسی بوو ئایا بە ڕای ئەوان دروستە کە پاجو خۆی فیدا بکات، تا ببێ بە سەرمەشقی ئەوان و لە واهیمە و گرێی لە بەرکردنی چەند پارچە جلێکی عەسکەری ڕزگاریان بکات. ئیدی حەوت کەس لە دەستەکەی جارانی پاجو، ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە جلکی عەسکەری لە بەربکەن.

ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە داروغا کێشەی ئەوەی نەما کە شەڕڤانەکان بە دزییەوە بە جلکی عەسکەرییەوە، بنێرێتە ناو هێزەکانی دژمن.

دوای چەند سەعاتە ڕێیەک، بۆ ئیسراحەت و نانخواردن دەوەستن. دنیا بەرەو تاریکی دەچێت. تەنیا تاپۆ و تارمایی شاخەکانی ئوکامبایو و سیرادا کانا براڤا دەبینن کە ڕووەو ئاسمانی لێڵ هەڵکشاون. شەڕڤانەکان، بە شیوەی بازنەیی و بە چوار مشقی دادەنیشن، توێشەبەرەکانیان دەکەنەوە، سەرو تۆزێ نانی وشک و قاورمە

دەردێنن و بە بێدەنگی دەست بە نان خواردن دەکەن. ئانتونیو ڤیلانوڤا، هەست بە ماندوویەتی دەکات، پێیەکانی تلۆقیان کردووە و ئاوساون. بڵێی نیشانەی پیری بێ؟ ئەمە هەستێکە لەم چەند مانگەی دواییدا بەرۆکی گرتووە. یان زادەی ئەو چالاکییە زۆرەیە کە واقیعی شەڕەکە سەپاندوویەتی؟ ئەوەندە لاواز بووە، ناوقەدی باریک بووە ناچار بووە چەند کونێکی دی بخاتە کەمەربەندەکەی و ئانتونیا ساردلینیا ناچار بووە هەر دوو کراسەکەی بۆ بچووک بکاتەوە، کە هێندە بە بەری گەورە بووبوو لە بیجامە دەچوون. بەڵام، مەگەر هەموو خەڵکی بیلومونتە، بە ژن و پیاوەوە، هەمان شتیان بە سەر نەهاتبوو؟ مەگەر جواوە زلە و پدراو، ئەو دووانە زەلامەش نەبووبوون بە داسک و دەرزی؟ ئەدی هونوریوش شانەکانی دانەکەوتوون و قژی سپی نەبووە؟ ئەدی ئەبوت جواو و پاجۆش لە تەمەنی خۆیان پیرتر دیار نەبوون؟

گوێ بۆ ڕمبەی ئەو تۆپانە دەگرێت کە لە باکوورەوە دێت. دوای بێدەنگیەکی کەم، دووبارە چەند ڕیزە تۆپبارانێک دەست پێدەکاتەوە. ئانتونیو و شەڕڤانەکان ڕادەپەڕن و دووبارە بە هەنگاوی هەڕاو بۆی دەردەچن.

سپێدە زوو لە ڕێگەی ئوتابولیرنیوە، دوای پێنج سەعاتە ڕێ بە ژێر تۆپباراندا دەگەنە بیلومونتە. لە لای کانیەکە، نزیکی هەوەڵینماڵەکان، تەتەرێک چاوەڕوانیانە تا بۆ لای ئەبوت جواویان ببات. داروغا (ئەبوت جواو) ئێستا لە خەندەک و سەنگەرەکانی ( فازندا فالیا ) دایە و ژمارەی شەڕڤانەکانی دوو هێندەی جارانە. هەموو دەستیان لە سەر پەلەپیتکەی تفەنگ یان شمخاڵە لوولە درێژەکانیانە و بە وردی بە قەدپاڵی ئافافیلا یان، لەبەر ڕوناکیە کزەکەی کازیوەدا داوەتە چاو، چاوەڕوانن تا بزانن کەی ماسۆنیەکان وەکو مار ومێرو لەوێندەرەوە دادەگەڕێن. ئانتونیو، لە بن لێوانەوە دەڵێت: " سوپاس بۆ مەسیحی موبارەک، مورشید." ئەبوت جواو بێئەوەی سڵاوەکەی بسەنێتەوە لێی دەپرسێت ئایا لە ڕێگا سەربازانی دیتووە. "نەخێر، تەنانەت دەورێشم نەدیتووە."

ئەبوت جواو دەڵێت: " نازانین هێرشەکە لە کوێوە دەست پێدەکات."

دووکاندارەکەی جاران دەبینێ کە کابرا چەند نیگەرانە. " ئێمە ئاگامان لە هەموو شتێکە تەنیا گرینگترینیان نەبێ. "

بەگوێرەی مەزەندەو حیساباتی داروغا، لەم قۆڵەوە هێرش دێنن، چونکە نزیکترین ڕێگایە بۆ بیلومونتە، بۆیە بە خۆی وسێ سەد گەریلا و سەرڤانەوە بۆ پشتیوانی پاجو هاتووە، تا ئەم سەنگەرانە، کە بە شێوەی کەوانەیی و بە مەودای نیو فرسەخان لە خوار مونتە ماریووە تا ئوتابولیرینو، لێدراون، بەهێزبکەن.

ئەبوت جواو، بۆی روون دەکاتەوە کە پدراو قۆڵی ڕۆژهەڵاتی بیلومونتەی گرتووە، واتە ئەو قۆڵەی کە پڕە لە ئاغەڵ و مەزرای داچێنراو و قەدپاڵی چڕە دارستان، کە ڕێگای ترابوبو، ماکامبیراو جرموابوی پێدا دەڕوات. بەڵام شارەکە، کە بە گاردی کاتولیک بە فەرماندەیی جواوە زلە سپێردراوە، هەر چوار دەوری بە مەتەڕێزی تازەی تاوێر و گونیە لم گیراوە و کۆڵانە تەنگەکان و دوو ڕیان و چوار ڕیانە سەرەکیەکان و مەیدانی کڵێسا و نوێژخانەکە تەواو قایم کراوە... چونکە مەزەندە وایە، وەکو چۆن تۆپبارانەکە لەوێندەرەوە دەکرێ، بەو ئاوایە هێرشەکەش لەوێندەرەوە دەکرێ.

هەرچەندە ئانتونیو ڤیلانوڤا، حەزی دەکرد داروغا پرسیار پێچ بکات، بەڵام دەزانێ کات کەمە. پێویستە چ بکات؟ ئەبوت جواو پێی دەڵێت ئەو و هونوریوی کردووە بە بەرپرسی بەرگری لە دەڤەرەکەی شانبەشانی دۆڵی (فازا – پاریس) واتە ئەو دەڤەرەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئالتودو ماریووە دەست پێدەکات تا دەگاتە جرموابو. داروغا

بێئەوەی وەخت بە ڕوونکردنەوەی زیاترەوە بە فیڕۆ بدات، بە ئانتونیو دەڵێت هەرکە سەربازانی لەو قۆڵەوە بەدی کرد یەکسەر ئەم ئاگادار بکاتەوە، چونکە گرینگترین شت ئەمەیە کە بزانرێ ئەوانە دەیانەوێ لە کام قۆڵەوە خۆ بە شارا بکەن. ڤیلانوڤا و هەر چوارده شەڕڤانەکەی بە هەڵەداوان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی خۆیان دەڕۆن.

ماندوویەتیەکەی وەکو ئەوەی ئەفسوون کرابێ، ڕەوییەوە. هەڵبەتە ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی جیلوەی خوایی، بەڵگەی حوزورێکی میتافیزیکی بوو لە بوونی ئەودا. باشە ئەگەر ئەمە کاری باوک (خوا)، مەسیحی موبارەک نەبێ چییە؟ لەوەتای بە هەواڵی هێرشەکەی زانیوە، کارو پیشەی بووە بە ڕاکە ڕاک و مشورخۆری. هەموو چەند سەعاتێ لەوە پێش، کە بە (لاگوادوکیپو) دا ڕەت دەبوو، لاقی لە دووی نەدەهاتن و دڵی بە جۆرێ لێی دەدا، دەترسا لە ناکاوا بکەوێ و بمرێت. کە جی ئێستاش ئەوەتا بەم دیار و دەڤەرە بەردەڵانە سەخت و دژوارەدا بە هەشتاو، بەم گردا هەڵدەگەڕێ و بە دۆڵا دادەگەڕێ، ئێستاش لە کۆتایی شەوێکی درێژا، دنیا نقومی ڕوناکیەکی کوێرکەر بووە، ڕمبەی تۆپ و تۆپبارانی لە پەستا و بێ پسانەوەی دژمن، دنیای هەڵگرتووە، وێڕای ئەوەش هەست بە ئاسوودەیی دەکات، وەکو ئەوەی ئیسراحەتێکی تەواوی کردبێ، ئامادەیە بۆ هەر کارو چالاکیەک و دوور دەزانێ ئەو چوارده شەڕڤانەی کە لە گەڵیان، هەمان هەست و نەستی ئەویان هەیە. ئاخر جگە لە باوک ( خوا ) کێ ئەم گۆڕانەی بە سەر هێناون، ڕێک لە کاتی پێویست دا، ئەو هەموو تین وتاوەی بۆ گێڕاونەتەوە. ئەمە یەکەمجار نیە کە ئەم توشی ئەم حاڵە دەبێ. چەندین جار لەم چەند هەفتەیەی دواییدا، کە هەستی دەکرد خەریکە هەرەس دێنێ، لە ناکاوا ورەو هێزو توانایەکی ئەوتۆی تێدەگەڕا، وەکو ئەوە بوو هێزێک بۆ ئاسمانی بەرز بکاتەوە تا تازە ببێتەوە، تا فوویەکی گەورەی ژیانی بە بەرا بکاتەوە.

لە ماوەی ئەو نیو سەعاتە ڕێیەدا کە جارێ بە غاردان و جارێ بە لۆقە بەرەو سەنگەرەکانی شانبەشانی فازا – پاریس دەی برن، ئانتونیو ڤیلانوڤا، بە چاوی خۆی گڕو بڵێسەی ئەو شەواتە (حەریق) دەبینێ کە لە پشتیانەوە، لە کانودوس بەرزدەبێتەوە.

خەمی ئەو سووتانی ماڵەکەی خۆی نییە، بەڵکو ئەوەیە ئەو تەگبیرەی ئەو بۆ ئاگربڕ و تەشەنە نەکرنی ئاگر کردبووی، جێبەجێ دەکرا یان نا؟ بە گوێرەی تەگبیر و نەخشەکەی ئەو سەدان بەرمیل و سەندووقی پڕ لە گڵ و لم لە شەقامەکان و چوار ڕیانەکاندا دانرابوو، ئەو خەڵکانەی کە لە شارەکەدا مابوونەوە، دەیانزانی دەبوا هەرکاتێک گوللە تۆپێک بتەقابایەتەوە، دەبوا بلەز بڕۆن و سەتڵە لم و گڵەکانیان بە ئاگر و شەواتەکەدا بکردایە و بیانکوژانایەتەوە. ئانتونیو، بە جۆرێ کارەکەی ڕێکخستبوو کە لە هەر گەڕەکێک دا، ئاوەدانی تیا مابوو، ژنان و منداڵان و پیرەمێری ئەو گەڕەکە، بە کاری کوژاندنەوەی ئاگرەکە ڕابگەن.

ئانتونیو، دیدەنی هونوریوی برای و براژنەکەی و ژنەکەی خۆی، لە سەنگەرەکاندا دەکات. خوشکانی ساردلینیا، لەگەڵ ژنانی دیدا، لە سەنگەرێکی سەر گیراوا، بەدیار سەندووقە ئازووقەو جلیکانە ئاو ودەرمان وسارغییەوە، جێگیر بوون. هونوریو دەڵێت: "بەخێر هاتی داشۆ " ( داشۆ: بە مانای برا گەورە دێ، لە نێو دۆست و ئەحبابا بۆ ڕێزی زۆر بەکار دێ.) و باوەشی پێدا دەکات. ئانتونیو، بۆ چەند ساتێک لە گەڵیدا دەمێنێتەوەو بە تاسەوە ئەو قاپە خواردنە وەردەگرێ، کە خوشکانی ساردلینیا بۆ ئەو شەڕڤانانەیان تێدەکرد کە تازە دەگەیینە جێ. دوای ئەوەی خواردنەکەی خۆی تەواو دەکات داوا لە هەر چوارده شەڕڤانەکەی خۆی دەکات بێنە پێشەوە، ئامۆژگارییان دەکات کە بۆ خۆ چاوێ گەرم بکەن، بە خۆیشی لە گەڵ هونوریودا دەڕوات تا چاوێ بە دەڤەرەکەدا بگێڕێت.

باشە ئەبوت جواو، بۆچی لە نێو ئەو هەموو خەڵکە کارامە و شەڕدیدانەدا، ئەم دووانەی کە هیچ ئەزموونێکی شەڕیان نییە، بۆ بەرگری لەم بەرەیە هەڵبژاردووە؟ بێگومان، لەبەر ئەوەیە کە ئێرە دوورترین بەرەیە لە ئافافیلاوە: دژمن لەم ڕێگایەوە نایەت. ئەم ڕێگایە سێ هێندەی ئەو ڕاستە ڕێگایە بوو کە دەبوایە ببڕن تا هێرش بۆ فازندافلیا بکەن، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە پێش ئەوەی بگەنە ڕوبارەکە، بە ناچاری بەناو دەوەنەجاڕو دڕووەستانێکا تێبپەڕن، کە فەوجەکان ناچار دەبوون لێکدی دابڕێن کە ئەمە ڕێ و ڕەسمی کافرەکان نەبوو، ئەمانە بە کۆمەڵی یەکگرتوو شەڕیان دەکرد، وەها دەچوون بە ناو یەکدا، کە دەبوون بە نیشانی خۆشئەنگێوەی، ئەو شەڕڤانانەی کە خۆیان لە بۆسە دابوو.

هونوریو دەڵێت: " ئێمە خۆمان ئەم سەنگەرانەمان لێدا لە بیرتە داشۆ؟ "

-" ئەی مەعنای چی، لە بیرمە. ئەم سەنگەرانە هێشتا تاقی نەکراونەتەوە."

بەڵێ، جووتە برا بەخۆیان، خەڵکانیان بۆ ئێرە هێنابوو، تا لەم دەشتە کاکی بە کاکیەی نێوان ڕوبارەکە و گۆڕستانەکەدا، سەنگەری بچووک بچووک لێبدەن. هەر سەنگەرێ جێگەی دوو سێ ئەنگێوەو تفەنگچی لە زەبری، تیا ببێتەوە. ئەم خەندەک و سەنگەرانەیان ساڵێک لەوە پێش، واتە لە دوای شەڕەکەی ئواوا لێدابوو. دوای هەر لەشکرکێشیەکی دژمن، خەندەکی زیاتریان لێدەداو لەو دواییانەدا، ڕاڕەوی باریکیان لە نێوان خەندەکەکاندا لێدا، کە دەکرا شەڕڤانەکان، لەم خەندەکەوە بۆ ئەو خەندەک بڕۆن بە بێئەوەی دژمن بیاندینێ. بەڵێ ئەم سەنگەرانە هێشتا، بە ئاگری شەڕ غوسڵی تەعمید نەکرابوون، واتە لەم دەڤەرەدا هیچ شەڕێک ڕووی نەدابوو.

ڕوناکییەکی شینباوی پەراوێز زەرد، لە ئاسۆوە بەدیار دەکەوێ. دەنگی بانگی کەڵەباب (دیکل، کەڵەشێر) دێتە گوێ. هونوریو، کە وادیارە، زەینی ئانتونیوی خوێندوەتەوە دەڵێت: "وادیارە تۆپبارانەکە وەستاوە." ئانتونیو، قسەی برایەکەی تەوا دەکات: "مانای وایە کەوتوونەتە ڕێ داشۆ." خەندەکەکان، یەکی هەشت نۆ مەتر لە یەکدییەوە دوورن، بە درێژایی نیو کیلومەترێک وپانی نزیکەی سەد مەترێک، لێدراون. ئەوشەڕڤانان و گەریلایانەی کە دوو دوو و سێ سێ لەم خەندەک و سەنگەرانەدا خۆیان مات داوە، بە جۆرێ خۆیان پەنا داوە، کە برایانی ڤیلانوڤا، تا دانەنەوێنەوە، تا یەک دوو قسەیان دەگەڵ بکەن، ناتوانن بیان بینن. زۆریان، سەر و بۆری قامیشی ئەستووری پووک یان پارچە قەدی ناوکۆڵراوی درەختیان پێیە کە دەتوانن، بەبێئەوەی سەر لە خەندەکەکانەوە دەربێنن، دەرەوەیان لێوە بدینن. زۆربەیان یان خەوتون یان وەنەوز دەدەن، هەڵکوڕماون، تفەنگە مانلیچر، ماوزەر، یان شمخاڵەکانیان بە باوەشیانەوە بوو، کیسە فیشەک و باروتدانەکانیان بە تەنیشتیانەوە بوو. هونوریو، بە درێژایی فازا – پاریس خاڵی دیدەوانی دانابوو. مەفرەزەی شناسایی بۆ بەستێنی ڕوبارەکە – کە لەوێدا وشکی وشک بوو – دەرکردبوو، تا ئێستا چاویان بە دەورێی دژمن نەکەوتبوو.

بەدەم قسانەوە، بە دوو قۆڵی، بۆ پەناگە سەر گیراوەکەی ژنەکان دەگەڕێنەوە. بێدەنگیەکی سەیر باڵی بە سەر دنیادا کێشاوە، تەنیا دەنگی کەڵەباب ئەم بێدەنگیە مەنگە دەشڵەقێنێ، ئەو بێدەنگیەی دوای چەندین سەعات تۆپباران باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو. ئانتونیو، بە براکەی دەڵێت هێرشی سەر کانودوس ئەو کاتە مسۆگەر بوو. کە هێزی پشتیوانی سوپا – کە پێدەچوو لە پێنج سەد کەس پتر بن – بە سەلامەتی گەیشتنە ئافافیلا. پاجو هەرچەندە بە درێژایی ڕێگای کالدیراو، هێرشی کردبووە سەریان تەنیا ئەوەندەی پێکرابوو چەند سەر مەڕێکیان لێبگرێ. هونوریو دەپرسێت ئایا ڕاستە کە دژمن چەند فەوجێکی لە جویتیە و روساریو، کە دوو شوێنن لە سەر ئەو ڕێگایەی پێیدا هاتووە، داناوە؛ بەڵێ ڕاستە.

ئانتونیو، نیتاقەکەی (کەمەربەند) دەکاتەوە، لە گەڵ براکەیا خۆی بە سەنگەرەکەدا دەکات، دەست دەخاتە ژێر سەری، شەپقە پانەکەی دەخاتە سەر چاوی، خۆی گرمۆڵە دەکات تا چاوێ گەرم بکات. گیانی کەمێک دەهێورێ، بەڵام گوێیەکانی هەڵخستوون، گوێی لە هەر دەنگێکە  کە لەم بەرە بەیانە زووەدا، لە سەربازەکانەوە بەرز دەبێتەوە. دوای کەمێک، هەموو دەنگەکان فەرامۆش دەکات. دوای ئەوەی کۆمەڵێک وێنەی جۆراوجۆر وشێواو لە زەینی خۆیدا تاوتوێ دەکات، لە ناکاوا زەینی دەکەوێتە سەر ئەو پیاوەی کە جەستەی بە جەستەیەوە چەسپیوە. هونوریو، دوو ساڵ لەو بچووکترە، قژەکەی تەنک و لوولە، کەسێکی ئارام و لە خۆبردووە. پەیوەندی هونوریو، لە گەڵ ئەودا، لە برایەتی زیاترە، هاورێ و دۆست و ڕازڤانی ئەوە. هەرگیز لە یەکدی دانەبڕاون، هەرگیز ناکۆکی جدیان نەکەوتبووە نێوان. ئایا بوونی هونوریو لە بیلومونتە، لە بە ئەوەیە کە بە دڵ و بەگیان باوەڕی بە مورشید و هەموو شتەکانی مورشید هەیە، شتانی وەکو ئاین، حەقیقەت، ڕزگاری و دادوەری؟ یان تەنیا لە بەر دڵسۆزی و وەفاداری بۆ براکەی لێرە ماوەتەوە؟ بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی لە کانودوس دا ژیابوون، هەرگیز ئەو پرسیارەی بە مێشکا نەهاتبوو. وەختایەک باڵی فریشتەی بەرکەوت، دەستبەرداری کاری خۆی بوو و ڕۆیی تا کاروباری کانودوس بگرێتە ئەستۆ. هەڵبەتە لەو باوەڕەدا بوو کە براکەی و براژنەکەی، وەکو ژنەکەی خۆی، وەکو چۆن پێشتر بەد یەغباڵی زۆر، ڕەوتی ژیانیانی گۆڕی بوو، ئەمجارەش ئەم گۆڕانە قەبووڵ دەکەن. هەروەهاش دەرچووبوو: هونوریو و ئاسانسیاو ساردلینیا بێهیچ چەند و چونێک ملیان بۆ ویستی ئەو دابوو. لە کاتی هێرشەکەی موریرا سیزاردا بۆ سەر کانودوس، لەو ڕۆژە درێژەدا کە ئانتونیو، خەریکی شەڕی ناو جادەکان بوو، بۆ یەکەمجار ئەو گومانەی لە لا چێبوو، ناکا هونوریو، نەک لە بەر خاتری بیر و باوەڕی خۆی، بەڵکو لەبەر خاتر و ڕێزی برا گەورەکەی لێرە، لە پاڵ ئەودا بمرێت. هەرجارێ کە جورئەتی بەخۆ دەداو ئەو بابەتەی لەگەڵ هونوریو دا دەکردەوە، هونوریو بە تەوسەوە بەرپەرچی دەدایەوەو دەیگوت: " تۆ پێت وایە من تەنیا لە بەر ئەوەی لە گەڵ تۆدا بم ژیانی خۆم دەخەمە تالوکەوە؟ زۆر لە خۆت بایی بووی داشۆ!" بەڵام ئەو خۆ درزینەوانە، ئەو وەڵامانە لە جیاتی ئەوەی گومان و دوودڵیەکانی ئانتونیو سووک بکات، بیرەوێنێتەوە، بە پێچەوانەوە زیاتر دەیخستە عەزابەوە. بە مورشیدی گوتبوو: " من بە هۆی خۆپەرستی خۆمەوە، ئەوەم لە گەڵ هونوریو وخێزانەکەیدا کردووە کە من ویستوومە، هیچ پرسێکم پێیان نەکردووە کە چیان دەوێ، وەکو ئەوەی کەل و پەلێکی ناوماڵ بن یان بزن بن. مورشید مەڵحەمی نابووە سەر برینەکەی: " بەم قسەیە بێ، تۆ یارمەتیت داون بچنە بەهەشت."

هەستدەکات یەکێک ڕای دەتەکێنێ، بەڵام ماوەیەک دەبوورێ ئەوسا چاودەکاتەوە. هەتاو بەرزە، ڕوناکی ڕوناکە، هونوریو بە دیاریەوە وەستاوە، قامکی خستووەتە سەر لێوی، ئاماژەی دەکاتێ کە بێدەنگ بێت. بە ئەسپایی دەڵێت: " داشۆ، جەماعەت لێرەن. ئیدی قەدەری مە وایە کە پێشوازیان بکەین."

بە دەنگێکی گڕی خەواڵۆوە دەڵێت: "چ شانازییەکە داشۆ!"

لە ناو خەندەکەکەدا چۆک دادەدا، لە دۆڵەکانی ئەوبەری ڕوباری فازا – پاریسەوە، دنیایەک یونیفۆرمی شین، کەوەیی وسوور، کە دوگمە زەردەکان، شمشێرەکان وسەرەنێزەکانیان لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکێنەوە... ئەو هەموو سەربازە، هێدی هێدی، لە بەر ڕۆشناییە پرشنگدارەکەی بەیانیدا بەرەو ئەمان دێن. کەواتە ئەو هەرا و زەنایەی ماوەیەک بوو لە گوێیا دەنگی دەدایەوە، ئەمە بوو: دەنگی دەهۆڵ وشیوەنی شەیپوران. دەبیرەوە دەچێت: "وادیارە ڕاستەوڕاست بەرەو ئێمە دێن." دنیا ساف وڕوناکە، هەرچەندە سەربازەکان هێشتا زۆر دوورن،

بەڵام بە ئاشکرا دەیانبینی. بە سەر سێ ڕەتلا دابەش بوون، وادیارە ڕەتلی ناوەڕاست، ڕاست بەرەو سەنگەرەکانی ئەمان دێت. شتێکی هەویر ئاسا لە دەمیایەتی، نایەڵێ چ قسەیەک بکات. هونوریو پێی دەڵێت تۆزێ لەمە پێش دوو نەوجەوانی بۆ فازندا فلیا و تراوبوبو ناردووە تا خەبەر بە ئەبوت جواو وپدراو بدەن کە دژمن لێرەوە هاتوون.

گوێی لە دەنگی خۆی دەبێ کە بە براکەی دەڵێت: "دەبێ بەوپەڕی تواناوە پێشیان پێبگرین، ماتەڵیان بکەین تا ئەبوت جواو و پدراو بتوانن خۆیان بگەیەننە بیلومونتە."

هونوریو، بە نیگەرانیەوە دەڵێت: " ئەگەر، ئێستا لە ئەفافیلاشەوە هێرشیان نەکردبێ."

ئانتونیو، ئەمە بە دوور دەزانێ. حاڵی حازر چەند هەزار سەربازێکی لە بەرانبەرە، پتر لە سێ هەزارن، ڕەنگە چوار هەزاریش ببن – ڕەنگە ئەمە هەموو ئەو هێزە بێ کە سەگەکان توانیویانە کۆیان بکەنەوە – بە درێژایی بەستێنی وشکی ڕووبارەکەدا دێنە پێشێ. شەڕڤانەکان، لەڕێگەی نەوجەوانەکان و ئەو هەواڵانەوە کە جاسووسان بۆیان هێناون، دەزانن کە نزیکەی هەزار سەربازی نەخۆش و بریندار لە خەستەخانە مەیدانیەکەی ناو دۆڵەکەی نێوان ئافافیلاو ئالتودوماریودا کەوتوون، بێگومان ژمارەیەک سەرباز لەوێندەر ماونەتەوە، تا پاسەوانی خەستەخانەکە و تۆپخانەکە و شتەکانی دی بکەن. کەواتە ئەم سەربازانەی کە گەییوونەتە بەرانبەریان، هەموو قۆشەنە کاراکەی دژمنە. ئەو قسەیە بۆ هونوریو دەکات بە بێئەوەی سەیری بکات، چاوی بڕیوەتە بەستێنی ڕووبارەکە و، بە قامکی تۆپی دەمانچەکەی سەح دەکاتەوە تا دڵنیا ببێت کە پڕە. هەرچەندە تفەنگی "مانلیچر" ی هەیە، ئەم دەمانچەیەی پێ باشترە، چونکە لەوەتای بۆ کانودوس هاتووە هەر بەو دەمانچەیە شەڕی کردووە.

بەڵام هونوریو، لە سەر قەراخی سەنگەرەکە، ڕایگرتووە و سواری کردووە و پەنجەی لە سەر پەلەپیتکەیە. هەڵبەتە هەموو شەڕڤانەکانی دیکەش، هەرکەسە و لە سەنگەری خۆیەوە، بەو ئاوایە حازر وئامادەن، ڕێنمایی فەرماندەکانیان وەبیر دێننەوە: تا دژمن نەگاتە دیار سەرتان تەقە مەکەن، تا هەم بتوانن دەست بە فیشەکەوە بگرن و هەم دژمن غافڵگیربکەن. ئەم تاکتیکە تاکە شتێکە کە بتوانێ قەرەبووی ئەو نا هاوسەنگیەیان بۆ بکاتەوە کە لە نێوان ژمارەی زەلام و چەکی دژمن و ئەواندا هەیە.

نەوجەوانێک، بە جەوەندەیەکی پڕ لە قاوەی گەرم و کێکی زوڕاتەوە، خۆی بە سەنگەرەکەیاندا دەکات. ئانتونیو، چاوە گەش و لەش و لارە خوارەکەی دەناسێتەوە، ناوی سباستیاوە، ئیدی بەو تەمەنەوە بووە بە شەڕڤان و جەنگاوەرێکی مەعلان و کارامە، بۆ نا! ماوەیەکی زۆرە کاری تەتەری بۆ پاجو و ئەبوت جواو دەکات. ئانتونیو، کە قاوەکەی دەخواتەوە، لە باری بەدەنیەوە دەبوژێتەوە، دەبینێ نەوجەوانەکە بە خۆی و جەوەنە قاوە و پڕیاسکە نان و کێکەیەوە، وەکو مارمێلکە بەپەلە لە چاو ون دەبێت.

ئانتونیو، لە فکران ڕادەچێت: "خۆزیا، هەموویان، بە کەڕەتێ، بە یەک ڕیز هێرشیان دەکرد." هەنگێ دورێنە کردنیان لەم دەشتە کاکی بە کاکی و ڕووتەنە، چەند ئاسان دەبوو. هەڵبەتە شیوەڵە سروشتیەکان دادی نەدەدان، چونکە سەنگەری گەریلا وشەڕڤانەکان، بە بەرزییەوە بوون ودەیانتوانی لەو بەرزاییەوە بەر گوللەیان بدەن. بەڵام سەربازەکان بەیەک ڕیز نایەنە پێشێ. ڕەتلەکەی ناوەڕاست خێراتر دەجوڵێت ولە ڕەتلەکانی دی خێراتر لە ناو ڕووبارە وشکەکەدا دەپەڕێتەوەو لە ڕەخی ئەوبەرەوە سەر دەکەوێ. دووسەد هەنگاوێ لە دووری ئانتونیوە، کۆمەڵێک تارمایی سەربازێن بووکەڵە ئاسا بە یونیفۆرمی شین باو و پانتۆڵی نەوار سوور، دوگمەی بریقەدارەوە

بەدیار دەکەون. ئەمانە دەستەی پێشقەرەوڵن، نزیکەی سەد کەس دەبن، هەموویان پیادەن، بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەبن، پێنج پێنج وبە هەشتاو دێنە پێشەوە، بێخەم و خەیاڵ دێنە پێشێ. دەیان بینی ملیان قوت کردووەتەوە و زەق زەق چاویان بڕیوەتە بورجەکانی بیلومونتە، ئاگایان لەو ئەنگێوەو سەگڤانانە نییە، کە لە سەنگەرەکانا خۆیان بۆ مەڵاس داون.

هونوریو دەڵێت: "داشۆ، چاوەڕوانی چیت؟ دەتەوێ کەشفمان بکەن؟ " ئانتونیو تەقە دەکات، دوای تۆزێک دەنگی تەقە لە هەموو لایەکەوە بەرزدەبێتەوە، پیاو خەریکە کەڕ ببێت، دەنگی تەقە بە سەر دەنگی تەپڵ ونەوای شەیپوردا زاڵ دەبێت. سەربازەکان کە غافڵگیر بووبوون، لە ناو دووکەڵ و تەپ و تۆزەکەدا، گێژ و وێژ بە دەوری خۆیاندا دەسوڕانەوە. ئانتونیو، بەکاوەخۆ تەقە دەکات تا فیشەکی دەمانچەکەی تەواو دەبێ، چاوێکی نوقاندووەو نیشانە لەو سەربازانە دەگرێتەوە کە نها پشتیان لەمان کردووە، تا هێز لە لاقیاندا هەیە هەڵدێن. لەم حاڵەدا چوار ڕەتڵی دیکە دەبینێ کە لە هەموو لایەکی ناو ڕوبارە وشکەکەوە سەردەکەون و لە سێ چوار قۆڵەوە پێشڕەوی دەکەن. تەقە دەوەستێ.

براکەی دەڵێت: " هێشتا ئێمەیان نەبینیوە. "

بەرسڤی دەداتەوە: " ڕووبەڕووی هەتاوەکەن. سەعاتێکی دی هەر هیچ نابینن."

هەردووکیان، چەکەکانیان دووبارە پڕ لە فیشەک دەکەنەوە. گوێیان لە دەنگی تەقەی پەراگەندە دەبێت، شەڕڤانەکانن کە خەریکن پەلاماری ئەو سەربازە بریندارانە دەدەن کە دەیانەوێ بە سینگە خشکێ خۆ بگەیەننە دۆڵ وشیوەکان. ڕیزی سەربازەکان، لە نێو دۆڵەکاندا، بەدەم ڕێگاوە تێکدەچێ، لێکدی هاوێر دەبن، سەربازەکان دەست بە تەقە دەکەن. بەڵام ئانتونیو، وا هەستدەکات، سەربازەکان هێشتا بە جێگای سەنگەرەکانی ئەمانیان نەزانیوە و بە سەر ئەماندا و ڕوو لە کانودوس تەقە دەکەن، گوایە وایاندەزانی، ئەو تەقانەی کە پێشقەرەوڵەکانیان درەو کردبوو، لە پەرستگەی مەسیحی موبارەکەوە کرابوون. تەقە کردنەکەی ئەوان، دووکەڵ و تەپ و تۆزەکە زیاتر دەکات. ناوبەناو گەردەلوولێکی خەست کافرەکان لە هەموو لایەکەوە دادەپۆشێت و لە چاو ون دەکات، سەربازەکان تفەنگ بە دەست، بە سەرەنێزەی هەڵکێشراو، لە سەر ڕیتمی دەهۆڵ و نەوای شەیپوران و بە ماتە مات وبەدەم هاواری: "سەربازانی پیادە هەڕنە پێش" وە دێنە پێشێ.

دووکاندارەکەی جاران، دووجار دەمانچەکەی خاڵی دەکاتەوە. دەمانچەکە گەرم بووە و دەستی دەسووتێنێ. دەیخاتەوە ناو کیفەکەی و دەست دەداتە تفەنگە مانلیچرەکەی. نیشانە دەگرێتەوەو تەقە دەکات، هەموو جارێ نیشانە لەوانە دەگرێتەوە کە بە شمشێرەکانیانا، بە قەیتانە زەردەکانیانا، یان بە ڕەفتاریاندا دیارە کە ئەفسەرێن فەرماندەن. کە تەمەشای ئەو هەرتوقی وفریسیانە (فریسی: تایفەیەکی جوولەکەی سەردەمی مەسیح بوون، پابەندی کۆمەڵێک سرووتی ڕواڵەتی و عیبادەتی درۆینە بوون.) دەکات کە یەک یەک و دوو دوو و دە دە بەدەم دەستڕێژی گوللەوە، کە مەعلووم نەبوو ئەو گوللانە لە کوێوە دەهاتن، دەکەوتن ، دڵی بە حاڵیان دەسووتێ. ئاخر چۆن دەبێ دڵی بە حاڵی کەسانێ بسووتێ کە هاتبوون بیلومونتە کاول بکەن؟ بەڵێ لەو دەمەدا کە دەی دیتن بەدەم ئازاری گوللەوە دەتلانەوە، گوێی لە ئاخ و ناڵەیان دەبوو، بە قەستی کوشت نیشانەی لێدەگرتنەوەو دەیکوشتن. هیچ ڕقێکی بەرانبەریان نەبوو، لە کڵۆڵی ڕوحیان، لە تەبیعەت و سروشتە بەشەرییە هەڵەکەیان تێدەگەیی، دەیزانی کە ئەمانە قوربانین، ئالەتی دەست و گیرۆدەی فەندەڵ فێڵەکانی شەیتانن. باشە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نەبوو، کە هەموو گەریلا و شەڕڤانەکانیش گیرۆدەی هەمان چارەنووس ببن؟ خودی ئەویش لە خەڵکانی

دی زیاتر نییه، ئەگەر بەخت یاری نەبوایە و تووشی مورشید نەبوایە و فریشتە باڵی بە سەردا نەهێنابایە... هیچ مەعلووم نەبوو ئێستا چ چارەنووسێکی دەبوو.

هونوریو، سیخورمەیەکی تێوە دەژەنێ ودەڵێت: "داشۆ، تەمەشای سەمتی چەپ بکە." ئاوڕی لای چەپ دەداتەوە و تەمەشا دەکات هێزێکی سوارە بە نێزەوە، نزیکەی دوو سەد کەس و بگرە زیاتریش دەبن، لە دووری نیو کیلۆمەتری سەمتی ڕاستی ئەمەوە، لە دۆڵەکەوە دەرکەوتوون، بەدەم نەوای شەیپورو دەنگی ترسناکی دەهۆڵەوە بەرەو سەنگەرەکانی ئەمان هێرش دێنن. زۆر بەپەلە دێن، خەریکە دەگەنە سەنگەرەکان. ئانتونیو، لە ناکاوا هەست بەوە دەکات کە خەریکە ڕوودەدات. نێزەدارەکان، بە قەدپاڵەکەدا، بەرەو گۆڕستانەکە دەڕۆن، کە ئەم ڕێگایە هەم قەدبڕەو هەم هیچ سەنگەرێکی لێ نییە کە بەرگری بکات، وا بڕوات لە زەرفی چەند خولەکێکدا دەگەنە بیلومونتە. سەربازەکانیش کە ببینن ڕێگاکە پاک کراوەتەوە و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان لە بەردەمدا نییە، بە هەمان ڕێگەدا  و بە بێترس خۆیان بە شارەکەدا دەکەن. ئیدی نە پدراو و نە جواوە زلە و پاجو، بۆیان ناکرێ بۆ بیلومونتە بگەڕێنەوەو بە هانای ئەو شەڕڤانانەوە، کە لە پشت مەتەڕێزەکانی سەربان و قوللەکانی سانتو ئانتونیو و پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک و خەڵوەتخانەکەوە سەنگەریان گرتبوو. ئیدی بێئەوەی بە خۆیشی بزانێ چ دەکات، خۆی ڕادەستی شێتایەتیەکی هەنووکەیی دەکات، کیسەی فیشەکەکانی هەڵدەگرێ و لە خەندەکەکە دەردەپەڕێ و هاوار لە هونوریو دەکات: " دەبێ پێشیان لێبگرین، دووم بکەوە، دووم بکەوە! " بە ماتە مات غار دەدات. تفەنگەکە بە دەستی ڕاست و دەمانچەکە بە دەستی چەپیەوەیە وکیسە فیشەکەکەی بە کۆڵەوەیە. لە تۆ وایە سەرخۆشە یان لە خەو ڕاپەڕیوە. ڕێک لەم ساتەدا ترسی مردن، کە هەندێجار لە غوربی خەوا ڕای دەچڵەکاند، ئازای دەنیشتە سەر ئارەقە، یان لە کاتی گفتوگۆیەکی ئاساییدا، دەی تەزاند – لە دڵی دەڕەوێتەوەو غیرەتێکی وەها دەیگرێ کە گاڵتەی بە ئەگەری بریندار بوون و کوژران و نەمان دێت. ڕاستەوڕاست بەرەو ئەو سوارانە غار دەدات، کە نها بووبوون بە چەند دەستەیەکەوەو بە شێوەی زیکزاک هێرش دێنن و گەردەلوولێکیان لە دووی خۆ ناوەتەوە هەر مەپرسە، ئەو بۆ تەنها یەک سات دەیانبینێ و ئەوسا بە هۆی هەورازو نشێوی ئەرزەکەوە لە چاوی ون دەبن. جۆرەها بیرۆکە و بیرەوەری و وێنە، وەکو پزیسکی ئاگری کوورەی ئاسنگەران، لە مێشکیەوە دەردەپەڕێ. دەزانێ ئەم سوارانە سەر بە فەوجی نێزەدارانی باشوورن، لەو گاوانە دوو ڕەگانەن، کە جارەهای جار لە پشت ئافافیلاوە دیتبوونی کە لە دووی گاگەل بوون. لە دڵی خۆیدا دەڵێت کە هیچ یەکێک لەم سوارانە پێ نانێتە خاکی کانودوسەوە، چونکە جواوە زلە وگاردی کاتولیک، قولە ڕەشەکانی ماکامبو و کەواندارەکانی کاریری، ئەسپەکانیان دەکوژن – ئەم ئەسپە سپیانەی کە خۆی لە خۆیدا، نیشانەی زۆر زەق و دیارن بۆ سەگڤانان. بیر لە ژنەکەی خۆی و براژنەکەی و ژنەکانی دی دەکاتەوەو لە دڵی خۆدا دەپرسێت تۆ بڵێی گەیی بنەوە بیلومونتە؟ لە بەینی ئەو هەموو سیما و ئومێد وخەیاڵانەدا لە ناکاوا (سیاری) گوندەکەی زاگەی خۆی لە دەڤەری (سییرا) دێتە بەرچاو، هەمان ئەو گوندەی، لەوەتای بە سەدەمی تاعوون و قات و قڕیەوە بە جێی هێشتبوو، ئیدی بۆی نەگەڕابووەوە. زۆرجار لەم جۆرە ساتانەدا، کە دەگەییە مەرزێک کە ئیدی جگە لە پەرجو یان مەرگ چ شتێکی لەو دیوەوە نەبوو، بیری زێد و زاگەی خۆی دەکرد.

کە دەگاتە ئەو حاڵەی چیتر پێی لە دووی نایەت، هەر لەوێندەر. بێئەوەی بیر لە پەنایەک بکاتەوە، خۆ بە عاردیدا دەدات، قۆناغی تفەنگەکەی لە چاڵایی شانی توونד دەکات و دەست بە تەقە کردن دەکات. دەزانێ دەرفەتی ئەوەی نییە دووبارە پڕی بکاتەوە. بۆیە زۆر بە دیقەت و وردی نیشانە دەگرێتەوە. نیوەی ئەو مەسافەیەی تەی کردووە کە لە نێوان ئەو و سوارەکاندا بوو، بە ناو تەپ و تۆزا بە بەردەمیا دەڕۆن. ئانتونیو بە سەرسامی لە

خۆی دەپرسێت باشە چۆنە وەختایەک بەم دەشتە تەختانیەدا غاری دەدا، یان ئێستا کە خەریکە تەقە دەکات، نەیان بینیوە. هیچ یەکێک لە سوارەکان هەر ئاوڕیشی لێنادەنەوە. بەڵام نها دەستەی پێشڕەو، وەکو ئەوەی خەیاڵەکەی تۆزێ لەوە پێشی ئەویان خوێندبێتەوە، لە ناکاوا بە لای چەپا بادەدەنەوە. سوارێک دەبینێ کە شمشێرە عەسکەرییەکەی، بە شێوەیەکی بازنەیی بادەدات، وەکو ئەوەی ئەم بانگ بکات، یان سڵاوی لێبکات، ئەوسا دەبینێ دە دوازدە سواری نێزەدار، بەرەو لای ئەو تاو دەدەن. تفەنگەکەی فیشەکی تیا نییە، بە هەر دوو دەست دەمانچەکەی دەگرێت، هەر دوو ئانیشکی لە ئەرزەکە توونت دەکات، دەیەوێت دەست بەم دوا فیشەکانەوە بگرێت و تا نەگەنە دیار سەری بە فیڕۆیان نەدات. ئەم ڕوخسارانە، ڕوخساری شەیتانن، تووڕەییان لێدەبارێ، بێڕەحمانە ئەسپەکانیان بەر مامێزان دەدەن، سەرەنێزە و ڕمە درێژەکانیان ڕادەوەشێنن، پانتۆڵە دەڵبەکانیان پڕ لە با دەبێت. فیشەکێ، دووان، سیان دەنێ بە سوارێکی نێزە درێژەوە، بەڵام هیچ یەکێک لە گوللەکانی بەر ناکەوێ. لە دڵی خۆدا دەڵێت هێز نییە لەو ڕمانە ڕزگاری بکات و دەکەوێتە ژێر سمی ئەسپەکانەوەو هەزار ڕوحی هەبێ هیچیان بەدەر نابات. بەڵام شتێک ڕوودەدات و ئانتونیو، هەست بە شتێکی میتافیزیکی دەکات. لە ناکاوا کۆمەڵێک تارمایی لە پشتیەوە پەیدا دەبن، دەست بە تەقە دەکەن، خەنجەر دەوەشێنن، تەورزین بەکار دێنن. گەرد و تۆزی دنیا بەرز دەبێتەوە، شەڕڤانەکان دەبینێ خۆ بە ئەسپ و ئەسپ سوارەکاندا دەدەن، ڕمەکانیان لە دەست دەرفێنن، لاقیان ڕادەکێشن، جڵەوی ئەسپەکانیان لە دەست دەردێنن، هەوسارەکانیان دەپچڕێنن، ئەسپەکان دەبینێ کە دەگلێن، بەدەم ئازارەوە دەحیلێنن، گوێی لە جنێوان و دەنگی تەقە دەبێ. ئەنجام دوو سواری نێزەدار، بێئەوەی بیخەنە ژێر پێی ئەسپەکانیانەوە، بەلایدا ڕەت دەبن. پاشان بە هەر تەقەلایەک بووە هەڵدەستێ، خۆی بەناو جەرگەی شەڕەکەدا دەکات. هەر دوو دوا فیشەکی دەمانچەکەی دەتەقێنێ و ئەوسا تفەنگە مانلیچرەکەی وەکو کوتەک بە دەستەوە دەگرێ و بە غاردان خۆی دەگەیەنێتە نزیکترین مەیدانی شەڕەکە، کە کافرەکان و شەڕڤانەکان تێک ڕژاون و خەریکی شەڕی دەستەویەخەن. ئیدی بە قۆناغە تفەنگ بەردەبێتە ئەو سەربازەی کە شەڕڤانێکی بەگیر هێناوە، هێندەی قۆناغە تفەنگ پێدا دەکێشێت، تا لە جوڵەی دەخات. ئەوسا دەستی شەڕڤانەکە دەگرێت وهەڵیدەستێنێت و بە دوو قۆڵی دەڕۆن تا فریای هونوریو بکەون کە سوارێک بە ڕمی هەڵکێشراوەوە، چنگ لە سەر شان دووی کەوتبوو. وەختایەک سوارەکە ئەوان دەبینێ کە بەرەو ئەو دەچن، ئەسپەکە بەر مامێزان دەدات و بەرەو بیلو مونتە هەڵدەکاتە چوار ناڵە. ئانتونیو، بە هەشتاو لێرەوە بۆ ئەوێ دەروات، دەستی ئەم و ئەو دەگرێ و هەڵیان دەستێنێ. شانەی دەمانچەکەی پڕ لە فیشەک دەکات و دەیخاتە سەر دەمانچەکەی. هەندێ لە هاوڕێکانی کوژراون، برینی هەندێکیان سەختە. یەکێکیان بە شمشێر بریندار بووە، برینەکەی قووڵە و خوێنێکی زۆری لە بەر دەڕوات. قیر وسیا دەکات، وەکو ئەوەی خەو بدینێ، بەو ئاوایە، بە قۆناغە تفەنگ بەر دەبێتە گیانی ئەو گاوانانەی لە ئەسپەکانیان بەربوونەتەوە، شەڕڤانەکانی دیکەش بە قەمە بەربوونەتە گیانیان. وەختایەک شەڕی دەستەویەخە تەواو دەبێ ودژمن لە بەر کەمی ژمارە دەشکێ، شەڕڤانەکان دووبارە کۆ دەبنەوە، ئانتونیو بە شەڕڤانەکان دەڵێت کە بۆ سەنگەرەکانیان بگەڕێنەوە، بەڵام هێشتا بە تەواوی لە قسەکانی نەبووبووەوە و هەرکە تەپ و تۆزەکە کەمێک ڕەوییەوە، سەیری کرد ئەو شوێنەی کە کەمینیان لێ دانابوو، کافرەکان داگیریان کردووە و، تا چاو بڕ دەکات، دەستە دەستە تیایدا دامەزراون.

تەنیا پەنجا کەسێکی بە دەورەوە مابوو، ئەدی ئەوانی دی چییان بە سەردا هاتبوو؟ ئەوانەی توانیبوویان خۆ دەرباز بکەن، بۆ بیلومونتە چووبوون. یەکێک لە شەڕڤانە بێ ددانەکان، زوزیموی تەنەکەچی دەڵێت: " بەڵام ژمارەیان زۆر نییە." ئانتونیو، کە ئەو لە نێو گەریلا و شەڕڤانەکاندا دەبینێ، سەری سوڕ دەمێنێ، ئەم پیاوە، بەم

تەمەنەوە دەبوایە لە بیلومونتەدا بمایەوەو ئاگری بکوژانایەتەوەو یارمەتی خەڵکی بدابایە و نەخۆشانیان بۆ خەستەخانە بگواستبایەوە. ئاخر بوونی لێرەدا چ مانایەکی نەبوو. خۆ ئەگەر هێزی سوارەی دژمن، هێرشێکی دیکەیان بۆ بێنن، هەموویان تیا دەچن، شتاقیان دەرناچێت.

ئەنتونیو پێیان دەڵێت: "با بڕۆین بە هانای جواوە زلەوە."

بە سەر چەند دەستەیەکی سێ چوار نەفەرییدا دابەش دەبن و، دەچنە ژێر باڵی بریندارەکان و یارمەتی شەل و شیتەکان دەدەن و بە پێچ و پەناکانا و دوور لە چاوی دژمن، بەرەو بیلومونتە دەکەونە ڕێ. ئانتونیو، لە گەڵ هونوریو و زوزیمودا لە دوای هەموویانەوەیە. ئیدی ئایا لە بەر تەپ و تۆزە خەستەکەیە، یان لە بەر تیشکی بەتینی هەتاوەکەیە، یان لە بەر هەڵپەی دژمنە بۆ پەلاماردان و گرتنی کانودوس کە نە سەربازەکانی دەستە چەپی ئەمان و نە نێزەدارەکانی دەستە ڕاستیان، نایەن بە لای ئەمانەوە تا هەموویان لە ناو ببەن. باشە کە ئەمان ناوبەناو دژمن دەبینن، هیچ مانایەکی نییە دژمنیش ناو بە ناو ئەمان نەبینن. هەواڵی خوشکانی ساردلینیا لە هونوریو دەپرسێت. هونوریو، لە وەڵاما دەڵێت پێش ئەوەی لە سەنگەرەکان وەدەر بکەون، هەواڵی بۆ ناردوون کە بلەز لەوێندەر بڕۆن.

هێشتا زۆریان ماوە تا بگەنە نزیکترین ماڵ. ئەگەر بەم خاوە خاوە بڕۆن زۆر ئەستەمە بە ساغ و سەلامەتی بگەنە جێ. بەڵام لاقە لەرزۆک و دڵە بە خورپەکەی پێی دەڵێن نە ئەو و نە ئەوانی دی، کە ڕزگار بوون، لە حاڵێکا نین کە لەوە خێراتر ڕێبکەن. زوزیمو کە لە ناکاوا تووشی سەرەگێژکە دەبێ، لارە لاری پێدەکەوێ.

ئانتونیو، هەر بۆ هاندان دەستێک بە پشتیا دەدات و ژێر باڵی دەگرێ و یارمەتی دەدا کە ڕێبکات. یانی دەچێتە ئەقڵەوە ئەم پیرەمێرە، بەر لەوەی باڵی فریشتەی بەربکەوێ، پێش ئەوەی تۆبە بکات، جارێک چیوای نەمابوو، ( شێرۆی ناتوبا ) بە زندوویەتی بخاتە ئاگرەوە؟

-" داشۆ، تەمەشای دەوروبەری کوختەکەی ئانتونیوی فشفشەساز بکە."

دەستڕێژی چڕی گوللە لە نێو ماڵە تێکڕژاوەکانی ئەو بەری گۆڕستانە کۆنەکەوە دەستی پێکردووە، هاڕەو هاژەی گوللە گوێی پیاو کەڕ دەکات. ئیرە تاخێکی (گەڕەک، بەش) شارە، کە کۆڵانە تەنگە بەرو پێچاوپێچەکانی، لە ونگەیەکی هەزار توێ دەچێ، کە بەشەر بە ئەستەم ڕێی لێدەردەکات، ئەم کۆڵانانە تاقە کۆڵان و ڕێگەی کانودوسن کە بە ناوی قەدیسان و وەلیانەوە ناو نەنراون، بەڵکو بە ناوی قارەمانانی ناو ئەو ئەفسانە و حیکایەتانەوە ناو نراون، کە حیکایەتبێژان و بەیت بێژانی گەڕۆک دەیان گێڕانەوە، وەکو: شاژنە ماگلون، روبەرتە شەیتان، سلفانیشیا، شارلمان، لۆردەکانی فەرەنسا، زیارەتکارە تازەکان هەموویان لەم دەڤەرە کۆبوونەتەوە. ئایا ئەوانن کە بەو چڕیە تەقە لە کافرەکان دەکەن؟ لە سەربانەکانەوە، لە کونی دەرگاکانەوە، لە کۆڵانەکانەوە، گوللە بە سەر سەربازەکاندا دادەباری. لەم شەڕەدا، ئانتونیو، لە نێو ئەو شەڕڤانانەدا کە خۆیان بە عاردیدا داوە، یان بە چیچکانەوە دانیشتوون و یان بە پێوە شەڕ دەکەن، ئانتونیو لە ناکاوا چاوی بە تاپۆیەک دەکەوێ کە بێ چەند و چون پدراوە، کە بە خۆی و شمخاڵە درێژەکەیەوە لەم سەنگەرەوە خۆی بەو سەنگەردا دەکات. ئانتونیو، دڵنیایە کە لە نێو ئەو هەرا و هەنگامەیەی ئەو هەموو چەکەوە، ناڵەی چەکە کۆنەکەی ئەو کابرا دوو ڕەگە زەلامە دەناسێتەوە. پدراو، هەرگیز ئامادە نەبوو ئەم چەکە کۆنە کە یادگاری ڕۆژگاری چەتەیی و ڕێگری ئەو بوو بگۆڕێ بە مانلیچر یان ماوزەڕ، هەرچەندە ئەم چەکانە دەیانتوانی پێنج فیشەک دوا بە دوای یەک بتەقێنن و

زووتریش خەشابەکانیان پڕ دەکرایەوە، لە کاتێکا هەر کاتێک فیشەکێکی بە شمخاڵە کۆنەکەی بتەقاندایە، دەبوایە لوولەکەی پاک بکاتەوەو بارووتی تێبڕێژێ و بارووتەکە پڕبکات لە وردە ئاسن وساچمە و شووشە و وردە بەرد و جوان بیپەستێتەوە و ئەوجا بیتەقێنێ. بەڵام پدراو زۆر مەعلان و کارامەیە، ئەو کارانە هێندە بە خێرایی و تەڕدەستی دەکات، پیاو باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات، ئەمە جگە لەوەی ئەنگێوەیەکە فیشەکی بە خەسار ناڕوات.

ئانتونیو، خۆشحاڵە کە ئەو لێرەدا دەبینێ. کە پدراو و پیاوەکانی توانیبوویان بۆ ئێرە بزڤڕنەوە، مانای وایە ئەبوت جواو و پاجوش گەڕاونەتەوە و بیلومونتە بەرگریکارانی باشی هەیە.

نها نزیکەی دوو سەد شەقاوێکیان ماوە بگەنە هەوەڵین ماڵەکان، ئەو شەڕڤانانەی لە پێشەوە ڕێدەکەن، چەکەکانیان تەکان دەدەن و بە دەنگی بەرز ناوی خۆیان دەڵێن تا بەرگریکارەکان تەقەیان لێنەکەن. هەندێکیان غار دەدەن. ئانتونیو و هونوریوش دەکەونە غاردان. بەڵام دوای کەمێک پێ قورس دەکەن چونکە زوزیموی پیر ناتوانێ پێ بە پێی ئەوان غار بدات. ئیدی هەر یەکەیان قۆڵێکی دەگرن و بە ماتە مات و خۆ دانەواندنەوە، بە ژێر بارانی گوللەدا دەکەونە ڕێ کە ئانتونیو، هەستدەکات، ئەوان هەرسێکیان کراونەتە ئامانج. ئەنجام دەگەنە جێگەیەک کە پێشتر دەروازەی شەقامێک بوو، بەڵام نها دیوارێک بوو لە تاوێر و بەرمیلی پڕ لە لم و خۆڵ و لەوح و خشت و هەموو شتێک، ئانتونیو، لە سەرو دیوارەکەوە چاوی بە ڕیزێک شەڕڤان دەکەوێ، هەموو دەست درێژ دەکەن تا یارمەتی ئەمان بدەن و بە دیوارەکەدا سەریان بخەن. ئانتونیو هەستدەکات بەرزدەکرێتەوە و پاشان لەو دیوی مەتەڕێزەکەوە دێتە خوارەوەو پێی دەگاتە عاردی. دادەنیشێت تا پشوویەک بدات. یەکێک لە شەرڤانەکان جەوەندە ئاوێکی دەداتێ، ئەویش چاوی دەنوقێنێ و قوم قوم دەیخواتەوە، کە ئاوەکە بە دەم و گەرویا، کە بووە بە پەلاس، دەچێتە خوارەوە هەست بە خۆشیەکی ئازارئامێز دەکات. ئەو دەنگدانەوەیەی کە لە گوێیدا دەزرینگایەوە بۆ دەمێ کپ دەبێت. هەنگێ گوێی لە ڕمبەی ناوبەناوی تۆپ و هورای "مردن بۆ کۆمارو کافران " و "بژی مورشید و مەسیحی موبارەک " دەبێت. بەڵام لە ناکاوا ماندوویەتیە کوشندەکەی بەرە بەرە دەڕەوێتەوەو بەرەبەرە دەتوانێ خۆی بە پێوە بگرێت. گوێی لە هەندێ هورای دی دەبێت: " بژی کۆمار"، " درورد بۆ مارشال فلوریانو" ، " مردن بۆ خاینان"، "مردن بۆ ئینگلیزان!" مەحاڵە ئەمە هورای شەڕڤانەکان بێ.

یانی سەگەکان هێندە نزیک بوونەتەوە کە دەنگیان بگاتە گوێی ئەو؟ عاز و دەنگی شەیپوران ڕاستەوخۆ دەگاتە گوێی ئەو. بە دانیشتنەوە، پێنج فیشەک دەخاتە شانەی دەمانچەکەیەوە. ئەوسا کە خەشابی مانلیچرەکەشی پڕ دەکات، تەمەشای کیسەکەی دەکات، فیشەکی تیا نەماوە. بە هەر تەقەلایەک بووە، هەڵدەستێتە سەر پێیان، ئازای بەدەنی تا سەر ئێسقان دەزریکێنێ، بە هەر چنگە کرێیەک بووە خۆی دەگەیەنێتە سەر سەنگەرەکە. هاوڕێکانی تری جێگەی بۆ دەکەنەوە. لە دووری دە پازدە مەترەوە، یەک دنیا سەرباز بەدی دەکات، کە ڕیز لە دووی ڕیز بەرەو ئەمان هێرش دێنن. بێهیچ نیشانە گرتنەوەیەک، بێئەوەی چاو بۆ ئەفسەرەکان بگێڕێ، دەمانچەکەی خاڵی دەکاتەوە، ئەوسا دوا فیشەکی تفەنگەکەی دەتەقێنێ، لە گەڵ هەر تەکانێکی قۆناغی تفەنگەکەیدا، ئازارێکی توونت لە شانی بەرز دەبێتەوە. لە کاتێکا بەپەلە شانەی دەمانچەکەی دادەگرێتەوە، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی دەکات. دەبینێ ماسۆنیەکان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێناوەو زیاتر لە قۆڵەکەی پدراو نزیک بوونەتەوە. چەند سەرە نێزەیەکی دی، چیوایان نەماوە بۆ سەنگەرەکان. شەڕڤانەکان، لە ناکاوا ڕادەپەڕن، بە کوتەک و خەنجەرەوە، پەلاماری هێرشکاران دەدەن. پدراو نابینێ. لە دەستە ڕاستی ئەوەوە، لە ناوجەرگەی تەپ و تۆز و دووکەڵێکی زۆرا، شەپۆل شەپۆل، سەرباز، لە شەقامەکانی سپیریتو سانتو، سانتا ئانا، ساوخوزیە، سانتو توماس،

سانتا ڕیتا و ساو یواکیمەوە دێنە پێشەوە. ئەگەر هەر یەکێک لەم شەقامانە کۆنترۆڵ بکەن، ئەوا لە چاو تروکانێکا دەگەنە ساوپدرو یان کامپوگراندەی ناوەندی بیلومونتە ودەتوانن لەوێندەرەوە، هێرش بۆ سانتو ئانتونیو و پەرستگەی مەسیحی موبارەک و خەڵوەتخانەکە بکەن. یەکێک لاقی ڕادەکێشێ. کورپژگەیەکی زۆر منداڵکار، هاواری لێدەکات کە داروغا دەیەوێ لە ساوپدرو بیدینێ. کوڕەکە جێگاکەی ئەو لە سەنگەرەکەدا دەگرێ.

کە بە هەورازە ڕژدەکەی ساو کریسپیم دا هەڵدەگەڕێ، ژنان لەم بەرو لەو بەری شەقامەکەدا دەبینێ کە سەتڵ و سەبەتان لە لم پڕ دەکەن و دەیدەن بە شانا و دەیبەن. هەر خەڵکە و ڕادەکەن، تەپ وتۆز دنیای داگیر کردووە، فەرتەنەیەکە کەس بە کەس نییە، سەربانی خانووەکان داڕوخاون، ڕووکارەکانیان بە گوللە دابێژراوەو لە دووکەڵدا ڕەش بوون. خانووەکانی دیکەش یان ڕوخاون یان ئاگریان تێبەربوون. کە دەگاتە ساوپدرو، ئەو شەقامەی کە شانبەشانی کامپوگراندە دەڕوات و بە ناوەندی بیلومونتەدا دەڕوات ولە فازا – پاریسەوە بۆ گۆڕستانەکە درێژ دەبێتەوە، هەنگی مەرکەزی ئەم هەرا و هەنگامە و فەرتەنەیەی بۆ کەشف دەبێت. داروغا لەوێیە، دوو قەرەەبینای بە هەر دوو شانەوەیە، خەریکی سەنگەر دروستکردنە، تا ئەم دەڤەرە لە هەموو ئەو شوێنانەوە، کە بە سەر ڕوبارەکەدا دەڕوانن، دابخات. ئەبوت جواو تەوقەی دەگەڵدا دەکات. بێهیچ پێشەکییەک – و لە هەمان کاتدا بەوپەڕی خوێنساردی و بە ئارامی تەواوەوە تا بە باشی لێی حاڵی بێ – داوای لێدەکات، فەرماندەیی داخستنی هەموو ئەو ڕێگا لاوەکیانە بگرێتە ئەستۆ کە دەچن بۆ ساوپدرو، و هەموو شەڕڤانەکانیش لە گەڵ خۆیدا بۆ ئەوێندەر ببات.

ئانتونیو ڤیلانوڤا، ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات کە تازە لەوێوە هاتبوو، دەپرسێت: "باشتر نییە سەنگەرەکانی ئەو خوارە بە هێز بکەین؟"

داروغا دەڵێت: " لەوێندەر بەرەڤانی زۆرمان پێناکرێ. ئەوێ زۆر دەشتە. بەڵام لێرە سەریان لێدەشێوێ، نازانن کامە ڕێگە بگرنەبەر وسەریان لێدەشێوێت. بۆیە دەبێ ئێرە زۆر قایم بکرێ."

-" خەمت نەبێ ئەبوت جواو. بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە. من ئاگام لێرە دەبێت." بەڵام هەرکە ئەبوت جواو، وەردەگەڕێ تا بڕوات، ئانتونیو لێی دەپرسێت: " ئەدی دەنگ وباسی پاجو؟ "

جواو بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، وەڵام دەداتەوە: " هێشتا ماوە، لە فازندا فلیایە. "

ڤیلانوڤا دەبیرەوە دەچێ: " پارێزگاری لە کانیەکە دەکات." ئەگەر ئەوێ بەردەن، کانودوس، یەک دڵۆپە ئاوی دەست ناکەوێ. دوای کڵێساکە و خەڵوەتخانەکە، ئاو لە هەموو شتێک گرینگترە بۆ ئەوان. کۆنە ڕێگر و چەتەکە، بەناو تەپ و تۆزێکی خەستا، بە هەشتاو بە هەڵدێرەکەدا بەرەو ڕوبارەکە نشێو دەبێتەوە. ئانتونیو تەمەشای بورجەکانی پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک دەکات. لەوەتای بۆ بیلومونتە گەڕاونەتەوە، تەمەشای ئەو بورجانەی نەکردبوو، لە ترسی ئەو ئەفسانەیەی، کە نەبا بورجەکان لە جێی خۆیاندا نەبینێ. بەڵام ئەوەتان لە جێی خۆدا ماون، هەرچەندە پارچە تۆپ بریندراری کردوون، کەلێنی تێ خستوون، بەڵام هەر بە پێوە ماون، بینا بەردینە قایمەکەی خۆی لە هەنبەر گوللەی تفەنگ و گوللە تۆپ و دینامیت دا ڕاگرتووە. ئەو گەریلا و شەڕڤانانەی کە لە بورجی زەنگەکە و لە سەر بانەکان و داربەستەکاندا، خۆیان لە کەمین ناوە، بەردەوام تەقە دەکەن، ئەوانی دیکەش لە سەربانی سانتو ئانتونیو و بورجی زەنگەکانەوە تەقە دەکەن، ئانتونیو، لە نێو مەفرەزەیەکی بچووکی سەگڤانانی کاتولیکەوە، کە لە مەتەرێزەکانی دەوروبەری خەڵوەتخانەکەوە، تەقە دەکەن، جواوە زلە دەبینێ. ئەم

دیمەنانە ورەی بەرزدەکەنەوەو ئەو ترسەی، کە قسەکانی ئەبوت جواو، خستبوویە دڵییەوە کە گوایە سەربازەکان سەنگەرەکانی خوارەوە داگیر دەکەن وهیچ ئومێدێک نییە کە پێشیان پێبگیرێت، لە دڵ دەسڕێتەوە. بێئەوەی وەختێک بە فیڕۆ بدات، خێڵی ژنان و منداڵان و پیرەمێران هاندەدات دەستبەکار بن و هەموو خانووەکانی چوار ڕێیان و سەر ڕێگاکانی ساوکریسپیم، ساو یواکیم، سانتا ماریا، سانتو توماس، سپریتو سانتو، سانتا ئانا و ساو خوزیە بڕوخێنن بە سەر یەکدا، تا ئەم قوڵەی بیلومونتە ببێت بە ونگەیەکی ئەوتۆ کەس نەتوانێ لێی دەربچێت. ئیدی خۆی بۆ ئەوەی ببێ بە سەرمەشقیان دەست بەکار دەبێت و قۆناغە تفەنگەکەی لە جیاتی لۆسە (باری) بەکار دێنێت. هەڵکەندنی خەندەک و دامەزراندنی سەنگەرو مەتەڕێزان، واتا کاری بیناسازی، ئانتونیو لەم ڕووەوە زۆر کارامە بوو، زۆر کارامەتر بوو لە شەڕ.

***

چونکە هەموو تفەنگ و سەندووقە فیشەک و دینامیتەکان برابوون، نها فەزای کۆگاکە سێ ئەوەندەی جاران گەورەتر دیار بوو. ئەم فەزا بەرینە بەتاڵ و چۆڵە کردیە کارێک کە یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین، زیاتر هەست بە تەنیایی بکات. تۆپباران حیسابی وەخت و کاتی لە بیر بردبووەوە. لە کەیەوە، لێرە، لە ژووری ئەم کۆگایەدا، لە گەڵ دایکی پیاوان و شێرۆی ناتوبادا گیری خواردبوو؟ کە گوێی لە شێرۆی ناتوبا دەگرت کە بە دەنگی بەرز نەخشەی هێرشی سەر شاری دەخوێندەوە، لە ترسا دانە چۆقەی پێکەوتبوو. لەوساوە تا نها بێگومان شەو تێ پەڕی بوو و ڕۆژ خەریک بوو هەڵدەهات. ئەگەری ئەوە نەبوو کە تۆپباران هەشت نۆ سەعاتی تەواو بەردەوام بووبێ. بەڵام ترس و لەرزەکەی ئەو کردبوویە کارێک کە زەمانی لێ نەڕوات، سەعاتی لێ دەبوو بە ساڵ. هەمووی سەعاتێک نەدەبوو، کە ئەبوت جواو، پدراو، پاجو و هونوریو ڤیلانوڤا و جواوە زلە، هەرکە گوێیان لە دەنگی هەوەڵین تۆپباران بووبوو لە کۆگاکە دەرپەڕی بوون.

دەرچوونە بەپەلەکەی ئەوانی وەبیر هاتەوە، هەروەها ئەو گەنگەشەیەشی وەبیر هاتەوە کە پیاوەکان لە گەڵ ئەو ژنەدا کردیان کە دەیویست بۆ خەڵوەتخانەکە بگەڕێتەوەو چۆن واداریان کردبوو لێرە بمێنێتەوە.

بەڵام ئەوەی پێخۆش بوو کە ئەم دوو کەسە نزیکەیان لە مورشیدەوە لێرە هێشتبووەوە، مانای وایە ئێرە، ئەم جێگایە لە هەر جێگەیەکی دی ئەمینتر بوو. بەڵام بیرکردنەوە لە جێگای ئەمن و ئەمان لەم کاتەدا، بێ مانا نەبوو؟ ئۆپەراسیونی تۆپخانە، کێوماڵی تۆپخانە، تەنیا بریتی نەبوو لە تۆپبارانی هەندێ ئامانجی دیاریکراو، بەڵکو کارێکی کوێرانە بوو، زیاتر بە مەبەستی سووتاندن و وێران کردنی ماڵەکان، کوشتنی کوێرانەی خەڵکی بوو، تا ورەی خەڵکەکە بڕوخێت و لە هەنبەر هێرشی سەربازەکاندا بۆ سەر کانودوس، بەرگرییان پێنەکرێت.

ڕۆژنامەڤانەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەوە فەلسەفەی عەقید موریرا سیزارە." کە کەرن، کە کەودەنن، کە بێ عەقڵن! هیچ وێنایەکیان لە سەر ئێرە نییە، کەمترین تەسەوریان لە سەر خەڵکی ئێرە نەبوو. تاقە کەسێک کە لەم شارە تاریک و نوتەکەدا بەو تۆپبارانە بەردەوامە قەڵس و ورەی بەردابوو، هەر ئەو بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: " بێگومان تا ئێستا نیوەی کانودوس وێران بووە... سێ چارەکی تیا چووە." بەڵام تا ئێستا تاقە یەک گوللە تۆپیش بەر کۆگا و عەمارەکە نەکەوتبوو. دەیان جار بە دەم چاو نوقاندن و دانە جیڕەوە بیری کردبووە: " ئەوە هەدەفی گرت، ئەوەش." هەر جارێ کە قرمیدی سەربانەکان و لەوحە دارەکان و ئەستوونەکان تەکانیان دەخوارد، هەر کە تەپ و تۆز بەرز دەبووەوەو هەموو شتێکی سەرو خوارو دەورو بەری پەرش وبڵاو دەبووەوە، ئەویش

وەکو تۆپ بەرزدەبووەوەو دەکەوتەوە سەر ئەرزەکە، بەڵام عەمار وکۆگایەکە، هەرچەندە لە بن وبناخەوە، دەلەرییەوە، دەهەژا، بەڵام هەر بە پێوە مابووەوە.

ژنەکە و شێرۆی ناتوبا، بە دوو قۆڵی قسانیان دەکرد. ئەوەی کە دەیتوانی گوێی لێبێت، تەنیا چپەچپەکەیان بوو. نەک ئەو قسانەی کە دەیان کرد. گوێی هەڵخست. لەوەتای تۆپبارانەکە دەستی پێکردبوو، ورتەیان لێوە نەهاتبوو، ئیدی وای وێنا کردبوو کە بەرکەوتوون و هەنووکە ئەو بە دیار جەنازەکانیانەوە دانیشتووە. ڕمبەی تۆپ گوێی کپ کردبوو... تەنیا گرمە گرمی بەرزی دەگەییە گوێ وهەستی بە تەقینەوەی بچووک لە ناخیا دەکرد. ئەی جورما چی لێهاتبوو؟ کورتەڵە لە کوێ بوو؟ لە خۆڕایی چوو بوون بۆ فازندا فلیا تا خواردن بۆ پاجو بەرن. چونکە کاتێ ئەوان بۆ ئەوێندەر ڕۆیی بوون، ئەو هاتبوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە لە کۆگاکەدا هەبوو. تۆ بڵێی هێشتا لە ژیانا مابن؟ لە ناکاوا شەپۆلێکی خۆشەویستی، تەنیاییەکی بە ئازار، پڕ نیگەرانی سەبارەت بەوان سەراپای داگرت، ئەوانی هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن لە سەنگەرەکەی پاجودا، لە ژێر تۆپباراندا گرمۆڵە بوون، بێگومان وەکو چۆن ئەم بە خەمیانەوەیە، ئەوانیش بەو ئاوایە بە خەمی ئەمەوەن. ئەوان بەشێک لەم بوون و ئەم بەشێک لەوان بوو. چون توانی بووی بەو ڕادە زۆرە و بەو عەشقە بێ سنوورەوە، هەست بەو پەیوەندییە ڕوحیە گەورەیە دەگەڵ ئەواندا بکات؟ لە گەڵ کەسانێکدا کە هیچ خاڵێکی هاوبەش لە بەینیاندا نەبوو، پاشخانی کۆمەڵایەتیان، تەربێت و پەروەردەیان، ئاستی خوێنەواریان، ئەزموون و ڕۆشنبیریان، لە هی ئەو جیاوازی جیاواز بوو. ئەو چەند مانگەی کە لێرە لە گەڵ یەکدی دا بەسەریان بردبوو، ئەو پەیوەندییەی دروست کردبوو، هەڵبەتە ئەم واقیعە، بە بێئەوەی ئەوان پێشبینیان کردبێ، یان بە هۆشیارییەوە کاریان بۆ کردبێ، بە بێئەوەی بزانن چۆن و بۆچی، بە هۆی زنجیرەیەک هۆکارو ئەنجامی سەیرەوە، بەخت و ڕێکەوتەوە یەکانگیری ئەو بویەر و ڕووداوانەوە کە مێژوو پێک دەهێنن، پێکەوە خستبوونیە ناو ئەم بویەرە نا ئاسایی و ژیانە مەرگ ئامێزەوە. ئەوانە، ئەو پەیوەندییەیان لە نێوانیاندا چێکردبوو. دەبیرەوە چوو: " ئەم کەڕەتە هەرگیز لێیان جیا نابمەوە. لە گەڵیاندا خواردن بۆ پاجو دەبەم، لە گەڵیاندا دەڕۆم بۆ..."

بەڵام هەستی بە بێهودەیی دەکرد. ئایا دوای ئەم شەوە، ئەم پەیوەندییەیان وەکو جاران دەمێنێ؟ باشە ئەگەر بە سەلامەتی لەم تۆپبارانە دەرباز ببن، ئایا لە بەشی دووەمی ئەو بەرنامە و نەخشەیەی کە شێرۆی ناتوبا بە دەنگی بەرز خوێندبوویەوە بە سەلامەتی دەرباز دەبوون؟ بە چاوی عەقڵ هەزاران هەزار سەربازی دەبینی، کە بە ڕیز، بە سەرەنێزەی ئامادەوە لە قەدپاڵەکانەوە دادەگەڕان و دەرژانە نێو شەقامەکانی کانودوسەوە، هەستی دەکرد، کێردێکی تیژ لە ملە باریکەکەی دەنرێت. بە هاوارەوە خۆی پێیان دەناسێنێ، ناسنامەی خۆی بۆیان کەشف دەکات، بەڵام گوێی لێناگرن، هاوار دەکات: " من لە خۆتانم، کەسێکی شاریم، ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەوانم." باوەڕیان پێنەدەکرد، هاواری دەکرد: " من پەیوەندیم بەو شێتانەوە، بەو هۆڤیانەوە نییە." بەڵام بێهودە. دەرفەتیان نەدەدا، دەم هەڵێنێ: مردن وەکو شەڕڤانێکی ڕووتە لە نێو کۆمەڵێک گەریلاو شەڕڤانی گومناوا، ئایا ئەمە ئەوپەڕی بێهودەیی نەبوو، نیشانەیەکی زەقی گەوجایەتی ئەم دنیا نەبوو؟ زۆر بە خەمی جورما و کورتەڵەوە بوو، بیری دەکردن. پێویستی بەوە بوو کە ئەو جووتە لێوەی نزیکبن، قسەیان بۆ بکات و گوێیان لێبگرێت.

لە ناکاوا هەر دوو گوێی کرانەوە، چۆنکە زۆر بە ڕوونی گوێی لە دەنگی داکی پیاوان: " هەندێک خەتا هەبوون کە لە بەخشین نەدەهاتن و هەندێک گوناح هەبوون نەدەهاتە بوردن." لەو دەنگە پڕ عەزاب، نائومێدەوە، کە سەرڕێژ بوو لە ئیمان و یەقین، کول و کۆڤانێک شەپۆلی دەدا کە دەتگوت لە قوڵایی زەمانەوە هەڵدەقووڵێت.

گوێی لە ژنەکە بوو کە دەیگوت: " لە جێیەکدا ئاگرێک هەیە کە دەمی بۆ من کردووەتەوە. من ناتوانم خۆ لە گێلی بدەم و تەمەشای نەکەم، کوڕی خۆم."

شێرۆی ناتوبا، یەکسەر بەرسڤی دایەوە: " هیچ گوناح و خەتایەک نییە کە باوک (خوا) نەتوانێ بیبەخشێت. مریەم شەفاعەتی بۆ کردوویت و باوکیش ( خوا ) شەفاعەتەکەی قەبووڵ کردووە و تۆی بەخشیوە. بە خۆڕایی خۆت ئەزیەت مەدە دایکە."

دەنگێک بوو خۆشنەوا، ڕەوان، روون، سەرڕێژ لە نەوای دڵ. ڕۆژنامەڤانەکە لە دڵی خۆدا دەیگوت کە ئەم دەنگە خۆشنەوازە هەقە دەنگی پیاوێکی بە سەر و سیما و باڵا بەرز بێ، نەک دەنگی ئەم پیاوەی کە ئەو قسەیەی دەکرد.

ژنەکە بەدەم ناڵینەوە گوتی: " زۆر بچووک بوو، هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، وەکو بەرخێکی نۆزا بوو، جوان بوو، شیری دایکی وشک بووبوو. ژنێکی خراپ بوو، ڕوحی بە شەیتان فرۆشتبوو. پاشان بە هەنجەتی ئەوەی کە تەحەمولی دیتنی عەزابی منداڵەکەی نەدەکرد، یەک دەسپێچکە خوری تەپاندبووە دەمییەوە. کوڕم ئەم گوناحە جیاوازە لە گوناحەکانی دی، ئەمە گوناحێکە نایەتە بەخشین. ئیدی بە چاوی خۆت دەبینی کە تاچۆن هەتاهەتایە لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتێم."

کاتبەکەی کانودوس، بە ڕاوێژێکی دڵدانەوە ئامێزەوە گوتی: " باشە تۆ باوەڕت بە مورشید نییە؟ مەگەر ئەو قسە دەگەڵ خوادا ناکات؟ مەگەر نەیگوت کە... ؟

تەقینەوەیەکی گوێ کەڕ کەر، دەنگ و وشەکانی وەژێرەوە کرد. سەراپای ڕۆژنامەڤانەکە وشک بوو. چاوەکانی نوقاندن، هەموو بیناکە لەرییەوە، بەڵام دەنگی ژنەکە هەر لە گوێیدا بوو، چونکە ئەو قسانە بیرەوەرییەکی زۆر کۆن، کاڵەوە بووی، لە ناخیا زندوو دەکردەوە کە بەدەم جادووی قسەکانی ژنەی تاینەوە بەرەبەرە لە ناخی ناخیەوە دەهاتە سەرەوە. ئایا ئەم ژنە خۆی بوو، هەو بوو؟ جارێکی دی دەنگێکی دەبیستەوە کە بیست ساڵ لەوە پێش، لە هۆڵی دادگا بیستبووی: دەنگێکی نەرم، خەمناک، گۆشەگیر، نا شەخسی.

گوتی: "تۆ هەمان منداڵکوژەکەی سلفادوری؟"

فریای ئەوە نەکەوت، پۆزش بێنێتەوەو لە قسەکەی ژێوان ببێتەوە، دەنگی دوو تەقینەوەی دوا بە دوای یەک بەرز بووەوەو، کۆگاکە بە جۆرێ کەوتە هەژان لە تۆ وایە هەر ئێستا هەرەس دێنێ. بایەکە تەپ و تۆزێکی خەستی ڕاماڵییە ناو کۆگا و عەمارەکەوە، وەکو ئەوە بوو هەموو ئەو گەرد و تۆزە چووبێتە لووتی ئەوەوە. کەوتە پژمین، نۆرە پژمینێکی توندتر لە هەموو جارەکانی پێشووتر، وای لێهات بەدەم پژمینەوە، لە ئەرزەکەدا دەتلایەوە. هەواکە هێندە کەم بوو، خەریک بوو سینگی قەپات دەبوو، بەدەم پژمینەوە، بە دەست دەیکێشا بە سینگی خۆیدا، بەو حاڵەوە، وەکو ئەوەی خەو بدینێ، لە درز وکەلێنەکانەوە چاوی بە ڕەنگێکی شینباو کەوت. کەواتە ئاخری ڕۆژ بووەوە، کابرا لاجانگەکانی خەریک بوو دەتەقی. وای خەیاڵ دەکرد ئیدی ئەمە دوا دواییەتی، خەریک بوو لە تەنگە نەفەسیداو، بەدەم پژمینەوە دەخنکا... کە مردنێکی سەخیفە، بەڵام هەرچۆنێ بوو لەوە باشتر بوو، کە بە زەبری سەرەنێزەی سەربازان بکوژرێ. کەوتە سەر ئەرزەکە، بە پشتا ڕاکشاو هێشتا هەر دەپژمی. دوای چەند چرکەیەک، هەستیکرد سەری، لە باوەشێکی گەرم، دڵسۆز و ئەمینداپە. ژنەکە گرتیە باوەشی

خۆی، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی، وەکو چۆن دایکان منداڵەکانیان ڕادەژەنن تا خەویان لێبکەوێ، بەو ئاوایە بە سۆزەوە ڕایدەژەند.

ئیدی باشی ئەم پژمین و تەنگە نەفەسی وحاڵی خەفەقانە ئەوە بوو، کە ترسەکەی بیر بردبووەوە. ڕمبە و گرمەی تۆپەکان وەکو ئەوە بوو هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبێت و مردنی بەلاوە بووبوو، بە شتێکی بێبایەخ، دەستەکانی ژنەکە، دەنگە نەرم و ناسکەکەی، هەناسەی، قامکەکانی کە نەوازشی هەنیە و چاوەکانی دەکرد، نقومی ئارامییان دەکرد و بۆ سەردەمی دەورانی گۆنگ و نادیاری منداڵییان گێڕایەوە. نۆرە پژمینەکە بەری دابوو، بەڵام لووتی لە ناوەوە دەخورا، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو، لە هەر ئان و ساتێکا نۆرە پژمینەکەی بۆ بێتەوە. لەو حاڵە بێحاڵ و پەرێشانەدا هەندێ نۆرە پژمینی کۆنی وەبیر هاتەوە کە ئەوساش وای هەست کردبوو کە ئیدی دوا دواییەتی و دەمرێت… ئەو شەوانەی قەرەج ئاسا لە باهیا گوزەراندبووی و نۆرە پژمین گەیاندبوویە شەرای مەرگ. و ئیدی دۆستەکانی، ئەو شاعیر وسازڤان و نیگارکێش و ڕۆژنامەوان و مشەخۆرو ئەکتەر و بایەقوشانی شەوگەڕی سلڤادور، کە ژیانی لە ناویاندا بە فیڕۆ دابوو، سەریان لێ سوڕمابوو. بیری دەکەوتەوە کە چۆن فێری هەڵمژینی سپرتۆ بووبوو، کە گوایە دوای ئەو نۆرە پژمینە نەنگین و تاقەتبەرانە، ئیسراحەتی پێ دەدا، و پاشان چۆن تلیاک، لە شێوەی مەرگێکی کاتی و ڕەوتەنیدا لە شەڕی پژمینی ڕەها کردبوو. نەوازش و چپەدووی ناسک و دڵدانەوە و بۆنی خۆشی ئەم ژنە… کە کاتی خۆی منداڵەکەی خۆی کوشتبوو، ئەو کاتانەی کە ئەم پەیامنێرێکی گەنجی بیست و ، نها ڕەبەنیتەی (کاهنە) کانودوس بوو… هەر هەمووی بۆ ئەم هەمان کاریگەری تلیاک و سپرتۆی هەبوو: شتێک بوو نەرم و ناسک، خەوێکی خۆشی لێدەخست. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە ئایا دایکی خۆی، ئەو دایکەی کە لە بیری نەمابوو، بە منداڵی بەم شێوەیە نەوازشی کردبوو، بووبوو بە مایەی ئەوەی وا هەستبکات، لە مەترسی و تالوکەکانی دنیا بە دوورە و باکی پێیان نییە. وێنەی پۆلی قوتابخانەی باوکانی سالیسی دەهاتەوە خەیاڵ کە بە هۆی ئەم پژمینەوە، دەبوو بە گەپچاڕ وبابەتی ڕابواردن – ڕێک وەکو ئەم کورتەڵەیە و ئەم عاجباتیە شێواوەی کە لەم ژوورەدا بوو کاغەزەکەی دەخوێندەوە – دەبووە گەپچاڕو مەزەی ڕابواردنی هاوپۆلەکانی. ئیدی بە هۆی پژمینەکە و چاوە پروشەکانیەوە، وەکو کەسێکی نوقستان ڕەفتاریان لە گەڵدا دەکرد، لە وەرزش و گەشتێن قوتابخانە مەعاف دەکرا. لە بەر ئەوە زۆر شەرمن و کەم ڕوو دەرچووبوو، لە بەر ئەم لووتە نەعلەتیە لە کۆنترۆڵ بەدەرە، ناچاربوو دەستەسڕی گەورەی بە ئەندازەی چەرچەفێک هەڵگرێت، بە هۆی چاوە پروش و نزیکبینەکانیەوە هیچ کاتێ نە کەپلێ، نە دڵدارێ، نە ژنێکی، بۆ پەیدا نەکرابوو، هەمیشە هەستی بە شەرم دەکرد و ئەو قەناعەتەی لە لا چێبووبوو کە مەزەو مایەی ڕابواردنە و متمانەی بەخۆ نەبوو، خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو کیژانە دەربڕێ کە خۆشی دەویستن و ئەم بەیتە شیعرانەیان بۆ بخوێنێتەوە کە بۆی دانابوون، پاشان وەکو هەر ترسنۆکێک دەیدڕێن و بۆی نەدەناردن. بە هۆی لووتیەوە و بە هۆی چاوە کزەکانیەوە، هەرگیز جگە لە ژنە لەشفرۆشەکانی باهیا، هیچ ژنێکی نەگرتبووە باوەش. تەنیا عەشقی فرۆشتەنی دەناسی، ئەو دیدارە خێراو نەگریسانەی کە پارەیەکی زۆری لە پێناویا دەدا، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە بچێتە لای دکتۆر و سۆندەی لە زەکەر بکەن و هاواری دەگەییە ئاسمان. ئەویش کابرایەک بوو شێواو و نوقستان، کەواتە ڕێکەوتەکی نەبوو، کە کاری گەیی بووە شوێنێک، خەڵکانی نوقستان، نەگبەت و داماوی ئەم دنیایەی تیا خڕبووبووەوە. جگە لەمە هیچ چارێکی دیکەی نەبوو، ئەویش یەکێک بوو لەوان.

لە ناخی دڵەوە کەوتە گریان، وەکو تۆپ لوول بوو و بە هەر دوو دەست خۆی بە داکی پیاوانەوە هەڵواسی، بەدەم ناڵین وئاخینەوە کەوتە گلەیی لە بەدبەختی و ناکامیەکانی ئەمڕۆ و دوێنێی خۆی، ئێستا و ڕابردووی

خۆی، وشه له زاریەوه دەرژا، هەنسکی هەڵدەدا، لیکاو به دەمیا دەهاته خوارەوه، ناکامیه سۆزداری و فیکرییەکانی، گەنجاتی به فیرۆ چووی خۆی بۆ دەگێڕایەوه، هێندە بە کوڵ و به دڵ بۆی دەگێڕایەوه که پێشتر هەرگیز شتی وای به خۆوه نەبینی بوو. بۆ ئەم ژنەی دەگێڕایەوه که تا چ ڕادەیەک هەست به نەگبەتی و بەدبەختی دەکات، چونکه هیچ کاتێ ماشقەی نەبووه، نەبووەته شانۆنامه نووسێکی بەنێوبانگ، نەبووه بەو شاعیرەی که خۆی ویستوویەتی و ئێستاش دەزانێ که درەنگ یان زوو، ئەمڕۆ و سبەی مەرگێکی سەخیف و گەوجانە، سەخیفترو گەوجانەتر لەو ژیانەی به سەری بردووه و تیایەتی، بەرۆکی دەگرێت. بەدەم هانکه هانکەوه گوێی له دەنگی خۆی بوو که دەیگوت: " ئەمه ئینساف نییه. ڕەوا نییه، ویژدان نییه." هەستیکرد ژنەکه هەنیە، گۆنا، پێڵوەکانی ماچ دەکات، وشەی خۆش، ناسک، میهرەبان و پچڕپچڕ به گوێیدا دەچپێنێ، وەکو ئەوەی منداڵێکی ساوا بدوێنێ و به لەره و دەنگدانەوەی ئەو وشانه ئەفسوون و شادمانی بکات. به ڕاستیش هەستی به ئارامیەکی زۆر کرد، خۆی به منەتباری ئەم وشه ئەفسوناویانه دەزانی: "چکۆلەکەم، کورەکەم، کۆتره چکۆلەکەم، بەرخۆلەکەم..."

بەڵام له ناکاوا، لەو دنیاوه هاتنەوه ئەم دنیایە، دنیای زەبر و زەنگ، شەڕ. تەقینەوەیەکی گەورە، کوت و پڕ، گوێ کەڕکەر، میچ و ساپیتەی کۆگاکەی هەڵگرت، ئاسمان وهەتاو و هەورو ڕۆشنایی بەیانی لێدەرخستن. ئیدی پارچه لەوح، خشت، قرمیدی سەربان، له هەموو لایەکەوه دەچوو به ئاسمانا، ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکه هەستی دەکرد، خاک و خۆڵ و دار و بەرد و چەو، بەر هەزار شوێنی جەسته و دەست و سەر وچاوی دەکەوێت، بەڵام وەختایەک بیناکه هەرەسی هێنا، نه ئەو و نه شێرۆی ناتوبا و، نه ژنەکه شتاقیان تەختی ئەرزەکه نەبوون. بەڵکو هەموویان به پێوه وەستابوون و باوەشیان به یەکدا کردبوو. ئەو پەشێو و پەرێشان، گیرفانەکانی خۆی بۆ عەینەکه تاک چاوییەکەی دەگەڕا، که به هەزار زەحمەت شووشه شکاوەکانی بەیەکەوه نابوو، خەمی ئەوەی بوو نەبا چاویلکەکەی دووباره ورد و خاش بووبێ و له ئێستا به دواوه، لەوەش مەحرووم ببێت. بەڵام چاویلکەکە سپ و ساغ، هیچی لێنەهاتبوو، ئیدی له کاتێکا خۆی به سەرپەرشتیاری کۆرسی سرووودخوانانی پیرۆزو به شێرۆی ناتوباوه هەڵواسی بوو، توانی بەرەبەرەو به شیواوی ئەو کاولکاریه بدینێ که له تەقینەوەکە، کەوتبووەوه. جگه له میچ و ساپیتەکه، دیواری پێشەوەی کۆگاکەش ڕوخابوو، جگه لەو گۆشەیەی ئەوانی تیابوون، ئیدی کۆگاکه، کۆمایەک دار و پەردو بوو. توانی، به شیوەیەکی شێواو، له دەرێی دیواره داڕوخاوەکەوه کۆمایەک دار و پەردوو و دووکەڵ، تارمایی و تاپۆی خەڵکانێک بەدی بکات، که به هەڵەداوان غاریان دەدا.

لەو ساتەدا شوێنەکه پڕ بوو له پیاوانی چەکدار که بازووبەند و سەربەستی شینیان له قۆڵ و سەریان بەستبوو. له ناو ئەوانەدا هەیکەله زلەکەی جواوه زلەی، که تا ناوقەدی ڕووت بوو، بەدی کرد. ڕۆژنامەڤانه نزیکبینەکه که چاویلکه تاک چاوییەکەی له چاو کردبوو و تەمەشای دەکرد که چۆن ئەو زەلامه چەکدارانه باوەشیان به ماریا کوادرادو و شێرۆی ناتوبادا دەکرد، ئازای هاته لەرزین. به تەما بوون ئەوان له گەڵ خۆدا بەرن و ئەم به تەنیا، وێڵ و سەرگەردان، له نێو ئەو دار و پەردوو و کەلاوەیەدا بەجێ بێڵن. خۆی دایه پاڵ ئەو ژنه و یارۆی کاتب( نووسەر )، هەموو شەرم و شوورەییەکی دایه لاوەو کەوته گریان ولاڵانەوه و پاڕانەوه که به تەنیا بەجێی نەیەڵن، وەختایەک قولەڕەشه دێو ئاساکه، فەرمانی دا که هەمووان له کۆگاکه وەدەرکەون و بڕۆن، داکی پیاوان دەستی ڕۆژنامەڤانەکەی گرت و ڕاکێش ڕاکێش له گەڵ خۆیدا بردی.

خۆی لە دنیایەکی تێکرژاوی پڕ هەرا و هەنگامە و بێ سەروبەرا بینییەوە، دنیایەکی پڕ لە دووکەڵ، هەراو زەنا، دارو پەردوو. ئیدی لە گریان کەوت، هەموو هۆش وگۆشی لای ئەوە بوو، پێی لە شتێک هەڵنەکەوێ، نەخزێ، سەرەسم نەدا، دەستی لە دەستی ئەو ژنە بەر نەدات. جارەهای جار بە شەقامی کامپوگراندەدا سەرکەوتبوو، تا بۆ مەیدانی نێوان کڵێساکان بڕوات، بەڵام ئەمڕۆکە هیچ شوێنێکی ئەو ناوەی نەدەناسیەوە: دیوارەکان درزیان بردبوو، بە هەر لایەکا چاوت دەگێڕا، یەکپارچە چاڵ و قورت، دارو بەرد و وێرانە بوو. خەڵکی بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن، تەقەیان دەکرد، هاواریان دەکرد. لە جیاتی ڕمبەی تۆپان، دەنگی تەقە و گریانی زارۆکان دەهاتە گوێ. بەڵام لە ناکاوا هەستی کرد دەستی لە نێو دەستی ژنەکەدا نەماوە. خۆیشی نەیدەزانی کەی دەستی لە دەستی ژنەکە بەربووبوو. بەڵام هەستی دەکرد لە دەستی تاپۆیەکی جیاوازتردایە و بە لەقە لەق، دەڕوات و هەناسەی ئەو تاپۆ داماوە تێکەڵ بە هەناسەی ئەم بووە. قژە پڕەکەی ئەوی گرتبوو بە دوویدا دەڕۆیی. هەر دووکیان وێڵ و سەرگەردان، بە خاوە خاو ڕێیان دەکرد. لەوانی دی دابڕابوون. بە توندی چنگی بە قژە چڕەکەی شێرۆی ناتوبادا کردبوو و بە ئامان و زامان بەری نەدەدا. ئەگەر بەری بدابوایە، ئیدی هەموو شتێک تەواو دەبوو، دەستی لە بنی هەنبانەکەوە دەردەچوو. هەر کاتێ غاری دابا، یا هەڵبەز و دابەزی کردبا، گوێی لە دەنگی خۆی دەبوو کە دەپاڕایەوە، زۆر پێشی نەکەوێت، بەزەیی پێیدا بێتەوە، چونکە بابایەکی بەلەنگازە وناتوانێ بە باشی بەرپێی خۆی بدینێت.

لە ناکاوا خۆی بە شتێکا کێشا کە پێی وابوو دیوارە، بەڵام زوو بۆی دەرکەوت زەلامە. هەستیکرد یەکێک بۆ دواوە دەڵەکی دەدا، گەڕایەوە و لەو دەمەدا گوێی لە دەنگی ژنەکە بوو داوای دەکرد کە ڕێگەی بکەن تا بڕوات. دیوارەکە کرایەوە، چاوی بە کۆمەڵێک بەرمیل و کیسە وگونیە و پیاو کەوت کە بەدەم تەقە کردنەوە هاواریان دەکرد و قسەیان لە گەڵ یەکدا دەکرد. دایکی پیاوان لە لایەکیەوە بوو وشێرۆی ناتوباش لە لایەکەی تریەوە، لە دەرگایەکی بچووکەوە، کە لە تەختە داری باریک دروست کرابوو، چوونە فەزایەکی داخراو وتاریکەوە. ژنەکە دەستێکی بە سەرو چاوی ئەودا هێناو گوتی: " لێرە بمێنەوە. مەترسە، نوێژ ونزا بکە." چاوی زەق کردەوە، تا توانی ژنەکە و شێرۆی ناتوبا بدینێ کە لە دەرگایەکی بچووکی دیکەوە وەدەرکەوتن.

لە سەر ئەرزەکە پاڵکەوت. هیلاک، برسی، تینوو و خەواڵوو بوو، پێویستی بەوە بوو ئەم مۆتەکەیە لە بیری خۆی بباتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " لە خەڵوەتخانەکەم. مورشیدیش لێرەیە."

سەری لەوە سوڕمابوو کە ئاقیبەت کاری گەیی بووە ئێرە، ئەمە بۆ خۆی ئیمتیازێکی گەورە بوو بۆ ئەو: ئەمڕۆ و سبەیە لە نزیکەوە چاوی بەو گەرداوە دەکەوێ کە هەموو بەرازیلی هێنابووە لەرزە، بەناوبانگترین و بێزراوترین پیاوی ئەم وڵاتەی دەبینی، گوێی لە گفت و لفتی دەبوو. بەڵام چ مفا و فایدەیەکی بۆ ئەو تیابوو؟ ئایا دەرفەتی ئەوەی دەبوو کە لەم بارەیەوە شتێک بە خەڵکی بڵێت؟ گوێی هەڵخست تا بزانێ لەوێ، لە ناو خەڵوەتخانەکەدا چ دەڵێن، لێ هەرا و زەنای دەرەوە، نەیدەهێشت، گوێی لە تاقە یەک وشەش ببێت. ئەو ڕوناکیەی کە لە درزی چەپەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە چاوی ئازار دەدا وگەرماکە هەناسەی بنیادەمی تەنگ دەکرد. دیار بوو سەربازەکان لە ناو کانودوس بوون، دیار بوو شەڕ کەوتبووە ناو جادەکان. وێڕای ئەوەش لەم خەڵوەتگە تاریک و تەریکەدا، لەم مەتەڕێزە تەنیایەدا هەستی بە ئارامییەکی قووڵ دەکرد.

دەرگا دارینەکە بە جیڕ وهۆڕ کرایەوە، تاپۆ و تارمایی تاریک و لێڵی ژنێکی بەدی کرد کە سەرپۆشێکی بە سەرەوە بوو. ژنەکە قاپێ خواردن و کاسەیەکی دی کە شتێکی شلی تیا بوو لە بەردەستیا دانا، وەختایەک تامی شتەکەی ناو کاسەکەی کرد، بۆی دەرکەوت کە شیرە.

گوێی لە دەنگی بوو دەیگوت: " دایکە کوادرادو دوعا ونزات بۆ دەکات، سوپاس و ستایش بۆ مەسیحی موبارەک مورشید."

وەڵامی دایەوە: "سوپاس بۆ ئەو ." و لە سەر جووین و قووت دانی خواردنەکە بەردەوام بوو. هەرکاتێ لە کانودوس نانی خواردبا شەویلاگەکانی دەیاندایە ژان. وەکو ئەوەی لە زۆر بە کارهێناندا ڕەق بووبن: ژانێک کە لە گیانی خۆشبوو. هەرکە لە نانخواردن بووەوە، لە ئەرزەکەدا ڕاکشا و سەری نایە سەر باسکی وخەوی لێکەوت. خواردن، خەوتن بووبوو بە تاقە شادمانی. دەنگی تەقە نزیک بووەوە و پاشان دوورکەوتەوە، پاشان دەتگوت لە هەموو لایەکەوە دێت، ئەوسا دەنگی هەنگاوی لەزگین هات. ڕوخسارە لاوازەکەی عەقید موریرا سیزاری بینی، ڕێک وەکو ئەو کاتە بوو کە زۆر جاری دی کە شانبەشانی ئەو دەڕۆیی، یان وەکو ئەو شەوانە بوو کە دوای نان خواردن لە ئۆردوگا دادەنیشتن و قسانیان دەکرد. یەکسەر دەنگی ئەوی ناسیەوە، دەنگە توونـد و ڕاوێژە ئامیرانەکەی ناسییەوە: دیار بوو، تۆپبارانەکەی بەر لە هێرشەکە تەواو بووبوو، کە بۆ ئەوە کرابوو تا زیانی گیانی کۆماریخوازەکان  کەمتر بێتەوە. چاری وەرەم و دومەڵ هەر نەشتەرگەرییە، دەنا چڵک دەکات و بە هەموو جەستەدا بڵاودەبێتەوە. لەم حاڵەدا، هەستیکرد کە تۆپبارانەکە توونـدتر دەبێت، کوژراو زۆر دەبێ، خانوەکان هەرەس دێنن، هەستی دەکرد، چەکدارەکان بە سەریا دێن و دەڕۆن و خۆیانی لێ لادەدەن تا نەیخەنە ژێر دەست و پێوە، ئەمانە خەبەر و هەواڵی ئەوتۆیان دەهێنا کە خوا خوای بوو گوێی لێیان نەبێت. چونکە هەموو خەبەرەکان ناخۆش بوون.

وەختایەک گوێی لە باڕەی ئەو بەرخە چکۆلەیە بوو کە خەریک بوو دەستی ئەمی دەلستەوە، ئیدی دڵنیا بوو کە خەون نابینێ و لە خەوا نییە. دەستی بە سەرە تووکنەکەیدا هێنا، بەرخەکە بە بێئەوەی بڕەوێتەوە، لە بەر دەستیا وەستا، وا دیار بوو ئەم نەوازشەی لە گیان خۆشبوو. بەڵام دەنگەکەی دی، دەنگی دوو کەس بوو لە تەنیشت ئەوەوە قسەیان دەکرد. عەینەکە تاک چاوییەکەی کە درزی دنیای تێ بووبوو و، بە درێژایی ئەو ماوەیەی خەوتبوو، توونـد بە دەستیەوە گرتبوو، کردە چاوی. لە بەر ڕۆشنایيە لێڵەکەدا، تاپۆی بابە یواکیم و ئافرەتێکی پێخاوسی، کە مانتۆیەکی سپی لە بەرو سەرپۆشێکی شینی بە سەرەوە بوو. قەشەکەی کومبی تفەنگێکی لە نێو هەر دوو لاقیا بە دەستەوە بوو و دوو فیشەکدانی ڕاست و چەپ، لە خۆ دابوو. بابە یواکیم ڕواڵەتی شەڕڤانی هەبوو: قژە تەنکەکەی تێک ڕژابوو و تۆزاوی بووبوو، جبەکەی دڕابوو، تاکێک لە پاتاوەکانی لە جیاتی دوای چەرم بە پەت لە پێی بەستبوو، بە ئاشکرا شەکەت و ماندوو دیاربوو. باسی کەسێکی دەکرد بە نێوی (یواکنزینیو).

گوێی لە یارۆی قەشە بوو کە بە ڕاوێژێکی خەمناک دەیگوت: "دەگەڵ ئانتونیو ڤیلانوڤادا ڕۆیی تا خواردن بێنێت. لە ئەبوت جواوم بیست کە هەموو ئەوانەی لە سەنگەرەکانی قۆڵی فازا – پاریس دا بوون بە سەلامەتی گەڕانەوە." دەنگی لە ئەوکیا گیرا و کۆکەیەکی بۆ کرد: "واتە ئەوانەی بە سەلامەتی لە هێرشەکە دەرباز بوون."

ژنەکە دووبارە پرسی: " ئەدی یواکنزینیو؟ "

ژنەکە، ئەلکساندرینیا کوریا بوو، ئەو ژنەی کە خەڵکی جۆرەها چیرۆک و ئەفسانەیان لە بارەیەوە دەگێڕایەوە: کە دەزانێ لە کوێ ئاوی ژێر زەوی هەیە و سەردەمانێ قەپاتمەی بابە یواکیم بووە. ڕوخساری ژنەکەی بە جوانی لێوە دیار نەبوو. ئەو وقەشەکە بە دوو قۆڵی لە سەر ئەرزەکە دانیشتبوون. دەرگای خەڵوەتگەکە کرابووەوە، کەس لە ژوورەوە دیار نەبوو.

قەشە وردیلەکە، بە ئارامی گوتی: " نەیتوانی لەوێ بگەڕێتەوە. ئانتونیو و هونوریوش و زۆر کەسی دی لە ڕەخی فازا – پاریس گەڕانەوە. بەڵام ئەو نا. کەس نەیدەزانی چی بە سەر هاتووە، کەس لەوە بەدواوە نەیبینی بوو."

ژنەکە گوتی: " خۆزیا دەکرا بە خاکی بسپێرم، نەک وەکو حەیوان، بە بێ خاوەن لەو دەشتە بکەوێ."

قەشەکەی کومبی گوتی: " ڕەنگە نەمردبێ. کە برایانی ڤیلانوڤا و ئەوانی دی گەڕابنەوە، چما ئەو نەگەڕاوەتەوە؟ دوور نییە نها لە بورجەکاندا بێ یان لە سەنگەرەکانی ساوپدرو، یان لە گەڵ براکەیدا لە فازندا فیلا بێ. سەربازەکان هێشتا سەنگەرەکانی ئەو قۆڵەیان کۆنترۆڵ نەکردووە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە هەستی بە شادیەکی زۆر کرد، دەیویست هەواڵێکی جورما و کورتەڵە بپرسێت، بەڵام خۆی گرت: زانی ماقوول نییە خۆی لە قسە نهێنییەکانی ئەو جووتە هەڵقورتێنێ کە بەو ئاو وتاوە یەکتریان دەدواند. ڕاوێژو دەنگی قەشەکەو موریدە دڵسۆز و وەفادارەکەی، نیشانەی ئەوە بوون، کە ڕازین بە چارەنووسی خۆ، بە هیچ جۆرێ خۆیان تەنگەتاو وشپرزە نەکردبوو. بەرخۆلەکە هێشتا دەستی ئەوی دەلستەوە. خۆی ڕاستکردەوەو دانیشت، بەڵام نە یواکیم و نە ژنەکە خۆیان شلوێ نەکرد، وادیار بوو بە لایانەوە گرینگ نەبێ کە ئەو بێدارەو گوێی لە قسەکانیان دەبێت.

ژنەکە گوتی: " ئەگەر یواکنزینیو مردبێ، خۆزیا (ئاتاناسیو) ش دەمرد، ئیدی بۆ خۆ لەو دنیاش پێکەوە دەبن."

پەیامنێرەکە، لە ناکاوا تەزوویەک بە گازەڕای پشتیا هات. خۆیشی نەیزانی ئەمە کاردانەوەی قسەکانی ژنەکە بوو، یان بە هۆی لێدانی زەنگەکانەوە بوو؟ دەنگی زەنگەکان زۆر نزیک بوو، هەروەها گوێی لە سروودی "سلاو لە مریەم " ش بوو کە لە لایەن جەماوەرێکی زۆرەوە دەگوترایەوە. کات، ئێوارەیەکی درەنگ بوو. نەوای زەنگ و هاواری لاڤە ونزا تێکەڵ بووبوو. ناوبەناو گولله تۆپێک بە سەر سەری ئەوانەوە دەتەقییەوە. مردن بۆ ئەو خەڵکانە و بەلای ئەوانەوە  لە ژیان گرینگتر بوو. ئەوەندەیان کلۆڵی و نەگبەتی بەخۆوە دیتبوو، مەمنوون بوون، ئەگەر مردنێکی شایستەیان بە نەسیب ببوایە، پیاو نەیدەتوانی سەر لەم خەڵکە دەربکات. بەڵام ئەگەر کەسێک هەموو ژیانی بەمجۆرە بردبێتە سەر، کە لەو ساتەدا ئەوی تیابوو، ئەوا مردنی زۆر لە ژیان باشتر بوو، مردن ،مورشید گوتەنی، بۆ ئەو نیعمەت بوو.

قەشەکەی کومبی، تەمەشای ئەوی دەکرد. گوێی لێبوو لە بن لێوانەوە دەیگوت: "مخابن کە منداڵان بە ناچاری لەم شەڕانەدا دەکوژرێن. ئاتاناسیو چواردە ساڵە، یواکنزینیو هێشتا سیازدە ساڵی تەواو نەکردووە. ئەمانە یەک ساڵە لە شەڕدان، دەکوژن و بە خۆشیان لەگینە لە هەر ئان و ساتێکا بێنە کوشتن. ئاخر حەیف نییە؟ "

پەیامنێرە نزیکبینەکە بە زمانی تێک ئاڵاوەوە گوتی: " با، حەیفە. بەڕاستی زۆر حەیفە. من خەوم لێکەوتبوو. دەنگ و باسی شەڕەکە بابە؟"

قەشەکەی کومبی وەڵامی دایەوە: " لە  ساوپدرو پێشیان لێگرتوون. لە لای ئەو سەنگەرەی کە ئانتونیو ڤیلانوڤا ئەم بەیانییە دروستی کردبوو."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە پرسی: " یانی، لێرەن، لە ناو شارن؟ "

-" تەنیا بیست سی مەترێک لێرەوە دوورن."

ساوپدرو، ئەو شەقامەی لە ڕووبارەکەوە تا گۆڕستانەکە بە ناوەندی کانودوس دا دەڕوات، هەمان شەقامی شانبەشانی کامپوگراندە، یەکێکە لەو شەقامە دەگمەنانەی کە دەشێت ناوی شەقامی لێبنرێ. ئێستا کرابوو بە سەنگەرو سەربازەکان لەوێندەر بوون. سێ هەنگاوێک لێرەوە دوور بوو. تەزوویەتی سارد بە گازەڕای پشتیا هاتە خوارەوە. دەنگی نوێژو نزا بەرزدەبووەوە، نزم دەبووەوە، ئەوسا نەدەما، دووبارە بەرزدەبووەوە، ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە وای هەست دەکرد، لەو فاسیلانەدا کە دەکەوێتە نێوان تەقینەوەکانەوە گوێی لە دەنگی گڕی مورشید و دەنگە نوزەڵەکەی چکۆلەی موبارەک دەبێ و ژنان و برینداران و پیرەمێران و شەڕڤانانی لە حاڵی مردن وئەنگێوەکان هەر هەموویان سرووودی "سڵاو لە مریەم " پێکەوە دەخوێنن. ئاخۆ سەربازەکان، چۆن بیریان لەم نوێژو نزایانە دەکردەوە؟

بابە یواکیم، لە کاتێکا وەکو شەڕڤانەکان دەیکێشا بەو تفەنگەدا کە بە باوەشیەوە بوو گوتی: " بە ڕاستی مایەی داخە بابایەکی قەشە ناچاربێ تفەنگ هەڵبگرێ. من نەمدەزانی تەقە بکەم. بابە "مارتینز" ش لە ژیانیا تاقە فیشەکێکی نەتەقاندبوو، تەنانەت لە ڕاوە ئاسکیش دا."

ئایا ئەمە هەمان ئەو پیاوە وردیلە بە تەمەنە بوو کە یارۆی ڕۆژنامەڤانەکە بینی بووی لە بەردەم موریرا سیزار دا، خەریک بوو لە ترسا زیڕەی دەکرد و لێی دەپاڕایەوە؟

پرسی: "بابە مارتینز؟"

هەستیکرد بابە یواکیم لە ناکاوا بێدەنگ بوو. کەواتە قەشەێن دیکەش لە کانودوس هەبوون. ئەوانەی بە خەیاڵ هێنانە بەرچاو، تفەنگەکانیان سوار دەکرد، نیشانەیان دەگرتەوە، دەیان تەقاند، باشە کڵێسا لایەنگری کۆمار نەبوو؟ مەگەر ئوسقوفی مەزن، مورشیدی لە کڵێسا دەرنەکردبوو؟ مەگەر ئەو ڕاگەیەنراوەی دژی ئەم شێت و شوروموڕتەدە هەرتوقی وکۆنەپەرستەی کانودوس دەرکرابوو،بە ئاشکرا لە هەموو کڵێساکاندا نەخوێنرابووەوە؟ کەواتە چۆن دەبوو هەندێ قەشە، دەست بدەنە تفەنگ و لە پێناوی مورشیدا بجەنگن؟

-" گوێت لێیانە؟ گوێ بگرە گوێ: کۆنەپەرستان، سباستیان، بەشەر خۆران! ئینگلیزان، پیاوکوژان! " چ کەسانێک بۆ ئێرە هاتبوون تا ژن و منداڵ بکوژن، کێ هاتبوو تا خەڵکی سەر ببڕێ؟ کێ منداڵی سێازدە ساڵ و چواردە ساڵی ناچار کردبوو چەک هەڵگرێ و ببێ بە شەڕڤان؟ تۆ لێرەی، هێشتا زندووی، دروستە؟ "

سەراپای لە ترسا کەوتبووە لەرزین. بابە یواکیم دەیویست ڕادەستی شەڕڤانەکانی بکات، تا هەموو ڕقێکی خۆیان بەو بڕێژن.

قەشەکە لە سەری ڕۆیی: " تۆ لە گەڵ ئەو سەربرەدا بۆ ئێرە هاتیت وانییە؟ وێڕای ئەوەش پەنایەکیان داویتێ کە خۆت بپارێزی، خواردنیان داویتێ و میوانداریان کردوویت. باشە سەربازەکان ئامادەن ئەمە لە گەڵ هیچ شەڕڤانێکی پدراو یان پاجو یان ئەبوت جواو دا بکەن؟ "

به دەنگێکی پچڕپچڕ بەرسڤی دایەوە: "دروستە، دروستە، هەق بە تۆیە. من زۆر منەتباری ئێوەم کە بەم ڕادەیە یارمەتیتان داوم. لە ناخی دڵمەوە، بێ ڕیا ئەم قسەیە دەکەم، سوێندت بۆ دەخۆم."

قەشەکەی کومبی ئاماژەی بۆ سەر شەقامەکە کرد وگوتی: " ئەمانە، دە دە، سەد سەد دەکوژرێن، لە پای چی؟ لە بەر ئەوەی باوەڕیان بە خودا هەیە؟ هەر لە بەر ئەوەی دەیانەوێ بە گوێرەی شەریعەتی خودا بژین؟ ئەمە دووبارەکردنەوەی قەتڵوعامەکەی بێ تاوانانە ( ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو بویەرەی دەگوترێ گوایە هیرودسی پاشای جوولەکان، دوای ئەوەی یەسوعی منداڵی نەدۆزییەوە تا بیکوژێت، فەرمانی دا هەرچی منداڵی تازە لە دایکبوو و تا دوو ساڵان لە بەیت لەحم هەن بکوژرێن، بەو ئومێدەی مەسیحیان لە نێودا بێت.)

ئایا یارۆی قەشە دەیویست لە هورژنی گریان بدات، پێ بە عاریدا بکوتێ، داماو و بێدەسەلات، خۆی لە خاک و خۆڵ وەربدات؟ بەڵام پەیامنێرە کوێرە مووشەکە بینی کە یارۆی قەشە، هەوڵدەدات هەر چۆنێ بووە خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەرەبەرە هێور دەبووەوە، بە سەرو سیمایەکی خەمبارەوە وەستابوو وگوێی بۆ دەنگی تەقە و، نەوای دوعاخوانی و زەنگەکان شل کردبوو. ڕۆژنامەڤانەکە وای هەست کرد دەنگی عازی شەپیوران دێتە گوێ. هێشتا لەو ترسە ڕزگار نەبووبوو کە سەراپای داگرتبوو. بە شەرمێکەوە لە قەشەکەی پرسی ئایا بە ڕێکەوت جورما و کورتەڵەی نەدیتووە. کابرای قەشە سەرێکی لەقاند.

ڕێک لەو کاتەدا دەنگێکی خۆش لە نزیکیەوە گوتی: " لە ساوپدرو بوون. خەریک بوون لە گەڵ خەڵکەکەدا سەنگەریان لێدەدا."

ئیدی عەینەکە تاک چاوە شووشە شکاوەکەی فریای کەوت و توانی لەو ڕێگەوە، بە ئاستەم شێرۆی ناتوبا، لە لای دەرگا بچووکەکەی خەڵوەتخانەکەوە بەدی بکات کە یا دانیشتبوو یا بە چۆکا هاتبوو، بە هەرحاڵ خۆی لە نێو پاڵتۆ تۆزاوییەکەیدا، هەڵکوڕما بوو و بە دوو چاوی درشت و پرشنگدارەوە تەمەشای ئەوی دەکرد. دەمێک بوو لەوێندەر بوو یان تازە هاتبوو؟ ئەم بوونەوەرە غەریبە کە نیوە بەشەر و نیوە حەیوان بوو، بە جۆرێ ئەوی نیگەران دەکرد کە تەنانەت توانای ئەوەی لێ سەلب کرد کە سوپاسی بکات یان قسەیەکی لە گەڵدا بکات. زۆر بە زەحمەت دەیبینی، دنیا تاریک بووبوو، هەرچەند ڕوناکیەکی کز لە درزی دەرگاکەوە، لە ژوورەوەی دەدا و لە قژە بژەکەی نووسەر و کاتیبەکەی کانودوسدا ون و ئاوا دەبوو.

گوێی لە یارۆی کاتب بوو کە بە دەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی دەڵێت: " من هەموو قسەکانی مورشیدم، وشە بە وشە نوسیووە." ڕووی دەمی لە پەیامنێرەکە بوو، ئەم کابرا قەمووره دەیویست دۆستایەتی لە گەڵدا پەیدا بکات. ( بیرەکانی، وەعزە شەوانەکانی، نوێژ ونزاکانی، پێشبینییەکانی، خەونەکانی. بۆ هەموو نەوەکانی ئایندە، تا ئینجیلێکی دی بخرێتە سەر کتێبی پیرۆز."

پەیامنێرە نزیکبینەکە، لە بن لێوانەوە گوتی: " ئاوها. "

شێرۆی ناتوبا، لە سەر قسەکانی ڕۆیی: " بەڵام حاڵی حازر لە بیلومونتە نە کاغەز، نە مەرەکەب دەست ناکەوێ، ئەمە جگە لەوەی دوا پەڕە مووچەکەشم شکا. ئیدی ئەو شتانەی کە مورشید دەیانڵێت، لە تۆماری نەمریدا تۆمار ناکرێن." شێرۆی ناتوبا زۆر خوێنساردانە ئەو قسانەی دەکرد، بە هەمان ئەو ئاسوودەییەوە، دەیکردن کە پەیامنێرە نزیکبینەکە لە خەڵکی کانودوسی بینی بوو کە ڕووبەڕووی بویەر و دیاردەکانی ئەم دنیایە دەبوونەوە.

دنیایان دابووە بەر کلکان! وەکو ئەوەی ئەم هەموو مەینەتی و نەگبەتیانە، وەکو باران، وەکو شەفەق، وەکو خێزاو وکشاوی ئاو، دیاردەی سروشتی بن و ڕووبەڕوو بوونەوەیان گەوجایەتی بێ.

قەشەکەی کومبی لە بن لێوانەوە گوتی: "شێرەکەی ناتوبا کەسێکی زۆر زیرەکە، خواوەند لە جیاتی لاق و پشت و شان، کە نەیداوەتێ، هۆش و زیرەکی پێبەخشیوە، وانییە شێرۆ؟"

کاتبەکەی کانودوس، سەری ئەرێی بۆ لەقاند و چاوی لە ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە نەدەگواستەوە. پەیامنێرەکە دڵنیابوو کە ئەو قسەیە ڕاستە. "من کتێبی چەردەیەک لە مەڕ نوێژ و نزا وکاتە مریەمیەکانم، چەند جارێک خوێندووەتەوە، هەموو ئەو گۆڤار و وەرزنامانەی کە جاران خەڵکی بۆیان دێنام، دەمخوێندەوە، ئەویش نەک جارێ، بەڵکو چەند جارێک. قوربان تۆش زۆرت خوێندووەتەوە؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە ڕادەیەک پەست و شپرزە بوو کە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەڵێت و لەو ژوورە وەدەربکەوێ، هەرچەندە دەیزانی هەرکە دەربکەوێ دەکەوێتە ناوجەرگەی شەڕەکەوە. بەجۆرە شەرمەزارییەکەوە گوتی: " چەند کتێبێکم خوێندووەتەوە." لە دڵی خۆدا گوتی: " هیچیان لێوە فیر نەبووم." ئەو شتەی لە ماوەی ئەم مانگە دوورو درێژانەوە کەشفی کردبوو ئەمە بوو کە: ڕۆشنبیری، زانست، مەعریفەت درۆ بوو، کۆت وزنجیری دەست وپێ بوو، چاو بەستی بەشەر بوو. ئەو هەموو خوێندنەوەیە... زەڕەیەک دادی نەدەدا تا خۆی لەم تەڵەیە ڕزگار ودەرباز بکات.

شێرۆی ناتوبا، بە غرووڕەوە گوتی: "من دەزانم کارەباییات چییە، ئەگەر حەزدەکەی قوربان دەتوانم فێرت بکەم کە کارەباییات چییە. تۆش قوربان لە بری ئەوە دەتوانی ئەو شتانە فێری من بکەی کە نایانزانم. من دەزانم پرەنسیپ یان قانوونی ئەرخەمیدس چییە. دەزانم چۆن جەستەی بەشەر مۆمیا دەکەن. دەزانم ئەندازەی فاسیلە و مەودای نێوان ستێران بگرم."

بەڵام لەو کاتەدا، لە چەندین لاوە ڕمبەی تۆپبارانێکی چڕ بەرز بووەوە، ئیدی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، هەستیکرد دەبێ مەمنوونی ئەم شەڕە بێت کە لە ناکاوا ئەم بوونەوەرەی کە بوون و دەنگی لە نزیک ئەوەوە، زۆری بێزار کردبوو، بێدەنگ کرد. چما بەو ڕادەیە لەو کەسە بێزار و قەڵس بوو کە تەنیا دەیویست بەو ساکاریە قسە بکات و بەو ساکاریە بە زانیاری و ڕۆشنبیریی خۆیەوە بنازێت، کە دەیویست لەو ڕێگەیەوە مەحەبەت و خۆشەویستی و هاوکاری خەڵکی بە دەست بێنێ؟ دەبیرەوە چوو: "چونکە منیش وەکو ئەوم، ئەڵقەیەکم لەو زنجیرە کە ئەو ئەڵقە هەرە لاوازەکەیەتی."

قەشەکەی کومبی، بە هەشتاو خۆی گەیاندە ئەو دەرگا چکۆلەیەی کە بۆ دەرەوە دەکرایەوە، پاڵێکی پێوە نا و کەوتە سەر گازی پشت، تۆزە ڕوناکیەک لە ژوورەوەی دا، کە کردیە کارێک پەیامنێرە نزیکبینەکە، باشتر سەر و سیمای شێرۆی ناتوبا بدینێ: پێستە لیلەکەی، هێڵە ناسکەکانی دەم و چاوی، تۆپەڵە ڕیشەکەی سەر چەناگەی، چاوە پۆلا ئاساکانی. بەڵام ئەو شتەی ئەمی خستبووە حیرەتەوە، قەد و قەڵافەتەکەی بوو: سەر وگەردنی بە نێو هەردوو ئەژنۆیدا شۆڕ بووبووەوە، قۆقزییەکی گەورە بە پشت سەریەوە بوو، دەتگوت بوخچەیەکی گەورەیە و بە کۆڵیەوە بەستراوە، چوار پەلی، باریک ولاواز کە دەتگوت لاقی جاڵجاڵۆکەیە ونە شارەزا بە بەدەنیەوە چەسپاندووە. ئاخر ئەم ئێسکە پەیکەرە بەشەرییە، چۆن دەیتوانی بجوڵێت، بەوجۆرە خۆی گرمۆڵە بکات؟ مۆرەغەی پشتی، پەراسووەکانی، و ئێسقانەکانی چۆن بەو خوار و خێچیە دروست بووبوو؟

بابە یواکیم وئەوانەی لە دەرەوە بوون، هەر هات و هاواریان بوو: دیار بوو هێرش بۆ شوێنێک کرابوو، پێویست بە خەڵکی هەبوو. قەشەکە هاتە ناو ژوورەکە، ڕۆژنامەڤانەکە بە زەحمەت دەیبینی کە دانەویوەتەوە و تفەنگەکەی هەڵدەگرێت.

گوێی لێبوو کە قەشەکە لە بن لێوانەوە گوتی: "خەریکە هێرش بۆ سەنگەرەکانی ساوکیپریانو وساوکریسپیم دێنن. بڕۆن بۆ خەڵوەتخانەکەی مەسیحی موبارەک، ئەوێ ئەمینترە. خوداحافیز، پاکیزەی موبارەک پشت و پەنای هەمووومان بێت."

قەشەکە بە هەڵەداوان لە ژوورەکە وەدەرکەوت. پەیامنێرە نزیکبینەکە، ئەلکساندرینیا کوریای بەرخۆلەکەی هەڵگرت و بەرخۆلەکە لە ترسا کەوتە باعە باع. ژنەکە کە ئەندامی کۆرسی سروودخوانانی پیرۆز بوو، لە شێرۆی ناتوبای پرسی ئایا لە گەڵیا دەڕوات یان نا، شێرۆ بە دەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی بەرسڤی دایەوە کە لە خەڵوەتخانەکە دەمێنێتەوە. ئەدی ئەو چ بکات؟ تەگبیری چ بوو؟ لێرەو و لە گەڵ ئەم دێوەدا بمێنێتەوە؟ یان بە کوێرە کوێر دووی ژنەکە بکەوێ؟ بەڵام ژنەکە ڕۆیی، تاریکیەکی تاریک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، دیوارەکانی لە چەپەری قامیش دروستکرابوو، گەرماکە لە کێشا نەبوو، ئینسان دەخنکا. تۆپباران سات بە سات توندتر دەبوو. بەچاوی خەیاڵ ئەو سەربازانەی دەبینی ئەو سەنگەرانەیان دەبڕی کە لە بەردو تاوێر وکیسە لم دروست کرابوون، بە سەر جەنازاندا دەڕۆیشتن، وەکو بەڵای ئاسمانی هێرشیان بۆ ئەو شوێنە دەبرد کە ئەوی تیابوو.

بە ئارامی و کاوەخۆ گوتی: "من نامەوێ بمرم." هەستیکرد ناتوانێ تاقە فرمێسکێک بڕێژێت.

شێرۆی ناتوبا، بە ڕاوێژێکی نەرم گوتی: " قوربان ئەگەر حەزدەکەی پەیمانێک دەبەستین. جارێک پەیمانێکی وام لە گەڵ دایکە ماریا کوادرادو دا بەست، بەڵام ئەو ناتوانێ جارێکی دی بۆ ئێرە بێتەوە. حەزدەکەی پەیمانێ ببەستین؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە جۆرێ دەلەرزی نەیدەتوانی دەم هەڵێنێ. لە ژێر گرم و هوڕی تۆپباراندا گوێی لە دەنگی زەنگەکان دەبوو کە وەکو نەوایەکی ئارامبەخش لێدەدرا و لە پشت ئەم نەوایەوە سروودی سڵاو لە مریەم، دەنگی دەدایەوە.

شێرۆی ناتوبا لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو: " بۆ ئەوەی بە کێرد نەمانکوژن، بەڕاستی کێرد هێنان بە ملی بەشەرا و وەکو حەیوان بێتە سەربڕین تا خوێنەکەی لەبەر بڕوات و گیانی دەربچێ بە ڕاستی سووکایەتیە بە کەرامەتی ئینسان، روحی بەشەر ئەنجن ئەنجن دەبێت. حەزدەکەی پەیمانێ ببەستین قوربان؟ "

هەڵوەستەیەکی کرد، کە وەڵامی نەدرایەوە لە سەری ڕۆیی: " کە هاتنە بەر دەرگای خەڵوەتخانەکە، گوێمان لە دەنگیان بوو و زانیمان دێنە ژوورەوە، یەکدی دەکوژین. هەر یەکەمان دەم و لووتی ئەی دیکەمان توند دەگرین تا سییەکانمان دەتەقن. دەتوانین بە دەست یان بە قەیتانی پێڵاوەکانمان یەکدی بخنکێنین، پەیمان ببەستین؟"

دەنگی دەستڕێژی گوللە، دەنگەکەی شێرۆی ناتوبای کردە ژێرەوە. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە سەری گێژ بووبوو، جۆرەها بیرۆکەی هەڤدژ، ترسناک، خەمناک، لە مێشکیا بڵاچەیان دەدا. هەردووکیان بە بێدەنگی لەوێندەر دانیشتبوون، گوێیان لە دەستڕێژی گوللە، لە تەپە تەپی پێ و ڕاکە ڕاکە و ئەو ئاژاوە گەورەیە دەگرت کە لە ئارادا بوو. ڕوناکییەکە سات بە سات کەمتر دەبووەوە و ئیدی بە باشی سەروسیمای شێرۆی ناتوبای نەدەبینی، تەنیا هێڵە گشتیەکانی لەش و لارە خوار و خێچ و پشتە قەموورەکەی دەبینی. نیازی بەستنی ئەو پەیمانەی لە

گەڵیا نەبوو. شتی وای لە دەست نەدەهات، هەرکە گوێی لە دەنگی سەربازەکان بوایە هاواری دەکرد: "من حەپسی لای شەڕڤانەکانم فریام بکەون، ڕزگارم بکەن." پڕ بەزار هاواری دەکرد: " بژی کۆمار، بژی مارشال فلوریانو. " خۆی بە سەر ئەم بوونەوەرە چوار پێیەدا دەدا، بەرهەقی دەکات و ڕادەستی سەربازەکانی دەکات تا بیسەلمێنێ کە ئەم سەر بە شەڕڤانەکان نییە.

گوێی لە خۆی بوو، کە سەری لە نێو هەر دوو دەستی نابوو، دەیگوت: " من تێناگەم، ئێوە، هەمووتان چتۆ بوونەوەرێکن؟ لێرە چ دەکەن؟ چما پێش ئەوەی دەورتان بگرن، ڕاتان نەکرد؟ ئاخر ئەمە چ ئەقڵێکە لەم تەڵە مشکەدا بمێننەوەو چاوەڕوان بکەن تا بێن و هەمووتان بکوژن! "

شێرۆی ناتوبا وەڵامی دایەوە: " هیچ شوێنێ نییە بۆی بڕۆین. پێشتریش هەر ئەمە پیشەمان بووە. هەر بۆیەش بۆ ئێرە هاتووین، لە ڕاستیا بۆ ئێرە هەڵاتین. حاڵی حازر جگە لێرە هیچ شوێنێکی دیکە شک نابەین... ئەوانە گەییونەتە بیلومونتەش."

ڕمبەی تۆپباران، دەنگەکەی کردە ژێرەوە. ئێستا دنیا تەقریبەن تاریک بووبوو. پەیامنێرە نزیکبینەکە لە دڵی خۆدا گوتی کە شەو بۆ ئەو زووتر لە خەڵکانی دی دادێت. خۆزی دەخواست بمرێت و شەوێکی دیکەی وەکو دوێشەو بەسەر نەبات. هەستیدەکرد، لە ڕووی بایۆلۆجیەوە، لە ڕووی سۆزەوە، زۆری پێویست بەوەیە لە هەر دوو هاوڕێکەیەوە نزیک بێت.

لە ناکاوا شێتاتیەک لە کەڵلەی دا، بڕیاری دا بڕوات تاقیبیان بکات، لە کاتێکا بەدەم نووچدانەوە بەرەو دەرگاکە دەڕۆیی هاواری کرد: " من دەڕۆم سۆراغی هاوڕێکانم دەکەم. دەمەوێ لە گەڵ ئەواندا بمرم."

هەرکە دەرگا چکۆلەکەی کردەوە، هەوایەکی شێداری فێنک بەر ڕوخساری کەوت، هەندێ تاپۆ و تارمایی لێڵی لە ناو گەرد و تۆزەکەدا بەدی کرد، ئەمانە ئەو پیاوانە بوون کە لە سەر مەتەڕێزەکان بە دەما پاڵکەوتبوون و بەرەڤانیان لە پەرستگەکە دەکرد.

بە پاڕانەوەوە گوتی: " دەتوانم بڕۆم؟ تکایە دەتوانم بڕۆم؟ دەمەوێ بۆ لای هاوڕێکانم بڕۆم."

دەنگێک وەڵامی دایەوە: " وەرە پێشەوە. جارێ تەقە لە ئارادا نییە." خۆی بە دیواری سەنگەرەکەوە گرت و چەند هەنگاوێک ڕۆیی. لە ناکاوا پێی هەڵنوتا و کەوت بە سەر شتێکی نەرما. کە هەستایەوە خۆی لە باوەشی نەرمی ژنێکی لاوازدا بینییەوە کە بە خۆوەی قەرساندبوو. یەکسەر بە بۆنەکەیدا، بەو شادیەدا کە ئازای غەرق کردبوو، بەبێئەوەی گوێی لە دەنگی ژنەکە ببێ، ناسییەوە و زانی کێیە. ترسەکەی ڕەوییەوەو بوو بە شادی و باوەشی بە ژنەکەدا کرد، وەکو چۆن نائومێدی باوەشی بەمدا کردبوو. جووتێک لێو ئالکاوی لێوەکانی بوون، کەوتنە یەکدی ماچکردن. لەبن لێوانەوە گوتی: " خۆشم دەوێی، دەوێی، دەوێی، ئێستا مردن هەقە، بشمرم گرینگ نییە." هەواڵی کورتەڵەی لە ژنەکە پرسی.

کورتەڵە دەستی لە لاقی پەیامنێرەکە هاڵاندو گوتی: " هەموو ڕۆژەکەمان بە تاقیبی تۆوە بردە سەر. سوپاس بۆ خوا کە ماویت."

جورما، کە هێشتا لێوی بە لێوی ئەوەوە بوو گوتی: " ئێستا مردن هەقە، منیش ئێستا لە مردن ناترسم."

***

جەنەراڵ ئارتور ئوسکار لە ناکاوا بە دەنگی بەرز گوتی: " ئەمە ماڵەکەی ئانتونیوی فشفشەسازە." ئەو ئەفسەرانەی کە وەستاون تا ئاماری کوژراو و بریندارانی ئەو هێرشەی کە بە ئەمری ئەو وەستابوو، ڕابگەیەنن، حایر وحەپەساو تەمەشای ئەویان دەکرد. جەنەڕاڵەکە ئاماژە بۆ ئەو فشفشە نیوەچڵانە دەکات کە لە کونج و سووچی ماڵەکەدا کەوتبوون. "ئەمە ئەو کەسەیە کە فشفشەی بۆ دروست دەکردن."

لەم هەشت بلۆکە نیشتەنیەدا – ئەگەر بشێت بەم کوختە لە خشت و قوڕ دروستکراوانە بگوترێ بلۆک – کە سەربازەکان بە ماوەی نزیکەی دوازدە سەعاتێک کۆنترۆڵیان کردبوو، ئەم کوختە بچووکە، کە بە چەپەر کرابوو بە دوو بەشەوە، تاقە خانوویەک بوو کە هێشتا بە پێوە مابوو. بۆیە کردبوویان بە بارەگای گشتی فەرماندەیی. ئەو تەتەرو ئەفسەرانەی کە لە دەوری فەرماندەی قۆشەنەکەدا وەستاون، تێناگەن کە جەنەڕاڵ بۆ ڕێک لەو کاتەدا لیستی کوژراوانی تاقە یەک ڕۆژی شەڕە بێ ئامانەکەیان بۆ دەخوێندەوە، باسی فشفشەی دەکرد. ئەمانە نازانن کە فشفشەو یاری ئاگرین، یەکێک لە خاڵە لاوازە پەنهانەکانی جەنەڕاڵ ئوسکارەو لە منداڵیەوە ئەم خووەی لە گەڵدا بوو، وەختایەک لە ئوپیاوی بوو، لە هەموو بۆنەیەکی نیشتمانیدا، دەرفەتی دێنا تا ئەمربکات لە سەربازگەکەدا، ئاهەنگی فشفشەبازی و گەمەی ئاگرین بەرپا بکرێ. لەم مانگ و نیوەدا کە لێرە بوو، لە شاخەکانی ئافافیلاوە، بە تامەزرۆییەوە، دەیڕوانییە، ئەو شەپۆلە ڕۆشناییانەی لە هەندێ بۆنەی شەوانەدا، دەیانکرد بە ئاسمانی کانودوسدا و دنیا دەبوو بە چراخان. ئەو پیاوەی ئەم شتانەی دروست دەکرد وەستایەکی کارامە و لێهاتوو بوو، دەیتوانی بەو پیشەیە، لە شارە گەورەکانی بەرازیلدا ژیانێکی ئابڕوومەندانە بۆ خۆی مسۆگەر بکات. تۆ بڵێی ئەم فشفشەسازە لەم شەڕانەی ئەم یەک دوو ڕۆژەدا کوژرابێ؟ جەنەڕاڵ لە کاتێکا ئەو پرسیارەی لە زەینی خۆدا تاوتوێ دەکرد، لە هەمان کاتدا بە وردی گوێی لەو ژمارانەش دەگرت کە عەقید ونەقیب و مێجەرەکان، کە یەکسەر خۆیان بەم ژوورە چکۆلەیەدا دەکرد، کە بەرەبەرە تاریک دەبوو و ژمارەکانیان بۆ دەخوێندەوە. چرایەکی نەوتی دادەگیرسێنرێ، دەستەیەک سەرباز گونیە لم بە درێژایی دیوارەکەی بەرانبەر دژمن سەفتە دەکەن. جەنەڕاڵ حیساباتەکەی خۆی تەواو دەکات. ئەوسا ڕوو دەکاتە ئەو تاپۆیانەی دەوروبەری و دەڵێت: "بەڕێزینە، ئەمە زۆر خراترە لەوەی وێنام دەکرد." هەست بە تەنگە نەفەسی دەکات، هەست بە نیگەرانی ئەو ئەفسەرانە دەکات کە چاوەڕوانیان دەکرد. "هەزارو بیست و حەوت نەفەر زیان! واتە سێ یەکی هەموو هێزەکەمان! بیست و سێ ئەفسەر کوژراون، لەوانە عەقید کارلوس تیلس و عەقید سیرا مارتینز. دەزانن ئەمە چ دەگەیەنێ؟"

کەس وەڵام ناداتەوە. بەڵام جەنەڕاڵ دەزانێ کە هەموو ئەمانە زۆر چاک دەزانن کە تەلەفاتێک بەم ڕادەیە، هاوتای شکستە. دەبینێ کە بەردەستەکانی چەند نائومێد و تووڕە و حەپەساون. ڕوندک زاوەتە چاوی هەندێکیان.
– درێژەدان بە هێرشەکە، بە مانای نابودی تەواو بوو، هەموو تیا دەچووین. ئێستا لەمە تێدەگەن؟

ئاخر وەختایەک جەنەڕاڵ، بەرەڤانی وبەرخودانی سەرسەختانەی شەڕڤانەکانی بینی ودەترسا کە تەڵەفات و زیانی نیشتمانپەروەران زۆر زۆر بێ – جگە لەوەی کە کوژرانی تیلس وسیرا مارتینز شۆکی کردبوو – فەرمانی بە سەربازەکان دابوو، تەنیا بەرگری لەو سەنگەرو پێگانە بکەن کە پێشتر کۆنترۆڵیان کردبوو، ئەم فەرمانە زۆرێک لە ئەفسەرەکانی تووڕە کردبوو، جەنەڕاڵ ترسی ئەوەی لێهاتبوو، کە هەندێک لەوان بە فەرمانەکەی ئەو نەکەن، ڕاوێژکارە تایبەتەکەی خۆی، ملازمی یەکەم بنتوسوزا، لە فەوجی سێیەمی پیادە، بە نارەزاییەوە گوتبووی: " ئاخر ئەزبەنی سەرکەوتن، مسۆگەرە!" بەڵام وا نەبوو سێ یەکی لەشکرەکە، لە شەڕەکە وەدەر نرابوو، ئەمە

ڕێژەیەکی یەجگار زۆر بوو، کارەسات بوو، هەرچەندە هەشت بلۆک و تاخی شارەکە گیرابوو وزیانێکی زۆر بە تووندڕەوەکان کەوتبوو.

جەنەڕاڵ، یارۆی فشفشەساز لە زەینی خۆی دەردەکات، دەگەڵ ئەندامانی فەرماندەییەکەیدا دەکەوێتە کار. ئەفسەرە مەیدانی و یاریدەدەرەکان و نوێنەرانی یەکەکان مەرەخەس دەکات، دووبارە تەکەز لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئەو سەنگەرانە بپارێزن کە پێشتر کۆنترۆڵیان کردبوو و، نابێ یەک هەنگاو پاشەکشە بکەن، ئەو سەنگەرانەی بەرانبەر ئەو کۆسپانە بەهێز بکەن کە ڕێیان لە پێشڕەوییان گرتبوو. ئەو سەنگەرانەی سەربازەکان چەند سەعاتێ لەوە پێش دەستیان بە دروست کردنی کربوو، واتا کاتێ دەرکەوتبوو، کە شار لەوە ناچێ بەو زووانە ڕادەست ببێت. بڕیار دەدات فەوجی حەوتەم، کە بە مەبەستی پاراستنی بریندارەکان لە چیای ئاڤافیلا مابووەوە، پێشڕەوی بکات و (هێڵی ڕەش) بەهێز بکا؛ واتە ئەو جەبهە و بەرە تازەیەی لە ناو جەرگەی شارە یاخییەکە کرابووەوە بەهێز بکات. لەبەر ڕۆشنایی چرا نەوتیەکەدا، بە سەر ئەو نەخشەیەوە کە نەقیب ( تیوتونیو کوریولاند ) ی نەخشەکێشی ئەنجوومەنی فەرماندەیی، لە سەر بنەمای ڕاپۆر و زانیاری خەڵکانی دی و دیتنەکانی خۆی سەبارەت بە هەڵوێستەکە کێشابووی. پێنج یەکی کانودوسیان گرتبوو، ئەمە سێ گۆشەیەک لە سەنگەرەکانی ( فازندا فلیا ) وە، کە هێشتا بەدەست گەریلا و شەڕڤانەکانەوە بوو، بۆ گۆڕستانەکە کە لە لایەن نیشتمانپەروەرانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، درێژ دەبووەوە، ئیدی ئەمە کردیە کارێک کە هێزە نیشتمانیەکان مەوقیعێک بگرن کە تەنیا چل پەنجا مەترێک لە کڵێسای سانتو ئانتونیوە دوور بوو.

نەقیب کیماداس، بێئەوەی نائومێدی خۆی بشارێتەوە دەڵێت: "درێژی جەبهەکە، لە هەزارو پێنج سەد مەتر زیاتر نییە. هێشتا زۆرمان ماوە بە تەواوەتی گەمارۆیان بدەین، هێشتا چوار یەکی دەوری شارەکەمان نەگرتووە. هێشتا دەتوانن بە کەماڵی ئیسراحەت هات و چۆ بکەن و چەک و تەقەمەنی و پێویستی دی پەیدا بکەن."

مێجەر کارینو، بە گلەییەوە دەڵێت: "تا هێزی پشتیوانمان پێ نەگات ناتوانین شەڕگەکە فراوانتر بکەین. ئاخر بۆ ئێمەیان بەو حاڵەوە ڕاگرتووە قوربان؟"

جەنەڕاڵ ئوسکار، شانەکانی هەڵدەتەکێنێ. لەو ڕۆژەوە کە پێی ناوەتە ناو کانودوس و ڕێژەی بەرزی کوشتاری سەربازەکانی بینی بوو، پەیتا پەیتا و بە پەلە داوای هێزی پشتیوانی دەکرد، بگرە هەندێجار بە موبالەغەوە باسی هەڵوێستەکەی دەکرد. کەواتە بۆچی فەرماندەکانی سەرووی ئەو، هێزیان بۆ نەدەنارد؟

یەکێک لە ئەفسەرەکان بە دەنگی بەرز دەڵێت: " ئەگەر لە جیاتی سێ هەزار نەفەر، پێنج هەزار نەفەر بوایەین، دەمێ بوو کانودوسمان گرتبوو."

جەنەڕاڵ، بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێ، ڕایدەگەیەنێ کە بە تەمایە سەردانی شەڕگەکەو ئەو خەستەخانە مەیدانیە بکات کە دوای ڕۆیشتنی شەڕڤانەکان، لە دۆڵی فازا- پاریس دایان مەزراندبوو.

جەنەڕاڵ بەرلەوە لە کوختەکەی کابرای فشفشەساز، فینجانێ قاوە دەخواتەوە. بەدەم قاوە خواردنەکەوە گوێی لە دەنگی زەنگان و نەوای سروودی سڵاو لە مریەم دەبێ، دەنگەکان کە هی شەڕڤانەکانە، هێندە نزیکە کە ئەو باوەڕ بە گوێی خۆی ناکات.

هەرچەندە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵە، بەڵام زۆر بە گوڕ و توانایە و بە دەگمەن هەست بە ماندوو بوون دەکات. بە دووربین چاودێری هەموو ئوپەراسیۆنەکانی هێرشەکەی دەکرد، لە سەعات پێنجی ئەم بەیانییەوە، کە

قۆشەنەکە لە شاخی ئافافیلاوە بە ڕێکەوت، لە گەڵ ئەواندا و، ڕێک لە دوای فەوجی پێشقەرەوڵانەوە کەوتەڕێ بە بێئەوەی هیچ هەڵوەستەیەک بکات تا پشوویەک بدات یان پاروەوە نانێک بخوات، تەنیا جار جارێک قومە ئاوێکی لە مەتارەکەی (زەمزەمی) دەخواردەوە. عەسرێکی زوو، گوللەیەکی وێڵ، بە سەربازێک کە شانبەشانی ئەو دەڕۆیی، کەوت و برینداری کرد. لە کوختەکە وەدەر دەکەوێ، شەو داهاتووە. تاقە ئەستێرەیەک بە ئاسمانەوە نییە. دەنگی نویژونزا لە هەموو لایەکەوە دێ. دەڵێی ئەفسوونە و دوا دەستڕێژی تفەنگان لە خۆیدا نقوم دەکات. فەرمان دەدا کەس لە سەنگەرەکاندا ئاگر نەکاتەوە، وێڕای ئەوەش لە ماوەی گەشتە ئارامەکەیا، کە چوار ئەفسەری دەگەڵدایە بە ڕێگایەکی پڕ پێچ و پەنا و کەند ولەندا دەڕوات، بە درێژایی ڕێگاکە کە لە ونگە دەچێت، سەربازەکان لێرەو لەوێ بە پەلە پڕوزێ هەندێ سەنگەریان لێداوە، چاوی بە هەندێ ئاگردان دەکەوێ کە سەربازەکان دەوریان داوە، گۆشت دەبرژێنن وقاورمە سوور دەکەنەوە، یان هەندێ بریندار کە لەرزیان لێهاتووە گەرم دەکەنەوە. ئەم بریندارانە، هێندە حاڵیان خراپە، مەحاڵە بگوازرێنەوە بۆ خەستەخانە مەیدانیەکە، هەندێکیش هێندە ورەیان بەرزە کە گۆرانی دەڵێن و لە دیواری سەنگەرەکانەوە سەردەکێشن و جنێو بە چەتە و ڕێگرەکان دەدەن. — بێگومان گوێیان لە جنێوی سەربازەکانە، چونکە لە هەندێ شوێندا هەر پێنج شەش مەترێک لێکەوە دوورن، لە هەندێ شوێنی دیکەدا هەر دە مەترێک لێکەوە دوورن. لە هەندێ شوێنی دیدا، سەنگەرەکان بەدەم یەکەوەن، چیوای نەماوە تێکەڵ ببن-

چەند قسەیەک لە گەڵ فەرماندەێن سریە و فەوجەکاندا دەکات. ئەفسەرەکان هەموو شەکەت وماندوون، جەنەڕاڵ هەمان کەسەر و داخ و نائومێدی لە سیمایاندا بەدی دەکات کە خۆی لەم شەڕە نەفرەتیەدا دووچاری بووبوو. لە کاتێکا کە خەریک بوو ئافەرین وستایشی ملازم دووەمێکی گەنجی دەکرد کە لە کاتی هێرشەکەدا جوامێری و ئازایەتی زۆری نواندبوو، لە دڵی خۆیدا ئەو قسەیە دەڵێتەوە کە زۆرجار بەخۆی گوتبوو: " نەفرەت لەو ڕۆژەی کە فەرماندەیی ئەم شەڕەم قەبووڵ کرد."

جەنەڕاڵ ئوسکار وەختایەک لە کیماداس بوو گیرۆدەی هەزار و یەک کێشەی وەک نەبوونی ئامێری گواستنەوە، کەمی عەرەبانە و حەیوانی بارکێش بۆ گواستنەوەی چەک و چۆڵ و فیشەک و تەقەمەنی، ئەو کێشانەی کە سێ دانە مانگی پڕ لە بێزاری کوشندە لەوێندەریان ماتەڵ کردبوو. جەنەڕاڵ ئوسکار بیستبووی کە پێش ئەوەی سوپا و سەرکۆمار، فەرماندەیی ئەم هێرشە بەو بسپێرن، سێ جەنەڕاڵی دی ئەم ئەرکەیان ڕەفز کردبوو. ئێستا خەریک بوو بۆی دەردەکەوت چما ئەم ئەرکەیان بەم سپاردبوو، کە لە گێلی خۆیا بە ئیمتیازی زانی بوو. ئەرکێک کە وای دەزانی دەبێ بە تاجی شانازی بە سەر سەری دەورانی کاروانی خزمەتەکانیەوە. نها لە کاتێکا تەوقە دەگەڵ ئەو ئەفەسەر و سەربازانەدا دەکات کە بە ئاستەم لە تاریکیەکەدا ڕوخساریان دەبینێ، بیر لەو گەوجیەتیەی خۆی دەکاتەوە، کە باوەڕی بە بەرپرسەکانی سەرووی خۆی کردبوو، و وایزانی بوو بە گواستنەوەی ئەو لە فەرماندەیی دەڤەری ئوپیاوییەوە، کە بیست ساڵ خزمەتی عەسکەری بە ئارامی و بێ سەریەشە لەوێندەر بەسەر بردبوو، گوایە ئەمە ئیمتیاز بوو بەویان دابوو، تا بتوانێ بەرلەوەی خانەنشین ببێت، فەرماندەیی هێرشێکی سەرکەوتووانە بکات: کە ڕاپەڕینی سەڵتەنەتخوازەکان، لە دەشتە دوورە دەستەکانی باهیا سەرکوت بکات و بتوێنێتەوە. نەخێر، ژنەکەی گوتەنی، مەبەستیان ئەوە نەبوو، ئەم ئەرکەی پێ بسپێرن تا قەرەبووی دواکەوتنی تەرفیعەکانی بۆ بکەنەوە یان دان بە شایستەگی ئەودا بنەن، بەڵکو دەیانویست ئەفسەرە پلە باڵاکانی دی لەوە قوتار بکەن کە بکەونە ئەم زەلکاوە تووشەوە. هەڵبەتە لەمەدا هەق بەو سێ جەنەڕاڵە بوو. ئایا ئەو کە ئەفسەرێکی پیشەیی بوو، بۆ ئەم شەڕە دزێوە، بێهودەیە، بەدەر لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی شەڕی ڕاستەقینە، ئامادە بوو؟

سەربازەکان، لە پەنا سەنگەرێکدا گوێرەکەیەکیان کوشتبووەوە وخەریک بوون گۆشتەکەیان دەبرژاند. جەنەڕاڵ ئوسکار، لە نێو کۆمەڵە ئەفسەرێکدا دادەنیشێت و یەک دوو پلە گۆشتی برژاو هەڵمەقووت دەکات. لە گەڵیاندا باسی زەنگەکانی کانودوس و ئەو نوێژ و نزایانە دەکات کە تۆزێ لەوە پێش تەواو بووبوو. ئەم شەڕە چەند سەیرە: ئەم نوێژ و نزایە، ئەو ڕێ و ڕەسمی ڕێ پێوانە، ئەو زەنگانە و ئەو کڵێسایانەی کە چەتە وڕێگرەکان بەو دلێرییە بەرگری و بەرەڤانی لێدەکەن، جارێکی دی دووچاری ئاشووبی دەروونی دەبێت. ئەوەی زۆری ئەزیەت دەدات ئەمەیە کە ئەم بەشەرخۆرە هۆڤیانە، وێرای هەموو شتێک بەرازیلین، واتا لە هەمان قوماشی ئەو کەسانەن کە هێرشیان بۆ دەبەن. بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە – ئەو مەسیحییە بە ئیمان و دڵسۆزەیە کە پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی کڵێسایە و بە گومانی خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی پێش نەکەوتنی لە وەزیفەدا، ئەوەیە کە هەمیشە سەرسەختانە ڕەفزی کردووە ببێ بە ماسۆنی – زیاتر لەمە ناڕەحەت و نیگەرانە کە ئەم چەتە وڕێگرانە بە درۆوە خۆیان بە کاتولیک دەزانن، ئەو نیشانانەی ئیمان وباوەڕ – نوێژ و وەعزی دەستەجەمی، هاواری درووود لە مەسیحی موبارەک – هەرچەندە لە هەر عەشایەکی ڕەبانیدا، بابە لیزاردو، جنێو بەو گەجەر و گوجەرانە دەدات، بەوە تۆمەتباریان دەکات کە مورتەدن، هەرتوقین و ئاین لەکەدار دەکەن. وێرای ئەوەش جەنەڕاڵ ئوسکار، لەوە پەستە لە شەڕێکدایە کە دژمنەکەی گۆڕیویەتی بە جۆرە ململانێیەکی ئاینی، واتە گۆڕیویەتی بۆ شتێ کە جەنەڕاڵ هەرگیز چاوەڕوانی نەبووە. بەڵام ئەم پەستی و نیگەرانیە بەو مانایە نییە کە دەستبەرداری نەفرەت لەم دژمنە نائاساییە بووە، ئەم دژمنەی کە نایەتە پێشبینی کرن – ئەو دژمنەی کە ئەوی کردبوو بە گەپچاڕ، چونکە لە یەکەم هێرشا، بە پێچەوانەی تەسەوری ئەوەوە، کاتێ کە چووبووە ژێرباری ئەم مەسئولیەتە، تێک نەشکابوو.

نەفرەتی جەنەڕاڵ لەم دژمنە ئەمشەو زیاتر دەبێت، بە تایبەتی وەختایەک دوای تەواو کردنی سەردانی هەموو سەنگەرەکان کە بە دەشتە کراوەکەدا دەچێت بۆ خەستەخانە مەیدانییەکەی ڕەخی فازا – پاریس. لە ناوەندی ئەم دەشتەدا دوو تۆپی جۆری ( کروپ ٧/٥ ) یان هەیە کە لە هەموو ماوەی هێرشەکەدا، لە پەستا و بێ پسانەوە ئەو بورج و سەنگەرانەیان تۆپباران دەکرد کە دژمن لەو بەرزاییانەوە ئەم هەموو زیانەی بە لەشکر دەگەیاند. جەنەڕاڵ ئوسکار ماوەیەکی کەم قسەی دەگەڵ مەفرەزەی تۆپخانەکەدا کرد کە بەو شەوەو بە بێڵ و قوڵنگ خەریکی سەنگەر لێدان و قایمکردنی جێگەی تۆپەکان بوون.

کە سەردانی خەستەخانە مەیدانیەکەی ڕەخە وشکەکەی فازا – پاریس دەکات زۆر دەشڵەژێ، بۆیە ناچار دەبێت خۆی کونترۆڵ بکات تا پزیشکان و پەرستارەکان و ئەو بریندارانەی کە لە حاڵی مردندا بوون هەستی پێنەکەن. سوپاسی بەختی خۆی دەکات کە بەو شەوە هاتبووە ئەم سەردانە، چونکە ڕۆشنایی فانۆسەکان و ئاگری سەربازگەکە، تەنیا بەشێکی کەمی ئەم دیمەنەیان نیشاندەدا. بریندارەکان لێرەدا، زیاتر خەتەریان لە سەر بوو تا لە ئافافیلا، هەر هەموویان لە سەر ئەرزەکە درێژاودرێژ، بەو دەستەبەرانەوە کە پێی هێنرابوون کەوتبوون، دکتۆرەکان بۆی دەگێڕنەوە کە لە بەد شانسیدا، بە درێژایی عەسر و تا بەشێکی شەو، بایەکی تووند هەڵیکردووە و تەپ وتۆزێکی زۆر هاتووەتە ناو خەستەخانەکەوە و نیشتووەتە سەر برینی بریندارەکان و هیچ شتێکیان نییە، کە برینەکانیان تەعقیم بکەن یان بیاندورنەوە. ڕوودەکاتە هەر لایەک هەر ناڵین وئاخین وگریان وزاری و وڕاوەیە، بۆنی بۆگەنی سەردار بێ سەر دەکات، نەقیب کوریولانو کە دەگەڵ جەنەڕاڵ ئوسکاردا بوو، لە ناکاوا دڵی تێک هەڵدێ و دەڕشێتەوە. جەنەڕاڵ گوێی لە نەقیب دەبێ کە پۆزش دێنێتەوە. جەنەڕاڵ هەرچەند هەنگاوێ جارێک دەوەستێ تا چاک و خۆشی لەگەڵ بریندارەکاندا بکات و دەستێک بە شانی سەربازێکی بریندارا بدات

یان تەوقە لەگەڵ یەکێکی دیدا بکات. دەستخۆشی لە دلێری و ئازایەتیان دەکات، بەناوی کۆمارەوە سوپاسی فیداکارییان دەکات. بەڵام کە دەگەنە ئاستی جەنازەکانی عەقید کارلوس تیلس و عەقید سیرا مارتینز، کە قەرارە سبەی بە خاک بسپێردرێن بێدەنگ دەبێت، یەکەمیان لە هەوەڵی هێرشەکەدا، کە لە ڕوبارە وشکەکە دەپەڕنەوە، گوللەیەکی کاری سینگی هەڵدەدڕێ، دووەمیان کاتێ لە تاریکی شەوا ڕێبەری سەربازەکانی بۆ هێرشی سەر شەڕڤانەکان دەکرد، لە شەڕێکی دەستەویەخە و تەن بەتەندا دەکوژرێ. بۆی دەگێڕنەوە وەختایەک جەنازەکەی عەقید دەدۆزنەوە، تەمەشای دەکەن وێڕای ئەوەی بە خەنجەر وقەمە وسەرە نێزە و داس دایان درووە، عەورەت و هەردوو گوێ و کەپوویان بریوە. جەنەڕاڵ ئوسکار لەو کاتەدا کە دەبیستێ ئەفسەرێکی گەورە و کارامە و لێزان بەو دەردە براوەو جەنازەکەی بەو جۆرە شێوێنراوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت، سیاسەتی سەربڕینی هەر ( سباستیانی) یەکی دیل، سیاسەتێکی دادپەروەرانەیە. لە ویژدانی خۆیدا دوو هەنجەت بۆ پشتیوانی ئەو سیاسەتە دێنێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمانە تاقمێ چەتە و ڕێگرن نەک سەرباز، بۆیە ڕێزگرتنیان فەرز نییە. دووەمیان کەمی ئازووقە و خواردن هیچ ڕێگەیەکی دی نەهێڵاوەتەوە، چونکە هێشتنەوەیان بە برسیەتی تا دەمرن، کارێکە لە کوشتن دڵڕەقانەترە، هیچ مانایەکی نییە کە جیرەی سەربازەکان بەم جانەوەرانە بدەن، کە ئامادەن هەر کەسێک بەو دەردە ببەن کە عەقیدیان پێ بردووە.

لەو کاتەدا کە سەردانەکەی بۆ خەستەخانە مەیدانیەکە خەریک بوو تەواو دەبوو، دەگاتە ئاستی سەربازێکی داماو کە دوو پەرستار توند گرتبوویان، بۆ ئەوەی نەجوڵێتەوە و یەکێکیش پێی دەبڕییەوە. جەڕاحەکە چۆکی ناوەتە سەر ئەرزەکەو خەریکە بە هەڕە (مشار) پێی دەبڕێتەوە. جەنەڕاڵ گوێی لێیەتی کە داوا لە یاریدەدەرەکانی دەکات ئارەقەکەی سەر چاوی بسڕن. بە هەرحاڵ وێڕای ئەوەش پێناچێ زۆر شت بە باشی ببینێت، چونکە بایەکە دووبارە هەڵیکردەوە و گڕی ئاگردانەکە کەوتە لەرزە لەرز و گیانەڵڵا. وەختایەک جەڕاحەکە هەڵدەستێ، جەنەڕاڵ تیوتونیولیل کافالکانتی، ئەفسەرە گەنجەکەی ساوپاولو دەناسێتەوە. سڵاو لە یەکدی دەکەن، تەوقە دەکەن. کە جەنەڕاڵ ئوسکار بۆ بارەگای فەرماندەیی دەگەڕێتەوە، سەروسیمای لاواز و خەمینی خوێندکارەکەی زانکۆی پزیشکی، لە بەرچاوی ون نابێت. چەند ڕۆژێک لەمە پێش، ئەم ئەفسەرە گەنجە، کە جەنەڕال نەیدەناسی، هاتبووە بەردەمی، خەبەردار وەستاو گوتی: "من باشترین هاوڕێی خۆم کوشتووە و چاوەڕوان و ئامادەی سزام."

سکرتێرەکەی جەنەڕاڵ، ملازمی یەکەم (بنتو سوزا) لەم گفت و گۆیەدا ئامادە بوو، کە گوێی لە ناوی ئەو ئەفسەرە بوو کە تیوتونیو، لە ڕووی دڵسۆزی و بەزەییەوە، فیشەکێکی بەلا جانگییەوە نابوو و کۆتایی بە ئازار و عەزابەکەی هێنابوو، ملازمەکە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ڕەنگی مردووی لێنیشت. جەنەڕاڵ لە هەنبەر ئەم دیمەنەدا، تەواو پەشۆکا. سەراپای کەوتە لەرزین. تیوتونیو، بە دەنگێکی لەرزۆک و پچڕپچڕ، ڕەوشی ملازمی یەکەم پیرس فریرای گێڕایەوە: چاوی کوێر بووبوون، هەردوو دەستی پەڕی بوون، لە ڕووی بایۆلۆجی و دەروونییەوە هەرەسی هێنابوو… گێڕایەوە کە چۆن لەم دەپاڕایەوە کۆتایی بەو عەزابەی بێنێ… باسی ئەو عەزابی ویژدانەی کرد کە بە سەدەمی جێبەجێکردنی ئەو داوایەوە ئەنجامی دابوو. جەنەڕاڵ ئۆسکار ئەمری پێکردبوو، کە بە هیچ جۆرێ باسی ئەو بابەتە نەکات و بە جۆرێ درێژە بەکاری خۆی بدات وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، و جەنەڕاڵ، دوای تەواو بوونی شەڕەکە، لەم بارەیەوە بڕیاری خۆی دەدات.

جەنەڕاڵ تازە گەیی بووەوە کوختەکەی کابرای فشفشەساز و لە سەر جۆلانەکەی ڕاکشابوو، ملازم بنتو سوزا، کە تازە لە ئافافیلاوە هاتبوو، بە نامەیەکەوە دەگاتە جێ. کەتیبەی حەوتەم سبەی سەحەری، بە مەبەستی پشتیوانی (هێڵی ڕەش) دەگاتە ئێرە.

پێنج دانە سەعات دەخەوێ، بەیانی زوو کە لە خەو ڕادەبێ، هەستدەکات تێر خەو و سەرحاڵ وچالاکە. قاوەکەی بە چەند پسکیتێکی ئاردی زوڕاتەوە، کە باشترین جیرەی ئەو بوو، خوارد. بێدەنگیەکی سەیر باڵی بە سەر هەموو شەرگەکەدا کێشاوە. چیوای نەماوە کە کەتیبەی حەوتەم بگاتە جێ، جەنەڕاڵ، بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ پێشرەوی ئەوان خۆشبکات تا بە سەلامەتی لە دەشتە کراوەکە دەرباز ببن، عاز بە هەر دوو تۆپخانە (کروپ) کە دەدات کە بورجەکان تۆپباران بکەن. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە داوای لە سەرانی خۆی کردبوو، کە دەگەڵ هێزی پشتیواندا گوللە تۆپی عەیارە هەفتا ملیمی، نووک پۆڵای بۆ بنێرن. ئەمجۆرە گوللە تۆپانە لە کارخانەی ڕیو دروست دەکران و لە سەروبەندی ڕاپەڕین و شەڕی شەشی ئەیلول دا، بۆ کونکردنی بۆدی ئاسنینی کەشتییەکانی دژمن بەکار هێنرابوو. خۆ بۆ سەرکردایەتی باڵای ڕوونکردبووەوە کە گوللە تۆپی ئاسایی و نارنجۆکی گازی، کار لەو بورج و سەنگەرانە ناکات کە هەر هەمووی لە تات وتاوێران دروست کرابوو. ئیدی بۆچی بە گوێی ناکەن و گوێی خۆیان لەم داوایەی دەخەوێنن؟

ڕۆژ بە تۆپبارانی پچرپچرو پەراگەندە دەبووری. جەنەڕاڵ ڕۆژەکە بە سەرپەرشتی دابەشکردن و دامەزراندنی یەکە تازە نەفەسەکانی کەتیبەی حەوتەم بە درێژایی هێڵی حەوتەمدا دەباتە سەر. لە کۆبوونەوەیەکی ئەفسەرانی فەرماندەییدا دەگەنە ئەو بڕیارەی کە هێرشی دووبارە، بەر لە هاتنی هێزی پشتیوان مەحاڵە وکاری کردەنی نییە. تەنیا ئەوەندە دەکرێ، کە پارێزگاری لە سەنگەرەکان بکەن و لە قۆڵی ڕاستی دوژمنەوە، لە ئاستێکی سنووردار دا، سووکە هێرشی بچووک بکەن کە ئەم قۆڵە بە ڕواڵەت خاڵی لاوازی کانودوسە. هەروەها بڕیار دەدەن هێزێک بۆ مونتە سانتو بنێرن تا پارێزگاری لەو بریندارانە بکەن کە دەتوانن بە پێی خۆیان بڕۆن.

دەوروبەری نیوەڕۆ، کە لە کاری ناشتنی جەنازەی عەقید سیلفاتیلس و عەقید سیرا مارتینز لە قەراخ ڕوبارەکە دەبنەوە، کە هەردووکیان لە یەک قەبرا و بە دوو خاچەوە بە خاک دەسپێرن، هەواڵێکی ناخۆش دەگاتە جەنەڕاڵ: کە عەقید نیری بۆ پێشاو دەچێتە پشت (هێڵە ڕەشەکەوە) بە ڕێکەوت گوللەیەک بەر سمتی کەوتووە.

جەنەڕاڵ، ئەو شەوە، لە گرمە گرمی تۆپباران خەبەری دەبێتەوە. شەرڤان وگەریلاکان، پەلاماری هەر دوو تۆپە ( ٧/٥ ) کەیان کە لە پێشی شەرگەکەوە بوون داوە. فەوجی سێ و دووی پیادە بە پەلە چوون بە هیمدادی تۆپخانەکەوە. شەرڤانەکان بە ئیستیفادە لە تاریکی شەو، لە بن دەستی پاسەوانەکانەوە (هێڵی ڕەش) یان بەزاندووە. شەڕێکی توندی دوو سەعاتی بەرپا دەبێ، زیان زۆرە: حەوت کوژراو و پازدە بریندار هەیە، ملازم دووەمێکیان تیایە. شەرڤانەکان پەنجا کوژراو و هەڤدە دیلیان هەیە. جەنەڕاڵ دەڕوات تا ئەوانە بدینێ.

کات، کازیوەیە. پەلکە ڕەنگینەیەکی ئامال شین بە سەر شاخەکانەوە دیارە. دنیا زۆر ساردە، جەنەڕاڵ ئوسکار کە بە مەیدانە کراوەکەدا دەڕوات، پەتۆیەکی لە خۆوە پێچاوە. خۆشبەختانە هەردوو تۆپە (کروپ) ەکە، بە دەقی خۆیانەوە ماون. بەڵام توندی شەڕەکە و ژمارەی کوژراوان، تۆپچی و سەربازە پیادەکانی بە جۆرێ دەهری کردبوو، کە کاتێ جەنەڕاڵ ئوسکار دەگاتە ئەوێندەر، سەیر دەکات دیلەکان، لە ژێر دەست و پێی ئەواندا نیوە گیان بوون، ئەوەندەیان لێداون. شەرڤانەکان هەر هەموویان نۆلاون، بگرە هەندێکیان منداڵن. دوو ژنیانیش لە نێودا هەیە. هەر هەموویان لاوازن، پێستیان بە سەر ئێسکیانەوە هیشک بووە. ئیدی جەنەڕاڵ بە چاوی خۆی،

نیشانەکانی ئەو ئیعترافە دەبینێ کە هەموو دیلەکان دەیکەن: کەمی خوراک لە لای چەتە و ڕێگرەکان. پیاوەکان دەڵێن کە شەڕ و تەقە کردن کاری ژن و مێرمنداڵەکان بووە، چونکە پیاوەکان لە هەوڵ و هۆڵی ئەوەدا بوون بە تەورو چەکوش وباری ولۆسە تۆپەکان بشکێنن یان گڵ ولم بکەنە لوولەکانیانەوەو پەکیان بخەن. ئەمە نیشانەیەکی باشە: ئەمە جاری دووەمە کە هەوڵدەدەن تۆپە ( ٧/٥) کان لە کاربخەن، ئەمە مانای وایە تۆپەکان زیانی زۆریان لێدەدەن. هەم ژنەکان و هەم نۆلاوەکان تیلماسکی شینباویان لە سەرو بازوویان بەستووە. ئەو ئەفسەرانەی لەوێندەر ئامادە بوون، قێزیان لەم هۆڤیەتیە دێتەوە: قەناعەتیان وابوو، ناردنی ژنان و مێرمنداڵان بۆ شەڕ ئەوپەڕی بێ ئەخلاقییە، گاڵتەکردن بە بەها بەشەرییەکان، پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسا و ئەخلاقێکی شەڕە. وەختایەک جەنەڕاڵ دەڕوات، گوێی لە دەنگی دیلەکان دەبێ، وەختایەک دەبیستن قەرارە ئیعدام بکرێن، هاوار دەکەن: " بژی مەسیحی موبارەک." بەڵێ، تومەز ئەو سێ جەنەڕاڵەی کە ئەم ماموریەت و ئەرکەیان ڕەفز کردبوو، زانیبوویان بۆ ئەو هەڵوێستە دەنوێنن. وادیارە لە دڵی خۆدا زانیویانە کە شەڕکردن لە گەڵ کۆمەڵێک ژن و مێرمنداڵدا، کە بەدەم شەڕ و مردنەوە هاوار دەکەن بژی مەسیحی موبارەک، مایەی دڵخۆشی و شانازی هیچ سەربازێک نییە. جەنەڕاڵ، وەکو ئەوەی تووتن بجوێ، هەستی دەکرد تامی دەمی زۆر تاڵە.

ئەو ڕۆژە بێئەوەی هیچ پێشهاتێک لە (هێڵی ڕەش) دا ڕووبدات، دەبووڕێ وفەرماندەی لەشکرەکە لە بیری ئەمەدایە تا هێزی پشتیوان نەیەت، ڕەوشەکە هەر بەو دەقەوە بەردەوام بێ، تەق و تۆقی پچرپچڕ و پەراگەندە لە نێوان سەنگەرەکانی هەر دوو لادا، گۆڕینەوەی دەمرێژی جنێو لە نێو سەنگەرە تاریکەکانەوە، بەبێئەوەی جنێو فرۆشەکان یەکدی ببینن. ناوبەناو تۆپبارانکردنی کڵێسا و خەڵوەتخانەکە، کە نها تەواو کەم بووەتەوە، چونکە گوللە تۆپ بەرەبەرە بەرەو تەواوبوون دەڕوات. ئازووقەی سەربازەکان داویەتیە کەمی. لە ئاغەڵەکانی پشت ئافافیلاوە، ئەوپەڕی دە سەر گایان ماوە بۆ سەربڕین، پاشەکەوتی قاوەو گەنمیان لە کۆتاییدایە. جەنەڕاڵ دەستوور دەدات جیرەی سەربازەکان بۆ نیوە کەم بکرێتەوە، هەرچەندە لە ئێستادا خۆبەخۆ کەم بووەتەوە.

بەڵام جەنەڕاڵ، دوا نیوەڕۆیەکی درەنگی هەمان ڕۆژ هەواڵێکی سەیری پێدەگات: بنەماڵەیەکی چواردە نەفەری شەڕڤانەکان ئارەزوومەندانە خۆی ڕادەستی سەربازگەکەی لای ئافافیلا کردووە. لە هەوەڵی هێرشەکەوە تا نها ئەمە یەکەمجارە شتی واهی ڕوودەدات. ئەم هەواڵە ورەی زۆر بەرزدەکاتەوە. دیارە نائومێدی و قات و قڕی و برسیەتی هەرەسی بەم چەتە و ڕێگرانە هێناوە. جەنەڕاڵ، بە خۆی لە سەربازگەی ئافافیلادا، پرس وجۆ لە گەڵ ئەم شەڕڤانانەدا دەکات.

ماڵباتەکە بریتین لە سێ پیری کەلەلا، ژن و مێردێک و کۆمەڵێک منداڵی شەل و شێت و ورگ ئاوساو. ئەمانە خەڵکی ئیپوپیاران، بە قسەی خۆیان – لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانا، لە ترسا دانە چۆقەیان پێدەکەوێ – تەنیا یەک مانگ ونیوە هاتوونەتە کانودوس، هەڵبەتە لە خۆشەویستی مورشیدا نا، بەڵکو لە ترسی ئەوەی بیستبوویان، لەشکرێکی گەورە هێرش بۆ دەڤەرەکانی وان دێنێت. بەو بیانووەوە توانیبوویان لە کانودوس هەڵێن، کە بە شەڕڤانەکانیان گوتبوو، بە نیازی سەنگەر لێدان بۆ کوکوروبو دەچن وهەر بە ڕاستیش تا ئێوارە سەنگەریان لێدابوو، ئیدی شەوێ بە دزی پڕداوەوە، هەڵهاتبوون. یەک ڕۆژی تەواویان پێچووبوو، تا توانیبوویان بە دەوری ئافافیلادا بسوڕێنەوەو خۆ بگەیەننە ئێرە. هەرچیەک دەربارەی پەناگەی چەتە و ڕێگرەکان دەزانن وەکو هێلکەی پاککراو دەیخەنە دەستی جەنەڕاڵ ئوسکارەوە، وێنەیەکی زۆر تاریکتر لەوەی لە زەینی جەنەڕاڵ

هەبوو، دەخەنە بەردەستی، قات و قڕی، برسیەتی، کوژراو و بریندار لە هەر گۆشە و کەنارێک کەوتوون، ترس و لەرزی هەمەگیر.

جەنەڕاڵ دڵنیا دەکەن کە ئەگەر لە ترسی ڕێگرانی وەکو جواوە زلە و ئەبوت جواو و پاجو و پدراو نەبێ کە سوێندیان خواردووە، هەرکەسێک ڕابکات وهەڵێت، هەرچی کەس وکار و خزمی هەیە، دەیکوژن، هەموو خەڵکەکە تا نها ڕادەست دەبوون. بەڵام جەنەڕاڵ هەموو قسەکانیان بە جدی وەرناگرێ: ئەمانە هێندە ترساون کە ئامادەن هەر درۆیەک بکەن تا بەزەیی ئەو بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. فەرمان دەدا، لە ئاغەڵی ئاژەڵەکاندا زندانیان بکەن و دەبێ گیانی هەموو ئەوانەی وەکو ئەم ماڵباتە ئارەزوومەندانە خۆیان ڕادەست دەکەن، پارێزراو بێ. ئەفسەرەکانیشی بە ئەندازەی خۆی خۆشحاڵ دەبن. بگرە هەندێکیان پێیان وایە کە قەڵاکەی دژمن، پێش گەیشتنی هێزی پشتیوان، لە ناوەوە هەرەس دێنێت.

بەڵام ڕۆژی دواتر، لەشکرەکە ڕووبەڕووی نسکۆیەکی گەورەی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە. سەد و پەنجا سەر گا، کە لە مونتە سانتوە دێت، بە گەوجانەترین شێوە دەکەوێتە دەست شەڕڤانەکان. سریەی نێزەداران، کە پارێزگاری گاگەلەکەیان پێ سپێردرابوو، بۆ ئەوەی خۆ لە تەڵەی بەڵەد و دەلیلەکان بەدوور بگرن، ئەو بەڵەدانەی بە زۆر لە لایەن سوپاوە بە بێگار گیرابوون و هەرکە چاوی سەربازەکانیان لێ غافڵ بوایە، پەیوەندییان بە دژمنەوە دەکرد. بۆیە سریەی ناڤبری تەنیا پشتی بەو نەخشەیە بەستبوو کە ئەندازیارانی سوپا بۆیان کێشابوون. بەڵام بەخت یاریان نابێت، لە جیاتی ئەوەی بە ڕێگای روساریو و ئاس ئومبوراناسەوە بێن کە دەچوو بۆ ئاڤافیلا، بەرەو ئوکامپایو و ئوتابولیرنو چووبوون و لە ناکاوا لە ناوجەرگەی شەڕڤانەکانەوە سەریان دەرهێنابوو. نێزەدارەکان، شەڕێکی مەردانە دەکەن، نایەڵن دژمن تەفر و تونایان بکات، بەڵام گاگەلەکە لە دەست دەدەن و شەڕڤانەکان بە پەلە و بە زەبری قامچی بەرەو کانودوس ڕای دەدەن. جەنەڕاڵ ئوسکار، لە سەر ئاڤافیلاوە، دیمەنێکی باڵکێش و سەیر دەبینێ: تەپ و تۆزێکی زۆر لە هەر گۆشەیەکی کانودوسەوە بەرزدەبێتەوە، ئیدی شەڕڤانەکان کە گاگەلەکە بە کانودوسدا دەکەن، دەبێ بە هەراو زەنای شادی وخۆشحاڵی. جەنەڕاڵ کە بە تەبیعەت پیاوێکی هێور بوو، زۆر تووڕە دەبێت، بە ئاشکرا سەرکۆنەی ئەفسەرانی سریەکە دەکات کە بووبوونە مایەی لە دەست دانی گاگەلەکە. پلەکانیان دادەگرێ. ئەم کارەساتە نەنگینە دەبێت بە پەڵەیەکی ڕەش بە سەر تۆماری خزمەتەکانیەوە! ئیدی بۆ ئەوەی ئەو شادیە لە شەڕڤانەکان، کە سەدوپەنجا سەر گایان بەدەست هێنابوو، بکات بە شین، قەرار درا، تۆپبارانی ئەمڕۆ بۆ سەر شەڕڤانەکان زیاد بکرێ بۆ دوو هێندەی ڕۆژانی پێشوو.

ئیدی جەنەڕاڵ ئوسکارو ئەفسەرانی فەرماندەیی بۆ چارەسەری کێشەی ئازووقە کە بەڕاستی تەنگی پێ هەڵچنی بوون، بڕیاریان دا نێزەدارانی دووڕەگ و – کە بە ڕاستی بە گاوان و کابۆی لە زەبر و کارامە بەناوبانگن – فەوجی بیست و حەوتی پیادە، بنێرن کە "بە هەرجۆر و لە هەر کوێیەک" بووە ئازووقە بۆ قۆشەنەکە پەیدا بکەن، چونکە برسیەتی زۆری بۆ یەکەکان هێناوە و بە تەواوەتی ورەیان بەرداوە. نێزەدارەکان، لە گەڵ خۆرئاوادا بە بیست سەر گاوە دەگەڕێنەوە، جەنەڕاڵ لێیان ناپرسێت کە ئەو ماڵاتەیان لە کوێ هێناوە، یەکسەر گایەکان سەر دەبڕن و گۆشتەکە بە سەر سەربازەکانی سەنگەرەکانی ئاڤافیلا و (هێڵی ڕەش) دا دابەشدەکەن. جەنەڕاڵ و یاوەرەکانی بڕیاردەدەن، هەنگاوی خێراو جدی بۆ چاککردنی پەیوەندی وهاتوچۆی نێوان هەردوو سەربازگەکە و شەرگەکە، بنرێ. پۆستی(بنکە) پاسەوانی، بە درێژایی ڕێگاکان دادەنرێ وسەنگەرو مەتەرێزەکان قایمتر دەکرێت. جەنەڕاڵ بە هەمان جدیەت وئامادەگی هەمیشەیی خۆیەوە، زەمینە بۆ گواستنەوەی بریندارەکان فەراهەم

دەکات، دەستەبەرە و دارشەق ئامادە دەکرێ، عەرەبانەکانی گواستنەوەی برینداران نۆژەن دەکرێنەوە، ناوی ئەو کەسانەی کە پێویستە بگوازرێنەوە، تۆماردەکرێت.

جەنەڕاڵ، ئەو شەوە، لە ئافافیلاو لە چادرەکەی خۆیدا دەنوێت. بەیانی لە کاتێکا مژوولی تێشت خواردنە، دەبینێ باران دەبارێ. حایرو حەپەساو تەمەشای ئەم پەڕجووە دەکات. بارانێکی بە لێزمەیە، بایەکی تووند بە گڤ و هۆڕ بارانە لێڵەکە بەم لاو بەولادا دەبات. کە بە دڵخۆشی لە چادرەکەی وەدەردەکەوێ تا خۆی بداتە بەر بارانەکە، دەبینێ هەموو سەربازەکان ڕژاونەتە دەرەوەو بە کەیف وشادییەکی زۆرەوە، خۆیان دەدەنە بەر بارانەکە. بە درێژایی ئەم چەند مانگە ئەمە یەکەم باران بوو، کە لە دوای ئەو هەموو گەرماو کەم ئاویە، نیعمەتێکی ڕاستەقینە بوو. هەموو سەربازەکان، هەر ئامانێکیان بەردەست کەوتبوو، خستبوویانە بەر بارانەکە تا پڕبن لە ئاو. هەوڵدەدات بە دووربین تەمەشا بکات تا بزانێ لە کانودوس چ باسە. بەڵام تەم و مژێکی هێندە چڕ باڵی بەسەر دنیادا کێشاوە، تەنانەت بورجەکانیش نابینێت. بارانە بە خوڕەکە زۆر بەردەوام نابێت، دوای کەمێک دووبارە بایەکی تەپ و تۆزاوی هەڵدەکات. جەنەڕاڵ، زۆرجار لە بەرخۆیەوە بیری لەوە کردبووەوە کە وەختایەک ئەم شەڕە تەواو بێ، هەرگیز ئەم بایە ناخۆشەی لە بیرناچێتەوە کە خەریک بوو پێستی لاجانگەکانی پیاوی دەگرو. لە کاتێکا پۆستاڵەکانی دادەکەنێ تا موراسیلەکەی، بۆی پاک بکاتەوە، لە دڵی خۆدا وشک و برینگی ئەم دیار و دەڤەرە، کە نە گیایەکی لێدەڕوا و نە تاقە گوڵێکی تیا بەدی دەکرا، دەگەڵ ئەرزە بە پیت و بەرەکەتەکەی ئوپیاوی دا بەراورد دەکات.

بۆ ملازم پینتو سوزای، کە سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژانە بوو، گێڕایەوە: " کێ باوەڕی دەکرد من بیری باخچە بکەم. هەرگیز سەرم لەو بایەخدانەی ژنەکەم بە گوڵ وگوڵزار دەرنەدەکرد، ڕۆژ تا ئێوارە بە گوڵەکان ڕادەگەیی، ئاوی دەدان، پەرچ و بژاری دەکردن. من ئەو خۆشەویستیەم سەبارەت بە گوڵ وگوڵزار بە جۆرە شێتاتیەک، بە جۆرە نەخۆشییەک دەزانی، بەڵام نها کە ئەم دەشتە کاکی بە کاکیە دەبینم، تێدەگەم..."

بەیانی، دوای ئەوەی گوێ لە ڕاپۆری جۆراوجۆری ئەفسەرەکان دەگرێ وئەرک و واجبی هەر یەکێکیان دیاری دەکات، هەموو هۆش و گۆشی دێتە سەر ئەم گەردەلوول و باهۆزە ناخۆشەی کە هەناسەی مرۆڤ تەنگ دەکات؛ زۆری پێ پەست و قەڵسە، تەنانەت لە ناو سەنگەرەکانیش لەم عەزابە ناخەلەسێت. دەبیرەوە دەچێت: " ئەگەر گەردو تۆز بە گۆشتی برژاوەوە نەخۆی، دەبێ گۆشتی برژاو بە گەرد و تۆزەوە بخۆی... هەڵبەتە هەمیشە بە گو مێشەوە."

هەوڵی شەوە، دەستڕێژی گوللە، لە زندە خەونە فەلسەفیەکانی بێداردەکاتەوە. دەستەیەک شەڕڤان وەکو ئەوەی لە تونێلێکی ژێر سەنگەرەکانی (هێڵی ڕەش) وە هاتبنە دەرەوە، لە ناکاوا پەلاماری سەنگەرێکی قایم دەدەن و دەیانەوێ لێی دەرباز ببن، ئەم هێرشە لە ناکاوە سەربازەکان غافڵگیر دەکات و هەڵدێن و سەنگەرەکەی خۆیان چۆڵ دەکەن، بەڵام دوای نزیکەی سەعاتێک، شەڕڤانەکان دەشکێن وژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژن. جەنەڕاڵ ئوسکارو ئەفسەرەکانی دەگەنە ئەم ئەنجامگیرییەی کە ئەم هێرشە زیاتر لە پێناوی پاراستنی سەنگەرەکانی قۆڵی (فازندا فلیا) بووە، بۆیە هەموو ئەفسەرەکان پێشنیاز دەکەن کە بە هەر شێوەیەک بووە، ئەم سەنگەرانە بگیرێن: ئەم کارە، دەبێتە مایەی ئەوە کە قەڵای شەڕڤانەکان زووتر خۆی بە دەستەوە بدات. جەنەڕاڵ ئەمر دەکات سێ شەست تیر لە ئافافیلاوە، بێننە خوارەوە بۆ (هێڵی ڕەش).

ئەو ڕۆژە سوارە نێزەدارەکان، بە سی سەر گاوە بۆ سەربازگەکە دێنەوە. سەربازەکان ئاهەنگ وزیافەتێکی گەورە بەرپا دەکەن وهەموو مجێزیان دێتەوە تایم. جەنەڕاڵ ئوسکار سەردانی دوو خەستەخانەی مەیدانی دەکات، کە خەریکی ئامادەکارین بۆ گواستنەوەی نەخۆش و بریندارەکان. جەنەڕاڵ، بۆ ئەوەی خۆی لە ڕێ و ڕەسمی دوور ودرێژ وپڕ سۆز و گودازی خوداحافیزی و خاترخوازی ببوێرێت، بڕیار دەدات، تا دوا سات، واتا تا کاتی بە ڕێکەوتنەکە، ناوی ئەو کەسانە نەخوێننەوە کە پێویستە بگوازرێنەوە.

عەسری ئەو ڕۆژە، تۆپچییەکان، بە شادییەوە، چوار سەندوق گوللە تۆپی ٧/٥ ملمی نیشاندەدەن، کە یەکێک لە دەورێیەکان لە سەر ڕێگای ئاس ئومبوراناس دۆزی بوویانەوە. گوللە تۆپەکان عەیبیان نەبوو، جەنەڕاڵ ئوسکار، قاییل دەبێ، بە ئەنجامدان و بەرپاکردنی ئەو بەرنامەیەی کە ملازمی یەکەم (ماسیدو سوارس)ی مەسئولی پاراستنی تۆپەکانی ئافافیلا ناوی نابوو (نمایشی گەمەێن ئاگرین."

جەنەڕاڵ، ڕاستەوخۆ لە لای تۆپەکەوە دادەنیشێت. وەکو ئەندامانی تۆپخانەکە، لۆکە لە هەر دوو گوێی دەئاخنێ، تا بە چاوی خۆی تەقاندنی ئەو شەست گوللە تۆپە بدینێ کە بە ناوەڕاستی سەنگەرەکانی دژمنەوە دەنرێن، بەوپەڕی نیگەرانیەوە، لە ناو ئەو تەپ و تۆزەوە کە بە سەدەمی تەقاندنی گوللە تۆپەکانەوە بەرزدەبووەوە، چاو دەبڕێتە ئەو بورجانەی کە دەزانێ مەکۆی تووندڕەوەکانە. بورجەکان هەرچەندە کونیان تێبووە و پارچەیان بەر کەوتووە بەڵام هێشتا بە پێوە ماون. باشە ئەم بورجەی زەنگەکەی کڵێسای سانتوئانتونیو، کە بووە بە بێژنگ و لە بورجی بیزا خوارتر بووە، چۆن بە پێوە ماوە؟

بە درێژایی ماوەی تۆپبارانەکە، بە تاسەوە چاوەڕوانی ئەوەیە کە بە چاوی خۆی ئەم بورجە بدینێ، وێران بێ و لە گەڵ ئەرزا تەخت ببێت. هەقە خودا ئەم لوتفەی لە گەڵدا بکات تا کەمێک سوکنایی بکەوێتە دڵ و ورەی بەرز ببێتەوە. بەڵام بورجەکە نیازی کەوتنی نییە.

ڕۆژی دوایی، بەیانی زوو لە خەو ڕادەبێ، تا سەرپەرشتی بەڕێکردنی زامدارەکان بکات. شەست ئەفسەرو چوار سەد وهەشتا سەرباز بۆ مونتە سانتو بەڕێ دەکرێن، هەموو ئەمانە بە گوتەی دکتۆرەکان، لەوانەن کە بەرگەی ڕێگا دەگرن و دەکارن بە پێی خۆ بڕۆن، یەکێک لەوانە جەنەڕاڵ ساڤاگیتی فەرماندەی ڕەتلی دووەمە، کە لەوەتای گەییوەتە ئافافیلا بە هۆی زامەکەی ورگیەوە نەیتوانیوە لە شەڕەکاندا بەشداری بکات.

جەنەڕاڵ ئوسکار، ڕۆیشتنی ئەم جەنەڕاڵەی زۆر پێخۆشە، وێڕای پەیوەندی دۆستانەیان، لە حوزوری ئەم جەنەڕاڵەدا هەست بە ناڕەحەتی دەکات – چونکە دڵنیایە – کە ئەگەر کۆمەک و یارمەتی ئەو نەبوایە، ڕەتلی یەکەم بە تەواوەتی تیا دەچوو. ئەم حەقیقەتەی کە شەڕڤانەکان توانی بوویان بە تاکتیکی زیرەکانە، ئەو بخەنە ئەم قەسابخانەیەوە، جەنەڕاڵ ئوسکاری گەیاندبووە قەناعەتی تەواو، کە شەڕڤانەکان، لە لایەن ئەفسەرانی سەڵتەنەتخواز یان ئینگلیزەوە، مەشق دادەدرێن. ڕێنوێنی دەکرێن. بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو، ئەم ئەگەرە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی فەرماندەییدا باس نەدەکرا.

خوداحافیزی ئەو بریندارانەی کە دەڕۆیشتن، لەوانەی کە لە دوای ئەوان دەمانەوە، بە پێچەوانەی وێنا و پێشبینی جەنەڕاڵەوە، دیمەنێکی پڕسۆز وگوداز ونالین وگرین و گلەیی نەبوو، بەڵکو زۆر خەمناک و بە هەیبەت بوو. ئەوانەی دەڕۆیشتن و ئەوانەی دەمانەوە، بەبێدەنگی دەستیان لە ملی یەکدی دەکرد، پەیامی زارەکیان دەگۆڕییەوە، ئەوانەی کە دڵیان پڕ دەبوو، گریان دەیگرتن، هەوڵیان دەدا فرمێسکەکانیان بشارنەوە.

جەنەڕاڵ پێوە بوو، جیرەی چوار ڕۆژ بە هەر یەکێک لەوانەی کە دەڕۆیشتن بدرێ، بەڵام کەمی ئازووقە ئەمەی کەم کردەوە بۆ جیرەی یەک ڕۆژ. فەوجی نێزەداران کە قەرار بوو، بە درێژایی ڕێگا بە هەر شێوەیەک بووە، جیرە و خۆراک بۆ بریندارەکان پەیدا بکەن، لە گەڵ بریندارەکاندا دەڕۆن، هەروەها فەوجی سی و سێی پیادەش بە گەڵیان دەکەوێت. جەنەڕاڵ ئوسکار، لەو سپێدە زووەدا کە تەمەشای حەرەکەتی خاوی ئەم داماوانە دەکات کە خەریکە لە برسا دەمرن و جلەکانیان شڕ و وڕ بووە و زۆربەیان پێیان پەتیە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت ئەمانە، ئەوانەیان کە بەرگە دەگرن و لە ڕێگا نامرن، وەختیاەک دەگەنە مونتە سانتو، ڕەوشیان زۆر لە ئێستا خراتر دەبێت، ڕەنگە هەنگێ بەرپرسە گەورەکان، پەی بەم ڕەوشە خراپە ببەن و هێزی پشتیوان بنێرن.

ڕۆیشتنی بریندارەکان، کەش و هەوایەکی خەمناک لە ئافافیلا و هێڵی ڕەش دا، چێدەکات. بەهۆی کەمی ئازووقە و خۆراکەوە ورەی یەکەکان بە تەواوی ڕوخاوە. سەربازەکان کەوتوونەتە خواردنی ئەو مارو سەگانەی کە ڕاویان دەکەن، تەنانەت مێرولەش دەبرژێنن و لە برسا دەیخۆن.

شەڕەکە، نها تەواو خاو بووەتەوە، بریتیە لە هەندێ تەق و تۆقی پچڕپچڕ، لە نێوان سەنگەرەکانی هەر دوو لادا. کاری سەربازەکان و شەڕڤانەکان، هاتووەتە سەر ئەوەی لە سەنگەرەکانی خۆیانەوە چاودێری یەکدی بکەن، هەرکە چاویان بە لا ڕوخسارێ، سەرێ، دەستێ بکەوێ، دەسترێژێکی یەک دوو چرکەیی بە سەرا دەکەن و لە جێی خۆ کپ دەبنەوە... ئیدی ئەم کپ بوونەوەیە، خۆبەخۆ، جۆرە هاماجێکی (فەزا) ئارام چێدەکات، ناو بە ناو دەسترێژێک لە بورجەکانی خەلوەتخانەکەوە دەی شڵەقێنێ، ئەم دەسترێژانە ئاراستەی هەدەفێکی دیاریکراو ناکرێ، کوێرانە ئاراستەی ئەو کەلاوانە دەکرێ کە سەربازەکان، کەمینیان تیا داناوە، گوللەکان، دیوارە تەنکەکان، کە لە چەپەری قامیش و قوڕ دروستکراون، دەبڕن، زۆرجار سەربازێک لە کاتی خەوا یان لە کاتی جل گۆڕینا دەپێکن. ئیدی یان بریندار دەبێ یان دەمرێت.

ئەم شەو، جەنەڕاڵ ئوسکار، لە کوختەکەی یارۆی فشفشەسازا، دەگەڵ ملازم پینتو سوزا و عەقید نیری (کە برینەکەی ڕوو لە چاکبوونەوەیە) و دوو نەقیبی دیکەی فەرماندەییدا خەریکی کۆنکانە. هەریەکەیان لە سەر سەندوقێک دانیشتووە و چرایەکی نەوتی ژوورەکەی ڕوناک کردووەتەوە. کاتێ بە خۆ دەزانن ماوەیەکی زۆرە لە گەنگەشەیەکی گەرم و گوڕدان سەبارەت بە ئانتونیو کونسولیرو (ناوی مورشیدە) و ڕێگرەکان. یەکێک لە نەقیبەکان خەڵکی "ریو" یە، بۆچوونی وایە کە ئەم دیاردەیەی کانودوس، بەرئەنجامی ئاوێتە بوونی ڕەگەزی قولەڕەش و هندیە سوورەکان و پرتوگاکیەکانە، کە بەە بەرە ئەم نەوە گەندەڵانەیان لێکەوتووەتەوە و بە سەدەمی ئەمەوە زەینیەتێکی پاشکەوتووی ئەوتۆ پەیدا بووە، کە باوەڕ بە خورافات وتەعەسوب بکەن. عەقید نیری بە تەواوی دژی ئەو بۆچوونەیە و بەرپەرچی دەداتەوە، مەگەر لە دیار و دەڤەرەکانی دیکەی بەرازیل دا ئەم ئاوێتە بوونە نەژادیە نییە، بۆچی ئەم جۆرە دیاردانە لەو شوێنانەدا نییە؟ عەقید ( نیری ) ش وەکو عەقید موریرا سیزار، کە عەقید نیری نەک هەر مەفتوونی بوو بەڵکو دەیپەرست، قەناعەتی وابوو کە دیاردەی کانودوس، دەستکرد و پیلانی دژمنانی کۆمارە، سەڵتەنەتخوازەکان و کۆلەدارەکانی جاران و بژاردەێن خودان ئیمتیاز، ئەم کڵۆڵ و داماو و نەدارانەیان هانداوە کە یاخی ببن ونەفرەت ورقێکی ئەوتۆیان ئاخنیوەتە مێشکیانەوە کە دژی هەر پێشکەوتنێک بوەستنەوە. دەڵێت: " کێشەی کانودوس لە نەژادا نییە، بەڵکو لە جەهل و نەزانیدایە."

جەنەڕاڵ ئوسکار، کە زۆر بە جدی گوێی لە گەنگەشەکە دەگرت، کە ڕای ئەو لەو بارەیەوە دەپرسن، هێشتا گێژ و حەپەساوە، ئەنجام دەڵێت: بەڵێ، جەهل و نەزانی، زەمینە بۆ ئەشراف و ئەرستوکراتەکان خۆشدەکات، کە

ئەم نەگبەتانە لە خشتە ببەن و بیانکەن بە خەڵکانی توندڕەو و ڕادیکاڵ، دژایەتی هەرکەس و شتێک بکەن، کە بەرژەوەندی دەوڵەمەندان و دەسەلاتداران بخاتە مەترسییەوە. جا لەبەر ئەوەی کۆمار کار بۆ یەکسانی هەموو خەڵکی دەکات، ئیدی هەموو ئەو ئیمتیازاتانە کە لە سایەی ڕژێمی ئەرستوکراتی دا، بە مافی ڕەوای بۆ ماوەیی دەژمێردرا، هەڵدەوەشێتەوە. بەلام لە ناخی خۆیدا قەناعەتی بەو قسانەی خۆی نییە. وەختایەک ئەوانی دی دەڕۆن، لە سەر جۆلانەکەی دادەنیشێت و لە فکران ڕا دەچێ. باشە ئەم دیاردەیەی کانودوس چییە؟ کێشەی بۆ ماوەیی خەڵکانی ئاوێتە نەژادە؟ کەمی هۆشیاری و پەروەردەیە؟ ئەمە لە جیناتی ئەو خەڵکەدایە کە بابەلباب سەلەفی و ئەنتی شارستانیەت بوون؟ ئایا ئەمە پەیوەندی بە ئول ( ئاین ) وخواوەندەوە هەیە؟ هیچ یەکێک لەم هەنجەتانەی پێ قەبووڵ نییە.

ڕۆژی دوایی، لە کاتێکا ڕدێنی، بە بێ سابوون و ئاوێنە بە تیغێک کە خۆی بە بەردە زبرە تیژی دەکاتەوە، دەتاشێت، گوێی لە خرمە خرمی سمی ئەسپان دەبێت. خۆ فەرمانی دابوو کە هەموو هاتوچۆیەک لە نێوان ئافافیلا و هێڵی ڕەش دا، بە پێیان بێ، چونکە خەڵکانی سوارە، بە سەر ئەسپەکانیانەوە، دەبوونە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتە بۆ سەگڤانەکانی ناو بورجەکان، بە هەشتاو وەدەر دەکەوێ تا گوێی ئەو سوارە با بدات کە لە فەرمانەکەی ئەو دەرچووە. گوێی لە هورای شادی دەبێت. ئەو ملازمەی لە سەر ئەسپەکە بوو، بلەز دابەزی، دوای لاق پێکدا کوتان و زرمەی پۆستاڵ، خۆی ناساند کە ئەفسەری فەرماندەی دەستەی پێشقەرەوڵانە لە فەسیڵی پشتیوان، بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ جیرارد، کە لە زەرفی دوو سەعاتی دیدا دەگەنە جێ. ملازمەکە لە سەری دەڕوات و دەڵێت چوار هەزار و پێنج سەد سەرباز و ئەفسەر، کە بریتین لە دوازدە فەوج بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ جیرارد، ئامادەن، بۆ لە نێو بردنی دژمنانی کۆمار، بەدڵ وبە گیان خۆیان بخەنە ئیختیاری ئەوەوە. کەواتە ئەنجام، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، وادیارە مۆتەکەی کانودوس لە کۆڵ ئەو وبەرازیل دەبێتەوە.

( ٥ )

بارۆن بە سەرسامی پرسی: "جورما؟ هەمان جورمای خەڵکی کالومبی؟ "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، کە چاوی بڕی بووە لایەکی دی، گوتی: " بویەرەکە لە مانگە شوومەکەی ئابدا ڕووی دا. شەڕڤانەکان لە مانگی تەمووزدا، لە ناو شاردا پێشیان بە پێشڕەوی سەربازەکان گرت. بەلام جەنەڕاڵ جیرارد لە مانگی ئابدا گەییشتە جێ. لە گەڵ پێنج هەزار سەرباز، دوازدە فەوج، هەزاران پارچە چەک، دەیان تۆپ. ئازووقە و خواردنی مشە. ئیدی شەڕڤانەکان بە تەمای چی بن؟ "

بەلام بارۆن گوێی لەو نەبوو.

دووبارە گوتی: " جورما؟ " توانی شادمانی و تەوسخەنی میوانەکەی بەدی بکات، شادیەکەی لەوەوە بوو کە بە ناو بردنی ئەو ژنە سەرنجی بارۆنی بە ڕادەیەک ڕاکێشابوو، کە بارۆن بە زۆر میوانەکەی دێنایە قسە تا باسی ژنەی ناڤبری بکات. "ژنەکەی روڤینیو، بەڵەدەکەی خەڵکی کیماداس؟"

ئەمجارەش ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە وەلامی نەدایەوە، زۆری لەزەت لەوە دەبینی کە بارۆن خەریک بوو سەبری لەبەر دەبڕا: " وێڕای ئەوەش، لە مانگی ئابدا، وەزیری جەنگ، مارال ( کارلوس ماکادو بیتنکورت) بە خۆی لە ( ریو) وە هاتبوو تا کۆتایی بەم شەڕو فەرتەنەیە بێنێت. ئێمە لە کانودوس دا ئاگامان لەوە نەبوو کە مارشال بیتنکورت بە خۆی لە مونتە سانتو مابووەوەو سەرپەرشتی گواستنەوەی چەک وتەقەمەنی وئازووقە و

خەستەخانەکانی دەکرد. ئاگامان لەوە نەبوو کە پزیشکان و پزیشکیارانی عەسکەری خۆبەخش، پەیتا پەیتا بۆ کیماداس ومونتە سانتو دەهاتن... نەماندەزانی کە خودی مارشال، تیپەکەی جیراردی ناردووە. هەر هەموو ئەمە لە مانگی ئابدا بوو. لە تۆ وایە ئاسمان شەق بووە تا بەلا بە سەر کانودوس دا ببارێنێ."

بارۆن لە بن لێوانەوە گوتی: " تۆ لە ناوجەرگەی ئەم هەموو نەگبەتیەدا خۆشحاڵ بووی." ئەمە هەمان قسە بوو کە میوانە چاوپڕوشەکەی کردبووی." ئەمە ئەو جورمایەیە، کە تۆ دەیڵێی؟"

-بەڵێ.

بارۆن سەیری کرد، میوانەکەی چیتر شادمانی خۆی ناشارێتەوە، بە دەنگیا دیار بوو، وشە وەکو بەڕووی برژاو لە دەمیا دەتەقییەوە.

"هەقی خۆتە یادی بکەیتەوە. چونکە ئەویش هەمیشە باسی تۆ و ژنەکەتی دەکرد، خوا هەڵناگرێ تاریفی دەکردن، ئێوەی خۆشدەوێ."

کەواتە خۆیەتی. کیژێکی باریکەلەی بەژن زراڤی، زیتونی ڕەنگ، پەروەردەی کالومبی، کە خزمەتی ئەستیلای دەکرد، ئەوان، لەو کرێکارە دڵسۆزو دەستپاکەیان مارە بڕی بوو، واتە لە ڕوڤینو. سەری دەرنەدەکرد: ئەو بوونەوەرە وردیلە نیوە کێویە، ئەو کیژە گوندییە ساکارەی، لەوەتای دەستبەرداری خزمەتی ئەستیلا بووبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوشی خراتر بووبوو، دەوری لە ژیانی ئەم پیاوەشدا هەبووبوو کە ڕووبەڕووی دانیشتبوو. چونکە ئەو قسانەی کە یارۆی ڕۆژنامەڤان کردبووی، هەرچەند نامەفهوم بوو، بریتی بوو لەمە: "ڕاستت دەوێ، ڕێک لەو دەمەدا کە دنیا خەریک بوو هەرەسی دێنا، داری بە سەر بەردییەوە نەدەما، ترس ولەرز گەیی بووە لوتکە، هەستم بە شادی دەکرد." بارۆن، دووبارە ئەو هەستەی لە لا دروست بوو کە هەموو ئەو شتانە ناواقیعی یە، خەونە، خەیاڵە. هەرکاتێ بیری لە کانودوس بکردایەوە ئەو هەستە دایدەگرت، ئەو حاڵەی لێدەهات. هەر هەموو ئەو ڕێکەوت و واریقات ودیدارە ڕێکەوتەکیانە، پەست و بێزاریان دەکرد. ئایا ڕۆژنامەڤانەکە دەیزانی کە گالیلو گال، سواری جورما بووە؟ لێی نەپرسی، چونکە زۆر مژوول بوو، بە سەرسامی بیری لە جوگرافیای عەجیبی بەخت ویەغباڵ دەکردەوە، بیری لە سیستەمی پەنهانی، یاسای ئاڵۆزی مێژووی گەلان وخەڵکان دەکردەوە – کە ئەوانەی لە یەکدی نزیک یان دوور دەخستەوە، دەیکردن بە دژمن یان بە دۆست. لە دڵی خۆدا دەیگوت مەحاڵە ئەو کیژە داماوەی خەڵکی سارای باهیا، بە خەونیش بە بیریا هاتبێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو فاکتەرە بووبێ کە ئەو هەموو ئاگرەی لە ژیانی خەڵکانێکی هەڤدژا هەڵایساندبێ: روڤینو، گالیلوگال، ئەم داهۆڵەی هەرکە ناوی ئەو دەهات ئۆخژنی دەکەوتە دڵ و دەروون و بزەی شادی دەهاتێ. بارۆن حەزیدەکرد، دووبارە جورما بدینێتەوە، لەوە بوو بۆ (بارۆنس) ش، کە جاران ئەم کیژەی زۆر خۆشدەویست، باش بێ کە دووبارە بیبینێتەوە. (سباستیانا) ی بیرکەوتەوە، کە لە بەر ئەوە، ژێراوژێر ئەو کیژەی دەکورهاند، هەروەها ئەوەشی بیر کەوتەوە، کە وەختایەک جورما، لە گەڵ روڤینودا، لە لای ئەوان ڕۆیی و چوو بۆ کیماداس، سباستیانا چەند خۆشحاڵ بووبوو.

بارۆن، لە کاتێکا بە نیگەرانییەوە لە سەر کورسیەکەی دەجولا و لە بن لێوانەوە گوتی: " ڕاستت دەوێ، باوەڕم نەدەکرد تۆ لەم قۆناغەدا باسی ئەڤین و ئەڤینداری بکەیت. بە تایبەتی سەبارەت بە جورما."

پەیامنێرەکە دووبارە کەوتەوە باسکردنی شەڕ: "باشە هیچ سەیر نییە کە بەو تیپە بگوترێ، تیپەکەی جیرارد؟ چونکە ئەوەی من دەیزانم و بۆم دەرکەوتووە، جەنەڕاڵ جیرارد، هەرگیز پێی نەناوەتە خاکی کانودوس. ئەمەش دیاردەیەکی سەیرو سەمەرەی دیکەی شەڕە. لە گەڵ دەستپێکی مانگی ئابدا ئەو دوازدە فەوجە، تازە نەفەسانە یەک یەک هاتن. لەولاشەوە ڕۆژانە خەڵکی بە لێشاو خۆیان دەگەیاندە کانودوس، چونکە دەیانزانی بە هاتنی ئەم قۆشەنە (قۆشەن: لەشکر، هێزی سوپایی) تازەیە دەوری شار دەگیرێت، ئیدی ناتوانن خۆ بە شارا بکەن! " بارۆن گوێی لە قرقێنە غەریب، بێهودەو دەستکردەکانی بوو، گوێی لێبوو دووبارە گوتی: " گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم، نەک لە بەر ئەوەی نەیاندەتوانی لە شار بچنە دەرێ، بەڵکو لە بەر ئەوەی نەیاندەتوانی خۆ بگەیەننە ناو شار. کێشەکەیان ئەوە بوو. بەلایانەوە گرینگ نەبوو کە بمرن، گرینگ ئەوە بوو کە لە کانودوس دا بمرن."

بارۆن گوتی: " ئەدی تۆ... تۆش خۆشحاڵ بووی." ئایا ئەم پیاوە لە جاران شێت تر نەبوو؟ ئایا ئەم هەموو شتە، کۆمەڵێک سەربورو حیکایەتی خەیاڵکرد نەبوو؟

-" فەوجەکانیان دەبینی کە یەک یەک دەگەییشتنە جێ، هەموو گردو کەلێن وکەلەبەرەکانیان دەگرت، ڕێگەی چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەیان دەگرت. ئیدی بیست و چوار سەعات، لە باکوورو باشوور، لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە تۆپبارانیان لە سەر بوو. بەڵام چونکە یەکەکانی هەردوو لا زۆر لە یەکدییەوە نزیک بوون و ئەگەری ئەوە هەبوو، لە سەربازەکانی خۆیان بکوژن، بۆیە تەنیا بورجەکانیان، کە هێشتا نەڕوخابوون، تۆپباران دەکرد."

بارۆن بە دەنگی بەرز گوتی: "جورما؟ جورما؟ ئەو کیژە وردیلە کالومبیە، تۆی بەختەوەر کرد، تۆی کرد بە موریدی گەریلا وشەڕڤانەکان؟"

چاوە پرووشەکانی لە پشت چاوە ئەستوورەکانی عەینەکەکەیەوە، وەکو ماسی ناو شووشە ئاو، کەوتنە جوڵەجوڵ. چەند جارێک تروکاندنی. کات درەنگ بووبوو، بارۆن چەند سەعاتێک بوو لەوێندەر دانیشتبوو، کاتی ئەوە هاتبوو لە سەر کورسییەکەی هەستێ و بە سۆراغی ئەستیلاوە بچێت. لە هەوەڵی ئەو کارەساتەوە تا نها هیچ کاتێک، بە قەد ئەم ماوەیە بە تەنیا جێی نەهێشتبوو. بەڵام وێرای ئەوەش بەدەم چاوەڕوانییەوە هەر لەوێندەر دانیشتبوو وبێتاقەتی دابوویە گیانی.

بارۆن، گوێی لە میوانەکەی بوو، بە دەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دەبیسترا دەیگوت: "بە کورتیەکەی من ڕادەست بووبووم."

لێی پرسی: "بە مردن؟" دەیزانی ئەوەی میوانەکەی بیری لێدەکردەوە مەرگ نەبوو.

وایزانی وەڵامی درایەوە: "بەوەی کە هیچ کەسێکم خۆشنەوێ، و هیچ ژنێکیش خۆشی نەوێم." چونکە ئەو وشانەی بە دەنگێکی زۆر نەویتر گوت. "بەوەی کە دزێوم، شەرمنم، بەوەی هەرگیز ژنێکم لە ئامێز نەگرتبوو، تەنیا ئەوانە نەبێ کە پارەم دابوونێ."

بارۆن، مات ومەلوول ڕۆنیشتبوو. لە ناکاوا ئەم بیرەی بە مێشکا هات کە لەم ژووری خوێندنەوەیەدا زۆر ڕاز و نهێنی کەشف کرابوو، زۆر نەخشە و پیلان گێڕدرابوو، بەڵام تا ئێستا هیچ بەنی بەشەرێک ئیعترافی ڕاشکاوانە و چاوەڕوان نەکراوی وەکو ئەمەی لێرەدا نەکردبوو.

ڕۆژنامەڤانە کوێرە موشەکە گوتی: "ئەمە شتێکە تۆ تێی ناگەی، چونکە تۆ لە هەوەڵی گەنجیا عەشقت جەڕباندووە، دیارە زۆر ژن خۆشیان ویستوویت، دڵبەندت بوون، خۆیان ڕادەستت کردووە. تۆ، دڵنیام، هاوسەرە خشیک و شەنگوڵەکەتت، لە نێو دنیایەک ژنی شۆخ و شەنگا هەڵبژاردووە، جوانانێ چاوەڕوانی یەک ئاماژەی تۆ بوون، تا خۆیان لە ئامێزت باوێژن. تۆ ناتوانی لە کول وکۆڤانی خەڵکانی وەکو ئێمە حاڵی ببیت، ئێمە مانانێ کە وەکو تۆ قۆز نین، دەسەڵاتدار، پارەدارو دارا نین... تۆ نازانی ئێمەمانان چ ئازارێ دەکێشین. تۆ نازانی، ئەوانەی لە ڤیان ولەزەت بێبەشن، مەحکومن بە هاونیشینی لەشفرۆشان، دەکاتە چی."

بارۆن، بە نیگەرانیەوە، دەبیرەوە دەچێ: " ڤیان، لەزەت" دوو وشەی بە سوێن، دوو شیهابن لە شەوی تاریکی ژیانیا. وای بە بیرا هات، کە مایەی شەرمەزاریە ئەم دوو وشە خۆشە، لە بیرکراوە، لە زاری ئەم بوونەوەرە کومیدیەوە دەربچێ کە لە سەر کورسیەکە هەڵکوڕماوەو لاقە باریکەکانی، کە لە لاقە شینەشاوە دەچێ، ناوەتە سەر لاق. باشە ئەمە سەیرو مایەی پێکەنین نەبوو کە دێڵە سەگێکی دوڕەی خەڵکی سارا، واتە ئەو ژنە، کە کارێکی وەها بکات، پیاوێکی وا، کە وێڕای هەموو شتێک پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، کە باسی ڤیان و لەزەت بکات؟ ئایا ئەم دوو وشەیە، ناز ونیعمەت، تەربیەت و پەروەردە، ئەقڵانیەت وئەو ڕۆشنبیری و بەرزەخەیاڵیەی وەبیر مرۆڤ نەدەهێناوە، کە لە ڕێگای خوێندنەوەی زۆر وسەفەرو مامەڵەی قوولەوە، بەدەست دێن؟ ئایا ئەو دوو وشەیە سەبارەت بە جورمای خەڵکی کالومبی نەگونجاو نەبوو؟ بارۆنسی بیرکەوتەوەو زامەکەی ناخی کولایەوە. هەوڵیدا دووبارە بیر لەو قسانە بکاتەوە کە ڕۆژنامەڤانەکە دەیکردن.

پەیامنێرەکە، دووبارە قسەکانی گۆڕی و کەوتە باسکردنی شەڕ، بە جۆرێ قسەی دەکرد، وەکو ئەوەی گلەیی و گازن لە خۆی بکات: "ئاوی خواردنەوە دەست نەدەکەوت، هەر دڵۆپە ئاوێ لە کانودوس دا دەخورایەوە، لە کانیاوەکانی فازندافلیا و هەندێ بیری کەناری فازا – پاریسەوە دەهات. لەوێندەر خەندەک و سەنگەریان لێدابوو و بە روح و گیان بەرگرییان لە سەرچاوەی ئاوەکەیان دەکرد. بەڵام وەختایەک ئەو پێنج هەزار سەربازە تازەیە هاتن، تەنانەت "پاجو"ش نەیدەتوانی بەرگری بکات، بۆیە ئاو دابوویە کزی و بە ئاسانی دەست نەدەکەوت."

"پاجو؟ " سەراپای بارۆن کەوتە لەرزین. ڕوخساری ئەوی هێنایە بەرچاوی خۆی، ڕوخسارە هندیە سوورەکەی، جێگای کۆنە برینەکەی سەر ڕوخساری کە جێی لووتی گرتبووەوە. دووبارە گوێی لەو دەنگە ئارامە بووەوە کە بەمی دەگوت هاتووە تا بە ناوی (باوکەوە) ئاگر لە کالومبی بەربدات. پاجو، ئەو کەسەی کە ئەستیلا، بووبوو بە قوربانی هەموو شەڕاڕەت و غەباوەتەکانی ئەو.

میوانە نزیکبینەکە گوتی: "ڕاستە، پاجو. من حەزم لە چارەی نەدەکرد، هێندەی لەو دەترسام، لە گوللەی سەربازەکان نەدەترسام... ئاخر حەزی لە جورما کردبوو، ئەوەندە بەس بوو پەنجە ڕاوەشێنێ تا لە منی بسەنێ و بۆ کوێی بوێ، بیبات."

دیسان پێکەنین گرتی، پێکەنینێکی کورت و پچڕپچڕ، کە بە کۆکە کۆک و پژمین شکایەوە. هۆش وبیری بارۆن لە جێگایەکی دی بوو – ئەویش زۆر ڕقی لەو چەتە توونڕەوە بوو. سەبەبکاری ئەو تاوانە لە فەرامۆش نەهاتگە چی بە سەر هاتبوو؟ هێندە تووڕە بووبوو، نەیپەرژا لێی بپرسێت، لە ترسی ئەوەی نەبا ببیستێ کە ئەو پیاوە هێشتا ساغ وسەلامەتە و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە. ڕۆژنامەڤانەکە خەریک بوو وشەی (ئاو) ی دووبارە دەکردەوە. بارۆن زۆری هەوڵدا، تا لە خودی خۆی بێتە دەرێ و گوێ بۆ گوتەکانی ئەو کابرایە ڕادێرێ، بەڵێ، ئاوی ڕوباری (فازا – پاریس). دەیزانی حاڵی ئەو بیرانە چۆنی بوو، لە کەنار ڕوبارەکە بوون، ئاوی لافاو

و لەهی تێدەڕژا، ئیدی ئەمە زەخیرەیەک بوو بۆ بەشەر، تەیروتو، بزن ومانگاو گاوگۆتاڵ، کە فازا – پاریس وشکی دەکرد، بۆ ماوەی چەند مانگێک وبگرە هەندێجار بۆ ماوەی ساڵێک، لەو ئاوەیان دەخواردەوە. ئەدی پاجو؟ پاجو چی بەسەرهات؟ لە شەڕا کوژرابوو؟ بە دیل گیرابوو؟ ئەو پرسیارە بە سەر زمانی بارۆنەوە بوو، بەڵام نەیدرکاند.

ڕۆژنامەڤانەکە، لەو دەمەدا، ڕاستگۆ، ئاڵۆزکاو و تووڕە بوو، گوتی: "بەشەر دەبێ لەو شتانە تێبگات. هەڵبەتە من وەکو پێویست نەم دەبینین. خۆ ئەگەر بشم دیتبان، لێیان تێنەدەگەییم."

بارۆن پرسی: "باسی کێ دەکەی؟ بیرم لە جێیەکی دی بوو. ئاگام لە قسەکان نەبوو."

پەیامنێرە کوێرە مووشەکە گوتی: "سەبارەت بە ژنان ونەوجەوانان، ئاخر نەوجەوانانیان پێدەگوتن. کە سەربازەکان سەرچاوەکانیان گرت، ئەم نەوجەوانانە، شەوانە لە گەڵ ژنەکاندا دەڕۆیشتن بە سەتڵ و تەنەکە ئاویان دێنا، تا شەڕڤانەکان بتوانن لە سەر شەڕ بەردەوام بن. تەنیا ژنان و نەوجەوانان دەچوون بۆ ئاو. کارێکی دیکەشیان ئەوە بوو کە هەوڵیان دەدا پاشماوە و بەرماوەی سەربازەکان بدزن، ئەمە بۆ ئەوان لە جیاتی خواردن بوو. هۆشت لای منە؟"

بارۆن گوتی: "یانی تەعەجوبم بمێنێ؟ بحەپەسێم؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: "پێویستە هەوڵبدەی تێبگەی. کێ ئەو فەرمانانەی دەدا؟ مورشید؟ ئەبوت جواو، ئانتونیو فیلانوڤا؟ کێ بڕیاری دابوو تەنیا ژنان و مێردمنداڵان بە دزییەوە بۆ فازندافیلا بڕۆن تا ئاو بێنن، وێڕای ئەوەی کە دەیزانی سەربازەکان، لە دەوروبەری بیرەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو و چاوەڕوان بوون تا لە نزیکەوە تەقەیان لێبکەن و لە کاتێکا دەیزانی لە هەر دە کەس تەنیا یەک دوانێکیان بە سەلامەتی دەگەڕانەوە؟ کێ بڕیاری دابوو کە شەڕڤانەکان خۆ نەخەنە ئەو تالۆکەیەوە، کە دەیکردە جۆرە خۆکوژییەکی هیچ، چونکە قەدەری ئەوان ( شەڕڤانەکان ) ئەوە بوو لە خۆکوژییەکی باڵاترا بەشداری بکەن، کە بریتی بوو لەوەی لە شەڕا بمرن." بارۆن، سەیری کرد چاوانی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، بە بێتاقەتی لە چاوانی ئەم دەگەڕێ. "بە ڕای من نە مورشید بوو، نە سەردەستە و فەرماندەکان. بەڵکو جۆرە بڕیارێکی خۆبەخۆی، هاوکات، سەرچاوە نادیار بوو. ئەگەر وانەبوایە پابەندی نەدەبوون. بەو باوەڕە بتەوەوە و، بە پێی خۆیان بۆ ئەو قەسابخانەیە نەدەچوون."

بارۆن، گوتی: " ئەوانە خەڵکانی توندڕەو بوون. توندڕەوی وا لە خەڵکی دەکات، ئەو ڕیسک و سەرکێشیانە بکەن. خۆ کاری قارەمانانە، مەرج نییە هەموو کاتێ زادەی ئەنگیزەی بەرز وئابڕوومەندانە بێ. توندڕەوی و کورت بینی وبیروباوەڕی گەوجانەش هەیە."

پەیامنێرە نزیکبینەکە دانیشتبوو و تەمەشای ئەوی دەکرد، ئارەقە لە هەنیەی دەچۆڕا، دیار بوو لە وەڵامێکی تووند دەگەڕا. بارۆن، لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ چاوەڕوانی وەڵامێکی تانەئامێز بێت. بەڵام بینی کە میوانەکەی تەنیا سەرێکی لەقاند، وەکو ئەوەی خۆی لە گەنگەشە ببوێرێ.

پەیامنێرەکە دووبارە هاتەوە قسان: "هەڵبەتە ئەمە بۆ سەربازەکان وەرزشێکی باش بوو... جۆرە گۆڕانێک بوو لە ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانەیان... کە دەبوایە هەموو ڕۆژێ لە فازندافیلا، کەمین بنەنەوەو چاوەڕوانی هەڵاتنی مانگ بن، تا لە بەر تریفەی مانگەکەدا، ئەو تارماییە بدینن کە بە ماتەمات و بە دزییەوە بۆ ئاو دەهاتن. ئێمە گوێمان

لە دەنگی تەقەکان دەبوو، ئەو تەقانەی بەر تەنەکە وگۆزەکان دەکەوتن. بەیانیان دەوروبەری بیرەکان لە جەنازەی کوژراوان و برینداراندا ڕەش دەچووەوە. بەڵام، بەڵام..."

بارۆن، کە لە هەڵچوونەکانی میوانەکەی بێتاقەت بووبوو، قسەکەی پێبڕی وگوتی: " بەڵام تۆ بە چاوی خۆت ئەو شتانەت نەدیتووە."

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: "جورما وکورتەڵە دەیان بینین. من گوێم لێیان بوو، لە ژن و نەوجەوانەکان کە بە سەتڵ و تەنەکە و گۆزە و کوندەوە بەرەو فازندا فلیا دەکەوتنەڕێ، چۆن خاترخوازیان لە مێرد یان باوک و دایکیان دەکرد ودوعایان بۆ یەکدی دەکردو بەڵێنیان بە یەکدی دەدا کە لە بەهەشتا یەک بگرنەوە. کە وەختایەکیش بە سەلامەتی دەگەڕانەوە دەم بیست چ دەکەن. ئەو سەتڵ و تەنەکە و گۆزە و کوندە ئاوانەیان کە دێنا، نەیاندەدا بە پیرانی داماو یان بەو منداڵانەی کە لە تینوواندا گیانیان گەیی بووە کونە لووتیان. بەڵکو یەکڕاست بۆ سەنگەرەکانیان دەبرد، تا ئەوانەی هێشتا توانای تفەنگ هەڵگرتنیان هەبوو، بتوانن چەند سەعاتێک یان چەند خولەکێکی دی لە بەرەڤانی بەردەوام بن."

بارۆن، کە زۆر لە دەم وڕاوێژی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، کە بەو ئاو وتاوەوە باسی شەڕڤانەکانی دەکرد پەست و بێزار بوو پرسی: " ئەدی تۆ؟ چۆن بوو لە تینوواندا نەمردی؟ خۆ تۆ یەکێک نەبووی لە شەڕڤانەکان، وانییە؟ "

ڕۆژنامەڤانەکە بەرسڤی دایەوە: "خۆشم تیا ماوم کە چۆن نەمردم، ئەگەر ڕاستت دەوێ، بە گوێرەی ئەو لۆژیک و واقیعەی کە لە ئارادا بوو، دەبوایە من لە جیاتی جارێ چەندین جار لە کانودوس بمردبام."

بارۆن، بە تانە و تەشەرەوە گوتی: " خۆ ڤیان و ئەڤین تینویەتی ناشکێنێت."

ڕۆژنامەڤانەکە دەستی بۆ لە ملی دا: "نا، نایشکێنێ. بەڵام توانای ئەوەت دەداتێ کە بەرگەی بگریت. وێڕای ئەوەش تۆزێکمان دەست دەکەوت کە دەمی پێ تەڕبکەین... ئیدی چ ئاو بوایە چ خواردن... خوێنی تەیروتو، بگرە خوێنی ڕەشە داڵیش... گەڵا و قەد و ڕەگی درەختان، هەر شتێک تەڕایی تیا بوایە... هەڵبەتە میزیش." چاوەکانی لە چاوەکانی بارۆن دەگەڕان، کە لە دڵی خۆیدا دووبارە گوتی: " لە تۆ وایە دەیەوێ بە درۆم بخاتەوە."

-" ئەمەت نەدەزانی؟ بەشەر ئەگەر شلەمەنیش نەخوات هەر میز دەکات. ئەمە، لە کانودوس دا، کەشفێکی تازە بوو."

بارۆن گوتی: " بێزەحمەت باسی پاجوم بۆ بکە. ئەو چی بەسەر هات؟ "

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لە ناکاوا، لە سەر کورسییەکە داخزی تا لە سەر ئەرزەکە دانیشێت. بەدەم دیالۆگ و گەنگەشەکانەوە چەند جارێک ئەو کارەی دووبارە کردبووەوە، بارۆن تیا مابوو ئایا ئەم ڕەفتارەی زادەی نیگەرانیە دەروونیەکانی بوو یان زادەی سڕ بوونی لاقەکانی.

بارۆن، بە مکوڕییەوە گوتی: " گوتت حەزی لە جورما کردبوو؟ " لە ناکاوا هەستێکی سەخیفی لە لا چێبوو کە ئەو کارەکەرەی خەڵکی کالومبی، تاقە مێینەی ئەو سارایە بوو، ئاساییە هەموو ئەو پیاوانەی لە کانودوسدا خڕ بووبوونەوە، درەنگ یان زوو دووی بکەون. "باشە بۆچی بە زۆر نەیبرد؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، وەڵامی دایەوە: " ڕەنگە لە بەر شەڕەکە بووبێ. چونکە ئەو یەکێک بوو لە فەرماندەکان. تا دژمن بازنەی گەمارۆکەی تەسکتر دەکردەوە، ئەو کەمتر دەیپەرژاو پێموایە مەیلی کەمتر دەبووەوە."

لە قاقای پێکەنینێکی هێندە بە سوێی دا، کە بارۆن گەییە ئەو قەناعەتەی ئەمجارە لە جیاتی نۆرە پژمین، لە هۆرژنی گریان دەدا. بەڵام نە نۆرە پژمین بەدیار کەوت ونە گریان.

-" لەبەر ئەوە، هەندێجار خۆزیام دەخواست شەڕەکە بەردەوام بێت، توندتر بێت تا پاجو، بە تەواوەتی گیرۆدە بێ و فریای هیچ نەکەوێ." هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. "خۆزیم دەخواست لە شەڕێکا، یان بە هەر شێوەیەکی دی بکوژرابا."

بارۆن، بە ڕژدییەوە پرسی: " ئەدی چی بەسەر هات؟ " بەڵام ڕۆژنامەڤانەکە گوێی نەدایێ. خەیاڵ بردبوویەوە، چاوانی بڕی بوونە ئەرزەکە وگوتی: "ڕاستە شەڕ بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش دەیتوانی بە خورتی بیبات و بیکات بە ژنی خۆی. چما شەڕڤانەکانی دی کاری وایان نەدەکرد؟ چما بە خۆم لێم نەبیستبوون کە لە گەرمەی شەڕا، بە ڕۆژ یان بە شەو، لە سەر جۆلانەکان، یان لە سەر دۆشەکان، یان لە سەر ئەرزەکەدا، لە ناو ژوورەکانی خۆدا، دەگەڵ ژنەکانیاندا دەخەوتن؟"

بارۆن، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. پێشتر قەت ڕێگەی نەدابوو، لە مەجلیسی ئەودا، هەندێ لەو بابەتانە باس بکرێ، کە پیاوان لە مەجلیسی تایبەتی خۆیاندا باسیان دەکرد، ئەوەی لە نزیکترین دۆستی خۆیشی قەبووڵ نەدەکرد. ئەگەر میوانەکەی لەوەی پتر لە سەری ڕۆیشتبا، بێگومان بێدەنگی دەکرد.

-" کەواتە هۆیەکەی شەڕ نەبوو." ڕۆژنامەڤانەکە بە جۆرێ تەمەشای بارۆنی کرد، وەکو ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە کە ئەویش لەوێ بوو. "ئەو پیاوە بووبوو بە وەلی و پیاوی خوا، نازانی؟" خەڵکی لە کانودوس دەیانگوت: "بووە بە وەلی، فریشتە ماچیان کردووە، باڵی فریشتەی بەر کەوتووە، فریشتە دەستی پێدا هێناوە." چەند جارێک سەری لەقاند "ڕەنگە لەبەر ئەوە، نەیویستبێ جورما بە زۆر ببات. ئەمەش بۆچوونێکی دیکەیە. هەرچەندە دوورە، بەڵام لەگینە. دەیویست هەموو شتێک بە خواستی خودا بێ. بە گوێرەی ئاین بێ... زەماوەندی دەگەڵدا بکات... گوێم لێبوو ئەو داوایەی لە جورما دەکرد... لەوەیە."

بارۆن، بە پێداگریەوە، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: "ئاخری، چی بە سەرهات؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، تەمەشای کرد. بارۆن هەستیکرد، ئەو پرسیارەی بەلاوە سەیرە.

ئیدی بە کاوەخۆ ڕوونی کردەوە: " ئەو ئاگری لە کالومبی بەردا. سووتاندی... ئیدی کەس نازانێ ئایا مرد؟ چۆن مرد؟"

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە گوتی: "پێموایە مردبێ... بۆنا؟ چما هەموویان، ئەو وئەبوت جواو و جواوە زلە نەمردبن؟"

-" تۆ خۆت نەمردی، بە قسەی تۆ فیلانوڤاش نەمردووە. باشە فریای هەڵاتن کەوتووە؟ "

ڕۆژنامەڤانەکە بە خەمبارییەوە گوتی: " نەیاندەویست هەڵێن. دەیانویست بچنە ناو شارەکەوە، لەوێ بمێننەوە، لەوێ بمرن. ئەوەی بەسەر فیلانوڤادا هات، شتێکی ئاوارتەیە، نەیدەویست بڕوات، بەڵام ئەمریان پێکرد کە بڕوات."

کەواتە، لەوە دڵنیا نەبوو کە پاجو مردبێ. بارۆن، ئەو پیاوەی هێنایەوە بەر چاوی خەیاڵی خۆی، کە سەر لە نوێ دەستی بە ژیانەکەی جارانی کردبووەوە، ئازاد، دووبارە بووبووەوە بە سەردەستەی کۆمەڵێک ڕێگرو شەقاوە، لە هەر شوێنێ چەتە وپیاو کوژێکی شک ببردایە، دەیهێنایە لای خۆی، ئیدی لە هیچ خراپەو خراپەکارییەک نەدەپرینگایەوە، تاوانی زۆر گەورەتر، لەو تاوانەی، کە لە سیرا، پرنامبوکو و لە دەڤەرە دوورەکانی دیدا کردبوونی، ئەنجام دەدا. بارۆن هەستیکرد سەری گێژ دەخوات.

***

مورشید، لەبن لێوانەوە دەڵێت: "ئانتونیو فیلانوڤا " بەو دوو وشەیە جۆرە جۆشێک دەخاتە ناو خەڵوەتخانەکەوە، چکۆلەی موبارەک وەکو ئەوەی حاڵی لێبێت، ترس دایدەگرێت و ئازای دەکەوێتە لەرزین و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " هاتە قسە، هاتە قسە، سوپاس بۆ خوا، دروود لە مەسیحی موبارەک." بەرەو لای دۆشەکە کا ئاخنەکە دەڕوات، هاوکات لە گەڵ ئەودا، ماریا کوادرادو، شێرۆی ناتوبا، بابە یواکیم و کۆرسی پیرۆزی ژنانی سروودخوان، لەبەر ڕۆشنایی زەردەپەڕی خەمناکی ئێوارەدا، هەموو دەڕواننە ئەو ڕوخسارە لێڵ و درێژکۆڵە بێدەنگەی کە تووند چاوەکانی نوقاندوون. ئەمە وەهم و خەیاڵ نییە. مورشید قسەی کرد.

چکۆلەی موبارەک، دەبینێ زاری موبارەکی بە ڕادەیەک لاواز بووە، کە لێوەکانی دیار نین، دووبارە دەکرێتەوە و دەڵێت: " ئانتونیو فیلانوڤا." هەمووان بە یەک دەنگ وەڵام دەدەنەوە: " بەڵێ، بەڵێ بابە" و بەرەو دەرگای خەڵوەتخانەکە تاو دەدەن، تا گاردی کاتولیک بە شوێن ئانتونیو فیلانوڤادا بنێرن. چەند زەلامێک بە هەڵەداوان، بە بەینی مەتەڕیزو گونیە لمەکانی دیار سەنگەرەکاندا دەڕۆن. لەو دەمەدا تەق و توق وەستاوە. چکۆلەی موبارەک دێتە دیار جێگاکەی مورشید. بە بێدەنگی پاڵکەوتووە، ئێسقانەکانی لە ژێر جبە ئەرخەوانیە تۆخەکەیەوە دەرپەڕیوە، چرچ و لۆچی جبەکەی لێرەو لەوێ، ڕادەی لاوازی ئەو دەنوێنێ. چکۆلەی موبارەک لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "نها زیاتر ڕوحە تا جەستە بێ."

سەرپەرشتیارەکەی کۆرسی پیرۆزی ژنانی سروودخوان، کە گوێی لە دەنگی مورشید دەبێت خۆشحاڵ دەبێ، بە کاسەیەک شیرەوە دەچێت بۆ لای. چکۆلەی موبارەک گوێی لە ژنەی تاین دەبێ کە بەوپەڕی دڵسۆزی و وەفادارییەوە دەپرسێت: " بابە، شتێک ناخۆیتەوە؟ " لەم ڕۆژانەدا چەند جارێک گوێی لێبووبوو کە هەمان پرسیاری دووبارە کردبووەوە. بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی ترەوە، کە مورشید هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، سەرە کاژەڵە ئاساکەی، بە قژە بۆزو لوولەکەیەوە، با دەدات: نا. ئوخژنێک لە دڵ و دەروونی چکۆلەی موبارەک دەگەڕێت. زندووە، دەژی. چونکە لەم ڕۆژانەی دواییدا، وێڕای ئەوەی بابە یواکیم زوو زوو دەهاتە دیار مورشید، تا نەبزی بگرێت و گوێ بە دڵیەوە بنێ و دڵنیا ببێت کە هەناسە دەدات، وێڕای ئەوەی بە ئاستەم خۆی تەڕدەکرد، ئەوجاش چکۆلەی موبارەک کە چاوی پێی دەکەوت، کڕ و کپ لەوێ ڕاکشاوە، بیری لەوە دەکردەوە کە لەگینە ڕوحی فڕی بێ بۆ ئاسمان.

دەستێک لە خوارەوە داوێنی ڕادەکێشێت. تەمەشا دەکات، چاوە درشت وگەش و نیگەرانەکانی شێرۆی ناتوبا کە لە نێو قژە درێژە تێکرژاوەکەیەوە بریونیەتە ئەو. "چکۆلەی موبارەک، دەژی؟ " ڕاوێژی دەنگی کاتبەکەی بیلومونتە، هێندە خەمناک و پڕ سۆزە، کە چکۆلەی موبارەک هەستدەکات گریانی دێ.

-"بەڵێ، بەڵێ، شێرۆ گیان، دەژی، لە پێناوی مەدا دەژی، ساڵەهای ساڵ دەژی." بەڵام دەزانێ کە ئەم قسەیە ڕاست نییە. شتێک لە ناخی دڵییەوە پێی دەڵێت کە ئەمە دوا ڕۆژەکان و بگرە دوا سەعاتەکانی ئەو پیاوەیە کە ژیان ئەو وژیانی هەموو ئەوانەی لە ناو خەڵوەتخانەکەدا بوون وژیانی هەموو ئەوانەی لە دەرێی خەڵوەتخانەکەدا گیانی خۆیان بەخت دەکرد، لە بنەبانی ونگە و سەنگەرەکانی بیلومونتە، شەڕیان دەکرد و دەجەنگین، لە بنج و بنەوانەوە گۆڕی بوو. دەزانێ کە کارەکە ڕوو لە کۆتاییە. ئەمەی لەوساوە بۆ دەرکەوتبوو کە خەبەری گرتنی فازندا فلیای لە لایەن سەربازەکانەوە پێگەیی بوو، کە خەبەری لە خۆ چوونی مورشیدی لە خەڵوەتخانەکەدا بیستبوو. چکۆلەی موبارەک دەیزانی چۆن گرێی ڕەمز و ڕازەکان دەکاتەوە، پەیامە نهێنییەکانی ڕێکەوت و سەربور وئەو بویەر و واریقاتە بە ڕواڵەت ڕێکەوتەکیانەی کە بەلای خەڵکیەوە گرینگ نەبوون، ڕاڤە بکات. توانایەکی ئەوتۆی هەبوو، ئەو دیوی شتە سادە و ناچیزەکان بخوێنێتەوە. ئەو ڕۆژە بۆ کڵێسای سانتو ئانتونیو چووبوو کە لە هەوەڵی شەڕەکەوە کرابوو بە عیادە، تا لە گەڵ نەخۆشان، برینداران، ژنانی پێ بە مانگ، منداڵانی سێوی دا وێرد و دوعا بخوێنێ، بە ڕادەیەک دەنگی بەرز کردبووەوە، کە ئەم بەشەرە بە کول و کوڤانە، سەراپا بریندار، نیمچە مردووە، لە گەرمەی تەق و تۆقی گوللە و ڕمبەی تۆپباراندا، گوێی لە وێرد و ستایشی "سڵاو لە مریەم، سڵاو لە بابی مە "بێ. ڕێک لەو کاتەدا بوو کە چاوی بە نەوجەوانێک و ئالکساندرینا کوریا کەوت، بە دوو قۆڵی و بە هەڵەداوان بە سەر جەنازە کەڵەکە بووەکانا، بازیان دەداو دەهاتن.

یەکەمجار نۆلاوەکە هاتبووە قسان: " چکۆلەی موبارەک، سەگەکان خۆیان بە فازندا فلیادا کردووە. ئەبوت جواو دەڵێت پێویستە لە سیلەی شەقامی "مارتیرس" وە مەتەڕێزێک دروست بکرێ، چونکە نها ماسۆنیە کافرەکان دەتوانن بە ئاسانی لەو ڕێگایەوە بێنە پێشەوە."

هەرکە نۆلاوەکە وەرسوڕایەوە تا بڕوات، ئەلکساندرینا کوریا؛ ئاو دۆزەکەی جاران، بە دەنگێکی ترسناکتر تەنانەت لە گوزارشتەکەی سەر ڕوخساری، هەواڵێکی بە گوێیدا چپاندبوو، کە بە لای چکۆلەی موبارەکەوە زۆر لە خەبەری یەکەم خەتەرتر بوو: "مورشید نەخۆش کەوتووە و بوراوەتەوە."

لاقەکانی دەلەرزن، دەمی وشک دەبێ، دڵی دادەخورپێ، ڕێک وەکو ئەو بەیانیە – چەند ڕۆژ بە سەر ئەو بەیانیەدا تێپەڕیوە؟ شەش ڕۆژ، حەوت ڕۆژ یان دە ڕۆژ؟ ناچار بوو لاقی کۆنترۆڵ بکات و بەڕاکردن دووی ئالکساندرینا کوریا بکەوێ. وەختایەک گەییە خەڵوەتخانەکە، مورشیدیان هەڵگرتبوو و نابوویانە سەر دۆشەکە کا ئاخنەکە، ئیدی دووبارە چاوی کردبووەوەو، تەمەشایەکی ئارامبەخشی ژنانی کۆرسی سروودخوان و شێرۆی ناتوبای کردبوو کە هەر هەموویان خەمیان لێنیشتبوو. ئەم بویەرە وەختایەک قەومابوو کە مورشید دوای چەندین سەعات نوێژو نزا، کە وەکو هەمیشە بە ڕووا لە سەر ئەرزەکە درێژ بووبوو، هەر دوو دەست و بازووی بە هەردوو لادا ڕاکێشابوو، ویستبووی ڕابێ. ژنەکان و شێرۆی ناتوبا و دایکە ماریا کوادرادو، دیتبوویان بە چ زەحمەت و تەقەلایەک هەستا بوو، هەوەڵجار ئەژنۆیەکی نابووە سەر ئەرزەکە و پاشان بە یارمەتی دەستەکانی هەستابوو، بە هۆی تەقەلای زۆر یان ئازاری ئەژنۆیەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. پاشان لە ناکاوا کەوتبووە سەر ئەرزەکە، ڕێک وەکو گونیەک ئێسقان. ڕێک لەو دەمەدا – شەش، حەوت، دە ڕۆژ پێش ئێستا بوو؟ – چکۆلەی موبارەک دڵی خەبەری دابوو، کە مورشید دوا سەعاتەکانی ژیانی بەڕێدەکات.

چما ئەوەندە خۆپەرست بوو؟ چما شادومان نەبوو بەوەی کە مورشید، بەرەو ئیسراحەتی یەکجارەکی دەچوو. بەرەو ئاسمان دەچوو، تا پاداشتی ئەو کارانەی وەربگرێ کە لە سەر ئەم ئەرزە کردبوونی؟ ئایا هەق نەبوو

هەلهەلەی شادی لێبدات و هاوار بکات: "سوپاس وستایش بۆ خوا "؟ با، دەبوایە ئەوە بکات، بەڵام توانای ئەو کارەی نەبوو. روحی نقومی خەم بوو. لە دڵی خۆدا گوتی: "هەمووومان هەتیو دەکەوین." لەو دەمەدا وردە دەنگێک لە دۆشەکەکەوە بەرزدەبێتەوە، هەودای بیرکردنەوەی ئەم دەپچڕێ. ئەم وردە دەنگە لە مورشیدەوە بەرز بووەوە. وردە دەنگێکی ناچیز بوو، کەم و زۆر مورشیدی نەجوڵاند، بەڵام لە هەمان ساتدا دایکە کوادرادو و ژنە ئەمەکدارەکانی دی بە غار دێن و لە دەوری دۆشەکەکەی مورشید کۆدەبنەوە، جبە ڕوحانیەکەی هەڵدەدەنەوە، پاکی دەکەنەوەو خاکیانە تۆزە پیساییەکە پاک دەکەنەوە – کە چکۆلەی موبارەک لە دڵی خۆیدا دەڵێت – پیسایی نییە، چونکە پیسایی پاک نییە، ئەو شتەی لە جەستەی مورشید دێتە دەرێ، نابێ پیسایی بێت. چما دەشێت ئەو چۆرە ئاوەی، لەم شەش، حەوت، یان دە ڕۆژەی دواییەدا و تا ئێستا لە بەری دەرۆیی و دەڕوات میز بێ؟ چما مورشید، لەو ماوەیەدا هیچی خواردبوو تا پێویستی بەوە بێ گەدەی لە پیسایی خاڵی بکاتەوە؟

" ئەمە شیلەی جەوهەری ئەوە، بەشێکە لە ڕوحی، کە بۆ ئێمەی بەجێدێڵێت." چکۆلەی موبارەک هەر زوو، لە هەوەڵەوە هەستی بەمە کردبوو. شتێکی نهێنی، گۆنگ وپیرۆز، لەو با لێبەربوونەوە، بەردەوام و دوور و درێژەدا پەنهان بوو، هەمیشە میزاوێکی کەمی لە گەڵدا بوو. ئەو مانا پەنهانەکانی ئەم حاڵەتانەی دەخوێندەوە: "ئەمانە بەخششە، نەک پیسایی." زۆر چاک دەیزانی کە باوک (خوا) یان روحل قودس یان مەسیحی موبارەک یان پاکیزە یان مورشید دەیانەوێ ئەمان تاقیبکەنەوە. خۆشحاڵ بەم ئیلهامە نوێیەوە هاتە پێشەوە، دەستی لە نێو ژنەکانەوە درێژ کرد، قامکی بەو میزاوە تەڕکرد و لە دەمی نا و لە بن لێوانەوە گوتی: " ئەی باب، هۆ باب، ئەم عەشای ڕەبانیەت بۆ بەندەی خۆت گەرەکە؟ ئایا ئەمە ئاونگێکی پاک نییە کە بە منت بەخشیوە؟" هەموو ژنانی کۆرسی سرووودخوان، چاویان لەو کردو بە هەمان شێوازی ئەو دوا عەشای ڕەبانیان ئەنجامدا.

چما باب (خوا)، مورشیدی دووچاری ئەم عەزابە کردبوو؟ بۆچی ویستی لە سەر ئەوە بوو کە لە دوا ساتی ژیانیا بە خۆیدا برێ، هەرچەندە ئەوەی لە جەستەی ئەوەوە دەردەچوو، پیسایی نەبوو، بەڵکو گەزۆ بوو؟ شێرۆی ناتوبا، دایکە کوادرادو، و ژنانی کورسی سرووودخوان، لەمە حاڵی نەدەبوون. چکۆلەی موبارەک هەوڵیدابوو، ئەوەیان بۆ ڕوون بکاتەوەو بۆ بویەری دواتریان ئامادە بکات: "باب – "خودا " نایەوێ بکەوێتە دەستی سەگەکان. لە بەر ئەوە بۆ لای خۆیی دەباتەوە تا دووچاری زەلیلی نەبێت. بەڵام خودا لە هەمان کاتدا نایەوێ وا بیر بکەینەوە کە مورشید لە هەر عەزاب و سزایەک مەعافە. لە بەر ئەوەیە کە پێش ئەوەی پاداشتی بداتەوە، ئەم عەزابەی دەدات." بابە یواکیم پێی گوت زۆر چاکی کردووە کە ژنەکانی ئامادە کردووە، ئەویش دەترسێت کە مەرگی مورشید باوەڕی هەموویان لەق بکات، گلەیی کوفرئامێز بکەن و زەرەر بە روحیان بگات. شەیتان لە کەمینایە بۆیان ودەرفەتی پەلاماردانی نێچیری خۆی لە دەست نادات.

کە دەرگای خەڵوەتخانەکە دەکرێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە دەستڕێژی گوللە دووبارە دەستی پێکردەوە، دەستڕێژێکی چڕو بەردەوام. ئانتونیو فیلانوڤا لە بەر دەرگاوە، ئەبوت جواو، پاجو و جواوە زلە لە گەڵیان، هەموو هیلاک، لە ئارەقەدا هەڵکشاون. بۆنی باروتیان لێدێت، بەڵام ڕوویان گەشە: هەواڵیان زانیوە کە مورشید قسەی کردووە، زندووە.

شێرۆی ناتوبا، هەڵدەستێیە سەر پێیان و ڕوو لە مورشید دەڵێت: "بابە ئانتونیو فیلانوڤا هاتووە."

چکۆلەی موبارەک، کڕو کپە. پیاوان و ژنان ژوورەکەیان پڕکردووە – وەها چوون بە یەکا کەس ناتوانێ دەست بجوڵێنێ و بەر ئەوی دی نەکەوێ – بە نیگەرانییەوە دەڕواننە ئەو دەمە بێ لێو و ددانە، ئەو ڕوخسارەی

که له دەمامکی مەرگ دەچێت. ئایا دێتە قسان؟ دەیەوێ قسە بکات؟ سەرباری دەنگی تەق وتۆقی دەرەوە، چکۆلەی موبارەک، دووبارە گوێی لە دەنگی شوڕە شوڕە ناچیزەکەی دەبێت. نە ماریاکوادرادو و نە ژنەکانی دی، کەسیان ناجولێن تا مورشید پاک بکەنەوە، هەموو، بێجوڵە، بەدەم چاوەڕوانیەوە، بە دیار دۆشەکەکەوە وەستاون.

سەرپەرشتیاری کۆرسی پیرۆزی سروودخوانان، دەمی لە پەنا گوێی مورشید، کە قژەکەی بە سەریا داڕژاوە، دەنێ و دەڵێت: "بابە ئانتونیو فیلانوڤا هاتووە."

پێڵوەکانی مورشید بە ئاستەم دەجولێن و دەمی بە حاڵ دەکرێتەوە. چکۆلەی موبارەک بۆی بەدیار دەکەوێ کە مورشید دەیەوێ قسە بکات، بەڵام لاوازی و ئازار ڕێگەی نادەن تاقە وشەیەکی لە زار بێتە دەرێ. ئیدی لە خودا دەپاڕێتەوە کە ڕەحم و میهری خۆی بە سەر مورشیدا داباریێنێ و، قەزا و بەڵای ئەو لەم بخات، لەو ساتەدا گوێی لە دەنگی میهرەبانی ئەو دەبێ، دەنگێک هێندە کزە کە هەموو ئامادەبووان سەر دێننە پێشەوە تا گوێیان لێی بێت: " ئانتونیو تۆ لێرەی؟ گوێت لە دەنگمە؟"

دووکاندارەکەی جاران دەکەوێتە سەر چۆکان، دەستی مورشید دەگرێ و بەڕێزەوە دەکەوێتە لێستنەوەو ماچکردنی وزۆر خاکیانە دەڵێت: "بەڵێ بابە، بەڵێ بابە." شەلاڵی ئارەقە بووە، دەم وچاوی هەڵکفاوە، هانکە هانکی پێکەوتووەو دەلەرزێ.

چکۆلەی موبارەک بەغیلی بە دۆستەکەی خۆی دەبات. چما دەبێ لە دووی ئانتونیو بنێرێ، نەک لە دووی ئەم؟ گلەیی وگازن لە بەختی خۆی دەکات و لەوە دەترسێ مورشید داوا لە هەموویان بکات بچنە دەرەوە، تا بە تەنیا قسە لە گەڵ ئانتونیودا بکات.

-" ئانتونیو برۆ، دنیا بدە ژێر پێوەو شایەدی بدە، شایەد بە، جارێکی دی پێ مەنە ناو ئەم بازنەیە. من لە گەڵ ئەم حەشاماتەدا، لە گەڵ ئەم ڕەعیەتەدا دەمێنمەوە. تۆ دەبێ لەم بازنەیە وەدەربکەوی. تۆ کابرایەکی دنیات دیتووە، دنیا دەناسیت. برۆ، برۆ، ئەو کەسانەی کە دەرسەکانیان فەرامۆش کردووە، فێری چۆنیەتی حیساب و ژمارە بکە. برۆ، خوا یارو یاوەرت بێ."

ڕوخساری کۆنە بازرگانەکە گرژ دەبێ، چارەی پێکدا دەدرێ، گریان ئەوکی دەگرێ و دەکەوێتە هەنسک هەڵدان. چکۆلەی موبارەک دەبیرەوە دەچێت: " ئەمە وەسیێتی مورشیدە. " زۆر چاک دەزانێ کە ئەمە ساتێکی باڵا و ڕوحانیە. ئەوەی ئەم دەیبینێ و دەی بیستێ، بە درێژایی ساڵان و ڕۆژگار، لە نیوان هەزاران خەڵکا، بە جیاوازی زمان و نژادیانەوە، لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا، دووبارە دەبێتەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانەی کە هێشتا لە دایک نەبوونە، دەیڵێنەوەو ئەزبەری دەکەن. ئانتونیو فیلانوڤا، بەدەم پەڵمەگریانەوە لە مورشید دەپاڕێتەوە کە بۆ دەرەوەی نەنێرێ و بە نائومێدیەوە، دەستە لاواز و ڕەش داگەڕاو و نینۆکە درێژەکانی ماچ دەکات. چکۆلەی موبارەک هەستدەکات دەبێ فریا بکەوێ و بە ئانتونیو بڵێ، کە ئها کاتی ئەوە نییە، لە قسەی مورشید دەربچێ. دەچێتە پێشەوەو، دەست دەخاتە سەر شانی و بە ئاستەم شانی دەگوشێ و ئارامی دەکاتەوە. ئانتونیو بە دوو چاوی تەژی ڕوندکەوە لێی دەڕوانێ، داوای کۆمەکی لێدەکات. مورشید بێدەنگە. ئایا جارێکی دی گوێی لە دەنگی دەبێتەوە؟ دوو جاری دوا بە دوای یەک گوێی لە دەنگە نەرم و ناسکەکە دەبێتەوە. چەند جارێک ئەمەی لە خۆ پرسیوە، ئایا هەموو جارێ کە مورشید بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە، ئەوە شەیتانە چنگ

دەخاتە هەناوی؟ بەڵام ئێستا دەزانێ کە شەیتان ئەوە بە مورشید دەکات. ئەوەندە بەسە کە هەر کاتێ بایەک لە مورشید بەر دەبێتەوە، تەمەشا بکەی، چارەی بێ گیانی چۆن گرژ دەبێ، تا بزانێ چ ئاگرێک، چ کێردێک لە هەناویا دەگێڕدرێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا شەهید بوونی تەواوە.

مورشید لە بن لێوانەوە دەڵێت: "خاو وخێزانەکەت لە گەڵ خۆتا ببەو بە تەنیا نەبیت. ئەو غەوارانەش، کە دۆستی بابە یواکیمن لە گەڵ خۆتا ببە. ئیدی لێیان بگەڕێ با هەر کەسە و بە هەوڵ و تەقەلای خۆی بگاتە ڕزگاری... وەکو تۆ کوڕەکەم."

چکۆلەی موبارەک هەرچەندە ئەفسوونی بیستنی قەسەکانی مورشید بوو، ژێراوژێر تەمەشا دەکات ودەبینێ کە چارەی پاجو، چۆن دراوە بە یەکا و وێک هاتووەتەوە، جێگەی کۆنە برینەکەی ڕوخساری، پل دەدات، دەمی داچەقاندووە تا پرسیارێ بکات، یان ناڕەزاییەک دەرببڕێت، سەبر و هەداری لە بەر براوە، خەمی ئەوەیەتی ئەو ژنەکی کە ئەم تەماحی تێکردووە بیخوازێت، بیلومونتە بەجێ بێڵێت وبڕوات. چکۆلەی موبارەک، حایرو حەپەساو، لە ناکاوا پەی بەوە دەبات کە بۆچی مورشید لەم ساتە مەلەکوتیەدا، ئەو غەوارانەی بیر هانینەوە کە بابە یواکیم گرتبوونیە ژێر باڵی خۆی... دەیەوێ یاوەر و موریدێک ڕزگار بکات! یان دەیەوێ پاجو، لەو ڕیسواییە ڕزگار بکات کە بە هۆی ئەم ئافرەتەوە دووچاری دەبێت! یان تەنیا دەیەوێ پاجو تاقیبکاتەوە؟ یان ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخسێنێ لە میانەی ڕەنج و عەزابەوە، گوناحەکانی پاک بکاتەوە و داوای بوردن بکات؟ ڕوخساری زەیتوونی پاجو، هێور دەبێتەوە، ویقار و ئارامی خۆی پەیدا دەکاتەوە، کڵاوە چەرمینەکەی بە دەستیەوە گرتووە و تەمەشای دۆشەکە کا ئاخنەکە دەکات.

چکۆلەی موبارەک نها دڵنیایە کە مورشید جارێکی دی دەم هەڵناپەنێ. لە فکران ڕادەچێ: " تەنیا دەمەکەی دیکەی قسە دەکات." دەبێ پەیامی ئەو ورگەی کە شەش، حەوت یان دە ڕۆژە، نە با و نە ئاو گل ناداتەوە، چی بێت؟ ئەوەی عەزابی دەدا ئەوە بوو کە پەیامی ئەو باو ئاوە ڕوو لەو بوو، دەترسا لە ماناکەی حاڵی نەبێ، یان هەر لە بنی گوێی لێنەبێ. دەزانێ شتێک بە ناوی ڕێکەوتەوە نییە، ڕێکەوتی ڕووت نییە، هەموو شتێک مانای ژێراوژێری خۆی هەیە، ڕەگ و ڕیشەیەکی هەیە کە دەچێتە سەر باب (خوا) و بەشەر ئەگەر بە ڕاستی بگاتە قەداسەت و وەلیاتی، دەتوانێ ئەو نەزمە پەنهان و پەرجوو ئاسایەی کە خواوەند، دنیای لە سەر ڕۆناوە بە چاوی خۆی بدینێت.

مورشید دووبارە بێدەنگ بووە. بێدەنگیەکی ئەوتۆ وەکو ئەوەی هەرگیز دەمی هەڵنەهێنابێ. بابە یواکیم کە لە سووچێکی دۆشەکەوە وەستاوەو لە بن لێوانەوە وێرد دەخوێنێ، چاوی هەموویان لە فرمێسکا دەبریقێتەوە. کەس لە جێی خۆی ناجولێت. هەرچەندە هەموویان دەزانن کە مورشید دوا قسەی خۆی کرد وتەواو. دوا سەعاتە. چکۆلەی موبارەک هەستی بەوە کردبوو کە کۆتایی مورشید نزیکە، ئەو ڕۆژەی بەرخە سپیەکە بەر گوللەی وێڵ کەوتبوو، دڵی ئەو خەبەری دابوو، شەوێ ئەلکساندرینیا کوریا، دوای تەواوبوونی ڕێ و ڕەسمی وەعز، بەرخە سپیەکەی بە باوەشەوە دەبێ، دەستی مورشید دەگرێ و بۆ خەڵوەتخانەکەی دێنێتەوە، بەرخە بە باوەشیەوە بەر گوللەی وێڵ دەکەوێ و مردار دەبێتەوە، ئیدی چکۆلەی موبارەک لەو شەوەوە، دڵی ئەو خەبەرەی دابوو. ئەو جارە یەکێ لە دوا جارەکان بوو کە مورشید لە خەڵوەتخانەکە هاتبووە دەرەوە. "دەنگی بە ئاستەم دەبیسترا، لە هەمان کاتا لە باخی زەیتووندا بوو." ( باخی زەیتوون: ئەو باخەیە کە مەسیح بەر لەوەی لە خاچ بدرێ، نوێژی تیا کردبوو).

وێڕای ئەوەش، بە هەوڵ و تەقەلایەکی لە تاقەت بەدەر، هەموو ڕۆژێ لە خەڵوەتخانەکە وەدەردەکەوت، تا لە ئەسکەلە و داربەستەکەوە سەر بکەوێ و نوێژ بکات و وەعز بدات. بەڵام دەنگی بە ئاستەم دەردەهات، بە حاڵ دەبیسترا، تەنانەت ئەوانەی تەنیشتیشی بە ئاسانی لێی تێنەدەگەیشتن. خودی چکۆلەی موبارەکیش، کە لە ناوەڕاستی گاردی کاتولیکدا ڕاوەستابوو، تەنیا ناوبەناو گوێی لە چەند وشەیەکی کەمی ئەو دەبوو.

کاتێ دایکە ماریا کوادرادو لە مورشیدی پرسی کە ئایا بەرخۆلەکە، کە بە دەستی ئەو تەبەڕوک کرابوو، لە خەڵوەتخانەکەدا بنێژرێ، وەڵامی دابووەوە کە نەخێر، بیکەن بە زیافەت بۆ گاردی کاتولیک.

لەو کاتەدا دەستی ڕاستی مورشید جولا، بۆ شتێک دەگەڕا، قامکە بەگرێ و گۆڵەکانی بەرز بوونەوەو کەوتنە سەر دۆشەکەکە، کرانەوە و دووبارە کۆبوونەوە. لەچی دەگەڕا؟ چی دەویست؟ چکۆلەی موبارەک دەبینێ هەمان کول و کۆڤانی خۆی لە چاوی ماریا کوادرادو و جواوە زلە و پاجو و ژنانی کورسی پیرۆز، ڕەنگی داوەتەوە.

-" شێرۆ، ئەوە تۆش لێرەی؟ "

چکۆلەی موبارەک هەستدەکات کێردێکیان کرد بە دڵیا. ئامادە بوو هەموو شتێک لە پێناوی مورشیدا بکات، بەو مەرجەی ناوی ئەم بێنێ، دەست لە دووی ئەم بگێڕێ. شێرۆی ناتوبا هەڵدەستێ، سەرە زلە قژنەکەی دەباتە پێشەوە تا دەستی مورشید ماچ بکات. بەڵام دەستەکە دەرفەتی نادات، هەرکە هەست دەکات سەرەکە لێی نزیک بووەتەوە، بلەز سەرو چاوی دەگرێ و قامکەکانی لە قژە لوولەکەی ڕۆدەچێت. ئەوەی لەو دەمەدا ڕوودەدات، چکۆلەی موبارەک نایبینێ، چونکە ڕوندک بەرچاوی گرتووە. بەڵام پێویستی بە دیتن نییە، چونکە دەزانێ مورشید، لە دوا ساتەکانی تەمەنیا بە قامکەکانی، بە نینۆکەکانی سەری شێرۆی ناتوبا دەدۆزێ، ئەسپێی لێ بژار دەکات، مژوولی نەوازش و خوراندنی سەری شێرۆی ناتوبایە، کە ساڵانێکی زۆر خووی بەو کارەوە گرتبوو.

ڕمبەیەکی ترسناک وگەورە کە خەڵوەتخانەکە دێنێتە لەرزە، ناچاری دەکات، چاوانی بنوقێنێ و خۆی بە عاردیدا بدات و دەستەکانی بەرز بکاتەوە تا خۆی لە کەوتنە خوارەوەی دارو پەردوان بپارێزێ. بە چاوانی نابیناوە، هاوار و تەپە تەپی ڕاکردنی بە پەلە، دەژنەوێ، دەحەپەسێ، تیا ماوە کە ئایا مردووە، ئایا ئەمە ڕوحی ئەوە کە بەو جۆرە کەوتووەتە لەرزە. ئەنجام گوێی لە دەنگی ئەبوت جواو دەبێت "بورجی زەنگەکەی سانتو ئەنتونیو ڕوخاوە. " چاوەکانی دەکاتەوە. خەڵوەتخانەکە تەژی تۆز و غوبار بووە، خەڵکەکە هەر یەکە خۆی داوەتە پەنایەک. بەرەو لای دۆشەکەکە دەڕوات و دەزانێ چ شتێک چاوەڕوانیەتی. لە ناو جەرگەی تەپ و تۆزەکەوە ئەو دەستە دەبینێ، کە بە سەر سەری شێرۆی ناتوباوە کە هێشتا لەوێندەر بە چۆکا هاتووە، گیرساوەتەوە.

بابە یواکیم دەبینێ کە گوێی ناوە بەو سینگە ڕەق و تەقەوە. یارۆی قەشە دوای کەمێک ڕادەبێ، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەماوە، چارەی وێک هاتووەتەوە، دراوە بە یەکا. بە لاڵە لاڵ دەڵێ: " ڕوحی ئەسپاردەی خودا کردووە." سەبارەت بەوانەی لەوێ بوون، ئەو قسەیە زۆر ترسناکتر بوو، لەو هەرا و زەنایەی کە لە دەرەوە هەبوو.

کەس، نە دەگری، نە شین و ڕۆڕۆ دەکات، کەس ناکەوێتە سەر چۆکان. هەموو وەکو ئەوەی بووبن بە بەرد لە جێی خۆ وەستاون. ناوێرن تەمەشای چاوی یەکدی بکەن، وەکو ئەوەی ئەگەر تەمەشای چاوی یەکدی بکەن، هەموو کرێتی و دزێویە نهێنییەکانی ڕوحی یەکدی بدینن، وەکو ئەوەی لەم ساتە مەلەکوتیەدا، نهێنی ترین ڕازی دزێویان هەڵبێننەوەو بڕژێتە چاویانەوە. تەپ و تۆز وەکو باران لە میچەکەوە دابباری، گوێچکەکانی چکۆلەی موبارەک وەکو ئەوەیە گوێی کەسێکی دیکە بن، لە دەرەوە، لە دوور و نزیکەوە، هەراو زەنا ودەنگی پێ و ڕاکە

ڕاک وقرچە قرچی داڕوخانی دیوارەکان دەژنەویٚ و لە گەڵ ئەمەشا، هاواری کەیف و شادمانی سەربازان دەژنەویٚ کە سەنگەرەکانی هەر دوو جادەی ساوپدرو و ساوکبریانو و گۆڕستانە کۆنەکەیان گرتووە و تەمەشای کەوتنی بورجی کلێساکە دەکەن کە ئەو ماوە دوورو درێژە تۆپبارانیان کردبوو. چاوانی چکۆلەی موبارەک وەکو ئەوەی بە کەسێکی دیکەوە بن و هی ئەو نەبن وێنەی دەیان گاردی کاتولیک دەگرن کە لە گەڵ کەوتنی بورجەکەدا کەوتوون، هەروەها وێنەی دەیان نەخۆش و بریندار، سەقەت و نوقستان، ژنی دووگیان و منداڵی نۆزا و پیرێن فەرتوس و زۆرهانی تەمەن سەد ساڵە دەگریٚ، کە بتەویٚ و نەتەویٚ لەم ساتەدا پارچە پارچە بوون و کەوتوونەتە ژێر دارو پەردو و خشت و بەرد و دارەوە و کە نها ڕزگاریان بووە و پەیکەری موبارەکیان لە پلیکانەی زێڕینی شەهیدانەوە، بۆ عەرشی عەزیمی خواوەند سەردەکەون، یان لەوەیە هێشتا بەدەم ئاوزینگەوە، لە ژێر دارو پەردووی دووکەڵاویا بتلێنەوە. بەڵام چکۆلەی موبارەک لە دنیای واقیع دا، نە هیچ دەبینیٚ و نە هیچ دەژنەویٚ و نە بیر دەکاتەوە: هیچ شتێک لە دنیادا نەماوە، ئەو ئیدی بوونەوەرێک نییە لە گۆشت و ئێسقان. پەڕێکە لە قوڵایی هەڵدێرێکداو بەدەم باهۆزەوە بیٚ دەسەڵاتانە دەخولێتەوە. ئەوسا، وەکو ئەوەی بە چاوی کەسێکی دی بڕوانیٚ، بابە یواکیم دەبینیٚ کە دەستی مورشید لە سەر سەری شێرۆی ناتوبا لادەبات و لە پاڵ دەستەکەی دیکەیدا دەیخاتە سەر سینگی؛ سینگی مورشید.

هەنگیٚ چکۆلەی موبارەک، بە دەنگێکی قووڵ و زوڵاڵ، لەو دەنگانەی کە بەدەم سروود خوانیەوە لە مەیدانی شارا دەبیستریٚ، دێتە قسان: "پێویستە بۆ ئەو کلێسایەی بەرین کە بەخۆی ئەمری کردبوو دروست بکریٚ، سیٚ شەو و سیٚ ڕۆژ لەویٚ بە دیار جەنازەکەیەوە بین، تا هەموو کەس لە ژن و پیاو بێنە زیارەتی. پاشان کەژاوەیەکی بۆ ساز دەکەین و بە هەموو کوچە و کۆڵان و جادەکانی بیلومونتەدا دەیگێڕین، تا جەنازەکەی بۆ دواجار شار لە شەڕی شەیتان ڕزگاربکات. ئیدی لە ژێر میحرابە گەورەکەی پەرستگەی مەسیحی موبارەکدا بە خاکی دەسپێرین و هەمان ئەو خاچە دارینەی کە بە دەستی خۆی لە بیاباندا  دروستی کردبوو، لە سەر گۆڕەکەی دا دەچەقێنین.

ئەوسا، بە دڵ وگیان ئاماژەی خاچ بە سەر خۆیا دەکێشێت، ئەوانی دیکەش بێئەوەی چاو لە دۆشەکەکە بگوازنەوە، هەمان کاری ئەو دەکەن. یەکەم هەنسک هەڵدانیٚ کە دەگاتە گوێی چکۆلەی موبارەک هەنسک هەڵدانی شێرۆی ناتوبا بوو، بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە، هەموو جەستە قەمبوور و خوار و خێچە ناهەموارەکەی دێتەوە یەک. چکۆلەی موبارەک دەکەوێتە سەرچۆکان و ئەوانی دیش چاوی لێدەکەن و هەمان کاری ئەو دووبارە دەکەنەوە. نها دەنگی گریانی ئەوانی دیکەش دەژنەویٚ. بەڵام دەنگی بابە یواکیم، کە بە لاتینی نوێژو نزا دەخوێنیٚ بەسەر خەڵوەتخانەکەدا زاڵ دەبێت، تا ماوەیەکی باشیش بە سەر هەراو زەناو ژاوەژاوەکانی دەرەوەشا زاڵ دەبێت. چکۆلەی موبارەک، لە کاتێکا دەست لە سەر دەست دوعا و نزا دەخوێنیٚ، بەرە بەرە وەخۆ دێتەوە، بیستن و دیتن و جەستەی خۆی، کە لە دەستی دابوو، وەدەست دێنێتەوە، لەو حاڵەوەو لەو کاتەدا، هەست بەو نائومێدیە بیٚ سنوورە دەکات کە ماوەیەکی زۆر فەرامۆشی کردبوو، نائومێدیەک کە ساڵانێکی زۆر لەوەپێش دووچاری بووبوو، وەختایەک کە هێشتا مێردمنداڵ دەبیٚ، لە بابە (موورایس)ی بیستبوو کە ناتوانیٚ ببێت بە قەشە، چونکە بیژوە. "بابە، بۆچی لەم کاتەدا بە جێمان دێڵیت؟ " . " ئێمە بە بیٚ تۆ چ بکەین بابە؟ " ئەو تەلەی بیر دەکەوێتەوە کە مورشید لە پومبال، لە کەمەری بەستبوو، تا ئێستاش بە کەمەرییەوەیە، هەر هەمووی لە ژەنگا نقوم بووە، خوار بووە، بووە بە بەشێک لە گۆشت و پێستی ئەو، لە دڵی خۆیدا دەڵیٚ ئەمە یادگارێکی موبارەک

و گرنگە، موبارەک وەکو هەموو ئەو شتانەی کە مورشید وەختایەک لە ژیانا بوو، دەستی پێدا هێنابوو، تەمەشای کردبوو، یان بە زاریا هاتبوو.

ئەبوت جواو دەڵێت: "چکۆلەی موبارەک، ئەمەمان پێناکرێ، کارێکی عەمەلی نییە."

داروغای شار، کە لە تەنیشت ئەوەوە چۆکی دادابوو، چاوەکانی بووبوون بە گۆمی خوێن، دەنگی یەکپارچە داخ و کەسەر بوو. بەڵام بە ڕاوێژێکی بنجبڕ دەڵێت: " ناتوانین بۆ پەرستگەی مەسیحی موبارەکی ببەین، یان بەو شێوەیەی کە تۆ دەیڵێی، بە خاکی بسپێرین. دروست نییە ئەم کارە بە خەڵکی بکەین، چکۆلەی موبارەک دەتەوێ لە پشتەوە خەنجەریان لێبدەیت؟ دەتەوێ بەو خەڵکانەی کە خەریکن بە بێ فیشەک و بە بێ خواردن شەڕ دەکەن، بڵێی ئەو کەسەی ئێوە لە پێناویا دەجەنگن، مردووە؟ یانی ئەم کارەت لە دەست دێ؟ باشە ئەم کارە، لە کاری ماسۆنیە دڕندەکان خراتر نییە؟"

پاجو دەڵێت: "چکۆلەی موبارەک، هەق بە جواوە. ناکرێ بە خەڵکی بڵێین مردووە. ئێستا نا، لەم قۆناغەدا نا. چونکە هەموو شتێک هەرەس دێنێ، ئاژاوە بەرپا دەبێ، خەڵکی شێت دەبن. ئەگەر بمانەوێ خەڵکی لە سەر شەڕ بەردەوام بن، دەبێ ئەمەیان لێبشارینەوە."

جواوە زلە هەڵدەداتێ: "مەسەلەکە هەر ئەمە نییە." ئەم دەنگە زلە، چکۆلەی موبارەک دەحەپەسێنێ، لە کەیەوە ئەم دێوە زەلامە شەرمنە، کە بە مقاش قسەیەکی لە زار دەرنەدەهێنرا، زمانی پژاوە و بەو ڕاشکاویە گوزارشت لە ڕای خۆی دەکات؟ " یانی تۆ قەناعەتت وایە سەگەکان بە هەموو ڕق و کینەیەکەوە کە لەو پیاوەیان هەیە، تاقیبی جەنازەکەی ناکەن تا بێڕێزی پێبکەن؟ نابێ هیچ کەسێک بزانێ کە لە کوێ بەخاکی دەسپێرین. چکۆلەی موبارەک یانی تۆ حەزدەکەی کافرەکان جەنازەکەی بدۆزنەوە؟ "

چکۆلەی موبارەک هەستدەکات خەریکە ددانە چۆقەی پێدەکەوێ، دەڵێی لەرزو تای لێهاتووە. دروستە، ڕێک وایە. ئەو ( چکۆلەی موبارەک ) هێندە بە خەمەوە بوو کە ڕێ و ڕەسمێکی ئەوتۆ بۆ ناشتنی مورشیدە ئازیزەکەی ئەنجام بدات کە شایستەی پایە و پێگەی ئەو بێ، بیری چووبووەوە کە سەگەکان تەنیا چەند هەنگاوێ لێرەوە دوور بوون و بێگومان ئامادە بوون وەکو گورگی دڕندە هەموو ڕق و کینەیەکی خۆیان بە سەر جەنازەکەیا برێژن و ئەوپەڕی سووکایەتی پێبکەن. بەڵێ، ئێستا هەستی بەمە کردبوو" وەکو ئەوە بوو، میچی خەڵوەتخانەکە لە ناکاوا کرابێتەوە و نوورێکی خوایی پرشنگدار، بەرچاوی ڕوناک کردبێتەوە."

ئێستا تێدەگەیی کە چما خواوەند لەم کاتەدا مورشیدەکەیانی لە ئامێز گرتووە. نها ئەرکی موریدەکانی چییە: بریتیە لە پاراستنی جەنازەکەی و نەیەڵن شەیتانەکان سووکایەتی پێبکەن.

بە دڵی شکاو ودەنگی لەرزۆکەوە دەڵێت: " هەق بە ئێوەیە، قسەکانتان دروستە! بمبورن، خەم و پەژارە زەینی کوێر کردووم، یان دوور نییە شەیتان بە سەهۆی بردبم. ئێستا حاڵی بووم. ئێستا تێدەگەم. بە کەس ناڵێین کە مردووە. هەر لێرە بە دیاریەوە دادەنیشین و هەر لێرەش بە خاکی دەسپێرین. هەر خۆمان گۆڕەکەی هەڵدەکەنین و جگە لە خۆمان نابێ کەس بزانێ گۆڕەکەی لە کوێیە، ئیدی ئەمە مەشیەت وخواستی خودایە."

تۆزێ لەمە پێش لە دڵی خۆیا لە ئەبوت جواو، پاجو، و جواوە زلە پڕ بوو، چونکە بە بەرنامە و پێشنیازەکەی ئەو قاییل نەبووبوون. بەڵام نها مەمنوونیان بوو، کە پەیامە دروستەکەیان تێگەیاندبوو. ئیدی بەو جەستە لاواز، تێک شکاو، بەڵام چالاک و بە گوڕەی خۆیەوە، دێ و دەچێ، بە نێو ژنانی سروودخوان، مورید و سەردەستەکانا

دەسوڕێتەوە، داوایان لێدەکات، دەستبەرداری گریان ببن، نەکەونە ئەو تەڵەیەوە کە شەیتان بۆی ناونەتەوە، ورەیان وەبەر دەنێ، تەکانێ بدەنە خۆ، بێڵ و قولێنگ بێنن تا گۆڕەکە هەڵکەنن، جا بۆ ئەوەی بیانترسێنێ، یەکسەر دەڵێت: " خێراکەن، کاتمان بە دەستەوە نەماوە، زۆر درەنگە ها."

بەوجۆرە، گوڕو تین وتاوەکەی ئەو بۆ ئەوانی دیکەش سیرایەت دەکات: ڕادەبن، چاویان دەسڕن، زات وەبەرخۆ دەنەن، تەمەشای یەکدی دەکەن، سەر دەلەقێنن، یەکدی هاندەدەن، و دەکەونە جم وجوڵ. ئەبوت جواو بە کارزانی هەمیشەیی خۆی، درۆیەکی سپی دروست دەکات کە بە پاسەوانەکانی سەنگەرەکانی دەوری خەڵوەتخانەکە بڵێن: دەیانەوێ خەندەکێکی وەکو هەموو خەندەکەکانی دیکەی ناو بیلومونتە لێبدەن، تا ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دژمن، هەموو ڕێگاکانی خەڵوەتخانەکەیان لێگرتن، بتوانن لەو خەندەکەوە هات و چۆ بکەن. جواوە زلە دەڕوات و بێڵ و پاچ دێنێت، یەکسەر دەست بە هەڵکەندنی ئەرزەکە دەکەن، ئیدی چوار چوار بە نۆرە کار دەکەن، کاتێ بێڵ و پاچەکان ڕادەستی چوارەکەی دوای خۆیان دەکەن، ئیدی دەکەونە سەر چۆکان، بەدەم نوێژ و نزاوە چاوەڕوان دەکەن تا نۆرەیان دێتەوە. چەندین سەعاتی دوا بە دوای یەک کاردەکەن، ئاگایان لەوە نییە دنیا تاریک بووەو داکی پیاوان، ماریا کوادرادو، چرایەکی نەوتی هەڵکردووەو دەنگی تەقەو دەستڕێژ وهەراو زەنای پڕ کینە و هورای شادی دووبارە لە دەرێ ڕا دەستی پێکردووەتەوە. ئەوجا وەستا، بەڵام سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە. هەموو جارێ یەکێکیان، لە پەنا بارستە گڵەکەوە، کە پێ بە پێی قووڵ بوونی گۆڕەکە زیاتر بەرزدەبێتەوە، لە چکۆلەی موبارەک دەپرسێت بەس نییە، چکۆلەی موبارەک لە وەڵاما دەڵێت: قووڵتر، قووڵتر."

وەختایەک هەست دەکات گۆڕەکە بە ئەندازەی پێویست قووڵ بووە، ئیدی هەمووان، خۆی لە پێش هەموویانەوە، شەکەت و ماندوو، لە خاک و خۆڵا هەڵکشاون. چکۆلەی موبارەک هەست دەکات، ساتەکانی دواتر خەونە. بە خۆی سەری جەنازەکە دەگرێ ودایکە ماریا کوادرادو لاقێکی وپاجو لاقەکەی تری و جواوە زلە دەستێکی و بابە یواکیم دەستەکەی تری دەگرن و پێکەوە جەنازەکەی مورشید هەڵدەبڕن، تا کۆرسی پیرۆزی ژنانی سروودخوان بتوانن حەسیرە پووشەکەی کە لە جیاتی کفنە، بخەنە ژێر جەنازەکەی. هەرکە جەنازەکە لە ئەرزەکە دادەنەنەوە، ماریا کوادرادو، خاچێکی کانزایی کە تاقە زینەتی خەڵوەتخانەکە بوو، لە گەڵ تەزبیحێکی دەنک ڕەشا، کە بەردەوام بە دەستی مورشیدەوە بوو دەخاتە سەر سینگی مورشید. دووبارە جەندەکەکە، کە لە ڕایەخە حەسیرەکەوەیان پێچابوو، بەرزدەکەنەوە، دەیدەنە دەست ئەبوت جواو و پاجو، کە لە ناو گۆڕەکەدا وەستاون. لەو کاتەدا کە بابە یواکیم بە لاتینی نوێژ و نزای دەخوێند، ئەوان دەست بەکار دەبنەوەو بەدەم وێرد و سەڵاواتەوە، گڵەکە بە سەر گۆڕەکەدا دەدەنەوە. چکۆلەی موبارەک کە لە خەیاڵەوە چووبوو وهەموو ئەو شتانەی وەکو خەون دەهاتە بەرچاو – ئەم هەستە لە گەڵ کزبوونی ڕوناکی چراکەدا زیاتر دەبوو – لە ناکاوا چاوی بە شێرۆی ناتوبا دەکەوێ، کە بە ژێر دەست و لاقی ئەوانی دییەوە دێ و دەچێت و، بە هەڵبەز و دابەز بەشداری لە پڕ کردنەوەی گۆڕەکەدا دەکات. بەدەم کارکردنەوە تا ڕادەیەک خەمی خۆی لە بیردەکات، لە دڵی خۆیدا دەڵێت ئەم شەونخونی و ڕێ و ڕەسمە سادەو ئەم گۆڕە هەژارانەیەی کە نە نووسراوێکی لە سەرەو نە خاچێکی لە سەر داچەقێنراوە، شتێکە کە بێگومان ئاوات و ئارەزووی پیاوێکی سادەو خاکی وەکو مورشید بووە.

بەڵام وەختایەک هەموو کارەکان تەواو دەبن و خەڵوەتخانەکە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی – تەنیا ئەوە نەبێ کە دۆشەکە کا ئاخنەکە نها خالّیە – چکۆلەی موبارەک لە ناکاوا لە هۆڕژنی گریان دەدات. بەدەم گریانی خۆیەوە، گوێی لە گریانی ئەوانی دیکەش دەبێت. دوای کەمێک خۆی کۆنترۆڵ دەکات و بە ڕاوێژێکی نەوی داوا لە

هەموویان دەکات، کە سوێند بە ویژدانی خۆ بخۆن، کە هەرگیز ئەم سرە، تەنانەت لە ژێر تووندترین ئەشکەنجەشدا، کەشف نەکەن و جێگەی گۆڕەکەی مورشید بە عەبدەل بەشەر نەڵێن و نیشان نەدەن، یەک بە یەکیان وادار دەکات کە سوێندەکە دووبارە بکەنەوە.

***

جورما چاوانی کردەوە، هەستی بە شادی و بەختەوەری دەکرد، وەکو ئەو شەوەو دوێنێ و پێرێ. چەند ڕۆژێکی دوا بە دوای یەک، زەینی پەشێو و پەرێشان بوو، تا ئەو شەوە کە وای زانی بوو یارۆی ڕۆژنامەڤانی نزیکبین کەوتووەتە ژێر دار و پەردووی کۆگا و فرۆشگاکەوە، لە بەر دەرگای خەڵوەتخانەکەدا دیتبووی، باوەشی پێدا کردبوو، گوێی لێ بووبوو کە دەڵێت خۆشی دەوێ، جورماش بەوی گوتبوو خۆشی دەوێ. ئەو قسەیە ڕاست بوو یان – بە هەرحاڵ – هەرکە لە زاری دەرچووبوو، وەکو ڕاستی لێهاتبوو. ئیدی جورما لەو ساتەدا، سەرباری ئەو شەڕەی چوار دەوری گرتبوو، وێڕای ئەو برسیەتی و تینویەتیەی، کە خەڵکانێکی زۆری کوشتبوو، زۆرتر لەو خەڵکانەی بە گوللەی دژمن کوژرا بوون. جورما هەستی بە بەختەوەری دەکرد... زۆرتر لە هەر کاتێکی دیکەی کە لە بیری مابوو، زۆرتر لەو کاتەی کە مێردی بە روڤینو کردبوو، زۆرتر لەو دەورانی منداڵیە خۆشەی لە سایەی بارۆنس ئەستیلادا و لە کالومبی بەسەری بردبوو. حەزیدەکرد خۆی باوێتە سەر لاقی مورشید و سوپاسی بکات، کە لە سایەی ئەودا ئەو گۆرانە لە ژیانیا ڕووی دابوو.

دەنگی تەقەی نزیکی دەبیست – ئەم دەنگەی بە درێژایی شەو بەدەم خەوەوە بیستبوو – بەڵام هەستی بە هیچ جم و جوڵێک لە شەقامی ( فینو یەسوع ) نەکردبوو، نە گوێی لە هەرا و زەنای هاتوچۆ و هاواری خەڵکەکە و نە گوێی لە دەنگی ئەوانە بووبوو، کە تاوێرو گونیە لمیان لە سەر یەک هەڵدەچنی و سەنگەریان دروست دەکرد، سەربان و دیوارەکانیان دەڕوخاند تا لە هەر گۆشە و کەنارێکی شارا، سەنگەر و مەتەڕێز دروست بکەن، بە تایبەتی لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا، کانودوس، لە هەموو لایەکەوە، لە بەر سەنگەر و مەتەڕێزان بچووکتر دەبووەوە، لە کاتێکا سەربازان، یەک بە یەک ماڵ و شەقامەکانیان دەگرت و بازنەی بەرەڤانی تەنگتر دەبوو،ولە دەورو بەری کڵێساکان وخەڵوەتخانەکە نزیک دەبووە. بەڵام جورما هیچ یەکێک لەمانەی بەلاوە گرینگ نەبوو... شاد و دڵخۆش بوو.

کورتەڵە، ئەم خانووە چکۆلەیەی دۆزی بووەوە، ئەم خانووە لە دیرەک و تەختە دروستکرابوو، کەوتبووە نێو کۆمەڵێک خانووی گەورەوە لە شەقامی فینو یەسوع، کۆڵانێک بوو دەچووەوە سەر کامپوگراندە، کە حاڵی حازر سەنگەرێکیان لەوێندەر دروستکردبوو و شەرڤانەکان بە فەرماندەیی خودی ئەبوت جواو، لە شەقامی پڕ پێچ و پەنای (مادرە ئیگرژا) خۆیان لە سەنگەر نابوو. ئێستا ئەم شەقامە، بەهۆی تەنگ بوونەوەی ئابلۆقەی کانودوسەوە، لە قۆڵی باکوورەوە بووبوو بە مەرزی شار. قولە ڕەشەکانی چیای موکامبو، کە کەوتبووە دەستی دژمن، و ژمارەیەکی کەم کاریریەکانی میراندیلا و رودیلاس لەوانەی نەکوژرابوون، خۆیان گەیاندبووە ئەو گەڕەکە.

ئیدی هندە سوورەکان و قولە ڕەشەکان، ئێستا پێکەوە، لە خەندەک و لە پشت مەتەڕێزەکانی (مادرە ئیگرژا) دا، دەژیان، لە گەڵ شەڕڤانەکانی پدراودا دەژیان، ئەو شەڕڤانانەی دوای ئەوەی لە کوکوروبو و وترابوبو و لە لای تەویلە و ئاغەڵەکانی تخوبی کانودوس دا، پێشڕەوی سەربازەکانیان ڕاگرتبوو، بەرەبەرە بۆ ئێرە پاشەکشەیان کردبوو. جورما، کورتەڵە و پەیامنێرە نزیکبینەکە وەختایەک بۆ ئەم خانووە بچووکە هاتبوون، پیرەمێردێکیان

بینی بوو، کە لە نێو خەندەکی ناو تاقە ژوورەکەی ئەم خانووەدا، بە سەر تفەنگەکەیەوە مردبوو. بەڵام گونیە ئاردی گارس و شووشەیەک هەنگوینیانش دۆزی بووەوە، کە زۆر بە قنیات و بە ڕەزیلی بەکاریان دێنا. کەمتر لە خانووەکە وەدەر دەکەوتن – مەگەر بۆ گواستنەوەی جەنازەکان بۆ ئەو پەناگایانەی کە ئانتونیو فیلانوڤا بۆ ئەو مەبەستە تەرخانی کردبوون، لە خانووەکە وەدەرکەوتبان. یان بۆ دروستکردنی مەتەرێزو سەنگەر لێدان، کە ئەم کارە لە شەڕەکە پتر خەڵکەکەی مژوول کردبوو. هێندەیان خەندەک و سەنگەر لە ناو ماڵەکان و لە شەقام و جادەکاندا لێدابوو، کە مرۆڤ دەیتوانی وەکو مارمێلکە و جرەجە کوێرە، جادە بە جادە، کۆڵان بە کۆڵان، ماڵ بە ماڵی بیلومونتە تەی بکات، بە بێئەوەی ناچار بێ بێتە سەر ئەرز.

کورتەڵە، لە پشت ئەوەوە دەجولایەوە، جورما لێی پرسی بە خەبەرە. وەڵامی نەدایەوە، دوای تۆزێک پرخە پرخی بەرزبووەوە. هەر سێکیان لەو پەناگە تەنگەدا، بە تەنیشت یەکەوە خەوتن، پەناگایەکە هێندە تەنگ بوو، بە زەحمەت جێگەیان دەبووەوە، هەڵبەتە دیواری ئەم پەناگەیە لە قوڕو قامیش دروست کردبوو، هەرگیز گوللەی نەدەگێڕایەوە، زیاتر لە بەر ئەوە پەنایان هێنابووە ئێرە، چونکە کە شەو دادەهات دنیا زۆر سارد دەبوو، بە تایبەتی کە لە برسیەتیدا لاواز بووبوون و جەستەیان بەرگەی سەرمای نەدەگرت. جورما، ڕوانیە ڕوخساری ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، کە خۆی گرمۆڵە کردبوو و خۆی بە سینگ و بەرۆکی ئەوەوە نابوو، لە غورابی خەوا بوو. زاری کردبووەوە، داوە لیکاوێکی باریک، تەنک وەکو داوی جاڵجاڵۆکە، بە لیویەوە شۆڕ بووبووەوە. دەمی لە دەمی نزیک کردەوە، خێراو بێئەوەی خەبەری بکاتەوە، ئەو داوە لیکاوەی سەر لێوی هەڵمژی. سیمای ڕۆژنامەڤانەکە نها ئارام بوو، کە هەرگیز ئەو ئارامیەی لە کاتی بێداریدا بە ڕوخساریەوە نەبینی بوو. جورما لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا ناترسێت، بەلەنگازۆ، ژارۆ، خۆزگە دەمتوانی کارێکی وەها بکەم کە هیچ کاتێک نەترسێت." ئاخر ئەم پیاوە لە لای جورما دانی بەوەدا نابوو، تەنانەت لەو دەمانەشا کە لە گەڵ ئەما بووەو هەستی بە شادی کردووە، بۆ تاقە ساتێک لە ترس ڕەها نەبووە، ترس وەکو تەنی لە دڵی نیشتووەو عەزابی دنیای پێ نۆشتووە. هەرچەند ئێستا مەحەبەت و خۆشەویستی جورما، سەبارەت بەو، وەکو خۆشەویستی هەر ژنێ بۆ هەر پیاوێک بوو، هەرچەندە ئەم پیاوە ئەوی وەکو هەر مێردێک یان هەر عاشقێک، بە هی خۆی دەزانی، بەڵام جورما لە دڵی خۆیدا لەو ڕوانگەیەوە نەوازشی دەکرد، گەمەی لە گەڵ دەکرد و نازی دەدایە، وەکو ئەوەی دایکێک بێ و کوڕی خۆی بلاوێنێ.

ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، لاقێکی درێژ کرد، خستیە بەینی هەر دوو لاقی جورماوە. جورما لە جێی خۆی نەجولا، هەستیکرد دەم و چاوی سوور بووەوە، هەستیکرد کابرا دەیەوێ لەو کاتەدا و لەو شوێنەدا لە گەڵیا ڕابوێرێ، دەیەوێ بەم ڕۆژی ڕوناکە، وەکو شەوێ – قوپچەکانی پانتۆڵەکەی بکاتەوە، تەنوورەکەی ئەو هەڵداتەوە، هەواڵەی سوورەی سەر ئەبلەقی بکات، هەم ئارەزووی خۆی دابمرکێنێتەوەو هەم لەزەت بەو ببەخشێت. تەزوویەک بە سەراپای جورمادا هات. چاوەکانی نوقاندو، بە ئارامی و بێجوڵە لە جێی خۆی ڕاکشابوو، هەوڵیدەدا بیر لە شەڕەکە بکاتەوە، ئەو شەڕەی بەر دەرکەی پێگرتبوون. بیری لە خوشکانی ساردلینیا و کاتارینا و ئەو ژنانەی دی بکاتەوە، کە هیلاک و برسی خۆیان بۆ خزمەتی ئەو نەخۆش وبریندارو منداڵە نۆزایانە تەرخان کردبوو، کە لە ئاخر دوو نەخۆشخانەدا مابوونەوە. یان بیر لەو پیرەمێردانە بکاتەوە کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە، جەنازەی کوژراو و مردووەکانیان بۆ پەناگاکان دەگواستەوە. هەموو شەرم و شەرمەزاریەکی نایە لاوە، نەک هەر ئەو کارانەی دەکرد کە بە خەتا و گوناح دەژمێردران، بەڵکو بیری لەوەش دەکردەوە چۆن ئەو کارانە بکات، کە حەزیدەکرد بیانکات. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئایا من شێت بووم؟ جنۆکە دەستیان لێ وەشاندووم؟ " ئێستا کە

لە ئاستانەی مەرگا بوو، چ بە جەستە و چ بە بیر، ئەو گوناح و خەتایانەی دەکرد کە پێشتر هەرگیز نەیکردبوون. هەرچەندە پێشتر دوو پیاوی دیکەی جەڕباندبوو، بەڵام تەنیا ئێستا لە باوەشی ئەم بوونەوەرەدا، کە ڕێکەوت و جەنگ یان شەیتان هێنابوویە ڕێگەی، پەی بەو ڕاستیە دەبرد، کە جەستەش دەتوانێ خۆشحاڵ ببێت. ئێستا دەیزانی کە عەشق، جەستەش پاراو دەکات، هەموو هەستەکان دێنێتە جۆش، سەرە گێژکەیەکە، کە بەشەر دەگەیەنێتە شادی وخۆشحالی. خۆی پەستایە ئامێزی ئەو کابرایەوە کە لە لایەوە خەوتبوو، جەستەی لە جەستەی توندکرد. بەڵام کورتەڵە دووبارە لە پشتیەوە جوڵایەوە. جورما هەستی پێدەکرد، بوونەوەرێکی بچووک، خۆی گرمۆڵە کردبوو، دەیویست بەو خۆی گەرم بکاتەوە.

بەڵێ، شەرم وحەیای تکا بوو، خۆ ئەگەر پێشتر پێی گوتبا، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەمجۆرە لە نێوان دوو پیاودا – هەرچەندە یەکێکیان کورتەڵە بوو – دەخەوێ، بێگومان زەندەقی دەچوو. ئەگەر جارێ لە جاران یەکێک پێی گوتبایە، ڕۆژێ دێ پیاوێکی نەناس، بە بێئەوەی مێردی بێ، تەنوورەکەی هەڵدەداتەوەو بە بەرچاوی پیاوێکی دیبیەوە کە لە پاڵیا خەوتبوو، یان بە درۆوە خۆی کردووەتە خەو، بۆی پێوە دەنێ، و دەم لە ناو دەم بە یەک دەڵێن یەکتریان خۆشدەوێ، ئەوا جورما هاواری لێهەڵدەستا و قامکی دەئاخنیە گوێچکەکانیەوە تا گوێی لەو قسەیە نەبێت. بەڵام لەو شەوە بە دواوە، ئەمە کارێک بوو کە هەموو شەوێک دووبارە دەبووەوە، جورما، لە جیاتی ئەوەی تەریق ببێتەوەو خەجاڵەت ببێت، ئەمەی بە ئاسایی دەزانی و پێی خۆشحاڵ دەبوو. کورتەڵە، کە جاری یەکەم دیتیانی بە جۆرێ ئالکاوی یەکدی بوون، وەک ئەوەی جگە لە خۆیان کەسی دیکە لەم دنیایەدا نەبێت، پێی گوتبوون ئەگەر حەزدەکەن لێیان دووربکەوێتەوە، گرینگ نییە، ئامادەیە بە جێیان بێڵێ ولەوێ بڕوات. نا، نا، هەر دووکیان پێویستیان بەو بوو، وەکو جاران خۆشیان دەویست. هەر بە ڕاستیش وابوو.

لە ناکاوا، دەستڕێژی گوللە توند بوو، لەوە دەچوو، گوللەکان، ڕێک بە سەر سەری ئەواندا داببارێ و بکەوێتە سەر ئەو خانووەی ئەوانی تیادا بوو. خاک و خۆڵ بە سەر پەناگاکەی ئەواندا دەڕژا. جورما خۆی گرمۆڵە کرد، چاوانی نوقاند، چاوەڕوانی جەزرەبە ڕاستەوخۆکە و تەقینەوەکە و هەرەسی میچ و دیوارەکان بوو. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم دەنگی تەقەکان بەرەبەرە، دوور و دوورتر کەوتەوە. وەختایەک چاوی کردەوە، خۆی لە بەر نۆڕینی دوو چاوی حەپەساوی، فرمێسکاویدا بینییەوە، کە سەراپای ئەویان بە نیگا دادەبێژت. بەستەزمانە خەبەری بووبووەوەو لە ترساندا نیوە ڕوح بووبوو.

کورتەڵە لە پشت ئەوەوە گوتی: "وامدەزانی مۆتەکەیە." هەستابوو، لە قەراخی پەناگاکەوە تەمەشای دەکرد. جورماش هەستا و تەمەشایەکی دەرەوەی کرد، پەیامنێرە نزیکبینەکە هێشتا لە جێی خۆی ڕاکشابوو، خەڵکانێکی زۆر لە شەقامی منینو یەسوعەوە بەرەو کامپوگراندە غاریان دەدا.

گوێی لە یەکێک بوو لە ژێر پێیەوە دەیپرسی: " چ باسە، چ بووە؟ چی دەبینی؟ "

کورتەڵە، بەرلەوەی جورما بەرسڤ بداتەوە، گوتی: " شەڕڤانی دنیا، لە گەڕەکی پدراوەوە، بۆ ئێرە دێن."

ڕێک لەو دەمەدا دەرگا کرایەوە، جورما لە ڕوانگەی خۆیەوە دەستەیەک زەلامی بینی کە بە هەڵەداوان وەژوور کەوتن. یەکێکیان ئەو شەڕڤانە منداڵکارە بوو کە جورما ئەو ڕۆژەی سەربازەکان هاتبوون، لە هەڵدێرەکانی ( کوکوروبو ) دا تووشی بووبوو.

به دەنگێکی بەرز، کە هەموو دەنگەکانی دی کردبووە ژێرەوە، بانگی کردبوون: " وەرن، وەرن، وەرنە کۆمەکمان. "

جورما و کورتەڵە، یارمەتی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەیان دا کە لە پەناگایەکە بێتە دەرەوەو لە گەڵ خۆدا بۆ سەر شەوقامەکەیان برد. بە درێژایی تەمەنی، خۆبەخۆ هەر کارێک، هەر کەسێکی خاوەن دەسەڵات لێی داوا کردبوو، بێ چەند و چوون جێبەجێی کردبوو، بۆیە لەم جۆرە حاڵەتانەدا، ئاسایی بوو شانبەشانی خەڵکی و بێ چەند و چوون شان بداتە بەر هەر کارێک، بێئەوەی لە ماهیەت وهۆی ئەو کارە بپرسێت. بەڵام ئێستا لە گەڵ ئەم کابرایەدا کە شانبەشانی ئەو، بە پێچ و پەناکانی شەقامی (منینو یەسوع) دا غاری دەدا، ڕەوشەکە گۆڕابوو، ئەم پیاوە بەردەوام دەیویست بزانێ چ شتێک لە ئارادایە، لە ڕاست و چەپیا، لە پاش و پێشیا چ ڕوو دەدەن، چما خەڵکی ئەمە دەڵێن و ئەوە دەکەن، ئیدی لە سەر جورما بوو، بۆ ئەوەی سوکنایی بە کونجکاویەکەی ببەخشێ، وەڵامی ئەو پرسیارانەی بۆ بدۆزێتەوە... کونجکاوی و لاپرەسەنیەکەی، لە ترسەکەی خراتر بوو.

شەرڤانە منداڵکارەکە باسی ئەوەی کرد کە سەگەکان، لە بەیانی سەحەرییەوە هێرشیان بۆ سەنگەرەکانی قوڵی گۆڕستانەکە هێناوە. دوو هێرشیان کردبوو، هەرچەندە نەیانتوانی بوو سەنگەرەکان بگرن، بەڵام سیلەی شەقامی (باتیستا) یان گرتووەو، دەتوانن لەوێوە، لە پشتەوە بەرەو پەرستگەی مەسیحی موبارەک پێشڕەوی بکەن. ئەبوت جواو بڕیاری دا، سەنگەری تازە لە نێوان پەرستگەکە و گۆڕستانەکەدا لێبدرێ، نەبا ناچار بێت دووبارە پاشەکشە بکات. بۆ ئەو مەبەستە خەڵکەکەیان خڕکردبووەوەو داوایان لە شەرڤانەکانی (مادرە ئێگرژا) کردبوو، بێن بۆ ئێرە. شەرڤانە منداڵکارەکە کە لە پێش هەموویانەوە غاری دەدا. جورما گوێی لە ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە بوو چۆن هانکە هانکی پێکەوتبوو، چۆن پێی لە بەردەکان هەڵدەکەوت، بە درێژایی کامپوگراندە سەرە سمی دەدا و دەکەوتە چاڵەکانەوە، جورما دڵنیا بوو کە ئەویش لەم کاتەدا وەکو ئەم بیر لە پاجو دەکاتەوە. بەڵێ نها دووبارە تووشیان دەبێ بەوەوە. هەستی کرد ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە، دەستی دەگوشێت، ئەمیش دەستی بە پشتی ئەودا دا.

لەو شەوەوە کە مانای شادمانی کەشف کردبوو، پاجوی نەبینی بوو. بەڵام جورما و پەیامنێرە نزیکبینەکە، زۆرجار باسی ئەم پیاوە دەم و چاو بە کۆنە زامەیان کردبوو، کە دەیانزانی لە سەربازەکان زیاتر، کۆسپە لە ڕێگای عەشقەکەی ئەوان. ئیدی لەو شەوەوە پەنایان دەبردە بەر پەناگاکانی باکووری کانودوس، کە لە قوڵی فازندا فلیاوە دوور بوو، کورتەڵە زۆرجار سەری دەرەوەی دەدا تا هەواڵێکی پاجو بێنێتەوە. ئەو بەیانیەی کورتەڵە هاتبووەوە تا هەواڵی ئەوەیان بداتێ کە دژمن هێرشی بۆ (فازندا فلیا) هێناوە، ئەوان لە (سانتوئیلوی) لە پشت موکامبووە، پەنایان بردبووە ژێر کەپرێکی لە تەنەکە دروستکراو – جورما بە پەیامنێرەکەی گوتبوو کە ئەو پیاوە (پاجو) تا دوا هەناسە بەرەڤانی لە سەنگەرەکانی دەکات. بەڵام هەمان شەو بیستبوویان کە پاجو و هەموو ئەوانەی لە فازندا فلیا دەرباز بووبوون، لەو سەنگەرانەی قوڵی گۆڕستانەکەدا بووبوون، کە نها خەریک بوو دەڕوخان. ئیدی چاریان نەما، بێگومان تووشی پاجو دەبوون. بەڵام تەنانەت ئەم ترسەش نەیتوانی ئەو شادومانیە لە جورما بسەنێتەوە، کە بووبوو بە بەشێک لە جەستەی، ڕێک وەکو پێست و ئێسقانەکانی.

ئیدی شادومانی – وەکو ترسی پیاوە نزیکبینەکە، کە جورما دەستی گرتبوو، وەکو ئیمان وتاسووبی ئەو خەڵکەی کە بە هەڵەداوان غاریان دەدا، تا سەنگەر لێبدەن – بەرچاوی گرتبوو، نەیدەهێشت وەکو پێویست بویەر و دیمەنەکانی دەوروبەری خۆی بدینێ و لێکدانەوەیەکی ئەقڵانیان بۆ بکات و بگاتە ئەنجامگیرییەکی دروستی

ئەوتۆ کە ئەقڵ و غەریزە ببڕێ و قەبووڵی بکات: ئەو جادە و کوچە و کۆڵانانەی کە سەردەمانێ ڕێگەی پڕ لە خۆڵ و بەرد بوو، نها بە گوللە تۆپ دابێژرا بوو، یەکپارچە قۆرت و چاڵ بوو، ڕووت دەکردە هەر کوێیەک، یەکپارچە خشت و بەرد و دار بوو، کە بەدەم گوللە تۆپەوە پەرش و بڵاو بووبوونەوە، یان شەڕڤانەکان هەڵیان کەندبوون تا مەتەرێز و سەنگەریان پێ دورست بکەن. خەڵکانێک لە سەر ئەرزەکە، لێرەو لەوێ کەوتبوون، کە ژن و پیاویان لێکدی جیا نەدەکرایەوە، نە ڕوخساریان دەناسرایەوە و نە پرشنگێ بە چاویانەوە مابوو، نە هێز لە چوار پەلیاندا مابوو، وێڕای ئەوەش، بە سەرسەختیەکی بێهودە، خۆیان بە ژیانەوە هەڵواسیوە. جورما ئەوانەی دەبینی بەڵام هەستی پێیان نەدەکرد، چونکە جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە گەڵ ئەو جەنازانەدا نەبوو، کە لەو گۆڕە کەوتبوون و پیرەمێرەکان هێشتا فریای کۆکردنەوە و گواستنەوەیان نەکەوتبوون، تاقە جیاوازیان لە ژمارەی ئەو مێشانەدا بوو کە بە سەریانەوە دەسوڕانەوە، لەو بۆن و بۆگەنیەدا بوو کە لێیان بەرز دەبووەوە. جورما، ئەو ڕەشە داڵانەی دەبینی و نەدەبینی کە بە سەر جەنازەکاندا دەسوڕانەوە، کە جار نا جارێ یەکێکیان بەر گوللە دەکەوت و دەکەوتە خوارەوە، منداڵانی ڕەش و ڕووت، چاو بە خەو، وەکو کەسانێک بەدەم خەوەوە ڕێبکەن، لە ناو کاولە و وێرانەکاندا دەسوڕانەوەو لە شتێک دەگەڕان تا بیخۆن. ماوەیەکی زۆریان بە غاردانەوە بڕی بوو، وەختایەک وەستان جورما ناچار چاوی نوقاند و خۆی بە کابرای نزیکبینەوە گرت، تا سەری لە سوڕان وەستا.

ڕۆژنامەڤانەکە پرسی ئێرە کوێیە. جورما، ماوەیەک تەمەشای کرد، تا ئەنجام بۆی دەرکەوت ئێرە ساو جواو وە، ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەی نێوان خانووە نزم و تێکڕژاوەکان و پشت پەرستگە نیوە چڵەکەیە. ڕووت دەکردە هەر کوێیەک، هەموو چاڵ و دار و پەردوو بوو، خەڵکی بە جۆش وخرۆشەوە خەریکی سەنگەر لێدان و پڕ کردنی گونیە وبەرمیل وسەندووق وحاویە بوون، لە لم. هەر چییەکیان لە دار و پەردوو، خشت و تاوێر و تەنانەت جەنازەش بەردەست کەوتبا بەرەو ئەو سەنگەر ومەتەرێزانەیان دەبرد کە لە کەناری، پەرژینی گۆڕستانەکەیان هەڵدەچنی. تەقە وەستابوو، یان گوێی جورما بە ڕادەیەک کپ بووبوو، کە دەنگی تەقە و دەنگەکانی دیکەی لێکدی جیا نەدەکردەوە. لەو کاتەدا خەریک بوو بە ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەی دەگوت کە پاجو لەوێ نییە، بەڵام ئانتونیو و هونوریو فیلانوڤا لەوێن، کە لە ناکاوا پیاوێکی یەکەڵە چاو لە هەردووکیانی خوڕی چاوەڕوانی چین. پەیامنێرە نزیکبینەکە کە لە ئەرزەکە ڕۆنیشتبوو کەوتە هەڵکەندنی دەوروبەری خۆی. جورما، لۆسەیەکی بۆ هێنا، تا بتوانێ باشتر کاربکات. بە خۆیشی کەوتە پڕکردنی گونیەکان لە لم  وگواستنەوەی بۆ هەر شوێنێک کە پێیان دەگوت، ئەوسا دەستی دایە قوڵینگێک، چوو بۆ لای دیوارەکانی کۆڵانەکە، تا خشت و بەرد و دار بۆ قایمکردنی سەنگەرەکان فەراهەم بکات. ناوبەناو دەچوو بۆ لای ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە – کە مژوولی پڕکردنی گونیان بوو لە خاک و خۆڵ و لم و بەرد – تا دڵنیای بکات کە لەو نزیکانەیە و زۆر لەو دوور نەکەوتووەتەوە. هەستی بەوە نەکرد کە تەقە دووبارە دەستی پێکردووەتەوە، سووک بووە، دەستی پێکردۆتەوە و دووبارە لە پشت مەتەرێزە قایمەکەوە دەستی پێکردۆتەوە، تەنانەت ئەو پیرەمێرانەشی نەدەبینی کە خێرا خێرا (لەز لەز) بریندارەکانیان بۆ کڵێساکە دەگواستەوە.

جارێک دەستەیەک ژن کە کاتارینای هاوسەری ئەبوت جواویانش لە گەڵدا بوو، هاتن بە لایاندا و چەند ئێسقانە مریشکێکیان، کە بە ئاستەم گۆشتیان پێوە بوو، دایە لە گەڵ مەتارەیەک ئاودا. چوو تا ئەم دیارییە لە گەڵ ڕۆژنامەڤانەکە وکورتەڵەدا دابەشبکات. سەیری کرد ئەوانیش بەشی خۆیان وەرگرتووە. پێکەوە نان و ئاوەکەیان خوارد، خۆشحاڵ بوون، بەڵام بەم جیرە خۆراکە موعەزەب بوون، چونکە دەیانزانی دەمێکە خۆراک نەماوە، ئەو

تۆزەش کە ماوەتەوە، تەنیا بۆ ئەو پیاوانەیە کە شەو و ڕۆژ لە سەنگەر و بورجەکانەوە دەجەنگن و دەستیان لە دووکەڵ و ئاگری باروتا ڕەش داگەڕاوەو بەدەم میل هێنانەوەی تفەنگەوە بووە بە تلۆق.

تازە لەم سووکە پشووە هەستابووەوە و چووبووەوە سەر کارەکەی، بە ڕێکەوت چاوی بە بورجی پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک کەوت، شتێک سەرنجی ڕاکێشا، لە خوار سەری شەرڤانەکان و خوار لوولەی تفەنگەکانەوە کە لە کونی دیواری مەتەرێزەکانی سەربان و داربەستەکانی بورجەکەوە هاتبووە دەرێ، جەستەیەکی بچکۆلە، گەورەتر لە منداڵ و بچووکتر لە زەلامی تەواو، بە شێوەیەکی سەیر بەو پەیژە چکۆلەیەوە هەڵواسرابوو کە دەچوو بۆ بورجی زەنگەکە. جورما، ئەم بوونەوەرەی ناسییەوە، مجێور وجانکوشی پەرستگەکە و کلیلداری کڵێساکە بوو، ئەو پیرەمێرە کورتە باڵایە بوو کە بە قسەی خەڵکی، بە زەبری شەلاق تۆبەی بە چکۆلەی موبارەک کردبوو. هەموو شەوێک، بە پەیژەکەدا سەردەکەوت تا زەنگی نوێژی (سڵاو لە مریەم) لێبدات، ئیدی هەموو خەڵکی بیلومونتە، چ لە شەڕا و چ لە ئاشتیا، دەستەودوعا دەوەستان. ئەم پیرەمێردە دوێشەو کوژرابوو، هەڵبەتە دوای لێدانی زەنگەکە، چونکە جورما دڵنیا بوو کە گوێی لە دەنگی زەنگەکە بووە، بێگومان گوللەیەکی بەرکەوتووە و جەنازەکەی بە پەیژەکەوە گیر بووەو کەس فریا نەکەوتووە بیهێنێتە خوارەوە.

ژنێک کە لە تەنیشت جورماوە کاری دەکرد گوتی: "خەڵکی گوندەکەی مە، کوروکو، بوو. لەوێندەر دارتاشی دەکرد کاتێ سێبەری باڵی فریشتەی بەرکەوت."

جورما، زەنگەوانەکەی لە بیری خۆی بردەوە وگەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی، تەنانەت خۆشی فەرامۆش کرد، تا وەکو عەسر هەر کاری دەکرد و ناوبەناویش سەری ڕۆژنامەڤانەکەی دەدا. خۆر لە ئاوابووندا بوو، سەیری کرد برایانی فیلانوڤا بە هەڵەداوان بەرەو خەڵوەتخانەکە دەڕۆن، بیستی پاجو، جواوە زلە و ئەبوت جواوش لە چەند قۆڵێکەوە بە هەشتاو بۆ ئەوێندەر چووبوون، وا دیار بوو شتێک لە ئارادایە.

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، لە کاتێکا جورما دانەوی بووەوە و خەریک بوو دەگەڵ ڕۆژنامەڤانەکەدا قسەی دەکرد، کە لە ناکاوا هێزێکی نادیار واداری کرد بکەوێتە سەر چۆک، بێدەنگ ببێت و خۆی بەوەوە بگرێ. ڕۆژنامەڤانەکە، شانی گرت وسەراپای دایە بەر نیگاو گوتی: " خێرە! چیتە؟ " جورما گوێی لە کابرا بوو هاواریکرد: " چییە! بریندار بوویت؟ " نا، گوللەی پێنەکەوتبوو، مەسەلەکە ئەوە بوو لە ناکاوا تین و تاوی لەبەر بڕا، هێز لە بەدەنیا نەما. نەیدەتوانی زار هەڵێنێ، یان قامکی بجوڵێنێ، هەرچەندە دەیڕوانیە ڕوخساری ئەو پیاوەی کە شادی پێ نۆشتبوو، دەیبینی بە چاوە پڕوشەکانییەوە، بە سەر ئەما دانەوی بووەوەو هەوڵیدەدا باشتر بیدینێت، هەرچەندە دەیزانی ئەم پیاوە دەترسا و دەبوایە ئەم دڵنەوایی بکات وزاتی وەبەر بنێت، کەچی هەرچی دەکرد و دەکۆشا، ئەو کارەی پێنەدەکرا. هەموو شتێک دوور، غەریب وخەیاڵی دەهاتە بەرچاو، کورتەڵە لەوێ بوو، نەوازشی دەکرد، دەستی، هەنیەی دەشێلان. دەستی بە قژیا دێنا و تەنانەت جورما وای هاتە بەرچاو ئەویش — وەکو ڕۆژنامەڤانە چاو پڕوشەکە — دەستی، گۆنای ماچ دەکات. جورما نەیدەویست چاو لێکبنێ، چونکە ئەگەر ئەمەی بکردبایە دەمرد، بەڵام گەییە حاڵەتێک کە نەیدەتوانی چاوان لێک نەنێت.

وەختایەک دووبارە چاوی هەڵێنانەوە، ئیدی هەستی بەو سەرما بەترەفە نەدەکرد. شەو داهاتبوو، ئاسمان ئەستێرە باران بوو، مانگی پڕ، بە حەویقی ئاسمانەوە بوو. جورما دانیشتبوو وپاڵی دابوو بە ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەوە — یەکسەر بۆنی کابرا و لاوازییەکەی و لێدانی دڵی ناسییەوە — کورتەڵەش لەوێ بوو، هێشتا هەر دەستی دەشێلا، گێژ و مەنگ، هەستیکرد ئەم جووتە پیاوە کە دیتیان ئەو وەخۆ هاتەوە، چەند خۆشحاڵ بوون،

هەستیکرد هەردووکیان باوەشیان پێدا کردووەو هێندە بە سۆزو میهرەوە ماچی دەکەن و بە دەوریا دێن، کە ڕوندک بە چاویا هاتە خوارەوە. ئایا بریندار بوو یان نەخۆش بوو؟

نەخێر، ئەمە زادەی ماندوویەتی بوو: بۆ ماوەیەکی زۆر بە تین و تاوەوە کاری کردبوو. لە شوێنەکەی جاران نەمابوو. لە کاتێکا پاڵکەوتبوو و لە خۆ چووبوو، دەنگی تەقەو تۆپباران توندتر بووبوو، شەڕڤانەکان بە هەڵەداوان لە سەنگەرەکانی قۆڵی گۆڕستانەکەوە بۆ ئێرە هاتبوون. کورتەڵە و ڕۆژنامەڤانە کوێرە موشەکە، ناچار بۆ ئەو گۆشەیەی شەقامەکەیان هێنابوو، تا نەکەوێتە ژێر دەست و پێوە. بەڵام سەربازەکان نەیان توانی بوو لە سەنگەر ومەتەرێزەکانی جادەی (ساو جواو) بپەڕنەوە. ئەو شەڕڤانانەی کە لە سەنگەرەکانی قۆڵی گۆڕستانەکەوە هەڵاتبوون، لە گەڵ زۆرێک لەوانەدا کە لە کڵێساکەوە هاتبوون، بەریان لە سەربازەکان گرتبوو، نەیان هێشتبوو پێشڕەوی بکەن.

جورما، گوێی لە ڕۆژنامەڤانەکە بوو کە دەیگوت خۆشی دەوێت، ڕێک لەم ساتەدا دنیا تەقییەوە، ژێر و ژوور بوو، گەرد و تۆز چاو و کەپووی جورمای پڕ کرد، هەستی کرد بەرز بووەوە و کەوتەوە سەر ئەرزەکە، کورتەڵە و ڕۆژنامەڤانەکە، بای تەقینەوەکە هەڵیدابوون و بەسەر ئەوا کەوتبوون. بەڵام جورما نەدەترسا، خۆی لە ژێر ئەوانا کۆکردەوە، هەوڵیدا قسەیەک بدۆزێتەوە تا لە سەلامەتی ئەوان دڵنیا ببێت. بەڵێ هیچ نەبوو، سەلامەت بوون، بە هۆی ئەو دار و بەرد و شتانەوە کە لە کاتی تەقینەوەکەدا بە سەریانا داباری بوو، گیانیان کەمێک ڕوشابوو.

هاوارێکی شپرزە، ترس ئامێز، نامەفهوم، لە تاریکی شەوەکەدا دەنگی دایەوە. کابرای چاو پڕوش و کورتەڵە، بە هانایەوە چوون و دایان نیشاند، هەر سێکیان لەوێندەر مانەوە، خۆیان دایە پاڵ ئەو تاقە دیوارەی کە هێشتا لەو سووچەدا بە پێوە مابوو. چ بوو؟ چ قەوما بوو؟

ئیدی هەر تاپۆ بوو و بەدەم هاوارێن پڕ ترسەوە، بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن. بەڵام ئەوەی بە لای جورماوە، کە لاقی هەڵبڕی بوو و سەری نابوو بە سەر شانی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەوە، غەریب بوو، ئەوە بوو کە لە گەرمەی ئەو هەراو هەنگامە و هاوار وگریە وگریانەدا، گوێی لە قاقای پێکەنین دەبوو، گوێی لە ئاوازی سروودێکی سوپایی دەبوو کە سەدان کەس پێکەوەو بە یەک دەنگ دەیانگوتەوە.

کورتەڵە گوتی: " کڵێساکەی سانتو ئانتونیویە. لێیان داوە، وێرانیان کردووە، دەوریان گرتووە."

جورما، لە بەر تریفەی زەردی مانگەکە، کە بەرەبەرە بە هۆی ئەو شنە بایەوە کە لە سەر ڕوبارەکەوە دەهات، لە پشت دووکەڵەکەوە، وەدەر دەکەوت، تارمایی پەرستگەکەی مەسیحی موبارەکی بە ئەستەم بەدی دەکرد، بەڵام نە بورجەکەی زەنگی کڵێساکەی سانتوئانتونیوی دەبینی و نە سەربانەکەی. کەواتە ئەو دەنگە ترسناکە لەوێندەرەوە بەرز بووبووەوە. هات و هاوارەکە، هی ئەو خەڵکانە بوو کە لە گەڵ دارڕوخانی کڵێساکەدا کەوتبوون، کەوتبوونە ژێر دار و پەردووەکانەوە. بەڵام هێشتا نیوە گیانێکیان تیا مابوو. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە کە دەستی لە قەدی جورما هاڵاندبوو، پڕ بە زار هاواری دەکردو پرسیاری دەکرد، چ قەوماوە، ئەم قاقا و سروودخوانیە چییە؟ کورتەڵە وەڵامی دایەوە ئەمە سەربازەکانن کە لە خۆشیا لە پێستی خۆ ناهێورن. سەربازەکان! سەربازەکان هاوار دەکەن و سروود دەڵێن! چۆن بەم ڕادەیە نزیک بوونەتەوە؟

دەنگی هورای سەرکەوتن لە گوێی جورمادا تێکەڵ بە هاوار ونالە بووبوو، دەتگوت لە جێیەکی نزیکترەوە دێتە گوێ. لەوبەری ئەو سەنگەرەوە کە جورما بەشداری لە دروستکردنیا کردبوو، ژمارەیەک سەرباز دەخولانەوە، سروودیان دەگوت، چیوای نەمابوو، بگەنە ئەو سووچەی کە ئەمان، هەر سێکیان خۆیان تیا مات دابوو، تەنیا چەند شەقاوێکیان لە بەیندا مابوو. جورما، دەستی دوعاخوانی بەرز کردەوە: " خودایە، کارێ بکە هەر سێکمان پێکەوە بمرین."

ئەوەی سەیر بوو، ڕوخانی سانتو ئانتونیو، لە بری ئەوەی ئاگری شەڕەکە خۆش بکات، وەکو ئەوە بوو جۆرە کپیەکی بە شەڕەکە دابێ و خاوی کردبێتەوە. ئەمان بێئەوەی لە جێی خۆیان بجولێن، گوێیان لێبوو کە هات و هاواری بە ئازارو نالە ونەعرەتەی سەرکەوتن بەرەبەرە خاو دەبووەوە، ئارامیەک باڵی بە سەر دنیادا دەکێشا کە دەمێک بوو، ئەو جۆرە ئارامیە لە ئارادا نەبوو. نە دەنگی گوللە دەهات نە ڕمبەی تۆپ، تەنیا لێرە و لەوێ دەنگی ناڵین وئاخین دەهات. لەوە دەچوو لایەنە شەڕکەرەکان، ئاگربەستیان ڕاگەیاندبێ تا پشوویەک بدەن. هەندێجار وای دەهاتە خەیاڵ کە خەوی لێکەوتبێ، کە بێدار دەبووەوە نەیدەزانی ئاخۆ چرکەیەک خەوتووە یان سەعاتێک. هەموو جارێکیش خۆی لە هەمان پەنا و لە نێوان ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە و کورتەڵەدا دەبینییەوە.

جارێک چاوی بە شەڕڤانێکی گاردی کاتولیک کەوت کە بە لای ئەواندا ڕەت بوو. ئەم پیاوە عەودالی چی بوو؟ بابە یواکیم داوای کردبوون. ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە بن لێوانەوە گوتی: " پێمگوت کە تۆ ناتوانی بجولێی." دوای کەمێک قەشەکەی کومبی بە هەشتاو و بە ناو تاریکیەکەدا هات. جورما گوێی لێبوو بە ڕاوێژێکی غەریب دەیگوت: "بۆ نەهاتن؟" جورما لە دڵی خۆیدا گوتی: "پاجو."

جورما گوێی لە ڕۆژنامەڤانەکە بوو کە وەڵامی دایەوە: "جورما ماندووە، چەند جارێک بورایەوە."

بابە یواکیم، بە هەمان ڕاوێژی غەریب و بێهیچ تووڕەییەک، بەڵام بەوپەڕی نائومێدی و خەمناکییەوە گوتی: " کەواتە دەبێ لێرە بمێنێتەوە. ئێوە هەردووکتان لە گەڵ مندا وەرن."

گوێی لێبوو ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە لە بن لێوانەوە گوتی: "جورما لێرە بمێنێتەوە؟" وهەستیکرد کابرا هەستاوەتە سەر پێیان وئازای بەدەنی گرژ بووە.

قەشەکە هاواریکرد: "بێدەنگ بە. مەگەر تۆ نەبووی کە دەپاڕایتەوە لێرە بڕۆیت؟ دەی ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، بۆت نییە یەک قسەش بکەی. دەی، هەردووکتان بکەونە ڕێ."

بابە یواکیم کەوتە ڕێ. جورما یەکەم کەس بوو هەستایە سەر پێ، هێزی وەبەر خۆی نا، بەمە کۆتایی بە ورتە ورتەکەی ڕۆژنامەڤانەکە هێنا: "ئاخر جورما ناتوانێ... من... من..." و پێی نیشاندا کە لە ڕاستیا دەتوانێ، بە ڕاستیش هەستایە سەر پێیان و لە دوای قەشەکەوە کەوتە ڕێ. دوای کەمێک کەوتە غاردان، ڕۆژنامەڤانەکە و کورتەڵە هەر یەکە دەستێکیان گرت وبە ناو وێرانەکانی کڵێسای سانتوئانتونیو وکوژراو وبریندارەکاندا تێدەپەڕین، جورما هێشتا باوەڕی بەو شتانە نەدەکرد، کە بیستبوونی.

سەیری کرد، یارۆی قەشە بۆ خەڵوەتخانەکەیان دەبات، بە نێو ونگە هەزار توێیەکانی سەنگەر و مەتەرێزەکاندا، کە پڕ بوون لە چەکدار، تێپەڕین. دەرگایەک کرایەوە، جورما لە بەر ڕۆشنایی چرایەکی نەوتیدا (پاجو) ی بینی. دیار بوو ناوی پاجوی بردبوو و دابووی بە گوێی ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکەدا، کە یەکسەر دووچاری نۆرە پژمینێکی ئەوتۆ بوو کە لوولی کرد. بەڵام کە بابە یواکیم بۆ ئێرەی هێنابوون لە سەر داوای پاجو نەبووبوو،

چونکە پاجو، هەر ئاوڕیشی لێنەدانەوە. ئەوان لە ژووری موریدە ژنەکاندا بوون، کە وەکو ژووری چاوەڕوانی بوو ودیوار بە دیواری ژوورەکەی مورشیدەوە بوو، جورما لە درزی دیوارەکەوە کە لە تەختە و دیرەک دروستکرابوو، ژنانی کۆرسی سروودخوانان و ماریا کوادرادوی بینی کە چۆکیان دادابوو، هەروەها لا ڕوومەتی چکۆلەی موبارەک وشێرۆی ناتوباشی دەبینی. جگە لە پاجو، ئانتونیو وهونوریو فیلانوڤاو خوشکانی ساردلینیاش، لەو ژوورە چکۆلەیەدا، لە ژووری چاوەڕوانیەکەدا بوون. شتێکی نائاسایی، نامەفهوم، وەکو دەنگ و ڕاوێژی بابە یواکیم، بە سەر و سیمای هەموویانەوە دیاربوو. پاجو بێ گوێدان بە هاتنی ئەوان، بێ گوێدان بە ئامادە بوونی ئەوان، سەرگەرمی قسان بوو دەگەڵ ئانتونیو فیلانوڤادا، هەوەڵجار گوێیان لە دەنگی تەقە، هەراو زەنای سەربازەکان دەبوو، بەڵام نەدەبوو جارێ بجولێن، دەبوا چاوەڕوانی دەنگی شاور وفیتفیتوکەکان بن و ئەوسا… بکەونە خۆ، ڕاپەڕن و وەکو ڕێوی بۆی دەربچن. پاجو بێدەنگ بوو، ئانتونیو فیلانوڤا، بە کەسەرەوە سەری لەقاند. پاجو، دووبارە دەستی بە قسان کردەوە: "بە هیچ جۆرێ لە غاردان نەوەستنەوە ها. تەنانەت ئەگەر یەکێکتانیش کەوت، نابێ بوەستن بۆ ئەوەی هەڵی بسێننەوە. نابێ بگەڕێنەوە سەری، ئیدی هەموو شتێک وەستاوەتە سەر ئەمە و ئیرادەی خوا. ئەگەر پێش ئەوەی سەگەکان پێیان بزانن، بگەنە ڕوبارەکە ئیدی ڕزگار دەبن. بەلای کەمەوە دەرفەتی ڕزگاربوونتان دەبێت."

ئانتونیو فیلانوڤا، بەدەم ناڵینەوە گوتی: "بەڵام تۆ هیچ دەرفەتێکی دەربازبوونت نابێ… نە تۆ و نە هیچ یەکێک لەوانەی لە گەڵتا دێن بۆ سەر ئوردوی سەگەکان." خەریک بوو دەگریا، باسکی پاجوی گرت، لێی پاڕایەوە: "من نامەوێ لە بیلومونتە وەدەر بکەوم، بەتایبەتی ئەگەر ئەمە ببێتە مایەی تیاچوونی تۆ، ئێرە زیاتر پێویستی بە تۆیە تا من. پاجو، پاجو!"

پاجو، بە بێزاریەوە باسکی لە دەستی ئانتونیو دەرهێنا و بە کورتی گوتی: " دەبێ بەر لە سپێدە، پێش ئەوەی دنیا ڕوناک ببێتەوە ئەم کارە جێبەجێ بکرێت، کە دنیا روناک بووەوە کار لە کار دەترازێ و هیچت پێناکرێت."

هەنگێ ئاوڕی لە جورما، پیاوە چاو پروشەکە و کورتەڵە دایەوە کە وەکو بت لە جێی خۆیان وەستابوون. وەکو ئەوەی ڕووی دەمی لە یەکێک بێ، کە لەوانەوە دیار نەبێ و گوتی: " ئێوەش دەبێ لێرە بڕۆن، چونکە ئەوە خواستی مورشیدە. هەوەڵجار بە ڕیز وبە ماتە مات بۆ فازندا فلیا بڕۆن. ئیدی دەبێ لە شوێنێکا، کە نەوجەوانێک نیشانتانی دەدات، چاوەڕوانی شاور وفیتفیتۆکە بن. ئەوسا بەپەلە بە ناو ئۆردەکەدا ڕەت دەبن و خۆ دەگەیەننە ڕوبارەکە… هەنگێ بە ئومێدی خوا بە سەلامەتی دەپەڕنەوە.

بێدەنگ دەبێ، تەمەشایەکی کابرای کوێرە موشە دەکات کە باسکی لە قەدی جورما وەرێناوەو وەکو بی ناو ئاو دەلەرزێ، پاجو، بە هەمان ڕاوێژ بەویش دەڵێت: " ئێستا بپژمە، نەک ئەوسا، نەک ئەو کاتەی لە چاوەڕوانی شاورەکەدا دەبیت. ئەگەر هەنگێ بپژمی، بە خەنجەران داتدەدرون. ماقوول نییە بە بۆنەی پژمە پژمی تۆوە هەموو ئەمانە بێنە گرتن. سوپاس و ستایش بۆ مەسیحی موبارەک مورشید."

***

وەختایەک سەرباز کولوز، گوێی لە دەنگی ئەوان دەبێ، خەون بە موڕاسیلەکەی نەقیب ئولیڤراوە دەبینێ، ئەم موڕاسیلە کوڕێکی سپیکەلەیە، کە ماوەیەکە کولوز دەورو خولی دەدا، ئەم بەیانیە بینی بووی کە لە پشت کەڵە

بەردەکانی نزیک ڕوباری (فازا – پاریس) وە خۆی هەڵکردبوو، دانیشتبوو و دەستی بە ئاو دەگەیاند، وێنەی ئەو سمت و کەفەڵە سپی و سۆڵە سەر مۆرە، بە جۆرێ لە یادگەیدا نەخش دەبێت، کە لە خەو ڕادەپەڕێ.

وێنەکە ئەوەندە ڕوون و بەرجەستە و زندووە، کە وانێکەکەی کولوز، ڕەپ دەبێ و لە ژێر پانتۆڵەکەیەوە بەرز دەبێتەوە، لە خەو هەڵیدەسەنێ. بە جۆرێ ئارەزووی هەستاوە کە وەختایەک گوێی لە دەنگە نزیکەکان دەبێ، وێڕای ئەوەی دەزانێ کە ئەمە دەنگی خاینانە نەک دەنگی نیشتمانپەروەران، کە چی لە جیاتی پڕ بداتە تفەنگەکەی، خێرا دوگمەی پانتۆڵەکەی دەکاتەوەو بە یادی سمت وکەفەڵی سپی وسۆڵی موڕاسیلەکەی نەقیب ئولیفیراوە، دەکەوێتە دەستپەڕ لێدان. لە ناکاوا وەخۆ دێتەوە کە لەم دەشتە پان و بەرینەدا بە تاقی تەنیایە ودژمن زۆر لێوەی نزیکە، ئیدی بە تەواوەتی خەبەری دەبێتەوە، ئازای ئەندامی ڕەق بووە. دڵی دەکەوێتە لێدان، خەریکە لە سینگیەوە دێتە دەرێ. لیوپولدینیو چی بەسەر هاتووە؟ لیوپولدینویان کوشتووە؟ کوشتوویانە: نها لە لای عەیانە کە ئەو پاسەوانە تەنانەت فریا نەکەوتووە کە هاوارێ لەم بکات و خەبەری بکاتەوە، تەنانەت بەوەی نەزانیوە کە دەیکوژن. لیوپولیدینیو، ئەو سەربازەیە، کە لە گەڵ کولوزدا لەم دەشتە چۆڵەدا، کە ئافاڤیلا لە ڕوباری ( فازا – پاریس ) جیا دەکاتەوە ئێشکگری دەکرد، کە کەتیبەی پیادەی پێنجەم لێرەدا ئۆردوبەرزی کردبوو، ئەو دۆستە باشە بوو، کە بە نۆرە لە گەڵ ئەودا ئێشکی دەگرت و بەوە زەحمەتی ئێشکی شەوانەی لە سەر شان سووک کردبوو.

سەردەستەکەیان دەڵێت: "تا دەتوانن هەراو زەنا بکەن، تا دژمن وابزانن ژمارەمان زۆرە، سەریان لێ بشێوێنن تا نەزانن ئاخۆ دێن یان دەڕۆن و تا فریا نەکەون، تەمەشای سەمتی ڕوبارەکە بکەن و هەر بیریشی لێنەکەنەوە."

دەنگێکی دی دەڵێت: "بە گوتەیەکی دی پاجو، مەبەستت ئەوەیە هەراو زەنای ڕاستەقینە بنەینەوە؟"

کولوز، دەبیرەوە دەچێت: "پاجو!" کەواتە پاجو لێرەیە، کولوز لەو بیابانە کاکی بە کاکیەدا ڕاکشاوە، چوار دەوری شەڕڤانانە، هەرکە پێی بزانن، بێ چەند وچوون دەیکوژن. بەڵام وەختایەک دەزانێ، یەکێک لە سەرسەخترین چەتە و ڕێگرەکانی کانودوس لە نێو ئەو تاپۆیانەی دەوربەریا وەستاوە، یانی دەکاتە باشترین دەرفەت بۆ وەرگرتنی خەڵاتێکی گەورە، بە جۆرێ جۆش و خرۆشی تێدەکەوێ، کە چیوای نامێنێ هەستێت و دەست بداتە تفەنگەکەی و ئەو دێوە دڕندەیە بکات بە قوربانی گوللەیەک. بەم کارە دەبێتە مایەی دڵبەندی و ڕێزی هەمووان، لە عەقید مدیروسەوە تا دەگاتە جەنەڕاڵ ئوسکار. هەنگێ پلەی عەریفی دەدەنێ کە لە مێژە خەوی پێوە دەبینێ. لە مێژ بوو لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا بوو، دەمێ بوو، شایانی پلەی عەریفی بوو، بەڵام بەرپرسەکانی بەو بیانووە سەخیفەوە، کە گوایە زۆرجار بەو حاڵەوە گیرابوو گوایە دەور و خولی، سەربازانی منداڵکار و تازەی داوە، تا بابە لیزارد گوتەنی " فیعلە قێزەونەکەیان" لە گەڵدا بکات، ئیدی لە بەر ئەم فیعلەی، پلەکەیان دواخستبوو. سەری وەردەگێڕێ، لەبەر ڕوناکی شەوە ساماڵەکەدا چاو دەگێڕێ، تاپۆیەکان دەبینێ، بیست سی نەفەرێک دەبن. چۆنە پێیان پێدا نەناوە؟ چ پەرجویەک کوێرایی داهێناون کە ئەو نەبینن؟ چاو دەگێڕێ، هەوڵدەدا زامە بە نێو بانگەکە بە سەر ڕوخساری یەکێک لەو تاپۆیانەوە بەدی بکات. بێگومان ئەوەی قسە دەکات پاجویە، خەریکە بە شەڕڤانەکان دەڵێت لە جیاتی تەقە کردن، لوولە دینامیتەکان هەڵبدەن، چونکە ئەمە هەراو هەنگامەی زیاتر دەنێتەوە، دووبارە هەموویان ئاگادار دەکاتەوە کە تا ئەو شاور لێنەدات، کەس شاور لێنەدات. گوێی لێدەبێ کە خاترخوازیان (خواحافیزی) لێدەکات، بەڵام خاترخوازیەک  کە کولوز دێنێتە پێکەنین: سوپاس

و ستایش بۆ مەسیحی موبارەک مورشید. دەستەی شەڕڤانەکان لە تاریکیەکەدا بڵاوەی لێدەکەن وبەرەو ئوردوی کەتیبەکە دەڕۆن و لە چاو ون دەبن.

لەوەی پتر ماتەڵ نابێت، بە هەر گیانەسەرییەک بووە ڕادەبێ، تفەنگەکەی هەڵدەگرێت، سواری دەکات، ڕوو لەو سەمتەی شەڕڤانەکان بۆی دەڕۆن نیشانە دەگرێتەوەو تەقە دەکات. بەڵام پەلەپیتکەکە ناچرکێ، هەرچەندە بە هەموو هێزی خۆیەوە پلی پێدا دەنێ، بەڵام نەچرکاوەو ناچرکێ. جنێو دەدات، تف دەکات، لە سوێی کوژرانی هاوڕێکەیدا تووڕە دەبێ، ئازای دەلەرزێ، لە بن لێوانەوە دەڵێت: "لیوپولدینیو، لەوێی؟ " دووبارە میل دێنێتەوە، دیسان هەوڵدەدات تەقە بکات تا سەربازگەکەی خۆیان ئاگادار بکاتەوە. تفەنگەکەی تەکان دەدات، بەڵکو کار بکات، هەوڵدەدات تفەنگەکەی تێ بگەیەنێ کە ئێستا کاتی وەستان و گیربوون نییە، ڕێک لەم کاتەدا دەنگی چەند تەقینەوەیەک بەرزدەبێتەوە. عەمرت نەمێنێ، گەیینە سەربازگەکە. ئەمە هەڵەو خەتای ئەوە. خەریکە لوولە دینامیت هەڵدەدەن، تا هاوڕێکانی لە خەوا بکوژن. هەی نەحلەتی: حەرامزادینەی، زۆڵینە، خەریکن هەموو هاوڕێکانی دەکوژن. هەمووی خەتای ئەمە.

شێت وهار بووە، نازانێ چ بکات. چۆن ئەمانە توانیویانە بگەنە ئێرەو کەس پێیان نەحەسێت؟ هۆیەکەی – بێگومان – لە بەر ئەوەیە پاجویان لە گەڵە، لە کانودوسەوە دەرچوون، بەناو سەنگەری نیشتمانپەروەرەکاندا دەرباز بوون، تا لە پشتەوە هێرشی سەر ئوردوگاکە بکەن. ئاخر پاجو، بە چ پشتیوانیەکەوە، بە بیست سی شەڕڤانەوە هێرشی سەر سەربازگەیەکی پێنج سەد نەفەری دەکات؟ لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کەتیبەی پیادەی پێنجەمدا، خەڵکی بەملا و بەولادا غار دەدەن، دەنگی تەقە و ڕمبەی تۆپان لە هەموو لایەکەوە دێ. کولوز تیا ماوە، خۆشی نازانێ چی بەسەر دێت؟ باشە کە لێی بپرسن بۆچی ئیشارەتی نەداوە، بۆ تەقەیەکی نەکردووە، چما هاوارێکی نەکردووە، یان بۆچی کە لیوپولیدینیو کوژراوە، هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە؟ کێ بە دادیا دەگەیی و لە حەپس و تێهەڵدان و ترۆکردن و لە کاردەرکردن، دەربازی دەکرد؟

بە توندی وتووڕەیی دەکێشێت بە تفەنگەکەیدا، گوللەکە دەردەپەڕێ، گوللەکە بە بەر لووتیا دەردەچێت، بارووتی گەرم بە سەر وچاویا دەپرژێ، خۆشحاڵ دەبێ کە تفەنگەکەی دەکەوێتەوە کار، هەمان گەشبینییە هەمیشەییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. ئاخر ئەو بە پێچەوانەی هەموو سەربازەکانی دیکەوە، بە درێژایی ئەم چەند مانگە هەرگیز نەترەی بەر نەدابوو، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە سەربازەکان بە کۆمەڵ دەکوژران و برسیەتی تەنگی پێ هەڵدەچنین، نەترەی بەر نەدەدا. بە بێئەوەی بزانێ چ دەکات، بەو بیابانە کاکی بە کاکیەدا، بەرەو ئەو ئاهەنگە خوێنینە پێ وە غارێوە دەنێ کە شەڕڤانەکان بەرپایان کردبوو. چوار فیشەکی پێ مابوو، هەر چواریان بە ئاسماندا دەتەقێنێ. لە دڵی خۆیدا دەڵێت، لوولەی داغی تفەنگەکەی دەبێتە بەڵگە کە لە خەوا نەبووەو شەڕی کردووە. سەرە سمێک دەدات و بە سەرا دەکەوێ، دەڵێت: " لیوپولدینیو؟ لیوپولدینیو؟ " دەست بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەگێڕێت.

بەڵێ، خۆیەتی، لیوپولدینیویە. دەستی پێدا دەگێڕێ، تەکانی دەدات. هەی زۆڵینە. هەست بە تامی ڕشانەوە لە دەمیا دەکات. جڵەوی خۆی دەگرێت تا نەڕشێتەوە. خەنجەرێکیان بە ملیا کردووە وەکو چۆن بەرخێک سەر دەبڕدرێ، بەو ئاوایە سەریان بڕیوە. وەختایەک، دەست دەخاتە ژێر هەنگڵی جەنازەکە تا هەڵی ببڕێ، سەری وەکو سەری بووکەڵە بە لایەکا شۆڕ دەبێتەوە. دەڵێت: " هەی حەرامزادینەی بێ بەزەیی، دڕندەینە" هێشتاش داخ و کەسەری کوژرانی هاوڕێکەی بەری نەدابوو کە بیری لەمە کردەوە ئەگەر جەنازەکەی بە کۆڵیا بدات و بۆ

سەربازگەکەی بەرێتەوە، هەنگێ نەقیب ئولیڤیرا باوەڕ دەکات کە لە کاتی چوونی چەتەکاندا لە خەوا نەماوە و بەرەڤانی وشەڕی کردووە. جەنازەکە بە کۆڵیا دەدات وبە لەقە لەق و بەو تاریکیە دەکەوێتە ڕێ. لە ناو جەرگەی ئەو تەق و تۆق و هات و هاوارەوە کە لە سەربازگەکەوە بەرزدەبێتەوە، گوێی لە دەنگێکی تیژ دەبێ کە لە دەنگی تەیرێکی غەریب دەچێت، زنجیرەیەک دەنگی دی بە دوودا دێ. دەنگی شاورانە، دەبێ چییان لە ژێر سەردا بێ؟ چما ئەم خاینە تووندڕەوانە دەڕژێنە ناو ئوردوەکە و لوولە دینامیتان دەتەقێننەوە وئەوسا یەکسەرو شێتانە دەکەوتە شاور لێدان؟ لە ژێر باری جەنازەکەی لیوپولدینیو دا، لارە لاری پێدەکەوێ، بیر لەوە دەکاتەوە چۆنە، کەمێک بوەستێ و سووکە پشوویەک بدات.

وەختایەک لە چادرەکان نزیک دەبێتەوە، سەری لەو هەراو هەنگامەیەی نێو سەربازگەکە سوڕدەمێنێ: سەربازەکان کە لە دەنگی تەقینەوەکان لە خەو ڕاپەڕیون، کوێرانە بە هەموو لایەکا تەقە دەکەن، هاواری ئەفسەرەکان کە گەرەکیانە ڕەوشەکە کۆنترۆڵ بکەن، بە هیچ ناچێ، کەس گوێیان لێناگرێ. لەو کاتەدا لیوپولدینیو، تەکانێ دەدات. کولوز، بە جۆرێ ڕادەچڵەکێ کە جەنازەکە دەدا بە عاردیدا و بە خۆیشی لە لایەوە دەکەوێ. نا، زندوو نییە. کە گێل و کەرە! ئەمە کاردانەوەی ئەو گوللەیە بوو کە بەر جەنازەکە کەوتبوو. کولوز دەبیرەوە دەچێ: " ئەمە جاری دووەمە کە ئەمشەو فریام کەوتیت و گیانت ڕزگار کردم لیوپولدینیو." دوور نەبوو ئەو خەنجەرە بە ملی ئەمدا کرابا، یان ئەم گوللەیە بەر ئەم کەوتبا.

"مەمنوونم لیوپولدینیو!" لە سەر ئەرزەکە ڕادەکشێت، دەبیرەوە دەچێ، دوور نییە بە گوللەی سەربازانی کەتیبەکەی خۆی بکوژرێ، لە ناخا تووڕە دەبێت و لە فکران ڕادەچێ، چ بکات هەر لێرە بمێنێتەوەو چاوەڕوان بکات تا تەقە دەوەستێ، یان بە هەر جۆرێ بووە، خۆی بگەیەنێتە چادرەکان.

هێشتا لە جێی خۆی ڕاکشاوەو لە بیری ئەوەدایە چ بکات، لە ناکاوا، لە تاریکی قەدپاڵی ئەو شاخەوە، کە خەریکە وردە وردە ڕوناک دەبێتەوە دوو تاپۆیان بەدی دەکات کە بەرەو ئەم دێن. چیوای نەماوە هاوار بکات: " ئەی هاوار، فریام بکەون."

بەڵام لە ناکاوا بیرۆکەیەک، دەنگەکەی لە ئەوکیا خەفە دەکات. چاو زەق دەکاتەوە تا بزانێ ئەو دووانە جلکی عەسکەریان لەبەرە یان نا، ئەوەندە چاو زەق دەکاتەوە کە دەسوتێنەوە، بەڵام ڕوناکیەکە بایی ئەوە نییە، کە بە تەواوی فەرقیان بکات. تفەنگەکەی لە شانی داگرت، خەشابێکی تازەی لە کۆڵەپشتیەکەی دەرهێنا، دەیخاتە سەر تفەنگەکەی، سواری دەکات، دوو زەلامەکە دەگەنە دیار سەری، شتاقیان سەرباز نین. لەو مەودا لە نزیکەوە تەقە لەوەیان دەکات کە باشتر دەبینرێ، لە گەڵ تەقەکەدا هاوارێکی حەیوانی لە کابرا بەرزدەبێتەوەو لە ئەرزەکە تەخت دەبێت، ئەوسا تفەنگەکەی دەوەستێ، چەند جارێک پل بە پەلەپیتکەکەیەوە دەنێ و گوشاری لێدەکات، فایدەی نییە ونییە.

جنێوێک دەدات، خێرا جێگاکەی دەگۆڕێ، لە هەمان کاتدا تفەنگەکەی بە هەر دوو دەست بەرزدەکاتەوە، دوای یەک چرکە دوو دڵی، خۆی بە شەڕڤانی دووەما دەدات. کولوز لە شەڕی دەستەویەخەدا کارامەیە، لە هەموو ئەو پێشبڕکێیانەدا کە نەقیب ئولیفیرا سازی دەکرد، هەر براوە بوو. هەست بە هەناسەی گەرمی کابرا دەکات کە لە ژێرییەوە دەچێ بە سەر و چاوی ئەمدا، هەست بە سەری دەکات کە بەمیا دەکێشێت، بەڵام کولوز، هۆشی لای شوێنە دەست بە سەری دەکات کە بەمیا دەکێشێت، بەڵام کولوز، هۆشی لە لای شوێنە هەستیارەکانی حەریفەکەیەتی، دەست بۆ هەر دوو باسک ودەستەکانی دەگێرێت، دەزانێ کەللە وەشاندنەکەی خەتەر نییە،

هەرچەندە لە جەزرەبەی کوتەکێکی کوشندە دەچێ، بەڵام کوشندە نییە. خەتەر لەو کێردەدایە کە بە دەستیەوەیە. ڕێک لەو کاتەدا کە مەچەکی کابرای دەدۆزێتەوەو توونددەیگرێت، گوێی لە دەنگی دڕانی پانتۆڵەکەی دەبێت و دەمی تیژی کێردێک دەچێ بە ڕانیا. لە کاتێکا " کولوز" ش بە کەللە بەر دەبێتە حەریفەکەی، گازی لێدەگرێ و جوێنی دەداتێ و بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە هەوڵدەدا کابرا لە خۆی دووربخاتەوە، ئەو دەستە بشکێنێتەوە کە کێردەکەی پێیە. دروست نازانێ ئەو کێشماکێشە چەند چرکە یان خولەک یان سەعات درێژەی کێشا، لێ لە ناکاوا هەستدەکات، کە هێرش و پەلامارەکانی کابرای نەیاری سووکتر بووە، نەترەی بەرداوە، ئەو دەستەی توووند ئەمی گرتبوو سست بووەو خاو دەبێتەوە. کولوز، تفێکی لێدەکات: "بە گان چووی، مردووی، تەواو بووی هەی ناپاک." بەڵێ، کابرای شەڕڤان هەرچەندە هێشتا هەر دەست و کەللە و لەقەی دەوەشاند، بەڵام تەواو خاو دەبووەوە. ئەنجام کولوز، هەستدەکات دەستەکانی ئازاد بوون، هەڵدەستێتە سەر پێیان، دەست دەداتە تفەنگەکەی، بەرزی دەکاتەوە، چیوای نەماوە قەمەکەی(سونگی) بکا بە ورگی کابرادا و خۆی بە سەریا بدات، کە لەبەر هەوەڵین تیشکی ڕۆژا، دەم وچاوە ئاوسا و وبە کۆنە زامەکەی دەبینێ. کولوز لە کاتێکا قەمەکەی بەرز کردووەتەوە لە فکران ڕادەچێ: " پاجویە." خێرا خێرا چاو دەتروکێنێ، هەناسە لە سەر هەناسە هەڵدەکێشێت، دەیەوێ هەوا هەڵکێشێ، چیوای نەماوە سینگی بتەقێ، هاوار دەکات: "پاجو! تۆ پاجوی؟" کابرا نەمردووە، چاوی کراوەن، تەمەشای ئەم دەکات. کولوز لە خۆشیا هاوار دەکات: "پاجو؟ یانی تۆ دیلی منیت؟ " شەڕڤانەکە هەرچەندە چاوی بڕیوەتە ئەو، بەڵام گوێ بە قسەکانی نادات. هەوڵدەدات کێردەکەی بەرز بکاتەوە. کولوز، لاق دەنێتە سەر سینگی و بە تەوس و تەشەرەوە دەڵێت: " هێشتا دەتەوێ بجەنگی؟ " نەخێر یارۆی حەریف گوێی پێنادات. وەک ئەوەی... " یان دەتەوێ خۆت بکوژی پاجو." کولوز پێدەکەنێ، بە شەقێک کێردەکە لە دەستی سست بووی کابرا دەپەڕێنێ. " ئەوە کاری تۆ نییە هەی خاین، لە دەستی تۆ دەرچووە، تازە بە دەستی ئێمەیە."

بە دیل گرتنی پاجو، کارێکی قارەمانانەیە، تەنانەت لە کوشتنی قارەمانانە ترە. کولوز چاو دەبڕێتە سەرو سیمای کابرا: دەم وچاوی ئاوساوە، ڕوشاوە، برینداربووە. بەڵام ئەمیش گوللەیەک بەرلاقی کەوتووە، پانتۆڵەکەی لە خوێنا هەڵکشاوە. کولوز باوەڕ ناکات ئەو پیاوەی بەو جۆرە لە بەر پێیدا کەوتووە پاجو بێ. بۆ شەڕڤانەکەی دی دەگەڕێ، لەو کاتەدا کە دەیبینێ لە ئەرزەکەدا کەوتووە و هەر دوو دەستی بە زگیەوە گرتووە، پێدەچێ هێشتا نەمردبێ، ڕێک لەو کاتەدا چاوی بە چەند سەربازێک دەکەوێ کە خەریکن بۆ لای ئەو دێن. بە هەڵچوونەوە ئاماژەیان بۆ دەکات: " ئەمە پاجویە! من پاجوم بە دیلی گرتووە!"

سەربازەکان، دوای ئەوەی دەست لە کابرا دەدەن، بۆنی دەکەن، لە سەراپای دەڕوانن، دوای ئەوەی یەک دوو نووکە شەقی تێ هەڵدەدەن، هەموویان دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە وا باشە بە زندوویەتی بۆ لای عەقید مدیروسی ببەن – سەربازەکان بە ڕاکێش ڕاکێش پاجو بۆ سەربازگەکە دەبەن. کولوز، پێشوازیەکی گەرمی گەرم دەکرێ. خێرا، هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە کە گوایە یەکێک لەو چەتانەی، کە هێرشیان بۆ ئەمان کردووە، کوشتووە و پاجوی بە دیلی گرتووە، ئیدی هەمووان دێن تا تەمەشای پاجو بکەن و دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە کولوز بکەن و دەست لە ملی بکەن. بە خۆشەویستیەوە گوێی ڕادەکێشن، زەمزەمیە ئاوەکانی خۆیانی بۆ ڕادەگرن، ملازمێک جگەرەکەی بۆ دادەگیرسێنێ. لەبن لێوانەوە دەڵێت بۆ تیاچوونی لیوپولدینیو بەداخە، بەڵام لەم کاتەدا گریانەکەی لە خۆشیدایە.

عەقید مدیروس دەیەوێ بیدینێت. وەختایەک کولوز دەگاتە بارەگای فەرماندەیی، وەکو ئەوەیە لە نێو خەو و بێداریدا بێ، تووڕە بوونەکەی دوێنێی عەقید مدیروسی هەر بیر نەمابوو – ئەو تووڕە بوونەی کە پڕ بوو لە هەڕەشە، سەرکۆنە کردن و جنێودان، کە تەنانەت مێجەرو ملازمەکانیش بە سەلامەتی لێی دەرنەچوون – تووڕە بوونەکەی عەقید لە سەر ئەوە بوو کە تیپی یەکەم لەو هێرشەی بەیانی ئەو ڕۆژەدا بەشداری نەکردبوو کە بە تەسەوری هەمووان، دەبوایە دوا هێرش بێ و نیشتمانپەروەرەکان، هەر هەموو ئەو ناوچانە بگرنەوە کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی خاینەکاندا بوون. وا بڵاو بووبووەوە کە عەقید مدیروس، دەگەڵ جەنەڕاڵ ئوسکارا بەشەڕ هاتبوو، کە گوایە ئەو نەیهێشتبوو تیپی یەکەم لە هێرشەکەدا بەشداری بکات. دەیانگوت وەختایەک عەقید مدیروس بیستبووی تیپی دووەم بە سەرکردایەتی عەقید گوفیا، سەنگەری خاینەکانی لە قوڵی گۆڕستانەکە گرتووە، لە حەژمەتاندا فینجانی قاوەکەی بە عاردیدا کێشابوو و ورد وخاشی کردبوو. هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەبوو، وەختایەک هێرشەکان بە سەدەمی کوشتاری زۆرو بەرەڤانی توندی دژمنەوە وەستابوو، عەقید مدیروس، وەکو ئەوەی بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕێ، لە هەوەڵی شەوەوە دەستی بە براندی خواردنەوە کردبوو.

بەلام کولوز، هەرکە پێ دەنێتە کوختەکەی عەقید مدیروسەوە، هەموو ئەو شتانەی بیر دەکەوێتەوە. دەم و چاوی فەرماندەی تیپی یەکەم لە تووڕەییدا سوور دەبێتەوە. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی کولوزەوە، نایەتە بەر دەرگا تا پێشوازی لێبکات، لە سەر تەپڵەکێک کە قەد و نوشت دەکرا، دانیشتبوو و جنێوی بە کەسێک دەدا. هاوار بە سەر کێدا دەکات؟ بە سەر پاجو؟ کولوز، لە بەینی ئەو ئەفسەرانەوە کە لە ژوورەکەدا وەستابوون دزە نیگایەک دەکات، ڕوخساری زەردی پاجو بە کۆنە برینەکەی سەر دەم و چاویەوە بەدی دەکات، کە لە بەر پێی عەقیدا درێژاودرێژ لە سەر ئەرزەکە کەوتبوو. نەمردووە، چاوەکانی نیوە کراوەن و کولوز کە هیچ کەسێک بایەخی پێ نادات و بە خۆیشی نازانێ چما بۆ ئێرە بانگ کراوە و پڕ بە دڵ حەز دەکات بە زووترین کات لێرە بڕوات. لە دڵی خۆیدا دەڵێت، بێگومان سەدەمی ئەم تووڕەیی و دەهری بوونەی عەقیدە، ئەو نیگا بێ پەراو و گۆساخانەیە کە لە چاوەکانی پاجودا بەدی دەکات. بەڵام نا، مەسەلەکە ئەمە نییە، بەڵکو هێرشی سەر سەربازگەکەیە: هەژدە کەس کوژراون.

عەقیدەکە، ددان دەکرۆژێ، هاوار دەکات: "هەژدە! هەژدە! "، " هەروەها سی بریندار! ئێمە لە تیپی یەکەما، لێرە لەم ڕۆژە نەحلەتیەدا کێر بتەقێنینەوەو تیپی دووەم لە شەڕا بێ، ئەوسا تۆ بە خۆت ودارو دەستە بێ سەروەرەکەتەوە، بێی بۆ ئێرە و کارێ بکەی کوژراوی ئێمە زۆر لە هی ئەوان زیاتر بێ."

کولوز، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " هاکا لە هوڕژنی گریانی دا. "

ترسی لێ نیشتووە نەبادا عەقید بۆی دەربکەوێ کە ئەم لە خەوا ماوە و چەتە و بێ سەر و بەرەکان دەرفەتیان هێناوە بێرەدا تێبپەڕن و ئەم هیچ هەواڵێکی نەداوە. ئەفسەرەکەی فەرماندەی یەک لە سەر تەپڵەکەکە ڕادەبێت و بە لەقە بەردەبێتە ئەرزەکە. سەر و کەللەی ئەفسەرکان بەرچاوی کولوز دەگرن و نایەڵن بەردەم خۆی بدینێ تا بزانێ مەسەلەکە چییە. بەڵام دوای کەمێک، دووبارە دەم و چاوی شەرڤانەکە دەبینێ. جێ زامە سوورەکەی زۆرتر بووە، هەموو دەم و چاوی گرتووەتەوە، ئەو دەم و چاوەی یەکپارچە تەپ و تۆزە. بەڵام چاوەکانی هێشتا هەر کراونەتەوە، بە هەمان نیگای بێ پەروا و بێ موبالاتەوە. چۆڕاوگە خوێنێکی باریک بە دەمیا دێتە خوارەوە.

کولوز، شمشێرێک بەدەستی عەقید مدیروسەوە دەبینێ، دڵنیایە کە بە نیازە جەزرەبەی ڕەحمەت بە پاجو بگەیەنێت. بەڵام عەقید تەنیا نووکی شمشێرەکەی دەخاتە سەر ملی پاجو. بێدەنگیەکی تەواو باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، هەمان هەیبەت و سامی ئەفسەرەکان بۆ (کولوز) ش سیرایەتی کرد.

سەرەنجام عەقید مدیروس هێور دەبێتەوە. دووبارە لە سەر تەپڵەکەکە دادەنیشێتەوە، شمشێرەکەی لە سەر کیفەکەی دادەنێت. بە تووڕەیی دەڵێت: " ئەگەر بتکوژم، مانای وایە چاکەیەکی گەورەم لە گەڵدا کردوویت، تۆ خیانەتت لە وڵاتی خۆت کردووە، هاوڵاتیانی خۆت کوشتووە، تاڵانیت کردووە، ڕاو ڕووتت کردووە، هەموو جۆرە تاوانێکت کردووە، هیچ سزایەک بارتەقای ئەو تاوانانە ناکاتەوە کە تۆ کردووتن."

کولوز لە دڵی خۆدا دەڵێت: "خۆ خەریکە پێدەکەنێ." بەڵێ، پاجو خەریکە پێدەکەنێ. سەری و ئەو تۆزقاڵە گۆشتەی بە جێگای لووتیەوە ماوەتەوە بەرز ڕاگرتووە، لێوەکانی کراونەتەوە، چاوەکانی دەبریسکێنەوەو لە هەمان کاتدا پێدەکەنێ.

عەقید مدیروس، بە کاوەخۆ دەڵێت: " بە قسەکانی من پێدەکەنی؟ "

بەڵام تۆزێک دواتر ڕاوێژی دەنگی دەگۆڕێت، چونکە ڕوخساری پاجو، لە ناکاوا وشک دەبێت. " دکتۆر معایەنەی بکە..."

نەقیب برناردو دا پونتە سانوزا، دەکەوێتە سەر چۆکان، گوێ دەنێ بە سینگی یارۆی چەتەوە، تەمەشای چاوەکانی دەکات، نەبزی دەگرێت.

کولوز، گوێی لە نەقیبەکە دەبێ کە دەڵێت: " مردووە قوربان. "

ڕەنگی عەقید مدیروس سپی هەڵدەگەڕێت.

دکتۆرەکە دەڵێت: " ئازای بەدەنی بووە بە بێژنگ، سەیرە بەو هەموو فیشەکەوە کە لە بەدەنیایە، تا ئێستا بەرگەی گرتووە و ماوە."

کولوز، دەبیرەوە دەچێت: "نها نۆرەی منە." چاوە چکۆلەو تیژ وسەوز و شینەکانی عەقید، لە نێو ئەفسەرەکانەوە لەو دەگەڕێ، دوور نییە، لە هەر ساتێکا ئەو پرسیارەی لێبکرێ کە زۆر لێی دەترسێت: " چما تەقەی ئاگادار کردنەوەت نەکرد؟" درۆیەک دەدۆزێتەوە، سوێند بە خوا، بە گیانی دایکی دەخوا کە تەقەی کردووە، هاواری کردووە. بەڵام چەند چرکەیەک دەبورێ و عەقید مدیروس، لە سەر تەپڵەکەکە دانیشووەو غەرقی تەمەشای جەنازەکەی کابرای چەتەیە کە لە دوا دەمی ژیاندا، تەوسخەنی بە ڕووی ئەمدا داوە.

گوێی لە نەقیب ئولیڤیرا دەبێ کە دەڵێت: " کولوز، لێرەیە ئەزبەنی." نها وەختیەتی. ئەفسەرکان لادەکەون، تا ڕێگەی بۆ بکەنەوە، کە بێتە بەردەم فەرماندەی لیوای یەکەم.

عەقید مدیروس تەمەشایەکی دەکات، هەڵدەستێتە سەر پێیان. کولوز، بەدەم دڵە خورپەوە، دەبینێ ڕوخساری عەقید سوور هەڵگەڕاوە، هەستدەکات، بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵدەدا زەردەخەنەیەکی بە ڕوودا بدات. ( کولوز) ش بە منەتباریەوە بەڕووی ئەوا پێدەکەنێ.

عەقید دەپرسێت: "یانی تۆ دەستگیرت کرد؟"

کولوز، ئامادە و خەبەردار دەوەستێ: " بەڵێ ئەزبەنی. "

مدیروس، بە توندی شمشێرەکەی خۆی بۆ کولوز درێژدەکات ودەڵێت: "هانێ کارەکەت تەواو بکە. هەر دوو چاوی دەربێنە، زمانی ببڕە. سەری ببڕە و تووڕی بدە ئەو دیو مەتەرێزەکانەوە، تا ئەو چەتانەی کە هێشتا ماوەن، بزانن چ چارەنووسێک چاوەڕوانیانە."

( ٦ )

وەختایەک ڕۆژنامەڤانە نزیکبینەکە ڕۆیی، بارۆن دی کانا براڤا، کە تا سەر جادەکە بەڕێی کردبوو، سەیری کرد دنیا لە دەرەوە تاریکی تاریک بووە. لە گەڕانەوەدا، لە بەر دەروازەی ساختمانەکەدا وەستا، ، پشتی بە دەرگا گەورەکەی پێشەوە دا، چاوەکانی نوقاندن، دەیویست هەر هەموو ئەو دیمەنە زبرو تێکڕژاوانە لە زەینی خۆدا بسڕێتەوە. خزمەتکارێک بە چرایەکی نەوتیەوە بە هەڵەداوان هات: ئایا ئاغا دەیەوێ شێوەکەی بۆ گەرم بکاتەوە؟ ئاغا گوتی نا، نایەوێ. پێش ئەوەی خزمەتکارەکە مەرەخەس بکات پرسی ئەستیلا شێوی خواردووە یان نا. بەڵێ، سەعاتێ لەوە پێش شامی کردو ئێستا لە ژوورەکەی خۆیەتی و ئیسراحەت دەکات.

بارۆن لە جیاتی ئەوەی بۆ ژوورەکەی ئەستیلا بڕوات کە لە نهۆمی سەرەوە بوو، وەکو کەسێک بەدەم خەوەوە ڕێ بکات، بەدەم گوێگرتنەوە لە دەنگی پێی خۆی، چوو بۆ ژووری کارەکەی خۆی. وشەکانی ئەو گفت وگۆیە دوور ودرێژە، کە تا بەلای ئەوەوەو لە ڕوانگەی ئەوەوە، نەک بۆنی دیالۆگی لێنەدەهات، بەڵکو وەکو دوو مەنەلۆگی جیاوازو هاوتەریب دەهاتە بەرچاو کە هەرگیز یەکیان نەدەگرتەوە. بەنیاز نەبوو جارێکی دیکە پەیامنێرە نزیکبینەکە ببینێ وقسەی لەگەڵ بکات. ڕێگەی نەدەدا دووبارە ئەو چیرۆک و واریقاتە ترسناکە بگێڕێتەوە، کە بیرەوەری لە نێوچوونی سەروەت و سامانەکەی، دەسەڵاتe سیاسییەکەی و هاوسەرەکەی لە لا زندوو بکاتەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی: " تەنیا ئەستیلا گرینگە، هەموو شتێک بە قوربانی ئەو بێ." بەڵێ دەیتوانی تەحەمولی هەموو زەرەر و زیانەکانی دیکە بکات و لە گەڵیا ڕابێ، بۆ باقیساڵەکانی دیکەی تەمەنی، ئەوپەڕی دە، پازدە ساڵی دی دەژیا، ئەوەندەی هەبوو وەکو جاران پێی بژی. خەمی ژیانی نەبوو، بە تایبەتی کە هیچ میراتگرێکی نەبوو تا خەمیان لێبخوات. سەبارەت بە دەسەڵاتە سیاسیەکەشی، کە بە باشی بیری لێدەکردەوە، خۆشحاڵ بوو بەوەی کە خۆی لە ژێر ئەو بارە قورسە ڕزگار کردبوو. سیاسەت بارێک بوو کە ئەو بەخۆی چووبووە ژێری، چونکە کەسی دی ئامادە نەبوو بچێتە ژێر ئەو بارەو بە هۆی غەباوەت ونابەرپرسیاریەتی یان گەندەڵی خەڵکانی دیکەوە بە ملی ئەودا هاتبوو، نەک لە بەر ئەوەی لە باری سایکۆلۆژیەوە حەزی لێدەکرد: سیاسەت هەمیشە بێزار وماندووی دەکرد، کارێکی گەوجانە بوو، مایەی نیگەرانی و داخ و کەسەر بوو، چونک لە هەر کارێکی دیکە پتر، پەردەی لە ڕووی کوێرەوەری وزەبوونی بەشەری هەڵدەماڵی. سەرباری ئەمە و ئەوەش، ژێراوژێر ڕقی لە سیاسەت دەبووەوە، چونکە مەیل و ئارەزووە زانستیەکانی خۆی فیدای سیاسەت کردبوو، ئەو مەیل و ئارەزووەی لە هەوەڵی گەنجایەتی خۆیا هەستی پێدەکرد، کە پەپولەی دەگرت وگیا و ڕوەکی وشکەوە بووی دەخستە بەر زەرەبینی لێکۆڵینەوە. ئەو کارەساتەی کە بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی لە گەڵیا ڕابێ، ئەستیلا بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەو شتەی کە ئەم بەڵایەی بە سەر ئەستیلادا هێنابوو، کانودوس بوو، کە چیرۆک و واریقاتێکی گەوجانەی نامەفهومی نێوان دوو لایەنی ناحاڵی و کەللە ڕەق، توندڕەو و کۆنەپەرست بوو. ئەم هەموو پەیوەندییەکی خۆی لە گەڵ دنیادا بڕی بوو و بە تەماش نەبوو، دووبارە هیچ پەیوەندییەک لە گەڵ دنیادا بەرقەرار بکاتەوە. ڕێگە بە هیچ شتێک و هیچ کەسێک نادات، ئەو سەربوورەی وەبیر بێنێتەوە.

لە دڵی خۆیدا گوتی: "ڕایان دەسپێرم، لە ڕۆژنامەکەدا کارێکی بدەنێ، کاری هەڵەچن وڕاستکردنەوەو پێداچوونەوە، پەیامنێری دادڤانی، کارێکی هاکەزایی وئاسایی کە پڕ بە پێستی کەسێکی ئاسایی وەکو ئەو بێت. بەڵام جارێکی دی نە پێشوازی دەکەم و نە گوێی لێدەگرم. خۆ ئەگەر ئەو کتێبەش بنووسێت – کە باوەڕ ناکەم بینووسێت – نای خوێنمەوە."

چوو بە لای دۆڵابی مەشروباتەکەوەو پێکێکی بۆ خۆی تێکرد، لە کاتێکا پێکەکەی بە دەستەوە گرتبوو تا تۆزێک گەرم ببێت، لە سەر موبیلە چەرمیە نەرمەکە ڕۆنیشت، لە سەر ئەم کورسیە و بە درێژایی یەک چارەکە سەدە، نەخشەی ڕەوشی سیاسی ویلایەتی باهیای داڕشتبوو، نها لەوێدا گوێی بۆ سەمفونیا وهارمۆنی زیک زیکەکانی ناو باخەکە دەگرت، کە ناوبەناو دەنگی ناساز و پەراگەندەی قورباقانی تێکەڵ دەبوو. باشە چ شتێک بەو ڕادەیە نیگەرانی دەکرد؟ ئەم هەستی بێ قەراریە، ئەم هەستەی ناخی دەهاڕوژان، وەکو ئەوەی شتێکی زەروری و بە پەلەی لە بیر چووبێ، وەک بڵێی لە چەند چرکەیەکی دیدا، بویەرێکی بنجبڕ لە ژیانیا ڕوودات، زادەی چی بوو؟ دیسان چیرۆک و واریقاتەکەی کانودوس بوو؟

هێشتا نەیتوانی بوو کانودوس لە هزری خۆی وەدەربنێت: هەر لە بیری مابوو. بەڵام ئەو وێنە زندووە هەڕەشە ئامێزەی کە لە ناکاوا لە بەر چاویا بەرجەستە بووبوو، شتێک نەبوو کە لە زاری میوانەکەی بیستبێ. ئەمە زادەی وەختێک بوو کە نە یارۆی نزیکبین و نە ئەو کارەکەرە وردیلەیەی لە کانودوسەوە هاتبوو و نها بووبوو بە ژنی و نە کورتەڵە و نە هیچ یەکێک لەوانەی لە کانودوس دەرباز بووبوون، لەوێ نەبوون. ئەو کەسەی لەو بارەیەوە قسەی بۆ کردبوو عەقیدی پیر، موراو بوو، کە ئاخرین جار، لە سلڤادور یەکیان بینی بوو و پێکێ (ئەلبورت) یان پێکەوە خواردبووەوە. موراو، ئەوەی لە خاوەنی مەزرای (فورموسا) بیستبوو، کە یەکێک بوو لەو سەدان مەزرایانەی کە شەڕڤانەکان سووتاندبوویان و وێرانیان کردبوو. ئەو خاوەن موڵک و مەزرایە بە بیانووی خۆشەویستی بۆ موڵکەکەی، یان لە بەر ئەوەی هیچ جێگەیەکی دیکەی نەبوو بۆی بڕوات لە ناو موڵک و مەزراکەی خۆیدا مابووەوە. بە درێژایی ماوەی شەڕەکە لەوێندەر مابۆوە، ئیدی لە سایەی ئەو سەواو و مامەڵەیەی دەگەڵ سەربازەکاندا دەیکرد، لەوێندەر مابووەوە. وەختایەک بیستبووی شەڕ تەواو بووە و کانودوس ڕوخاوە، دەگەڵ کۆمەڵێک کرێکاری نەدارا چووبوو تا یارمەتی پێشکەش بە خەڵکی بکات. وەختایەک گەیی بوونە نزیکی مەتەڕێزەکانی جارانی شەڕڤانەکان، سوپا لەوێندەر نەمابوو – بە گوێرەی ئەو قسانەی عەقید موراو دەیگێڕایەوەو بارۆن لە جێی خۆی دانیشتبوو و گوێی دەگرت – هێشتا ماوەیەکیان مابوو بگەنە جێ، گوێیان لە دەنگێکی غەریب، زۆر گەورە دەبێ کە هەواکە دەهەژێنێ. هەموو دەحەپەسێن، هەواکە بۆن بۆگەنیەکی ئەوتۆی لێبەرزدەبێتەوە، کە هەموو دڵیان تێک هەڵدێت، بەڵام وەختایەک دەگەنە بەرزایی و تیشەڵانەکانی ( ئوپوسوترابوبو ) و لەو سەرەوە تەمەشای خوارەوەیان کردبوو، کە ئیدی تا چاو بڕکات هەر دەشتاییەکی کاکی بە کاکی بوو، هەنگێ بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەو دەنگە غەریبە، دەنگی باڵ کوتان و دەنووک وەشاندنی هەزاران هەزار داڵ بووە، دەریایەکی بێ سنوور لە پەڵەێن کەوەیی ئامال ڕەش، هێرشیان بۆ سەر شتێک هێنابوو، هەموو شتێکیان دەخوارد، خۆیان مڕ دەکرد، لەوار و وێخی شتێک دەنیشتن کە نە لوولە دینامیت و نە فیشەک و نە ئاگر نەیتوانی بوو لە ناوی ببات: دەست ولاق، کەللە سەر، بڕبڕەی پشت، جگەروهەناو، ئەو پێستانەی بە تەواوی نەسووتابوون، نها ئەو بوونەوەرە گۆشت خۆرانە تێی وڕوکابوون و پارچە پارچە دەیانخوارد. عەقید موراو گوتبووی: " هەزاران هەزار داڵ." هەروەها عەقید موراو گوتبووی وەختایەک خاوەنی مەزرای فورموسا وکرێکارەکانی، ئەو دیمەنانەیان، کە زیاتر لە کابوس چووبوو، زۆر ترسابوون، ئیدی کە دیتبوویان کەسێک نەماوە بە خاکی بسپێرن،

و داڵەکان، ئەو کارەیان، کردبوو، دەم و لووتیان گرتبوو و بلەز لەوێندەر هەڵاتبوون. ئەم دیمەنە جەنجاڵ و ترسناکە لە زەینی بارۆن دا نەخش بووبوو و دەرنەدەچوو. پێش ئەوەی موراو ناچار بکات بابەتەکە بگۆڕێ بە تەشەرەوە گوتبووی: "کانودوس شایستەی ئەم ئاکام وئاقیبەتە بوو."

ئایا ئەمە نیگەرانی دەکرد، پەستی دەکرد، مێشکی دەگوشی؟ ئەو هەموو داڵاشەی کە بەربووبوونە جەندەکی بەشەران ودەیانخوارد، کانودوس بووبوو بە چنگێ ئێسقان؟ لە دڵی خۆیدا گوتی: " بیست و پێنج دانە ساڵ کاری کرێت ودزێوی سیاسەت، لە پێناوی ڕزگارکردنی باهیا لە دەستی کۆمەڵێک خەڵکی نەفام، کەللە ڕەق کە مەسئولیەتێکیان گرتبووە ئەستۆ، کە شایستەی نەبوون، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە بوو بە خۆراک و جەژنی قەل و داڵ." لەو دەمەدا، دیمەنێکی دیکەی هاتە پێش چاو، کە دیمەنی ئەو کوشتارگە گەورەیەی داپۆشی، ڕوخساری لاواز وکارەساتباری ئەو بوونەوەرە کومێدیە، چاو پروشە، بەژن و باڵا داهۆڵ ئاساکەی، چەناگە تیژەکەی، گوێچکە شۆڕەکانی، باسی خۆشەویستی و ڤیان و لەزەتی بۆ دەکات: " بارۆن، ئەمە گەورەترین شتی دنیایە، تاقە شتێکە کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگایەوە بەختەوەری کەشف بکات، لە ڕێگەیەوە لە مانای بەختەوەری تێبگات." بەڵێ ئەوە بوو، ئەوە بوو کە نیگەرانی دەکرد. قومێکی لە کونیاکەکە دا، ئەو ئاوە گەرمەی لە دەمیا ڕاگرت پاشان قووتی دا، هەستی بە گەرمیەکەی کرد کە بە قورگیا چووە خوارەوە.

هەستایە سەر پێیان، هێشتا نەیدەزانی بە نیازی چییە، یان دەیەوێ چ بکات. بەڵام هەستی دەکرد، جووڵەیەکی قووڵ لە ناخیا هەیە، گەییوەتە حاڵەتێک ناچارە قەرارێک بدات کە ئاکامەکەی نادیارە. چی دەکرد، دەیویست چ بکات؟ پێکە کونیاکەکەی لە سەر دۆڵابی مەشروباتەکە دانا و ڕۆیی – هەستی بە لێدانی دڵی دەکرد، دەماری لا جانگەکانی پلیان دەدا – لە ژووری کار و نشیمەنەکەوە، لە هۆڵە گەورەکەوە – کە لەم کاتەدا کەسی لێ نەبوو و هەموو شتێکی نقومی تاریکی بوو، ئەگەر چی ڕۆشناییەکی کز لە چراکانی سەر شەقامەکەوە دەهاتە ژوورەوە – گەییە پلیکانەکانی خوارەوە. تاقە چرایەک ڕێگای سەرکەوتنی ڕوناک دەکردەوە. لە سەر نووکی پێی، زۆر بە ئەسپایی، بە جۆرێ خۆیشی گوێی لە دەنگی پێی خۆی نەدەبوو. کە گەییە سەرووی قاڵدرمەکە – لە جیاتی بۆ ئاپارتمانەکەی خۆی بڕوات – بێ هیچ هەڵوەستەیەک چوو بۆ ئەو ژوورەی کە بارۆنس لێی دەخەوت، کە تەنیا پەردەیەک لەو ژوورۆچکەیەی جیا دەکردەوە، کە سپاستیانا تەختەکەی هێنابووە ئەوێندەر، تا لە نزیکی بارۆنس بێ، نەبا شەوێ ئیشی پێی ببێت. بەڵام هەرکە دەستی بۆ دەسکی دەرگاکە برد، هەستیکرد ڕەنگە داخرابێ. هەرگیز بەبێ تەقول باب نەچووبووە ئەم ژوورەوە. نەخێر، دەرگاکە دانەخرابوو. وەژوورکەوت، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، بە دوای شیشی دەرگاکەدا گەڕا، دۆزییەوە، دەرگاکەی شیش دا. لە جێگای خۆیەوەو لە بەر دەرگاکەوە، ڕوناکیە زەرد باوەکەی چرای ژووری نووستنەکەی بەدی کرد – کە بریتی بوو لە پڵیتەی مۆمێک لە نێو قاپێکی بچووکی زەیتا. ڕۆشناییە کزەکەی بەشێکی تەختەکەی بارۆنس، چەرچەفە شینەکەی و پەردە تۆڕیەکانی ڕوناک دەکردەوە. بارۆن، لە جێی خۆیەوە، لەبەر دەرگاکەدا، بەبێدەنگی، بە بێئەوەی دەستی بلەرزێ، دەستی بە داکەندنی جلەکانی کرد. هەرکە خۆی داکەند، لە سەر نووکی پێ ڕۆیی بۆ نووستنگەکەی سپاستیانا.

بێئەوەی ژنێ بێدار بکاتەوە، خۆی گەیاندە دیار تەختە خەوەکەی. ڕۆشناییەکی کەم لەم سووچەی ژوورۆچکەکەی دەدا – ڕوناکی چرا غازیەکەی سەر جادەکە بوو، کە لە پەردەکانەوە هاتبووە ژوورەوە، ڕەنگێکی ئامال شینی پەیدا کردبوو – بارۆن، جەستە نوستووەکەی ژنەی دەبینی کە لە سەر لا خەوتبوو و چەرچەفەکەی

سەری گوێ بە گوێی هەناسەی، بەرزو نزم دەبووەوە. سەری نابووە سەر سەرینێکی خڕ. قژە درێژەکەی بە سەر تەختە خەوەکەدا پەخش بووبووەوە، بەملا و بەولای تەختەکەدا داڕژابوو و دەگەییە سەر ئەرزەکە. بیری کردەوە کە هەرگیز سپاستیانای بە پێوەو بە قژی کراوەوە نەبینی بوو، بیری کردەوە کە ڕەنگە قژەکەی بگاتە سەر پێی. بە خەیاڵ هێنایە بەرچاوی خۆی کە هەڵبەتە جارێک لە جاران لە بەر ئاوێنە و لە بەرچاوی ئەستیلادا و بۆ شۆخی، قژەکەی، وەکو چارشێوێکی ئاوریشم بە سەراپای خۆیدا داوە. ئەم وێنایە بەرەبەرە ئارەزووە نوستووەکەی بێدار کردەوە. دەستی بۆ ناو گەڵی خۆی برد، دەستی لە دەعباکەی دا، هێشتا خاو بوو، بەڵام بای تێگەڕا بوو ولە هەستاندا بوو، وردە وردە هەستا، ئارەزوو زۆری بۆ هێنا، لە کاتێکا دەچووە پێشەوە، ئەو شتەی بیر چووەوە کە لێی دەترسا – تۆ بڵێی کاردانەوەی کارەکەرەکە چی بێ؟ ئەگەر سپاستیانا بێدار ببێتەوە و هاوار بکات، هەڵوێستی ئەستیلا چ دەبێت؟ لە ناکاوا سیمای گالیلیو گالی هاتە بەرچاو، هەمان سامی داهۆڵی هەبوو، ئەو سوێندی پاکداوێنی و بەڵێنەی بیرکەوتەوە کە ئەو پیاوە شۆڕشگێڕە بە خۆی دابوو، کە هەموو توانایەکی خۆی بۆ ئەو شتە تەرخان بکات کە بە لای ئەوەوە لە هەر شتێکی دی باڵاتر بوو: واتە زانست و کردار. لە دڵی خۆیدا گوتی: "منیش وەکو ئەو کەر بووم." بەبێئەوەی سوێندی خواردبێ، زەمانێکی دوور و درێژ، خۆی لە هەر لەزەت و ڕابواردنێک مەحرووم کردبوو، ئەوەش لە بەر خاتری ئەو کارە کرێتەی، کە بووە مایەی بەدبەختی و نەگبەتی ئەو و ژنەی کە لە هەموو کەسێکی ئەم دنیایەی خۆشتر دەویست.

بێهیچ بیرکردنەوەیەک، خۆبەخۆ، دانەوییەوەو لە قەراخ تەختە خەوەکە ڕۆنیشت، هەردوو دەستی جوڵاند، دەستێکی بۆ ژێرەوە برد تا چەرچەفەکە لە سەر بەدەنی سپاستیانا لابەرێت ودەستەکەی دیکەی نایە سەر دەمی تا نەیەڵێت هاوار بکات. ژنەی تاین خۆی گرمۆڵە کرد، بەدەنی گرژ بوو، چاوی هەڵێنا، هەناسەی گەرمی سپاستیانا، چوو بە سەر و چاویا. هەرگیز ئەوەندە لێوەی نزیک نەبووبوو، یەکسەر هەستی کرد، دەعبایەکەی ژیایەوە، هەستی کرد، گونەکانی ماون و لە جێی خۆدان، لە ناولنگیا دەژێنەوە. سپاستیانا نەیدەتوانی هاوار بکات: بە دەنگێکی نەوی، کە بە ئاستەم لە زاری دەردەچوو، هاواری دەکرد، هەوای دەمی، لە دەستی بارۆنی دەدا کە بە دووری یەک ئینج لە سەر زاری ئەوی ڕاگرتبوو.

لەبن لێوانەوە گوتی: " هاوار مەکە، باشتر وایە هاوار نەکەی."

گوێی لە دەنگی خۆی بوو، کە دەیگوت: " تکایە هاوار مەکە." دەنگی دەلەرزی، ئەم لەرزینە هی دوو دڵی نەبوو، بەڵکو هی ئەنگێزەی شەهوەت و ئارەزوو بوو، بەو دەستەی کە چەرچەفەکەی لە سەر لابردبوو، کەوتە نەوازشی مەمکەکانی سپاستیانا، کە دوگمەی مەکسیەکەی لە خوارەوە تا سەری داخستبوو: مەمکەکانی گەورە، هاوسەنگ، قەڵەو بوون، قەڵەوتر لە هی ژنێک کە تەمەنی لە چلساڵیا بێ. هەستی کرد، گۆی مەمکەکانی گرژ دەبن و لە سەرماو، لە ژێر قامکەکانیا دەلەرزن، دەستی بە سەر لووتیا، هەنیە و برۆکانی، بەسەر لێوەکانیا هێنا، ئەنجام دەستی خستە ناو قژەکەی و بە ئارامی، تێوەی پێچا. لەو ماوەیەدا ویستی بە بزەیەک ئەو ترسە گەورەیە لە خۆی بڕەوێنێتەوە کە لە نیگا سەرگەردان و گازندە ئامێزەکانی ژنەی تایندا بەدی کرد.

لەو کاتەدا سەر گۆناکانی بە لێو دەماڵی گوتی: " دەبوایە زۆر زووتر ئەم کارەم بکردایە. دەبوایە لە یەکەم ڕۆژەوە کە ئارەزووم کردبووی، بمکردبایە. هەم خۆم شادتر دەبووم و، هەم ئەستیلاش شاد دەبوو وهەم تۆش."

ڕوخساری نزیک کردەوە، دەیویست لێوی ژنە بمژێت، بەڵام ژنەی تاین خۆی ڕادەپسکاند، دەیویست خۆی لە دەستی دەرباز بکات، لە کاتێکا تکا و ڕجای لە چاوانی ژنەی تاین دەخوێندەوە، گوێی لێبوو، لەبن لێوانەوە دەڵێت: " تکایە، تۆ ئەو شتەی کە خۆشت دەوێ، تکات لێدەکەم... خانم... خانم."

گوێی لە دەنگی خۆی بوو کە دەیگوت: " خانم لەوێندەرەو من ئەوم لە تۆ خۆشتر دەوێ." هەستیکرد ئەو دەنگە، دەنگی کەسێکی دییە، بەڵام ئەو هەموو هۆشی لە کۆشیا بوو، لە لای ئەو دەعبایە بوو – کە تەواو هاڕوژا بوو – ڕەپ، ڕەق و تەڕ، حازر و ئامادە، ساجی دەسمی. " من ئەم کارە لە بەر خاتری ئەویش دەکەم. هەرچەندە ڕەنگە تۆ لە مەبەستی من تێنەگەی."

دوگمەکانی ماکسیەکەی دۆزییەوە، بەدەم نەوازشی مەمکەکانیەوە کەوتە ترازاندنی دوگمەکانی، یەک یەک کردنیەوە، بە دەستەکەی دیکەی پشتی ملی سپاستیانای گرت، ناچاری کرد سەری وەرچەرخێنێ و لێوەکانی بکاتە ئەم. هەستیکرد لێوەکانی ساردن وەکو سەهۆڵ، تووند هەڵیقورتاندوون، دیقەتی دا ددانە چۆقەی پێکەوتووە، سەراپای دەلەرزێ، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لە ئارەقەدا هەڵکشا.

بارۆن، بە ڕاوێژێک، کە بە دەگمەن لە ژیانیا دەگەڵ خزمەتکار و کۆیلەکانیا، ئەو کاتانەی کە کۆلەدار بوو، بە کاری هێنابوو، ئەمری پێکرد: " دەمت بکەوە. دەنا ئەگەر ناچارم بکەی بە تۆپزی پێتی دەکەمەوە."

هەستیکرد کارەکەرەکە بە گوێی دەکات – ئیدی بە حوکمی ترس یان غەریزەی خۆپاراستن بوو کە لە دێر زەمانەوە لە ناخیا ڕیشاژۆ بووبوو، یان بە حوکمی ئەو سوننەت وعادەتە دێرینە بوو کە ڕاوێژی ئامرانەی بارۆن وەبیری هێنایەوە – هەرچەندە، بە ترس وبێزارییەکی زۆرەوە چارەی دابوو بە یەکا، بەڵام بارۆن باکی بەم شتە نەبوو، لە کاتێکا زمانی بە زۆر لە دەمیا دەگێڕا تا دەمی ئاو بکات و هەوڵیدا، هەرچۆنێ بووە تۆزێ لە لیکاوەکەی دەمی برژێتە دەمیەوەو ئەوسا هەڵی بمژێتەوەو هەرچی خەم و پەژارەیەکی ژیانی هەیە بەبای بدات. بەدەم ئەو کارەوە دوگمەکانی مەکسیەکەی دەکردەوەو هەوڵیدەدا لە بەریا دایبکەنێ. بەڵام وێڕای ئەوەی ڕوح و زاری سپاستیانا ڕادەستی ئەو بووبوون، بەڵام جەستەی، وێڕای ترس، ترسێکی گەورەتر، لەوەی ملکەچی بە درێژا، لە هەنبەر هەر دەسەڵاتدارێکا، فێری کردبوو، هەر مقاوەمەی دەکرد و هەوڵیدەدا، بەرگری لەو شتە بکات کە بارۆن دەیویست بە خورتی لێی زەوت بکات. هێشتا بەدەنی گرمۆڵە کردبوو، ئازای گرژ بووبوو، بارۆن لە سەر تەختە خەوەکە ڕاکشابوو وهەوڵیدەدا لە هەمێزی بگرێ، هەستیکرد باسکەکانی سپاستیانا، ڕێگەی نادەن، کردوونی بە قەڵغان و لەشی خۆی پێ دەپارێزێ، گوێی لە سپاستیانا بوو کە بەدەنگێکی پاڕانەوە ئامێز، چپە ئاسا شتێک دەڵێت، دڵنیا بوو کە دەستی بە  گریان کرد. ئیدی هەموو هەوڵێکی بارۆن بۆ ئەوە بوو کە مەکسیەکەی، کە لە شانی گیر بووبوو، لەبەری دابماڵێ. توانی باسکێکی لە ناو قەدی بئاڵێنێ و بۆ لای خۆی ڕای بکێشێت، ناچاری بکات جەستەی بە جەستەیەوە جووت بکات، بە دەستەکەی دیکەی بەردەوام بوو کە مەکسیەکەی لەبەر دابکەنێ، دوای کێشماکێشێکی زۆر – کە خۆیشی نەیزانی چەندی خایاند – کە لەو ماوەیەدا، سات بە سات، لە گەرمەی بگرە و بەردەکەدا، زیاتر ئارەزووی دەهاڕوژا، ئەنجام توانی خۆی بە سەر سپاستیانادا بدات. لە کاتێکا بارۆن هەوڵیدەدا بە لاقێکی، هەر دوو لاقی سپاستیانا، بکاتەوە کە تووند، وەکو ئەوەی پێکەوە لەحیم کرابن، پێکەوەی نووساندبوون، بە تامەزرۆییەوە گەردنی، شانەکانی، سینگی ماچ دەکرد و لە سەر مەمکەکانی دەوەستا. هەستیکرد خەریکە بە سەر ئەو جەستە بەرین، فێنک، نەرمەوە، کە لە جەستەی دەخشی، ڕەحەت ببێت، چاوی نوقاندو هەوڵیدا ڕەحەت نەبێ، ئیدی درێژاودرێژ لە پاڵ جەستەی سپاستیانادا ڕاکشا،

نەوازشی دەکرد، بۆنی دەکرد، سمت وکەفەڵی، ڕانی، زکی ماچ دەکرد... بە هەر دوو دەستی، بە چەناگەی، لە کاتێکا سپاستیانا دەگریا، گوشاری لێدەکرد، تا توانی بە ئاستەم ڕانەکانی پێکاتەوە. لە کاتێکا بە تاسەوە ماچی دەکرد، ئیدی گەییە سەرمەستیەکی ئەوتۆ، کە لە هەرچی خەم و پەژارەی دنیا هەیە، لە هەموو ئەو خەیاڵانەی کە وەکو خۆرە دابوویە ژیانی و زەڕە زەڕە دەیخوارد ڕزگاری کرد. ڕێک لەم کاتەدا هەستی بە گوشاری سووکی قامکانێک لە سەر پشتی خۆی کرد. سەری وەرگێڕا، پێشوەختە دەیزانی کێ لە پشت خۆیەوە دەبینێ: ئەستیلا لەوێ وەستابوو و تەمەشای دەکرد.

بارۆن، بە ڕاوێژێکی میهرئامێزەوە گوتی: " ئەستیلای گیانەکەم، عازیزەکەم..." هەستیکرد لیکەکەی دەمی بەرەو لێوەکانی داچۆڕا، هێشتا بە هەر دوو ئانیشکی لاقی کارەکەرەکەی کردبووەوە: " لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە زیاترم خۆشدەوێی. بۆیە ئەم کارە دەکەم چونکە لە مێژە ئارەزووی دەکەم. لە خۆشەویستی تۆ ئارەزووم لێی بوو، دەمویست لە تۆ نزیکتر بم گیانەکەم."

هەستی کرد، ئازای بەدەنی سپاستیانا دەلەرزێ، گوێی لە دەنگی گریە و هەنسک هەڵدانی بوو. هەر دوو دەستی خستبووە سەر دەم و چاوی. ژنەکەی خۆی بینی کە لەوێندەر، بێ جووڵە وەستابوو و تەمەشای ئەمی دەکرد. بارۆنس، ترس و تووڕەیی و پەشۆکاوی پێوە دیار نەبوو، تەنیا کەمێک حەپەسابوو و هیچی دی. جلکی خەوی لە بەردا بوو، هێندە تەنک بوو، بارۆن، لەبەر ڕۆشناییە کزەکەدا، ئەندامی ناسک و هاوسەنگی لەشە جوانەکەی دەبینی کە تێپەڕبوونی ڕۆژگار نەیشێواندبوو، وەکو جاران، بە هەمان دەقی جوانی جارانەوە مابوو، قژە زەردەکەی یەک داوی سپی تێنەکەوتبوو، تۆڕێکی لە سەر کردبوو، کە چەند داوێکی پەراگەندەی لێوە هاتبووە دەرێ. ئەوەندەی چاوی بڕی دەکرد، هیچ شوێنەوارێکی ئەو چرچەی بەسەر هەنیەیەوە بەدی نەکرد، کە هەرکاتێ ئەستیلا تووڕە و بێزار بوایە دەنیشتە سەر هەنیەی و بۆی نەدەشارایەوە. پەست و تووڕە نەبوو، لێوەکانی بە ئاستەم لێکدی ترازابوون، جۆرێک لە کونجکاوی و سەرسامیەکی هێدی بە چاوەکانیەوە دیار بوو، بەڵام ئەوەی لەم بەینەدا تازە بوو – هەرچەندە ئاماژەیەکی کەم بوو – ئەو بایەخدانە بوو کە بە دەرەوەی خۆی دەدا. ئاخر بارۆن، لەو شەوەی کالومبی بە دواوە، جگە لە بێ موبالاتی، گۆشەگیری و پاشەکشەی ڕوح، هیچ شتێکی دیکەی لە چاوانی هاوسەرەکەیدا نەبینی بوو. بەڵام ڕەنگە زەردەکەی ئەستیلا نها زەقتر دیاربوو، ئیدی ڕەنگە بە هۆی ڕۆشناییە کزە زەردباوەکەوە بووبێ، یان بە سەدەمی ئەو هەڵوێستەوە بووبێ کە ژنەی ناقبری لەو دەمەدا تیایدا دەژیا. بارۆن هەستی بە تەنگە نەفەسیەک دەکرد کە خەریک بوو دەی خنکاند، چیوای نەمابوو دەست بە گریان بکات. تەنیا پێیە پەتیەکانی ئەستیلای، لە سەر پارکێتە بریقەدارەکەی ژوورەکەدا بینی. کەوتە سەر چۆکان و بە عەشق و خۆشەویستییەوە دانەوییەوەو کەوتە ڕاموسانی پێی ژنەکەی. بەدەم ماچکردنی قامک، نینۆک و پاژنەی پێیەکانیەوە، لەبن لێوانەوە و بەوپەڕی سۆز و گودازەوە دەیگوت کە چەند جوانە، شایستەی ئەوپەڕی ستایشە، جوانی وەکو ئەو نەبووە و نابێتەوە، شایستەی ئەوپەڕی ڕێزە، شایستەی پەرستن و عیبادەتە، چونکە بە درێژایی ساڵانی ژیانی هاوبەشیان، ئەوەندەی لەزەت پێ بەخشیوە، کە بە هیچ شتێک ئەو چاکەیەی نادرێتەوە.

بەڵام بارۆنس لە جێی خۆی نەجولا. لە گەرمەی ئەو پێ ماچکردنەدا، کە لێوی دەگواستەوە بۆ پاژنە ناسکەکانی، بارۆن هەستیکرد ژنەکەی جوڵەیەکی کرد، یەکسەر سەری هەڵبڕی و بینی ئەو دەستەی کە تۆزێ لەوەپێش بە پشتیا هێنرابوو، بە کاوەخۆ، بە هەمان حاڵەتی ئاسایی و ئارامی و یەکنەواییەوە، کە لە خەسڵەتەکانی ڕەفتار و گوفتاری ئەستیلا بوو، دووبارە بەرەو ئەو درێژکراوە. دەستەکە لە سەر قژی نیشتەوە و لەوێندەر ئارامی گرت...

دەستێک میهری لێدەباری، هێندە ڕوح نەواز بوو، کە بارۆنی منەتبار کرد، چونکە هیچ نیشانەیەکی دژمنایەتی یان سەرزەنشتی پێوە دیارنەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پڕمیهرو، دلۆڤانی ولێبوردەیی بوو. ئارەزووە سەرکێشەکەی بارۆن کە لە بەردەم هاوسەرەکەیا بە تەواوی دامرکابووەوە، سەر لە نوێ هەستایەوە و بارۆن هەستیکرد دەعباکەی دووبارە ڕەپ دەبێتەوە. دەستی ئەستیلای گرت، کەوتە ماچکردنی، بە بێئەوەی دەستی بەربدات، دووبارە ئاوڕی لای تەختە خەوەکەی دایەوە، سپاستیانا هێشتا خۆی گرمۆڵە کردبوو و دەستی بە دەم و چاویەوە گرتبوو، دەستە ئازادەکەی درێژ کرد و خستیە ژێرسکییەوە.

بە دەنگێکی شپرزەو لەرزۆک، پچڕپچڕ گوتی: " هەمیشە حەزم دەکرد بیکەم بە شەریکی تۆ ئازیزەکەم. بەڵام نەدەوێرام، دەترسام بت ڕەنجێنم، هەستت بریندار بکەم. بەڵام هەڵە بووم، وانییە؟ تۆ نە دەڕەنجایت و نە هەستت بریندار دەبوو؟ نە ناڕەحەت دەبوویت و زۆر ئاسایی قەبووڵت دەکرد، خۆشحاڵ دەبوویت؟ بەو چاوەوە سەیرت دەکرد کە ئەمە ڕێگەیەکی دییە تا بیسەلمێنم کە چەندم خۆشدەوێی. وانییە ئەستیلا؟"

ئەستیلا هێشتا بەو دەقەوە تەمەشای دەکرد، نە تووڕە بوو و نە حەپەسابوو، بەڵکو بە هەمان ئەو ئارامییەوە کە لەم چەند مانگەی دواییدا خووی پێوە گرتبوو، تەمەشای دەکرد. بارۆن دوای تۆزێک بینی ئاوڕی دایەوە تا تەمەشای سپاستیانا بکات کە هێشتا هەر خۆی گرمۆڵە کردبوو ودەگریا. بینی نیگای ئەستیلا کە تا ئەو دەمە بێ موبالات بوو، خەریکە نەرم و دلۆڤان دەبێت. دەستی بارۆنسی بەردا. سەیری کرد ئەستیلا چەند هەنگاوێکی بۆ سەرووی تەختەخەوەکە نا، لە قەراخ تەختە خەوەکە ڕۆنیشت، دەستی بە هەمان ناسکی هەمیشەییەوە، کە بارۆن زۆری بەدڵ بوو، درێژکرد و دەم و چاوی سپاستیانای بەوپەڕی پارێزەوە لە نێو هەر دوو دەستیا گرت، وەکو ئەوەی بترسێ نەبادا بشکێت. بارۆن نەیدەویست لەوەی زیاتر هیچ شتێکی دی ببینێت. ئارەزووەکەی ئەمجارە بە جۆرە تووڕەییەکی شێتانەوە سەری هەڵدا، بارون بەلای سپاستیاناوە دانەوییەوە، هەوڵی دەدا بە تۆپزی لنگی لێکدی بڵاوبکاتەوە، ناچاری بکات ڕاستەوڕاست پاڵ بکەوێ، تا بتوانێ بە ئاسانی لە سەر ڕامووسان و هەڵمژین و لستنەوەی بەردەوام بێت. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە مایەوە، چاوی نوقاندبوون، مەستی ئارەزوو بوو، کە هەستیکرد ناتوانێ بە سەر ئارەزووی خۆیدا زاڵ بێ، هەستا و سەرکەوتە سەر تەختەکە و خۆی دا بە سەر سپاستیانادا، بە لاقێکی، هەر دوو لاقی سپاستیانای لێکدی بڵاوکردنەوە، دەستی گێڕا، توانی بۆی تێبخات، بەڵام لە جیاتی لەزەت، تووشی ئازار بوو. گوێی لە سپاستیانا بوو دەینالاند، ئیدی بارون توانی لەو ساتە جەنجاڵەدا کە وای هەستدەکرد ژیان لە ناو گەڵیەوە خەریکە دەتەقێتەوە، بارۆنس ببینێ کە هێشتا دەم و چاوی سپاستیانای لە نێو هەر دوو دەستیا گرتبوو و بەوپەڕی نەرمی و دلۆڤانی سەیری دەکرد و فووی لە هەنیەی دەکرد، تا ئەو داوە قژانە لابدات کە بە نێو چەوانیەوە نووسابوون.

دوای ئەوە بە چەند سەعاتێک، پاش ئەوەی هەموو شتێک تەواو بووبوو، بارۆن، وەکو ئەوەی شتێک یان کەسێک خەبەری کردبێتەوە، چاوی کردنەوە. ڕوناکی سپێدە لە ناو ژوورەکەی دەدا و گوێی بە ئاوازی مەلان و هاژەی دەریا دەزرینگایەوە.

ڕابوو، لە سەر تەختەکەی سپاستیانا، کە بە تاقی تەنیا لە سەری خەوتبوو، دانیشت، ئەوسا هەستا، چەرچەفەکەی لە ئەرزەکە هەڵگرت وخۆی تێوە پێچا، چەند هەنگاوێکی بەرەو ژوورەکەی ئەستیلا نا. ئەستیلا و سپاستیانا، پێکەوە، کەمێک دوور لە یەکدی لە سەر تەختێکی گەورە نوستبوون، بارن، بە هەستێکی گۆنگەوە لەوێندەر وەستا و لە پشت کوللەکەی دەوری تەختەکەوە کەوتە تەمەشاکردنیان. هەستی بە دلۆڤانی و دڵتەنگی

و منەتبارییەکی گۆنگ کرد. بەرەو ئەو هۆڵە ڕۆیی کە دوێشەو لەوێندەر جلەکانی داکەندبوو و خۆی گۆڕی بوو، کە بە ڕاڕەوەکەدا دەڕوات چاوی بە دیمەنی کەنداوەکە دەکەوێ، کە تیشکی هەتاوەکە لێی دەدا و لە دوورەوە لە کڵپەی ئاگر دەچێت. ئەوە دیمەنێک بوو کە جارەهای جار دیتبووی و لێی بێزار نەدەبوو: سلڤادور لە کاتی خۆر هەڵاتن و خۆرئاوا بوونا. چوو بۆ بانێژەکە و نوقمی تەمەشای ئەو دیمەنە بە شکۆیە بوو: سەوزاییە تۆخەکەی گراڤی(دوڕگە) ئیتاپاریکا، جوانی و سپیەتی کەشتی و بەلەمێن چارۆکەدار کە بەرەو قوڵایی دەریاکە دەچوون، ئاسمانی شین و ئاوە سەوز باوەکە، لە فاسیلە و مەودایەکی نزیکەوە، لە بەردەم ئەودا، بە خەیاڵ ئەو خەڵکانەی دێنایە بەر چاو کە لە نێو خانووە سەر بە قرمیدەکانەوە ڕادەبوون، تا دەست بە ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانەی خۆ بکەن. بەیادی جارانەوە، جارانێ بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە، کەوتە تەمەشای سەربانی گەڕەکەکانی دستیرو و نازارت، تا ماڵی کۆنە هاوڕێ سیاسیەکانی خۆی بناسێتەوە، ئەو هاوڕێیانەی کە لەم ڕۆژانەدا، ئیدی نەیدەبینین: مالێ بارون دی کوتفبی، بارون دی ماکاویا، فایکونت دی ساولورنسو، بارون دی ساوفرانسیسکو، مارکیز دی بارباسینا، بارون دی مارو گوگیبە، کونت دی سیرگی میریم، فایکونت دی ئولیڤیرا. نیگای بە هەر گۆشە و کەنارێکی شاردا دەگێڕا: سەربانی پەیمانگای لاهوتی و، ئاس لادیراس، یەکپارچە سەوزە گیا بوو، قوتابخانە کۆنەکەی یەسوعیان، باڵاڕۆ هایدورلیکیەکە، گومرکخانەکە. ماوەیەکی زۆر لەوێندەر وەستابوو تەمەشای ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆری، بە سەر بەردە زێڕینەکانی کڵێسای (نوسا سینورا داکونسیساودی پرایا ) وە دەکرد. ئەم بەردە نەقاڕی و لوسانە، دەریاوانانی باوەڕدار لە پرتوگالەوە هێنابوویان و پێشکەش بە پاکیزەی پیرۆزیان کردبوو. بارۆن، هەرچەندە بە چاو نەیدەبینی، بەڵام بە مەزەندە و خەیاڵ ئەوەی دێنایە بەرچاوی خۆی کە بازاڕی ماسی فرۆشانی کەناراوەکە لەم کاتی بەیانییەدا، چەند جەنجاڵە. بەڵام لە ناکاوا شتێک لەم بەینەدا سەرنجی ڕاکێشا و لە سەرەوە خۆی بەسەر موحەجەرەکاندا دانەواندەوە و بە دیقەت لەو شتە ورد بووەوە.

دوای تۆزێک، بۆ ژوورەکە گەڕایەوە و چوو بە سۆراخی ئەو سەندووقە چەکمەجە دارەوە، کە دەیزانی ئەستیلا دووربینە چکۆلەکەی لەوێندەر دادەنێ، ئەو دووربینەی، کە دەچوو بۆ شانۆ لە گەڵ خۆیدا دەیبرد.

دووبارە بۆ بانێژەکە گەڕایەوە، حایرو حەپەساو مژوولی تەمەشا کردن بوو. بەڵێ، بەلەمێکی زۆر بە سەر ئاوەکەوە بوون، خەریک بوون لەو مەودایەی نێوان دوڕگەی ئیتاپاریکا و قەڵای ساومارسیلودا، گوڵ و شکۆفەیان هەڵدەدایە دەریاکەوەو هێما و ئاماژەی خاچیان بەسەر خۆدا دەکێشا. هەرچەندە بارۆن گوێی لە دەنگیان نەبوو، بەڵام دڵنیا بوو، خەڵکەکەی نێو بەلەمەکان دوعایان دەخوێند یان گۆرانیان دەچڕی.

***

شێرۆی ناتوبا، دەبیستێ کە ئەمڕۆ، ڕۆژی یەکەمی ئوکتوبەرە؛ دەکاتە ڕۆژی لە دایک بوونی چکۆلەی موبارەک و سەربازان لە سێ قۆڵەوە پەلاماری کانودوس دەدەن و لە هەوڵی ئەوەدان سەنگەرەکانی (مادرە ئیگرژا) و ساوپدرو و هەروەها سەنگەرەکەی مەسیحی موبارەک تەفر وتونا بکەن. بەڵام ئەو شتەی لە کەللە زەلام و قژنەکەی ئەودا دەزرینگایەوە شتێکی دیکە بوو: سەری پاجو، بە چاوانی دەرهاتگ و زمان و گوێی بڕاوەوە، چەند سەعاتێک بوو، خرابووە سەر قازوخێک و ، لە دیار سەنگەری سەگەکان لە فازندا فلیا، لە ئەرزەکە چەقێنرابوو. پاجویان کوشتبوو. دیارە هەموو ئەوانەش کە لە گەڵ ئەودا دزەیان کردبووە ناو ئوردووی کافرەکان تا فریای ماڵباتی فیلانوڤا و غەوارەکان بکەون و لە کانودوس دەربازیان بکەن، کوژراون، دیارە ئەوانەشیان

ئەشکەنجە داوەو ئەتکیان کردوون. ئاخۆ چەندی پێدەچێ تا هەمان بەڵا بە سەری ئەو و داکی پیاوان و هەموو ژنانی سروودخوان، کە تەنها چۆکیان دادابوو و نوێژ و نزایان بۆ ڕوحی شەهید پاجو، دەخوێند؟

لە دەرەوە دەنگی تەقە وهەرا و زەنا دەهات، شێرۆی ناتوبا گوێی تەپ بووبوو، لەو دەمەدا ئەبوت جواو، دەرگا چکۆلەکەی خەڵوەتخانەکە دەکاتەوە.

داروغەی شار، بە هەردوو دەست ئاماژەیان بۆ دەکات و هاواریان لێدەکات: "خێرا وەرنە دەرەوە، وەرنە دەرێ. بە غار بڕۆن بۆ پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک، دەی بەپەلە! "

بە هەشتاو پێچ دەکاتەوە، لە نێو ئەو تەپ و تۆزەدا، کە دەگەڵ ئەودا، دەچێتە خەڵوەتخانەکەوە، لە چاو ون دەبێت. شێرۆی ناتوبا فریای ترسان، هزرین، مەزەندە لێدان ناکەوێ. هاوارەکەی ئەبوت جواو، ژنانی سروودخوان ڕادەپەڕێنێ، بەرەو دەرگا تاو دەدەن، هەندێکیان هاوار دەکەن، هەندێکیان نیشانەی خاچ دەکێشن، لە پەلەپەلی خۆیاندا ئەو دەڵەک دەدەن، دەکەوێتە لاوە، ڕێک دەیکێشن بە دیوارەکەدا، دەستکێشە چەرمەکانی کوان؟ ئەدی پاتاوە چەرمەکانی، کە بە بێ ئەوانە نەیدەتوانی کەمترین مەسافە بڕوات و دەست و پێی بریندار نەبێ؟ بە کوێرە کوێر، هەموو ژوورە تاریکەکە دەگەڕێ و نایان دۆزێتەوە، دەزانێ کە هەموو ژنەکان ڕۆیشتوون، تەنانەت دایکە ماریا کوادرادوش ڕۆییوە. بە هەر لەقە لەقێ بووە خۆی دەگەیەنێتە دەرگاکە، هەموو توانا و هۆش و گۆشی خۆی دەخاتە کار، تا وەکو ئەبوت جواو گوتبووی، خۆی بگەیەنێتە پەرستگەکەی مەسیحی موبارەک، لە کاتێکا بە پێچاوپێچەکانی بەینی سەنگەرەکانی دەوروبەری خەڵوەتخانەکەدا تێدەپەڕی و خۆی بە هەر شتێکا دەکێشا و سەراپای دەڕوشا وبریندار دەبوو، سەیری کرد پیاوانی گاردی کاتولیک لەوێ نەماون – بە کێمانی ئەوانەی هێشتا لە ژیاندا بوون و نەکوژرابوون، لەوێ نەمابوون، بەڵکو خەڵکانێکی زۆر، لە سەر گونیە لم و سەندووقە گڵەکان کەوتبوون، ئیدی دەست و لاقی بەریان دەکەوت. کە لە پێچ و پەنای خەندەک و سەنگەرەکانەوە دەگاتە مەیدانە تەختانیەکە و دەیەوێ بپەڕێتەوە، غەریزەی مان، کە لەودا لە هەر کەسێکی دی بەهێزترە و لە منداڵی ڕا فێری ئەوە بووبوو، لە پێش هەر کەسێکی دیدا، هەست بە مەترسی و تالووکە بکات و فێری ئەوە بووبوو، هەر جارێ تووشی کۆمەڵێک مەترسیان بووەوە، ڕووبەڕووی کێهەیان ببێتەوە، ئەم غەریزەیە ناچاری دەکات بوەستێت وله بەینی کۆمەڵێک بەرمیلە لم دا کە بە گوللە کون کون بووبوون و لمەکەیان لێ دەڕژا، دانیشێت و خۆی مات بدات. هیچ کاتێ ناگاتە پەرستگە نیوە چڵەکە: دەکەوێتە ژێر دەست و پێی ئەو حەشاماتەوە کە بە هەڵەداوان بۆ ئەوێندەر دەچوون. لە ناکاوا – چاوە درشت وگەش و تیژەکانی کاتبەکە دەبینێ – خۆ ئەگەر بشگاتە بەر دەرگای پەرستگەکەش، هەرگیز ناتوانێ دڕ بەم حەشاماتە بدات و بچێتە ژوورەوە، حەشاماتەکە بەدەم دەڵەک دان و پاڵە پەستۆوە، دەیانویست لەم دەرگا تەسکەوە وەژووربکەون، ئەم دەرگایە تاقە ڕێگە بوو بۆ پەناگا قایمەکەی بیلومونتە، کە هێشتا دیوارە بەردینەکانی بە پێوە مابوون. باشتر وایە لێرە وەمێنێ و چاوەڕوانی مردن بکات، زۆر باشتر بوو لەوەی خۆی بە نێو ئەو حەشاماتەدا بکات و بکەوێتە ژێر دەست و پێوەو پان وپلیش ببێتەوە، لەوەتای تێکەڵی ژیانی جڤاکی و ئاڵۆزکاوی کانودوس بووبوو، لە هەموو شتێک زیاتر لەم دیمەن و حالەتە دەترسا. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " دایە ماریا کوادرادو، گلەییت لێناکەم کە دەستبەردارم بوویت، بە تەنیات بەجێ هێشتم. هەقی خۆتە خەمی ژیانی خۆت بخۆی، تا ڕۆژێ زیاتر، سەعاتێ پتر بژی."

بەڵام داخێکی گەورەی لە دڵدا بوو، ئەگەر ماریا کوادرادو یان یەکێک لە ژنانی کۆرسی سروودخوان لێرە بوایەن، ئەم دوا ساتانەی بەم ڕادەیە لە لا تاڵ و ناخۆش نەدەبوو.

له کاتێکا خۆی له نێو بەرمیل وگونیه لمەکاندا گرمۆڵه کردبوو، بەدەم مله قوتێوه هەر جاره و تەمەشای لایەکی دەکرد، بەره بەره بۆی بەدیار کەوت که لەم مەیدانه بەرینەی نێوان کڵێساکان و خەڵوەتخانەکەدا چ ڕوودەدات. ئەو مەتەرێزەی که پێرێ له پشت گۆڕستانەکەوه دروستیان کردبوو، تا کڵێسای سانتو ئانتونیۆ بپارێزێ، کەوتووەته دەستی سەگەکان و خەریکه خۆ به ماڵەکانی شەقامی (سانتا ئاینس) دا، که ڕێک له پەنا کڵێساکەدایه، دەکەن. هەر هەموو ئەو خەڵکانەی دەیانەوێ پەنا وەبەر کڵێساکه بەرن له شەقامی سانتا ئاینسەوه هاتوون: پیرەمێران، پیرەژنان، دایکانێ که منداڵی بەر مەمکەیان به باوەش و به کۆڵەوه بوو. بەڵام هێشتا خەڵکانێکی زۆر له ناو شارەکەدا شەڕیان دەکرد. له هەنبەر ئەواو له بورج و ئەسکەلەی خەڵوەتخانەکەی مەسیحی موبارەکەوه، دەنگی تەقه دەهات. شێرۆی ناتوبا، ئەو پزیسکانه دەبینێ که له شمخاڵی شەڕڤانەکانەوه دەردەچوو، دەیبینی چۆن گولله تۆپ تاوێر و قرمیدی سەربان و هەموو شتێکی دەوروبەری ئەوی داغان دەکرد. هاتنی ئەبوت جواو بۆ ئەوه نەبوو که ژنانی کۆرسی سروودخوان ئاگاداربکاتەوه که فریا کەون و خۆ ڕزگاربکەن، بەڵکو بۆ ئەوەش بوو که پیاوانی "گاردی کاتولیک"ش، که پاراستنی خەڵوەتخانەکەیان له ئەستۆ بوو، لەگەڵ خۆدا ببات، که بێگومان نها هەموویان له سانتا ئاینس شەڕیان دەکرد یان مەتەرێزی تازەیان دروست دەکرد و ئەو بازنەیەیان کەمێک تەسکتر دەکردەوه که مورشید زۆرجار به جدی باسی دەکرد. سەربازەکان کوان، تۆ بڵێی له کام قوڵەوه بێن؟ نها سەعات چەندە، شەوه یان ڕۆژە؟ ئەو تەپ وتۆز و دووکەڵەی که بەری ئاسمانی گرتبوو و سات به سات چڕتر دەبوو، گەرو وچاوی دێنایه خوروو، دەیخسته کۆکه و هەناسەی تەنگ دەکرد.

گوێی له دەنگێکی نزیک دەبێت: " ئەدی مورشید، چی لێهاتووه؟ ڕاسته چووه بۆ ئاسمان، ڕاسته فریشتەکان له گەڵ خۆدا بردوویانه؟"

ڕوخساری پڕ چرچ ولۆچی ئەو پیرەژنەی که له سەر ئەرزەکه کەوتبوو وتەنیا یەک ددانی له دەما بوو، پێڵووەکانی نووسا بوو، لەوه نەدەچوو پێکرابێ، بەڵکو تەنیا زۆر شەکەت بوو.

شێرۆی ناتوبا، سەرێک دەلەقێنێ ودەڵێت: "بەڵێ، مورشید چووه بۆ ئاسمان" زۆر چاک دەزانێ که ئەمه باشترین شته که بتوانێ لەم دەمەدا بۆ ئەو پیرەژنەی بکات. "فریشتەکان له گەڵ خۆدا بردوویانه."

پیرەژن له بن لێوانەوه دەپرسێت: "شێرۆ، فریشتەکان دێن تا ڕوحی منیش له گەڵ خۆدا بەرن؟ "

شێرۆ، دیسانەوه چەند جارێک سەر دەلەقێنێ. پیرەژن بزەیەکی ساردی به ڕوودا دەدات و له هەمان جێگای خۆیدا بێجوڵه ڕادەکشێت و دەمی داچەقیوه. دەنگی نەعرەته و تەقه له قوڵی کڵێسا وێران و ڕوخاوەکەی سانتو ئانتونیوه دێت، شێرۆی ناتوبا هەست دەکات بای گوللەکان به لای سەریا دەڕوات و زۆرێک له گوللەکان بەر ئەو بەرمیل وگونیه لمانه دەکەون که ئەو خۆی داوەته پاڵیان. له شوێنی خۆی پاڵدەکەوێ، چاوەکانی دەنوقێنێ و چاوەڕوان دەکات.

وەختایەک هەراو هەنگامەکه کەمێک هێور دەبێتەوه، سەر بەرزدەکاتەوه، دنیایەک دار و پەردوو دەبینێ که پێرێ شەو به هۆی داڕوخانی بورجی کڵێساکەی سانتو ئانتونیوه دروست بووبوو. سەربازەکان لەوێن. گڕ له سینگی دەبێتەوه: لەوێن، لەوێن، به نێو تاوێرەکاندا دەسوڕێتەوه، بەرەو خەڵوەتخانەکەی مەسیحی موبارەک تەقه دەکەن، تەقه لەو ئاپۆڕایەی بەردەم خەڵوەتخانەکه دەکەن. لەو دەمەدا، دوای دوو دڵییەکی چەند چرکەیی، که ئاپۆڕاکه دەبینێ سەربازەکان تەقه لەوان دەکەن، به تووڕەیی وگیانی تۆڵه ئەستێنیەوه بەرەو سەربازەکان هێرش

دەبەن، دوای چەند چرکەیەک ئەو مەیدانە دەبێ بە مەیدانی شەڕی تەن بە تەن و دەستەویەخە، شێرۆی ناتوبا، لە نێو گەرد و تۆزەکەوە، خەڵکەکە دەبینێ کە دوو دوو و کۆمەڵ کۆمەڵ کەوتوونەتە گیان یەکدی و لە ئەرزەکەدا یەکدی دەگەوزێنن، شمشێر وقەمە و سەرەنێزەو کێرد دەبینێ، نەعرەتە وجنێو وهورایان دەژنەوێ: " بژی کۆمار " ، " بڕوخێ کۆمار، بژی مورشید، مەسیحی موبارەک، بژی مارشال فلوریانو." لە نێو ئەم ئاپۆڕایەدا، نها جگە لە پیرەمێر و ژنان ، شەڕڤانان و پیاوانی گاردی کاتولیک دەبینرێ، پیاوانی گاردی کاتولیک لە قوڵێکەوە دەڕژێنە ئەم مەیدانەوە. وا تەسەور دەکات ئەبوت جواو دەبینێ، دوورتر لەو دەم و چاوی تاوە گازی جواوە زلە دەبینێ، ( پدراو) ش دەبینێ دێتە پێشەوە، دەمانچەیەکی گەورەی لە دەستێکدایە و قەمەیەک بە دەستەکەی تریەوەیە. سەربازانیش بە سەربانی ئەو کڵێسایەوەن کە لە زۆر لاوە داڕوخاوە. نها جێگای شەڕڤانەکانیان گرتووەتەوە و لەو سەرەوە، مەیدانەکە بەر دەستڕێژی گوللە دەدەن. کڵاوی سەربازەکان، جلەکانیان ورەخت و فیشەکدانەکانیان لەو سەرەوە دەبینێ. سەرەنجام بۆی دەردەکەوێ یەکێک لە سەربازەکان، کە لە تۆ وایە بە بۆشاییەوە دالەقاوە، لە سەربانی نیوە وێرانی سانتو ئانتونیودا خەریکی چییە، خەریکە ئاڵایەک هەڵدەکات، ئاڵای کۆماریان لە سەر بیلومونتە هەڵکردووە.

لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئێستا مورشید ئەو ئاڵایەی دیتبا کە لە سەربان و بورج و ئەسکەلەکانی خەڵوەتخانەکە بەرزدەکرایەوەو بە گوللەی شەڕڤانەکان دادەبێژرا چ هەڵوێستێکی دەبوو وچی دەگوت. لەو دەمەدا ئەو سەربازە دەبینێ کە نیشانەی لێی گرتبووەوە، تەقە لەم دەکات.

نە پاڵ دەکەوێ، نە هەڵدێت، لە جێی خۆی ناجوڵێت، خۆی وەکو ئەو تەیرە بچکۆلەیە دێتە بەرچاو، کە مارێک بە سەر درەختێکەوە ئەفسوونی دەکات، لە پەل و پۆی دەخات و ئەوسا بە کەماڵی ئیسراحەت قووتی دەدات. سەربازەکە سێرەی لێدەگرێ، شێرۆی ناتوبا، بە تەکانی شانی کابراو لەرینەوەی لوولەی تفەنگەکەدا بۆی دەردەکەوێ کە تەقەی کرد. وێڕای ئەو هەموو گەرد و تۆز و دووکەڵەی لە ئارادا بوو، وەختایەک کابرا دووبارە سێرەی لێدەگرێتەوە، ئەم چاوە چکۆلەکانی دەبینێ کە بە چ شادییەکی هۆڤانەوە دەبریسکێنەوە، چونکە دڵنیایە نێچیرەکەی مسۆگەر کردووەو ئەمجارە دەیپێکێ و دەرچوونی نییە. بەڵام لە ناکاوا یەکێک بە توندی لە باسکی شێرۆ نەوی، ڕای تەکاند و ناچاری کرد، هەستێ، هەڵێ و لەو ناوە دووربکەوێتەوە، کابرا هێندە بە توندی باسکی گرت، خەریک بوو لە بنەوە دەری دەهێنا. ئەم کابرایە جواوە زلە بوو. تا ناو قەدی ڕووت بوو، ئاماژە بۆ کامپوگراندە دەکات و بە دەنگی بەرز هاواری لێدەکات: " لەوێوە، لەو ڕێگەیەوە، بەرەو منینو یەسوع، سانتو ئیلوی، ساوپدرو، ئەو سەنگەرانە هێشتا ماون، هەڵێ، بڕۆ بۆ ئەوێندەر."

جواوە زلە، دەستی شێرۆی ناتوبا بەر دەدات و بەخۆی بە ناو ونگەکانی دەوروبەری کڵێساکان و خەڵوەتخانەکە دەکەوێ ولە چاو ون دەبێت. شێرۆی ناتوبا، کە دەستی کابرای لێ بەردەبێ خۆی بە پێوە ناگرێ ودەکەوێتە سەر ئەرزەکە. لێ تەنیا چەند ساتێ لەوێندەر دەمێنێ و ئەوسا وەخۆ دێتەوە، ئێسقانەکانی کە دەتگوت بە دەستی جواوە زلەوە لە یەک ترازاون، دێنەوە جێ. پێدەچوو، هاوارەکەی فەرماندەی گاردی کاتولیک، هێزێکی پەنهانی لەودا، لە ناخی ئەودا بێدار کردبێتەوە. ئیدی شێرۆی ناتوبا، بە هەڵەداوان، بە ناو ئەو دار و پەردووانە دەکەوێ کە سەردەمانێ کامپوگراندە بوو. ئەمە تاقە ڕاڕەوێک بوو کە بە حوکمی پانیەکەی و درێژییەکەی دەکرا پێی بگوترێ شەقام، کە ئێستا وەکو هەر شەقامێکی دیکە، کە گوللە تۆپ بە تەواوی کێڵابووی، یەکپارچە قۆرت و چاڵ بوو، پڕبوو لە دارو پەردوو و تەرم و جەنازە. نە پاش خۆی دەبینی و نەدەیزانی کێوە دەچێت، بە هەڵتەک

هەڵتەک دەڕوات و خەبەری لەو برینانە نییە کە پارچە بەرد و شووشە دەیانکردە دەست و پێی. هەموو هۆش و گۆشی لای ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە ئەو جێگەیەی کە پێیان گوتبوو، واتە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی منینو یەسوع و سانتو ئیلوی و ساوپدراو و مارتیر، واتە ئەو تولە ڕێگایەی، دەچوو بۆ مادرە ئیگرژا. ئەویّ ئەمینە، بگاتە ئەوێندەر ڕزگار دەبێ و هەڵدەکات. بەڵام کە دەگاتە پێچی سێیەمی کامپوگراندە، ئەو شوێنەی کە سەردەمانێ منینو یەسوع بوو و نها لە بەرچاوی بووبوو بە تونێلێکی قەرەباڵغ، گوێی لە دەنگی تەقەی تفەنگانە، گڕی زەرد و سوور و پێچاوپێچی کەوەیی دەبینێ کە بە ئاسمانا دەچێ. دەوەستێ، لە پەنا عەرەبانەیەکی وەرگەڕاو و تەیمانێکی داڕوخاودا کە تاقە نیشانەی پاشماوەی خانوویەک بوو، دەستەو ئەژنۆ دادەنیشێت. دەبیرەوە دەچێت. ئایا ماقووڵە بەرەو ئەو گڕو بڵێسە وگوللە بارانە بڕوات؟ باشتر نییە ڕێ و ڕێ بگەڕێتەوە؟ لەو سەرەوە، لەو شوێنەدا کە منینو یەسوع بە مادرە ئیگرژاوە، گڕێ دەدا، هەندێک تارمایی دەبینێ، خەڵکانێک کە هێدی هێدی دێن و دەڕۆن. کەواتە دەبێ ئەوێ سەنگەرەکە بێ. واچاکە خۆی بگەیەنێتە ئەوێندەر، واچاکە لە جێیەک بمرێت کە خەڵکانێکی لێ هەبن. بەڵام ئەوەندەش تەنیا نەبوو وەکو وێنای دەکرد، چونکە کە بە هەڵتەک هەڵتەک بە قەدپاڵە ڕکەکەی منینو یەسوع دا هەڵدەگەڕا، گوێی لە هەندێ دەنگ بوو کە لە چەپ و ڕاستەوە بانگیان دەکرد: " شێرۆ! ئەهای شێرۆ! وەرە لێرە خۆت وەشێرە، خۆت پەنا بدە! " لە کوێ، لە کوێ؟ کەس نابینێ و هەر بەرەو سەرەوە مل دەنێ. بە سەر دار و پەردوواندا، بە سەر تەرم و جەنازاندا سەردەکەوت کە هەندێکیان بەدەم گوللە تۆپانەوە ورگ و ڕیخۆڵەیان ڕژابووە دەرەوە، یان پارچەیەک لە بەدەنیان پەڕی بوو و ، بە بۆنیان دا دیار بوو کە چەندین سەعات و بگرە چەندین ڕۆژ بوو لەوێندەر کەوتبوون، لەبەر بۆن بۆگەنی هەناسەی تەنگ دەبوو و چاوی ئاوی دەکرد، ئەمە جگە لەو دووکەڵەی کە دەچوو بە دەم و چاویدا. پاشان لە ناکاوا سەربازەکان لە بەردەم خۆیدا دەبینێ.. شەش کەسن، سەرو مەشخەڵیان بە دەستەوەیە، لە سەتڵێکی هەڵدەکێشن کە سەربازێکی دی هەڵیگرتووە، سەتڵێک وادیارە نەوتی تیایە، پاشان ئاگری پێوە دەنەن و بۆ خانووەکانی هەڵدەدەن و سەربازانی دیکە لە نزیکەوە دەکەونە تەقەکرن لە ماڵەکان. شێرۆ، هەر دە هەنگاوێک لە سەربازەکانەوە دوورە، لەو شوێنەدا کە هەوەڵجار بینیانی، ڕەق ڕاوەستاوە، حایرو حەپەساو، نیوە کوێر تەمەشایان دەکات، دەوروبەری پڕە لە گیز و هۆڕی گوللە. هەر لەوێندەر خۆی بە عاردیدا دەدا، چاوە درشتە گەشەکانی نانوقێنێ و ئەفسوونی تەمەشای ئەو سەربازانە دەبێت، کە بەدەم دەستڕێژی گوللەوە، دەگلێن و بەدەم ئازارەوە دەناڵێنن و تفەنگەکان لە دەستیان بەردەبنەوە. ئەم گوللانە لە کوێوە دەهاتن؟ یەکێک لە کافرەکان، بەرەو لای ئەم غل دەبێتەوە و هەر دوو دەستی بەدەم و چاویەوە گرتووە. دەیبینێ لە ناکاوا خاو دەبێتەوە، جوڵەی لە بەر دەبڕێ و زمانی لە دەمیەوە دەردێ.

ئەم گوللانە لە کوێوە دێن، شەڕڤانەکان لە کوێن؟ گوێ هەڵدەخا، تەمەشای ئەو سەگانە دەکات کە دەکوژرێن، نیگای لەمیانەوە دەچێتە سەر ئەویان، هەموو ساتێ چاوەڕوانی ئەوەیە یەکێک لەو جەنازانە هەستێتەوەو پەلاماری ئەم بدات وبیکوژێت.

بەڵام ئەوەی ئەو دەیبینێ شتێکە، نەرم، لە یەکێک لە خانووەکانەوە، دێتە دەرێ و کرم ئاسا خۆی لوول دەکات و بە سەر ئەرزەکەدا خۆی غل دەکاتەوەو دێتە پێشەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " نەوجەوانێکە! " بەڵام کە باش دیقەت دەدا، یەک نەوجەوان نییە، بەڵکو سیانن، کە دوا بە دوای یەکدی و بە ماتە مات لە ماڵەکە دێنە دەرێ. هەرسێکیان لە جەنازەی سەربازە کوژراوەکان دەنەون و ڕایان دەکێشن، بە پێچەوانەی وێنا و مەزەندەی شێرۆی ناتوباوە، جەنازەکان ڕووت ناکەنەوە، تەنیا فیشەکدانەکانیان و مەتارە ئاوەکانیان لێدەکەنەوە. یەکێک لە

نەوجەوانەکان سووکە هەڵوەستەیەک دەکات وکێردێکی درێژ، بە قەد بازووی خۆی، دەکات بە گەرووی ئەو سەربازەدا کە لە نزیکی شێرۆی ناتوبا کەوتبوو و شێرۆ وایدەزانی لێبووەتەوەو مردووە.

یەکێک لە نەوجەوانەکان بانگی لێدەکات: " شێرۆ، شێرۆ!" ئاماژەی دەکاتێ کە دوای ئەو بکەوێ. شێرۆی ناتوبا دەبینێ خۆی بە ماڵێکا دەکات کە دەرگاکەی بە ئاستەم ترازابوو. دووانەکەی دی، بە هەشتاو بە دوو سەمتی جیاوازدا دەڕۆن و دەستکەوتەکانیان لە دووی خۆ ڕادەکێشن. هەنگێ لاقی، کە لە ترسا هیشک بووبوو، لە دووی دێ و دەتوانێ خۆی بەرەو دەرگاکە بکێش بکات. چەند دەستێکی بەهێز لە پشت دەرگاکەوە دێنە دەرێ تا یارمەتی بدەن. هەست دەکات بەرزکراوەتەوە، ئەم دەست دەیداتە ئەو دەست، ئەوسا لە ئەرزەکە دادەنرێ و گوێی لە دەنگی ژنێک دەبێ کە دەڵێت: " زەمزەمیەکەی بدەیە." زەمزەمیەکە دەخەنە دەستە برینداەکانیەوە، دەینێ بە دەمیەوە، بە چاوی نوقاوەوە بینی پێوە دەنێ، هەست بە منەتبارییەکی زۆر دەکات، سەیری پەرجووی ئەم خواردنەوە زوڵاڵە دەکات، کە دەتوانێ ئەو گرەی دەروونی، کە دەلێی پشکۆی خەڵوزە، بەو ئاسانیە دەکوژێنێتەوە.

وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کە ئەو شەش حەوت پیاوە چەکدارەی لە چاڵێکی کراوەی ناو حەوشەکەدا، خۆیان مەڵاس داوە، لێی دەکەن — دەم وچاویان لە دووکەڵ وتەنی دا، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە، هەندێکیان دەمامکیان کردووە و ناناسرێنەوە — بەدەم هەناسە بڕکێوە، باسی ئەو دیاردە و دیمەن و بویەرانەیان بۆ دەکات کە لە مەیدانی کڵێساکە و بەدەم ڕێگاوە بۆ ئێرە دیتبوونی. هەنگێ بۆی بەدیار دەکەوێ کە چاڵەکە لە خوارەوە دەچێتە سەر لەغەمێک (ڕێگا بە بن ئەرزا) لە ناکاوا نەوجەوانێک لە بەینی لاقەکانیەوە سەر دەردێنێ و دەڵێت: " سالوستیانو، سەگەکان زۆرتر بوون." ئەوان کە گوێیان لە قسەکانی ئەو بوو، یەکسەر دەکەونە خۆ، شێرۆ دەدەنە لاوە و شێرۆ لەو دەمەدا دەبینێ دووان لەوانە ئافرەتن. ئافرەتەکانیش تفەنگیان پێیە، وەکو ئەوانی دی ڕووەو شەقامەکە نیشانە دەگرنەوە. شێرۆی ناتوبا، لە درزی دیوارەکەوە، تاپۆ و تارمایی ئەو سەربازانە بەدی دەکات، کە مەشخەڵی هەڵایساویان پێیە و هەڵیدەدەنە ناو ماڵ و خانووەکانەوە. یەکێک لە شەڕڤانەکان هاوار دەکات: " تەقە بکەن!" ژوورەکە پڕ دەبێت لە دووکەڵی باروت. کە دووکەڵەکە کەمێک دەڕەوێتەوە، دوو نەوجەوان لە نێو خەندەکەکەوە دەردەپەڕن و بە سینگە خشکێ خۆ دەگەیەننە سەر شەقامەکە، تا فیشەکدان و مەتارەکان کۆ بکەنەوە.

یەکێک لە شەڕڤانەکان بە دەم پاککردنەوەی تفەنگەکەیەوە دەڵێت: " با لێگەڕین تا تەواو نزیک ببنەوە و ئەوسا تەقەیان لێبکەین. ئیدی لەو حاڵەدا کەسیان دەرباز نابێ."

ژنێک دەڵێت: "سالوستیانو، ئاگریان لە ماڵەکەی تۆ بەردا."

هەر سالوستیانو خۆی دەڵێت: " لە ماڵەکەی ئەبوت جواوش."

ئەم ماڵانە بەرانبەر بەیەکن. ئاگرەکە تەشەنەی کردووە و لە یەکەوە گریان گرتووە، لە پشت کڵپە کڵپ و بڵێسەی ئاگرەکەوە دەنگی هەرا و هەنگامەی خەڵکی دێ کە بە هەڵەداوان دێن و دەچن، دووکەڵێکی چڕ دێتە ناو خانووەکەوەو بە جۆرێ دەپەنگێتەوە، کە هەناسە سوار دەکات.

شەڕڤانێک لە نێو خەندەکەکەوە دەڵێت: " شێرۆ، ئەمانە دەیانەوێ زندە برژمان بکەن. هەموو ماسۆنیەکان بە مەشخەڵەوە ڕژاونەتە نێو شار."

دووکەڵەکە هێندە چڕە کە شێرۆی ناتوبا، دەست بە کۆکین دەکات و لەهەمان کاتدا، زەینە ڕۆشنەکەی، شتێکی وەبیر دێنێتەوە کە کاتی خۆی مورشید گوتوویەتی و ئەم نووسیویەتی، کە نها وەکو هەر شتێکی دیکەی ناو خەڵوەتخانەکە خەریکە دەبێ بە خۆراکی ئاگرو دەبێ بە خۆڵەمێش: "سێ ئاگر دەکەوێتەوە، من هەرسێکیان دەکوژێنمەوەو، چوارەمیان بە مەسیحی موبارەک دەسپێرم."

شێرۆی ناتوبا، بە دەنگی بەرز و بەدەم هەناسە بڕکێوە دەڵێت: " ئایا ئەمە شەوات و ئاگری چوارەمە، ئایا دوا ئاگرە؟ " یەکێک بە شەرمەوە دەپرسێت: " شێرۆ دەنگ و باسی مورشید؟ " هەڵبەتە پێشبینی ئەو پرسیارەی دەکرد، لەوساوە کە پێی نابووە ناو ئەم ماڵەوە، دەیزانی کەسێک پرکێشی دەکات و ئەو پرسیارە دەکات. لە نێو کڵپە و بڵێسەی ئاگرەکەوە حەوت هەشت ڕوخساری جدی و ئومێدەوار دەبینێ.

شێرۆی ناتوبا، دەکۆکێ: "مورشید چوو بۆ ئاسمان... فریشتەکان هاتن و بردیان."

نۆرە کۆکەیەکی دی دایگرت؛ ناچاری کرد چاوی بنوقێنێ و دولا کۆم ببێتەوە. لە گەرمەی ئەو نائومێدیەدا کە بە سەر یەکێکا دێ، هەناسەی سوار دەبێ و هیچ هەوایەک نییە هەڵی بمژێ و، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی کاری کراوە، شێرۆی ناتوبا گەییوەتە ئەو حاڵەتە و دڵنیایە کە ناچێتە بەهەشت، چونکە تەنانەت لەم ساتەشدا ناتوانێ باوەڕ بەوە بکات کە شتێک هەبێ بە نێوی بەهەشت. وەکو یەکێک خەون بدینێ، گوێی لە شەڕڤانەکانە کە دەکۆکن، گەنگەشە دەکەن و سەرەنجام بڕیار دەدەن کە ناتوانن لێرە بمێننەوە، چونکە ئاگرەکە بۆ ئێرەش تەشەنە دەکات. گوێی لە یەکێک دەبێت کە دەڵێت: " شێرۆ دەبێ لێرە بڕۆین. سەرت دابنەوێنە شێرۆ." ناتوانێ چاوی بکاتەوە، دەست درێژ دەکات، هەست دەکات دەستی دەگرن، ڕایدەکێشن و لە گەڵ خۆدا دەیبەن. ئەم کوێرە سەفەرە چەند دەخایەنێت: لێکدا لێکدا هەناسە هەڵدەکێشێت، خۆی بە دیوارەکانا دەکێشێت، بەو خەڵک و شتانەدا دەکەوێ کە دێنە ڕێگەی، کە بە ناو ئەو لەغمە پێچاوپێچە دەکەوێ و بە نێو خاک وخۆڵا دەبوورێ، هەست بە هەندێ دەست دەکات کە لە کونێکەوە بۆ ناو خانوویەکی دەبەن و لەوێوە بۆ تونێلێکی دیکەی دەبەن و ڕاکێش ڕاکێش لە گەڵ خۆدا دەیبەن. ئیدی ئەم کوێرە سەفەرە چەند دەخایەنێ؟ ڕەنگە چەند خولەکێک، چەند سەعاتێک بخایەنێ، بەڵام زەینی وی بۆ دەمێکیش لە بیرکردنەوە ناوەستێ، بە سۆراغی هەزاران شتەوە دەچێ، هەزاران دیمەن و وێنە دێنێتەوە بەرچاوی خۆی، زات وەبەر خۆ دەنێ، جەستە چکۆلەکەی هاندەدات کە خۆڕاگر بێ، مقاوەمەت بکات، بە کێمانی(بەلای کەمەوە) تا کۆتایی ئەم لەغمە تەحەموول بکات، هەنگێ سەری لەوە دەسوڕمێ کە چۆن ئەم جەستە چکۆلەیە، کە ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەر ساتێکا هەرەس بێنێ، بەرگەی ئەم هەموو ڕێگەیەی گرتووە.

لە ناکاوا ئەو دەستەی گرتبووی، بەری دەدات، شێرۆی ناتوبا دەکەوێتە سەر ئەرزەکە و بەرەبەرە ڕۆدەچێتە خوارتر و خوارترەوە. لە ئان و ساتدایە، سەری ورد و خاش ببێ، دڵی دەکەوێتە پەلەپەل، خوێنی دەمارەکانی دێنە جۆش، چیوای نەماوە جەستە چکۆلە بریندارەکەی هەپروون بە هەپروون ببێت. بەڵام هیچ شتێک لەوانە ڕوونادەن، بەرە بەرە هێوردەبێتەوە، هەست دەکات هەوایەکی هەندێ پاکتر، بەرەبەرە دەیژێنێتەوە، ژیانی وەبەردا دەکاتەوە. دەنگە دەنگێکی گشتگیری دێتە گوێ، دەنگی تەقەیە، ژاوە ژاوە. چاوەکانی هەڵدەگڵۆفێ، گەردو تۆزەکەی سەر پێڵوەکانی دەسڕێ، دەبینێ لە ماڵێکایە نەک لە ناو لەغەمێکا، کۆمەڵێک شەڕڤان و ژنانی منداڵ لە باوەش، لە دەوری دانیشتوون، لە نێو پیاوەکاندا، کابرای فشفشەساز، کە خەریکە پارچە موشەکان لێکدەدات، واتە ئانتونیوی فشفشەساز، دەناسێتەوە.

شێرۆی ناتوبا دەڵێت: " ئانتونیو، ئانتونیو، دەنگ و باسی کانودوس؟ " بەڵام ئانتونیو، ورتە ناکات. لێرە هیچ گڕ وبڵێسەیەک لە ئارادا نییە، بەڵکو تەپ و تۆزێکە چاو چاو نابینێ. شەڕڤانەکان قسە ناکەن، حەبل لە تفەنگەکانیان دەدەن، فیشەکیان دەخەنە بەر، بە نۆرە ئێشکی دەرەوە دەگرن. چما ناتوانێ قسە بکات، بۆ دەنگی دەرنایەت؟

بە چوار چنگۆڵە خۆی دەگەیەنێتە یارۆی فشفشەسازو باوەش بە هەردوو لاقیا دەکات، ئانتونیو بە دەم پاککردنەوەی تفەنگەکەیەوە، بە چیچکانەوە، لە لایەوە دادەنیشێت. بە دەنگێکی زەلالی بێخەمەوە دەڵێت: " لێرەدا پێشمان پێگرتوون. بەڵام لە مادرە ئیگرژا و گۆڕستانەکە و سانتا ئاینس ڕەت بوون. لە هەموو شوێنێک هەن. ئەبوت جواو دەیەوێ لە مینیو یەسوع سەنگەرێک و لە سانتو ئیلوی یەکێکی دی دروست بکات، تا لە پشتەوە هێرشمان بۆ نەکەن."

شیرۆی ناتوبا، بە خەیاڵ، ئەم بازنە بچووکەی، کە لە بیلومونتە ماوەتەوە، دێنێتە بەرچاوی خۆی، ئیدی ئەم ناوچە تەنگەی کە بریتیە لە کۆڵانە تەنگەبەر و پێچاوپێچەکانی ساوپدرو و مارتیر، سانتوئیلوی و، منینو یەسوع، ناکاتە دە یەکی بیلومونتەی جاران. دەڵێت، ئەمجارە دەنگی دەردێ: "یانی خەڵوەتخانەکەی مەسیحی موبارەکیشیان گرتووە؟"

یارۆی فشفشەساز، بە هەمان ڕاوێژی نەرم وهێدی، وەکو ئەوەی باسی کەش و هەوا بکات، دەڵێت: " وەختایەک تۆ لە غورابی خەوا بووی کاولیان کرد. بورجەکە هەرەسی هێنا و ساپیتەکە داڕوخا. هەڵبەتە هاڕەی داڕوخانەکە گەییوەتە ترابوبو و بندنگوش، بەڵام تۆی بێدار نەکردووەتەوە."

ژنێک بە بێئەوەی دەمی بجوڵێنێت یان چاوی بتروکێ، قسەکەی پێدەبڕێ ودەڵێت: " ئەرێ ڕاستە مورشید چووە بۆ ئاسمان؟"

شێرۆی ناتوبا بەرسڤ ناداتەوە: خەیاڵی دەڕوا، گوێی لێدەبێ، دەبینێ بەردی دنیا دادەبارێ، پیاوانی بازوبەند شین وەکو بارانی بەرد، دەکەون بە سەر نەخۆشان و بریندارن و پیرەمێران و ژنانی زەیستان و منداڵێن تازە زێ دا، دەبینێ کە ژنانی کۆرسی سروودخوان دەخرێنە ژێر پێ لەقەوەو دەکوژرێن و ماریا کوادرادوش، دەبێ بە چنگێ گۆشت وئێسقانی بێگیان.

یەکێک، وەکو ئەوەی بیری ئەو بخوێنێتەوە دەڵێت: " شێرۆ، داکی پیاوان لە تۆ دەگەڕا."

ئەوەی قسەی دەکرد نەوجەوانێکی مردەلۆخ بوو، کۆمایەک ئێسقان بوو کە پێستێکی بە سەرا درابوو، پانتۆڵێکی شڕو شەپەڕێوی لەبەر بوو، تا هاتبووە ژوورەوە شەڕڤان وگەریلاکان، ئەو خورجین ومەتارانەی، کە نەوجەوانەکە هێنابووی، لێوەردەگرن.

شێرۆی ناتوبا، یەکێک لە باسکە لاوازەکانی نەوجەوانەکە دەگرێ: " ماریا کوادرادو؟ تۆ بە خۆت بینیت؟ "

نەوجەوانەکە گوتی: "لە سانتو ئیلوی یە، لە پشت سەنگەرەکەوەیە، هەرکەسێ دەبینێ، هەواڵی تۆی لێدەپرسێت."

شێرۆی ناتوبا، بە دەنگێکی نیگەران و بەدەم پارانەوەوە دەڵێت: "بمبە بۆ لای ئەو."

نەوجەوانەکە، وەکو ئەوەی لە ناکاوا شتێکی وەبیر هاتبێتەوە، بە یارۆی فشفشەساز دەڵێت: " چکۆلەی موبارەک بەیداخی بەرزکردەوەو چوو بۆ لای سەگەکان."

شێرۆی ناتوبا، خۆی بە نەوجەوانەکەوە هەڵدەواسێ، دەکەوێتە هەڵبەزو دابەز: " تکا دەکەم بمبە بۆ لای ماریا کوادرادو."

نەوجەوانەکە تیا دەمێنێ، نازانێ چ بکات، تەمەشای فشفشەسازەکە دەکات.

فشفشەسازەکە دەڵێت: " لەگەڵ خۆتا بیبە. بە ئەبوت جواو بڵێ هەموو شتێک لێرە ئارامە. تا دەتوانی بەپەلە بۆ ئێرە بزڤڕەوە، چونکە پێویستم بە تۆ دەبێت." مەتارەکان بە سەر خەڵکەکەدا دابەش دەکات، ئەو مەتارەیەی، کە بۆ خۆی دادەنێ، دەداتە دەست شێرۆ: "تا نەڕۆیشتووی قومێک بخۆرەوە."

شێرۆی ناتوبا، تۆزێکی لێدەخواتەوەو لە بن لیوانەوە دەڵێت: "سوپاس وستایش بۆ مەسیحی موبارەک، مورشید." دوای نەوجەوانەکە دەکەوێ و لە کوختەکە وەدەردەکەوێ. دەرەوە هەمووی گڕو بڵێسەی ئاگرە، ئیدی ژن و پیاو خەریکن سەتڵە خۆڵ بە ئاگرەکەدا دەکەن و هەوڵدەدەن بیکوژێننەوە. گەڕەک وکوچەی ساوپدرو مارتیر، کەمتر وێران بووە، خانووەکان پڕن لە خەڵکی. هەندێکیان گازی دەکەن و لێی دەپرسن کاتێ مورشید چووە بۆ ئاسمان، فریشتەکانی دیتووە یان نا. هیچ وەڵامێک ناداتەوە، ناوەستێ. بە زەحمەتێکی زۆر ڕێگە دەکات، ئازای گیانی دەیەشێ و ئیدی توانای ئەوەی نییە، دەست بناتە سەر ئەرزەکە. هاوار لە نەوجەوانەکە دەکات کە خێرا نەڕوات، چونکە ئەم بە پێیدا ناگات، ڕێک لەم کاتەدا کوڕێژگەکە – بێئەوەی هیچ هاوارێ یان قسەیەک بکات – لە ناکاوا دەکەوێتە سەر ئەرزەکە.

شێرۆی ناتوبا خۆی بکێش دەکات و دەگاتە دیار کوڕێژگەکە، بەڵام دەستی تێوە نادات، چونکە ئێستا لە جێگای چاوەکانی ئەو تەنیا دوو پەڵە خوێنی **دەبینی کە خاڵێکی** سپی لە ناوەڕاستیا بوو، دیار نەبوو ئێسقانە یان شتێکی دیکەیە. سەبر ناکات تا بزانێ گوللە لە کوێندەرەوە هاتووە، بە هەڵتەک هەڵتەک دەکەوێتە ڕێ، دەبیرەوە دەچێت: "ماریا کوادرادو، حەز دەکەم بتبینم، حەزدەکەم لە گەڵ تۆدا بمرم." بەدەم ڕاکردن و پەلەپەلەوە ڕووبەڕووی دووکەڵ و ئاگری زۆرتر دەبێتەوە، لە ناکاوا هەستدەکات، ناتوانێ بچێتە پێشترەوە، ئەو سەری ساوپدرو مارتیر یەکپارچە دووکەڵ وگڕە و کەس ناتوانێ لەوێندەرەوە تێبپەڕێت. دەوەستێ، هەناسەی تەنگ دەبێت، هاڵاوی ئاگرەکە دادەگژێتە سەرو گوێلاکی.

–شێرۆ، شێرۆ.

ئاوڕی پاشەوە دەداتەوە، تارمایی ژنێک دەبینێ، تارماییەک کە پێستی بە سەر ئێسقانیەوە هیشک بووەتەوە، نیگای لە دەنگەکەی خەمناکترە. ژنەی تاین بە پاڕانەوەوە دەڵێت: "شێرۆ فڕێی بدە ئاگرەکەوە، من جورئەت ناکەم، تۆ دەتوانی... مەیەڵە ئەمانە بیخۆن، وەکو چۆن خۆمیان خوارد." شێرۆی ناتوبا، تەمەشای نیگا نیوە گیانەکەی ژنەکە دەکات، جەنازەیەکی لە تەنیشتەوە دەبینێ کە لە بەر ڕۆشنایی ئاگرەکەدا سوور دەچێتەوە، سەیر دەکات سفرەو خوانێک لە ئارادایە، دەیان مشک و جرج لە سەر ورگ و سەرو چاوی جەنازەکە، کە خویا نییە جەنازەی پیاوە یا ژن، هی گەنجە یان پیر، هەڵبەزو دابەز دەکەن. ژنەکە دەڵێت: "لە هەموو شوێنێکەوە هێرش دێنن، بە هۆی ئاگرەکەوە هێرش دێنن، یان بەو سەدەمەوەیە کە سەگەکان ئێستا شەڕەکەیان بردووەتەوە." دەنگی ژنەکە هێندە نزمە، لە تۆ وایە هەر وشەیەکی، دوا وشەی دەبێت: "مەیەڵە ئەمانە بیخۆن. منداڵەکەم هێشتا وەکو فریشتەیە، تووڕی بدە ناو ئاگرەکە شێرۆ گیان... تۆ بی تۆ مەسیحی موبارەک." شێرۆی ناتوبا، نیگایەکی سفرەو خوانەکە

دەکات: جرجەکان دەم و چاوی جەنازەکەیان تەواو کردووە، نها بە تامەزرۆییەوە کەوتوونەتە خوارنی سکی و ڕانەکانی.

شێرۆ، بە چوار چنگۆڵە دەچێتە پێشەوەو دەڵێت: "بەسەرچاو دایکە." هەڵدەستێتە سەر هەردوو پاشووی، دەست درێژ دەکات، ئەو قوماتە بچووکە، لەو ژنە وەرگرێت، کە توونـد بە بەرۆکیەوە گرتبوو. بەدەم هەناسە بڕکێوە دەڵێت: "دەیبەم، لە گەڵ خۆما دەیبەم دایکە، ئەم ئاگرە بیست دانە ساڵە چاوەڕوانی منە."

وەختایەک بەرەو ئاگرەکە دەڕوات، ژنەکە گوێی لێدەبێ کە بە بێتاقەتی دوعا و نزایەک دەخوێنێ، کە ژنەکە پێشتر هەرگیز گوێی لێ نەبووە، لە دوعا و نزایەکەدا چەند جارێک ناوی قەدیس و وەلییەک دووبارە دەبێتەوە، کە لەلای ژنەکە نەناسراوە: "ئالمودیا."

(پێدەچێ ئالمودیا ناوی قەدیس و وەلی نەبێ، بەڵکو ناوی ئەو کیژە بێ کە شێرۆ، لە زێدی خۆیا، لە ناتوبا، بەرلەوەی پەیوەندی بە موریدانی مورشیدەوە بکات، حەزی لێکردبوو."

***

ئانتونیو فیلانوڤا گوتی: " ئاگربەستە؟ "

یارۆی فشفشەساز بەرسڤی دایەوە: " وادیارە پارچەیەکی سپی بە سەر دار عاسایەکەوە هەر ئەوە دەگەیەنێ. کە ڕۆیی من نەمبینی، بەڵام زۆر کەس دیتبوویان، کە گەڕایەوە دیتم. هێشتا پارچە قوماشە سپیەکەی پێبوو."

هونوریو فیلانوڤا، پرسی: "باشە چکۆلەی موبارەک بۆ ئەم کارەی کرد؟"

فشفشەسازەکە گوتی: "کە بینی ئەو هەموو خەڵکە، بە منداڵ و پیر و ژنانی دووگیانەوە لە ئاگرەکەدا دەسووتێن، بەزەیی پێیاندا هاتەوەو چوو تا داوا لە کافرەکان بکات، ڕێگە بەو خەڵکە بدەن کە لە بیلومونتە وەدەربکەون. هەڵبەتە ڕاوێژی بە ئەبوت جواو یان پدراو یان جواوە زلە نەکرد کە هەموویان لە سانتو ئیلوی یان ساوپدرو مارتیر بوون. بەیداخەکەی دروستکرد و لە ڕێگەی مادرە ئیگرژاوە بۆی دەرچوو. کافرەکان ڕێگەیان دا بڕوات. وامانزانی دەیکوژن و ئەتکی دەکەن و وەکو پاجو، بە چاوانی دەرهێنراو و زمان وگوێی بڕاوەوە بۆمانی دەنێرنەوە. بەڵام بە سەلامەتی و بە پارچە سپیەکەیەوە هاتەوە. تا ئەو گەڕایەوە، ئیمە سەنگەر و مەتەڕێزەکانی سانتو ئیلوی ومنینو یەسوع ومادرە ئیگرژامان تەواوکردبوو وبەشێکی زۆری ئاگروشەواتەکەمان کوژاندبووەوە. پاش دوو سێ سەعاتان هاتەوە، لەو ماوەیەدا کافرەکان هیچ هێرشێکیان نەکرد. ئاگربەست ئەمەیە. بابە یواکیم بۆی ڕوون کردینەوە."

کورتەڵە خۆی گرمۆڵە کردو لە پەنای جورمادا هەڵکوڕما. لە سەرما هەڵدەلەرزی. لە غارێکا بوون کە جاران شوانان بە خۆ و پەزەوە شەویان تیا ڕۆژ دەکردەوە، لە شوێنی گوندی (کاسابو) وە، نزیک بوو، ئەم گوندە بەرلەوەی خڕ بسووتێ، گوندێکی ئاوەدان بوو. غارەکە (ئەشکەوت) ڕێک کەوتبووە سەر کوێرە ڕێگاکەی نێوان میراندلا و کیژینگەوە، دوازدە ڕۆژ بوو خۆیان لەوێندەر حەشار دابوو. جارجار بە پەلەپەل دەهاتنە دەرێ تا گیایە شتێک بۆ خواردن پەیدا بکەن و ئاو لە کانیاوێکی نزیکی خۆیانەوە بێنن. هەموو دەڤەرەکە لەو سەربازانەدا جمەی دەهات، کە دەستە دەستە بەرەو کیماداس دەکشانەوە، بە هەرحاڵ بڕیاریان دا ماوەیەک لەو ئەشکەوتەدا بمێننەوە. شەوان دنیا زۆر سارد دەبوو، جا چونکە برایانی فیلانوڤا، لە ترسی دەورێیەکاندا، ڕێگای ئاگر

کردنەوەیان نەدەدا، ئیدی کورتەڵە خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبووەوە، لە هەردوو هاوڕێکەی دیکەی سەرما بردەڵەتر بوو، چونکە هەم لەو دووانەی دی وردیلەتر و هەم لاوازتریش بوو. پیاوە نزیکبینەکە وجورما لە بەینی خۆیانەوە دەیان خەواند، تا بە گەرمای بەدەنی خۆیان گەرمی بکەنەوە. وێڕای ئەمەش هەرکە شەو دادەهات، کورتەڵە خەمی دنیای لێدەهات، دانە چۆقەی پێدەکەوت، ئازای ئەندامی دەکەوتە لەرزین. لە نێوان دوو دۆستەکەیا دادەنیشت، گوێی لە قسەکانی یارۆی فشفشەساز دەگرت وناوبەناو بە دەستە کورتە خرپنەکانی ئاماژەی بۆ جورما وکابرای نزیکبین دەکرد کە زیاتر لێی نزیک ببنەوەو خۆیانی پێوە بچەسپێنن.

گوێی لە یارۆی چاو پروش بوو کە دەیپرسی: " بابە یواکیم چی بەسەر هات؟ ئایا ئەویش...؟ "

ئانتونیوی فشفشەساز، یەکسەر بە ڕاوێژێکی ئاسوودەوە، وەکو ئەوەی خۆشحاڵ بێ بەوەی کە ئەنجام توانی هەواڵێکی خۆشیان بداتێ، گوتی: "نە لە ئاگرەکەدا سووتاوە، نە سەریان بڕیوە، لە سەنگەرەکەی سانتو ئیلوی دا، کە لە لای منەوە بە پێوە وەستابوو، گوللەیەکی پێکەوت ومرد، هەروەها سەرپەرشتی خەڵکەکەی دەکرد و یارمەتی دەدان بە ئیمانەوە بمرن." سیرافیمی دارتاش پێی وابوو، ڕەنگە بابە یواکیم لە مردنەکەی خۆی لەو سەنگەرەدا ڕازی نەبووبێ. چونکە ئەو شەڕڤان نەبوو، بەڵکو قەشە بوو، وانییە؟ ڕەنگە پێی خۆش نەبووبێ، بە جلکی ڕەبانەوەو تفەنگ بەدەست بمرێت.

یەکێک لە خوشکانی ساردلینیا گوتی: "هەڵبەتە مورشید ئەوەی بۆ خودا ڕوونکردووەتەوە کە چما بابە یواکیم چەکی هەڵگرتووە، ڕەنگە خواش لێی خۆش بووبێ."

ئانتونیوی فشفشەساز گوتی: " گومان لەوەدا نییە، خوا بە خۆی لە هەموو شتێک ئاگادارە."

هەرچەندە هیچ ئاگرێکیان نەکردبووەوە و دڕک و داڵ و دەوەنان بەردەم ئەشکەوتەکەیان گرتبوو، لە ڕوناکی شەوە سافەکەدا – کورتەڵە بە خەیاڵ، مانگی زەرد و هەزاران ئەستێرەی پرشنگداری دێنایە بەرچاوی خۆی کە دەیانڕوانیە سیرتاو (سارا) – دەیدا لە ژوورەوەو ڕوناکی دەکردەوەو دەیتوانی لاڕوومەتی ئانتونیوی فشفشەساز، لووتە پسەکەی، هەنیە و چەناگە زەقەکەی ببینێ. یەکێک بوو لە شەڕڤانەکان... کورتەڵە ئەوەی چاک لە بیر بوو، چونکە لە کانودوس دا بینی بووی کە چۆن فشفشەی دروست دەکرد و لە ڕێ پێوانەکاندا ئاسمانی پێدەکرد بە چراخان، و بینی بووی کە چۆن دەست و قامکەکانی بە هۆی ئاگری باروتەوە بووبوون بە تلۆق. بازووەکانی هەموو جێگا برین بوون. کە شەڕ دەستی پێکردبوو، ئەم پیاوە هەموو کاتی خۆی بۆ دروستکردنی لوولە دینامیت تەرخان کردبوو، کە شەڕڤانەکان، ئەم دینامیتانەیان لە سەنگەرەکانی خۆوە دەگرتە سەربازەکان. ئەو عەسرە کە ئەم پیاوە هاتبووە بەر زارکی ئەشکەوتەکە، کورتەڵە یەکەم کەس بوو کە ناسی بوویەوەو هاواری کردبوو کە یارۆی فشفشەساز هاتووە، تا برایانی فیلانوڤا کە هەردووکیان دەمانچەیان پێبوو، تەقەی لێنەکەن. دوای کەمێک ئانتونیو فیلانوڤا پرسی: "باشە، چکۆلەی موبارەک بۆچی گەڕایەوە؟"

ئەو تاقە کەس بوو پرسیاری دەکرد، بە درێژایی ئەو عەسرو شەوە، کابرای فشفشەسازی بە پرسیاران داگرتبووەوە. "باشە تێک چووبوو، ئەقڵی لە دەست دابوو؟"

ئانتونیوی فشفشەساز بەرسڤی دایەوە: "بێگومان."

کورتەڵە هەوڵیدا ئەو دیمەنە بێنێتەوە بەرچاوی خۆی. ئەو کورتەبالایە بە ڕەنگی زەردو چاوانی سوورەوە، بە خۆی وبەیداخە سپیەکەیەوە، بۆ سەنگەرەکەی دەگەڕێتەوە، بە ناو مردووەکانا، دارو پەردوان، برینداران،

جەنگاوەران، خانووە سووتاوەکان و ئەو جرجانەدا، کە فشفشەسازەکە گوتەنی، لە ناکاوە و لە هەموو لایەکەوە ڕژا بوونە دەرێ، تا جەنازەی مردووەکان بخۆن، ڕێگەی خۆی دەکردەوە.

چکۆلەی موبارەک گوتی: " قاییل بوون. ئێستا دەتوانن خۆ ڕادەست بکەن."

فشفشەسازەکە، بە ڕاوێژی کەسێک کە سەیرترین چیرۆک بگێڕێتەوە یان کەسێک مەست بێ و وڕینە بکات گوتی: "دەبوا یەک یەک، بە بێ چەک، دەستمان بخەینە سەر سەرمان وبچینە دەرەوە، لەو حاڵەدا بە دیل دەژمێردراین و نەیان دەکوشتین."

کورتەڵە گوێی لێبوو کە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. داخ و کەسەری یەکێک لە برایانی فیلانوڤاشی هاتە گوێ، وای هاتە بەر زەین کە یەکێک لە خوشکانی ساردلینیاش دەگری. زۆر سەیر بوو: ئەم جووتە ژنە، کە هاوسەرانی برایانی فیلانوڤا بوون، وکورتەڵە زۆرجار لێکدی جیا نەدەکردنەوە، هیچ کاتێ بەیەکەوە نەدەگریان. هەوەڵجار یەکێکیان دەستی بە گریان دەکردو پاشان ئەوی دی بە دوویدا. بەڵام تا ئەو ئێوارەیەی ئانتونیوی فشفشەساز وەڵامی پرسیارەکانی ئانتونیو فیلانوڤای نەدابووەوە، تاقە فرمێسکێکیان نەڕشتبوو– لەوەتای لە بیلومونتە هەڵاتبوون و پەنایان بۆ ئێرە هێنابوو، قەت نەیدی بوو کە بگرین. بەجۆرێ هەڵدەلەرزی، کە جورما دەستی خستە سەر پشتی و خێرا خێرا دەستی پێدا دێنا و دەبرد. ئایا لە سەرما دەلەرزی، یان لە بەر ئەوە بوو کە لە برسا نەخۆش کەوتبوو، یان لە بەر ئەو شتانە بوو کە کابرای فشفشەساز دەیگێڕانەوە.

جواوە زلە ناڵەیەکی کرد: "چکۆلەی موبارەک، چکۆلەی موبارەک، تۆ ئاگات لە خۆتە کە چ دەڵێی؟ دەزانی داوای چی لە ئێمە دەکەی؟ بە ڕاستی دەتەوێ چەک دابنەین... دەستمان بخەینە سەر سەرمان وخۆ ڕادەستی ماسونیەکان بکەین؟ ئەمەت دەوێ چکۆلەی موبارەک؟"

دەنگێک، کە لە تۆ وایە لە گەرمەی دوعاخوانی دایە، بەرسڤی دایەوە: "مەبەست تۆ نییە، بەڵکو مەبەست قوربانیە بێ گوناحەکانە... مەبەست مێردمنداڵەکانە، ژنانی دووگیانە، خەڵکانی پیر وکالە... بەڵکو ئەمانە بە سەلامەتی دەرباز بن. تۆ مافی ئەوەت نییە لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەیت. ئەگەر ڕێگەیان نەدەی خۆیان ڕزگار بکەن وەکو ئەوەیە خۆت بیانکوژی، ئۆباڵیان دەکەوێتە ئەستۆی تۆ... دەستت بە خوێنی خەڵکانی بێتاوان ئالوودە دەبێ، جواوە زلە. ئەگەر بێڵین ئەم خەڵکە بێتاوانە بکوژرێن، گوناحمان دەگا، ئەمانە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن جواو."

ئانتونیوی فشفشەساز لە سەری ڕۆیی: " گوتی کە لە زمانی مورشیدەوە ئەو قسانە دەکات... مورشید وەحی بۆ ناردووە، ئەمری پێکردووە، کە ئەو خەڵکە رزگار بکات."

ئانتونیو فیلانوڤا پرسی: " ئەدی ئەبوت جواو؟ "

فشفشەسازەکە گوتی: " ئەو، لەوێ نەبوو، چکۆلەی موبارەک لە پشت مەتەڕێزەکانی مادرە ئیگرژاوە بۆ بیلومونتە گەڕایەوە. ئەبوت جواو لە سانتو ئیلوی بوو. پێیان گوت کە چکۆلەی موبارەک گەڕاوەتەوە، بەڵام فریای نەکەوتبوو ئەوکاتە بیگاتێ. مژوولی قایمکردنی ئەو مەتەڕێزە بووبوو، ئەو سەنگەرە لە هەموو سەنگەرەکانی دی لاوازتر بوو. وەختایەک ئەبوت جواو گەیی، خەڵکەکە خەریک بوون لە گەڵ چکۆلەی موبارەکدا دەڕۆیشتن... ژنان و منداڵان و پیر وکال و ئەو نەخۆشانەی کە بە تۆبزی خۆیان بکێش دەکرد."

ئانتونیو فیلانوڤا پرسی: " کەس پێشی پێ نەگرتن؟ "

فشفشەسازەکە گوتی: "کەس زاتی نەکرد. ئاخر چکۆلەی موبارەک، چکۆلەی موبارەک بوو... خۆ کەسێکی ئاسایی وەکو من و تۆ نەبوو، لە هەوەڵەوە لە گەڵ مورشیدا بوو، چکۆلەی موبارەک بوو، دەکرا پێی بگوترێ ئەقڵی لە دەست داوە، یان بە خۆیشی نازانێ چ دەکا؟ نە جواوە زلە جورئەتی ئەمەی دەکرد و نە من و نە هیچ کەسێکی دی."

ئانتونیو فیلانوڤا لەبن لێوانەوە گوتی: "بەڵام ئەبوت جواو جورئەتی دەکرد."

ئانتونیوی فشفشەساز گوتی: " ڕاستە، دڵنیام کە ئەبوت جواو جورئەتی دەکرد."

کورتەڵە، خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبووەوە، ئازای ئەندامی چایی بوو. هەنیەی گڕی لێدەبووەوە. زۆر بە ئاسانی دەیتوانی ئەو دیمەنە بێنێتە بەرچاوی خۆی: بەژن و باڵای بەرز وتۆکمەی کۆنە ڕێگرو شەقاوەیەک، پەیدا دەبێ، قەمە و خەنجەر بە ناو قەدەوە، تفەنگ بە شانەوە، فیشەکلغی ڕاست و چەپ بە سینگ و بەرۆکەوە، هێندە شەکەت بوو، لە ماندوویەتیدا ئاگای لە خۆی نەبوو. وەستابوو، بە نەباوەڕییەوە تەمەشای ڕیزی دوور و درێژی ژنانی دووگیان، منداڵان، پیرەمێران وئەو پەککەوتوانەی دەکرد، هەموو ئەوانەی دەبینی کە چۆن ژیابوونەوەو دەستیان نابوو بە سەر سەریانەوەو بەرەولای سەربازەکان دەچوون.

کورتەڵە ئەمەی بە خەیاڵ نەدەبینی، بەڵکو بە چاوی خۆی دەیبینی، بە هەمان ڕوونی وڕەنگاوڕەنگی بەرنامەکانی ڕۆژانی باوی نمایشی سێرکی قەرەجان دەیبینی، ئەو ڕۆژانەی کە سێرک و سێرکەوانی لە برەودا بوو. ئەبوت جواوی، بە هەموو سەرگەردانی و حەپەسان و تووڕەییەکیەوە دەبینی.

ئەبوت جواو خوای نەمابوو، دەهری بووبوو، ڕوانیە دەوروبەر و ئاماژەی بۆ ئەوانە دەکرد کە خەریک بوون ڕادەست دەبوون، هەوڵیدەدا بیانگێڕێتەوە، هاواریکرد: "بوەستن! بوەستن! چیە شێت بوون!؟"

فشفشەسازەکە گوتی: "مەسەلەکەمان بۆ ڕوون کردەوە، جواوە زلە کە دەگریا و خۆی بە کەمتەرخەم دەزانی، مەسەلەکەی بۆ شەڕح کرد. پدراو هات، بابە یواکیمش هات، ئەوانی دیکەش هاتن، دوای ئەوەی چەند قسەیەکیان کرد، ئیدی ئەبوت جواو، لە هەموو شتەکان حاڵی بوو."

ئەبوت جواو، لە کاتێکا دەنگی لێ هەڵبڕی بوو، خەریک بوو فیشەکی دەخستە بەر تفەنگەکەی و نیشانەی لەوانە دەگرتەوە، کە لە سەنگەرەکان دوور کەوتبوونەوەو بە هەشتاو ڕێیان دەکرد و دەیویست تەقەیان لێبکات، بە دەنگی بەرز گوتی: " مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئەمانە دەکوژن، هەموومان دەکوژن، بەڵام زەلیلیان دەکەن، وەکو پاجو بێ ڕێزییان پێدەکەن. نابێ ڕێگە بدەین بێ ڕێزیان پێبکەن، بەتایبەتی کە ئەمانە بێتاوانن. نابێ بێڵین کافرەکان سەریان ببڕن. نابێ بێڵین بێ ڕێزییان پێبکەن."

ئانتونیوی فشفشەساز گوتی: " ئیدی دەستی بە تەقەکردن کردبوو. هەموومان تەقەمان دەکرد... پدراو، جواوە زلە و من." کورتەڵە هەستیکرد، دەنگی کابرا کە تا ئەو دەمە هێور بوو، کەوتە لەرزین. "باشە هەڵەمان کرد؟ من هەڵە بووم ئانتونیو فیلانوڤا؟ ئایا ئەبوت جواو هەڵە بوو کە هەموومانی وادار کرد تەقە بکەین؟ "

ئانتونیو فیلانوڤا یەکسەر وەڵامی دایەوە: " نەخێر، زۆریش باشتان کردووە، بەلای کەمەوە بە حورمەتەوە کوژراون. خۆ بکەوتنایە دەست کافرەکان گۆشاوگۆش سەریان دەبڕین، بە هەمان دەردی پاجویان دەبردن، ئەگەر منیش لەوێ بام، تەقەم دەکرد."

فشفشەسازەکە گوتی: " نازانم. ئەم شتە زۆرم عەزاب دەدات. یانی مورشید بەمە ڕازی دەبوو؟ تا لە ژیانا مابم ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، دەمەوێ بزانم دوای ئەوەی دە دانە ساڵ لە گەڵ مورشیدا بووم، ئاخۆ لە سۆنگەی ئەم هەڵەیەوە کە لەم دواییەدا کردم، تا هەتاهەتایە گیرۆدەی نەفرەت نەبووم. هەندێجار..."

بێدەنگ بوو. کورتەڵە ئەمجارە گوێی لە دەنگی گریانی خوشکانی ساردلینیا بوو کە بە یەکەوە دەگریان. یەکێکیان بە دەنگی بەرز دەگریا و دووەمیان بە ئەسپایی و بەدەم هەنسک هەڵدانەوە دەگریا.

ئانتونیو فیلانوڤا گوتی: "هەندێجار..."

ئانتونیوی فشفشەساز گوتی: "هەندێجار وام بە بیرا دێت کە خودا یان یەسوعی موبارەک، یان پاکیزەی پاکیزان، بە پەرجو لە ناو ئەو هەموو مردوانەیان ڕزگار کردووم، تا کەفارەی ئەو تەقە کردنە بدەم. نازانم، جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە، خۆیشم نایزانم، لە بیلومونتەدا، هەموو شتێکم لە لا ڕوون وزەلاڵ بوو. ڕۆژ، ڕۆژ بوو و شەو شەو... تا ئەو کاتە، تا دەستمان کرد بە تەقەکردن لەو خەڵکە بێتاوانە و لە چکۆلەی موبارەک هەموو شتێکم لە لا ڕوون بوو. بەڵام ئێستا سەرم لە هیچ دەرناچێ."

ئاهێکی هەڵکێشا و بێدەنگ بوو، وەکو کورتەڵە و ئەوانی دی گوێیان لە خوشکانی ساردلینیا دەگرت کە بۆ ئەو خەڵکە بێگوناحە دەگریان کە شەڕڤانەکان بە حورمەتەوە کوشتبوویانن.

فشفشەسازەکە گوتی: " لەوەیە خوا ویستبێتی وەکو شەهید بچنە بەهەشتێ."

کورتەڵە لە دڵی خۆدا گوتی: "خەریکە ئارەقە دەکەمەوە." لەوەش دەچوو تووشی خوێن بەربوون بووبێ؟ دەبیرەوە چوو: " خەریکە دەمرم. " ئارەقە بە هەنیەی دا دەهاتە خوارێ، لە برۆیەوە دەڕژایە سەر پێڵوی چاوانی و برژانگەکانی، بەرچاوی لێڵ و تاریک دەکرد، وێرای ئەو ئارەقەیەی کە دەیکردەوە، لە ناخا خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبووەوە. جورما، ناوبەناو تەوێڵی دەسڕی.

گوێی لێبوو کە یارۆی نزیکبین پرسی: " ئێ ئاخری ئەو خەڵکە چییان بەسەر هات؟ دوای ئەوەی ئەبوت جواو، تۆ و ئەوانی دی..."

بێدەنگ بوو. خوشکانی ساردلینیا، کە لەم خۆ هەڵقورتانە نابەجایەی ئەو حەپەسان و لە گریان کەوتبوون، دووبارە دەستیان بە گریان کردەوە.

ئانتونیوی فشفشەساز گوتی: " ئیدی هیچ ئاخری و ماخریەک لە ئارادا نەما. کافرەکان وایانزانی ئێمە تەقە لەوان دەکەین، ئیدی خوایان نەمابوو، کە دیتیان ئێمە ئەم دەستکەوتەیان لە دەست دەردێنین، کە ئەوان بە هی خۆیانیان دەزانی." بێدەنگ بوو، ئەوسا دەنگی لە ئەشکەوتەکەدا دەنگیدایەوە: "هەی ناپاکینە، گوایە ئێمە ئاگربەستەکەمان شکاندبوو و دەبوو باجەکەی بدەین. لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ هێنایین. هەزاران کافر. ئەوە بۆ خۆی جۆرە خۆش شانسیەک بوو."

ئانتونیو فیلانوڤا پرسی: " خۆش شانسی؟ "

کورتەڵە لە مەبەستەکە حاڵی بوو. جۆرە خۆش شانسیەک دەکاتە ئەوەی کە کۆمەڵێک یونیفورم پۆش بە تفەنگ و مەشخەڵەوە بۆت بێن و تۆ ناچار نەبی ئەو خەڵکە بێ تاوانە، بە ناوی ڕزگارکردنیان لە بێڕێزی، بەر دەستڕێژی گوللە بدەی. لەمە حاڵی بوو، لە هەڕەتی ئەو تا و لەرزەی دا، دیمەنەکەی دەبینی، دەیبینی شەڕڤانە ماندووەکان چۆن خەڵکەکەیان بە ناوی ڕزگار کردنیانەوە لە بێ حورمەتی، بەر دەستڕێژی گوللە دەدا، بە خۆشحاڵییەوە، دەستە سوتاوە پڕ تلۆقەکانیان لێکدی دەسوو، چونکە جارێکی دی دژمنێکی دیار و ئاشکرایان لە هەنبەر خۆدا دەبینی. ئیدی دەیبینی ئەو هەموو ڕق و کینەیە دێتە پێشێ و ئەوەی هێشتا نەکوژرابوو دەیکوشت، هەر شتێک کە هێشتا نەسوتێنرابوو، دەیسوتاند.

یەکێک لە خوشکانی ساردلینیا گوتی: " وێڕای ئەوەش من دڵنیام کە تەنانەت لەو ساتەشدا هەر نەگریاوە." کورتەڵە تیا مابوو ئەم دەنگە، دەنگی ژنەکەی هونوریویە یان هی ژنەکەی ئانتونیو. "دەتوانم مەزەندەی ئەوە لێبدەم کە جواوە زلە و بابە یواکیم گریابن، چونکە ناچار بوون ئەو کارە دەرهەق بە خەڵکانی بێتاوان بکەن. بەڵام ئەو؟ گریاوە؟

ئانتونیوی فشفشەساز، بە ڕاوێژێکی هێدی گوتی: "من دڵنیام لەوە، هەرچەندە من بە چاوی خۆم نەمبینی."

هەمان ژن دووبارە گوتی: "من هەرگیز ئەبوت جواوم نەدیتووە بگری."

ئانتونیو فیلانوڤا، بە پەستیەوە گوتی: " تۆ قەت خۆشت نەویستووە. "

هەنگێ کورتەڵە بۆی دەرکەوت کە کام خوشکە قسەی دەکرد: ئانتونیا بوو. ژنەی تاین، بێئەوەی هەوڵبدات ڕق و کینەی خۆی بشارێتەوە گوتی: " هەرگیز، ئێستا وەتر... بە تایبەتی ئێستا دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە ئەو ئەبوت جواو نەبوو، بەڵکو جواو شەیتان بوو... کەسێک بوو کە کوشتنی کردبوو بە پیشە، کوشتن لە پێناو کوشتنا، تالانی لە پێناو تالانیدا دەکرد و لەزەتی لە عەزابدانی خەڵکی دەبینی.

بێدەنگیەکی قوڵ باڵی بە سەر ئەشکەوتەکەدا کێشا. کورتەڵە هەستی دەکرد، یارۆی نزیکبین دەترسا. ئیدی بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی دەکرد.

ئانتونیو فیلانوڤا، بە ئارامی گوتی: " من حەزناکەم جارێکی دی ئەم قسانە بکەیتەوە، تۆ چەندین ساڵە ژنی منیت و تا هەتاهەتایەش هەر ژنی من دەبیت. لە هەموو شتێکا هەر بەیەکەوە بووین. بەڵام ئەگەر جارێکی دی گوێم لێبێ ئەو قسانە بکەیت، ئیدی نە من و نە تۆ، هەموو شتێک کۆتایی دێت. با ئەوەشت پێ بڵێم کە هەنگێ کارت کراوە."

کورتەڵە بەدەم تا و لەرزەوە، هەڵدەلەرزی. چرکە ژمێری دەکرد، چاوەڕوان بوو.

ئانتونیا ساردلینیا، لەبن لێوانەوە گوتی: " سوێند بە مەسیحی موبارەک جارێکی دی ئەم قسانە ناکەم."

هەنگێ کورتەڵە هاتە قسان: " من جارێک ئەبوت جواوم بینی دەگریا. "

ددانە چۆقەی پێکەوتبوو و وشەکان بە پچرپچڕی لە زاری دەردەچوون. سەری نابوو بە سینگی جورماوە و قسەی دەکرد: " ئێوە بیرتان نایەت، پێم نەگوتن؟ ئەو کاتە بوو، کە گوێی لە حیکایەتە ترسناکەکەی روبەرتی شەیتان سیفەت بوو."

ئەبوت جواو بیری دەکەوێتەوە و دەڵێت: " روبەرت کوڕی پاشا بوو، قژی دایکی پێش ئەوەی ئەو لە دایک بێ پاک سپی بووبوو. ئەگەر بشێت کاری شەیتان بە پەرجوو دابنرێ، ئەوا لە دایک بوونی ئەم کوڕەش پەرجوو بوو. دایکی پەیمانێکی لە گەڵ شەیتاندا بەستبوو، تا منداڵی ببێت، تا روبەرتی ببێت. هەوەڵی حیکایەتەکە بەوجۆرە دەست پێناکات؟

کورتەڵە گوتی: " نەخێر." ئەم دڵنیاییەی لەوەوە هاتبوو کە بە درێژایی ژیانی ئەم چیرۆک و حیکایەتەی بە بەردەوامی گێڕابووەوە... ئەمە چیرۆکێ بوو، کە بیری نەمابوو، کەی و لە کوێ فێری بووبوو... کە گوند بە گوند لە گەڵ خۆیدا بردبووی، سەدان و بگرە هەزاران جار گێڕابوویەوە، بە ئارەزووی خۆی درێژی دەکردەوەو کورتی دەکردەوە، ئیدی بە گوێرەی مگێزی گوێگرەکانی کە بەردەوام دەگۆڕان، خەمناکتر یان شادتری دەکرد. تەنانەت ئەبوت جواوش نەیدەزانی سەرەتا ڕاستەقینەکەی ئەم حیکایەتە چۆن دەست پێدەکات. بەڵێ ڕاستە کە دایکی روبەرت پیر بوو، لە سک و زا وەستابووەوە، ناچار بووبوو پەیمانێک دەگەڵ شەیتاندا ببەستێ بۆ ئەوەی منداڵی ببێت. بەڵام روبەرت کوڕی پاشا نەبوو، بەڵکو کوڕی دۆک بوو.

ئەبوت جواو بۆی سەلماند: " کوڕی دۆکی نورماندی بوو... دەی بیگێڕەوە. "

کورتەڵە گوێی لە دەنگی بوو کە پرسی: " ئەو گریا؟ " دەنگێ بوو، لە تۆ وایە لە دنیایەکی دییەوە دێ، دەنگێکی ئاشنا بوو، دەنگێکی ترس ئامێز و لە هەمان کاتا کونجکاو، فزوڵ. "کە گوێی لە چیرۆکی روبەرتی شەیتان سیفەت دەگرت، دەگریا؟"

بەڵێ، گریا بوو... لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا گریا بوو... پێدەچێ لەو شوێنەدا گریابێ کە ڕوبەرت، دزێوترن خەتا و قەتڵ و عامی ئەنجام دابوو، وەختێک کە گیانی وێرانکاری بە سەردا زاڵ بووبوو، ئەمە هێزێکە نایەتە دیتن – روبەرت خەنجەری بە ورگی ژنانی دووگیاندا دەکرد، یان منداڵانی نۆزای گۆشاوگۆش سەر دەبڕی ( کورتەڵە لێرەدا ڕوونی کردەوە کە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو ڕوبەرت خەڵکی باشوور بووە نەک باکووری ڕۆژهەڵات.) یان قازوخی لە جووتیارەکان دەبڕی یان کوختەی خەڵکی لە گەرمەی نووستندا ئاگر دەدا... ، هەنگی چاوانی داروغا ئەبڵەق بووبوون، گۆناکانی تەڕ بووبوون و چەناگەی کەوتبووە لەرزین، هەناسەی تەنگ بووبوو. کورتەڵە، ترسی لێنیشتبوو، خەیاڵی ڕۆیی بوو و بێدەنگ بووبوو – چ خەتایەکی کردبوو؟ بە نیگەرانیەوە ڕوانیە کاتارینا، ئەوەندە باریک وبنیس ومردەلۆخ وەکو ئەوە بوو، هیچ شوێنێکی لە سەنگەری منینو یەسوع پڕ نەکردبێتەوە، هەرکە ئەبوت جواو کورتەڵەی بۆ ئەوێندەر بردبوو، کاتارینا ئاماژەی بۆ کورتەڵە کرد کە لە سەر گێڕانەوەکەی بەردەوام بێ.

بەڵام ئەبوت جواو نەهێشت. حایر وحەپەساو پرسی: " باشە خەتای خۆی بوو؟ ئەو تاوانانەی کە دەیکرد بە دەستی خۆی بوو؟ دەیتوانی ئەو کارە نەکات؟ مەگەر بەو کارە پەیمانەکەی دایکی جێبەجێ نەدەکرد؟ خوا دەبووا تۆڵەی ئەو کارە خراپانە لە کێ بکاتەوە؟ لەو، یان لە دایکی؟ چاوەکانی بڕی بوونە کورتەڵە و بەدەم ئازارەوە دەیگوت: " وەڵامم بدە، دە وەڵام بدەوە."

کورتەڵە بە ترس و لەرزەوە گوتی: " نازانم، نازانم. ئەم وەڵامە لە چیرۆکەکەدا نییە. خەتای منی تیا نییە، لێپرسینەوە لە من مەکە، من تەنیا چیرۆکەکە دەگێڕمەوە."

ژنەی تاین کە زیاتر لە تاپۆیەک دەچوو، بە ڕاوێژێکی نەرم گوتی: " هەقی بە سەر تۆوە نییە، هیچت لێناکات، بەردەوام بە، حیکایەتی خۆت بگێڕەوە.

کورتەڵە، لە سەر گێڕانەوەی حیکایەتەکە بەردەوام بوو، کاترینا بە داوێنی تەنوورەکەی چاوانی ئەبوت جواوی سڕی، لە بەر پێیدا هەڵتروشکا، هەر دوو دەستی لە لاقی وەرێنا و سەری خستە سەر ئەژنۆکانی تا کابرا هەست بە تەنیایی نەکات. ئیدی ئەبوت جواو چیتر نەگریابوو، لە جێی خۆی نەجولابوو، تا کۆتایی چیرۆکەکە قسەی پێ نەبڕی بوو، ئەو چیرۆکەی کە هەندێجار بە مەرگی روبەرتی وەلی، کە تۆبەی کردبوو و بووبوو بە پیاوی خوا کۆتایی دەهات و هەندێجاری دی بەوە کۆتایی دەهات کە روبەرت، دوای ئەوەی بە هیمەتی خۆی دەیزانی کوڕی ڕیچاردی نورماندی؛ یەکێ لە دوازدە نەجیمزادەکەی فەرەنسییە، تاجەکەی لە سەر خۆ دەنا. کورتەڵە هێشتا لە بیری مابوو کە ئەو عەسرە – یان شەوێ ؟– حیکایەتەکەی تەواو کردبوو، ئەبوت جواو سوپاسی کردبوو. بەڵام دەقاودەق کەی بوو؟ پێش ئەوە بوو کە سەربازەکان بێن و ژیانێکی ئارامی هەبوو و بیلومونتە جێگەی ژیانی نموونەیی بوو؟ یان ئەو کاتە بوو کە ژیان بووبوو بە دۆزەخ، بە مردن و برسیەتی و تیاچوون و ترس؟

بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ کاتەکەی هێندە بەلاوە گرینگ بو، بە نیگەرانییەوە لە جورمای پرسی: " ئەرێ کەی بوو جورما؟"

ئەوسا ئاوڕی لای یارۆی نزیکبینی دایەوە: " لە هەوەڵی نمایشەکەوە بوو یان لە کۆتاییدا؟ "

گوێی لە یەکێک لە خوشکەکان دەبێ کە دەڵێت: "چیەتی؟"

جورما، دەست لە قەدی دەئاڵێنێ ودەڵێت: " تای لێهاتووە. "

کورتەڵە پرسی: " کەی بوو؟ ئەرێ کەی بوو؟ "

گویی لە یارۆی نزیکبین بوو گوتی: " وڕاوە دەکات. " و هەستی کرد، کە کابرا دەستی خستە سەر هەنیەی و دەستی بە سەر وملیا هێنا.

گوێی لە کابرا بوو، کە دوو سێ جار پژمی، وەکو هەر کاتێکی دی کە سەری لە شتێک سوڕمابا یان شتێک غافڵگیری بکردبا یان بیترساندبوایە. ئێستا با بۆ خۆی بە کەیفی دڵی خۆی بپژمێ، چەند دەپژمێ با بپژمێ. بەڵام ئەو شەوە، کە هەڵاتبوون وانەبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو پژمەیەک ببێ بە باعیسی گیانی، سەری بخوات. کورتەڵە بە خەیاڵ، کابرای نزیکبینی، لە نمایشێکا، لە گوندێکا هێنایە بەرچاوی خۆی، بیست جار، پەنجا جار، سەد جار دەپژمێ، ڕێک وەکو ژنە ڕدێندارەکە، کە دەوری لێبۆکی دەبینی، تڕی لێدەدا، بە هەر جۆرە دەنگ و ڕیتمێک لێی دەدا... بەرز، نزم، درێژ، کورت، ئەمە دەیکردە کارێ کورتەڵەشی، وەکو تەمەشاڤانەکانی دی دەخستە پێکەنین. ئێستاش دەیویست پێبکەنێ، بەڵام نەیدەتوانی.

گوێی لە جورما بوو، کە سەری ئەوی لە باوەشی خۆی دەنا، گوتی: " خەوی لێکەوتووە. سبەی چاک دەبێتەوە."

بەڵام خەوی لێنەکەوتبوو. لە قوڵایی ئەو واقیعە گۆنگەوە، لە گەرمەی ئەو تا و لەرزەوە کە لێی هاتبوو، کە لە تاریکی ئەشکەوتەکەدا خۆی گرمۆڵە کردبوو، گوێی لە چیرۆکەکەی ئانتونیوی فشفشەساز گرتبوو و بەچاوی خەیاڵ ئەو ئاخر زەمانەی دەبینی کە زۆر لە مێژ بوو پێشبینی کردبوو، بێئەوەی پێویستی بە چیرۆکەکەی ئەم پیاوە بێ، کە لە نێو پشکۆی ئاگر و تەرمێن سووتاوەوە، دەرباز بووبوو. وێڕای ئەمەش، هەرچەندە حاڵی زۆر خراپ بوو، وەکو سەگ هەڵدەلەرزی، هەرچەندە ئەو خەڵکانەی لە دەوروبەری ئەودا قسەیان دەکرد، وەکو ئەوە بوو بە فرسەخان لێوەی دوور بن، لەم شەوە تاریکەی سارای باهیادا، لەم دنیایەدا کە ئیدی نە کانودوسێ لە ئارادا مابوو و نە شەڕڤانێک، ئیدی هەموو ئەو کەسانەی کە کاری خۆیان تەواو کردبوو و دەڕۆیشتن و سارا دووبارە دەگەڕایەوە دۆخی تەریکی و گۆشەگیری پڕ غرووری خۆی، هیچ سەربازێک لەوێندەر نەدەما، کورتەڵە ئەفسوونی ئەو شتانە بووبوو کە ئانتونیوی فشفشەساز دەیگێڕایەوە.

گوێی لە هونوریو بوو، دەڵێت: " دەتوانی بڵێی جارێکی دی لە دایک بوویتەتەوە." هونوریو پیاوێکی هێندە کەم دوو بوو، ئەگەر جار ناجارێ قسەیەکی کردبا، لە تۆ وایە ئانتونیویە کە قسە دەکات.

فشفشەسازەکە گوتی: "ئاخر بەڵام من نەمردبووم. تەنانەت بریندادریش نەبووبووم. نازانم، هیچ شوێنێکم بە خوێن نەبوو. ڕەنگە بەردێک بە سەرما کەوتبووبێ، بەڵام هیچ ئازارێکم نەبوو."

ئانتونیو فیلانوڤا گوتی: "بوراویتەوە، وەکو زۆربەی خەڵکی بیلومونتە. سەربازەکان وایان زانیوە مردووی، ئیدی ئەمە فریات کەوتووە."

یارۆی فشفشەساز دووبارەی کردەوە: " ئەوە فریام کەوت، بەڵام ئەوە هەموو شتێک نەبوو. چونکە کاتێ وەخۆ هاتمەوە، خۆم لە ناوەندی یەک دنیا مردوودا بینییەوە. بەچاوی خۆ دەمبینی ماسونیەکان بە قەمەوە پەلاماری هەر کەسێکیان دەدا کە لە ئەرزەکە کەوتبوو، یان هەر کەسێک جوڵاباوە بەر گوللەیان دەدا. دەیانیان بەلاما ڕەت بوون، شتاقیان بە سەرما دانەنەوییەوە تا بزانێ مردووم یان زندووم.

ئانتونیو فیلانوڤا گوتی: "تۆ بە درێژایی ڕۆژەکە دەوری مردووت بینیوە؟ "

یارۆی فشفشەساز گوتی: "گوێم لێیان دەبوو کە بە لاما ڕەت دەبوون، هەر کەسێ گیانی لە بەربوایە دەیانکوشت، دیلەکانیان بە کێرد و قەمە دەکوشت، دیوارەکانیان بە دینامیت دەتەقاندەوە. بەڵام ئەمە هێشتا هیچ نەبوو. لەمە خراتر سەگ و جرج و ڕەشە داڵ بوو، ئەمانە لە تەرمەکان وڕوکابوون و دەیانخواردن. گوێم لێیان بوو تەرمەکانیان هەڵدەدڕی، دانیان تێدەژەندن، دەنووکیان لێدەدان. گیانەوەران هەڵە ناکەن، مردوو لە زندوو جیا دەکەنەوە. داڵ وجرج خەڵکی زندوو ناخۆن. من پتر لە کسۆکان دەترسام. بەڕاستی پەڕجوو بوو، کە سەگەکانیش بەلامدا نەدەهاتن."

ئانتونیو فیلانوڤا گوتی: " بەختت هەبووە، ئەدی ئێستا بە تەمای چیت؟ "

فشفشەسازەکە گوتی: "دەچمەوە بۆ میراندلا، لەوێ هاتوومە دنیایێ، لەوێ گەورە بووم، لەوێ فێری فشفشەسازی و موشەک سازی بووم. ڕەنگە بۆ ئەوێ بچمەوە. نازانم. ئەدی تۆ بەتەمای چیت؟"

دووکاندارەکەی جاران گوتی: " ئێمە، هێندەی بۆمان بکرێ لێرە دوور دەکەوینەوە... لەوەیە بۆ ئەساری بڕۆین. ئێمە لەوێوە هاتووین، لەوێ ژیاوین، لە دەست تاعوون و وشکەسالی لەوێ هەڵاتین، ڕێک وەکو ئێستا... لە تاعوونێکی دی، لەم وشکەساڵیەوە بۆ ئەوی دی، لەوەی پتر چیمان لە دەست دێ؟"

ئانتونیوی فشفشەساز گوتی: "هیچ، من دڵنیام لەوە."

***

تەنانەت ئەو کاتەش کە خەبەر بە عەقید جیرالدو ماسیدو؛ ئەفسەری فەرماندەی هێزی خۆبەخشی پۆلیسی باهیا دەدەن کە ئەگەر دەیەوێ تەمەشایەکی سەری مورشید بکات، با پێش ئەوەی ملازم بنیتو سوزا، بیبات بۆ باهیا، هەرچی زووە خۆی بگەیەنێتە بارەگای فەرماندەیی جەنەڕاڵ ئارتور ئوسکار، تەنانەت ئەو کاتەش دەستبەرداری ئەو خولیایە نابێ کە لەوەتای شەڕ کۆتایی هاتبوو، بووبوو بە مەراقی: " ئایا کەس دیتوویەتی؟ ئێستا لە کوێیە؟" ئیدی وەکو هەموو فەرماندەکانی تیپ وکەتیبە وفەوجەکان – ئەفسەرە بچووکەکان ئەم ئیمتیازەیان نەبوو – دەڕوات تا تەمەشایەکی جەنازەی ئەو پیاوە بکات، کە هەرچەندە خەڵکێکی زۆری بە کوشت دابوو، بەڵام بە شایەدی هەمووان، کەس نەیبینی بوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان تفەنگ یان کێردی پێ بووبێ. بەڵام عەقید شتێکی ئەوتۆ نابینێ، چونکە سەرەکەیان لە بەر ئەوەی بۆنی کردبوو، لە کیسەیەک قسڵ نابوو. تەنیا تۆزێ کوڵکە و قژی بۆز بوو. تەنیا وەکو خۆپیشاندان چوو بوو بۆ بارەگای فەرماندەیی جەنەڕاڵ ئوسکار، ڕێک بە پێچەوانەی ئەفسەرەکانی ترەوە، کە لەوێندەر ماتەڵ دەبوون، دەمانەوە و پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی شەڕیان لێکدی دەکرد، بەرنامەیان بۆ ئایندەی خۆیان دادەنا و باسی گەڕانەوەی خۆیانیان بۆ زێد وناو ماڵ ومنداڵ دەکرد، عەقید ماسیدو، چاوێکی خێرا بە چەپکە قژە بۆزەکەدا دەگێڕێت و ئەوسا بێهیچ قسە و کۆمێنتێک ڕێ و ڕێ دەگەڕێتەوە بە نێو ئەو جەنازە و دار و پەردووانەدا، کە هێشتا دووکەڵیان لێهەڵدەستا، تێدەپەڕێ.

ئیدی نە بیر لە مورشید دەکاتەوە، نە لەو ئەفسەرە شاد و شەنگوڵانەی کە لە بارەگای سەرکردایەتی بە جێیان دێڵێت، کە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوانەی بە هاوشان و هاوتای خۆی نەزانی بوو. لەوەتای دەگەڵ فەوجی پۆلیسی باهیادا هاتبوو بۆ کانودوس، بە نەفرەتەوە دژایەتی دەکردن، ئەوانیش دژایەتی ئەمیان دەکرد، ڕقیان لە پێستی سەری یەکدی بوو. دەیزانی چ ناوێکیان لێناوەو لە پاشملە چی پێدەڵێن: ڕاوچی ڕێگران. ئەم لەقەبەی پێ ناخۆش نەبوو، شانازی بەوەوە دەکرد کە سی دانە ساڵ بوو، چەتە و ڕێگرانی لە سارای باهیادا ڕاودەنا و لەو دیارو دەڤەرەی پاک دەکردنەوە، بە ئازایەتی خۆی ئەو هەموو میدال وقەیتانە زێڕانەی وەرگرتبوو و پلەی عەقیدی بەدەست هێنابوو – لە کاتێکا دێهاتیەکی دوو ڕەگی کەس نەناس بوو و لە گوندی ( مولونگودومورو ) لە دایک بووبوو، کە گوندێکی هێندە بچووک و تەریک بوو، هیچ یەکێک لەو ئەفسەرانە نەیاندەتوانی لە سەر نەخشە نیشانی بدەن – هەموو ئەم دەسکەوتانە زادەی ئەوە بوو کە گیان لەسەر دەست، کون بە کون دوای ئەو ڕێگرە بەد کردەوانە دەکەوت و ڕاوی دەنان.

بەڵام ئەندامانی هێزەکەی لەم ناو وناتۆرانە بێزار بوون، پۆلیسی باهیا کە چوار مانگ لەمە پێش وەکو وەفادارییەک بۆ ئەو ئامادە بوو بۆ کانودوس بێت و شەڕی مورشید بکات، ئەم پولیسانە لەم بەرپرسە کەللە زل و لووتبەرزانەی ئێرە کە ناچار بوون تەحەمولیان بکەن، هیچ ڕازی نەبوون، عەقید ماسیدو، بە پۆلیسەکانی گوتبوو کە فەرمانداری باهیا، داوای لێکردووە کە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و پێویستە پۆلیسی باهیا خۆبەخشانە بۆ کانودوس بڕۆن، تا کۆتایی بەو مقۆمقۆ و واتە واتە درۆیانە بێنن کە کەوتووەتە سەر زاران گوایە خەڵکی

باهیا، دەگەڵ شەڕڤانەکاندا نەرمن، بە گژیاندا ناچنەوە، بگرە ژێراوژێر دەستیان لە گەڵدا تێکەڵ کردووە. بەڵێ پێویست بوو بۆ دەوڵەتی کۆماری و هەموو بەرازیلی بسەلمێنن کە باهییان، وەکو هەر خەڵکێکی دی ئامادەن، ئامادەن لە پێناوی بەرگری لە کۆمار، هەر فیداکارییەک بکەن. پۆلیسەکانی عەقید ماسیدو، بە پێچەوانەی خۆیەوە، تەحەموولی ئەو هەموو سووکایەتیە ناکەن، کە لەوەتای بۆ ئێرە هاتوون، لە لایەن ئەو کەللە زل و لووت بەرزانەوە، دەرهەقیان دەکرێ: جێگەی سندان قوزەڵقورتە، وەڵامی جێنو بە جنێو دەدەنەوە، وەڵامی ناتۆرە بە ناتۆرە دەدەنەوە، بە درێژایی ئەم چوار مانگە، جارەهای جار، دەگەڵ سەربازانی یەکەکانی دیدا، داگژابوونە سەر و گوێلاکی یەکدی. ئەوەی لە هەموو شتێ پتر دەهری دەکردن، ئەوە بوو، کە سەرکردایەتی فەرق و جیاوازی لە بەینیاندا دەکرد. لە هەموو هێرشەکاندا ( فەوجی خۆبەخشی پۆلیسی باهیا ) یا دەخرایە پەراوێزەوە یا دەخرایە دوای لەشکرەکەوە، وەکو ئەوە بوو، سەرکردایەتی گشتیش، باوەڕی بەو بوختان و ئیفترایە کردبێ کە خەڵکی باهیا ژێراوژێر و لە دڵی خۆدا سەڵتەنەتخواز و داشداری مورشیدن.

بۆنی بۆگەنی بەڕادەیەک بڵاو بووبووەوە کە عەقید بە ناچاری دەستەسڕەکەی دەردێنێ و لووتی دەگرێت. هەرچەندە زۆربەی شەوات و ئاگرەکان کوژابوونەوە، بەڵام هەوا هێشتا پڕ بوو لە تەپ و تۆز و دووکەڵ. لە کاتێکا عەقیدەکە بەنێو تەرمەکانا، تێدەپەڕی و بە لاقان تەرمی شەڕڤانەکانی لێکدی دوور دەخستەوە و لە ڕێگای خۆی لایدەبردن و چاوی بە ڕوخساریاندا دەگێڕا، چاوەکانی لە دووکەڵا دەکزانەوە. زۆربەی تەرمەکان بووبوون بە خەڵووز، یان لە ئاگرەکەدا بە ڕادەیەک شێوابوون ئەگەر بخرانایە بەرچاوی عەقیدش مەحاڵ بوو بیانناسێتەوە. خۆ ئەگەر جەنازەیەک بە ساغیش مابایەوە، چۆن دەیتوانی بیانناسێتەوە؟ بە تایبەتی کە پێشتر نەیبینی بوو، بۆیە ئەو کارەی هەوڵێکی گەوجانە بوو. دەبیرەوە دەچێ: " بێگومان گەوجانەیە. " هەرچەندە ئەم کارە لە گەڵ هیچ لۆژیکێکدا تێکی نەدەکردەوە، بەڵام هەر نەیدەتوانی دەستبەرداری بێ و لە سەری نەڕوات: غەریزە و عادەتێکی سەیری هەبوو، کە لە ڕابردوودا سوودی لێ بینی بوو، جاران جۆرە ئیلهام و سەرۆیەکی ناگەهانی، ناچاری دەکرد بە خۆی و فەوجە گەرۆک و سەیارەکەیەوە بە هەشتاو، دوو رۆژ یان سێ ڕۆژی لە پەستا و بێ پسانەوە، ڕێگا بکوتێتەوە تا بگاتە گوندێک و خوابەختەکی کۆمەڵێک یاغی و چەتە غافڵگیر بکات کە چەندین هەفتە و مانگان، لە دوویان وێڵ بووبوون. ئێستاش ڕێک وەکو ئەوسایە، هەمان خوو بەردەوامە. ئەوەتا عەقید جیرالدو ماسیدو، لە نێو تەرمە بۆگەنەکاندا دەگەڕێ، بە دەستێک دەستەسڕەکەی بە دەم و لووتیەوە گرتووە و بە دەستەکەی تری مێش و مەگەزان لە خۆ پاس دەکات، بە پێیەکانیشی ئەو جرجانە دوور دەخاتەوە کە بە لاقیا هەڵدەگەڕێن، شتێک - بە پێچەوانەی هەر لۆژیکێکەوە – پێی دەگوت کە ئەگەر ڕوخساری جواو، یان جەستەی، یان ئێسقانەکانی بدۆزێتەوە، یەکسەر دەیناسێتەوە و دەزانێ ئەوە.

-" ئەزبەنی، ئەزبەنی! " دەنگی گاردەکەیەتی، ملازم سواریشە کە بە هەشتاو بۆ لای عەقید دێت. ملازمیش دەم و لووتی بە دەسەسڕەکەی گرتووە.

عەقید ماسیدو بە هەڵچوونەوە دەپرسێت: " ها، دۆزیتانەوە؟ "

-" تا ئێستا نەخێر قوربان. جەنەڕاڵ ئوسکار فەرموویانە کە ئەنگو پێویستە لێرە دوور بکەونەوە، چونکە گروپی ڕوخاندن دەست بەکاری ڕوخاندن دەکەن."

عەقید ماسیدو، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی دەکات و دەپرسێت: " چما ئاوەدانیەک ماوە تا بێتە روخاندن؟"

ملازم سواریش دەڵێت: "جەنەڕاڵ ئوسکار سوێندی خواردووە کە بەرد بە سەر بەردەوە نەهێڵێ، ئەمری بە مەفرەزەی ئەندازە کردووە کە هەموو ئەو دیوارانەی بە پێوە ماون، بە دینامیت بڕوخێنن."

عەقید لە بن لێوانەوە دەڵێت: " کە کارێکی بێهودەیە. " زاری لە پشت دەستەسڕەکەیەوە نیمچە کراوەیە، وەکو خووی هەمیشەیی وەختایەک لە فکران ڕادەچێ، زمانی لە ددانە زێڕەکەی دەسوێ، بە کەسەر و داخەوە دەڕوانێتە ئەو دار و پەردوو وبۆگەنی و تەرمانەی لە بەردەمیا و لەو گۆڕە کەوتوون. ئەنجام شانەکانی هەڵدەتەکێنێ: " دەی باشە، لێرە دەڕۆین، بەڵام هێشتا دیار نییە کە ئەو کابرایە مردووە یان هەڵاتووە."

عەقید وگاردەکەی کە هێشتا دەستەسڕەکانیان بە دەم و لووتیانەوە گرتووە، بەرەو سەربازگەکە دەزڤڕنەوە، دوای کەمێک تەقاندنەوەی دینامیت دەست پێدەکات.

ملازم سواریش، بە مینگە مینگ و لە ژێر دەستەسڕەکەی سەر دەم و لووتیەوە دەڵێت: " ئەزبەنی دەتوانم پرسیارێک بکەم؟ "

عەقید ماسیدو سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنێ: " بۆچی ئەوەندەت جەنازەی ئەبوت جواو بەلاوە گرینگ و مەبەستە؟ "

عەقید بۆڵەیەکی لێوە دێ: " ئەمە بویەرێکی زۆر کۆنە. "

دەنگی ئەویش لە ژێر دەستەسڕەکەیەوە هەندێ منگنە. بە هەشتاو چاوە چکۆلە ڕەشەکانی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕێ: " ئەمە چیرۆکێکە وابزانم خەتای من بوو، من دەستم پێکرد. خەڵکەکە وا دەڵێن. من، نزیکەی سی ساڵێک لەوە پێش بابی ئەبوت جواوم کوشت. پیاوی ئانتونیو سلفینو بوو لە کستودیا. دەڵێن ئەبوت جواو بۆیە بوو بە چەتە و ڕێگر تا تۆڵەی بابی بسەنێتەوە. دوای ئەوە... بەهەرحاڵ..."

تەمەشایەکی گاردەکەی دەکات، لە ناکاوا هەست بە پیری دەکات. " تۆ تەمەنت چەندە؟ "

-" بیست و دوو ساڵ ئەزبەنی."

عەقید ماسیدو، بە هەمان ڕاوێژی مینگن دەڵێت: " کەواتە نازانی ئەبوت جواو کێیە، بە بیرەوەری تۆ نییە."

ملازم سواریش یەکسەر دەڵێت: " فەرماندەی سوپایی کانودوس بووە، دێوێکی دڵڕەق بووە."

عەقید قسەکەی دەسەلمێنێ و دەڵێت: " دروستە، دێوێکی دڵڕەق بوو، سەرسەخت ترین یاغی هەموو باهیا بوو. پیاوێک بوو قەت نەدەکەوتە داومەوە، هەمیشە دەرباز دەبوو، دە دانە ساڵی خشت لە دووی بووم. چەند جارێک لەزگ بوو بکەوێتە دەستم، لێ هەموو جارێ لە دەستم دەردەچوو. دەیانگوت پەیمانی هەیە. خەڵکی ئەو ڕۆژگارە پێیان دەگوت شەیتان."

ملازم سواریش بزەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت: " ئێستا زانیم چما دەتەوێ بیدۆزیتەوە، دەتەوێ بە چاوی خۆت ببینی کە ئەمجارە لە دەستت دەرباز نەبووە."

عەقید ماسیدو شانەکانی هەڵدەتەکێنێ و دەڵێت: "ڕاستت دەوێ خۆیشم نازانم بۆ. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ڕۆژگاری گەنجیم وەبیر دێنێتەوە. ڕاوەدوونانی ڕێگران زۆر لەم کارەساتە خۆشتر بوو."

دەنگی زنجیرە تەقینەوە دێتە گوێ. عەقید ماسیدو هەزاران کەس دەبینێ کە لە بەرزایی و قەدپاڵەکاندا وەستاون و تەمەشای دوا دیوارەکانی کانودوس دەکەن کە بەدەم دینامیتەوە دەچن بە حەوادا. ئەم دیمەنەی بەلاوە بالکێش نەبوو، تەنانەت حەز بە تەمەشا کردنیشی ناکات. بەرەو سەربازگەکەی فەوجی (خۆبەخشانی باهیا ) دەڕوات کە کەوتبووە داوێنی ئافافیلاوە، ڕێک لە پشتی سەنگەرەکانی شانبەشانی ڕوباری ( فازا – پاریس ).

عەقید، تفێک دەکاتە سەر زەوی، تاماوە تاڵەکەی دەمی، ئەم گەڕانە ناکامەی خۆی ڕۆدەکات و دەڵێت: " حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە هەندێ شت هەیە، ناچنە مێشکی کەسێکی ئاساییەوە، چەندیش مێشکی گەورە بێ. یەکەمیان ئەمری ژماردنی، ژمارەی خانووەکانە، لە کاتێکا کە تاقە خانوویەک بە پێوە نەماوە و هەر هەمووی بووە بە کەلاوە. ئەمەش کە دەستوور دراوە دار و بەردەکان بە دینامیت بتەقێنرێتەوە. تۆ دەزانی بۆچی ئەو لیژنەیەی بە سەرکردایەتی عەقید دانتاس بوو، ڕاسپێردرا بوو کە خانووەکان بژمێرێت؟ "

ئەم لیژنەیە هەموو بەیانیەکەیان لە ناو خەرابە بۆگەن و پڕ دووکەڵەکاندا بەسەر بردبوو و حیسابیان کردبوو کە پێنج هەزار و دوو سەد خانووی نیشتەنی لە کانودوس دا هەبووە.

ملازم سواریش، بە تەوسەوە دەڵێت: "تووشی گونڕەشی خۆ بووبوون، هیچ ئامارێکیان دروست دەرنەچووبوو. بە تەقدیری ئەوان هەر خانوویەک پێنج نەفەری تیا بووە، بە حیسابی ئەوان نزیکەی سێ هەزار شەڕڤانی تیابووە. کەچی لیژنەکەی عەقید دانتاس باریتو، وێڕای ئەوەی شوێن نەمابوو، بیگەڕێن، تەنیا شەش سەد و چل و حەوت تەرمیان دۆزی بووەوە."

عەقید ماسیدو، بۆڵەیەک دەکات: " چونکە تەنیا ئەو تەرمانەیان حیساب کردبوو، کە بە ساغی مابوونەوە. ئەو هەموو پارچە گۆشت و ئێسکە پەرش و بڵاوەیان حیساب نەکردبوو کە لەو گۆڕە کەوتبوو، لە کاتێکا زۆربەی خەڵکی کانودوس بەو دەردە چووبوون. هەر شێتێ خولیایەکی هەیە."

کە عەقید ماسیدو دەگاتەوە سەربازگەکەی فەوجەکەی خۆی، ماجەرایەکی پڕ کێشە، لەو بابەتە بویەرو ماجەرایانەی، کە بە درێژایی ماوەی ئابلۆقەدانی کانودوس بۆ پۆلیسی باهیا هاتبووە پێشێ، چاوەڕوانی دەکات. ئەفسەرەکان هەوڵدەدەن پۆلیسەکان ئارام بکەنەوە، ئەمریان پێدەکەن بڵاوەی لێبکەن و لە بەینی خۆیاندا باسی ئەو شتە نەکەن کە ڕووی دابوو. لە چوار دەوری سەربازگەکەدا، پاسەوانیان دانابوو، لە ترسی ئەوەی نەبا خۆبەخشانی باهیا، بە کۆمەڵ دەرپەڕن و بکەونە گیانی ئەوانەی کە بەو جۆرە سووکایەتیان پێکردبوون.

عەقید ماسیدو، بەو توورەییەی کە لە چاوی پۆلیسەکاندا دەیبینی و بەو ڕق و کینەیەی کە لە ڕوخساریاندا دەیخوێنێتەوە، تێدەگات کە بویەرەکە، بویەرێکی خەتەر بووە. بەڵام پێش ئەوەی ڕێگە بە هیچ کەسێک بدات قسە بکات، دەکەوێتە سەرزەنشت و سەرکۆنەی ئەفسەرەکانی: " کەواتە بە ئەمری من نەکراوە! لە جیاتی ئەوەی تاقیبی کابرای یاغی بکەن! ڕێگەتان بە پۆلیسەکان داوە بە گژ یەکدیدا بچن! باشە من ئەمرم نەدابوو هیچ شەڕ و بشێویەک ڕوونەدات؟"

بەڵام ئەمرەکانی موو بە موو جێبەجێ کرابوو. دەورێی پۆلیسەکانی باهیا، بەناو کانودوس دا، لە سوڕانەوەی بەردەواما بوون، تا ئەو کاتەی جەنەڕاڵ ئوسکار دەستووری دابوو، بچنە دەرەوە تا مەفرەزەی ڕوخاندن، دەست بە کاری خۆ بکەن. لە ڕاستیا بویەرەکە پەیوەندی بە یەکێک لەم دەورێیانەوە دەبێ کە بە دووی تەرمەکەی ئەبوت جواو دەگەڕێن، ئەمانە سێ باهیایی دەبن کە لە سەنگەرەکانی نێوان گۆڕستانەکە وکڵێساکانەوە دادەگەڕێن

و خۆیان بە شێوەڵەیەکا دەکەن کە پێدەچێ ڕۆژێ لە ڕۆژان جۆگایەک یان لقی ڕوبارێک بووبێ و نها کرابوو بە مۆڵگەی ئەو دیلانەی کە دەستبەسەر کرابوون، کە ژمارەیان چەند سەد نەفەرێک دەبوو، هەر هەموویان ژن و منداڵ بوون، چونکە پیاوەکانیان لە لایەن مەفرەزەیەکەوە بە فەرماندەیی ملازمی دووەم مارانایو، سەربڕدرابوون. دەڵێن ئەو ملازمە، خۆبەخشانە چووبووە ژێر باری ئەم کارە، چونکە چەند مانگێک لەوە پێش، شەڕڤانەکان، شەبیخونیان کردبووە سەر سریەکەی و لە کۆی پەنجا نەفەری ژێر فەرماندەیی ئەو تەنیا هەشت نۆ نەفەر بە سەلامەتی دەرچووبوون. ئیدی پۆلیسەکانی باهیا چووبوون بۆ ئەو شێوەڵەیە تا لە دیلەکان بپرسن ئاخۆ دەزانن ئەبوت جواو چی بە سەر هاتووە یان نا، یەکێک لە پۆلیسەکان لە نیو دیلەکاندا ژنێکی خەڵکی گوندی میرانگابا دەناسێتەوە کە خزمی ئەو دەبێ. ملازم مارانایو، کە ئەو پۆلیسە دەبینێ ژنێکی سەر بە شەڕڤانەکان لە ئامێز دەگرێ، زۆری پێدەکات و هەرچی بە دەما دێ نایگێرێتەوە و قامکی لێ ڕادەوەشێنێ و دەڵێت ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە پۆلیسی باهیا ( ڕاوچی یاغی و ڕێگران)، هەرچەندە بە ڕواڵەت جلی کۆماریان لەبەرە، بەڵام لە ناخا هەر ناپاک و خایەن بوون. وەختایەک ئەو پۆلیسە نارەزایی دەردەبڕێ، ملازمەکە تووڕە دەبێ و بە مستەکۆڵەیەک تەختی سەر ئەرزەکەی دەکات، ئیدی دووڕەکانی ملازم، ئەو و هەر دوو هاوڕێکەی دەدەنە پێش و لە دوایانەوە هاوار دەکەن: " شەڕڤان، شەڕڤان!" هەرسێ پۆلیسەکە کە دەگەنەوە بارەگای فەوجەکەی خۆیان، غەزەبیان لێدەبارێ، لە حەیبەتاندا دەلەرزن، ئیدی ئەم دیمەنە هەموو پۆلیسەکان دەهاروژێنێ. ئێستا نزیکەی یەک سەعاتە پۆلیسەکان، هەرو گیڤ دەکەن کە بڕۆن و تۆڵەی ئەو سوکایەتی و بێڕێزییە بکەنەوە. ئەمە ئەو بویەر و ماجەرایە بوو کە چاوەڕوانی عەقید جیرالدو ماسیدوی دەکرد: بویەرێک کە دروست وەکو بیست سی بویەری دیکە، کە بە هەمان دەم و بە هەمان بێڕێزی و جنێوانەوە، چێ بووبوو.

بەڵام عەقید ماسیدو ئەمجارەیان، بە پێچەوانەی جارەکانی دیکەوە، کە پۆلیسەکانی هێور دەکردەوەو ئەگەر بویەرەکەی بە جدی زانیبا، ئەوپەڕی سکاڵای لە لای جەنەڕاڵ باربوسای فەرماندەی تابووری یەکەم کە فەوجی خۆبەخشی پۆلیسی باهیا سەر بەو بوو دەکرد، یان سکاڵای بۆ جەنەڕاڵ ئارتور ئوسکار، فەرماندەی گشتی دەنووسی، ئەمجارەیان بە پێچەوانەی جارەکانی ترەوە، دەهاڕوژێ وتووڕە دەبێ وهەست بە جۆرە هاوخەمییەک دەکات، کە ژیان و میداڵ و قەیتانە زێڕەکەی بە قەرزارباری ئەو هەڵوێستە دەزانێ.

لە کاتێکا زمان بە ددانە زێڕەکەیا دێنێ دەڵێت: " ئەو مارانایوە زۆر ناکەس بەچەیە. کەسێک هەموو شەوی خۆی بە سەربڕینی دیلانەوە بباتە سەر، پیاوێکی باش نییە، ئەمە کاری سەربازان نییە، کاری قەسابانە، وانییە؟"

ئەفسەرەکانی، هەموو بێدەنگ ڕاوەستاون و تەمەشای یەکدی دەکەن. عەقید ماسیدو، بەدەم قسەوە زمان لە ددانە زێڕەکەی دەسوێ و سەرسامی، کونجکاوی و ڕەزامەندی بە ڕوخساری نەقیب سوزا و نەقیب جیرونیمو و نەقیب تاجادا و ملازمی یەکەم سواریشەوە دەبینێ. لە سەری دەڕوات: " بە قەناعەتی من قەسابێکی دوو ڕەگ نابێ ڕێگە بە خۆی بدات، بێحورمەتی بە پۆلیسەکانی من بکات و پێمان بڵێ خاینان بە کۆمار. لە سەرێتی ڕێزمان لێ بگرێ. وانییە؟"

ئەفسەرەکانی، بەبێ جوڵە کە جێی خۆ وەستاون. هەست دەکات لەم ساتەدا هەستێکی دوو لایەنەیان هەیە. بە قسەکانی ئەو هەم خوشحاڵن و هەم نیگەرانن. لێدەبڕێ بڕوات، دەڵێت: " لێرە چاوەڕوانم بکەن. کەس لە سەربازگەکە نەچێتە دەرەوە." و دەکەوێتە ڕێ، بەڵام وەختایەک بەردەستەکانی، نارەزایی دەردەبڕن و دەیانەوێ

لە گەڵیا بڕۆن، پێشیان دەگرێ و دەڵێت: " لێرە بمێننەوە. ئەمە ئەمرە. من دەمەوێ بە خۆم، ئەم مەسەلەیە، ببڕێنمەوە."

کە لە سەربازگەکە دێتە دەرێ، هێشتا نازانێ کە دەیەوێ چ بکات، چاوی سێ سەد زەلامی لە دووە، هەست دەکات نیگای گەرمیان، دەستێکە و لە پشتی دەدرێ. دەبێ کارێ بکات، چونکە خۆیشی تەواو تووڕە بووە. پیاوێکی توونده تەبیعەت نییە، بە گەنجیەتیش توونده مگێز نەبووە. بەوە بە ناو بانگ بوو کە بە دەگمەن تووڕە دەبێ و کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات. ئەم ئارامی و خوێنساردیە، زۆرجار بۆی بووبوو بە خێر و بەرەکەت و گیانی ڕزگار کردبوو. بەڵام ئێستا تووڕەیە، لە ناخا هەست بە هەڵچوونێک دەکات، کە لە تەرقەیەک دەچێت ببێتە مایەی تەقینەوەی کۆمایەک باروت. ئایا هۆی ئەم تووڕە بوونەی ئەو سەربڕ و قەسابە بوو کە ئەمی ناو نابوو ( ڕاوچی ڕێگران ) و خۆبەخشانی پۆلیسی باهیای بە خاینانی کۆمار ناوبردبوو، و پرکێشی ئەوەی کردبوو دەست لە پیاوەکانی ئەم بکاتەوە؟ ئەمە دەهری کردبوو. هێدی هێدی دەڕوات، تەمەشای ئەرزە شەقار شەقار و بەردەڵانەکەی بەرپێی دەکات، نە گوێی لەو تەقینەوانە دەبێ کە کانودوسیان کاول دەکرد و نە ئەو داڵ و سیسارکە کەچەڵانەی دەبینی کە بە شێوەی بازنەیی بە سەر سەرییەوە دەسوڕانەوە، لەو حاڵەدا دەستی بە هەمان تەڕدەستی و چالاکی ڕۆژانی ڕابردوو، ئەو ڕۆژانەی کە بەسەرچوون و ڕوو و ڕوخساری ئەویان کێڵاوە و پڕ چرچ و لۆچیان کردووە و شانەکانیان کەمێک خوار کردووە و ئەویان بە تەنیا بەجێ هێشتووە، بە هەمان تەڕدەستی جاران دەست دەبات، دەمانچە تۆپلیەکەی لە کیفەکەی دەردێنێ، سەحی دەکاتەوە، دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت، هەر شەش فیشەکەکەی لەبەرە، دەیخاتەوە ناو کیفەکەی. نا، ئیدی لە تەحەمولا نەما. ئاخر ئەم هەموو بویەرەی کە قەرار بوو ببێت بە گەورەترین ئەزموونی ژیانی ئەو و پاداشتی یەک تەمەن، لە خەباتی پڕ خەتەر و مەترسی، لە پێناوی گەیشتن بە شانازی بێ، بووە بە زنجیرەیەک لە نائومێدی و کێشەی پڕ ئازار. لە جیاتی ئەوەی وەکو فەرماندەی فەوج و نوێنەری باهیا، ڕێز و حورمەتی زیاتری لێبگیرێ، هەم خۆی و هەم پیاوەکانی، دژایەتی کراون، سووکایەتیان پێکراوە، تەنانەت دەرفەتی ئەوەشی نەدراوەتێ، کە تواناکانی خۆی بنوێنێ. تا ئێستا هەموو ئازایەتیەکی، ئەو سەبرو هەدارە بووە کە نیشانی داوە. دیارە ئاکامی ئەو هەڵوێستەی بەلای کەمەوە بۆ ئەو شکست و نائومێدی بووە. تەنانەت ئاگای لەو سەربازانەش نییە کە بە لایا ڕەت دەبن و ئیکلامی بۆ ناکەن.

کاتێ دەگاتە ئەو شیوەڵە و کەندەی کە دیلەکانی تیا دەستبەسەر کراون، چاوی بە ملازمی دووەم مارانایو دەکەوێ کە وەستاوەو جگەرە دەکێشێت، دەستەیەک سەرباز بە پانتۆڵی دەڵبەوە، کە زیاتر جل وبەرگی کاوبۆیانە، دەوریان داوە. ملازمەکە زۆر بێ نموودە، دەم و چاو و ڕوخساری هەمان ئەو غەریزەی پیاوکوژیە نانوێنێ کە شەوان سەر دەکات و هەوسار دەپچڕێ، پیاوێکە، کورتە باڵا، لاواز، سپیەکەلە، قژ زەرد، سمێڵ قەڵەم کراو، چاو شین و گەش، کە لە یەکەم نیگادا، زۆر پاک و بێ گوناح دێتە بەرچاو.

عەقید جیرالدو ماسیدو، بە کاوەخۆ دەچێتە پێشێ، ڕوخسارە سوورەکەی، زۆر ئارامە و، کەم و زۆر نیاز و نیەتی ئەو نیشان نادات — ئەمە شتێکە خۆیشی هەستی پێناکات — دەبینێ هەشت شینە زەلامی دورە دەوری ملازمیان داوە و شتاقیان تفەنگیان پێ نییە — تفەنگەکانیان لە دوو شوێن و لە نزیکی کوختەیەک چاتمە کردبوو( چاتمە: پێک هەڵپەساردنی تفەنگەکان) — بەڵام هەموویان کێردیان بە قەدەوە بوو، مارانایوش، جگە لە کێرد، فیشەکدان و دەمانچەیەکی بە قەدەوە بوو. عەقید، بەو مەیدانەدا، کە کۆمەڵێک ژنی لێ کۆکرابووەوە، ڕەت دەبێ.

ژنە دیلەکان، هەموویان، چ ئەوانەی دەستە وئەژنۆ ڕۆنیشتبوون، چ ئەوانەی پاڵکەوتبوون وچ ئەوانەی دانیشتبوون و چ ئەوانەی وەکو تفەنگی سەربازەکان، شانیان دابوو بە شانی یەکدییەوە، تەمەشای ڕەت بوونەکەی عەقید دەکەن، لە تۆ وایە دوا تروسکەی ژیان لە چاوانیدا پەنهانە، منداڵەکانیان لە باوەش یان لە داوێن گرتووە، یان لە کۆڵیان بەستوون، یان لە سەر ئەرزەکە پاڵیان خستوون و لە تەنیشتیانەوە پاڵکەوتوون. ملازم مارانایو، وەختایەک عەقید دەگاتە دوو شەقاوی ئەو، جگەرەکەی تووڕ دەدات و خەبەردار دەوەستێ.

عەقید ماسیدو دەڵێت: " ملازم ،دوو شتم لێت دەوێ." عەقید هێندە لە نزیکی ملازمەکەوە وەستاوە، کە هەوای هەناسەکەی وەکو هالاّوی گەرما لە سەر و چاوی ئەم ئەفسەرەی خەڵکی باشوور دەدات: "یەکەم، لەو ژنانە بپرسە و بزانە ئەبوت جواو لە کوێ مردووە، یان ئەگەر نەمردووە چی بەسەر هاتووە."

ملازم مارانایو، بە ڕاوێژێکی نەرم و بە ئەدەبەوە دەڵێت: " قوربان، پرس و جۆیان لە گەڵدا کراوە... ملازمێکی فەوجەکەی خۆتان پرس و جۆی لە گەڵ کردن. پاشان لە لایەن سێ کەسی تری خۆتانەوە پرس و جۆیان دەگەڵ کرا، هێندە بێ ئەدەب بوون کە ناچار بووم سەرزەنشتیان بکەم. ڕەنگە ئەمە بە ئێوەش گەینرابێ. هیچ یەکێک لەم دیلانە، سۆراغی ئەبوت جواو نازانن."

عەقید جیرالدو ماسیدو، بە هەمان ڕاوێژی جارانەوە، بێ لایەنانە، نەرم، دوور لە دژایەتی، دەڵێت: " با ئەمجارەش بەختی خۆمان تاقی بکەینەوە، حەزدەکەم ئەمجارە خۆت پرس و جۆیان لە گەڵدا بکەی."

چاوە چکۆلە ڕەشەکانی، کە چرچ کەوتووەتە گۆشەکانیان بۆ نیو نەخت لە چاوە حەپەساو، پرگومان و شینەکانی ئەفسەرەکە ناگوازێتەوە. چاوەکانی نە دەتروکێنێ و نە بەم لا و بەولایاندا ناگێڕێ. عەقید ماسیدو، بە حوکمی هەستیاری گوێچکەکانی، چاک دەزانێ ئەو هەشت سەربازەی لە دەستە چەپیا وەستاون، ئێستا ئەعسابیان گرژ بووە و نیگای خەمباری هەموو ژنەکانیش لەوە.

ملازم، پاش سووکە هەڵوەستەیەک دەڵێت: " باشە، بە خۆم پرس و جۆیان لە گەڵدا دەکەم."

یارۆی ئەفسەری گەنج، لە کاتێکا بە خاوی بەنێو ئەو شرە و پڕانە دەکەوێ کە دێنە ڕێگای و، بە ڕەفتاریا دیارە کە لەم ئەمرە ناڕەحەتە و هێشتا لای عەیان نییە، ئاخۆ بە مەبەستی زانینی ئاقیبەتی کابرای ڕێگر و چەتە ئەم ئەمرەی پێکراوە یان تەنیا بۆ خۆنواندنی خۆی بە سەر ئەوا، ئەو ئەمرەی پێکردووە. بەدەم ڕێکردنەوە هەواڵی ئەبوت جواو دەپرسێت. بەڵام عەقید جیرالدو ماسیدو، بۆ تاقە جارێکیش ئاوڕ لە سەربازە دوو ڕەگەکان ناداتەوە. بە ئانقەست پشتیان تێدەکات و پەیگیری ملازمەکە دەکات کە بە بەینی ژنە دیلەکاندا ڕێ دەکات، دەستەکانی ناوەتە کەلەکەی و شەپقە فەرەنسیەکەی هێناوەتە سەر هەنیەی، کە ئەمە نەک هەر خەسڵەتی ئەوە و لە خەڵکانی دی جیا دەکاتەوە، بەڵکو لە تایبەتمەندیەکانی هەموو گاوانەکانی سیرتاوە (سارا). پەیگیری ڕەفتاری مولازم لە نێو دیلەکاندا دەکات، تاقە یەک کەس وەڵامی پرسیارەکەی ملازم ناداتەوە. لە دوورەوە، لە پشت هەر دەو باسکەکانی دەوروبەرەوە، هێشتا دەنگی تەقینەوە دێت. وەختایەک ملازم لە بەردەم یەکێک لە ژنە دیلەکان دەوەستێ و چاو لە دوڕ چاوانی دەبڕێ و پرسیاری لێدەکات، ژنەی داماو تەنیا سەر با دەدات. وێڕای ئەمەش عەقید ماسیدو کە هەموو هۆش و گۆشی لای ئەو کارە بوو، کە ئەوی کێشابووە ئێرە، لە هەمان کاتدا گوێی هەڵخستبوو، تا گوێی لە هەر دەنگێ بێ کە لە هەشت سەربازەکەوە بەرز دەبووەوە، دەرفەتی ئەوەشی هەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو بێدەنگیەی باڵی بە سەر ئەو ژنەدا کێشابوو، شتێکی زۆر سەیرە، سەیر لەوەدا بوو کە

تەنانەت منداڵێکیانش لە برسا یان لە تینوا یان لە ترسا نەدەگریان، وای دێت بە خەیاڵدا کە هەبێ و نەبێ زۆربەی ئەم ئێسکە پەیکەرانە مردوون.

ملازم مارانایو، خەبەردار لە بەردەمیا دەوەستێ و دەڵێت: " وەکو خۆت دەبینی، هیچ فایدەیەکی نییە قوربان."

عەقید ماسیدو بە ڕاوێژێکی خەیاڵئامێزەوە دەڵێت: " بەدبەختیە! لێرە دەڕۆم و هێشتا نازانم ئەبوت جواو، چی بەسەر هاتووە."

لە جێی خۆی دەوەستێ، هێشتا پشتی لە هەشت سەربازەکەیە، چاو لە دوڕ چاوە شینەکانی یارۆی ملازم دەبڕێت و تووڕەیی و بێتاقەتیەکەی ئەو دەمەی، لە سیما و ڕوخسارا دەخوێنێتەوە." ملازم ئەنجام لە بن لێوانەوە دەڵێت: "خزمەتێکی دیکە بە من بکرێ؟"

عەقید ماسیدو، لێی دەپرسێت: " تۆ لە ڕێگەیەکی زۆر دوورەوە بۆ ئێرە هاتوویت، وانییە؟ من دڵنیام کە نازانی چ شتێک لە لای خەڵکی سیرتاو (سارا، بیابان ) بە خراپترین بێڕێزی دێتە ژماردن."

لە ناکاوا، چارەی ملازمی دووەم مارانایو، زۆر جدی دەبێت، چارەی دەدا بە یەکدا و عەقید دەزانێ کە نا بێ لەوەی پتر ماتەڵ ببێت، دەنا ئەم ئەفسەرە گەنجە، هەڵدەکێشێتە دەمانچە لێی. ئیدی، زۆر بلەز، دەست بەرز دەکاتەوەو بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، زللەیەکی مزر دەخێوێنێتە، ڕوخسارە سپیکەلەکەی. ئەفسەرەکە تەختی ئەرزەکە دەبێت، چونکە ناتوانێ هەستێتەوە سەر پێیان، هەر بەو دەقەوە؛ بە چوار چنگوڵە لە سەر ئەرزەکە دەمێنێتەوە. عەقید ماسیدو هەنگاوێ دەچێتە پێشەوە، ڕێک بە دیاریەوە دەوەستێ، هەڕەشەی لێدەکات: " هەر کە هەستیت کارت کراوە ها. ئەگەر دەست بۆ دەمانچەکەت ببەی بە گوللە دات دەبێژم، دەتکەم بە سەرەند و بێژەنگ."

خوێنساردانە چاو لە دوڕ چاوانی ملازم دەبڕێ، تەنانەت لەم کاتە هەستیارەشدا، دەنگە ئارامەکەی ناگۆڕێ. دوو دڵی لە نیگای ملازمەکەدا، کە سوور بووەتەوە و لە بەرپێی دا کەوتووە، دەبینێ. دڵنیایە کە یارۆی باشووری نە نیازی هەستانی هەیە نە نیازی هەڵکێشانی دەمانچە. عەقید بە خۆیشی هەڵی نەکێشابووە دەمانچە، تەنیا دەستی نابووە کەلەکەی و کەمێک لە سەرووی فیشەکدانەکەیەوە داینابوو، بەڵام لە ڕاستیا هەموو هۆش و گۆشی زیاتر لە لای سەربازەکانی پشتەوە بوو، هەستی بە بیرکردنەوەی ئەو سەربازانە دەکرد کە شاهیدی ئەو کێشەیە بوون کە فەرماندەکەیان گیرۆدەی بووبوو. بەڵام دوای چەند چرکەیەک دڵنیا دەبێت کە ئەوانیش لە جێی خۆ نابزوون و گەمەکەیان دۆڕاندووە.

عەقید دەڵێت: " زللە لێدان لە خەڵکی، وەکو ئەمەی کە من لە تۆم دا، تەوهینە " لەم کاتەدا دوگمەی پانتۆڵەکەی دەکاتەوە، دەعباکەی بلەز دەردێنێ، دەڕوانێتە ئەو ڕشتە میزە باریک و ڕوونەی کە بە شوڕە شوڕ دەڕژێتە سەر پاشەڵی پانتۆڵەکەی ملازم مارانایو. لە سەری دەڕوات: " بەڵام میز کردن بە خەڵکیدا، زۆر لە زللە خراترە."

لەو کاتەدا کە خەریک بوو، دەعباکەی دەخستەوە ناو پانتۆڵەکەی و دوگمەکانی دادەخستەوە، بە هەموو هۆش و گۆشیەوە، گوێی بۆ دەنگەکانی پشتیەوە هەڵخستبوو، دەبینێ ملازم وەکو یەکێک تووشی لەرزو تا بووبێ، سەراپا دەلەرزێ، ڕوندک بە چاویا دێتە خوارێ و لە باری جەستەیی و دەروونیەوە، بە جارێ هەرەسی هێناوە.

عەقید وەختێ دەبینێ ملازمەکە هەستاوەو هێشتا دەگری و هەڵدەلەرزێ، چاک دەزانێ چەند ڕقی لێیەتی و دەزانێ کە ئیدی دەستی بۆ دەمانچەکەی نابا، دەڵێت: " من بە هیچ جۆرێ پێم ناخۆش نییە پێم بگوترێ (ڕاوچی ڕێگران )، چونکە ئەمە ڕاستیە و واش بووم. بەڵام پیاوەکانم پێیان ناخۆشە پێیان بگوترێ خاین بە کۆمار، چونکە ئەوە ڕاست نییە، بوختانە. بە ئەندازەی هەر کەسێکی دی، کۆماریخواز ونیشتمان پەروەرن."

بلەز زمان بە ددانە زێڕەکەیدا دێنێ و دەڵێت: " ملازم، هەنووکە تۆ سێ ڕێگەت لە بەردەمە. یەکەم ئەوەیە سکاڵایەکی فەرمی بۆ سەرکردایەتی گشتی بەرزبکەیتەوە و بەوە تۆمەتبارم بکەی کە سوئی ئیستیفادەم لە پلە و پایەکەم کردووە. ڕەنگە پلەکەم دابگرن یان دەرم بکەن، هەر بە خەیاڵی گونما نایەت، چونکە تا ڕێگران هەبن، دەتوانم بە ڕاوەدوونانی ئەوان نانی خۆم پەیدا بکەم. دووەم ئەوەیە کە داوای قەرەبوو لە من بکەی، لەم حاڵەدا من و تۆ، نەجمەکانمان لادەبەین و مەرد و مەردانە، مەسەلەکە بە دەمانچە یان قەمە یان هەر چەکێ تۆ بتەوێ، یەکلایی دەکەینەوە. سێیەم ئەوەیە کە بتەوێ لە پشتەوە بمکوژی. دەی فەرموو کامیان هەڵدەبژێری؟"

عەقید، دەستی بۆ ئاستی کڵاوەکەی بەرزدەکاتەوە، ئیکلامێکی تەوسامێز بۆ ملازمەکە دەکات. بە نیگایەکی لەزگین دەگاتە ئەو باوەڕەی کە قوربانیەکەی ڕێگای یەکەم، یان لەگینە دووەم هەڵبژێرێ، بەڵام پەنا بۆ ڕێگای سێیەم نابات؛ بەلای کەمەوە لە ئێستادا. ملی ڕێگا دەگرێ و دەڕوات، تاقە ئاوڕێک لەو هەشت سەربازە دووڕەگە ناداتەوە کە هێشتا لە جێگەی خۆیاندا ڕەق ڕاوەستاون.

وەختایەک بە ناو ئێسکە پەیکەرە شرپۆشەکاندا، بەرەو سەربازگەکە دەڕوات، دوو چنگی لاواز، لە پۆستاڵەکانی دەئاڵێ. پیرەژنێکە قژ بە سەرییەوە نەماوە، چنگێکی لێ ماوەتەوە، هەر بە ئەندازەی منداڵێک دەبێت، لە درزی چاوە ڕیپۆقاوییەکانیەوە دەڕوانێتە عەقید، دەمە بێ ددانەکەی دەکاتەوە و بە پچڕپچڕی دەڵێت: " تۆ دەتەوێ بزانی ئەبوت جواو چی بەسەر هاتووە؟"

عەقید ماسیدو سەرێکی بۆ دەلەقێنێ: "بەڵێ دەمەوێ. تۆ بە چاوی خۆت بینیت کە بمرێ؟ "

پیرەژنە وردیلەکە سەری دەلەقێنێ، وەکو ئەوەی شتێکی لە دەما بێ و بیمژێ، دەنگێک لە دەمیەوە دەردێنێ:

-" کەواتە دەرچووە؟ "

پیرەژن دووبارە سەر دەلەقێنێ، هەموو ژنە دیلەکان چاویان بڕیوەتە ئەو. بەدەم زمانە تەقێوە دەڵێت: " فریشتەکان، فریشتە باڵاکان لە گەڵ خۆیان بردیان، بۆ ئاسمانیان برد. بەخۆم دیتمن."

تێبینی: ڕۆژی ٢٠٢٢/٨/١٤ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کراوە بە کوردی، جا ئەگەر ئەمە کەم دابێژێک بووبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک دەستەواژەو ڕستە وپەرەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت وشێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێک نەکاتەوە، ئەوا دەگەڵ دەقی دووەمدا تێک دەکاتەوە و پێچەوانەش پێچەوانەیە و بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەقە کوردییەکە لە هەر دوو دەقە فارسی و عەرەبیەکە پوختەتر نەبێت، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند و چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

- ماریو باراگاس یوسا، جنگ آخر زمان/ ترجمه عبدلله کوثری/ چاپ اول/ ترجمه فارسی، زمستان ۱۳۷۷ ( ۱۹۹۸ ).
- ماريو بارغاس يوسا، حرب نهاية العالم/ المترجم: أمجد حسين/ الناشر: دار المدى / الطبعة الاولى ۲۰۱۲.

ئەم ڕۆمانە

ئەمە ڕۆمانێکی دەگمەنە، لەو ڕۆمانانەیە لە نەوتندا دنیایەک شت دەڵێت و لە وتندا دنیایەک شت دەشارێتەوە، واتا ڕۆمانێکی نەرمە قووت وئاسان فام نییە کە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە بدات؛ پێویستی بە خوێندنەوەو خوێنەری جدی هەیە، بەتایبەتی لە رووی ئەو هەموو هزر و دیمەنانەوە کە لە خۆی گرتووە، خوێنەر لە ئاستیا دەحەپەسێ، دەتاسێ، هەزار و یەک پرسیاری لە نک دروست دەبێ... ڕۆمانێکە پڕ لە ململانێ، کێشماکێش، کە ئەمە لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆمانانی بە ڕەمزوڕازە . دوو بەرە، دوو هێزی هەڤدژ، ناکۆک، لە کێشماکێش و ململانێدان، خوێنەر هەندێجار وا هەست دەکات، نووسەر داشداری لایەنێکی ئەم ململانییە دەکات. بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بارگاس یوسا لەو تەکنیکەدا پەنهانە کە بە کاری دەبات. خوێنەر، تیا ماوە بە چ لایەکا دای بکێشێ، کە بە گوێرەی بۆچوون و ڕاڤە و خوێندنەوەی خۆی بەم لادا دایدەکێشێ، لە ناکاوا نووسەر دەستی دەگرێت، دەیبات، دەیخاتە بەرەی لایەکەی ترەوە... یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە ئایا ئەم ڕۆمانە دەیەوێ هاوسەنگی لە نێوان شۆڕشگێڕیەتی ئەنارشی ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەیەم و ئەو تاسووبە ئاینییە دا چێبکات، کە لە ڕوویەکەوە ڕەفزی زوڵم دەکات؟ ئایا ئەم هاوسەنگیە جدیە، یان تەوس و توانجە؟ ئیدی ڕۆمانەکە، دەیان دیاردە وبویەری هەڤدژی لە خۆ گرتووەو لێهاتووانە دەیان هونەرێنێ ومالیجەی هونەریشیان بۆ دەدۆزێتەوە.